# لە بارەی باشووری کوردستانەوە

مەهاباد کوردی

سوێد 2006

# لە بارەی باشووری کوردستانەوە
**(کۆمەڵە وتارێکە لە نێوان ساڵانی 1988ـ2006 دا نووسراون)**

**مەهاباد کوردی**

**سوێد/ دیسێمبەری 2006**

## چەند وشەیەکی پێویست

خوێنەری هێژا و خۆشەویست

بەر لەوەی وتارەکانی ناو ئەم پەڕتووکە بخوێنیتەوە، جێی خۆیەتی ئەوە بزانیت کە ئەم نووسین و بابەت و لێکۆڵینەوە و گەشتنامانە، وەک پاشانیش بۆت دەردەکەوێت، لە کات و سەردەمی جیا جیادا نووسراون کە گەلەکەمان و بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەی لە باشووری کوردستاندا پیایاندا تێپەڕیون. هەر لەبەر هەندێ ئەگەر تاقەتی ئەوەت نییە بیر لە ڕووداو و بەسەرهات و کارەسات و مەرگەساتەکانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە کوردستان بکەیتەوە، هەر لە سەرەتادا پێت دەڵێم، خۆت بە خوێندنەوەی وتارەکانی ئەم پەڕتووکە، بەتایبەتیش هەندێکیان، ماندوو مەکە! بابەتەکان لە سەردەمگەلێکدا نووسراون کە دیارە لەگەڵ ئێستادا لە هەندێ ڕووەوە زۆر جیاوازییان هەبووە. من وای بۆ دەچم شتەکانی ڕابردووی هەر گەل و نەتەوەیەک، بە خراپ و باشیانەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ بوونەتە دیرۆک و موڵکمان. بە کورتییەکەی ناتوانین هەر وا بە ئاسانی خۆمانیان لێ ڕزگار بکەین. کەواتە وردبوونەوە لێیان و پەند وەرگرتنیش لە ئەزموونە تاڵ و ناخۆش و ڕەوشە ئەستەمەکاندا، بۆ هەر میللەتێکی سەربەخۆییخواز، شتێکی تا بڵێی پێویست و بەکەڵکە. بێگومان مەبەستی منیش لە کۆکردنەوە و ڕیزکردنی ئەم کۆمەڵە وتارە تەنیا ئەوەیە کە ئێمەی کورد بتوانین سوود لە ڕابردووی خۆمان وەربگرین و، لە هەمان کاتیشدا جارێکی دیکە هەر هەمان هەڵە و چەوتییەکان دووبارە و دەبارە نەکەینەوە.

باسەکانی نێو ئەم پەڕتووکە کە شێوەیەکی ڕەخنەگرانەی لە خۆ گرتووە، پێش ئەوەی من دەستم لە نووسینیاندا هەبێ، ڕووداو و پێشهات و کارەسات و کار و کردەوەکانی سەرانی کوردیشن کە بوونەتە هۆی سەرەکیی دروستکردنی وەها بۆچوونێک لای من و زۆر لە خەڵکی تریش. لە دڵەوە پێم خۆش بوو بە جۆر و شێوەیەکی دیکە لەسەر باشووری کوردستان و سەرکردەکانی و ڕێکخراوەکانی بنووسم، بەڵام چی بکەم من تەنیا ڕاستییەکانم هێناوەتە بەر باس و بە شێوازی تایبەتی خۆشم درکاندوومن. ڕەنگە کەسانێک هەبن ئەم جۆرە نووسینانەیان لا گرنگ و واتادار نەبێ، لێ لەکن من شتەکە بە پێچەوانەیە و ڕەخنەگرتنیش هەرگیز بەتەنێ بە مانای شکاندن نایەت، وەک هەندێ کەس وەها تێیدەگەن.

دەكرا وێنەی زیاتر و جۆراوجۆر دەنێو بابەتەكاندا جێیان بكرێتەوە، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ كە زانیم ئەم بەرهەمە جارێ چاپ ناكرێ و هەر لەسەر ئینتەرنێت بڵاو دەكرێتەوە، هەر بەوەندە وازم لێی هێنا. وێنەكان زۆربەیان لە ماڵپەڕە كوردی و ناكوردییەكاندا وەرگیراون. بە چ شێوەیەک نەمویستووە دەستكاری ئەم وێنانە بكەم و هەر وەک خۆیان بڵاوم كردوونەتەوە. زۆر لە وێنەكان، تەنانەت لە سایتەكانیشدا، لەژێریانەوە نەنووسراوە كێ گرتوونی و وێنەگرەكانیان كێن. شایانی باسە خودی ئەم ماڵپەڕانەش وێنەكانیان لەملا و لەولا وەرگرتووە. دیارە هەندێ لە وێنەكان بوونەتە موڵكی گشتی و برێكیشیان ناوی وێنەگرەكانیان لەسەرە. ئەو وێنانەی كە خۆشم گرتوومن، ڕەش و سپی یانیش ڕەنگین، ناوم لەبنیان نەنووسراوە و هەر كەس و لایەنێكیش ئازادە لە بەكارهێنانیاندا. زۆر جار وێنەكان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ناوەڕۆكی بابەتەكانەوە هەیە و بە پێویستیشم نەزانیوە چیان لەژێرەوە بنووسم. هەرچی بابەتەكانیشن، زۆربەیان، ڕاستەوخۆ لەمەڕ باشووری كوردستانەوەن. هەندێكیشیان لەوانەیە بە شێوەیەكی كەمتر لەسەر ئەم پارچەیەی كوردستان بن.

دەبێ ئەوەش بڵێم كە من چوومەتەوە باشووری كوردستان، ئەگەر شتێكی بچكۆڵەی جوانیشم بەر چاو كەوتبێ، لە ناوەڕۆكی وتار و باسەكانمدا بە هەر جۆرێک بێ پەنجەی بۆ درێژ كراوە و فەرامۆشیش نەكراوە. هەر كەسێک كە بابەت و گەشتنامەكان بە وردی بخوێنێتەوە ڕاستییەكی وای بۆ ئاشكرا دەبێت.

هیوادارم ئەم بابەتانە كە پێشتر لە ڕۆژنامە و هەفتەنامە و بڵاوكراوە و ماڵپەڕە كوردییەكاندا بڵاو كراونەتەوە، ئەم جارە بەم شێوەیەی ئێستایان، كۆكردنەوەیان، كارێكی بەسوود بێ لە پێناوی خزمەتكردن بە دۆزی ڕەوا و ئازادیخوازانەی گەلی كوردمان و، لە هەمان كاتیشدا هەل و دەرفەتێک بێ بۆ ئەوانەی كە تاكو ئێستا چاویان بە زۆر لەم وتار و باسانە نەكەوتووە و نەشیانخوێندۆتەوە.

لێرەدا دووپاتی دەكەمەوە: ئەمەی كە دەیخوێنیتەوە لە بەر خاتری كورد و كوردستان نووسراوە نەک شتێكی تر!

مەهاباد كوردی، سوێد/دیسێمبەری 2006 mehabadk@hotmail.com

# دیسان لەناوبردنی کورد*

گەر سەیرێکی لاپەڕەکانی مێژووی گەلەکەمان بکەین، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە پڕن لە خەبات و قوربانی و کۆڵنەدان.. پڕن لە ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوون. دوژمنان لە هیچ کاتێکدا درێغییان نەکردووە لە کوشتن و بڕینی ڕۆڵە بەشەرەف و ئازاکانی کورد. تەنانەت زۆر جار کوردیان بە کورد بە کوشت داوە. مێژوو شاهیدە بۆ هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە بەسەر کوردستانا هاتوون. هەر لە سەرەتای یەکەم دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو پارچە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەویی شیعی و عوسمانیی سوننی، واتە لە دوای شەڕی بەناوبانگی "چاڵدێران"ی ساڵی



1514، ڕەش و ڕووت و زەحمەتکێشانی گەلەکەمان بوونەتە سووتەمەنی جەنگ و هەرا و هۆریای ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستانەی کە کوردستانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردووە. کاتێ شەڕێک قەومابێ لە نێوان دوو وڵات لەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان دابەشکردووە بەسەر خۆیاندا، هەردوو ڕژێم هەمیشە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی سوود لە گەلی کوردی ئازادیخواز وەربگرن دژی ئەوەی تریان. لە ئەنجامدا بە هەزارەها کوردی بێ دەرەتان فەوتاون لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا، بەبێ ئەوەی چ بەرژەوەندییەکیان تێدا بووبێ و لە زەرەر و زیان هیچی تریان بۆ نەماوەتەوە. پاش هەموو شتێک و بڕانەوەی جەنگ هەردوو دەوڵەت بە هاوکاری ئەوانی تریش زۆر بە گەرمییەوە تێکۆشاون بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان و تواندنەوەی کورد و سڕینەوەی شوێنی نەتەوایەتی خاکی کوردستان. نەتەوەی سەردەستی هەر وڵاتێک کە پارچەیەکی کوردستانی بەرکەوتووە، هەوڵی داوە سوود لە هەستی نەتەوایەتی و ئازادیخوازیی کوردەکانی پارچەیەکی تر وەربگرێت و بەگوێرەی پێویست بەکاریان بێنێ. بێگومان لە زۆر کاتا گەلی کورد کەوتۆتە ناو تۆڕی ئەم فێڵبازی و

تەڵەکەبازییەوە و ئەنجامەکەشی هەر ماڵوێرانی و نەگبەتی بووە بۆ کوردی هەژار. کورد لە زۆر وەختا بە دڵپاکی هاتۆتە پێش، بەڵام دوژمنان بە هیچ جۆرێک مانای وشەی "دڵپاکی"یان نەزانیوە و نازانن، بەڵکو تەنیا بیریان لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کردۆتەوە و کوردیان لە نیوەی ڕێگادا بەجێ هێشتووە و ئاگر و ئاسنیان لە دژ بەکارهێناوە. باسکردن لەسەر ئەم بابەتە بە وتارێک یا دوو وتار تەواو نابێت، بگرە پێویستی بە دەیان و سەدان کتێب و بڵاوکراوە هەیە. مێژووی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان پڕە لە نموونە و تاقیکردنەوەی هەمان جۆر و شێوە.

## شەڕی عێراق و ئێران

هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی ئەم شەڕە هەتا ئێستا، کورستان وەک هەموو ناوچەکانی تری عێراق و ئێران کەوتۆتە بەر لێشاوی دڕندانەی پاسدارانی بەناو ئیسلام و بەعسییە فاشیستە دڵڕەقەکانەوە. گەلی کورد زۆر زیانی گەورە گەورەی لێ کەوت و کوردستان لە لایەن لەشکری عێراق و ئێران بێڕەحمانە وێران کرا. جەرگبڕترین کارەسات شەهیدبوون و برینداربوون و ئاوارەبوونی دانیشتووانی شارێکی تەواو بوو، کە وەک "هیرۆشیما" و "ناکازاکی" لە جیهانا دەنگی دایەوە، ئەویش هەڵەبجەی شەهید بوو!



IRAN-IRAQ WAR: IRAQI FRONT

جەنگی عێراق و ئێران بە باش یا خراپ کارێکی گەورەی کردە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هەردوو پارچەی داگیرکراوی کوردستان. بە کورتی لە لایەک ئەوە بوو کە لەشکری هەردوو دەوڵەت بە شەڕی یەکتر خەریک بوون و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان زیاتر گەشەی کرد و بوو بەهۆی ڕزگارکردنی زۆر شوێن و ناوچەی داگیرکراوی کوردستان. لە لایەکی تر هەردوو ڕژێمی زۆردار هەوڵیان دا بۆ ڕاکێشانی کێشەی کورد بەلای خۆیانەوە. ئێران کوردی بندەستی عێراقی کردە هاوپەیمانی خۆی و هەتا لە هەندێ هێرشدا بۆ سەر لەشکری عێراق لە کوردستان، پێشمەرگە و پاسدار پێکەوە بوون. لە هەمان کاتدا کوردەکانی

کوردستانی بندەستی ئێران پەیوەندییان هەبوو لەگەڵ ڕژێمی بەغدا. هەر کوردێک کە کەمێک بیرکاتەوە و ساڵی "1975"ش بێنێتەوە یاد بە تەواوی ڕووی ڕەشی هەردوو ڕژێمی عێراق و ئێرانی بۆ دەردەکەوێ.

وەک ڕوونە ئێران پاش کەللەڕەقییەکی زۆر ڕەزامەندی خۆی نیشان دا لەسەر وەستانی جەنگ لەگەڵ عێراقدا. پاش مردنی نزیکەی ملیۆنێک مرۆڤ لە هەردوو لادا، بێجگە لە شێواندنی باری ئابووری و هەموو بوارەکانی ژیان لە هەردوو وڵاتدا. لەگەڵ وەستاندنی جەنگ زۆر گۆڕانی گرنگ ڕوو دەدا. وەک ئاشکرایە گەورەترین و گرنگترین شت کە ڕوو بدا بەبێ سێ و دوو کوردستانی کاولکراوی ئێمە دەگرێتەوە. هەروەک بڵێی کارەساتەکانی کوردستان لە ساڵانی "1514" تا "1975" ئێستا دووبارە ئەبنەوە. لە کوردستان ئەگەر پرسیارت لە منداڵیش بکردایە، ئایا ئەگەر شەڕی عێراق و ئێران تەواو بێت کوردستان چی بەسەر دێت؟ بێگومان یەکسەر دەیوت: لەشکری عێراق و ئێران دەکەونە لەناوبردنی خەڵکی هەژار و چەوساوەی کورد. ڕەنگە ئەم وتەیە هەتا ڕاددەیەک ڕاست بێت، چونکە باری سیاسیی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ، بەڵکو خولەک بە خولەک لە گۆڕانێکی توند و تیژ دایە و هەر ڕووداوێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان کاردەکاتە سەر کوردستانیش. ئەوانەی کە بەرژەوەندییان هەیە لە کۆتایی پێهێنانی شەڕ بە هەموو توانایانەوە هەوڵ دەدەن بۆ یارمەتیدانی ئەم کارە، لە سەرووی هەموویانەوە تورکیای ئەندامی ناتۆ و داردەستی ئیمپریالیزمی جیهانی و دوژمنی سەرسەختی میللەتی کورد. بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان زەندقی تورکیای بردووە. گرنگترین مەسەلە کە لەم وتووێژە لە بیر کرابێ بایەخ و پرسی کوردە. بۆ هەمووان ئاشکرایە کە بەبێ چارەسەرکردنی ڕەوایانەی کێشەی کورد لە دوارۆژ چەندەها تەگوچەڵەمەی سیاسیی گرنگ ڕوو دەدا کە لە بەرژەوەندی هیچ وڵاتێکدا نابێ لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەشکردووە. لەگەڵ ئەوەشا هەر کورد پشتگوێ خراوە، مەگەر جار نا جارێ بە "هەوای نەفس" لە ڕادیۆکانی جیهانی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان شتێکی لەسەر بڵاو بکرێتەوە. گەرچی هێشتا برینەکانی هەڵەبجە و سەرانسەری کوردستان قەتماغەیان نەکردووە و ساڕێژ نەبوون، بەڵام ئەگەر کار وا بڕوا کارەساتی مەزنتر و دڵتەزێنتریش بە دوایاندا دێن. جیهان لە گوێی گادا خەوتووە لە ئاست مەسەلەی کورد و کوردستان. دیارە بەکۆمەڵ قڕکردنی کورد سەرنجی وڵاتان ڕاناکێشێ و ئەگەر سەرنجیشیان ڕاکێشێ هەر بۆ ماوەیەک دەبێ کە کاتی قەومانی کارەساتەکەیە و بەس!

لە جیهانی ئەمڕۆدا وا دیارە زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی ڕوو دەدا و میللەتان بە ئازادی و سەربەستی دەگەن، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کوردی زۆرلێکراو هەر ڕۆژ بەرەنگاری پیلانێکی نوێی دوژمنان دەبینەوە. هێشتا جەنگ بە تەواوی کۆتایی پێ نەهاتووە کەچی فاشیستەکانی بەغدا لە سەرووی هەموویانەوە سەددامی خوێنڕێژ دەستی کردووە بە هێرشکردنی گشتی بۆ سەر کوردستان. ڕادیۆی "BBC" لە ڕێکەوتی 10-8-1988 لە زمانی بەڕێز مەسعوود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، ئەم هەواڵەی خوارەوەی ڕاگەیاند:"ڕژێمی عێراق بە 30 هەزار سەرباز و تۆپ و تانک و فڕۆکە و بۆمبای کیمیاوییەوە هێرشی هێناوە بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لە شاری هەولێر، وە تەڕ و وشکی پێکەوە سووتاندووە". لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە هەردوو ڕژێم چاوەڕوانی ئەو کاتەیان دەکرد کە هەل وەربگرن بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ئازادی لە کوردستاندا، ئەگەرچی خەیاڵیشیان خاوە، چونکە ئەو میللەتەی کە بۆ سەرفرازی و ڕزگاری هەوڵ بدات و ڕۆڵەکانی ببنە قوربانی ئەم ڕێگایە، هەرگیزاو هەرگیز کۆڵ نادات. گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی وەستانی جەنگ لە نێوان عێراق و ئێران دەترسێ، چونکە لە ڕابردوودا زۆر تاقیکردنەوەی تاڵی لەم چەشنەی چێشتووە. ڕۆژنامەی "ARBETET"ی سویدی لە ڕێکەوتی 11-8-1988 لەژێر ناوی "کوردەکان لە ئاشتی دەترسن" وتارێکی بڵاو کردبۆوە، تیایا باسی چۆنیەتی مەترسی ئەنجامی وەستانی جەنگ و چەندەها خاڵی گرنگی تری کردبوو، کە ئەگەر جەنگ بوەستێ، دەبێ چارەنووسی گەلی کورد چی بێت؟!

مەسەلەی وەستانی جەنگ و ڕووداو و کارەساتەکانی دوای جەنگ وەستان زۆر مەسەلەیەکی گرنگ و مەترسیدارە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە لە هەموو لاوە چواردەورەمان بە دوژمنان و ناحەزان تەنراوە. باسکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی نووسەرانی شارەزا هەیە لەم مەیدانەدا. هەروەها پێویستی بە وریایی گەل و پارتە سیاسییە کوردییەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات هەیە. پێویستە هەموومان دەست لەناو دەست بۆ یەک مەبەست دەنگمان یەک بێ. ئەو برا کوردانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە وشیارکردنەوەی جیهان دەربارەی مافی ڕەوای گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان. هیوادارین کە خوێنی سوور و گەشی پێشمەرگە نەبەردەکانی کوردستان و جەماوەری ڕەنجدەر بەفیڕۆ نەچێ، بەتایبەتی لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە میللەتی کورد پیایا تێئەپەڕێ. * سەردەمی نوێ، ژمارە 23، ئۆکتۆبەری 1988، سوێد.

## ساڵی تازەی گەلەکەمان*

ساڵی ڕابردوو بۆ ئێمەی کورد هەر وەکو دەیەها و بگرە سەدەها ساڵی تریش بریتی بوو لە خەفەت و ئێش و ئازار و حەسرەت و هیوا و خۆزگە و لە هەمووشی ناخۆشتر شکستی! مرۆڤی کورد لە ساڵی هەشتاونۆدا لە هێلانەی نیشتمانی خۆیدا بە زەبری هێز پەرواژە و دەربەدەر کرا و بەشێکی خاکەکەی هەتا ئێستاش بە دڕندەترین شێوە سووتماک دەکرێ و ژیان لەوێدا ناوی هەر نەماوە. ڕۆژ نەبووە منداڵی کوردی چاوگەش و برۆڕەش لە شیری خاوی مەمکی دایکیان نەکرابن.. ڕۆژ نەبووە خانووی ئادەمیزادی کورد بەسەریەکا نەڕووخێنرابن و باڵدارە کوێستانی و گەرمێنییەکانی کوردستان لە ترسی گورگەبۆر و دەعبا مرۆڤییەکان لە هێلانە و بێچووی خۆیان نەتۆرابن.. ڕۆژ نەبووە دایکی کوردی جەرگ هەڵقرچاو هانای نەبردبێ بۆ بارەگای خوای مەزن کە هەر نەبێ بەزەیی بە کوردا بێتەوە.. ڕۆژ نەبووە کۆتری سپیی ئاشتی لە ئاسمانی تەماوی و ژاراوی کوردستاندا بۆنی مەرگی نەکردبێ و نەکەوتبێتە خوارەوە. هەڵبەتە ستەم و زۆرداریی داگیرکەران ئەوەندە زۆرن، پێنووس بە پێنووسیی خۆی ڕقی لە وشەکانی وەک سەددام و خومێنی و پاسدار و ژەندرمە و بەعسە!



گەلە لێقەوماوەکەمان لە کوردستانی خوێن و خەباتدا.. لەنێو گازی کیمیایی و ژاراویدا.. لەنێو بۆسە و سەنگەردا.. لەنێو دارستان و مێشەڵاندا.. لەنێو چیا سەرکەشەکاندا.. لەنێو دۆڵ و لێڕەواردا.. لەنێو گوندە سووتێنراوەکاندا.. لەنێو شار و شارۆچکەکاندا.. لەنێو چادری تورک و فارس و عەرەبە ڕەگەزپەرستەکاندا.. لەنێو

قەڵای زیندانی داگیرکەراندا.. لەنێو ئەوانە هەموویاندا ساڵێکی ڕابردووی بەڕێ کرد و خۆی ئامادە کرد بۆ ساڵێکی تازە و نوێتر بەهیوای هەستانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە و وەستان بەرامبەر دوژمنان تا ترۆپکی سەرکەوتن. مێژووی خەباتی گەلانی ئازادیخواز بۆمانی سەلماندووە میللەتان هەرگیزاو هەرگیز نامرن و پاشەڕۆژی ڕووناکیش هی چەوساوانە نەک هی دیکتاتۆرانی ملهوڕ و سەرەڕۆ.

گەلێ ڕووداوی گرنگی جیهانی لە ساڵی ڕابردوو ڕووی دا و بێگومان مرۆڤایەتی وردە وردە زیاتر هەست بە ئاشتی و دیموکراتی و ئازادی دەکات و دەزانێ شەڕ و بەیەکدادان لە بەرژەوەندی مرۆڤدا نەبووە و نییە. گەر ئێمە یەک یەک ڕووداوەکان بژمێرین نەک بە وتارێکی بچووک بەڵکە کتێبێکی دەوێ. هەڵبەتە گرنگترین ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات"وڵاتە سۆشیالیستییەکان"دا قەومان. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کە "پێرەسترۆیکا و گلاسنۆست" ڕۆڵی هەرە باڵایان گێڕاوە و دەگێڕن لە ڕەوتی گۆڕانکارییە نوێکانی ئەم سەردەمەماندا. بیرکردنەوەی نوێی مرۆڤ و کراوەیی و دیموکراتیزەکردن و ئازادی و ئاشتی، ئەمانە هەموویان هەنگاوی زۆر بەجێ و بەنرخن بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. خاڵێکی گرنگی تر کە شایانی باسکردنە زیندووبوونەوەی کێشە نەتەوەییەکانە بەتایبەتی لە کۆمارەکانی سۆڤیەتدا و هەروەها ئەمەش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ڕەوەڕەوەی خەباتی گەلانی ئازادیخواز لە ناوچەکە و هەموو جیهاندا. دنیای ئەمڕۆ وەکو "فرفرۆکە"ی دەستی منداڵ دەسووڕێ و دەقیقە بە دەقیقە لە وەرچەرخانێکی نوێ دایە. بە شێوەیەک کە گەلان کەوتوونەتە خۆ بۆ هەموو ئامادەبوونێکی ورد و درشتی خۆیان، بۆ دواڕۆژێ کە بە تەواوی نازانن چۆن دەبێ؟ لە هەمان کاتدا ئادەمیزادی ئەم سەردەمە هەست دەکات کە ئاشتی لە جیهان بڵاو ببێتەوە و ئاسۆیەکی نوێ و پڕشنگدار لە کەل بێتە دەر و ژیانێکی ئاسوودە و کامەران بێتە کایەوە.

ئیمڕۆ هەموو شت بووەتە بەرژەوەندی و هێز و ناو و کێش. ئاخۆ ئێمەی کوردی بێ وڵات"دەوڵەت" و خاوەن کوردستانێکی دابەشکراو بەسەر چوار پێنج وڵاتدا چیمان لە دەست بێ و چارەنووسمان چ بێ و کێ حیسابێکمان بۆ بکات لە ساڵی تازەدا؟ گەل هەیە ژمارەکەی لە شارۆچکەیەکی کوردستان کەمترە، بەڵام خودان قەوارەی سیاسیی تایبەتی و ئاڵای خۆیەتی. ئێمەش بیست و پێنج ملیۆنین و هەتا ئێستاش زۆر لە ڕێکخراوەکانمان خۆزگەیان داری بریای ئۆتۆنۆمییە و، ئاشکراشە داری بریا بۆ کەس بەری نەگرتووە تا بۆ ئێمە بەر بگرێ!

گەر مرۆڤ گەشتێکی کوردستان بکات بە تەواوی بۆی ڕوون دەبێتەوە میللەت زۆر زۆر لە جاران هۆشیارتر بووە و، بە تایبەتی لە کوردستانی باکوور کە وشەی سەر زاریان بەم جۆرەیە:"ئەم کوردستانەکی ئازاد دخوازن". لێرەدا ئەرکی هەرە گرنگی پارتییەکانمان ڕێکخستنی ڕۆڵەکانی گەلە لەسەر ڕێبازێکی یەکگرتوو و ڕاست و ڕەوا، لە پێناوی تاقە ئامانجی ڕاستەقینەی ڕەش و ڕووتانی کوردستان کە ئازادیی یەکجارییە و بەس. لە کۆڕی نێونەتەوەییشدا، بە تایبەتی پاش کارەساتە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجە، کورد لە جاران زیاتر ناسراوە و دۆستی تری بۆ پەیدا بووە. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین زۆر هەن دەیانەوێ لەژێر پەردەی شاراوەی ئیمپریالیزم و ئۆتۆنۆمی و مافی ڕۆشنبیری و شتی تری جۆربەجۆردا بزووتنەوەی نەتەوەیی ئازادیخوازیی کوردستان بخەسێنن و لە پەلوپۆی بخەن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە پارتییە کوردییەکانمان پێشبڕکێ دەکەن بۆ ئامادەبوونی ئەم جۆرە کۆنفرانس و کۆڕانە، بەڵام کۆنگرەیەک کە کورد خۆی ئامادەی بکات و بە مەبەستی ئازادیی کوردستانیش بێت، ئەو کاتە ژمارەی پارتییە ئامادەبووەکان لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن!

گەلێک ئەگەر بە یەک دەنگ و هاوخەبات و هاوئامانج بێ حیسابی بۆ دەکرێ. ئاشکرایە کورد هەتا ئێستاش "ساڵی 1990" نەیتوانیوە بە یەکگرتوویی خۆی بۆ دنیا بسەلمێنێ کە خاوەن بڕیاردانی چارەنووسی خۆیەتی لە وڵاتەکەی، هەروەک سەرجەم گەلانی تری جیهان. بێگومان یەکەمین هەڵە و یەکەمین ئەرکیش هەر هی ڕێکخراوەکانمانە نەک زەحمەتکێشانی کوردستان، چونکە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان هاودەرد و هاوەڵن لە شین و شاییدا و بەشداری یەکتر دەکەن. یەکێتی تاکە هێزمانە بۆ دڕاندنی پەردەی بێدەنگی مرۆڤایەتی و ڕاکێشانی سەرنجی دنیا بۆ مەسەلە ڕەواکانمان.

شتێکی بەڵگەنەویستە ڕووداوەکانی ساڵی هەشتاونۆی جیهان کاری خۆیان دەکەنە سەر گەل و نیشتمانی ئێمەش و دەبێ کوردیش وەک میللەت خۆی ئامادە بکات و، سوود لە گۆڕانکارییە نوێکان وەربگرێ و بۆ بەرژەوەندی خۆیشی بەکاریان بێنێ. هەروەک دەزانین هەتا بڵێی لەپاشدا ماوین و گەلان بە دەیەها و سەدەها ساڵ پێشمان کەوتوون. گەورەترین میللەتی سەر ڕووی زەوین کە هەتا ئێستا خاوەن قەوارەی سیاسیی سەربەخۆی خۆمان نین. دەرد و کۆستی کورد ئەوەندە زۆرن کە وەسف ناکرێن، بەڵام دەبێ هەمیشە گەشبین بین نەک ڕەشبین. هیواداریین ساڵی تازە بۆ

**کورد و کوردستان ساڵی سەرکەوتن و بەختیاری بێ و کاتیش بۆ ئێمەی کورد لە زێڕ بەنرخترە و ، وەک تیغیش وایە ئەگەر نەیبڕین دەمانبڕێ!**

*** سەردەمی نوێ، ژمارە 48، فێبریوەریی 1990 ، سوێد.**

## کورد لە چاپەمەنییەکانی سویدا*
## "پێش ڕزگارکردنی کوردستانی باشوور و دوای قەومانی کارەسات"

ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی سوێد و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتە، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی کوێتەوە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی هەواڵنامە و وتار و دەنگوباس لەسەر کورد و کوردستان. بێگومان مایەی دڵخۆشیی هەر کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەفە کە ببینێ پارچەیەکی نیشتمانە لەت لەتکراوەکەی لە دوژمنان پاک بکرێتەوە و ئاڵای کەسک و سوور و سپی و زەردی ئازادی و نەخشین لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان بشەکێتەوە. لە هەمان کاتیشدا کە دیمەنی کارەساتە دڵتەزێنەکانی کوردستانی بریندارمان چاو پێ کەوت ، ئەوەندەی تر لە جاران زامەکانمان کولایەوە و کزە لە جەرگمان هەڵسا. جارێکی تر بە چاوی خۆمان دیمان چۆن قوڕەکە هەمووی بە گیراوەیی بۆ کورد بەتەنێ مایەوە و هەر کوردە ڕووت و لێقەوماوەکە بوو کە بووە قۆچی قوربانی شەڕ و ئاشتی.

قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە گەلێ دەخایەنێت و لەم گوتارەدا جێگای نابێتەوە، چونکە ئەم باسە بۆ شتێکی تر تەرخان کراوە. پێش ئەوەی بێمە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە، دەمەوێ ئەوە دەستنیشان بکەم کە بەداخەوە و زۆر بەداخەوەش هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا"خۆ ڕۆژهەڵات هەر باسی ناکرێ!"، هەروەها دەوڵەتەکانی تری جیهان، لە کاتێکدا باسی مەسەلە و کێشەکان دەکەن کە کار لە کار بترازێ و شارێ قڕ بکرێ و وڵاتێ تەفروتونا بکرێ و دوو ملیۆن مرۆڤی بێتاوان ئاوارە و دەربەدەر بکرێ، یاخود بۆ ماوەیەکی کورت باسی مەسەلەیەکی دیاریکراو دەکەن و پاشان لەسەری سارد دەبنەوە و قوڕقەپی لێ دەکەن، وەک ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران! دەبێ ئەوەش بێژم پێویستە جاری یەکەم لۆمە و گازاندە لە خۆمان بکەین نەک لە خەڵک. لێرەدا بە هیوای ئەوەم کە بتوانم بە شێوەیەکی کورت باسی "کورد لە چاپەمەنییەکانی سوێدا - پێش ڕزگارکردنی کوردستانی باشوور و دوای قەومانی کارەسات" بکەم. بە واتایەکی تر تەنیا سەردێڕ و تێبینی و چەند ڕستەیەکی وتاری ناو بڵاوکراوەکانی سوێدیم هەڵبژاردووە.

### نەخشەیەک کە لە لایەن ئیمپریالیزمەوە کێشراوە




ناوەڕۆکی باسەکە بریتییە لە چۆنیەتی دروستبوون یا ڕاستتر دروستکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیمانی سایکس ـ پیکۆی ساڵی 1916 و پێکەوە لکاندنی کوردستانی خواروو بە زەبری هێز بە دەوڵەتی تازە دروستبووی عێراقەوە کە دەستکردی بەریتانیا بوو. نووسەر دەڵێت:"هیچ سنوورێکی سرووشتی نییە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، مەبەستی عێراق و کوێتە ـ م.ک، تاکە سنووری سرووشتی عێراق لای باکوور کەوتووە، لەگەڵ کوردستان، بەڵام ئیمپریالیزم بێ گوێدانە ئەم سنوورە سرووشتییە و بەبێ ڕێز و بایەخەوە کوردستانی پارچە پارچە کرد و بەو دەوڵەتە دەستکردانەی خۆیەوەی لکاند و ئەنجامی ئەم کارەش ناسراوە".(1)

## پێشمەرگە کوردەکان ئامادەی جەنگن

"لە نێوان 2000 ـ 3000 پێشمەرگەی کورد لە باکووری عێراق ئامادەی ئەوەنە لە کاتی گونجاودا چالاکی ئەنجام بدەن دژی سەرۆک سەددام حوسێن، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەی کە دەسەڵاتی ئەو کەم دەبێتەوە". ئەم هەواڵەش لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست وەرگیراوە کە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مەحموود عوسمان، سەرۆکی پارتی سۆشیالیستی کوردستان و جەلال تاڵەبانی، قسەکەری بەرەی کوردستانی عێراقی ئەنجام دابوو.(2)

## بۆمبابارانی کوردستانی تورکیا

"لەپێش یەک هەفتەوە بۆمبابارانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا ـ مەبەستی کوردستانە، م.ک ـ دەکرێ و خەڵکێکی زۆر خەریکی ڕاکردنن. ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو کاتژمێر 13.50 دەقیقەی نیوەڕۆ شاری جزیرە لە ئەنجامی پێنج تەقینەوەدا لەرزییەوە. دوای ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا لە بۆمبابارانی عێراق دەگەڕێنەوە بۆ بنکەکانیان لە تورکیا، بەڵام پێش ئەوەی بنیشنەوە، ئەو بۆمبایانەی کە پێیان ماوە بەسەر هەر شوێنی بێ دەیبارێنن". ئەم هەواڵە لە ئاژانسی دەنگوباسی کوردی ـ ANK وەرگیراوە. "کوردەکان باوەڕ دەکەن کە حکوومەتی تورکیا چاوەڕوانی هەلێکی

لەبارە بۆ ئەنجامدانی بەکۆمەڵ قڕکردنی گەل. هەر لە ساڵی 1984ەوە سەرهەڵدانێکی مەزن بە سەرکردایەتی گرووپی پێشمەرگەی PKK دەستی پێ کردووە".(3)

## ئۆپۆزیسیۆنی یەکنەگرتوو لە عێراق

"ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و هێزە یەکگرتووەکان کە ئەمریکا لە دژی عێراق ڕابەرایەتییان دەکات، لەوانەیە بەلای کەمەوە لە یەک خاڵدا یەکبگرنەوە: سەددام حوسێن لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە". ئینجا وتارەکە باسی کۆبوونەوەکەی بەیرووت دەکات لەگەڵ مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و زۆر کێشەی تریش.(4)

## زمانی کوردی لە تورکیا سەربەستە

"حکوومەتی تورکیا بڕیاری ئەوەی داوە کە بە شێوەیەکی ڕەسمی زمانی کوردی سەربەست بکات. ئۆزاڵ وتوویەتی پێویستە لەسەر تورکیا کە کاریگەریی خۆی هەبێت لە دوای شەڕ و کۆنفرانسی دوای جەنگ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، ڕێگە بەوە نەدات کە دەوڵەتێکی کوردی جیاکراوە لە باکووری عێراق دروست ببێت".(5)

## کێشەی کوێت تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە

"ئەو شەڕەی کە بۆش دەستی پێکردووە، سەرەنجامێکی گەورەی دەبێت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕووی ژیانی ڕامیاری و ئابوورییەوە. هەر لە ئێستاوە چاکترین هێزی ئەمریکا لە کوردستانی تورکیادا هەیە و ئامانجی ڕژێمی تورکیاش ئەوەیە کە خۆی بخاتە نێو ئەم جەنگەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ناوچە نەوتییە دەوڵەمەندەکان لە کوردستانی عێراق و، کوردستانیش بکاتە مەیدانی قارەمانیەتی خۆی تاکو کۆتایی بە کورد بهێنێت".(6)

## ئایا تورکیا ئامادەیە بە دانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان؟

ئەم پرسیارە لە یەکێ لە خوێنەرانەوە هاتووە بۆ ڕۆژنامەکە و وەڵامیش بەم جۆرەی خوارەوە دراوەتەوە:"لە ڕاستیدا زانیاری هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە و گوایا ڕژێمی تورکیا پەیوەندی بەستووە لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکانی عێراق و هەندێ کوردیش لە نێوخۆی تورکیا. ئەوەی کە پێشکەش کراوە گوایا وەک پیلانێکی نوێ ئەوان یەکدەگرن و سەربەخۆیی نێوخۆیی و ئۆتۆنۆمییان پێ دەدرێت، بەڵام لەژێر سەرکردایەتی تورکیا. لەم ـ کوردستان ـەدا زمان و کولتوور و ئابووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن کوردەکان خۆیانەوە بەڕێوە دەبرێن".(7)

## شەڕی کوردەکان لە تورکیا

هەواڵ:"بە لایەنی کەمەوە سێ کەس کوژران لەو پێکداچوونانەدا کە لە نێوان کوردە بێچەکە مەدەنییەکان و هێزی ئاسایشی تورکیا ڕووی دا لە شاری شڕناخ لە باشووری ڕۆژئاوای تورکیا... دانیشتوانی کوردی ئەم شارە دەڵێن بەلای کەمەوە چوار کەس مردن. نزیکەی هەزار مرۆڤ، هەتا ژنان و منداڵانیش، لەم کارەدا بەشدار بوون. کوردەکان دار و بەردیان بەکار هێنا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان لە بەرامبەر سەربازەکان و هاواریان دەکرد: بژی PKK."(8)

## کوردە خۆپیشاندەرەکان لە تورکیا کوژران

هەواڵ:"دوو خۆپیشاندەری کورد کوژران و هەشت کەسیش بریندار کران لە لایەن سەربازانی تورکیاوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا."(9)

## تورکیا دەیەوێت گەورەتر بێت

"ئەو شتەی کە ڕژێمی تورکیا بە هیوایەتی پێش هەر شتێک داگیرکردنی ناوچە نەوتییە دەوڵەمەندەکانە لە کوردستانی عیراقدا".(10)

## شەڕ و پێکدادان لە عێراق بڵاو دەبێتەوە

"لە سەرووی وڵات ـ عێراق ـ کەمایەتییەکی گەورەی کورد هەیە. لەوانەیە ژمارەیان 3 ملیۆن مرۆڤ بێت. ئەوان موسڵمانی سوننینە، بەڵام لە ڕووی

ئەتنیکییەوە جودان لەگەڵ گەلی عەرەب... لە باکوور هێزە بەرهەڵستە کوردەکان ڕایانگەیاندووە کە هەر لە ڕۆژی ڕابردووەوە کۆنترۆلی تەواوی سلێمانییان گرتۆتە دەست و لە هەولێریش شەڕ و پێکدادان هاتۆتە ئاراوە".(11).


UTRIKES
Proletären nr 37, 13-19 september 1990

Signaturen "Haso" har i många år följt kampen i Kurdistan, bland annat genom resor till Kurdistan och till Düsseldorf, där den ökända PKK-rättegången pågår. Nedanstående artikel, som innehåller mycket information som hittills är i det närmaste okänd i Sverige, har ställts till Proletärens förfogande. Vi publicerar den tacksamt.

# Massakrer och motstånd i Kurdistan

## جەللادی کوردەکان بووە وەزیر

"جەللادی کوردەکان شوێنی خۆی دەگرێت لەنێو حکوومەتی عێراقدا. سەرۆکی عێراق سەددام حوسێن لە ڕۆژی چوارشەممە وەزیری ناوخۆی عێراقی لە کار خست و شوێنی ئەوی بە ئامۆزای خۆی، عەلی حەسەن مەجید پڕ کردەوە، کە کاتی خۆی حوکمداری کوێت بوو... مەجید کەسێکی ناسراو نییە لە لایەنی دڵڕەقیی ڕەفتارەکانیەوە، بەڵام دوای ئەوەی چەکی کیمیاوی لە ساڵی 1988 لە دژی کوردەکان بەکار هێنا بە مەبەستی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینێکی کوردی، ئەوا هەر لەو کاتەدا ناوی دەرکرد".(12).

## هێزی بەرهەڵستی عێراق کۆدەبێتەوە

لە بەشێکی وتارەکەدا باسی ڕاپۆرتی سەرکەوتنی کوردەکان هاتووە:"هەروەها لە لایەن پێشمەرگە کوردەکانەوە کە لە دژی سەددام حوسێن لە خەبات دان، ڕاپۆرتی پیرۆزی و سەرکەوتن لە ڕۆژی دووشەممەوە بە دەست گەیشتووە. قسەکەرێکی بەرەی کوردستانی عێراق ڕایگەیاند کە کوردەکان سێ شاری باکووری عێراقیان گرتووە و ئێستا تەنیا یەک ملیان ماوە بۆ شاری گرنگی کەرکووک".(13).

## سەددام خەریکە میللەتی خۆی قڕ بکات


Bred manifestation för fritt Kurdistan

"پێشمەرگە کوردەکان ڕایانگەیاند کە نزیکی ئەوەن کێلگە نەوتییەکانی باکووری عێراق بخەنە ژێر دەستیانەوە. جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، ڕایگەیاند کە بەلای کەمەوە سێ تیپ سەربازی عێراقی، 36.000-30.000 سەرباز چەک و تەقەمەنی و ماشێنە سەربازییەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و ڕایانکردووە بۆ ناو پێشمەرگەکان".(14)

### عێراق ئافرەتان و منداڵان دەستبەسەر دەکات

"ڕێبەری کورد جەلال تاڵەبانی لە بەیرووت ئەوەی ڕاگەیاند کە هێزە لایەنگرەکانی سەددام لە یەکشەممەی ڕابردوو 500 ئافرەت و منداڵیان لە هەرێمی دەوڵەمەندی کەرکوک دەستبەسەر کردووە. تاڵەبانی وتی: ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان کردووە، ئەگەر هێزە بەرهەڵستکارەکان هێرش ببەنە سەر کەرکووک، ئەوا بارمتەکان گشتیان دەکوژرێن".(15)

### بە هەزاران بوونە قوربانی ناپاڵم

"سەرچاوەی هێزە بەرهەڵستکارەکان ڕایگەیاند کە لە یەکشەممەی ڕابردوو عێراق بە هەزاران کەسی کردە قوربانی ناپاڵم لە باشووری وڵات. سەددام حوسێن لە کاتی خۆیدا هەڵەبجەشی بە تەواوی قڕ کرد و بە لایەنی کەمەوە 4000 کەس بوونە قوربانی چەکی کیمیاوی".(16)

### کوردان لە ڕووی ستراتیژییەوە یەکگرتوون

ئەم وتارە باسی کۆنفرانسەکەی ستۆکهۆڵم دەکات کە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە بەسترا. لەو کۆنفرانسەدا نزیکەی 20 پارتی و ڕێکخراوی کوردی بەشدار بوون لە پارچە جیا جیاکانی کوردستان، هەروەها زۆر لە میوانان و نوێنەران. لە دوا ڕاگەیەنراوی کۆنفرانسەکە وا هاتووە:"ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە چەوساندنەوەی زیاتر لە بیست ملیۆن کورد لە لایەن کۆمەڵگای دەوڵەتانەوە قەبووڵ نەکرێت. ئەمە

خۆی لە خۆیدا دەبێتە هەڕەشەکردن لە ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها تاوانێکە لە دژی مافی گەلان و مافە مرۆڤایەتییەکان".(17)

## کوردەکان شاری نەوتییان گرت

"پێشمەرگە کوردەکان دەڵێن شاری کەرکووکمان گرت. شەڕ و پێکدادان تا ئێستاش بەردەوامە لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا. قسەکەرێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند کە زۆربەی بەشە سەرەکییەکانی شاری کەرکووک کەوتۆتە دەستی پێشمەرگەکانەوە و شەڕیش هەر بەردەوامە. کەرکووک مەزنترین باژێرە لە باشووری کوردستان".(دیارە کاولە مووسڵ، کاول واتا ڕووخاو یا خراپبوو، بە کوردستان ناژمێرن، م.ک).(18)


Gerillan jublar i Kirkuk

Dagens Nyheter 22-3-1991

## فڕۆکەی عێراقی دەخرێتە خوارەوە و سەرچاوە نەوتییەکان بۆمباران دەکرێن

"کوردەکان ڕایانگەیاند کە هێزەکانی حکوومەت بە سەدان خەڵکی بێچەکیان کوشتووە و سەرچاوە نەوتییەکانی دەوروبەری کەرکووک، کە لەژێر کۆنترۆلی پێشمەرگەدان، بۆمباران کردووە. قسەکەرێکی پارتی دیموکراتیی کوردستان لە دیمەشق ڕایگەیاند: پاش چەندەها شەڕی سەخت لە کەرکووک گشت کوردستان ئازاد کرا. لە ڕاگەیاندنێکی ڕەسمیدا هاتووە: کە دوو فڕۆکەی F15 لە کاتی نیوەڕۆدا فڕۆکەیەکی عێراقیان خستە خوارەوە لە چەشنی SU 22 لە نزیک شاری تکریت، 15 میل لە باکووری بەغدا. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ـ سەفوان ـ عێراق مافی ئەوەی نییە فڕۆکەی جەنگی بەکار بهێنێت، مەگەر تەنیا بۆ مەبەستی گواستنەوە نەبێت".(19)

## هێرش دەکرێتە سە شارێکی یەک ملیۆنی عێراقی



Irakisk miljonstad angrips

Kurdisk gerilla uppges anfalla Mosul • Hungersnöd sprids i Irak

"پێشمەرگەی کورد پێشنیاری هێرشکردنە سەر مووسڵ دەکات. خەباتی هێزە بەرهەڵستەکان مووسڵیشی تەنییەوە. هێزەکانی ڕژێم بە سەختی بەرپەرچی پێشمەرگەکان دەدەنەوە.مەسەلەی گرتنی شاری گرنگی نەوتیی کەرکووک لە لایەن پێشمەرگەکانەوە ڕاست دەرکەوت، بە تایبەتی کاتێ تەلەفزیۆنی ژاپۆنی وێنەی ڕووداوەکانی نیشان دا".(20)

## ئاڵای کورد هەڵکراوە

وتارێکی یەک لاپەڕەییە دەربارەی کۆنفرانسەکەی ستۆکهۆڵم و باری کوردستان بە گشتی. لە هەمان کاتدا چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ هۆشیار زێباری"PDK–IRAQ" و عاکیف حەسەن"PKK". زێباری دەڵێت:"ئێستا هەلومەرج جودایە. ئەگەر بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی شیعە موسڵمانەکان لە داهاتوودا حوکم بگرنە دەست، ئەوا پێویستیان بە یارمەتی کورد دەبێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری وڵات". "نوێنەری PKK باسی پەیوەندییەکانی خۆیان و ڕێکخراوە کوردییەکانی عێراق دەکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە PKK واز لە داوای خۆی ـ ئازادیی کوردستان هێناوە".(21)

## ئەوان ناچار دەکران کە پاشماوەی لاشەی بۆگەنی ئاژەڵ بخۆن

وتارەکە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر کردەوە نامرۆڤایەتییەکانی عێراقە لە کاتی داگیرکردنی کوێتدا. ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، تەنیا ئەمەی خوارەوەیە:"ئەو ڕۆشناییە بچووکەی کە تا ئێستاش دێتە بەر چاو، هەڵبەتە هەوڵی پەرەسەندوو و پێشکەوتووی کوردەکانە کە ئازادییان دەوێت. ئەوان ـ کوردەکان هەتا یارمەتیان لە زۆردارە کۆنەکانی خۆشیان چنگ کەوت، تورکیا، کە بە دڵخۆشییەوە دەیەوێت لیبرالییانە خۆ نیشان بدات، بۆئەوەی بچێتە ناو بازاڕی هاوبەشی

ئەوروپاوە. دەتوانرێت پێشبینی کوردستانێکی ئازاد بکرێت، بەڵام لەبەر ئەم مەسەلەیە نەبوو کە بە دەیەها هەزار مرۆڤ دەبوایە ژیانی خۆیان لە دەست بدەن و 500 ملیار دۆلاریش تەرخان بکرێ بۆ شەڕی کوێت".(22)

## فڕۆکەی جەنگی هێرش دەباتە سەر شاری نەوتیی کەرکووک

"گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە دیمەشق ڕایگەیاند کە فڕۆکەی جەنگی لە ڕۆژی دووشەممەدا هێرشی بردۆتە سەر شارە نەوتییەکانی باکووری عێراق کە بەدەستی پێشمەرگەوەن. لە ئەنجامی بۆمبابارانی فڕۆکەی بۆمباهاوێژ و هەلیکۆپتەر لەسەر کەرکووک و دهۆکدا گەلێ مرۆڤ کوژراون".(23)

## ڕێبەرێکی کورد بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە

وتارەکە بە شێوەیەکی سەرەکیی باسی گەڕانەوەی مام جەلال دەکات بۆ کوردستان:"سەرکردەی پێشمەرگەکان جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژی سێشەممەدا گەڕایەوە بۆ نیشتمان، پاش ئەوەی کە ساڵ و نیوێک لە دەرەوەی وڵات بوو. تاڵەبانی لە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوودا وتی کە ڕێکخراوەکەی ئەو بەتەمای ئەوە نییە کوردستانێکی ئازاد ڕابگەیەنێت، بەڵکو تەنیا ڕووخاندنی سەددام حوسێن مەبەستیەتی".(24)

## ئەمریکا یارمەتی هێزی بەرهەڵست نادات لە عێراقدا

"سەرکردە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقییەکان لە ڕۆژی چوارشەممەدا ڕایانگەیاند کە پێشمەرگەی کورد خۆی ئامادە دەکات بەرەو سێیەمین شاری گەورەی عێراق، مووسڵ، دوا قەڵای سەددام لە باکوور. ئەوان دیسان سەرلەنوێ هێزەکانی حکوومەتیان تاوانبار کرد بە باراندنی گازی دەمار ـ غاز الاعصاب و بۆمبای فۆسفۆڕی بەهۆی هەلیکۆپتەر بەسەر خەڵکی مەدەنیدا. لە هەمان کاتدا قسەکەری کۆشکی سپی Marlin Fitzwater وتی: ئێمە بیری ئەوە ناکەینەوە کە خۆمان تێکەڵی کێشە نێوخۆییەکانی عێراق بکەین. فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا ، کە لە ئاسمانی عێراقدا پاسەوانی

دەکەن، تەنیا لە حاڵەتێکدا هەلیکۆپتەرە هێرشبەرەکان دەخەنە خوارەوە، ئەگەر مەترسی پەیدا بکەن بۆ هێزە یەکبووەکان".(25)

**کەرکووک لەژێر کۆنترۆلی پێشمەرگەکان نامێنێت**


Arbetet/Lördag 30 mars 1991 UTLAND

Rebellerna förlorar kontrollen över Kirkuk

"Revolten kan pågå i månader"

"پێشمەرگە کوردەکان کە لە دژی ڕژێمی سەرۆک سەددام حوسێن ڕاپەڕیون، لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕایانگەیاند کە ناچاڕ کران شاری نەوتیی کەرکووک جێ بهێڵن لە باکووری عێراق. قسەکەرێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دیمەشق ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئێمە لە کەرکووک خۆیان کشاندۆتەوە و دوو کیلۆمەتر لە دەرەوەی کەرکووکن".(26)

**سەددام هێرشێکی نوێ ئامادە دەکات لە دژی کوردەکان**

"سوپای عێراقی لە دووشەممەی ڕابردووەوە خۆی ئامادە کردووە بۆ هێرشکردنە سەر شاری سلێمانی کە بە دەستی پێشمەرگەی کوردەوەیە. ئەم ڕاگەیاندنەش لە بەغدای پایتەختەوە لە لایەن سەرچاوە عێراقییەکانەوە ئاشکرا کرا: هەموو هەوڵدانێکی سەربازی لە ئێستاوە بەرەو ڕووی سلێمانی دەبێت.. پاش ئەوەی هەولێر و دهۆک خاوێن کرایەوە، لەشکر دەیەوێت یاخیبووەکان لە سلێمانیش دەربکات".(27)

**پێشمەرگە باسی سەرکەوتنی نوێ دەکات**

"پێشمەرگە کوردەکان لە ڕۆژی سێشەممە ڕایانگەیاند کە دووبارە چەند بەشێکی ستراتیژی و گرنگی شاری کەرکووکیان گرتۆتەوە کە دەکەوێتە سەرووی عێراقەوە، دوای ئەوەی شەش ڕۆژ شارەکە لەبن دەستی هێزەکانی دەوڵەت بووە".(28)

## کوردەکان بەندن لە چیاکانی عێراقدا

"لە ناوچەیەکی شاخاوی و بەفراوی و با و زریان لە نزیک سنووری تورکیا زیاتر لە 100.000 کورد دەیانەوێ لە عێراق ڕابکەن بۆ تورکیا.. سەربازە تورکەکان تەقە بەسەریاندا دەکەن بۆئەوەی بیانترسێنن و نەهێڵن سنوور ببڕن.. بە درێژایی 16 کیلۆمەتر مرۆڤ تەنیا کوردی پەرەوازە و ئاژەڵ و هۆیەکانی گواستنەوەی چاو پێ دەکەوێت.. دوازدە کورد ماوەی 5 کاتژمێر باڵیۆزخانەی عێراقیان لە بەلچیکا داگیر کرد بە مەبەستی پڕۆتێستکردنی ڕژێمی سەددام حوسێن.. سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش زۆر بەتوندییەوە لایەنگیری ئەو بڕیارە دەکات کە نایەوێت یارمەتی کوردەکان بدات".(29)

## ناوی ڕۆژنامە یا گۆڤار


(1) Proletären nr 4, 24-30/1991.
(2) Trollhättanstidningen 25-1/1991.
(3) Trllhättanstidningen 25-1/1991.
(4) Dagens Nyheter 25-1/1991.
(5) Dagens Nyheter 25-1/1991.
(6) Proletären nr 5, 31/1-6/2/1991.
(7) Proletären nr 7, 14-20/2/1991.
(8) Dagens Nyheter 2/3/1991.
(9) Dagens Nyheter 5/3/1991.
(10) Rödpress nr 1, 1991.
(11) Dagens Nyheter 6/3/1991.
(12) Arbetet 7/3/1991.
(13) Dagens Nyheter 11/3/1991.
(14) Arbetet 12/3/1991.
(15) Arbetet 13/3/1991.
(16) Arbetet 18/3/1991.
(17) Trollhättanstidningen 18/3/1991.
(18) Dagens Nyheter 20/3/1991.
(19) Arbetet 21/3/1991.
(20) Svenska Dagbladet 22/3/1991.

(21) Arbetaren nr 12-13, 22/3/1991.
(22) Aftonbladet 24/3/1991.
(23) Arbetet 26/3/1991.
(24) Arbetet 27/3/1991.
(25) Arbetet 28/3/1991.
(26) Arbetet 30/3/1991.
(27) Arbetet 2/4/1991.
(28) Arbetet 3/4/1991.
(29) Svenska Dagbladet 4/4/1991.
*** بارزان، ژماره 8، ئۆگستی 1991 ، ئەمەریکا.**

# تابووری پێنجەم و ئەسپی تەروادە*

ڕەنگە خوێنەرانی هێژا بپرسن: بۆچ ئەم ناوونیشانە؟ بێگومان پرسیارکردن مافی هەر کەسێکە، بە تایبەتیش خوێنەرانی گۆڤار و بڵاوکراوەیەک. لەم باسەدا خوێنەران خۆیان دەتوانن وەرامی پرسیارەکەی سەرەوە وەدەست بخەن و لە مەخسەدی بەندەش بگەن. بە پێویستی دەزانم پێش هەر شتێک لە هەردوو زاراوەی "تابووری پێنجەم و ئەسپی تەروادە" بدوێم کە لە زۆر سەرچاواندا وەکو پەیوەندیدار بەیەکەوە باسیان لێ کراوە.

تابووری پێنجەم"fifth Column" دەستەواژەیەکی سیاسییە و هێمایە بۆ خاینان و تێکدەرانی نێو کۆمەڵ لە بەرژەوەندی دوژمنی دەرەکی لە حاڵەتی جەنگ و دەستدرێژکردنە سەر نیشتمان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی. ئەم دەستەواژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆر فرانسیسکۆ فرانکۆ، کە لە کاتی جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیادا 1936-1939 ڕایگەیاند کە بەخۆی و چوار تابوور لە دەرەوە هێرش دەباتە نێو شاری مەدرید و، لایەنگرانیشی لەنێو خودی باژێر لەم کارەیدا کۆمەکی لێ دەکەن.(1)

کەواتە تابووری پێنجەم بە مانای خاینە شاراوەکانە کە خزمەتی بەرەی دوژمن دەکەن.. لە ڕووی فیکری و ئایدیۆلۆجییەوە دژی دیموکراتین. لەپشتی گەلەوە کرداری خراپەکارانە دەکەن. ئەم زاراوەیە یەکەم جار لە سەردەمی شەڕە ناوخۆییەکانی ئیسپانیادا 36-1939دا بەکارهێنراوە. لەو کاتەدا کۆنەپەرستانی ناوخۆ بە سەرکردایەتی ژەنەراڵ فرانکۆ چوون بە کۆمەکی فاشیستەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیاوە لە دژی خەڵکی ئیسپانیا و کۆمارە تازەکەی جەنگان. ژەنەراڵ مولا یەکێک بوو لە سەرکردەکانی سوپای فرانکۆ سەرکردەیی چوار لەشکری لە ئەستۆدا بوو، ڕووی کردە مەدرید بۆئەوەی کۆماریخوازەکان تێکبشکێنێ. مولا لەو کاتەدا گوتی: من تابوورێکی ترم لەناو خەڵکی مەدرید هەیە کە تابووری پێنجەمی لەشکرەکەمانە. ئەو مەبەستی لەو خاینانەی ناو خەڵکی مەدرید بوو کە بەدزییەوە خزمەتی دوژمنیان دەکرد و دژی زەحمەتکێشە شۆڕشگێڕەکان خراپەکارییان دەکرد.. لەو کاتەدا زاراوەی "تابووری پێنجەم" بۆ ئەو خاینانە دانراوە کە بەدزییەوە لەناو خەڵکدا یان ڕێکخراوەکاندا خزمەتی دوژمن و بێگانە دەکەن.(2)

ئەسپی تەروادە"Trojan Horse"یش دەستەواژەیەکە بەو بەکرێگیراوانە دەوترێت کە شۆڕشەکان دەڕووخێنن یان لە ناوەوە لەجیاتی هێز و بەلایەنی کەمەوە بەر لە هێز کۆڕ و کۆنگرەکان بە تەڵەکە و فریودان سەرقاڵ و پڕکار دەکەن.

بنج و بناوانی "ئەسپی تەروادە" لەم چیرۆکە کورتکراوەی خوارەوە سەرچاوەی گرتووە: لە یەکێ لە بەناوبانگترین کەلەپوورەکانی ئەدەبی یۆنانیدا کە "ئەلیادە"یە باسی چیرۆکی گەمارۆدانی تەروادە کراوە. کاری گەمارۆدانی شاری تەروادە دە ساڵ درێژەی کێشاوە بێ ئەوەی شار خۆی بەدەستەوە بدات. لەو کاتەدا "ئۆدیسیۆس" فەیلەسووف و بیرکەرەوەی ئەسینا لەبری هێزی سەربازی پێشنیاری بەکارهێنانی عەقڵ و زیرەکی کردووە، بەو مەرجەی کارکردن لەنێو خودی تەروادەوە دەست پێ بکات نەک هێرشبردنە سەری لە دەرەوە کە لەمەی دواییان خۆیشی شکستی هێنابوو. ئەسپ لای خەڵکی تەروادە پیرۆز بووە، لەبەرئەوە فەیلەسووفی ناوبراو ئەوەی پێشنیار کردووە کە ئەسپێکی گەورە لە دار دروست بکرێت و، ژمارەیەک لە چاکترین سوارچاکانی تێدا حەشار بدرێت. ئینجا ئەسپی لە دار دروستکراو لە نزیک شوورەکانی شار بەجێ بهێڵرێت. بەم شێوەیە دانیشتووانی تەروادە دەکەونە داوە و ئەسپەکە ڕادەکێشنە نێو خودی باژێرەوە، بەشەویش سوارچاکەکان لێی دێنە دەرەوە و دەست دەکەن بە کردنەوەی هەموو دەرکە و دەروازەکانی قەڵاکان تاکو هێزە داگیرکەرەکان بە هاسانی بێنە ناو باژێر. لە کۆتاییدا تەگبیرەکە سەردەگرێ و تەروادەش خۆ بەدەستەوە دەدات.

ئیدی هەر لەوێ دەمێوە ئەسپی تەروادە بووەتە ڕەمزی بەکارهێنانی عەقڵ و بلیمەتی و فریودان بەر لە بەکارهێنانی هێز و کارکردن لە ناوەوە بۆ لێدانی شۆڕشەکان یان لەت و کوتکردنی کۆڕ و کۆمەڵە دەوڵەتییەکان.(3)

دوای ئەم شیکردنەوەیە بۆمان هەیە شۆڕبینەوە بۆ نێو ناواخن و ناوەڕۆکی باسەکەمان کە لە ڕاستیدا دیسان لەسەر دەردەکوردە. بەڵێ، لەسەر شەڕی کوردکوشتن و براکوژییە کە لە کوردستانا ناوبەناو ئاگرەکەی گەش دەکرێت. لێرەدا من نامەوێ لەسەر هۆیەکان و چۆنیەتی هەڵگیرسانەوە و زەرەر و زیانەکانی ئەم شەڕەی دوایی بدوێم، چونکە بەڕاستی خۆم وەک کوردێک لەمێژە دەستم لە ڕێکخراوەکانی باشووری وڵات شوشتووە و قەتیش خۆم بەم و بەو گرێ نەداوە. لە هەمان کاتیشدا نامەوێ مامەحەمەیی بۆ ئەم و ئەو لایەن بکەم، بەڵکو تەنیا و تەنیا ڕاستییەکانم لا گرنگە و بەس. بەکورتی کۆمەڵی کوردەواریمان بەتەنێ لە حیزب و ڕێکخراوەکان پێکنەهاتووە و نایەت.

وەک ئاشکرایە لە خوارووی نیشتمانەکەماندا بەهۆی هاتنە ئاراوەی بار و دۆخێکی جیهانی و بێگومانیش خەباتی نەپساوەی گەلی کورد پەناوپەسیوێک ساز بوو. گەلی کورد هەر لەبەر خاتری ئەوەی زوڵمی میرغەزەبی بەغدای لەسەر لاچێ قیروسیای لە هەر شتێ کرد. بەڵێ کورد بووە حکوومەت.. هەڵبژاردن ساز کرا.. پەرلەمان دروست کرا.. یەکەم بڕیاری پەرلەمانیش جاڕدانی شەڕی براکوژی بوو.. ئەمە هەموو کەسێک لێی بەئاگایە و بووە مێژووی ڕەشی گەلەکەمان.

هەر لە ڕاپەڕینە جەماوەرییە پیرۆزەکەی 91 و کۆچڕەوە جەرگبڕەکەی دوای ئەوەوە، کورد بە کردەوە حوکمی وڵاتەکەی خۆی کەوتە دەست. بەڵام هەر لە سەرەتادا ڕێکخراوە کوردییەکان ئەم سەرکەوتنەیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد و ماشتیانەوە. هەردوو هێزە زەبەللاحە کەڵەگاکەی ئەم پارچەیەی کوردستان بە هەڵبژاردن و پەنجا بە پەنجاش بوونە دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی باشووری وڵات.(4)

ئەوەی لەم چەند ساڵەدا بەشی کورد بووبێ تەنیا و تەنیا بریتی بووە لە خەم و خەفەت و فرمێسک ڕشتن و بیرکردنەوە لە شەڕ و ناکۆکی نێوان حیزبەکان و قات و قڕی و ماڵوێرانی، جگە لەوەی زۆر جاریش لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی پێکدادانی هێزەکان چاکترین ڕۆڵەکانی میللەت ژیانیان لە دەست داوە. لە ڕاستیدا حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەوێندەرێ لەمێژە سەری کوردیان بە فەتارەت داوە و بە فەتارەتیشی دەدەن. کەسیش لەوە دڵنیا نییە داخوا ئەم شەڕەی دواییان دوا ماڵکاولیی خۆیان و گەل دەبێ یان نا؟

ئەوان لە دەرەوە و لە ناوەوە، بە تایبەتی هەردوو سەرۆکی زلهێزە ملۆزمەکە واتا جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی، هەمیشە و هەمیشە باسی تەبایی و برایەتی خۆیان دەکەن. خۆ ئەگەر کەسێکیش زار هەڵپچڕێ و بڵێ لەل، بێ ئەملا و ئەولا سەر بە بەرەی دوژمن و تابووری پێنجەم و شەشەم و حەوتەمە. جا کەواتە باشترین چارە ئەوەیە کە هەر هەموومان قوڕقەپی لێ بکەین و بەوەی کە هەیە و نییە قایل بین! قسەی خۆشمان بێ وتار نووسین و بەیان بڵاوکردنەوە بوونەتە سیرخواردن و زوڕنالێدان. کەسیش گوێ لە کەس ناگرێ، بەتایبەتیش سەرکردە و سیاسەتمەدارانی ئەم گەلە ڕەش و ڕووتە هەر مەپرسە گێرەیان لە هەولێرێ لەبەر دەرکی پەرلەمانەکەیان دەگەڕێ.

لە سەرەتای مانگی پێنج جارێکی دیکە هەواڵی شەڕی براکوژی بە هەموو لایەکا بڵاو بووەوە. هەریەک دوو ڕۆژ بەر لەم بەگژیەکداچوونەش جەلال تاڵەبانی باسی برایەتی و هاودەردی یەکێتی و پارتی دەکرد.(5) وا دیار بوو ئەو بێخەبەر بوو، کورد

گۆتەنی لە بێخەبەران کەشکەک سەلاوات. لەوانەیشە بێئاگا نەبووبێ، ئەمە تەنیا خوا دەیزانێ.

بەڵێ ئەمجارەیش وەک جاری جاران خەم و پەژارە باڵی ڕەشی خۆیان بەسەر هەموو گۆشەیەکی ئەم کوردستانە بێنازەدا کێشا و، هەنسک و حەسرەت و ئاخ و ئۆفی لێقەوماوان گەیشتە ئەوپەڕی ئاسمان و کەشکەلانی فەلەک. شەڕی ئەمجارە بێ چ شک و گومانێک، بەڕای زۆربەی زۆری چاوساغان و دنیادیدان، میرات دابەشکردن بووە. وا دیارە سەرانی کورد شار و شارۆچکە داگیرکراوەکانی تری ئەم بەشەی کوردستان، واتا کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و شەنگار و چەندانی دیکەیان ڕزگار کردووە، بۆیە هەر لە ئێستاوە بە پەنجا بە پەنجاکەی پێشوویان قایل نینە و بەردی لە خۆیان زلتر هەڵئەگرن. گەلۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم ڕێبەرانە لە خۆیانیان پرسیوە: بەرپرسیارێتی ئێمە لە بەرامبەر ئەم گەلە کۆڵنەدەرەدا دەبێ چی بێ؟

هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بەیاننامەیەکی چەندی بڵێی بێ سەروبەر، بێ گوێدانە هەست و نەستی خەڵک، خەڵکانێکی دڵ بریندارکراو و برین سارێژنەبوو و قەتماغەنەگرتووی ئەم دوورەوڵاتی و ئاوارەییە. لە لایەن بیرۆی حکوومەتی هەرێمەوە بڵاو کرایەوە.(6) بنووسانی ئەم بەیاننامەیە، بەر لە هەر شتێک بەتەنێ نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن، چونکە بەتایبەتی لە کاتی شەڕ و پێکدادانەکانی ئەم دواییەدا و بەڵکو پێشتریش، نە پەرلەمان و نە حکوومەتیش ئەوەندە دەسەڵات بەدەست نەبوونە کە بتوانن خۆیان سەرپشک بن لە کار و بڕیارەکاندا، بگرە هەمیشە تەنێ و تەنێ هەردوو زلهێزەکە بوونە کە حوکمی قەرەقووشی خۆیان گێڕاوە. بەکورتییەکەی سەرەنێزە و چاو لێ سوورکردنەوە و زەبری هێز لە گۆڕەپانا بوونە نەوەک دەوڵەت و دیموکراسی. نازانم بۆ بیرۆی ناوبراو لە کاتی شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی پارتی و حسک، یەکێتی و ئیسلامیدا بەیاننامەی بڵاو نەکردەوە؟ خۆ لەم شەڕانەشدا خەڵکێکی زۆری بێچەک و بێتاوان بوونە قۆچی قوربانی کەڵەگاییکردنی حیزبەکان؟! ئەگەر وا نییە بڵێن: نا!

برادەرانی بیرۆ کە لێرەیش بیرۆکەیان کردۆتە بیرۆی پارتی و یەکێتی، پیرۆزیان بێ، خوا ئاگادارە لە یەک دووانێک تێپەڕ ناکەن. کوردی ئاوارەی ستۆکهۆڵم ئەم شتە باش دەزانن. ئەوان لە بەیاننامە عەنابییەکەی خۆیاندا هەڕەشە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە و دەستە و دەزگایەکی ڕاگەیاندن دەکەن تاکو نەیەنە وەرام و بێدەنگی لە مەسەلەکە بکەن. لە ئاووهەوای دیموکراسی و ئازادیی سوێدیشدا ئامۆژگاری ڕادیۆ و کارگێڕانی دەکەن کە باس و زانیاری تر لەمەڕ کارەساتەکە بڵاو

نەکەنەوە. خۆ ئەگەر هەر کەسێ ئەم کارە ئەنجام بدات ئەوا بێ قەید و شەرت سەر بە تابووری پێنجەمە. دەک ماڵت بە قوڕێ نەگیرێ میرزا بۆ خۆت و حکوومەتە ئەفلاتۆنییەکەت! وا دیارە ئەوانەی، گەر؟، ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ ئازادیی خەباتیان کردبێ، دەبێ ئەمڕۆ سنگ دەرپەڕێن بن و ئازادیی بخەنە ژێر پێیانەوە.

من تێناگەم بنووسانی بەیاننامەکە بە چ ڕوویێکەوە خەڵکێکی بەشەرەف و خەمخۆری کورد بە تابووری پێنجەم ناوزەد دەکەن. بەڕاستی شەرمە بۆ کەسانێک کە گەورەبووی کەرەج و تاران و ئێرە و ئەوێ بووبن، هەر لە خۆیانەوە ئەم تاوانە گەورەیە بدەنە پاڵ دڵسۆزانی گەل و نیشتمانەکەیان. مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێ: کێ سەر بە تابووری پێنجەمە؟ کورت و کرمانجی: ڕێکخراوەکانی باشوور و سەرانی ئەوێندەرێ و بەرپرسانی پەرلەمان و حکوومەت"هەڵبەت هەموویان نا"، بە کار و کردەوە جوانەکانیانەوە دیارە کە تا ئێستا چەند هەستیان بە لێپرساوێتی خۆیان و هەستی لێپرسینەوە بەرامبەر بە گەل و وڵاتەکەیان کردووە یان نا؟! ئەوەی سەددامیش بۆی بەجێ هێشتن لە قوڕگی دوژمنانیان کرد.(7) مەگەر وا نییە؟!

دوا هەواڵەکان ئەوە دەگەیەنن کە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی ـ INC بووەتە بابەگەورەی مەیدان و ناوبژیی یەکێتی و پارتی دەکات. هەر ئەمەمان کەم بوو. لەمە سەیرتر هەیە: گەلی کورد دڵپاکانە نوێنەری خۆی هەڵبژاردووە، کەچی نوێنەر ئەفەندی ئاسا ڕیشی خۆی تەسلیمی دەستی کەسانێکی خۆ ساغنەکەرەوەی ڕێبازی عێراقچیەتی دەکات و چەلەبی و مەلەبی لە کورد دەکەنە محەلەبی؟.(8) ئەمەیە دەردەکوردا! پارتی و یەکێتی بێ ویستی خۆشیان بێ ئامانجی گەلی کوردیان خستە ژێر پێیانەوە.

بۆ ئەوەی خوێنەرانی بەڕێز زیاتر لەوە تێبگەن داخوا کێ سەر بە تابووری پێنجەمە، من لێرەدا بەتەنیا نموونەیەکی بچکۆلانە دێنمەوە. قسەکان هی من نین، هی خودی ڕۆژنامەیەکی کوردین:"ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 3-4-1994 کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ لە نێوان کانی پانکە و عەربەتدا، تاقمێکی دڵڕەش و حاقد بەرامبەر بە گەلەکەیان تەقەیان کرد لە خاتوو لیسی شمیدت کە ڕۆژنامەگەرێکی ئەڵمانییە و دۆستی دێرینەی گەلی کوردە...".(9)

با بزانین خاتوو لیسی بەر لە شەهیدبوونی بە دوو مانگ چی وتووە:"من لە پۆلیسی ئاسایشی دیاربەکر ناترسێم، بەڵکو لە پیاوانیان لە شارەکانی زاخۆ و دهۆک ترسم هەیە. گەلێ سیخوڕی تورکیا لە باشووری کوردستاندا هەن...".(10)

ئەم چەند دێڕە نووسینەی من چ حەددێکی نییە خۆ لە هەڵە و کەموکوڕی و تاوانە بێ هەژمارەکان و براکوژییەکانی باشوور هەڵبسوێنێ. ئەم چەند وشانە گەر لە دڵسۆزیم بۆ کورد و کوردستان نەبوایە، لە دڵمەوە نەدەهاتنە دەرێ. هەر کەسێکیش لەسەر دەربڕینیان بە ئەندامی "تابووری پێنجەم"م ناونووس بکات، گەردەنی خۆش و ئازاد بێ!

**پەراوێزەکان:**

(1) موسوعة السياسة، الجزء الثالث، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الاولى 1983، ص 751.
(2) فەرهەنگی نوێ، بورهان قانیع کردوویەتی بە کوردی، چاپی یەکەم 1984"لە ڕووی پێشەوەی بەرگەکە 1985 نووسراوە"، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ل 65.
(3) موسوعة السياسة، الجزء الثاني، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الاولى 1981، بيروت ـ لبنان، ص 548.
(4) جەلال تاڵەبانی خۆیشی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پارێزەران لە هەولێر ڕەخنەی لەم پەنجا بە پەنجایە گرتبوو.
(5) چاوپێکەوتن لەگەڵ تاڵەبانی لە ڕادیۆی بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا.
(6) ئەم بەیاننامەیە لە ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 7ـ5ـ1994 لە ڕادیۆی کۆمەڵەی کوردیی سپۆنگە ـ ستۆکهۆڵم خوێنرایەوە.
(7) بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە نامیلکەی: تقرير من كوردستان الفيدرالية...
(8) ئەمە لە شێوەی بەیاننامەیەکی هاوبەشی هێزە شەڕکەرەکانی کوردستان و بە ئیمزای چەندانێکی دیکەیش لە 14ـ5ـ1994 لە ڕادیۆی کۆمەڵەی کوردیی سپۆنگە خوێنرایەوە. هەروەها لە ڕۆژی 16ـ5ـ1994 دەنگی ئەمریکا ـ بەشی کوردی باسێکی ئاوەهای هێنا گۆڕێ.
(9) ڕێگای ئازادی، ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی سۆشیالیستی کوردستانی عێراق، ژ 83، نیسانی 1994، ل 7.
(10) KURDISTAN RAPPORT, nr 12, maj 1994, sid 17.

*هەڵەبجە، ژمارە 18ـ19، یۆنیۆ 1994، سوێد

# یەک میللەت و دوو سەرکردە و چەند بەڵا*

سەرکردایەتیکردن خەسڵەتێکە دەلالەت لە لێزانی و خولیا و توانست دەکات بە مەبەستی ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی کاری هەرەوەزی و ڕاکێشان و خڕکردنەوەی کۆمەڵە خەڵکێک، لە پێناو هەنگاونان و ڕۆیشتن بەرەو وەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش. سەرنجڕاکێشان و کۆکرنەوەی خەڵکیش شتێکی ئاساییە کە لەمیانەی متمانەپێکردن و باوەڕپێهێنانی ئەو خەڵکە دابێت، چ بە کردەوە یان بە تیۆری. کەسێتی سەرکردە یا کەسێتی سەرکردەکان و ئامانجەکانیان و حەزکردن بە ئاکار و ڕەفتار و توانایان پەیوەستە بە ئەنجامدانی کارە گرنگەکان و دەستوبردییان لە وەرامدانەوەی هەر جۆرە کار و کردەوەیەک کە هەڕەشە و گوڕەشەیان لێ دەکرێ. واتا ئامادەگی تەواو لە هەموو بار و ساتێکدا. بێگومان دەبێ هاودەردی و پەیوەندیش هەبێ لە نێوان سەرکردایەتی و ڕەعیەتدا.

لێرەدا زۆر جۆر سەرکردایەتیکردن لە بوارە جیا جیاکانی ژیاندا هەیە. لەوانەیە ڕێبەرێکی سیاسی لە ڕێگای هەڵبژاردن یان پشتاوپشت، یان ناو دەرچوون و ناو دەرکردن لە بوارەکانی خەبات و بیر و هۆشیاری و ئازایەتیدا بە پلە و پایە و شوێنی خۆی بگات. چەمک و واتای سەرکردایەتیکردن لە شیکردنەوەی ڕامیاریدا وابەستەییەکی بەهێزی لەگەڵ چەمک و تێگەیشتنەکانی "دەسەڵات، هێز و نفووز" هەیە و، دەتوانرێ ئەو تاکەکەسانەی کە چاو دەبڕنە سەرکردایەتیکردن پۆل پۆل بکرێن بەو شێوەیەی کە کۆلکە سەرکردەن یان سەرکردەی تەواون، یانیش تەنێ بانگاشەی سەرکردایەتیکردن دەکەن. سەرکردایەتیکردن بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە سیستەمە جۆراوجۆرەکاندا کە دەبێ کۆمەڵە لێکجیاواز و لێکهەڵوەشاوەکان لە زۆرینە وەختییەکاندا بتوێنرێنەوە یا بتوانرێ دەستپێشکەرییەکان بکرێن و، باڵادەستبوون بەسەر ئەو مەیل و ئارەزووە سرووشتییانەی هێزگەلێک کە ناهێڵن بڕیارەکان بدرێن.

کەواتە ڕێبەرایەتیکردن بریتییە لە دەسترۆیشتن و باڵادەستبوون لە هەڵوێستەکاندا و گرتنی بڕیارەکان. گەر سەرکردە تاکە کەسێک بێ ئەوا بە سەرکردایەتیی تاکەکەس ناو دەبرێت، بەڵام لە کاتێکدا مافی گرتنی بڕیارەکانی بە کۆمەڵەیەکی دیاریکراوەوە بەسترابێتەوە نەک بە تاکەکەسێ، بێگومان ئەو کات بە سەرکردایەتیی هاوبەش ناوزەد دەکرێت. سەرکردایەتیی هاوبەشیش چەند مەرجێکی

بنچینەیی هەیە، هەر بۆ نموونە دەبێ هەموو ئەندامەکان لە ئەرک و مافەکانیاندا یەکسان و وەکیەک بن و بەو چەشنەی کەسێ نەتوانێ چ جۆر تیرۆریزمی ماددی یا مەعنەوی بەسەر باقی ئەندامەکانی دیکەدا بسەپێنێت. بڕیار دەبێ بڕیاری زۆرینە بێت و کەمینەش داکۆکی لێ بکات و لە گشت ئاستەکانیشدا جێبەجێی بکات و، لەگەڵ بەرگریکردنیش لە ڕای تایبەتی خۆی.(1)

بەم کورتە لێکدانەوەیەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕابەرایەتیکردن لە هەر کۆڕ و کۆمەڵێکدا، بەتەواوی مانای وشەوە مەبەستمان لە ڕابەرایەتیکردنێکی ڕاستەقینەیە کە وەرامدەرەوەی هیوا و خواست و ئامانجەکانی گەل و وڵات بێ. مەخسەدمان لەو جۆرە سەرکردانە و سەرۆکانەن کە دەبنە خۆشەویستی میللەت.. دەبنە گوێڕایەڵی بڕیارەکانی گەل.. دەبنە هیوا و هومێدی گەل و نیشتمانەکەیان و چەوساوان و ڕەش و ڕووتان دەتوانن پشتی خۆیانیان پێ ببەستن.

جێگای داخە لە باشووری کوردستانی بریندارماندا مەسەلەکە بە پێچەوانە کەوتۆتەوە. پارت و ڕێکخراو و ڕێبەرەکان لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکە و کۆچە مەزنەکە حازر و بزر هاتنە سەر تەخت، تەختی فەرمانڕەوایی و پاشایەتی، پاشایەتییەکی نیوە بە نیوەش. ڕەنگە بپرسن: جا پاشایەتی نیوە بە نیوە یانی چی؟ منیش ناچارم عەبدوڵلا پەشێو ئاسا دەردی دڵم دەربڕم: وڵاتانی دنیا سەرۆکێکیان لێ دەبێتە بەڵا، ئێمە دوو.(2) دەبێ ئەوەش بڵێم لە ناخی دڵ و دەروونمەوە حەز دەکەم وەک هەر مرۆڤێکی تری چەوساوەی جیهان فلان و فیسار بە سەرۆکی خۆم و گەلەکەم بزانم و شانازیشیان پێوە بکەم، بەڵام هەرچەندی دەکەم و دەکۆشم ویژدانم ڕێگەی ئەم کارەم پێ نادا. شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دێنە وەرام و دەڵێن: نا..نەکەی!

لە سوید، لە وڵاتی غەریبی لێم دەپرسن خەڵکی کام وڵاتی؟ لە وەرامدا دەبێژم لە کوردستانەوە هاتووم. ئینجا دەڵێن کام پارچەی کوردستان؟ ناچارم بڵێم خوارووی کوردستان. بەداخەوە برێکی زۆر کەمی سوێدییەکان لەم زاراوەیە دەگەن و بنیادەم ناچار دەکەن بڵێ لەو پارچەیەی بندەستی دەوڵەتی عێراق بوو. بەڵام خەڵکینە ناخۆشترین پرسیار لە دوای ئەمانەوە دێت: ناوی سەرۆکتان چییە؟ نازانم بڵێم مەسعوود یا جەلال، مامە یان کاکە. فەلەستینی هەر نەبێ "عەرەفات"ێکیان هەیە خۆیانی پێ هەڵدەنەوە، کەچی ئێمە چەند عەرەفاتێکمان لێ بوونەتە بەڵای سەران و دەردی دڵان! بریا عەرەفاتەکانی ئێمەش وەک هی فەلەستینییەکان ناو و دەنگیان

هەبایە و خەڵک و عالەم بیاناسیبان. نا.. نا.. ببوورن ئەو کات هەزار جار لە ئێستا خراپتریان دەکرد و دنیایان لە زەواق دەنا!

پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی لە ساڵی 1985 نووسیویەتی:"جەزائیرییەکان قارەمانانە نزیکەی هەشت ساڵی سەخت، 1954 ـ 1962 ، تێکۆشان و ئازادیی خۆیان بەدەست هێنا. ڤێتنامییەکانیش بیست ساڵی ڕەبەق بەوپەڕی ئارامی و پشوودرێژییەوە خەباتیان کرد و لەنێو ڕیزەکانی خۆشیاندا هێز و وزە میللییە پێویستییەکانیان خولقاند بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزی زۆر و زەبەندی ئیمپریالیزم و لە وڵاتیشیان وەدەرنا و بە یەکێتی و ئازادیی خۆشیان شاد بوون. گەلی کوردیش ئەوە بەر لە شەست ساڵە بە شێوەیەکی لێکپچڕاو و بە ڕیزە نایەکگرتووەکان و شێوازە نەگونجاوەکان لەگەڵ بارودۆخەکان تێدەکۆشێ و بێ ئەوەی سەرانی بزووتنەوەکە ـ چونکە زۆرن ـ ئەوە ڕابگەیەنن کە چ چارەنووسێکیان گەرەکە. هەروەها ئەو هەموو قوربانی و کارەسات و ئێش و ئازار و کارە نەبەردانەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان تاکو ئێستا چ خواستێکی ئەو گەلەیان نەهێناوەتە دی.. گەلی کورد لە دیرۆکی نوێی خۆیدا چ جارێ وەک ئێستا خۆی بە دابەشکراوی نەدۆزیوەتەوە لە نێوان پارت و ڕێبەرایەتییەکانیدا. ڕەحمەت لە مەلا مستەفای بارزانی بێ. چ جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو یەکێتییە مەعنەوییە کوردییەی کە خوالێخۆشبوو بارزانی توانیبووی بەلانی کەمەوە تا ساڵی 1972 سازی بدات لە نێوان ئەم شەترەنجە سەرسووڕهێنەرەی حیزبەکاندا.(3)

دەبێ گوناهی خەڵکی بەشەرەفی کورد چی بێ لەوەی کە "تاڵەبانی سیاسییەکی لێزان و سەختە، ئەوی تر بارزانی، جەنگاوەری شاخ و سەرکردەی عەشیرەتەکەیەتی".(4)

خۆ تەنیا کورد خاوەن ڕێبەر و سەرکردەی لێکجیاواز نەبووە لەم دنیایەدا، بەڵام لەوانەیە کورد لە دووبەرەکی نێوخۆیی و خۆخۆریدا گرەو لە هەموو میللەتانی دیکە بەرێتەوە. دیسان بە هەر شێوەیێ بێ کارکردن پێکەوە تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەست. دانانی وێنەی بچووککراوەی ئەم یان ئەو ڕێبەر لەنێو کاتژمێری دەستی(5) و لاساییکردنەوەی بەئاشکرای میرغەزەبەکەی بەغدا کە ئێستا لە هەولێر بووەتە "کاکەڕەش"(6)، هەرگیزاو هەرگیز نە کەسێکی پێ دەبێتە سەرۆکی میللەت و نە بە قازانجی کوردیش دەشکێتەوە. زۆر سەیرە هەر شتێ کاتی خۆی ڕژێم ئەنجامی دابێ وا دیارە ئەمڕۆ دووبارە دەبێتەوە، یا ڕاستتر دەبێ دووبارە بکرێتەوە. ڕێبەرانی کوردیش "هەموو کوردستان بەپیریانەوە بچن تەقەی سەریان دێ، کەچی بە

فیکەیەکی دوژمن هەیپێی لێ دەکەن(7) و سڵۆپی خۆت بگرە وا هاتین. لەوانەیشە هەر گشتمان بەهەڵەدا چووبین و کێشە باوەکە لە کوردستانیش بۆ چەندین جار خۆی بسەلمێنێت: شۆڕش سەری ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات!

لە کۆتایی ئەم نووسینۆکەیەدا تەنیا ئەوە ماوە بڵێم: گەر ڕێبەرانی ئێمە چ "هەستێکی کوردایەتی"یان شک ببردایە نەدەچوونە ڕووی قڕێژی سەددام و شەڕی کوردکوژی و خۆکوژی و براکوژییان ڕانەدەگەیاند و، کوردستانیان وێرانتر و زیندەبەچاڵ نەدەکرد و نەشدەبوونە "مناڵە سووکەڵە"ی بەردەستی داگیرکەرانی وڵاتەکەیان!    ستۆکهۆڵم 15-8-1994

## پەراوێزەکان

(1) موسوعة السياسة، الجزء الرابع، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الاولى 1986، بيروت - لبنان، ص 833 - 834.

(2) شێوە دەربڕینێکی ئەوە. گوێ بگرە لە "کاسێتی تۆمارکراوی سێمینارەکەی شاعیر لە شاری هەولێر" کە گەیەنراوەتە سوێد و لە ڕادیۆی هەنگاو بڵاو کراوەتەوە.

(3) ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ستراتیژیەتی سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد و وتارێک سەبارەت بە ڕێپێوانی ئازادی، نووسینی پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی، وەرگێڕ مەهاباد کوردی، لاپەڕەکانی 33 و 88.

(4) هەنگاو، ژ 6، مانگی 7-1994، چاوپێکەوتن لەگەڵ لۆرد جێفری ئارچەر، ل 1.

(5) نووسەری ئەم چەند دێرانە کاتژمێرێکی وەهای لە دەستی "شێرزاد" ناوێکی هەولێری لە ستۆکهۆڵم دیوە، کە لە کوردستانی هێنابوو.

(6) لە کاتی گەشتەکمدا بۆ باشووری کوردستان لە هاوینی 1992 ئەم قسەیەم لە دەمی خەڵک دەبیست.

(7) شێوە دەربڕینی عەبدوڵلا پەشێوی شاعیر لە کاسێتی ناوبراو.

* هەنگاو، ژمارە 8 و 9، ئەیلوولی 1994، بەریتانیا.

# دەک ڕیسوا بن کە کوردتان ڕیسوا کرد!*

ئۆهۆهـ دیسان بەزمەکەیە.. دیسان بەیەکدادان و شەڕ و هەڵلا هەڵلای نێوان کوردانە.. جارێکی دیکەش کورد بەربوونەتە گیانی یەکتر و دۆستانیان خەمبار و دوژمنانیان شاد کردووە. هەر کەس دەپرسێ: تا کەی شەڕی خۆکوژی؟!

ئەم پرسیارەی سەرەوەش بەتەنێ تاکە پرسیارێ نییە کە خەڵک لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بیپرسن، بەڵکە لێرەدا گەلێ ڕامان و سەرنج و تێڕوانینی تریش سەرەتاتکێی هاتنە دەرەوەیانە و کەم تا زۆر بە مانای گۆڕینی بیر و ڕا و بۆچوونی خەڵکە ڕەشۆکییەکە و توێژە ڕۆشنبیرەکە، چ لە ناوەوە یا دەرەوەی کوردستان دێ. بەکورتی ڕێبەران و باندەکانی شەڕ بەنەرمی و بەتوندی ڕەخنەیان لێ دەگیرێ و بگرە داوای ئەوەشیان لێ دەکرێ کوردستان جێ بهێڵن. بەڕای من ئەمەی دواییان خۆی لە خۆیدا خاڵی وەرچەرخانی بیرکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلە چەوساوەکەمانە لەمەڕ سەرۆکە ساختە و ئاکار و ڕەفتار بەعسی و سەددامییەکان. شەڕ لەپای چی؟

وەک لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە شەڕ بەر لە هەر شتێ کوشت و کوشتار و وێرانکاری وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە. تا ئێستا لە تەواوی جیهاندا ڕووی نەداوە شەڕێک ماڵوێرانی بەدواوە نەبووبێ و نەشبووبێتە هۆی سەقەتبوونی کۆمەڵگا لە زۆر ڕوو و لایەنی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونییەوە. جا کەواتە جەنگ و تێکهەڵچوونەکان بە درێژایی مێژوو، بمانەوێ و نەمانەوێ، بە ڕادەیەکی هەرەبڵند کاولکاری و کارەساتیان لەپاش بەجێ ماوە.

لێرەدا مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێ: جەنگ بە واتای چی دێ؟ لە "فەرهەنگی نوێ"ی بورهان قانیعدا کە لە ساڵی 1985 لە چاپ دراوە، سەبارەت بە جەنگ، ئەم چەند دێڕانەی خوارەوە دەخوێنینەوە: جەنگ واتە ڕاپەڕینی چەکدارانە لە نێوان وڵاتەکاندا یان لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا لە پێناوی چەند ئامانجێکی سیاسی و ئابووریدا ڕوو دەدات.. جەنگ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ـ مێژووییە، واتە لە قۆناغێکی تایبەتی مێژوویی کۆمەڵگای ئادەمیزاددا دەست پێ ئەکات و پەیوەندی بە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵەوەیە و لە قۆناغێکی تری مێژوویی کۆمەڵدا تەواو دەبێت.

لە ڕووی مێژووییەوە پێویستی یەکەمین دەستەی چەکداری لەشکر لەگەڵ پەیدابوونی ملکداریتی تاکەکەس و پەیدابوونی چینەکان و دەوڵەت پەیدابووە. لەو کاتەوە لە کۆمەڵگای چینایەتیدا جەنگ بەشێوەی گشتی بووە بەهۆی چەسپاندنی

حوکمی چینە داگیرکارەکان و داگیرکردنی زەووی و زار و خەڵک گرتنە ژێر دەست.
تیۆری شۆڕشگێڕانە لەبارەی جەنگەوە ئەوە نیشان ئەدات کە دوو جۆر جەنگ هەیە، وەکو جەنگی عادیلانە"ڕەوا" و جەنگی ناعادیلانە"ناڕەوا".

جەنگی عادیلانەش ئەو جەنگەیە کە لەبەر داگیرکردنی خاکی ئەم و ئەو و هێنانە ژێردەستی خەڵکەوە ڕوو نادات، بەڵکو جەنگێکی ئازادیخوازانەیە و لە پێناوی داکۆکی لە نیشتمان و دەسکەوتەکانی زەحمەتکێشاندا ڕوو ئەدات. لە دژی ئیستیعمار و داگیرکاران، دەستدرێژکارانی بێگانە، دژی کۆیلەتی و هەموو جۆرە ستەمێک بەرپا ئەبێت. هەرچی جەنگی ناعادیلانەشە جەنگێکی سنوورشکێنە و لە پێناوی ژێردەستەکردنی نەتەوەکانی تر و سەرکوتکردنی زەحمەتکێشان و فراوانبوونی دەسەڵاتی داگیرکارانە بەرپا ئەبێت. بۆ نموونە وەکو جەنگی ڤێتنام کە لە لایەکەوە هێزی ئیمپریالیستە ئەمریکییەکان و نۆکەر و داردەستەکانیان و لە لایەکی تریشەوە خەڵکی ڤێتنام ڕووبەڕووی یەک ئەجەنگان.

هەر دیسان دەرهەق بە جەنگ لە بەشی دووەمی کتێبی "موسوعة السیاسة"ی چاپی ساڵی 1981دا، کە لە بەیرووت لە چاپ دراوە، بۆمان دەردەکەوێ کە جەنگ بریتییە لە دیاردەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و سەر پێ نەویکردن وەک هۆیەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان و فراوانکردنی دەسەڵات و یەکلاکردنی ناکۆکییەک لەمەڕ بەرژەوەندی و داواکارییە دژ بەیەکەکان لە نێوان دوو کۆمەڵە خەڵکدا.

لام وابێ بەگوێرەی ئەم شیکردنانەوەی سەرەوە کە باسکران، گەر بەکورتیش بێ، لە مانا و چەمکی جەنگ تێگەیشتین. جا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کەمێکیش لەسەر شەڕ و پێکدادانی بەینی هەردوو زلهێزە خۆسەپێنەرەکەی باشووری وڵات بدوێین.

وەک هەموومان دەزانین شەڕی نێوخۆیی کوردستان لە لایەن خەڵکی ستەمدیدەی کوردەوە هەڵنەگیرسێنراوە و هەموو جارێکیش ڕیسوا کراوە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە سەرانی بەناو نیشتمانپەروەر و گەلپەروەر چ کاتێ گوێڕایەڵی خواستەکانی گەل نەبوونە و سووکایەتیشیان بە داب و نەریت و بەها مرۆڤایەتییەکانی کردووە. میللەتی کورد لە جیهاندا بە مێوانپەروەری و داڵدەدەر و ڕێزگرتن لە یەخسیران و کەسانێکی غەریبە ناوبانگی دەرکردووە. بەشی هەرەگەورەی ئەوانەی کە لەسەر کوردیان نووسیوە و گەشتی کوردستانیان کردووە زۆر بە تێروتەسەلی و بە شانازییەوە باسی ئەم دیاردەیەیان کردووە. کەچی ئەمڕۆ دەبینین خوازیارانی شەڕ چ حورمەتێک بۆ سادەترین و سەرەتاییترین مەرجەکانی جەنگ

نیشان نادەن و تەنانەت نەخۆشخانە و قوتابخانە و زانکۆش بەبەر ئارپێچی و تفەنگان دەدەن. ئەوان لەم کار و کردەوە هۆڤانەیاندا ڕووی بەعسییەکانیشیان سپی کرد. مەسعوود بارزانی خراپی بۆ نەچووە کە جارێ لە جاران گوتوویەتی:"کاتی خۆی لە کوردستاندا یەک حیزبی بەعس هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ دوو حیزبی بەعس هەن". دەک ئافەرین سەرکردەی کورد بۆ خۆت و بۆ دانپیانانە جوان و ڕەواکەت!

لە شەڕی نێوان دوو عەشیرەتدا دیل و بارمتە هەمیشە حیسابێکیان بۆ کراوە، بەڵام لە جەنگی گومرگخوازانەی بەینی یەکێتیی نانیشتمانی و پارتیی ناکوردستانیدا دیل و یەخسیر نەک هەر کوژراون و بەس، بگرە هەتکیش کراون. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانی"ئەمنستی ئینتەرناشناڵ" چەندین جار بە دەرزەن ڕاپۆرتی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی بەناو ئازاددا پێ گەیشتووە. هەندێ لەم ڕاپۆرتانەش، لە ئەنجامی ڕکەبەرێتی نێوخۆییەوە بەئەنقەست، لە لایەن دوو حیزبە مڵۆزمەکە هەر خۆیان پێشکەش بە دەزگای ناوبراو کراون.

ڕەنگە بۆ جاری یەکەم بێ لە مێژووی دنیادا کە لەسەر گومرگ لە وڵاتێکدا جەنگ و بەیەکاچوون بقەومێ. لە وڵاتێکی وەکو کوردستانی بێناز بەخێوکراو و داماو بەدەستی دوو ڕێکخراوی بووەڵەی بێ خاوەن هەڵوێست و خۆ بە بەرپرسیار نەدیو. گومرگیش بریتی بێ لە سەروەت و سامانی گەلێکی بندەستەی هەژارکەوتووی وەکو کورد! دەوجا وەرە ئاو بێنە و دەستان بشۆ!! لە دیرۆکی دوور و نزیکی هەردوو حیزبی نێوبراودا، ئەمە سی ساڵ زیاترە، دووبەرەکی و ناتەبایی لە نێوانیاندا باوە. وەک دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەم دیاردەیەش بە هەزاران کەسی بێتاوان گیانیان لە دەست داوە. با زۆر دوور نەڕۆین: سەددام بە چەند لەحزەیەک هەڵەبجەیەکی شەهید کرد، حیزبەکانیش هۆیەکی ئەم کارەساتەن و، چەند هەزار ڕۆڵەی ئەم گەلەیان تەفروتونا کرد. لە ئەنجامی شەڕی یەکێتی و پارتیشا بەیەک دوو مانگ چوار هەزار کەسێ، ڕەنگە زیاتریش، گیانی خۆیان وەندا کرد. ئا ئەمەیە نەگبەتی و نەهامەتیی میللەتێکی پاشکەوتوو و بەجێماوی وەکو کورد.

ئەگەر لایەنگران و ئەندامانی هەردوو ڕێکخراو، لە ستۆکهۆڵمی ئەوروپادا، هەریەکە و بارەگایێ بۆ خۆیان بکەنەوە و، یەکێ لە شیستە و ئەوی دیکەیان لە ڕینکەبی"دوو گەڕەکن لە ستۆکهۆڵم"، دیارە دانووشیان بەیەکەوە لە یەک مەنجەڵدا ناکوڵێ، بۆیە ناهەقیان نییە گەر لە کوردستاندا یەکتر ببڕێننەوە. بێبەختییەکەی کوردیش لەوەدایە کە ئەمانە بوونەتە "حاکم و حوکەما"ی ئەوا! لە سایەی

فەرمانڕەوایی ئەم دوو حیزبە گەلحۆیەی کوردستانی ئەمڕۆدا هەر شت وەکو ئاوخواردنەوەی لێ هاتووە: کوشتن، بڕین، دزین و تالانکاری تا بلێی ئاساین. بێگومان هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەم دیاردەیەش لێپرسراوە گەورە گەورەکانی هەردوو تاقمی دەسەلات بەدەست و زلهێزی کوردستانن. لە کاری خراپەدا کەس حەددی نییە دەسکیان لەدوو بکات!

زۆر بەکورتی پوختەیەکی ئەم جارەی شەڕی خۆترێنانەی هەردوو لا، وەک باس دەکرێ و خەڵک لە کوردستانەوە هاتوونەتەوە و دەیگێڕنەوە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

* شەڕ لەسەر پارە و پوولی میللەت"گومرگ" دەستی پێ کردووە.

* بە لایەنی کەمەوە دوو مانگ پێشتر خۆ بۆ ئەم کوردکوشتنە ئامادە کراوە.

* گەل ئاگاداری ئەوەیە کە هەردوو لایەن لەبنەوە بە جیا جیا هاتوچۆ و هاموشۆ و مفاوەزاتیان هەبووە لەگەڵ ڕژێمی کوردکوژی عێراقدا.

* بەگوێرەی زۆربەی باس و خواسەکان، هەروەک زۆر جاری دیکەش، ئەم جارەش هەر ڕێکخراوەکەی جەلال تاڵەبانی دەستپێشکەریی شەڕەکەی کردووە.

* هەرچی ڕێکخراوی مەسعوود بارزانیشە لەملا و لەولا چەکی بۆ دابین کراوە. جگە لەمەش لە هەواڵنامەی "تێکست"ی تەلەفزیۆنی سوێدیدا باسی تیمارکردنی پێشمەرگە بریندارەکانی پارتی لە لایەن ئێرانەوە کراوە.

* دەڵێن یەکێتی گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی.

* لە شەڕدا هەموو جۆرە چەکێک بەکارهێنراوە و دەهێنرێ.

* گوێ بە هیچ داب و نەریتێکی خۆماڵییانە و کوردەوارییانە نادرێ.

*وەک هەر جاریش دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئاگری شەڕەکە خۆشتر و بەجۆشتر دەکەن، جا چ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە بێ یان یارمەتیدانی ئەملا و ئەولایان.

* بزووتنەوەی ئیسلامی لە دوو بەیاننامەی بلاوکراوەیدا بەتوندی هەردوو لای تاوانبار کردووە و داوای لە هەردوو سەرکردایەتیش کردووە کە چیتر خیانەت لە خوێنی ئەم میللەتە نەکەن.

* لەسەر ئاستی جیهانیشەوە: نەتەوە یەکگرتووەکان کارگێڕانی خۆی لە گەلێ شوێن دەکێشێتەوە و کاری فریاگوزاری ڕادەگرێت. ئەمەریکا ڕەخنە لە سەرانی کورد دەگرێت و پێشی خۆشە "کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق - ئای ئێن سی" بە کاری ناوبژیکەرانەی خۆی ڕابێت. لە ڕاستیدا ئەمە مانای ئەوەیە کە چ ئیعتیبارێ بۆ گەلی

کورد، بەتایبەتیش بۆ پارتی و یەکێتی دانانرێت. جا ئیتر مەسعوود یا جەلال چی دەڵێن یان نایڵێن ئەوە کەیفی خۆیانە.

منداڵی چەند ساڵەش دەزانێ زەرەر و زیانی ئەم جۆرە شەڕە خۆکوژییانە چۆن لەسەر کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکەوێ. ئەگەر بەهەڵەشدا نەچووبم زەبری کاریگەر لە پارچەکانی تری کوردستانیش دەوەشێنن. حکوومەتێکی بێ یاسا و ڕێسا کە ببێتە بەڵا بەسەر گەلی کوردەوە، دەبێ هەبوونی یا نەبوونی، چ حیکمەت و بایەخێکی بۆ ئەم گەلە هەبێ؟ ئایا پشتگیریکردنی وەها دەستە و تاقمێکی شەڕخواز و شەڕەنگێز ناپاکی و خیانتکردن نییە لە کورد و کوردستان؟

پرسیار ئەوەندە زۆرن پیاو لە حاستیاندا گێژ و وڕ دەبێ. کارەساتەکەش وەها مەزنە نووسین دەرەقەتی نایەت. بەڵام بێدەنگبوون لە بەرامبەر ئەم خیانەتکارییە گەورانەش خۆی لە خۆیدا تاوانە، بگرە خیانەتیشە.

هۆ هۆ هۆ جەلال هۆ.. هۆ هۆ هۆ مەسعوود هۆ..پیاوی چاک بن و واز لەم میللەتە بێنن.. بگەڕێنەوە بۆ سەنگەرەکانتان.. سەنگەرەکانی پێش هەستانە گەورەکە.. بەگوێرەی بەرنامەی "الرصيد و الاموال"ی ئێزگەی بی بی سیی لەندەنی هەریەک لە جەنابتان بەقەد سەد ملیۆن دۆلارێکتان هەیە. ئەم مەبلەغە پارەیەش تا دنیا دنیایە بەشتان دەکات و لێشی دەمێنێتەوە.. لەپای کورسی لنگشکاو و لەرزۆکی حوکمڕانیەتی ئەم گەلە بەستەزمانەدا بۆ خۆتان تووشی سەریەشە دەکەن؟ باشترین چارەسەر ئەوەیە لە کەلی شەیتان بێنە خوار و دەسبەرداری داواکارییەکانی میللەت بن.. ئەگەریش نا زوو یا درەنگ ڕۆڵە کۆستکەوتوو و کەسوکار کوژراو و داماوەکانی ئەم گەلە بندەستە وەها وەرامتان دەدەنەوە: دەک ڕیسوا بن کە کوردتان ڕیسوا کرد!

* هەڵەبجە، ژمارە 22 و 23، مارت 1995، سوێد.

# توركیا بەتەمای چییە؟*

ڕۆژی 20-3-1995 دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیستی توركیا هێرشێكی درندانەی بردە سەر باشووری كوردستان. لە شاڵاوە بەربڵاوەیدا زیاتر لە 35 هەزار سەرباز، بە پشتگیری تانک و تۆپ و فڕۆكەی جەنگی، بەشدارییان كردووە. ئامانجیش، وەک هەر جار، لەناوبردنی بنكەكانی پارتی كرێكارانی كوردستان و كوشتنی 2-3 هەزار گەریلای پ.ک.ک یە كە لەو ناوچانەدا دەبینرێن. توركیا لەو باوەڕەدایە بنكەكانی پ.ک.ک لە چیاكانی حەفتەنین و خاكورک و مەتین و شیڤا مازی و چەند چیا و هەرێمی دیكەش هەن. ئەو زۆنە سنوورییەی كە هێرشەكە دەیگرێتەوە بە درێژایی 22 میلە و سەربازانی تورک چوار میل دەچنە ناو خاكی باشووری كوردستان.



گوایا ئەم هێرشە وەڵامدانەوەیەكی ڕاستەوخۆ بووە بۆ ئەو كەمینەی گەریلاكانی پ.ک.ک لە ناوچەی بینگۆڵ، كە زۆر دووری باشوورە، بۆ كاروانێكی لەشكری توركیایان نابۆوە و، لە ئەنجامدا بەلای كەمەوە 15 سەربازی تورک كوژران و 20 سەربازیش بریندار كران.

لە لایەكی دیكەوە توركیا دەترسێ كە لەبەر شەڕ و پێكدادانی هەردوو لایەنی دەسەڵاتخواز لە باشوور، پارتی و یەكێتی، هەلێكی لەبار لە ناوچەكە بۆ پ.ک.ک

هەڵکەوێ کە سوود لەم هەلومەرجە وەربگرێت و پشت و پەنا و لایەنگری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکات. هەروا لێپرسراوانی تورک دەڵێن جەنگاوەرانی پ.ک.ک ئەمدیو و ئەودیوی سنوور دەکەن و "پیرۆزی" و "سەرداری"ی تورکیا پێشێل دەکەن و دەست لە کەسانی بێتاوان دەوەشێنن! بۆیە دەبێ سنوورێک بۆ ئەم کارە تیرۆریستییانە دابندرێت. بەڵام دەبێ تورکیا بەتەمای چی بێت؟ بۆچی لەم بارودۆخە ناهەموارەی باشووری کوردستاندا دەست بە هێرشی بەربلاوی سەربازییانەی خۆی دەکات؟

دیارە ئەمە یەکەمین جار نییە کە تورکیا هێرش دەکاتە سەر ناوچەی ناوبراو بەمەبەستی زەبروەشاندن لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، چ لەمدیو یا لەودیوی وڵات. هەموو لایەک ئاگاداری هێرشەکەی تورکیاین، کە لە ساڵی 1983 بە ڕازیبوونی ڕژێمی عەفلەقیی بەغدا کردی. هەروا هێرشەکەی ساڵی 1992 بە گەلەکۆمەکی پارتی و یەکێتی و تورکیا بۆ سەر جەنگاوەرانی پ.ک.ک. کەواتە تۆرانییە ڕەگەزپەرستەکان هەر لە کۆنەوە ویستوویانە و دەیانەوێ، بە هەر جۆرێک بێت، بڵێسەی ئاگری شۆڕشی ئازادیخوازانەی کورد دابمرکێنن. بە بڕوای من چەند هۆکارێک هەن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵی خۆیان لە هێرشی ئەمجارەی تورکیادا بینیوە، لەوانە:

1- پەرەسەندنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بە شێوەیەکی بەربلاو بۆ نێو خودی شارە گەورە و مەترۆپۆلەکانی تورکیا، بەتایبەتی ئەستەمبووڵ. پێکدادان و پێکداهەڵچوونەکانی ئەم دواییەی نێوان پۆلیس و لەشکری تورک لەگەڵ کوردە عەلەوییەکاندا شتێکی بەرچاو و دیارە. هەرچەندە لە سەرەتادا دەوڵەتی تورکیا و، بگرە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواش، ویستیان بەرگی فۆندەمێنتالیزم و ڕادیکالیزمی ئایینی بەبەر ڕووداوەکەدا بکەن، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم عەلەوییانە لەکوێوە کۆچیان بۆ ئەستەمبووڵ کردووە. با هەر دوور نەڕۆین. فاشیستەکانی تورک لە ساڵی 1980دا، لە شارێکی وەک مەرعەشی کوردستاندا، نزیکەی هەزار کەسیان لەم کوردە عەلەوییانە کوشت. ئایا کەسوکاری ئەم کوژراوانە جەللادی ڕاستەقینەیان بیرچۆتەوە کە دەوڵەتە؟ ئایا کوردەکانی کوردستان کە دەرسیم و مەرعەش و ئەرزنجان و خۆزات و بینگۆڵ و زۆر شوێن و ناوچەی دیکەی باکووری کوردستان، کە عەلەوین، دەبێ هەستی نەتەوەییان تا ئەمڕۆش نەجووڵابێ؟

2- تورکیا، بەم هێرشەی خۆی بۆ سەر باشووری کوردستان، دەیەوێت سەرنجی گەلی تورک بە جۆرێک ڕابکێشێت کە لەشکری تورک بەهێزە و دەتوانێ سنوورەکانی وڵات، کە شایەنی بەزاندن نین، بپارێزێ و ڕەگ و ڕیشەی جوداخوازی

و وەک خۆیان دەڵێن تیرۆریزم لەبەین بەرێ. جا لەم کارەیاندا چەند سەرکەوتوو دەبن، ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە.

3- لە ڕاستدا تورکیا زەندەقی لە باری نائارامی باشووری کوردستان چووە. وەک باو بووە و باوە دوژمنانمان لە ئێمە زیرەکانەتر لەگەڵ هەلومەرج و ڕووداوەکاندا هەڵسوکەوتیان کردووە و دەکەن. کوردیان بە کورد بەکوشتداوە و تێکیان بەرداون و چەپڵەشیان بۆ ئەم لایەن یان ئەو لایەن لێداوە. بەداخەوە کە ئەمە بۆتە دیرۆکی پڕ شەرمەزاری کورد. جا لەم حاڵەتەدا کە باشووری کوردستان دووچاری شەڕێکی خۆکوژی هاتووە و کەس بە کەس نییە و، کورد گۆتەنی سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە، ئەوا بمانەوێت یان نەمانەوێت جۆرە بۆشاییەک لە هەموو بوارەکاندا بەرقەرار دەبێت. ئەوە نییە کورد خۆی تەرمی لەخوێنگەوزاوی خۆی بەرەو دۆزەخ دەبات؟ ئەمەیش لە سایەی سەری سەرکردە خەباتگێڕەکانمانەوە؟! میللەتان بە سەرکردەکانیان دەحەسێنەوە، ئێمەیش ئەوانمان لێ دەبنە بەڵای سەران. لە کاتێکی ئاوا ناسکدا تورکیا لەوە دەترسێ ڕۆڵەکانی گەلی خۆڕاگری باشوور ڕوو لە پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دەبێتە کارەسات نەک هەر بۆ تورکیا، بەڵکو بۆ گشت داگیرکەرانی کوردستان.

4- مانگی ئادار، بەتایبەتی ڕۆژی نەورۆز، بۆ گەلی کورد بۆتە سیمبۆلی سەرهەڵدان و بەرەنگاربوونەوە. تورکیاش ڕۆژێک بەر لە نەورۆزی بۆ هێرشە بەربلاوەکەی خۆی هەڵبژارد و، دەیەوێ لەم ڕێگەیەشەوە بە پێشەنگی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە باکووری کوردستان بڵێت کە بەم جۆرە نەورۆزتان لێ دەکەم بە دۆزەخ. شایانی باسیشە کە بەپێی هەواڵە هەوەڵینییەکان لەشکری تورک، لەم کارەیدا، لە خەڵک تۆقاندن و دەستدرێژی بۆ سەر کەسانی سڤیل و پەنابەر زیاتر، شتێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێناوە.

5- لێهاتوویی و کارامەیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بواری خەباتی دیپلۆماسی و چالاکییەکانی ئاڕنک ـ ئەنیا ڕزگاریا نەتەوا کوردستان و ڕێکخراوە جیاجیاکانی دیکە بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و، کردنەوەی بیرۆی دیپلۆماسی ئاڕنک لە گەلێک وڵاتدا، کە دواترینیان لە ئوسترالیا بوو، بە شێوەیەکی ڕەسمی. سەرەڕای ئەنجامدانی چەندان کار و چالاکی جۆربەجۆری دیکە کە هەموویان پێکەوە دەبنە فشارێکی باش بۆ سەر تورکیا. هەڵبەت ڕژێمی فاشیستی تورکیاش هەمیشە زەبروزەنگ و ئاگر و ئاسن تاکە ئامرازی دەستی بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان.

6ـ ڕەنگە سەردانی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ تورکیا و مقۆمقۆی لابردنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق و گەڕانەوەی پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیا و هەندێ لە وڵاتانی جیهان و بیرکردنەوە لە گێڕانەوەی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی سەددام، هەموو ئەمانە پێکەوە تورکیایان دڵخۆش و شاگەشکە کردبێت بەوەی کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە.

7ـ ئەمریکا کە بووەتە تاقە کوێخای دنیا، گەر بە سەرزارەکیش بێت، پشتیوانی خۆی بۆ تورکیا لە هەمبەر گوایا تیرۆریزمی پ.ک.ک دا ڕاگەیاندووە. لە وەها حاڵەتێکیشدا تانسو چیلەری داخلەدڵ بەرامبەر بە کوردان و ژەنەراڵەکانی، هەرچۆنێک بێت، پێشوەخت گڵۆپی سەوزیان لە لایەن ئاغا مەزنەکانیانەوە بۆ پێکراوە تا ئەم پەلامارە فراوانە بدەن. ڕاستە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپایی ڕەخنەیان لە تورکیا گرت، بەڵام بە ئەزموون دەرکەوتووە کە تورکیا، وەک دەوڵەتێکی میلیتاریی فاشیست، گوێ بە ڕەخنە نادات. تورکیا ئەوکاتە دێتە ڕای کە هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نەمابێت بیگرێتە بەر، جگە لە دانیشتن لەسەر مێزی وتووێژ. تا ئەوکاتەش کەس نازانێ ڕووداوەکان چۆن دەبن و چی دەقەومێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوەیش بڵێین کە چەند سەربڵند و سەرفراز دەبووین ئەگەر پێشمەرگەی باشوور، لە چ ڕێکخراوێک دەبوون کرمانج گوتەنی خەم ناکە، لە دژی داگیرکەر و دوژمنی یەکەمی کورد ڕاوەستابان، نەک پێکەوە بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ سەربازی تورک، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، چاومان بە دیتنیان ئەبڵەق ببوایە!

خزمینە..

گەر داکۆکی لە کوردی باکوور و برای هاوخوێنی خۆشتان ناکەن، هەرنەبێ <u>زێدی خۆتان بپارێزن!! ستۆکهۆلم 22ـ3ـ1995</u>

* ڕابوون، ژمارە 14، 1995، سوێد.

## جەللادی سوێدیی کوردنەژاد لە کوردستاندا*

ڕەنگبێ ئەم ناوونیشانەی سەرەوە کەمێ سەیر بێتە بەر چاوان، بەڵام دوای تۆزێکی تر لە مەبەست و خواستی سەرەکیی بابەتەکە دەگەین و سەردێڕی باسەکەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.




شاراوە نییە کە ڕاستییەکان لە نێوان دوو هێزی ناتەبا و ناکۆک و دژبەیەک ئەو کاتانە، باشتر ئاشکرا دەبن، کە هەردوولایان لە یەک بکەونە تەقە و خلەوبلەیەکیان لێ دروست بێ. بە واتایەکی تر هەموو کینە و نەفرەت و دوودڵی خۆیان بەرامبەر یەکتر دەردەبڕن. بێگومان ئەنجامەکەشی ئەگەر ماڵوێرانی میللەتێکی گەورە و گرانیش بێ، بۆ سەرانی شەڕ و شووم و شەوەزەنگ، بادەی خۆشی نۆشتن و فڕکردنی "ئاوی حەیاتە"! نامانەوێ لە کرۆکی باسەکە لادەین، چاکترە هەر یەکسەر بچینە سەری و بزانین ڕاگەیاندنی جیهانی، هەڵبەت لێرەدا زیاتر مەبەستمان ڕاگەیاندنی سوێدییە، چۆن لەسەر شەڕی گەوجانە و نامرۆڤانە و کەڵەگاییکردن لە کوردستاندا دەنووسێت و ڕووداوە دڵتەزێنەکانیش، کە لە کارەسات کارەساتترن، شی دەکاتەوە. ڕۆژنامەی IDAG ی سوێدی کە بە مانای "ئیمڕۆ" دێت، سێ ڕۆژ لە ژمارەکانی خۆی، 24 و 25 و 26 ی مانگی 2 ی ساڵی 1995، بۆ زنجیرەباسێک لەمەڕ باری ناهەمواری باشووری کوردستان تەرخان کردبوو. شایانی وتنە هەردوو ڕۆژنامەنووسی سوێدی "Ingrid Carlqvist" و "Ola Richardsson" ئەم زنجیرەباسەیان ئامادە کردبوو.

لە لاپەڕە یەکەمی ژمارەی ڕۆژی 24-2-1995دا بە سەردێڕی درشت ئەم ناوونیشانەمان بەر چاو دەکەوێ "سوێدییە مرۆڤکوژەکان" لەگەڵ وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی سەردەمی ڕاپەڕینە گەورەکە و، وێنەی دوو لە ئەکتەری شەڕی ئێستا کە ئەمانیش "سالار عەزیز و عومەر سەی عەلی"ن. لە پاشاندا دوو لاپەڕەی گەورەی

ناوەڕاستی ڕۆژنامەکە بۆ هەمان مەبەست تەرخان کراون. لێرەدا تەنیا هەندێ لە ناوەڕۆکی باسەکان دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران.

هەردوو ڕۆژنامەنووس دەنووسن: سالار عەزیز و عومەری سەی عەلی هەردووکیان هاووڵاتی سویدین و تاوانی شکاندنی یاسای جەنگیان لە کوردستاندا دەکەویتە ئەستۆ. لە سویدیش خانەوادەکانیان لەسەر حیسابی ئەو کەسانە دەژین کە پارەی سکات"باج" دەدەن بە دەوڵەت. لە دواییدا دەڵێن ئەوەی کە لە هەمووان ترسناکتر و خەتەرناکتر دەبینرێ پارێزگاری شاری سلێمانی، سالار عەزیزی 45 ساڵەیە. سالار کە سەر بە یەکێتییە، لە پایزی ڕابردوودا ڕێگای بە لەسێدارەدانی سێ گەنج دا. گوایە دووان لەم گەنجانە ئەوەندە بەتەمەنیش نەبوون. لە وتارێکی خۆیدا سالار لە ڕۆژنامەی گولان ئەوە ڕوون دەکاتەوە، بۆچی دەبێ ئەم گەنجانە لەسێدارە بدرێن!، ڕۆژنامەنووسی سویدی گۆتەنی، ئەم کابرایە لە هەلپەی ئەوەشدایە سوود لە هاووڵاتێتی سویدی خۆی ببینێ بۆ زەلالکردن و تێگەیشتن لەم سزای مەرگەدا. ئینجا باسی شاعیری خوالێخۆشبوو شەهید ئەبوبەکر عەلی دەکەن کە چۆن لە لایەن پاسەوانەکانی پارێزگار سالار عەزیزەوە چل گوللەی پێوەنراوە! هەڵبەت جەنابی پارێزگار خۆپیشاندەرانێک کە شوێنی حەوانەوەیان نەبووبێ، بە "تابووری پێنجەم"ی ناوزەد کردوون.

لەبارەی کەسی دووەمەوە هەردوو ڕۆژنامەنووس دەڵێن: عومەر سەی عەلیی سویدی، 49 ساڵە، لە چوارچێوەی هەرە نێوخۆیی سەرکردایەتی یەکێتی جێ دەگرێ و لە ماڵەوە لە کوردستان شەڕ دەکا و، خانەوادەشی لێرە بە دەردەسەری ژیان بەسەر دەبات. لە پاشاندا نێوی چەندین کەسانی دیکەش لە باسەکەدا هاتوون، جا چ هاووڵاتی سویدی بن یا ماوەی مانەوەیان لە سویددا پێ درابێ، دەشبێ ماڵ و منداڵیان لە سوید بێ و لێرەش ژیابن. لەوانە مەلا بەختیاری چل ساڵە کە لە کوردستاندا سەرکردەی سەربازییە، سەرۆک وەزیر کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، وەزیری پیشەسازی ئاوات زەکی و وەزیری دارایی دارۆ نووری، هەروەها باسی سەرۆکی پەرلەمان جەوهەر نامیقیش کراوە کە ئێستا پەناگیرە لەنێو خودی پەرلەماندا. ڕۆژنامەی IDAG هەوڵی ئەوەشی داوە پەیوەندی بکات بە پارێزگاری سلێمانییەوە، بەڵام لەم کارەیدا سەرکەوتوو نەبووە. هەر لە هەمان وتاردا وەک زانیاری و باکگراوند"ڕابردوو" زۆر شت باس کراون یا نیشان دراون. شەڕی کەنداو و کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، نەخشەی کوردستان، ناکۆکییەکانی نێوان "بنەماڵەی جەلالی و مەلاییەکان" و باس و خواسی دیکەی هەمەچەشنیش. لە

کۆتاییشدا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بورهان یاسین سازداوە. ناوبراو گوتوویەتی: من ناتوانم نکۆڵی و حاشا لەو هەواڵ و دەنگوباسانە بکەم.


Poeten oroas för gamla hemlandet
KURDISTAN
TURKIET
ARMENIEN
SYRIEN
IRAN
IRAK
150 stulna bilar finns i Kurdistan
FAKTA

لە ژمارەی بەرواری 25 ی مانگی فێبریوەریشدا، زنجیرە باسەکە بە دوو لاپەڕەی تەواو و بە سەردێڕی "دوور نییە ئەمە بە گۆمی خوێن لە سوید کۆتایی پێ بێ" درێژەی پێ دراوە و، لەژێر وێنەی هەردوو سەرانی شەڕ لە زمانی کوردێکی سوێدەوە سەروەر ناوێک گوتراوە:"لە گۆشەنیگای منەوە سەرکردەکان، بارزانی و تاڵەبانی، دوو دز و جەردە و ڕێگر و شەقاوەی زەبەللاحن". هەروەها مەترسی ئەوەشی نیشان داوە، کاتێ جەللادانی سوێدیی کوردنەژاد بە خۆیان و پاسەپۆرتی باخەڵیانەوە بگەڕێنەوە سوێد، لەوانەیە کوردانی ئەم وڵاتە تۆڵەی خزم و کەسوکاری تیرۆرکراوی خۆیان لەمان بستێننەوە! شایانی باسە هەر هەمان سەروەر و چەند کوردێک، وەک لە ڕۆژنامەکەدا هاتووە، بەتەمای ئەوەن نامەیەک بۆ Ingvar Carlsson ی سەرۆک وەزیرانی سوێد بنووسن. هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی وتاری یەکەم ڕێداکسیۆنی ڕۆژنامەکە بە نەپچڕاوەیی تەلەفۆنی بۆ هاتووە. "هەندێ هەڕەشەی مەرگیان لێ کردووین و هەندێکی تریش سوپاسیان کردین". شاعیری بەناوبانگ حەمەسەعید کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە، دەڵێ: ئۆخەی کە ڕاستی وەدەرکەوت. یەکێک لەو کوردانەی کە دوێنێ تەلەفۆنی بۆ کردین، گوتی: دە ساڵ بوو ترسی ئەوەم لەدڵدا بوو سەربازانی سەددام خانەوادەمیان لەبەین بردبێ، لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەم هیچیان بەسەر نەهاتووە. ئێستا بەقەد دنیا لەوە دەترسم خودی سەرکردەکانی خۆمان خراپیان بەسەر بێنن.

زۆربەی ئەوانەی حوکمی کوردستانی عێراق دەکەن بریتین لە هاووڵاتییانی ڕۆژئاوایی. هەرنەبێ دەبوایە شتێ لەمەڕ دیموکراسی، ئازادییەکانی ڕادەربڕین و چاپەمەنی فێربوایەن. کەچی لەجیاتی ئەمە هەڵسوکەوت و کردەوەکانیان دەمانگێڕنەوە بۆ تاریکستانی چاخە ناوەندییەکان. ژنە کوردێکیش گوتی: چەندین ساڵە خەباتمان کردووە بۆ ئازادی، کە ئازادیشمان چنگ دەکەوێ، دەبێ چ بقەومێ؟ یەکتر دەکوژین.. ئومێدەوارم وتارەکانی ئێوە بۆچوون و بیروڕا دروست بکەن لەهەمبەر شەڕ.

هەر لەسەر زاری ڕێداکسیۆنی ڕۆژنامەکە ئەمەی خوارەوە دەخوێنینەوە: کۆمەڵە لایەنگرێکی یەکێتی تەلەفۆنیان بۆ کردین، گوایە ئێمە هەڵوێستی باشی خۆمان بەرامبەر بە پارتی نیشان داوە. دروست ئەمە لە ڕاستییەوە دوورە. هۆی ئەوەی کە دوێنێش بەزۆری لەسەر یەکێتی نووسرابوو زۆر ئاسانە، ئەو سوێدییانەی کە ئێمە لەسەریان دەنووسین سەر بەم حیزبەن"یەکێتی" و هیچی دیکەش نا!

دیسان هەر لە هەمان وتاردا باسی بردنەوەی 150 ئۆتۆمۆبیل بۆ کوردستان کراوە لە لایەن ئەو کوردانەوەی کە لە سوێد دەژین. گوایە ئەم ئۆتۆمۆبیلانەش لە ئەڵمانیا و شوێنی تر دزراون، هەڵبەت هەر لەبەر وەرگرتنی پارە لە دایەرەی تەئمین. کوردانیش هەموو دەزانن سەرەگوریسی ئەم مەسەلەیە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت! جگە لە فاکت و زانیاریش چاوپێکەوتنێکی کورتیلانە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس کراوە:

- من سیاسەتمەدار نیم، ئەو"شێرکۆ" دەڵێ، وەک ئەوەی کە ئەو بیەوێت ئەو قەرزە لەسەر خۆی لابەرێت، بەوەی کە دوو ساڵ وەزیری ڕۆشنبیری بووە لە کوردستانی عێراقدا. "وتەی ڕۆژنامەنووسەکە". دواجار لە ژمارەی ڕۆژی 26-2-1995دا یەک دوو وێنە و سێ هەڤپەیڤین لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە. یەکێ لە ئەندامانی پەرلەمانی سوێد بە ناوی Gustaf Von Essen پەرۆشیی خۆی لەمەڕ شەڕی نێوخۆیی باشووری کوردستان دەردەبڕێت و دەڵێت: بەیەکەوە هەڵنەکردن و ڕێکنەکەوتن لەگەڵ یەکتر تەواوی مەسەلەی کورد بەرەو نەخۆشی درم و پیسی دەبات. هەروەها باسی مەترسییەکانی ئەم شەڕە خیانەتکارییە کراوە لەسەر یارمەتییەکانی دەرەوە بۆ کوردستان، هەر بۆ نموونە پرۆژەی قەندیل. ئینجا باسی نامەیەکی پەرلەمانی سوێد کراوە کە لەلایەن حەوت پەرلەمەنتاری سوێدییەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕەوان کراوە و تێیدا داوای ئازادکردنی مامۆستا سەعدی بەرزنجیش کراوە.

لە دواییدا ئاسۆ گەرمیان کە کاتی خۆی یەکێتی مامۆستایانی کوردی لە سوێد ساز دەکرد، ئەمڕۆش لە ڕۆژنامەکەدا بە لێپرسراوی ڕاگەیاندنی یەکێتی ناوی هاتووە، داکۆکی لە گوللەباراندنەکەی پاسەوانانی پارێزگاری سلێمانی و کوشتنی شاعیری شەهید ئەبوبەکر عەلی دەکات و دەڵێت: خۆپیشاندەران کە تەقە لە پاسەوانانی پارێزگار بکەن بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەبێ گوللەباران بکرێن. ناشزانم ئەبوبەکر عەلی خۆی چەکی پێ بوو یان هاوڕێکانی ئەو، بەڵام بەهەرحاڵ تەقە کرا. وەهاب ناوێکیش کە چەندین ساڵە ئەندامی یەکێتی بووە، ئەوەتە خۆی دەڵێت:

زەبروزەنگ وای لێکردم هەڵبێم..نەمتوانی ئەم هەموو زوڵم و زۆردارییە قەبووڵ بکەم و هەر خۆشم نامەم بۆ لێپرسراوی بەرزی هەردوو حیزبەکە لە سلێمانی نووسی، بەڵام تەنیا نوێنەری پارتی لەسەر گفتوگۆکردن ڕازی بوو. عومەری سەی عەلی"هاووڵاتی سوێدی" کە لە پارتییەکەی خۆمە"یەکێتی" ڕازی نەبوو. تێگەیشتم ناوبراو دەیەوێ بە چەک و زەبروزەنگ وڵات کۆنترۆڵ بکات.

لە کۆتاییدا بۆ زێتر ئاگاداری بڕوانە"مەبەست خوێنەری کوردی سوێدیزانە":

IDAG, 24/2, 25/2, 26/2-1995

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە زمانی سوێدییەوە: مەهاباد کوردی، ستۆکهۆڵم 1-3-1995.**

* هەنگاو، ژمارە 15، ئەپریلی 1995، بەریتانیا.

## غیرەت سەگ بتخوا*

ئەمە پەندی پێشینانە.. قسەی باب و باپیرانە.. دوڕ و گەوهەر و مرواری بەجێماوی سەرزارەکی وانە.. ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی وانە. ئەم پەندە



"یەکێک بەخۆی یان بە یەکێکی تری ئەڵێ، کە بە کارێک نەوێرێ، واتە ئیتر خیرەت - غیرەت بۆ کەی".(1)

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم: بریا سەد بریا، بۆ تەنیا جارێکیش بوایە، کورد پەند و عیبرەتی لە مێژووی کۆن و دووبارە و سێبارە و دەبارەبووەوەی خۆی وەرگرتبا. لێ حەیف و مخابن هەتا هەنووکە داری بریا بۆ کەس بەری نەگرتووە تا بۆ ئێمەی کورد بەربگرێ.

ئەوەی کە لەم نووسینەدا مەبەستمە ڕەفتارە فاشییەکانی سەربازانی تورک و خۆ بێدەنگکردنی چەکدارانی کوردی بەناو پێشمەرگەیە لە خوارووی کوردستاندا. من نامەوێ بچمە سەر هۆکار و ئاکامەکانی داگیرکردنەکەی تورکیا و هێرشبردنە سەر ئەم پارچەیەی وڵاتمان، چونکە

لام وابێ هەر کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف بای ئەوەندە سەرەدەری لە مەسەلەکە دەکات و دەشزانێ:"کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لەکوێ دڕاوە".

هەموومان دەزانین ماف و مافپەروەری و دادپەروەری و دیموکراسی و میموکراسی و چەندین وشەی باق و بریقەداری دیکەش، پێش ئەوەی مەرەکەبی نووسینەکەیان وشک بێتەوە، دەخرێنە ژێر چەکمەی سەربازانی ملهوڕان و زۆرداران. من لێرەدا تەنێ مەبەستم لە تورک و عەرەب و فارسان نییە، بگرە مەبەستم ئەوانەی لای خۆشمانە کە تا دوێنێ، نەک هەر کوردی خاکبەسەری قەڕبەسەر بەسەریان سوێندی دەخوارد و بەس، هەتا ئەفەندییە ڕۆشنبیرەکانیشمان کڕنووشیان بۆ دەبردن و بە دەهۆڵ و زوڕنایان دەکەوتنە هەڵپەڕکێ و هەلەکەسەمایان بۆ دەکردن. هەڵبەت ئەمڕۆش کەسانی وا لە بازاڕی سووک و چرووکی سیاسەتدا هەر ڕاستت دێن. ئێوە دەڵێن چی؟

مەسعوود بارزانی یا جەلال تاڵەبانی هەتا گەل وەدوویان کەوێ پەکیان بە چ ناکەوێ، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان ئەمە تاقیکردنەوەیەکە و لام وابێ کاتی ئەوە هاتووە ڕۆڵە ڕەش و ڕووتەکانی ئەم پارچەیەی وڵات، دەبێ دەرس و وانەی بەکەڵکی لێ وەربگرن. گەل دەبێ بپرسێ: بۆ دەبێ سەرکردە پێغەمبەری ئاخر زەمان بێ؟ ئایا تا ئەمڕۆ کەم سەرکردەی لێوەشاوە و لێهاتوومان بەر چاو کەوتووە کە پەیکەرەکانیان تووڕدراونەتە سەر گووفەکان و نێو زبڵدانی مێژووەوە؟! ئەمە بۆ ڕێبەرە لێهاتووەکان و لەباردابووەکان، ئەی بۆ ئەوانەی کە بوونەتە و دەبنە هۆکاری ڕێگر لەبەردەم ڕەورەوەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی میللەتەکەیان، دەبێ چ چارەنووسێ چاوەڕوانیان بێ و لە لاپەڕە چڵکنەکانی پیرەمێژوودا چیان لەسەر بنووسرێ؟! تەنێ دوارۆژ وەرامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەناوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و ئازادی تاوانی گەورە گەورە دەرهەق بە سەرجەم مرۆڤایەتی ئەنجام ئەدرێت. "هەق"یش لەگوێی گادا لە شیرینەخەوا نوقمی خەون و خەیاڵ بووە، چونکە "هەق" ئەگەر کەسێکی بەتوانا و دەسەڵاتدار بوایە، دەم و قەپۆزی زۆر کەسی ئەشکاندە یەک و گۆڕی ئەکردن؛ چونکە لە زۆر شوێن و کات و دەوردا، جەور و ستەمی وا بەناوی هەقەوە بەڕێوە ئەچێ، کە سەگیش بێزی نایێ بۆنی پێوە بکات.(2)

دەردەدڵ ئەوەندە زۆرن مرۆڤ لە حەژمەتان لە مەبەستی سەرەکی و قسە و گوتار لادەدا و ڕێی لێ گوم دەبێ. مێژوونووسان دەڵێن کورد لە دیرۆکی دوور و نزیکی خۆیدا زۆر جاران بارودۆخی ناسک و لە موو باریکتری تێپەڕ کردووە. جا لە

سۆنگەی ئەم بیر و بۆچوونەدا زێدەڕۆیی نابێ گەر بڵێین ڕەوشی ئێستای کوردان گەییوەتە ئەوپەڕی ناسکی و خەتەرناکی خۆی، ڕەنگە بە فوویێک بچێ بە ئاسمانا. شێلگیرانەش دەڵێم هۆی سەرەکیی کارەساتە نەتەوەییە مەزنەکە، کورسیپەرستانی باشوورن. کەی دەبێ کورسییەکەی ژێریان جیرە جیڕی وێ کەوێ و قرچە قرچی شکانی میللەت بێنێتە سەما؟!

بە نوێژی نیوەڕۆ.. لەبەر چاوی هەموو دنیا.. لەبەر چاوی خەڵک و خوا.. ئەتک بکرێیت.. سووکایەتیت پێ بکرێ.. سەر ببڕێیت.. ئاڵای بەخوێن سۆربووی هاوخوێنان و هاووڵاتییان و هاودەردانت.. ئاڵا و وێنەی گورگەبۆران.. ئەتاتورکان و فاشیستان و خوێنخۆرانت لەسەر سەرا بشەکێتەوە.. زەرد و سەوز لە دەلاڵخانەشدا پوولێکی قەڵپی سووتاو نەکەن.. سەرکردەی چارەکە سەدە و نیو سەدەت قەشمەرییان پێ بکرێ.. نەوەک حیسابی مرۆ، بەڵکو حیسابی کۆیلە و ئاژەڵیشت بۆ نەکرێ..و..و..هتد.

تۆش، وەک دەڵێن، نە بات دیبێ و نە باران.. نە هەورەتریشقە و بەفر و بۆران.. نە زریکە و چریکەی مناڵان.. نە هات و هاواری شۆڕەژنان.. نە جەستەی شوانانی قوت قوتکراو.. نە کچانی باڵابەرزی ئەسپینداری ئەتککراو.. نە گوندییانی دە زێد و وار دەرکراو.. نە کچۆڵان و کوڕێژگانی باوک سەربڕاو.. نە شارانی داگیرکراو.. نە کوردستانی بەدەست خۆتان و دوژمنان وێرانکراو.. نە کوردی زەلیلکراو..و..و..هتد.

هۆ ئەوانەی کە ڕۆژگاری نالەبار و چەرخی چەپگەرد و بەختی ڕەشی کورد کردنی بە سەرکردە؛ لە وەها کارەساتێکی مەزنتر لە کارەسات غیرەت دەخەنە بەردەمی سەگەوە و پەردەدەنە یەکتر.. یەکتر سارد دەکەنەوە.. ئاخۆ لە دارەتی دنیاییدا چتان هێشت گلاوی نەکەن؟ ئەرێ بۆ ئەوەندە بۆ یەک ئازان؟!

دوژمن لە دەوری خۆتان دەهێڵن و بەیەک دەوێرن و لەیەکدی بەردەبن؟ لە کەرکووک سووکایەتی بە کورد و کوردایەتی دەکرێ، کەچی ئێوە لە پێنجوین و هەڵەبجە سووکایەتی بە خۆتان و کورد و کوردستانیش دەکەن. زاخۆ بە خەمباری لەژێر پۆستاڵی داگیرکەر دەمێنێ و پیرەهەولێریش پێشوازی لە گوللەتۆپ و کەسنەزانیش لە ئارپیچی و شەقلاوە و ئێرە و ئەوێش لە هاون و بڕنۆ و فیشەکی خۆتڕێنانەی ئێوە دەکەن!

دواجار تەنیا شتێ کە تا ئێستا لێتان حاڵی بووبم:

هەر کەسێ بۆ کورد سەری خۆی لە قوڕ بنێ نوێنەر نییە، هەر کەسێکیش سەری کورد لە قوڕ بنێ، بێگومان، نوێنەرە!

## پەراوێزەکان

(1) پەندی پێشینانی کورد، لە کۆکردنەوە و ڕیزکردن و لەسەر نووسینی: عەلی مەعرووف شارەزووری، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا 1981، ل 49.

(2) سەرچاوەی پێشوو، ل 42.

* هەڵەبجە، ژمارە 24، یۆنیۆ 1995، سوید.

## ئەو سەركردانەی "هۆیها"یان لێ دەكرێ!*

لە دەشتی هەولێر "هۆیهاكردن" بە نیازی قاودان و دەرپەڕاندن، لە كەسێ یان كەسانێ دەكرێ كە كەتنێكیان كردبێ. بێگومان كە دەڵێم "كەتنێكیان كردبێ"، بە هەموو مانای وشەوە، مەبەستم لە كاری خراپ و گەندەڵ و ڕووڕەشییە. مرۆڤێ كە بەكەڵكی كۆمەڵ و خاك و نیشتمان، تەنانەت خۆیشی نەما، لە ڕیسوایی زیاتر شتێكی دیكەی بۆ نامێنێتەوە. بە واتایەكی تر دەبێتە تاكێكی دۆڕاوی مشەخۆر و زگ ئەستووركەر لەسەر پشتی ڕۆڵە ڕەش و ڕووتەكانی جڤاكی خۆی. كەسێك ئەمە خوو و خەسڵەتی بێ، گەر هۆیهالێكردن شایەنی نەبێ، دەبێ چی لەبارەیەوە بوترێ؟!

لە كوردەواریدا بە زۆر شێوە لەهەمبەر خراپەكاری و خراپەكاران باس و خواس لە ئارادا هەن. مرۆڤی بێدەرەتان و لێقەوماوی كورد هەمیشە و هەمیشە لە دژی جەور و ستەم و ستەمكاران ڕاوەستاوە و، بە سەدان و بگرە بە هەزاران ساڵە زوڵم و زۆر ڕەت دەكاتەوە و لەبەرخۆ دەدات.

جاری جاران كە ڕكیان لە یەكێ ببوایەوە، دەچوون كلكی هەسپ و هێستری بەستەزمانی ئەویان دەبڕی. كورد گۆتەنی: بە كەر ناوێرێ پڕ دەداتە كورتان. هەندێ جاریش پیاوی كەتنكار و كاركردەیان دەهێنا و پەختە و جوان سەر و ڕیشیان لووس دەتراشی. ئینجا قابلەمە ماستێكی كوردییان بەسەردا دەكرد و، سواری كەرەدێزەیان دەكرد و گوندا و گوند دەیانگێڕا، بۆ ئەوەی پەند و عیبرەت وەربگرێ و، جارێكی دیكەش ببڕای توخنی چ جۆرە كارێكی خراپە و نابەجێ نەكەوێ.

لەبارێكدا گەر بابایەكی خاكبەسەر شتێكی بچكۆڵەی تورەهاتی ئەنجام دابێ و ئەمەش حوكمی كۆمەڵ بووبێ، گەلۆ لە ڕۆژی ئەمڕۆدا دەبێ بڕیاری گەل و نەتەوە چ بێ، سەبارەت بەو سەركردە و بنكردانەی كە لە كارەسات كارەساتتریان بەسەر هاونیشتمانان و هاوزمانان و هاوخوێنانی خۆیان هێناوە و، بەداخەوە كردەوە ناحەزەكانیان تا ئێستاش دژ بە گەل و وڵاتن و، هاوشان و هاوسەنگەر لە بەرەی دوژمناندا خۆیان دەبیننەوە. وەك هەموومان دەزانین لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەری گەلە چەوساوەكەماندا لە باشووری وڵات كە كۆچرەوە مەزنەكەشی بەدوادا هات، هەروەها وەك ئەنجامێكی ڕاستەوخۆی داگیركردنی كوێتیش لە لایەن عێراقەوە و هاتنە پێشەوەی بارودۆخێكی لەبار بۆ گەلی كورد لەم بەشەی نیشتمانماندا، پارت و ڕێكخراوە كوردییەكان و سەرانیان، كورد یا ڕاستتر هەولێری گۆتەنی، بە خۆیان و

گەجەل و گوجەلیانەوە حازر و بزر نەدیتی و نەناسی هاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایی. لەلای کەسیشمان شاراوە نییە "شار ڕاپەڕی و شاخ خواردی". سەرانی کوردیش وەک کاری هەمیشەییان، بەپەلە پڕوزکێ گەڕانەوە ولاّت و پاشانیش لە بەغدایێ لای "عەممۆ سەددام" سوالّی ئۆتۆنۆمییان دەکرد. بەکورتی ئەم مەسەلەیە زۆری لەسەر نووسراوە و نامەوێ لێرەدا دووپاتی شتەکان بکەمەوە. مەبەستیشم لێرەدا تەنیا وەبیرهێنانەوە بوو، هیچی تر نا.

گەر بێتو سەیرێکی نێو لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلانی ئازادیخواز بکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەناو هەریەکێ لەم گەلانەدا سەرکردە ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبووە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا. کەسێتی سەرکردە و ئاکار و ڕەوشت و جۆری بیرکردنەوە و فێرکاریی و فەرموودەکانی ئەو، تا بڵێی ڕۆڵێکی سەرەکیی و بگرە یەکلاکەرەوەشیان گێڕاوە لە زۆر بوار و بۆنەدا. لام وابێ پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات، چونکە مەسەلەکە خویا و ئاشکرایە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێ ئاماژەی پێ بکەین لە هەمان کاتدا ڕۆڵی نەگەتیڤی سەرکردەکانە لە تێکشکاندن و بێ هیوا و بێ ورەکردنی جەماوەری میللەت و دەست لە ئەژنۆ وەرهێنان لە چرکەساتە هەرەناسک و چارەنووسسازەکاندا. ئێمەی کورد لەم بوارەدا چەندین ئەزموونی تاڵ و ژەهراویمان چەشتووە و زێدەڕۆییش نابێ گەر بڵێم تا ڕۆژی ئەمرۆش، تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێرانەش، بەم دەردە کوشندە و خەتەرناکەوە دەناڵێنین. بە چاوپێخشاندنێکی خێرایانەی ڕووپەلەکانی دیرۆکی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردان، گەلێ شۆڕش و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانمان بەر چاو دەکەوێ کە هەر بە ئیشارەتێکی بچووکی سەرکردەکان، جا بە هەر هۆیەکەوە بووبێ، خەڵکی ڕاپەڕیو ئاشبەتاڵییان لێ کردووە و شەهیدانیش زۆر بەداخەوە، وەک ئەمرۆش دەیبینین، عەیب نەبێ کورد گۆتەنی"لە ترِی سە چوونە".

بەڕای من سەرکردە دەبێ وەک ئاوێنەیەک وابێ، ڕۆڵەکانی گەلێکی مافخوراو و ستەملێکراو، هیوا و ئامانج و خەونە سەوزەکانی خۆیانی تێدا بەدی بکەن. بە واتایەکی تر سەرکردە دەبێ زیاتر هەست بە لێپرسراوێتی خۆی بکات لە بەرامبەر هاونیشتمانانی گەلەکەی. کەواتە سەرکردە دەبێ ببێتە چاو و بینایی گەل و ئەندامانی کۆمەڵگا بەهۆیەوە بتوانن دیاردە و شتەکان ببینن. هەروەها سەرکردەی باش و بەتوانا و لێهاتوو ملکەچکەر و جێبەجێکەری داخوازییەکانی میللەتەکەی دەبێت نەک بە پێچەوانەوە.

ئەزموونی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلان ئەوەی دەرخستووە کە سەرکردە و ڕێبەرە نیشتمانییەکان، هەر لە دوای سەرکەوتن و هاتنە سەر تەخت، لەگەڵ بەسەراچوونی کات لە گفت و بەڵێنەکانی خۆیان پەشیمان دەبنەوە و، ئەوەی کە بەلاشیدا ناچن بەرژەوەندی گشتی و خاک و میللەتە. لەم بوارەدا نموونەی زۆر و زەوەند هەن ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چۆن ڕێبەران لە خەڵکی بێچارە و بێدەرەتان دەبنە بەڵای سەران و پێغەمبەری ئاخر زەمان. لەوانەیە ئەو گەلەی دوو سەرکردەشی هەبێ دەرد و سەریەشەی لەوانی تر زیاتر بێ و بە شەو و ڕۆژ بابەڕۆی بێ و، بە دزی و بە ئاشکراش بڵێ ئاخ چیم کرد لە خۆم ماڵی وێرانم.

ئەگەر بڵێین شەڕی دەسەڵات قرێژترین جۆری شەڕە کە گەلێکی بندەستە دووچاری دەبێ، لام وابێ لەم تێڕوانینەدا بەهەڵەدا نەچووینە و باشووری کوردستانیش ئەمڕۆ بەم تاقیکردنەوە ترسێنەرەی نێوان هەردوو ملۆزمەکەدا تێدەپەڕێ و، ئەوەی کە ڕێزیشی لێ نەگیراوە و ناگیریش بەتەنێ مرۆڤی کوردە کە بە سەدان ساڵە خوێن و فرمێسک دەڕێژێت لە پێناو مانەوە و بەرگریکردن لە خود و خاک و گەلدا. کورد ئەمڕۆ لەبەردەم دووڕیانی مەرگ و ژیاندا خۆی دەبینێتەوە. میللەتانی دنیا هەر هەموویان لە هەڵپەی بەدەستخستن و خۆ ڕزگارکردن و ماڵ پێکەوەنان و هێلانە دروستکردندان. ئەگەر بڵێم ئێمەی کورد هێشتا لە سەرەڕێگادایین، وای بۆ دەچم ڕاستم گوتووە. زۆر جێگای داخە تازە بە تازە کورد دوای دەیان ساڵ و ئەزموونی دووپاتبۆوە و تاڵ و گورچکبڕ، سەرانی کورد بەین بەینە لەسەر  دەسەڵات کورد بە کورد بە کوشت دەدەن و، ئەوەی پێی دەوترێ شارستانیەت لەکن ئەوان گوێز ژماردن و کا بە با کردنە.

با زۆر دوور نەڕۆین، لە کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانەدا، ڕاپۆرتی هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەیەنێت کە سەرانی کورد لە باشووری کوردستان کۆبوونەوەیان لەگەڵ نوێنەری سەددام حوسێندا کردووە"MBC، 2-7-1995". هەڵبەتە ئەمە بۆ کەسانێک کە کەمێ شارەزای کردەوەکانی ڕێبەرانی باشوور بن، مایەی سەرسووڕمان نییە، چونکە دەرگای دوژمنان و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ ئەوان هەمیشە کراوە بووە. ئەوەی لێرەدا شایەنی پەنجە بۆ درێژکردنە ئەو شەڕ و پێکدادان و ماڵوێرانییەیە کە ئەوان بۆ گەلی کوردیان هێناوەتە بەرهەم و لە دواجاریشدا،وەک فێرن، دەچنەوە باوەشی گەرم و نەرمی سەددام حوسێنی مامۆستایان. مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێ: ئایا سەرکردەکانی باشوور کەی دێنەوە هۆشی خۆیان و دەرس و تاقیکردنەوە لە ڕابردووی پڕ قێزوبێزیان وەردەگرن؟ دەبێ سەرانی باشوور هەتا کەی

بەتەمای دەوڵەتانی هاوپەیمان بن، بە دوژمنانیش پشت ئەستوور بن؟ با هەر نەبێ کەمێ بە خۆیاندا بچنەوە و تەماشایەکی ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی بۆسنە و یۆگۆسلاڤیای جاران و "داگیرکردنی جیپە و سیبرینتشا" بکەن. لەوەش بگەن کە لە سیاسەتدا بەرژەوەندی لەپێش هەر شتێکی دیکە دێت و شای بووکانیشە.

ئەمڕۆ کورد سەرکردەی گەرەکە توانای ئەوەی هەبێ مامەڵەی خێرایانە و زیرەکانە لەگەڵ هەلومەرجی نوێی جیهاندا بکات و، بتوانێ و بشزانێ چۆن سوود لە دەرفەت و ڕەوشە لەبارەکان ببینێ بۆ قازانج و بەرژەوەندی گشتیی کوردان. بەڵام مایەی شەرمەزاری و ڕووڕەشییە بۆ سەرانی باشوور کە لە کات و ساتێکی وەها ناسکی کورد و کوردستاندا ئەوان شەڕی کورسی دەکەن، کورسی لنگشکاوی دەستبەسەراگرتنی میرنشینی سۆران و بادینان. نەگبەتیی کورد لەوەدایە جۆرە کەسانێکی بەناو سەرکردە بازرگانیی بە خوێن و خەباتییەوە دەکەن و هەر ڕۆژەی بەر بە چارەنووسێکی نادیار و هەڵدێرێکی ئەستەم و هەزار بە هەزاری دەبەن.

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم مەسعوود بارزانی یا جەلال تاڵەبانی هەتا گەل وەدوویان کەوێ پەکیان بە چ ناکەوێ. بە تایبەتی لە باشووری کوردستان ئەمە تاقیکردنەوەیەکە و لام وابێ کاتی ئەوە هاتووە ڕۆڵە ڕەش و ڕووتەکانی ئەم پارچەیەی وڵات، دەبێ دەرس و وانەی بەکەڵکی لێ وەربگرن. گەل دەبێ بپرسێ: بۆ دەبێ سەرکردە پێغەمبەری ئاخر زەمان بێ؟ ئایا تا ئەمڕۆ کەم سەرکردەی لێوەشاوە و لێهاتوو مان بەر چاو کەوتووە کە پەیکەرەکانیان تووڕدراونەتە سەر گووفەکان و نێو زبڵدانی مێژووەوە؟! ئەمە بۆ ڕێبەرە لێهاتووەکان و لەباردابووەکان، ئەی بۆ ئەوانەی کە بوونەتە و دەبنە ڕێگر لەبەردەم ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی میللەتەکەیان، دەبێ چ چارەنووسێ چاوەڕوانیان بێ و لە لاپەڕە چڵکنەکانی پیرەمێژوودا چیان لەسەر بنووسرێ؟! تەنێ دواڕۆژ وەرامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە.

دیرۆک شایەتمانی زۆر شێوەی ڕیسواکردن و شاربەدەرکردنی سەرکردە و دیکتاتۆرانە لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانە بەربڵاو و فراوانەدا. سەرکردە هەبووە بە چەپڵەی دەست وەدەرنراوە. هەشبووە بەردەباران و گوللەباران کراوە. لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە ڕۆژێ هەر دێ، زوو یا درەنگ، گەل حوکمی ڕەوای خۆی بدات و زۆردار و چەوسێنەران تەفروتونا بکات.

سەرانی ئێمە لە باشوور داوای چوونە دەرەوەیان لێ دەکرێت. چوونە دەرەوە لە کوێوە بۆ کوێ؟ چوونە دەرەوە لە شارەوە بۆ شاخ، لە کوردستانەوە بۆ

پایتەختەکانی وڵاتە داگیرکەرەکان و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا و هەر شوێنێکی دیکە کە پێیان خۆش بێت، هەر بە مەرجێ کوردستان چۆل بکەن و بڕۆن. ئەی ئەوە نییە دوو هونەرمەندی خاوەن هەڵوێست پێیان دەڵێن "بارکەن بڕۆن!" و "هۆیها..هۆیها"ش کەوتۆتە سەر لێوی منالانی برسیکراوی کوردستان لە ئەنجامی شەڕ و شۆڕی بێشەرمانە و بێویژدانانەی شەڕخوازان و ئیمپراتۆریەتخوازان؟ گەر گەلانی دنیا لە سایەی سەری سەرکردەکانیان بحەسێنەوە، کورد دەبێ لە سایەی سەری سەرکردەکانی خۆیەوە پێی شەرم بێت بڵێ من کوردم. وەک دوا وتەش دەڵێین چەن خۆش دەبوو گەر ئەمڕۆ نەتەوەی کورد، وەک زۆربەی زۆری نەتەوەکانی تری جیهان، قسەکەرێکی ڕەسمیی هەبوایە و مایەی پشت پێ گرێدان بوایە و، دەربڕی هیوا و ئاواتەکانی کوردیش بوایە!

* هەنگاو، ژمارە 21، سێپتێمبەری 1995، بەریتانیا

# کێ گوێ لە کێ دەگرێ؟!*

لەناو کۆمەڵگا شارستانی و پێشکەوتووەکاندا، هەر شتێک بەر لە دەرچوون و کەوتنە بەر دەستان، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و دەخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، ئینجا لە دوایيدا ڕووناکی دەبینێت. ئەم جۆرە نرخاندن و لێرۆژینەوەیە لە سادەترین شتەوەڕا بیگرە تا دەگاتە گەورەترین و ترسناکترین بڕیاری دام و دەزگا دەوڵەتییەکانیش دەگرێتەوە. جا کەواتە هەر لە پەڕەکاخەزێکی نووسراو بەناوی بەیاننامە تا کاروباری حکوومەت و دامەزراوە ڕەسمییەکانیشی، نابێ ئەم خاڵە فەرامۆش بکەن: ئایا دەرکردن و دەرچوونی وەها بەیان و بڕیارێک، یا زاگۆن و یاسایەک دەتوانێ تا چ ڕاددەیەک لە بەرژەوەندی بالای گەل و وڵاتدا بێ. سەبارەت بە جڤاکە دواکەوتوو و جێماوەکانیش ئەوە هەر مەپرسە چ باسە!

لەم نووسینەدا زۆر خۆم لە شێوە و چۆنیەتی هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵات لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان هەڵناقورتێنم. دەشمەوێ ئەوە بڵێم حیزبە سەرەکی و دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان نەک هەر گوێ لە کەس ناگرن و لە زێی سیروانیش بدەن تەڕ نابن، بگرە ئەو ڕووبارە خوێنەیش کە بە ناهەق ڕژاندیان و دەیڕژێنن،بشیانبات، نە سوور دەبن و نە خوێناوی! لە هەموویشی سەیرتر لەسەر بستەخاکێکی بەناو ئازادکراوی کوردستانیش کورد گۆتەنی قوونیان تۆتکە ناگرێ و پەل و پۆ بۆ ئەملا و ئەولای خۆیان دەهاوێژن و، جارناجاریش دەم لە شتی لە خۆیان گەورەتر دەدەن، گوایە هەموو ناکۆکی و دووبەرەکییەکانی نێوان خۆیانیان چارەسەر کردووە و هەر ئەوە ماوە کورد بکەن بە شت!

برایەکی بەڕێز جارێ لە جاران باشی بۆ چووبوو کە نووسیبووی:"مەسەلە سەرەکییەکەی کورد وا خەریکە لەناو خودی میللەتی کوردا لە بیر دەچێتەوە!!"، ئەویش لەبەر "هەیت و هووت و هەیها و بەزمی ئەو حیزب و ئەم حیزب و قسە و قسەلۆکی فلان و فیسار کەس و.. ئەها ئەو دوو حیزبە بەشەڕ هاتن و ئەها ئەو دوو حیزبە پێکنەهاتن و دانیشتن سەری نەگرت بۆ ئاشتی و شەڕ ڕاوەستان، وەفدەکە گەڕایەوە هیچی بە هیچ نەکرد و...هتد".(1)

زۆر جێگای داخە لە سایەی سەری سەرکردان و ڕێکخراوە بەنێو کوردستانییەکان واقیعی ئەمڕۆی کورد، بمانەوێ و نەمانەوێ، وای لێ هاتووە. جا خوا دەزانێ کەنگێ لەم واقیعە تاڵ و کارەساتاوییە ڕزگارمان دەبێ؟ هیچ گومانی تیا نییە لە ئەنجامی سیاسەتی کوردکوژانەی داگیرکەرانی کوردستان و، خەمساردیی

هەردوو حیزبە فەرمانڕەواکەی خواروو وڵات و گرانی و قات و قڕی و چەندین هۆکاری دیکەش، بە سەدان هەزار کورد کۆچبەر و پەنابەر و بوونە و، بە هەر چوار گۆشەی دنیادا پەرش و بڵاو بوونەتەوە. هەروەها "کوردەکان بەگوێرەی چەند لێکۆڵینەوەی دایەرەی کاروباری پەنابەران لە سوێد و هەندێ لە ڕێکخراوە ناسەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە یەکێ لە چوست و چالاکترین ڕەگەزە مرۆییەکان دەژمێردرێن لە تاراوگە بۆ داکۆکیکردن لە دۆزی گەلی خۆیان، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆرترینی ئەو ڕەگەزانە پێکدێنن لەوانەی کە لە بیر و بۆچوون و ئامانجەکان تا بڵێی لێکجیاواز و لێکدابڕاون".(2)

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە گەر بچینە سەر ڕەوشی کوردە ئاوارەکانی ئەورووپا گەلێ شتی دیکەشمان بۆ ئاشکرا دەبێت لە زۆر ڕووەوە. ئێمە لێرەدا تەنیا خۆمان لەقەرەی ئەو باسانە دەدەین کە گرێدراون بە بابەتەکەمانەوە. ناشمانەوێ بە چ جۆرێ، خوانەخواستە، لە خەبات و بەری ڕەنج و ماندووبوونی کەسانێکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر کەم بکەینەوە و بە بێبایەخ ناویان بەرین. بەهەرحاڵ هەر شت وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە و پێشینان گوتوویانە ماڵی قەڵپ سەری ساحێبی خۆی دەخوات. هەڵبەت کاری باش و چاکەش ناوی خاوەنەکەی پێ بەرز دەبێتەوە.

لە ئەورووپا بەهۆی هەلومەرجێکی هەڵکەوتووی کەمێ لەبار بۆ کوردە ئاوەرەکان، چەندین کۆڕ و کۆمەڵە و دام و دەزگای کولتووری و کۆمەڵایەتی و ...تاد دامەزرێنراون. کەم تا زۆر هەر یەکێ لەم کۆمەڵە و سازییانە بە کاروباری چالاکی هەمەجۆری خۆیان ڕادەبن. خوا کاری خێرخواز و خێرومەندان ڕاست بێنێ و لە خزمەتی کورد و کوردستاندا سەرفرازیان بکات. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستمە چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کار و چالاکییەکانی ئەم کۆڕ و کۆمەڵە جۆربەجۆرانەیە. ئەم خاڵەش کۆبوونەوە و گرتنی سیمینار و خۆپیشاندان و شتی دیکە دەگرێتەوە. جێی خۆیەتی بپرسین کۆبوونەوەی کوردان چۆن دەست پێ دەکات و چۆن کۆتایی پێ دێت؟

لە سەرەتادا بە دەنگی زوڵاڵی ڕادیۆ کوردییە نێوخۆییەکان خەڵک ئاگادار دەکرێتەوە لەوەی کە: خزمینە ها کۆبوونەوەیە.. ها سێمینارە.. هۆ وەرنە خۆپیشاندانێ.. ئیتر هەر مەپرسە شایی و لۆغانە. دوای چەند ڕۆژ هۆڵێکی بەکرێگیراوی گەورە و گران پێشوازی لە دانە دانەی ئامادەبووان دەکات. هەر شت دەکەوێتە سەر بابەتە هەڵبژێردراوەکە و ئەو کەسەی کە بابەتەکە پێشکەش دەکات. ئێمەی کورد فێری ئەوە بووینە، دەشبێ فێر کرابین، کە لە ناوونیشان و سەروسەکوت و سیما و قەپۆزی کەس و شتەکانەوە بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکان

بچین، هەرچی ناوەڕۆک و ناواخنە بۆ ڕۆژی ئاخیرەت دەیهێڵینەوە. ڕۆژنامە هەیە ناخوێنرێتەوە لەبەر خاتری ناوەکەی.. ڕادیۆ هەیە گوێی بۆ شل ناکرێ لەبەر بچمی پێشکەشکەرەکەی.. تەلەفزیۆن هەیە بە هی کورد نازانرێت، چونکە فلانە ڕێکخراوی لەپشتە. جا ئەمانە بێ چەند و چۆن هەریەکە و هۆکاری خۆیان هەیە کە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە باسیان لێوە بکەین. ئەوەی تایبەتیشە بە کۆبوونەوە هەر هەمان تاس و هەر هەمان حەمامە. ئەگەر سێمیناردەر زەرد بێ، ڕەنگە کەسک گوێی لێ نەگرێ. خۆ ئەگەر کەسکیش بێ، دەشێ زەرد لێی بکەوێتە تەقە. برادەرێکم بۆی گێڕامەوە و وتی: بۆ فاتیحا خوێندنێ.. ڕوومان کردە شوێنێ.. هەرکە چووینە ژوورێ.. کۆمەڵێ دانیشتووی ئەوێ.. کە چاویان بە ئێمە دەکەوێ.. گورج دەچنە دەرێ.. چونکە ئەوان سەر بە حیزبێ.. منیش بە مەزەندەی ئەوان سەر بە حیزبێ. ئا ئەمەیە چۆنیەتی بیرکردنەوەی برێ، بگرە زۆر کوردی پەڕیوەی ئێرە و ئەوێ. جا بەم حاڵە چۆن ئیشمان دەبەینە سەرێ؟!

زۆربەی هەرەزۆری کۆبوونەوەکانی کوردان لە ئەوروپا، بگرە دانیشتنە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکانیش، گەلێ جار لە بابەتە سەرەکییەکانی خۆیان لادەدەن و کەسی ئامادەبوو و گوێگر و بینەر ماندوو و بێزار دەکەن. جگە لەوەی کە چەندین گفتوگۆی لابەلا و تیروتوانج لە یەک گرتن دەبنە هۆی ئەوەی کە خەڵک بە چ جۆرێ حەز لەم جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە نەکەن و بە پێشوازییەوە نەچن. ئەمە حاڵەتێکە گشتمان کەم تا زۆر لێی بەئاگاین و تاقیکردنەوەمان لەبارەیانەوە هەیە. هەمووما‌ن دەزانین گەلی کورد ئەمڕۆ پێویستی بەو کۆبوونەوە و کۆنگرە و دانیشتنانە هەیە کە بەرهەمدار و بەکەڵک بن، نەوەک قسەی سواو و شەڕ فرۆشتن بەم و بەو کە چیان لێ نایەتەبەر. خاڵێکی تر کە شایانی ئەوەیە پەنجەی بۆ درێژ بکرێت گوێ نەگرتنە لە یەکتر. چەندین جار لە کۆبوونەوە و سێمینار و جڤین ئامادە بووینە، لە وتەی بریقەدار و پێکەنینی تاڵ و قسەی بێ کردەوە و چەپڵەی یەک لە دوای یەک، شتێکی ترمان چنگ نەکەوتووە. لەپاشانیش وردە وردە هۆڵی کۆبوونەوە چۆل دەبێ و ئیتر گەڕەلاوژەیەکە هەر مەپرسە!

من کە یەکێ گوێم بۆ شل نەکا و گوێ بۆ کەسێ شل نەکەم، لەو کاتەدا هیچم بە هیچ نەکردووە و لە قسە دۆڕاندن زیاتر شتێکی دیکەم وەئەنجام نەگەیاندووە. بە بڕوای من ئێمەی کورد لە هەموو گەلانی جیهان زیاتر پێویستمان بە ڕا و تەگبیری یەکدی هەیە و، تەنیا بە گوێگرتنیشمان لە یەکتر خەڵکانی دی ناچار دەکەین و ناچاریش دەبن گوێمان لێ بگرن. ئەگەریش نا ئەوا ڕەوشی پڕ مەینەتی ئێستای

کوردستان لەبەر چاوی هەموومانە و، گەورە و گچکەی ئەم نەتەوەیەش جەرگی بۆ ئەم بارە کارەساتاوییەی نیشتمان دەسووتێت. کەواتە با بەر لە هەر شتێ گوێ لە یەکتر بگرین و بە ڕاگۆڕینەوە و پرس بە یەک کردن لەسەر بناغەی ڕاستەقینەی برایەتی گەورە بین.

چەندین جار بینیومە کۆمیتە و کۆمەڵەی هەمەڕەنگ ساز کراون، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، لەبەر هەر هۆیێ بێ، ماڵئاواییان لێمان کردووە. بەیان و بڵاوکراوەش یەک لە دوای یەک دەکەونە دەستی خوێنەرانەوە، لەژێر هەندێکیاندا کۆمیتە قووت کراونەتەوە، کەچی لە ڕاستیدا بە بیر و مێشک و کۆمپیوتەری تاقەکەس هاتوونەتە بەر. چەند ناخۆشە بەناوی کۆمەڵێ خەڵک و کۆمیتەیەک، کە بوونیان نەبێ، بابایەکی تر قۆڵی لێ هەڵماڵێ و شیر و تیر لەم و لەو بسوێ. ئایا ئەم جۆرە کارانە تا چ ڕاددەیەک زەرەر و قازانجیان بۆ کورد دەبێ؟ لەوانەیشە قازانجیان هەر لەبنەوە نەبێ.

بەداخەوە ئێمەی کورد، حیزبەکان ساغ بن، نەک هەر نەمانتوانیوە یەکێتی و یەکگرتن دروست بکەین، بەڵکو تا ئێستاش بە زەحمەت دەتوانین لەگەڵ یەک دانووستانمان هەبێ و، کار و بەرنامەمان یەکخەین. تا ئەمڕۆ چەند ڕێککەوتنی دووقۆڵی و سێقۆڵیی نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان توانیویەتیان شتێک لە قازانجی کورد بە ئەنجام بگەیەنن؟! لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئەمڕۆی پارتی و یەکێتیدا تاکە شتێ کە ڕێزی لێ نەگیرێت مافی مرۆڤی کوردە و بەس، دەنا هەموو شتێکی دیکە ڕەواجی خۆیان هەیە و هەر کەسێکیش فزە بکا و بڵێ لەل، "حەلاج" نا بە دەردی "حەللاق" دەبرێت(3). لە کۆتایی ئەم نووسینەدا دەڵێین ئەوەی کە ئەمڕۆ بەکەڵکی کورد بێت، تەنێ گوێ شلکردنە بۆ یەکدی و بیرکردنەوەیە لە بەرژەوەندی گشتی بەر لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی. لە حاڵەتێکیشدا گەر ئەمە نەکەین، ئەوا خۆمان بە دەستی خۆمان گۆڕ بۆ خۆمان هەڵدەکەنین.

ستۆکهۆڵم 20-11-1995

**پەراوێزەکان**

(1) مانگنامەی هەنگاو 22، ئۆکتۆبەری 1995، بنکەی ڕاگەیاندنی کوردی - لەندەن، ل 11.

(2) مجلة بانگی هەق"نداء الحق"، السنة السابعة، العدد الرابع عشر و الخامس عشر، سبتمبر 1995، الرابطة الكوردية الاسلامية ـ لندن، هجرة العقول الكوردية الى اوروبا!!، للباحث خالد خالد كۆچی، ص 14.

(3) شەهیدکردنی محەممەد حەللاق و هاوڕێیانی لە لایەن چەکدارانی یەکێتی تاکە نموونەیەک نییە بۆ شاڵاوی بەربڵاوی تیرۆر لە کوردستاندا. ئایا پەرێزی <u>کامە پارتی پاکە و بۆنی خوێنی لێ نایەت؟!</u>

* بارزان، ژمارە 21، فێبریوەری 1996، ئەمەریکا.

## بیست و سێ ڕۆژ لە ویرانەوڵاتێکدا*

ئەگەر گەشت و گوزار بەمانای هەواگۆڕین و فێنکایی دڵ و کات بەخۆشی بردنەسەر بێ، ئەوا بۆ ئێمەی کورد هاوکێشەکە بەپێچەوانە کەوتۆتەوە. هەر کوردێکی بەویژدان و نیشتمانپەروەر کاتێ بەسەردان دەچێتەوە وڵاتەکەی لە چەندەها دیاردە و دیمەنی خەمناک و لە کارەسات کارەساتتر بەولاوە شتێکی دیکەی بەرچاو ناکەوێت. من لەم نووسینەدا زیاتر مەبەستم باشووری کوردستانە کە تەنیا چەند ڕۆژ دەبێ لەوێندەرێ گەڕاومەتەوە.

کوردستان سەراپا خەمە. خەمی هەرەگەورەش سەرانی کورد بۆ کوردیان هێناوەتە بەرهەم. بەڵێ، ئەو سەرکردانەی کە بەر لە هەر شتێک بیر لە بەرژەوەندییە تەسک و تریسکەکانی خۆیان دەکەنەوە، ئینجا بەقسەی زل لە تەلەفزیۆنی حیزبەکانیاندا باس لە مافی مرۆڤ و کوردستانی ویرانەوڵات دەکەن. کاتێ مرۆڤ گەشتێک بەنێو شار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستاندا بکات زۆر بەسەرهات و ڕووداوی خەفەتاوی وەبەر گوێ دەکەوێ کە ویژدانی ئادەمیزاد دەبزوێنن و لە خەم و خەفەت زیاتر شتێکی دیکەی پێ نابەخشن.

سەرانی کورد و هەردوو زلهێزەکە، یەکێتی و پارتی لەبەر ناکۆکی و ململانێی یەکتری، بارێکی وەهایان بۆ کورد قووچ کردۆتەوە کە چاوپۆشین لێی، بە بڕوای من، ناپاکیکردنە لە خۆ و گەل و نیشتمان. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەم ڕەوشەی ئەمڕۆی خوارووی کوردستان، گەلی کوردی لەو پارچەیەدا نەک هەر زەبوون و زەلیل کردووە، بگرە هەستی دەروون و لێکدانەوەی مرۆڤی کوردیشی دابەش کردووە. لەنێو تاکەخێزانێکدا دەمەقاڵێ و مقۆمقۆی ئەوەندە سەیر وەبەر گوێی مرۆڤ دەکەون، کە ڕەنگە لە سەردەمی بەعسیشدا شتی وەها سەیر و سەمەرە ڕوویان نەدابێ: بەیەک هەڵپژان لەسەر ڕەنگ، لەسەر ڕەنگی کەسک و زەرد، لەسەر مامە و لەسەر کاکە کە کوردیان کردۆتە پەڕۆپیسەی سەر گووفەک. ئەم دیاردە ناشیرین و بێمانایە دەروونی پاک و مێشکی سپیی منداڵی کوردیشیان داگیرکردووە و ڕووەو شێوان و بزربوونیان بردووە. منداڵانی پەپوولە ئاساش لە ڕەنگی سەوز و زەردا دوو ئاغای شەڕ و دوو حیزبی مەترەق بەدەست و دوو میری جنگ بەخوێنی تاکە وڵاتێک دەبینن. ناسۆرەکە ئەوەندە قووڵ و گەورەیە هەموو کونج و کەلەبەرێکی جەستەی پڕ برینی کوردی گرتۆتەوە.

لە کوردستاندا هەموو شتێک کراوەتە دوو: خاک، میللەت، خێزان، ژن، مناڵ،...هتد. بەڵام لە هەمووی ترسناکتر مێشکی خەڵکەکەشیان لەنێو خۆیاندا لەت لەت کردووە. جانتا بەدەستێک کە ڕێگای قوتابخانە دەگرێتە بەر، دەبێتە قوتابی و فێرکار و فێرخواز.. دەچێتە قوتابخانە و فێرگەش. هەر حیزبە و زاراوە و زمانی تایبەتی خۆی هەیە. هەر کەسێکیش بەقسەی حیزبی دەسەڵات بەدەست نەکات یان لە قسەی دەرچێت، مەگەر تەنیا خوا بەخۆی بزانێ، جەستەی هەڵاهەڵاکراوی لەسەر چ سەرەنوێڵک و زبڵدانێکدا دەدۆزرێتەوە. کاری هەرەپیرۆزی حیزبی فەرمانڕەوا زەلام ڕفاندن و بێ سەر و شوێن کردنی کەسانی بەرهەڵست و تیرۆرکردنی تەنانەت خەڵکی ڕەشۆکیشە. پیاوکوشتن لەسەر ڕەنگ و لەقەپۆزدانی یەکتر دیسان هەر لەسەر ڕەنگ و، ماڵ پێ چۆڵکردن لەسەر فلانە حیزب و تەفروتوناکردنی فلانە بینا و خانوو و بارەگا، چونکە هی فلانە حیزب بوونە، ئەمانە و گەلێکی دیکەش بوونەتە دیاردەی ڕۆژانەی کوردستان. بەخراپی نازانین گەر لێرەدا دوو بەسەرهاتی ڕاستەقینە لەسەر چۆنیەتی دابەشبوونی حاڵەتی دەروونیی خەڵکی ئەمڕۆی کوردستان باس بکەین.

ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕێژگەیەک لە قوتابخانە دەچێتە ماڵەوە لە دایکی خۆی دەپرسێ: ئەرێ دایە گیان پێم ناڵێیت من قوتابیم یان فێرکار؟ دایکەکەش لە وەرامدا پێی دەڵێت: نە قوتابیت و نە فێرکار، تەلەبەیت! منداڵی بەستەزمانیش هۆیەک لە خۆی دەزانێ و لەبەرخۆیەوە دەڵێت: کەواتە من بەعسیم!

هەر دیسان ڕۆژێ لە ڕۆژان شۆخەکیژێکی شوونەکردووی نەخوێندەوار لە دایکی دەپرسێ: ئەرێ دایە گیان توخوا پێم ناڵێیت من ژنم یا ئافرەت؟ دایکیشی یەکسەر پێی دەڵێت: نە ژنیت و نە ئافرەت، بەڵکو کچیت و بەس!

ئەم دوو نموونەیەی سەرەوە شتێکی زۆر سادەن لەمەڕ هەستی دڵ و دەروونی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردەواریمان کە هەڵبەت بە دەیان نموونەی تریش هەن. کار هەر بەمەش نەوەستاوە. بگرە چەکدارانی هەردوو حیزبی حوکمڕان بە ئامێری بێتەل"جیهازی لاسلکی" جوێنی زۆر ناشیرین و دوور لە هەموو داب و نەریتێکی کوردەواری، حەواڵەی ماڵ و منداڵی سەرکردەکانی یەکتر دەکەن کە بێزم نایەت لێرەدا بەوردی لێیان بدوێم و بە ناوهێنان باسەکەی پێ پیس بکەم.

ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە خۆ باسی گرانی و قات و قڕی و دزی و جەردەیی و شڕەخۆری و زۆر دیاردەی دزێوی تر هەر ناکرێ، کە کورد وەکو گەلێک هەر لە دێرزەمانەوە خۆی لێیان پاراستبوو، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی سەری سەرکردە سەرەڕۆ و لێنەزانەکانیەوە بەدەست ئەم دەرد و پەتا کوشندە کۆمەڵایەتی و ئابووری

و سیاسییانەوە دەناڵێنێت. دڵنیام لەوەی ئەگەر سەرانی کورد و حیزبەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی، لەگەڵ یەکدا وەکو برا بوایەن، ئێستا ڕەوشی باشووری کوردستان ڕەوشێکی دیکە دەبوو و، ئابلۆقە و مابلۆقە ئەوەندە کاریان لێ نەدەکرد و کورد وەکو گوڵ لەسەر خاکی خۆی دەژیا. بەڵام ئەمە تەنیا بریایە و داری بریاش بۆ کەس بەری نەگرتووە تا بۆ کوردی لێقەوماو بەر بگرێ!



لە ئەنجامی حوکمڕانی جەنگەڵ ئاسای یەکێتی و پارتیدا میللەتی کورد ئەوەندە زەبری گیانی و ماڵی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لێ کەوتووە کە بە چ شێوەیێ نووسینێکی وا کورت دەرەقەتی باسکردنیان نایەت. مامۆستایەکی بێ پشت و پەنا کە مووچەکەی ناگاتە مووچەی چەک بەدەستێکی یەکێتی و پارتی، دەبێ چۆن بۆی بلوێ خێزانێک بەڕێوەبەرێ. لە کاتێکدا کە سەرلەبەری مووچەکەی بەشی فەردە برنجێ یا فەردە ئاردێ ناکات. بەڕاستی من خۆم سەرم لەم خەڵکە هەژار و بێدەرەتانە سووڕماوە و ناشزانم چۆن چۆنی گوزەران دەکەن؟!

مامۆستا بووەتە حەماڵ و مووچەخۆر لە شێخەڵڵا و دەڵاڵخانە بەنرخێکی هەرزان هەڕاج دەکرێن. مامۆستای زانکۆش لەبەر تیرۆر و ڕاونان هەر خواخوایەتی جێگەیەکی هێمن بدۆزێتەوە و بۆی دەرپەڕێت. بەکورتییەکەی ئەوەی هەبووەیە لە ترسان و ئەوەی نەبووەشە لە برسان ئارامیان لێ بڕاوە و چاوەڕوانی ڕەحمەتی خوان.

خەڵکینە.. کوردینە..

ئەگەر بڕوا دەکەن قوڕە گەورەکە بۆ کوردستان بەگشتی و بۆ هەولێر بەتایبەتی گیراوەتەوە. خۆ لە بیرتان نەچووە هەر بەر لە ماوەیێ بوو، یەکێ لە سەرکردە بەناو خاسەکان فەرمووبووی: هەولێر چ موقەدەساتێکی تیایە تا شەڕی تیا نەقەومێ؟ ئەی ئافەرین و سەد ئافەرین بۆ سەرکردەیێ کە بە کاولبوونی پایتەختی وڵاتەکەی شاد و کەیل و سەرمەست بێ! ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا شیراتۆن مانای پێشکەوتن و شارستانیەت و گەشەسەندنی ئابووری و بیناسازی ببەخشێ، ئەوا لە کاولەپایتەختی حکوومەتی "هەرێم"دا شیراتۆن و لقەکەی پارتی دەبێ ببنە ئارامگای

کوندەپەپوو و ڕاجیمە و تۆپی 106 ملیمی. لە کەلاوەکەی شیراتۆن و لقەکەی پارتی و بینا تەختکراوەکانی لای "حی العسکری" و پەرلەمان، دواکەوتوویی عەقڵیەتی سیاسەتمەدارانی کورد و گوێنەدانیان بە بەرژەوەندی کورد و کوردستان بە دیار دەکەوێ.



هەولێر بە بەراوردکردنی لەگەڵ زۆربەی زۆری ناوچەکانی دیکەی کوردستان هەتا بڵێی لە بارێکی خراپتر و نائارامتر و خەفەتاویتردا ژیان بەسەر دەبات. لە بادینان شێوە ئارامی و جۆرە بووژانەوەیەک لە ئارادایە. خەڵک لەوێندەرێ بەشەویش ترسی ئەوەیان نییە دز و جەردە و گیرفانبڕ رووتیان بکەن. بەڵام لە هەولێر ئەگەر کەچە بەرازیلییەکت هەبێ، دەبێ کەلاشینکۆف سەرینت بێ. شەو نییە خەڵک بەدەنگی تەقەی تفەنگ وەئاگانەیەن و گوێیان لە وتەی "سەگباب ڕاوەستە.." نەبێ. ئاسایش و ماسایشیش هەر لە شیرینەخەودا ئەسپێ لە باخەڵیان سەوزەڵە گیان دەڵێ. لە دەوری کاتژمێر دەی پێش نیوەڕۆ لە ڕێکەوتی 7-1-1996 بۆمبایەک لە دواناوەندیی دڵدار لە هەولێر تەقیەوە. خەڵکی گەڕەکی 99 و 92 هەر بەجارێ ڕژانە قوتابخانەکە بۆ سەر و سۆراغی جگەرگۆشەکانیان. خۆشبەختانە ئەمجارە کارەساتەکە بێ کارەسات کۆتایی پێ هات. بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لە سەری خۆی دەدا و دەیگوت: قەت بووە قوتابخانە بێ تەلەفۆن بێ!! ئەمە و لە کاتێکدا بارەگای هەر ڕێکخراوێکی پەنجا کەسیش هەموو کەرەسە و ئامێرێکی پێویستی تێدا بەر چاو دەکەوێ. خەڵک لەگەڵ ئەم جۆرە تەقینەوە و ڕووداوانە ڕاهاتوون و دەشزانن هەر حیزبەکان خۆیانن ئەم کردەوە چەپەڵانە ئەنجام دەدەن.

دیاردەی دزیکردن بە شێوەیەکی زۆر ترسناک لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و چەندەها لق و پۆپیشی لێ دەبێتەوە: هەڵکوتانە سەر ماڵ بەشەو، ڕاگرتنی زەلام و ڕووتکردنی، دزینی ئۆتۆمۆبیل و فرۆشتنەوەی، ڕفاندنی منداڵ بۆ مەبەستی وەدەستخستنی پارەوپوول و گەلێکی دیکەش. ئەمە و جگە لە دەست تێکەڵاوکردنی دەستە و دایەرەکانی حکوومەتی "هەرێم" لەم کارە هەرەدزێو و ناشیرینانەدا. دزیکردن شێوەیەکی تری هەرەسەیری بەخۆوە گرتووە، ئەویش لە ڕێگای فرۆشتنی کەرەسەی خواردەمەنی و سووتەمەنی و ئارد و برنج و جۆرەها کەرەسەی دیکەی قەڵپ. بۆ

زیاتر ڕوونکردنەوە: نەوت دەکرێ ئاوی لەگەڵدا تێکەڵ کراوە، بەنزین دەکرێ نەوتی لەگەڵ تێکەڵ کراوە، لەبنی تەنەکەڕۆن پەتاتەی سپیکراو دەدۆزیتەوە. لەگەڵ چەشنەها بەهارات پەلکە گندۆرە و میوەی تری وشککراوە و وردکراو تێکەڵ کراون.

خەڵکی بێچارەی کوردستان هەر شتێ بکەن لێیان ناگیرێت، بەڕاستی لە ئەنجامی سیاسەتی گەوجانەی یەکێتی و پارتی دار لەسەر بەرد نەماوە و، شیرازەی ژیان و کۆمەڵگای کوردەواریمان لە بن و بۆتکەوە هەڵتەکێنراوە. لە کوردستاندا، بەتایبەتیش لە هەولێر و دەوروبەری، بێ یاساییەک بڵاوبۆتەوە کورد گۆتەنی: سەگ بە سەگیی خۆی ساحێبی خۆی ناناسێتەوە. هەولێر خەمبارە و خەمی لێ دەبارێ. بێ کارەبا و بێ ئاوە، ڕۆژ نییە لە کۆڵانەیەکی گەڕەکە نادەستڕۆیشتوو و هەژارەکاندا، لەسەر ئاو، ژنان دەست نەخەنە قژی یەکتر و چەندین جوێنی ڕەواش بۆ سەرانی کورد ڕەوان نەکەن. خەڵک لەسەرمان هیتەر پێدەکەن. کارەباش کەمە و بەرگەی هیتەر ناگرێ. لە ئەنجامیشدا شەو نییە محاویلەی کارەبا نەتەقێ. نەوتیش تەنیا خەڵکی خواپێداو پێی شاد دەبێ، چونکە جلیکانی بە 85 دینارە.

لەڕووی ڕاگەیاندنەوە تەلەفزیۆنی حیزبەکان وەکو کەناڵە عەرەبی و تورکی و هەندێ کەناڵە جیهانییەکانی لێ هاتووە. لێرەدا زیاتر مەبەستم لە کەناڵی حیزبە گەورەکانە. ڕۆژ تا ئێوارێ لەم کەناڵانە گۆرانی تورکی و عەرەبی و فارسی و بێگانە لێ دەدرێن. هەڵبەت بەهۆی پەڕابۆڵەوە ئەم گۆرانی و پرۆگرامانە دەگوازنەوە بۆ تەلەفزیۆنەکانی خۆیان. ئەوەی بۆنی کوردایەتی لێ بێ، مرۆڤ لەم کەناڵە تەلەفزیۆنییانە بەدی ناکات. ڕۆژ ڕۆژی ئیبراهیم تاتلیساس و سەحەر و ڕاغیب عەلامە و هی دیکەیە کە ناوەکانیان باش نازانم. لە کوردستان هەرکەس بووەتە پیاو: تورکمان، ئاشووری، تورک، عەرەب، ئێرانی و زۆری تریش. بەڵام ئەوەی کە بە داماوی و زەلیلکراوی مابێتەوە کوردەکە خۆیەتی. دەزگا سیخوورییەکانی گشت دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە شارەکانی حکوومەتی "هەرێم"دا تەراتێنیانە و کەسیش پێیان ناڵێن بەری چاوتان ڕەشە. یەکێتی و پارتی خەڵکەکەیان وا لێ کردووە لە "منظمات" زیاتر چی دیکەیان لەسەر زار نەبێت. خوا خێری ئەو خێرخوازانە"هەموویان نا" بنووسێت کە هەندێ لە دێهاتەکانی کوردستانیان ئاوەدان کردۆتەوە. ئەگەر بەویژدان بم دەبێ لەم بوارەدا پەنجە بۆ ڕۆڵی "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان" درێژ بکەم. بەڕاستی ئەوان هەر چ مەبەستێکیشیان هەبێ، خەڵکی کوردستان لێیان ڕازین و باسی خزمەتەکانیان دەکەن. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە گومرگەکانی ئیبراهیم خەلیل، شوفێری تەکسییەکی

خەڵکی زاخۆ بەخۆی پێی گوتم، هەموو ئێواران بە پیکابێکی تایبەتی لە زاخۆوە دەیهێنن بۆ دهۆک. لەوێش چی بەسەر دێ ئەوە خوا بەخۆی دەیزانێ.

هەرچەندە ئێستا شەڕوشۆڕ لەنێوان یەکێتی و پارتیدا لە جاران کەمتر بۆتەوە و ڕەوشێکی نە شەڕ و نە ئاشتی لە ئارادایە، بەڵام ناوەبەناوەش دەستی چاک لە یەکتر دەوەشێنن، جگە لە شەڕی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنەکانیشیان. لە هەمان کاتدا هەریەکە و لە خۆ پڕ چەککردن و کڕینی تانک و تۆپ و کەرەسەی جەنگیدایە. لە بەر چاوی خۆم لە کەسنەزان بە قەنناس و هاون لە یەکیان ئەدا. لەسەر دوو دێی کوردستان "زیارەت و کلاوقاسم" چەندیان لە یەک سارد کردەوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لێیان دەپرسن: بۆ ناچن کەرکووک و شوێنەکانی دیکەی کوردستان ئازاد بکەن کە ڕۆژانە ڕژێم کوردیان لێ وەدەردەنێ؟! دانیشتووانی کوردستان وایان لێ هاتووە سەد جار خۆزگە بە کفنذ بخوازن. برادەرێکم هەیە لە بنەسلاوەی بەرامبەر بە کەسنەزان لە ترسی ڕاجیمە لە ماڵەکەی خۆیاندا چاڵ"کونەفیراری زەمانی بەعسی" لێ داوە.

لەمانە هەمووی گەڕێ. ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی ڕووی لە دەرەوەیە، ڕووی بەرەو ئەورووپایە. ئەورووپایەک کە ئەوان زۆر کەمی لەبارەیەوە دەزانن. لە سلۆپی خێزانەکوردێکی سلێمانیم تووش بوو، ئەڵقەی دەستی خۆیان فرۆشتبوو، هەر بۆئەوەی بگەنە ئۆکراینا و مۆسکۆ و لەوێوەش بچنە دەوڵەتەکانی ئەورووپا. ئێمە زۆربەمان ئاگاداری باری نالەباری ئەم کەسانەین کە ئەو ڕێگایەیان گرتۆتە بەر. بەقسەی خەڵک ڕۆژێ هەشت کەس لە ئیبراهیم خەلیل ئیزن دەدرێن بۆ دیوی تورکیا. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ساڵێ دەکاتە نزیکەی 3000 کەس. هەڵبەت ئەمە بەشێوەیەکی ڕەسمی، ئەی چ لەوانە بکەین کە لە شوێنەکانی دیکەوە بە قاچاغ چەندین سنوور دەبڕن.

لە هەولێر کە وەفدی ئێرانی هات، بەعسی ئاسا خەڵک خڕکرانەوە بۆ پێشوازیکردن لە وەفدی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان. لە قەڵای سەوز، لە بنەسلاوە بە ڕیم خەڵک ئەبرانە بەردەم بینای پارێزگای هەولێر. تەنانەت مناڵانی قوتابخانەکانیش، ئەوانەی کە دەستی پەڕۆی سەوز بگرێ، لەسەر حیسابی خۆشیان، واتە دەبوایە دوو دیناری ڕیمیان پێ بوایە، ئینجا دەبرانە بەردەم "موحافەزە" بۆئەوەی بە پەنجە ناسک و ساردەکانیان سلاو لە ئاغای محەممەدی بکەن. لە هەندێ قوتابخانە بە مامۆستاکانیان گوتبوو ئەگەر ئامادە نەبن بە "غیاب"تان دەنووسین و لە مووچەتان دەبڕین. ئاسایش تەکسیان ڕادەگرت و پەڕۆی

کەسکیان لە ئالیاری ئۆتۆمۆبیلەکان دەخست. بازاڕیش هەمووی داخرابوو. باش بوو ئەو ڕۆژە باران باری. خەڵک بە گاڵتەوە دەیانگوت ئاغای محەممەدی بارانی لەگەڵ خۆی هێنا. لە دهۆک و ناوچەکانی بادینانیش هەر هەمان وەفد پێشوازییان لێ کرا و تاجەگوڵینەیان لەسەر گڵکۆی بارزانی دانا. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە باسی "هیلال ئەحمەری تورکی" و بە تورکمان خۆ نووسین و چەندین دیاردەی مەترسیداری دیکە هەر ناکرێت.

قسە گەلێ زۆرە، بەڵام لە دەرفەتێکی وەها کورتدا مرۆڤ بە چ شێوەیێ ناتوانێ بەدڵی خۆی ئاخ و کەسەران هەڵڕێژێ و، باسیماڵوێرانیی کورد و زیندەبەچاڵکردنی کوردستان بکات. من لەم نووسینەدا سەرپێیی بۆ شتەکان چووم، دەنا هەر مەسەلە و باسێکی تایبەتی گەرەکە. دەبێ ئەوەش بڵێین لە هەر کۆمەڵگایەکدا دیاردە خراپەکان بەزەقی بەر چاو دەکەون. جا بۆ ڕەخنە لە باشە بگیرێ؟! لە کۆتاییدا منیش هەر ئەوەندەم بۆ ماوە، دەنگم بخەمە پاڵ دەنگی مناڵانی ڕەش و ڕووت و برسیکراوی کوردستان و پێکەوە هاوار بکەین: زگ بەرمیل و سەر تایە کوردستانیان تێکدایە!

* هەڵەبجە، ژمارە 26، مای 1996، سوێد.

## هەر ئەوەمان کەم بوو: تورکمانچێتی و بەتورکمانکردن لە باشووردا!!*

دەمەوێ لەم نووسینەدا سەرنجی خوێنەران بۆ دیاردەیەک ڕابکێشم کە پەیوەندی بە باری نالەبار و شلۆقی کوردستانی باشوورەوە هەیە. لام وابێ زۆربەشمان لێی بەئاگاین ئەویش دیاردەی تورکمانچێتی و خۆ بە تورکمان ناونووسکردن و مەبەستە گلاوەکانی تورکیای هەرەسەرسەختی کوردانە.

بەر لە هەر شتێ خراپ نابێ گەر بەکورتیش بێ، بچینە سەر بنەچەی تورکمانەکان و سەرەتای پەیدابوون و دەرکەوتنیان لە ناوچەکەدا. لە بەشی یەکەمی چاپی دووەمی ئینسکلۆپیدیای سیاسەتدا کە لە لایەن "د.عەبدولوەهاب ئەلگەیالی"یەوە ساڵی 1985 لە بەیروت چاپ کراوە، سەبارەت بنەچە و ڕەسەنی تورکمانەکان ئەم زانیارییانەی خوارەوەمان بەر چاو دەکەوێ:

تورکمان گەلێکی ئاسیایی تورکییە، ڕەگەزی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزەکانی ئۆغۆز کە لە دەوروبەری سەدەی حەوتەمدا یەکێتییەکی 24 عەشیرەتی پێکهێنابوو لە مەنگۆلیا"مەنگۆلستان". لە سەدەی دەیەمدا ئۆغۆزەکان نیشتەجێی نێوان ئۆراڵ و دەریای قەزوێن بوون و باوەڕیشیان بە ئایینی ئیسلام هێنا. لە کۆتایی هەمان سەدەدا بەشێکی گەورەیان وەدووی سەلجووقییەکان کەوتن تاکو تورکیای ئەمڕۆ، هەر لەوێ ڕۆژێوە وشەی "تورکمان" لە نووسراوەکانی دانەرە عەرەبەکاندا بە مانای ئەو ئۆغۆزییانە هاتووە کە لە ئاسیای ناوەڕاستدا ماونەتەوە. هەتا سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمیش زۆربەی هەرەزۆری تورکمانەکان بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریک بوون و لەهەمبەر ئاغا ئۆزبەگییەکانیان لە مێرگەکانی خیفا و مەرڤ و بوخارا ڕادەپەڕین. ئەگەریش نا ئەوا لەنێو خۆیاندا لەسەر پاوان و دەستکەوتەکان بەشەڕ دێن.

جەردەیی و تاڵان و بازرگانیکردن بە کۆیلەوە سەرچاوەی سەرەکیی بژێوییان بووە. بە هەزاران فارس و ئەفغانی و ڕووس وەکو کۆیلە لە بازاڕەکانی خیفا و بوخارا فرۆشراون. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆتە بیانوو بۆ قەیسەری ڕووسیا تاکو لە ساڵی 1839 دەست بکا بە هێرشی سەربازیی بۆ سەر خیفا و لە ئەنجامیشدا ڕزگارکردنی دوو هەزار کۆیلەی ڕووسی. لە ساڵی 1873 ڕووسەکان دوای شەڕێکی دژوار لەگەڵ تورکمانەکان دەستیان بەسەر خیفادا گرت. ئینجا لە ساڵی 1880 ڕووسەکان دەستیان کرد بە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر بەنێو ناوچەی قەزوێن بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر تورکمانستان و لە هەمان کاتیشدا ڕێگا نەدان بە چوونە

ناوەوەی ئینگلیز بۆ ناو هیندستان. دەسەڵاتی ڕووسەکان بەرە بەرە ڕووی لە زیادبوون دەکرد، تا لە کۆتاییدا توانییان جێپێی خۆیان لە ئاخروئۆخری سەدەی ڕابردوو لەوێندەرێ قایم بکەن. تورکمانەکان کە موسڵمانی سوننی مەزهەبن، نزیکەی 65%ی سەرجەمی دانیشتووانی کۆماری تورکمانستان پێکدێنن، کە ساڵی 1924 دامەزراوە و ڕووبەرەکەشی 448.000 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتووانیشی نزیکەی دوو ملیۆن و نیو دەبێت. پایتەختەکەی شاری ئەشخابادە کە نزیکەی 300.000 کەس دەبێت. جگە لەمە نزیکەی 400.000 تورکمان لە ئەفغانستان و 350.000 لە ئێران و 250.000 لە تورکیای ناوەڕاست هەن. "ئەم ژمارانەش بەگوێرەی مەزەندە سۆڤیەتییە کۆنەکان دانراون". کۆماری تورکمانستانی سۆڤیەتیی جاران لە بواری پەروەردە و فێرکردندا گەشەسەندنێکی خێرای بەخۆیەوە بینیوە. "ڕێژەی خوێندەواری لە 97% بووە". هەروەها لە ڕووی بەرهەمهێنانی گاز و نەوت بە پلەی سێیەمی کۆماری سۆڤیەتیی جاران ژمێردراوە. ڕەوشی ئافرەت لەوێدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی پیشەسازی و ڕێکخستنی شارەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان بەرەو باشی چووە. زیاتر لە 50%ی سەرجەمی چاپکراوەکانی تورکمانستان لە ساڵی 1964 بە زمانی تورکی دەرچوونە.(1)

سەرەڕای ئەم پێناسەیەی سەرەوەش پرۆفیسۆر م.س.لازاریف وەها لەبارەی تورکمانەکانەوە دەدوێت:"تورکمانەکان دانیشتووانی باکووری مێزۆپۆتامیان کە بە تورکی قسان دەکەن و لەڕووی ئەتنۆگرافیشەوە جیاوازییان هەیە لەگەڵ تورکەکانی ئاسیای بچووک و تورکمانەکانی ئێران و ئاسیای ناوەڕاست. گەلێ جار ئەم ڕەگەزانە تێکەڵاو دەکرێن".(2)

وەک ئاشکرایە تورکیا لەمێژە چاوی بڕیوەتە چاڵە نەوتەکانی باشووری کوردستان لە مووسڵ و کەرکووک. سیاسەتمەدارانی تورک بە دزی و بە ئاشکرا لە زۆر بۆنەدا مەبەستە گڵاوەکانی خۆیانیان درکاندووە و، ئەوەی کە چ نرخ و بایەخێکیان پێ نەدابێ کورد و خاکی کوردستان بووە. کاتێ مرۆڤ لە پەیمانی میللی تورکان ورد دەبێتەوە زۆر شتی بۆ دەردەکەوێت لەمەڕ تەماحکاری و چاوتێبڕینەکانی تۆرانییە تورکەکان: پەیمانی میللی"پەیمانی نەتەوەیی" چەمکێکە خراوەتە بەرنامەی ئەو بزووتنەوەیەی کە مستەفا کەمال سەرکردایەتی دەکرد لە بارودۆخەکانی شەڕ و داگیرکردنی ڕاستەقینەدا، بەتایبەت دوای ئاشبەتاڵی ئایدیۆلۆژییەکانی وەک "تۆرانیزم" و "ئیسلامیزم"ی سەر بە بۆرژوای تورک کە لە "کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی"دا خۆی ئۆرگانیزە کردبوو لە پێناوی پاراستنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی لە

ڕووخان و نەمان. بەگوێرەی پەیمانی ناوبراو:"خاکی تورکیا تا ئەو شوێنە درێژ دەبێتەوە کە سەربازی تورک پێی دەگات". بە ڕاددەیەکی گەورە ئەم بەرنامەیە وەدی هات و، سنوورەکانی تورکیای تازەش کە ساڵی 1923 دامەزرا، هەر لەسەر بناغەی ئەم پەیمانە کێشران. پێوەلکاندنی سنجەقی ئەسکەندەروونە بە تورکیا دوای ساڵی 1939 بەشێکی ئەم بەرنامەیە بوو، بگرە تا ئێستاش بۆرژوای تورک ناوچەکانی حەلەب و کەرکووک و مووسڵ بە بەشێکی ناوچە سنوورییەکانی خۆی دەزانێ کە لەبەر بارودۆخە مێژووییەکانی ئەوکات نەتوانرا بخرێنە سەر تورکیا، چ کاتێکیش دەرفەتی لەبار هەڵکەوت ئەوا ئەم هەرێمانە لە سەرووی خشتەی کاروبارەکانی تورکیا دادەنرێن.(3)

شەهید د.قاسملو لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا دەڵێت: کوردەکان 85%ی سەرجەمی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان پێکدێنن، ئەوەی کە دەشمێنێتەوە بریتییە لە 400.000 تورک، 300.000 ئازەری، 150.000 فارس، 250.000 عەرەب و




200.000 لە خەڵکانی دیکەی وەک تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنەکان.(4)

خوازیارانی تورکیای مەزن هەوڵ و تەقەلایەکی بێهوودە دەدەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کەرکووک شارێکی تورکمانییە. هەڵبەت شتێکی بەڵگەنەویستە کە

کەرکووک شارێکی ئێجگار دێرینی  کوردە و بە بەردەوامیش زۆربەی دانیشتووانی کورد بووە. هەروەها "کوردەکان سێ لەسەر چواری دانیشتوانی شارەکە پێکدێنن، ئەوەی دەشمێنێتەوە تورک و عەرەبن". ئەم دێڕە نووسینەی نێوان دوو کەوانەکان کتومت دەقی ئەو وتەیەیە کە لە لاپەڕە 3802ی بەشی پێنجەمی کتێبی "ئینسکلۆپیدیای دنیا"دا هاتووە کە لە ساڵی 1896 بە زمانی تورکی لە ئەستەمبووڵ دەرچووە.(5)

لیژنەی تایبەتی سەر بە "کۆمەڵەی نەتەوەکان" کە لە ساڵی 1925 نێردراوەتە ناوچەکە، دابەشبوونی شاری کەرکووکی لەڕووی نەتەوەییەوە وەها پیشان داوە:

ژمارەی کوردەکان   87.500 کەس، لە سەدا 63%ی دانیشتوانی شارەکە.

ژمارەی عەرەبەکان   25.250 کەس، لە سەدا 18%ی دانیشتوانی شارەکە.

ژمارەی تورکمانەکان   26.100 کەس، لە سەدا 19%ی دانیشتوانی شارەکە.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ یەکەمین هەنگاوی بە کردەوەی نیشتەجێکردنی عەرەب لە پارێزگای کەرکووک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1937 لە سەردەمی حوکمڕانیەتی مەلیک غازی و وەزارەتی یاسین ئەلهاشمیدا.(6)  هەروەها بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی 1957 ژمارەی تورکمانەکان لە لیوای کەرکووک گەیشتۆتە 83.371 کەس. کورد و ئێزیدیش بەیەکەوە ژمارەیان 187.593 کەس بووە.(7)

کاتێ سەیری سەرژمێری ساڵی 1965 بکەین، دەبینین ژمارەی تورکمانەکان لە سەرجەمی عێراق و کوردستاندا 165.250 کەس بووە(یان 2%ی سەرجەمی دانیشتوان). کورد و ئێزیدیش پێکرا ژمارەیان 1.270.424 کەسە(یان 15.37%ی سەرجەمی دانیشتوان).(8) هەرچی هەولێرە کە تورکمانیشی تێدا دەژی بەم شێوەیەی خوارەوە ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی دیاری کراوە(دابەشبوونی دانیشتوان بەگوێرەی زمانی دایک لە ساڵی 1957)(9):

| | | |
|---|---|---|
| کوردی | 30.527 کەس | %76.5 |
| تورکی | 6.535 کەس | %16.4 |
| عەرەبی | 2.722 کەس | %6.8 |
| کلدانی و سریانی | 47 کەس | %0.1 |
| زمانە نادیارەکان | 82 کەس | %0.2 |
| سەرجەم | 39.913 کەس | %100 |

هێنانەوەی ئەو ژمارانە لێرەدا تەنێ وەک بەڵگەی مێژوویی بوو. بێگومان لە ئەنجامی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە لایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی

عێراقەوە زۆربەی زۆری شار و هەرێم و ناوچەکانی کوردستان بە خراپترین و چەپەڵترین شێوە تێک و مەکان دراون و، لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە بەتەواوەتی شێوێنراون. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە لە ئاکامی شەڕوشۆڕی بەردەوام و بێبەرنامەیی و ناهۆشیاریی کورد خۆیەوە، بەتایبەتیش سەرکردەکانی، کوردستان وەک وڵاتێک ئاتاری پاتاری لەسەر نەهێڵراوە و بگرە و بەردەیەک لە ئارادایە هەر مەپرسە. تەنێ بە چاوپیاخشاندنێکی ڕۆژنامەکانی کوردستان مرۆڤ زۆر شتی بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەوەی کە پێی دەوترێت کوردستانی، ئەگەر "حزب الاتحاد التركماني" و "حزب الوطني التركماني العراقي"(10) و ڕێکخراوەکانیان نەبن، دەبێ کێ بن: رابطة طلبة التركمان، یەکێتی قوتابیان و لاوانی گەلی تورکمان ـ عێراق و اتحاد الطليعة و الشبيبة التركمان؟(11)

لە نامەیەکی تایبەتیدا کە بۆ برایەکی خۆشەویست و باوەڕپێکراو ناردبووم، سەبارەت هەر هەمان مەسەلە لە وەرامدا وتبووی:"دەربارەی سەرنجتان لەبارەی پارتە تورکمانە کوردستانییەکان کە لەگەڵ پارتە جیاجیاکان لە مانگی هەنگویندان، ڕاستییەکەی من سەرم لێ سووڕماوە. بەڵام ئەوەی کە ئەو کڵاوەی لەسەر کورد دانا و بە فیتی تورکیاش مام جەلال بوو. ئەو هەستا هەر زوو لە هەولێرێ ڕێکخراوێکی دانا بەناوی "ڕێکخراوی هەولێری"یان و محەممەد محێدینی لە ئێمە کرمانجتر کردە کوێخایان. ئینجا پارتیش کەوتە پێشبرکێ. مەسەلە وای لێ هات ئەوەی لە هەولێر ئەمڕۆ بڵێ ئەکمەک ـ نان ئەوا تورکمانە. هەڵبەت هیلالی ئەحمەری تورکیش هەویەی تورکمانی بۆ ئازووقە بۆ دەیان هەزار کرمانجی سەیداوە و سێتاقان دروست کردووە. ئێستا بچیتە هەولێرێ، گەڕەک نەماوە چەند ڕێکخراوێکی تورکمانی تێدا نەبێ. وا بزانم هەندە خزمی منیش خۆیان بە تورکمان ناونووس کردووە. جا نازانم خزمەکانی تۆ! مەکتەبی تورکمانیش لە هەولێرێ کراوەتەوە. پێی ناوێ لە کوردستان، جوو، سەلیبییەت، تەبشیر و ئەتاتورکی برەویان سەندووە. دەڵێم خوانەکا ئینتیخابات و ئیحسائیە بکرێ، بڕوا بکە نیوەی هەولێرێ بە تورکمان دەردەچن. سەیر ئەوەیە یەک لە لێپرسراوەکانی تورکمان ناوی خاڵە دڵشادە!! پێش چەند مانگێکیش موزەفەر ئەڕسەلان سەرۆکی حیزبی ئیتیحادی وەتەنی تورکمانی یاداشتنامەیەکی دابووە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و ئەمەریکا، دەڵێ ئەوەی لە شیمالی عێراق هەیە ئەوە دەوڵەتە و فیدرالیەت نییە، ئەوجا خۆتان هەڵکەن!".(12)

ڕێی تێدەچێ هەندێ خوێنەر لەپاش خوێندنەوەی ئەم وتارە، من بە تەنگەنەزەر و بەرچاوتەنگ لە ئاست کەمەنەتەوە و کەمەئایینییەکانی کوردستان

تاوانبار بکەن. ئەوی ڕاستی بێ مەبەستی هەرسەرەکیم لە ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا تەنێ سەرنجڕاکێشانی خوێنەری کورد بوو لەمەڕ مەسەلەیەکی گرنگی ئەمڕۆی کوردستان. وەک دوا وتەشم دەڵێم بەهەند هەڵنەگرتنی شتان دەردەسەری لەدوایە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

(1) ئەنسکلۆپیدیای سیاسەت، دانەری سەرەکی د.عەبدولوەهاب ئەلگەیالی، بەشی یەکەم، چاپی دووەم 1985، بەیروت ـ لوبنان، ل 708 و 709(بە زمانی عەرەبی).
(2) م.س.لازاریف، مەسەلەی کورد 1917ـ1923، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: د.عەبدی حاجی، دار الرازی، بەیروت ـ لوبنان، چاپی یەکەم 1991، ل 166.
(3) دۆزی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و ڕێگای چارەسەر، لە بڵاوکراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ل 241(بە عەرەبی).
(4) کوردستان و کوردەکان، د.عەبدولڕەحمان قاسملو، بەیروت ـ لوبنان، چاپی یەکەم 1970، ل 27(بە عەرەبی).
(5) هەمان سەرچاوە، ل 356.
(6) کەرکووک ـ چەند شتێکی مێژوویی، لەیلا نامیق جاف، لە پێشەکی کتێبەکە بە پێنووسی حەبیب محەممەد کەریم، بڵاوکراوەکانی خەبات، 1992، ل 8 و 9.
(7) هەمان سەرچاوە، ل 71.
(8) هەمان سەرچاوە، ل 73.
(9) شاری هەولێر، د.هاشم خوزەیر ئەلجەنابی، زانکۆی مووسڵ 1987، ل 35(بە عەرەبی).
(10) هەفتەنامەی یەکگرتوو، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات، ژ 20، 9ـ12ـ1994، ل 4، هەولێر ـ کوردستان.
(11) یەکگرتوو، ژ 10، 9 تا 22ی 9ـ1994، ل 2.
(12) نامەیەکی تایبەتی بۆ نووسەر، 18ـ1ـ1995.

* هەتاو، ژمارە 3، مای 1996، بەریتانیا.

## ژنکوشتن و (یاخیبوونی نابەجێ)*

خوێنەری بەڕێز

ئەم ڕاپۆرتەی کە دەیخوێنیتەوە لە لایەن ساندیکالیستانی سوێدییەوە ئامادە کراوە. لە سەرەتادا بەتەما بووم بە کەمێ دەسکارییەوە وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، بەڵام کە خوێندمەوە بۆم دەرکەوت وەرگێڕانی تەواوی بابەتەکە دەبێتە هۆیەک بۆ باشتر پیشاندانی ڕەوشی ژنانی ئەمڕۆی کوردستان لە سایەی حوکمڕانانی باشووردا. دەبێ ئەوەش بڵێم کەسانێکی سوێدی کە چوونەتە کوردستان، کێیان دیوە و نەدیوە، قسەیان لەگەڵ چ لایەن و ڕێکخراوێک کردووە، ئەمانە بۆ من ئەوەندە گرنگ نین. مەبەستی هەرەسەرەکیی من لە کردنە کوردی ئەم باسە، تەنێ و تەنێ درکاندنی ڕاستییەکانە لەبارەی مژارێکی بەرچاو و ترسناکی ئەمڕۆی باشووری کوردستان. ئەگەر لە ناواخنی ڕاپۆرتەکەدا هەست بە پڕوپاگەندەکردنیش بکرێ بۆ ئەم لایەن و ئەو لایەن، ئەوا ئۆباڵ وەئەستۆی ئامادەکەرانی باسەکەیە نەک بەندە. حوکمی دواییش هەمیشە و هەمیشە بۆ خوێنەرانی خۆشەویست و ئازیزە. لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی خۆم پێشکەش بە کاک ڕەفیق سابیر بکەم کە لە ڕێکەوتی 1996-5-6 بابەتە سوێدییەکەی بۆ ناردم. ئاواتەخوازم وەرگێڕانی ئەم بابەتە لە قازانج و سوودی دۆزی ڕەوای ئافرەتانی کوردستاندا بێ و جێگای ڕەزامەندیی خوێنەرانیش بێ. وەرگێڕی کوردی ستۆکهۆڵم 12-5-1996

بەدەستخستنی وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای ژیانی ژنان لە کوردستاندا زەحمەتە. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە ناوچەکەوە دێن و لەبەر دەستیشن، بۆ نموونە لە لایەن ئەمنستی و تاک و تەرای ڕۆژنامەنووسانەوە، بەشی هەرەزۆریان سەبارەت بە پیاون نەک ژن. گەلێ لەو پارت و ڕێکخراوانەی کە لە ماوەی گەشتەکەماندا چاومان پێیان کەوت چ زانیارییەکی ئەوتۆیان لا نەبوو لەمەڕ بارودۆخی نائاسایی ژنان. بنچینەی ئەم وتارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ سێ ئافرەتی چالاک لە ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان"WIO" ئەنجام دراون. ڕێکخراوی ناوبراو لە پێناوی مافەکانی ئافرەتان لە عێراقدا تێدەکۆشێت.

یەکێک لەو ئافرەتانەی لە ستۆکهۆڵم چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کرد "بەهرە" بوو. ئەو مێردی بە پیاوێکی کورد کردووە کە هاووڵاتیی سوێدە و لە مانگی یەکی

1995 بەهرە لەگەڵ مێردەکەی ڕووی کردۆتە سوێد. بەهرە دەگێڕێتەوە: کاتێ چووینە لای قازی بە مەبەستی مارەبڕین لە شاری هەولێر، ئەو"مێردەکەم" داوای لێم کرد باوکیشم دەبێ لەوێندەرێ ئامادە بێ و ڕازیبوونی خۆیشی دەربڕێ. من 30 ساڵەم و مێردەکەشم 40 ساڵە. قازی لە کارەکەیدا گەڕایەوە بۆ کۆنە یاسایەک کە چەندین ساڵ دەبێ هەر بەکار نەهێنراوە، بەڵام هەر لە سەرەتای 1991ەوە زۆر لەم جۆرە یاسایانە دووبارە بەکار هێنراونەتەوە.

بە بۆچوونی بەهرە بزووتنەوەی پەرەسەندووی فۆندەمێنتالیزم، لە سەرووی هەمووشیانەوە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، هەڕەشەیەکی گەورە پێکدێنێ لە دژی ئافرەتان لە وڵاتەکەی ویدا. لەم ساڵانەی دواییدا لە سۆنگەی پڕوپاگەندەی ئەم جۆرە بزووتنەوانەوە ئاستی یەکسانێتی پاشەکشێی کردووە. زۆر لە شۆخەژنان دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی پەچە و ڕووپۆش. هەروەها سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی مۆدێلە کۆنەکانی چەوساندنەوەی ئافرەتان. کچانێکی زۆر، بەتایبەتی لە دێهاتەکاندا، لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا بەشوو دەدرێن، کەسیش حەوجەی بەوە نییە لە خواستی بووک بپرسێت. ژنان بۆیان نییە داوای تەڵاق بکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەمە مافێکی پیاوانە. بەدەگمەن پیاوان ئەم مافەیان بەکار دەبەن، چونکە ڕێگای "هاسانتر" هەیە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ژنێکی نابەدڵ.

## کوشتنی کوێرانە

شلێر و شەوبۆ کە دوو ئەندامی چالاکی "WIO"ن لە سلێمانی، باس لە کوشتنی کوێرانە دەکەن. کاتێ پیاوێک پەڵپ بە ژنی خۆی دەگرێ، گوایە شتێکی نابەجێی ئەنجام داوە، ئیتر ژنە بەوە تاوانبار دەکات کە نایەوێ مەرامی سێکسییانەی پیاوەکە بەجێبێنێت و لەم ڕووەوە دڵخۆشی بکات، یان دایکێکی خراپە بۆ منداڵەکانی، یانیش ژنە چاوی لە پیاوێکی دیکە کردووە. گەر ئافرەتێ خراپ پێ بجووڵێنێ ئەوا ئەرکی باوک و برا و ئامۆزایەتی کە بیکوژن تا شەرەفی خانەوادەکە بکڕنەوە. چ کەسێ لە خانەوادەکە یان تایەفەکە، مافی ئەوەی نییە ئەرکەکانی ئەو پیاوە بخەنە ژێر پرسیارەوە کە بەم کارە ڕادەبێت. بەڕای شلێر ئەرکی هەرەسەرەکیی WIO وەستاندنی ئەم کوشتنە کوێرانەیەی ئافرەتانە!

بەتەنێ لە هەولێر کە دانیشتووانەکەی نزیکەی یەک ملیۆن دەبێت، لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا لە نێوان 1991 و 1993دا بەگوێرەی ژمارەکانی WIO، 575 ژن

کوژراون. ئەم ڕێکخراوە خەریکی کۆکردنەوەی ناو و زانیاری ترە لەمەڕ ئەو ئافرەتانەی کە کوژراون. بەڵام لەبەر چەندین هۆی جیاواز کارەکە بەکاوەخۆ دەڕوا بەڕێوە. چ تۆڕێکی تەلەفۆنیی لە وڵات نابینرێت، بەتایبەتیش دوای تێکشکاندن و بۆمبا بارانکردنی هەموو دام و دەزگایەک، ژێرخان و پایەی کۆمەڵ هەپروون بە هەپروون بووە. سەفەرکردنی ئەملا و ئەولاش پارەی زۆر دەوێت و بۆ کەسانێکی چالاکیش بە نەبوو دەژمێردرێت لەبەر سەیتەرە و کۆنترۆڵی هەمیشەیی ڕێگاوبانەکان. ئەو ئامارەی کە هەشە بێ کەموکوڕی نییە و کەسیش ناوێرێت مەزەندەی ژمارە ڕەشەکان، ژمارە ڕاستەقینەکان بکات.

خەستەخانەی کۆماریی لە هەولێر بە ناونووسکردن و کۆکردنەوەی زانیاری هەڵساوە سەبارەت بەو ئافرەتە کوژراوانە و لە کوشتن ڕزگاربووانەی کە لە هەردوو حاڵەتدا لە نەخۆشخانەکەدا گیرساونەتەوە. لە ساڵی 1992دا 160 ئافرەتی کوژراو هێنراونەتە نەخۆشخانەی کۆماریی، نیوەیان گوللەباران کراون، ئەوانی دیکەش یان خنکێنراون یان بە چەقۆ کوژراون. بەشی برینداربوون لە ئەنجامی سووتان، هەر لە خەستەخانەی ناوبراودا، ئەو ئافرەتانە وەردەگرێ کە هەوڵیان داوە خۆیان بسووتێنن. ئەو بەشە لە نێوان 1-5-1992 هەتا 10-1-1993، 280 ئافرەتی وەرگرتووە کە بە گرانی بریندار بوونە. هەر لە هەمان ماوەدا 100 لەوانە مردوونە. خزم و کەس و کار یاخود ناسیاو و برادەر 110 لەم 280 ژنەیان هێنابووە نەخۆشخانە. خۆکوشتنی ژن لەناو خێزاندا لای زۆربەی خەڵک بە شەرم و "عەیبە" دادەنرێ، بەتایبەتیش ئەگەر بۆ نموونە ئافرەتە سووتاوەکە لە نەخۆشخانەدا تیمار بکرێ، لەوانەیە بە شانسی زۆرەوە دوای ماوەیەک چابێتەوە و "بێتە دەرەوە". ئەو ژنانەی کە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، ئەگەر لە ماڵەوە بمێننەوە، چ چاودێری و دەرمانکارییەکی ئەوتۆیان بۆ ناکرێ و بەهۆی برینەکانیانەوە سەردەنێنەوە.

بە دڵنیاییەوە لە کوردستانی عێراقدا پیاوێ کە ئافرەتێ بکوژێ، ئیمکانی ئەوە لەبەردەستدا هەیە پیاوەکە بە کوشتن تاوانبار بکرێ و بخرێتە بەردەم دادگا. بەڵام برێکی زۆر کەم لەم جۆرە پیاوانە حەواڵەی دادگا دەکرێن. ئەگەریش وا ڕوو بدات ئەوا مرۆکوژەکە بۆی هەیە پشتی بەو یاسایە قایم بێت کە دەڵێت: ئەگەر پیاوێک لەبەر خاتری "یاخیبوونی نابەجێ" دایک، ژن، کچ، یا ئامۆزای خۆی کوشتبێ، لە سێ ساڵ زیاتر زیندانیی بۆ نابڕێتەوە. ئەم یاسایە لە یاسای عێراقی، لە شەریعە، کتێبی یاسا لە قورئانەوە وەرگیراوە و "ینک" و "پدک"ەش هەڵیانبژاردووە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی. لەبارەی ئاسایی سزای کوشتن 15-20 ساڵ زیندانیی

دەبێت. کەواتە ئەگەر کەسێکی مرۆکوژ، لە ڕاستیدا ژنکوژ، حوکم بدرێ، ئەنجامەکەی دوو تا سێ ساڵ زیندانیی دەبێت. ئەمە لەسەر کاخەز، لە پڕاکتیکدا پیاوەکە بەتەواوی لەم سزادانە بەدەر دەبێت، چونکە ئەم جۆرە سزادانە تا بڵێی بەدەگمەن جێبەجێ دەکرێت.

## دەستی خۆمان لە کوشتنی ئافرەتاندا

لە ماوەی ساڵی 1991دا کوشتنی ئافرەت بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. هەر لە دوای دامەزراندنی WIO لە ساڵی 1993، ئەم ڕێکخراوە سێ سێمیناری لەبارەی کوشتنی بێ جیاوازی ژنان کردووە. ئەو سێمینارە یەک ڕۆژییانە تا ڕاددەیەکی چاک خەڵک تێیاندا ئامادە بوونە. لە هەولێر و سلێمانی نزیکەی 2000، لە کۆیە 300 کەس ئامادە بووبوون. لەو سێمینارانەدا ژنانێ کە لە کوشتن ڕزگاریان بووە، بەسەرهاتەکانی خۆیانیان گێڕاوەتەوە. ژنێ کە هاتە لای ئێمە بۆمانی گێڕاوە کە باوکی ڕێگای پێداوە تا لە سالۆنی ئارایش کار بکات. بەڵام ئەمە بەدڵی پیاوانێکی دیکە نەبووە لەنێو خێزانەکەیدا، لەبەرئەوە 7-6 گوللەی پێوەدەنرێ. بەهەر جۆرێ بووە ژنە لە مردن ڕزگاری دەبێ و فریای هەڵاتنیش دەکەوێ. گوێمان لە زۆر گێڕانەوەی ژنان بووە کە چۆن ڕایانکردۆتە لای خۆمان و ئەوانیش بەدەوری خۆیان مێردەکانیان لێ ئاگادار کردوونەتەوە، تاکو بێن بە دوایان و بیانکوژن. بەڵام ئەو ژنانەی کە لە دەستی چەوسێنەرانی خۆیان ڕادەکەن ئەوەندە زۆر نین! شلێر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەی ژنان لە باشووری کوردستاندا خۆشیان لەسەر ئەو ڕایەن کە ئەوان هاوشان و هاونرخی پیاوان نین. ئەوان وەها پەروەردە کراون کە سەر بۆ بچووکترین ئیشارەی مێرد و برا و باوک یان ئەو پیاوەی کە سەرپەرشتییان دەکات نەوی بکەن. هەر دیسان شلێر دەڵێت: ئافرەتانی ئێرە فێری ئەوە بوونە کە چ نرخێکی مرۆڤانە شک نابەن. گەلێ لە ژنانی کورد و عێراقیش، سەرەڕای زۆربەی خراپیی جووڵانەوەی مێردەکانیان لەگەڵیاندا، لەسەر ئەو ڕایە نین کە مافی جیابوونەوەیان هەیە لە مێردەکانیان، چونکە ئەوان موڵکی پیاوەکانیانن. کاتێ گشت تاوانەکان دەخرێنە ئەستۆی ژنانەوە، ئەوا بێگومان پیاوانێک لە ئارادا نابن کە پێدرێژی بکەنە سەر ژنەکانیان و هەتکیان بکەن؛ بەتەنێ خەتای ژنانە کە ناتوانن دڵی مێردەکانیان جوان ڕابگرن.

### ناڕەزایی پەرەگرتوو

کاتێ دوو مانگ دواتر لە ستۆکهۆڵم بەهرەم چاو پێ دەکەوێ، ئەو باسی ئەوەم بۆ دەکات کە زۆر لە ئافرەتان هەستێکی ناڕازیبوونی پەرەگرتوویان لە ناخدا هەیە. ئەرکی WIO ئەوەیە کە خەبات بکات بۆئەوەی ئافرەتان ئەم هەست و سۆزە بە جیددی وەربگرن و دەست بکەن بە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتر، هەرچەندیشە بەپێی تێڕوانینی نەریت بۆ ژنان، ئەوان ڕێگایان پێ نادرێ "خۆ لە سیاسەت هەڵقورتێنن". بۆ ئەو سێمینارانەی کە باسکران WIO زۆر لە یەکێتییەکانی ئافرەتانی داوەت کردبوو"بۆ نموونە ئەوانەی سەر بە هەردوو پارتی حوکمڕانن ینک و پدک"، بەڵام زۆربەی پارتە سیاسییەکان و یەکێتییەکانی ئافرەتانی سەر بەوانیش لە دژی کوشتنی کوێرانە کار ناکەن. پدک وەها وەرامیان دەداتەوە کە ئەوان باوەڕیان وایە ناتوانن چ لەو خەڵکانە بکەن کە "ئافرەتانی خراپ" دەکوژن، ئەو ئافرەتانەی بەوە تاوانبار دەکرێن گوایا هاوکارییان کردووە لەگەڵ حیزبی بەعسی سەددام حوسێندا. شلێر دەڵێت: لە کاتی هێرشەکانی ئەنفالدا لە ساڵی 1988 کە 4000 گوند لە باکووری عێراق لەگەڵ زەویدا تەخت کران، گەلێ لە ژنان و کچان دوای تەختکردنی گوندەکانیان لەلایەن سەددامەوە یان گرتنی پیاوان و باوکانیان، هەموو شتێکیان لەدەستدا و کەسیان شک نەدەبرد تا زامنی ژیانیان بکات. کورت و کرمانجی زۆر لە ژنان دوو ڕێگایان لەپێش مابوو: لە برسان مردن یان لەشفرۆشی. ئەو پیاوانەی کە دەرەقەتی کڕینی ژنە سۆزانییەکانیش دەهاتن لە ڕیزی هێزەکانی سەددامدا بوون.

بە بۆچوونی شلێر و شەوبۆ، گوناهبارکردنی ئەو ئافرەتانە بە هاوکاریکردن لەگەڵ بەعس شتێکی چەوتە. ئەوان لەشفرۆشی وەک دەست تێکەڵاوکردن دەگەڵ بەعسی نابینن، بەڵکو وەک قۆستنەوەی ڕەوشی نالەباری ئافرەتان. پێداگرتنی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئەوەی کە ئافرەتە سۆزانییەکان ئەڵقەلەگوێ و بەکرێگیراوی سەددامن، ئاکامەکەی بووەتە پاکانەکردن و تاوان لەسەر خۆ لابردن لە کاتی کوشتنی ژناندا. جا ئەگەر ئەو ئافرەتە کوژراوانەش ڕۆژێ لە ڕۆژان سۆزانی بووبن یان نا، ئەمە مەگەر خوا بەخۆی بیزانێت.

### ئافرەتان حوکم دەدەن

شلێر دەڵێت: ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئافرەتان لەشی خۆشیان فرۆشتبێ، کڕیارەکانیشیان هەرکەسێ دەبن با ببن، بەڵام دیسانیش کەس مافی ئەوەی نییە ئافرەتان لەسەر ئەو مەسەلەیە حوکم بدات. ئەوانەی کە دەبێ حوکم بدرێن ئەوانەن کە بوونەتە سەبەبکاری ئەوەی ئافرەتان نەتوانن یا ڕێگەیان پێ نەدرێ تاکو بە خۆیان بژێوی خۆیان دابین بکەن. ئەوانەی کە بوونەتە هۆی خراپکردنی زەویوزار تا بە کەڵکی چاندن نەیەت. هەروەها ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کوشتنی ژنانیان قەبووڵە و چ کارێکیش ئەنجام نادەن لە پێناوی مافە مرۆڤایەتییەکانیاندا. بە بۆچوونی WIO حکوومەتی کوردیی خۆبەڕێوەبەری ئەم بەشەی عێراق بەرپرسیارە لە بەرامبەر بەردەوامبوونی کوشتنی ئافرەتان. ئەو پارتە سیاسییانەی کە تۆمەتی "خراپبوون" دەدەنە پاڵ ژنان بەپێی تێڕوانینی WIO، هەر ئەو پارتانە خۆیان قەرزبارن لەوەی کە ژنانی تەنها و بێکەس و کچانیش ناچار دەبن قەحپاتی بکەن و لەشفرۆشیش ڕوو لە زیادبوون بکات لە چەندین ناوچەی گەورە گەورەی ئەم وڵاتە هەژارەدا. بە بڕوای شەوبۆش: لە ڕووی ئابوورییەوە ژیانی تەواوی میللەت دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتەوە. خەباتی WIO بەر لە هەر شتێک ئەوەیە کە ژنان لە نرخی مرۆڤانەی خۆیان تێبگەن و خۆیان ئۆرگانیزە بکەن و تێبکۆشن بۆ مافە مرۆڤایەتییەکانی خۆیان. بەڵام ئەمە بەتەنێ مانای بەزیندوویی مانەوە ناگەیەنێت. بەڵکو دەبێ ژنانیش هەمان هەلومەرجی گوزەرانیان هەبێت کە لای پیاوان دەست دەکەوێ تاکو ئەوانیش ژیانێکی باش بەسەرببەرن. دەبێ بۆیان هەبێ لە دەرەوەی ماڵەوەش کار بکەن و، خۆشیان هاوسەر ژیانی خۆیان هەڵبژێرن و، بە ئازادیش گفتوگۆ لەسەر هەر شتێ بکەن کە گەرەکیانە...هتد.

## ئافرەتانی کرێکار چ بوونێکیان نییە

لە کارگەیەکی بەرگدروویی لە سلێمانی، یەک لەو کارگە کەمانەی کە لەم شارەدا هێشتا لەگەڕدایە، 700 کرێکاری ئافرەت کاری تێدا دەکات، بەڕێوەبەرایەتی کارگەکە هەوڵی ئەوەی دا ئەم ئافرەتانە دەربکات بۆ ئەوەی "بێکاران" دامەزرێنێت. پیاوان بێکارن کاتێ کە کاریان نەبێت. ژنان بۆیان نییە بە "بێکار" بژمێردرێن، چونکە ژن هەر ژنە و بێکاری چی و "تەڕەماشی چی؟" بە بیروڕای بەڕێوەبەرایەتی کارگەکە ئەو ژنانە نەیاندەتوانی کار بکەن و لە هەمان کاتیشدا مناڵەکانیان بەخێو بکەن. بەڵام WIO یارمەتی کرنەوەی دایەنگەیەکی دا لە نزیک کارگەکە، بەم جۆرە

ئافرەتەکان لەسەر ئیشی خۆیان مانەوە. ژنانی سەر بە WIO خۆزگەی ئەوە دەخوازن توانا و هۆ و کەرەسەی تەواویان هەبایە بۆ دامەزراندنی دایەنگەی زیاتر، لەم بوارەشدا جۆرە هاوکارییەک دەستی پێکردووە لە نێوان ئەوان و "سەوزەکانی فینلاند"دا، کە ئەگەر بکرێ یارمەتی پارەوپوولیان پێ بدەن. ئەو ڕێکخراوە WIO لەسەر کۆمەکی 400 ئەندامانی خۆی لە باشووری کوردستان و ئەو یارمەتییە ماددییەی کە لایەنگرانی لە وڵاتانی دیکە بۆی دەنێرن، بەزیندوویی و ڕاوەستاوی ماوەتەوە. کاتێ پارەوپوولیش لەبەردەستدا بێ ڕۆژنامەی خۆی "یەکسانی" دەردەکات.

هەروەک "کۆمەڵەی بێکاران" گرێدراوە بە پارتی کرێکاریی کۆمۆنیستیی عێراق"IWCP". شلێر و شەوبۆ لە سلێمانی ئەوەیان ڕوون کردەوە کە ئەم ڕێکخراوەی ژنانە گرێدراوە بە IWCP تاکو بە پاسەوانی چەکدار یارمەتیان بدرێ لە لایەن پارتی ناوبراوەوە بۆ ئەو بارەگایەی کە هەیەتی. هەروەها لە کاتی سێمینارەکاندا. بەڵام بەهرە وێنەیەکی دیکەی ئەم هاوکاریکردنە دەخاتە ڕوو. بە بڕوای ئەو لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە WIO و IWCP زۆر نزیکی یەکترن، لەبەرئەوە هاوکاریی نێوانیان شتێکی سرووشتییە. بە بۆچوونی بەهرە IWCP تاکە حیزبە لە باشووری کوردستاندا کە لە پلاتفۆرمی خۆی بەرگری لە مافی ئافرەتان دەکات. بێجگە لەمەش خەباتی ژنان ناتوانرێ لە خەباتی سۆسیالیستی جیا بکرێتەوە. لە سیستەمی سەرمایەداریشدا ئافرەتان و پیاوان هەردووک وەکو کرێکار دەچەوسێنرێنەوە. کاتێ لە شلێر و شەوبۆ و بەهرەم پرسی چۆن دەڕواننە ئازادیی کوردستان، وەڵامی هەرسێکیان تا بڵێی نزیکی یەک بوون: چ پەیوەندییەک نییە لە نێوان سەربەخۆیی کوردان و ئازادیی ژناندا. ئێستا کورد لە باشووری کوردستان حوکمڕانن، بەڵام چ چاکبوونێکی باری ئافرەتانمان چاو پێ نەکەوتووە لەو کاتەی کە ینک و پدک هاتوونەتە سەر حوکم. بە پێچەوانەوە ڕەوشی ئافرەتان خراپتر بووە باشتر نەبووە، بەتایبەتیش دوای بەکارهێنانەوەی چەندین یاسا کە دەبنە هۆی چەوساندنەوەی ژنان. لە باشووری کوردستان ئافرەتان هێشتا بە هاووڵاتیی پلە دووەم دەبینرێن.

سەرچاوەی ئەم وتارە: **KURDISTAN RAPPORT, från SAC:s studieresa 1994**

* هەتاو، ژمارە 4 و 5، حوزەیران و تەمموزی 1996، بەریتانیا.

## فەردە ئاردێ لە کتێبێ باشترە!*

**ئەم چەند دێڕانە بە عەزیزی مەلای ڕەش پێشکەشە کە ئەلف و بێی کوردی فێرکردم.**

ئەنتلجنسیا توێژی ڕۆشنبیر دەگرێتەوە کە لە خەڵکانێک پێکهاتووە، وەک دەڵێن، لە سۆنگەی کار و پیشەیانەوە چالاکییەکی فیکرییان دەبێ. پیاوانی زانست و هونەر و ئەندازیاران و تەکنیککاران و پزیشکان و پارێزەران، مامۆستایان و بەشێکی گەورەی مووچەخۆرانیش سەر بەم توێژەن. ئەنتلجنسیا چینێکی هەڵاوێردراو نییە، چونکە جێگایەکی سەربەخۆ لە سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی داگیر ناکات و، لە کۆمەڵگا چەوسێنەرەکانیشدا هەر لە بنەڕەتەوە ئەنتلجنسیا لە ناوەندەکانی دەستە و تاقمە زەنگین و دەوڵەمەندەکان دروست دەبێ و ڕیزەکانی پێ دەگات. لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ئەنتلجنسیا بە ڕۆڵی سەرەکیی خۆی ڕادەبێت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بە مەبەستی پاراستنی کەسێتی نەتەوەیی لەهەمبەر کارتێکەرە دەرەکییەکاندا.(1) بە لێکدانەوەیەکی دیکەش: ئەنتەلەکتویل، ڕۆشنبیر، پیاوی ئازا و جوامێر... دەگرێتەوە.(2) ئەمە و چەندین بیر و ڕای تریش هەن لەسەر هەمان بابەت کە هێنانەوەیان لەم باسەدا درێژدادڕی دەبێ.

بەهەرحاڵ مرۆڤ دەتوانێ بەم کورتە پێناسەیەی سەرەوەش سەرەدەری لە واتا و مانای ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی بکات. کەواتە مەسەلەکە ئەوەندە زەحمەت نییە تا پەی پێ نەبرێت، خوانەخواستە نە مەتەڵە و نە ئەفسوونیش. ئەوەی لەم چەند دێڕەدا مەبەستمە نە سەرکۆنەکردنە، نە بەرز و نزمکردنەوەی ئەم یا ئەو، بەڵکو تەنێ بەیانکردنی ڕاز و نیازی دڵ و دەروونە. لام وابێ بنیادەم پێویستی بە هەڵڕشتنی ئاخ و کەسەر و دەردەدڵە. ئێوە دەڵێن چی؟

کەم و زۆر لەسەر ڕووناکبیری کورد گوتراوە و نووسراوە. هەروەها ڕەخنەشی لێ گیراوە. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبین ڕەخنەکان بە شێوەیەکی تایبەتی دەرهەق بەوەن، کە بۆ دەبێ ڕۆشنبیری کورد ببێتە پاشکۆی ئەم یا ئەو، یان لە خزمەتی فلان و فیسارە ڕێکخراوی سیاسیی کوردیدا بێت؟ هەڵبەت من لەم کورتەنووسینەدا لەسەر ئەم مەسەلەیە نانووسم، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا بابەتێکی تری سەربەخۆیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی جیا هەیە. ڕێی تێدەچێ لێرەشدا هەست بە باسکردنی هەر هەمان بابەت و مەسەلە بکرێ.

لام وابێ هەر هەموومان ئاگاداری باری نالەباری داسەپێنراوی باشووری کوردستانین. ئەگەر دوژمنانمان هۆیەک بن بۆ ئەم کارەساتە، خۆشمان ـ لێرەدا مەبەست بە پلەی یەکەم هەردوو حیزبە فەرمانڕەواکەیە ـ بووین بە ڕاپەڕێنەر و جێبەجێکەری سیاسەتە چەپەڵەکانی ئەوان. لە وەها حاڵەتێکیشدا دوژمن چ پێویستییەکی بە خۆ ئامادەکردن نییە، ئەی ئەوە ڕێبەرانی کورد نین بوونەتە کەڵەگا و دوژمن؟!

سەرانی کورد کە تا دوێنێ ئێمەی داماویان فێری فەلسەفەی "شەقی زەمانە" دەکرد، کەچی ئەمڕۆ هەر خۆیان "شەقی کورد"یان فێری کورد خۆی کرد! بێگومان بۆ سەرانسەری دنیاشیان سەلماند کە چەند خۆخۆرن و لە حاست یەکتریشا نەک هەر موویان بەبەیندا دەچێ، بگرە خوێنی یەکتریش، شەراب ئاسا، فڕدەکەن. دەبێ ئەمە بێ "سەرداریی و حوکمداریی کورد" کە دەیان و سەدان ساڵە میللەت چاوەڕوانی بوو؟ لە باشووری کوردستان هەر شت بەرز بۆتەوە و چووە بە ئاسمانا، لە بچووکترین کەرەسەوەڕا بیگرە تا دەگەیتە باشترین ماشێنی جامێۆ و سوپەر و موپەر، کە ڕۆژانە فڕکە فڕکیانە بەسەر شەقامە قیرتاوکراوە خۆڵاوییەکانی شارە خەمبارەکانی کوردستانا. تاکە شتێ کە وەکو ئاو خواردنەوەی لێ هاتبێ زەلام کوشتنە، کورد لەخۆڕا نەیگوتووە: زەلام کوشتن و ئاو خواردنەوە! "جارێ هەر باسی ڕۆشنبیریی ناکرێت کە ئاستەکەی گەیوەتە سفر".(3) ئەوەی کە کەس بە فلسێکی قەڵپ نەیکڕێ کتێبە. جاز گی برسی و کتێبیان گوتووە ماڵمیرات؟! دیارە ئەم قسەی جەنابیشت کەس بە فلسێکی قەڵپ نایکڕێت.

لە وڵاتێکدا کە وشە ژەنگ بگرێ و پەڕتووک تۆزی لێ بنیشێ، گوللە ویزەی بێ و جەللاد سەر بپەڕێنێ، "جاشاتی و پاشاتی"(4) ڕەواجیان هەبێ، ئیتر هەر مەپرسە چ لەوێندەر دەقەومێ، کوردستان ئاسا خوێنی لێ دەچۆڕێ. لە ئەورووپاش، مامۆستایانی کورد و کوردایەتی دوێنێ، سەرانی جەنگ و داواکەرانی دەسەڵات و پایەمان لێ دەکەنە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و زیرەکترین مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوور و نزیک و هەموو دنیاش. ڕۆشنبیرانی ئێرەی دوورەوڵاتی لە گوڵ کاڵتر بە شەڕخوازانی ئەوێندەرێمان ناڵێن، بە برایانی دێرێن و سیاسەتمەدارانی ناقۆڵا و بەڕێزان و کاکان و مامان ناویان دەبەن. کورد تۆش ئاو بێنە و دەستان بشۆ. کۆمەڵگایەکیش گەر چاوساغانی، ڕۆشنبیرانی وەها بن، دەبێ چاوتێبڕیوانی کورسی دەسەڵات، ڕێبەرانی چۆن بن؟!

**پەراوێزەکان**

(1) موسوعة السياسة، الجزء الاول، الطبعة الثانية 1985، بيروت ـ لبنان، ص 348.
(2) فەرهەنگی نوێ، بوڕهان قانیع، ل 181.
(3) نامەیەکی تایبەتی بۆ نووسەر.
(4) ناوی نووسینێکی عەزیزی مەلای ڕەشە.

* هەڵەبجە، ژمارە 27، سێپتێمبەری 1996، سوێد.

## مشتێک لە خەرواری برینەکانی کارەساتی کوردکوژی*
### (بە فەرخەحیزبییەکان پێشکەشە)

ئێمەش لە هەندەرانەوە دەنگ و سەدای ئاشتبوونەوەمان پێ دەگات. لە تەلەفزیۆنی "مەد"ەوە باس لە هەڵکردنی بای خێر دەکرێت بەسەر کوردستاندا..بەسەر خوارووی نیشتمانە لەتوکوتکراوەکەماندا. ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بێ دەبێ هەموومان لە خۆشییان بکەوینە شایی و هەڵەکەسەما، شەڕهەڵگیرسێنەرانیش لە ڕووڕەشی و شەرمەزارییەوە شتێکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە. هەڵبەت لەبارێکدا ئەگەر ئەوان شەرم بیانگرێ و بۆ دەیەمین جاریش لە قەول و پەیمانەکانی خۆیان پەشیمان نەبنەوە، تەنێ ئەوکات مەرەکەبی سەر کاخەزی ڕێککەوتننامەکانیان دەبنە گەواهیدەری درۆ و ڕاستییەکان. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە دەنگوباسی پێکنەهاتن لەسەر یادکردنەوەی مەرگەساتەکەی هەڵەبجە و نەورۆزمان پێ دەگات لە نێوان چەندین ڕێکخراوی جیا جیای ئەو بەشەی کوردستان و، بگرە بەیەکهەڵپڑان و دەستچوونە خوێنی یەکتریش لە هەندێ حاڵەتدا. ئافەرین بۆ ئەو پارت و حیزبە کوردییانەی کە ناتوانن لەسەر یادکردنەوەی ساڵرۆژی کارەساتێکی جەرگبڕ و دڵتەزێنی گەلەکەیان ڕێکبکەون، بەڵام هەر هەموویان داوای کوێخایەتی و گەورایەتی دەکەن! دەبێ ئەمە چەندی بە چەند بێ؟!

بەهەرحاڵ ئاشتی و ئاسایش و برایەتی هیوای لەمێژینەی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بندەستە و چەوساوەیە بوونە. خوا سەبەبکاران بگرێ کە هەمیشە و هەمیشە بوونەتە و دەبنە کۆسپ لەبەردەم وەدیهاتنی ئەم خواست و ئاوات و خەونە سەوزانەی میللەتە داماوەکەیان. ئەگەر مریشک کورک و کڕ بکەوێ.. هێلکە بتروکێنێ.. جووجەڵە هەڵبێنێ.. ئەوا ئۆباڵ بە ملم ڕێکخراوە بەناو سیاسییەکانی لای خۆمان فەرخەکورد نا.. فەرخەحیزبی هەڵدێنن.. دابەستە دادەبەستن.. بەخێویان دەکەن.. لە ڕۆژی ڕەشیشدا لە هاوخوێن و هاوزمان و هاونیشتمان و هاودەرد و هاوچارەنووسی خۆیان بەردەدەن. ئەم فەرخەحیزبییانە کوڕی ڕۆژن، وەک خۆیان گۆتەنی لە کاتی تەنگانەدا بیر لە "سومعەت"ی گەلەکەیان و دام و دەزگا کوردییەکان و ڕادیۆ شەق و پەقە کوردییەکانی دەرەوەی وڵاتیش دەکەنەوە. کێ دەڵێ بەڕاستیانە؟! من نامەوێ لێرەدا وەرامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، چونکە بەتەنێ کار و کردەوە جوانەکانی خۆیان بەرسڤمان دەدەنەوە.

هەر بۆ مێژوو، وەک دەزانین کە شتێ بووە مێژوو و لە لاپەڕە چڵکن و بۆرەکانی پیرەمێژوودا نووسرا، سڕینەوەی مەحاڵە. وا لێرەدا بڕێ لە برینە قەتماغەنەگرتووەکان و ناسۆرە بەئێش و ئازارەکانی کارەساتی کوردکوژی و وڵاتکوژی بۆ بێچووەحیزبییەکان و تەواوی خوێنەران باس دەکەین. چاک بزانن مەبەستمان برین کولاندنەوە نییە، بەڵکو درکاندنی ڕاستەکانە. هەندێ بەسەرهاتی ئەم نووسینە لەبەر چاوی خۆم ڕوویانداوە و، هەندێکیش بۆم گێڕدراونەتەوە و لە کوردستان هەستیانم پێ کردووە.

## سەردانی خزمێک لە کەسنەزان

سێ ساڵ زیاتر دەبوو خزمێکی زۆر نزیکی خۆت نەبینیبوو.. بە حەسرەت بووی ڕۆژێ لە ڕۆژان کە گەڕایتەوە کوردستان سەردانی ئەویش بکەیت لە کەسنەزان.. ئاواتەکەت هاتە دی.. باروبارگەت تێکنا و کوردستان خۆت بگرە وا هاتم.. ڕووت کردە نیشتمانە ڕەنگینە لە خوێن گەوزاوەکەت.

بەیانییەکی زوو خۆت و براکەت و دوو خوشکی سوور و سپیت بەسواری تورمبێلەکەتان، بەنیازی چوونە کەسنەزان، ڕێگەتان گرتەبەر. پێشتر باسی چاوسووریی سەیتەرەکان و جووڵانەوەیانت لەگەڵ خەڵکەکەدا بیستبوو، بەڵام هەردەبوو بەچاوی خۆت هەڵسوکەتی ئەوانت بدیبایە و تێر تێر لێیان ورد ببوایەوە. کەسنەزان لە هەولێرەوە ئەوەندە دوور نییە تا خەمی لێ بخۆیت، کەچی لەبەر سێ سەیتەرەکەی یەکێتی و پارتی دەبێتە ڕێی چوونە حەجێ.

وردە وردە نزیکی یەکەم سەیتەرەی یەکێتی دەبوونەوە. هەستتان بە جۆرێک لە ناڕەحەتی دەکرد. کە گەیشتنە وێندەرێ، بەر لە هەر شتێک، داوای ئەوەیان لە براکەت کرد:"وەرەقەی کۆمیتەتان پێیە؟" ئەویش لە وەرامدا گوتی:"ئەگەر بمزانیبا نەک وەرەقەک دە وەرەقەم بۆ دێنان". بەڕاستیش هەقیەتی، وەرەقەهێنان ئەوەندە زەحمەت نییە، بەتایبەتیش لە لایەن کەسانێکەوە کە چەک بۆ پارە هەڵبگرن و مووچەی مانگانەشیان هەبێ. ئەمجارە بەهەرحاڵ "سەنەوی"یەکەی براکەتیان لای خۆیان گل دایەوە و پەنجەی دەربازبوونیان پێ نیشاندا. سەیتەرەی یەکەمتان لەدوو خۆ هێشت و ڕووتان کردە سەیتەرەی دووی یەکێتی کە زۆر لە یەک دوور نین و پەرۆی کەسک لەسەریان دەشەکێتەوە. لەوێندەرێش دوای پرسیارکردن و بۆ کوێ دەچن و کێ دەناسن لە کەسنەزان، ڕێگەیان پێدان دەرباز بن. ئەمە دوا سەیتەرەی

یەکێتی بوو، هەر لەبەرئەوەش زۆر قایم و بە ساتری خۆڵ دەورەدراو دەهاتە پێش چاو. چەکدارەکان زۆربەیان کوڕی گەنج بوون. سەد حەیف و مخابن لە پێناو بەرژەوەندی تاقمەکەسێکدا لاوانی وەها قۆز و چەلەنگ بکرێنە خۆراکی هاون و ئارپیچی و گوللەتۆپ و ڕاجیمە. ئەگەر ئەمە تاوان و خیانەتکاریی نەبێ، دەبێ چی بێ؟!

دوای کەمێ ڕێ بڕین گەیشتنە سەیتەرەکەی پارتی کە پارچە پەڕۆیەکی زەرد پێشوازی لە ڕێبواران دەکرد و پێی ڕادەگەیاندن ئێرە لەبن دەستی پارتیدایە. لەوێندەرێش هەر هەمان تاس و هەمان حەمام. کە زانیشیان خزمێکتان لەو ناوە هەیە بەئاسانی ئیزنیان دان. جاربەجاریش ویزە ویزی گوللە دەهاتە بەر گوێتان، بەڵام ئەم دیاردەیە بووەتە شتێکی ڕۆژانە و بەتایبەتیش شەوانەی کوردستانی ژێردەسەڵاتی هەردوو حیزبە فەرمانڕەواکە. ئیتر خەڵک پێی ڕاهاتوون و لێی ڕاهاتوون و ئەوەندەش باکیان پێ نییە.

بەر لەوەی بگەیتە کەسنەزان، شوێنێک هەیە پێی دەڵێن "مەیدانی حەیوانان". بەدەست خۆت نەبوو یادگارییەکانی هاوینی ساڵی 1992ت بەبیر هاتنەوە. چونکە هەر ئەوکات و لە هەمان شوێنیشدا بە سەردان چووبوویتە لای هەمان خزم. ئەوسا لە دەستنووسێکی خۆتدا وەهات نووسیبوو:"مەیدانی حەیوانان شوێنێکی گەورە و پان و بەرینە. مەیدان قەسابەکانی ئەم ناوچەیە ڕووی تێدەکەن بە مەبەستی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ و مامەڵەکردن. ئەو کەسانەی لەم شوێنەش دەژین بە کاری بەخێوکردنی ئاژەڵ و قەسابییەوە نانی ڕۆژانەی خۆیان مسۆگەر دەکەن. لە گۆشەیەکی ئەم مەیدانە گەورەیەدا، لەسەر ژوورێکی بچکۆلانە، بەهۆی دەستێکی ئازادیخوازەوە ئاڵایەکی کوردستان بەرز کرابووەوە". ئەوە ئەوسا، ئەی ئێستا چ لە ئارادایە؟ مەیدانی چی و تەڕەماشی چی؟ لەو هەموو ماڵەی پێشتر تەنیا دە دوازدە ماڵ ماونەتەوە، کە لەژێر ڕەحمی گوللەتۆپ و هاون و تەق و تۆقی هەردوولادا، هەر بۆئەوەی لە برسان نەمرن، ڕۆژانە بۆ پارووەنانێ لە ترسان دەمرن! خانووەکانی ئەوێندەرێ هەموویان بە بلۆکی لەسەریەک هیشکەکەڵەک قیت کراونەتەوە. لە ڕاستیدا نە مەیدان ماوە و نە هیچ، بەڵکو کەلاوەخانەیەکە هەر نابڕێتەوە. چەندین خانووی دەرگا و پەنجەرەی دزراوت بەر چاو دەکەوێ. لە سووچێکی ڕێگا سەرەکییەکەدا دۆشکەی دوولوولە یا چوارلوولەی پارتی ڕووەو سەیتەرەی یەکێتی دامەزراوە کە ئەوەندە لەیەک دوور نین. هەروەها لەناو کەلاوە خانووەکانیش کە لە

زۆر لاوە، کون و قوژبن نەماوە، دۆشکە و هاون و سەنگەری لێ دانەمەزرابێ. بەدەردی دانیشتوانی وێندەرێ گۆتەنی ئێرە جەبهەیە جەبهە!

هێدی هێدی تورمبێلتان بەرەو ماڵی خزمەکەتان، بەناو ئەو کەند و لەند و کەلاوە و حەسارە چۆلانەدا لێدەخوڕی. بۆ زیاتر دڵنیابوون لە شوێنەکە لە دوو چەکداری پارتیتان پرسی ماڵی فلانە کەس لەکوێیە؟ ئەوانیش ڕێیان پێ نیشان دان و ئێوەش خوا خواتان بوو زوو بگەنە جێی مەبەست. بەهەر جۆرێ بوو، دوای زیاتر لە سێ ساڵ، بە دیدەنی ماڵە خزمەکەت شاد و کەیل و سەرمەست بوویت. بەڕاستی باسکردنی ئەو چرکەساتانە لە ژیانی مرۆڤدا کارێکی سووک و ئاسان نییە. بە قسەوباس.. بە گێڕانەوە و یادکردنەوەی یادگارییەکانی ڕابردوو.. بەدەم نانخواردن و چاخواردنەوە و خەمخواردن لە ڕەوشی ئێستای کوردستان.. بە پێکەنین و بزەی سەر لێوان.. بە ئاخ هەڵکێشان و بەقوربانبوون.. و تاد هەتا کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ کاتتان بردەسەر.

دوای کاتژمێر یەک بەنیازی گەڕانەوە بەرەو هەولێر کەوتنە ڕێ. لە سەیتەرەکەی پارتی دەرچوون و گەیشتنە سەیتەرەی یەکەمی یەکێتی. هەر لە دوورەوە ئیشارەی ئەوەیان بۆ کردن کە لەکوێ هاتوون بە هەمان ڕێگادا بگەڕێنەوە، بەڵام براکەت بەمە ڕازی نەبوو و هۆڕنێکی بۆیان لێدا. چەکدارێکی گەنجی چاوزەق پێی گوتن، ئێمە چ کەسێ ئیزن نادەین ڕوو بکاتە هەولێر، چونکە ئەمرمان بۆ هاتووە و، وەفدی ئێران لە شارە و تەقەمەنی و بۆمبا گیراوە. تۆ یەکسەر قسەکەی باوکت بیر کەوتەوە کە پێی گوتبووی: بیر لە کەسنەزان و چوونە وێندەرێ مەکەنەوە!

ئەمجارە بەناچاری گەڕانەوە کەسنەزان و لای هاوڕێیەکی برایەکەت بۆ ماوەی سەعاتێک مانەوە. خەڵک هەموو پەست و دڵتەنگ دیار بوون لەو بارە خەفەتاوییەی کە هاتبووە پێش. خێزانی هاوڕێی براکەت باسی ئەو ماڵەی دەکرد کە لە کاتی خۆیدا کەوتوونەتە بەر تۆپی یەکێتی و کەمیان بەساغیی دەرچوون. بەتەما بوون ڕێگایەکی تر هەڵبژێرن بۆ ڕووکردنە هەولێر، بەڵام ئەمیش سەری نەگرت. جارێکی دیکە چوونە سەر جاددەی سەرەکیی و تانکی تورمبێلەکەتان پڕ بەنزین کرد. لەو کاتەدا کۆستەرێکی 21 نەفەری بە بەردەمتاندا شۆڕبۆوە بەرەو سەیتەکەی پارتی و لەوێوەش بەرەو هی یەکێتی. ئێوە تەگبیرتان ئەوەبوو ئەگەر کۆستەرەکە نەگەڕێتەوە، کەواتە ڕێگای هەر کەسێ دەدەن و ڕێ کراوەتەوە.

بزە کەوتە سەر لێوتان و ئێوەش بەدوای هەندێ تورمبێلی دیکەدا شۆڕبوونەوە ڕووەو سەیتەرەکەی پارتی. لەوێ چ گیروگرفتێکتان تووش نەبوو. هەرکە گەیشتنە

سەیتەرەی یەکەمی یەکێتی دوو قەلابەتان لەپێش خۆ بینی و سەری تورمبێلەکەتان نا بە قوونی قەلابەکانەوە. گوللەش ناوەبەناوە ویزەی دەکرد و ڕێبواران هەموو پەرێشان دەهاتنە بەر چاو. ئەو مامەپیرەی کە لە کەسنەزانەوە لەگەڵ خۆتانتان هێنابوو، بەقسەی براکەتی کرد و چووە لای چەکدارەکان، تاکو ئەگەر بەپاڕانەوەش بێ ڕێگەتان پێ بدەن بچنە ئەودیوی ساترەکەوە و، لەپەنا خۆڵەکە وەک خەڵکەکەی تر خۆتان حەشار بدەن. خاڵی پەڕینەوەکە کە تەنیا چەند مەترێ دوور بوو، بووبووە چەند کیلۆمەتر. تۆ و هەردوو خوشکەکەت کە لەپشتەوەی تورمبێلەکە دانیشتبوون، لە ترسی گوللە سەرتان نەوی کردبوو. بەهەر جۆرێ بوو پەڕینەوە ئەوبەری ساترەکە و بەپەلە لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا لە تورمبێلەکە دابەزین و، وەک ڕێبوارەکانی تر خوا خواتان بوو چەکدارانی هەردوو لا تەقە لە یەکتر نەکەن و ڕەوشەکە هێمن و ئارام بێتەوە، بەڵام داخوا کەس هەبوو گوێتان لێ بگرێ؟

هەردوو لا تەقەیان لە یەکتر دەکرد، هاون و قەنناس زیاتر بەکاردەهێنران. دیمەنێکی زۆر ترسناک و خەفەتاوی بوو. ترسناک بوو؛ چونکە ژن و پیاو و منداڵ هەموو پێکەوە ترسیان لە ڕوو نیشتبوو. خەفەتاوی بوو، کورد کورد بکوژێ. ئافرەتەکان چەندین جار دەچوونە لای چەکدارەکان و خۆیانیان بەقوربانیان دەکرد، هەر بۆئەوەی تەقە نەکەن، کەچی چەکدارەکان تەقەی سەریان دەهات. یەکێ لە خوشکەکانت لە ترسان قیژاندی. چەکدارێ کەوتە لۆمەکردنی و پێی گوت "مەترسە شێرەقارەمان چەندی وەک تۆ لەناو پ.ک.ک دا هەن". لە ڕاستیدا شێرەقارەمان فشەی بە قسەکانی ئەو دەهات و، پیاوەکانیشی لەتەنیشت خۆیدا بەدی دەکرد کە چۆن خۆیان ماتدابوو. بۆ بەختڕەشیی براکەت گوللە قەنناسێ کە لە سەیتەرەکەی پارتییەوە هات، تایەکی پشتەوەی تورمبێلەکەی پەنچەر کرد. چەکدارانی سەیتەرەکەی پارتی کتومت ئێوەیان بینیبوو، بە بەردەمیشیاندا تێپەڕ بووبوون، کەچی دیسانیش خوت و خۆڕا تورمبێلەکەی ئێوەیان کردە نیشان. ئینجا یەکێتییەکان بەقسەی خۆیان تۆڵەی تایەکە دەکەنەوە، دوو هاونیان لەسەریەک هاویشت. وەک ئەوەی براکەت زۆر حەز لەم بەزم و ڕەزمە بکات و دڵی پێی خۆش بێت! خەمناکترین دیمەنی ئەم بەسەرهاتە ژنێکی چل ساڵە بوو کە کۆرپەکەی لەسەر دەستی دانابوو و، بۆ چەندەمین جار خۆی بەقوربان و سەدەقەی چەکدارەکان کرد و لەبەریان گەڕا و لێیان پاڕاوە، تاکو ڕێگای پێ بدەن جگەرگۆشە نەساغەکەی کە لەسەر ڕۆخی مەرگە، بگەیەنێتە "مدینة الطب"ی هەولێر، بەڵام لە تێراخوڕین زیاتر شتێکی دیکەی چنگ نەکەوت. کابرایەکی شوفێر کە دەستی بۆ نەفەرەکانی درێژ دەکرد و دەچووە بەردەمی

چەکدارەکان و پێی دەگوتن "وەرە تەماشاکەن تا بزانن چم بار کردووە. لۆرییەک چەند گوللەشی پێوەنرا، بەڵام دیسان هەر گوێی نەدایێ و گەڕایەوە بۆ کەسنەزان. نزیکەی دوو سەعاتتان بەم جۆرە بردەسەر. بەترس و لەرز براکەت تایەی تورمبێلەکەی گۆڕی. وردە وردە ئێوارە داهات و دنیاش ساردی دەکرد. بایەکی ساردی وشک هەڵیکردبوو.

لێپرسراوی چەکدارەکان لەبەر خاتری تۆ، بەدەردی خۆی گۆتەنی، لە خاریج گەڕایتەوە، هێدی هێدی دیار بوو دڵی نەرم دەبوو. لە کۆتاییشدا پێی گوتن "بەمەرجێ ئیزنتان دەدەم ئەگەر لە دوا سەیتەرەی یەکێتی بڵێن لە سبەینێوە ئێمەیان ڕاگرتووە، لەبەرئەوە ناچار بووین بگەڕێینەوە هەولێر! براکەت ئەو پێشنیارەی قەبووڵ کرد و لەگەڵ خۆتاندا مامەپیرەی گۆڕین و مێردمنداڵێکتان سوار کرد. کوڕێژگەی بەستەزمان هەر زۆری نەمابوو دەستی براکەت ماچ بکات، چونکە لە مردن ڕزگاری کردبوو.

لە دوا سەیتەرەی یەکێتی شکیان لێ کردن، بەڵام کە ناوی ئەو چەکدارەتان هێنا کە سەنەوییەکەی لێتان سەندبوو، برێ هێور بوونەوە و خواحافیزیان لێتان کرد. ئێوەش هەمووتان هەناسەی شادیتان دا و لە ناخی دڵیشتانەوە نەفرەتتان لە هەردوو لایان کرد.

### سێ نموونەی دیکەی زۆر کورت

(1) بەڕۆژ دۆست و بەشەو دوژمن: لە کەسنەزان بۆیان گێڕامەوە تاقمێ پەیدا بوونە، بەڕۆژ دەچنە بن کلکی ئەو کەسانەی کە هۆگر و لایەنگی یەکێتین. پشی پشییان لێ دەکەن و نان و دەعوەتیشیان پێ ساز دەکەن. لە دوای ماوەیەک ئەمجارە بەشەو دەچنەوە سەریان و تێروپڕیان دەکوتن!

(2) لەجیاتی شفتە خواردن تەرمی براکەیان دێتەوە: لام وابێ زۆربەمان شفتەمان خواردووە و خواردنێکی بەتام و خۆشیشە. لە شێخەڵڵای هەولێردا ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو تاقمی چەکداری سەر بە یەکێتی، نازانم لەسەر چی، دەکەونە تەقە لە یەکدی. لە ئەنجامی ئەمەشدا چەند عەرەبانچی و دەستگێڕی ئەوناوە بەبەر گوللەی غەدار دەکەون و دەبنە قۆچی قوربانی گەمەی بێمانای یەکێتی. یەکێ لەم قوربانییانە کوڕە جەحێلێکی قیت و قۆز بووە کە تازە بناغەی سمێڵی داناوە. لە هەمان ڕۆژی کارەساتەکەدا، ئەم کوڕەلاوە کوردە کە تەرەفرۆش بووە، پێشوەخت کەرەسەی شفتە

دروستکردن بۆ خوشکە شیرینەکانی خۆی دەنێرێتەوە، تاکو نانی ئێوارەیان ببێتە شفتەی کوردی. بەڵام داخەکەی گرانم خوشکان لەجیاتی شفتە خواردن تەرمی براکەیان بۆ دێتەوە. خەڵکی گەڕەک دەگێڕنەوە و دەڵێن ئەم خوشکە بەختڕەشانە کەزیی سەریان کردبووە گلۆڵەی دەستیان و ڕمبەڕمبی لەسنگدانیان دەگەیشتە بارەگای عەرشی خوا!

(3) ئەو پیرەمێردەی لە خەفەتی کوڕەکەی لەناو تورمبێل دڵی لە لێدان کەوت: پیرەمێردێکی دەشتی هەولێر هەواڵی کوشتنی کوڕەکەی دەبیسێ کە چەکداری پارتی بووە. پیرەمێردی بێچارە لە هەولێرەوە ڕوو دەکاتە مەسیف بۆ سۆراغی جگەرگۆشە تاقانەکەی. لە مەسیف دەچێتە بارەگای یەکێ لە لێپرسراوە سوپاییەکانی پارتی. لەوێندەرێ چاوی بە بابای لێپرسراو دەکەوێ. لە هەواڵپرسینی کوڕەکەیدا ئەم ڕستەیەی پێ دەگوترێت "مامە گیان خەم مەخۆ زۆر زۆر کوڕەکەت شەهید بووە!!" خوێنەرانی هێژا ئەگەر دەشپرسن چۆن چۆنی، خۆتان لە من باشتر دەزانن. پیرەمێردی جگەرسووتاو بە ئاهو کڕووزی دڵ و دەروونییەوە ملی خۆی شۆڕ دەکات و دێتەوە نەقلیاتەکەی مەسیف. لەوێندەرێش بەرەو هەولێر دەگەڕێتەوە. داخوا دەگاتە جێ؟ نەخێر، لەبەر خەفەتی لەدەستدانی کوڕە "شەهیدەکەی؟!" لەناو تورمبێلەکە دڵی لە لێدان دەوەستێت و ماڵئاواییش لە کوردستانی یەکێتی و پارتی دەکات.

ستۆکهۆڵم 4-1-1996

* بارزان، ژمارە 22، ئۆگستی 1996، ئەمەریکا.

## له كارەسات كارەساتتر و ... تاكه چارەسەر*

ڕەنگبێ كەس وەک سەرانی کورد وا زوو بە زوو جەللادەکانی خۆیان لە بیر نەکەن. مەبەستیشم لە سەرانی چنگ بە خوێنی کورد بەتایبەتی هەردوو دەعباکەی باشووری کوردستانە. لە ڕاستیدا ئێمەی کورد وەک نەتەوەش خاوەن "زاکیرەیەکی مێژوویی"(1) نین و، ڕووداو و قەوماو و کارەسات و مەرگەساتەکان یەک بە دوای یەک بەسەرماندا تێدەپەڕن. بەڵام داخەکەی گرانم تا ئێستاش چ پەندێکمان لێیان وەرنەگرتووە. گەر ئەندامان و ڕێبەران و چاوساغانی نەتەوەیەکی گەورە و گران ئەمە خوو و خەسڵەتیان بێ، دەبێ چۆن چۆنی وەها نەتەوەیەک بە مەرام و خواست و ئامانج و خەونە دێرینەکانی خۆی شاد بێت؟ ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیارێکە و ڕووبەڕووی هەریەک لە ئێمە دەبێتەوە.

لای هەمووان ئاشكرایە هەر لە ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی 1991ی باشووری کوردستانەوە بگرە تا ڕۆژی ئەمڕۆش، کورد گەرووی دڕا ئەوەندەی بە جەلال و مەسعوود بڵێ پیاو بن لەسەر بناغەی ڕاستەقینەی برایەتی بەیەکەوە هەڵ بکەن.. دەست مەخەنە خوێنی یەکترەوە.. شەڕی کوردکوژی مەکەن.. کورد بە داگیرکەران مەفرۆشن و مەیانکەنە سێوبی بەر دەرکی عێراق و ئێران و تورکیا.. با جیهان پێتان - پێمان پێنەکەنێ.. با نەتەوەی کورد بڵێ ئۆخەی وا خەریکە ئەمجارە لە سایەی سەری سەرکردە لێهاتووەکانمانەوە دەحەسێمەوە.. هتد. سەرەڕای هەموو ئەمانەش میرە دەسەڵاتخواز و شەڕخواز و کوردنەخوازەکان تەقەی سەریان دەهات و، ئێستاشی لەگەڵدا بێ نە بایان دیوە و نە باران.. نە لەشکری عەرەب و عەجەم و تورکان.. نە هاوار و زریکەی مناڵانی ڕەش و ڕووتی کوردستان.. نە مەترسی لەدەستدانی تەواوی نیشتمان! تاکە شتێ کە ئەوان عەودالی بن کورسییە، کورسی دەسەڵاتە، دەسەڵات پەیداکردن بەسەر گەلێکی مریشک ئاسا و ئاوەڕووتکراو.

ئەرێ خەڵکینە..

دەبێ دەسەڵات چ بێ کە سەرانی سەرەڕۆ و ملهوڕی کورد کوردی بۆ بە کوشت بدەن؟ داخوا بەرژەوەندی تاکەکەسی و تاکەحیزبیی خۆیان مەزنتر و پیرۆزترە لە خەونە سەوزەکانی ئەم میللەتە چەوساوەیەماندا؟ ئەرێ پرۆگرام و بەرنامەی حیزبەکانیان بەرەو کوێ ملیان نا، کە داوای مافە ڕەواکانی گەلی کوردیان لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکرد، کە هەنووکە خۆیان بوونەتە خوڵام و

بەکرێگیراوی ئەو دەوڵەتانە؟ لە چ گۆشەیەکی دنیادا ڕووی داوە گەورە و گچکەی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بەقوربانی دوو بەگزادە بکرێن؟

جێرهار لێبهۆلز وەها لە مانای دەسەڵات دەگات:"توانای سەپاندنی ویست و خواست، بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەسەر زیندەوەرە ئادەمییەکاندا".(2) ئەوپەڕی دەسەڵاتیش لە دەوڵەتدا دەبینرێت:"کە چ دەسەڵاتێکی تری بەسەرەوە نابێت لە قەوارە سیاسییەکەدا. ئەمەش کاتێ بەرجەستە دەبێت کە ئەو دەوڵەتە خاوەن سەرداریتی خۆی بێت".(3) هەروەها "دەسەڵات لە پێداویستی ژیانی کۆمەڵایەتی بە ڕێکوپێکی و ئاشتی و ئاسایشەوە سەرچاوە دەگرێت. دیسان هێنانە ئاراوەی سەقامگیری و بەردەوامبوونی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و، وەستاندنی دووبەرەکی نێوان تاقم و تاکەکەسەکان لە سنووری خۆیاندا".(4) لە هەمان کاتیشدا "خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و دوورکەوتنەوەی لە ڕای گشتی و بەرژەوەندی گشتی دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕەگەزێکی گەوهەری لە ڕەگەزەکانی هێز و بەردەوامبوونی و پاڵپێوەنانی بۆ بەکاربردنی هێز و زەبروزەنگ، لە وەها بارێکیشدا پێداویستییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی فەرامۆش دەکرێن...".(5) لە شەڕە ناوخۆییەکانیشدا "زۆر جار چارەسەری برایانە و ئاشتیانە وەلا دەنرێ و هەر کەسە دەیەوێ بەرگری لە دەسەڵات و پلە و پایەی خۆی بکات. ئەمەش هۆی ئەوە نییە، ئەو خەڵکە گیانی ڕووخاندنیان تێدایە و دڕندەن و بێ ئایین و مەزهەبن، بەڵکو ئەو توندوتیژی و کوشتوبڕەی دەنرێتەوە، خۆی گیانی تۆڵەسەندن و هەقکردنەوە دێنێتە کایەوە".(6)

شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی کە بووەتە هۆی سەقەتکردنی تەواوی کۆمەڵگای کوردەواریمان، لە گەلێ هۆ و فاکتەوە سەرچاوە دەگرێ، کە لەم نووسینەدا شوێنی باسکردنیان نابێتەوە. گرتنەوەی هەولێریش لە بەرەبەیانی 31-8-1996 لە لایەن ڕژێمی داگیرکەری عێراق و هێزەکانی پارتییەوە خۆی لە خۆیدا بووە هۆی هێنانەکایەوەی ناسکترین و خراپترین ڕەوش لە باشووری کوردستاندا. ئەم پێشهاتە، کە لە کارەسات کارەساتترە، دەچێتە خانەی ئەوپەڕ و لوتکەی خۆگرێدان و خۆهاویشتنە باوەشی فاشیترین دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستی کوردستان. هەر دوای قەومانی کارەساتەکە یەکێ لە گەورەترین ڕۆژنامەکانی سوێد و ئەورووپاش، بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە باری ناهەمواری باشووری کوردستان دەکات:

"کوردەکان دەکەونە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە. لە سۆنگەی هەڵگەڕانەوە و بادانەوەی سەرسامکەری سەرۆک خێڵ مەسعوود بارزانیش لەوانەیە کوردەکان ڕووەو

چارەنووسی نادیار بەجێ بهێڵرێن. هەر بارزانی بوو کە بانگی لە هێزەکانی سەددام کرد بۆ تێکشکاندنی ڕەقیبەکەی لەسەر مەسەلەی ڕێبەرایەتیکردنی کورد. باوکە ئەفسانەییەکەی مەسعوود بارزانی کە ساڵانێکی دوور و درێژ بوو سەرکردایەتی خەباتی کوردی لە عێراقدا دەکرد، ئەمڕۆ ناچارە لەناو قەبرەکەی خۆیدا ڕاست بێتەوە و سەر دەربێنێ.

ڕۆژی سێشەممە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا مەسعوود بارزانیی خڕکەڵە و جوان ڕەخنەی لە ئەمەریکا گرت و واش پێ دەچوو ئەو لەگەڵ مانەوەی کوردستانی عێراق دایە وەک بەشێک لە دەوڵەتی سەددام. ڕێکخستن و ڕێککەوتنێکی وەها کە بارزانی تیایدا دەبێتە فەرماندار و ڕەحمەت و بەزەیی بەغداش باڵی خۆی دەکێشێ بەسەر ناوچەکانی سەرووی عێراقدا. ئەمەش بە قازانجی هەردوولا و لە بەرژەوەندی تورکیای دراوسێشدا دەبێ. بەم شێوەیە یارییەکە لە کەنداوی فارسیدا بەردەوام دەبێت. وەک هەمیشە و جاری جاران بە دڵنیاییەوە دۆڕاو تەنیا کوردەکانن. ڕەنگە ئەمجارەیان دۆزی کوردان برینێکی بێ دەرمان و بێ چارەسەری بۆ زیاد بووبێ. کاتێ کوردان هەستن بە کوشتنی کوردانێکی دیکە و بە هاوکاری هێزەکانی سەددامیش، کە جارێ لە جاران گوندە کوردییەکانی کیمیاباران دەکرد، ئەوا لە وەها بارێکدا خەباتی ڕزگاریی چەندین ساڵە ڕەش دەبێتەوە و، فریودان و هەڵخەڵەتاندنی بێ بنچینە و بناغە و خیانەت و تاوان شوێنی دەگرنەوە".(7)

لە سەرەتادا پارتی نەیدەویست دان بە دەست تێکەڵاوکردن دەگەڵ ڕژێمی عەفلەقی بەغدادا بنێ، بەڵام مەسعوود بارزانی خۆی پەردەی ئەم بێدەنگییەی بڕی و باسی هاوکاریکردنی خۆی و ڕژێمی فاشیستی بەغدای کرد. ئەم قسانەشی لەبەردەم کارگێڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەلاحەدینداا کرد. هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی عەرەبان - ئێم بی سی زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی وتی:"عێراق مافی تەواوی خۆیەتی سەرداریێتی نیشتمانیی خۆی بپارێزێ و ئێمەش داوامان لە سەددام کردووە بۆ هاوکاریکردن...هتد".(8) کەواتە مەسەلەکە بێ پێچ و پەنا دیار و ئاشکرایە، کێش ناڵێ ئەم ماستە مووەکی تێدا نییە و، پێشتریش نەخشەی بۆ نەکێشراوە. ڕێی تێدەچێ ئەمەریکا و دەوڵەتەکانی هاوپەیمان و چەندین لایەنی دیکەش پێشوەخت ئاگاداری مەسەلەکە بووبن. جووڵانەوەی هێزە عێراقییەکانیش بەرەو هەولێر دوو حەفتە بەر لە ڕۆژی داگیرکردنەکە دەستی پێ کردووە.(9) لە کاتێکیشدا سەددام هەولێری بەر تۆپ دەدا، مووشەکەکانی بیل کلینتۆن باشووری عێراقیان دەکوتا. ئەمە دەبێ چەندی بە چەند بێ؟!

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ دەست تێکەڵاوکردنی تاڵەبانیش بکەین لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کە بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەمە بە چ شێوەیەک بە دڵی ئەمەریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان نەبووە و، لە هەمان کاتیشدا دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردمان بووە، بەلانی کەمەوە لە هەردوو پارچەی کوردستانی بندەستی ئێران و عێراقدا. هەموومان دەزانین لە سیاسەتدا سۆز و عەتف و خۆشەویستی فلسێکی قەڵپیش ناکەن. دەنا هەر خەڵکی هەولێر بوون کاتی خۆی کە هەشت هەزار بارزانی ڕووەو باشووری عێراق سووڕگوم کران، ئەوان لە دەمی خۆیان دەگرتەوە تا یارمەتی بسک سوورە بارزانییەکان بدەن. ئەگەر ئەمە چ حیسابێکی بۆ کرابا، قەت قەت نەدەبوو پارتی و مەسعوود ببنە سەبەبکاری کوشتوبڕی بەچەک و بێچەکی دانیشتووانی هەولێر و دەوروبەرەکەی. بەڵام وەک وتم دنیای سیاسەت سووک و چرووکە و هەموو شتێکی گەندەڵیشی تێدا بەدی دەکرێت. دوو میرغەزەبی کورد، یەکێکیان دەچێ ئێران و ئەوی دیکەیان جەللادی براکانی خۆی دێنێ، کوردە حەیاتەکەش دەبێ هەر سیر بخوا و زوڕنا لێ بدا. خۆم لە خەڵکی هەولێرم بیستووە گوایا مەسعوود بارزانی لە کاتی شەڕە کوردکوژییەکانی یەکێتی و پارتیدا، زۆر کەم هاتۆتە سەر تەلەفزیۆن و کابرایەکی شەرم بەخۆ و مەند دیار بووە. پرسیارەکەی من ئەمەیە: دەبێ دانیشتوانی بەشەرەفی هەولێر ئێستا چ بڵێن؟

ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر بەپەلە دەگوزەرێن. مرۆڤ پێراناگا شتێ بنووسێ، کارەساتێکی بەسۆتر دەقەومێ. ئەوەی ئەمڕۆ دەگوترێ، ڕەنگە سبەینێ ڕاست دەرنەچێ. بەڵام تاکە شتێ کە هەموومان بە دەرمانی گەلی کوردی دەزانین یەکگرتنی گەورە و گچکەی ئەم نەتەوە چەوساوە و دابەش دابەشەیە. تاکە چارەسەریش هەر ئەمەیە و هەر ئەمە!!

ستۆکهۆڵم 9-9-1996

### پەراوێزەکان

(1) دەربڕینێکی کاک هاشم کۆچانییە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕادیۆی هەنگاو - ستۆکهۆڵم، 7-9-1996.

(2) جان مینو، مدخل الی علم السیاسة، ترجمة جورج یونس، دار منشورات عویدات، بیروت - باریس، الطبعة الرابعة 1986، ص 88.

(3) موسوعة السياسة، الجزء الثالث، الموسسة العربية للدراسات و النشر، المولف الرئيسى د.عبدالوهاب الگيالى، الطبعة الاولى 1983، بيروت ـ لبنان، ص 215.

(4) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

(5) هەمان سەرچاوە، ل 216.

(6) ڕووناكبيرى، گۆڤاريكى كولتووريى گشتييە، ژمارە 1، مارتى 1992 ـ ستۆكهۆلم، زەبروزەنگ: لە نووسينى محەممەد قەرەداغى، ل 64.

(7) ڕۆژنامەى سويدى:

Svenska Dagbladet, 4.9.1996.

(8) كەنالى تەلەفزيۆنى "ئێم بى سى"، دەنگوباسى كاتژمێر هەشتى ئێوارە بە كاتى سويد و ئەوروپا، 8ـ9ـ1996.

(9) الشرق الاوسط، العدد 6472، السبت 17ـ8ـ1996.

* بارزان، ژمارە 23 و 24، جولاى 1997، ئەمەريكا.

# باسێکی دوو بەشی لەمەڕ 31ی ئاب و گرتنەوەی هەولێر*

## بەشی یەکەم
## دوای داگیرکرنەوەی هەولێر کوردستانم چۆن بینی؟

<u>**تێبینی: ئەم بابەتە بەرهەمی گەشتێکی سێ حەفتەییە بۆ کوردستان**</u>

لە دوای هاتنە پێشەوەی هەلومەرجی گەشتکردن بۆ خوارووی کوردستان، خەڵکانێکی زۆری ئاوارە باروبارگەیان تێکنا و لەپاش چەندین ساڵ دووروڵاتی و غەریبایەتی بە دیداری نیشتمانی باب و باپیران و خزم و کەس و کار و ئازیزان شاد بوونەوە. هەڵبەتە لەناو ئەوانەدا کەسانێکی ڕۆشنبیر و نووسەریش هەبوون کە جار نا جارێ لەملا و لەولا هەستی لێپرسینەوە بەرامبەر بە نیشتمان، وای لێکردوون دەست بدەنە پێنووس و ئەوەی دیویانە یا هەستیان پێکردووە، بیخەنە سەر ڕووی کاخەز و بڵاوی بکەنەوە. لەوانیشە بیر و باوەڕی ئەم نووسەرانە بەسەر بەرهەم و نووسراوەکانیان دیار و ئاشکرا بن. هەر نووسەرێک بەگوێرەی توانای خۆی ئەوەی لە دەستی هاتبێ دریغی لێ نەکردووە. کار و کردەوەی ئەوان مایەی دڵسۆزی و وەفادارییە بۆ کورد و کوردستانەکەیان.

### بۆچی چوومەوە کوردستان؟

هەڵبەت ئەمە جاری یەکەمم نەبوو بگەڕێمەوە کوردستان. پێشتر دوو جار بە سەردان چووبوومەوە وێندەرێ، بەڵام ئەمجارەیان گەشتەکەم کتوپڕ بوو. لە ڕێککەوتی 10-1-1997 نامەیەکم لە کوردستانەوە پێگەیشت. نامەکە لە لایەن برایەکمەوە نووسرابوو. لێرەدا هێنانەوەی بەشێک لە ناوەڕۆکی نامەکە بە خراپ نازانم. لەبەر هەر هۆیەکیش بێ، ئەو ناوانەی کە لەنێو ئەم بەشەی نامەکەدا هاتوون، تەنیا بەپیتی یەکەمیان دەیاننووسمەوە.

لە نامەکەدا هاتووە(1): "بەرواری 3-11-1996 کاتژمێر یازدەی شەو بەسەرەوە بوو. شەو لە خەودا بووین، هەر هەنددەمان زانی لە دەگا درا و تاقمێک دز و ڕێگر بەسەر ماڵەکەیاندا داین و، بەزەبری چەک کە بریتی بوون لە چوار پێنج کەس

ئێمەیان لە ژووریَ کرد، تا هەموو ماڵەکەیان لیَ پشکنین و بەڕاستی ئەم شەوە بوو بە دۆزەخی سەر ڕووی زەمین لە ئێمە و، وەڵلاهی سەرت نەیەشێنم برای ئازیزم ئێمەیان لە ژوور کرد و تا هەموو ماڵەکەیان هێنایە مەیدان. بەڕاستی هەر شتێکمان هەبوو هەر هەموویان برد کە بریتی بوون لە پارە و خشڵ و زێڕی - س - و جل و بەرگی ئێمە و، هەتا ئەو دوو کاتژمێرەی تۆ بە دیاریت ناردبوو بۆ ئێمە. ماڵەکەمان بریتی بوو لە بیست و حەوت هەزار دیناری سویسری(2) و شەش پارچە خشڵی - س - و دوو سەعاتی دەستی و قات و جل و بەرگی خۆم و پشدێن و شتی خۆم و هی - ب - و هەتا تاقم و سۆراو و مکیاجی - خ ش. برای ئازیزم هەتا وردە کە بریتی بوو لە دووسەد و هەشتا و هەشت دیناری ئاسن و هەتا بیست دینار لەناو جانتای دەستیی - ئە - بوو، ئەویشیان برد. تەنیا شەش دیناری ئاسنمان ڕزگار بوو. بەڵام الحمدلله.. الحمدلله کە زۆر زۆر سەلامەت دەرچووین، چونکە خەڵک لەم کارەدا زۆر فەوتاون و نەماون. الحمدلله کە ئێمە سەلامەتین و هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان ساغ و سەلامەتن. هیوادارم غەم نەخۆیت. ماڵی دنیا هەر دەبێتەوە. ئەوەی ڕۆیشت ڕۆیشت. تۆ خۆش".

بەهەڵەدا ناچم گەر بڵێم مرۆڤ کە لەم چەشنە نامانەی بەر چاو دەکەوێت و دەیانخوێنێتەوە، بیرۆکەیەک وەردەگریَ لەمەڕ ڕەوشی نالەباری ئەوڕۆی باشووری کوردستان. هەڵبەتە لە وڵاتی سوێدیش دزیکردن هەیە، بەڵام دزی و ڕێگرییەکەی لای خۆمان لە لایەن تاقمی دەسەڵات بەدەستەوە ئەنجام دەدریَ. بە ناوی ئاسایش لە دەرگات دەدریَ و بە شەرەف و ناموس سوێندت بۆ دەخۆن کە دز نین، هەرکە دەرگاشت لێیان کردەوە دەبنە دز. مرۆڤ بۆی هەیە بڵێت ئەم جۆرە کەسانە بەڕۆژ بەرگی بەناو ئاسایش دەپۆشن و بەشەویش دەمامکی دزان لەسەر دەکەن

هەڵکوتانە سەر ماڵی گەنجێکی کورد کە ڕۆژیَ لە ڕۆژان چەکداری چ حیزبێک نەبووبیَ و کارتی ئەندامەتی چ ڕێکخراوێکیشی لە گیرفاندا هەڵنەگرتبیَ، ئەم کارە ئەگەر سووکایەتیکردن بە مرۆڤی کورد نەبیَ، داخوا دەبیَ چی بیَ؟ وەرامدانەوەی وەها پرسیارێک دەکەوێتە ئەستۆی سەرانی دزە گەورەکان، ئەو دزانەی کە کوردستانیان فرۆشت و چ شتیَ نەما گلاوی نەکەن.

**لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ هەولێر**

له 1997-2-1 له ستۆكهۆڵمەوه سەفەرم كرد بۆ توركیا و لەوێوەش بۆ هەولێره حەیاتەكە. پایتەختەكەی كوردستانی من و هی "هەرێم"ی پارتی و یەكێتی! بەر لەوەی لە پردی برایم خەلیل بپەڕینەوە، جێی خۆیەتی چەند تێبینی و سەرنج تۆمار بكەین، كە ڕەنگە هەر خوشك و برایەكی كورد كەم تا زۆر ئاگادارییان هەبێ لەبارەیانەوە. لە دیوی سەر بە دەوڵەتی توركیا لەبەر پەنجەرەیەكی بچكۆلانە، قەرەپەستانێ و قەرەباڵغییەكت چاو پێ دەكەوێ كە دەڵێی سەرەی وەرگرتنی شەكر و ئارد و نانە. پۆلیسێكی تورك وەك "گای بوغە" لەسەر كورسییەك دانیشتووە و بە ئارەزووی دڵی خۆی جار نا جار پەنجەرەكە دەكاتەوە و دایدەخاتەوە. ئەگەر زەوقی هەبوو هەندێ پاسەپۆرتان وەردەگرێ و لەسەریەك كەڵەكەیان دەكات. دوای سێ تا پێنج سەعاتێك، بە هات و هاوار و ناو خوێندنەوە و ڕفكان ڕفكانێیەك كە هەر مەپرسە چۆنە، لەوانەیە پاسەپۆرتەكەی خۆتت چنگ كەوێتەوە كە مۆرێكی چوونە دەرەوەی توركیای لە قەبرغە دەرەوە.

برایەكی كورد كە ئەویش لە ستۆكهۆڵمەوە هاتبوو، چونكە لە پاسەپۆرتەكەی لەباتی "اربیل" بە كوردی "هەولێر" نووسرابوو، تووشی شەڕ و تەشقەڵە هات لە لایەن پۆلیسە ترۆ و تووڕەكانی توركەوە. "ئەگەر نەخشەی عێراقت بۆ بێنین هەولێرمان بۆ دەدۆزیەوە؟!" ئەویش خوا هەڵناگرێ وەرامێكی دەستبەجێ و مەردانەی لە مست نان.

لەمانەش گەڕێ، ئەی چوار پێنج جار جانتا كردنەوە و نامە خوێندنەوە و سەیركردنی خانمەشۆڕ و شۆخەكیژانی كورد بە چاوێكی زۆر حیزانەوە، كە بە ڕای من ئەم كارە تەنیا لە تورك دەوشێتەوە. دوا بەدوای ئەم هەموو پشكنین و لێكۆڵینەوە و كەوركردنە پێ دەنێیتە سەر پردەكەی برایم خەلیل، پێ دەنێیتە سەر دڵی لەت لەتكراوی وڵاتەكەت. وێنەیەكی گەورەی بارزانی و تابلۆی "بەخێر بێن بۆ كوردستان" پێشوازیت لێ دەكەن. لە ژوورێكی بچكۆلانەی سەر سووچی پردەكە، كوڕەلاوێكی هاوزمانی خۆت دانیشتووە و پاسەپۆرتەكەی دەدەیتێ و لە دەفتەرێكی گەورەدا ناوەكەت تۆمار دەكات. ئینجا ڕوو دەكەیتە دایەرەی "جوازات" كە بریتییە لە ژوورێكی پڕ لە كورسی و هەتا ڕاددەیەك ڕێكوپێك. دوو كونە پەنجەرەی شووشەدار لەنێو ژوورەكەدا هەن لەگەڵ چەند وێنە و تابلۆیەك، كە زیاتر گرێدراون بە ڕابردووی پارتی و بەتایبەتیش بنەماڵەی بارزانی. لە یەكێ لەو دوو كونە پەنجەرەیەدا كیژۆڵەیەكی نە زۆر جوان و نە زۆر ناشیرینیش پاسەپۆرتەكەت لێ وەردەگرێ. ئەگەر باشیش لێی ورد ببیتەوە، ملوانكەكەی گەردنیت بەر چاو دەكەوێ

کە خاچێکی پێوە شۆڕبۆتەوە. لەپشت ئەویشەوە ئافرەتێکی ڕووپۆش و کەمێ بەتەمەن لەبەردەم کۆمپیوتەرێکەوە دانیشتووە و بە کاروباری خۆیەوە مژوولە.

پەنجا دینار بۆ فۆتۆکۆپی و کەمێ چاوەڕوانی و پەنجا دۆلاری گومرگ و هەندێ وەسل، کە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی نووسراون. بەم شێوەیە بەڕێت دەکەن و بە زەردەخەنەیەکەوە کچی خەناوکە لە مل پاسەپۆرتەکەت دەداتەوە. کە لە "سیمەکە" هاتیتە دەرەوە خەڵکێکی زۆرت چاو پێ دەکەوێ. ژنێکی هەولێریی بەپیرتەوە دێت:"ئەرێ کاکە گیان بە قوربانت بم چ ژنەکت لە ڕێ نەدیتیە بەناوی ڕۆناک لەگەر داکم قەولە ئەورۆ بگەنە ئێرە؟" تۆش دڵنیای دەکەیت لەوەی کە ڕۆناک و دایکیت لەنێو فڕۆکەی ئەستەمووڵ بینیوە و بۆ ئێوارەش دەگەنە برایم خەلیل.

لەگەڵ دوو برای کوردت تەکسییەک دەگرن و بەرەو هەولێر دەکەونە ڕێ. لە برایم خەلیلەوە تا زاخۆ لە لۆری بارهەڵگر و تەنکی گاز و نەوت و کەرەسەی سووتەمەنی زیاتر چی دیکەت نایەتە بەر چاو. ئەو ناوە هەمووی بووەتە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی نەوت و گاز و بەنزین. زاخۆ و دهۆک جمەیان دێ لە خەڵک. لە زۆر ڕووەوە باری ئەم دوو شارە لە زۆربەی هەرەزۆری شار و شارۆچکەکانی دیکەی باشووری کوردستان چاکترە. ئەمە ڕاستییەکە و نکۆڵی لێ ناکرێت. هۆیەکەشی چییە و چ نییە ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە. دیارە ئەمساڵ لە کوردستان بەفرێکی باش باریوە. چیا سەرکەش و ڕەنگینەکان تارای سپییان پۆشیوە و باکیان بە کەسک و زەردیشەوە نییە! ناوچەکانی شەقلاوە و هەریر و باتاس هەر بەتەواوەتی لە بەفر سپی دەچنەوە، ئەگەر دەپرسن: هەتا گەیشتنە هەولێر باسی چیتان کرد؟ لە وەرامدا پێتان دەڵێم: ئەگەر دوو سێ کورد لە نیشتمانی خۆیاندا یەکبگرنەوە و بە دیداری خاک و وڵات شاد و کەیل و سەرمەست بن، داخۆ دەبێ باسی چی بکەن؟! کاتژمێر حەوتی ئێوارە"شەو" گەیشتینە هەولێر، پایتەختی کوردستان، کە لەبەر بێ کارەبایی بووەتە "پایتەختی تاریکستان".

سەرەڕای تاریکی و کەند و لەندی گەڕەکە وێرانەکەی پایتەختە کاولکراوەکە، هەرچۆنێ بێ بە ماڵی براکەت دەکەویتەوە. کەس نازانێ تۆ دێیتەوە. بە شەپەشەپی لەدەرگادان پێیان دەڵێیت ئەوە منم هاتمەوە. دوای دڵنیابوون لە دەنگەکەت، ئینجا دەرکەت لێ دەکەنەوە و لە ئامێزت دەگرن. ئەو شەوە هەتا بەیانی بەقسە و باس و خواس ڕۆژ دەکەنەوە.

**1996-8-31 ڕۆژێکی ڕەش لە دیرۆکی کورد**

لە شاری هەولێر و بگرە لە تەواوی کوردستاندا هێشتا باس باسی چۆنیەتی داگیرکردنەوەی هەولێری پایتەختە، لە لایەن چەکدارانی پارتی و ڕژێمی بەعسی



کاتی گرتنەوەی شاری هەولێر،31-8-96

عەفلەقییەوە. بە دزی و بە ئاشکرا خەڵک باسی ئەم ڕۆژە ڕەشە دەکەن. باسی ئەوەت بۆ دەکەن کە بە چ شێوەیەک هەولێر درایەوە دەست پارتی. ڕوو دەکەیتە هەر شوێنێک، سەر دەکەیت بە هەر ماڵێکدا، لە هەر گفتوگۆ و مشتومڕێکدا، لە هەر بەراوردکردنێک لە نێوان خیانەتکاران و سەرانی کورددا، تەنانەت لە کاتی قسەکردن لەبارەی ڕەنگەکانیشەوە،... هتد لە زۆر سات و دەرفەتی دیکەشدا بە تێروتەسەلی گرتنەوەی هەولێرت بۆ باس دەکەن. لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلومەرجێک دێتە کایەوە بۆ مەسعوود بارزانی تاکو بتوانێت ئەم کارەساتە بەئازارە لە بیر خەڵکی کوردستان بەرێتەوە؟ داخۆ بۆی بلوێت ئەم ڕۆژە ڕەشە لە مێژووی ژیانی تایبەتی خۆیدا ڕەش بکاتەوە؟ هەمووومان وەرامی پێشوەختمان پێیە بۆ ئەم پرسیارانە. هەر ویستم لێرە داخ و کەسەری دڵ و دەروونم بەیان بکەم و بەس. خراپ نابێ گەر بەکورتیش بێ کەمێ باسی گرتنەوەی هەولێر بکەم. دەبێ ئەوەش بڵێم من لە زمانی جەماوەری بەشەرەفی هەولێرەوە چم بیستووە و خەڵک چۆنیان بۆ باس کردووم، هەر هەمان قسە و باس دەخەمە سەر ڕووی کاخەز بۆ خوێنەرانی هێژا و خۆشەویست. بێگومان گرتنەوەی شارێکی گەورە و گرانی وەک هەولێر، ئەگەر پێشوەخت نەخشەی بۆ نەکێشرابێ، کارێکی ئەوەندە هاسان نابێ و دوا ئەنجامەکەیشی تەنێ تێکشکان و لەناوچوون دەبێ.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت پارتی چەندین جاری تر هەوڵی گرتنەوەی هەولێری داوە. لەبەرئەوەی هەولێر پایتەخت بووە، چ بۆ پارتی و چ بۆ یەکێتیش مانای بەهێزبوون و گەورەیی و خورتبوون دەگەیەنێت. مەبەستم لە خورتبوون و بەهێزبوونیش لێرەدا ئەوەیە، کە هەرکام لەو دوو حیزبە لە کۆششی ئەوەدا بوونە زاڵبوونی خۆیان بەسەر گەورەترین بەشەخاک و جەماوەری ڕەش و ڕووتی ئەم میللەتەدا بسەپێنن. ئەوان چ ڕۆژێک لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد خۆیان دڵتەنگ نەکردووە و ناکەن. هەموو سات و کاتێکیش حیزبایەتییان گەلێ بە پیرۆزتر زانیوە لە کوردایەتی و کوردستانیبوون. بگرە بەرژەوەندی تایبەتی و کەسێتی خۆیان پێش بەرژەوەندی حیزبەکانیشیان خستووە.

سەرەڕای هەوڵ و کۆششی بەردەوامی چەکدارانی پارتی بۆ گرتنەوەی هەولێر، نەک هەر نەیانتوانی ئەم شارە بگرنەوە، بەڵکو تاقە گوندێکیشیان نەکەوتەوە دەست، وەک کەسنەزان کە هەر لەبن دەستی پارتی بوو و لەبن هەولێریش بوو. بەڵام بە چ شێوەیێ بە بازووی خۆیان بۆیان نەچووە سەر پایتەختی کاولکراوی کوردستان، بە دەردی خۆیان گۆتەنی "ڕزگار" بکەن. تەنانەت لە ڕۆژی 31-8-1996یشدا، هەروەک خەڵکی بەشەرەفی هەولێر دەیگێڕنەوە، لە سەرەتادا چەکدارانی پارتی ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەیەکی سەختی لایەنی دووەم، یەکێتی، بوونەوە. ئەوپەڕی بەرخۆدان و داکۆکی لە خۆ کردن لە گوندەکانی "چەمرگە" و "کورداوە" و دەوروبەری "کانی قرژاڵە" و "بێستانە" و لە هەندێ شوێنی دیکەی دەشتی هەولێر نیشان دران. لە ناوچەکانی چەمرگە و کورداوە بە ئیڤا و زیل کەلاکی عەسکەری تۆپیوی عێراقیی گوێزراونەتەوە. لە یەک دوو جێدا پێشمەرگەی(3) یەکێتی بە زنجیر لەنێو سەنگەردا خۆیان قایم کردووە و، تا دوا گوللەش لەهەمبەر تانک و تۆپی بەعس و "هاوپەیمانی دڵسۆز"ی(4) سەددام حوسێندا جەنگیون.

لە سەرەتادا هەر چوار لای هەولێر بە تۆپ و تانک و زرێپۆشی ڕژێم دەورە دراوە. ئەو تۆپ و تانک و زرێپۆشانە کە ئێمە، لێرە لە ئەوروپا، لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە جیهانییەکان چاومان پێیان کەوت و هێشتا گریسیان پێوە دیار بوو، دیار بوو تازە لە پاکێت دەرهێنرابوون. بەزەبری دەبابە هەولێر خۆی بەدەستەوە دا. لە دەوروبەری کاتژمێر یازدەی بەر لە نیوەڕۆ دەنگی زەنگی سەرکەوتنی پارتی و بەعس وەبەر گوێی خەڵک کەوت.

### هەولێر لە دەمەدەمی گرتنەوەکەدا

ڕەفتاری فاشیستانەی بەعس و ئەنفالچییەکان لای هەر کوردێکی دڵسۆزی ئەم گەلە خۆیا و ئاشکرایە. ئەوانەی لەناو کارەساتی مەرگەساتەکاندا ژیاون و دەژین، باشتر دەتوانن باس لە دەرد و ئازارەکان بکەن







بەدەست ڕژێمی کوردکوژی بەغدا و جاشەکانییەوە. لەو دەمەی کە هەولێر دراوەتە بەر تۆپ، لە گەلێ شوێن خەڵکی شار وەبەر گوللەتۆپی بەعسییان کەوتوونە و شەهید بوونە. تەنیا بۆ نموونە لە گەڕەکی "تەعجیل"ی هەولێر ئافرەتێکی بەستەزمان دوو منداڵی دەبێتە قوربانی گوللەتۆپێک و ماڵەکەیشی تەفروتونا دەبێت. لە گەڕەکەکانی "کووران" و "سەیداوە"شدا هاووڵاتییان بەبەر غەزەبی هێزی ئەنفالچییان و چەکدارانی پارتی کەوتوونە و زیانی گیانی و ماڵییان لێ کەوتووە. هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقی، بەتایبەتی عەرەبەکان، بەشی هەرەگەورەیان یان گوللەباران کراون یان حەواڵەی مووسڵ کراون. لە هەندێ ڕووداویشدا دەست لەو تاقم و چەتانەش وەشێنراون کە کەم تا زۆر هاوپەیمانی پارتی بوون. برێ لەو کەسانە ڕەوانەی مووسڵیش کراون، بەڵام لە دواییدا بە هاریکاریی پارتی ئازاد کراون. تانک و زرێپۆشەکان، بۆ چاوەزار، پەڕۆی زەردیان بەسەرەوە بووە. ئای لەو گەمژەییە گەلێکی گەورە و گران بەم جۆرە فڕوفێڵانە هەڵبخەڵەتێنی! ئەو گەلەی کە ڕۆڵەکانی هەموو چەشنە ئازارێکی ڕژێمی داگیرکەری عێراقییان چەشتووە و لێی بەئاگان.

وەک هەموومان دەزانین لە هەر گرتنەوەیەک و شەڕ و پێکدادانێکدا لە نێوان لایەنە شەڕکەر و بەگژیەکداچووەکان، گەلێ دیاردەی دزێو و ناشیرین سەر هەڵدەدەن. کۆنکرێتتر هەر گرتنەوەیەک فەرهوودێکی بەدواوەیە: تاڵان، دزی، کوشتن و بڕین هەتا بڵێی ئاسایی دەبن لە وەها هەلومەرجێکدا. ئەگەر دەشپرسن: کێ بەم کارانە ڕادەبێت؟ لە وەرامدا بەڕاشکاوییەوە دەڵێین: کەسی چەک بەدەست، بەتایبەتیش لایەنی هێرشکار و شاڵاوهێنەر. لە دەمەساتی داگیرکردنەوەی هەولێردا

هەر تورمبێلە و پارچەپەڕۆی زەردی بەسەردا شەکاوەتەوە. جا چ بۆ پاراستن بووە، یانیش ماڵی دزراو بووە و بە موفەڕکی زەرد قوتار کراوە. بە هەزاران ماڵ دزییان لێ کراوە و خراونەتە سەر ساجی عەلی. لە کاتی گرتنەوەی هەولێردا مەسعوود بارزانی وتی:"ئێمە وەکو حیزب لێبوردنی گشتی ڕادەگەیەنین، بەڵام جەماوەر هەقی خۆیەتی تۆڵە بکاتەوە". بە ڕای من ئەمە خۆی لە خۆیدا ئازادکردنی دەستی چەکداران و لایەنگرانی پارتییە لە ئەنجامدانی هەر کار و کردەوەیەکدا. ئەمە پێکردنی گلۆپی سەوزە بۆ هەر کەسێ کە بیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، دەستی خۆی لە برای هاوزمانی خۆی بوەشێنێ. ئەمە خۆشکردنی ئاگرەکەیە نەوەک ئاو پێداکردنی. هەر بەو جۆرە قسانەی سەرانی کوردیش بووە، کورد ماڵی خۆی کاول کردووە. داخوا دەبێ هەتا کەینێ میللەت گوێ بۆ ئەم وتە بێ سەروپێیانە شل بکات؟!

## دوای ئەوەی کە پارتی هاتە ناو هەولێر

شتێکی بەڵگەنەویستە دوای داگیرکرنەوەی هەولێر لە لایەن پارتی و هێزەکانی ڕژێمەوە، هەنگاوی یەکەم بریتی دەبێ لە نەهێشتنی هەر ئاسەوارێک کە پەیوەندی هەبێ بە یەکێتی و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە و دام و دەزگاکانیانەوە. لە سەرەتادا پارتی دەستی کردووە بە ئەنجامدانی چەندین کار کە هەندێکیان بەڕاستی مایەی پێکەنین و سەیر و سەمەرەن. دەڵێن بەخت یاری بۆیاغچی و سبووغچییان بووە، چونکە شاڵاوی گەلێری کراوەتە سەر ڕەنگی کەسکی بێ زمان و گیرفانی بۆیاغچییانیش، بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ، گەرم بۆتەوە. دەرابەی دووکانەکان و بارەگاکانی یەکێتی و بەکورتی دار و دیوار لە زەرد نراون. ئەگەر گەشتێکی ئۆردووگای دارەتووی بن هەولێر بکەیت، یەکەمین شت کە سەرنجت ڕابکێشێ ئەو ڕیزە دووکانەی سەر جادەە خۆڵاوییەکەیە کە بەتەواوەتی ڕەنگی زەردیان لە خۆ ناوە و کورد گۆتەنی ڕەنگ زەرد و لیو بەبارن! تاک و تەرای هەندێ لەو دووکانانەش ڕەنگە کەسکەکانیان بەجوانی زەرد نەکراوەتەوە، واتە کەسک و زەرد تێکەڵاو بوونە و ڕەشبەڵەک و خەنەبەندانێ دەگێڕن بۆ عەقڵی سیاسیی پووچی سەرانی کوردا! بەڵێ، تەنانەت لەسەر ڕەنگی جل پۆشینەوە کەسانێ هەن گێچەڵیان پێ کراوە و بگرە ئازاریش دراون. کاتێ بە میوانداری چوومە ماڵێکی خانووەکانی "معمل نسیج"ی هەولێر، لەوێندەرێ زۆر باسی تراژیدی - کۆمیدییان بۆ گێڕامەوە لەسەر هەڵسوکەوتی بەرپرسیارانی کورد و حکوومەتی دوێنێ و ئەمڕۆی "هەرێم"ی

کوردستان. تەزبێح و پاڵتۆ و کراسی سوخمە و دەلینگ و دەرپێی ژنان و...هتد، ئەمانە هەموویان لە شەڕەنگی سەوز و زەردا ناویان کەوتۆتە ناو ناوان و بوونەتە بابەتی کۆڕی مەجلیسان.

هەنگاوێکی دیکەی پارتی دیموکراتیی کوردستان بەخشینەوەی پۆستەرێکی گەورەی خوالێخۆشبوو بارزانی بوو بەسەر هەموو دووکاندارەکان و خاوەن ڕیم و پاسەکانی نێو شاری هەولێر. ئێستا لەسەر جامی پێشەوەی هەر ڕیمێکدا وێنەیەکی گەورەی بارزانیت بەر چاو دەکەوێ. لەخۆڕا نییە خەڵکی هەولێر ئەم شتەیان کردۆتە نوکتەی سەر زاریان و بە ئاشکرا نا، بەڵکو بە نهێنییەوە دەڵێن:"پەنجا ساڵ خەبات و سەکنی ڕیم!" ئەگەر هەر یەکێکیش لە ئێوەی خوێنەر باوەڕی بە قسەکانی من نییە، با سەری خۆی هەڵگرێ و هەتا هەولێر گیر نەبێ ، دەتوانێ بۆ ڕاستی و درۆش شتەکان بە چاوی خۆی ببینێ. هەر کەسێ



ئازادە لە بیر و ڕا و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەگەڵ ڕووداو و قەومانەکاندا. بەرزکردنەوە و هەڵواسینی هەر وێنەیەکیش، بەتایبەتیش هی سەرکردەیەکی مینا بارزانی، چ قسەیەکی لەسەر نییە، بەڵام کاتێ مەسەلە هاتە سەر دابەشکردن و بەخشینەوەی وێنە و ناچارکردن، ئەوا لەو بارەدا ڕووی ڕاستەقینەی کارەکە دەگۆڕێت و لەپێش چاوان ڕەش دەبێت. ئەگەر وا نییە ئێوە دەڵێن چی؟!

زۆربەی زۆری ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکێتیش بە شێوەیەک تەمێ کراون. برێ لەوان لەنێوبراون، بەشێکیان هەولێریان بەجێ هێشتووە و ڕوویان کردۆتە سلێمانی، هەندێکیان لە زیندانێ ئاخێنراون و دزییان لێ کراوە، پاشانیش بەزەبری پارەوپوول خۆیان ڕاگرتووە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت، ئێستا لەناو

خودی هەولێردا پەنجا هەزار ئاوارەی سلێمانی هەن. ئەم ئاوارانە، بەشی گەورەیان لە ترسی یەکێتی شاری سلێمانییان بەجێ هێشتووە و، لە میوانخانەکان و هەندێ شوێنی دیکەی هەولێردا گیرساونەتەوە.(5) نووری گەرمیانی کە گۆرانیبێژێکی ناسراوە لە هەولێر، هەر لەبەرئەوەی گوایا لایەنگری یەکێتی بووە، لەپاش گرتنەوەی شار لە لایەن بەعس و پارتییەوە، هونەرمەندی ناوبراو جوان و پوختە حەسیرمەیدان و دارکاری دەکرێت. لە دواییشدا بەعس ئاسا لەسەر بارزانی سروودی پێ دەوترێت. ناچارم بپرسم: ئەگەر بارزانی خۆی لە ژیاندا بوایە، داخوا لە بەرامبەر ئەم کارەدا چ هەڵوێستێکی دەنواند؟! ئەگەر بتەوێ گوێ لە ئێزگەی یەکێتی و ڕێکخراوەکانی دیکەی پەڕاگەندەی سلێمانی بگریت، پێویستە بە نهێنییەوە ئەم کارە بکەیت و نابێ کەسیش ئاگای لێ بێت. کورد گۆتەنی دیوار بەگوێیە! ئاریالی تورمبێلەکەت دەبێ لەپشتەوە بێ و ناشبێ ئەوەندە درێژ بێ. کێ ناڵی جیهاز ناکەیت بۆ یەکێتی و کاری سیخووڕیی ئەنجام نادەیت! ئەو زنجیرە درێژەی کە جاری جاران بەتایبەتی هەرزەکاران پێیان بووە و بەسەر پەنجەی شادەنوێژەوە بایان دەدا، ئێستا ئەم زنجیربادانە مانایەکی تر دەبەخشێت: پارتی بەزەبری زنجیری دەبابەی سەددام هاتەوە هەولێر! لەبەرئەوە تکایە کە چوونەوە هەولێر ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەن. هەر بەڕێوەبەر و مووچەخۆرێکی گەورە کە کاتی خۆی لە زەمانی یەکێتیدا پلە و پایەیان هەبووبێ و، لەلایەن یەکێتییەوە دامەزرێنرابن، ئەوا بێ قەید و شەرت دابەزێنراونەتە خوارەوە. هەر بۆ نموونە لە دایەرەی کارەبای هەولێر لێپرسراوێکی یەکێتی هەبووە، کە پارتی هاتۆتەوە لێپرسراوێکی دیکەی لەجێی ئەودا داناوە. هەردووکیشیان یەکتریان ناسیوە و خەڵکی یەک گوندیش بوونە. کابرای پارتی بەوەی یەکێتی گوتووە:"ئەوە ڕۆژمان هاتەوە، بەڵام دیسانیش ئێمە وەک ئێوە نابین!" تەنانەت ڕیش هێشتنەوە و کورتەک و شەرواڵ لەبەرکردنیش لەوانەیە گومانیان لێ بکرێت. کۆبوونەوەی کۆمەڵە گەنجێکیش لەناو شاریدا بە دەربڕینی سوێدی گۆتەنی:"نیشانەی پرسیاری لەسەر دادەنرێت!" گۆڕانکارییەکان پەیکەری شەهیدانیشیان گرتۆتەوە. لە شوێنی هەر شەهیدێکی لایەنی یەکەمدا پەیکەری شەهیدێکی لایەنەکەی تر بەرز کراوەتەوە. گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکان و جێگای وەستانی پاسەکانیش ناوەکانیان وەکو جاران نەماوە و گۆڕێنراون.

دەمەوێ لێرەدا دەستنیشانی خاڵێ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە من زۆر بەکورتی باسی گۆڕانکارییەکانم کردووە. ئەوەندەم شت گوێ لێ بووە سەبارەت بە هاتنەوەی

پارتی و بەعس بۆ ناو هەولێر، کە بە چ شێوەیەک لە وتارێکی چەند لاپەڕەیی و وەهادا دەرەقەتی بەیانکردنیان نایەم. هەویری ئەم بابەتە ئاوێکی زۆر دەکێشێت.

## بەشی دووەم
## هەندێ لە هۆکار و ئاکامەکانی گرتنەوەی هەولێر

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ دەست تێکەڵاوکردنی تاڵەبانیش بکەین دەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کە بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەمە جێگای ڕەزامەندی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان نەبووە و، لە هەمان کاتیشدا دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردمان بووە بەلانی کەمەوە لە هەردوو پارچەی کوردستانی بندەستی ئێران و عێراقدا. بە مانایەکی تر نابێ یەکێتی و جەلال تاڵەبانی لە هاوکێشە گشتییەکە وەدەربنرێن. بە بڕوای من هێنانی پاسداران بۆ نێو قووڵایی خاکی کوردستان و دەسەڵات پەیداکردنی ئێران لە ناوچەکەدا، بە یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی قووڵبوونەوەی کێشەکە دەژمێردرێت.



وێنەی سەددام حوسەین و مەسعود بارزانی

بەرپرسیارێکی پارتی کە تووکی سەری سپی بووە و هەموو تەمەنی ژیانی خۆی لە حیزب حیزبانێدا سەرف کردووە، پێی گوتم:"ئەگەر ئێمە حکوومەتیشمان هێنابێتەوە حەقی خۆمانە، چونکە ئەگەر وامان نەکردبایە جەلالییەکان لە بادینانیشیان ئاودیو دەکردین". هەبوونی پەیوەندی لە نێوان یەکێتی و ئێراندا شتێک نییە بشاردرێتەوە. ڕاستیشە کە یەکێتی لە ناوچەکانی سەر سنووری "ئێران" و لە "سیدەکان"دا، بە یارمەتی ئێرانیش هەوڵی ئەوەی داوە

دەست لە پارتی بوەشێنێت. یەکێ لەو چەکدارانەی کە لەو کارەدا بەشدارییان کردبوو خەڵکی گوندی خۆمانە و زۆر باشیشی دەناسم. ئەو ئێستا چەکی حیزبایەتی فڕێداوە و لە ماڵەوە لێی دانیشتووە. مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە لێرەدا ئەوەیە کە هەردوو هێزە خۆ بە زلزانەکەی خوارووی کوردستان، لە گەلێ کات و ساتدا، هەموو کار و کردەوەیەکیان ئەنجام داوە و دەدەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و، فراوانکردنی دەسەڵاتیان لە کوردستانی کاولکراو و پارچە پارچەکراوی بندەستی خۆیاندا.



سەرەڕای ئەمەش مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێت: داخوا خیانەت بە خیانەت دەشۆردرێتەوە؟ بە مانایەکی تر: ئایا پارتی مافدارە لە هێنانەوەی ڕژێمی فاشیستی عێراق بۆ سەر کوردستان بە بیانووی خۆپاراستن لە هەڕەشە و گوڕەشەکانی یەکێتی؟ یان ئەگەر پارتی، وەک دەڵێن با بۆ خۆی پیاو بوایە، بیتوانیبایە بە ڕەنجی شانی خۆی هەولێری پایتەختی لە چنگ یەکێتی دەربخستایە؟ بێگومان ئەوکات لەوانەیە بۆچوونێکی دیکە سەبارەت بە کارەکەی پارتی بهاتبایە ئاراوە. هەڵبەت لە هەر بارێکیشدا تەنیا ڕەش و ڕووتانی میللەت بوون کەوا باجی ئەم ناکۆکی و دووبەرەکییانەی پارتی و یەکێتییان داوە و دەدەن.

1996-8-31 ئەو ڕۆژە بوو کە پارتی بۆ دنیای سەلماند: ئێمە عێراقین و سەددامیش سەرکردەمانە، نامانەوێ وڵاتی خۆمان لەت بکەین. ئەوەی تا دوێنێ پێمان دەوت هیتلەر و دیکتاتۆر و عەفلەقی و



بکوژی هەڵەبجە و بادینان و بارزانییان، ئەمڕۆ ئەگەر دۆستیشمان نەبێت دوژمنایەتیمان ناکات. لەم ڕۆژەدا لەسەر داواکاری یەکێ لە گەورەترین هێزەکانی باشوور خۆی، لەلایەن حیزبێکی کوردیی خاوەن ئەزموون و تاقیکردنەوەی پەنجا ساڵەوە، ڕێگا بە سەددام درا خەتی سوور ببەزێنێت و ڕوو بکاتە "شیماله حەبیبەکەی" دەزگیرانی خۆی. ئەو خەتە سوورەی کە لە لایەن کۆمەڵگای دەوڵەتانەوە بۆی دیار کرابوو.

جاری جاران سەربازە دڵڕەقەکانی کوڕانی عۆجە و تکریت بۆیان نەبوو لە گوندی "شێراوە"ی پێنج کیلۆمەتری دوور لە قوشتەپە، زیاتر هەنگاو بنێن، کەچی ئێستا بە گوندەکانی "کەردز" و "کاولە گردمەلا" و "پارانییان" و "بێستانە"ش ڕادەگەن. هەڵبەت لەگەڵ چەکدارەکانی پارتی کێ ناڵێ فێری شایی و هەڵپەڕکێی کوردیش ناکرێن! بەقسەی دانیشتوانی ناوچەکەش: هەر ئەفسەرێکی عێراق دوو هەزار دیناری ئەسڵی و سەربازێکی پێپەتی عێراقیش هەزار دیناری ئەسڵی پێ دەدرێت، وەکو یارمەتی و خەڵات، بێگومان لە قاسەی برایم خەلیلی ژێر دەستی پارتییەوە. خەڵکی ڕەش و ڕووت و برسیکراوی کوردستانیش با تێر تێر سیر بخۆن و زوڕنا لێ بدەن.

دوژمنانی کورد هەمیشە پڕوپاگەندەی ئەوەیان کردووە، گوایا کورد ناتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی باشووری کوردستان، لە سایەی سەری سەرانی پارتی و یەکێتییەوە، قسە پڕوپووچەکانی داگیرکەرانی دەقاودەق سەلماند. هێنانەوەی بەعسیش بۆ کوردستان خۆی لە خۆیدا مانای ئەوە دەبەخشێ کە کورد ناتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ. ئەگەریش نا، بۆ دەبوایە کوردستان بکرابایە مەیدانی تەراتێنی جەندرمە و پاسدار و بەعسییان؟

گەڕانەوەی سەددام بۆ کوردستان لە داگیرکردنەوەی هەولێردا دەبینرێت. دیکتاتۆرێکی وەها خوێنمژ کە جورئەت ناکات لە شوێنی خۆی ببزوێت، کەچی لە لایەن حیزبێکی گەورەی کوردستانەوە مامەڵەی براگەورەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەم کارە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناودەوڵەتیشدا بایەخ و "ئیعتیبار" بۆ ملهوڕەکەی بەغدا دەگێڕێتەوە. دەبێ کێ سەبەبکاری ئەوە بێت جەماوەر لەبەردەم بینایەی پەرلەمانی باشوور هاوار بکات و بڵێت: نە یەکێتی و نە پارتی، عارەبێکی پێپەتی! بێگومان لەسەر ئاستی جیهانیشەوە کورد وەک میللەتێکی خۆخۆر و دواکەوتوو و یەکنەگرتوو سەیری دەکرێت. ئاشکرایە گرتنەوەی هەولێر گەلێ هۆکار و ئاکامی دیکەشی لەپشتەوە دەوەستێت. ئێمە لێرەدا زۆر بەکورتی و بەگشتی هەندێ شتمان باس کرد کە پەیوەندییان هەبوو بە بابەتەکەوە.

## بارودۆخی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی

پێش هەر شتێک، بۆئەوەی پارتی و لایەنگرانی زگیان بەخۆیان نەسووتێ و، لێم نەکەونە تەقە و پێشم نەڵێن ئەم کابرایە شەلم کوێرم ناپارێزم کوێرانە هاتووە لایەنێکی داوەتە بەر توانج و ژەهر و ڕەخنەی نادروست، پێم خۆشە لێرەدا سەرنجیان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە کاتێ یەکێتیش لە هەولێر بوو، هەر بە هەمان باوەڕ و قەڵەمەوە، ڕەخنە ئاڕاستەی حیزبی حوکمڕانی ئەوسای هەولێر واتە یەکێتی کراوە. ساڵی پار لە 14-1-1996 لە کوردستان گەڕامەوە. دوای هاتنەوەشم بە دوو حەفتە، ئەوەی لە دڵ و دەروونمدا پەنگی خواردبۆوە، بەڕاشکاوی و بێ سڵەمینەوە کەوتە بەر گوێی گوێگران و دیدەی خوێنەران.(7) تەنانەت لەم کتێبەشدا باسەکە بڵاو کراوەتەوە(23 ڕۆژ لە وێرانەوڵاتێکدا).

ئەوەی تایبەت بە بارودۆخی ناوخۆی هەولێرە، جێی خۆیەتی باسی دوو خاڵ بکەین کە گرێدراون بە مەسەلەی ئاسایشی ناو شار. خاڵی یەکەم هەبوونی "لیوای تایبەتی"یە بە سەرپەرشتیکردنی "شێخ وەجیهـ بارزانی" کە پێکهاتووە لە یەک دوو دانە زرێپۆش و چەند تورمبێل چەکدار و ئەگەر هەڵەشم نەگوتبێ دەبابەشیان لەگەڵ دایە. ئەم لیوا تایبەتییە بەشەو لەناو شاری هەولێر و دەوروبەرەکەیدا دەسووڕێنەوە. مەبەستیش لە هەبوونیان پاراستنی ئەمن و ئاسایشە لە شاری هەولێردا، بەتایبەتی بەشەوان. لیوای تایبەتی تا چ ڕاددەیەک سەرکەوتووە لە دابینکردنی ئاسایش بۆ دانیشتوانی شارێکی گەورەی وەک هەولێر، ئەمەیان شتێکی دیکەیە و لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێ. خاڵی دووەم بریتییە لە کەمبوونەوەی دیاردەی چەکداریی تا ڕاددەیەکی باش لەنێو شاری هەولێردا. دەنێو کووچە و کۆڵان و قەیسەری و شێخەڵلادا وەکو جاری جاران ئەوەندە چەکدارت بەر چاو ناکەوێ. هەڵبەت لێرەدا مەبەستم گرووپی چەکداری ناو لاندرۆزەر و هێزەکانی دیکەی پۆلیس و "انضباط" نییە.

هەولێر خەمبارە و خەمی لێ دەبارێ. بێ کارەبا و ئاوە. ڕۆژ نییە لە کۆڵانەیەکی گەڕەکە نادەستڕۆیشتوو و هەژارەکاندا، لەسەر ئاو، ژنان دەست نەخەنە قژی یەکتر و چەندین جوێنی ڕەواش بۆ سەرانی کورد ڕەوان نەکەن. خەڵک لەسەرمان هیتەر پێدەکەن. کارەباش کەمە و بەرگەی هیتەر ناگرێ. لە ئەنجامیشدا شەو نییە محاویلەی کارەبا نەتەقێ. ڕاستە لە کاتی ئێستادا نەوت هەرزان بووە و لیتری



بەنزین گەیشتۆتە هەشت درهەم"بەسەرە"، بەڵام نەوت و بەنزین هەر شتێک نین بۆ خەڵکی ڕەش و ڕووت و بێدەرەتانی کوردستان. ئەوەی ئەمڕۆ بۆ ئەوان گرنگە نانە، پارووەنانی ڕۆژانەیە. لە هەولێر لەتەک ڕۆژنامەکانی "برایەتی" و "وڵات" و "ڕێگای کوردستان" و هەندێکی دیکەش، گۆڤاری "الف باء" و ڕۆژنامەکانی "الثورة" و "بابل" و "القادسية"ش دەفرۆشرێن. بۆ من جێگای خۆشحاڵییە ڕۆژنامەی "وڵات" سەرفیاتی لە هەمووان زیاترە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی وریابوونەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان دەگەیەنێت. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزبەکانی ئەوبەر، ئەوانەی لەگەڵ یەکێتین، لە بازاڕ وەبەر چاو ناکەون. لەوانەیشە چاوم ڕەشکە و پێشکەی کردبێ و بەهەڵەدا چووبم؟! هەروەکو پێشانیش وێنەگرتن دەنێو شاردا بە کامێرای تایبەتی خۆت یاساغە. بۆ ئەم کارەش دەبێ مۆڵەت لە نیقابەی هونەرمەندان یا ڕۆژنامەنووسانی سەر بە حیزبی حوکمڕان وەربگریت. ئەو کامێرا بەدەستانەی کە بە پارەش "لەبن قەرات" وێنە دەگرن، مۆڵەتیان لە هەمان نیقابە پێدراوە.

لە هەولێر بووم تەرمی "وەستا یونس"ی شەهیدی پارتییان هێنایەوە بۆ گۆڕستانی "گردەڕەشە". لە ئۆردووگای "دارەتوو" بەزۆر خەڵکیان خڕکردەوە بۆ پێشوازی لێکردنی تەرمی وەستا یونس کە هەڵبەت لە شەڕی خۆکوژیدا خۆی کوشتووە. بە شاپ شاپانێ پیرەمێردێکی گوڵەبەڕۆژەفرۆشی بەردەرکی دووکانەکانی دارەتوویان بەگەڵ خەڵکەکە دا، هەر بۆئەوەی بەخێرهاتنەوەی تەرمی کوژراوێکی شەڕی بەدناوی کوردکوژی بکات. بۆ ئێوارەکە لە تەلەفزیۆنی "گوڵان" و "هەرێم - KRT"دا باسی ئەوە کرا کە جەماوەری بەشەرەفی هەولێر بەگەرمییەوە پێشوازییان لە تەرمی شەهیدی خۆیان وەستا یونس کردووە. ئەمەم بەگوێی خۆم بیست!

دوای پێکهاتنەوەی پارتی لەگەڵ ڕژێم ڕێگای هاتوچۆکردن لە نێوان کوردستان و عێراقدا لە پێشان باشتر کرایەوە. ئێستاکە خەڵک، دیارە هەر کەسێک نا، لە جاران ئاسانتر دەچنە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی بەعس. کڕین و فرۆشتن و جۆرە

ئاڵوگۆڕییەک هاتۆتە ئاراوە لە نێوان ناوچەکانی کوردستان و ئەو شوێنانەی کە هێشتا لەژێر دەستی سەددام دان، جگە لە شارەکانی عێراقیش. هەتا ڕاددەیەک نرخی کەرەسە و خواردەمەنی هاتۆتە خوارەوە. هەروەها سووتەمەنی و نەوت و غاز نرخیان دابەزیوە. بەڵام ئەمانە هەموویان بە چ شێوەیێ مانای ئەوە نابەخشن کە هەر کەسێ بتوانێ، ئەو شتومەک و کەلوپەلانە بکڕێ کە مەبەستیەتی. چونکە هێشتا زۆر زۆر بۆئەوە ماوە "بەهار بێتە چۆکان!" نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ، لە دوای گرتنەوەی هەولێر، چەند دانەوێڵە و گەنم و جۆی کوردستان هەبوو هەمووی حەواڵەی عێراقی سەددام حوسێن کرا. بەداخەوە ئەم کارە کاتی خۆشی هەر هەبووە و ڕژێم هەمیشە لە هەوڵدانی ئەوەدا بووە، بەگشت شێوەیەک، کوردستان بڕووتێنێتەوە. ئەگەر بێتو باسی گرانی و هەرزانی بکەین، دەبێ ئەوە وەبیر خۆمان بخەینەوە لە ڕۆژی ئەمڕۆی کوردستاندا دۆلار بڕیاری بازاڕ دەدات. بێگومان شەڕی ناوخۆیی و نائارامی و نە شەڕ ـ نە ئاشتی ڕۆڵی خۆیان هەیە و دەبێت لەم بوارەدا. ئەوەی لێرەشدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە بەرزبوونەوە و دابەزینی نرخی شتومەک و خواردەمەنی و خانووبەرە و هەر شتێکی دیکە گرێدراوە بە نرخی دۆلار.



کاتێ دەگەڕێیتەوە هەولێر گەلێ پێویستە سەرێکی بازاڕەکەی شێخەڵلا بدەیت. بازاڕ چ بازاڕێک، ئەوەندە قەڵەباڵغە هەر مەپرسە. شێخەڵلا کورد گۆتەنی سەری هار و ماری تێدایە. شوفێر حەددی چییە بتوانێ بە تورمبێلەکەیەوە ڕوو بکاتە وێندەرێ. ئەگەر زاتی ئەم کارەشی کرد، بێگومان دەبێ زۆر سنگفراوان و پشوودرێژ بێ، دەنا تووشی ڕۆژەڕەشەی خۆی دەبێ. لەسەر شەقامەکان جێ نەماوە گڕ نەدرابێ و نەگیرابێ لە لایەن و بە عەرەبانەگێڕ، سینی پاقلاوە، پاکێتە جگەرە، گوڵەبەڕۆژەفرۆش، سابوون و عەلاگەفرۆش، ئاردفرۆش، شەکرفرۆش، برنجفرۆش،...هتد. ئەوەی دەتەوێ لە شێخەڵلا بەدەست دەکەوێ.

تەنانەت داوودەرمان و بگرە تلیاک و حەشیشەش کە لە ڕێگای ئێرانەوە دەگاتە کوردستان.

خەڵکەکە وای لێ هاتووە، دیسان کورد گۆتەنی "لە برسان ڕاوی سەگ دەنێت". چاکترین شوێنیش بۆ کاسبیکردن و پەیداکردنی نانی ڕۆژانە بازاڕی شێخەڵلایە. حەماڵی دەکەیت برۆ لە شێخەڵلا بیکە. ئەگەر دەتەوێ نرخی دۆلار بزانیت هەر دیسان لەوێندەرێ بۆرسە هەیە. قاچاخچیت دەتوانی لە شێخەڵلا کەرەسە و کاڵاکانت ساغ بکەیتەوە. دز و جەردە و ڕێگرانیش هەر لە شێخەڵلا بەرۆژ نەخشەی شەوانە بۆ خۆیان دەکێشن. بەکورتی و کرمانجی، سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و گەندەڵییەکیش، شێخەڵلا دڵی هەولێر و پشت و پەنای هەژاران و کاسبکارانی دەستگێڕی ئەو شارەیە.

دەڵێن کە پارتی هاتۆتەوە هەولێر، فەرەنسۆ هەریری گوتوویەتی: هەولێر کە گوندێکی گەورەیە دەیکەینە شار. ئێمەش لە سۆنگەی گوتەکەی ئەودا دەڵێین: هەولێر کە کۆنترین شاری جیهانە، لە سایەی سەری سەرانی پارتی و یەکێتی و خەمساردیی ئەوانەوە، بووەتە پیسترین پایتەخت لە دنیادا. هەر یەکێتی و پارتی سەبەبکاری ئەوەن هەولێر و هەموو کوردستانیش ببێتە گوندێکی وێران و لەبیرکراو.

لە هەموو شەڕێکدا ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی باڵا دەبینێت. دەتوانم بڵێم لە کوردستانی خۆماندا هەر ڕاگەیاندنی ئەم و ئەو حیزبە ئاگری شەڕەکەی پێ خۆش دەکرێت. سەیر لەوەدایە ئەو سروودە نیشتمانی و نەتەوایەتییانەی کاتی خۆی لاوی کوردیان پێ هان دەدرا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی کوردکوژی عێراق، لە ڕۆژی ئەمڕۆدا هەر کتومت ئەو سروودانە دەبنە هۆی جۆش و خرۆشدانی جەنگی ماڵوێرانکەرانەی نێوان یەکێتی و پارتی. تەلەفزیۆنی هەردوو حیزب بوونەتە زوڕنالێدەری نێو زەماوەند و ئاهەنگی کوردکوشتن و لەناوبردنی کورد بە دەستی کورد خۆی. هەر بۆ نموونە با لەم چەند وتانەی خوارەوە ورد بینەوە:"شەخسی کۆسرەت ڕەسووڵ لەپشت ئەو هێرشەوە دەوەستێت. ناتوانم بڵێم گشت ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی بەرپرسیارن لەم کارەدا. وەک دەڵێن کەر ئەگەر بچێتە بەغداش نابێت بە هێستر! ئەم کابرایە، کۆسرەت، ناگۆڕێت. با هیچ منەتیان نەبێت. با ئەمجارە ئارپیچی لەگەڵ خۆیان بێنن. هەرچی نەیانکردووە با بیکەن."

ئەم قسانەی سەرەوە هی کەسێکی ڕەشۆکی کورد نین. هی کابرایەکی نەزان و گەلحۆش نین. هی لاوێکی خوێنگەرم و چەکدارێکی پارتی و یەکێتی نین. ئەمانە هی لێپرسراوێکی بەرزی پارتی دیموکراتیی کوردستانن. کەسێک کە هەموو تەمەنی ژیانی

خۆی لە ڕێبازی بارزانی و پارتیدا بردبێتە سەر، دەبێ چۆن چۆنی وەها بێت و بدوێت، لەسەر تەلەفزیۆنیش؟! بەڵێ، وتەکان هی وەزیری هەرێم و پارێزگاری هەولێر فەڕەنسۆ هەریرین. دوای ئەوەی چەند چەکدارێ لەنێو بەرازیلییەکی سووردا تەقە لە تورمبێلی جەنابی پارێزگار دەکەن، هەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا 23-2-1997، لە تەلەفزیۆنی پارتی ئەو قسانە و چەندینی دیکەشم بەگوێی خۆم لە فەڕەنسۆ بیست.

منالانی کورد کە ڕۆژانە گوێیان لەم جۆرە قسانە دەبێت، داخوا چ نەوەیەکیان لێ دەردەچێت؟ ئەو نەوەیەی کە کورد بەتەمایەتی ببێتە گوڵی گەشی دواڕۆژی میللەت، چونکە وەک دەڵێن منالْ نەوەی پاشەڕۆژی گەل و نیشتمانە. سەرانی کورد کە سەرقاڵی چوونە بەرەی شەڕن(9)، کەی وەختی ئەوەیان دەبێ بیر لە منالانی ڕەش و ڕووت و پێخواس و چڵمن و باوک کوژراو و لە هەر شتێک بێبەشکراو، بیر لە جگەرگۆشانی گەلە داماوەکەی دەستی خۆیان بکەنەوە؟!



شتێکی ئاشکرایە لە کاتی شەڕوشۆڕ و ئاژاوەی نێوخۆدا، ئەوەی کە نرخی بۆ دانەنرێت و لە بیر بکرێت، هونەر و ڕۆشنبیرییە. ئاستی فەرهەنگی و هونەری زۆر دادەبەزێتە خوارەوە. مرۆڤ عەودالی پێداویستییەکانی ژیان دەبێت نەک "هونەر و مونەر". کەی گۆرانییەک توانیویەتی زگی برسییەک تێر بکات؟! لە ڕەوشی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا هەر حیزبە و تاقمێ گۆرانیبێژ و هونەرمەند و ڕۆشنبیری خۆی هەیە. سەیرکردنێکی خێرای تەلەفزیۆنی حیزبەکان ئەم دیاردەمان بەئاشکرا پیشان دەدات. ئەو ستران و سروود و گۆرانییانەی کە لە کەناڵە حیزبییەکاندا پێشکەش دەکرێن، لە هەموو شتێکەوە نزیکن، بەڵام لە هونەرەوە دوور. ڕاستتر دەتوانم بڵێم حیزبەکان چاوەشی تایبەتی خۆیان هەیە. زوڕناژەنی خۆیان هەیە، شاعیری خۆیان هەیە،...هتد. لەو تەلەفزیۆنە حیزبییە بەناو کوردییانەدا، شتی وەها سەیر و سەمەرەت بەر چاو دەکەوێ، کە وات لێ دەکا گومان لە خۆت و کوردستان و کورد و زمانی کوردیش بکەیت. هەمووشمان دەزانین حیزب کەرەسە و ئامڕاز و شتی وەهای پێویستە بۆ چەواشەکردنی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان. ئەگەر نا هونەر لە کوێ و سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی لە کوێ؟

ڕژێمی بەعسی عەفلەقی بەدرێژایی تەمەنی ژیانی سیاسییانەی خۆی، لەوەتەی هاتۆتە سەر حوکم، هەوڵ و تەقەلای ئەوە بووە ناکۆکی و دووبەرەکی بخاتە نێو ڕیزەکانی گەلی کوردمان. تەنانەت کۆششی کردووە بۆ چاندنی تۆوی ناحەزی و تەبایی نەبوون لە نێوان دانیشتوانی شارەکانی کوردستانیشدا. هەر کوردێکی دڵسۆزیش ئاگای لەم مەسەلەیە هەیە و، دەشزانێ ڕژێمی داگیرکەری کوردستان تا چ ڕاددەیەک لەم کارەیدا سەرکەوتووە یان نا. بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەو کارانەی کە بە ڕژێمی فاشیستی عێراق ئەنجام نەدەدران، ئەورۆ پارتی و یەکێتی، پێیان زانیبێ یان نا، هەمان شت ئەنجام دەدەن لە دووبەرەکی نانەوە لە نێوان کوردی ئەم شار و ئەو شاردا. با زۆر دوور نەڕۆین لە هەولێر خەڵک حەز لە چارەی کەرکووکی و ئاوارەی سلێمانی ناکەن. کێ نالێت لە سلێمانیش هەروا نییە؟ حەزم دەکرد ئەمە وا نەبوایە، بەڵام ڕاستی هەر ڕاستییە و دەشبێ بدرکێنرێت. سەبەبکاری ئەم ناکۆکی نانەوەش سەرانی کوردن، یەکێتی و پارتین.

هەتا لە هەولێر بووم خەڵک باسی هاتنی زەخیرە و خواردنیان دەکرد لە ڕێگای UN- نەتەوە یەکگرتووەکان. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی "نەوت بەرامبەر خۆراک"، دەبێ کوردستان بەشی تایبەتی خۆی هەبێت لە کەرەسەی خواردەمەنی و پێداویستییە مرۆڤایەتییەکانی تر. ئاواتەخوازین سەرانی کورد کە هەموو شتێک لرف دەکەن، ئەمجارە بۆیان نەلوێت نانی ڕۆژانەی میللەت قووت بدەن.

خاڵێکی تر کە لە کاتی گەشتەکەمدا سەرنجی ڕاکێشام پڕوپاگەندەکردن بوو لە دژی پارتی کرێکارنی کوردستان. کەش و هەوای ئەم پڕوپاگەندەکردنەش هاوینی ساڵی 1992ی وەبیر دەهێنامەوە. ئەوکات لە کوردستان بووم، دەمبیست چۆن لەهەمبەر پ.ک.ک ئاگری شەڕ خۆش دەکرێت. ئەوەبوو دوای هاتنەوەشم بە چەند مانگێک، یەکەمین بڕیاری مێژوویی پەرلەمان دەرچوو، هەڵبەت بۆ لێدانی پ.ک.ک. ئەمجارەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتیی کوردستاندا، باسی ئەوە دەکرا گوایا پ.ک.ک منداڵ دەڕفێنێت. ئەو منالانەی کە دەشڕفێنرێن، مەشقیان پێ دەکرێ و دەبنە گەریلا. کەس و کاری منالە ڕفێنراوەکان نارەزان لەسەر کار و کردەوەکانی پ.ک.ک. دیسان دەگوترا یندک - یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان، ئەم جۆرە کارانە بۆ پ.ک.ک مسۆگەر دەکات.

لێرەدا دەپرسم: ئەگەر منالانی کورد بە هەستی نیشتمانپەروەریی و کوردپەروەرییەوە گۆش بکرێن چاکتر نییە لەوەی کە بکرێنە شاگردی ئەتاتورک و لە "هیلال ئەحمەری تورکی"یەوە ناونووس بکرێن؟! ئەگەر لاوان و مێردمنالانی کورد ڕوو

بکەنە نێو ڕیزەکانی پ.ک.ک و ببنە گەریلا، داخوا ئەمە بە مانای ڕفاندن دێت؟ ئەگەر لە ساڵی 1992 دا، پ.ک.ک لە باشوور پشت و پەنای نەبووبێت، جێگای خۆشحاڵییە ئەمڕۆ لەلایەن چەندین حیزب و ڕێکخراوی ئەو بەشەی کوردستان و جەماوەری کوردیشەوە پشتگیری لێ دەکرێت. بەکورتییەکەی مرۆڤ دەتوانێت بڵێت 1997 جودایە لەگەڵ 1992!

ئەوەی کە ئەمڕۆ باسی لێوە ناکرێت کوردستانیبوون و دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییە. لەسەر بنیایەی دام و دەزگاکانی پارتیدا تەنێ پارچەپەڕۆیەکی زەردی چڵکن دەشەکێتەوە. پۆلیس و "انضباط" هەر هەمان بەرگی بەعسییانەی جارانیان لەبەرە، بەڵام لەسەریان دروشمێکی بازنەیی پارتی دەبینرێت. من خۆم بەدەگمەن ئاڵای کوردستانم بەر چاو کەوت. ئەوەی کە لە بیرم مابێ لەسەر بارەگاکانی پارتی کار و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان ئاڵای کوردستانم بینی. هەروەها لەتەنیشت یاریگەی هەولێردا، هێشتا ئاڵاکەی کوردستان هەر ماوە، کە لە شێوەی پەیکەرێک دایە. لە باکووری کوردستان کە ڕەنگەکانی کەسک و سۆر و زەرد بوونەتە هێما و دروشمی نەتەوەیی کورد و بەرەنگاربوونەوە و بەرخۆدان، کەچی لە باشووری ئازاددا ئەوەی بیری لێ ناکرێتەوە ئاڵای کوردستانە!

تاوانمان نەکردووە ئەگەر بڵێین: دوای ئەم هەموو کوشت و کوشتار و کوردستان وێرانکردنە، دەبێ سەرانی حیزبە شەڕکەرەکان چ وەرامێکیان هەبێ بۆ دایکانی جگەرسووتاو و خوشکانی براکوژراو و منداڵانی باوک لێسەنراو؟ داخوا چ شتێک دەتوانێ دەرد و ناسۆری خەڵکی چەوساوە و سووکایەتیپێکراو لە بیری مرۆڤدا نەهێڵێت و خەم و خەفەتی گرانی کوردستانی نیشتمان بڕەوێنێتەوە؟ بەرسڤی ئەمانە و زۆری تریش لە شەڕخوازان و شەڕهەڵگیرسێنەران داوا دەکرێ. هەڵبەت لە بارێکدا ئەگەر وەرام و بەرسڤیان لا دەست کەوێ!

هەتا تفەنگ بەدەستان شیری خاو لە دەمی منداڵی ساوای بەرمەمکان بڕفێنن... هەتا چەکداران تازەبووکی بن تارا لە چنگی زاوای قیت و قۆزا بڕفێنن... هەتا ڕاوچییان پارووی ژیانی ڕۆژانە لە دەست و دەمی عەرەبانەگێڕی شێخەڵلا و ئێرە و ئەوێ بگرنەوە... هەتا سەرەنێزەی تفەنگ چاو دەربێنێ و جەنگەڵ ئاسا حوکمڕانیی لە ئارادا بێت... هەتا سەرانی کورد، کورد بە کورد بە کوشت بدەن و خۆشیان ببنە مەسینەهەڵگری ئەم و ئەو... هەتا کۆتری باڵ سپیی ئاشتی بە تەقەی تفەنگ بتۆقێنرێ و بتۆرێنرێ... هەتا کوردایەتی بە قوربانی حیزبایەتی بکرێ... هەتا

کوردایەتی بکرێتە ئەسپێکی لغاوکراوی جڵەو لە دەست سەرکردەکانی نەوەک میللەت... هەتا... هەتا... هەتا... هتد.

هەتا ئەم هەموو هەتایانە و چەندینی دیکەش لەگۆڕێدا بن و ببنە کەلەپچە و زنجیری دەست و پێی کورد، ئاشتی خەونێکی خۆش و خەیاڵێکی بۆشە!

## چەند وتەیەک لەمەڕ تورکمانەکان

من لێرەدا نامەوێ بە دوورودرێژی باسی پەیدابوونی تورکمانەکان لە کوردستاندا بکەم. ئەو ڕایەی کە زیاتر مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان لەسەری ڕێک کەوتوون، ئەوەیە کە تورکمانەکان پاشماوەی خانەوادەی هەندێ لە سەرباز و سوپای عوسمانییەکانن، کە لە شوێنانی دیکەوە هێنراونەتە شار و شارۆچکە کوردییەکانی سەر ڕێگاوبانەکان. ئەمانە زیاتر لەو جێگایانە نیشتەجێ کراون کە کەوتوونەتە سەر چەقی ڕێگاکان و شوێنی هاتوچۆکردن و گواستنەوەی کاروانەکانی لەشکری عوسمانی. لەمەوە تێدەگەین کە مەبەست لە بەجێکردنی تورکمانەکان لەو شوێنانەدا پاراستنی سوپای عوسمانییەکان بووە نەک شتێکی تر. هەروەها مێژووی سەرهەڵدانیشیان لە ناوچەکەدا، لە کوردستانی باشوور، ئەوەندە کۆن و دێرین نییە تا خۆیانی پێ هەڵکێشن.(10)

لە شاری هەولێر کە چەند هەزار تورکمانێکی لێ دەژی، کار بەوە گەیشتووە کەڕەکرمانجێک دەنێو قەیسەرییەکانی بازاڕی شاری ناوبراودا پێی عەیب بێ بڵێ "بنکراس" یا "ئاوەڵکراس"، بەڵکو دەبێ وشەی "ئەتەک" بەکاربێنێ لەجیاتی وشە کوردییەکە. لە پایەتەختی کوردستاندا ڕۆژ ڕۆژی "گێڵدم بڵدمە!" لەسەر شۆستەی شەقامەکانی شاردا وێنەکانی ئیبراهیم تاتلیساس و مەعسووم و سەحەر لەتەک وێنەکانی نێچیرڤان و مەسعوود و ئیدریس و مەلا مستەفای ڕەحمەتیش دەفرۆشرێن. ئەگەر سەرێکیش بدەیت لە تۆمارگای "دڵشاد"، لەوانەیە کاسێتی گۆرانییە کوردییەکان کەمتر بن لە کاسێتی گۆرانییە تورکی و فارسی و عەرەبییەکان. ئەگەر لە خاوەنی تۆمارگەکەش بپرسیت: بۆچی کار وەهایە؟ بە دڵنیاییەوە لە وەرامدا پێت دەڵێت: لە ڕۆژی ئەوڕۆدا کاسێتی تورکی باوی هەیە و "قۆریات"ە تورکییەکان سەرفیاتیان هەیە. لە "دەرارخانە" و نێو ماڵانیشدا لەبری تابلۆی شەهیدان و دیمەنانی دڵڕفێنی کوردستان، هیچ گومانێکتان نەبێ لەوەی کە ئیبراهیم و سەحەر و ئەستەمووڵتان چاو پێ بکەوێ!

ئەدی قوڕی "هیلال ئەحمەری تورکی" و ڕۆڵی سیخووڕییانەی ئەو ڕێکخراوە بەناو مرۆڤایەتییە و کردنەوەی قوتابخانەی تورکی و هەڵواسینی وێنەی ئەتاتورک و چەندینی دیکەش بۆ کێ بگرینەوە؟ کار بەوە گەیشتووە ڕۆژنامەی "العراق"ی بەغدایی باس لە بەتورککردنی هەولێر دەکات! کابرایەکی نەدیتوو و نەناسیش "عیسمەت قۆچان"ێکمان لێ ڕاست دەبێتەوە، لە ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط"دا کوردستانمان لێ دەکات بە "شمال العراق"!

شەوێکیان لە چاوپێکەوتنێکدا یەکێ لە کارمەندانی تەلەفزیۆنی "گوڵان"م بینی کە بە ڕاشکاوییەوە گوتی: لەناو گۆرانیبێژە تورکییەکاندا "مەعسووم"م لە هەمووان زیاتر بەدڵە. ئەگەر کارمەندی تەلەفزیۆنێکی کوردی وەها بڵێت، دەبێ خەڵکی ئاسایی چ بڵێن؟!

لە شاری هەولێری دێرینی کورداندا،شاری قەڵا و منارە، هەموو باڵەخانە جوانەکانی سەر شەستی، هەندێ شوێنی لای حەمامی ئیسکان، خانووە خۆشەکانی سەر جاددەی ئازادی، جگە لە تەلەفزیۆنی تورکمانەکانی تەنیشت باڵەخانەی پارێزگاش، ئەمڕۆ ئەمانە زۆربەی زۆریان بوونەتە موڵکی تورکمانەکان. "کۆلێجی ئیشقی نموونەیی" و "بارەگای بەرەی تورکمانیی" چەند نموونەیەکی کەمن کە لەو شوێنە ناوبراوانەدا دەبینرێن.



سەد حەیف و سەد مخابن بۆ گەلێکی گەورە و گرانی وەک کورد کە چەند تورکمانێکی "هەرچی و پەرچی" بۆی ببنە براگەورە و ناوبژیکەر. دیارە کورد کەسانێکی وەک مامە و کاکەی لێ بووەتە ڕیشسپی، لەبەر هەندێ ماڵی بەو ڕۆژە ڕەشە گەیشتووە. ئەوە هەمووی قوڕی گوتە و کردار و نەفامییەکانی سەرانی کوردە، کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەیشێلن و، تێی دەچەقن و دەشبنە قوربانی. ئەگەر کار وا بڕوا زۆر ڕووداو و شتی دیکەش دێنە پێشێ کە هێشتا بە خەیاڵیشماندا نایەن. هەر ئاخری خێر بێت!

### گەڕانەوە بۆ غەریبایەتی

ناتوانم هەروا بە ئاسانی کۆتایی بەم باسە بێنم و، بەسەر ڕووداوێکی دڵخۆشکەرانە بازدەم، کە خۆم لێی بەئاگام. ڕەنگە هێنانەوەی وەها نموونەیەک شتێکی ئەوەندە گرنگ نەبێ بۆ زۆر کەس، بەڵام من لە ڕەوشێکی پڕ ئەستەمی ئەمڕۆی کوردستاندا، کە هەر کەس لە هەڵپەی پەیداکردن و گیرفان پڕکردن دایە، کارێکی بچکۆڵەش بە شتێکی پڕشنگدار دەزانم.

با زیاتر سەرتان نەیەشێنم و بچمە سەر مەبەستی دڵم. ئەمجارە لە کاتی سەردانەکەمدا بۆ کوردستان، برایەکی گچکەم تووشی نەخۆشییەکی کتوپڕ هات. یەکسەر بردمانە نەخۆشخانەی کۆماریی. لەوێندەرێ داوای خوێنیان لێ کردین. بە دووسەد دینار بوتڵە خوێنێکمان بۆ کڕی. بەداخەوە خوێنەکە بەکەڵک نەهات. کابرای خوێنبەخشیش دەبوایە چارەی خۆی بکات، دەنا بەقسەی دکتۆر بەرەو هەڵدێری مەرگ نزیک دەبووەوە. براکەم هەر لە خەستەخانە مایەوە. ئێمەش تەگبیرمان دەکرد چۆن خوێنی بۆ پەیدا بکەین. شەوێ لە شەوان نەخۆشییەکەی زۆر ئازاری دەدات و ژان دەیگرێت. هەتا بەرەبەری بەیانی بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە. زۆر زۆریش پێویستی بە خوێن دەبێت. دکتۆرەکان دەچن ناوی براکەم بە بڵندگۆ لە شوێنی هاتنە ژوورەوە و پێشوازیکردن دەخوێننەوە و، داوای بەپەلەی خوێنیش لە کەسانێکی خێرخواز دەکەن. بۆ بەیانییەکەی باوکم دەچێتە خەستەخانە و لەوێندەرێ چاوی بە دوو گەنجی قۆز دەکەوێت، کە "لەبەر ڕاهی خوای" ساڵانە خوێن دەبەخشن. ئەمساڵیش خوێنی هەردووکیان وەبەر برا بچکۆلانەکەی من دەکەوێت! پاشان بۆم دەرکەوت هەردوو کوڕە لاوەکە لایەنگری "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان"ن. من تەنیا ئەوەندە دەڵێم خوێنبەخشین بۆ هەر مەبەستێکیش بێ کارێکی مرۆڤایەتییە.

دوای هێنانەوەی ئەم نموونەیەی سەرەوە دەچینە سەر دوا بەشی باسەکەمان. زۆر بەکورتی لەمەڕ گەڕانەوەم بۆ دوورەوڵاتی و غەریبایەتی دەدوێم.

هەر کەسێک لە ئێمە کە دەچێتەوە کوردستان، ناخۆشترین کات بۆی ئەو کاتەیە کە خۆی ئامادە دەکات بۆ گەڕانەوە. گەڕانەوە بۆ غەریبایەتی. غەریبایەتییەک کە مرۆڤ خۆی سەرپشک نەبووبێت لە هەڵبژاردنیدا. ماڵئاوایی کردن لە ئازیزترین کەسانی خۆت هەوەنتە نییە. هەرکە یەکە بە یەکە لە ئامێزیان دەگریت و تێر تێر یەکدی ماچ دەکەن، حەتمەن فرمێسکی گەرمتان تێکەڵاوی یەکتری دەبێ و بە لاڕوومەتتاندا جۆگەڵە دەبەستێ. لە کاتی خواحافیزی کردنیشدا ئاوڕدانەوە، دوا ئاوڕدانەوە، جەرگی دەوێت!

هێشتا کازیوەی بەیان دەرنەکەوتووە. چۆن هەولێرت بە تاریکی بینیەوە، هەرواش بە تاریکی جێی دەهێڵیت. ئاووهەوا ساردە. دەشت و دەر بەستوویەتی. چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە بەفر سپی دەچنەوە. دەشتاییەکانیش فەرشی سەوزیان لە خۆ کردووە بۆ پێشوازیکردنی بووکی بەهار. لە ڕێگادا تاک و تەرا تورمبێلتان چاو پێ دەکەوێ. هەرکە دەگەنە سەر پردەکەی "بێخمە"، چەکدارێکی پاسەوان کە دەزانێ دەچنە ئەوروپا، پێتان دەڵێ: دە بڕۆ دەی بۆ خۆت نەجاتت بوو لێرە!

هەر بۆ یادگاری لە ئاکرێ لادەدەنە کەباخانەیەک و، بەدڵی خۆت کەباب دەخۆیت و "پەلاو"ی گەرمیش فڕ دەکەیت. بەرەبەری نیوەڕۆ دەگەنە زاخۆ و برایم خەلیلە حەیاتەکە. لەگەڵ سێ برا کوردی تر تەکسییەک دەگرن بۆ ئەودیو. لەسەر پردەکە چەکدارێکی پارتی کاسێتێکی تورکی نەک کوردی لە شوفێرەکە دەگێڕێتەوە. چەکدارەکە بە زمانی خۆی دەڵێت کاسێتی کوردی گەرەک نییە. لەودیویش پشکنین و جانتا کردنەوە دەست پێ دەکات. نامەکان هەموویان دەکرێنەوە. "نووشتە"ی برادەرێکیش کە خەڵکی سلێمانییە لەم هێرشە نارەوایەدا ڕزگاری نابێت. لەناو کامێراکەی تۆدا، تاکە فیلمێک کە لە کوردستان گرتبووت، لەلایەن جەندرمەیەکەوە دەردەهێنرێ و گل دەدرێتەوە.

هەتا خۆر ئاوابوون چاوەڕوانی مۆرێکن تا پاسەپۆرتەکانتانی پێ پیس بکرێ. بەر لە بانگدانی مەلای عیشا ڕوو دەکەنە میوانخانەیەک، تا بە بیرکردنەوە و خەیاڵەوە خەو دەتانباتەوە. سبەینێ زوو هەر یەکێ بەلایەکدا سلۆپی بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە شوێنی مەبەست.

### پەراوێزەکان

(1) ئەم بەشەی نامەکە کتومت وەک خۆی نووسراوەتەوە لە ڕووی ڕێنووس و شێوەی دەربڕینەوە.

(2) مەبەست لە دیناری ئەسڵی عێراقییە واتا چاپی سویسرایی.

(3) لێرە وشەی "پێشمەرگە"م لەجیاتی چەکدار بەکارهێنا، چونکە بەڕای من لە وەها سات و کاتێکدا، هەر چەک بەدەستێک داکۆکی لە نیشتمانی خۆی بکات، پێویستە بە پێشمەرگە ناو ببرێت. جا کەسانێکی وەها بەجەرگ و مێرخاس سەر بە چ لایەن و حیزبێک دەبن، ئەمە بۆ من ئەوەندە گرنگ نییە.

(4) لە کاتی داگیرکردنەوەکەی هەولێر زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی ئەم دەستەواژەیان بۆ پارتی و مەسعوود بارزانی بەکار دەبرد. هەر بۆ نموونە کەناڵی تەلەفزیۆنی عەرەبان MBC.

(5) کاتی خۆی Tv2ی سویدیش پرۆگرامێکی لەسەر ئەم مەسەلەیە پێشکەش کرد.

(6) ڕۆژنامەی سویدی: Svenska Dagbladet، 4-9-1996.

(7) دوای گەڕانەوەم لە کوردستان، لەسەر ڕادیۆی "دەنگی کورد" لە ستۆکهۆڵم لە ڕێکەوتی 27-1-1996، کاتژمێری یازدەی پێش نیوەڕۆ، بابەتێکم پێشکەش کرد بە ناوی "23 ڕۆژ لە ویرانەوڵاتێکدا". گوێگرانێکی زۆر تەلەفۆنیان بۆ ڕادیۆکە کرد و پیرۆزباییان لێ کردم و، داوای دووبارە خوێندنەوەی بابەتەکەشیان لێ کردم. هەر هەمان باس بە چاپکراویی دەست دەکەوێت. بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە 26، ساڵی هەشتەم، مای 1996 زایینی، 1417 کۆچی، لاپەڕەکانی 8 و 9 و 10.

(8) ئەم هەواڵە لە ڕێکەوتی 11-4-1997 لە ڕادیۆ کوردییە نێوخۆییەکانی ستۆکهۆڵم بڵاو کرایەوە.

(9) من لە هەولێر بووم کە مەسعوود بارزانی بەسەر جاددەی سەدیدا هات، بەخۆی و دووسەد تورمبێلەوە بەرەو بێستانە کەوتە ڕێ. ئەمبەر و ئەوبەری جاددەی سەدی هەمووی چەکدار بوو بۆ پاراستنی شەخسی مەسعوود بارزانی. ئەرێ سەیر نییە: سەرۆک لە میللەت بترسێت؟!

(10) کاتی خۆی بە دووروودرێژی باسێکم بڵاو کردۆتەوە لەمەڕ تورکمانەکان. بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: هەتاو، ژمارە 3، جۆزەردان 2696ی کوردیی، 3 مای 1996ی زایینی. وتاری: هەر ئەوەمان کەم بوو - <u>تورکمانچێتی و بەتورکمانکردن لە باشووردا، مەهاباد کوردی، ل 5.</u>

* هەتاو، ژمارە 15 و 16، ئۆگستی 1997. هەروەها بڕوانە: هەتاو، ژمارە 20 و 21، مارچی 1998، بەریتانیا.

## له خیانەت خیانەتترا!*

وەک هەمووومان دەزانین وشەی خیانەت یا خەیانەت لە زمانی عەرەبییەوە پەڕیوەتە نێو زمانی شیرینی کوردیمان. لە بەرانبەر وشەی ناوبراودا زۆر جار "ناپاک" بەکاردەبرێ کە بە مانای: 1) پیس، گەمار، چڵکن؛ 2) بەدفەڕ، خاین دێ"هەنبانە بۆرینە، هەژار، سروش - تاران 1369، ل 849". لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین: میللەتێ کە ئەوەندە پاک و تەمیز بێ و تەنانەت گوتە و بێژەی خراپیش لە زمانەکەیدا نەبن، بۆ دەبێ سەرانی ئەو میللەتە لە گۆڕەپانی سوارسوارانێی خۆفرۆشی و گەلفرۆشی و خیانەتکاریدا شاسواری شاسواران بن؟! بەڕاستی ئەمە خۆی لە خۆیدا مەتەڵێکی سەیر و سەمەرەیە. هەڵهێنانی ئەو مەتەڵەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردە کوردە خۆپەرست و تاوانبار و هەلپەرست و هەر ڕۆژێ لەسەر پەتێک یاریکەرەکان. بۆ دەبێ وەها میللەتێک شایەنی ئەو سەرکردانە بێ، یان بە پێچەوانەش؟ لەم نووسینۆکەدا جێ بۆ وەرامدانەوەی پرسیاران نامێنێت. ڕۆژی "دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە"ش بەسەرچووە. لە کوردستانی ئەمڕۆماندا بە نوێژی نیوەڕۆ سەگە ئاشکرا و دیارەکان"نەک دزەکان!" بەبێ دار هەڵبڕین لێیان ، دەبنە و بوونەتە کەواسووری بەر لەشکری ڕۆم و عەرەب و عەجەم.

مام هەژاری ڕەحمەتی "خەیانەت"ی بە "ناڕاستی لە دۆستیدا، غەدر، غەیانی" لێکداوەتەوە"هەنبانە بۆرینە، ل 269". ئەگەر ناڕاستبوون بەرامبەر بە دۆستێک، بێوەفایی لە هاوڕێیەتی و برادەرایەتیدا بە خەیانەت لێکبدرێتەوە؛ دەی دەبێ ناڕاستبوون و بێوەفابوون لەگەڵ میللەت و خاکەکەی خۆیدا بەچی لێکبدرێتەوە؟ لێرەدایە باری قورسی سەر شانی سەرکردەیەکی ڕاستەقینە و دڵسۆزی گەلمان بۆ دەردەکەوێ کە بەداخەوە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا کوردستان لە وەها نموونەیەک، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبین، بێبەشە.

دەبێ ئەوەش بڵێین ئەزموونەکانی مێژوو نیشانیان داوە کە سەرکردایەتی چاک لە دوو سیفەتدا خۆی دەنوێنێ. یەکەم: بوونی ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز کە لە بەرژەوەندی و خواستی میللەت پەیدابووبێ. دووەم: بوونی عەقڵێکی سیاسیی مۆدێرن و دنیاناس و پێگەیشتوو کە بتوانێ باشترین سوود لە دەرفەتی باش بۆ بەرژەوەندی میللەت وەربگرێ و بە کەمترین زیان لە هەڕەشە و قۆرتەکان، میللەت دەرباز بکا و

باشترین ڕێباز بۆ دامەزراندنی ئاسایش و کۆمەڵگای شارستانی ڕەچاو بکات."سەروتاری هەتاو، ژمارە 4 و 5ی حوزەیران و تەممووزی 1996".

"کورد و خیانەت" بابەتێکی نوێ نییە و زۆریشی لەسەر وتراوە و نووسراوە. ستران و گۆرانی و لاوکە گەلێرییەکان گەلێ جار "کورد خائینۆ"یان تێدا بەکارهاتووە. هەر بۆ نموونە نەک ژماردن، لاوک و سترانەکانی خوالێخۆشبوو کاوێس ئاغا. خیانەتکاری بەرامبەر بە گەل و نیشتمان لە زۆر شوێنی جیهاندا بینراوە، بەڵام ڕەنگە ئەوەی کوردستان لە هەمووان بەسفت و سۆتر و ترسناکتر و خەمناکتر و جەگبڕتر و تراژیدی - کۆمیدیتر بێ. لە چ گۆشەیەکی دنیادا بینراوە سەرەک وەزیرانی وڵاتێک بەپیر و پێشوازی داگیرکەرانی بەشێکی وڵاتەکەی خۆی تا سەرسنوور هەیپێی لێ بکات؟ مەگەر تەنیا لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا خۆفرۆشان و گەلفرۆشان ببینرێن کە جێی حەوانەوە و کاول و تەویلە، نا ببوورن "معسكر السلام"، دەقەبەڵ پۆستاڵ ڕەشی داگیرکەرانی نیشتمانەکەیان بکەن. ئەمە نەک هەر خیانەتە، لە خیانەتیش خیانەتترە! ئێوە دەڵێن چی؟!

نابێ لەوەش بێدەنگ بم، پاشقوڵ لێگرتنی هەر هێزێکی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان و بەهەر بڕوبیانوویەک بێ، خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی نموونەی وڵاتفرۆشی و خیانەتکارییە بە تەوێڵی هێزی شەڕخواز و نێرەکەرخوازدا..

کوردینە.. خزمینە..

دەبێ تاکەی سەرانی کورد کە سەرەخۆر و ئاخرشەڕن، درێژە بە یاریی گڵاوی خۆیان بدەن و چ حیسابێکیش بۆ کورد و کوردستان نەکەن؟!

* هەڵەبجە، ژمارە 28، سێپتێمبەری 1997، سوێد.

## نووسەرێکی سوێدی چۆن شەڕی کوردان هەڵدەسەنگێنێت؟*




دوای بڵاوبوونەوەی نووسینێک لەمەڕ کتێبی "ئەسپەکەی کوردستان" لە ژمارەی پێشووی هەڵەبجەدا، نووسەری کتێبەکە "تیا ئۆلیێلوند" بە دوو نامە سوپاسی خۆی بە من ڕاگەیاند. لەبەر گرنگیی ناوەڕۆکی نامەی دووەم، بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی. ئەمە خۆی لە خۆیدا هەڵوێستی نووسەرێکی بیانییە سەبارەت بە شەڕی نەگریسی کوردکوژی لە خوارووی کوردستاندا. تەواوی نامەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لودڤیکا 24ی نۆڤێمبەری 1997

هاوڕێی خۆشەویستم،

جارێکی دیکە سوپاس بۆ ڕۆژنامەکە(1). مەبەستم لە نووسینی ئەم نامەیەش بۆ تۆ سەبارەت بە کارێکی ترە. ئێوارەیەکیان لە تەلەفزیۆن بەرنامەیەکم بینی لەبارەی کورد و کوردستان کە منی خەمبار و تووڕەش کرد. بە دڵنیاییەوە تۆ دەزانی کامە بەرنامە بوو. بەرنامەکە لەمەڕ ئەو دوو گرووپەی کوردستان بوو کە ئێستا لەگەڵ یەکتردا لە شەڕ دان(2).

جاران ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا بوون، گەر بەهەڵەدا نەچووبم، کەوا هەوڵی لەناوبردنی کوردانیان ئەدا. ئەمڕۆ کوردان بەخۆیان ئەم کارە بەچاکی ئەنجام دەدەن. بۆچی؟ ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە خەڵک خۆیان بیرۆکەی شتێکی وەهایان بۆ هاتبێ، بە مەبەستی یارمەتیدانی وڵاتانی هێرشبەر و کەمکردنەوەی ئەرکی سەر شانیان لەم بوارەدا. هەڵبەتە ئەو دەوڵەتانە هەنووکە لێی دانیشتوونە و بوونەتە تەماشاچی و کارە قورسەکەشیان لە کۆڵ بۆتەوە.

ئەمڕۆ لە تەلەفزیۆن و بەهۆی تەلەفزیۆن و ڕێگای چاوەدێریکردنی مانگی دەستکردەوە تەواوی جیهان دەتوانێت تاقیبی ڕووداوەکانی کوردستان بکات. ئیدی قەڵاچۆکردنی مرۆڤ و خراکردنی گوندان لەژێر پەردەی بێدەنگیدا بووەتە کارێکی مەحاڵ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی بیروڕا دروستبوون و ناوزڕانی ئەو دەوڵەتانەی کە خەریکی جینۆسایدن.

له ڕۆژی ئەمڕۆماندا هەر خاوەن دەسەڵاتێکی سەربازیی، بە متمانە بەخۆ کردنەوە، بەکرێگیراوانی چاک پەروەردەکراوی خۆی هەیە تاکو بخزێنە نێو ڕووداوەکان و کارتێکەریش بن تیایاندا. ئەمانەش زیرەک و چاپووکن لە کاری ناکۆکی نانەوە و هەڵخەڵەتاندن و بەهەڵە زانیاری دان بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان.

من کە تەنیا پیرێژنێکی لە سیاسەتدا دەست و پێ سپیم، هەرگیز ئەو وڵاتە ئاماژە بۆ کراوانەم نەبینیوە"ئیسرائیلی لێ دەرچێت کە بە گەشت و گوزار ڕووم کردۆتە ویندەرێ". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من شەڕی نێوخۆیی کورد بە سەرکەوتنێک دادەنێم بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێ کوردستان تەفروتونا بکەن. ئەم مرۆڤە بچووکەش، گەر سەرۆک خێڵ، ژەنەراڵ یان دیکتاتۆرێکی بەدەسەڵات و دەسترۆیشتووش بێ، ئەمە چ شتێ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و مرۆڤیش هەر مرۆڤە و بەس. هەڵبەت وەها مرۆڤێک بە دڵخۆشییەوە چۆک دادەدات لە پێناو خۆ دەوڵەمەندکردن و پاراستنی دەسەڵات و بگرە خۆ بەدەستەوەدان و، لەبیرچوونی ئایدیۆلۆژیای خۆشی. سەرەتای لەدایکبوونی دیموکراسی بە دڵنیاییەوە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی نزیک بە ڕۆژهەڵات، کەچی هەرگیز لەوێندەرێ ڕیشەی خۆی دانەکوتا، چونکە دیموکراسی پڕۆسەیەکی دوورودرێژە لە هەست و هوشیاری مرۆڤاندا. بێگومان هەڵبژاردنی سەرکردە لە کوردستاندا ڕێ و شوێنێکی دیکەی هەیە و فری بەسەر دیموکراسیشەوە نییە. گەلی کوردستان دەبێ یەکگرتوو بێ و پێویستە خۆشگوزەرانی گەلیش لەپێش بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە بێت. مەگەر سەرکردەکان برای هاوزمان و هاوخوێنی یەک نین؟ بۆچی ئەوان ڕۆڵی زۆردارانیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان و، بەخۆشیان خۆیان لاواز دەکەن؟ ئەو ڕۆژەی کە ئەوان دووبارە دەکەونە بەر شاڵاو هێرشی زۆرداران، ئەوجا هەر مەپرسە چەند بەئاسانی قووت دەدرێن. بە بڕوای من ئەم شەڕە کاری هێزە دەرەکییەکانە نەک خۆیان.

ببوورە ئەگەر کاتی تۆم بەم بیرلێکردنەوە سادانە گرتبێت، بەڵام چ بکەم کە بەرنامەکەم بینی خەمبار بووم.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاواندا ئیمزا تیبا ئۆلیێلوند

## پەراوێزەکان

(1) مەبەست لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری هەڵەبجەیە.
(2) مەبەست لە بەرنامەی "Mosaik"یە کە جارێکی دیکە لە کەناڵی "1"ی تەلەفزیۆنی سویدی، کاتژمێر "3.10"ی دوای نیوەڕۆی 9-11-1997 پیشان درایەوە.

* هەڵەبجە، ژمارە 29، مارتی 1988، سوێد.

## بۆچی ئاشتیم دەوێ؟*

گومان لەوەدا نییە کە هەر گەلێک تەنیا لە کاتی ئاشتی و تەباییدا دەتوانێ بپەڕژێتە سەر کاروبارە گرنگەکانی ژیانی خۆی و، بیریش لە بەرژەوەندییە هەرەپێویست و بەرچاوەکانی خۆی بکاتەوە. نەخاسمە ئەمە بۆ گەلی کوردی چەند جار دابەشکراو و غەدرلێکراو و هەڵخەڵەتێنراو و ماف لەبنپێنراو، هەتا بڵێی کارێکی یەکجار پێویست و بەکەڵکە کە لادان لێی تەنێ و تەنێ دەبێتە هۆی لەدەستدانی هێز و وزەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و، دوورکەوتنەوەش لە ئامانجی سەرەکیی گەلەکەمان کە بریتییە لە ئازادی و ئاشتی و سەربەخۆیی. کەواتە ئاشتی نێوان ڕێکخراوەکانی کوردستان خۆی هاندەرێکە بۆ نزیکبوونەوە لە یەکتر و لە یەک تێگەیشتن و قامک دانان لەسەر هۆکاری کارەسات و مەرگەساتەکانی کوردستان بەگشتی و نێوان ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی. من لێرەدا جەخت لەسەر ئاشتی نێوان پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دەکەم، چونکە گەلی کورد قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری لەوە نەکردۆتەوە بەربێتە گیانی خۆی و، کاری خۆکوژی و خۆلەناوبردن ئەنجام بدات. ئەو کارە خۆکوژی و کوردکوژییانەی کە تا ئێستاش ئەنجام دراون، هەر هەموویان کاری دەستی ئەو ڕێکخراوە حیزبییە کوردییانەن، کە هەمووشیان خۆیان بە ڕیشسپی و خەمخۆر و ئاغا وکوێخای کوردی بەستەزمان دەزانن. کورد وەکو گەل بووەتە قوربانی دەستی ئەو ڕێکخراوە بەناو کوردییانە کە هیچ دەرد و بەڵایەک نەماوە بەسەریان نەهێنابێ. ڕەوشی دوو زلهێزەکەی باشووری کوردستان و گەلی کوردمان لەوێندەرێ نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەم قسەیەمان.

ئاشتی تەنیا بە مانای چەند جار دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ و پەیماندان بەدرۆ و خەریککردنی مێشکی خەڵک و من و تۆ نایەت. ئاشتی هەنگاوێکە بۆ ساڕێژکردنی برینە کۆنەکان، ئەگەر ساڕێژ بکرێن. ئەو زام و برینانەی کە هێشتا خوێنیان لێ دەچۆڕێ و قەتماغەیان نەگرتووە. بەڵێ ئەو برینانەی کە جەرگ و دڵ و هەناو و مێشکی ڕۆڵە چەوساوەکانی ئەم گەلەشیان هەلا هەلا کردووە. تۆ بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم هەموو دەرد و برین و کەسەر و ئاخین و حەسرەتەی گەلی کوردمان بنی بێت و ئێمەش وەکو گەلانی سەر تۆپی زەوی بە ئاشتی و ئارامی ژیان بەسەربەرین؟ لێتان ناشارمەوە من خۆم وەک کوردێک لە سایەی سێبەری سەری سەرانی گەورەی کورد ئەوەندە گەشبین نیم. تاکە شتێکیش کە مایەی دڵخۆشیم بێ تەنیا و تەنیا




کوردی دڵسۆز و گەورەیی گەلەکەم و خەباتی نەپساوەیەتی لە پێناو مانەوەدا. بەڵام دەکرێ بشپرسین چ مانەوەیەک؟!

گەلی کوردمان لە خوارووی کوردستاندا هەمیشە و هەمیشە نموونەی ئەوپەڕی فیداکاری و لەخۆبوردوویی و دڵسۆزی و قارەمانی بووە. ئەو خوێن و خەبات و قوربانیدانەی کە گەلەکەمان لە باشوور داویەتی، بێگومان بەشی دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی دەکرد، بە مەرجێک ئەگەر بتوانرابایە بە شێوەیەکی ژیرانە و سیاسییانە و بە پێوانەی عەقڵی سەردەم سوودیان لێ وەربگیرابایە. لێ مخابن هەردوو ڕێکخراوە شەڕکەرەکەی کوردستان، بەتایبەتیش پارتی، ئەوەی کە بیریان لێ نەکردبێتەوە دەقاودەق ئەمە خۆیەتی. لە وەها بارێکیشدا هەر دەبێ چاوەڕوانی ئەو پێشهات و کارەسات و ڕووداوانە بین کە تا ئێستا بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە و ڕەنگە بەرێوەش بن. هیواداریشم وا نەبێت.

هەر مرۆڤێکی دڵسۆز و بەویژدانی ئەم نەتەوەیە دەبێ بیر لە باری نالەبار و خەفەتاوی ئەورۆی کوردستان بکاتەوە. ناشبێ بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆی وای لێ بکات بەرژەوەندی نەتەوە و خاک و نیشتمان پشتگوێ و وەدوای بەرژەوەندییە حیزبی و کەسییەکانی خۆی بخات. هەر کەسێکیش وەها بیر بکاتەوە، دەبێ هەر لە ئێستاوە دەستی لێ بشۆین و فاتیحای لەسەر بخوێنین. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم یەکێ لە گرێکوێرەکانی پرسی ئەورۆی کورد هەر هەمان خاڵە کە لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە. بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و دانەدواوەی بەرژەوەندی نەتەوایەتیش هەرگاف ماڵوێرانی کوردستان و کاولکردن و خۆ بە کەمزانین و خۆ بەستنەوە بە داگیرکەرانی لێ کەوتۆتەوە. لەم بوارەدا هیچ پێویستمان بە نموونە هێنانەوە نابێت، چونکە تەنیا سەیرکردنێکی خێرای ئەزموونی ئەم چەند ساڵانەی دوایی ڕەوشی خوارووی وڵاتەکەمان بەسە بۆ تێگەیشتن لەم کارە و سوود وەرگرتنیش لێی، لە بارێکدا ئەگەر حیزبەکان سوودیان لێ وەرگرتبێ یان ئامادە بن سوودی لێ وەربگرن. مایەی شەرمەزارییە بۆ تەواوی هێز و ڕێکخستنە کوردییەکان و تەنانەت گەلی گەورە و گرانی کوردیش، کە دوای ئەم هەموو خەبات و نسکۆ و خوێن و جینۆسایدانە، ڕەوشێکی وەها لەپێش خۆماندا قووچ بکەینەوە کە نەتوانین

بەرەنگاری ببینەوە و خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. هەر گەلێکیش کە قەدری خۆی نەزانێت، بێگومان نابێ چاوەڕوانی کەسێکی دیکە بکات تا بێت ڕێزی لێ بنێت و ئاوڕێکی لێ بداتەوە. لۆژیکی ژیان هەر وا بووە و هەر واش دەبێت. لە دەشتی هەولێر دەڵێن: ئەگەر پەنجەشت بە دۆشاو بێت تا خۆت نەیلێسیتەوە، کەسێکی تر نایەت بۆت بلێسیتەوە!

هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژی و کوردکوژی و زیندەبەچاڵکردنی ئاواتەکانی گەلی کوردمان لە باشووری کوردستاندا، کە یەکێتی و پارتی بە ڕۆڵی پاڵەوانی ئەم فلیمە کارەساتاوییە ڕادەبن، لە گشت لایەکەوە خێرخوازان و دۆستانی گەلی کورد و ڕۆشنبیرانی بوێر و بەوەفا بۆ گەلەکەیان، قۆڵی خۆیان لێ هەڵماڵیوە و شەڕخوازان و ناپاکانیان ڕیسوا و مەحکووم کردووە. جەماوەری ڕەش و ڕووت و بەشەرەفی کوردستانیش هەمیشە خوازیاری ئاشتی و ئازادی و تەبایی و برایی بووە و، نەفرەتی لە کوردکوژان و خاینان کردووە و داوای هەرچی زووتری کۆتایی پێهێنانی شەڕی خۆکوژی و کوردکوژیشی کردووە. هەرچی ئاغایانی شەڕیشن ئەوەی کە گوێیان بۆ شل نەکردبێ هیوا و خواست و داواکارییەکانی گەل بووە. جێگای داخە ئەوا ئەوڕۆشی لەگەڵدا بێ هەر لەسەر ئەم کردەوەیەی خۆیان پێ دادەکوتن و دەغەزرن. هەر پێداکوتین و غەزرینێکی وانیش باجەکەی خوێنی خوشک و برا و کەس و کار و هاووڵاتی و هاوزمان و هاوخوێن و هاوڕەگەز و هاودەرد و هاوچارەنووسی من و تۆ و ئەم و ئەو و ئەوان و ئێمەی کورد دەبێت. ئاغایانی شەڕیش نە لە دۆلار دزین دەکەون و نە خەفەتیش لە من و لە تۆ دەخۆن. لە شەڕ و ئاشتیشدا هەر ئەوانن سەرکەوتوو. ئەوان خزم و کەس و کار و ئازیزانیان لەدەست نادەن. ئەوان لە ڕابواردنی خۆیان ناکەون. ئەوان لەبەر چاویان کوردستان کاول دەکرێت و دەسووتێنرێت، کەچی وەک ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران، فیکەی سمێڵیان دێت. ئەوان کەنگینێ هەوەسیان لێ بێت ڕوو لە ئەورووپایێ دەکەن و بە ماڵە خەسوو و خەزووران شاد دەبن. ئەوان ئەوە بە دەیان ساڵە هەر سەرۆکن و من و تۆش کۆیلە و بەندە. ئای کە چەند ناخۆشە، بەندەی بەندە بیت؟

بێگومان لە کاتی بەرقەراربوونی ئاشتیشدا هەر ئەوان دەبن بە کۆتری سپی ئاشتی و لە شەقەی باڵ دەدەن. کەم نین ئەوانەی کە لە کاتی ئاشتیدا دەبن بە پەپوولەی ئێسکسووکی خنجیلانە و بۆ کوێرکردنەوەی تاوانەکانی خۆیان، ئەگەر کوێر ببنەوە، ئامادەی ئەنجامدانی هەر شتێکن. ئەو جۆرە کەسانە لە مەیدانی جەنگدا

ئەسکەندەر دەبەزێنن و لەسەر مێزی گفتوگۆشدا تا بڵێی لەبز شیرینن و هەنگوین دەبارێنن.

کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک و دۆستی گەورەی کورد ئیسماعیل بێشکچی زۆر جاران باسی ئەوە دەکات، کە کوردان زوو ئەو کارەسات و جینۆسایدانە لە بیر دەکەن کە لە دژیان ئەنجام دراون. ڕاستیش دەکات. بەڵگەشمان لەسەر قسەکانی ئەو بەقەدەر ژمارەی ئەو قەسابخانانە دەبێت کە تا ئێستا لەهەمبەر کوردان ئەنجام دراون. ئێمەی کورد زوو شتان لە بیر دەکەین. ئەدی وا خەریک نییە لەبەر شەڕی خۆکوژی و شەڕی دەسەڵات، هەڵەبجە و بادینان و بالیسان و ئەنفالمان لە بیر دەچێتەوە؟ ئەی خۆمان بەدەستی خۆمان سەددامامان بۆ کاولەپایتەخت نەهێناوە؟ ئەی هەر سەرانی ئێمە نین سەودا و مامەڵەمان لەگەڵ دوژمناندا پێ دەکەن و، ڕۆژێ بە تاران و ڕۆژێ بە ئەنقەرە و ئێرە و ئەوێ دەمانفرۆشن؟ ئەگەر قسەیەکیشت لە دەم بێتەدەر بە خاین و خۆفرۆش و تابووری پێنجەم و ئەم و ئەوت دادەنێن. لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم ئەگەر هەردوو ملۆزمەکەی باشوور ملیان بۆ داگیرکەران لە موو باریکتر بێت، ئێمەیش بێ هەڵە و خەتا نین. ئێمەیش تا ڕاددەیەک لێپرسراوێتی کارەساتەکانمان وەئەستۆ دەکەوێت. دەتوانم بڵێم ترسنۆکترین توێژی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردەواری، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، چینی ڕۆشنبیرانە. ڕەنگە کەسانێک ئەم قسەیەم بە فلسێکی قەڵپیش لێ نەکڕن، لێ مخابن کەم تا زۆر ئەم بۆچوونە لە ڕاستییەوە نزیکە، کێ ناڵێ زۆر نزیکیش!

لە چەند ژمارەیەکی مانگنامەی هەتاودا باس لە ئاشتی و "ئەنجوومەنی نەتەوەیی بۆ ئاشتی و تەبایی لە کوردستان"دا کراوە. هەروەها ناوی ئەو بەڕێزانەش بڵاو کراوەتەوە کە دامەزرێنەران و ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوبراون. من بەش بە حاڵی خۆم پیرۆزبایی لە کاری دڵسۆزانەی هەموو خەمخۆرێکی کورد دەکەم و لە کانگای دڵیشمەوە سەرکەوتن و سەرفرازییان بۆ دەخوازم. دەمەوێ ئەوەش بڵێم هەر لە سەرەتادا بیرم لەم مەسەلەیە کردەوە و دەشمویست ئیمزای خۆم بخەمە پاڵ ئەو ئیمزایانەی کە بۆ هەمان مەبەست کۆکرابوونەوە. وێڕای ئەم نووسراوەیە وا منیش دەنگ و ئیمزای خۆم دەخەمە پاڵ دەنگ و ئیمزای خاوەنانی ئەو ناوانەی کە تا ئێستا بەم کارە ڕابوونە و ئەرک و زەحمەتییان کێشاوە.

بۆچی ئاشتیم دەوێ؟ پرسیارێکە حەز دەکەم لێرەدا وەرامی بدەمەوە. لەوانەیە پرسیارێکی وا ئاسان بە دوو وشانیش وەرام بدرێتەوە. ئەگەر لە هەر منداڵێکی ئەوڕۆی کوردستان بپرسیت: ئاشتی چییە و بۆچی ئاشتیت گەرەکە؟ بێ دوودڵییەوە

دەڵێم شتێک لە پرسیارەکە هەڵدەکرێنێت. نامەوێ باسەکە دوورودرێژ بکەمەوە، بۆیە یەکسەر دەچمە سەر مەبەستی دڵم و دەکەومە قسان.

یەک دوو ڕۆژ بەر لە ئامادەکردنی ئەم باسە، ژنە کەرکووکییەکی ڕووسوور و ڕاستگۆ کە لە خوارووی کوردستان گەڕاوەتەوە، وەها باس لە هەندێ ڕووی دزێوی باری وڵات دەکات:"لە هەولێری پایتەختی کوردستان ڕۆژ ڕۆژی ئارقەداشە تورکمانەکانە. خەڵک هەن بۆئەوەی ماڵ و منداڵەکانیان بۆ تورکیا ڕەوان بکرێن، دەبن بە سەدەقەی تورکمانەکان. کەسانێک هەن بۆئەوەی منداڵەکانیان بۆ خوێندن بەرەو تورکیا حەواڵە بکرێن، هەر ئەوەندە ماوە پڕ بدەنە لنگی تورکمانەکان و ماچیان بکەن. تورکمانەکان لە تەلەفزیۆنەکانی خۆیاندا خێر و خێراتی تورکیا پیشانی کورد دەدەن. لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانیاندا بەخشینەوەی دیاری و خەڵاتی مانگی سووری تورک نیشان دەدەن. هەر لەو کەناڵانەدا هەندێ باخچەی ساوایانی خۆیان لە هەولێر بە خەڵک نیشان دەدەن. لەو باخچەی ساوایانەدا منداڵان بە چاوی ئەتاتورک دەبینرێن. کیژۆڵەیەکی خوشکم کە ئەم وێنانەی چاو پێ دەکەوت، لە حەژمەتان دەیدایە پرمەی گریان و داوای ئەو شتانەشی دەکرد کە لەو کەناڵە تورکییانەدا خەڵکیان پێ لە خشتە دەبرا. ئێمەش کە چاومان بەو دیمەنە خەفەتاوییانە دەکەوت، هەر لە خەفەتان خۆمان بۆ نەدەگیرا و دەستمان دەکرد بە گریان... ڕاستە لە هەولێری ئێستادا کارەبا هەیە، میوە هەرزانە، بەڵام تورکمان و ئەم و ئەو براگەورەن. پیاوم دەوێ بتوانێ ئاڵایەکی کوردستان، هەرنا لەبەر دەرکی دووکانەکەی هەڵکات، یا باسی کورد و کوردستانیەت بکات، مەگەر خوا بەخۆی بزانێ چی بەسەر دێنرێت. لە هەولێری ئەمڕۆدا کار بەوە گەیشتووە کە مەلا بەشیر بتوانێت لە یەکێک لە خوتبەکانی خۆیدا بڵێت عوسمانییەکان خزمەتێکی گەورەیان بە ئیسلام کردووە و بە شان و باڵی ئەوان و تورکیاشدا هەڵبڵێت. لە هەولێر باسی پەیوەندی گەرم و گوڕی نێوان مەلای ناوبراو و تورکمانەکانیش دەکرێت...لە گەڕەکی ئیسکانی هەولێر- هەر لە نزیک شوقەکانی ئیسکان - ژنە کوردێکی داماوی هەولێریی منداڵە نەخۆشەکەی بە دوو دەستە بۆ نەخۆشخانەیەکی سەر بە مانگی سووری تورکیا دەبات. لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا دوو تورکمانی چەکدار ڕاوەستاون. ژنەی بەستەزمان نازانێت ئەمە خەستەخانەی تایبەتی سەر بە تورکمانەکانە. هەردوو چەکدارەکە دەزانن ژنە کوردی هەولێریی خۆی بە تورکمان ناونووس نەکردووە، بێشەرمانە تێی ڕادەخوڕن و لەبەر دەرکی نەخۆشخانەکە دووری دەخەنەوە...لە کاتی گەڕانەوەمدا هەر لە دهۆکەوە تا سلۆپی، لەبەر دەبابەی تورک ڕێ وەبەر تورمبێلی

سڤیل نەدەکەوت...تاد". منیش دەڵێم چ لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و تەواوی خواروی کوردستانیش بکەم، ئەگەر ببنە مەیدانی تەراتێنی میت و ئیتیلاعات و ئەمن و ئیستیخباراتی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان؟ گۆڕەپانی بەرینی شار و نافوورەی ئاوی نزیک نیقابە و باخی گڵکەند و جاددەی دوو سایدی شەستی و ئێرە و ئەوێی هەولێر قەت دڵخۆشم ناکەن، لە بارێکدا کە هەست بە سێبەری حوکمی تورکمان و ئەم و ئەو بکەم. بەداخەوە هەندێ جار تەنانەت لە ڕاگەیاندنی کوردیی دەرەوەی وڵاتیش تورکمان و ئەوانی تر بە نەتەوە و گەلانی کوردستان و مێسۆپۆتامیا ناو دەبرێن. ئێمە سەرمان نایەشێت پەڕۆی لێ دەپێچین.

بۆئەوەی چیتر خەڵک پێمان پێنەکەنێ و نەبینە ڕووڕەشی دنیا و قیامەتیش..

بۆئەوەی چیتر پرسیار بە گوللە وەرام نەدرێتەوە..

بۆئەوەی چیتر دۆلاری کوردستان نەدزرێت..

بۆئەوەی چیتر سووک و ڕیسوا نەبین..

بۆئەوەی چیتر خوشکان براکوژراو، دایکان جگەرسووتاو، باوکان ڕۆڵەنەماو نەکرێن..

بۆئەوەی چیتر منداڵان هەتیوکراو، برسیکراو، بێنازکراو وەلانەنرێن..

بۆئەوەی چیتر خوێنی یەکتر فڕ نەکەین..

بۆئەوەی چیتر نرخی چەند جار داشکاوی مرۆڤایەتی خۆمان زیاتر دانەشکێنین..

بۆئەوەی چیتر دوژمنان بە کوردستان وەرنەکەین..

بۆئەوەی چیتر نەبینە ئەڵقەلەگوێ و مەسینەهەڵگر و منداڵە سووکەڵەی داگیرکەران..

بۆئەوەی چیتر کەسانێکی "ئەکسەریەتچی" ڕۆژێ لە ڕۆژان داکۆکیکەر لە خومەینی لێمان ڕاست نەبنەوە و، خەون و هیوا و ڕەنج و ئاواتەکانمان بە تراویلکە و سەراب ناودێر نەکەن..

بۆئەوەی چیتر لە چەشنی ئەسپی خۆشڕەو و خۆشبەز بەبێ هەستکردن بە لێپرسراوێتی بۆ قاهیرە و ئێرە و ئەوێ غارغارێن نەکەین..

بۆئەوەی چیتر "دەودەوانێ" نەکەین و کاتیشمان بەفیڕۆ نەدەین..

بۆئەوەی چیتر بووک و زاوا لە یەک نەکەین..

بۆئەوەی چیتر شیر لە دەمی منداڵی بەرمەمکان نەڕفێنین..

بۆئەوەی چیتر عارەبانچی دەستگێڕی شێخەڵلا و ئێرە و ئەوێی خواروی وڵات وەبەر قۆنداغە تفەنگان نەدەین..
بۆئەوەی چیتر گوڵی سووری سەر کوڵمی سووری کچانی نازدار و نازەنینی ئەم کوردستانە نەژاکێنین..
بۆئەوەی چیتر کوردستان لە کورد چۆل نەکەین..
بۆئەوەی چیتر لاوانی کورد لە ئاوی ئیجە و سەر دەریاکان بە خنکان نەدەین..
بۆئەوەی چیتر شوان لە بلوێر لێدان نەکەین..
بۆئەوەی چیتر دڵدار و دڵبەر لە یەک نەکەین..
بۆئەوەی چیتر براگەورە بۆ خۆمان زیاد نەکەین..
بۆئەوەی چیتر گەلەکەمان هەژار و داماوتر نەکەین..
بۆئەوەی کولتووری جاشێتی و خیانەت، بۆ هەتا هەتایێ، بەسەر خۆماندا نەکەین بە ماڵ..
بۆئەوەی سنوور بۆ خیانەت و خیانەتکاران دابنێین..
بۆئەوەی باوەڕیی گەل بەدەست بخەین..
بۆئەوەی تەمومژی بێهیوایی و بێئومێدیی ئەم گەلە لە ئاسمانی کوردستاندا نەمێنێت..
بۆئەوەی بە جیهانی نیشان بدەین کە گەلێکی یەکگرتووین..
بۆئەوەی بۆ تەواوی دنیا بسەلمێنین کە ئێمە شایانی ئەوەین خۆمان حوکمی خۆمان بکەین..
بۆئەوەی بەردێک لەسەر بناغەی هەنگاوی یەکەمین دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دابنێین..
بۆئەوەی ببین بە پشت و پەنای تەواوی کوردان..
بۆ ئەوەی خەڵک حیسابمان بۆ بکا..
بۆئەوەی دڵی دۆستان شاد و دڵی دوژمنانیش شەق پێ بەرین..
بۆئەوەی بیرێ لەم کوردستانە بکەین..
<u>من ئاشتیم دەوێ!</u>

* هەتاو، ژمارە 23، جولای و ئۆگستی 1998، بەریتانیا.

## پێداچوونەوەیەکی کورت بە کۆڕەکەی مەشعان ئەلجبووری لە ستۆکهۆڵم*

کۆمەڵەی "کوردستان ئاوارە" لە 10ـ1ـ1999دا کۆڕێکی بۆ مەشعان ئەلجبووری ساز کرد. کۆڕەکە لە یەکێک لە هۆڵەکانی Medborgarhuset، لە نهۆمی سێیەم بەڕێوەچوو. دەکرێ بڵێین بابەتی ئەو کۆڕە زیاتر پەیوەندی بە هەڵوێستی تاکەکەسییانەی خودی مەشعان ئەلجبوورییەوە هەبوو کە دواتر لێی دەدوێین. ژمارەی ئامادەبووان لەو کۆڕەدا دەوروبەری 200ـ250 کەسێک دەبوو. لەناو ئامادەبوواندا خەڵکانێکی حیزبی و ڕۆشنبیریش دەژمێردران.

خراپ نابێ گەر بەکورتیش بێ، کەمێک لە ژیانی مەشعان ئەلجبووری ورد بینەوە. ناوبراو سەر بە خێڵی گەورەی "ئەلجبووری"ی ناوچەی "شەرقات یا شەرگات"ی دەڤەری مووسڵە. بەقسەی مەشعان خۆی ژمارەی خێڵی ناوبراو، ملوێن تا ملوێن و نیوێک دەبێت. زۆربەی ئەندامانی ئەم خێڵە ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعسدا دەست بەکارن. شایانی باسە خێڵی ئەلجبووری بەر لە 300 ساڵ لە یەمەنەوە ڕووی لە ناوچەکە کردووە"بەقسەی ئەلجبووری خۆی".



مەشعان ئەلجبووری دەڵێت:"من نۆ ساڵان بووم کە کاری بەعارەبکردنی ناوچە کوردنشینەکانم بە چاوی خۆم بینی. بێگومان ئەوەندە ئەقڵم بەسەر شتەکاندا نەدەشکا، بەڵام چۆن ناوی قوتابخانەی - بابانی گەورە - یان لە کوردییەوە بۆ عارەبی گۆڕی. گوایا - بە پێکەنینەوە - ئەفەندییەکی وەک من ڕووی لەو شوێنە کردووە. هەر لەبەرهەندێ پێویستە خوێندنیش بە زمانی عارەبی بێت. ئێمە لە ناوچەی - شوان - ی سەر بە پارێزگای کەرکووک نیشتەجێ کرابووین. ئێمەیان لەبری خەڵکی کوردی دەرکراو لەوێ بەجێ کردبوو. لە 18ـ3ـ1966 هەر لە ناوچەی شوان، کە ئەوسا تەمەنم نۆ ساڵان بوو، بەبەر چاوی خۆمەوە باوکمیان کوشت. هەروەها 13 لە ئامۆزاکانم، 5 کەسیشیان هەر بە سەربڕین سەربڕی. پێشمەرگە ئەم کارەیان ئەنجام دا. تەنانەت ویستیان ئاگر لە تەرمی باوکیشم بەردەن. ئەمە زۆری ئازار دام. هێشتا لە بیرمە کەوا چۆن دایکم هاواری دەکرد. دەشزانم بە هەمان شێوە و بگرە گەلێ زیاتریش غەدر لە منداڵانی کورد کراوە".

هەر بەقسەی مەشعان ئەلجبووری خۆی، ناوبراو تا ساڵی 1989 لە خزمەتی بەعسدا بوو. بەگوێرەی پرسیاری یەکێ لە ئامادەبووانیش"گەر هەڵەم نەکردبێ زوهێر عەبدولمەسیح"، کە دیار بوو مەشعانی چاک دەناسی، ئەو"مەشعان" لە دەزگایەکی رۆشنبیریی سەر بە رژێم کاری دەکرد. کاری چی؟ من نازانم!

لە کاتی ئێستادا ئەلجبووری سەرۆکی پارتی نیشتمانیی عێراقییە و لە سوریاش دادەنیشێت. بەدەردی خۆی گۆتەنی هەر گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی سەر بە "موخابەرات"ی دەوڵەتێکی دیاریکراوە. چەند جار ئەمەی بە پێکەنینەوە دووپات کردەوە. تەنانەت پاسەپۆرتە سورییەکەشی لە باخەڵ دەرهێنا و بە ئامادەبووانی نیشان دا.

لەوانەیە زۆربەمان چاومان بەو چاوپێکەوتنە کەوتبێ کە کەناڵی ساتەلایتی "ئەلجەزیرە"ی عارەبیزمان لەگەڵ مەشعان ئەلجبووریدا ئەنجامی دا. هێشتا لەبیرمە پێشکەشکەری بەرنامەکە بەر لە هەر شتێک بە بینەرانی راگەیاند کە ئەلجبووری کورد نییە. ئەوەی راستی بێت کاکی پێشکەشکەر دەیویست بڵێت: ئەی ئەوە نییە عارەبێک وا هاتووە تا داکۆکی لە کورد بکات. بە بڕوای من هەر لەو رۆژەشەوە کورد زیاتر مەشعان ئەلجبووریان ناسی. ناوبراو لەو قسانەی کە لە چاوپێکەوتنەکەدا کردنی، خوا هەڵناگرێ مەردانە باسی گەلی کوردی کرد. ناشبێ ئەوەمان لە بیر بچێ، بە ئەنقەست بێ یان نا، هەندێ جار دەیگوت:"باکووری عێراق لە کەرکووک و مووسڵ پێکدێت". دیارە هەولێر و دهۆک و سلێمانیشی بە کوردستان ناو دەبردا خەڵک هەن ئەم قسانەیان لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کردووە. ئەلجبووری دەڵێت:"دوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە بۆ ماوەی 10 رۆژ لە قەتەر مامەوە. کەسانێک هەبوون پێیان گوتم بۆ سوریا مەگەڕێوە، کەچی من دەمزانی سوریا بە سنگێکی فراوانەوە لە چەشنی میوانێک مامەڵەم لەگەڵ دەکات. ئیتر ئەوەبوو چوومەوە سوریا . لە کاتی گەڕانەوەشمدا تووشی چ گیروگرفتێک نەبووم".

"لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا تۆڵەسەندنەوە لە زۆر کات و شوێندا شتێکی بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەیە. منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵان، کە باوکی لەبەر چاوی بکوژرێت، هەڵەم نەگوتووە گەر بڵێم بیر لە تۆڵە دەکاتەوە. ئەوانەی کە لە وەها بارێکیشدا بیر لە تۆڵەسەندنەوە ناکەنەوە ئەوەندە زۆر نین. لە کولتووری رۆژهەڵاتی ئێمەماناندا رک و کینە و تۆڵە تا بڵێی رۆڵی خۆیان هەبووە و هەیە".

ئەوەی تایبەتە بە مەشعان ئەلجبووریی ئێستا، دیسان بەدەردی خۆی گۆتەنی:"من بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر بەپێی یاسا ـ دان بە دان و چاو بە چاو ـ

مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین، ئەوکات گەلێکی بێ دان و بێ چاو ـ کوێر و سەقەت ـ مان لێ دەردەچێت"خەڵکەکە پێدەکەنن". هەروابێتەوە ئەلجبووری لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:"زەبروزەنگی نێوان کورد و عەرەب زەبروزەنگێکی دوولایەنە و دووسەرەیە. زەبروزەنگی گەلی کورد لەهەمبەر عەرەب زەبروزەنگێکی ڕەوایە، هەرچی هی گەلی عەرەبە زەبروزەنگی داگیرکەران و کۆڵۆنیالیستانە. کەس و کاری من بەر لە 300 ساڵ لە یەمەن بەرەو کوردستان هاتوون. ئەوەی تایبەتیشە بە کوردەکان، ئەوان بەر لە 3000 ساڵ لە کوردستان ژیاون و، خەڵکی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتەن. ئەگەر هەتا هەنووکە لە یەمەن بوایەین، ئەوا بێگومان ئێمەش وەکو یەمەنییەکان هێشتا هەر خەنجەرمان لەبەر پشدێن دەبوو. کەواتە بە چ مافێک دەبێ ڕێگە بە خۆمان بدەین خاکی نەتەوەیەکی خاوەن مێژووی 3 هەزار ساڵە بە هی خۆمان بزانین؟!".

مەشعان ئەلجبووری هەمیشە جەختی لەسەر جیاوازیی کورد و عەرەب دەکرد. جیاوازییەکی هەمەلایەنەش. هەر لە کاتی دەستپێکردنی کۆڕەکەدا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:"باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە ئێمە یەک میللەت نین، هەروەکو خۆتان بینیتان، من یەک وشە لە قسەکانی ـ شێخ ساڵح ـ تێنەگەیشتم". دیسان لە وەرامی پرسیارێکدا: ئایا حیزبەکەتان کورد وەک ئەندام وەردەگرێت؟ ئەلجبووری گوتی:"حیزبەکەمان حیزبێکی عێراقییە. کورد لە حیزبی ئێمە بە ئەندام وەرناگیرێت". برادەرێکی کورد لەناو کۆڕەکەدا زاراوەی "کوردستان العراق"ی بەکارهێنا. مەشعان ئەلجبووری بە پلار تێگرتنێکەوە پێی گوت:"مەبەستت خوارووی کوردستانە". مەشعان ئەلجبووری خۆی تەنیا یەک جار "کوردستان العراق"ی لە دەم دەرچوو. هەر یەکسەر بەپەلە داوای لێبوردنی لە ئامادەبووان کرد و گوتیشی:"ئەمە کولتووری ڕژێمە". سەبارەت بە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، مەشعان ئەلجبووری گوتی:"حیزبەکەمان تاکە حیزبی عەرەبییە کە لە بەرنامەی خۆیدا دان بە دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی دابنێت". هەندێ لەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی مەشعان ئەلجبووری کران، بەم جۆرەی خوارەوە بوون:

پ: ساڵێک بەر لە ئێستا، هەر لە ستۆکهۆڵم، ئەحمەد چەلەبی"سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی" گوتی:"دوای هاتنە سەر کاری ڕژێمێکی دیموکراتی لە عێراقدا، دەبێ لە ڕێی دەنگدان کوردێتی و ناکوردێتی شاری کەرکووک و هەندێ جێگەی تر ساغ بکرێنەوە". ئایا ئێوە لەم بارەیەوە چ قسەیەکتان هەیە؟

و: نازانم بەڕێز ئەحمەد چەلەبی چۆن بۆ مەسەلەکە چووە. دەنگدان بە چ شێوەیەک لە بەرژەوەندی کوردەکاندا نییە. هەتا ساڵی 1966 ژمارەی دانیشتوانی

کورد لە شاری کەرکووک لە ژمارەی دانیشتوانی عەرەب زیاتر بوو. ئێستا کەرکووک هەمووی بووەتە "عەگال بەسەر". کاتی خۆی لە هەموو دام و دەزگاکانی حکوومەت لە شاری کەرکووک، لە تەنیشت ناوی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی کورد، لە نێوان دوو کەوانەدا، پیتی "ک" دادەنرا. ئەمە نیشانەیەک بوو بۆ کوردناسینەوە و، جیاکردنەوەی هاووڵاتییانی کورد لە خەڵکی دیکە.

پ: بۆچی سەردانی کوردستانتان کرد؟

و: دوای گەڕانەوەم لە قەتەر، بە مەبەستی هەندێ کاروبار، منیان بۆ کوردستان داوەت کردبوو. لەوێندەرێ زۆر شتی چاکم بینی. سیستەمی هاتوچۆی ڕێکوپێک و نیشانەکانی دەوڵەتی هاوچەرخ و بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی جوان و بەرچاو.

پ: چۆن بتوانین خۆمان لەو کێشە و ناخۆشییانەی کە هەن، ڕزگار کەین و لەو تونێلە دەرچین؟

و: من پێموایە عێراقێکی دیموکراتی بۆ کوردەکان شتێکی باشە. ڕێی تێدەچێ عێراقێکی دیموکراتی بتوانێت کوردەکان لە هەڕەشەی دەوڵەتەکانی دیکەش بپارێزێت.

بێجگە لەم چەند پرسیارەی سەرەوە، بێگومان برێ پرسیاری تریش کران. ئێمە لێرەدا تەنیا، وەک نموونە، ئەم سێ پرسیارەمان هەڵبژارد. بە گشتی بۆمان هەیە بڵێین کورد، وەک گەل و نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، پێویستی بە دۆست و لایەنگران هەیە. ئەوانەی کە دەشبنە دۆست و پشت و پەنای کورد، بەر لە هەر شتێک دەبێ بە تەواوی مانای وشەوە دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورد دابنێن. کەس ناڵێ کورد پێویستی بە کەسانێکی دڵسۆز و بەویژدانی سەر بە نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە نییە. بێگومان نەتەوەیەکی چەند جار دابەشکراو و لەتوکوتکراو قەت قەت پشت لە پشتیوانی و دۆستایەتی خەڵکانێکی بەتەنگەوەهاتوو ناکات. ئەمە شتێکە قسەی لەسەر نییە.

وێڕای ئەمانەش گشتیان ئەوەی کە زۆر جێگای داخە سادەیی و ساویلکەیی و خۆشباوەڕیی ئێمەی کوردە. بەدەردی برایەک گۆتەنی ئێمە هەر هەموومان خێڵی چەپڵەین و زوو زوو بە شتەکان باوەڕ دەکەین. ئەوەی ڕاستی بێ هەر کە یەکێکمان بینی زاری شیرین و قسەی خۆش بوو، قەت قەت بەری نادەین و، بە دۆستی هەرەگەورەی کوردیشی دەزانین. دەکرێ بە دەیان نموونە بۆ سەلماندنی ئەم قسانە بێنینەوە کە زۆربەمان لێیان بەئاگاین. من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە دەڵێ: "لەسەر کورد پێویستە دڵی دۆستان و کەسانێکی خەمخۆر و دڵسۆز ڕابگرێت. کورد دەبێ قەدر و

ڕێزی کەسانێکی وەها بگرێت و بەگەرمییەوە پێشوازییان لێ بکات". ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە هەر کەسە و دەبێ بەگوێرەی ئاست و کار و تا ڕاددەیەکیش پێشینە و ڕابردووی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆ نموونە کەی ڕەوایە مەشعان ئەلجبووری لە ڕیزی ئیسماعیل بێشکچی و محەممەد مەهدی ئەلجەواهیری و هادی ئەلعەلەوی و ئەم و ئەو دابنرێت؟! ئەوی ڕاستی بێ سەنگ و گرانیی بێشکچی بەلایەک و ئەوانی دیکەش هەر هەموویان بەیەکەوە بەلایەک.

مەشعان ئەلجبووری کارەسات و مەرگەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و بادینان و هەشت هەزار بارزانی و زۆری تریشی بەبەردەمدا تێپەڕیوە. ناوبراو شایەتی ئەو قەسابخانانەیە کە کورد وەکو مەڕی سەربڕاو تێیاندا لە خوێنی خۆی گەوزیوە. ئەلجبووری ئاگای لە زۆر کاری چەپەڵی ڕژێم بووە و خۆیشی ئەمە ناشارێتەوە. کەواتە دەپرسین: هەتا ئێستا مەشعان ئەلجبووری لەکوێ بوو تا بێتە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد و، ڕانک و چۆغەی کوردی و ئاڵای کوردستان بە خەڵات وەربگرێت؟! من وەکو کوردێک لە ناخی دڵ و دەروونمەوە پێم خۆشە دۆستمان هەبێ، خەمخۆرمان هەبێ. لە هەمان کاتیشدا چاک دەزانم ئەگەر خۆمان بەکەڵکی یەکتر نەیەین ئەوا کەس بەکەڵکمان نایەت.

دەبێ ئەوەش بڵێم مەشعان ئەلجبووری کابرایەکی زیرەکە و دەشزانێ چۆن قسان بکات. ئەو دڵی کەس لە خۆی ناکات. کوردی حیزبی و غەیرەحیزبی چەپڵەی بۆ لێدەدەن. هەر کە بڵێ فلان سەرکردەی کورد قسەیەکی خۆش و سەرنجڕاکێشی پێ گوتم، دەبێ غەنیمەکەیشی لە بیر نەچێ و بە مامۆستای خۆیشی"ئەلجبووری" ناو ببات. لەبەر خاتری دڵی سوریاش با پارچەدڵێکی کوردانیش زەوت بکات! ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕازیکردنی هەموو لایەکە کە ئەوەندە ئاسانیش نییە.

جێگای داخە لە کۆڕ و کۆبوونەوەی وەهادا ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد قوڕقەپی لێ بکەن و دەمیان ببێ بە تەڵەی تەقیو. یەکێک هاتووە پارچەیەکی وڵاتەکەت قووت دەدات، کەچی کوردێکی هەمان پارچە و مامۆستای زانکۆش، بێئەوەی قسەیەکی لە دەم بێتە دەر، لە بەرامبەر کەسی چڵێس و نیشتمانخۆر دانیشتووە و دالغەی لێداوە. ئەمە گلەییکردن لە کەس نییە و هەر هەموومان دەگرێتەوە. بەکورتییەکەی ئێمە وەک نەتەوە و گەل ساویلکە و بێخەم و تەمبەڵیشین. لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم کورد باوەشی کراوەیە بۆ هەر کەسێکی خاوەن ویژدان و بەشەرەف، کە بیەوێت داکۆکی لێ بکات، بەڵام لەوە گرنگتر دانپێدانانی ئەو کەسەیە

به تەواوی مافە ڕەوا و نەتەوەییەکانی کورد. ستۆکهۆڵم/ ناوەڕاستی فێبریوەری 1999

* هەڵەبجە، ژمارە 31 و 32، 1999، سویێد.

## سەر قۆزی بن ئالۆز*
### "ئەم نووسینە سەرەنجامی گەشتێکی 25 ڕۆژییە بۆ خوارووی کوردستان"

بەر لە هەر شتێک دەمەوێ ئەوە بڵێم کە باس و ڕووداوەکانی ئەم نووسینە زیاتر پەیوەندییان بە ماوەی نێوان کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر تا کۆتایی مانگی نۆڤێمبەری 1998ەوە هەیە. من کە بۆ ماوەی 25 ڕۆژ لە باشووری کوردستان مامەوە، ئەوەی بەر چاوم کەوت و بیستم یان بۆیان باس کردم، وا لێرەدا بێ پێچ و پەنا دەیانخەمە بەر دیدەی خوێنەران. دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوەش بکەم، من لە هەر گەشتێکمدا بۆ کوردستان بیر لە نووسین و ئامادەکردنی بابەتێک دەکەمەوە، کە لە ئەنجامی گەشتەکە خۆیدا دروست دەبێت. جا لێرەدا نامەوێ زیاتر سەرتان بیەشێنم و وای بە باش دەزانم یەکسەر بچمە سەر کرۆکی ئەو باس و خواسانەی کە تایبەتن بە گەشتەکەم

### لە برایم خەلیلەوە تا هەولێر

دوای سێ سەعات چاوەڕوانی پەڕینەوە بۆ ئەودیوی پردەکە. چەکدارێکی سەر بە پارتی دیموکراتیی کوردستان پاسەپۆرتەکانی لێ وەرگرتین. لە دەفتەرێکی زلدا یەکە بە یەکە ناوەکانمانی نووسی. لە دواییدا لێمانی پرسی:"زێڕی زیادەتان پێیە؟" ئافرەتەکانیش دەست و پەنجەی خۆیانیان پێ نیشان دا. لەسەر دیوار شتێ نووسرابوو کە تیایدا ڕێگە بە گەشتکەران دەدرێت، لە 300 دۆلار زیاتریان لە گیرفاندا نەبێت. هەر لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر کامێرای ڤیدیۆ و کەرەسەی کارەباییش دەکرا.

لە دواییدا هەموومان بەیەکەوە چووینە ئەو شوێنەی کە پاسەپۆرتەکانمانی لێ تۆمار دەکرا. کچێکی ڕووخۆشی خەڵکی سلێمانی بەخێرهاتنەوەمانی کرد. پاسەپۆرتەکانمانی لێ وەرگرتین. کوڕێک کە ئەویش کە خەڵکی سلێمانی بوو و لەگەڵمان بوو، دیار بوو زۆر حەزی لە قسەکردن بوو، زۆریش لە کچەکە ڕادەما. هەر لەبەر هەندێ کچەکە پێی گوت: تۆ زۆر قسە دەکەی!

پارەی فۆتۆکۆپی پاسەپۆرتەکان و هەر نەفەری 50 دۆلاری گومرگیشیان لێ وەرگرتین و یەک دوو کاخەزی زەرد و سپییان پێداین، کە بە کوردی و عارەبی

نووسرابوون. هەردوو براکوردەکەی خەڵکی سلێمانی هەر لەوێ خواحافیزییان لێمان کرد و بەرەو سلێمانی کەوتنە ڕێ. ئێمەش بەرەو هەولێر سواری تەکسی بووین. کابرای شوفێر خەڵکی زاخۆ و قسەخۆش بوو، بەڵام نەیدەویست زێدە خۆی لە قەرەی باسەکان بدات.

لە ڕێگا سەیتەرەکانی پارتی تەنیا یەک جار سندووقی ئۆتۆمۆبیلەکەیان پێ کردینەوە. لام وابێ هەر یەک جاریش تەماشای پاسەپۆرتەکانیان کردین. جاددە و ڕێگاوبانەکان، لە چاو ساڵانی 92 و 95 و 97، تا بڵێی جیاوازییان هەبوو و خۆش و قیرتاوکراو بوون. زۆر ڕێکخراوی خێرخوازیی بێگانەش، بۆ نموونە ڕێکخراوی قەندیل"Qandil"ی سویدی، لەم بوارەدا جێ دەستیان دیارە. دوای ساڵێک و حەفت مانگی تەواو بە زێد و نیشتمان و کەس و کار و گوند و هاوڕێ و ئازیزانمان شاد بووینەوە.

## بارودۆخی ناو شاری هەولێر لە چەند ڕوویەکەوە



ئاسان نییە پاش ئەوەندە ساڵ خەبات و خوێن و قوربانیدان هەر دڵمان بەوە خۆش کەین لە فلانە شار هەرزانییە، ئاو و کارەبا هەن، ئاسایش هەیە،...هتد. ئەمەک و ڕەنج و خۆفیداکردنی ئەو میللەتە هیچ ڕۆژێک لە پێناوی ئەو شتانەدا نەبوون و نابن کە لەم دێرانەدا باسیان لێوە دەکرێت. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە پێناوی نرخ و بەها هەرەپیرۆزەکانی مرۆڤدا گیانی خۆیان بەخت کرد و بەتەمای ڕۆژێک بوون کە هەر نا، وەک مرۆڤ، ڕێزیان لێ بگیرێت. گەلۆ لە باشووری ئەمڕۆدا تا چ ڕاددەیەک خەون و هیوا و ئاواتەکانی لەمێژینەی کورد بەدی هاتوون؟ ئێستا با پێکەوە سەرنجێک لە ڕەوش و گوزەرانی خەڵک و چۆنیەتی ژیان لە هەولێری پایتەخت و ئەو شارە دێرینەی کوردستان بدەین.

هەولێر شارێکی بە جموجۆڵی زیندووە. دانیشتوانەکەی تا شەو درەنگانێکیش هەر خەریکی کار و کاسبیی خۆیانن. دزی و ڕێگری و ڕووتکردنەوە لەم شارەدا تا

ڕاددەیەکی باش کەم بوونەتەوە. هێمنی و ئاسایش بەدی دەکرێن. خەڵکی کاسبکار و بێلایەن لە جاران زیاتر دڵیان خۆشە و هەر خوا خوایانە هەردووڵا"پارتی و یەکێتی" پێکبێن و ئاشتی و ئاسایش کوردستان بگرنەوە. دیاردەی چەکداریی بە شێوەیەکی کەم لەنێو شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەبینرێت. دانیشتوانی شاری گەورەی هەولێر دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە هەبوونی ئاو و کارەبا و هەرزانی و بە پلەی یەکەمیش دابەشکردنی خواردەمەنی، بەپێی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان"نەوت بەرامبەر بە خۆراک"، کە کوردستان بەشێکی داهاتی نەوتەکەی لە شێوەی کەرەسەی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی تری ژیان بەبەر دەکەوێت. ئەوی ڕاستی بێ خەڵکی هەژار و داماوی کوردستان لە ئەنجامی ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گیانێکی بەبەردا هاتەوە و هەناسەیەکی شادی هەڵکێشا. بە قسەی خەڵک خۆیان خێزانی وا هەن کە لە مانگێکدا بۆ ماوەی بیست ڕۆژ پشت بە یارمەتییەکانی UN دەبەستن. ئەم جۆرە یارمەتییانە لە هەولێر بە "بایەع" ناو دەبرێن. ڕاستە جۆری خواردەمەنییەکان ئەوەندە باش نین، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر گوزەرانی خەڵکەکە هەیە. هەندێ لەو شتانەی کە دەدرێن ئەمانەن: ئارد، ڕۆن، برنج، فاسۆلیا، قوتووەشیری منداڵان و گەلێ کەرەسەی دیکەش. برنجەکە کەرت کەرتە. هەرچی ڕۆنەکەیە بە قسەی دکتۆرێک ئەگەر بقرچێنرێتەوە و لە پاشاندا بمەیێنرێت، بەکارهێنانی بۆ مرۆڤ باشتر دەبێت. جێگای داخە هەندێ جار خواردەمەنی و شتی تری وا بەسەر خەڵکدا دابەش کراون کە ماوەی بەکارهێنانیان بەسەرچووە"ئێکسپایەریان کردووە". نازانم ئەم کارە بە ئەنقەست ئەنجام دراوە یان نا؟!



لە هەولێر کاری بیناکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە دیاردەیەکی بەرچاوە. بەشێکی ئەم کارە لە ئەستۆی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خێرخوازە بێگانەکان و کەسانی سەربەخۆ و خەمخۆر دایە، بەشەکەی دیکەش حیزبی حوکمڕان و حکوومەتی"هەرێم"ی کوردستان پێی ڕادەبێت. کاری ئاوەدانکردنەوە ئەم بوارانە دەگرێتەوە: خانوو دروستکردن لە لایەن هاووڵاتییان خۆیانەوە، شەقام قیرتاوکردن، بنیاتنانی باڵەخانەی نوێ، مزگەوت دروستکردن، بارەگا و بنکە چەکدارییەکان، دروستکردنی نەخۆشخانە لە

لایەن ڕێکخراوی جۆراوجۆر و حکوومەتیشەوە. جگە لە هەندێ قوتابخانە و دام و دەزگای تریش.



لە هەندێ شوێنی هەولێردا پەیکەر و گۆڕەپان و نافوورەی ئاو و باخچەی ساوایان و باخ و جێگای حەسانەوە بەر چاو دەکەون. هەندێک لەمانە لە کاتی خۆیدا دروست کراون، هەندێکیشیان بێگومان تازەن. باخچەی خانزاد و گڵکەند دوو نموونەن. گڵکەند کە لە سەردەمی بەعسیشدا هەر هەبوو، بە هەندێ گۆڕانکاری تازەوە سەرلەنوێ لە لایەن وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری حکوومەتی "هەرێم" لە هەولێر، حوسێن سنجاری، لە سەرەتای ساڵی 1997دا کراوەتەوە. باخچەی گڵکەند چەرخ و فەلەکی منداڵان و شوێنی یاریکردن و نافوورە و جێگای دانیشتن و باخچەیەکی ئاژەڵانیشی تێدایە. لە باخچەی ئاژەڵاندا ئەم ئاژەڵانە دەبینرێن: بزن، پشیلە، گورگ، سیسارکە کەچەڵ، مەیموون، وشتر، بەراز، کەناری، کەروێشک، ڕێوی، کۆتر و هی تریش. ئەمانە بە جیا جیا لە شوێنی خۆیان دان کە هەندێکیان شێوەی قەفەسیان وەرگرتووە. ژمارەی زۆربەی ئەم ئاژەڵانەش لە یەک دووانێک تێپەڕ ناکات. مەیموونە بەستەزمانەکە کە بووەتە مایەی قەشمەری پێکردنی خەڵک، کاتی خۆی لەگەڵ مەیموونێکی دیکەدا لە ئێران هەر یەکە و بە 7000 دیناری ئەسڵی عێراقی کڕاون. مەیموونێکیان بە 3000 دینار قازانج"بە 10000 دینار" فرۆشتۆتەوە. لەبەر چاوی خۆم چەرخێکی دەستییان"چەکماغ" بە مەیموونەکە شکاند. هەر کەسێک ڕوو بکاتە باخچەی گڵکەند لەبەر دەرگا دەپشکێنرێ و کە بیەوێ سەیری ئاژەڵەکانیش بکات، دەبێ پارەیەکی کەم"یەک دوو دینار" بە کرێکارەکان بدات. ڕەنگە ئەو شتەی کە

باخچەی گڵکەندی ناشیرین کردبێ، میوانخانەی شیراتۆنی کون کونکراو بێت کە ئەویش خۆی لە خۆیدا ڕوویکی دزێوی هەردوو حیزبە شەڕخوازەکەی باشوورمان پیشان دەدات.

لە پایەختی کوردستاندا چالاکییەکی بازرگانیی گەرموگوڕ و تێکەولێکە و ئاڵوگۆڕێکی دیارمان وەبەر چاو دەکەوێت. هەر کەسە و خەریکی پەیداکردنی نانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیەتی. مامۆستا کە مووچەکەی بەشی ناکات، دەچێ لادایەک دەکرێ و وەک تەکسی کاری پێ دەکات. پزیشک لە پەنای کاری خەستەخانە و دەرمان گدانەوەش، عیادەیەک بۆ خۆی دەکاتەوە و چەند قاتی مووچە ئەسڵییەکەی دەست دەکەوێت. مووچەخۆری حکوومەت و ئەندازیار و تەنانەت ڕۆشنبیر و هونەرمەندانیش ڕێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی کەمێک بە تێروتەسەلی بژین. لە کوردستانی ئەمڕۆدا هەر کەسە و چەند ئیشێک دەکات. ئەگەر هەر کەسێکیش وا نەکات، دیارە پشتی بەم و بەو حیزب و لایەن قایمە، دەنا خوا بە خۆی دەزانێ چی بەسەردێ. بە قسەی کابرایەکی دەوڵەمەند ئەمڕۆ لە کوردستاندا چینی مام ناوەنجی نەماوە. ئەوانەی هەژار بوون یان ئێستا دەوڵەمەند بوون یانیش لە جاران هەژارترن. زۆر خواپێداو و دەوڵەمەندیش هەبوون، ئێستا کافر زگی پێیان دەسووتێت.



نرخی شتومەک و کەرەسەی ناوماڵ بە پلەی یەکەم پشت بە بەرزبوونەوە یا دابەزینی دۆلار دەبەستێت. هەر کاتێک نێوان ڕژێمی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان"لیژنەی چەک داماڵین - ئۆنسکۆم" تێکبچێت، نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە، بە پێچەوانەش. ئەو کاتەی من لە کوردستان بووم دۆلارێکی ئەمریکی دەیکردە 17 دیناری عێراقی. نرخی هەندێ کەلوپەل و کەرەسەی خواردەمەنیش بەم جۆرە بوو: کیلۆی پەتاتە 2-3 دینار، کیلۆی تەماتە بە 3-4 دینار، کیلۆی مریشک"زیندوو" بە 18-20 دینار، کیلۆی هەنار بە 1-2 دینار، سەموون"درێژکۆڵە" دانەی بە دینارێک، سەموون"خڕ" دانەی بە 2 دینار، قوتووەشیرێکی منداڵان"هۆڵەندی" بە 40 دینار،...هتد. شایانی باسیشە مووچەی مانگانەی کرێکارێک، بۆ نموونە لە کارگەی ڕستن و چنین لە هەولێر، 300-400 دینار دەبێت. دەبێ ئەوەش بڵێین سەرەڕای هەموو زەحمەتییەکیش ڕەوشی ژیان لە کوردستاندا لە زۆر لایەنەوە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق چاکترە. ئەمە قسەی من نییە، بەڵکو خەڵکانێک خۆیان چوونەتە بەغدا و هەندێ لە شارەکانی دیکەی عێراق

و ئەوەی بە چاوی خۆیان بینیویانە، بۆ منیان گێڕاوەتەوە. هەڵبەت بە خۆشمان زۆر جار ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژمان لەسەر باری نالەباری ناوخۆی عێراق لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی جیهان چاو پێ کەوتووە. من لە هەولێر کەسانێکی عارەبم بینیوە کە بۆ مەبەستی کڕین و فرۆشتن و بازرگانیکردن ڕوویان کردۆتە ئەم شارە و لەگەڵ خۆشیاندا زۆر شتومەک دەبەن، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بیفرۆشنەوە و قازانجێکیان پێ ببڕێت.

بەگوێرەی بەرنامەی "نەوت بەرامبەر بە خۆراک" وەزارەتی تەندروستی لە حکوومەتی هەولێر 4 ئۆتۆمۆبیلی ئەمبولانس"فریاگوزاری" و هەروەها بڕێکی دیاریکراوی لە داوودەرمان و کەرەسەی پزیشکی بەر دەکەوێت. چوار ئەمبولانسەکە ئێستا لەسەر شەقامەکانی هەولێر دەسووڕێنەوە و لە کار دان. هەر بە هەمان شێوە دەرمان و کەلوپەلی ناو نەخۆشخانان دابەش کراون و هەندێ بنکەی تەندروستی و خەستەخانەش بنیات نراون. ڕێکخراوە خێرخوازی و بیانی و هەندێ لە دام و دەزگا و هێزە سیاسییە کوردییە ئاینییەکانیش"یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان" بەم کارانە ڕادەبن. هەر لەم بوارەدا دەکرێ ناوی "هيئة الاغاثة الاسلامية العالمية" بەرین. بڕێ لە گوندەکانیش نەخۆشخانەیان لێ کراوەتەوە. لە کوردستان هەندێ جۆر نەخۆشی بڵاو بوونەتەوە کە پێشتر زۆر کەم بوون. بە قسەی خەڵک ئێستا گەلێ کەس بە "زەخت" دەمرن. هەروەها کە خۆم لە هەولێر بووم زۆر جار باسی نەخۆشی کۆلێرا دەکرا. تەنانەت باسی ئەوەش دەکرا کە 70 کەس لە ئەنجامی تووشبوون بەو نەخۆشییە گیانیان لە دەست داوە. خەڵک لە جاران کەمتر کەرەوز و کەوەر و تەماتە و تووریان دەخوارد. بە بڕیاری وەزارەتی تەندروستیش لە هەولێر دووکانی هەموو شەربەتفرۆشەکان داخرابوون. ئەوان بۆیان هەبوو بەتەنیا کاستەر و پاقلاوە و شتی لەو بابەتانە بفرۆشن. هەروەها سەریەشە و زگچوونی منداڵانیش هەبوون. بۆ مەسەلەی کڕینی داوودەرمانیش، هەر لەسەر جاددەی "شێخەڵلا"وەڕا بیگرە تا خەستەخانە و دەرمانخانەکان، دەرمان و کەرەسەی پزیشکی دەبینرێن. زۆربەی دەرمانەکان ئێرانی و تورکی و هی وڵاتانی بێگانەن. بە پارەی زیاتر دەرمانی چاکیش"سویسری و فەرەنسی و بەریتانی و هی تریش" چنگ دەکەون.

بە مەبەستی پاکڕاگرتنی شاری هەولێر، دایەرەی شارەوانیی هەولێر لەسەر شەقامە سەرەکییەکان بەرمیلی داناوە تا زبڵ و پیسی تێ بکرێ. لە هەمان کاتدا دووکاندارەکان ئاگادار کراون کە دەبێ لەبەردەمی دووکانەکانیان دار و نەمام بڕوێنن. بڕێ لە دووکاندارەکان ئەم کارەیان کردووە. عەرەبانچییەکانی شێخەڵلا لە شوێنی

خۆیان دەرکراون، بگرە لە هەندێ باردا زیندانیش کراون. برادەرێکی خۆم کە تەکسی هەیە بۆی گێڕامەوە کەوا چۆن دوو کەس لەو قوربەسەرانەی، وێڕای دوو پۆلیس، لە بنکەی پۆلیسی خانەقاوە بۆ زیندانی ئاسایش"سجنی محەتتە" گواستۆتەوە. هەڵبەت دوای دەرکردنی عەرەبانچییە کاسبکارەکانی شێخەڵلا چ شوێنێکی تریان دەقەبەڵ نەکراوە، تا کاری خۆیانی تێدا بکەن. گومانیش لەوەدا نییە کە ئێستا دیمەنی شێخەڵلا لە جاران ڕێکوپێکتر بووە.

## پارتی و هەولێر و چەند شتێک

هەولێر کە بووەتە گرێکوێرەی نێوان پارتی و یەکێتی تا ئێستا زۆر کارەسات و کۆمەڵکوژی و دەردەسەری بەخۆیەوە بینیوە. سەبەبکاری ئەمانە هەمووشیان بە پلەی یەکەم هەردوو هێزە سەرەکی و دەسەڵاتخوازەکەی باشووری کوردستانن. سەرانی یەکێتی و پارتی کە گوێیان لە کەس نەگرتووە، تازە بە تازە شانەکە لەسەری کورددا دەشکێنن. جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "ئەو شەڕەی کە کراوە نە لە دەسەڵاتی مندا بووە و نە لە هی ـ الاخ مسعود البارزاني"(1). ئەمە و ڕێی تێدەچێت بەگوێرەی ئەم قسەیە ئەوان تەنیا فەرمانی داگیرکەرانی کوردستانیان جێبەجێ کردووە. دانیشتوانی هەولێر هەتا ئەمڕۆش باسی گرتنەوەکەی هەولێر دەکەن کە بەعس و پارتی لە 31ی ئابی 1996 پێی ڕابوون. هەروەها باسی هێرشکردنە سەر "بنکەی



ڕۆشنبیریی مێزۆپۆتامیا" و نەخۆشخانەکانی "مانگی سووری کوردستان" و "بارەگا و بنکەکانی پ.ک.ک" دەکەن، کەوا چەند دڕندانە بە هاوکاریی تورک و تورکمان ئەنجامیان دان. خەڵک باسی ڕاوەدوونان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. بە تایبەتیش باسی سەرەتای گرتنەوەکە و ئان و ساتی هێرشە بەربڵاوەکەی تورکیا بۆ

سەر خواروویی کوردستان دەکەن. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت ئێمەی کورد بە دەردی ئیسماعیل بێشکچی گۆتەنی زوو قەسابخانە و کارەساتەکانمان لە بیر دەچێتەوە. تا ئێستا چەندمان بۆ هەڵەبجە و ئەنفال و بادینان و بارزانییان و ئێرە و ئەوێ کردووە، هەر ئەوەندەش بۆ قەسابخانەکەی هەولێر و هێنانی عێراق و ئێران و تورکیا دەکەین. ئێمە کە میللەتێکی خۆخۆرین بە ئاسانی و زۆر زوو شتان لە بیر دەکەین.

ڕاستە لە هەولێر جموجۆڵێکی ڕۆشنبیری و کاری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبان لە ئارادایە. دەوروبەری "45 ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی بەتەنێ لە هەولێر دەردەچن"(2). چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە حکوومەتی "هەرێم"ی کوردستان ـ هەولێر لە ساڵی 1998دا لە 56 کتێب زیاتر بووە(3). هەر لە هەولێر "کۆڕی زانیاریی کوردستان" بە سەرۆکایەتی شوکر مستەفا دامەزراوە. پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنیی جۆربەجۆر بەدی دەکرێ. ئەمانە هەموویان ڕاستین و ناشاردرێنەوە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم تاکە یەک خاڵە: هیچ کام لەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و دام و دەزگایانە ببرای ببڕای ناتوانن بە ئازادییەکی تەواوەوە بیروڕای خۆیان سەبارەت بە مەسەلە جوداکان دەرببڕن. لە لایەکی ترەوە تا ئێستا حیزبییە کوردییەکانی هەولێر و ناکوردییەکانیش نەیانتوانیوە بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ هەڵوێستی خیانەتکارانە و دەست تێکەڵاوکردنی پارتی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ڕیسوا بکەن. بەر لە چوونەوەم بۆ کوردستان بە یەک هەفتە برایەکی سەر بە لایەنێکی کوردیی ئیسلامی تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی:" پارتی دەستی کردووە بە هێنانەخوارەوەی ناوی ڕێکخراوەکەمان لەسەر بارەگاکان لە ناوچەکانی دهۆک و بادینان. ئێمە خەریکی کاری خێرخوازین و ئەمەش وا لە پارتی دەکات لێمان قیت بێتەوە و لە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی خۆیشی لە ناوچەکە بترسێت. ڕاستە هەردوو حیزبە دەسەڵاتخوازەکەی باشوور هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان چ حیسابێکی ورد و درشتیان بۆ ڕێکخراو و لایەنەکانی دیکە نەکردووە و ناکەن".

هاوڕێیەکی خۆشەویستی سەردەمی خوێندنم کە ئێستا لە گوندێکی دەوروبەری شاری هەولێر مامۆستایە، پێی گوتم:" هەر کەسێک ڕەخنە لە پارتی بگرێت، بۆ سبەینێ تەرمی خۆی لە ـ بەستی قەتەوی(4) ـ دەبینێتەوە". شتێکی ڕوون و ئاشکرایە لەوەتی پارتی و بەعس هەولێریان گرتۆتەوە زۆر ڕووداوی وا قەوماون. مامۆستای زانکۆ و مەلای مزگەفت و خەڵکی ڕەشۆکیش بەر ئەم ڕەشەکوژییە کەوتوون. دانیشتوانی هەولێر دەگێڕنەوە کە پارتی و حکوومەت هاتنەوە گەڕەک بە گەڕەک

خەڵک تەمێ و دارکاری دەکران. هەر شەوەی بەسەر گەڕەکێکدا دەدرا. پێشوەخت ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکێتی دیاری دەکران. لە گەڕەکی (99)ی هەولێر بزمارێکی ژەنگاویی درێژیان لەبن پێی کابرایەکی سەر بە یەکێتی کوتا. هەر بە دەسیسە و چاوساغیی پارتی، پیاوانی ڕژێمی بەعس لە کەرکوک پیاوێکی 60 ساڵەی سەر بە یەکێتییان گرت و، چاوەکانیشیان هەڵکۆڵی. ئێستا کچە عازەبەکانی ئەو بە ڕەشپۆشی لە هەولێر دانیشتوون و ئەوەی هەیانبێ و نەیانبێ، تاقە برایەکە



کە بەدەم خوێندنەوە کاری تەکسی دەکات. ئەمانە مشتێک لە خەرواری کارەسات و بەسەرهاتە دڵتەزێنەکانی شەڕی خۆکوژی و کوردکوژیی سەرانی کوردن لە خوارووی وڵات. لە هەولێر وێنەگرتن قەدەغەیە. دەبێ لە ئاسایش مۆڵەت وەربگریت تا بە کامێرای خۆت وێنە لەنێو شاردا بگریت. ئەگەر نا تووشی لێپرسینەوە و کێشمەکێش دێیت. هەندێ لە وێنەگران، گەر بە هەڵەدا نەچووبم، لە سەندیکای هونەرمەندان مۆڵەتیان دراوەتێ تا بە پارە کاری وێنەگری بکەن. هەر بۆ نموونە لە باخی گڵکەند و دەرووپشتی قەڵا ئەو جۆرە وێنەگرانە دەبینرێن.

بە بیرم دێ لە سەردەمی بەعس موختاری گوند یا گەڕەک هەندێ کاروباری جیا جیایان ڕادەپەڕاند، بۆ نموونە: ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی کە ناوی سەربازییان هاتووە، ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی کە داوایان لە دادگا لەهەمبەر کراوەتەوە و شکایەتیان لێ کراوە، یان هەندێ کاروباری تری لەم جۆرە. هەرچی موختاری گەڕەکە لە هەولێری ئەمڕۆدا کارێکی شێوە موخابەراتی پێ سپێردراوە. موختار دەزانێت چ خێزانێک منداڵیان بووە. موختار دەزانێت لە گەڕەکی سەر بە خۆیدا کێ دیارە و کێ دیار نییە. موختار دەزانێت لە فلانە خێزان کامە کەس سەر بە چ ڕێکخراوێکە و چۆن بیر دەکاتەوە. ئەگەر کەسێک بۆ ماوەیەک دیار نەبێت، موختاری گەڕەک دەست دەکات بە لێپرسینەوە و پرسیارکردن لە کەس و کاری دیارنەبووەکە. هەموو کەسێکیش بۆی نییە ببێت بە موختاری گەڕەک. تەنیا ئەو کەسانە دەکرێن بە موختار کە کەم تا زۆر لایەنگر و دۆستی پارتین.

دەکرێ بپرسین دوای ئەم هەموو ماڵوێرانی و کوردستانفرۆشتنە، دەبێ چ هێزێک هەبێ لە پشت پەردەوە یا بە ئاشکرا هێزی پارتی ڕاگرتبێ؟ گومانم لەوەدا نییە زۆربەمان چەند لایەنێکی ئەم پرسیارەمان لا ڕوون و ئاشکرایە، هەڵبەت ئەو خەڵکانەی کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا ژیان بەسەر دەبەن، لە زۆر

ڕووەوە لە من و تۆ باشتر لەم مەسەلەیە دەگەن و شارەزای شێواز و میتۆدەکانی پارتی دیموکراتیی کوردستانن. پارتی هەموو کەرەسە و ئامرازێکی بەکارهێناوە و دەهێنی تاکو بە هەر شێوەیەک بێ لە گۆڕەپانەکەدا بمێنێتەوە. دەکرێ هەندێ شت بە نموونە بهێنینەوە: خەڵک کڕین بە پارە، دەم چەورکردنی کەسانێک کە بە داخەوە برێ لە ڕۆشنبیرانیش لەنێو ئەم زەڵکاوەدا چەقیون، بەخشینی پارەوپوول و برنجی چاک و ڕۆن و دەرمان چا و کەلوپەلی هەمەجۆر بە چەکدارەکانی خۆی، لەخۆ کۆکردنەوەی کەسانێک لە میانەی دامەزراندن و کار پێدانیان لە دام و دەزگا و دایەرەکاندا، دروستکردنی میلیشیا و دەسەڵات پێدانیان"چەکدارەکانی ماڵی عەلی قەلاب لە هەولێر ـ لای باداوە بۆیان هەیە زەوی و زاری خەڵکیش گڕ بدەن و پاشان بیانفرۆشنەوە، لێپرسراوی سەربازیی پارتی وا هەن کە لە ڕادەبەدەر دەسەڵاتیان هەیە و مامەڵە بە ماڵ و موڵکی خەڵک دەکەن، دروستکردنی خانووبەرە لە نزیک ڕێگای نێوان کەسنەزان ـ هەولێر بۆ کەسانێک کە پێشتر هەر هەموویان سەرۆک جاش و ـ جحافل خفیفة ـ ی سەددام بوون، بڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆ هەندێ لە نووسەران و ڕۆشنبیران هەر بۆ ئەوەی شتێکیان لێ هەڵبکڕێنن و لە کاتی پێویستدا سوودیان لێ ببینن" جێگەی داخە لە ئەوروپاش کەسانێک هەن کە ئەم ڕێگایەیان گرتۆتە بەر و هەندێکیشیان ئێستا وا لە کوردستانن. گۆرانیبێژێک کە کاتی خۆی کاسێتی خۆی پێشکەش بە من دەکرد و لەسەریشی دەنووسی: بە نووسەری خاوەن هەڵوێست مەهاباد کوردی پێشکەشە. ئێستا ئەو گۆرانیبێژە، لەبەر خاتری چەند هەزار دۆلار، ئەوەی کە بیری لێ نەکاتەوە هەڵوێست و هەڵوێست نواندنە"(5). ئەمانە و با دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش لە شوێن خۆی بوەستێت، کە بێگومان هۆکارێکی گەلێ گرنگە بۆ مانەوەی پارتی و ڕابوون بە ڕۆڵی خۆی"جا هەر ڕۆڵێک بێ" لە کوردستان و ناوچەکەدا.

هەر لەم بوارەدا دەکرێ باسی چەند مەسەلەیەکی دیکەش بکەین کە گرێدراون بە هەمان بابەتەوە. دوای هاتنەوەی پارتی بۆ هەولێر، بە زەبری دەبابەی بەعس، چەند گۆڕانکارییەک لە کوردستان و هەرێمەکەدا ڕوویان دا کە برێکیان زۆر بە چاکی لە بەرژەوەندی پارتی شکانەوە: دابەشکردنی خۆراک بەسەر خەڵک بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر شێوەی بیرکردنەوەی خەڵکی ڕەشۆکی و بێئاگای کوردستان. من ناڵێم جەماوەری کوردستان ئاگایان لە هیچ نییە و شتە ڕەش و سپییەکان لە یەکتر جیا ناکەنەوە، لێ بەڵێ ئەوەی کە لێی دڵنیام خەڵکێکی زۆر هەن ئەم کارە بە چاکەیەکی پارتی دەزانن و بگرە ئامادەیی ئەوەشیان

تێدایه له سبه‌ینێوه تا ئێوارێ داکۆکی له بیروڕای خۆیان بکه‌ن. ئه‌وان تا چ ڕاده‌یه‌ک له‌سه‌ر ڕاستین یان نا، ئه‌مه چ شتێک له مه‌سه‌له‌که ناگۆڕێت.

## په‌یوه‌ندی پارتی و ڕژێمی عێراق

هه‌بوونی په‌یوه‌ندی له نێوان پارتی دیموکراتیی کوردستان و ڕژێمی عێراقدا شتێک نییه که بشاردرێته‌وه. په‌یوه‌ندییه‌که گه‌یشتۆته ئه‌م قۆناغه: کاتێ له هه‌ولێر بووم لێپرسراوێکی به‌رزی سه‌ربازیی پارتی - سوپای دووی ده‌شتی هه‌ولێر بریندار بوو(6). هه‌ر یه‌کسه‌ر بردیانه مووسڵ. خه‌ڵکێکی زۆر که ده‌یانناسم بۆ دیده‌نی کابرای به‌رپرسیار به‌ره‌و مووسڵ چوون. دکتۆری تایبه‌تی عوده‌ی کوڕی سه‌ددام حوسێن سه‌رپه‌رشتی کاری نه‌شته‌رگه‌ریی کاکی لێپرسراوی ده‌کرد. له ماڵی کابرایه‌کی ناسیاو و ناسراوی هه‌ولێر دانیشتبووم که به ته‌له‌فۆن له‌گه‌ڵ باوکی لێپرسراوه به‌رزه‌که‌ی پارتی قسه‌ی ده‌کرد. باوکه‌که باسی ڕه‌وشی کوڕه‌که‌ی خۆی ده‌کرد(7). من خۆم که خه‌ڵکی ناوچه‌که‌م، ئه‌م ڕووداوه‌م به چاوی خۆم بینی، بۆیه لێره‌دا به نموونه هێنامه‌وه.

هاتوچۆ له نێوان هه‌ولێر و ناوچه‌کانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی حکوومه‌تی به‌عس کارێکی ئاساییه. له هه‌ردوو لا خه‌ڵک دێن و ده‌چن. له هه‌ولێر عه‌گال به‌سه‌ر له جاران زیاتر ده‌بینرێن. ئه‌و کاته‌ی له هه‌ولێر بووم له یاریگه‌ی هه‌ولێر"که ئێستا چاک کراوه‌ته‌وه"، یاری تۆپی پێ له نێوان هه‌ولێر و تیپێکی عێراقی"لام وابێ به‌غدا" ده‌کرا. له ته‌له‌فزیۆنیش یارییه‌که‌یان نیشان دا. فه‌ڕه‌نسۆ هه‌ریری یه‌کێ له ئاماده‌بووانی یاریگه‌که بوو. خه‌ڵک ده‌ڵێن ناوبراو زۆر حه‌زی له وه‌رزشه و بایه‌خیش به کاری بنیاتنانی شوێنی وه‌رزشی ده‌دات. چاککردنه‌وه و سه‌رله‌نوێ بنیاتنانه‌وه‌ی یاریگه‌ی هه‌ولێر به یه‌کێک له کاره‌کانی ئه‌و ده‌ژمێردرێت. هه‌ر له ته‌له‌فزیۆندا یه‌کێ له ڕاهێنه‌ر"مه‌شقپێکه‌ر"ه عێراقییه‌کان قسه‌ی ده‌کرد. ده‌ڵێن هه‌ر هه‌مان ڕاهێنه‌ر جارێ له جاران له ته‌له‌فزیۆنێکی سه‌ر به پارتیدا گوتبووی "شمال العراق"، ئا له‌و کاته‌دا فه‌ڕه‌نسۆ ته‌له‌فۆن بۆ ته‌له‌فزیۆنه‌که ده‌کات و، ناڕه‌زایی خۆیشی ده‌رده‌بڕێت به‌رامبه‌ر به زاراوه‌ی "شمال العراق". ناوبراو پێشنیاری به‌کارهێنانی "کوردستان العراق"ی کردووه.

هیچ گومان له‌وه‌دا نییه که حکوومه‌تی عێراق به هه‌ر هۆیه‌ک بێ هه‌وڵی ناردنی به‌کرێگیراوانی خۆی بۆ کوردستان ده‌دات. کێ ناڵێ له ڕێگای یاریکه‌ران و مانگی

سووری عێراقی و هاتوچۆکردن بەم کارە ڕانابێت؟ دەبێ ئەوەش بڵێم هەردوو حیزبە شەڕکەرەکەی خوارووی کوردستان، ئەوەندەی تاقیبی یەکتریان دەکرد، ئەگەر نیو ئەوەندەش تاقیبی سیخووڕانی سەر بە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیان بکردایە، دەکرێ بڵێین خزمەتێکی چاکیان بە گەلی کورد دەگەیاند. بەداخەوە وایان نەکرد و نایشی کەن!

ڕژێمی کۆلۆنیالیستی عێراق لە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەرکووک و مەخموور، ڕۆژانە کورد دەردەکات. گوندە کوردییەکانیش وێڕای ماڵ و موڵک و زەوی بەپیت بە عارەبەکان دەبەخشرێن. لە گوندی "عەوێنە"ی هەولێر کە هێشتا کوردی تێدا ماوە و بەناوە ڕێکخستنی پارتیشی تێدایە، خێڵە بەدوەکانی عارەبی ناوچەکە کە بە هاون و دۆشکە و چەکی سووک لە لایەن ڕژێمەوە چەکدار کراون، ڕۆژ نییە شەڕ بە کورد نەفرۆشن و گێچەڵیان پێ نەکەن. دەڵێن خەڵکی گوندەکە هەراسان بوونە و چەکدارەکانی سەر بە پارتیش فشەی سمێڵیان دێت. شایانی باسە دێی ناوبراو هەر 20 کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە. لە دوای ساڵی 1991ەوە گەلێ جار کۆمەڵکوژی لە دژی دانیشتوانی ئەم گوندە ئەنجام دراوە.

من کە لە هەولێر بووم، دەرکراوانی شاری کەرکووک لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە عەنکاوە خۆپیشاندانێکیان ساز کرد. خۆپیشاندەران ناڕەزایی خۆیان لە هەمبەر سیاسەتی ڕژێم لە شاری کەرکووکی کوردان دەربڕی. پارتیش کە وەزارەتێکی تایبەتی بە دەرکراوان و ئاوارەبووان هەیە، لەسەر ناوی حکوومەتی "هەرێم"ی کوردستان بەیاننامەیەکی ناڕەزایی دەربڕینیان بڵاو کردەوە. هەروەها لە هەولێر، جگە لە پارێزگاری هەولێر خۆی، هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکووکیش هەن. برادەرێکی خۆم کە برادەری نزیکی پارێزگاری کەرکووکی بنکە لە هەولێرە، لە سەردانێکیدا بۆ کوردستان، چاوی بە جەنابی پارێزگار دەکەوێ و لێی دەپرسێت:" ئێوە وەک پارتی چ کارتێکی فشار خستنە سەر دەوڵەتی عێراقتان لەمەڕ مەسەلەی کەرکووک بە دەستەوەیە؟ کاکی پارێزگار کە دوای دوو جار دووبارەکردنەوەی پرسیارەکە، ئینجا حاڵی دەبێت، لە وەرامدا دەڵێت: ئەگەر ڕاستیت دەوێ هیچ!"

ئێمە کە کەرکووک وەک نموونە دێنینەوە، ئەی چ لە ناوچە کشتوکاڵییە بەپیتەکانی قەراج و کەندێناوە و شەمامک بکەین؟ ئەی قەرەچووغ و کاولەمووسڵ و شەنگاڵ و شوێنەکانی دیکە چ لێ بکەین؟ ئەگەر کورد خۆیان ئەم شوێنانەیان لە بیر

کردبێ، دەبێ دوژمنان چ پیلانێکیان بە دەستەوە بێ؟ تەنانەت بەناو هێزی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش هەر کە مەسەلە هاتە سەر کەرکووک، هەر لە ئێستاوە خۆیان دێنن و دەبەن و دەشڵێن:" چارەنووسی شاری کەرکووک دوای هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی دیموکراتی، بە دەنگدان، لە پاشەڕۆژ و لە لایەن خەڵکی عێراقەوە دیاری دەکرێت. ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کەرکووک شارێکی کوردییە یان نا؟!"(8)

هەتا خۆخۆر بین و سەرانیش گاڵتە بە ئێمە و جیهانیش گاڵتە بەوان بکات، نەک هەر ئەو شوێنانەی کە ناومان بردن، بگرە کوردستانیش بێ خاوەن دەمێنێتەوە. لەخۆڕا نییە ڕۆماننووسی بەرچاوی کورد عەزیزی مەلای ڕەش لە دەستپێکی دوا بەرهەمی خۆیدا دەنووسێت:" پێشکەشە بە کەندێناوەی داگیرکراو و بێ خاوەنەکەم"(9).

تا ئێستا زۆر شت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و بەعس نووسراوە و گوتراوە. هەمووشمان کەم تا زۆر ئاگاداری ئەو پەیوەندییانەین کە لە نێوان هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی خوارووی کوردستان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا هەیە. بۆیە لێرەدا هەر بەم چەند دێڕانەی سەرەوە واز لەم بابەتە دێنم.

## دەنگ و سەدای ئاشتبوونەوە لە کوردستاندا

پاش ئەوەی کە ملیۆنەها کورد نەیانتوانی تەوقە بە جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی بکەن. دوای ئەوەی کە خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردستان گەروویان دڕا و بە قسە و بە کردار داوایان لەم دووانە کرد ئاشت ببنەوە. ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری کورد نەما کە بەیاننامە لە دوای بەیاننامە دەرنەکەن و نارەزایی خۆشیان لە هەمبەر شەڕی کوردکوژی دەرنەبڕن. لە دوای ئەم هەموو داواکاری و پاڕانەوە و خۆ بە قوربان کردنە، لەسەر شاشەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە جیهانییەکان، چاومان بە هەردوو ئاغای شەڕ کەوت کەوا چۆن شتان بۆ یەکتر پینە دەکەن.



بینیشمان کە تەنیا ئیشارەتێکی مادلین ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەس بوو بۆ ئەوەی مامە و کاکە، بەنادڵیش بێ، تەوقە لەگەڵ یەکدی بکەن.

جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بە هەر تەقەوەستان و پێکهاتنێکی نێوان ئەم دوو عەزیای شەڕە دڵیان دەکرێتەوە. ئەمە شتێکە گومانی لێ ناکرێت و هەر کەسێکیش دەیزانێت. لێ.. بەڵێ ناسۆرەکانی ئەم شەڕە لەعنەتییە ئەوەندە بە ئاسانی سارێژ نابنەوە. چوار ساڵ لە یەکتر کوشتن و ڕک و کینەیەکی دەیان ساڵ درێژ، ساردبوونەوەیان کاتێکی باشی گەرەکە.

سەرەڕای تەوقەکردنی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانیش، ڕەوشی کوردستان هێشتا بەم جوارەی خوارەوە بوو"تا ئەو کاتەی من لەوێ بووم": کۆبوونەوەی هەردوو لا لە سەلاحەدین و هەولێر، سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بۆ هەولێر"نانخواردنیان بەیەکەوە لە قەسری نازە کە بە قسەی برایەکی کەرکووکیی ئاگادار لە مەسەلەکە، نانخواردنەکە 8000 دیناری تێچووە. دەبێ ئەوەش بڵێین تەنیا چوونە ژوورەوەی چێشتخانە و قەسری نازە 75 دیناری دەوێت"، گەشتکردن لە نێوان ناوچەکانی هەردوو لادا ئاسانتر بووە"هەر دەبێ کاخەز یا مۆڵەتی ئاسایشت پێ بێ"، شەڕی ڕاگەیاندن ڕاگیراوە"ئێستا هەر بەڕێز بەڕێز لە ئارادایە"، بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە چەکدارانی هەردوو لا نادرێت ئەملا و ئەولا بکەن، لەنێو خەڵک زۆر باسی ئەوە دەکرا کە ئەم جارەش پ.ک.ک بە یەکێتی و پارتی بە لێدان دەدەن، جار بە جار وردە شەڕ لە نێوان یەکێتی و پارتی دەقەوما، ئاوارەبووان و دەرکراوانی هەردوو لا هێشتا نەیاندەوێرا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان، لایەنگرانی یەکێتی لە هەولێر"هەڵبەت بۆ سلێمانیش ڕاست دەردەچێت" نەیاندەوێرا بە ئاشکرا ڕای خۆیان لەناو خەڵکدا دەربڕن،...هتد.

## مەسعوود بارزانی دێتەوە کوردستان

مەسعوود بارزانی لە پاش گەشتە زۆر سەرکەوتووانەکەی بۆ ئەورووپا و ئەمریکا(10) هاتەوە کوردستان. شێوەی پێشوازیکردنی مەسعوود بارزانی هەر لە شێوەی پێشوازیکردنی سەرۆکی دەوڵەتێک دەچوو. لە سەرەتادا سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی "هەرێم"ی کوردستان ـ هەولێر، د. ڕۆژ نووری شاوەیس، پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لە مەسعوود بارزانی کرد. لە پاشان هەردووکیان بەیەکەوە وەستان تا سروودی تایبەت بە پارتییان بۆ لێ بدرێت"نەک سروودی نیشتمانیی کوردستان ـ ئەی ڕەقیب". مافوورێکی درێژی سوور لەسەر زەوی ڕاخراوە. لە تەنیشت مافوورەکەش کۆمەڵێک چەکدار، لە شێوەی پاسەوانی شەرەف، بە جلک و بەرگی سەربازیی ڕەنگ

سوور و ڕەشەوە لە ئامادەباشییەکی تەواو دان. مەسعوود بارزانی و ڕۆژ نووری شاوەیس بەسەر مافوورە سوورەکەدا هەنگاو دەنێن. مەسعوود بارزانی لەبەردەم ئالآی زەردی پارتیدا"نەک ئالآی کوردستان" سەر دادەنوێنێ. وێڕای سلآوی سەربازیی کۆمەڵی چەکداران، مەسعوود بارزانی لە لایەن گەورە لێپرسراوانەوە تەوقەی لەگەڵ دەکرێت. هەر لە مەسیف و هەولێرەوە هەتا دهۆک و زاخۆ، هەروەک سەردەمی بەعس، لە قوتابخانە و دایەرە ڕەسمییەکان خەڵکیان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی بەخێرهاتنەوەی سەرۆک مەسعوود بارزانی بکەن. کۆمەڵە خەڵکێکی وابەستە بە پارتی و سەرۆک مەسعوود بارزانی لەپێشەوە دانراون تا هاوار بکەن: بۆیە پێت دەڵێن کاکە چونکە ڕابردووت پاکە(؟!). ئۆتۆمۆبیلی لاندکرۆزەری سپی و نوێ نوێ لەدوو یەکتر ڕیزیان بەستووە. لە هەولێر بەمانە دەڵێن"چێرەبەکەر=مانگا کە بە کەڵ دێ". خەڵکیش لەمبەر و لەوبەری شەقام وەستێنراون تا سلآو لە سەرۆکی هێژا بکەن. نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی هەولێریش ئامادەن. هەندێکیان بۆ تەلەفزیۆن دەدوێن. یەکەمین قسەی مەسعوود بارزانی بۆ تەلەفزیۆن بەم جۆرە بوو: "هەڵبەت دوای ماوەیەکی زۆر لێرە نەبوون، گەڕانەوە بۆ کوردستان شتێکی زۆر خۆشە. من گەشبینم، دوارۆژێکی گەش چاوەڕوانی گەلی کورد دەکات". لە تەلەفزیۆنەکانیش "سروودی بارزانی" لێ دەدرێ. هۆنراوەی ئەم سرووده لە لایەن "هاوتا ئەسعەد"ەوە هۆنراوەتەوە. گوتنیشی هەر هاوتا ئەسعەد و کچێکە بە ناوی "هۆزان".

یەک دوو ڕۆژ دواتر مەسعوود بارزانی دێتە هەولێر"پەرلەمان". "جەوهەر نامیق"ی سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت: "با بەڕێزیان بفەرموون". ئەندامانی پەرلەمانی دانیشتوون. مەسعوود بارزانی لە قسەکانی خۆیدا جەخت لەسەر ئاشتی دەکات. هەروەها دەڵێت: "دەبوایە ئێمە لە کوردستان لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەوتایەین، ئینجا بەرەو ئەمریکا و دەرەوە بچووبایەین". لە هەمان کاتدا باسی ڕۆڵی ئەمریکا دەکات و لە بیریشی ناچێت پارتی کرێکارانی کوردستان بە حیزبێکی تیرۆریست ناوزەد بکات.

خەڵکیش، ئەوانەی کە دڵیان خۆشە، بە ئاشکرا دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن. خەڵکێکی بە ڕاددە زۆریش لەسەر بێدەنگیی خۆیان بەردەوامن و قسان ناکەن. دەکرێ بڵێین زۆربەی هەرەزۆری خەڵکەکە لە چاوەڕوانی دان و بیریش لە هەنگاوی داهاتوو دەکەنەوە.

## سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پارتی

کۆمەڵناس و نووسەری بەناوبانگی تورک، هەروەها دۆستی گەورەی کورد د. ئیسماعیل بێشکچی، لە یەکێ لە وتەکانی خۆیدا، ڕاگەیاندن و مەدیای تورک بە لقێک لە دەزگای ئیستیخباراتی تورک"میت" دەزانێت. لای ناوبراو ڕۆژنامە و ڕادیۆ و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی تورک، گوێ و چاوی سوپای تورکن. هەر شتێک سوپای تورک بیەوێت، ئەوان بە تێروتەسەلی دەینووسن و بڵاوی دەکەنەوە. بە کورتییەکەی ئەوان بەکرێگیراو و ئەڵقەلەگوێی تاقمی سەربازیی تورکن.

ئەمە سەبارەت بە مەدیا و ڕاگەیاندنی تورک. خراپ نابێ گەر لێرەدا کەمێک لەبارەی ڕاگەیاندنی پارتیش بدوێین. بەر لە هەر شتێک دەمەوێ بڵێم: وێڕای زۆریی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بە تایبەت ئەوانەی سەر بە پارتین، مرۆڤ هەست بە جۆرە نامۆبوونێک دەکات. مرۆڤ وا هەست دەکات کە ئەم دەزگایانە، وەک ئەوەی هی کورد نەبن وان. تەلەفزیۆن و دەزگای گوڵان زیاتر شێوەی پڕوپاگەندە لە خۆیان دەگرن. بە قسەی خەڵک تەلەفزیۆنی گوڵان هی "نێچیرڤان بارزانی"یە و ئەو لە پشت پەردەوە بەڕێوەی دەبات. هەرچی "Ktv"یە سەر بە "فەرەنسۆ هەریری"ی پارێزگاری هەولێرە. من ئەمانەم لە خەڵک بیستووە. "هەرێم"ی کوردستانیش خاوەن تەلەفزیۆنی خۆیەتی.

زمانی ڕاگەیاندنی پارتی، جێگای داخە دوای پەنجا ساڵ لە دروستبوونی ئەم حیزبە، زمانێکی کاڵ و کرچە. وشەی عارەبی زۆر بەکاردەهێنرێت. خۆیان لە هەندێ بوار دەبوێرن. لە هەواڵەکانیان دەڵێن: "بەپێی ڕۆژنامەی - حورییەت - ی تورکی". وەک لە سەرەوە بینیمان مامۆستا بێشکچی چ بە ڕاگەیاندنی تورک دەڵێت، کەچی دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتیی کوردستان، وەک سەرچاوە، پشت بە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکانی تورک دەبەستێت. تۆ بڵێی کارمەندانی دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی نەزانن کە قسە و هەواڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی تورک، زۆربەی هەرەزۆریان درۆ و دەلەسەی پڕوپووچن.

لەمانەش گەڕێ. هەر کە سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی پارتی و هەندێ لە حیزبەکانی دیکەی ناو باخەڵی پارتی دەکەیت، بە خۆشت نازانی تەماشای کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی تورکی - عارەبی - فارسی دەکەیت یان کوردی. ڕۆژ تا ئێوارێ لەم تەلەفزیۆنانەدا گۆرانی تورکی"بە پلەی یەکەم" و عارەبی"بە پلەی دووەم" و فارسی"بە پلەی سێیەم" لێ دەدرێت. تەنانەت مێشکی خەڵکەکەشیان بەم جۆرە گۆرانییە بەرباد و خراپانە ئاو داوە. شۆخەکیژ و کوڕەلاوی کوردیان فێرکردووە داوای گۆرانی بێگانە بکەن. لە کوردستانی ئازاددا ڕۆژ ڕۆژی سەحەر و ئیبراهیم و نەجوا

کەرەم و سەمیرە سەعید و کوچەک ئەمرە و ساهیر کازم و... گۆرانیبێژەکانی دیکەی تورک و عارەب و فارسن. ئەگەر چوویتەوە هەولێر، لە بیرت نەچێ سەرێک لە تۆمارخانەکانی هەولێر و باخی گڵکەند و شەربەتفرۆشەکانی شار بدە، تاکو ڕاستی قسەکانی منت بۆ دەرکەوێت. هەڵبەت سەیرکردنێکی تەلەفزیۆنەکانیش کارەکەت سووکتر دەکات. نابێ ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییە جیهانییەکانیشمان لە بیر بچێت، کە بە باش و خراپ، کار لە بیرکردنەوە و مێشکی بینەران دەکەن. لە کوردستانیش ئامێری پەڕەبۆڵ بە ئاسانی دەست دەکەوێت و ئێستا زۆر کەس، بە هەر هۆیەکەوە بێ، خەریکی کڕینی پەڕەبۆڵە. لە هەولێر بەم ئامێرە دەڵێن "سەحن". دیارە زیاتر مەبەستیان لە سینییەکەیە.

پارتی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگا ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکانی خۆیدا، تورک ئاسا، ئامانجی یەکەمی دژایەتیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو"بە تایبەت ئەو ماوەیەی من لە کوردستان بووم". تەماشاکردنێکی خێرای تەلەفزیۆنەکانی پارتی بەسە بۆ باوەڕکردن بەم قسەیەم. لە تەلەفزیۆنی گوڵاندا ئەم جۆرە زاراوانە بەکاردەهێنران: تیرۆریستەکانی پ.ک.ک، تیرۆریستی مەزن"دیارە مەبەست لە عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پ.ک.ک یە"، کارە تیرۆریستییەکانی پ.ک.ک، بازرگانیکردن بە حەشیشە و هیرۆیین لە لایەن پ.ک.ک ەوە،...هتد. ئێمە هەموومان دەزانین کێن ئەوانەی کە ئەم جۆرە زاراوانە بەکاردێنن. دەشزانین پارتی لە کێ فێریان بووە.

هەر لە تەلەفزیۆنەکانی پارتیدا چاوپێکەوتن، بۆ نموونە، لەگەڵ کابرایەکی وەک سەلاح بەدرەدین دەکرێت. ناوبراو کە خەڵکی کوردستانی بندەستی سوریایە، هەر لەمێژە سەنگ و ڕەنگ و دەنگی لەو بەشەی کوردستاندا نەماوە. لێ.. بەڵێ ئامادەیی ئەوەی تێدایە بە کوردی و بە عارەبیش زیاتر لە نیو سەعات بە شان و باڵی پارتیدا هەڵبڵێت و بێگومان لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستانیش قسەی ناشیرین و نابەجێ بکات. بەرنامەی "گەشتێک بەناو گوندە لاتەریکەکاندا" شتێکی دیکەیە بۆ پیسکردنی ناوی پ.ک.ک. من خۆم قەت قەت دڵنیا نیم لەو وێنە و شتانەی کە نیشان دەدران، هەر هەموویان ڕاست بن. ڕێی تێدەچێ بڕێکیان لە ڕاستییەوە نزیک بن، بەڵام ماڵم قەبرە هەندێکیان فڕیان بە ڕاستییەوە نەبوو. مەسەلەکە زیاتر پڕوپاگەندەکردن بوو هیچی دیکە نا!

دەکرێ بپرسین پەیکەری نووسەری گەورە و شەهیدی نەمری کورد مووسا عەنتەر، چ پەیوەندییەکی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەبوو، تا لە مانگی

ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا"1998" لەبنەوە هەڵیتەکێنن و لە سووچێکی حەوشەی هۆڵی میدیادا هەڵیپەسێرن؟! خۆ ئاپێ مووسا شەهیدی هەموو کوردستان بوو نەک هی پارچە و لایەن و ڕێکخراوێکی تایبەتی کوردستان؟! ئایا ڕەوایە بۆ پارتییەکی تەمەن پەنجا ساڵە کە چاوی بەرایی نەدات پەیکەری شەهیدێ ببینێت؟! داخوا دەبێ نەتەوەی کورد چاوەڕوانی چ لە پارتییەکی وەها بکات؟! تۆ بڵێی بڕیاری هێشتنەوەی پەیکەری شەهیدێکیشیان لە دەستدا نەمابێ؟!



پارتی لە گۆڤاری "گولان العربی"دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کوردۆ و لوتفی باکسیدا کردووە. کوردۆ دەڵێت: "گومان لەوەدا نییە کە پ.ک.ک هەر لە ساڵی 1984ەوە تا ئێستا زەرەری گەورە گەورەی لە کورد داوە"(11). هەر لە شوێنێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەدا دەڵێت: "ئەگەر گیروگرفتی پ.ک.ک کۆتایی پێ نەیەت، ئەوا چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد لە ئەوروپا و کوردستانیش لە تواناندا نابێت"(12).

هەر لە هەمان ژمارەی گۆڤاری ئاماژەبۆکراودا ناڵین باکسی کە خوشکی کوردۆ باکسییە و هەردووکیشیان منداڵی لوتفی باکسین، بە یەکێ لە بەناوبانگترین ئەو یازدە ژنانەی جیهان دانراوە و، لە شوێنێکیشدا وێنە و ناوی ژنەکان بەر چاو دەکەون کە ئەمانە هەندێکیانن: شازادە ڤیکتۆریای سوێد، وینی ماندێلا، شازادە دایانای کۆچکردوو، ئاسترید لیندگرێنی نووسەری منداڵانی بەناوبانگی سوێدی و جیهان. گودروون شیمانی سەرۆکی پارتی چەپی سوێدی(13). نازانم گۆڤاری "گولان العربی" لە چ سەرچاوەیەک ئەم شتەی هێناوەتەوە، چونکە ناوی سەرچاوەکە نەنووسراوە. خۆزگە ناڵین باکسی وەک ئەو ژنانەی کە ناویان هاتووە دیار و بەرچاو و بەناوبانگ بوایە و، بە چ شێوەیەکیش سڵی لە خزمەتکردنی گەلەکەی نەکردایەتەوە.

تەلەفزیۆنەکانی هەولێر، بە تایبەتیش ئەوانەی سەر بە پارتین، هەر شتێک لە "Med-tv"ەوە وەربگرن، لەبەر چاوی خەڵک هێماکەی تەلەفزیۆنی ناوبراو ڕەش دەکەنەوە. ئەوان زیاتر گۆرانییەکان وەردەگرن، چونکە بە بڕوای خۆیان پێویستیان بە بەرنامە جیا جیاکانی تر نییە. لە کاتێکدا کە ڕۆژ تا ئێوارە گۆرانی و فلیمی عارەبی لە کەناڵە عارەبی و تورکی و تەنانەت جیهانییەکانیش دەگوێزنەوە، لە زۆر باریشدا هێماکانی ئەو کەناڵانە ڕەش ناکەنەوە. دیارە ئەم یاسایەیان"هێما نەنووسین" تەنیا و تەنیا تاکە تەلەفزیۆنی ساتیلایتی کوردان "Med-tv" دەگرێتەوە. جاری وا بووە تەلەفزیۆنێکی غەیرەپارتی شتێکی لەمەڕ پ.ک.ک بڵاوکردۆتەوە، هەر لەسەر ئەمە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کاری پەخشی ئەو تەلەفزیۆنەیان وەستاندووە.

لەم دواییانەدا، لە ئەورووپا وەک تاقیکردنەوە تەلەفزیۆنی ساتیلایتی Ktv بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بڵاو دەبێتەوە. وەک کوردێک هەڵوێستی من وەهایە: هەر تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگایەکی کوردی، ئەگەر لە پێناوی خزمەتکردن بە گەل و نەتەوە و نیشتمان دەست بەکار بن، ئەوا لە کانگای دڵمەوە گەرمترین پیرۆزباییان لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتنیشیان بۆ دەخوازم. بە پێچەوانەی ئەمەش ئەنجامەکەی هەر لەناوچوون و ڕیسوابوون دەبێت.

## سەبارەت بە Med-tv

گومان لەوەدا نییە هەر کەسێک لە کوردستان کە خاوەنی پەڕەبۆڵ بێت سەیری Med-tv دەکات. وەک پێشتریش باسم کرد خەڵک بە ئاسانی دەتوانن پەڕەبۆڵ بە دەست بخەن. نرخی پەرەبۆڵ دەوروبەری 1000-2000 دیناری عێراقی دەبێت. زۆر لە لێپرسراوانی خودی پارتی سەیری Med-tv دەکەن. ئەوانیش دەیانەوێ بزانن ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنە کوردییە چ دەڵێت و چ ناڵێت. ئەوەش هەر باشە! من خۆم لە ماڵێکی سەر بە پارتی بۆم لواوە یەک دوو جار تەماشای Med-tv بکەم. دەر و دراوسێی ماڵەکەش دەهاتن تا سەیری کەناڵی Med-tv بکەن. ئەو ماڵە کوڕێکیان پاسەوانی تایبەتی لێپرسراوێکی گەورەی پارتییە. برادەرێکی خۆشەویستم هەیە هەموو جارێ دەڵێت: "من دڵخۆشم بەوەی ئەگەر ژن و منداڵی لێپرسراوێکی پارتیش سەیری Med-tv بکەن، چونکە ئەمە بەسە بۆ وشیارکردنەوەی تەواوی خێزانەکە".

ئەوەی شایانی باسە تەنیا دوو مانگ بەر لە چوونەوەم، بە قسەی خەڵکی هەولێر خۆیان، لە هەندێ گەڕەکی شاردا ئاسایش بە ماڵان کەتبوون تا بزانن خەڵک لە کەناڵی Med–tv دەنێڕن یان نا. تۆ بڵێی زەرەری Med–tv لە هی کەناڵە تورکییەکان زیاتر بێ؟!

لە خوارووی کوردستان بینەرانی Med–tv جۆراوجۆرن. بەشی هەرەگەورەی بینەران تەماشای ئەو بەرنامانە دەکەن کە بە کرمانجی خواروون و لە هەمان کاتیشدا سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی کوردستانن. بەشێکی دیکەی بینەران حەزیان لە ئاواز و گۆرانی و ئەو بەرنامانەیە کە شێوەی ئاهەنگ و مۆسیقایان بەخۆوە گرتووە. بێگومان خەڵکیش هەن گازاندە و گلەیی لە Med–tv دەکەن، چونکە زۆر جاری وا دەبێت پڕۆگرامەکانیان بە زمانی تورکییە کە هیچی لێ تێناگەن"بە تایبەتی بەرنامە سیاسییەکان". ئەوەی لێرەدا گرنگە دۆست و دوژمن بەیەکەوە تەماشای Med–tv دەکەن. لەوەش گرنگتر سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و کۆسپێک خەڵکی کوردستان شەیدای "Med–tv"ن و بە تەلەفزیۆنی خۆیانی دەزانن.

### یەک دوو قسە لەسەر تورکمانەکان

لێرەدا دەمەوێ چەند شتێک باس بکەم کە پەیوەندییان بە تورکمانەکانی هەولێرەوە هەیە. بە قسەی دانیشتوانی هەولێر تورکمانەکان لووتیان تا بڵێی بە ئاسماندا چووبوو و سڵاویان لە کەس نەدەکرد و بەرپێی خۆیانیشیان نەدەبینی. لە هەر گەڕەک و کۆڵانێکدا بنکە و بارەگایان دانابوو. ژمارەی بارەگانیان گەیشتبووە 77. خەڵک لێیان دەهری بووبوون. شەوێک بە ئاسایش و خەڵکی هەولێر لە تورکمانەکان بەربوون و زۆربەی بارەگاکانیان پێ داخستن. هەر بە قسەی خەڵک لە هەمان شەودا پارتی لە لێپرسراوانی تورکمانەکان دەگەڕان تا ئاشتیان بکەنەوە. دەڵێن، لە تەلەفزیۆن، فەرەنسۆ هەریری لە قاڵدرمەکەی بەردەم پارێزگاش هاتە خوارەوە، تا لێپرسراوە تورکمانەکان بەرێ بکات. بەرپرسێکی تورکمانەکان ناوی "ئایدن"ە و کاتی خۆی لە دایەرەی کارەبای هەولێر ئیشی دەکرد. یەکێکی تریان ناوی "مامۆستا فوئاد"ە و لە "خانەی مامۆستایانی کوڕان" مامۆستای خۆم بوو. ئەوکات مامۆستایەکی سمێڵ زەرد و سەنگین بوو.

پارتی لەژێر فشاری تورکیا زەرەر و زیانی بۆ تورکمانەکان ژمارد. بارەگاکانیان کرانەوە، بەڵام هەر بە قسەی خەڵک تەنیا 7 بارەگایان هەیە"بۆ من

جێگای پرسیارە و دواتر دێمە سەری". چەکدارەکانیان بەبێ چەک بۆیان هەیە لەنێو بازاڕدا بسووڕێنەوە. ئەو کاتەی لە هەولێر بووم دوو بۆمبا لە بارەگایەکیاندا تەقیەوە"بارەگاکەی بەرامبەر قەسری شیمال/سەر ڕێگای ئیسکان". من خۆم دیوارە ڕووخاوەکەی سەر جاددەم بینی کە چاکیان دەکردەوە. گوایە تورکمانی"ڕەفیق حیزبی"ی سەر بە بەعس لە کەرکووکەوە دێن و ئەو کارانە ئەنجام دەدەن. کێ دەڵێ ئەمە ڕاستە؟!

خەڵکی هەولێر زۆر دڵیان بە لێدانی تورکمانەکان خۆش بوو. ئەوان دەڵێن هەر نا بۆ جارێکیش بێ تەمێ کران. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت هێزی ئاشتیی ساختە بنکە لە هەولێر کە بارەگایەکی تا بڵێی زلیان هەیە، بە ڕاددەیەکی زۆر تورکمانەکانی تێدایە و لەسەر بارەگاکەشیان بە خەتی درشت نووسراوە: P.M.F، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم کورتکراوەی "Peace Maker Forces"ە، کە بە مانای"هێزەکانی دروستکەری ئاشتی" دێت"ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی".

سامی عەبدولڕەحمان لە دانیشتنێکدا لە "Kista Träff"ی ستۆکهۆڵم، لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ"1998"، سەبارەت بە ڕووداوەکەی لەمەڕ تورکمانەکان گوتی: ئەمە "نقمة الجماهير"ە(14).

سەرەڕای ئەمانە هەمووشیان با بڵێین تورکمانەکان تەنیا 7 بارەگایان لە هەولێر ماوە، ئەی چ لەو هەموو دام و دەزگا و قوتابخانە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و کۆلێژی ئیشقی نموونەیی و نیلۆفەر و باخچەی ساوایان و... هتد، بکەین. لە تەلەفزیۆنەکانی خۆیاندا بە تورکی و کوردی و عارەبی ڕۆژانە پروپاگەندە بۆ تورکیا و زمانی تورکی دەکەن. دەڵێن: "بۆ ئەوەی لە پێشهاتەکانی سەردەم ئاگادار بیت، بۆ ئەوەی فێری زمانێکی هاوچەرخ بیت، تەنیا و تەنیا خۆت لە بەشی زمانی تورکی/پەیمانگەی ناوەندیی مامۆستایان ناونووس بکە". ئەمە تەنیا وەک نموونە یەکێک لە پڕوپاگەندە و ڕێکلامەکانیانە. لە باخچەی ساوایان منداڵی کوردیش فێری زمانی تورکی دەکەن. جێگای داخە کەسانێکی کورد هەن بە دەست ماچکردن منداڵەکانیان لەو شوێنانە وەردەگیرێن. قوتابخانەکانیان بە قسەی خەڵک لە 20 دانەشی تێپەڕ کردووە.

بە بڕوای من ئەمانە هەموویان زەنگی خەتەرن بۆ سەر کولتوور و داب و نەریت و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و کوردستان. لەسەر هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر و خەمخۆریش پێویستە بە هەندیان هەڵبگرێت و لە مەترسی و

خەتەرناکییان تێبگات. تورکیا بەهۆی چەند تاقمێکی خۆفرۆش و کوردستانفرۆشەوە، ئەوەی نەتوانێت بە جەنگ بیکات، دەیەوێ بە شێنەیی و لەسەرخۆ ئەنجامی بدات.

## هەندێ سەرنج لە بارەی پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵان

هەمووومان دەزانین یەکێک لە قوربانییە هەرەبەرچاوەکانی شەڕ و پشێویی ناوخۆیی منداڵانن. ئاکام و کارەساتەکانی شەڕ بە گەلێ شێوە کار لە باری ژیان و پەروەردە و فێرکردنی منداڵان دەکەن. شەڕ منداڵان بێ باوک و بێ دایک و بێ ناز دەکات و ئەوان لە سادەترین مافەکانی خۆیان بێ بەش دەکات.

لە خوارووی کوردستان، لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و لایەنە جوداکاندا، منداڵان تووشی زۆر کارەسات و گیروگرفت هاتوون. ئەوەی کە زیاتر لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم خاڵێکە پەیوەندی بە سیستەمی خوێندن و کتێبی قوتابخانەکانەوە هەیە. قوتابیانی کورد لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستاندا هێشتا لەسەر هەمان شێوە و دەستووری پەروەردە و فێرکردنی سەردەمی بەعس بەردەوامن. کەرەسە و کتێبی قوتابخانەکان هەر هی ئەو کاتانەن کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە چاپ کراون. لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکاندا هێشتا وێنەی "هاوڕێی تێکۆشەر و سەرۆکی فەرماندە سەددام حوسێن خوا بیپارێزێت" دەبینرێت. لە هەمان کاتدا ئاڵا و نەخشەی عێراق و نیشتمانی عارەبیش هەن. ناوەڕۆکی وانەکانی منداڵانی کورد بە عێراق دەبەستنەوە. ئەوان دەکەن بە عێراقی نەک کوردستانی و دانیشتووانی کوردستان. فێریان دەکەن عێراقیان خۆش بوێت نەک کوردستان.

لەبەر کەمیی کتێب، جاری وایە بە سێ قوتابی کتێبێکیان هەیە و بە نۆرە دەیخوێننەوە. لێ لە هەمان کاتدا کتێبی قوتابخانەکان، هەر بۆ نموونە لەسەر شۆستەی شەقامەکەی لای قەڵای هەولێر دەفرۆشرێنەوە. دەکرێ بپرسین: ئەو کتێبانەی کە دەفرۆشرێنەوە لە کوێ هاتوون و لە کوێ چاپ کراون؟ ئاشکراشە کە پارەی ڕۆژانەی شەڕێکی نێوان هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بە هەزارەها کتێبی پێ چاپ دەکرا.

زۆر گوندی کوردستان هەن کە هێشتا بێ قوتابخانەن یان بێ مامۆستان. لە هەندێ باریشدا مامۆستایان هەیە، بەڵام مامۆستاکان ناچنە سەر کار. ئەمە چۆن دەبێت؟ بۆ نموونە: مامۆستایەک کە تازە خۆی نەقڵی قوتابخانەی "قووچەبڵباس"ی دەوری هەولێر کردبوو، کە لێم پرسی: تۆ لە شاریت بۆچی دەتەوێ لە دێیەک کار

بکەیت؟ بێ پێچ و پەنا گوتی: "هەر کاتێ بمەوێ دەوام ناکەم!" ئەمە لە کاتێکدا قوتابیانی گوندی "گۆسکە"ش بە پێیان یەک سەعات ڕێ دەبڕن، هەر بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکەی قووچەبڵباس شتێک فێربن. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم کە هەندێک مامۆستا هەن تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر سەددام بە سەرۆک و عێراق بە نیشتمانی خۆیان دەزانن. بە هەردوو گوێچکەکانی خۆم لەم جۆرە مامۆستایانە قسەی لەم بابەتەم بیستووە. دەبێ ئەو مامۆستایانە چ فێری قوتابیان و منداڵانی کورد بکەن؟! بەڕێوەبەری واش هەن بەرمیلەنەوتی تەرخانکراو بۆ قوتابخانەکان گل دەدەنەوە و لە بازاڕ دەیفرۆشنەوە.

لەم باسەدا، وەک نموونە، یەکێ لە کتێبەکانی قۆناغی سەرەتایی دێنینەوە، کە لە لایەن "وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عێراق"یشەوە چاپ کراوە. ناوی کتێبەکە: کتێبی زمانی عارەبی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، تایبەت بەو قوتابخانانەی کە خوێندنی کوردی دەیانگرێتەوە لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەولێر 1997 زایینی - 1418 کۆچی.

گوایە کتێبەکە دەستی تێوەردراوە و هەندێ گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوشی قوتابیانی کورد لە "هەرێمی کوردستان" بگونجێت. من تەنیا دەست بۆ چەند شوێنێکی کتێبەکە درێژ دەکەم و بە نموونە بۆ خوێنەران باسیان دەکەم(15).

لە لاپەڕە (15)دا وانەیەک بە ناوی "زاخۆ" هەیە. ڕستەی یەکەمی وانەکە وەها دەست پێ دەکات: "زاخو مدینة جمیلة من مدن عراقنا العزیز". واتە: "زاخۆ یەک لە شارە جوانەکانی عێراقی خۆشەویستمانە". لە لاپەڕە 35-36دا وانەیەک بە ناوی "لە نێوان دارخورما و دارگوێزدا" هەیە. دوای ئەوەی دارگوێز دەڵێت خەڵکی "هەرێم"ی کوردستانە، دارخورما لێی دێتە وەرام و پێی دەڵێت: "نحن من وطن واحد هو العراق الحبیب، أنت من شماله، و أنا من جنوبه". واتە: "ئێمە خەڵکی یەک نیشتمانین کە عێراقی خۆشەویستە، تۆ لە باکووری و منیش لە باشووری". لە لاپەڕە 55-56دا لە وانەیەکی تایبەت بە شاعیرەکانمان باسی "بێکەس"ی شاعیر کراوە و بە شاعیرێکی کوردیی نیشتمانی ناو براوە. لە لاپەڕە 56ی هەمان وانە سەبارەت بە بێکەس وتراوە: "أحب وطنه العراق و شعب العراق". واتە: "ئەو عێراقی نیشتمانی خۆی و گەلی عێراقی خۆش دەویست". دیسان لە لاپەڕە 64 لە وانەی "جەژنی نەورۆز"دا هاتووە: "یستقبل العراقیون عید نوروز، بفرح و سرور. و تبدأ إحتفالات نوروز، فی عراقنا العزیز، فی الحادی و العشرین من آذار کل عام". واتە: "عێراقییەکان، بە شادی و خۆشییەوە، پێشوازی لە جەژنی نەورۆز دەکەن. ئاهەنگەکانی نەورۆز، لە عێراقی

خۆشەویستماندا، هەموو ساڵێک لە بیست و یەکی ئاداردا دەست پێ دەکەن". ئەو نەورۆزەی کە لە لایەن خودی ڕژێمە بەعسەوە کرا بە "جەژنی دار و درەخت".

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەک بوون لە تاکە کتێبێکی قوتابخانەکان کە مێشکی منداڵانی کوردیان پێ ئاو دەدرێ. بێگومان لە کتێبەکانی دیکەشدا زۆر نموونەی وا بەر چاو دەکەون. هیوادارم خەڵکی پسپۆڕ و مامۆستا و کەسانی لێهاتووی ئەم بوارە بە دەنگ بێن و سنوورێک بۆ ئەو وانە بێمانایانە دابنێن کە منداڵانی کوردیان پێ دەعارەبێندرێ.

## کوردستان و دەنگدانەوەی چوونی عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ ڕۆما

من لە هەولێر هەواڵی چوونی سەرۆکی پ.ک.ک عەبدوڵلا ئۆجەلانم بۆ ڕۆما بیست. بۆ جاری یەکەم لە دەنگوباسی ڕادیۆی BBC/بەشی عارەبی هەواڵەکەم بەر گوێ کەوت. دەنگوباسی چوونی ئۆجەلان بۆ ڕۆما لەناو خەڵکدا دەنگی دایەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی زۆر کەم خۆیان لە قەرەی هەواڵەکە دەدا، بگرە لە یەکێ لە دەنگوباسەکانیاندا تەنیا باسی چوونی "تیرۆریستی مەزن" ئۆجەلانیان بۆ ڕۆما کرد. لە هەمان کاتیشدا هەر بیر و بۆچوون و قسەکانی تورکیایان دووپات دەکردەوە. زۆربەی هەرەزۆری ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان، لە بەیاننامە و ڕاگەیاندنەکانیاندا، کەم تا زۆر پشتگیریی خۆیان بۆ عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕاگەیاند.



داود باغستانی کە لە پارتی و مەسعوود بارزانیش نزیکە، لەوانەیە تاکە کەس بووبێ، کە هەر لە سەرەتادا دەستی بە مانگرتن لە نانخواردن کردبێ لە شاری هەولێر. باغستانی لە قسەکانی خۆیدا گوتی: "عەبدوڵلا ئۆجەلان هەر لە حەفتاکانەوە دۆستی منە و، ئەو ئێستا لە ڕۆمایە، بەڵام دەستبەسەر نییە. دوێنێ شەو بۆ ماوەی سێ دەقیقە قسەم لەگەڵ ئۆجەلان کرد. ئێمە هەموومان دەبێ پشتگیری لە ئۆجەلان بکەین. مەسەلەکە تەنیا بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بەند نییە، بەڵکو هەمووومان دەگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا پ.ک.ک دەبێ هێز و توانای تەواوی خۆی، بۆ گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەبات/باکووری کوردستان بگوێزێتەوە...هتد(16). پێش ئەوەی بگەڕێمەوە دەنگ هەبوو کە پارتی چاوی لە باغستانی سوور کردۆتەوە. ئەم

قسەیەم لە خوێنکارێکی تازە دەرچووی کۆلێژی یاسا و سیاسەت/زانکۆی سەلاحەدین بەر گوێ کەوت.

ڕادیۆکانی دەنگی ئازادی/حیزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق و نیشتمان/پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و هەندی ڕادیۆی دیکە هەواڵەکەیان بە بەردەوامی بڵاو دەکردەوە. ئەوان وەک پارتی و تورکمانەکان وشەی تیرۆریست و نازانم چی و چییان بەکار نەدەهێنا. تورکمانەکان دەیانگوت "ڕێکخراوی پەکەکەی تیرۆریست". لە هەمان کاتدا هیچ لایەنێکی کوردی لە هەولێر، وەک پێویست، بۆیان نەدەچووە سەر بە تەواوەتی باسی ڕووداوەکە بکەن و، بە ئارەزووی دڵی خۆشیان شتەکە لێک بدەنەوە. یەک جار گوێم لە دەنگوباسی ڕادیۆی یەکێتی بوو، کەچی باسی هەواڵەکە هەر نەکرا. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ جەلال تاڵەبانی لە تورکیا گوتبووی، نابێ بنکەکانی پ.ک.ک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بمێنێ.

خەڵک بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە ڕێک دەکەوتن کە ئیتالیا عەبدوڵلا ئۆجەلان تەسلیم بە تورکیا ناکاتەوە. هەندێکیش هەبوون دەیانگوت: "ئینشاڵلا شەت و پەتی دەکەن". لێ..بەڵێ زۆربەی خەڵکەکە سەریان لەو قارەمانی و نەبەردییانە سوڕمابوو کە بۆ کەسی ئۆجەلان ئەنجام دەدران. باسی ئەوە دەکرا لە هەندێ شوێنی کوردستان خۆپیشاندان و ناو کۆکردنەوە لە ئارادان بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە ئۆجەلان.

لە باکووری کوردستان باس هەر باسی ئۆجەلان و پ.ک.ک و ئیتالیا بوو. لە میوانخانەی "بێش قارداشلەر/سلۆپی" خەڵک بە ئاشکرا باسی مەسەلەکەیان دەکرد. تورک هار بووبوون. تەلەفزیۆنەکانیان بووبوونە هاندەر و چاوساغی گرووپە فاشیستەکان تاکو هێرش بۆ سەر بارەگاکانی "HADEP" ببەن، کە تاکە پارتی سەر بە کوردان و یاساییە لە تورکیادا. سەیتەرەکانی تورک، جەندرمە و پۆلیس، هەتا گەیشتینە دیلووک"غازی عەنتاب" لەوانەیە بیست جاریشیان ڕاگرتبین. لە چێشتخانەیەکی ناو شاری "بیرەجک"ی کوردستاندا، یەکێ لە کرێکارەکان بە ئاشکرا باسی ئۆجەلانی بۆ ئێمە دەکرد و، دەشیگوت یەکێ لەو کوردانەی کە لە ئەورووپا خۆی سووتاندووە خەڵکی گوندێکی ئەو ناوچەیەیە. لەناو شاری غازی عەنتاب وێنە و ئافیشەکانی سەرۆک وەزیرانی تورک مەسعوود یەڵماز"ئەو کات"، کە لە هەندێ شوێن هەڵواسرابوو، یان دڕێنرابوون یانیش بە بۆیەی سوور دەم و دانی خوێناوییان لێ زیاد کرابوو. لە میوانخانەکانی ئەم شارەش، بە تایبەتی لەسەر کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی تورک، هەر هەموویان، باس باسی ئۆجەلان و پ.ک.ک و تورکیا بوو.

تەنانەت لەناو فرۆکەخانەی غازی عەنتابیش، پاسەوانی بەر دەرگاکە کە خەڵکی "خەرپووت"ی سەر بە پارێزگای "ئەلعەزیز"ی کوردستان بوو، لەمەڕ عەبدوڵلا ئۆجەلان دەدوا. خەڵکانێکی دیکەش هەن کە گوێیان لە قسەکانی کاکی سەرباز بوو.

لەناو فرۆکەی نێوان غازی عەنتاب ـ ئەستەمبووڵ ـ ستۆکهۆلم لە کاتی خواردن دابەشکردندا، لەسەر سینییەکە، وێنەیەکی گچکەی ئەتاتورکیان بەسەر نەفەرەکاندا دەبەخشیەوە. لە وێنەکەدا ئەتاتورکی مامۆستا دەستی کچە قوتابییەکی گرتبوو. ئەمساڵ"1998" تورکیا 75 ساڵەی خۆی یاد دەکردەوە. "لەم بارەیەوە ڕۆژنامەنووسان دەڵێن لە ماوەی دامەزراندنی ئەو کۆمارەوە تاکو ئێستا جگە لە چەند گۆڕانێکی ئاسایی کە بەهۆی ڕۆژگار ڕوو دەدات، ئەگینا لەم بەشەی سەر ڕووی زەمینەدا هیچ داهێنانێکی سەرسوڕهێنەر و ئەفراندنێک پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە نەکراوە"(17).

جێگای خۆیەتی لێرەدا وەک دوا قسە وتەی ژەنەراڵێکی فاشیستی تورک بخەینە بەر چاو کە لە زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورک باس کراوە. ژەنەراڵەکە دەڵێت: "پێویستمان بە کۆکردنەوەی سەد هەزار سەرباز بوو لەسەر سنووری سوریا تا بتوانین عەبدوڵلا ئۆجەلان لەو وڵاتە دەرکەین. ئێستا بە دوو سەد هەزار سەربازیش ناتوانین عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ سوریا بگەڕێنینەوە"(18).

## لە جیاتی کۆتایی

پڕ بە دڵ حەزم دەکرد تەنیا شتی جوان و باش لەسەر کوردستان و ڕێکخراوەکان بە گشتی و پارتی بە تایبەتی بنووسم، بەڵام چ بکەم ڕاستییەکان بەو شێوەیە نین. با هیچ لایەن و کەسێک بەزەییان بەخۆدا نەیەتەوە. لە سەردەمی حوکمڕانێتی یەکێتی لە هەولێر، هەروەها پارتیش، نووسراو و وتارم لەسەر هەردوو لایان نووسیوە و خوێندۆتەوە(19).




هەتا هوتێلی "شیرین پالاس"ی هەولێر وەک لانەی میت و موخابەرات و سیخووڕان بمێنێتەوە، دەبێ تاوانی پێنووسەکەی من چی بێ کە جار جار

ناپاکان بداتە بەر نووکی تیژی خۆی؟! سەرانی کورد و ڕێکخراوە کوردییەکان تەنیا و تەنیا بە دڵسۆزییان بۆ کورد، دەتوانن دەمی من و ئەم و ئەو داخەن. ئەگەریش نا، من خۆم باوەڕ ناکەم و لە تواناشامدا نییە و نابێ بێدەنگی هەڵبژێرم.

من ئەگەر لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەکەم نەبێ، هەرگیزاو هەرگیز نە دەست بۆ پێنووس دەبەم و نە خۆشم لەناو ئازارەکانی گەل و نەتەوەکەمدا دەتوێنمەوە. هەر تاکێکی ئەم نەتەوە گەورە و گرانە ئەرکی سەر شانیەتی و دەشبێ وەک خزمەتکارێکی کوردیش ڕازی بێت. لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم هەندێ ڕووی ڕەشی ئەمڕۆی خوارووی کوردستانم هێنابێتە بەر باس، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە لەبن دەستی پارتی دان و بینیومن.

## تێبینی و پەراوێزەکان

(1) قسەیەکی تاڵەبانی لە تەلەفزیۆنی MBC.

(2) قسەی سەرۆ قادر لە دانیشتنێکدا لە هۆڵی "Akalla Träff"ی ستۆکهۆڵم لە 5-9-1998.

(3) بڕوانە لاپەڕەی دوایی لە کتێبی: بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندز، مەمدوح مزوری، هەولێر/کوردستان 1998.

(4) بەستی قەتەوی: شوێنێکی دەوروپشتی هەولێرە کە زبڵی لێ فڕێ دەدرێت.

(5) تا ئێستاش کاسێتەکەم لا ماوە.

(6) سەبارەت بە بریندارببوون یا بریندارکردنی لێپرسراوی سوپای دووی دەشتی هەولێر جەمال مورتکە باس لە زۆر هۆ دەکرا. ناکۆکی ناو خێزان و هەوڵی خۆ کوشتن و هێرشکردنە سەر و زۆری تریش. بە قسەی ئەوانەی کە سەردانیان کردووە، ئێستا ناوبراو دەست و قاچێکی مردووە. بە دەگمەنیش لە تەلەفزیۆن نیشان دەدرا. نێچیرڤان بارزانیش سەردانی ئەوی کرد.

(7) زۆر ناو هەن دەکرێ بیاننووسم، بەڵام لەوانەیە خاوەنی ناوەکان خۆیان ئەم کارەیان بە دڵ نەبێ.

(8) قسەیەکی ئەحمەد چەلەبیی سەرۆکی بەناو کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق، لە دانیشتنێکدا لە "Akalla Träff"ی ستۆکهۆڵم لە سەرەتای مانگی جەنیوەری 1998دا.

(9) بڕوانە: خاک و چەوسانەوە، ڕۆمان، عەزیزی مەلای ڕەش، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری/هەولێر - کوردستان 1998، ل 3.

(10) ئەمە قسەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنەکانی پارتییە.

(11) گولان العربی، العدد 29/تشرین الاول 1998، أربیل/کوردستان، ص 27.

(12) نفس المصدر، ص 28.

(13) نفس المصدر، ص 45.

(14) بە مانای تۆڵەسەندنەوەی جەماوەر دێت.

(15) بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: کتاب اللغة العربیة للصف الخامس الابتدائی فی المدارس المشمولة بالدراسة الکوردیة فی اقلیم کوردستان، اقلیم کوردستان العراق/وزارة التربیة، مطبعة وزارة التربیة/أربیل، 1997م - 1418هـ .

(16) چاوپێکەوتنی ڕادیۆی نیشتمان/پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ داود باغستانی.

(17) گولان، ژ 198، تشرینی یەکەمی 1998، هەولێر/کوردستان، وتاری: تورکیا لە تێڕوانینی چاودێرەکان، ئامادەکردنی: ئامانج لەتیف، ل 24.

(18) سوپاس بۆ ئەو برا کوردە باکوورییەی کە وتەکەی بۆ وەرگێڕامە سەر زمانی کوردی.

(19) هەر بۆ نموونە خوێندنەوەی بابەتێک لەژێر سەردێڕی "23 ڕۆژ لە وێرانەوڵاتێکدا" لەسەر ڕادیۆی "دەنگی کورد" لە ڕێکەوتی 27-1-1996 لە ستۆکهۆڵم. هەروەها بڕوانە: گۆڤاری هەڵەبجە، ژ 26، مای 1996. ڕۆژنامەی هەتاو، ژ 15 و 16، ئۆگستی 1997. ڕۆژنامەی هەتاو، ژ 20 و 21، فێبریوەری و مارتی 1988.

* سەردێری ئەم وتارە لە دەمی کچە کوردێکی هەولێرییەوە سەرچاوەی گرتووە. سەر قۆزی بن ئاڵۆز زیاتر بۆ شتێک، ڕەوشێک،...هتد، بەکار دەهێنرێت کە لە سەرەوە"ڕووکەش' ڕێکوپێک و جوان دیار بێ، بەڵام لەبنەوە یا لە ناوەوە"ناوەڕۆک" نادیار و ئاڵۆز بێ. ئەم بابەتە لە (کۆنتراکت، ژمارە 4، 1999، سوێد) بڵاو کراوەتەوە.

# كورديش پێ دەنێتە ساڵی 2000*

ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە کارەسات و شەڕ و نەهامەتی و برسێتی و نەداری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و زۆرداری و چەوسانەوە و کەڵەگاییکردنی زلهێزانی دنیا و زۆر کارەساتی گورچکبڕی تریش. لە سەدەی ئینتەرنێت و دیجیتاڵ و ساتیلایت و نازانم چی و چی دیکەش، هێشتا مرۆڤ دووچاری ڕاوەدوونان و زوڵم و کوشتن و بڕین و نەخۆشی و برسێتی و گەلێ دەرد و کەسەری بە ئازار و خەماوی دیکە دەبێتەوە. تا ئێستا بە دەیان کێشە و مەسەلەی جیا جیا ، کە چارەنووسی سەرجەم مرۆڤایەتی و جیهانیان پێوە بەندە، چەرەسەر نەکراون و هەر وا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ هەر لە سەدەی بیستەمدا زۆر لە گەلانی ئازادیخوازی دنیا بە ئازادیی خۆیان شاد بوون و دەوڵەتی نەتەوەییان بۆ خۆیان دامەزراند. هەندێ لەو دەوڵەتانە ژمارەی دانیشتوانیان بەیەکەوە لە ژمارەی دانیشتوانی شارێکی کوردستانیش تێپەڕ ناکەن(1). تیمووریەکانی ڕۆژهەڵات دوایین گەلی ئەم سەدەیە بوون کە لە ڕیفراندۆمێکدا داگیرکاریی ئەندۆنیسیایان ڕەت کردەوە و، دەنگیشیان بۆ وڵاتێکی ئازاد دا(2). زۆر لە میللەتانی تری دنیاش لەسەر خەباتی خۆیان بەردەوامن و بە هیچ شێوەیەکیش دەستبەرداری داواکارییەکانی خۆیان نەبوون و نابن. بە مانایەکی دیکە پێ لەسەر ئازادیی وڵاتەکانیان دادەگرن و دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆشیان دەوێت. شتێ لەمە کەمتر دەدەنە دواوە و پێی قایل نابن. لەم بوارەدا پێویستمان بەوە نابێت نموونەی جۆراوجۆر بێنینەوە، چونکە تەواوی مەسەلەکان ڕوون و ئاشکران.

ئەگەر سەدەی بیستەم بۆ زۆر لە گەلانی جیهان بە سەدەی ئازادی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و کڕینەوەی شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیی و شەکانەوەی ئاڵای وڵات و ڕێزگرتن لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی دابنرێت، ئەوا هەر هەمان سەدەی ناوبراو بۆ هەندێ لە گەلانی دیکە بە مانای خوێن و فرمێسک و ئەتککردنی نەتەوە و کۆچ و کۆچڕەو و کیمیاباران و سووتماککردنی خاک و وێرانکردنی زێد و هەوار دێت. سەدەی بیستەم کە مژدەی هەنگوین ئاسای بە هەندێ لە میللەتان بەخشی، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ گەلانێکی دیکە لە چەشنی ژەهری مار بوو. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و دڵدانەوە و

دڵخۆشکردنیش چ دادێکی مرۆڤ نادەن. لە بارێکی وەهاشدا ڕەنگە تەنیا وردبوونەوە لە ڕەوتی ڕووداوەکان و پەند وەرگرتن لە هەڵە و شاشییەکان سوودێک بە مرۆڤ ببەخشن.

گەلی چەوساوەی کورد، کە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەمدا ژیان بەسەر دەبات، لە گەلێ ڕووەوە، ناکرێ لەگەڵ گەلانی تری دنیادا بەراورد بکرێ یان بەیەک بچوێندرێن. هەمووشمان دەزانین تاکە هۆی سەرەکیی ئەم کارە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی نەتەوەیی سەربەخۆ و یەکگرتووە. دەوڵەت دەزگایەکی زامنکەرە بۆ هەر نەتەوەیەک کە بیەوێ پێش بکەوێت یان لە کاروانی میللەتانی دیکەی جیهان دوا نەکەوێت و دانەبڕێت. مەحاڵە بەبێ هەبوونی دەوڵەت کارێکی وا بە ئاسانی ئەنجام بدرێت.



گەلی کورد هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیە و تا ئامادەکردنی ئەم بابەتەش لەناو شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتدا بووە. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵە چەوساوەکانی کوردستان دەیان شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری و سەرهەڵدانی جەماوەرییان بەرپاکردووە. جاری وا بووە تەنیا بزاڤ یا شۆڕشێکی چەکداری بۆ ماوەی 14 ساڵ بێ پسانەوە درێژەی کێشاوە. هەردوو بزووتنەوە چەکدارییەکەی 11ی ئەیلوول و 15ی تەباخ"ئاب"، لە باشوور و باکووری وڵات، دوو نموونەی بەرچاو و دیارن لە مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداریی گەلی کوردماندا. سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و هەڵەیەکیش هەردوو بزاڤی چەکداریی ناوهاتوو ڕۆڵێکی باشیان لە وشیارکردنەوەی نەتەوەی کورددا بینیوە.

بە خراپی نازانم گەر لێرەدا ئاوڕێکی خێرا لە ڕەوشی سیاسیی ئەوڕۆی گەلی کوردمان بدەینەوە و، تیشکێک بخەینە سەر دوا ڕووداو و پێشهاتەکانی کوردستان. ئێمە دەبێ بە چ شێوەیەک خۆمان بۆ سەدەی داهاتوو و ساڵی 2000 ئامادە کردبێ؟! من پێم وایە ئەرکی سەر شانی هەر ئەندامێکی دڵسۆزی ئەم نەتەوەیەیە کە پرسیارێکی وەها لە خۆی بکات و بە دوای وەرامەکەیشیدا بگەڕێت. ئەوی ڕاستی بێ، ئێمەی چەند جار نیشتمان و میللەت لەتوکوتکراو، پێویستە ڕۆژانە خۆمان لە بەرامبەر پرسیارێکی وەهادا ببینینەوە و لە گەڕان بە دوای بەرسڤیشدا بێزار و وەڕس نەبین.

ئاشکرایە کە لە سەدەی بیستەمدا زۆر هەل و دەرفەت بۆ کورد هەڵکەوتوون، ئەگەر زیرەکانە بقۆزرابانەوە، ئێستا کوردیش وەک گەلانی دیکەی دنیا خاوەن

دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ دەبوو و، لە کاروانی دەوڵەتان و میللەتانی دنیاش دوا نەدەکەوت. لەوانەیە کورد تاکە نەتەوەی گەورە و گرانی جیهان بێت کە نەتوانێت بە گوێرەی پێویست مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و هەل و دەرفەت و پێشهاتەکاندا بکات و، لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیشیدا بەکاریان بێنێت. لەم بوارەدا بە دەیان نموونە هەن کە لای زۆربەمان ڕوون و ئاشکران. دیارە لەکیسدانی هەل و دەرفەت و نەقۆستنەوەیان بە یەکێک لە هۆکارە هەرەگرنگەکانی سەرنەکەوتن و پێشنەکەوتنی نەتەوەیەک دەژمێردرێت. کاتێکیش ئەمە پەیوەندی بە گەل و خاکێکی پارچە پارچەکراوەوە هەبێت، ئەوا بایەخی مەسەلەکە هەتا بڵێی گرنگ و هێژا و بڕیاردەر دەبێت. کەواتە بەر لەوەی یەخەی داگیرکەران و دابەشکەرانی کوردستان بگرین، دەبێ خۆمان سەرکۆنە بکەین و لە خۆشمان بپرسین: داخوا توانیومانە کەسایەتییەکی یاسایی و سیاسیی نێونەتەوەیی بۆ خۆمان پەیدا بکەین یان نا؟!

لە پاش داگیرکردنەکەی کوێت لە لایەن عێراق و ڕاپەڕینە بەشکۆکەی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لە باشووری وڵات و کۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی ئەو بەشەی نیشتمان و گەڕانەوە و هەڵبژاردن و هەبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا، گەلی کورد هەر نا لە بەشێکی کوردستاندا دەیتوانی گەلێ کاری کاریگەر لە پێناو بە ڕەسمی ناسینی دۆزە ڕەواکەی خۆی ئەنجام بدات. ڕاست بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی ئەو بەشەی وڵات، لەجیاتی بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و خاکی کوردستان، کەوتنە گیانی یەکتر و خۆ بەهێزکردن و خەڵک بۆ خۆ پەیداکردن و دەم چەورکردن و هێنانی دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ کوردستان و لەدەستدانی شەرعیەتی پەرلەمان و ئەنجامە هەرەپیس و خراپەکەشی بە شەڕی نێوخۆیی و کوردکوشتن و دابەشکردنی سەرلەنوێی ئەم پارچەیەی کوردستان کۆتایی هات. هەڵبەت جەماوەری بەشەرەف و چەند جار ڕەتێنراو و ڕاوەدوونراوی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کاری خراپەکاران و نیشتمانفرۆشاندا نەبوون و نابن. خەڵکی ئەو بەشەی نیشتمان و سەرانسەری کوردستانیش، لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، نارەزایی خۆیان لەهەمبەر شەڕی خۆکوژی و کوردکوژی و کوردستان هەڕاجکردن دەربڕیوە. دیارە هەر ڕۆڵە چەوساوەکانی گەلی کوردیشن باجی ئەم شەڕانە و حیسابی چەوت و هەڵەی سەرانی کورد دەدەن. ئەم هەل و دەرفەتەی کە چەند ساڵە بۆ کوردی باشوور هەڵکەوتووە، ئەگەر بۆ هەر گەلێکی ئازادیخوازی دیکەی دنیا هەڵکەوتبا، دڵنیام ئەمڕۆ خاوەن دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆ دەبوو. بێگومان لەم بوارەدا مرۆڤ دەبێ یەخەی سەرانی

کورد و حیزبە سیاسییەکانی ئەوڕۆی کوردستان بگرێ نەک هی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی لەبیرکراو.

تۆ بڵێی کارەساتە جەرگبڕ و بەدناوەکانی وەکو هەڵەبجە و ئەنفال و بادینان و زۆری تریش کارێکی وایان لە سەرانی کوردی ئەو بەشەی نیشتمان نەکردبێ، تا سەرلەنوێ بە حیسابە کۆنەکانیاندا بچنەوە و تەگبیرێکیش لە چارەنووسی نادیاری خاک و نەتەوەکەیان بکەن؟! داخوا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا سەرانی کورد چ هیوا و هومێدێک بە گەلەکەیان دەبەخشن؟ جێگای داخە، بە پێچەوانەی ئەمانە، تازە بە تازە چەمکی خێڵایەتی لەبەر حیزب دەکرێ و(3) لەسەر مەسەلەی کورسی و دەسەڵاتیش خودی کورد و کوردستانیش لە بیر دەکرێن(4).

هەر لەم سەدەیەدا غەدرێکی گەورە لە کورد کرا. بە ڕای من ڕفاندنی عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەر لەوەی لێدانێک بێ لە ڕێکخراوێکی دیاریکراوی کورد، لێدانێکی زەبروەشێن بوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە گشتی و لە پ.ک.ک و باکووری کوردستان بە تایبەتی. لە کاتی ئامادەکردنی ئەم باسەدا ساڵێک بەسەر هاتنە ئەورووپای ئۆجەلان تێپەڕیوە و، ئاکامە خراپ و زیانبەخشەکانی خودی پرۆسەکەش وا لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بە ئاسانی هەستیان پێ دەکرێ و ئاشکرا دەبن. گرتنەکەی ئۆجەلان کە دەکرا بە جۆرێکی دیکە گوڕ و تین بە خودی پ.ک.ک و خەباتی سیاسی و چەکداریی ئەو پارچەیەی کوردستان بدات، زۆر بە داخەوە بە پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەی چاودێرە سیاسییەکان شتێکی وای لەگەڵ خۆی هێنا کە کەم کەس چاوەڕوانییان دەکرد. ئەوەتا نووسەرێکی سوێدی دەڵێت: "عەبدوڵلا ئۆجەلان تەواوی دنیای تووشی ڕاچڵەکان و سەرسوڕمان کرد، کاتێ کە دانی بەوەدا نا خەون بینین بە دەوڵەتێکی کوردی، شتێکی ناڕاست و ناواقیعییانە بوو"(5). لە دەستپێکی نەوەدەکاندا پ.ک.ک و سەرکردایەتی پ.ک.ک باسیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دەکرد و ساڵی دوو هەزاریشیان بە خاڵی پێکهێنان و بەرقەراربوونی ئەم دەوڵەتە دادەنا(6). دیارە لە کاتی ئێستادا کە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەم داین، سەرکردایەتی پ.ک.ک نەک هەر باسی دەوڵەتی کوردی ناکات، بگرە باس لە شتێکی ناڕوون و نادیار دەکات، کە نە سەری دیارە و نە بن!! من وەک کوردێک لە ئاست ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەم دواییانەی سەرووی کوردستان ئەوەندە گەشبین نیم و بە هەموو هێز و تواناشمەوە ئەم هاوارەم بە تەواوی ئەندامانی نەتەوەکەم ڕادەگەیەنم.

به پێچەوانەی باکوور و باشوور لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا جۆرە کش و ماتی و بێدەنگییەک باڵیان بەسەر ڕەوشی سیاسیی گەلی کورددا کێشاوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوە چەندین ساڵە، لەژێر هەر ناوێک بێ، گوایا خەباتی چەکداری ملی بۆ خەباتی سیاسی شۆڕ کردووە و، ڕۆژ ڕۆژی کاری دیپلۆماسی و لێکحاڵیبوون و پێکەوە هەڵکردنە. هیواداربن وا بێ؟! لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سوریای داگیرکەر کە پ.ک.ک ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری تێدا هەبوو، دوای ڕفاندنی ئۆجەلان، بمانەوێ و نەمانەوێ ڕەوشی سیاسی و دەروونیی ئەو بەشەی نیشتمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دێت. ئەگەر کۆنکرێتتر قسە بکەین: لە ڕۆژی ئەمڕۆدا جۆرێک لە بێهیوایی بەسەر تەواوی ڕۆڵەکانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا زاڵە.

کەی کە کورد بووە خاوەن یەک ئاخاوتن"دیسکۆرس"ی سیاسی، تەنیا ئەوکات دەتوانێ ڕووبەڕووی گشت دنیا و داگیرکەران بوەستێ و، داوای دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆش بکات. لە بارێکی وەهاشدا مەحاڵە دنیا بتوانێ لە ئاست داواکارییەکانی گوێی خۆی کەڕ کات!

ستۆکهۆڵم/ نۆڤێمبەری 1999

## پەراوێزەکان

(1) ناورو Nauru و تۆنگا Tonga کیریباتی Kiribati کە هەرسێکیان لە دەریای باشوور دەکەون، ژمارەی دانیشتوانیان 190.000 کەس دەبێت. هەر سێ دەوڵەت لە ناوەڕاستی مانگی سێپتێمبەردا بوون بە ئەندامی ژمارە 186 و 187 و 188ی نەتەوە یەکگرتووەکان. بڕوانە: ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سویدی Metro, 3.9.1999.

(2) تیمووری ڕۆژهەڵات: بریتییە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دوورگەی تیموور. ڕووبەرەکەی 14.874 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانیشی 810.000 کەسە. بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە:

Nationalencyklopedin, multimedia, Bokförlaget Bra Böcker AB, 1998, CD.

(3) الحیاة، 26-10-1999.

(4) الشرق الاوسط، 28-11-1999.

(5) ڕۆژنامەی سویدی: Avisen, 13 november 99, sid 7.

(6) عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەم قسەیەی بە خودی نووسەری ئەم چەند دێڕانە گوتووە. بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: هەنگاوی یەکەم لێرەوە دەستی پێکرد ـ گەشتێک بۆ ئەکادیمیای سەربازیی مەعسووم قۆرقماز و باشووری ڕۆژئاوای کوردستان. وێنە و تێکست: مەهاباد کوردی، وەشانخانەی ڕەوشەن 1992، ل 87.

* ڕابوون، ژمارە 29، 2000، سوێد.

## تێبینییەک لەسەر وتارەکەی هەرێم جاف*

بڵاوکراوەی پەیام لە ژمارەی (22)ی خۆیدا وتارێکی لەژێر سەردێڕی "ئیسلامییەکان: دەستەڵاتی تیرۆر و ڕاگوێزانن لە هەڵەبجەدا" بۆ کاک هەرێم جاف بڵاو کردبووەوە. وتارەکە بە شێوەیەکی گشتی بابەتێکی بەکەڵکە سەبارەت بە شاری هەڵەبجە لە ڕووی دیرۆکی و جوگرافیایی و سیاسی و ڕۆڵی ئیسلامییەکان و...تاد. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی وتاری ناوبراودا گەلێ زانیاری لەمەڕ هەڵەبجەی کوردستانەوە دەست دەکەوێت و لەبارەی ڕەوشی شارەکە و دەوروبەری ئاگاداری پەیدا دەکات. پێم وایە ئەمە بەهێزترین خاڵی سەرنجڕاکێشی بابەتەکەی کاک هەرێم جافە. من خۆم دوو جار وتارەکەم خوێندەوە، ئەوجا بڕیارم دا ئەو تێبینییەی کە لەم نووسینەدا هاتووە، بۆ پەیام ڕەوان بکەم. ئاواتەخوازیشم ئەم کورتەباسەی من شتێکی گچکەی تەواوکەری وتارەکەی کاک هەرێم جاف بێت.

دەمەوێت پێشوەخت ئەوە بڵێم، وەک کوردێکی کوردستانی و کوردستانخواز، بەوپەڕی توندییەوە نارەزایی خۆم لە هەمبەر کار و کردەوە تیرۆریستییەکانی، بڕێک لە گرووپە بەناو ئیسلامییەکان دەردەبڕم و، پێشیان دەڵێم: تەقاندنەوەی سالۆنی ئارایشگای ئافرەتان، سەربڕینی خوێندکارێکی کورد بە شێوەی جەزائیرییانە، کوشتنی ژنانی ڕووسپیی کوردستان، سوودوەرگرتن و قۆستنەوەی باری ناسک و خراپیی ئابووری کوردستان و زۆری دیکەش، نەک هەر ترسنۆکانەترین هەنگاون بۆ بەدەستخستنی پلە و پایە و ڕۆڵ پەیداکردن لەنێو کوردستاندا، بگرە لە هەمان کاتیشدا سەلمێنەری ئەوەن کە بە ڕاستی ئێوە زۆربەی هەرەزۆرتان، ئەگەر دەوڵەتان و لایەنێک دەست وە باڵتانەوە نەگرن، تەمەنکورت و ڕیسوا دەبن. نازانم لە کەیەوە کۆمەڵگای کوردەواری جێگای ئەم جۆرە کردەوانەی تێدا بووەتەوە؟!

ئەوەی کە لێرەدا بۆ من گرنگە و دەشمەوێت وەک تێبینییەک سەبارەت بە وتارەکەی کاک هەرێم جاف، بیخەمە بەردەم خوێنەران، ئەمەی خوارەوەیە:

من پێم وایە نەدەبوو کاک هەرێم جاف بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵی شەڕی نێوخۆیی و خۆکوژی و کوردکوژی نێوان هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانی لە بیر کردبا، لە سەرهەڵدان و پەیدابوون و قووتکردنەوەی چەندین دەستە و گرووپی جیا جیای، نەک هەر ئیسلامی، بگرە هی دیکەش کە دواتر زۆر بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین. لە وتارەکەی کاک هەرێم جافدا، تەنیا لە جێگایەک بە خێرایی باس لە

ڕۆڵی ئیسلامییەکان کراوە لە کارەساتی نێوخۆیی شەڕی خوارووی کوردستاندا. کاک هەرێم دەڵێت: "لە پاش ڕاپەڕینی جەماوەریی 91، ئەمانە سەرقاڵی لە پشتەوە ژنکوشتن بوون، توانیشیان ڕۆڵەکەیان باش ببینن و ببنە بەشێک لە شەڕی ناوخۆ و هەڵسووڕێنەری سیاسەتی داگیرکەران لە باشووری کوردستاندا". بە بۆچوونی من دیسان پێویست بوو کاک هەرێم قامکی لەسەر ڕاستییەکان جەختتر دانابا و ناوی گرووپ و لایەنە ئیسلامییەکانیشی هێنابا کە بەشدارییان لە شەڕە ماڵوێرانکەرەکانی کوردستاندا کردووە. دیارە هەمووومان دەزانین لە ڕەوشی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا گەلێ دەستە و لایەنی ئیسلامیی جۆراوجۆر هەن، کە هەر یەکێکیان لە لایەن دەوڵەت یان دەوڵەتانێکی دیاریکراوەوە، کۆمەکی ماددییان پێ دەدرێت. هەڵبەت بەخشینی پارە و پوولیش بەمانە نە لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد و نە لەبەر تەوێڵی قەشی خودی ئیسلامییەکانیشە، بگرە بە پلەی یەکەم لەبەر خاتری بەرژەوەندی تایبەتی ئەو دەوڵەتانەیە.

گومان لەوەدا نییە شەڕی نێوخۆیی، نەک هەر لە کوردستان، لە هەر شوێنێکی تریش بقەومێت، دیاردە و شتی سەیر و سەمەرە و دزێو و ماڵ کاولکەر و، دەستە و لایەنی جودا جوداشی لێ دەکەوێتەوە. هەروەک گوتمان ئەم شتە تەنیا لەسەر کوردستان بە ڕاست دەرناچێت. بەڵکو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەش کە تا ئێستا ئەم کارەساتی شەڕی نێوخۆییەیان بەسەردا تێپەڕیوە، هەمان دیاردە یان پێشهاتیان بەخۆوە بینیوە. کەواتە ئەمانە دەکرێت وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی شەڕەکە تەماشایان بکرێت نەک شتێکی تر.

ئەگەر نموونەی باشووری کوردستان وەربگرین، دەبینین کە هەردوو هێزە شەڕکەرەکەی ئەوێندەرێ، هەموو هێز و توانایەکی خۆیان خستبووە گەڕ بۆ پەیداکردن و بەدەستخستنی لایەنگریی لایەنانێک کە ڕاستەوخۆ لە شەڕدا بەشدار نەبوون. تەنانەت لایەنان و گرووپگەلێک کە ناویان دەنێو ناواندا نەبوو، کەچی وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەو شەڕە، بوون بە خاوەن ناوی خۆیان و حیسابیشیان بۆ دەکرا و دەشکرێت. تورکمانەکان و ئاشوورییەکانیش، دوای شەڕەکە، وایان لێ کرا ببن بە دوو بەشی لایەنگری ئەم یا ئەوی بنکە لە هەولێر و لە سلێمانی. من خۆم جارێکیان لە هەولێر بووم، لە گەڕەکی ئیسکان گوێم لە دەنگی تەقە و پێکدادانی نێوان تورکمانەکان بوو. تورکمانەکان کە لە دوای ڕاپەڕینی 91 بوون بە پیاو، لە ئاکامی شەڕی ناوخۆ و باری خراپیی گوزەرانی خەڵک، بەهۆی خۆراک دابەشکردن، ژمارەی خۆیان زیاد کرد و، ئێستاش خاوەن کۆمەڵە و ڕێکخراوەن. ئەم یاسایە

بەسەر هەندێ لە گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیشدا ساغ دەبێتەوە. بە بڕوای من، بۆ ئەم کارە، نابێت گازاندە و گلەیی لە داگیرکەرانی کوردستان بکەین. کەی بۆ گەلێکی بندەست ڕەوایە و ڕەوا بووە گلەیی لە داگیرکەر بکات؟! با گلەییەکانی ئێمە ڕووەو سەرانی کورد بێت، کە لە پێناو بەرژەوەندییە حیزبییە تایبەتییەکانی خۆیاندا، بەرژەوەندییە کوردییە نەتەوایەتییەکانیان خستە ژێر پێوە.

هەندێ جار لەنێو گەرمەی شەڕە نێوخۆییەکاندا تاقم و دەستەی نوێ، لەبەر هەر هۆیەک بێت، سەردەردێنن و لە دایک دەبن. تەنیا چاولێپۆشینێکی ئەم یا ئەو هێزی باڵادەست و بەشەڕهاتوو بەسە بۆ هاتنەکایەوەی ئەو جۆرە گرووپ و کۆمەڵانە. هەمووومان لەبیرمانە لەوپەڕی گەرمەی شەڕەکاندا، لە ڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، باسی لەدایکبوونی "حەماس"ی کوردی دەکرا. نووسەری ئەم چەند دێڕانە کاتی خۆی لە پاکستان بوو و، گوێبیستی هەبوونی چەند کوردێک بوو کە لەگەڵ موجاهیدانی ئەفغانی لە دژی سۆڤیەت لە شەڕدا بوون. گوایە هەر ئەم کوردانەشن لە پشت پەیدابوونی "حەماس"ی کوردییەوەن. ئەمە بە قسەی ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی. بەر لە ماوەیەکیش باس لە دروستبوونی "حیزبی جوولەکەکانی کوردستان" دەکرا و ئێستاش وا بە گەرمی باس لە هێنانی پەنابەرە فەلەستینییەکان بۆ سەر خاکی کوردستان، بە تایبەتیش ناوچەی کەرکووک، دەکرێت. ئەمانە و زۆری دیکەش، بە بڕوای من، پێش هەر شتێک بۆ یەکنەگرتوویی ڕیزەکانی گەلی کورد و سەرانی و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەگەڕێنەوە. سەرکردایەتی سیاسیی ئەوڕۆی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان دەبێت باش بزانێت، بۆ نموونە فەلەستینییەکان کە لە دامرکاندنەوەی سەرهەڵدانە پیرۆزەکەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە 91دا بەشدار بوون، زۆر ئاسایشە گەر هەلومەرج لەبار بێت ڕوو لە کوردستانی بەعەرەبکراو بکەن. ئەمە ڕاستییەکە و هیچ حیکمەتێکیشی تێدا نییە. هەتا کوردیش لەنێو یەکتردا پەرت و بڵاو بن و ڕووی سەرانی کوردیش هەر جارەی لە پایتەختێکی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بێت، لام وا بێت حاڵمان ئەگەر لە ئێستا خراپتر نەبێت، باشتریش نابێت!

ستۆکهۆڵم 15-4-2000

* پەیام، ژمارە 23 و24، مای و جونی 2000، بەریتانیا.

## دیسان لەسەر ڕۆشنبیرانی کورد*

وەک هەمووومان دەزانین تا ئێستا لەملا و لەولا زۆر شت لەسەر ڕووناکبیرانی کورد نووسراوە. دیارە هەر نووسراوێکیش ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕی خاوەنەکەی یا نووسەرەکەیەتی. من لەم وتارەدا زیاتر ڕووی دەمم لە ڕووناکبیران و پێنووس بەدەستانی خوارووی وڵاتەکەمانە، بە تایبەتیش ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستان، لە ئەوروپا گیرساونەتەوە. ناشمەوێ بە هیچ شێوەیەک خۆم بخەمە نێو ئەو گۆشە تەسک و تریسکەی کە کۆتاییەکەی، بتەوێ و نەتەوێ، هەر دەبێ بە ناوهێنانی تاکەکەسان تەواو بێ. نەخێر، چونکە من پێویستم بەم جۆرە شێوازە نابێت و سەرتاپای لەش و جەستەی گشت شتەکانیش خویا و ئاشکران. لە لایەکی دیکەوە خوێنەرانی ئازیز کەم تا زۆر شارەزای شێوەی نووسین و چۆنیەتی بیر و ڕاکانی منن. خوێنەری زیرەکیش لەنێو کەلێن و کەلەبەری ئەم نووسراوەیەدا سەر و سەکوتی تاکەکەس و دیاردە و شتەکان دەناسێتەوە. بێگومان کەتنکارانیش خۆیان هەر دەناسنەوە. کورد لەخۆڕا نەیگوتووە: دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە!

لە میانەی ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکانی خوارووی کوردستان، ڕۆشنبیرانی ئەو پارچەیەی نیشتمان، پێشتر و ئێستاش بەسەر چەند دەستە و گرووپێکی گچکە گچکەی لەیەکدابڕاو و بەیەکنامۆ و ناکاریگەر دابەش دابەش بوون. تەنانەت لە ئەوروپا و دوورەوڵاتی و غوربەتیشدا ڕووناکبیرانی ئەو بەشەی کوردستان تا بڵێی لەیەک پچڕاون و هەر یەکێک لەوان حەز لە چارەی ئەوی دیکەیان ناکات. جێگای داخە هەندێ کەسی خامە بەدەست کاریان بووەتە ناو و ناتۆرە دۆزینەوە بۆ ئەوانی دیکە و شێواندنی هەر پێوانە و داب و نەریتێک کە پەیوەندی بە کۆمەڵگای کوردەواریمانەوە هەبێت. لای کەس شاراوە نییە کە جاری وا بووە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان بۆ وەرامدانەوەی خودی نووسەران تەرخان کراون. دیارە شێوازی وەرامدانەوەکانیش زیاتر بۆ شکاندنی بەرامبەر و چۆک پێدادانیشی بووە. لەم ئەوروپایەدا نووسەری کوردی وا هەیە، گەورەترین سەرکەوتن بۆ خۆی لە ساتمەکردن و بەربوونەوەی نووسەرێکی ڕەقیبی تۆمار دەکات. ئەمە لە کاتێکدا کە گەلی کورد و خاکی کوردستان لە دەست دوژمنان و داگیرکەران زیرە زیریانە و چاویشیان لە نووسەرانی خۆیانە تا شتێکیان بۆ ئەنجام بدەن.

پۆل پۆلکردنی ڕۆشنبیرانی خوارووی کوردستان لە هەندەران کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە. لێ دیسانیش دەکرێ وایان دابەش بکەین:

1- ڕۆشنبیرانی فەرخەحیزبی: ئەمانە کەسانێکن لە شین و شاییدا، لە بەردەم دادگای حیزبەکانیاندا، ملیان لە موو باریکترە. حیزب هەرچییەک بکات ئەوان لەگەڵیدان. سەرۆک هەر شتێک بڵێت ئەوان ئەشەدەمبیڵلای بۆ دەکەن. خیانەت و نیشتمانپەروەری بۆ ئەو جۆرە کەسانە دوو ڕووی یەک پارەن. ئەوان زەق زەق ڕووداوەکان دەبینن، کەچی لە ئاستیاندا بێدەنگ دەبن. بە گوێرەی بیر و ڕای وەها کەسانێک هەر شتێک حیزب بیکات و بیڵێت باشە. هەتا ئەگەر ئەم کارە لەسەر حیسابی گەلێکی گەورە و گرانی وەکو کوردیش تەواو بێت هەر قەیناکە، چونکە حیزب وای گوتووە. ئەو بەناو ڕۆشنبیرانە لە منداڵدانی حیزبدا گەشەیان کردووە و لە قوتابخانەی حیزبایەتیشدا پەروەردە کراون، بۆیە چاوەڕوانی لەمە زیاتریان لێ ناکرێ.

2- ڕۆشنبیرانی خاوەن پێشینەی حیزبی: لێرەدا دەکرێ باسی کەسانێک بکەین کە پێشتر حیزبی بوونە یان لە حیزب دەرکراون. ڕێی تێدەچێ خۆشیان وازیان لە حیزب حیزبانێ هێنابێ. ئەمانە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کەم تا زۆر دڵیان بۆ حیزبەکانیان هەر لێ دەدا. کۆنکرێتتر مەبەستم لەو کەسانەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبەر هەر هۆیەک بووبێ ماڵئاواییان لە حیزبەکانیان کردووە، بەڵام ئێستا ئەگەر حیزب ئاوڕێکیان لێ بداتەوە، کێ ناڵێ ناگەڕێنەوە باوەشی. هەموومان کەسانی وامان بینیوە و لە دوور و نزیکەوەش دەیانناسین. بێجگە لەمە هەندی لە خامە بەدەستانی خوارووی کوردستان، کە کاتی خۆی حیزبێکی دیاریکراو گەفی لێ کردوون، سەرۆک زللەیەکی لە بناگوێ داون، دڵیان ڕەنجێنراوە، ئیدی ئەورۆ ئەو ڕۆشنبیرانە کە لە ئەوروپایێ گیرساونەتەوە، هەر مەپرسە چ دەکەن. بە پێنج پەنجەیان مۆری خۆیان دەخەنە سەر هەر بەیاننامەیەک و بە هەر مەبەستێکیشەوە بێ، لێ تەنیا و تەنیا با لە دژی ئەو حیزبە بێ کە ئەوان خۆیان ڕکیان لێ دەبێتەوە. ئەوی ڕاستی بێ ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە شێتبوون و ئەقڵ لە دەستدان. دەنا چۆن دەبێ من پەنجەمۆری هەر شتێ بکەم کە لە دژی ئەم حیزب ئا ئەو حیزبدا بێ، هەر لەبەر خاتری ئەوەی من ڕکم لێی دەبێتەوە. لەوەش گەڕێ کەسانێکی وا کە شاعیر و نووسەر و خاوەن بڕوانامەی دکتۆراشیان تێدایە، هەر کە مەسەلە دێتە سەر فرۆشتنی نیشتمان و خاکێک، قڕکردنی گەلێک، بنپێکردنی نەتەوەیەک، ...تاد، ئەمانە چ بڵێن باشە: ئێمە خۆمان تێکەڵی سیاسەتی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان

ناکەین، شەڕ شەڕی خۆیانە و هیچ پەیوەندییەکیشی بە ئێمەوە نییە. سەیر لەوەدایە ئەوان شتێ دەبینن کە خۆیان مەبەستیانە، کەچی نایانەوێ شتێکی دیکە ببینن کە زەق زەق دەیبینن، بەڵام مەبەستیان نییە بیبینن! ئا ئەمەیە کارەساتی ڕووناکبیرانی خوارووی کوردستان لە هەندەران. برادەرێک تەلەفۆنی بۆ دوو شاعیر کردبوو کە سەر بە هەمان بیر و بۆچوونن کە لێرەدا باسمان کردووە. ئەم برادەرە لە کاتی هێرشە بەربڵاوە پەنجا هەزارییەکەی لەشکری فاشیستی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان، پێی لە جەرگی خۆی نابوو و ویستبووی بەیاننامەیەک بە هەردوو برای شاعیر ئیمزا بکات. شاعیرە زۆرزانە کەمزانەکە گوتبووی: من بەیاننامەیەک ئیمزا ناکەم کە تێیدا هێرش بکرێتە سەر حیزبێک. ئەوی دیکەشیان کە لەم سوێدەدا پاییزەشیعر دەنووسێت، بەو برادەرەی گوتبوو: کاکی برا ئەوە شێت بووی خوێنی خۆت دەخەیە کاسەوە؟! ئێمەش بۆمان هەیە بپرسین: کامە کاسە؟! کاسەی بەتاڵی دەستی منداڵانی برسیکراوی کوردستان یان کاسەی لێواولێو پڕی سەرانی سەرەخۆری کورد و کوردستان؟!

3- ڕۆشنبیرانی سەربەخۆی ناسەربەخۆ: لە ئەوروپا هەندێ ڕۆشنبیری کوردی پارچە جیا جیاکانی کوردستان هەن کە ناویان لە خۆیان ناوە ڕۆشنبیری سەربەخۆ. بە ڕای من ئەو جۆرە کەسانە مۆرانەن بە نەرمی پێتەوە دەدەن، ئاگری بن کایێن، نیسکن نە بەریان هەیە و نە پشت. کەسانێکی وەها نەزانانە ناجووڵێنەوە، بگرە بەپێی کات و ساتی ڕووداوەکان مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا دەکەن. بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم لە وڵاتی سوێد پیسترین نموونەی ئەو کەسانەمان بەر چاو دەکەوێ ئەگەر مرۆڤ بچمی ڕاستەقینەی خۆی نیشان نەدات و لەسەر شتانیش هەڵبداتێ، خۆ لە قەرەی هەندێ بابەت بدات و لە هەندێکی تریشیاندا خۆی بدزێتەوە، وەها ڕەفتار یا کردارێک ئەگەر ناوی لێ نەنرێت دووڕوویی، دەبێ چ ناوێکی تری لێ بنرێت؟! لێرە هەر لە سوێد نووسەرێکی کوردی سەرسپی، لەسەر ڕادیۆیەکی کوردیی ستۆکهۆڵم، گرتنەوەی هەولێری وەک قەوما بۆ قووت نەدەدرا، بەڵام داخستنی ڕادیۆیەک لە کوردستان و هاتنی پاسداران و ئەمە و ئەوەی بە تاوان دادەنا. هەر هەمان بابا کە ئەسکوێی لە هەموو مەنجەڵێکدا هەیە لەسەر ڕادیۆ فشەی بە کۆنگرەی نەتەوەیی و نانەتەوەییش دەهات. من ئەم جۆرە بەناو ڕووناکبیرانە بە ترسناکترین دیاردە دەزانم لەناو بزاڤیی ڕووناکبیریی کوردیدا. ئەو جۆرە کەسانە هەتا پێیان دەکرێ ئاگر بەبن کایێدا دەبەن و هەتا دەستیشیان دەڕوا دریغی لە چ شتێ ناکەن.

4- ڕۆشنبیرانی هەڵپەرست: ئەگەر لەناو هەر میللەتێکدا ڕۆشنبیری هەڵپەرست هەڵکەوێ، لەنێو کورددا نەک هەر ڕۆشنبیری هەڵپەرست و خۆپەرست، بگرە ڕۆشنبیری کاتپەرست و خولەکپەرست و چرکەساتپەرستیش هەڵکەوتوون و هەن و دەشبیندرێن. جێگای داخە گەلێ هێشتا ئازادیی خۆی بە دەست نەهێنابێ ڕۆشنبیرانێکی وای تێدا هەڵکەوێ. هەمووشمان کەسانێکمان بینی، لەبەر خاتری پلە و پایە، ستۆکهۆڵم و لەندەن و ئێرە و ئەوێیان بەجێ هێشت و ڕوویان لە باوەشی گەرمی حیزبی حوکمڕان کرد. تەنانەت تفیان لە وتە و کردار و ئاخاوتنەکانی خۆشیان کرد. خاوەن بڕوانامەیەک، هەر بۆ ئەوەی بکرێت بە وەزیر، سیمینار و قسەکانی خۆی لەبیرچووەوە و خواحافیزیشی لە ڕابردووی خۆی کرد. چیرۆکنووسێکی کوردی دانیشتووی سوێد مەدالیای خیانەتی لە بەرۆکی سەرانی کورد دەدا، بەڵام هەر خۆی کەوتە پاڕانەوە لێیان تاکو پلە و پایەیەکی بدەنێ. ئێستا کاکی چیرۆکنووس وەک ئەوەی نە بای دیبێ و نە باران لە کاولەپایتەخت لێی دانیشتووە. کەسانی وەها کەم نین، بەڵام دەبێ چاک بزانن لە ئەورووپاوە تا کوردستان بە نەفرەت دەکرێن. گۆرانیبێژێکی کورد کە هاتە سوێد خەڵک دڵیان بە گۆرانییەکانی کرایەوە و گوتیان ئۆخەی ئەوە سترانبێژی کوردیش ڕەخنە لە کردەوە دزێوەکانی سەرانی میللەتەکەی دەگرێت. هەر هەندەمان زانی کاکی گۆرانیبێژ، لەبەر خاتری بە قسەی خەڵک حەفت هەزار دۆلار، کوردستان خۆت بگرە وا هاتم تێی تەقاند. برادەرێک کە چووبۆوە کوردستان دەیگێڕاوە: ئێستا کاکی هونەرمەند خاوەن پاسەوانی تایبەتی خۆیەتی. قەمەرەی سوپەر و موپەریشی لەبنە و دەڵێن دەرکەی تورمبێلیشی بۆ دەکەنەوە. دەبێ من بۆچی ئەم نموونانە بێنمەوە؟! تەنیا لەبەر یەک هۆ: دڵنیام لەوەی هونەرمەند و نووسەر و شاعیرانێکی وەها بە دەگمەن لەناو گەلانی تر هەڵدەکەون. ڕەنگە پێم بڵێن: جا کەی ئەوانە نووسەر و هونەرمەند و شاعیرن؟ منیش دەڵێم: با، هەر چۆنێک بێ خاوەن دەنگ و ڕەنگ و ناوی خۆیانن.

5- ڕۆشنبیرانی یادگارنووس: کۆمەڵە کەسێک کە پێشتر لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە خوارووی کوردستاندا شوێنی بەرچاو و دیاریان هەبووە و بەرپرسی هەموو نسکۆ و شکانەکانیشن، ئەورۆ بۆ خۆیان لە ئەورووپایێ گیرساونەتەوە و دەستیان کردووە بە نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشتەکانیان. دوای ئەم هەموو ماندووبوونەی شاخ، حەسانەوە لە سوێد یا هەر وڵاتێکی تری ئەورووپا، ڕەنگە چاکترین هەل بێت بۆ ئەوەی شتەکانی خۆیانمان پێ بفرۆشن. من لە دژی نووسینەوەی یادگاری و بیرەوەرییەکان نیم. مرۆڤ گەر بێت و قووڵتر لە مەسەلەکە

بڕوانێت بەو ئەنجامە دەگات کە هەر کوردێک خاوەن سەرپێهات و سەربردەی تایبەتی خۆیەتی. ئەوەی بۆ من گرنگە چۆنیەتی نووسینەوەی یاداشتەکانە. بە واتایەکی دیکە خۆ لادانی یادگارنووسە لە هەندێ سەردەم و خاڵی ڕەش کە گرێدراون بەو و ڕێباز و حیزبەکەیەوە. جارێ لە جاران هەر لەسەر هەمان بابەت برایەک لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا لە کۆتایی نووسینەکەیدا بەو ئاکامە گەیشتبوو کە بڵێت: "نەفرەت لە ڕابردووتان!" ڕاستیش دەکات. کام ڕابردوو؟ ئەو ڕابردووەی کە ئەوە پەنجا ساڵ زیاترە قوڕەکەی دەشێلین. ئەو ڕابردووەی کە لە چەشنی مار لە گەردنمان ئاڵاوە و هەروا بە ئاسانیش ناتوانین خۆمانی لێ ڕزگار بکەین.

6- ڕۆشنبیرانی کوردستانی: کوردستانی و کوردستانیبوون بە مانای خۆ بەستنەوە بە گەل و نەتەوە، نیشتمان و خاک، بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و خاکی شیرینی کوردستان و هەر شتێ کە پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبێ، دێت. من خۆم بەم شێوەیە لە هەردوو پەیڤی کوردستانی و کوردستانیبوون تێدەگەم. ئەگەر کەسێک چاکتری لێ دەزانێت، بە سوپاسەوە چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەم. ئەو نووسەر و ڕووناکبیر و شاعیر و هونەرمەندانەی کە وا بیر دەکەنەوە و لایەنگری نەتەوە و کوردستانەکەیانن، لایەنگری دۆزی ڕەوای گەلەکەیانن، بێگومان ئەوانە کوردستانییانە بیر دەکەنەوە و کوردستانیشن. ژمارەی ئەو جۆرە کەسانەی کە وا بیر دەکەنەوە، لەنێو جەماوەری خەڵکی کوردستان و ڕۆشنبیرانیشدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە. ئەمەش بۆ گشت کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز مایەی خۆشحاڵییە.

من لە سەرەتاشدا گوتم پۆل پۆلکردنی ئەو ڕووناکبیرانەی کە لە باشووری کوردستان هاتوون و لە هەندەران دەژین کارێکی ئاسان نییە. ئەوەی کە من مەبەستم بوو لەم شێوە دابەشکردنە تەنیا ڕوونکردنەوە و پیشاندانێکی سەرپێییانەی بابەتەکە بوو. گومانیشم لەوەدا نییە کە ئەم جۆرە باسانە لێکۆڵینەوەی زیاتر و تێروتەسەلتریان گەرەکە.

کاتی خۆی برایەکی هێژا نامەیەکی بۆ ناردبووم کە تێیدا هاتبوو: "...ئەگەر بێت و بەراوردێک بکرێ - لە ڕووی بۆچوونی سیاسییەوە - لە نێوان ڕۆشنبیری باشوور و هەڵوێستی ئەوانەی باکوور، وەکو دەزانی زۆربەی زۆری ئەوانەی باشوور هەرێمچین..."(نامەی تایبەتی 16-4-1998، نامەکە هێشتا لای نووسەر پارێزراوە). بۆ پشتگرتنی قسەکەی ئەم برا بەڕێزە دەڵێم: لە تەلەفزیۆنی Med-tvدا چاوم بە شاعیرێکی کوردی باشوور کەوت کە کاتی خۆی لە ترسی شەڕ و هەڵلا هەڵلای حیزبەکان و گیانی خۆیشی کوردستانی جێ هێشت. لەو چاوپێکەوتنەیدا برای شاعیر

لە لایەکەوە وەکو مرۆڤێکی کوردستانی و مامەخەمەی کورد قسانی دەکرد، لە لایەکی دیکەوە بیەوێ و نەیەوێ داکۆکی لە لایەنێک دەکرد. تەنانەت ناوی هەرێمە جیا جیاکانی پارچەیەکی کوردستانیشی لە یەک دادەبڕی. بە تایبەتیش کاتێ کە دەیگوت بۆ لە فلان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی فیسارە حیزب شتی وا ڕوو نادات. دیارە کە بە هەڵەشدا چووبوو، چونکە لەو شوێنانەی کە ئەو ئاماژەی بۆ دەکردن گەلێ کارەسات قەوماوە. ئەمەیان باسێکی ترە و لێرە جێگای نابێتەوە. بەڵام سەیر لەوەدایە تۆ خۆت وڵاتت پێ چۆل بکرێ، پاشان لە کەش و هەوای دیموکراسی ئەوروپا، لەسەر تەلەفزیۆنیش، خۆشی بخەیتە دڵی وڵاتفرۆشانەوە. هەتا سەرانی کورد پشتیان بە ڕووناکبیرانێکی وەها قایم بێت، ئیدی بە ئارەزووی دڵی خۆیان پشتی لێ دەکەنەوە و چ حیسابێکیش بۆ من و تۆ و ئەم و ئەو و تەواوی کوردیش ناکەن، کە هەر نەشیان کردووە.

یەک دوو ساڵ بەر لە ئێستا ژنەشاعیری ناوداری کوێتی د. سوعاد ئەلسەباح لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی MBC گوتی: "شاعیر وتەبێژ و قسەکەری ڕەسمیی جەماوەرە". منیش لە شاعیرانی کورد دەپرسم: کێتان جەسارەتی ئەوە دەکات خۆی بە قسەکەری ڕەسمیی گەلەکەی دابنێت؟ ئایا جەماوەری خەڵکی بەشەرەفی کوردستان کامەتان بە وتەبێژی خۆی دەزانێت؟ لەوە گەڕێ کە شاعیرانێک هەن لەم دوورەوڵاتییەدا هەروەک سەهۆڵبەندانی زستانی سوێد سارد و سڕ هەڵگەڕاون و لە کوردستان و خەڵکەکەی بوونەتە نامۆ. تەنانەت شیعر و بەرهەمەکانیشیان بۆ کورد نانووسن.

حیزبەکانی باشوور هەروەک چۆن توانیویانە درز و کون و کەلەبەر بخەنە نێو هەموو چین و توێژ و شانە و خانەیەکی کۆمەڵگای کوردەواریمان لەو بەشەی کوردستاندا، هەر بە هەمان شێوەش ڕۆشنبیرانیان لە یەک جودا کردۆتەوە و بە دابڕاوی لە یەکتر هەڵیانپەساردوون. دیارە هەمووشمان بەم دەردە دەزانین.

من لەم نووسینەمدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم لەکەدارکردنی خەبات و کار و بەرهەمەکانی ڕووناکبیرانی خوارووی کوردستان نییە. من تەنیا مەبەستم باسکردنی ڕەوشێک بوو کە ئێستا ڕووناکبیرانی خوارووی کوردستان، بە تایبەتی لە ئەوروپا، تێی کەوتوون.

* بارزان، ژمارە 34 و 35، ئۆگستی 2000، ئەمەریکا.

# سەردانێكی كورت بۆ كوردستان و چەند سەرنجێک*

هەر جارێ كە ڕوو دەكەمە كوردستان، بە دەست خۆم نییە، ناتوانم هەر وا بێدەنگی لێ بكەم و لەسەر شتەكانیش هەڵنەدەمێ. بە پێچەوانەوە، هەر لە یەكەمین ڕۆژی سەردانەكەمدا، گەلێ سەرنج و تێبینی و تێڕوانینم لا دروست دەبن، كە ناكرێ پشتگوێ بخرێن و باس نەكرێن. هەر بۆیە كە دەگەڕێمەوە خوا خوامە، بە زووترین كات و بە گوێرەی هەل و دەرفەت، ئەو باقە سەرنج و تێبینییانە بخەمە بەر دیدەی هاووڵاتییان و هاوزمانانم. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم ناوەڕۆكی سەرەكیی ئەم نووسینە، قسەی دڵی خەڵک و چۆنیەتی بیركردنەوەیانە، لەمەڕ ڕەوشی ئەمڕۆی خوارووی كوردستان. من بە مووش لە ڕاستییەكانم لانەداوە و، ئەوەی بەر گوێم كەوتووە و بۆم باس كراوە، هێناومنەتە سەر ڕووی كاخەز. جا هیوادارم ئەم وردە سەرنجانە، دڵۆپێكی گچكە بن لە دەریای قووڵی باری سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و تاد ئەوڕۆی وڵات، بە تایبەتیش باشووری كوردستان.

لەبەر نەبوونی كات و ئیش و كار، ئەم جارە بۆ ماوەی دوو هەفتە، لە ڕێگای باشووری توركیاوە"شاری ئەنتالیا"، ڕووم لە خوارووی كوردستان كرد. دواتر لەسەر شاری ناوبراو شتێ باس دەكەین.

لە بەرەبەیانی 14-10-2000 لە ستۆكهۆڵمەوە بەرەو ئەنتالیا فڕین. گەشتكەران لە 99%یان تۆریستی سوێدی بوون. لە دەمەدەمی نیوەڕۆ گەیشتینە شاری ئەنتالیا. لە ئێوارەی هەما ڕۆژدا سواری پاس بووم و بەرەو سلۆپی كەوتمە ڕێ. نێوانی ئەنتالیا و سلۆپی، بە پاس، 24 سەعات دەبێ. لەنێو پاسدا چاوم بە دوو گەنجی كوردی شارۆچكەیەكی سەر بە پارێزگای دیاربەكر"ئامەد" كەوت. دیسان هەر لەناو پاسەكەدا لاوێكی تۆریستی ئیتالیمان تووش هات. دوو گەنجە كوردەكە هەر كە كابرای ئیتالیان بینی، بە گەرمییەوە باسی "دالێما"ی سەرەک وەزیرانی ئەو وڵاتەیان كرد. تۆریستە ئیتالییەكەش كە لە مەبەستیان گەیشتبوو، لە ڕێگای منەوە پێیانی گوت: "دالێماش قەحپەیەكی سیاسەتی نێودەوڵەتانە!". دالێما سەرۆک وەزیرانی ئەوسای ئیتالیا بوو.

ئێمە كە بە شەو ڕێگەمان دەبڕی، گەلێ شار و شارۆچكەی توركیامان لەدوو خۆ هێشت، هەتا نزیک بە ناوچە كوردنشین و كوردییەكانی باكووری كوردستان بووینەوە. گەورەترین شاری كوردی كە دەكەوتە سەر ڕێگامان شاری غازی عێنتاب

بوو. ژمارەی دانیشتوانی شاری غازی عێنتاب، بەپێی هەندێ ئامار، حەوت سەد هەزار تا ملیۆنێک دەبێت. دیارە بێجگە لەو شارە، هەندێ شار و شارۆچکەی کوردی دیکەشمان لەسەر ڕێدا بوون، کە ئامەد یەکێکیان بوو. ئامەدم وەک شارێکی ڕەشپۆش و خەمگین هاتە بەر چاو. چەندین جاری تریش ئەم شارە دێرین و ناسراوەی کوردستانم چاو پێ کەوتووە، بەڵام ئەمە جاری یەکەمە وا بە خەمباری و داماوییەوە ببیبنم.

هەر لە شارۆچکەی جزیر"جزیرا بۆتان" دەگەڵ کابرایەک ڕێک کەوتم تا بمگەیەنێتە برایم خەلیل. برای شوفێر کە تازە باوکی کۆچی دوایی کردبوو، لەسەرخۆ و قسەخۆش دیار بوو. دوای سەعاتێک چاوەڕوانی، بێ هیچ گیروگرفتێک، پەڕینەوە ئەوبەری سنوور. ئەو سنوورەی کە نەک هەر خاکی کوردانی دابەش و لەت لەت کردووە، بەڵکو بیر و باوەڕ و ئەقڵ و هۆش و لێکدانەوە و چۆنیەتی بیرکردنەوە و لێوردبوونەوە و ڕامان و تێڕامانی کوردانیشی پارچە پارچە و دابڕ دابڕ کردووە. بێگومان ئەمەی دواییان ئەگەر لە هی یەکەمیان مەترسیدارتر و خەفەتبارتر نەبێ، ئەوا هیچیشی لەو کەمتر نییە.

برایم خەلیل، لە چاو دوو ساڵ بەر لە ئێستا، گەلێ گۆڕانکاری و نوێکاری بە خۆیەوە دیوە. زۆر بینای تازە و شوێنی ئۆتۆمۆبیل ڕاگرتن و چەندین پەیکەری جۆراوجۆر دروست کراون. ئەمانە هەموویان دیمەنێکی شارستانییانەیان بەم جێگایە بەخشیوە. خۆ ئەگەر داهاتەکەی برایم خەلیل لە خودی خۆیشی سەرف بکرێ، هەر باشە!



دوای وەرگرتنی 50 دۆلار لێمان و هەندێ مامەڵەی ڕۆتینی کە چەند دەقیقەیەکی خایاند، من و برادەرێکی کورد و کوڕە نۆساڵانەکەی، کە لە هۆڵەنداوە هاتبوون، تەکسییەکمان گرت و ڕوومان لە هەولێر کرد. ئەم برایە ناوی ئازاد و لە بنچینەدا خەڵکی ڕەواندز بوو. ئەویش هەر بۆ ماوەی دوو هەفتە هاتبۆوە و لە گەڕانەوەش چاوم پێی کەوتەوە. لە ڕێگا لە چێشتخانەی "سەرهەڵدان" لاماندا و نانی ئێوارەمان لەوێ خوارد. ئەم چێشتخانەیە، لەبەر هەر هۆیەک بێ کە من نایزانم، تا ئێستا دوو جار لە لایەن "پ.ک.ک"ەوە سووتێنراوە. تەنانەت جارێکیان تەرمی گەریلایەک لەو دەوروبەرە بەجێ ماوە. کەسێکی زۆر باوەڕپێکراو، کە بە چاوی خۆی تەرمی گەریلاکەی بینیوە، ڕووداوەکەی بۆ من گێڕاوە. بە گوێرەی هەندێ قسەی ئەملا و

ئەولا، هۆکاری سەرەکیی ڕووداوەکە، تەنیا مەسەلەی تاکەکەسی بووە. هۆکار هەرچییەک دەبێ با ببێ، بەڵام تاوانە لە شوێنێکی وادا گەریلا بە کوشتن بدرێ!

هەتا گەیشتینەوە هەولێریش کەس داوای ناسنامەی لێ نەکردین. دوای نیو سەعات گەڕان بە شەو و لەگەڵ نمەنمی بارانبارینێکی کەم، بە ماڵی خۆمان کەوتمەوە. ئەو گەڕەکەی کە ماڵی ئێمەی تێدایە، تەنیا دوو ساڵ بەر لە ئێستا، لە زۆر جێگەدا گۆماوی گەورە گەورە و زەلکاو دیمەنی سەرەکییان پێکدێنا. خۆ باسی کەندە قووڵ و درێژووکانی و پڕ لە زبڵ و فراوانەکەی بەر دەرکی ئێمە و، دەیان و بگرە سەدانی تریش هەر ناکرێ! کەچی ئێستا ڕووبەرێکی بەرچاوی کەندە گەورەکە پڕ کراوەتەوە و جاددەی دوو سایدی لەسەر بنیات دەنرێ. ئەم جاددەیە لە شەقامی سەدییەوە بەرەو لای دارەتوو درێژ دەبێتەوە. تا کاتی گەڕانەوەشم بە بەردەوامی کاری لەسەر دەکرا. بە قسەی یەک لە کرێکارەکان دەبێ لە بەهاری 2001دا قیرتاویش بکرێ. بەر دەرکی ماڵەکانی ئەو گەڕەکەش، زۆربەی هەرەزۆریان، شەقامیان بۆ ڕێکخراوە و شۆستەیان بۆ دروست کراوە. جگە لەوەی کە بە دەیان خانووی نوێ و چەندین قوتابخانە و نەخۆشخانە و "مولیدە"ی گەورەی کارەبایی ساز کراون. دیارە هەر لەبەر هەندێش بە ماڵی خۆمان نەدەکەوتمەوە. جا باوەڕم پێ دەکەن یان نا، ئەمەیان کەیفی خۆتانە!



بێگومان 10 ڕۆژ مانەوە لە شارێکی گەورە و پڕ لە دانیشتوانی وەک هەولێر بەس نییە، تا مرۆڤ بتوانێ لە هەر بوارێکدا زانیاری پەیدا بکا. لێ بەڵێ، کەسێ کە تینووی دەنگوباس و ڕاستییەکان بێ، لە ماوەی 10 ڕۆژێکیشدا دەکرێ شتێ بە دەست بخا. خۆ هەر قسە و بیر و ڕای خەڵکەکە سەرچاوەیەکی باشی زانیارییەکان پێکدێنن.

ڕەنگە یەکەمین جیاوازی هەرەبەرچاوی هەولێری ئەمڕۆ لەگەڵ هەولێری بەر لە دوو ساڵ، ئەو بیناکاری و بنیاتنانەوە مەزن و هەمەجۆرە بێ، کە لە گەلێ بواردا شارەکەیان گرتۆتەوە. هەر تەنیا گەڕانێک بەسەر شەقامی شەستی و لای پەرلەمان و میوانخانەی چوارچرا و پارکە جوان و ڕێکوپێکەکانی ناو شار، بەسە بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکمان لەم بارەیەوە لا پەیدا ببێ. جگە لەمانەش نوێکردنەوەی هەندێ گەڕەک و دروستکردنی خانووبەرە بە شێوەیەکی فراوان و ڕاکێشانی ئاو و کارەبا و ڕێگا و چاکردنەوەی مەزراکانی ناو شار و زۆر کاری ئاوەدانکردنەوەی دیکەش، وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای پەرەسەندن و پێشکەوتنی شاری هەولێری خۆشەویست پیشان دەدەن!



یەک لەو گرفت و تەنگوچەڵەمە هەرەسەرەکییەکانی خەڵکی هەولێر و زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی تری باشووری کوردستانیش نەبوونی کارەبا و ئاو بوو. دیارە ئەم مەسەلەیە تاکو ئێستاش بە تەواوەتی چارەسەر نەکراوە. لە کۆتایی ساڵی 98 خەڵک بە شەڕەشەق و غارەغار و دینەمۆ لەسەر شان و هەڕەشە و گوڕەشە ئاوی خواردنەوەیان بە دەست دێنا. ئەمڕۆ لە ڕێگای "مۆەلیدە"ی کارەبایی زەبەلاح، بۆ نموونە لە گەڕەکی زانکۆ، خەڵک شەوانە بۆ ماوەی 5 سەعات کارەبایان هەیە. هەر کە کارەباش هاتەوە، هەر لە ماڵەوە، ئاو تا بڵێی زۆر و زەوەند دەبێ. زۆر جار ڕۆژانەش بۆ ماوەی سەعاتێک کارەبای هەندێ گەڕەک دێتەوە.

لەبارەی بژێویی خەڵکیشەوە دەتوانین بڵێین بڕیاری نەوت بەرانبەر بە خۆراک، تا ڕاددەیەکی چاک خەڵکەکەی حەساندۆتەوە. لەو ماوەیەی کە لە هەولێر بووم، زیاتر باس لە گرانیی نرخی بەنزین دەکرا. نرخی دەببەی بەنزین لە 25 دینارەوە"چاپی سویسری" گەیشتبووە 33-35 دینار. ئەمەش بە تایبەتی خاوەن تەکسییەکانی بێزار کردبوو. هەڵبەت بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین شتێ نییە کە تەنیا کوردستانی گرتبێتەوە، لە ئەورووپاش کارەکە بە خۆپیشاندانی شوفێران و جۆتیاران کۆتایی هات.

ئەو کاتەی کە من لە هەولێر بووم دۆلار کەمێ هەستا بوو. دیارە کە نرخی دۆلار بەرز بێتەوە، زۆر لە شمەک و کەرەسەی جۆراوجۆر و ئۆتۆمۆبیل و خانووش، نرخەکانیان بەرز دەبنەوە. ئەو کات 100 دۆلاری ئەمریکاییان بە 1800 دیناری چاپی سویسری دەگۆڕییەوە. لە کوردستانی ئەمڕۆدا دۆلارە کە بڕیار لەسەر بازاڕ دەدا. سەیرکردنێکی بازاڕی دۆلارفرۆشان و بۆرسەی کوردستان، ڕاستییەکی ئەم قسەیەمان دەسەلمێنێ.

هەولێر هەتا بڵێی قەڵەباڵغ بۆتەوە. ژمارەی دانیشتوانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. هەروەها ژمارەی ئۆتۆمۆبیلەکانی ناو شاریش، لە چاو جاران، زێدەتر بووە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ، ژمارەیەکی دیاری ئەو ئۆتۆمۆبیلانە لە ئەورووپاوە بۆ هەولێر ناردراونەتەوە. ڕۆژ نییە کوردەکانی ئەورووپا ئۆتۆمۆبیل بۆ کوردستان نەنێرنەوە. زۆریی ئۆتۆمۆبیلەکان و "موەلیدە"ی گەورەی کارەبایی، ئاسمانی هەولێریان تەماوی کردووە. جاران کە تەماشای ئاسمانی ئەم شارەت بکردایە، ئاسمانێکی ساف و بێ تەم و مژت دەهاتە بەر چاو. دیارە ئەمڕۆ دەق بە پێچەوانەیە. ئەم کارەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پیسبوونی هەوای شارەکە و دەوروبەری دەبێ. هەڵبەت حاڵی شار و شارۆچکەکانی تری کوردستانیش ئەوەندە لە هەولێر چاکتر نییە، هەر نا ئەوانەی کە خۆم بینیومن.

ئەوەی تایبەت بێت بە خوێندن و قوتابخانەکان، جێگای داخە تاکو ئێستاش لە هەندێ پەڕتووکی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا وێنەی خوێنڕێژێکی وەک سەددام حوسێن هەر ماوە و، لەژێریشی نووسراوە: "خوا بۆمانی بپارێزێت و بیهێڵێت!" من خۆم لە قوتابییەکی پۆلی شەشەمی سەرەتاییم پرسی: "با ئەم وێنەیە لێ بکەینەوە؟" قوتابی لە وەرامدا گوتی: "مامۆستا لەسەر کارێکی وەها لێمان دەدات!" من ناڵێم کتێبی نوێ بۆ قوتابیان و خوێنکاران و قۆناغە جیا جیاکانی خوێندن چاپ نەکراون. ناشڵێم لەم بوارەدا هەنگاوی باش نەنراوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە چۆنیەتی ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندنن، بە تایبەتیش خوێندنی سەرەتایی. من کە خۆم مامۆستام و بۆ ماوەی حەوت ساڵانیش لە سوێد کاری مامۆستاییم کردووە، چاک دەزانم خوێندنی قۆناغی سەرەتایی چ مانا و ڕۆڵێک لە پێگەیاندن و گەشەپێدانی ئاسۆی بیرکردنەوەی منداڵاندا دەبینێ.

سەبارەت بە باری ئابووری و بژێویی خەڵک و هەبوونی ئیش و کار و چۆنیەتی ژیان لە کوردستاندا، دەتوانین بڵێین سەرەڕای هەموو دژواری و زەحمەتییەکیش، خەڵکی کوردستان گەلێ باشتر لەچاو چەند ساڵێک بەر لە ئێستا

ژیان بەسەر دەبەن. دیارە دوای جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرانبەر بە خۆراک، باری سەر شانی خەڵکە ڕەشۆکییەکەش سووک بۆتەوە و قورسیی جارانی لە دەست داوە. ئەمڕۆ خەڵک مژوولی خانوو دروستکردن و تەنانەت دێنشینەکانیش شێوەیەکی دیکەی ژیانیان هەڵبژاردووە، کە لەوەی پێشوویان جوداترە. هەر بۆ نموونە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی دێهاتەکان خەریکی ئەوەن بیر لەنێو زەوییەکانیان لێ بدەن و بیکەن بە ڕەز و شینایی. جگە لەمەش کاری بەخێوکردنی پەلەور و مریشک و مانگا و جوانەگا، بە گشتی ئاژەڵداری، لە جاران زیاتر پەرەی سەندووە. هەڵبەت سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی گوندەکان هۆکارێکی سەرەکیی ئەم مەسەلەیە پێکدێنێ. با کەس لەمە وا تێنەگا، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بێکاری نییە و خەڵک هەر هەموویان خاوەن کاروباری خۆیانن. ئەگەر لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا ژمارەی بێکاران بە ملیۆنان بێ، چۆن دەبێ لە شوێنێکی وەک کوردستاندا بێکار نەبینرێ؟!

هەر کەسێ کە بە سەردان بچێتەوە کوردستان، جا خوا دەیکرد تەنیا بۆ ماوەی 24 سەعاتیش بێ، یەکسەر هەست بە دیاردەیەک دەکا کە مێشکی زۆربەی هەرەزۆری لاوانی ئەوڕۆی باشووری کوردستانیان پێوە مژووڵە. دیارە ئەم دیاردەیەش دیاردەی بیرکردنەوە لە ژیانی ئەورووپا و کۆچکردنە بۆ ئەوێ. لە کاتی گەڕانەوەتدا گەنجەکان لە دەورت کۆ دەبنەوە، هەر دەڵێی لە حەجی جاران هاتوویتەوە، لەمەڕ ئەورووپا و ژیانی ئەوێندەرێ دەتدەنە بەر لێشاوی پرسیاران. هەڵبەت زۆر لە وەرامەکانیش بە دڵی ئەوان نابێ و، تەنانەت لێشت زویر دەبن. بێگومان ئەوان چاوەڕوانی شتێکی دیکە دەکەن لەوەی کە تۆ بۆیان باس دەکەی. جێگای داخە لاوانی ئەمڕۆی وڵات، ناڵێم هەر هەموویان، بە شێوەیەکی تر لە ژیانی ئەورووپا گەیشتوون و باوەڕیش دەکەن ئەورووپا بەهەشتێکی سەرسەوز و بێ کۆتایی و لێوالێو و تژی پارە و پوول و خۆشی و ڕابواردنە. درۆم نەکردووە گەر بڵێم لە 90%ی ئەو لاوانەی، کە ئەمڕۆ، بیر لە چوونە ئەورووپا دەکەنەوە، بە هیچ شێوەیەک لەبەر زوڵم و زۆر و نەبوونی ئازادییە تاکەکەسییەکان و سیاسییەکان و مافی مرۆڤ و نازانم چی و چی تر نییە، کە دەیانەوێ ڕوو لە هەندەران و غەریبایەتی بکەن. ئەوان بەدووی شتێکدا دەگەڕێن کە زیاتر پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆیان و خۆشگوزەرانی و پارە پەیداکردن و چاولێکردنی کەسانێکی دیکەوە هەیە، کە لەمێژ نییە ڕوویان لە ئەورووپا کردووە و پارە و پوول و ئۆتۆمۆبیلیشیان ناردۆتەوە. بە دەیان جار ئەم جۆرە ڕستانەم بەر گوێ کەوتووە و وەکو کاسێت بۆم لێدراوەتەوە. با کەسیش بە هەڵە لێم تێنەگا، هەر بۆیە دەڵێم هەر کەسێک مافی خۆیەتی بە دوای ژیانی خۆشتردا بگەڕێ. لێ بەڵێ..

نابێ کەسیش مافی ئەوەی هەبێ، بەرژەوەندی تاکەکەسانەی خۆی لەپێش بەرژەوەندی گەل و نەتەوە و نیشتمان دابنێ. بە مانایەکی دیکە لە ئەوروپا هەموو کارێک بکا و هەر شتێکیشی کە بە زاردا هات بیڵێ، هەر بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتی وەربگرێ و بەس، کورد و کوردستانیش چیان بەسەر دێت و نایەت، ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە! زۆر جێگای داخ و کەسەرە کە ئێستا کارەکە وەهای لێ هاتووە و ئەوەی کە بە خەیاڵیشدا نایەت کورد و کوردستانە.

من ناڵێم و قەتیش نەمگوتووە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و هێزەکانی دیکەی کوردستان لە کەموکوڕی بەدەرن. یان گشت شێوەژیانێکی شارستانییانە و مرۆڤانە و دادپەروەرانەیان تێدا مسۆگەر کراوە. کەچی لە هەمان کاتیشدا ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینم و هەستی پێ دەکەم، سەبارەت بە کۆچی لاوان بۆ هەندەران، زێدەتر پەیوەندی بە مەسەلەی ئابووری و پارە پەیداکردنەوە هەیە نەک بابەتێکی سیاسی. ئەمە ڕاستییەکە و ناتوانم نکۆڵی لێ بکەم و بیشارمەوە. دیارە هەر خوێنەرێکی بە ویژدان و خاوەن هەڵوێستیش، کەم تا زۆر، شارەزای شێوەی نووسینەکان و بیر و ڕاکانی من بێ، چاک لێم حاڵی دەبێ و دەشزانێ من چ دەڵێم.

پێم خۆشە لێرەدا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک قسەکانی خۆم بسەلمێنم. حەزم دەکرد گشت ناو و ئەدرێس و گەڕەک و تەنانەت چۆنیەتی بیرکردنەوەی سیاسیی کەسەکانیش دەقاودەق بنووسمەوە. دیارە کە من ناتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم، هەڵەی منی تێدا نییە، چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە کەسانێکەوە هەیە، خۆیان حەز ناکەن، بە دەردی خۆیان گۆتەنی، ناویان بکەوێتە ناو ناوانەوە.

نموونەی یەکەم: خێزانێک لە شەش کەس پێکهاتووە. دایک سکی هەیە و کێ ناڵێ ئێستا منداڵێکی تریشی نەبووە. منداڵەکان بە هەولێری گۆتەنی سەلکە و بنکەن، هەموویان بە دوای یەکدا لەدایک بوونە و نێوانیان ئەوەندە زۆر نییە. باوک ئۆتۆمۆبیلێکی تەکسی هەبوو و کاری پێ دەکرد. ئەم خێزانە لەناو خانووی خۆیاندا ژیان بەسەر دەبەن و کرێچی نین. کەس و کاری خێزان هەر هەموویان پارەدار و هەبووەن. دایک و باوک خۆشیان بکوژن لە 30 ساڵ تێپەڕ ناکەن. من و ئەوان کە پێشتر خەڵکی هەمان گوند بووین، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ گوێ بۆ یەکتر شل دەکەین. لە کاتی گەڕانەوەمدا باوکەکە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی فرۆشتبوو، بۆ ئەوەی بە پارەکەی ڕوو لە تورکیا بکات و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا. دیارە خێزان و منداڵەکانیشی لە کوردستان بەجێ دەمان. بە قسەی باوک خۆی مەسرەفی ژیانی منداڵەکان، بۆ چەند ساڵێکیش دابین کرابوو. ماڵی باپیری منداڵەکان، کە دەکاتە

خەزووری برایەکی خۆم، منیان داوەتی نانخواردن کردبوو. لەوێ هەمان باسی کۆچ و ئەوروپا کرایەوە. باوکی منداڵەکان گوتی: "دە وەرە ڕاستییەکانم پێ بڵێ و مەرج بێ لە قسەت دەرنەچم". منیش کتومت هەموو شتەکانم بۆ باس کرد. کابرا بە قسەکانی من باوەڕی هێنا و ڕۆژێک بەر لە گەڕانەوەم ئۆتۆمۆبیلێکی دیکەی کڕیەوە و، دەستیشی بە کار و کاسبی جارانی خۆی کردەوە.

نموونەی دووەم: دەمەعەسرانێک لاماندا لای خێزانێکی ناسیار. خێزان لە دایکێکی پیر و دوو گەنج پێکهاتووە. یەک لە کوڕەکان تازە ژنی هێناوە. ئەم خێزانەش لەناو خانووی خۆیاندا دەژین و خەریکی کاروباری خۆیانن. گیروگرفتی سەرەکی پەیوەندی بەو کوڕە گەنجەوە هەیە کە تازە ژنی هێناوە. کوڕ، لە بەردەمی خۆم، قسەی بە دایکی خۆی دەگوت، چونکە خانووەکەیان نافرۆشێ، تا ئەو بە پارەکەی ڕوو لە "خاریج" بکا! بە ڕاستی ئەم دیمەنە زۆر کاری تێکردم و دەشمویست داکۆکی لە دایکە پیر و هەژارەکە بکەم، بەڵام دیار بوو کوڕەکان ئەوەندە کەیفیان بە قسەکانی من نەدەهات، هەر بۆیە زوو خۆم کێشا دواوە.

نموونەی سێیەم: بەر لە چوونەوەم بۆ کوردستان، بە ماوەیەکی زۆر کەم، ئامۆزایەکی خۆم لە ئەستەمبووڵەوە تەلەفۆنی بۆ کردم. بە ڕاستی قەت باوەڕم نەدەکرد، بە تایبەتیش ئەو ئامۆزایەم تەلەفۆنم بۆ بکا، کە هێشتا نەبووەتە 20 ساڵ. ئامۆزا داوای پەنجا دۆلاری لێ کردم. لە وەرامدا پێم گوت: "من لە پەنجاشت زیاتر بۆ دەنێرم، بەڵام تەنیا و تەنیا ئەگەر بگەڕێیەوە بۆ کوردستان!" دیارە ئەو بە گوێی منی نەکرد و منیش نەک پەنجا دۆلار، فلسێک چییە بۆم ڕەوان نەکرد. دوایی کە گەیشتە ئیتالیا، لە کوردستانەوە برایەک و ئامۆزایەکی دیکەم تەلەفۆنیان بۆ کردم، تا بتوانم کەمێ یارمەتی بدەم. منیش بەزەییم پێ هات و ناچار یارمەتیم دا، ئێستا ئامۆزاکەم وەک دەیان پەنابەری دیکە لە بەریتانیا کەوتووە. ئامۆزاکەی من هەتا گەیشتە بەریتانیا 105.000 دیناری"چاپی سویسری" لێ سەرف کرا، کە ئەوڕۆ دەکاتە نزیکەی 5800 دۆلاری ئەمریکایی. ئامۆزاکەی من لە کوردستان، ئەوەی کە بە مێشکیدا نەدەهات، سیاسەت بوو!

نموونەی چوارەم: ئەم نموونەیە گەلێ جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تر هەیە. لە کاتی گەڕانەوەم و لە شەوی 25/26-10-2000، لە دیوەخانی میوانخانەی "بێش قارداش - پێنج برا"ی سلۆپی دانیشتبووم. سەعات دەورووبەری دوازەی شەو بوو، چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کارمەندی میوانخانەکە پاسەپۆرتەکەم لە قەرەقۆلی تورکان بۆ بێنێتەوە. دیارە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستاندا، مانەوە

له میوانخانەکانیش سانسۆری لەسەرە و دەبێ هەر هەمان شەو، ناسنامەی میوانەکان بە پۆلیس نیشان بدرێن. لەو کاتەدا بوو کە لاوێک خۆی کرد بە میوانخانەکەدا و بە تورکی دەستی بە قسان کرد. من کە تەنیا چەند وشەیەکی تورکی دەزانم هیچی لێ تێنەگەیشتم. پاشان دەستی کرد بە کوردی و باسکردنی خۆی. بەسەرهاتی ئەم لاوە کارەساتێکە بۆ خۆی کە دەبێ باس بکرێ:

گەنجێکی 25 ساڵەی خەڵکی سلێمانی بە ناوی تاریق ڕوو لە ئەوروپا دەکات. ناوبراو، بە قسەی خۆی، دایک و باوکی نەماون و خوشکەکانی شوویان کردووە و دوو برای هەن کە خەریکی کاروباری خۆیانن. ئەویش هەستی بە تەنیایی کردووە و هەروەک خۆی بە منی وت: "خاریج بۆ ئەو سەری یەشاوە!" بەو جۆرە سەری خۆی هەڵگرتووە و بە ڕێگای هات و نەهاتدا خۆی گەیاندۆتە ئەستەمبووڵ. لەوێ حەوت جار لە ئاوەکەی نێوان یۆنان و تورکیای داوە. شەعلان پردەیی و "ڕزە" نازانم کێ سەرکێشی کارەکەیان کردووە و قاچاخچی بوونە. بە قسەی تاریق ئەمەی دواییان خۆیشی لەنێو ئاوەکەدا خنکاوە. کاک تاریق ئەوەی هەیبووە و نەیبووە لەسەر ڕێگای یۆنانی داناوە. ناوبراو لە پاش ئەم هەموو لە ئاودانە دووچاری نەخۆشی هاتووە و، پیلێک و قاچێکی ناوبەناو سڕ دەبن و ژان دەکەن. دوکتۆرێک لە ئەستەمبووڵ داوای 300 دۆلاری لێ کردووە، تا چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات. ئەویش کە تەنیا پارەی بلێتی پاسی سلۆپی شک بردووە، یەکسەر بە ناچاری و دڵشکاوییەوە بەرەو سلۆپی گەڕاوەتەوە. کاک تاریق بلیتەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بە منی نیشان دا. لە هەمووشی سەیرتر، دوای ئەم هەموو دەردەسەری و دژوارییە، ناوبراو هێشتا باسی لە مێرخاسی و میهرەبانیی پۆلیسی تورک دەکرد! ئەم برایە کە هاتبوو شەو لە میوانخانەکە بمێنێتەوە، کارمەندی "بێش قارداش" بە پاڵپێوەنان دەریکردە دەرەوە و لەبەر خۆیشی گوتی: "ڕۆژێک نییە، دوو ڕۆژ نییە، سێ ڕۆژ نییە،...لە کەسانێکی وەها ڕزگارمان نابێ". پاشان دەرکەوت کە تاریق ویستوویەتی ئەم شەوە لە میوانخانەکە بمێنێتەوە و بۆ بەیانی ڕوو لە زاخۆ بکاتەوە. خاوەنی میوانخانەکە گوتی: "تا ئێستا بە دەیان جار یارمەتی خەڵکمان داوە، بەڵام ئێمەش لێیان بێزار بووین".

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی کەمن لەو نموونانەی کە خۆم ئاگاداریانم. دیارە بە دەیان نموونەی تریشم بینیوە، کە باسکردنیان هەر هەموویان لێرەدا، دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی بابەتەکە. جا بۆیە هەر بەوەندە واز لەم باسە دێنم. لام

وابێ ئەمانە بەسیشن بۆ ئەوەی خوێنەر بیرۆکەیەکی لەمەڕ تەواوی مەسەلەکە چنگ بکەوێ.

دیاردەیەکی دزێوی دیکە کە زۆر نامۆیە دەنێو کۆمەڵگای کوردەواریماندا، مەسەلەی لەشفرۆشییە. دوو ساڵ بەر لە ئێستا کە لە هەولێر بووم، زۆر بە دەگمەن باسی لەو جۆرە دەکرایەوە. بەڵام ئەم جارە تەنانەت کەسانێکیشیان پێ نیشان دام کە خەریکی ئەم جۆرە کارانەن. خەڵک باس لە هەبوونی جۆرێک لە باند یان تۆڕ دەکەن کە بەم کارانە ڕادەبن. ئیشی کەسانێکی وەها "بە تایبەتی ئافرەت"، دۆزینەوەی ئافرەتانی دیکەیە، تا بە پارە، دڵی پیاوانێکی نەفسنزم ڕازی بکەن. ئافرەتەکان لە کەسانێکی ئاوارەی کەرکووک و سلێمانی، بێگومان هەولێریش، پێکهاتوون. ئەو ژنانەی کە بە دۆزینەوەی کچانی شۆخ و جوان و ژنی بە مێردیش ڕادەبن، تەمەنیان لە نێوان 40-50 ساڵان دەبێ. هەندێک لەو ژنانە ناسراون و لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر وەدەرنراون. ئەو پیاوانەی کە بەدووی ڕابواردن دەگەڵ ئافرەتان و کچاندا دەگەڕێن، بریتین لە : کەسانێکی بەرپرسیار، کەسانێکی چەکدار، کەسانێکی سەر بە وەزارەتەکان" من بە چاوی خۆم ئۆتۆمۆبیلی ژمارە شینی سەر بە وەزارەتەکانم بینیوە کە لە بەردەم خانووی تایبەت بەم کارە وەستاوە"، هەروەها بڕێکی گەلێ گەلێ کەم لە کەسانێک کە سەر وماڵیان لەسەر کارێکی وەها داناوە و دادەنێن. جاری وا هەبووە شوێنی تر، لە نموونەی دووکان و سالۆن و هی دیکەش، بۆ کاری ڕابواردن بەکارهێنراون. لە شارێکی وەکو هەولێر خەڵک شوێنی وەهایان دۆزیوەتەوە و ئاشکرایان کردووە. لە سەرەتاشدا وتم نامەوێ ناوونیشانی کەسەکان یا شوێنەکان بەیان بکەم. من ئەگەر لە سەداسەد لەم قسانەی خۆم دڵنیا نەبم، قەت قەت نامەوێ لێرەدا باسی ئەم دیاردە ناشیرینە هەر بکەم.

دیارە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، لەبەر هەر هۆیەک بێ، تیرۆر کراون. ژمارەیەکی بەرچاویش لە سالۆن و ئارایشتگاکان سووتێنراون، یان تەقێنراونەتەوە. گومان لەوەدا نییە ئەم دیاردەیە و گشت دیاردە نارەسەن و نامۆکانی تری ناو کۆمەڵگای کوردەواری، لە ڕێگای زەبروزەنگ و ترساندن نەک هەر چارەسەر ناکرێن، بگرە ئەنجامی خراپ و پێچەوانەشیان لێ دەکەوێتەوە. من خۆم هۆکارە هەرەسەرەکییەکانی تێکچوون و لێکترازانی شیرازەی هەر کۆمەڵگایەک، بەر لە هەر شتێکی دیکە، بۆ نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و لاوازیی هەستی نەتەوەیی و، لە باری ئەمڕۆی خوارووی کوردستانیشدا، بۆ ئەو ڕەوشە نائاساییە دەگەڕێنمەوە کە ئەوە چەند ساڵێکە یەکێتی و پارتی، تا ڕاددەیەک ڕێکخراوە کوردییە جۆراوجۆرەکانی

تریش، هەڵبەت بە فیتی دەوڵەتانێکی داگیرکەری کوردستان و هەرێمی و بێگومان دەوڵەتانی تریش، دروستیان کردووە. بە پلەی یەکەمیش یەکێتی و پارتی بەرپرسیاری ئەم بارە نالەبارەی ئەمڕۆی باشووری کوردستانن، کە هەر دەبێ لە ڕێگای دانووستان و پێکەوە هەڵکردن و یەکگرتنەوەی هەردوو ناوچەکە لە ڕووی ئیدارییەوە، ئاسایی بکرێتەوە. ئەگەر نا نەتەوەی کورد و مێژووش لێیان خۆش نابێ و هەتا دنیا دنیاشە هەر چاوبەرژێری کورد و کوردستان دەبن. جا هیوادارین خەمێک لەو ڕەوشە نائاسایی و نادیار و بێقەرارەی ئەوڕۆی وڵاتەکەیان بخۆن.

ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە تەماشایەکی خێرای باشووری کوردستان بکەین، گومان لەوەدا نییە ئەوڕۆ لە هەر ڕۆژێکی دیکە زیاتر کورد و ڕێکخراوەکانی ئەو پارچەیەی وڵات پێویستیان بە یەکگرتن و تەبایی و برایەتی هەیە. لە لایەک هێزەکانی دەوڵەتی بەعسی داگیرکەر لەسەر سنوور وەستاون و بگرە لە هەندێ شوێندا هەر لەناو چەکدارەکانی پارتی دیموکراتیی کوردستانن. هەر بۆ نموونە لە قوشتەپە و دەوروبەری، یان لە گوندێکی وەک کانی بزرە و جێگای تریش. هەمووشمان یادگاری تاڵی ئەو ڕۆژانەمان لەبەر چاوە، کەوا چۆن لە ماوەی چەند سەعاتێکدا هێزە داگیرکەرەکانی سەر بە دەوڵەتی فاشیستی عێراق، چیان لە ڕۆڵەکانی کورد کرد و پەراهەندەی دەشت و کێوانیان کردن. دیارە هەر کوردێکی وڵاتپارێز هیوای ئەوە ناخوازێ، بە خەونیش، جارێکی دیکە کارەساتی وای بە بەر چاودا تێپەڕێ. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ عێراق لە کاتی ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدایە دۆستی زیاتر و زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکا، هەر نا بۆ لابردنی ئابلۆقەی ئابووری کە لە ڕاستیدا خەڵکی هەژار و بێدەرەتان باجەکەیان بە گران لەسەر کەوتووە نەک ڕژێمی سەددام حوسێن. ئاشکرایە عێراق لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتنیشی بە دەست هێناوە. هەر بۆیە دەبێ بپرسین: "داخوا کاتی ئەوە نەهاتبێ سەرانی کورد لە باشوور بیر لە پێشهاتەکان و ئەنجامەکانی، هەر نزیکبوونەوەیەکی دەوڵەتی عێراق لە زلهێزەکانی دنیا و ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی و ناوچەیی، بکەنەوە؟!"

لە لایەکی ترەوە ڕەوشی سیاسیی ئەوڕۆی باشووری کوردستان جۆرێک لە نادیاری و نائاشکرایی پێوە دیارە. زەحمەتە کەسێک بتوانێ بە ئاسانی باس لە پێشهات و ڕووداوەکانی چەند ساڵێکی دیکەی ناوچەکە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بکات. خەڵک لە باشووری وڵات، تا ڕادەیەکی زۆر مژووڵی ئەوەن داخوا چارەنووسیان ڕوو لە کوێیە و، چیان بەسەر دێ؟! ئەمە پرسیارێکە ڕۆژانە یەخەی دانیشتوانی باشووری کوردستان دەگرێ. جا مەترسییەکە ئا لێرەدایە و خەمە

هەرەگەورەکەش لە پەرت و بڵاویی کوردان و هێزە سیاسییەکانیان و سەرانیان خۆی دەبینێتەوە. نازانم کەی سەرانی باشوور لەم واقیعە تاڵەی گەلەکەیان ورد دەبنەوە؟

من لێرەدا بە شێوەیەکی کورت و هەمەلایەن باسی سەردانەکەی خۆمم بۆ باشووری کوردستان کردووە. ئەو کاتەی کە لەوێ بووم زیاتر باسی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئارادا بوو. دیارە خەڵکیش گلەییان لە هەردوو لا دەکرد کە نەدەبوو لە کاتێکی وا ناسکدا بە کارێکی وەها ڕابن. گازاندە لە یەکێتی دەکرا کە جاری یەکەم هێرشی کردۆتە سەر پ.ک.ک. پرسیاریش لە پ.ک.ک دەکرا: "بۆچی باکوور بەجێ دێڵێ و لە باشووریش لە هەمبەر هێزێکی کوردی لە شەڕدایە؟!" هەروەها باس لەوەش دەکرا کە چەک و تەقەمەنی لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا بۆ یەکێتی ڕەوانە کراون. گوایە پارتیش ڕازی نەبووە هێزی پیادەی تورک ڕوو لە دەڤەرەکانی سلێمانی بکەن. ئەمانە هەموویان قسەی ناو خەڵک بوون.

لە شاری زاخۆ، بە بەراوردکردن لەگەڵ هەولێری پایتەخت، ئاڵای ڕەنگینی کوردستان بە شێوەیەکی زیاتر بەر چاو دەکەوێت. لە هەولێر تەنیا لە چەند جێگایەک ئاڵای کوردستانم بینی، بەڵام لە زاخۆ بەلای کەمەوە لە 10 جێگا ئاڵای کوردستانم بەر چاو کەوت، بە تایبەتیش لەسەر میوانخانەکانی ناو شار. هەر کە ئاڵای کوردستانم دەبینی هەستم بەوپەڕی شانازی و خۆشی و هەبوونی خۆم دەکرد. خۆزگە سەربانی هەر ماڵەکوردێک ئاڵایەکی کوردستانی لێ دەشەکایەوە!

ئەو 10 ڕۆژەی کە لە هەولێر مامەوە، حەزم کرد کاک فەرهاد پیربال ببینم، کە لەمێژەوە نامە و نامەگۆڕینەوەمان لە نێواندا هەبووە. یەکتر ناسینی من و کاک فەرهاد بۆ سەرەتای نەوەدەکان دەگەڕێتەوە. ئەو کاتانە کاک فەرهاد لە پاریس دەژیا. ڕۆژێک دوای عەسر ڕووم لە "ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی" کرد. ئەم شوێنە لە گۆشەیەکی بەرچاوی شەقامی شەستی کەوتووە، لەسەر ڕێگای سەرەکیی هەولێر - کەرکووک و نزیک بە یاریگای هەولێرە. بینایەکی تازە چێکراوی چەند قاتی و لە ناوەوەش زۆر قەڵەباڵغ دیار بوو، کە لە چەند بەشێک پێکهاتووە: بەشی زمان، کتێبخانەیەکی باش، گەر بە هەڵەدا نەچووبم کۆمپیوتەر و هی دیکەش. لە کتێبخانەکە بە زۆری خوێنکاران خەریکی خوێندنەوەی بێدەنگ بوون. من کە ئەم دیمەنەم بینی یەکسەر کتێبخانەکانی سوێدم وەبیر کەوتنەوە. بە داخەوە من کاک فەرهادم نەبینی، بەڵام کاک سەباحی برایم بینی و بۆ ماوەیەکی کورت لای ئەو مامەوە. دەمەوێ ئەوە بڵێم بە دیتنی ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی شادمان بووم.

شتێکی تر کە لە کاتی گەشتەکەمدا بۆ کوردستان سەرنجمی ڕاکێشا، هەبوونی بەربڵاوی پەرەبۆڵە کە لە هەولێر "سەحن"ی پێ دەڵێن. خەڵک دەتوانن بە نرخێکی هەرزان دەسگای پەرەبۆڵ و کەرەسەکانی بە دەست بخەن. هەر بۆ نموونە دەکرێ بە 900 دیناری چاپی سویسری کە دەکاتە 430 کرۆنی سوێدی دەسگایەکی وەها بکڕیت. بڵاوبوونەوەی پەرەبۆڵ بە شێوەیەکی وا فراوان ئەنجامی باش و بێگومان خراپیشی لێ دەکەوێتەوە. من خەڵکی وام بینیوە کە تەنیا تەماشای ئەو کەناڵانە دەکەن کە بەرنامەکانیان دوورن لە فیلمی سێکسی و بابەتی لەو جۆرە. لێرەدا جێی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کۆمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێت و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی کۆمپیوتەر و یاریی منداڵان لە ڕێگای کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی دیار پەرەیان سەندووە. ئێستا وا خەریکە تەلەفۆنی دەستی"مۆبایل"یش وردە وردە لەنێو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. لە زاخۆ، لە هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان زیاتر، ئەم جۆرە تەلەفۆنانە بەکاردەهێنرێن، چونکە سیستەمی تەلەفۆنی ئەوێ ڕاستەوخۆ لە ڕێگای تورکیاوە دەبێت.



دوای مانەوەی 10 ڕۆژ لە هەولێر، بەرەبەیانییەکی زووی 25-10-2000، لە هەولێرەوە بەرەو زاخۆ بەڕێ کەوتین. لە بناری سەفین و لای شەقڵاوە کەمێ باران باریبوو. بەدەم سەیرکردنی چیا و چۆل و گوند و دەشت و مێگەل و شار و شارۆچکە و دیمەنی جوانی تری سرووشتی کوردستان، بە قسەکردنەوە خەریکی ڕێگابڕین بووین. لە پاش ئاکرێ لاماندا چێشتخانەیەک کە دیار بوو تازە بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕازاوە دروست کرابوو. هەر لەوێش نانمان خوارد. پاش ماوەیەک ڕۆیشتن و لە دەم ڕێگا بەهۆی دەستێکی کوردستانییەوە چەندین تابلۆی بچووک بچووکی بازنەیی دانرابوون. هەندێ لەو تابلۆ بازنەییانە ئاڵای ڕەنگینی کوردستانیان لەسەر کێشرابوو. هەروەها لەسەر هەموویان بە شێوەیەکی زنجیرەیی هەندێ مێژووی گرنگی کورد و کوردستان نووسرابوون. بێگومان بە دیتنی ئەو تابلۆیانە زۆر دڵخۆش بووم. هەزار خۆزگە ئەم جۆرە کارانە زیاتر پەرەیان پێ دەدرا و هەستی نەتەوەیی کوردیش بەهێزتر و بەهێزتر دەکرا.

لە دەوروبەری نیوەڕۆ گەیشتینە ناو زاخۆ. لە برایم خەلیل کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ بوو. دوای نیوەڕۆ، بێ هیچ گیروگرفتێک، پردەکەی برایم خەلیلمان بەرەو ئەودیوی سنوور بڕی. لە دیوی تورکیا یەکە بە یەکە جانتایەکانیان کردینەوە. من کە چەند کتێبێکم پێ بوو، لەبەر هەندێ زیاتر ڕایانگرتم. برادەرێکی هەولێری، چونکە بڕوانامەیەکی قوتابخانەیی وەرگێڕدراو بە زمانی ئینگلیزی لا بوو، کە وشەیەکی کوردستان"هەرێمی کوردستانی عێراق"ی لەسەر بوو، سووکایەتی پێ کرا، کاتێ ئەفسەرە تورکەکە دەستی لەسەر "کوردستان"ەکە دانا و پێی گوت: "کوردستان دەوڵەت نییە!" بە هەرحاڵ ئەویشیان لەگەڵ ئێمە واز لێ هێنا. کوڕە هەولێرییەکە کە خەڵکی گەڕەکی "موفتی"ی شاری هەولێر بوو، بە کاری بازرگانییەوە خەریک بوو. هەر لەبەر هەندێش دەهاتە تورکیا و لەوێوەش بۆ قوبرس. لەسەر سنوور تورکمانەکانیشمان بینی کەوا چۆن کوردیان، بە پاسەپۆرتی بەناو تورکمانی، لە کوردستان وەدوور دەخستەوە و پەڕاگەندەی ئەورووپایان دەکردن.

لە سلۆپی چوومە میوانخانەی "بێش قارداش" کە پێشتر باسی ئەو شەوەی مانەوەم لەوێ کردووە. دەبێ ئەوەش بڵێم خاوەنی میوانخانەکە کە کابرایەکی 40-50 ساڵان دەبوو، گوتی: "کوردەکانی عێراق خەریکن کوردستان چۆڵ دەکەن. هۆی سەرەکیی کارەکەش مەسعوود و جەلالن!" بۆ بەیانی زوو بە پاسێک ڕووم لە ئەنتالیا کرد. شار و شارۆچکە کوردییەکانی جزیرا بۆتان، نوسەیبین، مێردین، قزلتەپە، ئورفە، بیرەجک، نزیپ، غازی عێنتاب و زۆری دیکەشم لەسەر ڕێ بوو. هەتا ناوچە کوردنشینەکانمان جێ هێشت 3-4 جار کۆنترۆڵی ناسنامەکانمان کرا. نەفەرێکی ڕەگەزپەرستی تورک لەتەک منەوە دانیشتبوو کە خەڵکی "کلس"ی لای غازی عێنتاب بوو. ئەو تورکە هەر کە زانی خەڵکی هەولێرم، گوتی: "چۆن تورکی نازانی، لە هەولێر ئیکی=دوو ملیۆن تورکمان هەن؟!"



من وەرامی قسەکەی ئەوم دایەوە، بەڵام ئەو گەنجە کوردەی کە دەیزانی کابرا شتێکە، وەرامەکەی منی بە تورکی پێ نەگوت. لە کۆتاییشدا دەرکەوت کە کابرای تورک پێشتر ئەفسەری پۆلیس بووە. من خۆم ناسنامەکەیم بینی لە کاتی کۆنترۆڵکردندا.

لە ڕێگا تا ئێستاش جێ گوللە و گوندی وێرانکراوی چەندین ساڵەی شەڕی نێوان گەریلاکانی پ.ک.ک و هێزەکانی دەوڵەتت بەر چاو دەکەوێ. لە هەندێ شوێنی کوردستاندا بە خەتی درشت "MHP دێ یان بەڕێوەیە" نووسراوە. ئەوەی شایانی باسە م.هـ.پ ڕەگەزپەرستترین و فاشیستترین حیزبی سیاسیی دژ بە کوردانە لە تورکیادا. لە هەمان کاتیشدا حیزبی ناوبراو هاوپەیمانی حیزبی دەسەڵاتدارە لە حکوومەتی ئەمڕۆی "بوڵند ئەجەڤیت"دا. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین لە دوای گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و نەمانی گەریلاکانی پ.ک.ک" بە ڕادەیەکی زۆر" لە باکووری وڵات، ئەمڕۆ شەڕ و پێکدادان زۆر کەمتر لە جاران ڕوو دەدەن. ئەو گەرموگوڕییەی کە دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە ئارادا بوو، ئەمڕۆ هەر هەستی پێ ناکرێ. خوێنەران لەم بوارەدا شارەزای بیر و ڕاکانی منن، بۆیە بە پێویستی نابینم لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە.

دوای 24 سەعات ڕێگا بڕین گەیشتینە ئەنتالیا. من شەو و ڕۆژێکی تەواو لەو شارە مامەوە. ئەنتالیا کە ژمارەی دانیشتوانی نیو ملیۆن کەس دەبێت، شارێکی خۆش و دڵگیرە. شاری ناوبراو گەورەترین شاری کەناری دەریای سپیی ناوەڕاستە و لەسەر دەشتێکی بەپیت هەڵکەوتووە، کە چەندین چیای بەرزی بە بەفر داپۆشراو دەورەیان داوە، بێجگە لە کەنارە دەریاییە جوانەکانیشی. ئەم شارە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیتالیا. پاشان کەمال ئەتاتورک شارەکەی خستەوە بن ڕکێفی کۆماری تازە دروستبووی تورکیا. ئەنتالیا کە زیاتر لە شارێکی ئەورووپایی دەچێ، کەمێ کوردیشی تێدا هەیە کە ئیش و کاری دەستگێڕی و چێشتخانە و ئەم جۆرە کارانە دەکەن. من خۆم لاوێکی کوردی شاری "مەلاتیا"م لەوێ بینی، کە لەسەر جادde یاریی منداڵانی دەفرۆشت.

"هەر بەهارێک ڕێکخراوی کوردیی جوداخواز پ.ک.ک، وەک هەمیشە. هەڕەشەی تەقاندنەوەی شوێنە تۆریستییەکان لە تورکیا دەکات، بۆ ئەوەی کەمێ دواتر جۆرێک لە ئاگربەس ڕابگەیەنێ". ئەم چەند وشانە لە لاپەڕە شەشی ڕۆژنامۆکەیەکی سویدی وەرگیراوە، کە لە کاتی بلیتکڕیندا بە خۆڕایی بەسەر کڕیارەکان"گەشتکەران" دابەش دەکرێ. هەڵبەت ئەو بەهارەی کە باسیشی کراوە، ئێستا لە خەزانیشی خراپتر بەسەر هاتووە! من تەنیا لەبەر هەرزانی و نەبوونی

کات، بە مەبەستی یارمەتیدانی خوشک و براکانی خۆشم، ڕێی ئەنتالیام هەڵبژارد. قەتیش هەستم بەوە نەکرد، وەک تۆریستێک، ڕووم کردبێتە تورکیا. دیارە نرخی بلیتەکەش ناچێتە کیسەی تورکەوە.

لە کۆتاییدا زۆر پێم خۆشە چەند قسەیەکی ئەو پیرەمێردە کوردە دنیادیدەیەتان بۆ بگێڕمەوە، کە لە وێستگای پاسی سلۆپی گەلیٚ بە شێلگیرییەوە درکاندنی: "جەلال و مەسعوود دەبیٚ چاک بزانن ئەمریکا و ئینگلیز سەپانی باوکی کەس نەبوونە و نین. ئێستا کە چاکترین هەل و دەرفەت لە بەردەم جەلال و مەسعوودە، پێویستە بە زووترین کات دەست لەناو دەستی یەکتر بنێن و، لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ناکۆکییەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. میللەت دەنگی بۆ کیٚ دا، با ئەو سەرکردە و ڕێبەر بیٚ!" ئەم پیرەمێردە کوردە قسەخۆشە کە بۆ ماوەی چل شەویش لە سلێمانی ماوەتەوە، خەڵکی ناوچەی سلۆپی بوو. کەسانێکی دیکەش گوێیان بۆ قسەکانی شل کردبوو.

بەم جۆرە دوای گەشتێکی خۆش و ماندووبوونێکی زۆر و شادبوون بە زێدی باپیران و دیتنەوەی ئازیزان و ماڵئاوایی لەوان و لە وڵاتیش، لە 28-10-2000 بەرەو زستانی سوێد گەڕامەوە.

* پەیام، ژمارە 31، جەنیوەری 2001، بەریتانیا.

# کەرکووک لە گۆشەنیگای نەتەوەیی کوردییەوە*

هەر لە دوای قووتکردنەوەی دەوڵەتی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکان و پێوەلکاندنی بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان بەم دەوڵەتە تازە چێکراوەوە، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە بست بە بستی نیشتمانی کوردان، لە ڕووی نەتەوەیی و کولتووری و دانیشتوان و...تاد بشێوێنن. شێواندنێک کە لە سەداسەد سڕینەوەی کورد و کوردستان و نەهێشتنی هەر شتێک بگرێتەوە، کە لە دوور یا نزیکەوە، پەیوەندییان بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانەوە هەبێت. دیارە ئەم کارە لە بچووکترین هەنگاوەوە، قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی زگماک و بە سووک تەماشاکردنی مرۆڤی کورد و زۆری دیکەش، دەستی پێکردووە و بە لەناوبردنی جەستەیی ئادەمیزادی کورد و قەڵاچۆکردنی بە نوێترین چەکی ژاراوی و کیمیاویش، هێشتا هەر تەواو نەبووە و، ڕۆژانەش بە بەر چاوی هەمووانەوە ئەنجام و کارەساتە دڵتەزێنەکانی ئەم سیاسەتی بەعەرەبکردن و شێواندنە جوگرافی و کولتوورییە و...تاد ئاشکرا دەبن.



هەر کە باس بێتە سەر شاری کەرکووکی کوردان و گرنگێتییەکەی، بەر لە هەر شتێک ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێکی خەمخۆر و وڵاتپارێزە، بیر لە خاڵێکی گەلێ بەرچاو بکاتەوە کە گرێدراوی خودی ئەم شارە و تەواوی کوردستانیشە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم و پەنجەی بۆ درێژ بکەم پرۆسەی دابەشکردن و لەت و پەتکردنی وڵاتی کوردان و هەبوونی سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی ئەم خاکە شیرینەیە. دیارە کەرکووک نەک هەر لە سەرەتای پرۆسەی دابەشکردنەکەدا چەقی مەسەلەکە بووە، بەڵکو لە دیاریکردن و چارەسەرکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردیشماندا لەو پارچەیەی نیشتمان، لە پاشەڕۆژیشدا، ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەبینێت. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە هەتا کوردان و هێزە سیاسییە دەسترۆیشتووەکان ئاوا لەگەڵ یەک ناکۆک و ناتەبا بن، بێگومان چارەنووسی ئەم شارە دێرینەی کوردستان و دانیشتوانیشی، گەر

ئەمڕۆ خراپتر نەبێت باشتریش نابێت. دیارە ئەم قسەیە تەواوی کوردستان و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەشمان دەگرێتەوە.



گەلی کورد لە باشووری کوردستان و پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی ئەوێندەریش، لە بواری سیاسەتی بەعەرەبکردن و نەهێشتنی سیمای نەتەوەییانەی شار و شارۆچکە و گوند و دەڤەرە کوردییەکان لە لایەن ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە، خاوەن ئەزموون و تاقیکردنەوە و کارەسات و مەرگەساتی بێ هەژمارن. هیچ شوێنێکی ئەو بەشەی وڵات نەماوە بە ئاگری ئەم سیاسەتەی حکوومەتە ناوەندییە یەک لە دوای یەکەکان داخ نەکرابێت. کارەکە ئەوەندە ئاشکرایە و پێویست بە وەبیرهێنانەوە ناکات. هەر بەتەنیا سەیرکردنێکی خێرای ڕەوشی دانیشتوان و ئەتنیکییانەی ئەمڕۆی شار و شارۆچکە و هەرێمەکانی وەک کاولەمووسڵ و خانەقین و مەندەلی و مەخموور و قەراج و کەندێناوە و زۆر شوێنی تریش، بەڵگەی تا بڵێی سادە و بەرچاون بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان. کەواتە کورد لەو بەشەی وڵات، هەڵبەتە لە گشت پارچەکانی تری کوردستانیش، هەمیشە و هەمیشە خۆی لە بەردەم هەڕەشەی لەناوبردن و فەوتاندنی کولتوور و داب و نەریت و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و خاپوورکردنی نیشتماندا بینیوەتەوە. گومانیش لەوەدا نییە تا کورد، وەک نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، سەرجەم مافە نەتەوەیی و مرۆیی و کولتوورییەکانی خۆی وەدەست نەهێنێت، بە واتایەکی تر دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی دانەمەزرێنێت، حاڵی هەر وا شڕ دەبێت. من لێرەدا باس لە ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس ناکەم. ئەوەی من مەبەستمە نەتەوەیەکی گەورە و گرانی بێبەش لە هەر شتێکە. نەتەوەیەکی زوڵملێکراوی وڵات پارچە پارچەکراو بەسەر چەندین نەتەوەی تری هەرێمەکە کە هەموو مافێکیان بۆ خۆیان پێ ڕەوایە و بۆ کوردیش ناڕەوا!

خاڵێکی زۆر گرنگ کە زۆر بە پێویستیشی دەزانم لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم، مەسەلەی داهاتووی شاری کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری و چارەنووسی دانیشتوانی کوردی ئەو شوێنانەیە. وەک هەموومان دەزانین ڕژێمی فاشیستی بەغدا ڕۆژانە، جا بە هەر بیانوویەک بێ، شاری کەرکووک و دەوروپشتی لە کورد پاک دەکاتەوە. دیارە کوردە دەرکراوەکانیش تەنیا دوو ڕێگەیان لە پێشدایە: ڕووکردنە

باشووری عێراق یا پەناهێنان بۆ دەڤەرە ئازادکراوەکانی کوردستان. هەڵبەت دەرد و ئازار و زەحمەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو ئاوارانە بە دەیان وتار و نامیلکەش لە باسکردن نایەن.



داگیرکەرانی کوردستان لە بواری پەرت و بڵاوەپێکردنی کورد و وەدەرنانی لەسەر خاکەکەی، هەنگاوی گەورە گەورەیان ناوە و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەش هەر کە کورد نیشتمانی خۆی بەجێ هێشت، تا ڕادەیەکی باش لە کوردێتییەکەی ڕووت دەکرێتەوە و، گەڕانەوەشی بۆ سەر زێد و وار ئەوەندە ئاسان نابێت، کێش دەڵێ مومکین دەبێت؟!

بە درێژایی مێژوو ئەوە هەر ڕۆڵەکانی کوردن و لە کوردستان وەدوور خراونەتەوە و، زۆربەشیان نەک هەر نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و زێدی باب و باپیرانیان، بگرە بە حەسرەت و کەسەرەوە لە دوورەوڵاتییەوە سەریان ناوەتەوە.

ئەگەر ڕەوشی نالەبار و خەفەتاوی ئەوڕۆی شاری کەرکووک بێنینە پێش چاومان، ئەوا زۆر لایەنی مەسەلەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە هەمووشی خەفەتاویتر نەسازان و پێکەوە هەڵنەکردنی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستانە لەگەڵ یەکتر، کە بە بڕوای من برینی دەردەکەی چەند قات گرانتر کردۆتەوە. هەر بۆ نموونە هەبوونی دوو ئیدارە و حکوومەت، واتا دوو سیاسەت، ئەگەر کورد سیاسەتی هەبووبێ و هەبێ؟! لە بارێکی وادا بمانەوێ و نەمانەوێ مەسەلەی کەرکووک لەجیاتی ئەوەی بکرێتە چەقی چارەسەری دۆزی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا، دەکرێتە پەراوێز و بەڵکو لە بیریش دەکرێت. خەریکبوونی هەردوو حیزبە سیاسییەکەی ئەوڕۆی باشوور بە یەکترییەوە، مەسەلەی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان و گومرگ و نازانم چی و چی دیکەش، ئەمانە گشتیان بوونەتە هۆگەلی ئەوەی کە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت زۆر بە ئاسانی، کێ ناڵێ بە ئەنقەستیش، پشت گوێ بخرێن؟!

من کە منداڵ بووم بارەگای پێشمەرگە لە گوندەکەماندا بوو. گوندیش هەر 17 کیلۆمەتر لە هەولێر دوور بوو. کاتیش سەرەتای حەفتاکان بوو. تا ئێستاش لە

بیرمە کە باسی کوردستان دەهاتە گۆڕێ، سنوورەکەی "جبل حمرین" بوو. ئەو کات نەمدەزانی چیای حەمرین لە کێندەرێیە و سەر بە چ ناوچەیەکیشە. دیارە کە گەورە بووم حەمرین و هەر چوار پارچەی کوردستانیشم بینی، بەڵام هەر لە سەردەمی ڕاپەڕین و پەرلەمان و ئازادی و حکوومەتی کوردیشدا تەسککردنەوەی سنووری کوردستانم بینی. لە کاتی ئێستادا سەربازانی سوپای سەر بە دەوڵەتی عێراق، تەنیا چەند کاتژمێرێک بە پێیان، لە گوندەکەی منەوە دوورن: چوارڕیانی پردێ ـ قوشتەپە ـ هەولێر ـ بێستانە. دیسان دووبارەی دەکەمەوە هەر ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان پارتی و یەکێتی بوو ئاکامێکی وای لێ کەوتەوە.



کەواتە یەکبوونی ڕیزەکانی کورد و هێز و ڕێکخراوە بەرچاوەکانی دەبێتە دەستێکی بەهێز و، پێشگریش لە بەردەم شاڵاوی بەعەرەبکردن و شێواندنی سیمای نەتەوایەتی شاری کەرکووکی خۆشەویست و گشت کوردستانیش. لەوانەیە ئەمە، تا ڕاددەیەک، لەسەر ئاستی نێونەتەوەییش کاریگەری خۆی هەبێت و، کەم تا زۆر دنیاش لەسەرمان بکاتەوە و داکۆکیمان لێ بکات. لێ دیسانیش بە بڕوای من شتە بنەڕەتییەکە بۆ یەکگرتوویی کورد خۆی دەگەڕێتەوە.

هەر لێرەدا جێی خۆیەتی پەنجە بۆ مەسەلەیەکی دیکە درێژ بکەین کە تایبەتە بە بابەتی فیدرالیزم و، سنووری ئەو حکوومەتە فیدرالییەی کە دوای نەمانی ڕژێمی ئێستای عێراق بەرقەرار دەبێت. بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەوە بڵێین کەس نازانێ داهاتووی سیاسیی عێراق، لە پاش نەمانی سەددام، بەرەو کوێ مل دەنێت. تەنانەت هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقیش ئەوەندە لەگەڵ یەک تەبا و کۆک نین و، دان بە یەکتریشدا نانێن. هەروەها لەمەڕ گەلێ بابەتی گرێدراو بە داهاتووی عێراق بیر و بۆچوونی جیاوازیان لە نێواندا هەیە. بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم تاکە شت کە لەسەری ڕێک بن: یەکپارچەیی خاکی عێراقە! خۆ باسی کەرکووک هەر ناکرێت! خەڵکانێکی عەرەبی بەناو دژ بە ڕژێم هەن کە دەیانەوێ، دوای لەناوچوونی سەددام و هاتنە سەر کاری ڕژێمێکی نوێ، لە ڕێگای هەڵبژاردن کوردێتی شاری کەرکووک دیار بکەن. ئەنجامەکانی ئەو کاتیش پێشوەخت لێمان ڕوون و ئاشکران! ئەو پرسیارەی کە لێرەدا

خۆی قووت دەکاتەوە ئەوەیە: داخوا سەرانی کورد و هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتی تا چ ڕاددەیەک مەسەلەی شاری کەرکووک و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ڕژێمیان بە جیددی وەرگرتووە؟ ئایا ئەوان لەگەڵ هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی عێراقیدا لە بنەوە لەسەر چۆن داهاتوویەکی ئەو پارچەیەی کوردستان ڕێک کەوتوون؟ تۆ بڵێی باس لە سنووری دەوڵەتی داهاتووی فیدرالی کوردستان بکەن یان نا؟ ئەگەر دەیکەن بە چ شێوەیەک؟ چۆن لەمەڕ کەرکووک دەدوێن؟ لەگەڵ سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا ناوی کوردستان دەبەن یان هەروەک زۆر جاران دەڵێن: شمال العراق؟!،...تاد. ئەمانە تەنیا بەشێکی گچکەی ئەو پرسیارانەن کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە داهاتووی سیاسیی کوردستان و کەرکووکیشەوە هەیە. گەلی کورد و ڕۆڵەکانی لە چاوەڕوانی بەرسڤی ئەم پرسیارانە و گەلێ پرسیاری تریش دان.

ڕەنگە یەکەم هەنگاو لە بواری پێشگرتن لە سیاسەتی بەعەرەبکردن، هەر نا یەکبوونی بیر و بۆچوونی پارتی و یەکێتی بێ لەمەڕ ئەم مەسەلە گرنگەدا: ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم و، هەروەها ئاشتبوونەوەی هەردوو لایەنی ناوهاتوو بێت کە بێگومان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا کاریگەرییەکی چاکی لەسەر دۆزی هەقخوازی نەتەوەکەمان دەبێت. ئێمە هەمووومان لە زۆر کات و بۆنەدا هەستمان بە جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ڕێکخراو کردووە سەبارەت بە بیر و ڕا و لێکدانەوەیان بۆ زۆر پرسی گرێدراو بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا. تەنانەت لەسەر بابەتێکی ئاوا هەستدار و پڕ گرنگی وەک شاری کەرکووکیش، گەلێ جار بیر و بۆچوونەکانیان لە یەکدی ناکەن. هەر بۆ نموونە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا باس لە نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکان لەسەر خاکی هەرێمی کەرکووک دەکرا. هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی بە دوو شێوەی جودا مەسەلەکەیان دەخستە بەر چاوی خەڵک. هەندێ جاریش بۆچوونەکانی یەکتریان بە درۆ دەخستەوە. دیارە لە هەلومەرجێکی واشدا تەنیا دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان قازانج دەکەن. بە مافی خۆشمانی دەزانین بپرسین: فەلەستینییەکان کە لە کاتی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهار 1991دا دەستیان بە خوێنی کورد سوور بوو، تۆ بڵێی ئامادەیی ئەوەشیان تێدا نەبێ لەدوو ژیانێکی خۆش بگەڕێن و، لەسەر خاکێکی بەپیت و بەرەکەتیش بەجێ نەبن؟!

من پێم وایە نەک هەر شاری کەرکووک، بگرە هەر بستێکی ئەم خاکە بەدەوەی کوردستان، دەبێ بە چاوێک سەیری بکرێ کە بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمان لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوە دابنێت. لە ڕەوشی نوێی ئەمڕۆی جیهاندا گەلانی دنیا بە

سانتیمەتر حیساب بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیان دەکەن. هەتا بۆیان بلوێت بە مووش لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لانادەن. ئەوەی پێشیان باشە لە پێناو پاشەڕۆژی نەوەکانی خۆیان و بەرژەوەندی وڵاتەکانیان ئەنجامیان دەدەن. ڕاستە کە کورد هێشتا گەلێکی کۆیلە و بندەستە.. ڕاستە کە کورد هێشتا نەبووەتە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی.. ڕاستە کە زۆرمان ماوە بگەین بە ئاستی گەلانی دیکەی دنیا...تاد. لێ بەڵێ، ئەمانە قەت بە مانای ئەوە نایەن کە نەتەوەیەکی گەورە و گرانی وەکو کورد هیچی لە دەست نایەت. ناچارم جارێکی تر یەخەی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییە دسترۆیشتووەکانی ئەوڕۆی کوردستان بگرم و پێشیان بڵێم: ئەگەر کورد ڕەشبین و بێ هیوا بێ.. ئەگەر گەشبین و بە هیواش بێ، لە هەردوو باردا هەر ئێوەن بەرپرسیار و ڕێخۆشکەر!

ئەرکی سەر شانی پارتی و یەکێتی و گشت هێزە ئازادیخوازەکانی دیکەی کوردستان و تەواوی جەماوەری خەڵکی چەوساوەی کوردستان و، بێگومان لە سەرووی هەمووشیانەوە دەرکراوان و دەربەدەرانی شاری کەرکووکی کوردان ئەوەیە کە بە کردەوە بسەلمێنن: کەرکووک دڵ و قودسی کوردستانە و هەتا کوردێکیش مابێ، کەرکووک هەر کەرکووکی کوردانە.. کەرکووک کەرکووکی کوردستانە!

ستۆکهۆڵم سێپتێمبەری 2000

* بارزان، ژمارە 36 و 37، مای 2001، ئەمەریکا.

# هەستی نەتەوەیی کوردی و چەند سەرنجێک*

دوای ئەوەی کە پێنج شەش مانگێک لە کەمپی پەنابەرانی شارۆچکەی "سوورەهامار"ی سوێد مامەوە، لە مانگی پێنجی ساڵی 1987، شارەوانیی "ترۆلهێتان" منی وەرگرت و ڕووم لەو شارە کرد. هەر کە گەیشتمە ترۆلهێتان، یەکەمین شت کە بە خەیاڵمدا هات، ناسین و گەڕان بە دوای ئەو کوردانە بوو، کە پێش من بۆ شاری ناوبراو هاتبوون. ئیتر ئەوەبوو ڕۆژێکیان هەر وا بە ڕێکەوت، لە کۆگایەکی گەورەی شارەکەدا، چاوم بە چەند برایەکی کورد کەوت. یەکێ لەو برایانە، کە کاک فەوزی بوو، لە منی پرسی: "خزم و ناسیارت لێرە هەن؟" منیش لە وەرامدا بەوم گوت: "ئێوە هەر هەمووتان خزم و کەس و ناسیاری منن". دیارە ئەویش، وەک ئەوەی من لە مەبەستی پرسیارەکەی تێنەگەیشتبم، گوتی: "مەبەستم لە خزمی نزیکی خۆتە". بە هەرحاڵ من بە ناسینی ئەوان خۆشحاڵ بووم.

پاش ماوەیەکی کەم لە ڕێگای قوتابخانە و شارەوانیی شارەکە و برادەرانیشەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە بە لایەنی کەمەوە پەنجا کوردێک لە ترۆلهێتان هەن. کوردەکانی ئەو شارە کۆمەڵەیەکی کولتووریشیان بۆ خۆیان پێکەوە نابوو. کۆمەڵەکە"کۆمەڵەی کولتووریی کوردی لە ترۆلهێتان" ئەندامی "فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان"ی بارەگا لە ستۆکهۆلم بوو. لە سەرەتادا چەندی بڵێی مەرەقم بوو سەردانی بارەگای کۆمەڵەکە بکەم. من کە ماوەی چەند مانگێک بوو لە پاکستانەوە ڕووم لە سوێد کردبوو، هەر خوا خوام بوو کوردێک بناسم. بە دیتنی هەر کوردێک شاگەشکە و خۆشحاڵ دەبووم. جا بە هەر شێوەیێ بوو خۆم گەیاندە بارەگای کۆمەڵەی کولتووریی کوردی و بووم بە ئەندامێکی کۆمەڵەکەش. کوردی هەر چوار پارچەکانی کوردستان و بە ڕێژەیەکی زیاتریش برایانی کوردی فەیلی"بەغدایی" ئەندامانی کۆمەڵەیان پێکدێنا. ڕەنگە دوو خاڵی هەرەگرنگ کە سەرنجی منیان ڕاکێشابێ، سەبارەت بە کۆمەڵەی ناوبراو، ئەمانەی خوارەوە بن:

یەکەم/سەرەڕای هەبوونی ئەو ژمارەی بەرچاوەی کوردان دەنێو کۆمەڵە و شارەکەشدا، سەیر ئەوە بوو، سەرۆکی کۆمەڵەکە کابرایەکی ئەرمەنی بوو بە ناوی "ئەسپێد کوردیان". من لە لای خۆمەوە هیچ شتێکی تاکەکەسی و تایبەتیم بەرامبەر بە کاک ئەسپێد نییە. ناوبراو لە زۆر بۆنەشدا یارمەتی من و کوردانی ئەو شارەشی داوە. ئەوەی کە جێگای پرسیار بوو بۆ من: داخوا لەناو ئەو هەموو کوردانەی

ویندەرێ، کەسێکی بە ڕەگەز کورد نەبوو، تا سەرۆکایەتی کۆمەڵەیەکی کولتووریی "کوردی" بکردایە؟! نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت، لەناو کوردەکانی نیشتەجێی ترۆلهێتاندا، کەسانێکی بە ئەزموون و ڕێکوپێک و بە تەمەن و سەر بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش هەبوون، کەچی نەیانتوانیبوو لەنێو خۆیاندا کەسێکی بە ڕەچەڵەک کورد بۆ سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێرن. ئەسپێد کوردیان کە لە بنچینەدا ئەرمەنییەکی دانیشتووی ئوردن بوو، هەر لەبەر پاشناوەکەی، زۆر جار لە لایەن کەسانێکی سوێدی لەو شارە بە کورد لە قەڵەم دەدرا. دیارە ناوبراویش گەلێ بە ڕاشکاوی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەیگوت: "من ئەرمەنیم و کورد نیم". هەڵبەت ئەمەش مافی تەواوی خۆیەتی. من خۆم لە دانیشتنێکدا، کە زیاتر کەسانێکی سوێدی تێیدا بەشدار بوون، ئەم قسەیەم لێ بیستووە. دەبێ ئەوەش بڵێین ناوهاتوو لە بیرۆی وەرگرتنی پەنابەرانی ترۆلهێتان کاری دەکرد. هەروەها لە دوای ئەسپێد کوردیان ئەم جارەیان کابرایەکی عەرەبی بەسرەیی خوارووی عێراق بە سەرۆکی کۆمەڵەی کولتووریی کوردیی ترۆلهێتان هەڵبژێردرا. وا دیارە ئێمەی کورد قەت پەند لە هەڵە و شاشییەکانمان وەرناگرین. کابرای عەرەبی بەسرەیی، کە ئەویش مرۆڤێکی خراپ نەبوو، "حارث لفتة" ناوێک و لە پۆلەندا ئەندازیاریی کارەبایی تەواو کردبوو. من کە ئەم دوو برادەرەم لە نزیکەوە دەناسی، ئەوەی ڕاستی بێ چ زانیارییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ کورد و کوردستانەوە نەبوو، وەک بڵێی کارەکەیان بە مل داهاتبوو و شەرمیشیان دەکرد ڕەتی بکەنەوە. هەر کەسانێکی کوردیش بوون کە زانیارییان بەم دووانە دەدا و، دەشیانهێنانە پێشەوە. دووبارەی دەکەمەوە ناوهێنانی هەر کەسێک لەم وتارەدا، بە هیچ شێوەیەک بە واتای ئەوە نایەت، خوانەخواستە من بە مەبەستی شکاندن و لەکەدارکردنیان کارەکەم ئەنجام دابێت.

دووەم/جێگای داخە و بووەتە باویش، کورد لە هەر شوێنێ بن، ناکۆکی و دووبەرەکی قورگیان دەگرێ و ژار و لاوازیشیان دەکەن. بە داخەوە من هەر زوو دەنێو کوردەکانی ترۆلهێتاندا هەستم بەم دیاردەیە کرد. تەنانەت لە کۆتاییدا مەسەلەکە قووڵ بووەوە و دوو کۆمەڵەی دژ بە یەکیشی لێ کەوتەوە، کە یەکێکیان برا کوردە فەیلییەکان دایانمەزراند. سەرەڕای گەلێ تەنگوچەڵەمەش کۆمەڵەی کولتووریی کوردی لە ترۆلهێتان زۆر چالاکی و کاری ئەنجام داوە، کە ڕۆڵێکی چاکیان بینیوە لە ناساندن و پێناسەکردنی کورد و کولتووری ئەو میللەتە بە خەڵکی شاری ناوبراو. ئەم چالاکییانە لە بۆنە جیا جیاکانی وەکو جەژنی نەورۆز و یادی کارەساتی هەڵەبجە و سەری ساڵی زایینی و هی دیکەدا ئەنجام دراون. من خۆم، تەنیا بۆ

ماوەی چەند ساڵێک، بە شێوەیەکی چالاک لە کۆمەڵەدا کارم کردووە و خۆشحاڵیشم بە بەشداربوونم لە زۆربەی هەرەزۆری چالاکییە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵەدا. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم لە ناوەڕاستی ساڵی 1993 شاری ترۆلهێتانم بەجێ هێشت و بۆ ستۆکهۆڵم بارم کرد.

ڕەنگە ئەم کورتە گێڕانەوەیە نموونەیەکی گەلێ سادە بێت لەمەڕ لاوازیی هەستی نەتەوەیی کوردان. ئەگەر لە مێژووی دوور و نزیکی گەلەکەشمان بکۆڵینەوە، گومانم لەوەدا نییە، هەمووشمان دەزانین، بە دەیان نموونەی تریش بەر چاو دەکەون. ئێمەی کورد کە وەک نەتەوەیەکی هوشیار و خەمخۆر لە دۆزە ڕەواکەمان، هێشتا پێ نەگەیشتووین و جیاوازییەکی دیار و بەرچاومان لەگەڵ گەلان و نەتەوە ئازادیخوازەکانی دیکەدا هەیە. هەمیشە بێگانەمان لە خۆمان بە پیاوتر زانیوە و قەدری کەسانێکی لێهاتوو و لێزان و لێوەشاوەی خودی میللەتەکەی خۆشمان نەگرتووە، مەگەر تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە وەها کەسانێک ماڵئاواییان لێمان کردووە و، بۆ هەتا هەتایێ جێیان هێشتووین. دیارە بۆ ئەم دیاردەیەش نموونە گەلێ زۆرە و پێویست بە باسکردنیش ناکات. بە مانایەکی تر دەتوانم بڵێم ئێمەی کورد، بە تایبەتیش سەران و ڕێبەرانمان، کاری هەرە سەرەکیمان جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی فەرمانی بێگانە و دوژمنان بووە. ئەگەر نا بۆ دەبێ پاش ئەو هەموو قەومان و کارەسات و کارەساتە نەتەوەییە، کە یەک بە دوای یەکتردا هاتوون، هیچمان بە هیچ نەکردبێ و، کورد گۆتەنی ڕووڕەشی دنیا و قیامەتیش بین؟!

بەهێزیی هەستی نەتەوەیی دەنێو ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی چەوساوە و ڕزگاریخوازدا، لە ئاو و هەوا و نانیش گرنگترە، بۆ بەردەوامیی ژیانی ئەو نەتەوەیە و مانەوەی لە کاروانی سەختی خەبات و ژیاندا. نەتەوە زیندوو و خەم لە خۆ خۆرەکان، هەر هەل و دەرفەتێکی لەبار کە دێتە پێشیان، لە کیس خۆ نادەن و دەیانقۆزنەوە و، لە هەمان کاتیشدا لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و داهاتووی نەوەکانی خۆیاندا بەکاریان دێنن. بە داخەوە لای ئێمەی کورد مەسەلەکە دەق بە پێچەوانەیە. ئێمەی کورد بە درێژایی چەند هەزار ساڵەماندا بە دەیان و سەدان هەل و ساتی چارەنووسسازمان لە کیس خۆ داوە، کە دەکرا بەهۆیانەوە دەوڵەتی نەتەوەییشمان بۆ خۆمان دامەزراندبا. گەلی خەباتگێڕی ئەریتیریا لە ساڵی 1993، لەناوچوونی ڕژێمی مەنگستۆی لە ئەسیوپیا، بە هەل زانی و یەکسەر دەوڵەتی ئازادی ئەریتیریای ڕاگەیاند. لە باشووری کوردستانیش لە گەرمە گەرمی ڕاپەڕینە گەلێرییە شکۆدارەکەی ئاداری 1991دا، ڕۆڵەکانی گەلی کورد ناچار کران، کە ئاڵای

ڕەنگینی هەڵکراوی کوردستان، بەرامبەر بە سنووری تورکیا بێننە خوارەوە. ئێستاش دوای دە ساڵ ئازادی، هێشتا بە شێوەیەکی کەم ئاڵای کوردستانت، لە ناوچە ئازادکراوەکانی ئەم پارچەیەی وڵات بەر چاو دەکەوێت. من پێم وایە ئەم دیاردەیە تەنیا پەیوەندی بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوڕۆی باشووری کوردستان و سەرانیانەوە نییە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا بۆ کزیی ڕۆشنایی هەستی نەتەوەیی و ڕاددەی خۆ بە کورد زانین و نیشتمانپەروەری و کوردستانییەوە دەگەڕێتەوە. ئەگەر هەستی نەتەوەیی بەهێز و بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی کورد، لای سەرانی ئەوڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان هەبان و پاڵیان پێوەنابان بۆ خزمەتکردنی گەل و نەتەوەکەیان، تۆ بڵێی چارەنووسی کورد ئەم ڕەوشە خەفەتاوی و جەرگبڕەی ئێستای لێ بکەوتایەتەوە: شەڕی کوردکوژیی نێوخۆ، جێبەجێکردنی فەرمانی داگیرکەرانی کوردستان، تاڵانکردنی سامانی نەتەوەیی و داهاتی کوردستان،زەمینە خۆشکردن بۆ ڕاستبوونەوەی چەندین گرووپی ڕەنگاوڕەنگ و جیا جیا کە زۆربەی هەرەزۆریان، ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە کورد و کوردستانە،...تاد.

لە باکووری کوردستان، دوای ڕفاندنە جەردەییەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پ.ک.ک، بە تەنیا چەند وتەیەکی ناوبراو، مەیدانی خەباتی چەکداری چۆڵ کرا و ماڵئاواییش لە چواردە ساڵ شەڕی چەکداری کرا. لە تەلەفزیۆنی میدیاش هێشتا هەر چاومان بە پۆلیسی دڕندەی تورک دەکەوێ کە چۆن سواری سەری دایکانی جەرگسووتاوی کورد دەبن و، بەنێو شەقامەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبووڵ ڕایاندەکێشن و، حەواڵەی زیندانەکانیان دەکەن. هەر لە هەمان تەلەفزیۆنیشدا باس لە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان ی.ن.ک و پ.ک.ک دەکرێت و، هەواڵی سەد کوژراوی ی.ن.ک و وێنەی ماشێنی سووتاو و تۆپ و دۆشکەی سەر شان و زۆری دیکەش بڵاو دەکرێنەوە. ئەمانە دەبێ چەندی بە چەند بێ؟! داخوا ئەمەش هەر گرێدراو نییە بە لاوازیی هەستی نەتەوەیی لەکن هەردوو لای شەڕکەر و بەناو خۆ بە کوردستانیزانیش؟!

لەناو ئێمەی کورد هەمیشە شتە گەورەکان بە قوربانی شتە گچکەکان کراون. ئامانجە بەرزە نەتەوەییە بەنرخەکان دەقەبەڵ بەرژەوەندییە حیزبییە تەسک و تاکەکەسییە هیچ و پووچەکان کراون. داخوازییە مەزن و ڕەواکانی نەتەوە و وڵات پشت گوێ خراون و شتگەلێکی لاوەکی و ناسەرەکی جێگەیانی گرتۆتەوە. سەران و ڕێبەرانیشمان وەک هەمیشە لە خشتە براون و ڕۆڵەکانیشمان مایە پووچ و ڕەنج بە خەسار هەڵپەسێنراون. بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم دیرۆکی دوور و درێژی کورد

دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێت. ئەم وێنەیەی کە لەم چەند دێڕەش نیشان دراوە، ڕوویەکی ئاشکرا و زەلالی سەرتاپای مێژووی نەتەوە و نیشتمانە.

فەلەستینییەکان لە چەند مانگێکی ڕابردوودا ڕاپەڕینێکی جەماوەری و گەورەیان لە هەمبەر دەوڵەت و سوپای ئیسرائیل بەرپا کرد. یاسر عەرەفات و دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینی هەموو گیراوە سیاسییەکانی سەر بە هەردوو ڕێکخراوی حەماس و جیهادیان ئازاد کرد. مەبەستیش لەم کارەدا بە پلەی یەکەم بۆ ئەو شتە دەگەڕێتەوە کە فەلەستینییەکان لە کات و ساتی چارەنووسسازدا، دەیانەوێ بە دۆست و دوژمنان نیشان بدەن، کە ئەوان وەک گەلێکی ئازادیخواز یەکگرتوون و لەسەر داوا ڕەواکانی خۆشیان سوورترن. لە هەمان کاتیشدا باکیان بە کەس نییە تا بە تیرۆریست و خراپەکار ناویان بەرن و، هەموو شێوازێکی تێکۆشانیش لە دژی هێزەکانی ئیسرائیل تاقی دەکەنەوە. ئێمەی کوردیش، بە تایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکان و سەرانمان، لە ناسکترین و دژوارترین قۆناغی خەبات و ڕەوشی نالەباری نەتەوەکەماندا، نەک هەر لەگەڵ یەک ناکۆک و ناتەباین، بگرە یەکدیش دادەپاچین و لە دوژمنانیش خراپتر مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەین. شەڕی کوردکوژیی نێوخۆی کوردستان شتێک نییە بشاردرێتەوە، کە دیسانیش باشترین بەڵگەیە لەسەر نەبوونی هەستی نەتەوەیی لای کوردان. هەروەها دەستبەردابوون لە ئامانجە هەرە پیرۆزەکانی نەتەوە و نیشتمانمان کە ئەویش تەنیا و تەنیا ئازادیی یەکجارەکی گەل و وڵاتە.

جارێکیان برادەرێکی هاوشاریم مێوان بوو. بە ڕێکەوت سەیری دەنگوباسی کەناڵێکی ئاسمانیی عەرەبیمان دەکرد. برادەرەکەم هەر کە چاوی بە پاشای عەرەبستانی سعوودی کەوت، بێ سێ و دوو گوتی: "ئەگەر ڕۆژێ کوردستانیش ئازاد بێ، من بە یەکێکی وەک ئەو کابرایە، شا فەهدی عەرەبستانی سعوودی، ڕازی نابم تا ببێتە سەرۆکی دەوڵەتی کوردستانی ئازاد". منیش هەر ئەوەندەم پێ کرا پێی بڵێم: "چا نییە شا فەهد و بنەماڵەکەی، ئەگەر سامانی وڵاتەکەشیان بدزن، لێ هەندێکی هەر بۆ خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانیان دەهێڵنەوە. هەرچی سەرانی لای خۆمانن، وێڕای بە تاڵانبردنی سامانی نەتەوە و وڵات، کەچی خەریکی کوردکوشتن و سووککردنی ناوی کورد و کوردستانیشن لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەشدا". دیارە برادەرە هاوشاری و هاوگوندییەکەشم قسەکەی منی ئەوەندە بە دڵ نەبوو، چونکە ئەو کات بە دەردی خۆی گۆتەنی کەسێکی تۆخی سەر بە یەک لە حیزبە

دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان بوو. هەڵبەت بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو جۆرە کەسانە، لەوانەیە تا مردنیشیان، هەر بەو شێوەیە بیر بکەنەوە و، بە چاویلکەی تەڵخی حیزبایەتی لە دۆزی ڕەوا و مەزنی نەتەوە و نیشتمان بڕوانن.

من نەهاتووم لە کورتەباسێکی وەهادا شتێکی ڕەق و وشک سەبارەت بە نەتەوە و نەتەوەپەرستی نیشان بدەم. ئەمەیان باسێکی دیکەیە و ناشتوانین لێرەدا بە گوێرەی پێویست و ئارەزووی دڵ لێی بدوێین. من قەت پێم وا نییە، وەک جار نا جارێ لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان، نووسراوەی بەم جۆرە بەر چاو دەکەون، گوایە جەختکردن لەسەر کوردپەرستی و نەتەوەپەرستی، ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە و لەوانەیشە بە زەرەر و زیان بۆ کورد تەواو بێت. نازانم دەبێ چ هەڵە یا تاوانێک لە ئارادا بێت، کاتێ کە کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تری سەر گۆی زەوی، بیەوێ و هەوڵ بدات لە کاروانی گەلانی دیکەی جیهان دوا نەکەوێت، کە بە داخەوە زۆر زۆریش دوا کەوتووە و، دەوڵەتی سەبەخۆ بۆ خۆی دابمەزرێنێت. پەتای لاوازیی هەستی نەتەوەیی، نەک هەر خەڵکی ڕەشۆکی، بەڵکو ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردیشی گرتۆتەوە.

دەبا زۆر نەڕۆین، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانی کورد لە خوارووی کوردستان، پێویستیان بە نیو سەدە و زیاتریش بوو، تا بگەن بەو ئاکامەی کە کوردانە و بۆ کورد و کوردستان خەبات بکەن، نەوەک عێراقییانە و بۆ عێراق و تا ڕاددەیەکیش بۆ نەتەوەی عەرەب. دەست لە کار کێشانەوەی گەلێ لەو ڕووناکبیرە کوردانەی کە پێشتر لەناو ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستیی عێراق تێدەکۆشان، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەم بۆچوونەم. دەبێ ئەوەش بڵێم من مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم خوشک و برایانە دڵسۆزی گەل و نیشتمانی خۆیان نەبوون، بەڵام ڕەنگە لەنێو بۆ نموونە پارتی کۆمۆنیستیی ئیسرائیلیدا، تەنیا عەرەبێکیش نەبینیت. ئاشکراشە کە هەستی نەتەوەیی لای فەلەستینییەکان بە بەراورد لەگەڵ ئێمەی کورد، بە هەولێری گۆتەنی، عەرد و عاسمانی فەرقە. ئەم خاڵەی کە باسیش کرا تەنیا پەیوەندی بە ڕۆشنبیرانی خوارەوەی کوردستانەوە نییە. لە پارچەکانی تری کوردستانیش هەر هەمان تاس و هەر هەمان حەمامە. هەر بۆ نموونە خالید بەگداش کە زەحمەتە خۆی بە چەندین کوردی لێهاتوو و سەرکردە و ڕۆشنبیریش بگۆڕێتەوە، ئەوە چەندین ساڵە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب دەکات. لە باکووری کوردستان، هەرچەندیش یەکەمین شۆڕشی ئازادیخوازیی کوردی و ڕێکخراوەی کوردی و گەلێ شتی دیکەش لەوێ سەریان هەڵداوە، کەچی زۆر لە

سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و ڕێبەرانی کورد لە سەرەتادا لەنێو ڕێکخراوە چەپڕەوەکانی تورک کار و خەباتیان ئەنجام داوە. ئەمەش بۆ سەردەمێکی نزیک، نەک دوور، دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا کە ڕێکخراوەی کوردیی نهێنیش لە گۆڕەپاندا هەبوون، بەڵام لەو بەشەی کوردستانیش، هەروەک پارچەکانی تر، زۆر لە ڕۆشنبیران کەناڵێکی غەیرەکوردییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. گوایە بە وەها ڕێگایەکیش بە ئامانج و مەبەستەکانیان دەگەن و کورد و کوردستانیش دەحەسێننەوە. ئێستاش وا ساڵی 2000 ڕوو لە کۆتاییە و، لەو بەشەی کوردستان باس لە "کۆماری دیموکراتی" دەکرێت. من کاتی خۆی لە ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری خۆشەویستی "گزینگ" بە ڕاشکاوی لەسەر ئەم بابەتە بیر و ڕای خۆم بڵاو کردۆتەوە. هەر بۆیە لێرەدا نامەوێ جارێکی تر هەمان شت دووبارە بکەمەوە.

نەتەوە زیندوو و هۆشمەندەکان قەت قەت ئەو تاوانانەیان لە بیر ناچێتەوە کە لە لایەن دوژمنانیانەوە دەرهەقیان ئەنجام دراون. ئەوان لە سات و دەرفەتێک دەگەڕێن کە بکوژان و جەللادانی خۆیان، ئەگەر بە لەناوبردنی جەستەییش نەبێ، هەر بیاندۆزنەوە و دادگاییان بکەن و ڕاستییەکانیش بۆ تەواوی جیهان ئاشکرا بکەن. ڕەنگە لەم بوارەدا جوولەکەکان باشترین نموونەی ئەم کارە بن. ئەرمەنەکانیش، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لەسەر بە کۆمەڵ قڕکردنەکەی ئەرمەنییانی ساڵی 1915 لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بە دوای لێکۆڵینەوە و ڕیسواکردنی تورکەکان و پشت و پەنا پەیداکردنن بۆ خۆیان. تەنانەت لەم چەند مانگانەی ڕابردوودا، مەسەلەی کۆمەڵکوژییەکەی ئەرمەنییان، لە پەرلەمانی ئەوروپا و کۆنگرێسی ئەمریکاشدا گفتوگۆ و قسەی لەسەر کرا.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت لۆبی ئەرمەنییەکان، چ لە ئەوروپا و چ لە ئەمریکا، لۆبییەکی بەهێز و یەکگرتووە. هەرچی ڕێبەرانی کوردیشن، هەموومان شارەزای قسە و کردەوەکانیانین. جێگای داخە سەرانی کورد نەک هەر لە کورد بوونەتە بەڵا و بەس، بگرە لە هەمان کاتیشدا بوونەتە هۆی سووککردنی کورد و ناوزڕاندنی ئەو میللەتە و پاشخستنیشی لە هەنگاوەکانیدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی. ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێنەکان، کە لە سایەی سەری سەرانی کوردەوە بەسەر سەری کورددا هاتوون، نە هێندە کەمن و نە ئەوەندەش گچکەن تا بشاردرێنەوە و لە بیر بکرێن.

دیارە سەبارەت بە لاوازیی هەستی نەتەوەیی دەنێو کورداندا، دەکرێ بابەتی دوور و درێژ و تێر و تەسەلتریش لەم کورتەنووسینە بنووسرێ. من لێرەدا، زۆر بە

کورتی، لەسەر ئەم مەسەلەیەم نووسیوە. ئەو شتانەی کە لەم باسەدا هاتوون تەنیا چەند سەرنجێکی سەرپێیی بوون. هیوادارم ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بە دڵی خوێنەران بووبێت.    ستۆکهۆڵم/ناوەڕاستی مانگی 2000/12

* گزینگ، ژمارە 30، زستانی 2001، سوێد.

## نەخشەیەکی کوردستان و چەند تێبینییەک*

لەوەتی لە دوورەوڵاتی و غەریبایەتی گیرساومەتەوە، هەتا بۆم چووبێتە سەر، ئامادەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنانە بوومە کە سەبارەت بە پرسی کورد و خاکی کوردستان و، زۆر مەسەلەی تایبەت بەم نەتەوەیە ئەنجام دراون. بە بۆچوونی من تەنیا بەیەکەوە دانیشتن و دەگەڵ یەکتر کۆبوونەوەی کوردان، لەم ئاوارەیی و تاراوگەیەدا، بە قازانج بۆ ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات و بێگومان دۆزی ڕەوای نەتەوەکەشمان دەگەڕێتەوە.

کۆمەڵەی هیوای کوردستان(پێشتر کوردستان ئاوارە) هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە گەلێ کار و خەبات هەڵساوە، کە ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لە ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتییانی کورد لە سوێد، لەمەڕ دۆزی کورد و پرسە جۆراوجۆرەکانی گەلەکەیان. هەر بۆ نموونە یادکرنەوەکانی کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و، زۆر جاریش کەسانێکی سوێدی و بێگانەش تێیاندا بەشدار دەبن. ئەوە بێجگە لە کۆڕ و سێمیناری ئەدەبی و هونەری و چالاکی تریش کە تاکو ئێستا ئەنجام دراون. هیوادارم خەباتکارانی کۆمەڵەی هیوای کوردستان، بە خۆ دوورگرتن لە هەر بیر و ڕایەکی حیزبییانە، لەسەر تێکۆشانی کوردانەی خۆیان بەردەوام بن و خزمەتکاری بەوەفای ئەم نەتەوەیەش بن.

هەر لە درێژەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کۆمەڵەی هیوای کوردستان لە ڕێکەوتی 9-2-2002، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ شاعیری ناسراوی نەتەوەکەمان کاک عەبدوڵڵا پەشێو ساز دا. هەڵبەت خوێنەرانی گزینگ سەبارەت بە کۆڕەکە پێشتر بابەت و نووسراویان خوێندۆتەوە. هەر لەبەر هەندێ من لێرەدا باس لە کۆڕەکە ناکەم. دیارە مەبەستی وتارەکەی منیش شتێکی دیکەیە کە دواتر دێمە سەری.

وەشانخانە کوردییەکان و کەسانێک کە خەریکی کاری کتێبفرۆشی و شتی لەم جۆرەن، لە کاتی بەستنی ئەو کۆڕ و ئاهەنگ و یاد و بیرەوەرییانەدا، بەرهەم و بڵاوکراوە و پەڕتووکەکانیان دێنن و لەوێندەرێ دەیانفرۆشن. بێگومان ئامادەبووانیش بە بینینی ئەم جۆرە بەرهەمانە چاویان دەکرێتەوە و، کەم تا زۆریش دەبن بە کڕیاری شتەکانیان. لە کۆڕەکەی تایبەت بە پەشێوی شاعیریش هەر هەمان کار ئەنجام درابوو. لە دوو سێ لاوە کتێب و گۆڤار و کاسێت و (سی دی)ی کوردی لەسەر

مێز دانرابوون و دەفرۆشران. گومان لەوەدا نییە مرۆڤی کوردی دوورەوڵات و بێ دەوڵەت، هەر کە شتی نوێ و بەرهەمی تازە و ڕەنگین و ڕەسەنی کوردی ببینێت، بە تایبەتیش لە تاراوگەدا، گەر تۆزێک هەستی نەتەوەیی شک ببات، دەبێ دڵی خۆش بێت و هەست بە شانازی و کوردایەتیی خۆشی بکات. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە هەندێ جار، هەندێ شت و بڵاوکراوەت وەبەر چاو دەکەوێ کە پێت ناکرێ قوڕقەپی لێ بکەیت و خۆتی لێ بێدەنگ بکەیت. دیارە هەر ئەمەش مەبەستی سەرەکیی نووسینەکەی منە.

لە کۆڕی شیعر خوێندنەوەکەی مامۆستا پەشێودا، براکوردێکی کەرکووکی، نەخشەیەکی کوردستانی لە سلێمانی چێکراوی دەفرۆشت. من هەر کە نەخشەکەم بینی دەم و دەست تێبینی و سەرنجەکانی خۆم لە دەست برای کەرکووکی نا. ئەویش لە وەرامدا گوتی: "بە خوا کاک مەهاباد، ئەم نەخشەیەی کوردستانم لە سلێمانییەوە بۆ هاتووە و من تەنیا دەیفرۆشمەوە". دەبا لێرەدا زیاتر سەرتان نەیەشێنم و بچمە نێو کرۆکی باسەکەش.



هەروەک دەزانین تا ئێستا لە گەلێ شوێن و کات و بۆنەی جیا جیادا نەخشەی کوردستان چێکراوە و بڵاو کراوەتەوە. ئەگەر سەرنجی تەنیا هەندێکی ئەو نەخشانەش بدەین، لە زۆر شتدا، بە ئاسانی هەست بە جیاوازییەکانی نێوانیان دەکەین. بە بڕوای من ئەمە مەسەلەیەکی تا بڵێی گرنگە و کوردیش، هەرچەند دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆشی نییە، بەڵام دیسانیش دەبێ لەسەر تەنیا یەک نەخشەی کوردستان ڕێک بکەوێت و پێ دابگرێت و بە نیشتمان و خاکی خۆشی بزانێت. گەلانێک هەن تا ئێستا خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان نین، لێ هەمیشە داکۆکی لە تەنیا یەک نەخشەی ئەو وڵاتانە دەکەن کە بە هی خۆیانی دەزانن. قەتیش ئامادەیی ئەوە نیشان نادەن تا سازش لەسەر بستەخاکێکی وڵاتەکانیان بکەن. ئێمەی کورد لە هەر گەلێکی بندەستی دیکەی دنیا زیاتر پێویستمان بە وەها هەڵوێستێکی یەکگرتوو و ناسازشکارانە هەیە.

جا ئەوەی کە لە نەخشەی باس لێکراو زیاتر سەرنجی ڕاکێشام مەسەلەی ناوە. ناوی ئەو شار و شارۆچکە کوردستانییانەی کە ئێمەی دانیشتوانی کوردستان چیان پێ دەڵێین و، داگیرکەرانیش چ ناوێکیان لەبری ناوە کوردییەکاندا بەسەردا سەپاندووین. دەبێ چ ڕەواییەک لەوەدا بێ تا ئێمەی کوردیش هەر هەمان ئەو ناوانە

بەکار بێنین کە کۆڵۆنیالیستان بەسەریاندا سەپاندووین؟ لێرەدا هەر بەتەنێ مەبەستم لە ناوی شار و شارۆچکە و گوند و هەرێم و دەڤەرەکان نییە، بەڵکو مەبەستم تەنانەت لەو ناوانەشە کە پەیوەندییان بە تاکەکەسی کوردەوە هەیە. هەر بۆ نموونە ناوە کوردییەکانی تایبەت بە نەتەوەی کورد و فەرهەنگ و کار و پیشە و هەر شتێکی تر کە وابەستە بن بە کورد و نیشتمانەکەی. ئەگەر من بێم هەر هەمان ناوی داسەپێنراو بەسەر خۆم و نەتەوە و خاکەکەمدا بەکار بێنم، کە داگیرکەران بە داری زۆر پرۆسەکەیان بەرەو پێش بردووە، کەواتە منیش بە وەها کارێکی خۆم، بمەوێ و نەمەوێ، پێم زانیبێ یان نا، هەر هەمان کاری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەم ئەنجام دەدەم. ئەوجا با وەها کارێک تەنانەت لە پێناو چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نەخشەیەکی کوردستانیشەوە بێت. لەوانەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوە لای کەسانێک مایەی گاڵتەجاڕی بێت، بەڵام من بە تەواوی هۆش و باوەڕمەوە ئەمە بیرکردنەوە و لێکدانەوەمە بۆ مەسەلەکە. ئەگەر عەرەبێکی ڕەگەزپەرست و تورکێکی کەمالیست و فارسێکی دڵڕەق بەرامبەر بە کورد بێن ناوێکی خۆیان لە شارێکی کوردی بنێن و، منیش مینا وان، هەر هەمان بنێشت بجوومەوە، ئەوا بەم شێوەیە منیش دەستخۆشی و دەمخۆشییان لێ دەکەم و گوڵی کەسک و سوور و زەردی کوردستانیشیان لە بەرۆک دەدەم. ئێوە دەڵێن چی؟!

لەم نەخشەیەی کوردستاندا کە لە سلێمانی چاپ کراوە، کەسانێکی ئامادەکاری نەخشەکە هاتوون هەر هەمان ناوە غەیرەکوردییەکانی، ناوە فەرمییەکانی، سەر بە دەوڵەتانی داگیرکەر و دابەشکەری کوردستانیان بەکار بردووە. ئەمەش زیاتر باکووری کوردستان، کە نیوەی خاکی کوردستانی گەورەیە، دەگرێتەوە. کەسانی ئامادەکار هاتوون دەقاودەق، لە زۆر جێگەدا، هەر هەمان ئەو ناوانەیان بە هەردوو جۆری لاتینی و عەرەبی نووسیوەتەوە، کە تورکی نەتەوەی سەردەست لەم بەشەی کوردستاندا بەسەر شار و شارۆچکە کوردییەکانیدا سەپاندووە. فەرموون تەماشای ئەم چەند نموونانەی خوارەوە بکەن:

1- (ئامەد) کە یەک لە مەزنترین شارەکانی سەرووی کوردستان و پایتەختی ئەم بەشەی نیشتمانە، وەها نووسراوەتەوە: دیاربکر(ئەوەی ڕاستی بێ عەرەب بەم شێوەیە ناوی ئامەد دەنووسن). تۆ بڵێی کەسانی ئامادەکار بیریان لەم شتە نەکردبێتەوە؟ دەکرێ ئەمە ناو بنێین هەڵەی چاپ؟ لەژێر (دیاربکر)یش ناوە تورکییە فەرمییەکەی نووسراوەتەوە( Diyarbakir).

2- (جۆلامێرگ) كه ناوی پارێزگا(ویلایەت)ێكی ئەم بەشەی كوردستانە بە (هەكاری) و (Hakari) وازی لێ هێنراوە.

3- (ڕحا) یان (ڕوحا) كه شارێكی گەورە و بەرچاوی كوردستانە (ئورفە) و (Orva)ی پێ ڕەوا بینراوە.

4- (بازید) یان (بایەزید)ی مەزاری خانی كه كورد و دانیشتوانی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر بەم ناوە دەیناسن، بە (دۆغۆبایەزید) و (Dokhobyazid) وازی لێ هێنراوە. تورك خۆشیان ناوە توركی(لاتینییەكە) بەم شێوەیە نانووسن. شایەنی باسە بایەزید هەمیشە مەڵبەندی كوردایەتی و بەرخۆدان بووە. ڕۆنیشتڤانانی ئەو دەڤەرە هەردەم شانازییان بە كوردبوونی خۆیان كردووە و چقڵی چاوی دوژمنانیش بوونە. لە هەشتاكاندا، لە دەمەدەمی كودەتا سەربازییە فاشیستییەكەی (كەنعان ئەڤرین)دا، خەڵكی بایەزید لە دەروازەی شارەكەیاندا تابلۆیەكیان هەڵواسیبوو كه بە درشتی لەسەر نووسرابوو: بەخێر بێن بۆ كوردستان! ئەمە ڕاستییەكە و درۆ نییە. كەسانێك لە دانیشتوانی ئەم شارە بۆ نووسەری ئەم چەند دێڕانەیان گێڕاوەتەوە. هەر لە هەمان شاردا خەڵك بوێرانە، كاتی خۆی، هاریكارییەكی بێ وێنەیان بەرامبەر بە هونەرمەندی گەورەی كورد شڤان پەروەر نواندووە.

5- لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا (ورمێ) ناوێكی زۆر خۆش و لەبەر دڵانە. (ئورومیە) لەسەر زاری كوردان گرانە و ئەوەندەش بەكار ناهێنرێ، تا لەسەر نەخشەی كوردستانی لە لایەن كوردان چێكراو نێوی بكەوێتە نێو نێوان!

ئەمانەی سەرەوە تەنیا چەند نموونەیەك بوون و بەس! خۆ ئەگەر لە زۆربەی ئەو ناوانە ورد بینەوە كه لە نەخشەی باس لێكراودا هاتوون، ئەوا نەك بە كورتەنووسینێكی وەها، بگرە بە چەند وتاریش مەسەلەكە تەواو نابێت. پێم باشە گەر بە كورتیش بێ هەندێ تێبینی دیكە لەسەر ئەم نەخشەیە، هەروا سەرپێییانە، بخەمە بەر دیدەی خوێنەران.

1- لە گۆشەیەكی نەخشەكەدا نووسراوە: "سوود وەرگیراوە لە: 1- جوگرافیای كوردستان: م عەبدوڵلا غەفوور، 2- جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق: كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ دایانناوە، 3- هەندێ سەرچاوەی ئینتەرنێت". من خۆم لە كاتی ئامادەكردنی ئەم بابەتەدا بۆ دڵنیابوون لە مەسەلەكە، تەماشایەكی پەڕتووكی (جوگرافیای كوردستان)ی (عەبدوڵلا غەفوور)م كرد. لە كاتی تەماشاكردنەكەدا دوو شتی زۆر سەرەكیم بەدی كرد كه پەیوەندییان بەو نەخشەیەوە هەیە كه لە سلێمانی ئامادە كراوە. یەكەم/ئەو نەخشەیەی كه لە سلێمانی دروست كراوە هەمان نەخشە

نییە کە لە کتێبی (جوگرافیای کوردستان)دا هاتووە. دووەم/ڕاستە عەبدوڵلا غەفوور ناوە فەرمییەکانی شار و شارۆچکە کوردستانییەکانی لە کتێبەکەی خۆیدا بەکار بردووە، بەڵام هەر لە کۆتایی هەمان کتێبدا پاشکۆیەکی دوازدە لاپەڕەیی بە ناوی نافەرمی(ناڕەسمی)ی تەواوی شار و شارۆچکە کوردستانییەکان بڵاو کردۆتەوە، کە دەبوو ئامادەکارانی نەخشەکە زۆر بە گرنگییەوە لێی بڕوانن. بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: جوگرافیای کوردستان، عەبدوڵلا غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاپێک(APEK)، ستۆکهۆڵم 1996، لاپەڕەکانی: 278، 401، 447 و 458.

2- ناوە غەیرەکوردییەکان زیاتر تایبەتن بە بەشێکی دیاریکراوی کوردستان: باکووری کوردستان. لە گەلێ شوێندا تێکەڵ و پێکەڵییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت. تەنانەت ناوە تورکییە لاتینییەکانیش بە ڕاستی نەنووسراونەتەوە.

3- لەم ناوە ناخۆش و قەڵپ و ناکوردییانە بڕوانن: قۆزلوک، عەینول عەرەب، ئۆغزەلی، شیرناق، ئۆزالب، عومەرلی، عوسمانیە، تەلئەبیەز، حساویە فەقانی، یەشیل یورت و تاد...لیستەکەش کۆتایی نایەت!

4- کاتێ کە سەیری نەخشەکە و ناوە کوردییەکانیشم کرد، تێگەیشتم کە ئامادەکارانی ئەم نەخشەیە، زیاتر جەختی خۆیان خستۆتە سەر بەشێکی تایبەتی کوردستان: باشووری کوردستان. زانیارییەکانیشیان لەمەڕ ناوە کوردییەکانی شار و شارۆچکەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم پارچەیەی کوردستان دەگرێتەوە. بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو شتە دەگەڕێتەوە کە پێی دەڵێن: دابەشکردن و لەت لەتکردن و لێکدابڕاندنی نەتەوە و نیشتمانێک کە ناویان کورد و کوردستانە. دوژمنان بە بەردەوامی سیاسەتیان ئەوە بووە ڕۆڵەکانی ئەم گەل و خاکە، هەتا دەکرێ، لێکتر دوور بخرێنەوە و لە یەکتر جیا بکرێنەوە و لە کۆتاییشدا تەنانەت یەکتر و وڵاتی خۆشیان نەناسنەوە!

5- خاڵێکی تر کە لێی دڵنیام سەرنجی جوگرافیاناسانی کورد بۆ خۆی ڕابکێشێت مەسەلەی سنووری خاکی کوردستانە. من پێم وایە کەسانێکی شارەزا و پسپۆڕی جوگرافیای کوردستان، بە بینینی نەخشەکە، کۆمەڵێ بیر و ڕایان لا پەیدا دەبێ، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئامادەکارانی ئەم نەخشەیەی کوردستاندا هاوکووف نابن. ئەم بیر و بۆچوونە جیاوازانەش، جگە لە مەسەلەی ناوەکان، پەیوەندییان بە خودی سنوور و پانتایی خاکی کوردستانەوە دەبێت.

ئەگەر زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەیەک و سیما و ناسنامەی بێت، خۆ بە چ شێوەیەک نابێ چاو لە ناوە ڕەسەن و شیرینەکانی ئەم نەتەوەیە بپۆشرێت، کە

پێکهاتەی هەرەگرنگی خودی زمانەکەیە. کاتێکیش باس لە نەتەوەیەکی بندەست بکەین، ئەوا هەر مەپرسە زمان و ناو چ گرنگییەکیان دەبێت لە بە زیندوویی مانەوەی ئەو نەتەوەیە و پاراستنی فەرهەنگە دێرین و ڕەسەنەکەیدا. کەواتە ناو یەک لە شتە هەرە سەرەکییەکانی مانەوەی ئەو گەل و نەتەوانەن کە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی داگیرکەران و دوژمناندا دەناڵێنن. هەر لەبەر هەندێ زۆر پێویستە ئێمەی ئەندامانی نەتەوەی کوردی پارچە پارچەکراو و بندەست، بوێرانە داکۆکی لە ناوە کوردییەکانی تەواوی شار و شارۆچکە و گوند و دەڤەرەکانی کوردستان و، هەر شتێکی دیکەش بکەین کە پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەبێت!

* گزینگ، ژمارە 35، هاوینی 2002، سوێد.

# دیسان بەزمەکەیە!*

ماوەیەکە لەملا و لەولا باس و خواسی وتوویژ و دانیشتن لەگەڵ ڕژێمی خوێنڕێژ و کوردکوژی سەددام حوسێن لە ئارادایە. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی و جیهانیشدا ئەم جۆرە دەنگوباسانە بڵاو کراونەتەوە. تا کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەش هێشتا جاروبار هەواڵی لەم چەشنەمان گوێ لێ دەبێ. خراپ نابێ، گەر بە کورتیش بێ، چۆنیەتی سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە باس بکەین. لە پاشان پێم خۆشە، هەر نا وەک کوردێک، بیر و ڕای خۆشم لەسەر مەسەلەکە بۆ خوێنەرانی هێژای (بارزان) ڕابگەیەنم. بێگومان ئاواتەخوازم توانیبێتم، لە میانەی ئەم وتارەدا، شتێکم سەبارەت بە مەسەلەیەکی وەها گرنگ و چارەنووسساز هێنابێتە ئاراوە.

ئێوارەیەکیان وەک هەمیشە لە ماڵەوە گوێم بۆ بڵاوکراوەی هەواڵەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی (الجزيرة) شل کردبوو. لە یەکێ لە هەواڵەکاندا باسی ئەوە کرا گوایا سەرۆکی عێراق داوای دانیشتنی لەگەڵ کوردەکان کردووە. دیارە هەر بە هەمان شێوە سەددامی دیکتاتۆریش نیشان درا کە گوتەی "كل كوردي شريف"ی لەسەر زار بوو. هەروەها لە درێژەی هەواڵەکەدا ئاماژە بەوە کرا کە نوێنەری پارتی دیموکراتیی کوردستان لە ئەنقەرە گوتوویەتی: "ئێمە تەنیا بەو شێوەیە لەگەڵ حکوومەتی عێراق دادەنیشین، ئەگەر مەسەلەکە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و خودی کۆفی عەنانیش بێت!" دیارە بە بیستنی ئەم وتەیەی دواییان هۆپەکم لە خۆم زانی و، ئەوەی ڕاستیش بێ هێشتا بۆم زەحمەت بوو کە باوەڕ بە قسەکە بکەم. تەنیا دوای ڕۆژێک بیرکردنەوەکەی من بە ڕاست وەرگەڕا، کاتێ کە لە بەشی هەواڵەکانی کوردستان تیڤی بەرپەرچی کەناڵی ئەلجەزیرە درایەوە و گوتراش: "نوێنەری پدک هەر لە ئەنقەرە نەبووە و ئێستا بە سەردان لە کوردستانە و شتی وەهاش ڕانەگەیەنراوە". گەر بە هەڵەدا نەچووبم ڕۆژێک دواتریش، هەر لە کوردستان تیڤی، باس لەوە کرا کە سەرکردایەتی پدک بیر لە قسەکانی سەددام دەکاتەوە و لێشی دەکۆڵێتەوە. ئینجا چەند ڕۆژێکی دیکەی بەسەرچوو، گوێمان لە بەیاننامەی دووقۆڵیی پدک و ینک بوو کە لە کوردستان تیڤی خوێنرایەوە. لە بەیاننامەکەدا تەنانەت وشەی (بەڕێز)یش بۆ کوردکوژ و جەللادێکی وەک سەددام حوسێن بەکار هێنرابوو. برای خوێنەرەوەی هەواڵەکە، ماڵم قەبرە، بە زەحمەت وشەی (بەڕێز)ی بۆ خوێنرایەوە.

هەر لەسەر هەمان بابەت د. جەبار قادر لە بەرنامەیەکدا(ڕووبەڕوو)، لە میدیا تیڤی، بە بەشداریی دوو میوان و چەند کەسێکیش بە تەلەفۆن، مەسەلەی دانیشتن و وتوویێژی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی باشووری دەگەڵ ڕژێمی عێراق خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. من بۆ خۆم زیاتر بەشێکی قسەکانی مامۆستا جەمال نەبەز و تەواوی قسەکانی کاک عەبدوڵلا پەشێویشم بەدڵ بوو. هیواداریشم لە بەرنامەی (ڕووبەڕوو)دا، هەروەک یەکەمین پەخشی بەرنامەکە، دوو کەس بەرامبەر بە یەک دابنرێن کە لە بیر و ڕادا دانوویان بەیەکەوە نەکوڵێت و، وەکو یەکیش بیر نەکەنەوە. بەرنامەکە بەم شێوەیە سوودمەندتر دەبێت و پڕ بە پێستی ناوەکەیشی دەبێت.

ئێمە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی زۆربەی شۆڕش و ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە کوردییەکان، لە هەموو بەشەکانی کوردستان بدەینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕێبەران و سەرکێشان و چاوساغانی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە، وێڕای جودایی کات و شوێن و چۆنیەتی ڕووداوەکان و...تاد، لێ دیسانیش لە زۆر خاڵدا یەکدەگرنەوە و، بگرە هەر هەمان هەڵە و شاشی، دووبارە و دەبارەش دەکەنەوە. با زۆر دوور نەڕۆین: کاتێ مرۆڤ لە کردار و ئاخاوتنەکانی پدک و ینک و ڕێبەرانیان ورد دەبێتەوە، ناچار دەبێت پرسیارێکی وەها لە خۆی بکات: تۆ بڵێی ئەوان، دوای ئەم هەمووماڵکاولی و کارەسات و قوربانی و هەروەها تاقیکردنەوەکانیشیان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، ڕژێمێکی وەک عێراقی داگیرکەری کوردستان و خوێنڕێژێکی وەک سەددام حوسێنیان، هێشتا بە چاکی نەناسیبێت؟!

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێم: باوەڕ ناکەم لەناو هیچ میللەتێکدا سەرکردەی وەکو سەرکردەکانی لای ئێمە هەڵبکەون، کە تەنیا بە فشە مەرحەبایەک دەرگای دڵیان بۆ دوژمنانیان بکەنەوە و، لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا دوژمنی باوەکوشتەی خۆیان لە بیر بکەن. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم هەر تەنیا چاوێک لە باکووری وڵاتمان بکەن و لە ڕەوشی ئەمڕۆی (پ.ک.ک)ش ورد ببنەوە. سەرکردەیەکمان هەبوو خەڵک لە خۆشەویستییان، خۆیان بۆ دەسووتاند، کەچی ئێستا نەک هەر ئەو بگرە ئەو پارتەی کە سەرکردایەتی دەکرد و دەکات، لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە پاشا پاشاتر و لە بیرکردنەوەشدا هەر دەڵێی کتومت داگیرکەر خۆیەتی. داخوا لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا نموونەی وەها بەر چاو دەکەوێ؟

وەک لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە دەوڵەتە داگیرکەر و نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان، بە درێژایی هەبوون و مامەڵەکردنیان لەگەڵ نەتەوەی بندەستی کوردمان، جار لە دوای جار و بەوپەڕی وەستایانەش، چەکی بەناو دانیشتن

و وتوویژ و ئاگربەس و برایی و یەکسانی و بەرژەوەندی نیشتمانییان لەهەمبەر گەلی کورد و خاکی کوردستان و بزاڤی ئازادیخوازی و سەران و ڕێبەران و ڕێکخراوە و پارتە سیاسییەکانی ئەم میللەتە بەکار هێناوە. تەنیا بۆ تاکە جارێکیش، ئەو ئامانجانەی کە کورد مەبەستی بووە، لەم بەناو دانیشتن و وتوویژانەدا، چنگی نەکەوتووە و هەمیشە ڕەنج بە خەسار و مایەپووچ و پەشیمان و بێ هیوا، ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار، دەست لە ئەژنۆ و چارەنووس نادیار لێی پاڵ داوەتەوە. بە بۆچوونی من ئەوەی تا ئێستا کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی تێکشکاندبێ، بە پلەی یەکەم نەبوونی هەستی نەتەوەیی بەهێز و نایەکگرتوویی کوردان و ڕیزەکانیان و ڕێبەرانیان و، هەروەها نەبوونی عەقڵی سیاسیی کوردی ساغ و دروستە. دوژمنانی کورد زۆر بە چاکی عەقڵی کورد و سەرانی ئەم گەلە چەوساوەیان خوێندۆتەوە. لە هەمان کاتیشدا بە زیرەکترین شێوە سوودیان لە ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان سەرکردە و هێزە سیاسییەکانی ئەوسا و ئێستای کوردستان وەرگرتووە و وەریشدەگرن. خۆ هەر کاتێکیش ویستبێتیان دڵی سەرانی ئەم گەلە خۆش بکەن، تۆ بڵێ قەشمەرییان پێ بکەن، ئەوا عیسا ئاسا دەمیان لە زاراوەکانی ئاشتی و برایەتی و وەکهەڤی و پێکەوە ژیان و نازانم چی و چی دیکە داوە. بە ناشوکریش نەبێ سەرکردەکانی لەمەڕ خۆمان، هەر دەڵێی پەروەردەی دەستی دوژمنان و داگیرکەرانی ئەم گەل و وڵاتەن و، زرە سڵاوێک بەسە تا ڕوو لە پایتەختەکانی حکوومەتانی کوردستان پێوە لکێنراو بکەن و، ئەملا و ئەولای دیکتاتۆران و جەللادان و خوێنمژانی ئەم گەلەش ماچ بکەن.

لە بەیاننامە دووقۆڵییەکەی پارتی و یەکێتیدا باس لە ڕاگرتنی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و بەعەرەبکردن لە کەرکووک و ناوچە کوردنشینەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ڕژێم کراوە. بێگومان ئەگەر بە نووسینیش بێ ئەمە شتێکی خراپ نییە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە و چاوەڕوانی وەرامیشە ئەمەیە: ئایا ڕژێمێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆریکی وەک سەددام حوسێن تا هەنووکە چ گوێیان بە بەیاننامە و بڵاوکراوەی لەم چەشنە داوە یان نا؟! بۆ وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە کە هەموو کوردێکی دڵسۆز پێشوەخت وەرامی دەزانێت، هەر تەماشایەکی خێرای ئەو هەواڵانە دەکەین کە لە خودی کوردستان تیڤی خوێنراونەتەوە: "سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کەرکوک بەردەوامە، دروستکردنی 2500 خانوو بۆ ئەو فەلەستینییانەی کە سەددام بەتەمایە لە بەغداوە بۆ کەرکووکی کوردانیان بێنێت، گۆڕینی ناوی سێ شوێنی کوردنشینی کەرکووک و دەوروبەری، دۆزینەوەی ماددەی TNT و تەقەمەنی لەناو

لۆرییەکی بارهەڵگری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە بەغداوە هاتبوو و دەستگیرکردنی شوفێرەکەیشی کە بە ڕەگەز توونسییە، تەقاندنەوەی چەند بارەگایەکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر و زاخۆ، ناردنی تورمبێلێکی پڕ لە تەقەمەنی بۆ هەولێر،...تاد". ئەم کارانە و گەلێکی دیکەش گشتیان بە سەرپەرشتی دەزگای موخابەراتی عێراقی ئەنجام دراون. دیارە ڕۆژانەش خۆ بۆ چالاکی و کاری تۆقێنەرانە و گێرەشێوانەی تر ئامادە دەکرێ، کە مەبەست لە هەموویان ترساندنی خەڵک و پشێوی نانەوە لە کوردستان و، هەروەها لەناوبردن و سڕینەوەی هەر ناو و شوێنەوارێکە کە پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەبێت، بە تایبەتیش لەو شوێنانەی کە هێشتا لەژێر پێی پیسی بەعسی داگیرکەر دەناڵێنن و ئازاد نەکراون.

ڕژێمی بەغدا پێشبڕکێ لەگەڵ کات دەکات و هەموو هۆ و ئامراز و ڕێگەیەکیش بۆ نەهێشتن و ڕاپێچانی ئەو کوردانە بەکار دێنێت لە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی. لووتکەی ئەم بەعەرەبکردن و پاکتاوی نەژادییە شاری کەرکووکی کوردان و دەوڵەمەند بە زێڕی ڕەشی گرتۆتەوە. من ناڵێم جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی چاویان ئەمانە نابینێت. بێگومان ئەم دووانە، سەربەڕە و بنبەڕە، ئاگاداری ڕووداو و پێشهاتەکانن. ئەو پرسیارانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ڕێی تێدەچێ ئەمانە بن: ئێوە بۆ وا خۆشباوەڕن و زوو زوو دەکەونە داوی داگیرکەرانەوە؟ داخوا ناکرێ سوود لە دانیشتن و وتووێژەکانی پێشووتان لەگەڵ ئەم ڕژێمە خوێنمژ و دیکتاتۆرە دەم بە خوێنە وەربگرن؟ ئایا هەست بە چ جۆرە کەمییەک ناکەن بە ڕێگەدانتان بە بڵاوکردنەوەی وەها بەیاننامەیەک؟ ئایا چ حیسابێکتان بۆ نەتەوەی کورد و بیر و ڕای خەڵکانێک کردووە. کە ڕەنگە لە خۆشتان نزیک بن، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بێ بێدەنگییان هەڵبژاردبێ؟ ،...تاد.

سەددام هەرچەندیش جەللاد و خوێنڕێژ بێت، بەڵام فێڵباز و زۆرزان و سوودوەرگریشە لە هەل و دەرفەت و ڕووداوەکان. ئەمە ڕاستییەکە و نابێ چاوی لێ بپۆشین. لە کاتێکدا کە دەنگی ناڕەزایی لە هەمبەر گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپایی و تەنانەت لە ئەمریکاش بەرز دەبێتەوە، لە کاتێکدا کە وڵاتان بەرە بەرە پەیوەندی دیپلۆماسییانەی خۆیان لەگەڵ ڕژێم دادەمەزرێننەوە، لە کاتێکدا کە شاند و نوێنەرانی ڕێکخراوە جیا جیاکان و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بگرە ئەوروپایی و ئەمریکاییش سەردانی بەغدا دەکەن، لە کاتێکدا کە چین و ڕووسیا پێشتر و ئێستاش لە زۆر بۆنەدا دژ بەو بڕیارانەن کە سەبارەت بە عێراقن،

له کاتێکدا سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی بەهۆی مەسەلەی فەلەستین و ئابلۆقەی ئابووری سەر عێراقیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە کاتێکدا دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی پارچەکانی تری کوردستانی لەت لەتکراو سەرلەنوێ لە عێراق نزیک و نزیکتریش دەبنەوە، لە کاتێکدا عێراق خەریکی ئەوەیە جارێکی دیکە بێتەوە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و کۆڕ و دەزگا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، لە کاتێکدا ڕژێم هەست بەو ڕەوشە نائاساییەی کوردستانی ئازاد دەکات کە لە ئەنجامی شەڕی نێوخۆییەوە هاتە ئاراوە،...تاد. ئا کتومت لەم کاتانە و زۆر ساتەوەختی گونجاوی تریشدا، دیکتاتۆر دێتە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و کەڵەشێر ئاسا بانگ دەدات و کۆتری سپیی ئاشتیش هەڵدەدات. دیارە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە هیچ شێوەیەک باوەڕ بە قسەکانی سەددام ناکەن. هەرچی سەران و ڕێبەرانی کوردیشن، با بۆ تەنیا جارێکیش بێ، هەست بە لێپرسراوێتی خۆیان و ئەرکی پیرۆز و گرانی سەر شانیان بکەن و، بشبنە نوێنەری ڕاستەقینەی داوا ڕاستەقینەکانی گەل و نەتەوەکەیان. مێژوو کە لە کەس خۆش نەبووە، لەوانیش خۆش نابێت!

مافی من و گشت کوردێکی خەمخۆریشە بپرسێت: دانیشتن لەگەڵ کێ و لە پێناو چ؟! ڕژێمێک کە سادەترین مافی هاووڵاتییانی خۆی پێشێل بکات، تۆ بڵێی شایانی ئەوە بێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت و، مەسەلەی چارەنووسی گەلێکیشی دەقەبەڵ بکرێت؟! دەبێ چاوەڕوانی چ لە ڕەگەزپەرستێکی کەللەڕەق و تاوانبارێکی بێ وێنە و کەسێکی دەروون نەخۆش و هەناوڕەشی وەک سەددام حوسێن بکەین؟! ئارییێل شارۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، لە چاو سەددامی خاوەن قەسابخانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و بارزانییان و سیاسەتی بەعەرەبکردن و زەوی سووتاندن و زۆری دیکەش، هەر دەڵێی هیچی نەکردووە. بێگومان شارۆنیش مرۆڤکوژ و تاوانبارە و پێویستیشە وەک هەر تاوانبارێکی تر بە سزای خۆی بگات. سەددام و ئەو، وەک دەڵێن کوجا مەرحەبا! ئەو شتەی کە لە میانەی ئەم نموونەیەدا مەبەستمە بیڵێم: ئایا فەلەستینییەکان و یاسر عەرەفاتی سەرۆکیشیان باوەڕ بەو قسە و بەڵێنانە دەکەن کە لە لایەن شارۆنەوە دەردەچن؟! داخوا هەڵوێستی عەرەفات و بەرپرسیارانی دیکەی فەلەستینی هەر هەمان هەڵوێست و هەڵسوکەوتی سەران و بەرپرسانی لەمەڕ خۆمانە یان جیایە؟

شتێکی بەڵگەنەویستە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان، نەک هەر تەنیا لە باشووری کوردستان، بگرە لە پارچەکانی تری وڵاتیش، هەر کاتێ پێیان باش بووبێ، هەڵبەت بە لێکدانەوە و بۆچوونی خۆیان، ئەوا بێ سێ و دوو لێکردن

ڕووگەی هەرەپیرۆزیان پایتەختی ئەو دەوڵەتانە بووە کە بە دڕندانەترین شێوە و هەموو جۆرە چەکێکی کوشندە و قڕکەر، ویستوویانە کورد لەناو ببەن و خاکی کوردستانیش حەڵاڵی خۆیان بکەن. بە کورتی و بە کوردی خاوەنی ڕاستەقینەی دۆزەکە، واتا نەتەوەی کورد و ڕۆڵەکانی، هەمیشە فەرامۆش کراون و چ حیسابێکیش بۆ بیر و ڕاکانیان نەکراوە. دیارە ئەم کارە دەبێ ڕێک بە پێچەوانە بێت. لە زۆر شوێنی جیهاندا ڕاپرسی و ڕیفراندۆم و وەرگرتنی بۆچوونی خەڵکی چەوساوە و گەلانی بندەست بایەخێکی زۆریان پێ دراوە. تەنانەت ڕێکخراوە ئازادیخوازییەکانی ئەم گەلانەش، بە پێچەوانەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی لای خۆمان، هەمیشە لەسەر داوا ڕەواکانی گەل سوورتر بوونە و، داواشیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردووە کە تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی دۆز و مەسەلەی گەلەکانیان، دەبێ لە ڕێگای سندووقی دەنگدان و پرسکردن بە خەڵکەوە بێت. تیمووری ڕۆژهەڵات نموونەی هەرە بەرچاو و پڕ مانا و بوێرانە و زیرەکانەیە، کە دەبێ کورد و سەرانیشی پەند و وانەی لێ وەربگرن. هەڵبەت نموونەی دیکەش زۆرن، هەروەکو ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ و مەکەدۆنیا و دانیشتوانی بیابانی ڕۆژئاوا و شوێنی تریش، کە هەریەکە و بە جۆرێک پەیوەندی بە ڕاپرسی و دەنگدانەوە هەیە.

ڕەوشی سیاسیی ئەمڕۆی خوارووی کوردستان گەیشتۆتە پلەیەکی وا ناسک و نادیار، کە گەلی کورد خۆی دەبێ سەرپشک بێ لە هەر جۆرە هەڵبژاردن و بڕیارێکدا. ڕاستە ئێستا شەڕ و ئاژاوە لە ئارادا نەماوە و هەردوو هێزی دەسەڵاتداری کوردستان بە مەسەلەی ئاشتی نێوخۆییەوە مژوولن، لێ لەسەر هەردوو لایەنی ناوبراو و تەواوی هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی تریش پێویستە بە زووترین کات هەنگاوی گونجاو بنێن. لە کەمترین باردا، هەر نا بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و کۆکردنەوەی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و خۆشی لە خۆ نەدیوی کوردستان لە دەوری دروشمێک، کە خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەم پارچەیەی نیشتماندا بکات. من خۆم لەسەر ئەو ڕایەم، هەروەک چۆن ئۆتۆنۆمی لە زەرەر و زیان زیاتر چ خێرێکی بۆ کورد نەبوو، فیدرالیش نەک هەر لە سایەی ڕژێمی فاشیستی بەغدا، بگرە لە عێراقی داهاتووشدا وەرامدەرەوەی ئامانج و ئاوات و خواستە ڕاستەقینەکانی گەلی کورد نابێت. دیسان هەر پێم وایە ئێمە بەم جۆرە هەنگاوانەمان ، پێمان زانیبێ یان نا، تەنیا و تەنیا ڕێگا لە خۆمان درێژ و درێژتر دەکەینەوە. مەبەستیشم لە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە. با ئەوەشمان لە بیر نەچێت هێزەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، بە هەموو بیر و

بۆچوون و ڕێبازێکیانەوە، چ بەرنامەیەکی وایان لا نییە تا لە دوارۆژ کورد و ڕۆڵەکانی لە سێبەریاندا بحەسێنەوە و بە ئامانجەکانیشیان بگەن. زۆر لەم گرووپ و تاقمانە، گەر بچنەوە عێراق خۆیان بە غەریب دێتە بەر چاو، کەچی تەنانەت دان بە کوردێتی ئەو شار و شارۆچکە و ناوچانەش نانێن، کە لە لایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەغداوە بەعەرەبکراون و سیمای نەتەوایەتی و کولتووری و شارستانییان شێوێنراوە. کەواتە کورد چ گەرەنتییەک شک نابات لە عێراقێکی داهاتووشدا کە مەلایەکی شیعە و عەرەبێکی سوننی ڕەگەزپەرست و نەوەی پاشایەکی نەناس و دەوڵەتانی دراوسێش چاویان تێبرِیبێت. خۆ ئەگەر باس لە عێراقێکی داهاتووی دیموکراتیش بکەین، دەبێ هەر بەو جۆرە ڕژێمە دیموکراتییانە قایل بین، کە ئەمرۆ ڕۆڵە چەوساوەکانی نەتەوەی کوردمان لەبن دەستیاندا دەناڵێنن. ئەمە ڕاستییەکە و هەر کوردێکی دڵسۆز و گشت ڕێکخراوە کوردییەکانیش نابێ چاوی لێ بپۆشن.

هەر لێرەدا پێم خۆشە جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە من لەهەمبەر دانوستان و گفتوگۆدا نیم. وتوویژ و دانیشتنێک کە خێریان بۆ میللەتەکەم هەبێ، بێگومان وەک کوردێک بە پیریانەوە دەچم. ئەگەر شتەکە پێچەوانەی ئەمەش بێ، تەنیا هەڵخەڵەتاندن و خۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودان بێ، هەتا لە دەستم بێ لە دژی ئەم چەشنە دانیشتن و گفتوگۆیانە دەوەستم. پارتی و یەکێتی و سەرانیشیان دەبێ حیساب بۆ گشت کاردانەوەکانی میللەتەکەیان بکەن، چونکە خەڵک ئەوەندە گوێیان لە پەیمان و بەڵێنی چەور و خۆش بووە، کە ئیتر باوەڕیان بە هیچ شتێک نەماوە. بە بڕوای من چاکترین شت کە هەردوو هێزی گەورەی باشوور پێی ڕابن، لە ڕۆژی ئەمڕۆدا، یەکخستنی هەردوو حکوومەتۆکەکەیان و بەدەستهێنانی باوەڕ و متمانەی ڕۆڵەکانی گەل و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و هۆشیارکردنی هاووڵاتییان و خۆشکردنی ژیانیان و دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ دیاردەی کۆچکردنی لاوانی کوردستان و زۆر کار و خزمەتی تریش. قەت نابێ دڵیشمان بە هاتنی شاندێکی بازرگانیی عێراقی بۆ سلێمانی خۆش بێت. چەندیش بڵێین "ئیدارەی کوردی مردووە" بە هیچ کوێیەک ناگەین و، ئەم قسە و باسانەش دەرمانی دەرد و برینەکانمان نین!

هەر لەسەر گفتوگۆ و دانیشتن دەکرێ نموونەیەکیش بێنینەوە کە ئێستا گەرماوگەرم هۆیەکانی ڕاگەیاندنی دنیا باسی دەکەن. دیارە مەبەستیشم دۆزی ئەلبانەکانی مەکەدۆنیایە. گەریلا ئەلبانییەکان، بە کەمتر لە شەش مانگ، توانییان گەلێ دەسکەوت بەدی بێنن. هەڵبەت دانیشتنەکانی ئەوێندەرێ زۆر زۆر جیاوازییان لەو بەناو دانوستان و گفتوگۆیانەی لای خۆمان هەیە. بێجگە لە نوێنەرایەتی هەردوو

لایەنی بەیەکداچوو، نوێنەرانی هەریەک لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا و ناتۆش، لە زۆربەی دانیشتنەکان بەشدار بوون. ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە گەرەنتی نێودەوڵەتان بۆ ڕەوایی دۆزی ئەلبانەکانی مەکەدۆنیا. کورد دەبێت سوود و پەند لەم چەشنە ئاخاوتن و گفتوگۆیانە وەربگرێت. ئەلبانەکانی وڵاتی ناوبراو بە ماوەیەکی کەمتر لە شەش مانگ، بێگومان لەسەر کاخەزیش، توانییان دەوڵەتی مەکەدۆنیا ناچار بکەن دان بە زمانی ئەلبانیدا بنێت و، وەک دووەمین زمانی فەرمیی وڵاتەکەش بناسرێت. جگە لە بەشداریکردنی ڕاددەیەکی زیاتر لە هاووڵاتییانی بەڕەچەڵەک ئەلبانی لە دەزگای پۆلیسی مەکەدۆنیا و چەندین سەرکەوتنی دیکەش. هەرچی پارتی کرێکارانی کوردستانی لەمەڕ خۆمانە، دوای زیاتر لە چوارده ساڵ شەڕی چەکداری و وێرانکردنی کوردستان وماڵکاولی و قوبانییەکی بێ هەژمار، سەد و هەشتا پلە با دەداتەوە و کوردستانی گەورە و گچکە و باکووریش لەبن پێ دەنێت و وڵات چۆل دەکات و، تازە بە تازەش ئەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هەرگیز بیری لێ نەدەکردەوە و، تەنانەت چ بایەخێکیشی پێ نەدەدا، ئەمجارەیان باسی زمانی کوردی و ناسنامەمان بۆ دەکات. سەیریش لەوەدایە تەنیا دوای ڕفاندنی ئۆجەلان ئەم باسە هاتە کایەوە؟!!

ئەندامەکانی نەتەوەیەکی چەوساوە و بندەست، هەر کاتێ توانییان پشت بە سەرکردەکانی خۆیان ببەستن و باوەڕ و متمانەشیان پێیان هەبێ، ئەوا هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی بیر و ویژدان دەکەن. لە هەمان کاتیشدا خەم لەوە ناخۆن کە بێ نوێنەر و زمانحاڵن. هەر گەلێک کە سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی هەبێ، سەرکردەیەک کە بەر لە هەر شتێکی دیکە بیر لە بەرژەوەندییە بەرز و باڵاکانی گەل و نیشتمانەکەی بکاتەوە، بێگومان وەها گەلێک سەربەرز و سەرفراز دەبێت و شانازیش بە سەرکردە و ڕێبەرانی خۆی دەکات. تۆ بڵێی لە کوردستانی خۆماندا سەرکردەکانمان وەک پێویست هەنگاویان نابێ و بنێن؟! ئایا هەر لە سایەی سەری ئەوان نەبووە کە ئەم میللەتە چەندین جار تووشی کارەسات و بێهیوایی و دڵشکان هاتووە؟! داخوا لە کوردستاندا شتێک یان دیاردەیەک نابینرێت بە ناوی (قەیران یان تەنگژەی سەرکردایەتی)؟! لام وابێ ئەم خاڵەی دواییان باسێکی گرنگە و شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوە و لێتۆژینەوەی لەسەر بکرێت.

لە باری ئەوڕۆی کوردستانی ژێر فەرمانڕەوایی یەکێتی و پارتیدا، سەرەڕای هەموو کەماسییەکیش، هەر کوردێک کە بە قەد تۆزی مشتە خۆڵێکی خاکەکەی شەرەف و ئابڕۆی نەتەوەیی هەبێت، قەت قەت بیر لەوە ناکاتەوە جارێکی تر بۆ باوەشی سەددام حوسێن بگەڕێتەوە. پارتی و یەکێتی، بێگومان جەلال و

مەسعوودیش، دەبێ زۆر وردبینانە بیر لەم خاڵە بکەنەوە، ئینجا دەست بە هەنگاونان بکەن. هەر هەنگاوێکیش کە بۆنی نانیشتمانی و ناکوردستانی و وەلانانی گەل و نەتەوەی لێ بێ، وەها هەنگاوێک بەر لەوەی سەری گەل و نیشتمان بخوات، دیارە وەک کورد دەڵێ: سەری ساحێبەکەیشی دەخوات!

ناوەڕاستی مانگی 2001/8

* بارزان، ژمارە 38 و 39، ئۆکتۆبەری 2002، سوێد.

# کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و سەرنجێکی دڵسۆزانە*

با هەر لە سەرەتادا ئەوە بڵێم مەبەستی من لە خستنەڕووی وەها باسێک تەنیا لە پێناو بەرەو پێشەوە بردن و، زیاتر گەشانەوەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانە نەک شتێکی دیکە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت هەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانن سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکیشیان، شەوانە دەبنە چرای هەڵگیرساوی نێو ماڵەکانمان و لەم دوورەوڵاتی و غوربەتییەدا بەسەرمان دەکەنەوە. گومانیش لەوەدا نییە هەبوونی ئەم کەناڵانە، بە تایبەت بۆ ئێمەی کوردی هەندەران و ماڵ و منداڵ و ئەندامانی خێزانەکانمان لە ئەوروپادا، تاکە پردی بەیەکەوە گرێدان و لەیەک نزیککردنەوەمانە دەگەڵ نەتەوە و نیشتماندا. ڕاستە لە جیهانی پێشکەوتوی ئەوڕۆدا، بەهۆی تەکنۆلۆژیای نوێ و مۆدێرن، هەر بۆ نموونە لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە خەڵک دەتوانن لەگەڵ یەکتری پەیوەندی دابنێن و، ئاگاشیان لە زۆر گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات و دنیاش بێت. لێ بەڵێ، بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی هەنووکەی کوردستان و گەلێ هۆکاری تریش، پێم وایە هەر دەزگای تەلەفزیۆنە کە دەکرێ ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لە وەها بارێکدا. لە کوردستانێک کە هێشتا خەڵک لە زۆر شوێن هەر خەون بە کارەباوە دەبینن، داخوا دەبێ لەمەڕ ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای سەردەم چ زانیارییەکیان هەبێت؟! هەر لەبەر هەندێ دیسانیش هەر تەلەفزیۆنە ئەگەر بتوانێ، کەم تا زۆرێ و بە گوێرەی هەڵکەوتوویی ناوچەکانیش، ڕۆڵی لەم بوارەدا ببینێ کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

شتێکی ئاشکرایە دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ ئێمەی کوردی بێ دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەیی، مژدەیەکی خۆش و جۆرە سەرکەوتنێکیش بوو. هەر لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردی و درەوشانەوەی ئەستێرەی مەد ـ تیڤی لە ئاسمانی کوردستاندا، ئاهێک بەبەر ڕۆڵەکانی گەلی کوردماندا هات و بە زۆر شێوەش هەر لە دەستپێکدا پشتیوانیی خۆیانیان بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنیی ناوبراو ڕاگەیاندووە. دیارە ئێمە زۆربەمان گەواهیدەری ئەم شتەین و پێویستیش بە بەڵگە هێنانەوە ناکات. دوا بە دوای مەد ـ تیڤی، کوردستان ـ تیڤی و ئینجا (کوردسات)یش هاتنە مەیدانەوە. لەبەر هۆکاری سیاسیش زۆر جاران مەد ـ تیڤی دووچاری داخستن و ناوگۆڕین و گێچەڵ پێکردنیش هاتووە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە تا ئێستا لەسەر کار و خەباتی خۆی بەردەوامە. بێگومان هەریەک لەم کەناڵە

تەلەفزیۆنییە کوردییانە، وێڕای وابەستەبوونیشیان بە هێزە دەستڕۆیشتووەکانی کوردستان، لێ دیسانیش بە ئەرک و ڕۆڵی خۆیان هەستاون و ناشکرێ هەروا بە ئاسانی هێڵی ڕاست و چەپیان بەسەردا بێنین. ڕاستە و زۆریش ڕاستە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە سەداسەد ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیانیان نەپێکاوە. ئەمە شتێک نییە کە بشاردرێتەوە یان خۆی لێ ببوێردرێت. خۆ ئەگەر قسەیەکیش بۆ دز بکەین، ئەوا ناچارین بڵێین، لە نێوان ململانێ و کێشمەکێش و ناکۆکی حیزب و ڕێکخستنە کوردییەکاندا، هەر باشە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان توانیویەتیان ئەوەندەش ئەنجام بدەن، کە ئێمەمانان بکارین خۆمانیان پێ هەڵکێشین و بشڵێین ئێمەش کەناڵی ئاسمانیی کوردی شک دەبەین!

من خۆم بە بەردەوامی سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییە ئاسمانییەکان دەکەم، بەڵام زیاتر گوێ لە بەرنامەکانی دەنگوباس و هەواڵەکانیان دەگرم. بە تایبەتی ئەو بەرنامە و دەنگوباسانەی کە لەسەر کوردستان پێشکەش دەکرێن. هەروەها بەگوێرەی کاتیش هەندێ جار سەیری بەرنامە جۆراوجۆرەکانی تریشیان دەکەم. دیارە لەدایکبوونی خودی ئەم بابەتەش هەر لە میانەی تەماشاکردنی دوو بەرنامەی تەلەفزیۆنی هاتە ئاراوە، کە لە هەردوو کەناڵی میدیا ـ تیڤی و کوردستان ـ تیڤی پێشکەش کران. من هێنانەوەی ئەم دوو بەرنامەیە، تەنیا وەک نموونەیەک، دەخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی هێژا. بێگومان گەلێ نموونەی تریش هەن، نەک هەر تەنیا لە هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنیی ناوهاتوو، بگرە لە کوردسات و کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆییەکانی دیکەی کوردستانیش.

جارێکیان هەروا بە ڕێکەوت چاوم بە بەرنامەی (باخچێ گوڵان)ی هونەرمەند گوڵستان پەروەر کەوت، کە هەر پازدە ڕۆژ جارێک لە میدیا ـ تیڤی پێشکەش دەکرێت. من لێرەدا چ قسەیەکم سەبارەت بە ئاستی هونەری و مۆسیقایی بەرنامەکە نییە. دیارە ئەمە کاری منیش نییە، چونکە بابایەکی وەکو من نە هونەرمەندە و نە مۆسیقاژەن تا بتوانێ خۆ لە شتی وا هەڵقورتێنێت. ئەوەی کە زیاتر هەستی منی، وەک بینەرێک بریندار کرد، شێوەی کاردانەوەی خوشکە گوڵستان پەروەر بوو، سەبارەت بە تەلەفۆنکردنی بینەرێکی بەجەرگ و ئازا، کە لەناو جەرگەی ئەستەمبووڵ تەلەفۆنی بۆ بەرنامەکە کرد. برای بینەر بە ڕێزێکی زۆرەوە دەمی کردەوە و پرسیارێکی لەمەڕ دیارنەبوونی هونەرمەند شڤان پەروەر لە پێشکەشکەری بەرنامەکە، واتا گوڵستان پەروەر کرد. کابرا کە لە ئەستەمبووڵەوە پێ

له جەرگی خۆی دەنێت و تەلەفۆن بۆ میدیا ـ تیڤی دەکات، گەر پرسیارێکی هاکەزایی و لابەلاش بکات، نابێ دەمکوت بکرێت و تەنانەت تەلەفۆنەکەشی، بە دەستی ئەنقەست، لێ بقوتێنرێت یان دابخرێت. من کەمێ تێگەیشتنم بۆ خوشکە گوڵستان هەیە و تێشگەیشتم کە وەها پرسیارێک ناوبراوی چەند بێزار و نارەحەت کرد. لێ بەڵێ، تۆ بڵێی پێشکەشکەری بەرنامەیەک بەهۆی شتێکی ئاوەها ئاسایی، توورە بێ و تەنانەت بشڵێ: "ئەم پرسیارە لە خۆی بکەن"، واتا لە شڤان بپرسن؟، "هەر کەسێکیش دڵی بەم بەرنامەیەی من ناکرێتەوە یان حەزی لێ ناکات، با تەلەفزیۆنەکەی خۆی داخات!" دیارە قسەیەکی وەها لە دوو جاریش زیاتر، وەک من ئاگادارم، لە لایەن گوڵستان پەروەر دووپات کراوەتەوە. من پێم وایە کەسێ کە دەبێتە پێشکەشکەری بەرنامەیەک، بەر لەوەی بە ناوی خۆیەوە قسان بکات، پێی زانیبێ یان نا،ئەو کەسە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بووەتە دەمڕاست و قسەکەر بە ناوی گەل و نەتەوە و بێگومان بینەران و تەماشاکەرانیش. جا کەواتە پێشکەشکەری هەر بەرنامەیەک نابێ بە مووش لە پرەنسیپەکانی دیموکراتی و بیر و ڕا دەربڕین و ئازادیی قسەکردن لا بدات. گەر بە هەڵەشدا نەچووبم بینەران مافی تەواوی خۆیانە، بە تایبەتیش گەر لە وڵاتەوە یان لە شوێنێکی وەک ئەستەمبووڵەوە قسان بکەن، شتەکانی خۆیان بێننە زمان و پرسیارەکانیشیان ئاراستەی پێشکەشکەر و هەڵسووڕێنەری بەرنامەکان بکەن. خۆ ئەگەر هەر هەمان بینەر سڵاو و ڕێزی بۆ (سەرۆکی نەتەوی و گەریلایێن سەرێ چیا) بناردبا، ئەوا ماڵم قەبرە حیسابێکی تری بۆ دەکرا و، جا ئەودەم گوڵستان بێزار بووبا یان نا، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی بینەرەکە قوت نەدەکرا. بە دەیان نموونەی وەهامان بینیوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ میدیا تیڤی چارەیەکی بۆ ئەم دەردە نەدۆزیوەتەوە. لەوەش گەرێ لە بەرنامەیەکی بەناو سیاسیدا، کەسێکی درێژدادڕ، جاری وا هەیە زیاتر لە سەعاتێک درێژەی دەداتێ، بێ ئەوەی تەنیا دەرفەتێکی یەک دەقیقەییش بۆ کەسانێکی دیکە بهێڵێتەوە. هەڵبەت کەسە درێژدادڕەکە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبە و بینەرە ئاساییەکەی ئەستەمبووڵیش ئەندامی ناسەرکردایەتی نەتەوەیەکە! دەبێ لێرەدا جەخت لەوەش بکەم، هێنانەوەی ئەم نموونەیە، بە چ جۆرێک مانای داکۆکیکردن لە شڤان پەروەری هونەرمەند و ئەم و ئەو نابەخشێت.

کوردستان ـ تیڤی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە، هەندێ پرۆگرامی ڕۆژانی بەرایی لێ دەرچێت، هەوڵی داوە شتی جۆراوجۆر لەمەڕ کورد و کوردستان پێشکەش بە بینەرانی بکات. ئەو خاڵەی کە لە بەرنامەکانی ئەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییە

زیاتر سەرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشابێ، ماوەکورتی و تا ڕاددەیەک هەمەجۆری و ڕەنگاوڕەنگی بەرنامەکانیەتی. کاک ئەمیری فندی کە یەکێک لە کارمەندانی کەناڵی ناوبراوە، زێدەتر لە بەشی عەرەبی ئەم کەناڵە کوردییەدا دەستبەکارە. ناوهاتوو، جگە لە خوێندنەوەی هەواڵەکان، جار نا جار بەرنامەی تایبەتیش لەسەر پرسی کورد، بە زمانی عەرەبی، پێشکەش بە بینەران دەکات. لە یەکێ لەو بەرنامانەیدا کە نووسەر (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)ی کورد تێیدا میوان بوو، باس لە بابەتی (دیالۆگی کوردی - عەرەبی) دەکرا. خوا هەڵناگرێ نووسەری ناوهاتوو قسەکانی لەجێ بوون و چ ڕەخنەیەکیشم لێیان نییە. ئەوەی کە زیاتر منی هان دا تا لێرە بێمە زمان و لەسەر بەرنامەکەش هەڵبدەمێ، هەمان شێوازی میدیا - تیڤی بوو، کە ئەم جارەیان کوردستان - تیڤی دەرهەق بە یەکێ لە بینەرانی خۆی ئەنجامی دا. لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکەدا بینەرێکی کورد لە وڵاتی نەرویژ تەلەفۆنێکی کرد و، لە کۆتایی قسەکانیشیدا هەندێ جوێنی سیاسییانەی ئاڕاستەی سەددامی ئەنفالچی کرد. بێگومان هەر کەسێ کە سەیری ئەم پرۆگرامەی کردبێ، یەکسەر تێدەگا، مەبەست لە قوتکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە پێشگرتن بوو لە برای بینەر تا چیدی هێرش نەکاتە سەر ڕژێمی ڕەگەزپەرست و کوردکوژی بەغدا! هەڵبەت قسەکانی کاک ئەمیری فندی، لە دوای پچڕاندنی تەلەفۆنەکە، بەڵگەیەکی ڕوونی بۆچوونەکەی بەندەیە. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم گازاندە و گلەیی سەرەکیم لە کاکی پێشکەشکەری بەرنامەکە نییە. کوردستان - تیڤی کە دەزگایەکی سەر بە پارتی دیموکراتیی کوردستانە، وەک هەر دەزگایەکی دیکەی حیزبی، سیاسەت و هێڵێکی دیاریکراوی بۆ کێشراوە تا لەسەری بڕوات. هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان کە بە شێوەیەکی فەرمی داکۆکییان لە کابرایەکی ئەنفالچی وەک نزار عەبدولکەریم ئەلخەزرەجی کردووە، ئەوا زۆر ئاساییە ئەگەر لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانی و نائاسمانییەکانیشیاندا، ڕێ بە بینەران و کوردانێکی ئاوارە و دوورەوڵات نەدەن تا شتێ لەمەڕ دیکتاتۆرەکەی بەغدا باس بکەن.

ئەو کەسانەی کە لە بواری مەسمێدیا و ڕاگەیاندن و کاری تەلەفزیۆنیدا دەستبەکارن، بەر لە هەر شتێ، پێویستە حەوسەڵەیان درێژ و پشوویان فراوان و ئاسۆی بیرکردنەوە و تێڕامانیشیان لە دیاردە و شتەکان هەمەڕەنگ و هەمەچەشن بێ. دیسانیش ئەوە دووپات دەکەمەوە کارمەندانێک کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ئەم بوارانەدا کار دەکەن، هیچ گومانێک لە دڵسۆزی و دڵسووتاوییان

بۆ دۆزی گەلەکەیان لە ئارادا نییە. ئەوەی هەیە و نییە وەها کەسانێک تەنیا تا ئەو جێیە دەتوانن پێ درێژ بکەن کە حیزبەکان و سیاسەتی حیزبەکانیان بۆیان دیاری کردوون.

ئەم دوو نموونەیەی سەرەوە شتێکی زۆر کەمن لە دنیای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی کوردیدا. دەکرێ بە دەیان نموونەی تریش بێنینەوە. لە هەمان کاتیشدا پێم خۆشە ئەوە بڵێم وەها دیاردەیەک تەنیا گرفتی ئێمەی کورد نییە، بەڵکو سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵات و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و زۆر لە دەوڵەتانی تری جیهانیش دەگرێتەوە. من کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی تەماشای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەم، گەر لە دڵسۆزیمەوە بۆ ئەو کەناڵانە نەبا، قەت ئەم چەند دێڕەشم نەدەنووسی. مەبەستی سەرەکیی من، هەروەک لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێ کردووە، تەنیا پێشخستنی تەواوی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتیشە. ئەگەر ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییانە، ئامانجیان ڕاکێشانی بینەر بێ، ئەوا دەبێ گەلێ بە سنگفراوانیشەوە گوێ بۆ ڕا و بۆچوونی ئەوان شل بکەن. جا کەواتە سەرکەوتوویی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنی دیکەش لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە زۆر بە جیدییەوە نرخ و بەها بۆ دید و بۆچوونە جیا جیاکانی بینەران دابنێن و، حیسابی تەواویشیان بۆ بکەن.

<u>ستۆکهۆڵم 10-12- 2001</u>

* گزینگ، ژمارە 33، زستانی 2002، سوێد.

# یەکخستنەوەی ماڵی کورد و چەند وتەیەک*

دیارە چ گومانێک لەوەدا نییە ئاشتی و تەبایی دەنێو کورداندا هەمیشە ئامانجی کەسانێکی دڵسۆز و خەمخۆری ئەم نەتەوەیە بووە و دەبێ. کوردپەروەران لە هەر جێگەیەک بووبن، هەوڵ و کۆششی تەواویان هەرگاڤ لە پێناو ئەوەدا بووە، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە چەوساوە و نیشتمان لەتوکوتکراوە لە یەکدی نزیک بکەنەوە، تاکو بە یەک دەنگ و بە یەک دەست بەرەو ئامانجە دێرین و ڕاستەقینە و نەتەوەییەکانیان بەرن.

وەک لای هەمووومان ئاشکرایە گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە سەدان هەزار شەهید و قوربانی داوە تا چارەنووسی بەم ڕۆژە گەیشتووە و، با بە هەر هۆ و سەدەمێکیش بێ، بەشێکی خاکەکەی وا لەژێر دەستی خۆیەتی و سەرەڕای گشت کەموکوڕییەکیش کورد خۆی حوکمی خۆی دەکات. بە دەردی مامۆستای هێژا و دۆستی گەلەکەشمان د. ئیسماعیل بێشکچی گۆتەنی: "خراپترین ئیدارەی کوردی باشترە لە چاکترین ئیدارەی بێگانە و داگیرکەری کوردستان". هەڵبەت ئەگەر بڕوای تەواوم بەم قسەیە نەبا، ئەوا لێرەشدا نەمدەهێنایەوە.

کورد لەم پارچەیەی نیشتماندا، دوای سەرهەڵدانە گەلێرییە دیرۆکی و پیرۆزەکەی بەهاری 1991، هەرچۆنێ بێ زیاتر خۆی بە دنیا ناساند و وەک گەلێکی خاک دابەشکراو و لێقەوماویش، خۆی و دۆزە سیاسییەکەشی بەسەر تەواوی دنیادا سەپاند. گومانیشم لەوەدا نییە ئەگەر ئەم هەلە بۆ هەر نەتەوەیەکی دیکە هاتبا پێشەوە، لە کورد و سەرانی و ڕێکخراوە سیاسییەکانیشی، زیرەکانەتر و نەتەوەییانەتر و بەرژەوەندخوازانەتریش دەیانقۆستەوە و، بگرە دەوڵەتی سەربەخۆ و نەتەوەیی خۆشیان ڕادەگەیاند.

بەشێکی گەورەی باشووری کوردستان کە دە ساڵ زیاترە لە لایەن کورد خۆیەوە بەڕێوە دەبرێت، حاشا لەوە ناکرێ، لە چاو هەندێ دەڤەری دیکە و خودی عێراقیش لە زۆر بواردا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە. ئەمە شتێک نییە بشاردرێتەوە و زۆربەشمان کەم تا زۆر لێی بەئاگاین. ئەگەر کارەساتی کوردکوژی و دووبەرەکی نێوخۆیی نەهاتبا ئاراوە، دیارە ئەم پارچەیەی وڵات پێشکەوتنی زیاتر و جۆراوجۆری بە خۆیەوە دەبینی و، ئەوکات هەموو تواناکانیش لە پێناوی بووژاندنەوە و بنیاتنانەوە و کاری کوردانە و نیشتمانپەروەرانە بەگەڕ دەخران. بە

داخەوە ڕوودانی شەڕی ناوخۆیی و ئەو کاولکاری و ماڵوێرانییە گیانی و دەروونی و مرۆیی و ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی کە بە دوای ئەم شەڕە نەگریسەدا هات، تا ڕۆژی ئەمڕۆش کاریگەریی بەهێزی خۆی لە دەست نەداوە. ئەمە و جگە لە دابەشبوونی ناوچەکە بەسەر دوو ئیدارە و لە هەمووشی ترسناکتر ئەوە بوو کە عەقڵی خەڵکە ڕەشۆکی و ئاساییەکەشیان دابەش کردبوو. ڕەنگە ئەم قسەیە بۆ هەندێ کەس قووت نەدرێت، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە و ڕاستیش نابێ بشاردرێتەوە.

لە دوای دانیشتنە یەک لە دوای یەکەکانی نێوان هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان، بە تایبەتیش کۆبوونەوە یەکگرتووەکەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی 4-10-2002، خەڵکی کورد چ لە ناوخۆی وڵات یان لە هەر کوێیەکی دنیادا بن، هەستیان بە شادی و خۆشی کرد و، لە کانگای دڵەوەش دیارە هەمیشە هیواخواز بوونە و دەبن تا جارێکی تر بە چ شێوەیەک بیر لەوە نەکرێتەوە، سەرانی کورد لە هەمبەر یەکتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا بۆ چەک و شەڕ بەرن. گومان لەوەدا نییە ناکۆکی نێوخۆیی نەک هەر زیانی بە دۆزی کورد لە باشووری کوردستان گەیاند، بەڵکو زەرەر و زیانەکان تەواوی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتیش گرتەوە. هەڵبەت ئاسانیش نییە لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا هەموو ئەو ئەستەنگانە لاببرێن کە هەتا هەنووکە لە بەردەم چارەسەرکردنی گێرمە و کێشەکاندا قیت بوونەتەوە یا قیت کراونەتەوە. ئەگەر هەردوو سەرکردەی باشوور تەنیا پەندێکیشیان لە ململانێ خوێناوییەکانی نێوان خۆیان وەرگرتبێ، دیارە ئەمە هەر لە قازانجی خۆیان و کوردیش دەبێ. ئەندامانی ئەم نەتەوەیەش، بە هەموو چین و توێژ و گەورە و گچکەیەوە، ئاشتی سەرانسەری و بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسوودەیی و سەرفرازیی گەلی کوردستانیان لا گرنگ و مەبەستە. هەر کاتێکیش چ لایەنێکی کوردی دەستپێشخەری ئاژاوەنانەوەی کردبێ، هەمیشە لە لایەن ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەوە بە تاوانبار دانراوە و ڕەزیل و ڕیسواش کراوە.

لە کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانەدا نەک هەر کورد و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو تەواوی گێتی لە چاوەڕوانیدان. چاوەڕوانیکردنێک کە هەتا دێ شتی نوێ و پێشهاتی سەیر و تا ڕاددەیەک حیساب بۆ نەکراویش دەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە. ئەمڕۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بیر لەوە دەکاتەوە داخوا کەی جەللادەکەی بەغدا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی لادەبرێت و، لەبری ئەویش کێ یان ڕاستتر چ تاقم و لایەنگەلێک خۆیان لەسەر شانۆی ڕووداوەکان و دەسەڵاتی داهاتووی عێراقدا دەبیننەوە. کورد کە وەک نەتەوەیەکی چەوساوە و بێ دەوڵەت، لە هەر کەس و

لایەنێکی دیکە زیاتر بە ئاگری ڕژێمی سەرەڕۆ و خوێنمژ و دیکتاتۆری فاشیستی بەغدا داخ کراوە، دەبێ هەر لەگەڵ نەمان و لەناوچوونی سەددام و بەعسدا بیکا بە شایی و لۆغان و هەڵەکەسەما. دیارە ئەگەر هەر بۆچوون و قسەیەک (بەڵام)ێکی زلی بۆ زیاد بکرێ، ئەوا هیچ شک و گومانێک لەوەدا نییە کە مەسەلەی ڕووخاندنی ڕژێمە ڕەگەزپەرستییە عەرەبییە عەفلەقییەکەی بەغداش بە دەیان ئەگەر و پرسیار و بەڵامی زل و زەبەللاح هەڵدەگرێ. من خۆم وەک مرۆڤێکی کورد و نەتەوەیی، فیدراڵی بە چارەسەری بنەڕەتیی دۆزی کورد نازانم، بەڵام هەرگیز دژی ئەوەش نیم کە کورد لە پاش نەمانی ڕژێمی ڕەشی عێراق، بە شێوەیەکی فەرمی و دانپیانراو، وەها دەستکەوتێکی چنگ بکەوێ. دەستکەوتێک کە لەسەر ئاستی جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە پێگەیەکی قانوونیی پەیدا بکات و ئەو پارچە کوردستانە بەزۆر لکێنراوەی عێراقیش، لە ڕووی جوگرافی و ئیدارییەوە، بە شێوەیەکی فەرمی سنووری دیار و بەرچاو و دانپیانراو بێت. هەروەها لە هەمان کاتدا جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم گۆڕینی دیکتاتۆر بە دیکتاتۆرێکی تر، هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی نوێی داگیرکەری کوردستان لە جیاتی حکوومەتە کۆنەکە، کودەتایەکی سەربازیی نوێ لە پایتەختی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکەی کوردستان و زۆری تریش، دیارە ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بە کردەوە قەت لە بەرژەوەندی کورددا نەبوونە و کێ دەڵێ دەشبن؟! بە واتایەکی دیکە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، ئەم جارە و لەم دەرفەتە مێژووییە و بارە ناسکەی جیهان و ناوچەکەشدا، دەبێ پێشوەخت بەلانی کەمەوە جۆرێک لە گەرەنتیکردن و بەدەستخستنی مافە ڕەواکانی کوردی لە گیرفاندا هەبێ، دەنا کێ ناڵێ سبەی دوارۆژ ئاغا نوێکانی بەغدا حاشا لە هەموو شتێک و حیسابی پەلکەپیازێکیش بۆ کورد ناکەن؟! سیاسەت کە پیسترین و قرێژترین گەمەیە هەر شتێکی لێ دەوەشێتەوە. تەنیا ئەو کەسانەش لە گەمەی سیاسەتدا بە براوە دادەنرێن کە گرێدراوی دۆزی گەلەکەیان و بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیشی بن.

لە ڕۆژی ئەوڕۆدا یەکخستنەوەی ماڵی کورد نەک هەر کارێکی ئێجگار بەلەز و پێویستە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکی زۆر پیرۆز و نەتەوەیی و نیشتمانییە. خۆ سستکردن و خۆ گنخاندن لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە نەتەوەیی و کوردستانییەدا تا بڵێی کارێکی ناکوردانە و قەبووڵنەکراویشە. پارتی و یەکێتی کە بە دانیشتنەکانی ناو پەرلەمان تروووسکەهیوایەکیان خستە نێو دڵی جەماوەری خەڵکی کوردستان، دەبێ بە هەموو شێوە و ڕێگایەکیش گرێدراوی ئەو سۆز و بەڵێنانە بن کە بە گەلی کوردیان دا.

جێبەجێنەکردنی بڕگە و بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەی دواییان، یان خۆ دزینەوە لە کارەکە، بە تایبەتیش لە هەلومەرجێکی وا دژوار و ناسکدا، بە دەیان و سەدان نیشانەی پرسیار لە بەردەم خودی پڕۆسەکەدا ڕاست دەکاتەوە.

یەکگرتوویی وتاری سیاسیی کوردی، لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بۆ ڕەوشی ئێستای کورد، بە تایبەتیش لە باشووری کوردستاندا، شتێکی چارەنووسساز و گەلێ پێویستە. هەردوو پارتە دەستڕۆیشتووەکەی ئەو بەشەی کوردستان، ئەم جارەیان دەبێ زۆر وریا و چاوکراوە و قایم بن و، حیسابیش بۆ گشت ئەگەرەکانی قۆناغی دوای نەمانی ڕژێمی سەددامی خوێنمژ بکەن. پارتی و یەکێتی و تەواوی هێزە سیاسییەکانی خوارووی کوردستان و سەرجەم خەڵکی کوردی ئەو پارچەیەش، دەبێ تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە، هەنگاوان بنێن و ناشبێ بە چ شێوەیەک هەروا بێ مەرج ببن بە کەواسووری بەر لەشکری ئەم و ئەو.

کورد کە بە درێژایی مێژوو لە کاروان بەجێ ماوە، تۆ بڵێی ئەم جارە ئەوەندە زیرەک و ژێهاتی بێ، هەل و دەرفەتەکان لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بقۆزێتەوە و لە ئەنجامیشدا ببێ بە شتێک؟! سوید/ناوەڕاستی دیسێمبەری 2002

* بارزان، ژمارە 40، 41، مای 2003، ئەمەریکا.

## کام سەرکەوتن؟*

من خۆم بە بەردەوامی سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەم. دیارە بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەو بەرنامانە سەرنجی من ڕادەکێشن کە گرێدراون بە ڕەوشی سیاسیی کوردستان و هەواڵەکانی ناوچەکە و هەندێ مەسەلەی تریش. ئەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییە حیزبییانە چ دەڵێن و چ ناڵێن، ئەمەیان بابەتێکی دیکەیە و هەمووشمان کەم تا زۆر لەم کارەیان بەئاگاین.

تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە کۆتایی ساڵی 2002، هەروەک جاری جاران گوێم بۆ هەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات شل کردبوو. ئەو کچە ژێکەڵەیەی کە هەواڵەکانی دەخوێندەوە، بە یەکەمین هەواڵی گرنگ سەرنجی من و بینەرانی بۆ خۆی ڕاکێشا: "دوای گەشتێکی سەرکەوتووی بۆ ئەورووپا، ئەمڕۆ مام جەلال گەڕایەوە بۆ کوردستان". جاری پێش هەر شتێک بە قەدەر سەرەدەرزییەک گلەیی و گازاندە لەم کچە کوردە ناکەم، چونکە هەواڵێکی وا دەخوێنێتەوە. ئەو وەک کارمەندێک لەم کەناڵە تەلەفزیۆنییەدا کار دەکات و بێگومان پارە وەردەگرێت و کێ ناڵێ حیزبییش نییە؟ دیارە مرۆڤیش ئازادە لە هەڵبژاردنی شوێنی کاری خۆی و هزر و بیرکردنەوەیدا. پرسیارەکەی من زۆر بە کورتی و بە تەنیا دوو وشە بەم جۆرەیە: کام سەرکەوتن؟

وەرامدانەوەی ئەم پرسیارەی سەرەوە کارێکی ئەوەندە دژوار نییە تا نەتوانین خۆ لە قەرەی بدەین. لە دەستپێکدا دەبێ ئەو بڵێم سەرانی کورد، بە تایبەتی جەلال تاڵەبانی، کە دێنە دەرەوە هەر مەپرسە چ دەڵێن و چۆن قسان بە با دەدەن. جەلال تاڵەبانی هەر کە کوردستان بەجێ دێڵێ، من وەک کوردێک یەکسەر خەم دامدەگرێ و هەراسان و پەرێشان دەبم. لەبەرچی؟ چونکە: زۆر بە داخەوە تا هەنووکە، ئەوە بۆ 15 ساڵ دەچێ لەو ئەورووپایەم، ئێستاشی دەگەڵدا بێ نەک هەر سەردانێکی سەرکەوتووی سەرانی کوردی بێ دەوڵەتم وەبەر چاو نەکەوتووە و بەس، بگرە هاتنی ئەوان خۆی لە خۆیدا مایەی بنپێکردنی داوا ڕەواکانی کوردان و بگرە تا ڕادەیەک سەرشۆڕی و حەیاچوونی کوردانیشی تێدا بووە. حەیاچوون بە مانای ئەم ڕستە سواو و بەکارهاتوو و هەمیشە لەسەر زارانەی سەرانی کورد: "کورد دەوڵەتی ناوێ، کورد نایەوێ عێراق پارچە پارچە بکات، بە گوڵ پێشوازی لە سوپای تورک دەکەین، عێراق وڵاتی خۆمانە، ئێمە عێراقین، کوردی دەرەوە کەسانێکی بێکار و بەکرێگیراو و

هیچ لە دەست نەهاتوون و زۆری تریش". جا نازانم ئەم جۆرە سەردانانە چ خێرێکیان بۆ کورد تێدا هەیە و دەبێ؟!

کوردسات کە وەک کوردستان تیڤی و میدیا تیڤی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی حیزبیی ڕەق و تەقە، گەلێ ئاساییە کە دوا گەشتەکەی جەلال تاڵەبانی بە گەشتێکی سەرکەوتوو بزانێت و باسیشی بکات. من ناڵێم کارمەندانی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییانە ئاگایان لە باس و هەواڵەکان نییە و لەمەڕ سەردانەکانی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و کەسانێکی دیکە بۆ ئەورووپا ئاگادار نین. ئاشکرایە کەسانێک کە لەم جۆرە دام و دەزگا حیزبییانەدا کار بکەن، هەر ئەوەندەیان ڕێ پێ دەدرێ یان لە دەست دێ، کە تا هەنووکە ئەنجامیان داوە. ئەوان خۆشییان بێ یا ترشی، بەر لەوەی هەواڵخوێنەرەوەی نەتەوە و نیشتمان بن، هەواڵی تایبەت بە حیزبەکان و بەرژەوەندییە حیزبییە تەسک و تریسکەکان دەخوێننەوە. ئەمە ڕاستییەکەی وەک ڕۆژی ڕووناکی کوردستان دەدرەوشێتەوە.

جەلال تاڵەبانی کە لە کوێت بوو داکۆکی لە جەللادێکی کوردکوژی وەک خەزرەجی کرد. بەهۆی قسەکانیشی یەک دنیا ڕەخنەی توند و تیژی پێ برا. ناوبراو هێشتا لە شام بوو، بە شان و باڵی هەڵبژاردنەکانی تورکیا و پارتەکەی ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی هەڵ دەدا و بە (شۆڕشی سپی) ناوزەدی دەکردن. هەر کە هاتە تورکیاش، وەک هەمیشە، بە ڕووی خۆش و خەندە و پێکەنینی بێتامەوە، کەرکووکی کوردانی بە موڵکی گشت ڕۆڵەکانی عێراق زانی و بەرەی بەناو تورکمانیی تۆرانی و سەنعان ئاغای بە دۆست و پشت و پەنا دانا و، هاتنی سوپای تورکیای داگیرکەریشی بۆ نێو خاکی باشووری کوردستان پێ کارێکی ئاسایی بوو. بێجگە لە چەندین قسەی بێ بەڵگە و ناوەڕۆکی تریش کە لە تورکیادا بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتە کردبوونی. ئەم قسانەی تاڵەبانی لە سەرشۆڕی زیاتر چی دیکەی بۆ خودی تاڵەبانی و سەرانی یەکێتی و سووکایەتیکردن بە کورد و شەهیدان و قوربانییەکانی ئەم گەلە نەهێناوە. خۆ ئەگەر باسی شڕە کونگرەکەی لەندەنیش بکەین، ڕەنگە جەلال تاڵەبانی لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر باری شڕتر بێ. لەو کۆنگرەیەدا کورد نەک هەر تەنازولی کرد، بگرە بە دەستی خۆی جەللادانی خوێنمژ و ئەنفالچییانی نموونەی وەفیق سامەڕائی هێنا ناو کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی کۆنگرەکەوە. هەروەها هێنانی کەسانێکی وەک مەشعان جبووری بۆ ناو کۆنگرەکە و بە هیچ شێوەیەکیش باسنەکردنی کوردستانیەتی ناسنامەی شاری کەرکووکی کوردستان. خودی جەلال تاڵەبانی لەو کۆنگرەیەدا چەند بۆکسێکی وەبەر کەوت. کابرای بۆکسوەشێنیش

فایەقی شێخ عەلی بوو کە باوکی تورکمانە و دایکیشی ئێرانییە. لێرەدا دیسان پرسیارێکی زۆر سادە دێتە پێشەوە: تۆ بڵێی ئەم جۆرە سەردان و کۆنگرە و فشەهەڵوێست و تەنازولە بێ مانایانە، بۆ کورد و کوردستان، بە سەرکەوتن بژمێردرێن؟! وەرامی ئەم پرسیارەش لای هەر کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف و خەمخۆر ڕوون و ئاشکرایە.

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە ماوە بڵێم: عێراقچێتی و خۆ بەستنەوە بە پایتەختی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، قەت چ خێرێکیان بۆ خودی سەرانی کورد و تەواوی نەتەوەکەش نەبووە و نابێ! ستۆکهۆڵم 3-1-2003

*تێبینی: بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لە ماڵپەڕ و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و جیهانی وەرگیراوە. هەروەها بابەتەکەش هەر لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئاڵا تاڵەبانی، تکایە بە ناوی کورد قسان مەکە!*

ئێوارەی 2003/1-14/13 لە بەرنامەی (قناديل في الظلام)ی د. محێدین ئەللازقانی، کەناڵی ئاسمانیی ANN لەژێر سەردێڕی (العشائر و الاقليات فى المعادلات العراقية المستقبلية)، کۆڕێکی گفتوگۆی ساز کرد. لەو کۆڕەدا جگە لە بینەران، سێ کەسیش ڕاستەوخۆ بەشدار بوون کە ئەمانەن: عەزیز سەمەنچی(نوێنەری بەناو بەرەی تورکمانی عێراقی)، بەهرام زیا(ڕێکخراوی نەتەوەیی ئاشووری) و ئاڵا تاڵەبانی(یەکێتی ژنانی کوردستانی عێراق).

جارێ لەپێشدا نێوبردنی کورد بە (العشائر و الاقليات) خۆی لە خۆیدا سووکایەتیکردنە بە تەواوی نەتەوەی گەورە و گرانی کورد. چەپ و ڕاستیش لەملا و لەولا هێرشی ناڕەوا دەکرایە سەر داوا ڕەواکانی نەتەوەی ستەملێکراو و بێ دەوڵەتی کورد. ڕاستە کەسانێکی بە شەرەف و بە ویژدان جارناجار داکۆکییان لە کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی دەکرد، بەڵام کابرای تورکمانی سەر بە میتی تورکیا هەر مەپرسە چۆن ژەهری لە دەم دەباری و مێشکیشی، خوا ئاگادارە، لە شتی بۆگەن و هیچ و پووچ تژی بوو، یان تژی کرابوو.



ئەوەی زۆر جێگەی داخ و مایەی شەرمەزارییە بۆ ئاڵا تاڵەبانی و ڕێکخراوەکەی و ئەو پارتە کوردییەی کە هەموومان دەزانین (یەکێتی ژنانی کوردستانی عێراق) سەر بەوە، ئەو قسانەی ناوبراو بوو لەمەڕ هیوا و خواست و ئامانجە دێرین و نێزیکەکانی نەتەوەی کوردمان. کاتێ لە درێژەی بەرنامەکەدا وێنەی نیشتمانپەروەری ناسراوی کورد جەواد مەلا نیشان درا، کە ئاڵایەکی ڕەنگینی کوردستانی بە دیاری دەدایە (موعەممەر قەززافی)ی سەرۆکی لیبیا، پێشکەشڤانی بەرنامەکە د. محێدین ئەللازقانی لە پرسیارێکدا ڕووی لە خاتوو ئاڵا کرد و گوتی: "داخوا ئەم ئالایە، ئالای کوردستان، بە مانای ئەوە نایەت کە ئێوەی کورد نیازی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیتان هەیە؟! کێ ناڵێ ئێوە لە دڵەوە شتێکی وا ناخوازن؟!"

هەرچی خاتوو (ئالآ)شە، وەک ئەوەی بە پرسیارێکی ئاوەها کەعبە کەچ بووبێ، کەمێ دەمی تێکئالآ و بگرە هەندێ سووریش بووەوە. ئەوجا وەرامێکی کوردییانە، بەلآم حیزبییانەی دایەوە و گوتی: "ئەم ئالآیە تەنێ یادگارییەکی کۆماری مەهابادی کوردستانی ئێرانە.. ئەم ئالآیە بە مانای چ شتێ نایەت و نوێنەرێتی کەسیش ناکات. هەر کەسێ بۆی هەیە خەون بە دەولەتی کوردییەوە ببینێ، بەلآم ئێمە چ نیازێکی سەربەخۆییخوازیمان نییە...تاد". هەروەها خاتوو (ئالآ)ی نوێنەری (یەکێتی ژنانی کوردستانی عێراق) جارناجار لە قسەکانیدا (شمال العراق)یشی لە جیاتی باشووری کوردستان بەکار دێنا. بەکاربردنی (شمال العراق) لە لایەن کوردێکەوە، لە چاکترین باردا، تەنێ بە مانای خۆبەستنەوە بە دەولەتێکی داگیرکەری کوردستان و عێراقچێتییەوە دێت.

ئەگەر ڕۆژانە سەرکردەکانی کوردی ئەو بەشەی کوردستان، لە دەرەوە و نێوەوەی ولآتدا، باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق بکەن و دوژمنان دلنیا بکەنەوە لەوەی کە کورد قەت بیر لە پارچە پارچەکردنی عێراق ناکاتەوە، شتێکی زۆر سرووشتییە ئەگەر کەسێکی نموونەی خاتوو (ئالآ)، ئالآی پیرۆزی کوردستان بە هیچ و تەنێ یادگارییەک پێناسە بکات. کەسی ناوهاتوو ئازادە لەوەی چۆن بیر دەکاتەوە و ناکاتەوە، بەلآم ئەو نابێ بە خەیالیش بیر لەوە بکاتەوە کە کورد و ڕۆلەکانی ئەم نەتەوە بەشخوراو و لەت لەتکراوە لەگەلّ بۆچوونەکانیاندا هاوکووفن!

خاتوو ئالآ، لەبەر هیچ نا، هەر لەبەر خاتری ناوەکەی خۆت، ڕێزت بۆ ئالآی <u>پیرۆزی نیشتمانەکەت هەبێ!</u>

* لە مالپەڕە کوردییەکان و "کۆنگرە،ژمارە 26،مارچی 2003،نەرویژ"یش بلآو کراوەتەوە.

## تۆ بڵێی "هیچ مەترسییەک لەسەر باشووری کوردستان نەبێ؟!"*

"هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە و، ئاییندەیەکی گەشیش لە بەردەم گەلەکەماندایە". ئەمە سەردێڕی گەورەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "برایەتی"ی زمانحاڵی پارتی دیموکراتیی کوردستانە.(برایەتی، ژ 3899، 23-1-2003، ل 1). هەروەها ئەم ناوونیشانە لە هەمان کاتدا قسەیەکی مەسعوود بارزانیی سەرۆکی (پدک)یە کە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سکرتێر و نوێنەرانی 30 حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستاندا کردوویەتی. کۆبوونەوەکەش لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پدک، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 22-1-2003 بەڕێوەچوو.

لە سەرەتادا پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئاییندەیەکی گەش و دیار بۆ تەواوی کوردستان و سەرجەم نەتەوەی کورد، بێگومان هیوا و ئامانجی گشت کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف بووە و دەشبێ. لێ بەڵێ، ئەمە هەرگیز بە واتای ئەوە نایەت کە دوژمنانی کورد دەست لە ئەژنۆ دادەنیشن و، لە بەرامبەر هەر کارێکی کوردانیشدا بێدەنگ دەبن. دیارە ئەمە سادەترین قسەیە و زارۆکێکی گچکەی کوردیش دەتوانێت بیکات یان هەستی پێ بکات.

مەسعوود بارزانی کە وەک کەسێکی گران و کەمدوو و لەسەرخۆ و ڕەفتار سادە ناسراوە، گومان لەوەدا نییە، جێ پەنجە و کاری ئەو لە گۆڕەپانی ژیانی ڕامیاریی ئەوڕۆی باشووری کوردستاندا دیار و بەرچاوە. هەڵبەت نابێ ئەمەش ئەوە بگەیەنێ کە مەسعوود بارزانیی مرۆڤ هەڵە و شاشی ناکات. ناوبراویش وەک هەر مرۆڤێکی تر، چ گومانی تێدا نییە، لە کردار و ئاخافتندا دووچاری چەوتی و هەڵە هاتووە و دێ. ئەمەش یاسایەکی سرووشتیی ژیانە و هەر یەک لە ئێمەی مرۆڤی سەر گۆی ئەم زەوییە دەگرێتەوە.

سەرۆکی پدک دوای ئەوەی کە گەشتی چەند وڵاتێکی عارەبی و ناوچەیی و ئەورووپایی کرد، ئینجا بۆ کوردستان گەڕایەوە. وەک دەشزانین لە لەندەن بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کرد.

من لەم نووسینەدا چەند بڕگەیەکی ڕۆژنامەی برایەتی وەک خۆیان دەخەمە بەر دیدەی خوێنەران. لە دواییشدا بیر و بۆچوونەکانی خۆم لەمەڕ قسەکانی بارزانی دەخەمە ڕوو. برایەتی سەبارەت بە قسەکانی سەرۆکی پدک، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێت:

"...لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا سەرۆک بارزانی لە بارەی ئەگەر و پێشهاتەکان لەسەر ئاستی کوردستان دوا و، ڕوونکردنەوەی پێویستی بە ئامادەبووان دا و، ئاماژەشی بەوە کرد، کە هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە و، ئاییندەیەکی گەشیش لە بەردەم گەلی کوردستاندایە. سەبارەت بە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کە لە لەندەن بەسترا، سەرۆک بارزانی هەڵوێستی شاندی کوردستانی لە سەرخستنی کۆنگرەکەدا بەرز نرخاند و، چەسپاندنی مەبدەئی فیدرالیەتیشی بە دەستکەوتێکی مێژوویی گرنگ بۆ گەلەکەمان لە قەڵەم دا و، داواشی کرد کە ڕوحییەتی لێبووردن لەنێو گەلانی عێراقدا بچەسپێ و، بەو ڕوحییەتەش کار بۆ ئایندە بکرێ. دواتر سکرتێر و نوێنەرانی حیزب و لایەنە بەشداربووەکان باری سەرنجی خۆیان سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە و جیهان خستەڕوو و، تەئکیدیان لەسەر یەک وتاری و یەک هەڵوێستیی گەلی کوردستان کرد و، گرنگیی بەردەوامبوونی ئەم جۆرە دیدار و کۆبوونەوەیان دووپات کردەوە".



جارێ هەر لە سەرەتادا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە نەبوونی (هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان) و تەواوی کوردستانی گەورەش، لە بارێکدا بە ڕاست دەردەچێ، کاتێ کە نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی دنیا ببێ بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ و قەوارەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی. خۆ ئەگەر لەوەش دوورتر بڕۆین، دەبینین چەندان میللەت هەن کە خاوەن دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەیی ئازاد و سەربەخۆن، کەچی لە هەمان کاتدا دیسانیش هەست بە مەترسی و هەڕەشەی ناوەوە و دەرەوە دەکەن. زلهێزێکی زەبەللاحی مینا ئەمەریکاش هەست بە مەترسییەکان دەکات و ڕۆژ تا ئێوارە باس لە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیشی دەکات. لە بارێکی وەهادا، کوردستانی ئێمەی لەت لەتکراو و کوردی لە یەک دابڕاو، دیارە ئەوپەڕی مایەی گێلایەتییە کە دەگەڵ دەوڵەتە سەربەخۆکان بەراورد بکرێن و، ئەوی ڕاستیش بێ ئێمە چ شتێ شک نابەین تا ناوی لێ بنێین (ئاسایشی نەتەوەیی کوردی). جێگای داخە لە بەرنامەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەوڕۆی سەر گۆڕەپانی کوردستانیشدا

ئەمە ئەوەندە دیار و بەرچاو نییە، کە مایەی دڵخۆشیی مرۆڤی کورد بێ. داخوا لەم هەلومەرجانەدا دەشێ بڵێین: "هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستاندا نییە و، ئاییندەیەکی گەشیش لە بەردەم گەلەکەیدایە؟". ئێمە هەمووما‌ن دەزانین داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە چاویان بڕیوەتە ئەو بەشە کوردستانە ڕزگارکراوەی باشوور، کە ئێستا پدک و ینک، بەڕێوەی دەبەن. دوژمنانی کورد تا هەنووکە چ کارێ نەماوە، لە پێناو تێکشکاندنی ئەو ئەزموون و (دیفاکتۆ)یەی کە لە باشوور هەیە، ئەنجامیان نەدابێ. تاکە خەونی ئەو کۆلۆنیالیست و نەتەوە سەردەستانەی کوردستانی گەورەش تەنیا و تەنیا لەناوبردنی ئەو بەڕێوەبردنە خۆماڵییە کوردییە بووە، کە وێڕای گشت تەنگوچەڵەمەکانیش، ئیسماعیل بێشکچی گوتەنی: "خراپترین ئیدارەی کوردی لە چاکترین ئیدارەی داگیرکەرانی کوردستان باشترە".

هەروەها من وەک کوردێک گەلێ مەترسی دیکەش لەسەر باشووری کوردستان و خودی بەڕێوەبردنە کوردییەکەش دەبینم، کە دەکرێ بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکرێ: هەبوونی دوو دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبردنی کوردی کە قەت نەدەبوو وا بێ. سەرهەڵدانی چەندین گرووپی تێکدەر و بەکرێگیراو و وابەستە، بە تۆرانی و ئیسلامی سیاسیشەوە، کە دیارە ئەمانە لە هەناوی شەڕی ناوخۆیی ینک و پدک لە دایک بوون و هەندێکیشیان بە داخەوە بە دەستپێشکەریی هەردوو هێزە باڵادەستەکەی ئەم پارچەیەی کوردستان خۆیان هاتنە ئاراوە. گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵبەز و دابەزی نرخی دۆلار و دەنگۆی داشکاندنی مووچەی فەرمانبەران کە هیوادارم ئەم کارە جێبەجێ نەکرێت. هەبوونی کەسانێکی پاشەڵ پیس و کۆنەبەعس و کۆنەجاش و ئەڵقە لەگوێی داگیرکەران دەنێو دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیدا خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی گەورەیە. دیاردەی گڵاوی بەرتیلخۆری و خاتر گرتن و (فەسادی ئیداری) و زۆری تریش کە دەبوایە لەمێژەوە بنەبڕ بکرێن. مانەوەی هێزە بەناو ئاشتیپارێزەکەی(PMF) کە لای هەر کەس ئاشکرایە گوێ لە مست و بەکرێگیراوی چ دەوڵەتێکی زەوتکەری بەشێکی گەورەی کوردستانە، بێجگە لە هێزەکانی تریشی کە لە ناوچەی (بامەرنی) مۆڵ دراون. هەڕەشەی بەردەوامی ڕژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان و مۆڵدانی هێزەکانی کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە هەولێری پایتەختەوە دوورن. هەروەها ئەنجامدانی چەندین کاری تەقاندنەوەی تیرۆریستانە لە لایەن هەر هەمان ڕژێم و داروەدەستەکانییەوە لە کوردستانی ئازادکراودا. ئەمانە وەک دەڵێن چەند مشتێکی خەروارێکن لەو هەڕەشە و مەترسییە بەردەوامانەی کە ڕووبەڕووی باشووری کوردستان بوونەتەوە و دەبنەوە. بێگومان گەلێ خاڵی تریش هەن کە تایبەتن بە

هەمان مەسەلە و لام وابێ لای هەمووان ڕوون و ئاشکران و، پێویست بە باسکردنیشیان ناکرێت.

ئەوەی تایبەت بێ بە کۆنگرەی لەندەن، زۆر ڕاستە شاندی کوردستان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە کۆنگرەکەدا، بەڵکو من پێم وایە ئەگەر کورد لەو کۆنگرەیەدا بەشدار نەبوایە، کۆنگرەکە شتێکی ئەوتۆی لێ شین نەدەبوو تا پێی بگوترێت کۆنگرە. بەڵام لێرەدا هەندێ پرسیار سەرەتاتکێی هاتنە دەرەوە دەکەن و هەر دەشبێ ئاڕاستەی سەرانی کورد و نوێنەرانی ڕێکخراوە ڕامیارییەکانی کوردستانیش بکرێن: ئایا شاندی کوردستان بە هەموو بیر و بۆچوونێکی جیاوازیشیانەوە، وەک پێویست، بە ئەرکی سەر شانی خۆی ڕابوو؟ ئەرێ ئەمە گەورەترین سووکایەتیکردن بە تەواوی کورد و شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال نییە، کاتێ کە بە پێشنیاری سەرانی کورد کەسانێکی ڕەگەزپەرست و دەست بە خوێن سووریی کورد وەک وەفیق سامەڕائی و مەشعان جبووری و ئینجا سەعد بەزاز بهێنرێنە نێو کۆنگرەکەوە؟ داخوا شاندی کوردستان عێراقچییانە جووڵایەوە یان کوردستانییانە و سەربەخۆ؟

سەبارەت بە مەسەلەی فیدرالیزمیش کە لەو کۆنگرەیەدا باسی لێوە کرا، زۆر جێگای داخە تژی کەموکوڕییە. هەر تەنیا بۆ نموونە: کوا سنووری کوردستانی فیدرالی؟ بۆچی بە هیچ شێوەیەک باس لە ناسنامەی کوردستانێتی شاری کەرکووکی کوردستان نەکرا؟

بە بۆچوونی من ئەوە نەتەوە سەردەستەکانن کە دەبێ ببن بە مایەی چەسپاندنی (ڕوحییەتی لێبووردن) دەنێو کورد و خۆیاندا، هەروەسا داوای لێبووردن لە نەتەوەی کوردیش بکەن و، زەرەر و زیانەکانیشی بۆ قەرەبوو بکەنەوە کە دیارە بە پارەی هەموو دنیاش ئەم دەردە بەژان و ئازاراوییانە سارێژ ناکرێن!

لە کۆتاییدا هەر ئەوە ماوە بڵێم: گەلی کوردستان هەمیشە خاوەن یەک وتار و یەک هەڵوێست بووە. ئەوە پارتی و یەکێتی بوون کە خەڵکیان وا هان دەدا هەڵوێستیان بگۆڕن و، هەمووشمان بە چاوی خۆمان بینیمان ئاکامە خراپەکانی شەڕی کوردکوژیی نێوان ینک و پدک چیان بەسەر کوردی ئەو بەشەی کوردستان هێنا. یەکێتی و پارتی، دوای ئاشتبوونەوەی گشتیش، هێشتا جاروبار لێرە و لەوێ جیاوازییەکی بەرچاو لە بۆچوونەکانیان بەدی دەکرێ. بۆچوونگەلێک، چونکە <u>تایبەتن بە کورد و پاشەڕۆژی، دەبێ یەکبخرێن</u>. سوێد 28-1-2003

* لە ماڵپەرە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەرێ بە ڕاست کێ بێ ڕەوشت و گێرەشێوێنە؟!*

وەک لای هەموومان ئاشکرایە، هەر لە دوای دەستپێکردنی هەڕەشەکانی کەمالیستانی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕابوونە سەر پێیان و بە هەموو شێوەیەک دەنگی ناڕەزایی خۆیان لەهەمبەر داگیرکەرانی کوردستان و تورکە هۆڤ و ڕەگەزپەرستەکان بەرز کردەوە. جوانترین ئەم دیمەنی ناڕەزایی دەربڕین و ڕەتکردنەوەی کۆلۆنیالیستانی بێگانەش، ئەو خۆپیشاندانە گەلێرییە پڕ گەرم و بەجۆشانە بوون، کە لە هەندێ شار و شارۆچکەی باشووری نیشتمانەکەماندا ئەنجام دران. دیارە ناڕەزایی دەربڕینەکەی شاری هەولێری دێرین و قەڵا و منارە، لەچاو ئەوانی دیکە زیاتر سەرنجی میدیاکانی ناوخۆ و دەرەوەی بۆ خۆی ڕاکێشا و، لە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە جیهانی و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تریشدا باس و خواسی لەبارەوە کرا. ڕەنگە بەشداریکردنی خەڵک بە ڕاددەیەکی زۆر لەم خۆپیشاندانانەدا بە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم مەسەلەیە دابنرێ. بێگومان هۆکاری دیکەش هەن. من وەک کوردێک کە لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان، زیاتر (کوردستان تیڤی) ئەم کارەی کرد، چاوم بە دیمەنی خۆپیشاندەران دەکرایەوە و دڵم خۆش دەبوو و ئاهێکم بەبەردا دەهات و لەبەرخۆشمەوە بە



جاران دەمگوت ئۆخەی.. سەد ئۆخەی! دەک لەبەرتان بمرم، سەرم بەقەد چیای ئاگری پێتان بەرزە! کوردستان ئەگەر ئێوەی هەبێ، سڵ لە هیچ داگیرکەرێکی دەم بە خوێن ناکاتەوە،...تاد.

چەند ڕۆژێکی کەم بە دوای ئەم دیمەنە دڵخۆشکەر و هیوابەخشانە تێپەڕیبوو، کاتێ لە ماڵپەڕی کوردستان نێت، نامە کراوەکەی (د. نەزەند بەگیخانی)م بینی کە ئاڕاستەی جەلال تاڵەبانی کرابوو لەمەڕ دەستگیرکردنی یەکێ لە هەڵسووڕێنەرانی خۆپیشاندانەکەی زانکۆی سلێمانی. هەر لێرەوە دەستخۆشی لە نەزەند خان دەکەم و پێی دەڵێم لەگەڵ بۆچوونەکانتم. ئینجا نووسینە بێ شەرم و ئاست نزم و

نابەرپرسیار و هەست بریندارکەر و خۆ بە کەمزان و سووکایەتیکەر بە کورد و کوردستان و بێ تام و بێ ماناکەی ڕۆژنامەی برایەتی، ئۆرگانی پارتی و ڕۆژانەی پارتیم چاو پێ کەوت. خۆ باس لە هەڤپەیڤینەکەی جەلال تاڵەبانیش دەگەڵ ڕۆژنامەڤانی تورک محەممەد عەلی بیراند هەر ناکرێ، کە لاپەڕەیەکی تەواوی کوردستانی نوێی پێ پڕ کرابۆوە. پاشان دێمە سەر هەردوو بابەتەکە و زیاتر لێیان دەدوێم.

هەر دوای بڵاوبوونەوەی نووسینۆکە هیچ و پووچەکەی برایەتی کەسانێکی خەمخۆر و وەڵاتپارێز یەکسەر وەرامی ڕۆژنامەکەیان دایەوە. دیارە ئەگەر لە دڵسۆزییان بۆ کورد و کوردستان نەبوایە، دەنا کەس تاقەتی ئەوەی نەماوە، بگرە بێزیشی نایەت خۆ لە کاری دزێو و ناکوردانەی سیاسەتکارانی کورد و کردەوە ناکوردستانییەکانی هەندێ پارت و ڕێکخراوی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستان هەڵقورتێنێ. ئەمە ڕاستییەکە و جێگای داخە سەرانی کورد هەتا ئێستاش هەستیان بەم مەسەلەیە نەکردووە و، لەوەش داخدارتر ئەوەیە کە ئەوان چ حیسابێکیان بۆ هەست و سۆز و هیوا و ئاواتەکانی خەڵکی کورد نەکردووە و ناکەن. خۆ ئەگەر کارێکی وایان کردبا، ئەوە قەت نەدەبوو لێبگەڕێن نووسینێکی وا بریندارکەر لە ڕۆژنامەیەکی وەک (برایەتی)دا بڵاو بکرێتەوە.

(سووتاندنی ئاڵا بەدڕەوشتییە و لە ئاکاری گەلی کوردستانەوە دوورە). بەم چەند وشانە ژمارە 3930ی برایەتی، لە ڕۆژی پێنجشەممەی 6ی ئاداری 2003، پیرۆزبایی لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی گەلی کوردستان وساڵیادی ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری 1991ی خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوەی کورد کرد. وەکو نەریت سەروتاری ڕۆژنامەیەکی حیزبی، بەر لە هەر شتێکی دیکە، ڕا و بۆچوونی فەرمی خودی ڕێکخراوەکە پیشان دەدات نەک کەس و لایەنێکی تر. بۆیە ئەمەش دەڵێم تا برایەتی و پارتیش باش بزانن کە هیچ مەرج نییە ئەوەی ئەوان و حیزبییەکان خەونی پێوە دەبینن، هەر هەمان شت و مەبەست بگەیەنێ لای مرۆڤی کورد و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. بە واتایەکی دیکە ئەوان مافی ئەوەیان نییە لە جیاتی تەواوی گەلی کورد قسان بکەن و بە کەیفی دڵی خۆشیان ئەم و ئەو وەبەر خڕکەبەردان بدەن. برایەتی دەڵێ: "خەڵکی کوردستان قەت هەڵوێستی دۆستانەی تورکیا سەبارەت بە پاراستنی ناوچەکەیان لە بیر ناکات". جارێ پێش هەر شتێک تورکیا یەک لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و سەرسەختترین و ملهوڕترین دوژمنی کوردە. لە چ شوێنێکی دیکەی دنیا داگیرکەر نەبۆتە دۆستی داگیرکراو تا لە

کوردستاندا ئەم (موعجیزە)یە بێتە ئاراوە. هەر ئەو تورکیایەی کە برایەتی بە دۆست ناوی دەبات، هەتا ئامادەکردنی ئەم بابەتەش، تەواوی سەروەرێتی خاکی باشووری کوردستانی بۆ چەندین جار لەژێر پێ ناوە و دەنێت. خۆ هەمووومان دەزانین بەر لە ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی (1991)یش تورکیا گەلێ جار هەڵیکوتاوەتە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە باشوور و گوێی بە ڕەخنە و نارەزایی دەربڕینی کەسیش نەداوە. دەبا زۆر دوور نەڕۆین و هەر تەنیا وەک نموونەیەک ساڵی 1983 وەبیر خۆمان بێنینەوە. خۆ ئەوسا نە پەرلەمان و نە فیدرالی و نە پ.ک.ک و نە شتی لەم بابەتە لە ئارادا بوون. کورد هەتا داگیرکەر بۆ دۆستی خۆی بزانێ حاڵی لەمە باشتر نابێ!



بە بۆچوونی برایەتی بێ، سووتاندنی ئاڵا نەعلەتییەکەی تورکان: "کە لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا ڕووی دا بە ڕای سەرجەم گەلی کوردستان کارێکی بێ ئەخلاقییە و تەعبیر لە ڕا و بۆچوونی میللەتی کورد ناکات". من لە کاکی سەروتارنووس دەپرسم: ئەرێ جەنابت چ ڕاپرسییەکی گشتیت ئەنجام داوە تا بزانیت ئەم کارە "تەعبیر لە ڕا و بۆچوونی میللەتی کورد" دەکات یان نا؟! تۆ و (برایەتی)ش تەنیا لە دوای سازدانی وەها کارێکدا بۆتان هەیە بە ناوی کورد قسان بکەن. ئەگەر توورەم دەکەی ئەوساش بە تەواوەتی مافی ئەوەتان نییە هەروا بە ئاسانی بە زمانی گەل بپەیڤن. لە وڵاتێکی وەکو سوێد ژنە هونەرمەندێک (ماری فرێدرێکسۆن)، شکاتی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە

و بەربڵاوی وڵاتەکە کرد(EXPRESSEN)، چونکە تەنیا هەواڵێکی لەسەر خانمی هونەرمەند، گوایا بە درۆ، بڵاو کردبۆوە. ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردنی لەو هونەرمەندە کرد، کەچی دیسانیش مەسەلەکە خرا بەردەم دادگا. ئێوەش لە کوردستانێکی چەند جار لەت لەتکراو و دەنێو کۆمەڵگایەکی تژی کارەسات و مەرگەسات، دوور لە هەر هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و نابەرپرسیارانەش، دێن و لە هەمووشی ناخۆشتر بە نێوی خەڵک هەڵوێستان بە هەرزان دەفرۆشن!

فەلەستینییەکان بە دەیان ساڵە ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا دەسووتێنن. داخوا هەتا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ عەرەفاتێک یان هەر سەرکردەیەکی دیکەی عەرەب زاتی ئەوەیان کردووە بڵێن: "پیاوی چاک بن ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا مەسووتێنن!" ئەوان قەت قسەیەکی وەهایان لە دەم نەهاتۆتە دەر و باوەڕ ناکەم لە داهاتووشدا بوێرن شتێکی وا بڵێن. ئەمە ڕەنگە شتێکی زۆر سادە بێ، لێ لە هەمان کاتدا دەکرێ بە خاڵێکی جیاوازیی نێوان سەرانی ئێمەمانان و ئەوانی تردا دابنرێ.

سەروتارەکەی برایەتی کە زۆر کورتە و گۆشەیەکی گەلێ گچکەی لاپەڕەی بەرایی ڕۆژنامەکەی گرتۆتەوە، بەڵام دیسانیش بەم وشانە وەسفی خۆپیشاندەران و خۆپیشاندانەکەی هەولێری پایەختی کوردستانی کردووە: "بەدڕەوشتی، کەسانێکی ناحەز، کەسانێکی گێرەشێوێن و کارێکی بێ ئەخلاقی". ئایا بە ڕای برایەتی ڕەوشت بە مانای چ دێت؟ گەلۆ برایەتی چ پێوانەیەکی بۆ ڕەوشت و بێ ڕەوشتی هەیە؟ کوردێ کە لە حەژمەتان، لەبەر بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەرێتییەوە، لەبەر دڵسۆزبوونی بۆ خاک و نەتەوەکەی، وەک بەرپەرچدانەوەیەکی داگیرکەران و زۆرداران، لەبەر چەندین ئێش و ئازاری گردەوەبووی زەمانە خۆی پێ نەگیرابێ و ئاڵای چاوسۆرترین و هۆڤیترین دوژمنی خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی سووتاندبێ، داخوا دەکرێ خوت و خۆڕا لە لایەن ڕۆژنامەیەکی بەرچاوی وەک برایەتی بە (بێ ئەخلاق و ناحەز و گێرەشێوێن) ناوزەد بکرێ؟! ئەگەر برایەتی ڕاست دەکا و ڕاستی دەکرد، ئەوە دەبوو لەمێژە بەم کارەی سەر شانی ڕابووبا، واتا لە (بێ ئەخلاق و ناحەز و گێرەشێوێن)ی ڕاستەقینە گەڕابا و بە تەواوی ئەندامانی ئەم نەتەوەیەشی ناساندبا. گەر برایەتی کارێکی وای ئەنجام دابا ئەوسا منیش قسەیەکی دیکەم بۆی دەبوو. برایەتی دەبێ بەر لە هەر شتێک بەرسڤی ئەم پرسیارانە بداتەوە: ئایا کورد بە کورد بە کوشت دان جۆرێک لە بێ ڕەوشتی نییە؟ گەلۆ ئەوانەی پارووەنانی دەمی هەژاران و برسییانی ئەم گەلەیان دزی بێ ئەخلاق نین؟ بەشداریکردنی کۆنەبەعسییان لە دەسەڵاتی هەردوو ئیدارەی

کوردستان ئەوپەڕی مانای بێ ئەخلاقی ناگەیەنێت؟ دیارە پرسیار ئەوەندە زۆرن کە لە نووسینێکی وادا ئەستەمە بتوانین هەموویان بخەینە بەردەم بنووسانی برایەتی.

ئەگەر تورک هێمای هەبێ، خۆ کوردیش هەر دەبێ شتێکی هەبێ تا خۆی پێ هەڵکێشێ. ئاسمانیش کون نەبووە تا ئێمەی لێ کەوتبێتە خوارەوە. ئایا لە ماوەی ئەو دە دوازدە ساڵەی ئازادیی کوردستاندا، ئەرێ بە ڕاست چەند جار برایەتی، توانیویەتی تورکیای دوژمنی ژمارە یەکی کورد و کوردستان بە (بێ ئەخلاق) ناو بەرێ؟ تۆ بڵێی کارێکی وەهای ئەنجام دابێ؟

تورکە شۆڤێنییەکان هەر شتێ ڕەت دەکەنەوە کە بۆنی کورد و کوردستانی لێ بێ. ماوەیەکی کەم بەر ئێستا گوێمان لە ژەنەراڵێکی کەمالیستی تورک بوو کە گوتی: "ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە ئەرژەنتینیش دروست بێ هەر بەگژیدا دەچین!" کەواتە ئەوان هەر بیر و کردارێک ڕەت دەکەنەوە کە پەیوەندییان بە گەلی کورد و خاکی کوردستانەوە هەبێ. تورک ڕوویان لە هەر شوێنێکیش کردبێ، لە کاولکاری و کوشتار و قەسابخانەی بەکۆمەڵ و کاری دڕندانەی تر، چی دیکەیان لەدوو خۆ جێ نەهێشتووە. پێویستیش بە نموونە هێنانەوە ناکات، چونکە کورد لە هەر میللەتێکی دیکە زیاتر بە ئاگری تورک داخ بووە.



لەیلا زانا کە دەسماڵی ڕەنگاوڕەنگی کوردی لەسەر بوو، پڕ بە دەنگی خۆی لە پەرلەمانە شڕەکەی تورکان هاواری کرد: "ئەم و ترک براین. بژی براتییا گەلان!" ئەم وشانە نەک هەر چ یارمەتییەکی لەیلا زانای شێرەژنی کوردیان نەدا و بەس، بگرە بوون بە هۆکارێکی گرنگی داڕزاندنیشی دەنێو زیندانی کەمالیستە هۆڤەکاندا. پەرلەمەنتارانی تورک بەم قسانەی لەیلای کوردان چاویان چووە پشتی سەریان و ئەگەر لەبەر لۆمەی دنیاش نەبا، هەر دەسبەجێ لەیلایان لەت لەت دەکرد. لەیلا ڕەنگەکانی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لەسەر سەری، تا چوونە نێو بەندیخانەش، بە بەرزی ڕاگرت!

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بڵێم: ئەوانەی کە لە سلێمانی و هەولێر و سۆران و ئاکرێ و ئێرە و ئەوێ، لە نیشتمان و هەندەران، ئاڵای کەسک و سۆر و زەردی

کوردستانیان بەدەستەوە بوو، هەر هەموویان دڵ و گیان و کەس و کار و خوشک و برا و نزیکترین هاوڕێ و خۆشەویستی هەرە ئازیزی منن. هەر واش دەمێننەوە! ئەوە ئەوانن کە دەنگی ڕەوا و مافداری کوردن. ئەوانن دەبنە ڕێنیشاندەر و ڕێبەری لێهاتووی گەل و وڵات. منی ئەم غوربەتییە هەر ئەوەندەم لە دەست دێ، لە سویدەوە تا کوردستان، سڵاوی گەرمیان بۆ بنێرم و سەری ڕێز و حورمەتیشیان بۆ نەوی بکەم.

گومان لەوەدا نییە کە تورک، وەک هەر میللەتێکی دیکە، ئاڵای خۆیان خۆش دەوێ. دیارە ئەمەش مافێکی ڕەوا و سرووشتیی خۆیانە. لێ لە هەمان کاتدا، هەر هەمان ئاڵای تورکان، لای کورد هێمای چەوساندنەوە و بنپێکردنی مافە نەتەوەیی و فەرهەنگی و ڕامیارییەکانیان دەگەیەنێ. خەڵکی کورد کە چاویان بە ئاڵای داگیرکەران دەکەوێ، جەور و ستەمی سەدان ساڵەیان وەبیر دێتەوە و ناشتوانن هەروا بە ساناهی خۆیان لەم مەسەلەیە گێل بکەن. لە نەوەدەکاندا کە تورک لە دژی گەریلاکانی پ.ک.ک، بە ئارەزووی خۆیان دەچوونە باشووری کوردستان و هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئەوڕۆی کوردستانیش پێشوازییان لێ دەکردن، جەندرمەکانی تورک لەسەر لوتکەی هەر چیایەکدا کە دەهاتە پێشیان ئاڵایەکیان دەچەقاند. ئەم



کارەیان ئەگەر شتێ بگەیەنێ بە مانای خۆ سەپاندن و دەسەڵات نواندن دێ. جا لە بارێکی وەهادا کورد کە هەستێ ئەم ئاڵایە بسووتێنێ، نە دنیا ژێر و ژوور دەبێ، نە ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە بە ئەنجامدەرانی ئەم کارە بڵێین بێ ئەخلاق و گێرەشێوێن. هۆ خەڵکینە ئێوە دەڵێن چی؟!

هەر لەسەر مەسەلەی سووتاندنی ئاڵاکەی تورکیا، جەلال تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی CNN Turk گوتوویەتی: "ئێمە دژی سووتاندنی ئاڵای تورکیاین، چونکە ڕەمزی میللەتێکی دۆستی ئێمەیە". شایانی باسە تەواوی قسەکانی تاڵەبانی لە ژمارە 3004ی کوردستانی نوێ، چوارشەممە 5-3-2003، بڵاو کراوەتەوە. هەروەها ڕۆژنامەڤانی تورک محەممەد عەلی بیراند هەڤپەیڤینەکەی ئەنجام داوە. من وەک کوردێک گوتە و قسەکانی جەلال تاڵەبانی بە چ شێوەیەک سەرسامم ناکەن، چونکە ناوبراو لە قسەکردندا ژمارەی ڕیکۆردی شکاندووە و، باوەڕ ناکەم لە مێژووی دوور و نزیکی کوردیشدا چ سەرکردەیەک هەڵکەوتبێ کە بەقەدەر تاڵەبانی حەزی لە قسەکردن و خۆ دەرخستن بووبێ. لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە، دیارە لای تاڵەبانی چ شتێ سەیر

نییە، ناوبراو لە هەر شوێنێکدا بە جۆرێ قسان دەکات و دەشیەوێ لە هەمان کاتدا دڵی هەمووان لە خۆی ڕازی بکات. بێگومان کارێکی وەها نەک هەر بۆ تاڵەبانی، بگرە بۆ چ ڕێبەرێکی دیکەش نەچووەتە سەر. تاڵەبانی کە لە کوێت بوو داکۆکی لە دەعبایەکی وەک خەزرەجی کرد لە شام سەرکەوتنی ئیسلامییە تۆرانییەکانی تورکیای بە شۆڕشی سپی ناو برد. لە تورکیا بە دڵی دۆستەکانی ئەوڕۆی دەپەیڤی. لە ئێرانیش بینیمان چۆن بۆ حەسەن و حوسێن شینی دەگێڕا. سەرکردەیێ کە ئەمە خەسڵەت و ئاکار و کرداری بێ، ئاساییە گەر چاوەڕوانی هەر شتێکی تریشی لێ بکەین.



هەر لە میانەی چاوپێکەوتنەکەی دەگەڵ ڕۆژنامەڤانی تورک، تاڵەبانی دەڵێ: "ئەو تورکمانانەی لە کوردستان دەژین مافە دیموکراتییەکانی خۆیان هەیە، بەڵام 90%ی تورکمانەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕژێمدا دەژین، بۆچی دەنگێکمان لە تورکیا نەبیست باسی ئەو تورکمانانە بکات". ئەم قسەیە کە جوانە، زۆر چاکترە، ئەگەر ئاڕاستەی تورکمانەکانی کوردستان و بە تایبەتیش بەرەی تۆرانییەکانی سەر بە میتی تورکیا و سەنعان ئاغای دۆستی تاڵەبانی خۆی بکرێ. جەلال تاڵەبانی لە درێژەی قسەکانی خۆیدا بە لایەنی کەمەوە پازدە جار باس لە (دۆستایەتی و برایەتی)ی نێوان کورد و تورک و تورکمان دەکات. ئەوانەی بە سووتاندنی ئاڵای تورکیش ڕابوون، تاڵەبانی بە "هەندێ کەسی نامەسئوول، خەتابار و ئاژاوەگێڕ) ناویان دەبات. سەبارەت بە خۆپیشاندانەکەی خوێنکارانی زانکۆی سلێمانی و کەسانێکی وەڵاتپارێز لەو شارەش دەڵێ: "بەڵێ، لە لایەن هەندێک کەسی گێرەشێوێن و نامەسئول و سادە دەکرێن". لە ڕۆژی نارەزایی دەربڕینەکەی شاری سلێمانی، کەناڵی کوردسات دیمەنی خۆپیشاندانەکە و چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ خۆپیشاندەران بە زیندوویی دەگواستەوە، ئەوسا خەڵکە خۆپیشاندەرەکە بە قسەی کوردسات لە شەش هەزاریش زیاتر بوون و، هەر هەمووشیان لە پەرۆشییەوە بۆ میللەت و خاکەکەیان بەم کارە هەستابوون، کەچی ئێستا وا تاڵەبانی پێیان دەڵێ: "گێرەشێوێن و نامەسئوول و سادە". ئەمە دەبێ چەندی بە چەند بێ؟! لەمەڕ دۆستایەتی نێوان کورد و تورکیش تاڵەبانی دەبێژێ: "نەخێر نامانەوێت دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنین و ئێمە

ئامادەین هەموو زەمانەتێک لەم بارەیەوە بە دۆستە تورکەکانمان بدەین". تاڵەبانی باش دەزانێ، ئەگەر ڕۆژێ کورد بیەوێ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنێ، ئەوا قەت پرس بەو و نموونەی وەک ئەویش ناکات. ئەمەیان مەسەلەیەکە لەمێژە بڕاوەتەوە. خۆش دەبوو ئەگەر تاڵەبانی فشەهەڵویستێکی نواندبا و بیگوتبا: "کوردیش وەک هەر گەلێکی تر مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە وا ناخوازێ". تۆ بڵێی بە قسەیەکی وەها حاڵی کورد لە هی ئێستای خراپتر بێ؟!

هەر لە کاتی ئامادەکردنی ئەم باسەدا تورکیا گەورەترین پارتی ڕێپێدراوی سەر بە کوردانی قەدەغە کرد، دە ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕاست دەکەن با بە قسەیەکیش بێ، لەسەر ئەم کارە تورکیا پرۆتێست بکەن. ئەوان کە ئەوەندە باس لە دۆستایەتی تورکیای دراوسێ دەکەن، خۆ دەکرێ لەمەڕ ئەم هەنگاوە نادیموکراتی و نامرۆڤایەتییەی دەوڵەتی تورک، گەییەکی دۆستانەشی ئاڕاستە بکەن. من کە پێشوەخت دەزانم شتێکی وا ناکەن، تەنیا وەک نموونەیەکی بەراوردکاری، ئەم مەسەلەیەم هێنایەوە.




تورکیا تاکە یەک ئەلتەرناتیڤ دەناسێ: من خۆم باڵادەست و بەهێزم، ئەوانی تر، بە تایبەتیش کورد، نابێ چ حیسابێکیان بۆ بکرێ! ئەمە ڕاستییەکە و دەبێ هەر کوردێک بیزانێ. تورک تەنیا لە باری ناچاریدا، یان ئەگەر بزانن شتی زیاد لە دەست دەدەن، ئینجا هەنگاوێک بۆ دواوە دەنێن. ئەوان کە دوورگەی (قوبرس)یان گرت جێپێی خۆیان تێدا قایم کرد. ئێستا تەنانەت خەڵکی تورکنشینی باکووری قوبرس لە دژی (ڕەوف دەنگتاش)ی سەرکردەیان دەردەکەون، لێ دیسانیش هەڵبەت بە فیتی تورکیا تەگەرە دەخرێتە بەردەم یەکگرتنەوەی ئەم دوورگەیە. کەواتە تورک کە بچنە ناوچەیەک، لە نیازگڵاوی زیاتر چی تریان نییە و بە ئاسانیش دەرناچن. سەرانی کورد، بە تایبەتیش تاڵەبانی کە زۆر باس لە دۆستایەتی خۆیان و تورکەکان دەکات، دەبێ زۆر ئاگاداری ئەم خاڵە بن. پارتی و یەکێتی نابێ بە چ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو دەسکەوتانە بن کە بە خوێنی ئاڵ و سووری سەدان هەزار

شەهید وەدەست هاتوون. ئەوان لە جیاتی ئەوەی بیر لە سووتاندنی ئاڵای تورکان بکەنەوە، با کەمێک بە خۆیاندا بچنەوە و بیرێکیش لە پاشەڕۆژی تا هەنووکە نادیار و تەماوی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لە باشووری کوردستان بکەنەوە. بە کورتییەکەی ئەوان دەبێ سەری خۆیان بکرنەوە. ئاواتەخوازم بکارن کارێکی وا ئەنجام بدەن.

برایەتی و پارتی و یەکێتیش کە بە خەڵکێکی جگەرسووتاو و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەریان گوتووە: (بێ ئەخلاق، گێرەشێوێن، نامەسئوول، سادە، ...تاد)، ئەرکی سەر شانیانە بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکەن و ئەو کەسانەش بەردەن کە بە خۆیان دەڵێن لە بەندیخانەیان پەستاون. ئەوی ڕاستیش بێ ئەمە کەمترین کارە، دیارە گەر بیانەوێ، دەتوانن پێی ڕابن. سەرۆکی پارتی دیموکراتیی کوردستان با ئەو کەسە سزا بدات کە وتەی (بێ ئەخلاق)ی لە برایەتی بەکار هێناوە.

من لەم ڕەوشە ناسکەی کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ، هەرگیز نەمدەویست بابەتێکی وا بنووسم و بڵاو بکەمەوە، لێ هەر کەسێ سووکایەتی بە نەتەوە و نیشتمانەکەم بکات، با گلێنەی چاویشم بێ، ناتوانم لە بەرامبەریدا بێدەنگ بم. لە کۆتاییدا تەنیا ئەوەندە ماوە بڵێم: لە ژیانی ئاوارەییمدا لە ئەورووپا، لە گەرمەگەرمی کارەساتە دڵتەزێن و جەرگبڕەکەی هەڵەبجەی خوێناویدا، لە وڵاتی سوێد، جارێکیان لە خۆپیشاندانێکدا من و برا کوردێکی کەرکووکی ئاڵایەکی ئاڵاکی عێراقی داگیرکەری بەشێکی کوردستانمان گڕ تێبەردا. جا ئەگەر لەسەر ئەم کارەم برایەتی و سەرانی کورد بە (بێ ئەخلاق)م ناو ببەن، سوپاس بۆ ئەوان، چونکە من ئەم (بێ ئەخلاق)ییەی خۆم لا شەرم و عەیبە نییە!

هەر شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆز و ڕەنگینی کوردستانەکەم! سوێد 13-3-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## تورک چی لە کورد دەوێ؟!*

دەستێوەردانی تورک لە کاروباری کوردان شتێ نییە کە تازە بێ. تورکەکان بە درێژایی مێژووی هەبوونیان لە ناوچەکە، هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و داگیرکردنی خاکی گەلانی تر، تاکە کارێ کە تا هەنووکە ئەنجامیان دابێ ناکۆکینانەوە بووە دەنێو میللەتانی جودا لە خۆیان و دوا جاریش زاڵبوون بەسەریاندا. ئەوان کە وەک کەسانێکی زەوتکەر و تاڵانکەر هاتوون، ژیانیان بە شێوەیەکی مشەخۆر لەسەر حیسابی نەتەوە ڕەسەنەکانی دیکەی دەڤەرەکە بەسەربردووە و، دیارە ئەگەر واشیان نەکردبا نەدەبوون بە خاوەنی ئیمپراتۆریای عوسمانی و، نەشدەبوون بە میراتگری ئەوان و هێزێکی دەستدرێژکەر و سەردەست لەو هەرێمەدا.



کورد ئەگەر دیرۆکێکی هاوبەشی دەگەڵ تورکاندا هەبێ، تەنیا و تەنیا جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، چەوسێنەر و چەوساوە، هەڵخەڵەتێنەر و هەڵخەڵەتاو، دڵڕەش و دڵپاک، ئاغا و کۆیلە،...تاد. تورکە کەمالیست و زۆر لە خۆ ڕازییەکان، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، خەون بەو ئیمپراتۆریا زەبەللاحەوە دەبینن کە لە ئاخروئۆخری تەمەنیدا بە پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو دەوڵەتە عوسمانییەی کە لە شەڕ و کاولکاری و مەرگ و برسێتی زیاتر، شتێکی دیکەی پێ نەبوو، تا بە خەڵات بەو میللەتانەی ببەخشێ کە بە زەبری هێز دەیخستنە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. تورک ڕوویان لە هەر شوێنێ کردبێ، لە جیاتی ئەوەی ئاوەدانی

بکەنەوە، وەستایانە کاولیان کردووە. خۆ ئەگەر کارێکی باشیان کردبا، نەتەوەگەلێک کە لەژێر دەستیان بوون، ئامادە نەدەبوون تا ئەو ڕاددەیەی دەریایەک خوێنیش بکەن بە قوربانی، هەر بۆئەوەی لە دەستیان ڕزگاریان بێ. خەسڵەتێکی دیکەی بەرچاوی تورکان ئەوەیە کە ئەوان، وێڕای جیاوازیی بیر و بۆچوونیشیان، بەڵام لە کۆتاییدا هەمیشە دەماری ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستیی کوێرانەیان خوێنی پیسی تێدەزێ و، کەسانێکی جودا لە خۆیان بە بەندە و هیچ و پووچ و هەزار شتی خراپی تریش لە قەڵەم دەدەن. لە تورکیا ئیسلامییەکان یا ڕاسترەوەکان، سۆسیال دیموکراتەکان یان (CHP)ی ئەجەویت، بگرە هەر پارتێکی دیکەش کە هاتبنە سەر حوکم، کاری یەکەمیان دژایەتیکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان بووە. دیارە دوژمنایەتیکردنی ئەوان نەک هەر کوردی ژێر دەسەڵاتی خۆیانی گرتۆتەوە و بەس، بگرە تورک لەهەمبەر هەر شتێکە کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبێ. دەوڵەتی کەمالیست و هۆڤی تورکان هەمیشە ویستوویەتی لە بەرامبەر کوردان و پرسی ڕەوای کوردستاندا، لەچاو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان، بە هەموو شێوەیەک دیارتر و سەردەستتر و چاوسۆرتر خۆ نیشان بدات. تورک دەیەوێ، بێگومان ئەگەر لە دەستی بێ، ئەوا خۆی بە سەرداری هەموو دنیا بزانێ و، خۆشیان گۆتەنی: "تورکێک تەواوی دنیا دێنێ!" تورکە داگیرکەرەکانی زێد و واری کوردان دەخوازن ڕۆڵی براگەورە بگێڕن، ببن بە برای گەورە و سەرپەرشتکاری گشت نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، بە تایبەتیش ئەوانەی کە ئەمڕۆ کورد و کوردستان لەبن پێیاندا دەناڵێنن.

لە هەمان کاتدا تورک و ڕژێمە بۆگەنەکەیان لە لاساریدا پلەی یەکەمیان بەر دەکەوێ. تورکیایەک کە لە نووکی پێیەوە تا تۆقی سەری نوقمی چەندین گرفت و کێشەی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هاتووە، لێ دیسانیش لە هەوڵی مەزنخواهی و دەستدرێژکردنە سەر ئەم و ئەو و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی تر دایە. بە کورتییەکەی دەتوانین بڵێین: هەر لەو ڕۆژەی تورک بەسەر پێ کەوتووە، حەزی لە گێچەڵکردن بەم و بەو و زەوتکردنی خاکی خەڵکانی دیکە بووە. هیچ گومانیش لەوەدا نییە تورکەکان شانازی بەم کارەیان دەکەن و تا ئەوپەڕی لووتبەرزیش پێیەوە دەنازن. ئەگەر بە ئارەزووی ئەوان با ئەستەمبووڵ دەبووە قیبلەی هەموو دنیا. هەر کەسێ کە بۆ تەنیا جارێکیش ڕێی کەوتبێتە تورکیا دەزانێ من چ دەڵێم.

تورك نایانەوێ چترووسكە ئازادی و هاتنەدی هیوایەكی كورد ببینن. ئاساییە ئەگەر چاویان بە ڕەوشی ئەوڕۆی باشووری كوردستان هەڵنەیێ و، هەموو كارێكیش ئەنجام بدەن تا خەون و هێڤی و ئامانجەكانی كوردان تەفروتونا بكەن. دیارە كوردیش وەك نەتەوەیەكی بندەست نابێ لەمە زیاتر چاوەڕوانی شتێكی دیكە لە توركان بكات.

توركیای داگیركەری كوردستان بە دەیان بیانووی بێ مانا و بێ بناخە دێننەوە، گوایا هەر لەبەر خودی ئەم هۆكار و فاكتەرانەشە، ئەوان دەیانەوێ بچنە ناو خاكی باشووری كوردستان. هەر تەنیا بۆ نموونە لە چەند وتەیەی ڕەجەب (نا)تەیيب ئەردۆغان بڕوانن، كە لە ئێوارەی 24/25-3-2003 لە تەلەفزیۆنی توركاندا دركاندنی: "هێزە چەكدارە پاڵەوانەكانی تورك، كە هەمیشە لە هەر دەم و شوێنێكدا دابینكەری ئاشتی بوونە، وا بۆ جارێكی تر دەستی خۆیان بۆ كەسانێك درێژ دەكەن. كە پێویستیان بە یارمەتییە". ئەو كەسانەی كە ڕەجەبی تەڵەكەبازیش ناویان نابات، هەر ئەو كەسانەن كە ماوەیەكی كەم بەر لە ئێستا، لەسەر شەقام و ناو كووچە و كۆڵانەكانی شارەكانی كوردستان و دەرەوەی كوردستانیش لە هەمبەر دەستێوەردانی تورك لە كاروباری ناوخۆی كوردستان، دەنگی ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕی و دەشیانگوت: "نا بۆ تورك، نا بۆ لەشكركێشیی توركان، مەیەن ئێمە پێویستمان پێتان نییە!!!" خۆ ئەگەر لە قسە و باسەكانی سەرانی دیكەی، بە كرمانجی گۆتەنی (تركۆ)، ورد بینەوە، شتی لەمە سەیرتریشمان بەر چاو دەكەوێ. سەركردە توركە سەربازی و ناسەربازییەكان، بە گوێرەی ڕەوش و دەم و پێشهاتەكان، قسان بە با دەدەن. ئەوان بە كارێكی وەهایان لە هەوڵێكی بێهوودە دان و دەشیانەوێ دنیا تاقیبكەنەوە. لێ دیسانیش وێرای هەموو ئەگەر و پێشهاتێك، سوپای تورك كە بێگومان دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵاتی بەدەستە و قسەشی دەڕوات، هێشتا لە خەونی دەستبەسەراگرتنی باشووری كوردستان بێداری نەبۆتەوە و واش پێناچێ بەم زووانە وەها كارێك ئەنجام بدات. هەر لەبەر هەندێ پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكانی ئەوڕۆی سەر گۆڕەپانی باشووری كوردستان، نابێ لە ڕاددەبەدەر وتەكانی (حیلمی پاشا)ی ت سەرلەشكری توركان بە سنگفراوانییەوە وەربگرن و پێشیان دڵخۆش بن. ڕاستە ئێستا لە بەرژەوەندی ئەمریكادا نییە مل بۆ داخوازییە نابەجێكانی توركان بدات، بەڵام كەس نازانێ سبەینێ چ دێتە پێشەوە.

بە بۆچوونی من چاوتێبڕینی تورك لە باشووری كوردستان، تەنیا بۆ مەسەلەی شارەكانی كەركووك و مووسڵ و هەبوونی نەوت لەو دەڤەرەدا ناگەڕێتەوە،

بەڵکو تورکیش وەک هەر میللەتێکی سەردەست و داگیرکەری کوردستان، چاوی بەرایی نادات کە کوردی بندەست کەمێ لە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی بەدی بێنێت. تورکە ڕەگەزپەرستەکان دژی هەر خواستێکی ڕەوای کوردانن. جا با ئەو داوا ڕەوایانەی کوردان لە شوێنگەلێکی وەک بەرازیل و ئەرژەنتین و دوورترین گۆشەی دنیاش بن. سەرانی تورک بە دزی و بە ئاشکرا مەرام و مەبەستەکانی خۆیان باس کردووە و دەکەن. نەتەوەی چەوسێنەری تورک و دەوڵەتە ڕەشەکەیان خەم لەوە دەخۆن نەبادا کورد، دوای نەمانی سەددامی خوێنڕێژ و جەللادی کورد و فیرعەونی سەردەم، شتێ بە دەست بخەن بۆنی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی لێ بێت. هەر وەک خۆشیان دەڵێن سەرگرتنی کارێکی وەها لە بەرژەوەندی واندا نابێت و کاریگەریشی دەبێت بۆ سەر کوردگەلی باکووری کوردستان. ئەمە و لە کاتێکدا پێشسوارانی کورد بە ڕۆژی نیوەڕۆ و لەبەر چاوی هەموو دنیاش، ڕۆژانە سوێند دەخۆن، کورد بیر لە شتێکی ئەوتۆ ناکاتەوە کە پەیوەندی بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییەوە هەبێ. دیارە ئەم سوێندخواردنەی سەرانی کورد نە بە دڵی تورکانە و نە دەرمانی چارەسەری برینەکانیشیانە. تۆ بڵێی ئەم لاساری و چاوسۆرکردنەوەی تورکان هەتا سەر بەکەڵکیان بێت؟ سەرەتاکانی وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە هەر لە ئێستاوە وەدیار دەکەون و، ئەوروپا و ئەمریکاش بە شێوازی جودا جودا، دەستێوەردانی تورکیان لە باشووری کوردستان ڕەت کردۆتەوە. هەر لێرەدا دیسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرم: هەڵوێستی ئەمریکا یا ئەوروپا یاخود هەر لایەنێکی دیکە شتێ نییە کە گۆڕانی بەسەردا نەیەت. لە گەمەی سیاسەت و ڕاکردن بە دوای بەرژەوەندییەکاندا شتە پیرۆزەکان لە ئارادا نامێنن و جێ بۆ پۆخڵەوات و گەندەڵییەکان چۆڵ دەکەن.

کورد لەم ململانێی بەرژەوەندییانەدا تەنێ بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی و موکڕبوون لەسەر داوا ڕەوا نەتەوەییەکانی خۆی، دەکرێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ و، ڕۆڵێکی کاریگەریش لەو بوارەدا بگێڕێ. دیارە ناشبێ بە هیچ شێوەیەک کورد ڕۆڵەی مێرخاس و عەگیدی خۆی بە قوربانی شتگەلێک بکات، کە لە دوور و نزیکەوە چ پەیوەندییەکیان پێیەوە نەبێ.

سەرانی تورک لەنێو سوپا و حکوومەت و لەسەر ئاستی دیپلۆماسیش، بە گەلێ شێوەی جیا جیا هەوڵ دەدەن، بابەتی دەستێوەرانەکانی خۆیان لە باشووری کوردستان، بکەن بە (ئەمری واقیع) و ڕای دانیشتوانی تورکیا و کورد و دنیاشی پێ تاقیبکەنەوە. کورد ئەگەر زیرەک و وریا و یەکگرتوو نەبێ، ڕەنگە لە گەمەیەکی وادا

ئاسان نەبێ بیباتەوە. وەک دەبینین دوای لێدانی ڕژێمی عێراق ڕووداوەکان بە خێرایی وەبەر دیدەی کورد گوزەر دەکەن و، کوردیش کە لە چەقی ڕووداوەکان هەڵکەوتووە، ئەگەر خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆی نەبێ، ئەوا هەتا بن پیلی تێدەچەقێت. خوایە ئەو ڕۆژەمان پێ نیشان نەدەی!

کورد مافی تەواوی خۆیەتی لە هەر جموجۆڵێکی دەوروبەریدا بە گومان بێ. ئەم بە گومانیبوونەی کورد کارێکی تا بڵێی لەجێی خۆیەتی، چونکە بە درێژایی مێژوو هەر کوردە و بووەتە بەردەبازی پەڕینەوە بۆ ئارامی، کەچی لە کۆتاییشدا دەستی خێری بۆ درێژ نەکراوە و دەنێو تەنگوچەڵەمە و دەردەسەرییەکاندا وەجێ هێڵراوە.

دیارە ئەگەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کورد نەکارێ لە بەردەم هەڕەشەکانی تورک یەک بڕیار و یەک هەڵوێست بێ، سانا نییە دوای لەدەستدانی هەل و دەرفەت، بتوانێ هەڵە و چەوتییەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە. ئەوڕۆ کورد لە بەردەم دووڕیانێکی دیرۆکی و چارەنووسسازدا ڕێ دەکات. هەڵبژاردنی هەر ڕێگایەکی شاش زیانێکی گەورەی بۆ ئێستا و داهاتووی کوردیش لێ دەکەویتەوە. هەر لەبەر هەندێ زۆر پێویستە سەرانی کورد بیر لەم خاڵە گرنگە بکەنەوە و بە هەندیشی هەڵبگرن. خۆ ئەگەر کارێکی وەها نەکەن، نە کورد و نە مێژووش لێیان خۆش نابێ.

2003-3-30

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## چەند پرسیارێکی بێ وەرام*

هەر لە دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئەمەریکا و ڕژێمی سەددام حوسێنی خوێنڕێژ، دیسان کورد ناوی کەوتەوە نێو ناوان. وەک بڵێی ئێمەی کورد لە چارەمان نووسراوە، هەر دەبێ لە کاتی جەنگ و پێکدادانەکاندا، خەڵک باسمان بکەن و دنیاش کەم تا زۆر ئاوڕمان لێ بداتەوە. هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەوروپا و کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان، بێگومان لە ئەمەریکا و شوێنگەلێکی دیکەش بە شێوەی جیا جیا لەمەڕ کورد و دۆزە ڕەواکەی دەنووسن و دەدوێن.

گەورەترین ڕۆژنامەی سوێدی Degens Nyheter، لە بەشی کولتووریی خۆیدا، ئەمڕۆ 2-4-2003 باسێکی لەژێر سەردێڕی (چ لە کوردەکان بکەین؟) بڵاو کردبۆوە. نووسەری باسەکە Timothy Garthon Ashی بەریتانییە کە مێژوونووس و دانەریشە. شایانی باسە Lars Linderی سوێدی بابەتەکەی وەرگێڕاوە.

نووسەری بەریتانی لە سەرەتای باسەکەیدا لە بارەی خەباتی کوردان و ئەو جەور و ستەمەوە دەدوێ کە بە درێژایی مێژوو لێیان کراوە: کوشتن، ئەشکەنجەدان، بۆمبابارن، ڕاگواستن و زۆری تریش. سەبارەت بە وەرامی پرسیارەکەی خۆی: چ لە کوردەکان بکەین؟ سێ نموونەی لێک جودا دێنێتەوە. دیارە بەم شێوە وەرامدانەوەیەی دەیەوێ هەڵوێستی ئەمەریکا و ئەوروپا بە خوێنەر نیشان بدات.

وەرامی یەکەم: ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ. ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی سەربازیی هێرش بۆ سەر چەوسێنەرانی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ دەبەن. لە دەستپێکدا بە نهێنی و پاشانیش بە ئاشکرا یەکە تایبەتییەکانی ئەمەریکا هاوکاری لەگەڵ لەشکری ئازادیخوازیی UCK دەکەن. لە ئەنجامیشدا سەربەخۆیی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ دەبێتە شتێکی واقیعی لە نموونەی ناوچەیەکی پارێزراوی نێودەوڵەتی. هەر بزانە ڕۆژێک هات کۆسۆڤۆ(ئەلبانەکان وا دەڵێن) بوو بە دەوڵەتێکی گچکە یانیش دەگەڵ ئەلبانیا بوون بە ئەلبانیایەکی گەورە.

وەرامی دووەم: کوردی باکووری کوردستان(نووسەر دەڵێ کوردەکانی تورکیا). ئەمەریکایی و ڕۆژئاواییەکان لە دەستیاندا دۆلار و ئەورۆ هەن، لە تورکیای ئەندامی ناتۆ دەپاڕێنەوە، بۆ ئەوەی هەر نا لەبەر خاتری گەورەیی خوا و ناوی چەوری (بانکی جیهانی)یش، تۆزێ چاکتر مامەڵە لەگەڵ کەمایەتییە کوردییە مەزنەکەی خۆی

بكات. سەرەڕای هەموو شتێکیش تورکیا خۆی بە بەشێک لە ئەوروپا دەزانێت، ئەدی وا نییە؟

وەرامی سێیەم: کوردی باشووری کوردستان(یان وەک نووسەر دەڵێ کوردەکانی عێراق). بە بۆچوونی نووسەری بەریتانی، ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی سەربازیی هەڵدەکوتنە سەر چەوسێنەرانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا. هێزە تایبەتییە ئەمەریکاییەکان پێشتر لەبنەوە و ئێستاش بە ئاشکرا هاوکاری دەگەڵ سوپا ئازادیخوازە کوردییەکان دەکات. ئەم هێزە کوردییانەش بەهۆی پاراستنی ناوچەکانی دژەفڕین ئاهێکیان وەبەر هاتۆتەوە و کەوتوونەتەوە سەر پێ. لەم ناوەشدا تورکیا هەڕەشەی دەستێوەردان و ناردنی سوپا بۆ ناو کوردستان دەکات. تورکەکان بە فەرمی باس لە وەستاندنی شەپۆلی پەنابەران دەکەن، بەڵام ئامانجی هەوەڵ و ئاخریان سنووردانانە بۆ کوردەکانی باکوور، نەبادا چاوێک لە خوشک و براکانی خۆیان لەوبەری تخووبەوە بکەن.

لە کۆتایی وەرامەکاندا نووسەری بەریتانی دەڵێت: "هەر سێ بەرسڤەکان ڕاستن". ئینجا هەر بەخۆی چەندین پرسیاری تریش سەبارەت بە کوردەکان دەورووژێنێت: "کەواتە مرۆڤ دەکارێ چ بۆ کوردەکان بکات؟ مافەکانی کەمەنەتەوایەتییەکان یان سەربەخۆیی، بەڵام لە چوارچێوەی سەرداریێتی خاکی عێراقدا. ستاتووی فیدرالی و هی دیکەش". لە درێژەی باسەکەیدا نووسەر دەبێژێ: "بەڵام من ڕاستییەک دەدرکێنم، ئێمە وەرامەکە نازانین". بە ڕای ئەو مەسەلەی کورد لە بنچینەدا بووەتە گرفتێک کە ئیمپریالیزمی ئەنگلۆساکسۆنی چارەیەکی پڕ بە پێستی بۆ نییە. دیسان دەپرسێت: "کوردەکان و ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ لە زۆر شتدا پێک دەچن. کارێ کە بۆ ئەلبانەکان کراوە، بۆ نابێ بۆ کوردەکانیش بکرێ؟" لە هەمان کاتیشدا نارەحەتی تورکەکان بە شتێکی (بێ بناغە) نازانێت و کوردەکانیش بە مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیا لە قەڵەم دەدات. سەبارەت بە داهاتووی باشووری کوردستانیش گەلێ پرسیار دەدرکێنێت: "سنووری کوردستانی فیدرال چۆن چۆنی دەبێت؟ داخوا کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکیش دەگرێتەوە یان نا؟ چۆن دەکرێ مافە تاکەکەسییەکانی کوردان لە شوێنەکانی دیکەی عێراق دابین بکرێ؟ ئەی مافی عەرەبە عێراقییەکانی ناو کوردستان؟ چ دەقەومێ ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانی عێراق داوای زۆرینەی کوردەکانیان ڕەت کردەوە؟".

نووسەری بەریتانی لە کۆتایی باسەکەیدا بەم ئەنجامە دەگات: "دەبێ لەوە تێبگەین لە پاش تەواوبوونی جەنگ، ئێمە بۆ ساڵی 1918 دەگەڕێینەوە، زەق زەق

چاومان له چاوی ئەو پرسیارانه بڕیوه که باپیره گەورەکانمان هەر لەم شوێنانه، له باڵکانەوه تا ڕۆژهەڵاتی ناڤین، زۆرانبازییان دەگەڵدا دەکردن. ئێمه هەتا هەنووکەش وەرامەکانی ئەم پرسیارانه شک نابەین".   ستۆکهۆڵم 2-4-2003

*تێبینی: وتارەکه کورت کراوەتەوه و پوختەیەکی بۆچوونەکانی نووسەری بەریتانیی ناوهاتوو خراوەته بەر دیدەی خوێنەران. ئەم باسه له ماڵپەڕه کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوه.

# ئەرێ بۆ ئالآی کوردستان هەڵناکەن؟!*

لە یەکێ لە سەردانەکانمدا بۆ باشووری کوردستان توانیم چەند کتێبێک لەگەڵ خۆم بێنمەوە سوێد. یەکێ لەو کتێبانە بەرهەمە نازدارەکەی مامۆستا (ئیبراهیم ئەمین باڵدارە)ە، ئەلف و بێی نوێ، کە بێگومان ڕۆڵی ئەم کتێبە لە فێرکردنی ئەلف و بێی زمانی کوردیدا لەکن هەموو لایەکمان ڕوون و ئاشکرایە. کتێبی ئاماژە بۆ کراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی (هەرێمی کوردستانی عێراق)، چاپی بژارکراو، لە هەولێر/1998 چاپ کراوە.



لە وانەی لاپەڕە 66ی ئەم کتێبەدا لەمەڕ ئالآی پیرۆزی کوردستان هاتووە:

"ئالآی ولآتمان
ئالآی ولآتمان خۆشەویستە.
ئالآیەکی جوانی چوار ڕەنگە.
سوور و زەرد و سپی و سەوزە.
لای ئێمە زۆر مەزن و بەڕێزە.
ئالآمان کە دەشەکێتەوە،
سەرمانی پێ بەرز دەبێتەوە".

من لەم کورتە باسەدا لەسەر بابەتی پەروەردە و خوێندن نانووسم. ئەوەندە خۆم لە ناوەڕۆکی کتێبەکانی قوتابخانەش لە کوردستان هەڵناقورتێنم. ئەز باس لە شتێ دەکەم کە پەیوەندی بە ئالآی ڕەنگینی کوردستانەوە هەیە. هەر بۆیە لێرەدا ئەم وانەیەی سەرەوەشم هێنایەوە. خوێنەر لە کۆتایی باسەکەدا لەو پەیوەندییە دەگات کە لە نێوان بابەتەکەی من و ئەم وانەیەشدا هەیە.



دوای ئەم چەند وتانە جێی خۆیەتی بچینە سەر مەبەستی سەرەکیی ئەم کورتە نووسینە و بەپێی تواناش هەنگاوان بنێین. جەنگی ئەمریکا لەهەمبەر ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سەددام و دار و دەستەکەی، کە هەر لایەن و دەوڵەت و کەسێک ناوێکی لێ دەنێت، دیارە لە هەمان کاتیشدا چەندین پێشهاتی نوێ و ئەنجامی جیا جیا و خراپ و

باشیشی لێ دەکەوێتەوە. من وەک کوردێک و ئەندامێکی سەر بە نەتەوەیەکی بندەست، لە قووڵایی دڵ و دەروونمەوە چاوەڕێی ڕووخانی ڕژێمی سەددامی جەللادی کورد دەکەم. ئەمەیان هیوا و ئاواتی چەندین ساڵەی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و بەشەرەف بووە. هێڤیدارم گۆڕانکاری و پێشهات و ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی و نیشتمانیی گەلەکەماندا بێ و کوردیش بە ئامانجە ڕاستەقینەکانی خۆی بگات.

ئەگەر هەر نەتەوە و نیشتمانێک خاوەنی هێما و سیمبۆڵە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیان بن، خۆ ئەمە بۆ کوردیش هەر بە ڕاست دەردەچێت. لە جەنگی ئەمڕۆی هێزی هاوپەیمانەکان(لە سەرووی هەموویانەوە ئەمەریکا و بەریتانیا) دەگەڵ ڕژێمی بەعسی عەرەبیی ڕەفتار نازیدا، کوردیش لە باشووری کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و، ئەگەر سەرانی کورد و هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئەوڕۆی ئەم پارچەیەی نیشتمان زیرەکتر و وریاتر و خەمخۆرتر بان و لەمێژەوە حیسابی ڕۆژێکی وەهایان کردبا، گومانم لەوەدا نییە کە کورد چاکتر دەیتوانی هەل و دەرفەتەکان لە قازانجی نەتەوەیی خۆیدا بقۆزێتەوە و سوودیان لێ ببینێت. ئەمە کە باسێکی دیکەیە لەم نووسینۆکەیەدا جێی نابێتەوە.

ڕزگارکردنی هەر بستێکی خاکی وڵات لە دەست دوژمنانی هۆڤ و داگیرکەر، هەمیشە و هەمیشە ئاوات و ئامانج و خەون و حەسرەت و خەمە گەورەکانی ڕۆڵە خۆشی لە خۆ نەدیوەکانی ئەم نەتەوەیە بووە. ئەمەیان لای هەر کوردێکی نەتەوەپەروەر و ئازادیخواز و کوردستانپەرست مەسەلەیەکە قسەی لەسەر نییە، بەڵام ناکرێ خۆمان لە هەندێ شت یا دیاردە گێل بکەین کە بەبەر چاوماندا دێن و گوزەر دەکەن.

من خۆم وەک هەزاران کوردی پەڕاگەندەی تری ئاوارەیی و دوورەوڵات ڕۆژانە بە بەردەوامی چاو لە کەناڵە کوردییەکان دەکەم. دیارە بۆ من، دەنگوباسەکان و چۆنیەتی نیشاندانیان و گفتوگۆکردن لەسەر ڕووداوەکان و کاریگەرییان لەسەر ژیان و داهاتووی سیاسیی خەڵکی چەوساوە و تینووی ئازادیی یەکجارەکی کوردستان، لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترن.

ئەمەریکاییەکان، کە بە زەبری فڕۆکە و ئاگر و ئاسن، دەبنە هۆیەکی سەرەکیی تا هێزە داگیرکەرەکانی عێراق خاکی کوردستان چۆڵ بکەن، کارێک نییە لە کەس شاراوە بێت. من ناڵێم پێشمەرگەی کوردستان لە وەها کارێکدا ڕۆڵی نییە، بەڵام

ئاشكرایە لەم ڕەوشەی ئێستادا ئەمەریكاییەكان دەیانەوێ خۆیان، نەك كەس و لایەنێكی دیكە، ڕۆڵە سەرەكییەكە بلەیزن.

لەم یەك دوو هەفتەیەی دواییدا سوپا زەبەللاح و كوردكوژەكەی عێراق لەرزە لەرزی وێ كەوتووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگە و بارەگاكانی خۆی، لە بەردەم هێزی پێشمەرگەی كوردستان و بە یارمەتی چڕ و پڕی هێرشی ئاسمانیی ئەمەریكاییەكانیش، لەدوو خۆی جێ دەهێڵێ و زۆر بە ئاسانیش ئەندامانی ئەم سوپا ئەنفالچییە خۆیان بەدەستەوە دەدەن. لە گەرمەی ئەم پاشەكشێ و ملشكانەی سوپای سەددامیشدا، پێشمەرگەكانی پارتی دیموكراتیی كوردستان و یەكێتی نیشتمانیی كوردستان بە لەزوبەز دەست بەسەر ئەو ناوچە و گوند و بارەگا و شارۆچكە كوردستانییانەدا دەگرن كە چۆل دەكرێن. شتێ كە زۆر سەرنجی ڕاكێشام ئەوەیە كە لە میانەی ئەم كارە سەربازییانەدا، چ پارتی و چ یەكێتیش، لە هەڵپەی ئەوەدان هەرچی زووترە بتوانن سنووری دەسەڵاتی، بە داخەوە حیزبایەتی خۆیان، بەرفراوانتر بكەن و پەڕۆ چڵكنە حیزبییەكانی خۆشیان بەرز و بەرزتر ڕاگرن. ئەرێ گەلی برادەرینە ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی كوردستان چی بەسەر هات؟!

هەر كە گوندێك، تەپۆڵكەیەك، شارۆچكەیەكی ئەم نیشتمانە لە چنگی قرێژ و ژەهراویی سوپای داگیركەری بەعس ڕزگاریان دەبێ، زۆر پێویستە و كارێكی نەتەوەیی و نیشتمانی و كوردستانیشە كە بە هێمایەكی نەتەوەیی، نەك حیزبایەتی تەسك و بێ مانا، برازێنرێنەوە. تەنیا بۆ نموونە: چەند



مایەی دڵخۆشیی خەڵكی شارۆچكەی (فایدە) دەبوو پێری، دوای ڕزگاربوونیان لەژێر دەسەڵاتی بەعس، یەكەم شت كە چاویان پێ كەوتبا ئاڵای پیرۆزی كوردستان با نەوەك ئاڵا زەردەكەی پارتی! ئاخ لە دەست زەرد و كەسكەكان كە بیر لە مەسەلەیەكی وا ئاسان، لێ گرنگ و پڕ مانا ناكەنەوە! پارتی یان یەكێتی یانیش هەر ڕێكخراوێكی تری سەر گۆڕەپانی ئەمڕۆی خەبات لە كوردستان، تەنێ ئەو كاتانە سەریان بڵند دەبێ، گەر بتوانن سەری كوردیش بڵند بكەن. تۆ بڵێی هێشتا كاتی ئەوە نەهاتبێ ئەوان بیر لە خاڵێكی وا مانادار بكەنەوە؟!

ماوەیەكی ئەوەندە زۆر نابێ جەماوەرێكی مەزن و بەرچاوی كوردستان ئاڵای پیرۆزی خۆیان لە دەست دابوو و، بە یەك دەنگیش لە دژی توركیای داگیركەری گەورەترین پارچەی كوردستان و دەستێوەردانەكەی لە باشوور هاواریان دەكرد.

کوردگەلێکی جەرگسووتاو ئاڵای تورکانیان ئاگر تێبەردا و بەم کارەشیان ئاگری ڕقی ڕەوای خۆیان دامرکاند. سەرانی هەردوو پارتە حوکمڕانەکەی باشووری کوردستان و دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان بەو کوردە دڵبریندارانەیان دەگوت: بێ ئەخلاق، گێرەشێوێن، ئاژاوەچی و زۆری تریش. ئەو سەرکردە کوردانەی کە لەبەر سووتاندنی ئاڵای تورک هاونیشتمان و هاوزمانانی خۆیانیان بە بێ ئەخلاق ناو دەبرد، ئایا ئێستا هەر بۆ خۆیان مایەی کەمایەتی و شەرم و شوورەیی نابێ کە نەوێرن ئاڵای پیرۆزی وڵاتەکەیان لەسەر ئەو شوێنانە هەڵکەن کە ئازاد دەکرێن؟!

یەکێتی و پارتی کە باس لە (سەرکردایەتی هاوبەش)ی نێوان خۆیان دەکەن، کەچی بە کردەوە لە ڕووی ئاستی سەربازییەوە بە پێچەوانە هەنگاو دەنێن. ئەوان دەبوو پێش هەر شتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن بە یەک و لەشکرێکی کوردیی ڕێکوپێک و یەکگرتوویان لێ پێکبێنن. دیارە ئەمە هەردوو حکوومەتە هەرێمییەکەشیان دەگرێتەوە.

من کە وێنەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانم لەسەر شانی هەندێ لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان چاو پێ کەوت، مەگەر تەنیا خوا بە خۆی بزانێ چەند دڵخۆش بووم. لە هەمان کاتدا کە لە جیاتی ئاڵای کوردستان، ئاڵای پارتی و یەکێتیم لە شوێنە ئازادکراوەکانی وڵات بینی، بە دەست خۆم نەبوو پەست و خەمگین و دڵگران بووم. ئەگەر هێزەکانی پارتی و یەکێتی وەک تەنیا هێزێک هەڵسوکەوتیان لە ئاست ڕووداو و پێشهاتەکان کردبا، ئەو دەمە وێنەیەکی جوانترمان لە مەسمیدیاکانی جیهان سەبارەت بە کورد دەبینی و، بابایەکی وەک منیش لە گوڵ جوانتری بە وان نەدەگوت.

ئاڵای کوردستان کە سیمبوڵی نەتەوە و نیشتمانێکە، شایانی ئەوەیە لەسەر هەر بستێکی ڕزگارکراوی خاکی کوردستاندا بشەکێتەوە! ستۆکهۆڵم 9-4-2003



تێبینی: تازە لە ئامادەکردنی ئەم بابەتە بووبوومەوە کە چاوەکانم بە دیمەنی هێنانە خوارەوەی پەیکەری سەددامی خوێنڕێژ، وەک ملیۆنان مرۆڤی کورد و قوربانییانی تری دەستی ڕژێم، فرمێسکی شادییان تێزا. ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی لە بەغدا و ئەگەر و

پێشهاتەکانی دوای نەمانی سەددام، دەبێ زۆر بە وردییەوە تێیان بڕوانرێ. کورد دەبێ لە هەر کەس و لایەنێکی دیکە زیاتر چاو کراوە بێ و حیساب بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیشی بکات.

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ڕووخانی ڕژێمی سەددام و یەکگرتوویی هەڵوێستی کورد*

دیارە گومان لەوەدا نییە لەناوچوونی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی و ڕەگەزپەرستی عێراقی، خەون و هیوا و ئامانجێکی لەمێژینەی گشت ئازادیخوازانی عێراق و بە تایبەتیش گەلی کورد لە باشووری کوردستان بووە. لە عێراقی سەددام حوسێنی گۆڕبەگۆڕدا خێزان نەماوە، بەهۆی زۆرداری و چەوسانەوەی ئەو ڕژێمە عەرەبییە عەفلەقییە، بە شێوەی جیا جیا زیانی لێ نەکەوتبێ. شوێنەواری زەرەرەکانی بەعس لە کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و کۆمەڵگای کوردەواریشمان بە تایبەتی، چەندین ڕووی جۆراوجۆری ژیان دەگرێتەوە. لام وابێ پێویست بەوە ناکات لەم بوارەدا نموونە بێنینەوە. هەر مرۆڤێکی عێراقی، دیسان دەڵێم بە تایبەتیش کورد و کوردستانی، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ئاگری ئەم ڕژێمە شۆفێنییە، ئەگەر نەشسووتێنرابێ، ئەوا بێگومان داخ کراوە.

ڕێک لە کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جیهانیی باس لەوە دەکەن کە جەنگی هاوپەیمانان لە هەمبەر ڕژێمی ڕووخاوی عێراق بەرەو کۆتایی دەچێت. تەواوبوونی شەڕ لە هەر وڵاتێکدا، هەرچەند مایەی دڵخۆشیی دانیشتوانی وڵاتەکەش بێ، بەڵام لە هەمان کاتدا گەلێ پرسیار و بابەتی جودا جودا دێنێتە پێشەوە کە گرێدراوی قۆناغی دوای نەمانی ڕژێمەکەن.

گەلی کورد لە باشووری کوردستان کە بێ ویست و خواستی ڕۆڵەکانی خۆی و بە داری زۆر بە دەوڵەتی داتاشراوی عێراق لکێنراوە، لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە بەرامبەر تاقیکردنەوەیەکی گەلێ گرنگ و چارەنووسسازدا خۆی دەبینێتەوە. ئەندامانی ئەم بەشە نیشتمانەی کوردستان، ئەگەر بە ئارەزووی دڵی خۆیان بێ، دنیا دەزانێ لە ئازادی کەمتر شتێکی دیکەیان ناوێ. کوردیش وەک نەتەوەیەکی بندەست و زۆرلێکراو بایی دەیان دەوڵەت شەهیدی داوە. هەر نا لەبەر هەندێ، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، مافێکی ڕەوا و مرۆڤانە و نەتەوەییانەی کوردە.

بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لە باشوور، دوای ڕووخان و لەناوچوونی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس، چەندین ئەرک و فەرمان و بڕیاری نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەوێتە ئەستۆ، یانیش لێی چاوەڕوان دەکرێ. دیارە پاش ڕزگاربوونی دەڤەر و گوند و شارۆچکە و شارە کوردستانییەکان لە چنگی قرێژی سوپای بەعسییان، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیش گرانتر و واتادارتر و بەلەزتریش بوون. کار و فەرمانەکان دەبێ وەک پێویست جێبەجێ بکرێن

و، ناشبێ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و کوردستانییەکان بە قوربانی شتگەلێک بکرێن کە لە دوور و نزیکەوە چ پەیوەندییەکیان بە کورد و کوردستانەوە نەبێ. هەر لەبەر ئەم هۆیە و چەندینی دیکەش، یەک هەڵوێستیی کورد و جووڵانەوە ئازادیخوازەکەی لەم پارچەیەی کوردستاندا، بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی خۆی دەبێت، کە هەرچۆنێ بێ نابێ سەرانی کورد و هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئەوڕۆی کوردستان فەرامۆشی بکەن، یان بە شێوەیەک لە شێوان پشتگوێی بخەن.

لەم ڕەوشەی ئێستای عێراق و کوردستان و ناوچەکەشدا، یەکخستنی هەڵوێستی کورد سەبارەت بە قۆناغی دوای نەمانی ڕژێمی بەعس، دەشێ زۆر بوار بگرێتەوە کە هەر هەموویان داهاتووی کورد و چارەنووسی خاکەکەشیان پێوە بەندە. هەربۆیە ئەرکی سەر شانی پارتی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و ڕێبەرانی ئەم دوو هێزە دەسەڵات بەدەستەی باشوور و گشت بزاڤ و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکانی ئەوڕۆی سەر گۆڕەپانی خەباتە، کە هەتا پێیان دەکرێ و لە دەستیان دێ، یەکگرتوویی کورد و ڕیزەکانی لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بە کردەوە نیشان بدەن، کە لەمەڕ پاشەڕۆژی سیاسیی عێراق و کوردستانیش دەگیرێن. کورد دەبێ بە لایەنی کەمەوە لەسەر ئەو خاڵە گرنگانەی خوارەوە یەکڕیزی و هاوبیری و تەبابوونی خۆی بە تەواوی دنیا و بە تایبەتیش ئەمەریکاییەکان و هێزە دەستڕۆیشتوو و سەرەکییەکانی عەرەبی عێراقی نیشان بدات:

1- دیاریکردنی سنووری کوردستانی فیدرالی. دیارە من وەک کەسێکی نەتەوەیی و کوردستانی، تەنیا سەربەخۆبوون و یەکگرتنەوەی کوردستان بە چارەسەری هەرە ڕاست بۆ نەتەوە و خاکەکەم بە ڕەوا دەزانم، بەڵام نابێ ئەمە ببێتە تەگەرەیەک لە پێشمان تا نەتوانین هەنگاوی دیکە بنێین. جەختکردن لەسەر سنووری ئەو کوردستانەی کە بە عێراقەوە لکێنراوە کارێکی گەلێ گرنگ و پێویست و چارەنووسسازە.

2- کورد و سەرانی نابێ بە چ شێوەیەک و لەژێر هەر پاڵەپەستۆ و فشارێکیشدا سازش لەسەر کوردستانێتی شاری کەرکووکی کوردستان بکەن. بێگومان ئەمە شار و شارۆچکە و دەڤەرە کوردستانییەکانی تریش دەگرێتەوە کە تەعریب کراون و خەڵکە کوردەکەشیان لێ دەرکردوون.

3- جەختکردن و جەختکردن و دیسانیش جەختکردن و سووربوونی بەردەوامیش لەسەر گەڕانەوەی ئەو خێزانە کوردە وەدەرنراوانەی، کە بەر شاڵاوی دڕندانە و ڕەگەزپەرستانەی سیاسەتی تەعریب کەوتوون، بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لەو

گوند و شار و ناوچە کوردستانییانەی کە پێشتر تێیاندا ژیاون. کوردستان موڵکی چ سەرکردە و پارتێکی کوردی نییە تا بوێرێ سازشی لەسەر بکات!
4- لە کۆبوونەوەی دوێنێی 15-4-2003، لە شارۆچکەی (ئوور)ی مێژوویی نزیک شاری (ناسریە)ی باشووری عێراق، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، بە کوردیشەوە، لە کۆتایی دانیشتنەکەیاندا ڕاگەیەنراوێکیان بڵاو کردۆتەوە. خاڵی سێیەمی ئەم ڕاگەیەنراوەیان دەڵێ: "سیستەمی داهاتووی حوکمڕانی لە عێراق دەبێ لەسەر بنەمای سیستەمێکی فیدرالی - دیموکراتی، بەڵام لەسەر بناغەی هەڵبژاردنێکی گشتی بێ کە هەموو شوێنەکانی وڵات بگرێتەوە".** دیارە چ گومانیک لەوەدا نییە ئەم (بەڵام)ە گەورەیەی نیوەی دووەمی ئەم خاڵەی سەرەوە پرسیارێکی زەق و بەرچاومان لێ قوت دەکاتەوە: بۆچی لەسەر بناغەی هەڵبژاردنی گشتی کە هەموو شوێنەکانی وڵات بگرێتەوە؟! هەر خوێنەرێکی کورد و کەمێ ئاگاداری ڕووداوەکان، دوای تۆزێ وردبوونەوە لەم مەرجە ناڕەوایە، دەزانێ چ مەبەستێک لە بەکارهێنانی وەها ڕستەیەک خۆی حەشار داوە. ئۆپۆزیسیۆنی نایەکگرتوو و دابڕ دابڕی عەرەبی عێراقی، بە سوننە و شیعەوە، دەیەوێ بە کورد بڵێ: عەرەبی عێراقیش دەبێ بڕیار لەمەڕ مەسەلەی بەفیدرالیکردنی کوردستان بدات. جارێ پێش هەر شتێک ئەوە کوردە کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات نەک عەرەبی عێراق و ئێرە و ئەوێ. بە واتایەکی دیکە چۆنیەتی هەڵبژاردنی شێوەی حوکمڕانی لە کوردستانی بەزۆر بە عێراق لکێنراودا، مافێکە بەتەنێ خەڵکانێک دەبێ بڕیاری لەسەر بدەن کە لە کوردستان دەژین و خۆشیان بە کوردستانی دەزانن. پێچەوانەی ئەمەش حاشاکردنە لە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دانیشتوانی کوردستان و نکۆڵیکردنیشە لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان(1992). ئەگەر کورد لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و دهۆک و شوێنەکانی دیکەی کوردستان مافی ئەوەیان نەبێ بڕیار لەمەڕ چارەنووسی خەڵکی بەغدا و بەسرە و نەجەف و کەربەلا و ناوچەکانی تری عێراق بدەن، ئەوا بە هەمان شێوەش عەرەب مافی ئەوەیان نییە چارەنووسی کورد دیاری بکەن و جۆری حوکمڕانییەکەشی بۆ هەڵبژێرن. داخوا عەرەبی عێراق ئامادەی ئەوەن بڕیارێک پەسند بکەن، کە تایبەت بێ بە چارەنووس و پاشەڕۆژی خۆیان، بەڵام لە لایەن کوردەوە دەرچووبێ؟! هەموومان پێشوەخت وەرامی ئەم پرسیارە دەزانین. جا لێرەدا پێویستە و زۆریش پێویستە سەرانی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش، بە گشت بیر و بۆچوون و ڕێکخراوە

سیاسییە جوداکانییەوە، پێ لەسەر مەسەلەیەکی وەها دابگرن و جەختیش لەسەر ئەم خاڵە بکەن کە ئاماژەی بۆ کراوە.

5- یەکگرتوویی هەڵوێستی کورد سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعسی عەفلەقی و شۆفێنیست، هەروەها نەهێشتنی شوێنەوارە ژاراوی و زیانبەخشەکانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، کارێکە گەر کەس پێی ڕانەبێت، کورد دەبێ ئەنجامی بدات. دیارە بەعس وەک پارتێکی ڕاستڕەوی پەڕگیر و نەتەوەپەرستی کوێرانە و دەسەڵاتدار، کە بۆ ماوەی 35 ساڵێک حوکمی وڵاتێکی کردبێ، بە شەو و ڕۆژێک ئاسەوارەکانی لەناو ناچێ و ئەمەیان پرۆسەیەکی درێژخایەنە. دەبا زۆر نەڕۆین و هەر ئێستا لەنێو هەندێ گرووپی ئۆپۆزیسیۆندا کەسانێکی بەعسی هەن و بە بیانووی داکۆکیکردن لە عەرەبی سوننی، خۆشییان بێ یا ترشی، دڵیان بۆ بیری بەعس لێ دەدات. ئەوان خۆیان کە شتێکی وا ناڵێن، ئەمە چ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

6- کورد دەبێ هەڵوێستی یەک بێ لەمەڕ چەند بابەتی دیکەش کە پەیوەندییان بە داهاتووی سیاسیی کورد و ئەو بەشەی کوردستانەوە هەیە. هەر بۆ نموونە بەشی کورد لە ئابووری و سەرچاوە نەوتی و دەوڵەمەندییەکانی عێراق کە هەموومان باش دەزانین بەشی هەرە گەورەی ئەم سەرچاوە سرووشتی و نەوتییانە لەسەر زەوی و بن زەوی خاکی کوردستان هەڵکەوتوون. بێجگە لەمانەش بابەتی ناوی پاشەڕۆژی فەرمیی دەوڵەتی عێراق و مەسەلەکانی وەک ئاسایش و سوپا و دەستووری بنچینەیی وڵات و پارەوپوول و ئاڵا و ڕێژەی کورد لەناو پەرلەمانی هەڵبژێردراوی بارەگا لە بەغدا و زۆری تریش. ئەمانە مەسەلەگەلێکن کە نابێ بە هیچ شێوەیەک لە بیر بکرێن یا بە ئەنقەست پشتگوێ بخرێن.

7- خاڵێکی تری پێویست دیاریکردنی چارەنووسی سەدان هەزار مرۆڤی کوردە، کە لە ئەنفالە بەدناوەکان و کیمیابارانەکان و ئەو کارەساتە ویژدانهەژێن و دڵتەزێنانەدا بێ سەر و شوێن کران، کە بەعس بەسەر کوردی هێنان. میللەتانی یوگۆسلاڤیای پێشوو، پاش بەسەرچوونی دە ساڵ بەسەر جەنگی نێوخۆییاندا، هێشتا لە چارەنووسی کەس و کار و هاونیشتمانانی خۆیان دەپرسن. کوردیش دەبێ چاو لە گەلانێکی وەک وان بکات و لەسەر ئەم کارەی موکڕ بێ.

ئەم خاڵانەی کە لەم وتارەدا هاتوون مشتێک لە خەرواری هیوا و ئامانج و خواستەکانی سەرجەم نەتەوەی کورد و بە تایبەتیش کوردی باشووری کوردستانن. ڕێبەرانی کورد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان داکۆکییان لە کەسانێکی ئەنفالچی

کردووه، پاش نەمانی ڕژێمی ڕەشی بەعس، تۆ بڵێی پەندێکیان لە هەڵە و شاشییەکانی خۆیان وەرگرتبێ و، کوردیش نەکەن بە قوربانی بەرژەوەندییە حیزبییە تەسک و نانەتەوەییەکانی خۆیان؟ ئەمەیان پرسیارێکە و وەرامدانەوەی دەم و کاتی خۆی دەوێ. ستۆکهۆڵم 16-4-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

**بڕوانە: نص اعلان المعارضة العراقية التي اجتمعت في اور، نشرة الاخبار اليومية، KDP Net، 16-4-2003/AFP، ماڵپەڕی پارتی دیموکراتیی کوردستان.

# سلاو لەو کوردەی گوتی: بۆ نا؟!*

دوێنێ شەو 20-4-2003، بەرنامەی (بالعربی)ی کەناڵی (العربیە)، چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سکرتێری گشتی یەک جەلال تاڵەبانی سازدا. من نامەوێ لەم کورتە نووسینەدا بە درێژی لەسەر قسەکانی تاڵەبانی ڕاوەستم. تەنیا لە کاتی پێویستدا ئاماژە بۆ هەندێ لە وتەکانی ناوبراو دەکەم

هەر لەنێو خودی هەڤپەیڤینەکەدا پەیامنێرانی کەناڵی (العربیە)، سەبارەت بە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، بیر و ڕای چەند کەسانێکی کورد و عەرەبیان وەرگرتبوو. وەک بەشێکی گچکەی بەرنامەکەش بۆچوونەکانی ئەو کەسانەیان بلاو کردەوە. دیارە ئەو کەسانەی کە پرسیاریان لێ کرابوو، زۆربەیان هەر لەسەر جادده و ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان پرسیاریان ئاڕاستە کرابوو. ئەم میتۆدەی ڕا وەرگرتن، گەر بە دەستپاکییەوە ئەنجام بدرێ، شتێکی چاکە و چ قسەیەکیشی لەسەر نییە.

ئەو عەرەبانەی لەمەڕ بابەتی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی پرسیاریان لێ کرابوو، هەر هەموویان لە هەمبەر کارێکی وەها بوون، چونکە خۆیان گوتەنی کورد و عەرەب بران و دەوڵەتی کوردیش شتێک نییە پێویست بێت! ژنە عەرەبێکی ڕووپۆش لەسەر، سەبارەت ئەم پرسیارەی کە باس کرا، بەوپەڕی کەللەڕەقییەوە نەک هەر بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی و بەس، بگرە کوردیشی وەک نەتەوە ڕەت کردەوە. کوردەکانی لەمەڕ خۆشمان، کە بە داخەوە لە سایەی سەری سەرانی حیزبە فەرمانڕەواکانمان هەروا پەروەردە کراون، شتێکیان لە عەرەبەکان جوداتر نەدرکاند، مەگەر تەنیا یەکێکیان نەبێ کە مەبەستی ئەم نووسینەی منیشە.

لەنێو ئەو چەند کەسە کوردەدا کە پرسیارەکەیان ڕووبەڕوو کرابۆوە، پیاوێکی تەمەن 50-60 ساڵی، مەردانە و کوردانە وەرامێکی زۆر گونجاو و پڕ بە پێستی لە مستی کابرای پەیامنێر نا و پێی گوت: "<u>بۆ نا؟! گشت گەلانی دنیا دەوڵەتیان هەیە. بۆ نابێ ئێمەی کوردی 60 ملیۆنیش دەوڵەتی خۆمان هەبێ. ئایا ڕەوایە لە بن دەستی عەرەبان بین؟!</u>...".

لە دوای ئەم وەرامانەی کەسانی پرسیارلێکراو، پێشکەشڤانی بەرنامەکە ڕووی لە تاڵەبانی کردەوە و، ویستی ڕای ئەویش بزانێت. هەرچی تاڵەبانیشە، ڕێک بە

پێچەوانەی ئەم برا کوردە، زاری کردەوە و گوتی: "من دەوڵەتی فیدرالیم پێ لە دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ و دەوڵەتی ناوەندیی عێراقی چاکترە...".گومان لەوەدا نییە هەر کەسێ پێشتر گوێی لە قسە و باسەکانی سەرانی کورد بووبێ، دیارە بە بیستنی قسەیەکی وەها بە چ شێوەیەک سەرسام نابێ.

هەر لەم چاوپێکەوتنەدا وا دیار بوو تاڵەبانی لە (بەرەی تورکمانی)ی سەر بە میتی تورکیا پەست و بێزار بووە. ناوبراو (بەرەی تورکمانی)ی بە ڕێکخراوێکی (پەڕگیر) و (دروستکەری درۆ و دەلەسە) ناو دەبرد، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بیریشی نەدەچوو باس لە (اخواننا الاتراک = برا تورکەکانمان) بکات. پرسیارە گرنگەکان لێرەدا ئەمانەن: کێ بوون ئەوانەی ئەم (بەرەی تورکمانی)یە بەکرێگیراو و ڕەگەزپەرستەیان بەم ڕۆژە گەیاند؟ کێ بوون ئەوانەی بوون بە خزمەتکاری (بەرەی تورکمانی) و لە سلێمانی و کۆیە و شوێنانێکی تردا بنکە و بارەگایان بۆ دانان؟ ئەرێ جاران لەو شار و شارۆچکانە تورکمان هەبوون؟! سەرکردایەتی سیاسیی ئەوڕۆی باشووری کوردستان، بەر لە هەر کەس و لایەنێکی دیکە، دەبێ خۆیان بەرسڤی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری چارەنووسسازی تریش بدەنەوە.

وەک دوا وتەشم دەڵێم: سڵاو لەو کوردە بێ کە گوتی: "کوردیش دەبێ دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ!". 21-4-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## ئەریٚ بە ڕاست نەتەوەییبوون عەیبەیە؟!

بەر لە هەر شتێک دەبیٚ ئەوە بڵێم من بە وردی و ڕۆژانە بابەتە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی کوردستان نێت و چەندین ماڵپەڕی دیکەش دەخوێنمەوە. دیسان هەر ڕۆژانە گەلیٚ لەو بابەتانە لەسەر CD تۆمار دەکەم و وەک ئەرشیف لای خۆم دەیانهێڵمەوە. دیارە زۆر لەو بابەتانەش کە ئەمڕۆ دەنووسرێن، کیٚ ناڵیٚ سبەینیٚ نابن بە سەرچاوە و، کەم تا زۆر، سوود و بایەخی خۆشیان نابیٚ.

دوای ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی ـ حککع، نامە و بەیان و بڵاوکراوەیان لەمەڕ موجاهیدینی خەلق و باری نێو شاری کەرکووکی کوردستان و هەندیٚ مەسەلەی تر، بۆ ئەملا و ئەولا نارد و بڵاو کردەوە. ئەوەبوو وەک بینیمان ئەم کارانەی (کۆمۆنیستە کوردە کرێکارییە عێراقییەکان) بیٚ وەرام نەمانەوە و لێرە و لەوێش پرسیارگەلێک ڕووبەڕووی هەڵوێستەکانی حیزبی ناوهاتوو کرانەوە. هەڵبەت ماڵپەڕی کوردستان نێت بەشی شێری ئەم وەرام و وەرامدانەوە و نووسینانەی وەبەر کەوت. بێگومان کوردستان نێت ئازادە لە چۆنیەتی کارکردن و هەڵبژاردنی میتۆدی تایبەت بە کار و خەباتی خۆی. دیارە ئەمەیان مەسەلەیەکە چ قسەیەکی لەسەر نییە. لە هەمان کاتیشدا لایەنگران و ئەندامانی حککع سەربەستن لەوەی چۆن بیر دەکەنەوە و چیان دەوێت و ناوێت، بەڵام دەبیٚ بە دڵفراوانییەکی یەکجار زۆریشەوە گازاندە و ڕەخنە و گلەییەکانی ئەندامانی نەتەوەی کوردی بندەستیشیان قەبووڵ بێت. گەلی خوێنەر ئێوە دەڵێن چی؟!

ئەوەی کە زیاتر پاڵی پێوەنام تا ئەم چەند دێڕانە بنووسم، ڕەنگدانەوەی شتێک بوو لە زۆربەی نووسین و بڵاوکراوەکانی (حککع)دا، ئەویش مەسەلەی هێرشکردنە سەر هەر بیرێکی نەتەوەیی کوردی و وەڵاتپارێزی و کوردستانییە، کە بە داخەوە قەت نەدەبوو و نابیٚ وا بە ئاسانی لە لایەن کەسانێک، وەها بە سووکی سەیر بکرێن، کەسانیٚ کە خۆیان بە کورد بزانن و داوای ڕیفراندۆمیش بۆ کوردستان بکەن؟!

کەسانێکی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی کە شتیٚ بڵاو دەکەنەوە، هەر دەڵێی خوویان بەوە گرتووە یەکسەر بیٚ سیٚ و دوو کردن قاچی (ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد) بگرن و، نەتەوەی گەورە و گرانی کوردیش بە (خەڵکی کوردستان) ناو ببەن. ئەمە بووەتە یەک لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی ئەو قسە و باس و

نووسینانەی کە لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حککع دەنووسرێن و دەگوترێن. بە کورتی شتەکە لە بێتامیش بێتامتر بووە.

جارێ ئەوانەی کە ئەوان بە (ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد) ناویان دەبەن، مالّم قەبرە، هەر شتێکیان لێ دەوەشێتەوە تەنیا ئەم پێناسەیەی حککع نەبێ. حیزبگەلێک کە لەسەر سووتاندنی ئالای دەولّەتێکی داگیرکەری کوردستان، خۆیان و سەرانیان، بە هاوولاتییان و هاوزمانانی خۆیان بلێن: بێ ئەخلاق، گێرەشێوێن، ئاژاوەگێڕ و نازانم چی و چی تریش، ڕەنگە پێناسەیەکی (ناسیۆنالیست)یان نەک هەر بە ڕاست بۆ دەرنەچێت، بگرە کێ نالێ بەم جۆرە پێناسەکردنە تووڕەش نابن؟! هەر بۆ ئاگاداری حککع، چ ینک و چ پدک، ئامادەی ئەوەش نەبوونە ڕێ بە کردنەوەی دام و دەزگای نەتەوەیی، لە ناوچەکانی ژێر قەلّەمڕەوی خۆیان بدەن، کەچی لە کاتێکدا بە دەیان دەزگا و سازیی گومانلێکراو لە کوردستان تەراتێن دەکەن. دیارە پێویستمان بە هێنانەوەی نموونە نییە، چونکە شتەکان خویا و ئاشکران.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە پێمخۆشە بلێم گەلی برادەرینە: خۆ نەتەوەییبوون و خۆشویستنی نیشتمان و خۆ بەقوربانیکردنی نەتەوە و خاک، نەتەوە و خاکێکی بندەستیش!، کارێ نییە مایەی شەرمەزاری و شتێکی عەیبەش بێ. جا نازانم ئێوە بۆ ئەوەندە ڕکتان لە (بزووتنەوەی کوردایەتی) و (ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی)یە؟! دەزانم پێمدەلێن: کاکە وا نییە، ئێمە تەنانەت داوای جیابوونەوەی کوردستانیش دەکەین. منیش ناچارم پێتان بلێم: بەر لەوەی داوای ڕیفراندۆم بۆ گەلی کوردستان بکەن، هەر نا بۆ خۆتان زۆر چاکتر دەبێ، ئەگەر دەستبەرداری ئەو عێراقچێتییە بن کە بە شێوەیەکی تا بلێی بێ مانا داکۆکی لێ دەکەن. من نازانم بۆ دەبێ تەنیا لەناو کورددا، (کۆمۆنیست)ی بە ڕەگەز کورد، عێراقی، سووریایی، تورکیایی و ئێرانی بێ، بەلّام نابێ (کوردستانی) بێ؟! ئەی بۆ دەبێ (ئیسلامی)ی کورد خۆی بە کورددا بتەقێنێتەوە نەک بە دوژمنی نەتەوە و زێد و وارەکەی خۆی؟! ئەو کوردانەی کە لە ڕیزەکانی (حیزبی شیوعی عێراقی ـ حشع)دا کاریان دەکرد، گەیشتن بە چلّەپۆپەی سەرکردایەتی لەناویدا، نزیکەی پەنجا سالّێکیان پێویست بوو تا بە خۆیاندا بچنەوە و، بشگەڕێنەوە نێو باوەشی گەل و ولاتی خۆیان. هەرچی برادەرانی هەردوو حیزبە کرێکارییە کۆمۆنیستییە ئێرانی و عێراقییەکەن، کە بێگومان ئەگەر هەمووشیان کورد نەبن خۆ زۆربەیان هەون، بۆچی نابێ واز لەو حیکمەتە بێ حیکمەتە (عێراقی و ئێرانی)یە بێنن؟! تۆ بلێی نهێنییەک لە پشت ئەم کارەوە نەبێ؟!

کەرکووک کە شارێکی کوردستانییە، بە ماوەیەکی کەم بەر لە ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی سەددامیش، لە لایەن بەعسەوە کوردی لێ وەدەر دەنرا. ئەمە شتێک نییە بشاردرێتەوە یان خۆی لێ گێل بکرێت. ئەو شارە کوردستانییە تا هەنووکە بە دەیان هەزار کوردی، لە ماوەی حوکمی ڕژێم و دەسەڵاتە جیا جیاکانی نەتەوەی سەردەستی عەرەب، لێ دەرکراوە. هەر لەبەر هەندێ کەسانێ کە لە دەستپێکدا ماڵ و حاڵیان لێ زەوت کرابێ و ئینجا بە داری زۆر شاربەدەر کرابن، ئێستا جێی خۆیەتی و کارێکی گەلێ سرووشتی و ڕەوا و نیشتمانی و نەتەوایەتی و لە هەمان کاتیشدا ئەوپەڕی دادپەروەرێتییە، ئەگەر ئەمڕۆ بیانەوێ، کە بێگومان دەیانەوێ، بگەڕێنەوە سەر جێگا و ڕێگای خۆیان. ئەمە مەسەلەیەکە نە دەبێ قسەی لەسەر هەبێ و نە دەشبێ سازشی لەسەر بکرێ. هەر ڕێکخراو و لایەنێکی کوردیش کە بیانەوێ سازش لەسەر کوردستانێتی کەرکووک و جوگرافیای کوردستان بکەن، هیچ گومان لەوەدا نییە دەکەونە بەر نەفرەتی ئەندامانی نەتەوەی ئازادیخوازی کورد و ئەو خەڵکانەی کە هەر لەبەر (کوردبوون) لە شوێنەکانی خۆیان کۆچیان پێ کراوە و دەرکراون. هەندێ جار لایەنگرانی حککع کە باس لە کەرکووک دەکەن وەک (شارێکی ئینسانی) ناوی دەبەن. بە ڕاستی ئەمە پێناسەیەکی تا بڵێی نوێیە و مەگەر تەنیا لە فەرهەنگی سیاسی ئەو حیزبەشدا جێگای ببێتەوە. هۆ گەلی برادەرینە خۆ ئێمەش دەزانین دەنێو شاری کەرکووکدا مرۆڤ هەن مرۆڤ! بەڵام لەوە گرنگتر نابێ ئەو مرۆڤە بندەست و هەژار و لێقەوماو و زەحمەتکێش و چەوساوە و شاربەدەرکراوانەمان لە یاد بچێ، کە وەک پێشتریش گوتم هەر لەبەر پێناسەی نەتەوایەتییان، لەم شارەی کوردستان وەدەریان ناون.

تاوانکارییەکانی گرووپی تیرۆریستی موجاهیدینی خەلق لە هەمبەر گەلی ڕاپەڕیوی کوردستان لە بەهاری 1991، ئەگەر هەر کەسێ بە خۆی بڵێ کورد و تۆزێکیش کەرامەتی نەتەوەیی شک ببا، نابێ لەبیریان بکات. من کە بۆ خۆم زیاتر لەم ئەورووپایە ناوی (موجاهیدینی خەلق)م بیستووە و زانیاریم لەسەریان پەیدا کردووە، لە دوو بۆنەی تایبەتیدا وەک دەڵێن لووتم وە لووتی (هەوادارانی موجاهیدین) کەوتووە. بە خراپی نابینم لێرە وەک شتێکی سادە، لێ لە بنەڕەتدا واتادار، باسیان لێوە بکەم. یەکەمیان: لە سەرەتای ساڵی 1987 کە تازە لە ڕێی UN لە پاکستانەوە هاتبوومە سوێد، لە کەمپی پەنابەرانی شارۆچکەی (سوورەهامار)ی نزیک شاری ڤێسترۆس گیرسامەوە. دیارە لەو شوێنەدا خەڵکانێکی تری بێگانەش هەبوون. بەرپرسێکی

کەمپەکە منی ناردە لای کوڕە گەنجێکی فارس تا بەیەکەوە لە خانووێکدا گوزەران بکەین. کابرای فارسیش تازە هاتبووە سوێد و وەک من پەنابەر بوو. ئەو (هەواداری موجاهیدین)ە هەر کە زانی من کوردم و دڵیشم بۆ کوردستان لێ دەدات، دوو ڕۆژی پێ نەچوو بەر دەرگای لە کاکی بەرپرسی کەمپەکە گرت و گوتی: من کە کابرایەکی سیاسیم نامەوێ لەگەڵ کوردێک لە یەک خانوودا بژیم! ئیتر ئەوەبوو، بێ خواحافیزیکردن لەو فارسە شۆڤێنییە، منیان بۆ شوێنێکی تر گواستەوە. من کە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕمەوە، ئەوسا و ئێستاش، هەست دەکەم سووکایەتی بە خۆم و نەتەوە و خاکەکەم کراوە. کەسانێ کە شایەدی ئەم بەسەرهاتەن هێشتا لە سوێدن و، وەک خۆشم دانیشتووی ستۆکهۆڵمن. دووەمیان: چەند ساڵ بەر لە ئێستا موجاهیدینی خەلق لە (شیستەسەنترووم)ی ستۆکهۆڵم شیرینییان دەبەخشییەوە و بەزم و سەمایان بوو. لە بیرم نەماوە چ بۆنەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو. ئەوەی کە زیاتر سەرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا، دیمەنی ئەو کچە کوردە بوو کە بە جل و بەرگی نەتەوایەتی خۆیەوە سینییەکی پڕ لە چوکلێتی بە دەستەوە بوو. من کە ئەم کچە کوردەم بینی، بە دەست خۆم نەبوو یەکسەر لێی چوومە پێش و لێم پرسی: تۆ دەزانی موجاهیدینی خەلق لە ساڵی 1991 چیان بە کورد کرد؟ یەکێ لەو ژنە فارسە موجاهیدانەی کە گوێی لە مشتومڕەکەی ئێمە بوو، هەڵبەت لە ڕێی کچە کوردەکەوە بە منی گوت: ئەمانەی تۆ باسی دەکەیت هەر هەموویان پڕوپاگەندە و درۆن. گفتوگۆکەمان هەتا دەهات هەر توندتر دەبوو. ئەگەر ئەو ژنە فارسە ڕەگەزپەرستە هێز و توانایەکی شک بردبا، بڕوا بکەن، من و کچە کوردەکەی سەر بە خۆشیانی بە ساغی قووت دەدا!

ئەم دوو نموونەیە یا بەسەرهاتە یان هەر ناوێکی دیکەی لێ دەنێن، لە سووکایەتیکردن بە کورد و دۆزە ڕەواکەی زیاتر شتێکی دیکە نین. جا لە وەها بارێکدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی و سەرگەورەکەی کە بۆ داکۆکیکردن لە مافی (ئینسان)یانەی موجاهیدینی خەلق و خەمخۆریشیان لە ڕەوشی نالەباری ناو شاری کەرکووک، بەر لەوەی دەستیان کردبا بە نامە ناردن بۆ (کۆفی عەنان)ێکی هیچ لە دەست نەهاتوو، گەلێ پێویست بوو لاچاوێکیشیان لە مافی (ئینسان)یانەی ئەو (ئینسان)ە کوردانەش کردبا کە بوون بە قوربانی سیاسەتە دڕندانەکەی موجاهیدینی خەلق. ئایا حککع ئاگای لەوە نییە کە تەنانەت کەسانێک لەناو خودی ڕێکخراوی موجاهیدین، هەر لەبەر ئەم کردەوە قڕێژ و دژ بە مرۆڤانەیان، چەند ساڵێکە وازیان

لەو ڕێکخراوە هێناوە و، هەندێ جاریش لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام داون؟!

موجاهیدینی خەلق کە جاشی بەوەفای سەددام حوسێن بوون، زۆر ئاساییە کە ببن بە جاشی ئەمەریکا و ئەم و ئەویش، باجێ کە ئێستا بیدەن، تەنیا پەیوەندی بەو سیاسەتە چەوت و ناحەزەوە هەیە کە لە بەرامبەر دانیشتوانی عێراق بە گشتی و جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانیش بە تایبەتی گرتبوویانە بەر. ئەمە ڕاستییەکە و کەسیش نابێ نکۆڵی لێ بکات. هەروەها ئەم لێکدانەوەیە بەتەنێ ڕێکخراوی ناوهاتوو ناگرێتەوە، بگرە بۆ کەسان و لایەنگەلێکی دیکەش ڕاست دەردەچێت.

کوردبوون شەرم نییە. خۆشەویستی مرۆڤیش بۆ نەتەوە و نیشتمان ئەوپەڕی سەربەرزییە. خۆبەستنەوە بە هەر دەوڵەت و نەتەوەیەکی داگیرکەر و سەردەستی کوردستانیش نەک هەر شەرمەزارییە و بەس، بەڵکو جۆرێکە لە خۆ بە بچووک دیتن و ناپاکیکردن لە دۆزی پیرۆز و ڕەوای نەتەوە و خاک.

وەک دوا وتەشم دەڵێم:

ئەگەر لەسەر ئەم نووسینەش بە (ناسیۆنالیستێکی کۆنەپەرست)م لە قەڵەم دەدەن، بە شانازییەوە دەمخۆشیتان لێ دەکەم و پێشتان دەڵێم: دەک هەزار جار ئەم کارەتان لێ پیرۆز بێ!!

ستۆکهۆلم 5-6-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## سەلیم مەتەر: مێشكێكی بۆگەن و نەخۆش*

دوێنێ ئێواره 6-5-2003، چاوم بە نیوەی دووەمی ئەو بەرنامەیە كـەوت، كـە كەناڵی ئەلجەزیره لەسەر كورد ئامادەی كردبوو. میوانی ستۆدیۆی بەرنامەكە د. عەلی قەرەداغی بوو. هەروەها نوێنەری پدک لە قاهیره عومەر بۆتانی و نووسەری عێراقیش (سلیم مطر) بە تەلەفۆن بەشدارییان تێدا كرد.

كەناڵی ئەلجەزیره تا ئەو كاتەی دیكتاتۆرەكەی بەغدا فـەرمانی بكـوژ و ببـڕی دەردەكرد، بەو ڕژێمەی نەدەگوت ڕژێمێكـی دیكتـاتۆری و هەمیشـەش میوانـداریی لـە (عەبدولباری عەتوان)ێک دەكرد بۆ ئەوەی بە چڕ و چاوی سەددامی پاڵەوانی نەتـەوەی عەرەبدا هەڵبڵێ. دوای نەمانی سەددامیش ئەو كەناڵە تەلەفزیۆنییە بووەتە خـەمخۆری یەكەمی یەكپارچەیی عێراقێكی بەزۆر پێكەوە لكێنـراو. هـەر كـە مەسـەلە دێتـە سـەر كوردیش كارمەندانی ئەلجەزیره، وەک ئەوەی كوردستان بە تەواوەتی ڕزگاری بووبێ و ئاڵای دەوڵەتی نەتەوەیی كوردیش لەسەر چیا سەركەشەكانی كوردستان بشـەكێتەوە، هەر مەپرسە دەست دەكەن بە چ شین و واوەیلایەک!




سەلیم مەتەر ناوێک نییە تـازە بـە تازە وەبەر گوێمان كەوتبێ. ناوبراو هەر چ كاتـێ دەرفـەتی بـۆ ڕەخسـابێ، كـاری سەرەكی و یەكەمینی هێرشبردنە سەر كورد و بزاڤـە ڕزگاریخوازەكـەی بـووە. دیـاره كەناڵـی ئەلجـەزیرەش كەسـانێكی لـە نموونەی سەلیم مەتەری پێویستە. ئەگـەر نا خۆ ڕووناكبیری دیكەی عـەرەب هـەن، بـا زۆر كـەمیش بـن، كـەم تـا زۆر دەگـەڵ داخوازییە ڕەوا و نەتەوایەتییەكانی گەلی خەباتگێڕ و چەوساوەی كوردسـتاندان. هـەر تەنیا لە ماوەیەكی كەمدا، بێگومان هەر لەسەر شاشـەی كەناڵـی ئەلجـەزیرەش، بـۆ دووەمین جار سەلیم مەتەر نامـاقوولی گـەورە گـەورە و سـووكایەتییەكی (بـەئاگا و مەبەست)یش بە كورد و خاكەكەی دەكات. لەبیرمە جارێكیان عەبدولقادر بریفكانی كـە گوێی لە ناوی سەلیم مەتەر بوو، بە پێشكەشڤانی بەرنامەیەكی ئەلجەزیرەی گوت: ئەم

کەسە لای ئێمە ناسراوە و پێشوەختیش دەزانین چ دەڵێت. ئەو ڕۆژە سەلیم مەتەر خۆی، لە هەمان بەرنامەدا بەشدار بوو و، گوێبیستی قسەکانی بریفکانیش بوو.

دوێنی ئێوارە سەلیم مەتەری ڕەگەزپەرست چەپ و ڕاست، شەلم کوێرم ناپارێزم، حاشای لە گەلی کورد و خاکی کوردستان دەکرد. ئەو کە بۆ چاووزار چەند جارێکیش بەردی لە عەرەبان گرت، تا بڵێی داخ لە دڵ و دڵڕەقانە کەوتبووە گیانی کورد و فشەی بە (الامة الكردية=نەتەوەی کورد) دەهات و، دەشیگوت: داخوا کوردستان لە دیرۆکدا چ هەبوونێکی هەبووە تا ئەوڕۆ ئێمە باس لە نیشتمانێک، کوردستانێک، بکەین. ئەم ڕووناکبیرە تاریکبیرە، کە دەستی بە چاوی خۆیەوە گرتووە و بە ئەنقەستیش نایەوێ شتەکان وەک خۆیان کە هەن ببینێت، لە درێژەی قسەکانیدا گلەیی لە کورد و سەرانی دەکرد و پێی دەگوتن: لە باکووری عێراق تاکە یەک ئاڵای عێراق نابینین..یەکێتی و پارتی ئاڵای خۆیان هەیە..زمانی عەرەبی زمانی نووسین نییە و لەسەر دار و دیوار و لەناو قوتابخانەکان بەتەنێ نووسینی کوردیمان وەبەر چاو دەکەوێ..گیانی عێراقیبوون چ بوونێکی لەو ناوچەیەدا نەماوە..ئێمە هەست بە جۆرێک لە (دەبل مۆرالی)ی سەرانی کورد دەکەین..دەبێ هەر هەمووومان خۆمان بەس بە عێراقی بزانین..زۆر قسەی ڕزیو و بۆگەن و سووک و چرووکی تریش.

لەوەش گەڕێ سەلیم مەتەر دڵی بەم قسانەی سەرەوە ئاو ناخواتەوە و، داواش لە ڕۆشنبیرانی کورد دەکات تا بە هەموو شێوەیەک گیانی عێراقچێتی دەنێو کورددا بچێنن و، وا لە ئەندامانی ئەم نەتەوەیە بکەن تاکو عێراق و، بێگومان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستانیش، بە نیشتمانی خۆیان بزانن.

هەر نیو سەعاتێک دوای بەرنامەکەی ئەلجەزیرە، چاوم لە دەنگوباسی کەناڵێکی میسری(Nile News) کرد. کابرای پەیامنێر لە گوندی (عۆجە)ی شوێنی لەدایبکوونی سەددام دڵی نەتەوەی عەرەبی دەداوە. لەوێندەرێ پیرێژنێکی عەرەب وێنەیەکی زلی سەددامی لەسەر سەری دانابوو و، بە قیژەقیژ و هات و هاوارەوە، بۆ دیار نەمانی کوڕەکەی عۆجە خەمی دەخوارد. قسەکانی پیرێژنە عەرەبی عۆجەیی و سەلیم مەتەری ئەورووپانشین، تەنیا جیاوازییەکیان گەر هەبێ ئەوەیە کە پیرێژنە عۆجەییەکە بێ ئەملا و ئەولا دەردی دڵی خۆی بەیان کرد، هەرچی سەلیم مەتەرە لەژێر پەردەی (ڕووناکبیری) و (خەمخۆری بۆ عێراقی داهاتوو) و (مەترسی بەرپابوونی جەنگی نێوخۆیی)، زەق زەق جوێنی بە کورد و کوردستان دەدا و، خواش نەکا ڕۆژێ ناوبراو ببێ بە لێپرسراوێکی دەسەڵات بە دەست و قسەڕۆیشتوو لەو عێراقە (نموونەیی)یەی کە

ئەو خەونی پێوە دەبینێ، چونکە ئەوسا لێم یەقینە و چاکیش دەزانم چ بەسەر کـورد و نیشتمانەکەی دێنێ!

نەفرەت لە گشت سەلیم مەتەرەکان! ستۆکهۆڵم 7-5-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# با کورد خۆی براگەورەی خۆی بێ!*

دیارە لەنێو کۆمەڵی کوردەواریماندا نەریتی براگەورەیی هەر لەمێژە هەبووە و ئێستاش هەر باوە. براگەورە لە هەندێ باردا تایبەتمەندێتی کەسێکی دیکتاتۆر و کەللەڕەق و ملهوڕی وەرگرتووە. بە واتایەکی تر ئەگەر براگەورە مرۆڤێکی دڵگەرم و سنگفراوان و پشوودرێژ نەبووبێ، ئەوا لە چاکترین باردا خۆی لە نموونەی دیکتاتۆرێکی تاکڕەو و سەرەڕۆ و زۆرداردا بینیوەتەوە. جاری وا بووە خێزانێکی تەواو، لە سۆنگەی بڕیارێکی نابەجێ و نادروستی براگەورە و سەرپەرشتکارێک، دووچاری هەڵوەشان و لێکدابڕان و تێکچوون هاتووە. بێگومان پێچەوانەی ئەم کارەش هەر بە ڕاست دەردەچێ و، براگەورەی میهرەبان و تێگەیشتوو و گوێگر و هێمنیش دەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا هەڵکەوتوونە و بوونەتە نموونەی هەرەباشی مرۆڤگەلێک کە بە ڕاستی ویستوویانە لە خزمەت و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خێزان و گەل و وڵاتی خۆیاندا ڕۆڵەی بەئەمەک و جوامێر بن.

کاتێ قسە لەسەر براگەورەیی دەکەین، مەبەستمان هەر تەنیا بازنەیەکی تەسکی خێزان و خێزانداری نییە، بەڵکو دەکرێ هەنگاوی دوورتر بنێین و باس لە کوردیش وەک نەتەوەیەکی لەت لەتکراو و خاک لێ داگیر و دابەشکراو بکەین. لەو ڕۆژەوە کە کورد و نیشتمانەکەی، بێ گوێدانە ویست و خواستی نەتەوەیەکی گەورە و گران، پارچە پارچە و بندەست کراون، ئیدی کاری ئێمەی کورد تەنیا بۆ ئەوە بووە، جا خۆشیمان بێ یا ترشی، براگەورەیەکی بێگانە و جودا لە خۆمان قەبووڵ بێ کە لە زۆر ڕووەوە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵماندا هەبووە. دیارە ئەو براگەورانەش، بە پلەی یەکەم تورک و عەرەب و فارس، خوا هەڵناگرێ بەوپەڕی لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە بەو کارانە ڕابوونە کە پێیان سپێردراون! ئەم براگەورانە بە چاکترین شێوە ڕۆڵی دێوە خراپەکەی براگەورەییان گێڕاوە. هەروەها هەتا هەنووکەش لەسەر کارە نامرۆڤایەتی و هۆڤانەکانیان هەر بەردەوامن و چ گومانێکیشم لەوەدا نییە، هەتا پێیان بکرێ و لە دەستیشیان بێ، هەر بەردەوام دەبن. براگەورەییەکەی ئەوان بۆ کورد، تەنیا و تەنیا، دیسان دەڵێم تەنیا و تەنیا، کارەسات وماڵوێرانی و کۆمەڵکوژی و ئاگرباران و کیمیاباران و ئەنفال و سەرکوتکردن و خوێن و فرمێسکی ڕووبار ئاسای لێ کەوتۆتەوە.

ئەوان لێنەگەڕاون بۆ تەنیا ڕۆژێکیش ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، بە ئازادی و ئارەزووی دڵی خۆیان، هەوای فێنک و شنەبای کوردستانی نیشتمانیان هەڵمژن.




لەمەڕ هەمان مەبەست دەکرێ پرسیارێ لە خۆمان بکەین، کە دیارە من پێشوەخت بڕوام پێی نییە: ئایا لە سیاسەت و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیدا شتێ هەیە ناوی براگەورەیی بێ؟! هەر دیسان دەشێ بپرسین: تۆ بڵێی کورد هیچی لەباردا نەبێ و تا دنیا دنیایە کارێکی پێ ئەنجام نەدرێ و هەر حەوجەداری براگەورەیەکی بێگانە و غەریبە بێ، تا لەملا و لەولاوە بێ بۆ ئەوەی لە قوڕی خەستی زەمانە دەریبێنێ؟! خۆ ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئیتر ئەو هەموو دەریا خوێنەی کە لە جەستەی کورد چۆڕاوە، دەبێ لە پێناو چی بێ؟!

زۆر ڕاستە نەمانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس، بێگومان بە زەبری هەرەشەی هێزی زەبەللاحی ئەمەریکا، ئەوجا هەر ناوێک لەم کارە بنرێت ئەمەیان شتێکی دیکەیە، بووە هۆی شادبوونی ملیۆنان خەڵک و بە تایبەتیش کورد، کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو چاوەڕێی وەها ڕۆژێکی دەکرد. ئەمە لایەکی مەسەلەکە و لایەکەی تریشی ئەوەیە کە گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕاددەبەدەر هیوا و هومێدیان بە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان هەبوو و هەیە، کە (هەرگیزاو هەرگیز مەرج نییە) دوا ئاکامەکان لە سەداسەد بە دڵی من و ئێمە و ئەوانیش بێ! خاڵێکی تر کە بە داخەوە قەت نەدەبوو وا بێ: جۆرێک لە نایەکگرتوویی هەڵوێستی سیاسییانەی کوردە کە کەم تا زۆر

تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ، بە قسە و کردار، جارناجار لێرە و لەوێ شتەکە خویا و ئاشکرا خۆ دەنوێنێ. شایانی باسە بەر لە ڕووخانی ڕژێم و دوای ڕووخانی ڕژێمیش ئاماژەم بۆ ئەم مەسەلە گرنگە کردووە.

سەرانی پارتی و یەکێتی لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتنێکیاندا، زیاتر لە هەر عەرەبێکی عێراقی، جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن و، ئەوا مانگێکیش پترە بە دەردی خۆیان گۆتەنی لە (بەغدای پایتەخت)دا ڕەشماڵیان هەڵداوە. ئەوان چ سەرۆک هۆزێکی گچکەی عەرەبیش نەماوە کە چاویان پێ نەکەوتبێ و گفتی (برایەتیی کورد و عەرەب)یشیان پێ نەدابێ. ئەو برایەتییە بەزۆر پێکەوەلکێنراوەی کە تەنانەت 70 ساڵ دوای داتاشینی عێراقی دەستکردی ئینگلیزیش، هێشتا بناغەی دیوارەکەی هێندە لەرزۆک و پتەوە کە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێ بڕمێ. لە ناخی دڵ و دەروونمەوە هیوادارم ئەم برایەتییە کۆتاییەکەی (براگەورە و براگچکە) نەبێ، چونکە ئەوسا لێمان یەقینە کورد چی بەسەر دێ!

شتێکی تری سەرنجڕاکێش کە پەیوەندی بەم باسەوە هەیە، چۆنیەتی سەیرکردن و نزیکبووەوەی عەرەبی عێراقە لە دۆزی کورد و ئەو بەشەخاکە، کوردستانەی، کە بە داری زۆر بە دەوڵەتی داتاشراوی عێراقەوە لکێنراوە. عەرەبی عێراق بە گشتی، چەند ڕۆشنبیرێکی کەمی لێ دەرچێ، هێشتا بۆیان ناکرێ، پێیان ئەستەمە، وەها پەروەردە کراون، خوویان بەمە گرتووە، تۆ ئازادی لەوەی چ ناوێکی دیکەی لێ دەنێی، وشەی کوردستان بخەنە سەر زمانی خۆیان و واز لەو وشە سواو و ناشیرین و نابەجێیەش(شمال) بێنن. دوێنێ لە بەرنامەیەکی کوردستان تیڤی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو عەرەبانە ئەنجام دەدرا کە بۆ گەشت و گوزار ڕوویان لە زاوێتە کردبوو. کاکەی کورد هەمان پرسیاری ئاڕاستەی زیاتر لە 20 کەسی عەرەب کرد. لەناو ئەوانەدا تەنیا یەکێکیان گوتی ئێمە بۆ (کوردستان) هاتووین. ئەوانی دیکە هەر هەموویان (شمال) و (شمال) و (شمال)یان بوو. تۆ بڵێی ئەو (خوشک و برا؟) عەرەبانە ڕازی بن بە فەلەستین بگوترێت (شمال) یا (شرق) یان هەر بەشێکی تری ئیسرائیل؟!

لێرە لەو ستۆکهۆڵمە دراوسێیەکی عەرەبی بەغداییمان هەیە کە مێردەکەی لە لایەن بەعسەوە لەسێدارە دراوە. ئەم ژنە خۆی گۆتەنی دنیادیدەیە، هەتا وشەی (کوردستان)م خستە سەر زاری، سیق و دیقم کرد. هەر دیسان لێرە برادەرێکی حیزبی شیوعی عێراقی کە بە ساڵان لە کوردستان پێشمەرگە بووە و نانی جۆتیاری هەژاری

کوردیشی خواردووه، بەم دواییانەش لە کوردستان ژنێکی هێنـاوە، کـەچی ئێستاشـی لەگەڵدا بۆ هەر گێرەی لە (شمال) و (جماعتنا فی الشمال) دەگەڕێ.

من دەزانم ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی سادەی شێوەی بیرکردنەوەی عەرەبی عێراقن لەمەڕ دۆزی ڕەوای کورد، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵنیام کـە بـیر و ڕای زۆربـەی خەڵکی عەرەب لە عێراق نوێنەرایەتی دەکەن. بۆیە دەڵێم: شتێک لە ئارادا نییە تا ناوی برایەتیی کورد و عەرەبی لێ بنرێـت. ئەگـەر سـەرانی کـورد دووبـارە بنیاتنانـەوەی دەوڵەتی عێراق بە ئەرکی گرنگی سەر شانی خۆیان بزانن، خۆیان گۆتـەنی دەیـزانن، نابێ ئەوەشیان لەبیر بچێ کە گەورە و گچکەی کورد ئامانجیان سـەربەخۆیی وڵاتێکـە ناوی (**کوردستان**)ە. ستۆکهۆڵم 16ـ5ـ2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## دڵنیا بە عێراق شوێنێکی وا شک نابا!

ئەم باسە دەکرێ بە تەواوکەری وتارێکی پێشووترم دابنرێ کە هەر لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا بڵاو بۆتەوە (با کورد خۆی براگەورەی خۆی بێ!، 17-5-2003). مەبەستی بابەتی ئەم جارەش هەر لەسەر ناعێراقیێتی کوردستان و ڕەسەنێتی ئەو خاکەشە کە نەتەوەیەک بە کوردستان ناوی دەبات.

بەدەوی و دڵڕفێنیی کوردستان شتێ نییە لای کورد شارراوە بێ. ئەگەر باس لە تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی کوردستانی بەزۆر بە عێراق لکێنراویش بکەین، دیارە ڕاستییەکان خۆیان دەدوێن و پێویستمان بە بەڵگە هێنانەوە نابێ. هەر لەبەر هەندێ هیچ مایەی سەرسووڕمان نییە کاتێ عەرەبێک ببینین، کە بە بینینی دیمەنە جوان و سیحرئامێزەکانی سرووشتی ڕازاوەی کوردستان چاوی بچێتە پشتی سەری و، بە دەیان پرسیاری سەیر و سەمەرەشی لەکن دروست ببێ.

دوای لەناوچوونی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی بەعس، عەرەبەکان زوو زوو ڕێی کوردستان دەگرنە بەر و، سەردانی شوێنە گەشت و گوزارییەکانی وڵاتی کوردان دەکەن. دیارە خۆیان گۆتەنی بە تەماشاکردنی ئەو دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشانە مەست و سەرسام دەبن. هەندێک لەوان ساڵانێکی زۆرە نەیانتوانیوە کوردستان ببینن و، دیسان هەر بە دەردی خۆیان گۆتەنی لە بینینی (شمال الحبيب=باکووری خۆشەویست)یان بێبەش کرابوون. ئەو عەرەبانەی عێراق لە کاتی سەردانەکانیاندا بۆ دەڤەرە جیا جیاکانی کوردستان، بە تایبەتی شوێنەکانی گەشت و گوزار و حەسانەوەی هاوینان، بە دەگمەن نەبێ ناوی کوردستان ناچێتە سەر زاریان. من نامەوێ لێرەدا کۆڵەمستی بەزەبر لە قەبرغەی عەرەبان بدەم و چرۆچاوی سەرانی خۆشمان لە یاد بکەم. عەرەبی عێراق یان هەر نەتەوەیەکی سەردەستی دیکەی ناوچەکە، جاری یەکەم لە دەم و زاری کوردان و سەرکردەکانی دەڕوانن، ئینجا ئەوانیش شتەکان یا قسە و هەڵوێستەکان بە دووبارەکراوەیی بە خۆمان دەفرۆشنەوە. سەرۆک هۆزێکی گچکەی عەرەب کە لە دەمی سەرۆک پارتێکی گەورە و بەرچاوی کوردان ئەوەندە گوێی لە برایەتیی کورد و عەرەب و عێراق و عێراقی ببێ، قەت لێی ناگیرێ ئەگەر بە چ شێوەیەک خۆی لە قەرەی ناوی کورد و کوردستانیش نەدات. بە واتایەکی ڕوونتر من کە (گون)ی یەکێ گەورە بکەم، دیارە دەبێ نازیشی ڕابگرم و ناشبێ دڵە ناسکۆڵەکەی بشکێنم. بەکارهێنانی وەها

ڕستەیەک لێرەدا بە مەبەستی شکاندنەوەی چ لایەنێکی دیاریکراو نییە، لێ بەڵێ پەنجە درێژکردنە بۆ مەسەلەیەک کە بە داخەوە وا وردە وردە لەنێو سەرکرادیەتی کورددا پەرە دەستێنێ. ئەم دیاردە ترسناکە، دەشێ ناوی تریشی لێ بنرێ، بە تایبەتی لەم هەل و دەرفەتە ناسکەی پاش ڕووخانی ڕژێم زیاتر برەوی سەندووە. خۆ ئەگەر بە خواست و ئاوات و چاوەڕوانییەکانی گەلی کورد با، نەدەبوو سەرانی کورد، بێگومان زیاتر مەبەستم پارتی و یەکێتییە، بارودۆخەکە بەرەو ئاقارێک ببەن کە ببێتە مایەی نیگەرانی بۆ هاوولاتییان و ڕۆڵە بەوەفاکانی ئەم گەلە. مەبەستی ئەم قسەیەش زیاتر لە هەر چین و توێژ و کۆمەڵێکی دیکە ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر جێ و ڕێی خۆیان و، مافی تەواوی خۆشیانە ئەگەر لە هەر دواکەوتنێکی ئەم کارە بترسێن و، بە دەیان نیشانەی پرسیاریشی لە بەردەمدا ڕاست بکەنەوە.

هەردوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان، کوردستان تیڤی و کوردسات، کە بێگومان زیاتر دەزگایەکی حیزبیی کوردین نەک کوردستانی و نەتەوەیی، لە پاش نەمانی جەللادەکەی بەغدا وا خەریکە وردە وردە جۆرێک لە بەرگی عێراقچێتی لەبەر خۆ دەکەن و، بەم کارەشیان بیانەوێ یا نەیانەوێ، دڵی بینەران و هاوولاتییانی خۆیان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دەشکێنن. ڕاستە ئەم دوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییە، بە تایبەتیش کوردسات، بەر لە ڕووخاندنی بەعسیش بە (مەقاماتی عێراقی و قۆریاتی تورکمانی و بابەتی دیکەش)، خۆیان ڕەزاگران کردبوو. تورک و عەرەب کە هەریەکەیان بە دەیان دام و دەزگای ڕاگەیاندن و کەناڵی ئاسمانی و تەلەفزیۆنییان هەیە، داخوا دەبێ چ پێویستییەکیان بەم دوو کەناڵە کوردییە حیزبییە هەبێ؟!



لەم ڕۆژانەی دواییدا زۆر جار هەڤپەیڤین لەگەڵ ئەو عەرەبانە ئەنجام دەدرێ کە بۆ سەیران دێنە کوردستان. دیارە ئاستی پرسیار و وەرامەکانیش هەر ئەوەندە بڕ دەکات کە کابرایەکی عەرەب بێت و بڵێت: ئێمە بە بینینی (شمال الحبيب و شمال القطر) شاد و دڵخۆش بووین. جاری وا هەیە دەنێو بیست کەساندا بە تەنیا

یەک کەسی عەرەب ویژدانی دەبزوێ و دەڵێ کوردستان و (اخواننا الاکراد). جێگەی داخە ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە ساز دەدەن، وەک بڵێی لە دەمیان کەم بێتەوە، تا ئێستا نەمبینیوە بە کەسێکی عەرەبیان گوتبێ: ئەرێ (برای چاوڕەشم؟) ناکرێ، لە جیاتی (باکووری وڵات و باکووری خۆشەویست)، بێژی کوردستان؟!

لە یەکێک لەو چاوپێکەوتنانەدا کە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا، کوردستان تیڤی دەگەڵ کابرایەکی عەرەبی شیعە لە هاوینەهەواری بێخاڵ ئەنجامی دا، دیار بوو ئەو برادەرە هەر بە جارێ بە تێرامان لە سرووشتی ڕەنگینی دەڤەرەکە واقی وڕ مابوو. لە کاتی قسەکردنیشدا گوتی: ئەگەر ڕاستیت دەوێ، من بە چ شێوەیەک پێشبینی ئەوەم نەدەکرد، لە عێراق شوێنێکی وا سەرنجڕاکێش و لەبەردڵان هەبێ. ئەگەر ئەز لە جیاتی کاکی کورد بام بێ سێ و دوو تێمدەگەیاند: بە خوا برا گیان ڕاست دەفەرمووی، چونکە عێراق شوێنی وا شک نابات و ئێرەش (**کوردستان**)ە!

مخابن شتێکی لەم جۆرەم گوێ لێ نەبوو. ستۆکهۆڵم 24-5-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## یەک دوو پەیڤ بۆ کوردستان تیڤی و کوردسات*

دیارە چ گومان لەوەدا نییە کە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا هۆیەکانی ڕاگەیاندن، بیسراو و بینراو و نووسراو، تا بڵێی ڕۆڵێکی گرنگ دەلەیزن لە دروستکردنی بڕیار و ڕای گشتیی کۆمەڵانی خەڵک لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا. کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکان لە دەستپێکی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەڵبەت ئێستاش، کاریگەرییەکی بەرچاویان لە وەها کارێکدا هەبووە و هەیە. کورد هەرچەندە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبووە، لێ دیسانیش لە ڕێگەی هێز و پارتە سیاسییە دەسترۆیشتووەکانی خۆیەوە بووەتە خاوەنی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و دام و دەزگای ڕاگەیاندنی گرنگ، کە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و نەتەوەپەروەرانە بەکار بهێنرایەن و بهێنرێن، دیارە کارەکە زۆر لەوە چاکتر دەبوو کە هەنووکە لەبەر چاومانە. مەد تیڤی کە سەرقافڵەی ئەم جۆرە کەناڵە ئاسمانییە کوردییانە بوو، قەت گومان لەوەدا نییە کە لە سەرەتادا ڕۆڵێکی کوردستانییانەی بینی، بەڵام بە داخەوە وردە وردە خۆی خزاندە نێو قەپێلکی هێلکە حیزبییە تەسک و تریسکەکەی خۆی. ئەم کارەش بە تایبەتی لە دوای گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان جوانتر خویا بوو. ئەمە و جگە لە بەکارهێنانی زمانی تورکی بە ڕاددەیەکی وا بەربڵاو کە تەنانەت کوردی باکووری کوردستانیشی بێزار کردووە. جاران خەڵکی کورد لە دەرەوەی وڵات و ناوخۆی کوردستانیش بە حەسرەتەوە لە (مەد تیڤی)یان دەڕوانی، کەچی ئێستا ئەم سازییە تەلەفزیۆنییە بەرچاوە(ناوەکەی بووەتە میدیا تیڤی) بینەرانی خۆی نەک هەر لە دەست داوە و بەس، بەڵکو وەڕس و بێزاریشی کردوون. ڕەنگە تەنیا شانازیکردنێکی من بە (مەد تیڤی)ش ئەوە بێ، کە ئەم کەناڵە یەکەمین کەناڵی ئاسمانیی تەلەفزیۆنیی کوردی بووە.

ئەم چەند وتانەی بەراییم هەر بۆ ئەوە هێنایەوە تا هەردوو کەناڵی (کوردستان تیڤی و کوردسات)یش، وردبینانە و ژیرانە چاوێک لە دەستەخوشکەکەی خۆیان بکەن و وانەیەکی بەکەڵکیشی لێ وەربگرن. دامەزراندنی کوردستان تیڤی و کوردسات، بەر لەوەی چ ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لە پشتەوە بووبێ، شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەم دوو کەناڵە زێتر وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی حیزبیی گرنگ سەریان هەڵداوە. هێشتا باش لە یادمە سەرەتای کاری چەندین بەرنامەی کوردستان تیڤی بریتی بوو لە هێرشکردنە سەر بزاڤی ئازادیخوازی گەلی

کورد لە باکوور، بە تایبەتیش (پ.ک.ک)ی جاران. هەر کاتی خۆی لە گۆڤاری (هەڵەبجە)دا ڕەخنەیەک ئاڕاستەی ئەم جۆرە بەرنامانەی کەناڵی ناوبراو کرابوو.

دە تۆ واز لەمانە هەر هەموویان بێنە و سەیرێکی ڕەوشی (کوردستان تیڤی و کوردسات)ی قۆناغی دوای نەمانی بەعس بکە. ئەگەر لەناوچوونی ڕژێمێکی داگیرکەری پارچەیەکی کوردستان گرنگ و چارەنووسساز بێ بۆ کورد، کە بێگومان هەر واشە، لێ بەڵێ جەختکردن و جەختکردنەوە لەسەر مەسەلەی کوردستانێتی ئەو پارچەیەی وڵات و خۆبەستنەوەش بە ئامانجە هەرە دێرین و پیرۆز و زیندووەکانی کورد، خۆی لە خۆیدا کارێکە قەت قەت نابێ بە ئەنقەست چاوی لێ بپۆشرێ و خۆی لێ گێل بکرێ.

ڕاستە (پدک و ینک)ی خاوەنی کوردستان تیڤی و کوردسات هەر لەمێژەوە چاویان لە بەشەمافێکە کە چوارچێوە هەرە پوخت و گەشاوەکەی دەنێو (عێراقێکی یەکگرتوو؟؟)دا دەبێ. ئەمەیان شتێکە کورد باجێکی زۆری بۆ داوە و دەدات. لە هەمان کاتدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی کە ناوی (کوردستان) و (کورد)ی بەسەر خۆیدا بڕیبێ، خۆ هەر دەشبێ بەلانی کەمەوە خوەدی لەم ناوانە دەربکەوێ و، ناشبێ ڕۆژ تا ئێوارە ئەوەندە باسی (عێراق) و (عێراقچێتی) و (ئازادیی عێراق) بکات. ئێوە دەڵێن چی؟

جێگەی داخە هەر لە پاش لابردنی دیکتاتۆرە دەمبەخوێنەکەی بەغدا لەسەر حوکم، کوردسات و کوردستان تیڤی، هەنگاو لە دوای هەنگاو گەلێ بێتامانە داکۆکی لە عێراقیبوونی (خۆیان و کورد و کوردستان)یش دەکەن. من نازانم کاربەدەستان و سەرزلانی ئەم دوو کەناڵە، تا چەند ڕەوایەتی بە خۆیان دەدەن و داخوا ئەوان چ مافێکیان هەیە، تا بێن چەند ملیۆن کورد بە (کن فیکون)ێک بکەن بە هاووڵاتییانی عێراقی؟! گەلی برادەرینە ئێوە ئەگەر هەر مافێکی پڕوپاگەندەکردنتان بۆ حیزبەکانی خۆتان هەبێ، کە ئەرکی سەر شانتانە، لێ بەڵێ هەرگیز هەرگیزاو هەرگیز بۆتان نییە بە ناوی ملیۆنان خەڵک قسان بکەن و بە (عێراقی)یان دابنێن. دەزانن لە وڵاتێکی وەکو سوێد لەسەر بچووکترین هەڵەش، بە زەبری یاسا، تەلەفزیۆن ناچار دەکرێ ڕاستکردنەوەیەک پێشکەش بکات و، جاری واش هەیە بە پارە سزا دەدرێ. خۆ ئەگەر ئەمە لە کوردستان جێبەجێ بکرایە، بڕوا بکەن کوردسات و کوردستان تیڤی دەکەوتنە سەر ساجی عەلی!

ڕووی دەمی قسەم لە کارگێڕان و پەیامنێران و هەواڵخوێنەرەوان و گشت ئەو کەسانەشە کە لەم دوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە حیزبییە کوردییە کار دەکەن و پێیان دەڵێم:

لە جیاتی مەقاماتی عێراقی، هۆرە و لاوک و حەیران و سترانی کوردەواریمان بۆ لێدەن!

لەبری داکۆکیکردن لە عێراقچێتی و عێراقیبوون و خۆبەستنەوە بە عێراق، ئاوڕێک لە کوردستانی و کوردستانیبوون و پارچەکانی دیکەی کوردستان بدەنەوە!

ئێوە کە ئەوەندە دڵتان بۆ یەکگرتوویی خاکی نایەکگرتووی عێراق لێ دەدات، هەر نا ببن بە هاندەر تا هەردوو (حکوومەتۆکە)کەمان ببنەوە بە یەک!

ئەوەندەی باس لە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی عێراق دەکەن، گومان لەوەدا نییە کە ناخۆشترین و نامرۆڤانەترین ئازار و ستەمیان چەشتووە، دە مەردانە و کوردانەش ئێسک و پروسکی ئەو منداڵە چاوگەش و دەم بەخەندە و ئێسکسووکانەمان پێ نیشان بدەن، کە لە وەرزی بەهاری دڵڕفێنی کوردستان بێبەش کران و، دەگەڵ بووکۆکە و بووکەشووشەکانی دەستیاندا بۆ هەتا هەتایێ خەوێنران!

چاوی کامێرای تەلەفزیۆنەکانتان ئەوەندە (بەغدای پایتەخت)ی بینیوە، زۆری نەماوە (هەولێری پایتەخت) و (کەرکووکی - دڵ و قودس - ی کوردستان) و (سلێمانیی مەلیک مەحموود) و ئێرە و ئەوێی نیشتمانەکەمی لە بیر بچێتەوە!

هەواڵ و دەنگوباسەکان وەک لە جێی خۆیاندا دەقەومێن، بێ چ دەستکاریکردنێک، بە ئێمەی بینەر نیشان بدەن. ڕاستییەکان وەک هەن بینانخەنە ڕوو. ئەرێ لە چ دەترسن؟ قەت پێویستیش بەوە ناکات لە هەر بۆنەیەکی گچکە و گەورەدا بۆ گشت دنیای بسەلمێنن کە ئێوە عێراقین و عێراق وڵاتی ئێوەیە و کورد و عەرەبیش هەر لە دێرزەماندا برا بوونە و، هەتا هەتاییش هەر وا دەمێننەوە. ئەرێ بە ڕاست چ گەرەنتییەکتان بۆ ئەم قسانەتان هەیە؟!

ئێوە ڕۆژانە چەند سەعات لە بەرنامەکانتان کردووە بە گۆرانی ڕەنگاوڕەنگی عەرەبی و، کاتێکی بەرچاوی تەلەفزیۆنەکانی خۆشتان دە ئیختیاری (برا عەرەبە چاوڕەشە عێراقییەکانتان) ناوە. وایە یان نا؟ چەند کارێکی باشتان دەکرد ئەگەر کاتی ئەم بەرنامانەتان، با هەر بە عەرەبی بان، بەڵام بۆ تاوانە ڕەگەزپەرستییەکانی بەعس و ڕژێمە کوردکوژە دۆڕاوەکەی بەغدا تەرخان کردبا. ئێوە لە جیاتی ئەوەی هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە بدەن تا کورد بکەن بە هاووڵاتیی (پلە یەک؟)ی عێراقی، زۆر چاکتر و کوردانەتریش دەبێ، گەر بە زمانی عەرەبی دەرد و مەینەتی و کارەساتەکانی

کورد بۆ عەرەب باس بکەن، کە ئەنجامگەلێکی ڕاستەوخۆی کردەوە نامرۆییەکانی دیکتاتۆر و ڕژێم و حکوومەتێکی هۆڤ و شۆڤێنیستی عەرەبین. دەترسێم بڵێن نا کاکە شتی وا نییە؟!

ئەوی ڕاستی بێ من قسەم زۆرە و دەشزانم ئێوە کاتی بەنرخی خۆتان بە خوێندنەوەی چەند دێڕێکی ئێمەمانان بە فیڕۆ نادەن، بەڵام گەر ناتانەوێ بینەری کورد لە دەست خۆتان بدەن، دەبێ کارێ بکەن کە بە دڵی کورد بێ نەک ئەم و ئەو!

تکایە (کوردسات) و (کوردستان تیڤی) مەکەن بە (عەرەبسات) و (عەرەبستان تیڤی)!!

سوێد 5-6-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## ئاڵای بەعس داگرن!*

لە ژمارە 146ی (میدیا)ی ئازیزدا کە لە 16-8-2003 دەرچووە، وتارێکی کاک (هێمن میرانی)م بەر چاو کەوت لەژێر سەردێڕی (شارەکەی شێخ و دوو ئاڵایەکە..!). من بە خوێندنەوەی وتارەکە دڵخۆش بووم و، پیرۆزباییش لە کاک هێمن و میدیا دەکەم بۆ ئەو کارە چاکەی کە ئەنجامیان داوە. هەر لێرەدا پێم خۆشە ئەوەش بڵێم پڕ بە دڵ داکۆکی لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکەم، چونکە منیش ئەوکات لە سلێمانی بووم و، بە چاوی خۆشم ئاڵا نەفرەتییەکەی بەعسم لەتەک ئاڵای پەرچەم زێڕینی



کوردستاندا بینی.

لە هەمان کاتدا چەند ڕۆژێک بەر لە گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا، لە ڕێگای کەرکووک و چەمچەماڵەوە، بەرەو شاری (سلێمانی)ی هەڵمەت و قوربانی کەوتینە

ڕێ. ئاڵای پیرۆزی کوردستان، نەک هەر تەنیا لە سلێمانی، بەڵکو لە چەمچەماڵ و کۆیە و زۆربەی شوێنەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی لەگەڵ ئاڵای بەعسی گۆڕبەگۆڕدا بەر چاو دەکەون و پێکەوەش هەڵکراون. من خۆم شایەتیی ئەمە دەدەم و، هەر بۆ ڕاستی و مێژووش لە گەلێ جێگەدا بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی تایبەت بەم مەسەلەیەم گرتووە. هەروابێتەوە کاتێ مرۆڤ سەیری هەواڵ و دەنگوباسەکانی کوردسات دەکات، ئەم دیاردە ناشیرین و نابەرپرسیار و




ناکوردانەشی جوانتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەر بۆ نموونە جەنابی سەرۆک وەزیرانی ینک کە قسان دەکات و داخوویانی دەدات، دەبێ لەسەر مێزەکەی دوو ئاڵا دانرابێت: یەکێکی کوردستان و یەکێکی عێراقی سەردەمی بەعس و (عروبە) ڕەگەزپەرستە ئەنفالچییە کیمیابارانکەر و کوردکوژەکەش! پارێزگاری سلێمانیش هەر بە هەمان شێوە. لە کۆبوونەوەکانی بەرپرسانی یەکێتیش دەگەڵ دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی سەر بە UN و ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکانیش شتی وام لە کەناڵی کوردسات چاو پێ کەوتووە. لە سلێمانی و دەڤەرەکانی تری ژێر حوکمڕانیی ینک، قەت چاوم بەرایی نەدەدا لە ئاڵای ڕەزاقوڕسی بەعسییان و ئەنفالچییان ڕابمێنم. وەک دەشزانین ڕژێمی بەعس و دڕندە و هۆڤ و دەوڵەتە تۆقێنەر و مرۆڤکوژەکەی عێراق، کە لە دوای 2003-4-9 لە بن و بۆتکەوە هەڵوەشێنران و بە فەرمی نەماون، دەبێ چ حیکمەتێک لەوەدا بێ سەرانی ینک ئاڵا قڕێژ و خوێناوییەکەی هەڵبکەن؟! من بڕوا ناکەم چ کوردێکی بەشەرەف و خەمخۆری ئەم نەتەوەیە کارێکی وەهای پێ باش بێ. ئایا هەڵکردنی ئاڵای ڕەشی بەعس پاکانەکردنە بۆ کێ یان چ دەوڵەت و لایەنێک؟! داخوا کارێکی لەم جۆرە بە مانای خۆ بە بچووک دیتن و سووکایەتیکردن بە کەس و کاری شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و ئەنفالکراوانیش نایەت؟! ئەگەر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی ئاڵای بەعس نەبێ، کە خۆم نەمبینی، بۆ دەبێ یەکێتی وەها کارێک ئەنجام بدات؟! پارتی و یەکێتی کە باس لە یەکگرتوویی هەردوو

ئیدارەکە دەکەن، ئەی نابێ لەسەر ئەوەش ڕێک بکەون تا ئاڵایەکی دیاریکراو لە کوردستانی، بە دەردی خۆیان گۆتەنی فیدرالی، هەڵکەن؟!

لە شارێکی گەورەی وەک سلێمانی لە چەندین جێگا و سەربان و پێش دەرگای دام و دەزگا فەرمییەکان هەردوو ئاڵای کوردستان و بەعسم پێکەوە بینی. ئەرێ تۆ بڵێی سەرانی یەکێتی ئەوە نەزانن کە جەماوەری چەوساوەی کوردستان بە گشتی و سلێمانیش بە تایبەتی، هەر لە دێرزەمانەوە چ دۆستایەتییەکیان بۆ داگیرکەرانی وڵاتەکەیان نیشان نەداوە، هەتا ئەوڕۆ لە سایەی سەرانی ینک و دەسەڵاتی کوردیشدا، ئاڵای نەفرەتلێکراوی ئەو کۆڵۆنیالیستە دەمبەخوێنە کوردکوژانە هەڵبواسن؟!!

لە کۆتاییدا منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو هەموو کوردە ئازادیخواز و دڵسۆزانەی کە دەڵێن: ئەو ئاڵایە، ئاڵای بەعس داگرن!

ستۆکهۆڵم 19-8-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کەڵەگاییەکانی بەرەی تۆرانیی تورکمانی و خەمساردیی سەرانی کورد*

هەموومان باش دەزانین بەرەی تورکمانی چییە و سەر بە کام دەوڵەتە و، ئامانجی سەرەکیی ئەو کۆمەڵە تورکمانە کەمالیست و ئاژاوەگێڕەش لە چیدا خۆی دەبینێتەوە. ڕەنگە ڕووداوەکەی توزخورماتوو تەنیا سەرەتایەک بێ بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانی بەرەی ناوهاتووی سەر بە "میت"ی تورکیا. گەر کەسانێک کە سەربازی ئەمریکایی و بەریتانیایی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا بکوژن، لە لایەن هاوپەیمانانەوە بە تیرۆریست ناوزەد بکرێن، جێی خۆیەتی و زۆر ڕەواشە تورکمانە مێشکپووت و تۆرانییە کەمالیست و بەکرێگیراوەکانی سەر بە "میت"یش هەر بە هەمان شێوە چاویان لێ بکرێ و، هێزی هاوپەیمانان و تەواوی پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییە کوردستانی و عێراقییەکانیش بە تیرۆریست ناویان ببەن. ئایا دەبێ چ جیاوازییەک لە نێوان کۆنەبەعسییەکی سەددامی و تورکمانێکی ئەڵقەلەگوێی دەزگای سیخوڕیی "میت"دا هەبێ؟!

بەعسییەکان کە لە کوشتن و بڕیندا کەس لەوان وەستاتر نەبووە و نییە، تورکمانە تۆرانییەکانی نێو بەرەی تورکمانیش کە تا دوێنێ لەترسی بەعس نقەیان لێوە نەدەهات، ئەمڕۆ دەیانەوێ بە زەبری هێزی فس پاڵەوانانەی ئاغاکانیان لە ئەنقەرە و سوپای هۆڤی تورکیش، چاو لە کوردی خاوەن دۆزی ڕەوا سوور بکەنەوە و کەرکووکی کوردستانیش بکەن بە "شارێکی تورکمانی". دوای ئاڵۆزی و گرژییەکانی نێوان تورکمان و کورد، کە بە شایەتیی چەندین کەس و لایەن بەرەی تورکمانی ئاگرەکەی خۆش کردووە، "سونگوڵ چاپووک" کە بە ناو نوێنەری تورکمانەکانە لە "مجلس الحکم الانتقالی" و ناوبراو: تەنانەت گومانی پێشینەی سیاسیی خراپیشی لێ دەکرێ و کۆنە تازە بەعسە(1)، سەبارەت بە کردەوە گێرەشێوێنییەکانی تورکمانە تۆرانییە هاوفکرەکانی دەڵێ: من داوا دەکەم پۆلیسی شاری کەرکووک چەک بکرێن. . داوا لە کوردەکان دەکەم دەست لە تورکمانەکان هەڵگرن. . کەرکووک شارێکی تورکمانییە و جگە لە عەرەب و ئاشووری و کوردەکان زۆرینەیەکی تورکمانی تێدا دەژی. . دوای ئەو بەیەکداچوونانە یەکسەر پەیوەندیم بە حاکمی مەدەنی "پۆل بریمەر"ەوە کرد و ڕەوشی کەرکووکم بۆ باس کرد. . ئێمە لە عێراقێکی یەکگرتوودا دەژین و چ پێویستیش بەم جۆرە گرفتانە ناکات(2). ئەمە تەنیا کورتەیەکی قسەکانی

خانمی بەعسی و نوێنەری هەنووکەی تورکمانەکان بوو. ئەی لە بەرامبەر ئەمانەدا دەبێ کاربەدەستان و سەرانی کورد چ هەڵوێستێکیان نواندبێ؟ یەکێتی کە لایەنێکی سەرەکیی کێشەکەیە هەوڵی ئەوەی دا بە چ جۆرێک دڵی تورکیا نەڕەنجێنێ و، تەنانەت لە "کوردسات"ی خۆیدا نەشیویست ناوی تورکیا بێنێ. مەسەلەکەی تەنیا بە "عناصر اجنبية" و "عناصر النظام السابق"(3) دیزەبەدەرخۆنە کرد. هەرچی د. بەرهەمساڵحی سەرۆک حکوومەتی یەکێتیشە، ناڕەزایی خۆی لە هەمبەر "تەقاندنەوەی گۆڕی ئیمام لە توزخورماتوو" دەربڕی. هەروەها "بەهرۆز گەلاڵی"ی نوێنەری ینک لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، کە خۆپیشاندانیشی دژی یەکێتی تێدا بەرپا بوو، هەمان گوتە سواو و بێ ماناکەی جارانی سەدپات کردەوە گوایا: کوردەکان هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باکووری عێراق نادەن(4). ڕاگەیاندنی پدک کەمتر باسی ڕووداوەکەی کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا باس لە بۆردومانی گوندێکی سەر سنوور کرا. پارتی تاوانی ئەنجامدانی ئەم کارەی خستە پاڵ تورکیا(5).

دڵسۆزان و خەمخۆرانی کورد هەر لەمێژەوە باسیان لە مەترسییەکانی گون گەورە کردنی بەرەی تورکمانی سەر بە میت کردووە، لێ بە داخەوە سەرانی ینک و پدک چ حیسابێکیان بۆ ئەو بۆچوونانەی کەسانێکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر نەکردووە. دیارە یەکێتی لەم چەند ساڵەی دواییدا هەر بە تەواوەتی بۆ بەرەی تورکمانی شل کردبوو. کەس نییە ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نەبێ و شتەکە لای زۆربەی کەس و تەواوی لایەنەکان خویا و ئاشکرایە. کەواتە: دەسەڵاتدارانی باشوور بەرپرسیاریەتییەکی زۆری دەرهاویشتەکانی ئەم گەمە بە ئاگر کردنەیان لە ئەستۆیە کە هەنووکە تاقمی بەرەی تورکمانی بە وەکالەتی تورکیا دەیکەن (6).

تورکمانەکان کە لە سەردەمی بەعسدا خاوەن چ مافێک نەبوون تا شانازی پێوە بکەن، کەچی هەر لە دوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی 1991 بە زیادەوەش هەموو مافێکی بنچینەیی و ڕۆشنبیری و. . . تاد، لە لایەن دەسەڵاتداریێتی کوردییەوە پێیان دراوە. جا لە جیاتی ئەوەی ئەم جوامێرییەی کوردانیان لەبیر نەچێ، ڕێک بە پێچەوانەوە، بە تایبەتیش بەرەی تورکمانی تۆرانی، بوون بە خوڵام و نۆکەری داگیرکەرانی هەرە فاشیست و ناحەزی کورد و کوردستان، کە تورکە کەمالیست و گورگەبۆرە دەمبەخوێنەکانی پەروەردەی دەستی "ئەتاتورک"ن. ئەوان هەر بەوە

نەوەستان و بگرە دەستیان کرد بە ئاژاوەنانەوە لە کوردستان و بڵاوکردنەوەی تۆوی تۆرانیزم دەنێو خەڵکدا. لە هەمان کاتدا ئەو بەرە تورکمانییەی کە ئەمڕۆ ئاگری شەڕی دژ بە کورد لە کەرکووکی کوردستان خۆش دەکات و، بەمەش فەرمانی تورکە کەمالیستە ئاغاکانی جێبەجێ دەکات، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ پێی عەیبە بە کوردستان بڵێت "کوردستان" و، زۆر لە شار و شارۆچکە گرنگەکانی وڵاتی کوردستان بە "تورکمانستان" ناو دەبات. ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ بە میوانی بچی بۆ ماڵێک، ئینجا دوای ماوەیەک، کلکت لەسەر پشتت دابنێی و بە خاوەن ماڵ بڵێی: فەرموو بۆ دەرەوە!!

سەرانی کورد دەبێ بەوپەڕی وردبینی و تێرامانێکی ئێجگار قووڵ لەم ڕەوشەی هەنووکەی کوردستان و ناوچەکە ورد ببنەوە. نابێ و ناشکرێ، بە ڕاستی مایەی شەرمەزاری و شوورەییشە، گەر هەروا بە ساناهی شتەکان بەسەریاندا تێپەڕ ببێ و، ئەوانیش وەک دەڵێن نە بایان دیبێ و نە باران، هەیپێی لێ بکەن و خۆیان لە واتا و مەغزای پێشهاتەکان گێل بکەن. ئەوان کە تا ئێستا شتێکی ئەوتۆیان لەم بوارەدا ئەنجام نەداوە، تا کورد دڵی پێ خۆش بێ، لەوانەیە چاکترین کار کە ئێستا بتوانن بیکەن یەکخستنەوەی بە پەلەی هەردوو ئیدارەکە و پێکەوەنانی حکوومەتێکی نیشتمانیی کوردستانی و پەرلەمانێکی خاوەن دەنگ و سەنگ بێ. من پێموایە کارێکی ئەوها دەبێتە کۆسپێکی باش لە بەردەم دەستتێوەردانەکانی دوژمنانی کورد لە کاروباری ناوخۆی باشووری کوردستان و ناوماڵی کورد خۆیشی. سەرانی کورد و ینک و پدک، تەنیا لە میانەی ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد و نەهێشتنی ئەم پەرت و بڵاوییەی کەلە ئارادا هەیە، دەکرێ ڕووی خۆیان و کورد و نەتەوەکەشیان سوور بکەن. ئەگەر نا هەڕەشەکان، مەترسییەکانی ناوە و دەرەوە، بێگومان لە ئێستاش خراپتر خۆ دەنوێنن و، کوردیش دەبێتە قوربانی بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

دەبا سیاسەتی ئێمەی کورد لەمەولا ئەمانە کۆڵەکەکانی بن: یەکێ کە بە هیچم دانەنێ، دەبێ منیش بە هیچی دانەنێم. . بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان لە سەرووی هەر شتێکی دیکەوە دێن. . هەر کەس و لایەنێ کە لە کوردستان دەژین، دەشبێ ڕێز لە ویست و خواستەکانی گەلی کورد بگرن کە زۆرینەی دانیشتوانی وڵات پێکدێنێ. . کورد بەر لەوەی برای یەکێکی غەیرەکورد بێ، گەلێ چاکترە پێشوەخت برایەتیی خۆی

دەگەڵ خۆیدا توند و مەحکەم بکات. . دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ئامانجێکە دەستبەرداربوون لێی دەبێ کارێکی مەحاڵ بێ. 25.8.2003

## پەراوێزەکان:

(1) میدیا، ژ 146، 16-8-2003، ڤیتۆی نەجەفی، نووسینی: ئەڤین ئیبراهیم ئەحمەد، ل 5.
(2) المجلس الاعلی للثورة الاسلامیه و الاتحاد الوطنی الکردستانی یرسلان وفدا مشترکا الی کرکوک لتهدئه العلاقات الکردیه-الترکمانیه، الشرق الاوسط، KDP inf، 25-8-2003.
(3) الاتحاد الوطنی: الشبهات تحوم حول "عناصر اجنبیه" و "عناصر النظام السابق"، وکاله انباء رویترز، KDP nifo، 25-8-2003.
(4) ماڵپەڕی یەکێتی"PUK"، انباء کردستان، 24-8-2003.
(5) تێکستەهەواڵی چەند کەناڵێکی عەرەبی.
(6) ماڵپەڕی کوردستان نێت، دەتوانین پشوودرێژ بین. . ؟، نوورەدین سەعید وەیسی، 25-8-2003.

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# زگم به د.ڕۆژ نووری شاوەیس دەسووتێ*

زۆربەی وڵاتانی عەرەب و ئەمینداری گشتی "جامیعەی عەرەبی"ش عەمرو مووسا، تا دوایین ڕۆژەکانی حوکمڕانێتی بەعس و سەددام لە عێراقدا، هەمیشە دڵسۆزانە خزمەتکاری بەوەفای ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ بوون. ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر لەم بوارەدا دەغەزری و سووریش بوو لەسەر داکۆکیکردن لە عێراقی "عروبە"، عەمرو مووسای کۆنەوەزیری دەرەوەی میسر و کەسی یەکەمی ناو "جامیعەی عەرەبی" بوو. ئەو تەنانەت ئامادە نەبوو، هەر وەک وەزیری دەرەوەی قەتەر، سەردانێکی بەغدا بکات و هەوڵێکی بچووکیش بدات بە مەبەستی قایلکردنی دیکتاتۆری ملهوڕ و سەرەڕۆی عێراق، تا واز لە بیرۆکەی شەڕ بێنێ و وڵاتیش بەجێ بێڵێ. ناوبراو لە قسە و وتەکانیدا هەندێ جار بەعس ئاسا دەدوا. لە دوای نەمانی سەددام و بەعسیش پەرلەمەنتارانی دەوڵەتانی عەرەبی ئەندام لەنێو جامیعەی عەرەبیدا، ئامادەی ئەوە نەبوون بە نووسین و قسەش لە بەیاننامە و ڕاگەیەنراوەکانیاندا نارەزایی خۆیان لەهەمبەر ئەو هەموو گۆڕەبەکۆمەڵانە دەربڕن، کە عەرەبە بەعسییە "عروبەوی"ییەکان لە دژی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد و خەڵکانی دیکەی عێراق ئەنجامیان دابوون.

هەر کە دامەزراندنی "مجلس الحکم الانتقالي" لە بەغدا ڕاگەیەنرا، دەوڵەتانی عەرەب لە دەستپێکدا ئەم ئەنجوومەنی حوکمەیان بە دەسکەلای ئەمەریکاییەکان ناساند و، گوتیشیان: "ئێمە دانی پێدا نانێین". کاتێکیش ئەمەریکا چاوێکی لێیان سوور کردەوە و، شاندێکی ئەنجوومەنەکەش ڕووی لە بارەگای UN کرد، ئیدی عەرەبە نەتەوەییە "عروبەوی"ییەکان کەوتنە خۆیان و بە نۆرە پێشوازی لە شاندی ئەنجوومەنی حوکم دەکەن. خۆ کە مەسەلە هاتە سەر دانانی دەستوور بۆ عێراق، عەمرو مووسا و "جامیعەی عەرەبی"ش ئامادەیی خۆیان نیشان دا تاکو ئەم کۆنگرە دەستوورییە لە قاهیرە ببەسترێ و، لە هەمان کاتیشدا جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراقی "عەرەبی؟!" بکرێتەوە و، میسریش هەر هەمان ڕۆڵ ببینێ کە لە مەسەلەی باشووری سووداندا پێی ڕابوو. ئەوان هەر هەموویان کە تا دوێنێ کڕنووشیان بۆ "سید الرئیس" و بەعس دەبرد، بۆ دەبێ ئەمڕۆ بە دەردی خۆیان گۆتەنی "بین لیلة و ضحاها" بەرژەوەندییەکانی عێراق و عەرەبەکانی ئەوێندەرێیان وەبیر هاتبێتەوە؟!.

بۆ ئەوەی بتوانم بە تەواوەتی مەبەستی دڵی خۆم بە خوێنەری هێژا ڕابگەیەنم، ناچار بووم بەم سەرەتایەی سەرەوە باسەکەم بکەمەوە.

سەردانی وەفدی ئەنجوومەنی حوکم لە عێراق بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکان، کە "ئیبراهیم جەعفەری"ی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە سەرکردایەتی دەکات، لە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکاندا باس دەکرێت. دیارە "د. ڕۆژ نووری شاوەیس"ی کوردیش دەگەڵ شاندەکەدایە و جاروبار چاوی کامێرای دەستی وێنەگرە عەرەبەکان ئەویش دەبینێ. بینەری کورد ئەگەر زیرەکانە لە دانیشتنەکانی تایبەت بەم شاندە و کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی عەرەب ورد بێتەوە، هەست بە شتێکی گەلێ زەق دەکات کە ئەویش کورت و کرمانجی دەکرێ ناوی لێ بنێین: "براگەورەیی عەرەب و برابچووکیی کوردا!". لە دانیشتنەکەی قاهیرەی پایتەختی میسر: ئیبراهیم جەعفەری لە نزیک عەمرو مووسا بوو. عەدنان پاچەچی کەسی دووەمی نزیک عەمرو مووسا بوو. هەرچی د. ڕۆژ نووری شاوەیسی کوردە لە لایەکەوە دانیشتبوو، خوا ئاگادارە، نە سەنگی هەبوو نە دەنگ! هەڵبەت کامێرای تەلەفزیۆنەکانیش ئەوەندە ئەویان نەدەهێنایە پێشەوە. بۆ ئەم کارەشیان هەزار جار دەستیان خۆش بێ!




کاتێکیش شاندی ئەنجوومەنی حوکم هاتە ئوردن، وەزیرێکی ئەو وڵاتە باسی لە "کافه اطیاف الشعب العراقی"ی کرد. هەر ئەوەندە و چی دیکەش نا!

من هەتا کاتی نووسینی ئەم بابەتەش لە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبی و کوردییەکانیشدا گوێم لە قسەیەکی بەپێزی د. ڕۆژ نەبووە، کە لەمیانەی دانیشتن و کۆبوونەوە و سەردانەکانیدا بۆ ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە درکاندبێتی. ڕۆژانەش سەیری ماڵپەڕی پارتی دەکەم. لەوێندەرێش شتێکی وام بەر چاو نەکەوتووە کە شایەنی باس بێ. تۆ بڵێی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نهێنییەکانی شاندی ناوبراو دەگەڵ کاربەدەستانی عەرەبدا، دکتۆر ڕۆژ هەستی کوردانەی هەڵنەستابێ و باسی دەرد و مەینەتییەکانی گەلەکەیشی بۆ وان نەکردبێ؟! داخوا د. شاوەیس کە لە قاهیرە بووە، خەیاڵێکی وەهای بە مێشکدا نەهاتووە، سەبارەت بە چارەنووسی ئەو کچە کوردە فرۆشراوانە پرسیارێکی کوردانە لە سەرانی ئەو وڵاتە بکات؟! تۆ بڵێی لەو ساتانەدا جەنابی بیری لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و کیمیاباران و فرۆشتنی ناسک و نازدارانی کوردی بە مەلهاکانی میسر نەکردبێتەوە؟!. . تۆ بڵێی. . ئایا. . داخوا. . گەلۆ. . تاد. گەلەک باش دەزانم ئەم

جۆره پرسیار و پرسیارکردنانه به بیر و مێشکی هەر کەسێکدا نایەن، لێ هەر دەبوایە لێرەدا بیاندرکێنم.

کاتێ کە د. ڕۆژ لە دانیشتن و کۆبوونەوەکاندا وەها بە کەساسی و فەرامۆشکراو دەبینم، بە دەست خۆم نییە وەک کوردێک خەمی لێ دەخۆم و بەزەییم پێ دێت، ناوبراو لەگەڵ کەسانێک کۆ دەبێتەوە کە باس لە سەروەرێتی خاکی عێراق و "عروبە" و گەڕانەوەی عێراق بۆ باوەشی وڵاتە عەرەبییەکان دەکەن. دکتۆر ڕۆژ دەبێ وەکو وان بیر بکاتەوە، ئەگەر نا ئەو لەوێ چ دەکات؟! گومانیش لەوەدا نییە ئەم لێکدانەوەیە بەتەنێ د. ڕۆژی بەستەزمان ناگرێتەوە. ئەی ئەوە سەرانی کورد نین کە ڕۆژانە، لە عەرەب عەرەبترن و لەوانیش زیاتر، تا ئەوپەڕی پلەی بێتامی و قێزلێبوونەوە باس لە یەکگرتوویی خاکی عێراق و دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش دەکەن. ئەوان هەر دەڵێی ئەم وتە سواو و بێزرخانەیان دەرخ کردووە! دیارە لەم بوارەشدا کەس لە جەلال تاڵەبانی شارەزاتر و مەعلانتر نییە. ئەو بەر لەوەی دەم بکاتەوە، ئێمەی کورد دەزانین چی دەڵێ! تاڵەبانی لە سەردانەکانی خۆیدا بۆ ژاپۆن و ئوسترالیا و بەحرەین و چەندین وڵاتی تریش، هەمیشە لە نموونەی عەرەبێکی وەفادار و پارێزەری یەکپارچەیی خاکی عێراقیش هەڵسوکەوتی کردووە**.

عەرەب کە عێراق بە وڵاتێکی عەرەبی دادەنێن، لە دوور و نزیکەوە، چ حیسابێک بۆ ئەوە ناکەن کە عێراق داگیرکەری پارچەیەکی گرنگی کوردستانە و، دانانی عێراقیش بە تەنها وڵاتێکی عەرەبی و بەشێک لە نیشتمانی عەرەب، خۆی لە خۆیدا غەدرێکی گەورەیە لە کورد دەکرێت. وەها بۆچوونێک بە خەیاڵی سەرانی عەرەبدا نایەت و، ئەوەی کە بیریشی لێ ناکەنەوە دۆزی مافداری کوردە لەو بەشە کوردستانەی کە بە داری زۆر بە عێراقی دەستکردی ئینگلیزەکانەوە لکێنراوە. جا لە ڕەوشێکی ئێجگار ناسک و پڕ چارەنووسسازی وەک ئەمڕۆدا، کە کوردستان و ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت، حیکمەت لەوەدا نییە کوردێکی هیچ لە دەست نەهاتوو سەردانی پایتەختی ئەم و ئەو دەوڵەتی عەرەبی بکات، بەڵکو ئەوەی لێرەدا گرنگە قۆستنەوەی هەل و دەرفەتە زێڕینەکانە لە پێناو بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردستان نەک یەکپارچەیی عێراقی داگیرکەری کوردستان! ئەگەر عەرەب مافی ڕەوای خۆیان بێ وابەستە بن بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسییەکانی خۆیان، ئەی بۆ نابێ هەر هەمان ماف بە کوردی ژێردەستە و بێ دەوڵەتیش ڕەوا ببینرێ؟!

2003-8-27

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو بۆتەوە.**

*** *هەر تەنیا بۆ نموونە بڕوانە: هەڵوێستی عەرەبانەی جەلال تاڵەبانی، نووسینی: شاخەوان شۆڕش، کوردستان نێت، 25-8-2003. هەروەها: 1200 عنصر من القاعدة الى العراق – رمضان مسؤول عن المقابر الجماعية، المصدر: الوطن الكويتية KDP inf .، Kurdistan Democratic Party Online، 27-8-2003.**

# کورد لە نێوان عێراقیبوون و کوردستانیبووندا*

لەناوبردنی ڕژێمی بەعسی عەرەبی شۆڤێنی لە عێراق، لە لایەن هێزی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا، گەلێ پرس و پێشهات و دەرەنجامی جۆراوجۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا ئاراوە. لەم باسەدا ئێمە زیاتر مەبەستمان گەلی کوردی باشووری کوردستان و دۆزە ڕەواکەیەتی.



کورد کە بە بێ ئارەزووی دڵی خۆی بە دەوڵەتی دەستکردی عێراقەوە لکێنراوە، وەک هەر گەلێکی دیکەی ئازادیخواز و مافدار، قەت نەیویستووە بە بندەستی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمێکی داگیرکەری پارچەیەکی وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە. ڕۆڵەکانی کورد لەم بەشەی نیشتماندا هەمیشە حیسابی داگیرکەرێکی زۆرداریان بۆ ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق کردووە. هەر تەنیا ئاماژەکردنێکی خێرا بۆ ئەو هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی کە لە دژی ئەم دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستاندا بەرپا کراون، ئەم قسەیەمان دەسەلمێنێت و، پێشمان دەڵێت کورد وەک هەر گەلێکی دیکەی ژێردەستە شەیدا و عەودالی ئازادی یەکجارەکی وڵاتەکەی بووە. کوردێک کە دروشمی "یان کوردستان یان نەمان!"ی بەرز کردبێتەوە و، لە پێناویشیدا دەیان و بگرە سەدان هەزار شەهیدی دابێ، تاوان و ناپاکییەکی گەورەیە ئەگەر کەسانێکی وەها لەخۆبوردوو و گەلێکی وا ئازادیحەز و کوردستاندۆست بە "عێراقی" دابنرێت. سەرانی کورد و حیزبەکانیان سەریان دا لە کێوە سەرکەشەکانی حەساڕۆست و شاهۆ و ئاگری و چیای کوردان، کاتێ گوتیان کورد عێراقییە! ئەوان مافی تەواوی خۆیانە، خۆیان بە عێراقی و خزمەتکاری بەوەفای نەتەوەی عەرەبیش"لە ئۆقیانووسەوە تا کەنداو!" بزانن، لێ مەزنترین کارەساتی نەتەوەیی بەسەر کورد دێنن، گەر جارێکی دیکە بیگێڕنەوە بۆ باوەشی نامیهرەبانی عەرەبی عێراق.

کورد که دوای 82 ساڵ له قیتکردنەوەی عێراق، له غەیری کوشتن و بڕین و ئەنفال و کیمیاباران و گۆڕی بەکۆمەڵ چ خێرێکی تری له عەرەبی نەتەوەی سەردەستی ئەو وڵاته وەدەست نەکەوتووه، تۆ بڵێی له دوارۆژ شتێکی لەمه جودای لێ هەڵکڕێنێت؟! من پێموایه هەر مرۆڤێکی کورد که خۆی به خەمخۆری نەتەوه و نیشتمانەکەی بزانێت، جێی خۆیەتی ڕۆژانه ئەم پرسیاره له خۆی و سەرانی کوردی عێراقچی و پارت و ڕێکخراوەکانیان بکات.

دامەزراندنی ئەنجوومەنی حوکم له عێراقدا و پێکەوەنانی یەکەمین حکوومەتی عێراقی قۆناغی پاش سەددام، که بێگومان به ڕەزامەندی و جێ پەنجەی دیاری ئەمریکا ئەم کارانه ئەنجام دەدرێن، دیسان جارێکی دیکه کورد دەخاته بەردەم چەندین پرسیاری گرنگ و چارەنووسساز. یەک لەو پرسیاره هەره گرنگ و بنەڕەتییانەش ئەوەیه: داخوا کوردی باشوور دووباره دەکرێت به بەشێک له عێراقی سەر به نەتەوه و نیشتمانی عەرەب، یان به بەشێکی بەرچاوی نەتەوەی کوردی گەوره و گران که کوردستانەکەی به داری زۆردارەکی به دەوڵەته کۆڵۆنیالیست و نەتەوه سەردەست و زاڵەکانی ناوچەکەوه لکێنراوە؟!

ئەمریکا و کورد که ڕۆژگار و بەرژەوەندی کردوونی به هاوپەیمان، هیچ مەرج نییه تا ماوەیەکی دوور و درێژ هەر به هەمان شێوه بمێننەوه و، ئەمریکاییەکانیش له جیاتی گوللەباران هەر گوڵباران بکرێن. سیاسەت که پیسترین گەمەیه هەر شتێکی لێ دەوەشێتەوه. له هەمان کاتدا سەرانی کورد، ئەگەر تۆزێ بیریان لەم گەله قارەمانه بکردبایەوه، هەروا خوت و خۆڕا ڕێی بەغدایان نەدەگرته بەر و، گەلێ ڕاشکاوانەش داواکاری و داخوازییەکانی کوردیان دەخسته بەردەم ئەمریکاییەکان، که بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەمڕۆ ئەوانن بڕیار به دەست و قسەڕۆیشتووی دنیا. یەکێتی و پارتی ئەگەر ڕاستیان دەکرد هەر له دەستپێکدا چەندین مەرجیان دەخسته بەردەم هێزی هاوپەیمانان و ئەمریکاییەکان، تا له پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا بەشداری بکەن و، کوردیش بگەیەنن به ئامانجه سەرەکی و نەتەوەیی و لەمێژینەکەی خۆی: دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ نەک پاشکۆ! ئەم دوو حیزبه کوردییه و سەرانی که خۆیان هەمیشه پاشکۆ بوونه، وا دیاره دەشیانەوێ هەتا دنیا دنیایه کورد بکەن به پاشکۆ و هەر بەم شێوەیەش بیهێڵنەوە!

لای هەموومان ئاشکرایه هەر له سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوه، به زۆر و به زەبری هێز، وا له کورد کراوه لەم کاری دەوڵەت دروستکردنەدا بەشداری

بکات. کورد لە گەلێ بواردا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە: لەنێو حکوومەت و وەزارەتەکان، پێکهێنانی سوپا، ئەندامبوون لە ئەنجوومەن و دام و دەزگا حکوومەتییەکانی تردا. لێ لە بەرامبەر ئەمانەدا کورد دەبێ چ دەسکەوتێکی هەبووبێ؟! وەرامی ئەم پرسیارە لای زۆربەمان ڕوون و ئاشکرایە و، چ پێویستیش بەوە ناکات بە درێژی لێی بدوێین.

ڕاگەیاندنی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، کە یەکێتی و پارتیش لەبری هەموو کورد و تەواوی حیزب و ڕێکخراوە کوردی و کوردستانییەکانی تر بە پێنج وەزیر بەشدارن تێیدا، لێدانێکی گورچکبڕە لە بزاڤی ئازدیخوازی گەلی کوردستان و، وەک دوا ئاکامیش گێڕانەوەی کوردە بۆ نێو باوەشی عێراقی داگیرکەری بەشێکی کوردستان. ڕاستە هێشتا ڕووداو و شتەکان لە سەرەتا و دەستپێکدان، بەڵام بە داخەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئاقارێک دەبرێ و دەچێ، کە ڕەنگە لە چاکترین باردا کوردستان بە بەشێکی لێکدانەپچڕاوی هەمیشەیی عێراق دابنرێ.

هەر لە پاش دامەزراندنی حکوومەتە تازەکەی عێراق و هاتنە سەر کاری هوشیار زێباری وەک وەزیری دەرەوەی عێراق، گەلێ بیر و ڕا هاتنە ئاراوە و، لەمەڕ ناوبراویش زۆر گوترا و نووسرا. ئەوەی کە زیاتر لەم نووسین و بڵاوکراوانە سەرنجی مرۆڤ بۆ خۆی ڕادەکێشێ، دەشێ بەم جۆرە کورت بکرێتەوە: عەرەبەکانی عێراق کە دڵیان هەمیشە بۆ یەکپارچەیی و سەروەرێتی هەتا هەتایێی عێراق لێ دەدات، زێتر بە شان و باڵی زێباریدا هەڵدەدەن و باس لە برایەتی و وەکهەڤی و یەکگرتوویی عێراقیش دەکەن. هەرچی کوردەکانیشن، بە تایبەت کەسانێکی خەمخۆر و نەتەوەپەروەر و کوردستانپەرست نەک عێراقچی فشەکەر، هەست بە نیگەرانی دەکەن و بیر لە پاشەڕۆژی سیاسییانەی نادیاری نەتەوەکەشیان دەکەنەوە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە پارتی لە سایتەکەی خۆیدا، خوا هەڵناگرێ بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەو نووسراو و وتارانە دەگوازێتەوە کە لە لایەن عەرەبە عێراقییەکان بە مەبەستی پیاهەڵدانی هوشیار زێباری و "برایەتی؟!"ی کورد و عەرەب نووسراون، وەک بڵێی کورد تا هەنووکە گەلێک قازانجی لەم برایەتییە"تۆ ناوی بنێ: بەزۆر پێکەوەژیان"ە کردبێ؟!

زێباری دەبێ لەمڕۆ بەدواوە، خۆشی بێ یا ترشی، نوێنەرایەتی دەوڵەتێکی عەرەبی و داگیرکەری پارچەیەکی کوردستان لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بکات. ناوبراو خۆیشی ئەمەی بە ئاشکرا درکاندووە و لە قسەکردن و ئاخاوتنی فەرمیشیدا هەر مەپرسە چ عێراقییەکی عەیار بیست و چوارە! کابرایەکی جەزائیری لە کەناڵی جەزیرە قسەیەکی پڕ مانا و جوانی ئاڕاستەی زێباری کرد، بەڵام جێی داخە

وەزیری دەرەوەی عێراقی"بە ڕەچەڵەک کورد"، تەنانەت جەختیشی لەسەر قسەکەی بابای جەزائیری نەکرد. خۆ هوشیار زێباری بەلانی کەمەوە دەیتوانی بڵێ: کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک مافی تەواوی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ. ئەو کە شتێکی وای لە دەم نەهاتە دەر، دیارە پۆستە دیپلۆماسییە تازەکەی هەر ئەوەندە ڕێی پێ دەدات. بە کورتی نابێ لەمە زیاتر قاچ درێژ بکات. ئێوە دەڵێن چی؟!

لە تورکیای زەوتکەری مەنترین بەشی کوردستان، ساڵانێک بەر لە ئێستا، وەزیرێکی کوردیان هەبوو بە نێوی "حیکمەت چەتین". گومانم لەوەدا نییە کە زێباری چەتین باش دەناسێت. ئەوەی کە بەسەر زاری ئەم "حیکمەت چەتین"ەدا نەدەهات وشەی کورد بوو. تۆ بڵێی کاک هوشیار زێباریش ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە خۆشیی پلە و پایەی معالی الوزیر، کوردی لە بیر نەچێتەوە؟! هیوادارم ئەم بۆچوونەی من بە ڕاست دەرنەچێت.

کوردێک ئەگەر هەست بە کوردستانێتی بکا و دڵی بۆ وڵاتەکەی لێ بدا، بە ڕاستی ئاسان نییە لەگەڵ برا عەرەبە شۆڤێنییەکانی هاوپەیمانی دوێنێ و بگرە ئەوڕۆی سەددامیش دانووی بکوڵێ. هوشار زێباری کە ئێستا لە قاهیرەی پایتەختی میسرە، بەر لە هەر شتێک دەبێ وەک کەسێکی عەرەب نەک کورد هەڵسوکەوت بکات. ئەو بە حوکمی ئەوەی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتێکی عەرەبی و عێراقی پارچەیەکی لێکنەپچڕاوی نیشتمانی عەرەبیشە، ناچارە مل بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەو بڕیار و بەیاننامانە شۆڕ بکات کە لە دەزگایەکی وەک جامیعەی عەرەبییەوە دەردەچن. کێ نالێ ئەو جۆرە بڕیارانەش، چ ئەمڕۆ و چ سبەینێش، لە دژی داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی کورد نابن؟ جا نازانم کاکی وەزیر لە ڕەوشێکی وەهادا خاوەنی کام هەڵوێست دەبێ؟ با ئەمەیان بۆ ڕۆژگار بەجێ بێڵین. کاری وەزیری دەرەوەی دەوڵەتێک کە بەشێکی نیشتمانەکەتی داگیر کردبێ، شتێ نییە سووک و گۆترە. ئەگەر کاک هوشیار بە کارێکی وا ڕازییە، دەک هەزار جار پیرۆز و مومبارەکی بێ!! ناوبراو بۆی هەیە ناوەکەشی بکاتە عەرەبی، چونکە ئەوکات لەسەر زاری برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان ئاسان دەبێ!

ئەمڕۆ لە هەر ڕۆژێکی دیکە زێدەتر گەلی کورد لە باشووری کوردستان حەوجەداری ئەوەیە خۆی ساغ بکاتەوە. خۆ ساغکردنەوەیەک لەسەر بنچینە و بنەمای ئەوە بێت داخوا کورد کوردستان بە خاکی خۆی دەزانێت و دەشیەوێت ببێت بە نەتەوەیەکی ئازاد و خاوەن دەوڵەت، یانیش عێراق بە نیشتمانی خۆی دەزانێت هەروەک چۆن سەرانی ینک و پدک بە شەو و بە ڕۆژ بانگاشەی بۆ دەکەن؟ چەند باش

دەبوو ئەگەر ڕیفراندۆمیش بە شێوەیەکی ئازادانە، دوور لە هەر فرت و فێڵێکی حیزبایەتی تەسک، هەر لەسەر هەمان بنچینە و بناغە ئەنجام درابا. هەزار خۆزگە بۆ ئەو ڕۆژە! ستۆکهۆڵم 9-9-2003

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## "عروبة العراق مهددة"*

دوێنێ دوای ئەوەی کە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەب لە قاهیرە کۆبوونەوە، کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بۆ هەر یەک لە عەمرو مووسای ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی و وەزیری دەرەوەی میسر و عێراق بەڕێوەچوو. لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا عەمرو مووسا زۆر جەختی لەسەر "عەرەبایەتی عێراق" دەکرد. هەرچی وەزیری دەرەوەی میسریشە، کە وڵاتەکەی ئێستا سەرۆکایەتی جامیعەی عەرەبی دەکات، هەر بە هەمان شێوە کاوێژی دەکرد و قسەکانی مووسای دووپات دەکردەوە. پرسیارەکانی ڕۆژنامەڤانانیش هەر هەموویان لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵان: عەرەبایەتی عێراق! ئەوان وێڕای ئەوەی کە لە چەندین دام و دەزگای ڕاگەیاندن و کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەی جۆراوجۆرەوە هاتبوون، کەچی لە کاتی پرسیارکردندا ئەوەی کە بە دەمیاندا دەهات هەر عەرەبایەتی عێراق و سەروەریێتی خاکەکەی و گەڕانەوەی بۆ باوەشی نەتەوەی عەرەب بوو. جارناجار بۆ تامی زار باس لە "پێکهێنەرەکانی گەلی عێراق" دەکرا و هیچی دیکەش نا! ئەو پەیامنێر و ڕۆژنامەوانە عەرەبییە عروبەوییە تەسکبینانە، بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات، پرسیارێک لەمەڕ دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان و تاوانە شۆڤێنییەکانی بەعس و گەلێ مەسەلەی جیا جیای تریش بکەن. وا پێدەچێ ئەمانە بابەتگەلێک بن چ پەیوەندییەکیان بەوانەوە نەبێ تا لە بارەیانەوە پرسیار بکەن!

کەناڵە زوڕناژەنەکانی پانعەرەبیزمی نموونەی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە بە نۆرە پەیوەندییان بە کەسانێکەوە دەکرد لە قاهیرە، بۆ ئەوەی باس لە کۆبوونەوەکەی جامیعەی عەرەبی بکەن. یەکێ لەوانەی کە شەکری شکاند د. مستەفا ئەلفەقی بوو. ناوبراو هەر کە زاری هەڵپچڕی، "عروبە العراق مهددە"ی لە دەم دەرپەڕی. بە واتایەکی دیکە جەنابی ئەو و عەرەبەکان خەمی ئەوەیانە هەڕەشە لەسەر عەرەبایەتی عێراق لە ئارادایە و، جا لەبەر هەندێ هەموو عەرەب دەبێ تێبکۆشن تا ئەم هەڕەشەیە لەسەر عێراق و عەرەبایەتییەکەی لاچێ. کەناڵە ئاسمانییەکەی سوریای بەعسیش، لە کاتی خوێندنەوەی دەنگوباسەکانیدا، مرۆڤ ئەگەر عەرەبی نەزانیبا وا تێدەگەیی لە گۆڕەپانی شەڕدایە و، بەرەنگاری دوژمنانی بۆتەوە.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ جامیعەی عەرەبی لێوالێو تژی دووبەرەکی ناوخۆییە لە نێوان وڵاتە ئەندامەکانیدا: لیبیا ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو، کێشەی

هەنووکەی نێوان لیبیا و لوبنان، ڕۆژێک پێشتر دوو لاوی لیبیایی هەوڵی ئەوەیان دا لە وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی بدەن، میسر و سوودان و دەستتێوەردانی یەکەم لە کاروباری ناوخۆی دووەم و مەسەلەی باشووری سوودان، نێوان ناخۆشی عەمرو مووسای ئەمینداری جامیعە لەگەڵ کوێت، سەردانی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بۆ مەغریب، سعوودیە و قەتەر، قەتەر و بەحرێن، . . . تاد. جا دەزگایەک کە ئەم هەموو گیروگرفتانە لەنێو ئەندامەکانی خۆیدا هەبێ، ئەگەر لە خۆهەڵکێشان و بیری ڕەگەزپەرستانەی عەرەبێتی نەبێ، بۆ دەبێ دەم لە باسی عەرەبایەتی عێراق بدات؟ ئەو عێراقەی کە ئەوان وا ناوی دەبەن، بێجگە لە بەشێکی کوردستان، چەندین کەمەنەتەوە و ئایین و مەزهەبی جودا جودای تێدا زیندانی کراوە. لیبیا کە لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینی و تەنگوچەڵەمەکان دەگەڵ عێراق بەراورد ناکرێ، لێ دیسانیش بە جاران ویستوویەتی لە جامیعەی عەرەبی بکشێتەوە. حوسنی موبارەکی میسر، هەر ئەوەندە مابوو دەستی قەززافی ماچ بکا، تا بتوانێ لە بڕیاری خۆکێشانەوەکەی سارد بکاتەوە. دەزگایەکی وەک جامیعەی عەرەبی کە تازە بە تازە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و مرۆکوژی بەعس لە خەو بەئاگا دێ و، تاوانەکانی ئەو ڕژێمە دەبینێ، مرۆڤ دەبێ چ هومێدێکی بە وەها جامیعەیەک هەبێ؟! گەلانی وڵاتانی عەرەب مافی تەواوی خۆیەتیان ئەگەر گومان لە سەران و ڕژێمەکانیان و جامیعەی عەرەبیش بکەن.

عەرەب کە لە ئاووهەوایەکی وا تەموومژ و گرژاویدا کۆبوونەوەی خۆیان ببەستن، وەزیری دەرەوەی نوێی عێراق هوشیار زێباری، کە وەک کورد هەرگیز چ حیسابێکی بۆ ناکرێ، دەبێ لەوێندەرێ و لە قاهیرە چ کارە بێ؟! من پێموایە کاری سەرەکی کاکی کوردی وەزیر هەر دەبێ ئەوە بێ، بە بەردەوامی و جار لە دوای جار بڵێ: اشقائنا العرب. 10-9-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## هەڵەبجەی شەهید*

کارەساتی کیمیبارانکردنی خەڵکی کوردی چەوساوە و بندەستی شاری هەڵەبجە، کاتێ پازدە ساڵ بەر لە ئێستا، لە لایەن عەرەبە بەعسییە ڕەگەزپەرستەکانەوە ئەنجام درا، ئەوسا دەوڵەتانی ئەوروپایی و ئیسلامی و نائیسلامی و عەرەبی و ئەمریکاش چ ناڕەزاییەکیان لەسەر ئەم تاوانە نامرۆڤانە و کەم وێنەیەی سەددام دەرنەبڕی و، بە ئەنقەستیش خۆیان لەم مەرگەساتە ویژدانهەژێنە گێل کرد. لەو دەمانەدا سەددام حوسێن نۆکەری هەرە دڵسۆزی ئەمریکا بوو. شەڕی لەگەڵ ئایەتوڵلاکانی ئێران دەکرد. ئەرکێ کە پێی سپێردرابوو بە زیادیشەوە پێی هەستابوو. ئەوکات ئەمریکا و ئەوروپا و سۆڤیەتی هاوپەیمانی هەمیشەیی بەعس، باسیان لە چەکی کۆکوژی و گازی ژاراوی و ستەمدیدەیی گەلی کوردستان و عێراق نەدەکرد. کورد حەددی نەبوو بڵێ سەددام و عەلی کیمیاوی چەکی قەدەغە و کمیاوییان لە دژ ئێمە بەکار هێناوە. لە باشترین باردا تەواوی مەسەلەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ کاروباری ناوخۆیی عێراق و، ئێ خۆ ناشبێ دەوڵەتان دەست لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتێکی دیکەی ئازاد وەربدەن!



ئەورۆ دوای پازدە ساڵ سۆڤیەت گۆڕ بە گۆڕ بووە. سەددام ملی شکاوە. بەعس دوا هەناسەی ژیان دەدات. ئەمریکا لە عێراقە و کوردیش هەر هیچ نەبێ پرسەخەسووانێیەکی پێ دەکرێ. هەرچی هێزەکانی ئەمریکان ڕۆژانە لە "سێ کوچکەی سوننی"ی عێراق، دووچاری مەرگ و هەڕەشە دەبنەوە. تەنیا لایەنێک کە تا هەنووکە بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو مارینزەکانی ئەمریکایان گوڵباران کردبێ نەک گوللەباران، ڕۆڵەکانی گەلی کوردن لە باشووری کوردستان کە بەزۆر بە دەوڵەتی عێراق لکێنراوە. لە پاداشتی ئەمەشدا ئەمریکا پۆستی چەند وەزارەتێکی دەقەبەڵ یەکێتی و پارتی کردووە تا کورد بە پێی خۆیان بۆ نێو باوەشی عێراق بگەڕێننەوە.

دیسان هەر دوای پازدە ساڵ کۆڵین پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای تاکە زلهێزی دنیا، سەردانی هەڵەبجەی شەهید دەکات و، بە درەنگەوە ئاوڕێک لە کورد دەداتەوە. کوردی خۆشباوەڕ و خاوەن سەرکردەی عێراقچیش، هەر لە هەڵەبجەوە تا ئەمریکا، سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ مستر بۆشی کوڕی باوکی خۆی دەنێرن. جەلال تاڵەبانی کۆڵین پاوڵ بە "ژەنەراڵی پاڵەوان" ناو دەبات. جێی خۆیەتی وەبیر تاڵەبانی بێنینەوە کۆڵین پاوڵ هەر هەمان ئەو ژەنەراڵەیە کە لە کاتی دەرخستنی سوپای عێراق لە کوێت، دەگەڵ ژەنەراڵ شوارتزکۆف، ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان هەبووە. ئەوان، ئەمریکاییەکان و ژەنەراڵەکانیان، کاتێکیش کوێتیان لە چنگ سەددام دەرهێنا، بینیمان چۆن دەستی سوپا لووتشکاوەکەی بەعسییانیان لە کوشتنی کورد و شیعەدا ئازاد کرد! سەرهەڵدانە گەلێرییە مەزن و شکۆدارەکەی بەهاری 1991 و کارەساتی کۆڕەوە دڵتەزێنەکە، ئەوەندە لەمێژ نییە قەماون، تا وا زوو لە بیریان بکەین!



کۆڵین پاوڵ لە کاتی سەردانەی خۆیدا بۆ هەڵەبجەی شەهید، لە ڕەوشێکدا کە پێی لەسەر گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان و خاکی زێرین و ڕەنگینی کوردان بوو، لێ دیسانیش کورد و کوردستان لەسەر زاری نەبوون و، لە قسەکانیشیدا کوردستانی بە "بەشێک لە وڵاتی عێراق" ناو دەبرد. کۆڵین پاوڵ بەدوای بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا وێڵە و هەقی خۆشیەتی گەر ئەمسەر و ئەوسەری دنیایان لە پێناودا بکات.

مایەی پێکەنینە هەر کە بەرپرسیارێکی گەورەی بیانی ڕوو بکاتە کوردستان، دەبێ سەر لە هەردوو سەرانی وڵاتەکە بدات. بێگانە چاک کوردیان ناسیوە. تۆ بڵێی ئێمە خۆمان وەها خۆمان ناسیبێ؟ لە کۆبوونەوەکاندا سەروسیمای تاڵەبانی و بارزانی بە دەموچاوی دوو هەوێ دەچن کە دیارە قەت چارەی یەکتریان ناوێ. هێشتا هەر باس

له دوو ئیداره و دوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دوو سەرۆک حکوومەت و دوو و دوو و دوو دەکرێ. نازانم کەی دووەکان تەواو دەبن؟!

له کاتی ئێستاشدا مۆدیلەکە کەمێ گۆڕاوە: بە فیتی لایەکیان باس لە ڕیفراندۆم دەکرێ، ئەوی دیکەشیان دەم لە "ئیتیحادی ئیختیاری" دەدا. ئەرێ بە ڕاست داخوا ئەوان خۆیان باوەڕیان بەم قسانە هەیە؟ ئایا لە پێناویدا بە دڵ و گیان تێدەکۆشن؟ یان هەر بۆ بەرەبەرەکانێی یەکتر دەیانهێننە گۆڕێ؟! دوارۆژ وەرامی ئەم پرسیارانەمان دەداتەوە.

کارەساتی دڵتەزێن و گورچکبڕی هەڵەبجە، ئەگەر دەنێو نەتەوەیەکی خاوەن سەرکردەی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەرست بقەومایە، ئێستا دەبووە مایەی دروستکردنی دەوڵەتی ئازاد بۆ ئەو نەتەوەیە و، شەهیدانی سەربەرزیشی ئارام ئارام لێی رادەزان. 17ـ9ـ2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# "عەقیلە"شیان لێ کردین بە پاڵەوان!*

عەقیلە ئەلهاشمی کە بە ڕەگەز عەرەبی شیعەیە، پێشتر لە وەزارەتی دەرەوەی ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆردا کاری کردووە. ناوبراو یەک لە کەسە هەرە نزیکەکانی تاریق عەزیز بووە. کەواتە عەقیلە ئەلهاشمی، ئەگەر بەعسی نەبووبێ، لە وەزارەتی دەرەوەی بەعس و نوێنەرایەتیکردنی ڕژێمیش لەنێو ڕێکخراوەکانی UNدا جێی نەدەبۆوە. ئەمە شتێکە چ قسەیەکی لەسەر نییە.



دوا بە دوای هەوڵی تیرۆرکردنی عەقیلەی ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم، چەندین کەسایەتی و ڕێکخراوی سەر بە پارتە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان و، بێگومان ئەنجوومەن خۆیشی، ناڕەزایی خۆیان لە هەمبەر ئەم کارەدا دەربڕی. "یەکێتی ئافرەتانی کوردستان"ی سەر بە پارتیش لە ڕاگەیاندنێکدا، کە لە Ktv خوێنرایەوە، بە توندی کاری تیرۆرکردنی عەقیلەیان دا بەر ڕێژنەی گوللە. دەزانم ڕێکخراوەکانی لای خۆمان کە سەر بە حیزبەکانی خۆیانن دەست و پێ سپین و، ئەوەندە قسەیان ناڕوا. ئەمەشیان مەسەلەیەکە چ قسەی لەسەر نییە.

جا لێرەدا بە مافی خۆمی دەزانم بپرسم: ئایا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چەند جار بە شێوەیەکی فەرمی، بێ گوێدانە پابەندبوون بە حیزبی سەرکردەی خۆی، توانیویەتی یا زاتی ئەوەی کردووە ڕاگەیەنراو لە بارەی پرسە جیا جیاکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری بە گشتی و ژنانیش بە تایبەتی بڵاو بکاتەوە؟ ئەرێ ئەم یەکێتییە تا ئێستا چی بۆ ئەو هاودەرد و ئافرەتانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان کردووە کە هەندێکیان بە ساڵانە لە زیندانەکاندا دەناڵێنن؟ عەقیلەیەکی کۆنەبەعسی نە نوێنەری کوردە و نە هی ژنانیش، با ئەندامی ئەنجوومەنی حوکمە سەقەتەکەش بێ، تۆ بڵێی چ خێرێکی بۆ کورد و ئافرەتانی کوردستان هەبێ؟ داخوا ئەمە گشتی دەردی بێگانەپەرستی نییە کە کورد پێیەوە زەلیل و ڕیسوا بووە؟

ئەوانەی کە ویستیان عەقیلە بکوژن، ڕێی تێدەچێ هەر هەمان کۆنەهاوڕێیانی ئەو ڕێبازە بن کە تا دوێنێ ئەم خانمە خۆیشی کاری بۆ دەکرد. کێش ناڵێ ئەم کردەوەیە لە لایەن تاقمی تیرۆریستان و مافیا ئەنجام نەدراوە کە ئەوڕۆ لەناو شارێکی وەکو بەغدا بە نوێژی نیوەڕۆ دەست دەوەشێنن.

ئەوەی تایبەت بێ بە کورد هەتا هەنووکە لە چ شوێنێک گوێم لێ نەبووە، شتێکم بەر چاو نەکەوتووە، وشەیەکی عەقیلە خانمم نەخوێندۆتەوە کە داکۆکی لە کورد کردبێ و، بەلانی کەمەوە لە سەردەمی بەعسدا دەنگێکی دۆستانەی لە بەرژەوەندی کورد هەڵبڕیبێ. بە پێچەوانەوە ئەوەی کە من خوێندبێتمەوە و بیستبێتم ئەوەیە کە عەقیلە کۆنەبەعسی بووە. ئەگەر لەم بۆچوونەشمدا شاش بم، پێشوەخت سوپاس بۆ هەر کەسێک کە زانیاری ڕاستم پێ ببەخشێ. هەروەها عەقیلە با خاوەنی دەیان بڕوانامەش بێ، بەڵام بۆ منی کورد فلسێکی قەڵپ ناهێنێ.

لە کۆتاییدا دەڵێم: با کەس وا تێنەگا ئەز دەگەڵ ترس و تۆقاندن و کاری تیرۆردا ڕێک و تەبام! کورد کە وەک نەتەوە چەندین سەدەیە بە دەست تیرۆری دەوڵەتانی داگیرکەرەوە خوێن لە بەدەنی دەچۆڕێ، هەمیشە و هەمیشە لەهەمبەر تیرۆر و تیرۆریستان بووە. منیش کە خۆم بە ئەندامێکی گچکە و خزمەتکاری ئەم نەتەوەیە دەزانم، بێگومان لە دژی کاری داپڵۆسین و تۆقاندن و تیرۆریستانیشم، لێ ئەمە قەت بە مانای ئەوە نایەت لە بەرامبەر شتە چەوتەکاندا قوڕقەپی لێ بکەم و، دەستیش بە کڵاوی خۆمەوە بگرم تا با نەیبات! 2003.9.22

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## کوردایەتی لای د.مەحموود عوسمان بە مۆدیلە!*

مەسەلەی عێراقیبوون و عێراقچییەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشیست، بە تایبەت لە لایەن هەردوو زلحیزبەکەی باشووری کوردستان، پەرەی پێدراوە و دەدرێت. بێگومان بەر لە ماڵوێرانبوونی بەعسیش ئەم دیاردە ناشیرین و ناکوردستانی و نانەتەوەییە دەنێو کۆمەڵگای کوردیدا هەر بینراوە، بەڵام ئێستا کارەکە ئەوانەشی گرتۆتەوە کە تا دوێنێ خۆیان بە کوردستانی بە ئێمەی هەندەرانشین دەناساند. هەر بۆ نموونە چەند هەفتەیەک بەر لە ئێستا کوردێکی خاوەن بڕوانامە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ کەناڵێکی شۆڤێنی عەرەبیدا، کتومت وەک عەرەبێکی عێراقی دەپەیڤی. ئەو برادەرە کە ئەندامی بەناو دەزگایەکی نەتەوەیی کوردیشە، کەچی




لە قسەکانیدا مینا خەمخۆرێکی عێراقی نەک کوردستانی و کەرکووکی دەپەیڤی.

دوێنێ چاوێکم بە ژمارە 148ی میدیای ئازیزدا خشاند**. دیدارەکەی د. مەحموود عوسمان سەرنجی ڕاکێشام و هەموویم خوێندەوە. وەک کوردێک، بە دەست خۆم نییە،

لەسەر هەندێ لە قسەکانی ناوبراو هەڵوەستە دەکەم و دەڵێم: سەد حەیف و مخابن بۆ کوردی بندەست کە سیاسەتمەداری وەها عێراقچییانەی تێدا هەڵدەکەوێ! ڕەنگە تەنیا لەنێو کورددا نموونەی وا سەیر و سەمەرە ببینرێ؟!

د. مەحموود عوسمان کە لە ئەورووپا بوو، لە دەستپێکدا لە میانەی مەد تیڤی نهێنییەکانی شۆڕشی ئەیلوولی دەدرکاند و جاروبار ڕەخنەشی ئاڕاستەی بەڕێوەبەران و پێشسوارانی شۆڕشەکە دەکرد. هەروەها لە کۆڕ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا، کەم تا زۆر، مستی لە قەبرغەی پارتی و یەکێتی دەوەشاند. باش لە بیرمە ماوەیەکی کەم پێش لێدانی بەعس و ڕووخاندنی ڕژێم، لە هۆڵی "ئاکالا ترێف"ی ستۆکهۆڵم جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێ پارتی و یەکێتی دەستوبرد و لەخۆبوردوو بن و، لە هەمان کاتیشدا هەتا پێیان دەکرێ و لە دەستیان دێ ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بە تایبەتیش لە هەلومەرجی ڕوودانی جەنگ و هەر هێرشێکی ئەمریکادا بۆ سەر سەددام و بەعس. دیارە ئەم قسانەی ناوبراو شاری کەرکووکی کوردستانیشی دەگرتەوە. هەر هەمان د. مەحموود عوسمان کە هەنووکە لەمەڕ کەرکووک دەدوێ، پێی وایە ئێمەی کورد: نابێ چاوەڕوانی کەرکووک بین. کورد کە دەیان ساڵە چاوەڕوانی کەرکووکە، ئەگەر لە ڕەوشێکی نادیاری وەک ئەمڕۆدا هەست بەو مەترسییانە نەکات کە لەسەر کەرکووک و دەوروبەرەکەی هەن، ئەی دەبێ کەی هەستیان پێ بکات؟! د. مەحموود دەڵێ: بە گشتی لەسەر ئاستی پارێزگا کورد زۆرینەیە، ئاڵای کوردستانت هەیە. جارێ بەر لە هەر شتێک: ئایا بە شێوەیەکی فەرمی ئاڵای کوردستان لەسەر دام و دەزگا حکوومەتییەکان بەرز کراوەتەوە یان نا؟ ئەوانە کێ بوون کە لێنەگەڕان ئاڵای پیرۆزی کوردستان بهێنرێتە خوارەوە؟ ئەگەر د. مەحموود ڕاستی دەکرد با بچووبایە سەر باسە گەرم و گرنگەکانی ئەوڕۆی نێوخۆی شاری کەرکووک، کە ئەگەر کورد وریا و چاوکراوە نەبێ لە ئێستاش خراپتر دەیدۆڕێنێ.

لە درێژەی قسەکانیدا د. مەحموود عوسمان، دوور لە هەر پێوەرێکی نەتەوەییانە و کوردستانییانە، داکۆکی لە عێراق و عێراقچێتی و خۆ بە عێراقیزانینی کورد دەکات. ئەو بە هەموو حیسابێک مافی خۆیەتی کە خۆی بە عێراقی بزانێ، لێ قەت قەت نابێ و ناکرێ وا سووک و ساناهی لەبری تەواوی گەلی کورد قسە بکا و پێشوەختیش بە بەشێک لە عێراقی دابنێ. جارێ هێشتا پرسیاری ئەوە لە کورد نەکراوە داخوا خۆی بە

عێراقی دەزانێ یان نا! هەر لەبەر هەندێش کەس مافی ئەوەی نییە بە ناوی گەلێک قسان بکا، کە هێشتا ئەو گەلە خۆی پرسەخەسووانێیەکیشی پێ نەکراوە.

د. مەحموود عوسمان لە شوێنێکی تری قسەکانیدا دەڵێ: یاسای ڕەگەزنامەمان دەرکرد، لەوێدا عەرەب چ مافێکی هەیە، کوردیش بە هەمان شێوەیە. کوردی ئێران چ مافێکیان هەیە، عەرەبێکی فەلەستینیش هەمان مافی هەیە. هەموومان ئاگاداری ئەوەین ئەم یاسای ڕەگەزنامە نەعلەتییە چۆن چۆنییە. بە گوێرەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی حوکم ئەگەر: عەرەبێک لە مۆریتانیاوە بچێتە خانەقین بە سێ ساڵ دەبێتە هاووڵاتی عێراقی، وەلێ ئەگەر کوردێک لە (سلۆپی) یەوە بێتە زاخۆ بە نۆ ساڵ دەبێتە خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی***. جا لە وەها بارێکدا ئەگەر جەنابی دکتۆر شانازی بەم بڕیار و یاسایە دەکات، ئەمەیان مەسەلەیەکە تایبەت بە خۆیەتی و پیرۆزیشی بێت.

لە کاتێکدا لە چەندین لاوە، بە نووسین و وتار و هەڵوێست دەربڕین و چالاکی تریش، کوردستانییان لەهەمبەر بەرزکردنەوەی ئاڵای بەعس لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە، کەچی کاکی دکتۆر ڕێک بە پێچەوانەوە دەڵێ: من هی یەکێتیم پێ ڕاسترە، دەبێ دوو ئاڵا هەبێ، چونکە تۆ بەشێکی لە عێراق. . قەیناکا _ الله اکبر_ەکەی سەددامیان لێ لاداوە. . . نازانم د. مەحموود تا ئێستا وەک کوردێک، لە غەیری مووچە چوار هەزار دۆلارییەکەی ئەندامێتی ئەنجوومەنی حوکم کە ئەویش لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە پێی دەدرێت، چ خێرێکی دیکەی لە عێراق و ئاڵا ڕەش و خوێناوییەکەی بینیوە؟!

ئەگەر بۆچوونەکانی د. مەحموود عوسمان ڕاست دەربچن، ئەوا عەرەبێکی بەسرایی ڕۆژێ لە ڕۆژان دێتە زاخۆ و دەبێتە کورد و شال و شەپکی بادینانیش لەبەر دەکات. هەروەها کوردێکی کوێستاننشین و ڕەوەندیش دەچێ لە بیابانە چۆلەکانی خوارووی عێراق ڕەشماڵ هەڵدەدات و، لە جیاتی هۆرە و سیاچەمانە و لاوک و حەیران و بەستەی کوردی، یابە ئاسا عەتابە دەچرێت و عەگاڵی عەرەبیش لەسەر دەنێت. ئەوساش کوردستان دەبێت بە موڵکی هەتا هەتایی عێراقی بەشێک لە نیشتمانی عەرەب. من و د. مەحموود و تەواوی نەتەوەی کوردیش، دەبێ هەر سیر بخۆین و زوڕنا لێبدەین! ستۆکهۆڵم 3-10-2003 ***لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

** بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: میدیا، ژ 148، 1-10-2003.

***هاووڵاتی پلە سێ، حەمەسەعید حەسەن، 30-9-2003، کوردستان نێت.

## د. بەرهەم شەیدای دیموکراسیی تورکانە!*

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەموومان بە بیستن و خوێندنەوەی هەواڵێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا تووڕە و بێزار بووین. ئەم هەواڵەش بەناو دادگاییکردنی 405 سەربازی تورک بوو، کە لەنێوان ساڵانی 1993 و 1994دا دەستدرێژییان کردبووە سەر ژنەکوردێکی زیندانی و شۆڕشگێڕ، بە تۆمەتی ئەوەی ئەم ژنە ئابڕۆدار و بەجەرگە ئەندام بووە لە پارتی کرێکارانی کوردستانی جاران. ئەم ژنە تەمەن 31 ساڵە کە خۆی بە هەردوو تیپی یەکەمی ناوەکەی ناساندووە، باسی لەوە کردووە کە بە بەردەوامی، دوای چاوبەستنەوەی، دووچاری ئەشکەنجەدان و ئەتککردن هاتووە. لای گشتمان ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی تورک، لەمیانەی خستنەڕووی ڕووداوێکی وەها دڵتەزێن دەیانەوێ دادپەروەریی "درۆزنانە"ی خۆیان بە ئەورووپا و جیهان نیشان بدەن، دەنا بە دەیان و سەدان بەسەرهات و کارەساتی جەرگبڕی دیکە لە کوردستانی بندەستی خۆیاندا قەوماون هەر باسیشیان نەکردوون، چجای دادگاییکردنی ساختەی تاوانبارانی هۆڤ و ئاژەڵ ئاسای تورکان. لە هەمان کاتیشدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ ڕاستە خودی ڕووداوەکە لە ماردینی کوردستان قەوماوە، بەڵام خاوەن بەسەرهاتەکە ئێستا نیشتەجێی ئەڵمانیایە. دڵنیام هۆکارێکی سەرەکی هێنانەپێشەوەی ئەم ڕووداوە بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەی پێ کراوە. ئەگەر نا چەندین کارەسات لە شوێنە جیا جیاکانی باکووری کوردستان بە دەستی جەندرمە چاوسۆر و دڕندەکانی تورک ئەنجام دراون، نەک هەر دنیای دەرەوە بگرە کورد خۆیشی ئاگای لێیان نییە.



هەر دیسان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا د. بەرهەم ساڵحی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی گوتبووی: ئەگەر هێزەکانی تورک بێنە ناو عێراق ڕووبەڕووی هەندێ گرفت دەبنەوە، چونکە گرووپە عێراقییەکان نایانەوێ چ بەشداریکردنێکی هێزی سەربازی سەر بە وڵاتانی دراوسێ ببینن. . گەلی عێراق داوا لە تورکیا دەکات پشتگیرییەکی سیاسی و ئابووری بکات نەک سەربازی. . تورکیا دەوڵەتێکی دراوسێیە و نموونەیەکی سیاسی و دیموکراتی گرنگ لە ناوچەکە پێکدێنێت. **

لەوەتی تورک هاتوونەتە ناوچەکە، تاکە کارێ کە ئەنجامیان دابێ، وێرانکردن و شێواندنی کولتووری و پاکتاوکردنی ڕەگەزی و ڕووخاندنی وڵات و قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەو گەل و نەتەوانە بووە، کە بەڕاستیش بە دانیشتوانی ڕەسەن و لەمێژینەی دەڤەرەکە دەژمێردرێن. تورک هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکە تا دەگاتە ئیمپراتۆریای عوسمانی و ڕۆژی ئەمڕۆشیان، لە غەیری زەبروزەنگ و خوێنڕێژی و چاوسوورکردنەوە، چ شتێکی دیکەیان فام نەکردووە. جا گەلێک کە لێوالێو تژی ئەم کردەوە دڕندە و هۆڤانە بێ، دیارە ئەوەی کە بیری لێ نەکردبێتەوە و نەکاتەوە و ناشکاتەوە دیموکراسییە. تورک دیموکراسی لە سەرەنێزەی تفەنگی دەستی جەندرمە دڵڕەقەکانیاندا دەبینن. ئەوجا د. بەرهەمی پەروەردەی دەستی مامە چۆن بیر دەکاتەوە، ئەمەیان تایبەت بە خۆیەتی و، با هەتا سبەینێش هاوار بکات و بڵێت: تورکیا نموونەیەکی سیاسی و دیموکراتی گرنگە لە ناوچەکەدا! تۆ بڵێی د. بەرهەم خۆی باوەڕی بەم وتەیەی هەبێت؟!

سەیرە لە کاتێکدا تەواوی کورد و زۆربەی عەرەبی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و لە ئەوروپا و لێرە و لەوێش، خەڵک لەهەمبەر تورکیا و هەڵوێستەکانی دەنگ هەڵدەبڕن، کەچی بەرپرسیارێکی بەرچاوی لایەنێکی کوردی، تورکیای داگیرکەری مەزنترین پارچەی کوردستان، بە نموونەی دیموکراسی ناو دەبات!

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم: بریا سەرانی کوردیش لە ئاستی بیرکردنەوەی خەڵکە ڕەشۆکییە خەمخۆرە خۆشی لە خۆ نەدیوەکەی کوردستان بان!

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

** تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لە ئاژانسی دەنگوباسی فەڕەنسی ـAFP و تۆڕی ئینتەرنێت وەرگیراوە (4 و 10-10-2003) . ستۆکهۆڵم 13-10-2003

# ئەگەر وایە چاوەڕوانی چین؟!*

نێچیرڤان بارزانیی سەرۆکی حکوومەتی پارتی لە هەولێر، لە دوایین چاوپێکەوتنی خۆیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "الشرق الأوسط" کە لە سایتی "پدک"شدا بڵاو کراوەتەوە، لەمەڕ مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو حکوومەتەکەی سلێمانی و هەولێر دەڵێ: ئێمە لە مەسەلە ستراتیژییەکان یەکگرتووین. لە بەغدا و لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانمان دەگەڵ هاوپەیمانانندا هاوئاهەنگییەکی تەواومان هەیە. ئەوەی تایبەت بێ بە یەکگرتنەوەی ئیدارەکە، خودی ئەم مەسەلەیە بریتییە لە چەند کارێکی لاوەکی کە پابەندن بە هەندێ لایەنی خزمەتگوزاری و تەکنیکی. ئێمە هەرگیز گومان لەوە ناکەین کە مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە داواکارییەکی جەماوەرییە و، دوای گەڕانەوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی شاندەکانمان لە دەرەوە، بە زووترین کات گفتوگۆکانمان دەست پێدەکەینەوە. لە وەرامی پرسیاری پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوهاتووشدا کە بەم جۆرەیە: ئەرێ بە ڕاست گەلۆ گرفتی گەورە لە ئارادا هەن کە ببنە کۆسپ لەبەردەم یەکنەگرتنەوەی ئیدارەکە، بە تایبەتیش ماوەیەکی درێژ بەسەر دانووستان و گفتوگۆکانتان تێپەڕیوە؟ نێچیرڤان وەها جەخت لەسەر کاری یەکگرتنەوەی ئیدارەی پارتی و یەکێتی دەکاتەوە و دەبێژێ: بە ڕوون و ئاشکرا دەڵێم ئێمە لە هەردوو حیزبەکەدا لەمەڕ پرۆسەی یەکگرتنەوەکە ڕێک و تەباین و چ تەنگوچەڵەمەیەکیش لەم بوارەدا نابینرێ. . گەلی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە کە هەردوو ئیدارەکە یەکدەگرنەوە.

دیارە ئەگەر ژمارەی کۆبوونەوە فەرمی و نافەرمییەکانی پدک و ینک بێنینە بەر چاوی خۆمان، ئەوا بێگومان شتێکی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت. کاتێ بیریش لەو هەموو هەوڵ و کۆشش و ناوکۆکردنەوە و ڕێپێوان و نارەزایی دەربڕین و ئەو نووسین و بابەتانە بکەینەوە، کە تا ئێستا بە مەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لە لایەن خەڵکانی دڵسۆز و کوردستانی و کوردپەروەرەوە ئەنجام دراون و نووسراون و بەرز کراونەتەوە، دیسان شتێکی ترمان بۆ ئاشکرا دەبێت. بە هەرحاڵ لە ڕەوشێکی وا ناسکی باشووری کوردستاندا، کە خۆم ماوەیەکی کەمە لەوێ گەڕاومەتەوە، پارچە پارچەیی کورد و یەکنەبوونی گوتاری سیاسیی کوردی و هەبوونی دوو ئیدارە و نەگەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان بۆ سەر زێد و خاکی لەمێژینەی خۆیان و هەڕەشە بەردەوامەکانی

کەمالیستانی تورک و زۆری تریش، ئەمانە گشتیان نەک هەر لە بەرژەوەندی ئەوڕۆی کورد نین و بەس، بگرە کاریگەریی خراپی خۆیان بۆ سەر ژیان و چارەنووسی نەوەکانی داهاتووی ئەم نەتەوەیەش دەبێ.

سەرانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا کە لێرە و لەوێ باس لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە دەکەن، ئەگەر ڕاست دەکەن و هەڵوێستی فشەمان پێ نافرۆشن، دەبێ لەمڕۆ بەدواوە کرداریان هەبێ نەک بەڵێن و پەیمانی بێ بناغە. ئەگەر ئەوان ئەوەندە خەمخۆری کورد و شەیدای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەشن، دەبێ لە چاوەڕوانی چیدا بن؟! ستۆکهۆڵم 21-10-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## تاڵەبانی داوای گەڕانەوەی سوپای بەعس دەکات*

لە دوای لەناوچوونی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی، کە بێگومان ئەمە خواست و ئاواتی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی چەوساوەی عێراق و بە تایبەتیش کوردستانی بەزۆر پێکەوە لکێنراوی بوو، پاشاگەردانییەک هاتۆتە ئاراوە کە ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر ژیان و ئەمن و ئاسایشی هاووڵاتییان. دیارە گومان لەوەشدا نییە کە ئەمەریکییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دووچاری فشاری زیاتر دەبنەوە و ڕۆژانەش زەرەر و زیانیان لێدەکەوێ. باندە تیرۆریستییەکان و پاشماوەکانی بەعس بە بەردەوامی دەستی خۆیان لە هێزە ئەمەریکییەکان دەوەشێنن.

سوپای بەعس کە پاش نەمانی ڕژێم پەرش و بڵاوەی پێکرا، ئەمڕۆ لە لایەن کەسانێکەوە بانگاشەی ئەوەی بۆ دەکرێت تا جارێکی تر ڕێکبخرێتەوە و بشهێنرێتەوە ناوەندی گۆڕەپانی ڕووداوەکان. بیانووی ئەو کەس و لایەنانە ئەوەیە کە سوپا ملشکاوەکەی سەددام چاکتر دەتوانێ ڕەوشی ئاسایشی وڵات بەڕێوە ببات و، لەو بارودۆخە نائاسایی و بێیاساییەشی ڕزگار دەکات کە تێی کەوتووە. یەک لەوانەی کە لەم دواییە شەکری شکاند و داوای گەڕاندنەوەی سوپای بەعسیشی کرد، ئەیاد عەلاویی سەرۆکی ئێستای ئەنجوومەنی حوکم بوو لە عێراق. تەنیا چەند ڕۆژێک دواتر، ڕێک لە سێشەممەی ڕابردوو، جەلال تاڵەبانیش لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ میسر، پاش وتووێژ دەگەڵ عەمرۆ مووسای ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی، گوتی: <u>سوپای عێراقی بە هەزاران ئەفسەر و سەربازی نیشتمانی لە خۆ دەگرت کە لە دژی ڕژێمی پێشوو بوون. ئێمە بۆمان نییە هەر بە جارێک تەواوی سوپای عێراق ڕەش بکەینەوە.</u> " BBC، 22-10-2003 ".

بە بۆچوونی من گەلێ ئاساییە ئەگەر عەرەبێکی عێراقی دڵی بۆ سوپا کۆنە شۆڤێنییەکەی بەعس لێبدات، چونکە هەندێ لەو بەناو عەرەبە بەرهەڵستکارانە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بەعس ئاسا بیر دەکەنەوە و، عێراقی عروبەش چاک لە مێشکیاندا چەقیوە. لێ کە کوردێک یان با بڵێین سەرکردەیەکی کورد وەها بۆچوونێک دێنێتە پێشەوە، ئەوسا مرۆڤ بیر لە شتگەلی دیکە دەکاتەوە و، نەفرەتیش لە هەر هاوزمانێکی خۆی دەکات کە ڕۆژێ لە ڕۆژان باس لە بوژاندنەوەی سوپایەکی داگیرکەری نیشتمانەکەی بکات.

سوپای بەعس و عێراقی داگیرکەری بەشێک لە کوردستان کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا نغرۆبوونی سەددامی سەرکردە و پاڵەوانی هەڵاتووی، لەسەر دژایەتیکردنی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەی ملی ئەستوور کراوە، زیندووکردنەوەی لە هەلومەرجێکی وەها ناسک و نالەباری ئەوڕۆی باشووری کوردستاندا لە زەرەر زیاتر چ شتێکی دیکەی بۆ کورد لێ ناکەوێتەوە. بەعس کە بە زەبری سوپا ملهوڕ و ڕەگەزپەرستەکەی بە دەیان کارەسات و ئەنفال و کیمیاباران و مەرگەساتی بەسەر کوردستان و گەلەکەی هێنا، ئەگەر هەر کەس و لایەنێکی تر داوای زیندووکردنەوەی ئەم سوپا عەفلەقییە بکەن، کورد نەک هەر نابێ کارێکی وا بکات بەڵکو دەبێ بەرپەرچیشی بداتەوە.



لە دەستپێکدا پارتی و یەکێتی باسیان لە دامەزراندنی سوپایەکی نوێی عێراق دەکرد و، پۆل پۆلیش پێشمەرگەی کوردستانیان دەکردە سەربازی عێراقی. بە شانازیشەوە لە هەردوو تەلەفزیۆنەکەی خۆیاندا ئەم جۆرە هەواڵانەیان بڵاو دەکردەوە. ئەوان دەبوو ڕێک بە پێچەوانەی ئەم کارەیان هەڵسوکەوتیان کردبا و، لەشکری پێشمەرگەی کوردستانیان بەهێز کردبا نەوەک بیانکردبان بە عێراقی.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ پارتی و یەکێتی ڕۆژی ڕەشی دامەزراندنی سوپای عێراقیان بە پیرۆز زانیوە و، تەنانەت تا ڕووخانی بەعسیش ئەم ڕۆژەیان وەک "پشووی فەرمی" ناسیوە و، هەندێ جاریش لە بڵاوکراوەکانیاندا باس لە "الجیش العراقی الباسل" کراوە! هەر لەبەر هەندێ هیچ مایەی سەرسووڕمان نییە ئەگەر لێرە و لەوێ داخوویانی واش بدەن، کە بە چ شێوەیەک هاوکووف نەبن لەگەڵ داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد. ستۆکهۆڵم 24-10-2003

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# "کەی سەربازە تورکەکانمان دێن؟"*

دوێنێ لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی شاری کەرکووکدا ئەندامە تورکمانە بەکرێگیراوەکان، مەسەلەی خوێندن بە زمانی دایک"تۆ بڵێ کوردی"یان ڕەت کردۆتەوە. دکتۆر کەمال کەرکووکی کە ئەندامی پارتی و ئەنجوومەنی شارەکەشە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کوردستان تیڤی گوتی: تەنیا یەک لایەنی دیاریکراو لەهەمبەر ئەم کارەیە و ئێمە وەک گرووپی کوردی بڕیارمان داوە لەگەڵ هاوپەیمانان لەسەر ئەم بابەتە بدوێین.

هەموومان دەزانین ئەوانەی کە گونی تورکمانیان گەورە کرد پارتی و یەکێتی بوون. لە کەرکووکێکدا کە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی شار تورکمانێکی داخ لە دڵ بێ، دیارە نابێ چاوەڕوانی شتێکی لەمە چاکتر بین. من هەر ئەوەندە دەڵێم نەفرەت لەو کوردانەی کە بیرۆکەی سەقەتی ئەنجوومەنی شاریان بەو شێوە نادروست و ناشایستەیە هێنا پێشەوە. ئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجام دا خیانەتیان لە کەرکووک و کورد و کوردستانیش کرد.

ئەو تورکمانانەی کە بە مێشکی خۆیان بیر ناکەنەوە و لە کەرکووکی کوردستان پەنجەی گورگە بۆرەکان نیشانی کورد دەدەن، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر لە چاوەڕوانی دان. چاوەڕوانی چی؟ چاوەڕوانی "مەهمەتجیک" و پۆستاڵی جەندرمە هۆڤەکانی تورک. ئەوان بە بۆنە و بێ بۆنە ئەم نیازە گڵاوەی خۆیان ناشارنەوە. خانمەقۆتڕی کۆنەبەعس و نوێنەرەکەیان لە "ئەنجوومەنی حوکم"، بە ئاشکرا دڵخۆشی خۆی بەرامبەر هاتنی سوپای تورک بۆ کوردستان و عێراق ڕاگەیاندووە.

لە 23-10-2003دا ڕۆژنامەی "Aftonbladet"ی سوێدی ڕیپۆرتاژێکی لەمەڕ کەرکووک و دەوروبەرەکەی بڵاو کردەوە. دیارە بابەتی ئەو ڕیپۆرتاژە زیاتر لەسەر کێشە و ناکۆکییەکانی نێوخۆی شاری کەرکووک و دەوروپشتەکەی بوو. من لەم باسەمدا قسەی ئەو تورکمانانە دێنمەوە کە بە پەیامنێرانی ڕۆژنامەی ناوبراویان گوتووە. هەڵبەت خودی ڕیپۆرتاژەکە گەلێ لەوە درێژترە تا بتوانرێ لە باسێکی وەهادا جێی بکرێتەوە.

پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوهاتووی سویدی سەبارەت بە سەردانەکەی خۆی بۆ "زەینەل عابدین"ی دەڤەری کەرکووک، بەم جۆرەی خوارەوە بیر و بۆچوونی هەندێ لەو تورکمانانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بینیونی:

سەكنە ساكيم كە لەبەر سێبەری خانووەكەی خۆی دانیشتووە و نیسك دەشواتەوە، یەكەم شت كە بە منی دەڵێ ئەوەیە:

*- باشتر بوو ئەگەر سەربازە توركەكانی ئێمەت لەگەڵ خۆت هێنابا، هەر لەبەر هەندێ گەڕانەوەت چ مانایەكی نییە.*

*- سەكنە شەرم ناكەی بەم شێوەیە پێشوازی لە میوانێك دەكەی كە لە دوورەوە هاتووە، ژنێك هاواری لێ دەكا.*

*سەكنە ساكیم خۆی وتەنی ژنێكی تەمەن 70 یا 80 ساڵەیە و قەتیش بیر لەوە ناكاتەوە جارێكی تر لەتەك عەرەب بژی. لە جیاتی ئەمە ئەو هیوادارە گوندەكەی بە توركمانی بەشەكانی دیكەی وڵات یان توركەكانی توركیا پڕ بكرێتەوە. ڕووتێكردنی كوردیش بۆ ئەم گوندانە شایانی ئەوە نییە باسیشی لێوە بكرێت. بە قسەی سەكنە ساكیم بێ كوردەكان كەسانێكی شەڕانی و خوێنمژن، دەشیانەوێ خەڵكانی تر لە ناوچەی دەوروپشتی كەركووك دەربكەن تا دەست بەسەر نەوتی ئەو شارە دابگرن.*

*-عەرەبەكان نەخۆشی ڕەزیلی و دڵڕەقییان لە سەددام تووش بووە و دەتوانن ڕوو لە بیابانەكانی خوارووی وڵات بكەن، ماڵ و حاڵیان لەوێندەرێیە. هەرچی كوردەكانن بە چ شێوەیەك باوەڕیان پێ ناكەم. تەماشاكە لە توركیا خەریكی چین. كاتێ ئەوەی بۆ ڕوون دەكەمەوە كە كوردەكان لە توركیا تەنانەت بۆیان نییە بە زمانی خۆشیان قسە بكەن، ئەو تەنیا شانێكم بۆ هەڵدەتەكێنێ. كەچی "ئۆرگەن سەمین"ی 16 ساڵە بە پێچەوانەی ئەو دێتە زمان:*

*- لێرە كوردەكان زۆربڵێیی لەمەڕ سەربەخۆیی دەكەن. لە وەها بارێكیشدا دەبێ لە دژیان بجەنگین. ئەوان چونكە گەلێ لە ئێمە زیاترن، باش دەبوو گەر بە زووترین كات سەربازە توركەكان هاتبان.*

*- ئەرێ بە ڕاست، كەی سەربازەكانمان دێن؟ سەكنە بە دەم ڕاستكردنەوەی شاڵەكەی هاوارێكی لێ هەڵدەستێ.*

*- ئەرێ، كەی سەربازەكانمان دێن؟ خەلیل محەممەد قاسمی پیرەمێرد هەمان پرسیار دووبارە دەكاتەوە.*

*سەكنە، خەلیل و ئۆزگەن مەبەستیان لەو دە هەزار سەربازە توركییەیە-"هێزی ئاشتیخواز"- كە پەرلەمانی توركیا بڕیاری لەسەر ناردنی ئەوان بۆ ناوەڕاستی عێراق*

داوە. ئەو بڕیارە لە لایەن ئەمریکا پشتگیری لێ دەکرێت، بەڵام ئەنجوومەنی حوکم لە عێراق دژی وەستا و بووە هۆی تووڕەبوونی توندی کوردیش.

کوردەکان ترسیان لە بەرپابوونی شەڕێکی خوێناوی هەیە، لە کاتێکدا کە تورک ببن بە کۆسپ لەبەردەم داوای سەربەخۆبوونیان. تورکیاش لە لای خۆیەوە کوردستانی عێراقی ئازاد بە مەترسی بۆ خۆی دەزانێت و، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دانیشتوانی کورد لە تورکیا ڕاست ببنەوە.

خەلیل کە تەمەنی خۆی بە 90 ساڵ دادەنێت، نایەوێ دەم لە سیاسەت بدات. ئەو هەمیشە بە شانازییەوە گۆرانی بەسەر تورکیا هەڵدەڵێت و باس لە سوڵتانە – قارەمانە مەزنەکانی عوسمانییان دەکات:

- سەد خۆزگە بەو کاتانەی کە تورکەکان فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریایەکیان دەکرد، کە تا وڵاتی فارس درێژ دەبۆوە. ئەمانە سەردەمە چاکەکان بوون. هەربۆیە خەلیل و سەکنە دەیانەوێ سەردانی "قەڵابەرزەکەی باب و باپیرانیان"- ئەستەمبووڵ- لە تورکیا بکەن.

- ئەو سەردەمەی کە ئێمە نیوەی دنیامان لەبن دەست بوو کاتی بەسەرچوو، سەکنە بە حەسرەتەوە وا دەڵێت. بەڵام بە پشتیوانی خوا لەم سەردەمەدا ئەوەی هی خۆمانە بۆ خۆمان دەبێ، کورد و عەرەبەکان دەبێ لەمەدا دڵنیا بن.

ئەمە چییە کە هی ئێوەیە؟

– بە دڵنیاییەوە کەرکووک، بۆ تۆ بیرت بە لای شتێکی دیکەدا چوو؟

چۆن دەتوانی وا دڵنیا بی لەوەی کە خوا تەنیا پشتیوانی تورکمانەکانە؟

– خوا هەمیشە لە بەرامبەر ئیماندارن بە ویژدان و دادپەروەرە.

ستۆکهۆڵم 28-10-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەری ئەم برادەرە دەزانێ چ دەڵێ؟*

ڕۆژنامەی سەربڵندی میدیا لە ژمارە 150ی خۆیدا، کە لە 1-11-2003 دەرچووە، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ "ڕەمەزان سابیر سەعید"ی بەرپرسی کۆمیتەی کەرکووکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەنجام داوە. لە قسەکانیدا کاکی بەرپرس بە کەیفی خۆی داویەتیە بەرێ. ئەو بەرپرسە کرێکارییە عێراقییە کە بێگومان مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بۆچوونەکانی خۆی بێنێتە زمان، لێ لە هەمان کاتدا من پێموایە سووکایەتییەکی گەورەی بە کورد و کوردە کەرکووکییە دەرکراوەکان و خاکی کوردستانیش کردووە. با بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەشم یەکسەر بچینە سەر پەیڤەکانی جەنابی بەرپرس.

ڕەمەزان سابیر سەعید لە وەرامی ئەم پرسیارەدا: بە ڕای ئێوە کەرکووک شارێکی کوردستانییە یان عێراقییە؟ دەڵێت: بە ڕای ئێمە کەرکووک شارێکە هەموو نەتەوەکانی تیا ئەژی، بەدەر لە مەسەلەی ئەوەی کە چەند تەعریب کراوە. ئێمە ئینکاری ئەوە ناکەین کە کەرکووک تەعریب کراوە و کوردەکەی ڕاگوێزراوە. خوێنەر بە بیستنی وەها وەرامێک دەزانێ کە کەسی پرسیار لێکراو دەیەوێ دزە بکا تا بە تەواوەتی وەرامی پرسیارەکە نەداتەوە. لێ کاتێ کە ئەم جارەیان پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە ئاڕاستەی ناوبراو دەکرێ: مەبەستی من ئەوەیە ئێوە بە کوردستانی دادەنێن یان نا؟ ئەو لە وەرامدا دەڵێ: ئێمە وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی دابەشکردنی خۆمانمان هەیە بۆ کارەکانمان. بەو دابەشکردنەش کەرکووکمان ئێستا لە بەشی کوردستان داناوە و وەک تابیعی ناوچەی کوردستان حیساب کراوە. یەکێ کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی نەناسێ و نەزانێ چۆن چۆنی دروست بووە و ئاگای لە سەنگ و دەنگ و ڕەنگی ئەو ڕێکخراوەش نەبێ، کاتێ کە سەبارەت بە مەسەلەی کەرکووک گوێی لە وەرامێکی وەها بێ، وا تێدەگا ڕێکخراوی ناوهاتوو بڕیاری بە دەستە و لەمەڕ پاشەڕۆژ و داهاتووی سیاسیی کوردستان و عێراق پرسی پێ دەکرێ. "کەرکووکمان ئێستا لە بەشی کوردستان داناوە!". خوێنەر بە بیستنی ئەم ڕستەیە وا حاڵی دەبێ کە پێشتر کەرکووک کوردستان نەبووە و، خوا خێری برادەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی بنووسێ، کە ئێستا خستوویانەتە سەر کوردستان. ئەی دەبێ مەبەست لە "ئێستا" چ بێ؟ تۆ بڵێی پاشان لەم "ئێستا"یەشیان پاشگەز نەبنەوە؟!

بەرپرسی کۆمیتەی کەرکووکی حککع هێشتا داکـۆکی لــە نامەناردنەکــەی تــاهیر حەسەنی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی دەکات، کە چەند ڕۆژێک دوای ڕووخــانی ڕژێمی سەددام بۆ کۆفی عەنانی ناردبوو و، تاهیر حەسەن لە نامەکەیدا داوای لە عەنان کردبوو تا لە دژی حیزبە کوردییەکان هەڵوێست وەربگرێ، گوایــە ئەمانــە عــەرەب لــە کەرکووک دەردەکەن و ناشبێ هیچ عەرەبێک دەربکـرێ. ڕەمــەزان ســابیر ســەعید لــەم بارەیەوە دەڵێ: ئێمە تا ئێستاش لەسەر ئەو هەڵوێستەین. تەنانــەت ئــەم هەڵوێســتە عەرەبەکانی تەعریبیش دەگرێتەوە: بەڵێ عەرەبەکانی تەعریبیش، بە هــیچ شێــوەیەک قایل نین هیچ کەسێک بخرێتە ژێر فشاری دەرچوون. ناوبراو لە بەرســڤی پرسیارێــکی تردا: واتە ئێوە دژی هەر بڕیارێکی ڕەسمــیش دەبــن کــە ســەبارەت بــە گەڕاندنــەوەی عەرەبەکانی تەعریب بۆ شوێنە ئەسڵییەکانیان و نەهێشتنیان لــە کــەرکووک بدرێــت؟ وەها وەرامی میدیا دەداتەوە: بەڵێ ئێمە دژی هەر بڕیارێکین کە ئینسان لە شوێنی خۆی هەڵکەنێ. بە بۆچوونی حککع و ڕەمەزان سابیر سەعید عەرەبەکانی تەعریب: تاوانبــار نین! من هەر ئەوەندە دەڵێم یەکێ کە بێ ماڵم لێ داگیر بکا، بەر لــەوەی بــە تاوانبــاری بزانم حیسابی داگیرکەری بۆ دەکەم. کەواتە وەها کەسێک نــەک هــەر تاوانبــارە بگــرە داگیرکەریشە. گەلی خوێنەران ئێوە دەڵێن چی؟

لەسەر بابەتی لووتبەرزیی لایەنە سیاسی و نەتەوەییەکان لە شاری کــەرکووک، کە هەموومان دەزانین چ لایەنێک لە هەمووان زیاتر لەپشت ئــەم کارەوەیــە، بەرپرســی کۆمیتەی کەرکووکی حککع بــە یــەک چــاو ســەیری گشــت لایەنــە جوداکــان دەکــات و هەموویان وەک یەک لە بێژنگ دەدات: هەر یەک هەوڵ دەدا کورسی و دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ خۆی بە دەست بخات، هەر بنچینەی پێکهاتەی حوکمەکە وایە. حیزبە کوردییەکان بە دەوری خۆیان هەوڵ دەدەن بەڕێوەبەر و بەرپرسی دائیرە و شــتەکان بکــەن بــە کــورد، حیزبە تورکمانییەکان بە هەمان شێوە. یەعنی کەسێک نییە خواستی ئەوە بێ خزمــەتی خەڵکی کەرکووک بکات. بەڵام نابێ ئــەوەمان لــەبیر بچــێ ئــەم لێکدانەوەیە حیــزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ناگرێتەوە، چونکە برادەرانی ســەر بــەو حیزبــە شــورای کرێــکاری و شــورای گەڕەکــەکان دروســت دەکــەن و خزمــەتکاری خەڵکــە ڕەشــۆکی و داماوەکەی شاری کەرکووکن. ئەی چۆن؟! ئەوان دژی یەکێتی و پارتین، لەسەر ئەساسی ئەوەی کە دیکتاتۆرین و چەوسێنەرن و دژی خواستەکانی خــەڵکن و دڵســۆزی خــەڵکی کوردستان نین. هەروەها حککع چ حیسابێــک بــۆ ئەمریکاییــەکان ناکــات: ئێــمە هــیچ

شرووتێکی ئەمریکامان قبوولْ نییە. حککع لەگەڵ موقتەدا سەدریش ناکۆکە، چونکە وەک بەرپرسەکەیان دەڵێت: دوژمنایەتیمان هەیە لەگەڵ موقتەدا سەدر. لە ناسریە هێرشی کردە سەر ئەندامانی ئێمە و دوو کەسی لێ دەستگیر کردین. ئێمە سیراعێکی زۆر توند و دژوارمان هەیە لەگەڵی. لە کەرکووکیش هاتنە ئێرە بۆ لامان، پێمان گوتن ئێمە بە هیچ شێوەیەک بوونی ئێوە لێرە قبوولْ ناکەین و، هەر دەبێ داوای لێبووردنێکی ڕەسمی ڕاگەیێنن بەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. ئێمە قسەکانمان زۆر ڕوون بوون لەگەڵیان و بەیاننامەشمان هەیە لەسەریان. دە تۆ تەماشاکە حککع لەسەر دەستگیرکردنی دوو ئەندامی خۆی چۆن هەڵسوکەوت دەگەڵ لایەنی بەرامبەر دەکات و، ئامادەی ئەوە نییە چ حیسابێکی بۆ بکات و لە هەمان کاتدا دەبێ بە شێوەیەکی فەرمیش داوای لێبوردن لە حککع بکات. لێ هەر هەمان حککع و بەرپرسی کۆمیتەکەی، ئەو "عەرەبی تەعریب"انەی کە بوونەتە هۆی ئێش و ئازار و ژیانی کۆلەمەرگی و بگرە مردنی دەیان و سەدان هەزار کوردی بێچارەی کەرکووکی و دەوروبەری، بە تاوانبار نازانن و لێشناگەڕێن بیانگەڕێننەوە شوێنەکانی خۆیان، تا دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم شارە و دەڤەرەکەی جارێکی تر ڕوو لە زێد و واری باب و باپیرانی خۆیان بکەنەوە. هەر باش بوو ئەم ڕێکخراوە عێراقچییە دەستی لە ئێستا زیاتر نەدەڕۆیی، ئەگەر نا مەگەر تەنیا خوا بە خۆی بیزانیبا چ نەخشەیەکی ئەهریمەنانەیان بۆ کورد و نیشتمانەکەی نابایەوە.

حککع و گەلێ لایەنی تریش دەبێ سوپاسی ئەمریکا بکەن، ئەگەر نا تەنیا بە خەون بارەگا و مارەگایان لە کەرکووکی کوردستان و بەغدا و ئێرە و ئەوێ دەکردەوە. حککع و چەند کەسی لایەنگری بە ئاشکرا لە ئەوروپا و لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییە شۆڤێنییەکاندا لەهەمبەر لێدانی عێراقی بەعس بوون. کوردی ئەوروپا قەت ئەم هەڵوێستەی ئەوانیان لە یاد ناچێ. هەربۆیە چ مایەی سەرسووڕمان نییە ئەگەر بە بەردەوامی لە بەرپرسانی حککع ئەم جۆرە بۆچوون و قسانەمان گوێ لێ بێ. سەیرکردنێکی خێرای ماڵپەڕە کوردییەکانیش زۆر شتمان لەمەڕ ئەم مەسەلەیە بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ماڵپەڕی ماندوونەناسی "کوردستان نێت" ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا، لە پرسیارێکی هەفتانەی خۆیدا لە خەڵکی کوردی پرسیبوو: ئایا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەتوانێت لە کوردستان سەرکەوتوو بێت؟ ئەنجامی ڕاپرسییەکە بەم شێوەیە

بوو: کۆی دەنگەکان (1622). بەڵێ (429 واتە 26%). نەخێر (1135 واتە 70%). نــازانم (58 واتە 4%). لام وابێ خراپ نابێ ئەگەر حککع و ڕەمەزان سابیر ســەعید لــەم ژمــارە ســـادە، بــەڵام واتادارانـــە ورد ببنـــەوە. ســڵاو لـــە هـــەر کوردێـــکی دلســـۆز و کوردستانی! سوید 9-11-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## بۆچی لە پێناو سەربەخۆیی کوردستانیش ڕێپێوان ساز نادەن؟!*

دوێنێ 10-12-2003 لە زۆر شار و شارۆچکەی باشووری کوردستان و عێراقیشدا ڕێپێوان و خۆپیشاندان لە هەمبەر تیرۆر و تیرۆریستان بەرپا کران. بێگومان ڕەتکردنەوەی تیرۆر و ڕیسواکردنی تیرۆریستان و پاشماوەکانی بەعسی عەفلەقی و لەقاودانی کار و کردەوە ڕەگەزپەرستی و هۆڤانەکانیان، دیارە مەسەلەیەکە چ قسەیەکی لەسەر نییە و، هەر مرۆڤێکی بە ویژدان و کوردپەروەر و کوردستانی دەبێ بەرەنگاری ئەم جۆرە کردەوە ڕەش و نەگریس و نامرۆڤانەی ئەوان بێتەوە. گومانیش لەوەدا نییە نەتەوەپەرستانی سەر بە نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی خاکی کوردستان نە ئەمڕۆ و نە دوێنیش چ خێریکیان بۆ کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەی نەویستووە و ناوێت. خۆ ئەگەر مەبەست لە بەعسییە کوردخۆرەکانیش بێت ئەوا پێویست بەوە ناکات لیستەی تاوانەکانیان بژمێرین!

یەکێتی و پارتی لە گەلێ بۆنەدا، کاتێ خۆیان ویستوویانە، خەڵکی ڕەشۆکی و چەوساوە و لێقەوماوی کوردستانیان هێناوەتە سەر شەقام و دروشمیان پێ داون. لە کۆتاییشدا گەر شتێک یا دروشمێکی ئەم جۆرە ڕێپێوان و خۆنیشاندانانەیان بەدڵ نەبووبێ، ئەوا بێ سێ و دوو، دەیان ناو و ناتۆرەیان بۆ خەڵکی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەڵبەستاوە. هەموومان جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانمان بینی کە چۆن لە هەمبەر هاتنی لەشکری کەمالیست و فاشیستی تورکان ڕابوونە سەر پێیان و، بە یەک دەنگ و یەک هەڵوێست نارەزایی خۆیان لە بەرامبەر نیازە گڵاوەکانی ڕژێمی تورکیای دوژمنی هەرە سەرسەختی کورد و کوردستان دەربڕی. لێ دیسان هەر هەموومان بینیمان کەوا چۆن لەسەر سووتاندنی ئاڵای داگیرکەران و قسەگوتن پێیان، چ پدک و چ ینک خۆیان و کوردیشیان سووک و چرووک کرد.

سەرانی ئەو دوو پارتە دەسەڵاتدارەی کوردستان، ئەگەر ڕاست دەکەن و خەمخۆریشن، با کوردانە و مەردانە قۆڵی لێ هەڵکەن و بە خەڵکی ڕەش و ڕووت و ئازادیخوازی وڵاتەکەیان بڵێن: ئەرێ خەڵکینە. . کوردینە چتان دەوێ؟ ئەگەر ئەوان دڵیان بۆ کوردستان لێ دەدات و ناشترسێن، با هەر نا وەکو دوێنێ ڕێپێوانێکی جەماوەرییانە ساز بکەن و بە هاوپەیمانان و تەواوی دنیاشی ڕابگەیەنن: ئەوە خەڵکی کوردستانە کە بڕیار دەدات چی دەوێ! تۆ بڵێی پدک و ینک ئەوەندە بوێر بن ڕێ بۆ کارێکی وەها خۆش بکەن؟! سوێد 11-12-2003 * لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# گیانەکمان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانە!*

برادەرێکی خۆشەویستم لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد چێشتخانەیەکی کوردی هەیە. کەسانێکی سوێدی، بەڵام زیاتر بێگانە و بە تایبەتیش کورد ڕوو لە چێشتخانەکەی ئەو دەکەن. لەناو ئەوانەدا شوفێری تەکسی، خێزاندار، عەرەبی عێراقی و کەسانێکی دیکەش دەبینرێن. برادەرەکەم بۆی گێڕامەوە: "جارێکیان ژنە عەرەبێکی بەغدایی خواپێداو و دەوڵەمەند بۆ نانخواردن هاتە چێشتخانەکەم. لە دوای نانخواردنەکە دەستمانکرد بە قسەکردن. بابەتی قسەکانمان بە تایبەتی لەمەڕ ڕەوشی هەنووکەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بوو. لە گەرمەی قسەکانیدا خانمی عەرەبی بەغدایی، دیار بوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکانی کوردستان تیڤی و کوردساتی زۆر بەدڵ بوو، چونکە خۆی گۆتەنی بەغدا حەیاتەکەی وەبیر دێنایەوە و، هەر لەبەر هەندێش کوردستان تیڤی و کوردساتی پێ لە هەموو کەناڵە عەرەبیزمانەکانی تر باشتر بوو. من خۆم وەک کوردێک پێشتر لەسەر ئەم مەسەلەیە بابەتێکم بڵاو کردۆتەوە**. لێرەدا نامەوێ درێژە بە هەمان باسی پێشوو بدەم، بەڵام جێی خۆیەتی ئەوە بڵێم قسەی ژنە عەرەبی بەغدایی پڕ بە پێستی کوردستان تیڤی و کوردساتە. بڕوا بکەن جاری وا بووە لەم دوو کەناڵە بە دوای بەرنامەیەکی کوردیدا گەڕاوم، چونکە هەردوو کەناڵی ناوهاتوو لە دڵسۆزی و خەمخۆرییان بۆ عێراق و برا عەرەبە چاوڕەشەکانیان (؟؟؟!!!) ، لە یەک کاتدا لە پێشبڕکێی ئەوەدا بوونە تا بەرنامەکانی خۆیان بە زمانی عەرەبی پەخش بکەن. با تورکمانی و ئاشووری و سەما و مۆسیقای هەمیشە ئامادە و گۆرانی داواکراوی لە ڕادەبەدەر و ئەو قۆریات و سترانە عەرەبییانەش لە جێی خۆیان بوەستن، کە تەنانەت عەرەب خۆشیان لێیان بێزار بوونە و ئەوەندە سەر و دڵیان پێ ناکرێتەوە. نازانم کورد چ پێویستییەکی بە لێدانی کۆنە قەوانی عەرەبی و گۆرانی سەمیرە تۆفیق و کازم ساهیر و یابە و یومەی بەغدایی و نیشاندانی دیمەنی جۆراوجۆری شاری (سانت پیتەرسبۆرگ) ی ڕووسیایی هەیە؟!

کاتێ ژنە عەرەبێکی بەغدایی بڵێ "گیانەکمان لە تەلەفزیۆنە کوردییەکانە"، ئەمە ئەگەر شتێک بگەیەنێ تەنیا و تەنیا بە مانای کارەسات دێ بۆ کەناڵە کوردییەکان. تۆ بڵێی کاربەدەستانی کوردستان تیڤی و کوردسات هەست بەم (قەباحەتە) نەکەن؟!

من هەر ئەوەندەم لە دەست دێ بە کارگێڕان و بێژەران و کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو ئەم دوو دەزگا کوردییە حیزبییە بڵێم: ئێوە هەتا لەسەر ئەم ڕێبازەی ئێستای

خۆتان بەردەوام بن، باش لەوە دڵنیا بن، لەبەر چاوی خەمخۆران و دڵسۆزانی کورد ڕەش و لەبەر چاوی عەرەبی برای چاوڕەشیشتان شیرین دەبن! بێگومان خۆشتان سەرپشکن لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایەی کە پێتان باشە: کوردایەتی یان عەرەبایەتی!

سوێد 12-12-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

* *کوردستان نێت، یەک دوو پەیڤ بۆ کوردستان تیڤی و کوردسات، مەهاباد کوردی، 5-6-2003.

# تۆ بڵێی تاڵەبانی لە "چین" باسی "کوردستان"ی کردبێ؟!*

دوێنێ ئێوارە، 25-12-2003، تەماشای دەنگوباسی کەناڵی "کوردسات"م کرد. کەناڵە کوردییەکان هەمیشە هەواڵە بەراییەکانیان بە سەرکردە و ڕێبەرەکانیان دەست پێدەکەن. بێگومان دوێنێش هەر وا بوو، چونکە یەکەم هەواڵی کوردسات پێشوازیکردنی جەلال تاڵەبانی بوو لە شاندێکی چینی، کە بە سەردانێکی دیپلۆماسی و بازرگانی هاتبوونە سلێمانی. تاڵەبانی بە خۆی و تەزبێحەکەی، هەر دەڵێی لە دیوەخان دانیشتبوو، زۆر بە گەرمی باسی لەو سەردانەی خۆی دەکرد بۆ چین، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا و لە سەردەمی زێڕینی سەرۆکایەتیکردنی جەنابیدا بۆ "ئەنجوومەنی حوکم"، ئەنجامی دابوو. شاندی چینیش دیار بوو بە قسەکانی مامە گەشابوونەوە و، بە وردی گوێیان بۆ شل کردبوو. تاڵەبانی لە درێژەی قسەکانیدا بە ئەندامانی شاندی ناوبراوی گوتبوو، دوای گەڕانەوەی لە چین تا هەنووکە چەند جارێک، بە کوردی و عارەبی، وتاری لەمەڕ سەردانەکەی خۆی بۆ وڵاتی ئاماژە پێکراو نووسیوە و، گەلێکیش بە جوانی و بەدوییەکەی وڵاتی چین سەرسام و سەرسووڕماو بووە.

من لێرەدا پرسیارێکی زۆر سادە ئاڕاستەی مامی مامان دەکەم و پێی دەڵێم: ئەرێ لە "چین"یش ئەوها بە گەرمی باسی "کوردستان"ت، وەک وڵاتی خۆت، دەکرد یان وەک کەسێکی عێراقی هەڵسوکەوتت دەکرد و لەبری "کوردستان"یش باست لە "عێراق" دەکرد؟!

تاڵەبانی لە سەردانەکانی دەرەوەیدا، کە زۆر کەیفی پێیان دێ، زیاتر لە کەسێکی تۆریست و گەشتڤان دەچێت تا سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی کورد. لە پاریس، لە خۆشیی مافوورە سوورە ڕاخراوەکەی بەردەرکی کۆشکی ئیلیزێ، کابرا ئەوەندە شاگەشکە بووبوو، هەر کەمێ مابوو خۆی لە بیر بچێتەوە. لە پایتەختی ئوسترالیا بەرز دەفڕی و نزم دەنیشتەوە، پێشی شەرم بوو ئاڵای پیرۆزی نیشتمانە بێ



دەوڵەتەکەی، بەبێ ئاڵای نەگریسی بەعسییان، قەبووڵ بکات. ئەی ئەوە نییە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، کڕنووش بۆ ئاڵای سەددامییەکان دەبا و لە میرنشینە تایبەتییەکەی سەر بە خۆیشی لە ئاسماندا دەیشەکێنێتەوە! هەر لەبەر هەندێش مەحموود عوسمان درۆیەکی گەورەی کردووە، کاتێ گوتوویەتی:" ئاڵای فەرمیی عێراق لەسەر گشت بارەگای دام و دەزگا فەرمییەکان لە ناوچەکانی کوردستان دەبینرێ.

(ایلاف، 23-12-2003،KDP. info ). ڕاستییەکەی ئەوە "ینک"ەیە کە یەخەی خۆی لە یەخەی ئالآی ڕەشی ئەنفال و کیمیابارانی بەعسییەکان ناکاتەوە. خۆ پێناچێ د. مەحموودیش ئاگای لەم کەین و بەینە نەبێ؟!

سەرکردەیەکی کورد بەر لەوەی مەستی جوانیی ولآتێکی بیانی بێت، جێی خۆیەتی و فرە خاسیشە گەر بیرێک لە زێد و هەوارە ڕەنگینەکەی تایبەت بە خۆیشی بکاتەوە. گەلی خوێنەران ئێوە دەڵێن چی؟

قسە گەلێ زۆرە و نەخاسمە لەسەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی تاڵەبانی زۆر گوتراوە و نووسراوە. تەنیا وەک یادەوەرییەکی بچکۆڵانە با ئەمەتان بۆ بگێڕمەوە: ساڵ 1984 بوو، وتووێژی خۆترێنانەی ینک و بەعس لە گۆڕێدا بوو. لەوێ دەمێدا تاڵەبانی لە گوندەکەی مندا، "مورتکەی گەورە"ی دەشتی هەولێر، بە نیازی قسەکردن بۆ خەڵک هاتبووە وێندەرێ. باش باش لە یادمە خەڵک لە هەولێرەوە ڕوویان لە مورتکەی گەورە دەکرد. من ئەوسا لاوێکی **19** ساڵان بووم. لە جیاتی گوێگرتن لە قسەکانی تاڵەبانی، خوشک و برا و خزم و هاوڕێکانیشم دەزانن، ڕووم لە دەرەوەی گوند کرد. گوندینە. . کوردینە، دوای نزیکەی 20 ساڵ، دیسان دەڵێم: ئەو دەم و ئێستاش پەشیمان نەبووم و نیم لەوەی کە گوێم لە قسەکانی تاڵەبانی نەبوو!

ستۆکهۆڵم 26-12-2003

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# "چ بچێنی ئەوە دەدوورییەوە"*

خۆپیشاندانەکەی 31-12-2003ی ناو شاری کەرکووکی کوردستان، ئەگەر پارتی و یەکێتی و ڕێکخراوە کوردییەکانی تری بەئاگاش نەهێنابێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆکسێک بوو وەبەر قەپۆزیان کەوت. مرۆڤ بۆی هەیە گەلێ دەرەنجام لەم ڕووداوەی دوایین ڕۆژی ساڵی 2003ی ناو کەرکووک وەدەست بێنێ، کە بێگومان هەرە گرنگترین و هەرە بەرچاوترینیان بە ڕاست دەرچوونی پێشبینییەکانی کەسانێکی کوردی خەمخۆر و نەتەوەپەروەر و کوردستانی بوو، کە چەندین ساڵ بەر لە لێدانی بەعس لە لایەن ئەمریکاوە، سەرانی کورد و ئەم دوو زلحیزبەی کوردستانیان ئاگادار کردۆتەوە و پێشیان ڕاگەیاندوون کە ڕێگەدان بە گرووپ و تاقمی شۆڤێنی و توندڕۆ و ناحەز بە کورد و دۆزە ڕەواکەی، لە کۆتاییدا هەر بە زەرەری کوردی بێ دەوڵەت و خودی پارتی و یەکێتیش تەواو دەبێ.

خۆپیشاندانەکەی کەرکووک، با بێ مۆڵەت وەرگرتن و ناقانوونی و لە لایەن چەند سەد کەسێکی کۆنەبەعسی و عەرەبی هاوردە و تورکمانی تۆرانی و عەرەبی سوننی و ناسری و سۆسیالیست و عەرەبی شیعەی کەللەڕەقی تا دوێنێ دۆستی (ینک و پدک)ەش ئەنجام درابێ، لێ دیسانیش گەر تەنیا پەیامێک بگەیەنێ ئەوەیە کە لە عێراقی داهاتوو و بەزۆر پێکەوەنراو نابێ بە چ شێوەیەک باس لە کوردستان و کوردستانێتی کەرکووک و ئەو دەڤەرانەی دیکەش بکرێ کە هێشتا بە دەستی "تەعریب و تەبعیس"ەوە دەناڵێنن.

بەتەنێ وردبوونەوەیەک لەو دروشم و پانکارتانەی کە نووسرابوون و بەرز کرابوونەوە، ئەم ڕاستییەی سەرەوەمان بۆ دەردەخات؛ هەر بۆ نموونە: لا الە الا اللە کردستان عدو اللە، عاش العرب و الترکمان، کرکوک عربیە و ستبقی عربیە، ستبقی کرکوک رمز الاخوە العربیە- الترکمانیە، . . . تاد.

ئەوەی جێی سەرنجە پارتی و یەکێتی لە بارەی ئەم ڕووداوە، هەتا هەنووکە، دەرکردنی دوو بەیاننامەی شەرمنانەی لێ بترازێ، چ کارێکی تری ئەوتۆیان ئەنجام نەداوە کە مایەی دڵخۆشی جەماوەری بەشەرەف و ئازادیخوازی کوردستان بێ. دیارە ئەم لێکدانەوەیە بە پلەی یەکەم تاڵەبانی و حیزبەکەی دەگرێتەوە، چونکە: 1- کوردسات لە ڕۆژی یەکەمی خۆپیشاندانەکەدا، هەر بۆ نموونە دەنگوباسی شەشی ئێوارە بە کاتی سوێد و بە شایەدی میوانەکانیشم، بە چ شێوەیەک وەک تەنیا

هەواڵێکی سادەش خۆی لە قەرەی باسەکە نەدا و بێدەنگییەکی بێمانای هەڵبژارد. 2-هەر تاڵەبانی بوو، بێ ئەوەی پرس بە کورد بکات، ئیمزا شوومەکەی خۆی لە ڕێکەوتی 15-11-2003 خستە سەر بەڵگەنامەیەک کە لە خیانەتکردن بە کورد و کوردستان بەولاوە چ شتێکی دیکە ناگەیەنێ. 3-هەمووومان چاومان بە فلیمە ڤیدیۆییەکەی مامە و سەرانی بەرەی تورکمانی ئاژانی تورکیا کەوت کە ماوەیەکی کەم بەر لە خۆپیشاندانە ئەنتی-کوردییەکەی ناو شاری کەرکووک، لە ماڵپەڕی سەربەرزی کوردستان نێتدا یەخەی لایەنگران و جنێودەرانی یەکێتی گرت و پێیشی گوتن: ئەمەیە مامە و مامەشتان لێ پیرۆز بێ! 4-ئەرێ بە ڕاست کێ بوون ئەوانەی گونی بەرەی تورکمانی شۆڤێنییان گەورە کرد و گەیاندیانە سلێمانی و کۆیە و ئێرە و ئەوێی کوردستانیشیان لەسەر تاپۆ کردن؟! 5-گەلۆ هەر یەکێتی نەبوو لە گەرمەی لێدانی ڕژێمی عێراق بە هەڵەداوان هاتە ناو کەرکووک و دەستپێشکەریش بوو لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی شار، کە بێگومان لەسەر بنچینەیەکی نابەجێ و ناڕێک و نایەکسانیش پێکهات. لێرەدا مەبەست لەو سیستەمە 24 کەسییەیە کە ینک پێشنیاری کرد بەم جۆرە: 6 کورد، 6 تورکمان، 6 عەرەب و 6 کلدۆئاشووری. کورد هەر لە سەرەتادا نەدەبوو بە وەها ڕێژەیەک قایل بێت و ملی بۆ بدات، بەڵام کاتێ یەک لە لایەنە سەرەکییەکانی کورد لەبەر خاتری برا عەرەبە چاوڕەشەکان و تورکمانە ئەتاتورکییەکان شتێکی وا بێنێتە گۆڕێ، ئەوسا شتەکە حیسابێکی دیکەی بۆ دەکرێ و شانەکەش لە سەری کورد دەشکێتەوە. 6-ینک، جەلال تاڵەبانی ئاسا، لە بەیاننامەکەی خۆیدا کە لە 1-1-2004 بلاو کراوەتەوە، خۆی لە باسکردنی کوردستانێتی کەرکووک بواردووە و، بگرە وەک هەر شارێکی دیکەی عێراق حیسابی بۆ کردووە. "بەیاننامەی مەڵبەندی دووی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان 1-1-2004، بە زمانی عەرەبی".

نە یەکێتی لە بەیاننامەکەی خۆیدا، نە پارتی و یەکێتیش بەجووتە لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە لە خۆپیشاندانەکەی کەرکووکدا "حیزبی دەعوە" و "ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق"یش بەشدارییان کردووە. ئەوان تەنانەت وردە گلەییەکیشیان لە "هەڤاڵ و دۆستەکانی دوێنێ؟؟"ی خۆیان نەکردووە. "ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی ناوخۆیی و جیهانی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕۆژی 31-12-2003 لە شاری کەرکووک، مەڵبەندی دووی ینک، لقی سێی پدک، بە زمانی عەرەبی، 1-1-2004". گومان لەوەدا نییە ئەگەر لە هەر

شوێنێکی تری ئەم دنیایەدا بەم جۆرە سووکایەتی بە نەتەوەیەک کرابا، ئێستا لەمێژ بوو نوێنەرانی ئەم نەتەوەیە، لە دەزگایەکی وەک "ئەنجوومەنی دەسەڵات" کشابوونەوە و ناڕەزاییشیان بەرامبەر ئەنجوومەنی ناوهاتوو و بگرە هێزی هاوپەیمانانیش دەربڕیبوو. عەبدولعەزیز ئەلحەکیمی سەرۆکی "ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق"، لە هەمان کاتدا سەرۆکی "ئەنجوومەنی دەسەڵات" بوو کاتێ لەژێر ناوی خۆپیشاندان لە کەرکووک سووکایەتی بە کورد کرا، لە وتەیەکیدا سەبارەت بەم مەسەلەیە گوتی:"بابەتی فیدرالیزم گەلی عێراق بڕیاری لەسەر دەدات و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمیتەیەکمان ساز کردووە". جارێ پێش هەموو شتێک بەتەنێ گەلی کوردستان مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەمەڕ چارەنووسی خۆی بدات نەک گەلێکی تر یان عەرەبی باشوور و ناوەڕاستی عێراق. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە عەبدولعەزیز ئەلحەکیم دەبوو ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆچی "حیزبی دەعوە" و "ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق"، لەهەمبەر کەمترین داوای کوردان لە باشووری کوردستان کە فیدرالیزمە، لە شاری کەرکووک و لە دژی خواستەکانی کورد، دەگەڵ پاشماوەی بەعسییان و عەرەبی هاوردە و تۆرانییە کەمالیستەکان کلکیان دەکەنە یەک و، ئاژاوە دەنێنەوە و گوایا خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن!

من بەر لەوەی یەخەی هەر کەسێکی تر بگرم، دێم یەخەی سەرکردایەتی کورد دەگرم و توند توندیش ڕایدەوەشێنم. ئەگەر ئەوان نەبوایەن کورد وا سووک و ڕیسوا نەدەکرا و، لەبەر دەرکی ماڵی خۆیشی شەڕی پێ نەدەفرۆشرا. پارتی و یەکێتی لە ئەنجامی شەڕی کوردکوژی و خۆتڕێنانەی نێوانیان، شتی وا عەنتیکە عەنتیکەیان قیت دەکردەوە کە بە ڕاستیش وەک دەڵێن لە قوتووی چ عەتارێکدا نابینرێن. کەسانێکی عەرەبی ڕەگەزپەرست و بەعسی و عەرەبی هاوردە و تەعریبکار، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کوردستان کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانیان لە دژی کورد ئەنجام دابێ، ئەمڕۆش ئامادە بن بە نوێژی نیوەڕۆ لە شارێکی وەک کەرکووکی بووکی کوردستان و شان بە شانی تورکمانە تۆرانییەکان، وێنەکانی دیکتاتۆر و جەللادی کوردان بەرز ڕابگرن و بیلێسنەوە، نابێ چ گلەیی و گازاندەیەکیان لێ بکرێ، چونکە ئەوان کار و پیشەیان هەر ئەمە بووە و لەو بڕوایەش نیم بێنەوە سەر ڕێی ڕاست. هەر لەبەر هەندێ ئەوە خەمساردی و ناتەبایی و نایەکگرتوویی پدک و ینک و ڕەوشی دوو ئیدارەیی کوردستانە کە کوردی گەیاندۆتە ئەم ڕۆژە. ئەگەر پارتی و یەکێتی لە سەرەتای ڕزگارکردنی کەرکووکدا باسیان لە "گەڕانەوەی بە بەرنامەی خەڵکی کوردی

دەربەدەرکراو و ئاوارەکراوی شاری کەرکووک" نەکردبا و دڵسۆزانەش خەڵکیان بۆ گەڕانەوە هاندابا و، هەروەها لە کاتی کۆبوونەوەکانیان دەگەڵ ئەمریکاییەکان و لایەنەکانی تردا هەمیشە جەختیان لەسەر ئەم مەسەلە چارەنووسسازە کردبا، دڵنیام لە وها بارێکدا ئێستا ڕەوشێکی دیکە و جودا دەهاتە پێشەوە و، نە تورکمان و نە عەرەبیش کە هەرگیزاو هەرگیز برای کورد نەبوونە و ناشبنێ، نەیاندەوێرا وا بە سووک و ساناهی سووکایەتی بە کورد بکەن و، بیاندەنە بەر چەقۆ و، لە سایتە بازاڕییەکانیشیاندا جنێوی پیس و ناشیرین بە کورد بدەن.

پارتی و یەکێتی، خۆشییان بێ یا ترشی، ئەوە دەدوورنەوە کە چاندوویەتیان. ئەوانەیان لێ بووە بە کەڵەگا کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆیان نانیان داونەتێ و ملیان ئەستوور کردوون. کەسانێکی عەرەبی وا ڕەگەزپەرست و سپڵە، ئەگەر تۆزێ نمەک و وەفایان هەبایە بۆ ئەو جوتیارە هەژارە کوردانەی کە بە جاران نانی ئەوانیان خواردووە، نەدەبوو ئەمڕۆ لەتەک بەعسییەکان و تۆرانییەکاندا هاواریان لێ بەرز بێتەوە و بشیرێنن: لا اله الا الله کردستان عدو الله. نموونەی ئەو جۆرە کەس و ڕێکخراوانە، ئەگەر بە ئاوی حەوت ڕووباری کوردستانیش بشوورێن، بڕوا بکەن قەت قەت پاک نابنەوە. ئەمە بۆچوونی تایبەتی منە و، پارتی و یەکێتیش با بۆ خۆیان هەر سیر بخۆن و زوڕنای "برایەتی و پێکەوە ژیان و دیموکراسی و میموکراسی" لێ بدەن.

بارزانی کە لە تاڵەبانی کەمتر شەیدای خۆ دەرخستن و میکرۆفۆن و تەزبێحات و دانیشتنی دیوەخان و مافووری سووری بەر دەرگای کۆشکی پایتەختەکانی ئەوروپایە، خۆزگە کاتێ نۆرە ئەلفوبێییەکەی بۆ سەرۆکایەتیکردنی "ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراق" دەهات، لەبەر خاتری چاوی جوانی کورد ئەم پۆستەی ڕەت دەکردەوە و، بە یەکجارەکیش تا دنیا دنیایە وازی لە عێراق و عێراقچێتی دەهێنا.

<u>کوردینە کەرکووکیش بە دەردی مووسڵ مەبەن!</u> سوێد 2-1-2004

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

# باشووری کوردستان و پرسه چارەنووسسازەکان*

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی 15-11-2003 کە جەلال تاڵەبانی بە ناخێری گیانی پەنجەمۆری کرد، دەبێ لە 28-2-2004 ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراق بڕیاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بدات و، چۆنیەتی ئەم بەڕێوەبردنە و هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی دەستووری و گەلێ کاروباری تریش دیاری بکات (1) .

هەر بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە، یەکێتی و لایەنگرانی لێ دەربچێ، دەکرێ بڵێین کورد بە شێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەی ڕەت کردەوە و، نەفرەتیشی لە سیستەمی فیدرالی ئوستان و پارێزگاکان کرد. هەر لەبەر هەندێ چ جێی سەرسووڕمان نییە کە لەم ڕۆژانەی دواییدا گوێمان لە تاڵەبانی دەبێ باس لە کەرکووک و فیدرالیزم و گەڕانەوەی ئاوارەکان و زۆر شتی تر دەکات. ئەدی کوو کەتنکار کەتنی خۆی دەناسێتەوە!

گرووپی کوردی کە هەر نەدەبوو لە سەرەتادا بچنە ناو ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراقی، زۆر بە درەنگەوە، پڕۆژەی فیدرالیی کوردستانیان خستە بەردەم ئەنجوومەنی ناوهاتوو. پاش ئەم کارە هەر مەپرسە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و عەرەبە شۆڤێنی و نەتەوەیی و ناسری و سۆسیالیستەکان و، شیعە کەللەڕەقەکانی سەر بە حیزبی دەعوە و ئەنجوومەنی بالای بەلا و گورگەبۆرەکانی کەرکووک و خانمی کۆنەبەعسی نوێنەریان لە ئەنجوومەنی دەسەڵات، چۆن چۆنی خۆیان بە مەبەستی دوژمنایەتیکردنی کورد و کوردستان گیف کردۆتەوە و، کوردستان بە "دوژمنی خوا" (2) و "بەزاندنی هێڵی سوور" (3) ناو دەبەن و، دروشمی "بڕووخێ کوردستان"یش لە ئاسمانی خودی "کوردستان"دا بەرز دەکەنەوە!

باشووری کوردستان کە بە زەبری هێز و بێ ویستی دانیشتوانەکەی بە دەوڵەتی عێراقی دەستکردی ئینگلیزەکانەوە لکێنراوە، ئەمڕۆ جارێکی تر خۆی لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسسازدا دەبینێتەوە. زیاتر لە 80 ساڵ پاش قووچکردنەوەی دەوڵەتێک بە ناوی عێراق، ئەوڕۆ کورد لە نێوان دووڕیانی کوردستانیبوون و عێراقیبووندا چەقیوە و، وا پێدەچێ ئەم جارەش هەوڵ بدرێ لەژێر ناوی فیدرالی یا هەر ناوێکی دیکە بێ، بە دەوڵەتی عێراقی داگیرکەری کوردستان ببەسترێتەوە. جا ئەم هەولانە چۆن دەبن یان سەردەگرن، ئەمەیان بابەتێکی دیکەی سەربەخۆیە و لە نووسینێکی کورتدا باسکردنی ئاسان نییە.

ئەوەی جێگای داخە ئەم جارەیان سەرانی کورد ڕۆڵی سەرەکی لە دووبارە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا دەبینن و، ڕۆژ تا ئێوارە قسەی سەر زمان و بن زمانیان "عێراق" و "عێراقی" و "برایەتی" و "پێکەوەژیان"ە. لەمەش گەڕێ کابرایەکی وەک مەحموود عەلی عوسمان خەم لە بەشدارنەبوونی "عەرەبی نەتەوەیی و سوننی و خێڵی ئەلجەبووری"یش لە ئەنجوومەنی حوکم دەخوات و، "هاتنی بەعسیی ناتاوانبار"یش بۆ ناو ئەم ئەنجوومەنە نەعلەتییە بە کارێکی ئاسایی دەزانێ (4) .

ئەگەر لە ژیانی سیاسی هەر نەتەوە و گەلێکدا کۆمەڵەپرس و مەسەلەیەکی چارەنووسساز هەبن، کە دەستبەرداربوون لێیان مانای نوشووستی و ملدان بگەیەنێ، ئەوا لە ڕەوشی ئەوڕۆی باشووری کوردستاندا، کەرکووک و گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان و سنووری سیاسی و جوگرافی کوردستان و شێوەی حوکمڕانی و بابەتی دەستوور و پرسگەلی تریش، بۆ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بە چارەنووسساز دەژمێردرێن و، کورد نابێ بە چ شێوەیەک بیر لەوە بکاتەوە واز لەم داواکارییە گرنگ و نەتەوەییە هەنووکەییانە بێنێ.

ئەرکی سەر شانی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی کوردستان و تەواوی چین و توێژی ڕووناکبیران و خەمخۆرانی ئەم گەلەیە، تا خەڵکی چەوساوە و خۆشی لە خۆ نەدیوی کوردستان لە مەترسییەکانی ڕەوشەکە ئاگادار بکەنەوە. هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستانیش دەبوایە چەندین ساڵ پێش ئێستا بیریان لەو ڕۆژە بکردبایەوە و، حیسابێکیشیان بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلەکەیان نەک بەرژەوەندی حیزبەکانیان کردبا. ئەوان ئەگەر بیانەوێ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، دەتوانن ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کوردستان بێننە سەر شەقامەکان و، گوێچکەی ناحەزان و دنیاش بە داوای ڕەوای سەربەخۆیی کورد و کوردستان کەڕ بکەن.

بەر لەوەی لەمەڕ فیدرالی پرس بە داگیرکەرانی کوردستان بکەین، با بگەڕێینەوە لای ویژدانی زیندووی گەلەکەی خۆمان و گوێبیستی دەنگەکانیشیان بین، هەرنا بۆ ئەوەی بزانین داخوا ئەوان چیان دەوێ. ئەرێ ئەمە ئەوپەڕی دیموکراسیبوون و لوتکەی دیموکراسیش ناگەیەنێ؟! ستۆکهۆلم 6-1-2004

**پەراوێزەکان:**

(1) بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم باسە بڕوانە خودی ڕێککەوتننامەکە کە لە زۆر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتیشدا بڵاو کراوەتەوە.

(2) دروشمی خۆپیشاندانەکەی پاشماوەکانی بەعس و تۆرانی و عەرەبی هاوردە و تەعریبکار و شیعە کەللەڕەقەکان لەناو شاری کەرکووک بەم جۆرە بوو: لا الە الا اللە کردستان عدو اللە.

(3) وشترمەلەکەی سەرۆکی سوریا لە کاتی سەردانەکەی خۆیدا بۆ تورکیا، دامەزراندنی هەر قەوارەیەکی کوردی لە باشووری کوردستان بەم شێوەیە وەسف کرد. بڕوانە: السفیر 6-1-2004، الحیاە 6-1-2004.

(4) بڕوانە هەردوو ڕۆژنامەکانی: الحیاە و السفیر 6-1-2004

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کوردینه به پێکەنینی درۆزنانەیان هەڵمەخەڵەتێن!*

لە ماوەی تەنیا حەفتەیەکدا پۆل بریمەری سەرۆکی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لە عێراق، دوو جار هاتە کوردستان. هەردوو جاریش لەگەڵ مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کۆبۆوە. بە گوێرەی هەواڵەکان جاری یەکەم ساردییەک باڵی بەسەر کەش و هەوای کۆبوونەوەکەدا کێشابوو. باس لەوە دەکرێ کە پۆل بریمەر داوای لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد کردووە دان بە خۆیاندا بگرن و، نابێ ئەوەندەش قسە لەمەڕ فیدرالی نەتەوەیی و جوگرافی بکەن. بە هەرحاڵ پۆل بریمەر گەڕایەوە بەغدا. پارتی و یەکێتیش وەک کاری هەمیشەییان، نهێنییەکانی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ ئاغای ئەمریکایی و بگرە لەگەڵ دوژمنانی کوردیش، بە شاراوەیی دەهێڵنەوە. ئەوەی کە ئەوان دەیڵێن سووکنایی دڵی کورد نادات.



دوێنێ کتوپڕ پۆل بریمەر گەڕایەوە کوردستان و، لە هاوینەهەواری پیرمام بارزانی و تاڵەبانی بینی. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم جارەیان، بە دوای گەڕانەوەی بریمەر بۆ بەغدا و هاتنەوەشی بۆ کوردستان، گەجەل و گوجەلەکانی نەتەوەی سەردەستی عەرەبیش ڕوویان لە کوردستان کرد. کتومت دەڵێی پۆل بریمەر ڕایسپاردوون تاکو بێن بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی دڵی سەرانی کورد بدەنەوە. وەک دەبینین شتەکان بە خێرایی دێن و دەچن. لە تەنیا ڕۆژێکدا بەغدا دێتە پیرمام و، لێبڕاوانە تەقەڵلای ئەوەیەتی بە هەر بیانوو و فرۆفێڵ و درۆ و دەلەسە و پەیمانی درۆزنانە و قسەی زل و زمانی لووس و گەلێ شێوازی ئەهریمەنانەی تریش، کورد بگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی ناحەز و نامیهرەبانی خۆی.

دەم و چاوی ئەو کەسانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون، زۆر شتیان لێ دەخوێنرایەوە. هەر هەموشیان پێدەکەنین. ئەرێ بە ڕاست بە چ پێدەکەنین؟! دەبا گەلی کوردیش لەم پێکەنینە بێبەش نەکرێ! لە پاش کۆبوونەوەکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە (هێزە سیاسییەکان بڕیاری فیدرالییان بۆ کوردستان داوە و، تاڵەبانیش گوتوویەتی: عێراقێکی دیموکراتی ــ فیدرالی یەکێتییەکەی عێراق پتەو دەکات. بڕوانە: ایلاف ــ لە لایەن سۆران عەلی لە سلێمانییەوە. هەروەها: ماڵپەڕی پ. د. ک ــ KDP info، 9-1-2004). هەر لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەوە کراوە (هەرێمی کوردستانی عێراق

فیدرالییەکەی لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی و جوگرافی دەبێت) . بەشدارانی کۆبوونەوەکە، بێجگە لە لایەنی کوردی، ئەمانە بوون: ئەحمەد چەلەبی ـ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ـ ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، نەسیر کامیل چادرچی ـ ئەمینداری گشتی پارتی نیشتمانیی دیموکراتی، موەفەق ئەلڕەبیعی ـ ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەڵات و نوێنەری عەدنان پاچەچی کە سەرۆکی ئێستای ئەنجوومەنی ناوهاتووە، نوێنەری محەممەد بەحر ئەلعلووم. هەروەها ئەندام و نوێنەرانی هەر یەک لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی و حیزبی دەعوەی ئیسلامی و بزاڤی سۆسیالیستی عەرەبی و پارتی ئیسلامیی عێراقی و بزاڤی (وفاق) ی نیشتمانیی عێراقی. یەک لە خاڵەکانی ئەم کۆبوونەوەیە پرسی گەڕانەوەی خێزانە کۆچپێکراوەکان بووە و، جەختیش لەوە کراوە کە دەبێ بگەڕێنەوە کەرکووک، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو عەرەبانەش کە هاتوونەتە سەر زێد و واری کوردان، بۆ ئەو شوێنانەی کە پێشتر لێیان هاتوون. دیارە ئەمانە قسەی خۆش و باشن، بەڵام کردار چی دەبێ، ئەمەیان پرسیارێکە ڕووبەڕووی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێتەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێین: بڕێک لەو گرووپ و ڕێکخراوە عەرەبییانەی کە نوێنەرەکانیان دوێنێ دەگەڵ بارزانی و تاڵەبانی لە قاقای پێکەنینیان دەدا، هەر ئەوانیش بوون کە 31-12-2003 لە کەرکووکی کوردستان هاواریان دەکرد: لا الە الا اللە کردستان عدو اللە!. حیزبی دەعوە و مەجلیسی (نائەعلا) و عەرەبە سوننییە ئیسلامییە هاوردەکان و ناسری و سۆسیالیستەکان، بریتین لە چەند نموونەیەکی کەمی ئەو چەند سەد کەسییەی ناو شاری کەرکووک، کە بە دڵ و گیان مەرگیان بۆ کوردستان بە ئاوات دەخواست!

لەوەش گەڕێ ئەحمەد چەلەبییەک ساڵانێک بەر لە ئێستا، لەناو هۆڵی (ئاکالاترێف) ی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، زۆر ڕاشکاوانە لە بەردەم دەیان کورد و یەک دوو عەرەبی برادەری خۆیشی کەرکووکی بە شارێکی کوردستانی دانەنا. من هەر ئەوسا لە نووسینێکمدا هاوارم لێ هەڵسا و گوتم: چەلەبی و مەلەبی لە کورد مەکەن بە محەلەبی! ئێستاش هەر هەمان قسە دووبارە و دەبارەش دەکەمەوە.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ عەرەبە درۆزن و ڕەگەزپەرستەکان، با لەسەر بانگهێشتنی کوردیش هاتبن بۆ کوردستان ـ بەپێی هەواڵەکانی کوردستان تیڤیی 9-1-2004، لێ هەر کە بینیان کورد و سەرکردایەتییەکەی پاش دەیان کۆبوونەوەی تێر و تەسەل وا خەریکە لە یەک نزیک دەبنەوە و پێ لەسەر فیدرالی جوگرافی و نەتەوەییش

دادەگرن، ئینجا بە هەڵەداوان و کێش ناڵێ بە فەرمانی فەرمانداری فەرماندارانی ئەورۆی بەغدا، ئاغای پۆل برێمەر، کوردستان خۆت بگرە وا هاتین هەیپێیان لێ نەکردبێ. ئەگەر نا بۆچی یەکێکی وەکو عەدنان پاچەچی ئێستاشی لەگەڵدا بێ خۆی لە وەرامی پرسیاران دەدزێتەوە و، زۆرزانانە تەشقەڵە بە کورد دەکات؟ گەلۆ هەر عەدنان پاچەچی نەبوو کاتی خۆی بە کوردی دەگوت (مشاغبین و مخربین) ؟ ئێستاش دەیەوێ، لە ڕێی پۆستی سەرۆکایەتییە یەک مانگییەکەی بۆ ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراق، ڕۆژی ڕەشی دامەزراندنی سوپای عێراق و بەعس زیندوو بکاتەوە. ئەو سوپایەیەی کە لە زیان زیاتر چ خێرێکی دیکەی بۆ کورد و کوردستان و بگرە عێراقیش نەبوو. کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی کوردستان و زۆری تریش با لە جێی خۆیان بوەستن!

ئەورۆ کورد پێویستی بەو دۆستانە هەیە کە لە ناخی ناخیانەوە، لە کانگای دڵ و دەروونیانەوە، خەمخۆر و دڵسۆزانە زەردەخەنە و پێکەنینی ڕاستەقینەی خۆیان بۆ دەبارێنن. کورد چ لە کەسانێکی عەرەب و ئەندامانی سەر بە نەتەوەی سەردەست بکا کە ڕوویان گەش و دڵیان ڕەش بێ؟!

کوردینە. . مەردینە. . بە پێکەنینی درۆزنانەی ئەو جۆرە کەسانە هەڵمەخەڵەتێن!

ستۆکهۆڵم 9-1-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# "پەیڤی خۆت" و پەیڤێک*

ڕاشکاوانە دەڵێم یەک لەو بەرنامە باشانەی کە تا هەنووکە لە کوردستان تیڤی چاوم پێیان کەوتووە و، دڵیشیان خۆش کردووم، بەرنامە کورت و واتادارەکەی "پەیڤی خۆت"ە. من ڕۆژانە بە وردی گوێ لە بەرسڤ و بۆچوونی هاولاتییانی نیشتمانەکەم دەگرم، کە لە ڕێگای بەرنامەی ناوهاتووەوە ئاشکرا دەکرێن. جێگای دڵخۆشییە کە خەڵکی هەمیشە لەبیرکراو و زۆرلێکراوی کوردستان، هەر هەموویان بە یەک دەنگ، سیستەمی بەدناو و لەخشتەبەری فیدرالیی پارێزگاکان ڕەت دەکەنەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا بە مانای ئەوە دێت کە جەماوەری بەشەرەف و کوردپەروەری کوردستان، جگە لە وابەستەییان بە وڵاتی خۆیان کە کوردستانە، لە هەمان کاتیشدا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوەی سەردەستی عەرەبدا سەردەمی بەسەر چووە و، بە ڕاستیش کارێک نییە کە مایەی ئاسوودەیی و ڕەزامەندیی مرۆڤی کورد بێت. خۆ ئەگەر سەرانی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان لەم بوارەدا شتێکی دیکە دەڵێن، بێگومان ئەوە مافی ڕەوای خۆیانە و ئازادیشن لە بیرورا دەربڕیندا، بەڵام بە چ شێوە و بیانوویەک نابێ لەسەر حیسابی کورد و خاکی کوردستان بێت.

تاکە سەرنجێ کە دەمەوێ لەمەڕ ئەم بەرنامەیە بیخەمە ڕوو، چۆنیەتی داڕشتنی پرسیارەکە یان پرسیارەکانە. بریا پرسیارەکان بە جۆرێکی وەها ئاراستەی خەڵکی بەئەمەکی کوردستان کرابان: ئایا لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دایت یان گەڕانەوەی کوردستان بۆ باوەشی عێراق؟ دەتەوێ لە کوردستان ڕاپرسی ئەنجام بدرێ؟ دەتەوێ وەک هاووڵاتییەکی کوردستان جارێکی تر بگەڕێیەوە ناو عێراق؟ ئایا کوردستان بە وڵاتی خۆت دەزانی یان عێراق؟ ئامادەی جارێکی تر لەگەڵ عەرەب بژی؟ لە ڕۆژی ئەمڕۆدا کورد دەبێ چی بکا؟ کامیانت دەوێ: دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ یان فیدرالی؟ پێت خۆشە کوردستان لە عێراق جیا بێتەوە؟. . . تاد. هەروەها لە کاتی وەرامدانەوەی پرسیارەکاندا، جێی خۆیەتی پرسیاری دیکەی کورت و پڕ ماناش لە خەڵکەکە بکرێ، لە ڕێگای بەکارهێنانی کورتەپرسیاری وەک: بۆچی؟ بۆ نا؟ ئەگەر نەکرا؟. . . تاد.

هیوای سەرکەوتن بۆ خەمخۆرانی دۆزی ڕەوای کورد و کوردستان.

ستۆکهۆڵم 15-1-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# "عێراق و چارەسەری فیدرالی"*

ئەمەی سەرەوە ناوونیشانی ئەو سەمینارە بوو کە دوێنێ ڕێکەوتی 18-1-2004، سەعات 3 تا 6 و نیوی ئێوارە بە کاتی سوێد، لە لایەن "هێزە نیشتمانییە عێراقییەکان لە سوێد"، بۆ د. مونزیر ئەلفەزل ڕێکخرابوو. هۆڵی کۆبوونەوەکە لە Alvikی ستۆکهۆڵم بە ئامادەبووان تژی بووبوو. ژمارەی ئامادەبووان 150-200 کەسێک دەبوو. زۆربەی ئەو کەسانەی لەم کۆڕەدا بەشدارییان کرد کورد بوون، بەڵام هەندێ عەرەب و خەڵکی دیکەش دەبینران.



لە دەستپێکدا د. مونزیر ئەوەی بە بیری ئامادەبووان هێنایەوە کەوا چۆن لە سەمینارێکی تریدا، هەر لە ستۆکهۆڵم و بەر لە ساڵێک، پێشبینی ڕووخانی ڕژێمی سەددامی کرد و، ئەوکات خەڵکانێک هەبوون باوەڕیان بەم قسەیەی نەدەکرد. دوای ئەمە ناوبراو دەستی کرد بە باسکردنی بابەتەکەی خۆی لەمەڕ "عێراق و چارەسەری فیدرالی". من لێرەدا بە کورتی پوختەیەکی بۆچوونەکانی د. مونزیر ئەلفەزل دەخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی هێژای ماڵپەڕی کوردستان نێت:

"مەسەلەی فیدرالی شتێکی نوێ نییە و، هەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەلانی کەمەوە پێش 9 ساڵ بڕیاریان لەسەر داوە. من کاتی خۆی بە سەرکردایەتی سیاسی کوردم گوتووە، ئەرکی ئێوەیە هەر لە ئێستاوە جۆر و شێوەی فیدرالی و بابەتی کەرکووک دیاری بکەن. بە داخەوە هەرچی پ. د. ک و ی. ن. ک بوون ڕایان وا بوو کە نابێ ئەو بابەتە هەستیارانە ئەوسا بورووژێنین. ئێ خۆ لە وەها بارێکیشدا نابێ من لە مەلیک مەلیکتر بم! من پێموایە چارەسەرکردنی دۆزی کورد دەبێت بە کلیلی چارەسەرکردنی دۆزی عێراقیش. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ تەمەنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە تەمەنی خودی دەوڵەتی عێراقیش درێژترە. هەروەها یەکەمین سەرۆک وەزیرانی عێراق ـ عەبدولموحسین سەعدوون ـ لە ساڵی **1925** باسی لە هەبوونی ڕەگەزێکی خێرخوازی تر و شەریکەبەش لە عێراقدا کردووە، کە دیارە ئەویش کوردە.

ڕاستە هەر لە سەرەتادا دەنێو پارت و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکانی عێراق، سەبارەت بە مەسەلەی فیدرالیزم، دید و بۆچوونی جیا جیا دەبینران. هەر بۆ نموونە

د. موەفەق ئەلرِوبەیعی باسی لە دابەشکردنی عێراق بۆ سەر 5 هەرێمی فیدرالی دەکرد. هەرچی د. غەسسان ئەلعەتییەیە دەیگوت عێراق دەبێ بریتی بێ لە 9 هەرێم. ڕایەکی تر باسی لە 3 هەرێم دەکرد: کوردستان، ناوەڕاست و باشوور. من خۆم لەگەڵ ئەمەی دواییان ڕێکم و، پێشمباشە هەر هەرێمێک سنووری تایبەتی خۆی هەبێ. شاری کەرکووک، با شاری برایەتی و پێکەوەژیان بێ، بەلام دەکەوێتە ناو هەرێم و جوگرافیای کوردستان. کوردە کۆچپێکراوەکان و قوربانییەکانی سیاسەتی تەعریب مافی تەواوی خۆیانە کە بگەڕێنەوە سەر زێد و واری خۆیان. ئەمە چ جۆرە ژیانێکە کە ئێستا کوردە گەڕاوەکانی ناو شاری کەرکووک بەسەری دەبەن! کوردە فەیلییەکانیش بە هەمان شێوە مافی گەڕانەوەیان هەیە بۆ ئەو شوێنانەی کە پێشتر تێیاندا ژیاون. ئەوان بەشێکی گرنگی نەتەوەی کوردن.

بە ڕاشکاوی دەڵێم زۆر لە عەرەبەکان، بەهۆی عەقڵیەتی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستییانەوە، دژی ئەوەن کە کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان. من کە قسەیەکی وا دەکەم لەهەمبەر نەتەوەکەی خۆم ڕاناوەستم، بەلام ئەمە ڕاستییەکە و دەبێ بگوترێ. فیدرالیزم بە مانای دابەشکردنی عێراق نایەت. واتای هەرە سەرەکی فیدرالیزم دابەشکردنی دەسەلات دەگرێتەوە. کوردستانێکی فیدالی لە چوارچێوەی عێراقدا بەو مانایە دێت کە: پێشمەرگە بەشێک دەبێت لە سوپای داهاتووی عێراق ـ یەک سوپا، یەک دەزگای ئەمنی، یەک بودجە و یەک نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی دەرەوە. فیدرالی کەمترین شتە کە ئێستا شەقامی کوردی ڕەنگە پێی ڕازی بێ. کورد مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆشیان هەبێ، بەلام سەرکردایەتی کورد لە دەمی نهۆدا باس لە جیابوونەوە ناکات. پێشتر گوتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە عێراق پارچەیەک نییە لە نەتەوە و نیشتمانی عەرەب.

سەبارەت بە فیدرالی پارێزگاکان ئەوی ڕاستی بێ وەک بە ئینگلیزی دەڵێن: This is a big funny ـ ئەمە نوکتەیەکی گەورەیە! فیدرالی پارێزگاکان خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی خراپەکاری و لەبەینبردنی کوردستانە. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە تۆ لە ولاتێکی وەک عێراقدا 18 پەرلەمان و 18 ئالا و 18 سەرۆک وەزیرانت هەبێ! من لە ساڵی 1968ەوە خەریکی خوێندنی یاسام، کەچی تا هەنووکە شتێکم لەو جۆرە فیدرالییە چاو پێ نەکەوتووە، کە کەسانێک لە عێراقی ئەوڕۆدا باسی دەکەن. لە هەمان کاتدا هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەم کە گوێم لە قسەی پیاوانی ئایینیی شیعە دەبێت، بە تایبەتیش قسە و بۆچوونەکانی سیستانی کە کابرایەکی ئێرانییە. من دژی

به سیاسەتکردنی ئایینم. پیاوانی ئایینی گەر دەیانەوێ دەم لە سیاسەت بدەن، با جارێ پێش هەر شتێک جبە و مێزەرەکانیان دابکەنن، ئینجا بچن سیاسەت بکەن. ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراقیش نابێ ئەوەندە خۆی بێنێتە ئاستی کەسانێکی نموونەی سیستانی و، زوو زوو سەردانی نەجەف و ئێرە و ئەوێ بکات، تا پرس بەم جۆرە کەسایەتییانە بکات. یەکێکی وەک سیستانی کە ڕازی نەبێ ژن ببێ بە قازی، بۆچی دەبێ خۆی لە چەشنی قازی پرسی پێ بکرێ؟! بە پێچەوانەی سیستانی دەکرێ بێژین محەممەد باقر ئەلحەکیم لوتکەی نەرمبوونی ئایینی دەنواند. یان یەکێکی وەک ئەیاد جەمالەدین لەگەڵ ئەوەدایە ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە.

ئەورۆ لە عێراقدا کێبەرکێ و دووبەرەکی جۆراوجۆر لە ئارادا هەن. یەکێ لەوانە ئەوەیە کە خەڵکانێک دەبینرێن کە بە ڕاستی هەوڵ دەدەن تا دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن. ئایا ئەمە شتێکی ڕیالیستانەیە؟ من دەڵێم نا. ئەمریکاش ڕێ بە دامەزراندنی وەها دەوڵەتێک نادات. هەروەها مەسەلەیەکی گرنگی دیکە هەبوونی پاشماوەکانی بەعسە، کە بەداخەوە نە ئەمریکاییەکان و نە عێراقییەکانیش بە پەرۆشەوە تێنەکۆشاون بۆ ئەوەی بیری بەعس لەناو ببەن، یان هەر نا کۆمەڵگای لێ پاک بکەنەوە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ زۆر لە بەعسییەکان لەسەر کارن. هەر بۆ نموونە کەسێ کە کاتی خۆی لە ساڵی 1979 هەوڵی تیرۆرکردنی کاک مەسعوودی دا، هێشتا وا لەسەر کاری خۆیەتی و کەس پێی نەگوتووە بەری چاوت ڕەشە! لەم بوارەدا ئەمریکاییەکان لە هەڵە بەدەر نین. ئەوان دەبوایە هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێم ئەو چەکە زۆر و زەوەندە لەبەر دەستی خەڵک نەهێڵن و کۆیان بکەنەوە. ئەمڕۆ لە عێراق **6** ملیۆن کەس بێکارە و **52** ملیۆن پارچە چەکی جودا جوداش لە دەستی خەڵک دان. جا لێرەدا ڕێک بە پێچەوانەی بیر و ڕاکانی سیستانی، ڕەوشی نائاسایی و نەبوونی ئاسایش و ناسەقامگیری سیاسی، بە چ شێوەیەک ڕێ بەوە نادەن تا هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجام بدرێ یا بیری لێ بکرێتەوە. تەنانەت کەسانێکی ناو ئەنجوومەنی دەسەڵاتیش کارتی خۆراک ــ بیتاقەی تەموینی ــ شک نابەن. نازانم هەڵبژاردن لە وەها بارێکدا چۆن سەردەگرێ؟!

لە مەسەلەی فیدرالیدا دوو خاڵ هەیە کە دەبێ باسیان بکەم. یەکەمیان / کەماسییەکی گەورەیە بۆ سەرکردایەتی کورد کە هێشتا نەیتوانیوە هەردوو ئیدارەکە بکاتەوە یەک و، ماڵی کوردیش ڕێک بخاتەوە. دووەمیان / سامانی نەوت، جا با لە

کەرکووک بێ یا هەر شوێنێکی دیکەی وڵات، دەبێ بە سامانی هەموو عێراقییەکان بزانرێت".

د. مونزیر ئەلفەزل بۆ ماوەی سەعاتێک قسەی بۆ ئامادەبووان کرد. پاش پشوودانێکی 10 دەقیقەیی نۆرەی قسەکردن و پرسیار و گفتوگۆ هاتە سەر ئامادەبووان، کە 2 سەعات و نیو درێژەیان کێشا. گەر بە کورتیش بێ هەندێ لە پرسیار و بەرسڤ و ئاخافتن و وردە سەرنجەکانی خۆشم دێنمە ناو ئەم بابەتە، تا خوێنەرانیش لێیان بەئاگا بن.

کابرایەکی عەرەب، عەدنان ئەلسەعدی، خۆی وەک "سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی عێراقی لە سوێد" ناساند، لە سەرەتادا گوتی کوردیش مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکات. لێ لە درێژەی قسەکانیدا کە هاتە سەر کەرکووک نیازی پیس بوو پاک نەبوو. باش بوو کاک خەسرۆ پیربال یەکسەر پێی گوت: کرکوک مدینە کوردیە. ئینجا کابرای عەرەبی ناوهاتوو هیچی پێ نەما و کە لای من دانیشتەوە، لەبن گوێم گوتی: من لەو برادەرە "مستکرد ـ کوردێنراو"ترم! عەرەبێکی تری شیعە و ئیسلامی، "ڕیاز" ناوێک و ڕیشێکی تەنکی دانابوو، گلەیی لە د. مونزیر کرد، چونکە خۆی گۆتەنی، د. مونزیر کە عەرەب و شیعەشە نابێ وا هێرش بکاتە سەر عەرەب و دەوڵەتانی عەرەب و پیاوانی ئایینیی شیعە. جەنابی کاکی شیعە گلەیی لە کوردیش هەبوو و دەیگوت نابێ باسی سەرهەڵدان و خۆپیشاندانی ئاشتییانە، یا بە دەردی خۆی "عسیانی مەدەنی" بکەن. دیسان عەرەبێکی تر بە بیانووی نادیموکراتیبوونی هەردوو حکوومەتەکەی ئەوڕۆی کوردستان دەیویست، ئەوەی داخ و کەف و کوڵی شۆڤێنییانەیەتی بەرامبەر بە کورد و کوردستان، هەر بە یەکجار هەڵیانرێژێ و بشمانباتەوە بۆ لای دیکتاتۆرە عەرەبە ڕیسوابووەکەی خۆی. ئەگەر بیوێرابایە ناوی سەددامی دێنا! کابرا باسی سیستەمی فیدرالی لە ئیسپانیا دەکرد، بەڵام لە خۆی نەدەپرسی ئەگەر کوردی باشووری کوردستان فیدرالیەتێکی نموونەی کاتالۆنیای ئیسپانیایان شک ببردبا، خۆیان دەخیلی چیاکانی کوردستان نەدەکرد و، دە فەرموو ئەوە پاش دەیان ساڵ خوێن و خەبات و کارەسات، هێشتا کورد لە چارەنووسی خۆی دەترسێت و باوەڕیش بە نەتەوەی سەردەستی عەرەب و ئەوانی تریش ناکات. کورد هەقی خۆیەتی لە هەر هەڵسوکەوت و جووڵەیەکی داگیرکەران بەگومان بێت. عەرەبێکی تر کە شێوەی ئەمنەکانی ناو قەیسەری هەولێریان وەبیر دێنامەوە، لە بێخەبەران کەشکەک سەلاوات، دیار بوو ئاگای لە تەقینەوە گەورەکەی

دوێنێی بەغدا و کەربەلا و ئێرە و ئەوێی عێراقی عرووبەی نەبوو، هەربۆیە باسی لە هێمنی و هێوری دەکرد و دەیگوت: فیدرالی و فیدرالی و فیدرالی. ئەرێ بە ڕاست گرفتی کورد تەنیا فیدرالییە؟ من کە گوێم لە قسەی ئەم "برا عەرەبە چاوڕەشە"ی سەرانی کورد و هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بوو، بە دەست خۆم نەبوو پێمگوت: قسەکەت ڕاستە، چونکە کورد لەوە زیاتریان دەوێ کە ئەویش دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. ئەو چەند کوردانەی کە لە پێشەوە دانیشتبوون، پێدەچوو قسەکەی منیان بەدڵ بووبێ، بەتایبەتیش "باقی پەروەر".

قسە و پرسیارەکان زۆر بوون، هەر لەبەر هەندێ د. مونزیر ئەلفەزل زۆر بە کورتی کەوتە وەرامدانەوەیان. ناوبراو گوتی:

"من کوڕی عەشیرەتێکی عەرەب و شیعەیەکی نەجەفیم. هێرشم نەکردۆتە سەر نەتەوە و گەلی خۆم، تەنیا ڕاستییەکانم درکاندووە. ڕێزیشم هەیە بۆ پیاوانی ئایینی. جیاوازییەکان تەنیا لە بۆچوونەکاندا خۆ دەنوێنن. من هەمیشە شتەکانی خۆم بە ئاشکرا بە خەڵک ڕاگەیاندووە. لە کۆبوونەوەکان ئامادە دەبم و ئەوەی کە هەمە بە ڕاشکاوی دەیانخەمە بەر دەستی خەڵک. لە دوا کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە لەندەن، بەر لە ڕووخانی ڕژێم، بە لێپرسراوێکی بەرەی تورکمانیم گوت بۆ ئێوە ئەوەندە بە میت گرێدراون؟ ئەویش نەیهێنا و نەیبرد گوتی لەبەرئەوەی تەنها ئەوان پاڵپشتمانن. ئەگەر سونگوڵ خانمیش دەیەوێ تورکمانستانی عێراق ڕابگەیەنێ، دیارە ئەوە ڕای خۆیەتی، بەڵام دەبێ لەسەر ڕووی مانگ ئەم کارە ئەنجام بدات!. . . پەیوەندی من لەگەڵ کورد بۆ چەند مەسەلە دەگەڕێتەوە: کاروباری بازرگانی، بینینی کارەساتی کوردە فەیلییەکان، سەردانی کوردستان و هی تریش. . . ڕژێمی بەعس ڕووخاوە، سەددام نەماوە، بەڵام ڕەگ و ڕیشەکان هەر ماون. ئەمە جۆرێکە لە نەڕووخان. ئەمەم لە یەکێ لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانیش باس کردووە. . . هەندێ عەرەب پروپاگەندەی ئەوەیان کردووە گوایا من کوردی فەیلیم، هەر لەبەر ئەوەی داکۆکی لە کورد و کوردی فەیلی دەکەم. . . ناڵێم سەرکردایەتی کورد لە بەڕێوەبردن و کاری حکوومەتدا لە کوردستان بێ غەل و غەشە. ناشڵێم ئەوێندەرێ بەهەشتێکە بۆ خۆی، لێ دیسانیش هەتا هەنووکە زۆر کاری باش ئەنجام دراون. . . تاد. "

یەک لەو کەسانەی کە هەمیشە لە کۆبوونەوە کوردییەکاندا پرسیاری کوردانە دەکات "ڕووناک جوانرۆیی"یە. ئەم جارەش قسەکانی لە دڵەوە دەردەچوون و بۆنی

کارەسات و مەرگەساتە ویژدانهەژێنەکانی کوردستانیان لێ دەهات. دەستخۆش بۆ ئەو ئالایەی کوردستانیش کە بە جانتاکەی پشتت دەبریقێتەوە!   ستۆکهۆلم 19-1-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## له پردێ ناوی "کوردستان" ڕەش دەکەنەوە، له دهۆک به هەڵپەڕکێی کوردی پێشوازییان لێ دەکرێ!*

دوێنێ 20-1-2004 که تەماشای دەنگوباسی کوردستان تیڤیم کرد، دوو هەواڵ سەرنجیان ڕاکێشام. هەواڵی یەکەم/ له دەوروبەری پردێ و سەر جادەی سەرەکی نێوان کەرکووک و پردێ، ئەو کوردانەی که تازه گەڕاونەتەوه سەر زێدی باب و باپیرانیان، له لایەن پاشماوەکانی بەعس و عەرەبه شۆڤینی و تورکمانه ئەتاتورکییەکان زۆرداریيان لێ دەکرێ و، شەڕیان پێ دەفرۆشرێ. یەکێ لەو کوردانەی که تازه گەڕاوەتەوه، لەسەر ڕۆخی جادەکە چێشتخانەیەکی بۆ خۆی پێکهێناوه و، ناویشی لێناوه "کوردستان". به گوێرەی هەواڵەکەی کوردستان تیڤی، هێزی هاوپەیمانان و پۆلیسی پردێ به فیتی کەسانێکی کۆنەبەعس و دژ به کورد، هاتوون به بۆیەی ڕەش "کوردستان"ەکەیان ڕەش کردۆتەوه و ئاڵای پیرۆزی کوردستانیشیان لەسەر ئەو چێشتخانەیه هێناوەته خوارەوه. له دیمەنه تەلەفزیۆنییەکاندا هەر مرۆڤێکی به ویژدان هەستی بەو چەوسانەوەیه دەکرد، که خەڵکی ئەم دەڤەره و خاوەنی چێشتخانەکەش ڕووبەڕووی بوونەتەوه. له هەمان کاتدا لەخۆبوردوویی و شێلگیری و نەتەوەپەروەریی خەڵکەکەش خوویا دەبوو، که به ئاڵایەکی گەوره و ڕازاوه و پیرۆزی کوردستان، دەردی دڵی خۆیانیان بەیان دەکرد. سەد ئافەرین بۆ ئەو دەستانەی که ئەم ئاڵایەی نیشتمانیان بەرز ڕاگرتبوو!

هەواڵی دووەم/ کۆڵۆنێل "هاری شووت"ی بەرپرسی کاروباری سڤیلی هاوپەیمانان له کوردستان، له کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسیی هەفتانەی خۆیدا له شاری دهۆکا دەلال، جارناجار به ئەنقەست خۆی له بەرسڤی پرسیاره گەرمەکان دەدزیەوه و، بۆ تامی زاریش باسی له "شەکرەفیدرال"ی دەکرد که دەترسێم له کۆتاییەکەی سەری کورد بخوات. سەرەڕای ئەمانه هەموویان، ڕەشکردنەوەی ناوی کوردستان له پردێ و خۆدزینەوەی بەردەوامی لێپرسراوانی هێزی هاوپەیمانان له پرسه چارەنووسسازەکانی تایبەت به گەلی کوردستان، کەچی هاری شووت و زۆر لەو هاوپەیمانه ئەمریکاییانەی سەرانی کورد و پارتی و یەکێتی، هەمیشه به شایی و هەڵپەڕکێی کوردی و چەپڵەلێدان و ڕووی خۆش و چەپکەگوڵی زەرد و سووری دەستی منداڵانی ڕووحسووکی کوردستان، پێشوازییان لێ دەکرێ. هەندێ جار فێری شایی

کوردیش دەکرێن و، جلی کوردیش دەپۆشن و لە تەلەفزیۆنە کوردییەکاندا بە ئێمەمانان پیشان دەدەرێن.

هاوپەیمانێتییەک گەر هەر لە دەستپێکدا لەسەر بناغەیەکی توندوتۆڵ دانەمەزرابێ و، بەرژەوەندییە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکانی هەردوولاشی بێ جیاوازی تێدا لەبەر چاو نەگیرابێ، زوو یا درەنگ تێکدەچێ و دەڕمێ.

<u>ستۆکهۆلم 21-1-2004</u>

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

# ئەرێ کورد کەی بەئاگا دێ؟*!

تەقینەوەکانی ئەمڕۆی هەولێری کوردستان تەنیا لێدانێکی جەرگبڕ و کوشندە نەبوو کە وەبەر یەکێتی و پارتی کەوت. لێ لە هەمان کاتدا زەبرێکی ترسناک و ئاگادارکەرەوە بوو بۆ گەلی ئازادیخوازی کوردستان. بەهۆی ئەم دوو تەقینەوەیە جەژنیان لە کورد کرد بە شین و واوەیلا. منداڵی کوردیان لە خۆشەویستی دایک و باوک بێبەش کرد..ترس و تۆقاندنیان لە کوردستان بڵاو کردەوە..دەستی ڕەش و مەرگهێنەری خۆیانیان بەسەر کورددا سڕیەوە..بەکورتی کوردستانیان تاساند!

سەرانی کوردیش لە میانەی تەلەفزیۆنەکانی خۆیانەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و دەپاتکردنەوەی قسە و بۆچوونە کۆنەکانیان، شتێکی تریان نەخستە سەر خەرمانی کەڵەکەوەبووی چەندین ساڵەیان. یەکێ باس لەوە دەکا کە دەبێ پەند لەم جۆرە کارەساتانە وەربگرین. ئەمە قسەیەکی زۆر جوانە، بەڵام تۆ بڵێی ئەمە یەکەمین کارەسات و مەرگەسات بێ، کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتبێ و بێ؟! باشە بۆ دەبێ هەر کاتێ کارەسات بەسەر کورددا هات، ئینجا سەران و ڕێبەرانی بیر لەوە بکەنەوە پەند و وانەیان لێ وەربگرن؟ ئەگەر وا بێ، خۆ هەتا دنیا دنیایە دەبێ چاوەڕوانی قەومان و کارەساتەکان بکەین، تا بگەین بە شتێ، ئەویش فیدرالییانە و سەقەت و ناتەواو! من دەترسێم ئەو سەرکردە و سەرۆکانەی ئێمە بە تەمای قەدەر بن، تا لە ڕێگایەوە، کورد بگەیەنن بە کەناری "ئەمن و ئەمان"! لە ڕۆژێکی وەک ئەوڕۆدا کە کورد بە دەیان ڕۆڵەی خۆی لە دەست دا، ئەوەی کە نابێ توخنی بکەوین و ناوی بێنین، فیدرالی و عێراق و عێراقیبوون و یەکبوونی عێراقە. ڕێک بە پێچەوانەوە دەبێ کارەساتە نەتەوەییە ویژدانهەژێنەکانمان، هەر نا هەر نا بۆ بەفیڕۆنەدانی خوێنی سوور و گەشی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان، لە پێناو مەسەلە چارەنووسسازەکان و بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکانی گەلەکەماندا بقۆزینەوە کە دیارە بە چ شێوەیەک خۆیان لە فیدرالی و میدرالیدا نانوێنن. گەلی برادەرینە ئازادی و فیدرالی لە قوتووی چ عەتارێکدا بەیەکەوە جێیان نابێتەوە!

دوژمنانی کورد و گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامی و نائیسلامییەکان نە دەیانەوێ کورد لێکدی نزیک ببنەوە و، نە دەشیانەوێ ڕۆژێ لە ڕۆژان مرۆڤی کورد لە سایەی سەربەخۆیی و ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا بحەسێتەوە. ئەمەیان مەسەلەیەکە کەس قسەی لەسەر نییە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە داخوا کەی کورد، ڕاستتر سەرانی بەئاگا

دێن و، بیر له بەرژەوەندی یەکجارەکی ئەم گەلە دلێر و خۆڕاگرەش دەکەنەوە، کە بێ پێچ و پەنا تەنیا و تەنیا ڕزگاریی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردە. ڕەنگە بڵێن کاری تیرۆریستی لە ئەمریکای زەبەلاحیش دەقەومێ. قسەیەکی وەها نەک هەر بە کەڵکی کورد نایەت و بەس، بگرە لە هەمان کاتیشدا دەرد و مەینەتییەکانی کورد ئازاراویتر دەکات و، بازێکیش بەسەر ئامانجە ڕاستەقینە و لەمێژینەکانی کورد دەدات.

من پێموایە تەقینەوەکانی هەولێر زەنگی بەئاگاهێنانەوەی کوردە. ڕاستە کورد دەبێ پەندییان لێ وەربگرێ، بەڵام لە پێناو چی؟ ئەمە پرسیارێکی گەلێ گرنگە و ئێمەی کورد نابێ، بە هەر مەبەستێکەوە بێ، لە وەرامەکەی ڕابکەین. دەبا ئەم کارە تیرۆریستییانە کە دژ بە کورد و کوردستانن، ببێت بە ڕێپیشاندەرمان بۆ ئەوەی تا کار لە کار نەترازاوە، لەو بازنەیە دەربچین کە بە ناڕەوا بەسەرماندا سەپێنراوە و، ناویشی لێنراوە "عێراق" و "عێراقی".

نەمری و سەرفرازی بۆ شەهیدانی هەردوو تەقینەوەکەی هەولێر و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان!

ستۆکهۆڵم 1-2-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# پەیامی کارەساتەکەی هەولێر*

کەسێ کە کەمترین ڕاددەی هەست و سۆز و خۆشەویستی لا هەبێ، بە بینینی وێنە کارەساتاوییە دڵتەزێنەکانی هەردوو تەقینەوە مرۆکوژییەکەی هەولێر، دەبێ ویژدانی هەژابێ و فرمێسکیش لە چاوانیدا باریبێ. مرۆڤ ئەگەر کوردیش نەبێ بە دیتنی دیمەنگەلێکی وەها دەبێ بتاسێ. دیارە لێرەدا مەبەستم لەو کەس و کۆمەڵەخەڵک و ئەندامانی ڕەگەزپەرستی سەر بە نەتەوە سەردەستەکانیش نییە، کە بێگومان بەهومێد بوون ڕۆژێکی وا ڕەش و خوێناوی بەسەر کورد و کوردستاندا بێنن و، ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێ شایی شادی لەسەر جەستەی هەلاهەلابووی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە ئازادیخوازە بگێڕن. لێ دوژمنان خەیاڵیان خاوە و، بەری خۆری ئازادیی کوردانیش بە شەمشەمەکوێران ناگیرێ!

ئەوانەی کە لەپشت دەستدرێژییە ترسنۆک و دڕندانەکەی هەولێرن، جا چ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بن یان بەکرێگیراو و گوێ لە مستەکانیان و، یانیش وشکە ئیسلامییە پاشڤەڕۆکانی سەر بە تاقمە تیرۆریستەکانی دنیا و ناوچەکە بن، ئەمانە هەر هەموویان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە کە ئەویش دژایەتیکردنی کورد و سەرانی و ڕێکخراوەکانی و خاکی پیرۆزی کوردستانە. تورکیای دوژمنی سەرسەختی کورد و سوریای بەعس و ئێرانی مەلاکان و موقتەدا سەدرییەکان و تورانی و پاشماوەکانی بەعس و زۆری دیکەش، بە مەبەستی ڕێگرتن لە کورد و بزاڤی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی کوردستان، بە شەو و بە ڕۆژ خەریکی پیلان دانان و کاری سیخووڕی و ئاژاوەنانەوەن. ئەوان هەتا پێیان بکرێ دەبنە دڕکی بەرپێی کورد و، نایەڵن بە چ شێوەیێ ئەم گەلە مافخوراوە ژیانێکی ئازادانە هەڵبژێرێ و لە سایەشیدا بحەسێتەوە.

کورد کە لە مێژووی ژیانیدا لە ناخۆشی و دەردەسەری زیاتر، چی تری بە چاوی خۆی نەبینیوە، کارەساتێکی وەها جەرگبڕ گەر کوردستانیش بتاسێنێ، هەرچۆنێ بێ لێی دەرباز دەبێ. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگە و دەبێ بگوترێ داخوا ئەم مەرگەساتە بەکۆمەڵە بە واتای چ دێت بۆ کورد؟ تۆ بڵێی کورد دەرەنجامێکی سیاسی باشی لێ وەدەست بێنێ؟ ئایا کارەساتێکی وا ترسناک سەرانی کورد و پارتی و یەکێتی دەخاتە سەر ڕاستەڕێی بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلەکەیان؟ یان ئایا وایان لێ دەکات تا بۆ هەتا هەتایێ واز لە ناکۆکییە لابەلاکان و دووبەرەکی و

بەرژەوەندخوازییەکانی خۆیان بهێنن و، لە جیاتی ئەمانەش ئاوڕێک لەو ئاپۆرە مەزنەی خەڵکی بەشەرەف و بەدەنگەوەهاتووی کوردستان بدەنەوە؟ گەلۆ ئەمڕۆ، دوای ئەم کارەساتە نەتەوەییە بەسۆیە، کاتی ئەوە نەهاتووە ئەوان بیر لە یەکپارچەیی، هەر نا باشووری کوردستان بکەنەوە و، دام و دەزگا و ئیدارەکانی حکوومەت بکەنەوە بە یەک و، وەرامی کەسوکاری شەهیدانی سەربەرزی کوردستانیش بدەنەوە؟ بە دەردی برادەرێکیش گۆتەنی: ئێوە کە دوژمنتان یەکە بۆ خۆتان نابن بە یەک و، لە هەمبەر دوژمنەکانتان یەکناگرن؟!



تیرۆریستان بەم کارە قێزەون و هۆڤانەیان ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆڵەکانی نەتەوەی کوردیان شەهید کرد..ئاگریان لە جەرگی دایکانی خۆشی لە خۆ نەدیوی کوردستان بەردا.

ئەدی هەر دایکان نەبوون لەپێش دەرکە و ناو خەستەخاناندا، لە حەژمەتی مەرگی خۆشەویستانیان، هات و هاواریان لێ هەستابوو و قژی خۆیانیان دەرنییەوە! کەزی ئەستوور و بسک سۆرانی کورد، کە بۆ ئاهەنگ و جەژن پرچیان لە خەنە نابوو، بیریان لەوە نەکردبۆوە دەعبا و دێوەزمەکانی سەدان ساڵ بەر لە ئێستا، بە نیازی گڵاویانەوە ڕوو لە پیرەهەولێری کوردان دەکەن و، خەم و پەژارە و مردنیش لەگەڵ خۆیان وەک جەژنانە بە دیاری بۆ ئەم گەلە کۆڵنەدەر و خۆڕاگرە دێنن!

پەیامی تیرۆریستانی کارەساتەکەی هەولێر بۆ کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی ڕوون و ئاشکرایە: "ئێمە هەر لە دێرزەمانەوە ڕقمان لە کورد و کوردستانە..نەمانویستووە و نامانەوێ کورد پەنجەشی هەبێ تا خۆی پێ بخورێنێ، چاوی هەبێ تا بەرپێی خۆی ببینێ، دەستی هەبێ تا کار بکا، مێشکی هەبێ تا بیر بکاتەوە، نیشتمانی هەبێ تا قەوارە و دەوڵەت دابمەزرێنێ..تەنیا شێوەژیانێک کە دەبێ پێی ڕازی بن کۆیلایەتی و بندەستبوونی تورک و عەرەب و فارسە..نابێ لەمە زیاتر پێ درێژ بکەن!".

لە بارێکی وەهادا تاکە چارەسەر و ئەلتەرناتیڤی کوردان تەنیا و تەنیا یەکبوون و یەکخستنەوەی ڕیزەکانی گەل و ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردە. کورد ئەگەر وا نەکات نە تێدەگات و نە پێدەگات!

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی هەولێر و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان!

مردن بۆ کەسێ کە خەون بە مردنی کوردەوە دەبینێ!

**هەر شەكاوە بێ ئالآی پیرۆزی كوردستان!**

**ئەورۆ كاتی "كوردستان یا نەمان"ە!**

<u>ستۆكهۆڵم 3-2-2004</u>

*** لە ماڵپەڕە كوردییەكاندا بڵاو كراوەتەوە.**

## لەنێو دەریایەک خوێنیشدا باس لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن!*

هەر لە دوای ڕووخانی بەعس لە عێراقدا، ڕۆژ نییە کاری تیرۆریستی و بۆمبا تەقاندنەوە و چالاکی تێکدەرانە ئەنجام نەدرابێ. لە سەرەتادا ئەم کردەوانە زیاتر لە "سێگۆشەی سوننی"دا، پاشماوەکانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و گرووپ و تاقمە تیرۆریستییەکانی تر، پێیان ڕادەبوون. ئینجا وردە وردە چەقۆ خوێناوییەکانی ڕەگەزپەرستان و شەمشەمەکوێران لە جەستەی کورد نزیک دەبوونەوە و، شاکاری هەرەمەزنیشیان کە مایەی سەربلندی بێ بۆیان، بێگومان هەردوو کارە تیرۆریستییە خۆکوژییە ـ کوردکوژییەکەی یەکی شوباتی شاری هەولێری دێرین و کوردایەتییە. کارەساتەکەی هەولێر و قوربانییەکانی و ئاکامەکانیشی وا لەبەر چاوی هەموومانە و، دیارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شتی نوێتر و زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەم تراژیدیا گەورە نەتەوەییە سەر هەڵدەدەن.

لەملا و لەولای دنیا برووسکەی ناڕەزایی دەربڕین و پرسەنامە و سەرەخۆشی، وەک کاردانەوەیەکی سرووشتی لە هەمبەر کارەساتەکە، ئاڕاستەی سەرکردایەتی سیاسی ئەوڕۆی باشووری کوردستان دەکرێن و، هەر کەس و لایەنێکیش بە گوێرەی بۆچوونەکانی تایبەتییانەی خۆیان لەم کردەوە شۆڤێنی و قێزەونە نزیک دەبنەوە. کەسانێکی عەرەبی ناسیۆنالیست و عێراقی لە برووسکەکانیاندا خەم لە "شەهیدە عێراقییەکان" و "شەهیدانی باکووری خۆشەویست" دەخۆن. ئەوانە بیانەوێ و نەیانەوێ "عروبەوی"نە و کێ نالێ ڕۆژێک لە ڕۆژان گەر لە دەستیان بێ، لە کارەساتەکەی هەولێریش خراپتر، بەسەر کورد ناهێنن.

عەمرۆ مووسا کە ئەمە جاری یەکەمە بە ناوی "کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی"، لە بەرامبەر ئەم قەسابخانە بەکۆمەڵە بێتە زمان کە لە دژی کورد ئەنجام دراوە، هەر لە پاش قەومانی کارەساتەکە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە مەسعوود بارزانی و جەلال تالەبانییەوە کردووە. دوای پرسە و سەرەخۆشی، بارزانی و تالەبانی لەوە ئاگادار کردۆتەوە کە عەرەب بە چ شێوەیەک لەگەڵ پارچە پارچە کردنی عێراقدا نین و، پابەندن بە یەکێتی و یەکپارچەیی عێراقی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب. ئەمە ئەگەر عەقڵی بۆگەنی ڕەگەزپەرستانە و پانعەرەبیزمی نەتەوەی عەرەب و سەرانی عەرەب نەبێ، دەبێ چ ناوێکی دیکەی لێ بنرێ؟! کورد ئەگەر لەنێو دەریایەک خوێنیشدا نوقم بووبێت، لای ڕێبەر و سەرانی عەرەب ئەمە گرنگ نییە و سەروەرێتی خاکی

عێراق، لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە و خوێنی کوردانیش لە بەرامبەر یەکپارچەیی ئەو وڵاتە"عەرەبی"یەدا فلسێکی قەڵپ ناهێنێ! عەمرۆ مووسا لەناو دەریایەک خوێنی کورددا، لەگەڵ سەرانی ئەو میللەتە، باس لە یەکێتی خاکی عێراقی نەخۆش و شەل و بەزۆر پێکەوە لکێنراو دەکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی بێویژدانی و شۆڤێنێتی کاربەدەستێکی یەک لە نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان دەردەخات، کە ئەویش عەرەبە. دیارە عەمرۆ مووسا لەم قسانەیدا خۆی بە مافدار دەزانێ، چونکە پارێزەریی لە مافەکانی نەتەوەی عەرەب دەکات، با ئەم مافانە لەسەر حیسابی کوردیش بێت! ئێمە نامانەوێ بیروڕای ناوبراو بگۆڕین و دڵنیاشین تورک و عەرەب و فارس هەر وا دەمێننەوە. بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە لە گەرمەی کارەسات و مەرگەساتەکاندا، هەڵبەت بە هی هەولێریشەوە، بنێشتەخۆشەی سەرزمان و بنزمانی سەرانی کورد بریتییە لە "پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق"، "عێراق لە تیرۆریستان پاک دەکەینەوە" ، "بەردەوام دەبین لە تێکۆشان بۆ فیدرالیزم" ، "کردەوە تیرۆریستییەکەی هەولێر لە دژی عێراقە" و زۆری تریش. تۆ بڵێی ئەم جارە سەرانی کورد بتوانن لە کارەساتی خوێناوی هەولێردا، خوێنی شەهیدانی سەربەرز و نەمری کوردستان بە فیڕۆ نەدەن و، لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەشیاندا شایێکی "موحتەرەم" لە "عێراق" و "عێراقیبوون" بسرەوێنن؟! من پێشوەخت لەمە بەگومانم، بەڵام هیوادارم..هیوادارم..هیوادارم!

ئەوانەی کوردیش بە هاوپەیمانی خۆیان دایاندەنێ، ڕاستە لە ناردنی برووسکە و پرسەنامە و نارەزایی دەربڕین دوا نەکەوتن، لێ وشەی کوردستان نەچووە سەر زاریان و، "جاک سترۆ"ئاسا هەر هەموویان "باکووری عێراق"یان لە "کوردستان" پێ چاکتر بوو. کەسانێکیش کە بە مردنی کوردان سمێڵەختکەیانە و لە خۆشییان هەڵدەپەڕن، هەوڵ دەدەن ڕووی ڕاستەقینە و درۆزنانەی خۆیان بشارنەوە و، برووسکەی نارەزایی دەربڕین بۆ تاڵەبانی و بارزانی دەنێرن. یەکێکی وەکو وەزیری دەرەوەی تورکیا، کە ڕقی لە وشەی "کورد"یشە، لە هەمان کاتدا ئامادەیە فرمێسکی تیمساحییانەی خۆی بۆ قوربانییانی کارە تیرۆریستییەکەی شاری هەولێر ببارێنێ. کوردسات و کوردستان تیڤیش لە نموونەی ئایەتی قورئان بروسکەکەی عەبدوڵڵای ناگوڵ بۆ بینەرانی کورد دەخوێننەوە.

کورد، ئەگەر زیرەک و وریا بێ، دەتوانێ کارەساتە خوێناوییەکەی هەولێر بەلای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیدا بشکێنێتەوە و، بۆ هەتا هەتاییش نەفرەت لە عێراق و عێراقیبوون بکات.

ستۆکهۆڵم 4-2- 2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## برایەتی کورد و عەرەب: لە درۆش درۆتر!*

بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم لەو ڕۆژەوە کە عێراق وەکو دەوڵەت لە لایەن ئینگلیزەکانەوە قووچ کراوەتەوە، واتا بە درێژایی 82 ساڵ، باس لە برایەتی کورد و عەرەب کراوە. ئەرێ بە ڕاست برایەتییەک کە تەمەنی ئەوەندە ساڵ بێ، بۆچی دەبێ مەترسی لەسەر هەبێ و شەو و ڕۆژیش لەسەر زاران بێ؟! دیارە کرۆکی مەسەلەکەش هەر لەو خاڵەدا خۆ دەنوێنێ. بە مانایەکی دیکە شتێک لە ئارادا نییە بە ناوی برایەتی کورد و عەرەب. لە بارێکدا ئەگەر برایەتییەکی ڕاستەقینە و بە ڕازیبوونی هەردوولاش پێکهاتبا، ئەوا ئەورۆ ئەم مەسەلەیە باس و خواسی بێ هەژماری هەڵنەدەگرت و، نە کورد و نە عەرەبیش ئەوەندە خۆیان پێوە ماندوو نەدەکرد. ئەوی ڕاستی بێ ئەوە هەر کوردە، بە تایبەتی یەکێتی و پارتی، خۆیان بەم برایەتییە نابرایەتییە خەریک کردووە.

پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب هەر لە دەستپێکدا لەسەر بنچینەی نێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەست بووە. کورد بندەست و وڵات لێ داگیرکراو، عەرەبیش سەردەست و داگیرکەری بەشێکی بەرچاو و دەوڵەمەندی خاکی کوردستان. کەواتە لە بارێکی وادا داخوا شتێک دەمێنێ تا ناوی لێ بنێین (برایەتی کورد و عەرەب؟!).

هەر لە تەمەنی منداڵیمدا کاتێ تانک و تۆپ و سەربازە عەرەبەکانی عێراق لە گوندەکەم و بەبەر چاوی خەڵکەکەشیەوە، کەرامەتی نەتەوەیی کورد و پیرۆزێتی کوردستانیان پێشێل دەکرد و، بە دوای پێشمەرگەش سەرووتر هەڵدەکشان، ئا کتومت لەو ساتەوەختانەدا پەیامی درۆزنانەی برایەتی کورد و عەرەبم بۆ دەرکەوت. بڕوا بکەن هەر ئەوساش زانیم ئەم بەناو برایەتییە فلسێکی قەڵپ ناهێنێ. لەو ڕۆژەوە و لەوەتی هەستیشم بە کوردبوونی خۆم و کوردستانیبوونی نیشتمانەکەم کردووە، هەرگیز دڵم بۆ برایەتی کورد و عەرەب، کورد و فارس، کورد و تورک لێی نەداوە و لێ نادات. کەی کوردستان بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و شانیشی لە شانی دەوڵەتانی دیکەی دنیا دا، بە تایبەتیش تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران کە ئەورۆ بە داگیرکەرانی سەرەکیی کوردستان دەژمێردرێن، تەنێ ئەو دەمە لەوانەیە شتێک سەرهەڵبدا بە نێوی برایەتی کورد و گەلان. پێموایە لە غەیری ئەمە باس لە هەر جۆرە برایەتییەکی تر بکرێ، ئەوا لە درۆیەکی گەورە زیاتر شتێکی دیکە نییە و بگرە لە درۆش درۆترە!

لە عێراقی دوای سەردەمی سەددام حوسێندا، هەر کۆڕ و کۆمەڵە و گرووپ و نەتەوە و تایەفەیەک، عەودالی بەرژەوەندییە گرنگ و هەنووکەییەکان و ڕۆژانی داهاتووی خۆیانن. کوردیش ئەگەر بەم شێوەیە بیر نەکاتەوە، نەک هەر بە هیچ ناگات، بگرە ئەوەی ئەمڕۆش شکی دەبات بۆ سبەینێ لە دەستی دەدات.

کارەساتە تیرۆریستییەکەی هەولێر کە بە کارەساتێکی نەتەوەیی دەژمێردرێت، لە کاتێکدا بووە تەکاندەر بۆ یەکدەنگی و یەکڕیزی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە و خۆشی لە خۆ نەدیوی کوردستان، لێ دیسانیش زۆر شتی تری ئاشکرا کرد و هەڵوێستی برا عەرەبە چاوڕەشەکانی سەرانی کوردیشی جوانتر خویا کرد. کاتێ براکەی (عەبدولعەزیز ئەلحەکیم)ی سەرۆکی ئێستای (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) لە شاری نەجەف تیرۆر کرا، کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی تازیە و پرسەیان بۆ دانا. جەلال تاڵەبانی بە خۆی و شاندێکی کوردییەوە ڕوویان لە نەجەف کرد و لە کۆڕی پرسە و ماتەمینییەکەدا بەشدار بوون. لە هەولێر بە شیوەیەکی فەرمی پارتی پرسەی بۆ محەممەد باقر ئەلحەکیم دانا. تەلەفزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان خەم و ماتەمینی خۆیان بەرامبەر بە کارە تیرۆریستییەکەی شاری نەجەفی شیعان دەردەبڕی. لە مەسمێدیای کوردیدا ناوبراو بە (دۆستی دڵسۆزی کوردان) پێناسە دەکرا. یەک لەوانەی کە ئەم قسەیەی کرد، هێشتا باش لە بیرمە، (جەرجیس فەتحوڵلا) بوو. کاتێکیش عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بوو بە جێگرەوەی برای خۆی، یەکەمین کار کە ئەنجامی دا پەشیمانبوونەوەی بوو لە مەسەلەی فیدرالی. لە سەدانەکەشیدا بۆ تورکیا لەهەمبەر کوردانی باکووری کوردستان شەکری شکاند و، دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و بێگومان فیدرالیش قسەی کرد. بێدەسەڵاتێکی وەکو (ئەحمەد چەلەبی)ش لەم دواییانەدا چاوی لە (مەرجەعولئەعلا)کەی خۆی کرد و، شاپێکی لە فیدرالی کوردستانیش وەشاند. ئەمانە نە سووکایەتیکردنن بە کەس و نە قسەی هەڵبەستراو. دیارە هەمووشمان خۆپیشاندانەکەی دوایین ڕۆژی ساڵی 2003مان لە دژی کوردان لە کەرکووک بینی، کە چۆن عەرەبەکان دروشمی (لا اله الا الله کردستان عدو الله)یان بەرز کردبۆوە. شایانی باسە لەم خۆپیشاندانەدا حیزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیش بەشدارییان کرد.

لە دوای قەومانی کارەساتە جەرگبڕ و دڵتەزێنەکەی هەولێر، عەرەب تا پاشان قسەیان نەیەتە سەر و سەرکۆنەش نەکرێن، هەندێکیان هەر بێ ئارەزووی دڵی خۆیان هاتنە هەولێر بۆ ئەوەی سەرخۆشی لە کورد و سەرکردایەتییەکەی بکەن.

ئەوەی جێی سەرنج بوو یەکێکی وەکو عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بە درەنگ و بە ساردییەکەوە پرسەنامەیەکی چەند دێڕی بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ناردبوو و، تێیدا ماتەمینی خۆی لە هەمبەر کارەساتەکە دەربڕیبوو. ئەمە ڕێک بە پێچەوانەی ئەم بەدەنگەوەهاتنەی سەرانی کورد بوو، کە لە کاتی تیرۆرکردنی براکەیدا نواندیان. کابرایەکی وەکو (موەفەق ئەلڕوبەیعی)ی شیعەمەزهەب، لەناو جەرگەی خەم و ماتەمینی کورد و لە هەولێری کوردستانیشدا، کارەساتەکەی هەولێری بە کارەساتی 11ی سێپتێمبەری (عێراق) نەک (کوردستان) ناو برد! ئەمە خۆی لە خۆیدا خۆدزینەوەیەکی ئاشکرایە لە بەکارهێنانی وشەی کوردستان. یەکێ کە ئامادە نەبێ لە گەرمەی مەرگەساتەکانی نەتەوەکەمدا ناوی وڵاتەکەم بێنێ، بە دەست خۆم نییە ناتوانم بە برا و دۆستی خۆمی بزانم.

ئەحمەد بەن حەلی کە وەک نوێنەری دەوڵەتانی عەرەب و کۆمکاری عەرەبی هاتە کوردستان، پارتی و یەکێتی بە جۆرێکی وا پێشوازییان لەم کابرایە کرد، بڕوا ناکەم لە چ وڵاتێکی عەرەبی بە هەمان شێوە پێشوازی لێ کرابێ و ئەوەندەش گەورە کرابێتەوە. کاکی عەرەبیش هەر کە گەڕاوە قاهیرە، ڕاپۆرتێکی پوختە و جوانی لەمەڕ سەردانەکەی خۆی بۆ کوردستان و عێراق پێشکەش بە کۆمکاری عەرەبی کرد و، وەک چاکەیەکیش بەرامبەر بەو میوانداریيەی کە لە کوردستان لێی کرابوو، کورد و شیعەی بە هەڕەشە بۆ سەر عێراق و تەواوی عەرەب زانیبوو. کورت و کرمانجی تفێکی خەستی حەواڵەی دەم و چاوی کورد و شیعە کردبوو!

نامەوێ لەمە زیاتر بە نموونە هێنانەوە سەرتان بیەشێنم. ئێوە خۆتان لە من چاکتر ئاگاداری هەڵوێستی عەرەبن لەمەڕ دۆزی ڕەوا و مافداری گەلی کوردستان. لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم: پێش ئەوەی بانگاشەی برایەتی کورد و عەرەب بکەین، با خۆمان خوشک و برا و هاودەرد و هاوخەمی یەکتر بین! ستۆکهۆڵم 18-2-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## به گۆڕی شەهیدان وا نییە!*

بێ سێ و دوو لێکردن دەچمە سەر ناوەڕۆکی سەرەکی بابەتەکە و دەڵێم: ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەڵات لە عێراقدا، مەحموود عوسمان، کە وەک کوردێکی سەربەخۆ لەم ئەنجوومەنەدا کورسییەکی داگیر کردووە، لە دوایین چاوپێکەوتنی خۆیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "ئەلشەرق ئەلئەوسەت"ی سعوودی، کە لە بەریتانیا دەردەچێ، دەڵێ:" کوردەکان نایانەوێ ئێستا کەرکوک بخەنە سەر هەرێمی کوردستان و داوای فیدرالی ئەتنیکیش ناکەن، بەڵکو فیدرالی جوگرافییان دەوێ " (ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت، هەروەها :KDP. info، 18-2-2004) . دیارە ئەوەی کە زیاتر منی دڵگیر و تووڕە کرد، ڕستەی یەکەمی وتەکەی مەحموود عوسمانە سەبارەت بە شاری کەرکووک.

بەر لە هەر شتێک لای هەموومان ئاشکرایە کورد، وەک گەل و نەتەوە، چی دەوێ و چی ناوێ. مەبەستیشم لە کورد بە پلەی یەکەم جەماوەری ڕەش و ڕووت و خەڵکی چەوساوەی کوردستانە. خۆ ئەگەر بیر لە دانیشتوانی کوردنشینی کەرکووک و دەوروبەریشی بکەینەوە، ئەوسا مەسەلەکە قووڵتر دەبێتەوە و، لەو باوەڕەشدام هەر کوردێکی کوردپەروەری کەرکووکی کوردستان، بە هیوای ئەو ڕۆژەیە و دەشیەوێ بە زووترین کات شارەکە بخرێتە سەر ئیدارە و حکوومەتی کوردستان. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە مەحموود عوسمان باش دەزانێ کە کوردگەل، نە لە شاری کەرکووک و نە لە تەواوی کوردستانیش، هێشتا پرسەخەسووانێیەکیشیان پێ نەکراوە لەمەڕ چارەنووس و داهاتووی خۆیان. ئەوجا لە وەها بارێکدا نازانم مەحموود عوسمانی ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەڵات چۆن لە خۆی ڕادەبینێ سووک و ئاسان لێمان ڕاست بێتەوە و، بە ناوی کوردانیش بێتە زمان و پێمان بڵێ:" کوردەکان نایانەوێ ئێستا کەرکووک بخەنە سەر هەرێمی کوردستان ". ئەرێ پێم نالێی ئەو کوردانە کێن کە نایانەوێ کەرکووک بخرێتە سەر ئیدارە و حکوومەتی کوردستان؟! چ گومان لەوەدا نییە هەر کوردێکی کوردستانی گەر تۆزقاڵێک باوەڕی بە پەیامی پیرۆزی کوردایەتی و کوردستانێتی کەرکووک هەبێ، لە هەمبەر ئەو بیرۆکەیە دەوەستێ کە نایەڵێ کەرکووک بە ئیدارە و حکوومەتی کوردستانەوە ببەسترێتەوە. من تێناگەم ئێوەی ئەندامانی گرووپی کوردی لە ئەنجوومەنی دەسەڵات چۆن چۆنی هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەکەن؟ چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کۆبوونەوەیەکی ناو ئەنجوومەنی

دەسەڵاتدا، تاڵەبانی نەخشەی کوردستانی بە ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە نیشان دا، با عەرەب پێشوەخت وڵاتی کوردان بناسن ـ دیسانیش دەستی خۆش بێ و کارێکی چاکی کرد، کەچی جەنابت بەم شێوەیەی سەرەوە سەبارەت بە کەرکووک دەپەیڤی! دەترسێم مەحموود عوسمان ئازایەتییەکی نموونەی سۆنگوڵ خانمی بەکرێگیراوی میتیشی تێدا نەبێ، کە بەم جۆرە بەرپەرچی کورد و سەرانی دەداتەوە:" تێزی فیدرالی عێراق بەرەو دابەشکردن دەبات. ئێمە دژی فیدرالیزم و هەر دابەشکردنێکی عێراقین. تاڵەبانی بەهۆی بەڵگەنامەکانییەوە دەیویست ئەوە بسەلمێنێ کە کەرکووک شارێکی کوردییە، بەڵام من دەڵێم ئەم شارە شارێکی عێراقی و تورکمانییە. بەڵگەنامەشمان هەن کە ئەمە بسەلمێنن. هەرچی تاڵەبانییە دەیەوێ پانتایی نەخشەی کوردستان فراوان بکرێتەوە، تاکو شارە عەرەبییەکانی مووسڵ و پارێزگای دیالەش بگرێتەوە " (ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت، هەروەها: KDP. info، 19-2-2004) . ئەگەر تورکمانێکی کۆنەبەعس و بەکرێگیراوێکی نوێی میت و تورکیا وەها زماندرێژی لەبارەی کوردەوە بکا، گەلۆ دەبێ هەڵوێستی نوێنەرانی کورد لەم ئەنجوومەنی دەسەڵاتەدا چی بێ؟

مەحموود عوسمان کە چەند مانگێک بەر لە ئێستا لاوانی خوێنگەرم و کوردستانییانی کەرکووکی بە " پەرگیر و بیرتەسک " ناو برد، چونکە لێنەگەڕان ئاڵای پیرۆزی وڵاتەکەیان لە ئاسمانی کەرکووکدا بهێنرێتە خوارەوە، ئەمڕۆ ئەگەر بە جۆرێکی تر و خراپتریش سەبارەت بە کەرکووک بێتە زمان، دیارە ئەمە بۆ کەسێکی وەکو من مایەی سەرسووڕمان نییە. ئەوەی کە زیاتریش منی هاندا بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕانە، تەنیا خەمخۆریم بوو بۆ شارێکی وڵاتە خۆشەویستەکەم.

کەرکووک کوردستانە و کەرکووکییانیش کوردستانین. کەسێ کە ئەمەی قەبووڵ نییە با سەری خۆی بدا لە گاشەبەردە زەبەلاحەکانی کوردستان!

<u>ستۆکهۆڵم 19-2-2004</u>

*** لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

# "ڕیفراندۆما فیدرالیزم"*

باش دەزانم ئەم ناوونیشانەی سەرەوە ناتەواو و بێمانایە، بەڵام چی بکەم ئەم هەڵەیە هی من نییە و، ڕەنگە هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بەرسڤی ئەم پرسەیان لا هەبێ. بێگومان مافی خۆشتانە بپرسن بۆ؟ منیش یەکسەر دەڵێم: دوێنێ کە لە کار هاتمەوە وەک هەر جار تەلەفزیۆنەکەم پێکرد و خستمە سەر کەناڵە کوردییەکان. لە کوردسات شتێکی وام بەر چاو نەکەوت کە سەرنجڕاکێش بێ. کوردستان تیڤیش خۆپیشاندانەکەی 21-2-2004ی کوردانی هۆڵەندای بە بینەرانی خۆی پیشان دەدا. لە سەرەتادا بەپەرۆشەوە لەو دیمەنانە ڕامام کە بە کامێرای تەلەفزیۆنێکی کوردی گیرابوون. لێ ئەوەی جێی داخ بوو ئەو چەند وشەیە بوون، کە سەبارەت بە خۆپیشاندانەکە نووسرابوون. بە کورتییەکەی وا لە بینەرانی کورد دەگەیەنرا کە خۆپیشاندانەکەی هاووڵاتییانی کورد و دۆستانیان لە وڵاتی هۆڵەندا لە پێناو فیدرالیزم ئەنجام دراوە و، بە پیتی لاتینیش باس لە ڕیفراندۆما فیدرالیزم – Rîfrandoma Fîdralîzm، دەکرا کە تەنانەت شێوەی دارشتنەکەشی هەڵەیە. ئەوەی من بزانم تەواوی ڕستەکە بە کوردیی – کرمانجی سەروو دەبێ وا بنووسرێ: Rîfrandom ji bo fîdralîzm، ڕیفراندۆم"ڕاپرسی" بۆ فیدرالیزم. با واز لەمەش بێنین و بچینە سەر کرۆکی باسەکە. خراپ نابێ هەر بێ سێ و دوو ئەم پرسیارە ئاڕاستەی کوردانی دانیشتووی هۆڵەندا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا و ئوسترالیا و نیوزلەندا و ئێرە و ئەوێ بکەین: ئایا ئێوە لە پێناوی فیدرالیزم ڕژانە سەر شەقامەکان؟ ئەگەر وەرامی ئەم پرسیارە بە "ئا" بێ، دیارە لە وەها بارێکدا من چ قسەیەکم نامێنێ و، داوای لێبوردنیش لە هەڵسووڕێنەرانی کوردستان تیڤی دەکەم. خۆ ئەگەر وەرامەکە پێچەوانەی ئەمە بێ، ئەوسا کوردستان تیڤی نەک هەر پێویستە داوای لێبوردن لە کوردانی هۆڵەندا و ئەورووپا و شوێنە جیا جیاکانی تر بکات، بەڵکو دەبێ دان بەوەشدا بنێ کە سووکایەتییەکی گەورەی بە کوردگەلی هەندەران و داخوازییەکانیان کردووە.

گەلی برادەرینە.. من خۆم یەکێک بووم لەو کوردانەی، کە لە ستۆکهۆڵم بەشداری ئەم خۆپیشاندانانە بووم، ئەگەر بڵێم لە سەدا نەوەد و نۆی دروشمەکان جەختیان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەکرد، بە شایەتیی هەموو ئامادەبووان درۆم نەکردووە. کوردێک کە لەم ئەورووپایە هاوار بکات: "سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، کارمەندێکی کوردستان تیڤی، دەبێ کێ مافی ئەوەی پێدابێ تا بتوانێ ڕاست و چەپ

زەربێک بەسەر ئەم دروشمەدا بێنێ و، پوختە و جوانیش ئاوەژووی بکاتەوە؟! تۆ بڵێی ئەوان نەزانن ئەم ڕێپێوانە جەماوەرییە گەورانەی کوردستانییانی ئەوروپا، گەر لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کورد نەبایەن، هەرگیزاو هەرگیز ئەوەندە خەڵکی دڵسۆز و دڵبریندارى کوردیان لە دەور کۆنەدەبوونەوە؟! پارتی و یەکێتی دەبێ چاک لەوە تێبگەن کوردگەل لەبەر خاتری چاوی جوانی کوردستان ڕژاونەتە سەر شەقامەکانی ئەوروپا نەک شتێکی تر.

لە هەمان کاتدا نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ خۆ هێشتا ڕاپرسی لە کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی ئەنجام نەدراوە، تا کوردستان تیڤی بێ و ئاکامەکەیمان بۆ ئاشکرا بکات: کورد دەنگیان بۆ فیدرالی دا!

پڕ بە دڵ هیوادارم هەرچی زووترە لە کوردستان ڕاپرسی ئەنجام بدرێ و خەڵکیش ئازاد بن لەوەی چیان دەوێ و چیان ناوێ. لە بارێکدا ئەگەر کورد فیدرالی پێ لە دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان چاکتر بوو، ئەوسا کوردستان تیڤی و کوردسات و هەموو دنیاش مافی خۆیانە بڵێن: کورد سیستەمی فیدرالی هەڵبژارد! پرسیارێک: ڕێپێوانەکەی 14-2-2004ی شاری سلێمانی لە پێناو سەربەخۆیی بوو، کوردستان تیڤی و کوردسات بۆ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەیانگواستەوە، هەر نا با ژمارەی بینەرانی خۆیانیان پێ زیاد کردبا؟!

<u>ستۆکهۆڵم 24-2-2004</u>

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار هیوا!*

پێرێ لە بەغدای پایتەختی عێراق یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار ناو، یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگی ڕۆڵەکانی گەلی باشووری کوردستان کە بە داری زۆر بە عێراقەوە لکێنراوە، خرایە بەردەم لێپرسراوانی باڵای دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان و ئەنجوومەنی فەرمانڕەوای عێراق و دام و دەزگا دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکان لەو وڵاتەدا. ناو و واژۆی ئەم خاوەن دەنگە ڕەسەنە کوردستانییانە کە بە هەوڵ و هیممەتی کۆمیتەکانی ڕاپرسی لەم بەشەی کوردستاندا کۆکرابوونەوە، با لەژێر کاریگەریی هەر لایەن و ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی و دەستە و گرووپێکی دیاریکراویشدا بێ، بەڵام بە چ شێوەیەک ئەم پرۆسەیە گرنگییەکەی خۆی لە دەست نادات و، دڵنیاشم ئەم هاووڵاتییە کوردستانییانەی کە واژۆی خۆیان خستۆتە سەر لیستەکانی تایبەت بە ڕاپرسی، گشتیان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن کە ڕاستەوخۆ و بە کردار و لە دەنگدانێکدا ڕووبەڕووی پرسیارێکی وەها بکرێنەوە: دەتانەوێ کوردستان لە عێراق جیا بێتەوە یان نا؟



ئەو ملیۆن و حەوت سەد هەزارەی کە ناوی خۆیان نووسیوە، لە ناخی ناخیانەوە و لە قووڵایی دڵ و دەروونی هەڵقرچاو و سووتاویانەوە کوردستانێتی خۆیان بۆ تەواوی دنیا ئیسپات کرد. ئەوان پەیامی پیرۆزی کوردایەتی و کوردستانیبوونی خۆشیان ڕاگەیاند. خاوەنانی ئەم دەنگە کوردستانییانە ویژدانی خۆیان ئاسوودە کرد و، بۆ هەتا هەتاییش تفێکی خەستیان لەنێو چاوانی عێراق کرد و، بە کردەوەش کوردستانیان بە نیشتمانی خۆیان زانی و لە ئامێزیان گرت.

یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ دەکاتە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار هیوا.. یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ دەکاتە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار ئامانج.. یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ دەکاتە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار ئێش و ئازار.. یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ دەکاتە یەک ملیۆن و حەوت هەزار مرۆڤ.. یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ دەکاتە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کوردستانیخواز. قوڕ بە سەری ئەوەی کە حیساب بۆ یەک ملیۆن و

حەوت سەد هەزار دەنگ نەکات. سەربەرز و شادە ئەوەی یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگی لە پشتە. نەفرەت لەوەی کە نەتوانێ یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ لە بەرژەوەندی نەتەوەیەکدا بەکار بێنێت!

کاتێ لە نەخشەی گۆی زەوی دەڕوانم، دەوڵەتانێکی ئەوەندە گچکە دەبینم کە زۆر بە زەحمەت شوێن و ناوەکانیان دەناسرێنەوە. دەوڵەتانێک هەن ژمارەی دانیشتوانیان بەقەد شارەدێیەکی کوردستانە. دەوڵەتانێکی دیکە دەبینرێن ژمارەی دانیشتوانیان لە سەدان ملیۆنیش تێپەڕ دەکات. لەو ناوەدا گەلانێکیش هەن، کە خۆمان یەک لەوانین، ژمارەیان بە دەیان ملیۆنە و بە (نەبوو) دەژمێردرێن، چونکە دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆیان نییە! بە مانایەکی تر گەلێکی خاوەن هەشت هەزار کەسی، پلە و پایەی لە گەلێکی بێ دەوڵەتی چل ملیۆنی ماقوولتر و زێدەترە. ئایا ئەمە یاسای ژیانە یان یاسای جەنگەڵ؟!

ئەرێ بە ڕاست: یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ بەشی جاڕدانی کوردستانێکی سەربەخۆ ناکات؟! ستۆکهۆڵم 27-2-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ڕێوڕەسمی مۆرکردنی دەستووری کاتیی عێراق و ئەم وردە سەرنجانە*

* لە دەستپێکی ڕێوڕەسمەکەدا کچە کوردە بچکۆڵە ژیکەڵانەکە بە زمانی عەرەبی هاواری دەکرد: "باکوورمان باشووری خۆش دەوێ. . . تاد". ئەرێ بە ڕاست "کوردستان" چی بەسەر هات؟ لێنەگەڕان ئەو منداڵە ئێسکسووک و خنجیلانەیەش ناوی "کوردستان" بێنێ؟! یان. . . ؟

* لەسەر نەخشەکەی عێراق، بە کوردستانی پێکەوەلکێنراویشییەوە، بە عەرەبی ڕستەیەک دەبینرا کە باسی لە بەشداربوونی هەمووان دەکرد لە عێراقی نوێدا. هەر تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا هەمان ڕستە بە زمانی کوردیش نووسرابوو. کوردییەکە گورگ خواردی؟!

* هەندێ لە عەرەبەکان عەمامە و عەگالیان لەسەر بوو تا هەبوونی خۆیان بەو جۆرەی کە ئارەزوویانە پیشان بدەن. ئەرێ خۆ کەعبە کەچ نەدەبوو ئەگەر یەک لە پێنج ئەندامە کوردەکەش جلوبەرگێکی شایستە و جوانی کوردی لەبەرکردبا و، بە دنیاشی نیشان دابا کە ئەمەش پۆشاکی نەتەوەیی کوردە؟!

* مەسعوود بارزانی لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە لایەنە جوداکان ئەوەیان دەست نەکەوتووە کە خواستوویانە. ئێ خۆ گەورە و گچکەی ئەم گەلە داوای لە ئێوە کرد بگەڕێنەوە کوردستان، بۆ نەهاتنەوە، وەرام لای خۆتانە؟ یەکێتی خاکی عێراقیش هەر مەپرسە چۆن کلاشەی دەکرد! بە بیستنی چەند ڕستەی شیرینی زمانی کوردی کەمێ فێنکایی بە دڵماندا هات و ڕوومان گەش بۆوە.

* جەلال تاڵەبانی، هەر دەڵێی پەیماننامەی سەربەخۆبوونی کوردستانی ئیمزا دەکرد، لە خۆشییان شاگەشکە بووبوو. داخی گرانم کورسییەکە ئەوەندە بچووک و تەسک بوو، عەیب نەبێ، جێگەی دانیشتنی مامەی نەدەبۆوە.

* مەحموود عوسمان دەیویست نیشانەی سەرکەوتن بە پێنووسەکەی دەستی بە دنیا پیشان بدا. کورد کە دوای 13 ساڵ سەربەخۆیی، لە سایەی سەری سەرانی بۆ باوەشی عێراقی ئەندامی "جامیعەی عەرەبی" بگەڕێتەوە، تۆ بڵێی چ سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست هێنابێ کە مایەی دڵخۆشی نەتەوەکەمان بێ؟!

* مەسعوود بارزانی وەک هەمیشە جەختی لەسەر داوای فیدرالی کردەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، عێراقی یەکگرتووی لەبیر نەچۆوە.

* سەرەڕای دیمەنی ڕووخۆشیی ئەندامانی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی عێراق، لێ دیسانیش بە ئاسانی هەست بەوە دەکرا کە کارەکە زیاتر پەلەی لێکراوە و، مەرجیش نییە بابەتە هەرە چارەنووسساز و گرنگەکان مایەی ڕازیبوونی هەمووان بووبێت. کێ ناڵێ هەر ئەمە لە دوارۆژ شتی دیکەی لێ ناکەوێتەوە و ناشبێتە هۆی دروستبوونی کارەسات و قەیران لەنێوان لایەنە جیا جیاکاندا؟ ئەمە تەنیا پرسیارێکە و درکاندوومە.

* لە ڕەشنووسی دەستووری کاتیی عێراقیدا باس لە فەرمیبوونی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کراوە. ئەگەر وایە بۆ ڕێوڕەسمەکان تەنیا بە زمانی نەتەوەی سەردەستی عەرەب بوون؟

* من دڵنیا نیم لەوەی کە 5 ئەندامەکەی گرووپی کوردی، هەر نا با بڵێین یەک دووانێکیان، بە سەرلەبەری ناوەڕۆکی دەستووری کاتیی عێراق ڕازی بووبن. پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی دەستوورەکەیان ئیمزا کرد؟ ڕەنگە تەنیا پاشەڕۆژ وەرامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە.

* نوێنەرانی کورد گەرمتر لە نوێنەرانی عەرەب سوپاسی ئەمریکا و بەریتانیایان کرد.

جگە لەم وردە تێبینی و سەرنجانە شتی تریش هەن کە بە مێشکمدا گوزەر دەکەن، بەڵام با جارێ هەر بەوەندە واز لە باسەکە بێنین. دەزانم لەم ڕۆژانەی داهاتوودا، لەوانەیە هەر لە کاتی ئامادەکردنی ئەم چەند دێڕانەشدا، نهێنییەکانی پشت پەردە و کۆبوونەوە داخراوەکان سەرەتاتکێی هاتنە دەرەوە بکەن و بیانەوێ خۆ ئاشکرا بکەن.

وەک کوردێک ئەوەندە دڵخۆش نیم کاتێ کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و شەنگار و پردێ و مەخموور و دەشتی قەراج و کەندێناوە و ئێرە و ئەوێی وڵاتەکەم، هێشتا بە بندەستی دێتە بەر چاو کە کاری تەعریب و تۆقاندن هەر تێیاندا بەردەوامە. هەست دەکەم چارەنووسی داهاتووی ئەم شار و شارۆچکە و دەڤەرە گرنگ و بەعەرەبکراوانەی کوردستان دراوەتە دەستی قەدەری نادیار و هات و نەهات!

من بە چ شێوەیەک پیرۆزبایی لە سەرانی کورد و گرووپی کوردی ناو ئەنجوومەنی دەسەڵات ناکەم، چونکە کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و بارزانییەکان و زۆری دیکەش، گەلێ لەوە زێدەترن تا فیدرالییەکی ناتەواویان لەپێشدا ڕاست بکرێتەوە. سوێد 8-3-2004 * لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# پێشنیارێک بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان*

کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییەکان سیما و ڕەنگدانەوەی گەل و دەوڵەتەکانیانن بەرەو جیهانی دەرەوە. ئەو بەرهەم و شتانەی پێشکەشیان دەکەن و دەیانخەنە بەردەم دیدەی بینەران، جا خراپ بن یا باش، هەرچۆنێ بێ کاریگەریی خۆیان لەسەر بیر و هۆش و لێکدانەوەی ئەوان دادەنێن. خۆ ئەگەر لە ڕۆڵی گرنگی ڕاگەیاندن لە دنیای ئەمڕۆدا وردبینەوە، ئەوسا زیاتر هەست بە مەسەلەکە دەکەین و، دەشزانین ئەرکی سەرشانی ئەو کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییە کوردییانە گەلێ لەوە زێترە، کە تا هەنووکە پێی هەستاون!

هەموومان لە جەژنی نەتەوەیی کورداندا، لە نەورۆزی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و خۆشی و ناخۆشییاندا، دیمەنە جوان و هەستبزوێن و سەرنجڕاکێشەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان شاد و سەرمەستیان کردین. دیارە لێرەدا وێرای سرووشتی دڵڕفێن و سەیران و بەهاری ڕازاوەی کوردستان، یەک لە مەبەستە سەرەکییەکانم جل و پۆشاکی نەتەوەیی کوردییە کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و بە بۆنەی نەورۆز کارمەندان و پەیامنێران و بێژەران و بەرپرسیارانی کوردسات و کوردستان تیڤی لەبەر خۆیان کردبوو و، بیانەوێ و نەیانەوێ، بە وەها کارێکیان جوانتر لە جاران دەهاتنە بەر چاو. با زۆر دوور نەڕۆین: بەرنامەی "ژوانی ستران"ی دوێنێ، جل و پۆشاکی کوردانەی کچە کوردە نەشمیلانەکە بوو کە شەوقی زیاتری دەدا بە خودی بەرنامەکە و، لێشتان ناشارمەوە لە دڵەوە هیوادارم کە جل و بەرگی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی و لە کاتی کارکردندا، لە ناوەوە و لە دەرەوەی ستۆدیۆی کەناڵە کوردییەکاندا بەکار ببرێن. ئەنجامدانی ئەم کارە، بە تایبەتی بۆ کوردسات و کوردستان تیڤی، گەلێ ئاسانە و من پێموایە کارێکی وا پێویستییەکی نەتەوەییە.

پۆشینی جل و بەرگی نەتەوەیی لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا، بە چ شێوەیەک، پەیوەندی بەوەوە نییە داخوا فلان گەل و دەوڵەت دواکەوتوون یان نا. ڕێک بە پێچەوانەوە چەندین نەتەوە و دەوڵەت دەبینین کە لە بواری پێشکەوتن و زانست و ڕاگەیاندندا هەنگاوگەلی باش و بەپەلەیان ناوە و، چیان لە وڵاتە ئەوروپاییەکان کەمتر نییە، لێ لە هەمان کاتدا شانازی بە کولتوور و داب و نەریت و پۆشاکی نەتەوەیی خۆیانەوە دەکەن و، گەر تۆ سەیرێکی تەلەفزیۆنەکانیان بکەیت، یەکسەر تێدەگەیت ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە هی کام گەل و دەوڵەتە. وڵاتە

عەرەبییەکانی کەنداو، بۆ نموونە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب، قەتەر، بەحرێن، عەرەبستانی سعوودی، عومان و کوێت، لە زۆر ڕووەوە ناڵێم شان لە شانی ئەوروپا دەدەن، بەڵام دەبێ چیان لەوان کەمتر بێ، بە هەموو شێوەیەک داکۆکی لە مافەکانی خۆیان دەکەن و جل و بەرگی نەتەوەیی خۆشیان نەک هەر فڕێ نەداوە و بەس، بگرە لە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانیشیاندا بەشانازییەوە لەبەری دەکەن. لەوانەیە هەندێ کەس لێم ڕاست ببنەوە و پێمبڵێن: سعوودیە و سوید چیان بە یەکتر دەچێ؟ بەڵام خودی مەسەلەکە لەم پرسیارەدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ئەوەی من باسی دەکەم شتێکی تەواو جودایە و، پەیوەندی بە نەتەوەی کوردەوە هەیە کە دەبێ بە هەموو شێوە و میتۆدێک شتە نەتەوەییەکانی خۆی بپارێزێت. نە کەعبە کەچ دەبێ و نە دنیاش پێمان پێدەکەنێ، ئەگەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کوردانە و کوردستانییانە خۆ بنوێنن. گومانیش لەوەدا نییە لەبەرکردنی جل و بەرگی نەتەوەیی کوردی یەک لە سیما هەرەجوان و نەتەوەییەکانی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییانە پێکدێنێت.

بە دەیان نەتەوەی دەوڵەتدار لەمێژە کارێکی وەها ئەنجام دەدەن. کورد کە بێ دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەییە، پێویستە بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە. ئێ خۆ جلکی کوردی هەر بەتەنێ بۆ نەورۆز و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان نەهێنراونەتە ئاراوە؟! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، لەم بوارەدا، کوردیش چاو لە کوێت و سعوودیە و مەغریب و عومان و قەتەر و بەحرێن و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب و سوودان و لیبیا و هیندستان و پاکستان و سریلانکا و چەندین وڵاتانی دیکەی ئاسیا و ئەفریقا و بگرە ئەوروپاش بکات؟! ستۆکهۆڵم 26-3-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکان و بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

## "دیالۆگ" و "ئاشتبوونەوە" لەگەڵ کێ دەکەن؟!*

لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا لە هەولێری کوردستان دوو کۆبوونەوە یا کۆنگرە بەستران. یەکەمیان بەناوی "دیالۆگی عەرەبی – کوردی" و دووەمیشیان بەناوی "کۆنگرەی ئاشتبوونەوە" بوو. هەردووکیشیان بە سەرپەرشتی و دەستپێشخەری سەرکردایەتی سیاسیی کورد ڕێکخران.

ئەم کۆبوونەوانە لە کاتێکدا هاتنە ئاراوە کە ڕۆژانە کاری تیرۆریستی و توندوتیژی و کوشتن و برین، لەهەمبەر دەزگای پۆلیسی نوێی عێراق و خەڵکی بێتاوان، ئەنجام دەدرێن. ڕەوشی ناسەقامگیر و شلۆقی عێراقی دوای نەمانی ڕژێمی بەعس و گرتنی سەددامی دیکتاتۆر، نەک هەر بەردەوامە، بەڵکو خودی ئەمریکاییەکانیش نازانن بەرەو کوێ مل دەنێ. گرووپە سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی و خێڵەکییەکان خەریکی خۆ تەیارکردنن لە بەرامبەر یەکدی و، ئەوەی کە بیریشی لێناکەنەوە بەرژەوەندی سەرتاسەری و گشتییە. بەکورتییەکەی لە عێراقی ئەمڕۆدا هەر کەس و گرووپ و تاقم و حیزبێک خەریکی ئەوەیە، جاری وا هەیە لەسەر حیسابی خەڵکانی تر، خۆی پێ بگەیەنێت و دەسەڵات پەیدا بکات. بڕوا ناکەم کەس هەبێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات و بیداتە دواوە.



کتومت لەم ساتە ناسکانەدا، وەک ئەوەی کورد پێشوەخت ناومالی خۆی جوان ڕێکخستبێ و سیستەمی دزێوی دووئیدارەیی باوی نەمابێ و کوردستان بووبێتەوە یەک و ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی نیشتمان خرابنەوە ژێر فەرمانڕەوایی حکوومەتی کوردستان و شوێنەوارە نامرۆڤایەتییەکانی تەعریب و تەبعیس لەگۆڕێدا نەمابن، ئا

لەم ڕەوشە کوردییە نێوخۆییە نابەجێ و نادروستەدا سەرانی کورد بانگاشەی ئاشتبوونەوە و دیالۆگ دەگەڵ جەللادانی دوێنێی نەتەوەکەیان دەکەن. کورت و کرمانجی: سەد هەزار جار گووم لەو "دیالۆگ" و "ئاشتبوونەوە"یە کرد!



لەناو هۆڵی کۆبوونەوەکەی یەکەمدا د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بۆ کوردستان تیڤی دەپەیڤی و باسی لەوە دەکرد:"کاک شێروان ـ شێروان تالیب ـ ئەمریکاییەکان ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر ئێرە بەجێدێڵن و ئێمەش هەر دەبێ لەگەڵ عەرەب و نەتەوە دراوسێکان ڕێک بکەوین. . . تاد". کەس ناڵێ با نەتەوە هاوسێکان لەگەڵ یەکتر ڕێک و تەبا نەبن، بەڵام ئێوە کە دوای سێزدە ساڵ لە دەسەڵاتی خۆجێیی کوردی هێشتا باس لە یەکگرتنەوەی هەردوو "ئیدارەی هەرێم" دەکەن، بە کردەوەش ئەمەتان بۆ خەڵکی بێزاری کوردستان نەسەلماندووە. ئەرێ بەڕاست: کامیان پێویستترە، دیالۆگ و ئاشتبوونەوە لەگەڵ نەتەوە سەردەستە داگیرکەرەکانی کوردستان، یان یەکبوون و یەکگرتنەوەی کورد و کورد؟! با بەر لەوەی ئەمریکا ناوچەکە "بەجێبێڵێ"، سەرانی کورد و هەردوو حیزبە دەسەڵات بەدەستەکەی باشووری کوردستان بیر لە ئاکامەکانی پەرتەوازەیی و نایەکگرتوویی و نەبوونی حکوومەتێکی بەهێزی کوردستان بکەنەوە، چونکە ئەمریکا کەی بەرژەوەندی لە دەڤەرەکە نەما و بە شێوەیەک لە شێوان خۆی توند کرد، ملی خۆی دەشکێنێت و ڕوو لە شوێنێکی تری ئەم دنیایە دەکات. هەر لەبەر هەندێ کورد لە باری هەنووکەدا پێشبڕکێ لەگەڵ کات دەکات. تۆ بڵێی کورد لەم پێشبڕکێیەدا، لە کۆتاییدا، سەرکەوتوو دەربچێت؟!

لە دەمەدەمی بەستنی کۆنگرەی ئاشتبوونەوە لە هەولێردا، خوێندکارێکی عەرەبی بەعسی لە مووسڵ بە پەیامنێری ڕۆژنامەی "ئەلشەرق ئەلئەوسەت"ی سعوودی گوتبوو:"پاشماوەی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان هی کەسانێکی خیانەتکارن. . . خەڵکی

هەڵەبجەش ـ موستەحەق ـ بوون وایان بەسەر بێت. . . ". لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن ئەمە تەنیا بۆچوونی کابرایەکی ڕەگەزپەرستی عەرەبی مووسڵاوییە. منیش تەنیا ئەوەندە دەڵێم: یەک لە دەسکەوتە هەرەباشەکانی لەناوچوونی ڕژێمی بەعسی هۆڤ لە عێراقدا، بۆ گەلی کورد، دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی گەلێ لە لایەنە جوداکانی عەرەب بوو. ئەمەش بەتایبەتی ئەو تاقمانە دەگرێتەوە کە تا دوێنێ، لەژێر ناوی هێزی بەرهەڵستکاری بەعس، بە نانی جۆتیاری هەژار و نەداری کورد ملی خۆیان قەوی دەکرد! ئەدی هەر لەناو هۆڵی "کۆنگرەی ئاشتبوونەوە" نەمانبینی چۆن چۆنی، لەنێو ماڵی کورد خۆیدا، داوای بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕەشی بەعسیان دەکرد و، چاویان بەرایی نەدەدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان ببینن! خوا خێری "مەشعان ئەلجبووری"ی کۆنە "ڕەفیق" و پاسەوانی سەددام بنووسێ، کە لەبەر هەر هۆیەک بێ بە هانای کورد هات و، لەو بەعسییانەی ناو هۆڵەکەش هاتە دەنگ:"لەبن سێبەری ئەم ئاڵایەدا کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال ئەنجام دران!". لەپاشانیش مەسعوود بارزانی، کە بێگومان ئەرکی سەرشانێتی، بەرپەرچی بۆچوونی عروبییەکانی دایەوە. من پێشتر زۆر جار گوتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە: برایەتی کورد و عەرەب لە درۆیەکی گەورە زیاتر چی دیکە نییە. تۆ ناوی بنێ: لە درۆش درۆتر!



خراپ نابێ گەر لێرەدا چاو بە هەندێ لە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی هەولێر بخشێنین. لە ڕاسپاردەی دووەمدا هاتووە:"داوا لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی بکرێت، بۆئەوەی بڕیارێک دەربکات، تا لە ڕێیەوە بڕیارەکەی پێشووی خۆی سەبارەت بە بنەبڕکردنی بەعس هەڵبوەشێنێتەوە. . . دیارە بڕیارێکی وەها سەرکردە باڵاکانی بەعس و ئەوانە ناگرێتەوە کە تاوانیان دەرهەق بە گەلی عێراق ئەنجام داوە". ڕەنگە چاکترین قسە لەمەڕ ئەو ڕاسپاردەیە هەر ئەوە بێ، کە سەرۆکی "لیژنەی بنەبڕکردنی

بەعس"، ـ ئالووسی ـ ی ناوێکی کۆنەبەعس، بە ڕۆژنامەی "ئەلشەرق ئەلئەوسەت"ی ڕاگەیاندبوو:"ئەو سیاسەتمەدارانەی باس لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ بەعس دەکەن و ناشیانەوێ ڕیشەکێشی بکەن، ئەوانە نەفام و ساویلکەن، هێشتا لە مەترسی بەعس تێنەگەیشتوون!". ئەگەر ئەمە بیرکردنەوەی کۆنەبەعسییەک بێ، سەرانی کورد دەبێ چۆن بیر بکەنەوە؟!

لە ڕاسپاردەی سێیەمدا هاتووە:"بەڕێز سەرۆک مەسعوود بارزانی داوا لە ـ مەرجەع ـ ە ئایینییەکان بکا تا فتوا بدەن، بۆئەوەی کارەکانی تۆڵەسەندنەوە و لەناوبردنی جەستەیی لە دژی تاکەکەس و کۆمەڵەخەڵکەکان لەنێو کۆمەڵگادا قەدەغە بکرێن و، ئەم جۆرە کارانەش بە ـ ناشەرعی ـ دابنرێن". سەرانی کورد ئەگەر خۆیان نەیانەوێ تۆڵەی هەڵەبجە و ئەنفال و هەشت هەزار بارزانی و وێرانکردن و سووتماککردنی خاکی کوردستان و هەزاران تاوانی تریش، لە بەعسییان و کوردکوژان بکەنەوە، من پێموایە قەت مافی ئەوەیان نییە ڕێ لەبەر خەڵکانی تر بگرن تا وەها کارێک ئەنجام بدەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: مەرجەعی ئایینی گوێی لە عەرەب گرتووە تا بە قسەی کورد بکات؟! بڕوا ناکەم خەڵکی باشووری عێراق، بەتایبەتیش شیعەکان، وا بە ئاسانی لە جەللادانی خۆیان خۆش بن. ئەوان تەنانەت پەیامنێرە عروبییەکانی "ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە"شیان چاوترس و تەمێ کرد. دەستیشیان خۆش بێ!



لە کۆتاییدا لەوانەیە سەیرترین ڕاسپاردەی "کۆنگرەی ئاشتبوونەوە"ی هەولێری کوردستان، ئەو ڕاسپاردەیە بێ"ژمارە هەشت" تا "داوا لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی بکا بۆ بایەخدانی زیاتر بە بنیاتنانەوەی ناوچە باشوورییەکان کە لە هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق زیاتر

زیانیان بەر کەوتووە و، بایەخێکی ـ جدی ـ یانەش بە پرۆسەی دووبارە زیندووکردنەوەی هۆڕەکان بدرێت کە ڕژێمی پێشوو وشکی کردوون!". ئەم کۆنگرەی ئاشتبوونەوەیە هەر دەڵێی لە "بەسرە"ی باشووری عێراق گرێدراوە نەک لە "هەولێر"ی کوردستان. دیارە کوردستان لە سایەی سەری سەددام و ڕژێمە بەعسییە عەرەبییە ڕەگەزپەرستییەکەیدا چ ماڵوێرانی و کاولکارییەکی بەخۆوە نەبینیوە، تا شایەنی ئەوە بێ لە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی هەولێردا ئاماژەی بۆ بکرێ! ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عێراقدا چ کارێ نەماوە بە کورد و نیشتمانەکەیان نەکردبێ. ئەوە زیاتر لە هەشتا ساڵە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان لە بێژینگ و هێڵەگ دەدەن! "کۆنگرەی ئاشتبوونەوە"یەک کە لەکوردستان و لەسەر داوای کورد و بە پارەی کورد و بە سەرپەرشتی کوردیش ببەسترێ، کەچی لە هەمان کاتدا لە کۆی هەر پازدە ڕاسپاردەکەی خۆیدا، بە یەک وشە چییە نە ناوی "کورد" و نە ناوی "کوردستان"یشی نەهێناوە! هەزار تف و نەفرەت لەوانە بێ کە ئەم پازدە خاڵەیان داڕشتووە!



شایەنی باسە لە یەک لە کەناڵە کوردییەکاندا برادەرێک لەمەڕ کۆنگرەکەی هەولێر نموونەی ئەفریقای باشووری بۆ ئێمە دەهێنایەوە. حازر و بزر دەیویست ئەم کۆبوونەوەیە بە پرۆسەکەی ئەفریقای باشوور بچووێنێت. ئازیزەکەم هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم: جارێ برۆ بیرەوەرییەکانی ماندێلا بخوێنەوە، ئینجا چاوێک لە هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان و تەواوی کوردستان بکە و، پاشانیش وەرەوە

باسی ئەفریقای باشوور و پرۆسەکەی ئەوێندەرێمان بۆ بکە! چاک بزانە بەراوردکردنێکی نەزانانەش بە قازانجی بۆچوونەکەی تۆ ناشکێتەوە!!

ئەریّ خەڵکینە خۆ بەزۆری نییە، کورد و عەرەب برا نین و بڕایەوە!

ستۆکهۆڵم 29-3-2004

تێبینی: بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لە هەردوو ماڵپەڕی پارتی و یەکێتی وەرگیراوە.

* لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو کراوەتەوە.

# چای مەحموود: بەتامترین چای جیهان!*

کاتی خۆی کە هێشتا لە کوردستان بووم، بەیانییان زوو بەر لەوەی بە سواری پاسکل بە مەبەستی چوونە قوتابخانە ڕوو لە شارۆچکەی قوشتەپە بکەم، دەبوایە هەموو ڕۆژێک گوێ لە هەواڵەکانی ڕادیۆی "مۆنتیکارلۆ" و ڕادیۆی "BBC" بگرم. دەنگوباسەکانی ئەم دوو ڕادیۆیە کە بە زمانی عەرەبی بوون، هەرچەندە زۆر کەم خۆیان لە قەرەی باسی کورد و کوردستان دەدا، بەڵام هەر نا هەر نا لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی زوڕناژەنی بەعس، بە کوردی و عەرەبییەکەیەوە، بەراورد نەدەکران. شەوانیش گوێمان بۆ ڕادیۆ کوردییە "قاچاخەکان" شل دەکرد. دۆزینەوەی شەپۆلی ئەم جۆرە ڕادیۆیانە کارێکی ئاسان نەبوو، لێ دیسانیش وازمان لێیان نەدەهێنا و تامەزرۆی بیستنی هەواڵەکانیان بووین.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی. هەڵەبجەمان لێ شەهید کرا. ئەنفال کراین. گوندەکانمان کاول کران. بارزانییەکانمان حەواڵەی بیابان کران. کوردستانیان پڕ لە عەگالبەسەر کرد. لاوە کوردە فەیلییە بەغداییەکانمان زیندەبەچاڵ کران. کورد ڕاپەڕی. کۆچی چەند ملیۆنی کوردی بە دنیا ناساند. هەڵبژاردنمان ئەنجامدا. حکوومەت و پەرلەمانمان پێکهێنا. سواری سەروملی یەکتر بووین. یەکدیمان شەقوپەق کرد. دوژمنانمان هێنایەوە نیشتمان. لەتێکی کوردستانمان لەت لەت کردەوە. سەددامیان بۆ لە کونەمشک پەستاین. بەپێی خۆمان گەڕاینەوە بۆ دەوڵەتی "نەماو"ی داگیرکەری عێراق. ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر ڕێگا دەبڕین!

لەوانەیە ئەم ناوونیشانەی سەرەوەتان پێ سەیر و سەمەرە بێ و، بشپرسن: ئەم ناوونیشانە بۆچی؟! ئاخر لێتان ناشارمەوە لەم دوورەوڵاتییەش ئەوەی کە زیاتر ڕۆژانە بەدوایدا بچم و خۆمی بۆ ماندوو بکەم، تەنیا و تەنیا دەنگوباس و بەسەرهات و ڕووداو و پێشهاتەکانی کوردستانە. ئێ خۆ ناشوکری نەبێ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی خۆمان، بەتایبەتی کوردسات و کوردستان تیڤی، بەر لە دەنگوباس خوێندنەوە هەر دەڵێی دوکانی چافرۆشییان داناوە. بابایەکی وەکو من پێویستە هەر ڕۆژێک چەند جار گوێی لە "چای مەحموود"بێ. کوڕە بچکۆڵە تەمەن حەوت ساڵانەکەم، هەرکە "چای مەحموود" دەبیسێ، وەک ئەوەی لە دەشتێکی کاکی بە کاکی بژین، هەتا توانای تێدایە هاوار دەکات: بابە دەنگوباس دەستی پێکرد! ماوەیەک بەر لە ئێستاش

هاوڕێیەکی "بۆکان"یم بە سەردان هاتە لامان. تومەز ئەویش گوێبیستی "چای مەحموود" بووبوو، بێ ئەوەی سوحبەت بکا، هەر مەپرسە چۆن چۆنی پەسنی ئەم چایەی دەدا!

دوێنێ شەو لە برای هێژا کاک عارف باوەجانی ئیمەیلەکم بە دەست گەیشت. گەلێ پێی دڵخۆش بووم، چونکە ئەوە جاری یەکەمە ئەم برایە ئیمەیل بۆ من دەنێرێت. لە هەمان کاتدا زۆر پێی دڵگران و خەمگین بووم، لەبەرئەوەی ئەم هەواڵە ناخۆش و دڵتەزێنەشی لەگەڵدا ناردبوو: "تەقینەوەیەک لە ئۆردووگای ئەڵتاش/ڕۆژی 30-3-2004 دەنگی تەقینەوەیەکی توند لە ماڵی پەنابەرێک بەناوی عەبدوڵلا حەیدەری بەرز دەبێتەوە. دەستبەجێ 3 کەس دەکوژرێ و 1 کەس بریندار دەبێ و 3 ماڵیش دەڕووخێ. بەگوێرەی ئەو هەواڵەی کە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە وەرمانگرت، گوایە ئەو لاوانە چەند کیلۆ فافۆن و مزیان لە ماڵەعەرەبێک کڕیوە و کاتێک هاتوونەتە نێو ماڵی خۆیان، ویستوویانە بیبەن بۆ فرۆشتن و لەنێو ئەو بارەدا لەناکاو تەقینەوەیەک دەبێت. ئەوەی شایەنی دووپاتکردنەوە و گلەییکردنە ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕانە لەو ئۆردووگا پەنابەرییەدا ڕوو دەدەن، بەڵام بەداخەوە کەناڵی کوردسات و کوردستان تیڤی هیچیان باسی لێوە ناکەن، کەچی ئەگەر لە هەر شارێکی عێراق عەرەبێک بکوژرێت، دوو ڕۆژ باسی دەکەن؟؟ ناوی کوژراوەکان بریتین لە: شۆڕش حەیدەری، هێمن حەیدەری و بورهان هاشمی. ناوی برینداره‌کەش: عومەر بابایی".

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کاک عارف باوەجانی یەکێکە لەوانەی کە تاکو ئێستا چەندین جار لەسەر پرسی کوردە ئاوارە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئۆردووگای ئەڵتاش زانیاری و بابەتی بڵاو کردۆتەوە. لەم بوارەدا هەڵوێستی ئەو هەڵوێستێکی کوردانە و خەمخۆرانە بووە. بەداخەوە کەناڵە کوردییەکانی نموونەی کوردسات و کوردستان تیڤی ئەوەندە لەسەر ئێش و ئازار و گرفتەکانی ئەو کوردە پەراگەندانە هەڵوەستەیان نەکردووە کە جێگای دڵخۆشی بێ بۆ مرۆڤ. لە هەمان کاتیشدا پێمخۆشە بە کاک عارف بڵێم: ئەم دوو کەناڵە کوردییە تەنیا لە بابەتی کوردە لێقەوماوەکانی ئۆردووگای ئەڵتاش کەمتەرخەم و نووستوو نین، بگرە زۆر ڕووداو و بەسەرهات لەناو باشووری کوردستانیش دەقەومێن، کەچی پەیامنێران و کارمەندانی ئەم دوو کەناڵە خۆیانی لێ گێل دەکەن. جاری وا هەیە لە کەناڵە عەرەبییە فاشییەکان، جا لەبەر هەر هۆیەک بێ، گوێبیستی ئەو هەواڵانە دەبین کە تایبەتن بە باشووری کوردستان. هەندێ جاریش کە ئێمەمانان تەلەفۆن بۆ کوردستان دەکەین، ئینجا ڕاستی و دروستی هەواڵەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. یان بۆ نموونە کورد لە ئەوروپا لە پێناوی

سەربەخۆیی کوردستان ڕێپێوانیان ساز دەدا، ئەوان باسیان لە فیدرالی و میدرالی دەکرد! تەنانەت لەمەڕ ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی شاری "قامیشلی"ش درەنگ وەخۆ کەوتن!

ئەگەر کوردە ئاوارە هەژار و نەدارەکانی ئۆردووگای ئەلتاش، خودان کەسانێکی خواپێداو و سەرمایەدار و ماستاوساردکەرەوە و چی و چی تر بان، ئەوسا کوردسات و کوردستان تیڤی لە چەشنی "چای مەحموود" و "مافووری ئێرانی" و "کەرەسەی ناومالّی تورکی" و "مۆبیلاتی ئەرەبیسک" و زۆری دیکەش، لەسەریان دەکردە هەللا و زوو زووش ئەوانیان بەسەر دەکردەوە. ئەگەر نا بۆ سەرانی کورد لە باشوور چاویان بە "عەبدوللای حەسەنزادە" و ئەم و ئەو دەکەوێ، بەلام لە تەلەفزیۆنەکانی خۆیاندا تەنیا ئەو هەوالّ و دەنگوباسانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و کوردانی وێندەرێ هەلدەبژێرن کە خۆیان مەبەستیانە و بەس!

کەنالێکی وەکو کوردسات کە خووی بە "مەقاماتی عێراقی" گرتووە، خۆ لە دەمی کەم نابێتەوە ئەگەر جارناجاریش باس لە دەرد و مەینەتییەکانی کوردانی بێچارەی ئەلتاش بکات. ئەم هەموو "مێرگ و چیمەن" و "ژوانی ستران" و "دونیامز" و گۆرانییە کوردییە ـ ئەوروپاییانەی "کوردستان تیڤی"ش، بە بلاوکردنەوەی هەوالێکی سادە و ڕاست لەسەر کوردە ڕۆژهەلاتییە ئاوارەکانی ئۆردووگای ئەلتاش، جێیان لەق نابێ و مەکینەش نین تا لە کار بکەون! هەر بۆ نموونە لە کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانە وا زەق زەق تەماشای کوردستان تیڤی دەکەم و، "کازم ساهیر"ی گۆرانیبێژی سەددام و بەعس، سترانی "انا و لیلی" دەلێت. ئەو کازم ساهیرەی کە لە پێناسەکردنی سەددام حوسێندا کەس گرەوی لێ ناباتەوە!

پارتی و یەکێتی قەت نابێ چاکەی کوردانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیان لەبیر بچێتەوە. کوردی ڕۆژهەلات لە ڕۆژی تەنگانەدا هەمیشە پشت و پەنای کوردی باشوور بووە. لە دوای ڕووخانی بەعس و لەناوچوونی ڕژێمی عەرەبی ڕەگەزپەرستی عێراق، مەسعوود بارزانی و جەلال تالەبانی دەبووایە ئاوڕێکی کوردانە و دلسۆزانە لەو کوردە دەربەدەر و لێقەوماوانەی ئۆردووگای ئەلتاش بدەنەوە. ئەگەر بە کارێکی وەها هەستابان، گومانم لەوەدا نییە لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازییان بۆ خۆیان لە دیرۆکی کورد و کوردستان تۆمار دەکرد! ستۆکهۆلم 1ـ4ـ2004

* لە مالپەڕە کوردییەکاندا بلاو کراوەتەوە و لە ڕادیۆیەکی ناوخۆی کوردیش لە ستۆکهۆلم خوێنراوەتەوە.

# باشووری کوردستان و چەند پرسێکی گرنگ*

ڕووخاندنی بەعسی ڕەگەزپەرست لە 9ی نیسانی 2003 لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمەریکا، بە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ و بەرچاو لە دیرۆکی نوێی عێراق و باشووری کوردستان و ناوچەکەش دادەنرێت. ئێمە ئەگەر خۆمان لە هەندێ وردەکاری و پێشهاتی جۆراوجۆر بەدوور بگرین، چاک لەوە تێدەگەین بە نەمانی ئەم ڕژێمە عەرەبییە سەرکوتکەرە، زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتەی کە پێموایە بە ناهەق ناوی (عێراق)ی بەسەردا براوە، نەک هەر هەوای ئازادییان هەڵمژی و بەس، بگرە دەوڵەتانی دراوسێ و تەواوی دەڤەرەکەش لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی قۆناغی دوای نەمانی بەعس زەندەقیان چووە و، ڕۆژ تا ئێوارە حیسابی چارەنووس و داهاتووی خۆیان دەکەن. دیارە ئەم مەسەلەیەش بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی گرتۆتەوە کە هەریەکە و بەشێکی خاکی کوردستانیان لەژێر دەستدایە و، زۆر بە وردیش چاو لەوە دەکەن داخوا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردان لە باشووری کلوردستان بەرەو چ ئاقارێک مل دەنێت.

سەردەمی پێش لەناوبردنی بەعس کورد لەوە دەترسا، ئەو سەربەخۆییەی کە چەندین ساڵە بە خوێنی سەدان هەزار شەهید بە دەستی هێناوە، دوای نغرۆبوونی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و لەناوچوونی بەعسی عەفلەقی، دەبێ چی بەسەر بێت. هەمووشمان ئەوەمان بینی کەوا چۆن ڕژێمی سەددامی جەللاد و خوێنمژی کورد، بە پێچەوانەی گەلێ بۆچوونی چاودێران و شارەزایان، زۆر لەوە زووتر هەرەسی هێنا کە چاوەڕوان دەکرا. ئەو ڕژێمەی کە لەبەردەم گەلی بندەست و ڕزگاریخوازی کورد بە تایبەتی و خەڵکانی تریش بە گشتی کەڵەگا خۆی نیشان دەدا، کەچی لە ماوەیەکی کەمخایەندا بەرگەی هێزە ئەمریکاییەکانی نەگرت و، لە نموونەی بەفری بەهار توایەوە.

سەرەڕای ئەم ڕاستییە حاشالێنەکراوەی سەرەوەش، لێ دیسان قۆناغی دوای نەمانی ڕژێم کۆتایی پێ نەهاتووە و، بۆ گەلێکی ئازادیخوازی وەکو کورد سەردەمی هەنووکە زۆر چارەنووسسازترە لە سەردەمی بەر لە لێدانی بەعس و لەناوچوونی ڕژێم. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ لە پاش 9ی نیسانی 2003 قەوارەیەک بە ناوی (دەوڵەتی عێراق) لە گۆڕێدا نەماوە. ئەوەی هەیە و نییە بریتییە لە پاشاگەردانییەکی بێ سەروبەر. وێڕای گشت کەموکوڕییەکیش نیشانەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بەرقەراربوونی یاسا و ئاشتی و ئارامی تەنیا لە سایەی حکوومەت و ئیدارەی

کوردیدا بەدی دەکرێن. دیارە ئەم قسەیە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت ئێمەمانان چاو لە کردەوە چەوت و دزێو و ناکوردستانییەکانی پارتی و یەکێتی دەپۆشین. نەخێر و هەزار جاریش نەخێر! بەڵام ڕاستییەکان دەبێ وەک هەن، پیشان بدرێن و ئاماژەیان بۆ بکرێ.

لە ڕەوشی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا پرسگەلێک لە ئارادان تا بڵێی گرنگ و نەتەوەیی و کوردستانی و چارەنووسسازن. دەستبەرداربوون لێیان یا چارەسەرنەکردن و هێشتنەوەیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و نادیار، بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کوردستاندا نییە و، سەرانی کورد و هێزە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی باشووری وڵات پێویستە کوردانە بیریان لێ بکەنەوە و بە هەندیشیان هەڵبگرن. ئەنجامنەدانی وەها کارێک نە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و نە لە بەرژەوەندی خودی ئەو پارت و ڕێکخراوە کوردییانەشدا دەبێت.

ڕاستە بەعس وەکو ڕژێمێکی شۆڤێنی و دەسەڵاتداری تاکڕەو و دیکتاتۆر شکستی هێناوە، بەڵام هێشتا چەندین کێشە و مەسەلەی بەرچاو لە ئارادا ماون و چارەسەریان بۆ نەدۆزراونەتەوە. ئەوەی تایبەت بێ بە کورد و دۆزە رەواکەی، دەشێ لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەین:

(1) دوای بڕیاردان لەمەڕ (قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق) بە شێوەیەکی کاتی، ئەو شار و شارۆچکە و شوێنە هەرە گرنگ و دەوڵەمەندە کوردستانییانەی کە پێشتر لەبن دەسەڵاتی کاولکاری بەعسدا دەیاننالاند، زۆر جێی داخە ئەم پرسە چارەنووسسازە لە بنەڕەتەوە چارەسەر نەکرا و بە هەڵواسراوی وازی لێ هێنرا. گەڕاندنەوەی ئەو دەڤەرە کوردستانییانە بۆ نێو باوەشی خاکی نیشتمان بە یەک لەو پرسە گرنگانە دەژمێردرێت کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد، نەدەبوو و ناشبێ، بەم شێوەیە مامەڵەی دەگەڵ کردبا و بکا. ئایا ڕەوایە وا بە ئاسانی پرسی شارێکی وەک کەرکووکی کوردستان بۆ دواڕۆژ بهێڵیتەوە؟ بە تایبەتیش دواڕۆژێک نە سەری دیارە و نە بن!!!

(2) دیاریکردنی سنووری باشووری کوردستان خاڵێکی گەلێ گرنگە کە هێشتا بە هەڵواسراوی هێشتراوەتەوە. بە بۆچوونی کەسانێکی کوردپەروەر و کوردستانی دیاریکردنی ئەم سنوورە زۆر لە مەسەلەی فیدرالی گرنگتر و مەزنترە. لە هەمان کاتدا هەندێ شار و شارۆچکەی باشووری کوردستان، هەر بۆ نموونە (بەدرە)ی هەنووکە لکێنراو بە پارێزگای (واسیت)، چارەنووسەکەی گەلێ ناڕوون و نادیارە. تەنانەت لە

قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراقیشدا ئاماژەیەک بەو ناوچە و هەرێمە کوردستانییانە نەکراوە.

(3) دوای یەک ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا، ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە هەزاران کوردی ئاوارە و وەدەرنراو، چاوەڕوانی ئەوەن بگەڕێنەوە سەر زێد و وار و خاکی باب و باپیرانی خۆیان. تەنانەت ئەوانەی کە گەڕاونەتەوەش تووشی گێچەڵپێکردن و هەڕەشە و زۆرداری هاتوون. کەرکووک نموونەیەکی بەرچاوە و ناتوانین خۆمانی لێ گێل بکەین. شایەنی باسە ئەم مەسەلەیە تەنیا ناوچەی گەرمیان ناگرێتەوە. لە دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانیشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە.

(4) سەرانی کورد لە جیاتی ئەوەی باس لە (ئاشتەوایی) و (ئاشتبوونەوە) دەگەڵ بەعسییاندا بکەن، با بچن سەری گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کوردان لە بیابانەکانی عەرەبان هەڵبدەنەوە و ئاوڕێکیش لە قوربانییانی کیمیاباران و ئەنفال و سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و کۆچپێکردنی زۆرەملێیانەی خەڵکی بێتاوانی کورد بدەنەوە. تاوانباران دەبێ بە سزای موستەحەقی خۆیان بگەن نەک لە هەولێر و هاوینەهەوارەکانی کوردستان پێشوازییان لێ بکرێ!

(5) بەگوێرەی دەستووری کاتیی عێراق کوردی بووەتە زمانی فەرمی لە عێراقدا. ڕێک بە پێچەوانەوە لە چەندین بۆنە و کۆبوونەوە و دانیشتنی جیا جیا و کۆنفرانسی ڕۆژنامەڤانیدا، ئەوەی دەبینرێ و دەبیسترێ ئینگلیزیی ئەمریکایی و عەرەبیی عێراقییە. کوردەکە خۆشی، لەبەر خاتری برای عەرەبی چاوڕەشی(؟؟؟)، بە زمانی قورئان دێتە گۆ. لە وڵاتی فینلەند سوێدی زمانێکی فەرمییە. لە هەموو شوێنە گشتییەکان و دام و دەزگا فەرمییەکاندا هەردوو زمان، سوێدی و فینلەندی، بەکار دەبرێن. لە کاری ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنی و پەروردە و خوێندن و، بە کورتی سوێدی مینا فینلەندی بایەخی پێ دەدرێت. من خۆم باوەڕ ناکەم ڕۆژێ لە ڕۆژان عەرەب ئەوەندە جوامێر بن تا بایەخ بە زمان و فەرهەنگ و کەلەپووری کورد و گەلانی دیکە بدەن. ئەرێ بە ڕاست تۆ بڵێی لەسەر پوولی پۆستە و دینار و ئاڵا و هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تر، کوردی و عەرەبی دەست لەملانێی یەک بن؟ هیوادارم ئەم ڕەشبینییەی من بێ بناغە بێ و لەم بۆچوونەشمدا بە هەڵەدا چووبم.

(6) پێشمەرگەی کوردستان کە بووەتە هێما و نیشانەی خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کورد لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا، ئەمڕۆ وردە وردە لەنێو بەناو (سوپای نوێی عێراق)دا دەتوێنرێتەوە یان دەکرێتە پاسەوانی دارستان و سنوورەکان. بێگومان

پاراستنی سنوورەکانی کوردستان کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، بەڵام پاراستن لە کێ و بۆچی و بە چ شێوەیەک؟ سەد حەیف و مخابن ناوی پێشمەرگە کە بە ڕاستیش ویژدانی زیندووی گەل و نەتەوە بووە، بەم شێوەیە لە بیری خەڵک ببرێتەوە و حیسابی ڕاستەقینەی خۆی بۆ نەکرێت. دیارە لێرەدا کە باس لە پێشمەرگە دەکەم، مەبەستم لە ساڵانی شەڕی ناوخۆیی و کوردکوژی نییە، بەڵکو من زێدەتر داکۆکی لەو مرۆڤە پێشمەرگە بەرجەرگانە دەکەم کە هەمیشە گیانفیدای کورد و کوردستان بوون. بە ساڵانە خەمخۆرانی ئەم نەتەوەیە هاوار دەکەن: با لەشکرێکی کوردستانی و یەکگرتوو پێکبێ! لێ ئەوەی جێی داخە سەرانی پارتی و یەکێتی پێ لەسەر دروستکردنەوەی سوپای عێراقی (نەماو و ڕووخاو) دادەگرن!

(7) هەر گەل و نەتەوەیەک، تەنانەت ئەوانەی بێ دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەییشن، شتێکیان هەیە پێی دەگوترێت (ئاسایشی نەتەوەیی). ئایا لە باشووری کوردستان، بە تایبەتیش دوای نەمانی بەعس و تێکەڵاوبوونی کارت و بەرژەوەندییە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و جۆراوجۆرەکانی دیکە، کاتی ئەوە نەهاتووە، بۆ ئەوەی سەرانی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان بیر لەو خاڵە گرنگە بکەنەوە و (ئاسایشی نەتەوەیی) کوردیش بە قوربانی چ ئامانج و بەرژەوەندییەکی تر نەکەن؟

(8) کوردستان کە خاکێکی دەوڵەمەند و بەپیت و بەرەکەتە، با لە بواری بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەدا لەمە زیاتر نەبێتە مەیدانی تەراتێنی کۆمپانیا تورکی و ئێرانی و عەرەبییەکان. چ گومان لەوەدا نییە نیازی گڵاوی ئەم کۆمپانیایانە بەر لەوەی بازرگانی و ئابووری و پارە پەیداکردن بێ، مەرامی سیاسی و سیخوڕی و داگیرکارییە. خۆ سەرمایەدارانی کورد کەم نین، پارتی و یەکێتی با ڕێخۆشکەر و هاندەر بن بۆ سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانی، نەک سەرمایەی تورکی و ئێرانی و عێراقی و عەرەبی و بیانی.

(9) پێش دەرچوونی (قانوونی بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عێراق)، بابەتی ڕاپرسی یان (ڕیفراندۆم) لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بە گەرمی باسی لێوە دەکرا و کاری بۆ دەکرا. هەردوو کەناڵە ئاسمانییە حیزبییەکەش (کوردسات و کوردستان تیڤی) بە بەردەوامی لەمەڕ پرسی ڕیفراندۆم هەواڵیان بڵاو دەکردەوە و، بەرنامەی هەمەچەشنیان پێشکەش دەکرد. ئایا بە دەرچوونی قانوونێکی ناتەواو و سەقەتی وەک (قانوونی بەڕێوەبردنی کاتی)ی دەوڵەتی هەڵوەشاوەی عێراق هەموو شتێ کۆتایی پێ هات؟ ئەی کۆکردنەوەی یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار دەنگ بۆ چ بوو؟

ئەم هەموو هەوڵ و ماندووبوون و ناو کۆکردنەوە و پارە خەرجکردن و کات لە دەستدانە لە پێناو چی بوون؟ گەلۆ تەواوی مەسەلەکە هەر پڕوپاگەندەیەکی کوردیی - حیزبی بوو یان..؟! بێگومان چەندین پرسیاری تریش هەن کە پێویستیان بە بەرسڤ و وەرامدانەوەیە.

(10) پارتی و یەکێتی لەبەر هیچ نا، لەبەر خودی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان نەدەبوو بە چ شێوەیەک، کەسانێکی خیانەتکار و فایلدار بگەڕێننەوە نێو ڕیزەکانیان. هەندێ لەو ناپاک و بەکرێگیراوانەی بەعس ڕۆژانە لەسەر تەلەفزیۆنەکانیان دەبینرێن و لە هۆڵی پەرلەمانیشدا دەسووڕێنەوە! دەترسێم بەرژەوەندی ئەم دوو پارتە دەسەڵاتدارەی کوردستان شتێکی وای گەرەک بێ؟!

(11) مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان ئەوەندە گرنگ و چارەنووسسازە، دەبوو خاڵی هەرە پێشەوەی ئەم باسە بێ. ئەم بابەتە هێندەی لەسەر نووسراوە و گوتراوە، گەر ئەمڕۆ لە هەر تاکێکی ئەم نەتەوەیە بپرسیت، لەم بارەیەوە وەستا و شارەزایە و سەرانی کوردیش بە شاگردی خۆی نازانێت. لێ ئەوەی جێی داخ و حەسرەتە لەناوچوونی بەعس و گرتنی دیکتاتۆرە دەمبەخوێنەکەی بەغدا و، بگرە کارەساتی یەکی شوباتی خوێناوی هەولێریش، ئەمانە هیچیان نەبوون بەهۆی لێکنزیکبوونەوە و ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد، بەو جۆرەی کە ڕۆڵەکانی داوای دەکەن و لەسەریشی سوورن. هەموو کەس دەپرسێ: پارتی و یەکێتی کەی لە کەلی شەیتان دێنە خوارێ و بیرێکیش لە داواکارییە جەماوەرییەکانی خەڵکی بەئەمەکی کوردستان دەکەنەوە!

ئەم خاڵانەی کە لەم نووسینەدا ڕێز کران بریتین لە چەند پرسگەلێکی ڕەوشی ئەوڕۆی باشووری کوردستان. دیارە ئەمانە گشت مەسەلە و بابەتە چارەنووسسازەکان نین. من لێرەدا بە شێوەیەکی خێرا و سەرپێییانە ئاوڕێکم لە ڕەوشی سیاسیی ئەوڕۆی باشووری کوردستان دایەوە. پێشتر لە سات و دەمی ڕووداوەکانی تایبەت بەم پارچەیەی کوردستان نووسین و بابەتی جۆراوجۆرم بڵاو کردۆتەوە. زۆربەی ئەو بابەتانەش لە ماڵپەڕە کوردییەکان و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بڵاو کراونەتەوە. هیوادارم ئەم چەند دێڕانە لە سوود و بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا بن. ستۆکهۆڵم 6-4-2004

* بارزان، ژمارە 44، ئۆکتۆبەری 2004، ئەمەریکا.

# سەرانی کورد عێراقی ڕووخاو بنیات دەنێنەوە*

لە 9-4-2003ەوە دەوڵەت یا قەوارەیەکی فەرمی بە ناوی "عێراق" لە ئارادا نەماوە و، هەر کەس و لایەنێکیش پێچەوانەی ئەمە قسەیەکیان هەبێ، بیانەوێ و نەیانەوێ، خۆیان و خەڵکانی دیکە بە هەڵەدا دەبەن و دووچاری سەرلێشێوانیشیان دەکەن. گەر کەمێ دوورتر ئاوڕێک لە دواوە بدەینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە لەو ڕۆژەی ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستی عەرەبی، دەستی کرد بە کێشانەوەی دام و دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆی لە کوردستانی بەزۆر پێکەوەلکێنراوی ئەو دەوڵەتەی کە ناوی "عێراق"ی لێ نراوە، عێراق وەکو دەوڵەت شیرازەی تێکچوو و لە بن و بۆتکەوە ڕەگی بەدەوڵەتبوونی بەرەو وشکبوون و نەمان هەنگاوی نا. لە هەمان کاتدا سەپاندنی چەندین مەرجی نێودەوڵەتی و تایبەت بە ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەک نەتەوە"دەوڵەتە" یەکگرتووەکان بەسەر ڕژێمی بەعسی ڕووخاودا، خۆی لە خۆیدا بووە هۆی لاوازبوون و لەناوچوونی بەکاوەخۆی "عێراق" وەک دەوڵەتێکی خاوەن قەوارە و سەروەری. سەبارەت بە هۆکار و فاکتەرەکانی ئەم مەسەلەیە زۆربەمان ئاگاداری گشت دەستدرێژی و تاوانە گەورە و هۆڤەکانی سەددام حوسێن و ڕژێمە بەعسییە عروبەوییەکەی ئەوین. هەربۆیە لێرەدا ئەوەندە بە پێویستی نازانم جارێکی تر بچمەوە سەر ئەم بابەتە و لێی بدوێم.

گومان لەوەدا نییە ڕۆژی 9-4-2003 بە یەک لە ڕۆژە گرنگەکان لە دیرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە دادەنرێ. هەر کەسێ گەر تۆزقاڵێ هەستی مرۆڤایەتی لا هەبێ، دەبێ بە نەمانی دیکتاتۆرێکی وەک سەددام حوسێن شاد و سەرمەست بێ. لام وابێ ئەمەیان مەسەلەیەکە زۆربەمان لەسەری ڕێکین.

کورد کە لەم هاوکێشە سیاسییە بەرچاوەدا ڕۆڵی دیاری خۆی هەبووە، دۆست و دوژمنیش ئەمەیان درکاندووە، بەڵام ئایا دوای یەکساڵی تەواو بەسەر نەمان و ڕووخانی عێراقی بەعس کورد چی بە چی کردووە و، هەنگاوی ڕووەو کوێندەرێیە؟ پێموایە هەر تاکێکی نەتەوەی کورد ئەرکی سەرشانێتی کە پرسیارێکی وەها لە خۆی بکات و بە دوای بەرسڤەکەشیدا بگەڕێت.

زۆر بە کورتی دەتوانین بڵێین: پرسە هەرە چارەنووسساز و گرنگ و نەتەوەیی و دیرۆکی و کوردستانییەکان نەک هەر چارەسەر نەکراون، بگرە بە هەڵواسراوی هێشتراونەتەوە. تەنیا بۆ نموونە: کەرکووک، ئاوارە و دەربەدەرکراوەکان، سنووری

کوردستان، سامانی دەوڵەمەندی سەر خاک و بن خاکی کوردستان، سیاسەتەکانی بەعەرەبکردن و گەلێ پرسی گرنگ و مەزنی دیکەش. سەرباری ئەمانە هەموویان لە کوردستانی ژێر فەرمانڕەوایی پارتی و یەکێتی هێشتا باس لە "دابەشکردنی کارەبا بە شێوەیەکی یەکسان"، لە نێوان هەردوو "ئیدارەی هەرێم؟" دەکرێ و، کوردستانیشیان کە لێ کردین بە "هەرێم"، بە لەتکراوی هێشتۆتەوە. سەرانی پارتی و یەکێتی ناتوانن کوردستان بکەنەوە بە یەک، بەڵام زۆر ئازان بۆئەوەی کۆنەبەعسییان و جەللادانی کورد لە هەولێر و ئێرە و ئەوێی وڵات کۆ بکەنەوە و، سەودای "ئاشتەوایی" و "ئاشتبوونەوە" و "برایەتی کورد و عەرەب"یان دەگەڵدا بکەن. بارزانی و تاڵەبانی ئەوەندەی لە "بەغدای پایتەخت" یەکتر دەبینن، چارەکی ئەوەندە لە سلێمانی و هەولێر سڵاوێکی کوردانە لە یەکدی ناکەن!

مرۆڤ کاتێ گوێی لە دەنگوباسی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردسات و کوردستان تیڤی دەبێت، بە تایبەتیش لەم ڕۆژانەدا کە شیعە دواکەوتوو و بەعسییە خوێنخۆرەکان کلکییان کردۆتە یەک، ڕۆژ نییە باس لە کۆبوونەوەی گرووپی کوردی نەکرێت کە لە بەغدا باسیان لە ڕەوشی وڵات"عێراق نەک کوردستان" کردووە و، داکۆکییان لە سەروەرێتی و یەکپارچەیی و یەکگرتوویی "عێراق"یش کردووە. هەر تەنیا لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا چەند جارێک تاڵەبانی و بارزانی لە بەغدا یەکتریان بینیوە و باسیشیان لە ڕەوشی نائارامی وڵاتی خۆیان"عێراق" کردووە. تۆ بڵێی لە "عێراق" عەرەب دوایان بڕابێ و قڕیان تێکەوتبێ، تەنیا کوردە حەیاتەکە لەگۆڕێدا مابێ تا لەبری ئەوانیش خەمخۆریی خۆی بۆ "یەکێتی نیشتمانیی خاکی عێراق" دەربڕێ؟! ئەرێ بە ڕاست مێژوو دیسان خۆی دووبارە ناکاتەوە: ئەدی لە بیستەکانیشدا زۆر لە گەورەلێپرساوانی سەربازی و ئیداریی دەوڵەتی تازەچێکراوی ئەوسای عێراق هەر کورد نەبوون؟ ئەو عێراقەی کە دواتر لە شەڕ و کوشتار و ئەنفال و کیمیاباران و کاولکاری و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوی نەژادی زیاتر، چ خێرێکی دیکەی بۆ کورد و کوردستان پێ نەبوو! ئایا چ گەرەنتییەک هەیە کە "عێراق"ی پاشەڕۆژیش، عێراقی ڕکبەرکێ و ناتەبایی و دژبوونی بەرژەوەندییەکان، هەر هەمان ڕێچکەی عێراقی ڕووخاو نەگرێتە بەر؟ خۆ ئەگەر شتێکی وا بێتە پێشەوە، کورد هەزار جاریش بڵێ: "سەد هەزار خۆزگەم بە کفندز!"، ئەمە دادی نادات و لە کارەسات و مەرگەساتیش ڕزگاری ناکات.

بەناو "عێراق"ی ئێستا کە باشوورەکەی گڕی تێبەر بووە و، دەیەوێ بەرەو تاریکاییەکانی 1400 ساڵ بەر لە ئێستا بگەڕێتەوە. . هەرچی ناوەڕاستەکەیەتی هێشتا لە پەلەقاژێی ئەوەدایە بە دوای "قائیدولزەروورەیەک"دا بگەڕێت و تاجی زێڕینی بەعس و عرووبەی لەسەر بنێت. . "شیمالە حەبیب"ەکەیشی کە بە داری زۆر پێیەوە لکێنراوە، ڕۆڵەکانی نایانەوێ بە چ شێوەیەک جارێکی دیکە ببن بە کۆیلەی دەستی عەرەبە ڕەگەزپەرست و عەمامەبەسەرەکانی نەجەف و کەربەلا و کووفە. . ڕێک لەو ساتە چارەنووسسازانەدا سەرانی کورد باس لە "بنیاتنانەوەی عێراقێکی نوێ" و "دامەزراندنی سوپای نوێی عێراق" و "بەشداربوونی پێشمەرگە وەک بەشێک لەو سوپایە" و "ئاشتەوایی و ئاشتبوونەوە و یەکێتی نیشتمانی" و "برایەتی کورد و عەرەب" و "پاراستن و سەروەرێتی یاساو دەوڵەت" دەکەن. من نازانم دەوڵەتێک کە بە شێوەیەکی فەرمی چ جۆرە هەبوونێکی نەبێ، داخوا دەبێ چۆن چۆنی بپارێزرێ؟!

داکۆکیکردن لەیەکێتی و یەکپارچەیی دەوڵەتانی داگیرکەر و دابەشکەری کوردستان قەت لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورددا نەبووە و نابێ. تەنیا مافی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن داخوا دەیانەوێ لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکانی تورک و عەرەب و فارس بژین یان نا. پێچەوانەی ئەمە ناپاکیکردنە لە خوێنی شەهیدانی سەربەرز و نەمری کوردستان! ستۆکهۆڵم 10-4-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەوان کە کورد لە ژیان بکەن، چۆن شەق لە هونەر نادەن؟!*

لە ماڵپەڕی (دەنگەکان) نووسراوەکەی کاک کاوان قادر(20-4-2004)، سەبارەت بە پەیکەر ڕووخاندن لە شاری سلێمانی، سەرنجی ڕاکێشام. کاک کاوان دڵی خۆی بۆ هاوزمان و هاووڵاتییانی کورد کردۆتەوە و، لە هەمووان دەپرسێ: بۆچی لە سلێمانیی کوردستان، پەیکەرەکان، لە لایەن کورد خۆیەوە دەڕووخێنرێن و (تیرۆر دەکرێن)؟ ناوبراو لە بابەتەکەیدا نموونەیەکی لەمەڕ (پەیکەری ئازادی)ی شاری نیویۆرک هێناوەتەوە، کە لە ساڵی 1886 لەسەر دەستی پەیکەرسازێکی فەڕەنسی چێکراوە و، بووەتە هێما و (سامانێکی گەورەی ئابووری)ی وڵاتەکەش، چونکە ساڵانە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بە مەبەستی بینینی ئەو پەیکەرە ڕوو لە نیویۆرک دەکەن.

لە هەمان کاتدا کاک کاوان بانگەوازێکی ئاڕاستەی گشت ئەو کەسانە کردووە، ئەوانەی کە دڵیان بۆ هونەر و ئەدەب لێدەدا، تا دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی پڕ لە ئازار و گریاناویی ئەو هونەرمەندانەی بێ پاداشت ئەم کارە هونەرییانەیان ئەنجام داوە و، ئەمڕۆش چاویان لە هاودەردی و هاریکاریی هەموو لایەکە. هەروەها ئەو داوا دەکا: هێرشی لەم جۆرە ڕابگیرێ و دووبارە نەبێتەوە، لێپرسراوانی ئەم کارە بدرێن بە دادگا و پارەوپوولیش تەرخان بکرێن بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەم پەیکەرانە لە شوێنی شیاودا.

بێگومان ڕووخاندن یا تێکشکاندنی پەیکەر چ پەیوەندییەکی بە پێشکەوتن و کۆمەڵگای شارستانی و چی و چی ترەوە نییە. کاتی خۆی تالیبانە ڕیشپانەکانی ئەفغانستان، سەرەڕای ئەو هەموو داخوازی و پاڕانەوە و نامە ناردن و ناڕەزایی دەربڕینە جیهانییەش، هەر لە کەلی شەیتان نەهاتنە خوارەوە و، پەیکەرە دەگمەنە دیرۆکییەکەی (بوودا)یان هەپروون بە هەپڕوون کرد. ئەوان بەم کارە ناسەردەمییەیان لاپەڕەیەکی ڕەش و قێزاوییان بۆ خۆیان لە مێژوودا تۆمار کرد. دیارە ئەمە بە چ شێوەیەک بە مانای ئەوە نایەت کە خەڵکی ئەفغانستان، هەر هەموویان، بە شێوەی تالیبانەکان هەڵسوکەوت دەگەڵ



پاشماوه دێرین و هونەری و بەجێماوه دەگمەنەکانی وڵاتەکەیان دەکەن. نەخێر و هەزار جاریش نەخێر! ئەوه بڕیار بەدەستانی نەزانن که وەها کارێک ئەنجام دەدەن نەک ڕەش و ڕووتانی نەتەوه بندەست و چەوساوه و خۆشی له خۆ نەدیوەکان.

ماوەیەک بەر له ئێستا له کەناڵی کوردسات، برێ له خەمخۆرانی شاری سلێمانی به بینەران پیشان دران، که لەهەمبەر ڕماندن و کاولکردنی خانووبەره کۆنەکانی هەندێ شوێنی سلێمانی، دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرز کردبۆوه. تۆ بڵێی گوێ له داواکارییەکانیان گیرابێ؟

ئەگەر دەسەڵاتدارانی شار و شارەوانییەکەی سلێمانی ئەوەنده بەتەنگ جوانی و ڕازاوەیی و (نەخشەی تازە)ی ئەم شاره کوردستانییەوەن، یەکەمین و گرنگترین و پیرۆزترین و لەبارترین و کوردانەترین و کوردستانیترین کار، که زۆر به ئاسانیش دەتوانن پێی هەستن، هێنانه خوارەوەی ئاڵا ڕەش و نەگریس و خوێناوی و ناحەز و چەپەڵەکەی بەعسه لەسەر باڵەخانه و دامەزراوه فەرمی و جێگا گشتییەکانی شاری هەڵمەت و قوربانی. به جێبەجێکردنی کارێکی وەها کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی کورد جوانترین و نەتەوەییترین خزمەت پێشکەش به خەڵکی کۆڵنەدەری سلێمانی دەکەن. دڵنیاش بن به نەمانی ئاڵای قڕێژی بەعس، که لەبن سێبەریدا کورد ئەنفال و کیمیاباران کرا، شاری سلێمانی بەدەوتر دەبێ و، دەشبێته بووکی ڕازاوەی کوردستان!

ئێمه له شەڕی خۆترێن و کوردکوژانەی نێوان پارتی و یەکێتیدا بینیمان کەوا چۆن پەیکەرەکانیش له دەست ئەو جانەوەرانه ڕزگاریان نەدەبوو. هەندێ لەو دیمەنانه کاتێ له تەلەفزیۆنه ئەوروپاییەکان نیشان دەدران، ئارەقەی شەرمەزارییان له نێوچەوانی ئێمەی کوردی دوورەوڵاتدا دروست دەکرد.

ئەگەر (ئاپێ مووسا) جارێکی دیکه زیندوو بووبایەوه، ماڵم قەبره، تفی خەستی حەواڵەی کەسانێکی کورد دەکرد، ژبەر کو قەدرێ شەهیدێن خوه نزانن! ئەرێ به ڕاست خۆ پەیکەرەکەی ئەویش له سەردەمی فەرمانڕەوایی کوردیدا کەڵبەی شۆڤەڵی بەر کەوت!

کوردێ که کوردێکی تر له ژیان بکا، شەق له هونەر و پەیکەریش دەدا!

<u>ستۆکهۆڵم 21-4-2004</u>

* له ماڵپەڕه کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوه.

# ئایا کورد تۆڵەستێنە؟*

دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتی زۆردار و سەردەست و ڕەگەزپەرستی ناوچەکە، هەمیشە کوردی لە بارێکدا هێشتۆتەوە کە داکۆکیکەر بێ لە خۆی نەک تۆڵەستێن و هێرشبەر. ئەو پەندەی کە دەڵێت (چیاکان تاکە دۆستمانن)، هەر خوت و خۆڕا لە خاکی کوردستان هەڵنەتۆقیوە، بەڵکو دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەزموونە تاڵ و چەوساندنەوە بێ وێنەکان و، ئەو شکستی و نوشووستییانەش بووە کە یەخەی کوردیان بەرنەداوە. بە واتایەکی دیکە ڕۆڵە لێقەوماوەکانی نەتەوەی کورد هەرگاڤ دووچاری ئەوە کراون، لەبەر نەبوونی توانا و کەرەسە پێویستەکانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، خۆیان دەخیلی چیا سەرکەشەکانی وڵاتەکەیان بکەن و لەناویشیاندا پەناگەیەکی ئارام بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، کە دیارە ئەمڕۆ بەهۆی تەکنۆلۆژیای سەردەم و چەکی کۆمەڵکوژ و کاولکەر، وەک جاری جاران چاویان لێ ناکرێت.

کورد بە بەردەوامی لە ماڵی خۆیدا لە بەرخۆداندا بووە. گشت شەڕوشۆڕ و نەهامەتییەکان لەسەر زێدی ئەودا قەوماون. هەر ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بوونەتە سووتەمەنی جەنگە ماڵوێرانکەر و کوردستانکاولکەرەکان. تەنانەت لەو دەمە کورت و دەگمەنانەش کە کورد تێیدا دەستڕۆیشتوو بووە، سەرانی ئەم نەتەوە بندەست و زەلیلە هەر باسیان لە برایەتی و وەکهەڤی و پێکەوەژیان و پاراستنی سەر و ماڵی خەڵکی غەیرەکورد کردووە. شتەکەش لە بنچینەدا یەک لایەنە بووە. لە کاتێکدا کە کورد نیازی پاک بووە، ئەوان نیازیان لە گلاویش گلاوتر بووە. ئەو وەختەی سەرکردەکانی کورد پێیان لەسەر برایەتی داگرتووە، سەرکردە و ڕێبەرە هۆڤەکانی ئەوان نەمانی کورد و کوردستانیان کردۆتە ئامانجی پیرۆزی خۆیان. ساتێ کورد دەستی بە کڵاوی خۆی گرتووە تا با نەیبات، ڕەشەبای مەرگهێنەری ئەوان ڕووی لە کورد بووە. بە درێژایی مێژوو ئەوە هەر کورد بووە بەرەڤانی لە خۆی و باسیشی لە برایەتی کردووە. دوژمنە خوێنمژەکانیشی هەر لە هێرشی خۆیان بەردەوام بوونە و (برایەتی و مرایەتی)یشیان بە عانەیەکی سووتاو نەکڕیوە.

لە ڕۆژانی 26 و 27ی مانگی 3ی ئەمساڵ، لە هەولێری کوردستان، گاڕانێکی گەورەی بەعسییان، ئالیکی پوختە و جوان و نایابیان بۆ ڕووکرابوو. هەر دیسان لە هەولێری کوردستانەوە، کاروانی یارمەتییە (مرۆڤایەتی) و کوردییەکانیان بەرەو (فەللوجە)ی هۆڤ و دڕندایەتی و (نامرۆڤایەتی) لێژ کردەوە. هەندێ لەو بەعسییانەی

که له هەولێر ئامادە بووبوون، خۆیان بە (مەغدوور) دەزانی، چونکە ئاڵای بەعس و عروبەیان نەدەبینی. ئەو عەرەبە بەعسییە عروبەوییانە کە هێشتا دەستیان بە خوێنی کورد سوور بوو، کوردانە نازیان ڕادەگیرا و داواشیان لێ دەکرا چاوەڕوانی ئاڵای نوێی وڵات بن! ڕەنگە تەنیا لە شوێنێکی وەک کوردستانی (مەڵبەندەکەی لەمەڕ خۆمان)، جەللاد لە لایەن قوربانییەکانیەوە بەم جۆرە ڕێزی لێ بگیرێ و قۆندەرەی لەسەر چاوان دابنرێ. هەموومان دەزانین، بۆ نموونە، جوولەکەکان کون بە کونی دنیا لەو کەسانە دەگەڕێن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان جوولەکەیەکیان کوشتبێ، یانیش خیانەتێکیان لە جوولەکە و بەرژەوەندییەکانیان کردبێ، بۆ ئەوەی بیاندۆزنەوە و بشیانکەن بە پەندی زەمانە. دەزانم دەڵێن کورد و جوولەکە کوجا مەرحەبا!

هەر لە ڕۆژێکی تری مانگی 3ی ئەمساڵدا، 31-3-2004، سەرۆکی پارتی



دیموکراتیی کوردستان مەسعوود بارزانی، چاوی کەوت بە کەس و کاری شەهیدانی کارەساتە خوێناوییەکەی 1ی شوباتی شاری هەولێر. کاتێ لە ڕێی کوردستان تیڤی، لە دیمەنی خەماوی و گریاناوی و فرمێسکی گەش و گەرمی سەر ڕوومەتە سیسبووەکانی خزم و خۆشەویستانی ئەم شەهیدە سەربەرزانە ورد دەبوومەوە، باوەڕم پێ بکەن یان نا، منیش هەر وەک ئەوان فرمێسک لە چاوەکانمدا دڵۆپ دڵۆپ دەهاتنە خوارێ و لە خەمیشیان تێدەگەیشتم. ئەوەی کە زیاتریش سەرنجی ڕاکێشام قسەکانی مەسعوود بارزانی بوون. ناوبراو لە پوختەی وتەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە خوێنی ئەو شەهیدە نەمرانە بە فیڕۆ ناچێ و، تۆڵەیان دەکەینەوە. هەر لەبەر هەندێش ئەمانە چەند پرسیارێکن و دەبێ بیاندرکێنم: چۆن چۆنی تۆڵەیان دەکەنەوە؟ چەند تۆڵەی هەشت هەزار بارزانیتان کردەوە؟ ئەی چۆن تۆڵەی سەدان هەزار شەهیدی ئەنفالە بەدناوەکان دەکەنەوە؟ ئەی پێنج هەزار شەهیدە بە گاز خنکاوەکەی هەڵەبجە؟ تۆڵەی شەهیدانی برا کوردە فەیلییەکانمان بە کوێ گەیشت؟ ئەی تۆڵەی شەهیدانی قەڵادزێ و کامپی زێوە و ڕەواندز و سلێمانی و ئێرە و ئەوێی کوردستان کرایەوە؟ داخوا پرسە هەرە چارەنووسسازەکانی تایبەت بە کورد بەرەو کوێ مل دەنێن؟ کەرکووک، شەنگاڵ،

بەدرە، جەسسان، زرباتییە، مووسڵ، خانەقین، مەندەلی، پردێ، مەخمووری بن هەولێر، خۆ لیستەکە تەواو نابێت، ئەمانە هەر هەموویان بەتەمای شان و شەوکەتی ئێوەن تا تۆڵەیان بکەنەوە! ئەرێ بە ڕاست ئێوە دەتوانن کارێکی وا ئەنجام بدەن و، بۆ هەتا هەتاییش ببن بە دڕکی بەرپێی دوژمنانی کورد؟

دەبا واز لەم هەموو پرسیارانەی سەرەوە بێنین و، بە پرسیاری سەرەکیمان کۆتایی بەم باسە کۆتایینەهاتووە بێنین: ئایا کورد تۆڵەستێنە؟

ستۆکهۆڵم 26-4-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## ئەرێ کەی ئاڵای بەعس دادەگرن؟ *

هەفتەی ڕابردوو ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێنکارانی هەولێر ڕێپێوانێکیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان ساز کرد. دروشم و داواکارییەکانی ئەوان لە دوو خاڵی سەرەکیدا خۆیان دەنواند: دەرکردنی بەپەلەی هێزە سیخوورییەکانی (PMF) لە کوردستان و هێنانە خوارەوەی ئاڵای ڕەشی بەعسیش لەسەر دام و دەزگا فەرمییەکانی حکوومەت لە شاری سلێمانی و، ئەو ناوچە و شارۆچکانەی کە لەژێر فەرمانڕەوایی یەکێتیدان. دیارە بێجگە لەم دوو داواکارییەش هەندێ خواست و داخوازی تریش هەبوون، کە تایبەت بوون بە ژیانی خوێنکاران و ڕەوشی خوێندن لە کوردستان و یارمەتیدانی ئەم چینە گرنگەی کۆمەڵیش.

ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام قسەکانی ژنە پەرلەمەنتارێکی سەر بە لیستی سەوز(یەکێتی) بوو، کە لە کۆتایی ڕێپێوانەکەدا درکاندنی و لە دەنگوباسەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانیشدا لە دەرگای ماڵی بینەرانیان دا. بەڵێ خوشکە نەهلا خان، هێڤیدارم ناوەکەیم بە ڕاستی نووسیبێ، لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان بە ڕاشکاوی مەسەلەی هەڵکردنی ئاڵا بۆگەنەکەی بەعسی لە (ئیدارەی سلێمانی) باس کرد، بەلام بەگوێرەی بۆچوونی ناوبراو ئەم ئاڵایە ئاڵای دەوڵەتی عێراقە نەک بەعس! ئێ ئەگەر قسەیەکیش (لۆ دن) بکەین خۆ ئەوان (الله اکبر)یەکەیان لێ ڕەش کردۆتەوە، ئینجا ئاڵاکەیان هەڵواسیوە! گۆشت ناخۆن و گۆشتاویش فڕ دەکەن!



تۆ بڵێی خوشکی بەڕێزم ئەوە نەزانێ: سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ئاڵایە بۆ کودەتا ڕەشەکەی بەعسییانی ساڵی 1963 دەگەڕێتەوە؟! لەبن سێبەری ئەم ئاڵا نەفرەتییەدا کورد ئەنفال و کیمیاباران کرا؟! بە مەبەستی بەردەوام شەکانەوەی ئەم ئاڵا ڕەش و نەگریسە، لەسەر خاکی کوردستان، گوندێکی ولاتی کوردەواری بەپێوە نەهێڵرا؟! لەبەر خاتری پیرۆزیی(تۆ بڵێ ناپیرۆزیی) ئەم ئاڵای بەعسەدا بە هەزاران کورد قڕ کران؟! ئەی ئەوە نییە وا گاڕانە بەعسییە عروبەوییە فەللوجەییەکان و هەتیوە جێماوەکانی سەددام و بەعس ڕۆژانە ئەم ئاڵایەیان لەسەر شانە و، لە پێناویشدا خۆیان بەخت دەکەن؟! ئەو ئاڵایەی کە ئێوە هەڵتانکردووە، با (الله اکبر)ەکەشی لەسەر نەبێ، لێ هەر هی بەعس

و عروبه و سەددام و سەددامییەکانە. لەمە زیاتر هەر گوتە و قسەیەکی دیکە لە درۆیەکی پوختە و جوان چ شتێکی تری لێ دەرناچێت!

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوەش پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە: وا بەناو ئەنجوومەنی دەسەڵاتداری عێراق ئاڵای نوێ دروست دەکات و بڵاوی دەکاتەوە، ئەی ئێوە کەینێ ئاڵا نەفرەتییەکەی بەعس دادەگرن؟! دەترسێم چاوەڕوانی (فەرمانێکی شاهانەی بەغدای پایتەخت) بن!

زانا و نەزانیش دەزانن ئەوە ساڵێک زیاترە قەوارەیەک لە ئارادا نەماوە بە ناوی (دەوڵەتی عێراق). جێی داخە سەرانی کورد لە هەر دەستە و تاقمێکی دیکە زێتر پەرۆشی سەروەری و یەکپارچەیی ئەو وڵاتەن، کە بە ڕاستیش ناڕەوا و هەڵەیە، جارێکی تر سەرلەنوێ ناوی (عێراق)ی بەسەردا ببڕێتەوە. خۆ ئەگەر دوورتریش بۆ مەسەلەکە بڕۆین، هەمووومان بایی ئەوەندە زانیاریمان لا هەیە، تا بتوانین سەرەدەری لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەو عێراقە هەمیشە لەرزۆکە بکەین، کە هەر لە بنچینەدا شاش و ناتەواو و سەرەخۆرە بووە.

خوێنکارە عەرەبە بەعسیە شۆڤێنییەکانی ناو شاری مووسڵ، لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاڵای نوێ کە لە لایەن ئەنجوومەنی حوکمەوە بڕیاری لەسەر درا، ڕژانە سەر شەقامەکان و ئاڵایەکی گەورەی 30 مەتریی بەعسییانیان بەرز کردەوە. ئەرێ شەرم و خیانەت نییە هەر هەمان ئاڵا، دیسان دەڵێم با (الله اکبر)ەکەشی لەسەر نەبێ، لە شارێکی کوردستانی وەکو سلێمانیدا، لەسەر دام و دەزگا فەرمییەکانی کورددا بشەکێتەوە؟! ستۆکهۆڵم 2-5-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## 30ی حوزەیران: ئەو ڕۆژەی کوردستان لە عێراق مارە دەکرێتەوە!*

لە عێراقی ئەمڕۆی پڕ لە کێشمەکێش و شەڕ و ئاژاوە و یەکنەگرتنی بەرژەوەندییەکاندا، ئەوەی کە زیاتر باسی لێوە دەکرێت، بابەتی وەرگرتنەوەی دەسەلات لە ئەمریکاییەکان و سەرداریێتی دەولەتی عێراقی قۆناغی دوای نەمانی بەعسە. لە باشووری شیعەنشیندا لایەنگرانی هەرزەکاری ئیسلامی موقتەدا سەدر، بە دەردی خۆیان گۆتەنی، دەیانەوێ عێراق لە داگیرکەرە چەپەڵە بیانییەکان پاک بکەنەوە. کۆنەبەعسی و فەللوجەیی و جەللادانی پێشووی ڕژێمیش، وێڕای کوشت و کوشتار و کاری تێکدەرانە و تیرۆریستانەیان، باش دەزانن بە چ شێوەیەک ساردبوونەوەی هێزی هاوپەیمانان و بە تایبەتیش ئەمریکاییەکان بقۆزنەوە. ئەدی نەمانبینی لە فەللوجە چۆن کڕنووشیان بۆ ئالا نەگریسەکەی بەعس دەبرد؟!

هەرچی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانە بە سەرکردایەتی ئەمریکا، قەت گومان لەوەدا نییە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و لە ئەنجامی خەمساردی و هەڵە و شاشییەکانی خودی ئەمریکاییەکان، ڕووبەڕووی گەلێ کێشە و تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆر بۆتەوە. دواترینییان مەسەلەی زیندانە بەدناوەکەی ئەبوغرێب بوو، کە میراتی سەردەمی ڕەشی بەعسە و ئەمریکا بە دەستییەوە گیری خواردووە. ئەرێ بە ڕاست ڕۆژنامەڤانانی ئازادی ئەوروپا و ئەمریکا پێشتر ناوی ئەبوغرێبیان نەبیستبوو؟! کاتێ ڕۆڵەکانی کورد دەنێو ئەو گرتووخانە سامناکەدا قەسابخانەیان بۆ دادەنرا و ئەتک دەکران، ئەو برادەرە بوێر و مرۆدۆست و پێنووس نووکتیژ و بیرئازادانە ئەوسا گێرەیان لە کوێ دەگەڕا؟!

لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی پێکەوەنانی قەوارەیەکی دەستکرد بە ناوی عێراق، ئەوە 80 ساڵ زیاترە گەلی باشووری کوردستان لە هەر لایەنێکی دیکە پتر دووچاری ڕاوەدوونان و تەڤکوژی و سووتماکردنی وڵاتەکەی و ئەنفال و کیمیاباران و هەموو جۆرە ستەمێکی نەتەوەیی و سیاسی و جوگرافی و ئابووری و فەرهەنگی بۆتەوە. کورد و سەرکردایەتییەکەی دەبووایە پێش هەر لایەنێکی تر لە دژی بنیاتنانەوەی دەوڵەتێک بە ناوی عێراق بوەستنەوە و، بە کردەوەش بۆ ئەم مەبەستە تێبکۆشن. دیارە ڕێک بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ئەوڕۆ لە هەر لایەنێکی دیکە زێتر ڕێبەرایەتی کورد شێتانە جەماوەری سەربەخۆییخوازی کورد و خاکی کوردستانیش بە عێراقی داڕووخاو و نەماو دەبەستێتەوە. ئەی ئەوە ئەوان نین شەو و ڕۆژ باس لە "ئاشتبوونەوە" و "سەرداریێتی تەواوی عێراق" و "برایەتی کورد و عەرەب" و

"عێراقی هیوا و ئاشتی" و چی و چی تر دەکەن؟! ئێمەی کوردی هەزاران کیلۆمەتر دوور لە کوردستان، لامان شەرمێکی گەورە و تاوان و گوناحە، خوا نەخواستە خۆمان بە عێراقی بزانین. هەربۆیە هەمیشە ناوی پیرۆزی "کوردستان"مان لەسەر زارە. کەچی ئەو سەرکردە و بنکردە کوردانە لەناو جەرگەی نیشتمانی ڕەسەنی کورداندا خەریکی ئەوەن کوردستان لە عێراق مارە بکەنەوە و، بە بەردەوامیش کۆنە جەللاد و بەعسییانی مرۆڤخۆر داوەتی هەولێر و ئێرە و ئەوێی کوردستان دەکەن. لە هەمووشی داخدارتر و ناخۆشتر قسەی مەلایەکی خۆمانەیە کە شەقاوە و شەللاتییان و فەللوجەی بەعسییان بە هەڵەبجەی شەهید و هێشتا برینداری کوردستان دەشوبهێنێ. تۆ بڵێی مامۆستای ڕیش سپیم ئاگای لە کەینوبەینی فەللوجە و ڕۆڵی بەعسییە عەرەبە چاوڕەشە عروبەوییەکانی ئەو شارە نەفرەتییە نەبێ؟ زۆر لە تۆپیوانی جەنگەکەی ناو فەللوجە کۆنە بەرپرس و تاوانبارانی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی بوون. لەوەش گەڕێ و لە خۆت بپرسە: تا هەنووکە چەند مەلای عەرەب"لە دڵەوە"، فرمێسکیان بۆ هەڵەبجە و کوردستان باراندووە؟!

لە دەمەدەمی نووسینی ئەم چەند دێڕانەدا سەرکرایەتی کورد هەوڵی ئەوە دەدات، لە بەغدای پایتەخت، پلە و پایەی سەرۆکایەتی بە دەست بخات. داخی گرانم ئەوان لە کوردستان ناتوانن، ڕاستتر نایانەوێ، دوو ماڵۆچکەی کورد بکەن بە یەک، لێ لە هەمان کاتدا دوورتر پەل داوێن و بەتەمای پلە و پایەی باڵان لە عێراقی داهاتوودا. ئاخر من چ لە وەزیرێک بکەم کە لە قاهیرەی بارەگای عەمرۆ مووسادا خۆی بە نوێنەری کورد نەزانێ و، لە نموونەی عەرەبێکی عەگال بەسەر لێمان بێتە زمان؟!

با "مامە" و "کاکە" بەر لەوەی خۆیان بکەن بە مام و کاکی عەرەبان، ئاوڕێک لە هاوزمانانی خۆیان بدەنەوە. خراپ نابێ گەر پرسەخەسووانێیەکیشیان پێ بکەن، هەر نا بۆ ئەوەی بزانن داخوا کورد قایل دەبێت سەرلەنوێ لە عەرەب مارە بکرێتەوە یان نا؟

لەم ڕۆژانەی دواییدا لە ڕاگەیاندن و هەردوو تەلەفزیۆنەکەی پارتی و یەکێتی گوێمان لەوە دەبێ، لە کەرکووک و مووسڵ، هێرش و دەستدرێژی دەکرێتە سەر کورد. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: کێ کوردی بەم دەردە برد؟ یان: ئەنجوومەنی 24 کەسیی شاری کەرکووکی کوردستان لە لایەن کێ قیت کرایەوە؟ ئەی گەڕانەوەی بە بەرنامەی کوردە دەرکراوەکان، کە ئێوەی فەرمانڕەوایانی کوردستان زوڕناتان بۆ لێدەدا، چی بەسەر هات؟ گەنجانی خەمخۆری کورد لە کەرکووک، لێنەدەگەڕان ئاڵای پیرۆزی

کوردستان لەو شارە کوردستانییە پشتی لە عەردی بدرێت، ئێوە پوختە و جوان ئەوانتان بە توندڕۆ و گێرەشێوێن ناو دەبرد؟! پرسیارەکان ئەوەندە زۆرن بنیان نایەت.

لە کۆتاییدا ئەمن دوعایەکی دەکەم ئەنگۆ بڵێن ئامین: خوایە 30ی حوزەیران قەت نەیەت! سوێد 20-5-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## هەتا هەنووکە لە کێندەرێ بوون؟*

یەک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان ئەوەیە، کە تەنیا ئەو کاتەی ڕووبەڕووی ڕەوشە دژوار و هەلومەرجە چارەنووسسازەکان دەبێتەوە، ئینجا بیر لەوە دەکاتەوە دەبێ چ بکا و چ نەکا و چۆنیش هەنگاوان بنێ. سەرکردەکانی کورد، عەرەب گۆتەنی، (بەشی شێر)ی ئەم قسەیەیان بەر دەکەوێ. ئەوان هەتا لە (بەغدای پایتەخت)ی خۆیان بوون، نە گوێیان لە کەس دەگرت و نە حیسابیشیان بۆ چ بیر و ڕایەکی هاودژ دەگەڵ خۆیان دەکرد. هەر لە دەستپێکی ڕاستکردنەوەی بەناو (ئەنجوومەنی دەسەڵات)، دڵسۆزان و خەمخۆرانی کورد داوایان لە بارزانی و تاڵەبانی کرد، تاکو بگەڕێنەوە باوەشی نیشتمانی خۆیان و، لەنێو گەلە سەربەخۆییخوازەکەیان لە کوردستان چالاک بن. بەڵام جێی داخ و کەسەرێکی زۆرە ئەم دووانە، ئەوسا و ئێستاشی لەگەڵدا بێ، گێرەیان لە بەغدایێ دەگەڕا و دەگەڕێ نەک لە پیرەهەولێرێ!

سەرانی کورد کە گەلیان بە (مێگەل) زانیوە، کەچی خۆیان بە دەگمەن نەبێ (شوان)ی بەوەفا و دڵسۆزیان لێ دەرنەچووە. ئەم لێکدانەوەیە بەتەنێ بەشێکی تایبەتی کوردستان ناگرێتەوە و پەل داوێت بۆ پارچە جیا جیاکانی دیکەی کوردستانیش. فەرموو ئەوە زیاتر لە پێنج ساڵە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە باکووری وڵات کراون بە کۆیلەی عەبدوڵلا ئۆجەلان، لێ لەم ڕۆژانەی دواییدا، هەڤاڵێن ناگرانبەها، دەڵێی خەونیان بینیوە و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دروشمی جاران (ئازادی بۆ ئۆجەلان، ئاشتی بۆ کوردستان) هەڵە بووە و، پێویستیشە ڕاست بکرێتەوە بۆ (ئازادی بۆ ئۆجەلان، ئازادی بۆ کوردستان). هەر لە هەمان کاتدا باس لە دەستپێکردنی خەباتی چەکداریش دەکەن. جێی خۆیەتی لێیان بپرسین: خەرمان بەرەکەت، کوانێ بەرەکەت؟!

گواستنەوەی دەسەڵات لە لایەن هاوپەیمانانەوە، تۆ بڵێ ئەمریکاییەکان، بۆ حکوومەتی تازە چێکراوی عێراق، کورد و سەرکردایەتییەکەی خستە بەردەم چەندین پرسیاری جۆراوجۆر، کە بێگومان دەبوو زۆر زووتر وەرامیان درابانەوە نەک هەنووکە و بە پەلەپەل. ئەگەر ئەوڕۆ سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان هەست بەوە بکات، دەرمانی دەردی کوردی پێ نییە، ئەوا دەبێ پێش هەر شتێک بگەڕێتەوە بۆ نێو ڕیزەکانی ئەو گەلە بێ دەوڵەتە و، بە داوای لێبوردنیشەوە، گوێ لە حەز و ویست و ئامانجەکانی لەمێژینەی بگرێ. تۆ بڵێی ئەوان بەو ئاستە

گەیشتبن نەتەوەی کورد لە خۆیان بە گەورەتر بزانن؟! ئەوی ڕاستی بێ، ئەگەر بە وەها ئاستێک گەیشتبان، هەر نا هەر نا لەمێژ بوو خانووە ڕووخاو و کەلاوەکەی کوردیان دەکردەوە بە یەک و، ئەم جارەیان سەرلەنوێ خانووێکی کوردانەی مەحکەمیان لە جێ دروست دەکردەوە.

مرۆڤ کە گوێبیستی ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتی و قسەکانی سەرکردایەتی کورد دەبێت، بە دەست خۆی نییە جارناجار زگیشی پێیان دەسووتێت. لە کاتی دانیشتنەکانی بەغدای تایبەت بە دروستکردنی حکوومەتی عێراق، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەم دوو حیزبە و بە تایبەتیش لە ڕاپۆرتێکی پەیامنێری کوردستان تیڤیدا کە لە لایەن شێروان تالیب ئامادە کرابوو، ئێمەی بینەر وا تێدەگەیەنراین کە سەرکردایەتی کورد چاوی لە پۆستی گەورە گەورە نییە و، بۆ ئەوەش تێنەکۆشاوە کە بگات بە لوتکەی بەرزی دەسەڵات لە بەغدا. دواتر کاتێ سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستنیشان کران، هەریەک لە جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی لە ئاخاوتنەکانی خۆیاندا نارەزاییان نیشان دەدا، سەبارەت بەوەی کە کورد لە پۆستی گرنگی دەسەڵات وەدوور خراوەتەوە و، ناشبێ کورد وەک هاووڵاتی پلە دووی عێراقی سەیری بکرێ(1). ئەنگۆ دیقەت بدەن: عێراقی نەک کوردستانی!

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو قسانەش بکەین کە نێچیرڤان بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا بۆ ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەر کردوونی(2). ناوبراو لە میانەی وتەکانیدا داکۆکی لەوە دەکات کە "پشتگوێخستنی داواکارییەکانی کورد مەترسیدار دەبێت بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراق" و، "سەرکردایەتی کورد لە حکوومەتی ناوەندیی لە بەغدا دەکشێتەوە، ئەگەر بڕیاری داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکان دان بە دەستووری کاتیی عێراقدا نەنێت". دیسان دەپرسێت: "دیموکراسی و عێراقی نوێ چ دەگەیەنن؟" هەروەها ئەمانە تەنیا بە (دروشمگەل) ناو دەبات. نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: "کوردەکان زانیارییان بە دەست خستووە کە سیستانی لایەنگریی خۆی بۆ حکوومەتی تازەی عێراق بەو مەرجە ڕاگەیاندووە، ئەگەر لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بۆ دەستووری کاتیی نەکرێت". کاتێ مرۆڤ سەرنجی ئەم قسانە بدات، وا تێدەگات، گەلی کورد و بە تایبەتیش سەرکردایەتییەکەی تازە بە تازە لە خەو ڕاست بوونەتەوە و، بە دوای بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی خۆیاندا وێڵ و سەرگەردانن. ئاخر ئێوە ڕۆژانە لەسەر شاشەی کەناڵە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکانتاندا باس لە (عێراقی هیوا و ئاشتی) و (برایەتی و پێکەوەژیان) و (برا عەرەبە هاوردەکان) و (یەکێتی خاکی عێراق) دەکەن. خۆ (سیستانی)یش ئەوە جاری

یەکەمی نییە شەکران بشکێنێت و، دەست بە ڕدێنی کێچاویدا بێنێت و ناماقوولیش بەرامبەر بە کوردان بکات. کورد هەر لە سەرەتاوە داوای لێتان دەکرد لە بەغدا بکشێنەوە و (گوو)ش لەو عێراقی ناهیوا و نائاشتییە بکەن. هەرچی ئێوەن لەبەر خاتری فەقرەی جیم، کە لێتان بووە بە ئایەتی ناو قورئان، دنیاتان کردبووە شامی شەریف و، بە بۆنە و بێ بۆنەش عێراقتان بە نیشتمانی خۆتان دەزانی و دەشزانن! جا نازانم ئێستانەکینێ بۆچی ئەوەندە دڵگەرمن و هەڕەشە و گوڕەشەی ناجدیش دەکەن؟! بە ڕاستی سەیرە پاش ئەم هەموو ساڵە هەر دەڵێی تازە بە خەبەر هاتوون و، بیرێکتان لەم کوردە حەیاتە کردۆتەوە!

دەبێ ئەوەش بڵێم لەم ساتە هەرە ناسکانەشدا کە کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێ، یەکێتی لەسەر ناوی عادل مرادی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، بەرپەرچی بۆچوونەکانی نێجیرڤانی داوەتەوە و بە ڕۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت)ی ڕاگەیاندووە کە: "حیزبەکەی هەڕەشەی خۆ کێشانەوەی لە حکوومەتی بەغدا نەکردووە و، پەیوەندیشی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا باشە"(3). دیارە گومان لەوەدا نییە پارتی و یەکێتی لە ڕەوشە هەرە چارەنووسسازەکانی کوردیشدا، بۆ دنیای دەسەلمێنن، کە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتییان هەردەم لەپێش بەرژەوەندی پیرۆزی کوردایەتی داناوە.

نامەکەی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کە لە 1-6-2004دا نووسراوە و بۆ جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکی ئەمریکا ڕەوان کراوە، تا ئێستا لە چەندین ماڵپەڕی کوردی و ناکوردی بڵاو کراوەتەوە. وەرگێڕانە عەرەبییەکەشی لە ماڵپەڕێکی تایبەت بە پارتی بڵاو کراوەتەوە(4). هەر یەکێک ئەم نامەیە بخوێنێتەوە، چاک تێدەگات سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان گەیشتۆتە بنبەستێکی وا کە بە ڕاستیش نازانێ چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان بکات. ناوەڕۆکی نامەکە زیاتر پاڕانەوەیە نەک شتێکی دیکە. برادەرێک لەمەڕ ناوەڕۆکی نامەکە دەڵێت: "داواکارییەکانی سەرکردایەتی کوردی لە چەشنی پاڕانەوەن لە ئیدارەی سەرۆک بۆش، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر لە پرۆسە سیاسییەکەدا بەشدار بکرێن. دواڕۆژی هەرێمی کوردستانیش بەشێکی ئەم پرۆسەیە دەگرێتەوە"(5). لە میانەی خوێندنەوەمان بۆ نامەکە تێدەگەین کە ئەو هاوپەیمانێتییەی، گوایا لە نێوان کورد و ئەمریکادا هەیە و، ڕۆژ تا ئێوارە سەرانی کورد خۆیانی پێ با دەدەن، لە قسەی ڤاڵا و بۆش بەولاوە ڕێ بڕ ناکات و، ئەمریکا وەک تاکە زلهێزی دنیا بەرژەوەندی لە کوێ بێ ڕووی لەوێندەرێیە. پاشان سەرانی کورد ئەگەر ڕاست دەکەن با بە بەڵگە بۆ

نەتەوەی کوردی بسەلمێنن، کە ئەوان و ئەمریکاییەکان، ڕێکەوتننامە و پەیماننانەیان لەگەڵ یەکدا مۆر کردووە و، هاوپەیمانی ستراتیژی یەکترن نەوەک هاوپەیمانی ڕۆژ و سەعات! خۆ ئەگەر بە ڕاستی مەسەلەیەکی وا لە ئارادا با، ئەوسا پۆل برێمەر و باوکیشی نەیاندەتوانی سووکایەتی بە کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان بکەن.

خەڵک دەپرسێ سەرانی کورد هەتا هەنووکە لە کێندەرێ بوون؟ بەغدا باشتر بوو یان هەولێر؟ بۆچی تا ئێستا کێشەی نەگریسی دوو ئیدارەیی چارەسەر نەکراوە؟ ئێوە کە ئەوەندە خۆتان بە عێراقی دەزانن، ئەوە برا عەرەبەکانتان و ئەوەش خێر و بەرەکەتیان! سەرۆکی تازەی عێراق غازی عجیل یاوەر لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا گوتی: "کەرکووک عێراقێکی بچووککراوەیە"(6). ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەگەر شتێ بگەیەنێ، بێگومان بە واتای ئەوە دێ کە ئەم شارە کوردستانییە شارێکی عێراقییە و بەس. هەرچی جێگری سەرۆکیشە، ئیبراهیم ئەلجەعفەری، بە کەناڵی (المنار)ی گوت: "گەڕانەوەی عێراق بۆ ناو عەرەب، گەڕانەوەی کوڕە بۆ ناو خێزانەکەی". تەها محێدین مەعرووفییەکانی ئەوڕۆی کورد چ کاردانەوەیەکیان سەبارەت بەم قسانە و زۆری دیکەش هەیە و دەبێ؟ پرسیارێکە و چاوەڕوانی وەرامە.

عێراق، سویسرا و سوێد و ئەڵمانیا و کەنەدا و وڵاتێک نییە، تا بە ئاسانی لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا، دیموکراسی تێدا بەرقەرار بێ. دیارە ئەو دەوڵەتانەش چەند پرۆسەیان دەرباز کردووە تا توانیویەتیان بگەن بە دیموکراسی و ئاشتی و سەربەخۆیی. سەرانی کورد خۆیان و گەلەکەیان هەڵدەخەڵەتێنن کاتێ باس لە سیستەمی دیموکراسی و (عێراقی هیوا و ئاشتی) دەکەن. ئەوان هەتا خۆیان و کورد و نیشتمانەکەیان بە وابەستەیی عێراق و دەوڵەتە داگیرکەر و هۆڤەکانی دیکەی ناوچەکە بهێڵنەوە، دەبێ چاوەڕوانی هەر قەومان و کارەساتێکیش بکەن. کورد هەتا نەبێت بە دەوڵەت حیسابی سفری بۆ دەکرێت. دوژمن گۆلی لە کورد نەکردووە، ئەوە سەرانی کوردن گۆل لە خۆیان و کوردیش دەکەن! سوێد 9-6-2004

## پەراوێزەکان

(1) سەرکردەکانی کورد لە باشووری کوردستان بە جاران ئەم قسەیان دووبارە و دەبارە کردۆتەوە.

(2) ماڵپەڕی: KDP.info, 6-7-2004، سەرچاوە: ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەر.

(3) بڕوانه ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی عەرەبی. هەمان بابەت لەسەر چەندین ماڵپەڕ بڵاو کراوەتەوە. هەر تەنیا بۆ نموونە: KDP.info, 8-6-2004.

(4) ماڵپەڕی پارتی، بەشی عەرەبی، عیماد مزووری نامەکەی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە عەرەبی.

(5) لە بەرنامەی (بالعربي)ی کەناڵی ئاسمانیی (العربية) ئەم قسەیەی کرد. بۆ زیاتر ئاگاداری سەبارەت بە قسەکانی یاوەر بڕوانە: KDP.info, 8-6-2004.

(6) هەمان سەرچاوەی تەلەفزیۆنی.

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## سیستانی بردیەوە!*

کەسێ کە ئەورۆ لە یاریی دەسەڵات لە عێراق براوە بێ، عەلی سیستانییە. کابرا گەورە ئایەتوڵڵایەکە لە نەجەف و سەرکردەی ڕۆحیی ملیۆنان موسڵمانی شیعەی باوەڕدارە لەو وڵاتەدا.

کاتێ لەپاش بینە و بەردەیەکی زۆر ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان توانی لەمەڕ بڕیاری 1546 یەکبگرێت، سیستانی وەک لۆبیستێکی زیرەک لەوە سەرکەوت تا وا لە ئەنجوومەنی ناوهاتوو بکات بە چ شێوەیەک خۆی لە قەرەی باسی ئەو دەستوورە کاتییە نەدات، کە "ئەنجوومەنی دەسەڵات"ی هەڵوەشاوەی عێراق لە بەهاری ئەمساڵ لەسەری ڕێککەوتبوو.

ئەم ڕەوشەی کە هاتۆتە پێشەوە کوردەکانی تووڕە کرد، چونکە ئەوان پێیان وایە مافی ڤیتۆی تایبەت بە خۆیان لە بارەی دەستوورێکی نوێ و هەمیشەیی وڵات، بەهۆی ئەم بڕیارەوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و لە سایەی سەری سیستانیشدا لەبن پێ نرا.

دەستووری کاتیی عێراق ڕێگەی بە سێ هەرێمی کوردی دەدا بۆ ئەوەی دەنگی ڤیتۆ بەکاربێنن. بۆ نموونە لە بەرامبەر مەسەلەی بە ئیسلامیکردنی دەستووری نوێی عێراق. ئەو دەستوورەی کە وا چاوەڕوان دەکرێ ساڵی داهاتوو دەنگی لەسەر بدرێ. دیارە خواستی سیستانیش ئەوەیە ئیسلام بکات بە سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان لە عێراقدا. وەک سەرکردەیەکی ڕۆحیی گەورەترین کۆمەڵەخەڵکی عێراق، واتە شیعە موسڵمانەکان، کاریگەریی سیستانی لەسەر باوەڕداران و لایەنگران شتێک نییە چاوی لێ بپۆشرێت.

تەها بەرواری کە نوێنەری "حکوومەتی هەرێمی کوردستان"ە لە سوێد، ڕەوشەکە بەم وشە توند و تاڵانە هەڵدەسەنگێنێت:

- ئێمە گەلێ نارەحەتین لەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەری بۆ لۆبیی سیستانی دانواند. لە ماوەی 83 ساڵدا عێراق بە دەستێکی ئاسنین حوکمڕانی کراوە. ئێستا ئێمە نامانەوێ ڕژێمێکی تیۆکراتی شوێنی سیستەمەکەی جاران بگرێتەوە.

لە بەغدا یەک لە وەزیرە کوردەکان بەناوی نەسرین بەرواری، کە چ خزمایەتییەکی لەگەڵ تەها بەرواری نییە، گوتوویەتی وەک نارەزایی دەربڕین

ئامادەین لە حکوومەتی ناوەندی خۆمان بکێشینەوە، ئەگەر سەرکردەکانمان وەها داوایەکیان لێ کردین.

شایانی باسە ئەمە جاری یەکەم نییە کە سیستانی بتوانێت، جێ پەنجەی خۆی لەناو یاریی دەسەڵات لە عێراقدا دابنێت. سوێد 10-6-2004

تێبینی: ئەم باسە لە نووسینی ڕۆژنامەڤانی سوێدی "بیتتێ هامارگرێن"ە و، لە ڕۆژنامەی Svenska Dagbladetی 10-6-2004دا بڵاو کراوەتەوە. من تەنیا ئەو بەشەی وتارەکەم هەڵبژارد کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمەوە هەیە. بە دەستکاریکردنێکی زۆر کەم ئەم چەند دێڕانەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی(مەهاباد کوردی).

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کەناڵی (الشرقیة) نکۆڵی لە ناوی (کوردستان) دەکات*

ڕەنگە زۆربەمان چاومان بەو چەند ڕیپۆرتاژ و بەرنامانە کەوتبێ کە بە کامێرای کەناڵی (الشرقیە)ی عێراقی لە کوردستان گیراون. بابەتی ئەو بەرنامانەش زیاتر شوێنەکانی حەسانەوە و گەشتوگوزاری و دیمەنە دڵگیر و دڵڕفێنەکانی کوردستان دەگرنەوە. هەر تەنیا بۆ نموونە هاوینەهەوارەکانی بێخاڵ و جوندیان و هەندێ جێگای تۆریستی دیکەش.



ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا کامێرای کەناڵی ناوهاتوو لە هەردوو هاوینەهەوارە فێنک و جوانەکانی جوندیان و بێخاڵ دەسووڕایەوە. لەوێندەرێ شێوەی کات بەسەربردن و حەسانەوەی گەشتڤانان سەرنجی کەناڵی (الشرقیە)یان ڕادەکێشا و، وێنەگرانی ئەم کەناڵە ئاسمانییە عێراقییە سادە و ساکارانە شتەکانیان دەگواستەوە و، سووک و ئاسانیش دەیانخستنە بەردەم دیدەی بینەران.

ئەم جۆرە بەرنامانەی (الشرقیە) کە لەژێر ناوونیشانی (یومیات مدینە) بە بینەران پیشان دەدرێن، شایانی ئەوەن مرۆڤی کورد گەلێ بە وردییەوە لێیان بڕوانێت و، هەزار و یەک پرسیاریشیان لە بەردەمدا قیت بکاتەوە. وەک ئەوەی بێخاڵ و جوندیان لەسەر ڕووی مانگ بن و لەسەر خاکی کوردستان هەڵنەکەوتبن و بەشێکیش نەبن لەم نیشتمانە پیرۆزە، ئا بەو جۆرە بیرتەسکان و بگرە ڕەگەزپەرستانی کەناڵی (الشرقیە) بە ئەنقەست نایانەوێ ئەم دوو هاوینەهەوارە خۆش و قەشەنگە، وەک دوو شوێن و ناوچەی (کوردستان)، نیشان بدەن و، دیارە بۆ چاووزاریش (عێراق)ەکەش نانووسن. ئەمە ئەگەر هەڵخەڵەتاندن نەبێ، دەبێ چی بێ؟!

کەناڵی (الشرقیە) کە دەنگێکی زۆر هەیە بە پارەی کوردیش خۆی ڕاگرتبێ، نابێ ئەوەی لە یاد بچێ تەنانەت خودی دیکتاتۆرە ڕیسوابووەکەی بەغداش، لە نیازگڵاویشییەوە

بووبێ، ناوی (کوردستان)ی هێناوە. ئەوانەی لەپشت ئەم کەناڵەوەن، هەرچۆنێ بیر بکەنەوە ئازادن، بەڵام کاتێ ناخوازن جوندیان و بێخاڵ و ئێرە و ئەوێی زێد و مەفتەنی کوردان مینا (کوردستان) نیشان بدەن، ئەوا خۆشییان بێ یا ترشی، دەچنەوە سەر هەمان ڕێچکەی سەددام و بەعس و داگیرکەرانی شۆڤێنیست و نەتەوە سەردەستەکانی دەڤەرەکە.

هەزار نەفرەتیش لەو کوردانە بێ کە دەبنە چاوساغ و کامێراهەڵگر و ڕێپێشاندەر و پاڵپشتی وەها کەناڵێکی تەلەفزیۆنی. ڕوون و ئاشکرایە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن گەر بەرپێی خۆی نەبینێ، زەحمەتە بتوانێ دوور بڕوانێ! ستۆکهۆڵم 13-8-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## کێ لە ڕەخنە ناترسێ؟*

دوێنێ ئێوارە لە دەنگوباسی کوردستان تیڤی، کاتژمێر شەش و نیو بە کاتی ستۆکهۆڵم، گوێبیستی قسەکانی مەسعوود بارزانی بووم کە بە بۆنەی 58 ساڵەی دامەزراندنی پارتی، لە شێوەی وتارێکی 15-20 دەقیقەیی لە بەردەم ئامادەبوواندا کردبوونی. لە میانەی گوێگرتنم بۆ وتەکانی بارزانی هەندێ سەرنج و تێبینیم لا دروست بوون، کە هەرچۆنێ بێ درکاندنیان بە پێویستتر دەزانم لەوەی کە بێدەنگی هەڵبژێرم، یان لە نموونەی ئەو بەڕێزانەی کە لەوێندەرێ قنج دانیشتبوون و خەریکی چەپڵەلێدان بوون. ئایا چەپڵەلێدانی ئەوان چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دەست بەرزکردنەوەی ئەندامانی پەرلەمانەکەی هەولێر، کە بۆ چەندین ساڵ دەچێ بە (بەڵێ) پێشنیارە یەک لە دوای یەکەکانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان پەسند دەکەن؟ جا ئەو پێشنیار و بڕیارانە لە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورد و گەلی باشووری کوردستان و دواڕۆژە سیاسییەکەیدا دەبێ یان نا، ئەمەیان شتێکی دیکەیە و ناچێتە نێو گیرفانی ئەندامانی پەرلەمان!

مەسعوود بارزانی لە کاتی قسەکردنیدا هەندێ نیشانەی تووڕەیی و پەستبوون و بێزاری و خەمباریشی پێوە دیار بوو. ئەو هەرچەندە، وەک هەمیشە هێور و لەسەرخۆ دەپەیڤی، لێ دیسانیش سەر و سیما و دەم و چاوی شتگەلێکی تریان بە تەماشاڤان دەبەخشی. ئەمە خوێندنەوەیەکی سەرپێییانەی منە بۆ هەڵسوکەوتی ناوهاتوو، چ مەرجیش نییە کەسانی دیکە وا بیر بکەنەوە.

لە کورتەوتارەکەیدا بارزانی باسی لەوە دەکرد کەوا پارتی و سەرکردایەتییەکەی لە ڕەخنە ناترسێن..ئەوان ڕەخنەیان لەکن قەبووڵە، بەڵام نابێ ڕەخنەگرتن ببێتە هۆی شادبوونی دوژمنانی کورد..پارتی پیر نەبووە..جەختکردنەوە لەسەر قانوونی ئیدارەی دەوڵەت..پێشمەرگە شەرەفی کوردە و میلیشیا نییە..تاد.

من پێمباشە لە دەستپێکدا بە پرسیارێکی سووک و ئاسان کرۆکی ئەم باسە بکەمەوە: کێ لە ڕەخنە ناترسێ؟ کورت و کرمانجی یەکێ لە ڕەخنە ناترسێ کە گوێ لە ڕەخنە و ڕەخنەگرانیش نەگرێ. پارتی و یەکێتی و زۆر لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش ئەوەی تا ئێستا چ حیسابێکیان بۆ نەکردووە، وا دیارە ناشیکەن، ڕەخنە و بیر و بۆچوون و داواکارییە جەماوەرییەکان و کەسانێکی دڵسۆز و بەتەنگەوەهاتوو و خەمخۆری دۆزی ڕەوای گەلەکەمانن. مەسەلە لێرەدا پەیوەندی بە

ترسان یا نەترسان نییە، بەڵکو ڕێزگرتنە لە بیر و ڕای بەرامبەرەکەت، با لەگەڵ تۆشدا هاوکووف و هاوڕا نەبێت. (یۆران پێرشۆن)ی سەرۆک وەزیرانی سوێد، ساڵانێک بەر لە ئێستا و لە شارێکی باکووری ئەو وڵاتەدا، بە ژنێکی سوێدی گوت: "تۆ کۆمۆنیستی!" هەر لەبەر ئەم قسەیەی یەک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی سوێد کەوتە سەرکۆنەکردنی سەرۆک وەزیرانی وڵات و، ناوبراو ناچار بوو دوای کەمتر لە بیست و چوار سەعات، بە شێوەیەکی فەرمی و لەسەر هەر هەمان کەناڵی تەلەفزیۆنیش داوای لێبوردن لەو ژنە سوێدییە بکات. خۆ پێرشۆن لە ڕەخنە نەدەترسا، بە تایبەتیش لە وڵاتێکی دیموکراتی وەکو سوێد کە تەنانەت پاشاکەیشی لە لایەن خەڵکییەوە بە (گەمژە و نەزان) ناو دەبرێ. بەڵام ئەو شتەی کە پێرشۆن لە سەرکردەکانی کورد جیا دەکاتەوە، ڕەنگە تەنیا هەر ئەو خاڵە بێ کە گرێدراوە بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و عەقڵیەتی کراوە و، لە هەموویشی گرنگتر حیسابکردن بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و نیشتمان و هاووڵاتییان. ئەگەر نا (پێرشۆن)یش دەیتوانی بیانوو بۆ قسەیەکی خۆی بێنێتەوە کە لە کاتی تەنگانە و ڕەوشێکی تایبەتیدا کردوویەتی. لەمانە گشتیان گرنگتر: یەکێ کە ڕەخنەی قەبووڵ بێ، پێویستە بە کردار ئەمە بسەلمێنێ نەک بە قسە و گوتار.



جێی خۆیەتی لە سەرۆکی پارتی دیموکراتیی کوردستان بپرسم: ئایا شەڕی ناوخۆیی و کوردکوژی چەند ساڵەی نێوان ئێوە و یەکێتی دوژمنانی کوردی شاد و سەرخۆش نەکرد؟ داخوا هێنانی پاسداران و هێنانەوەی حەرەس جمهووری بۆ کوردستان داگیرکەرانی دڵشاد نەکرد؟ ئایا دابەشکردنی کوردستان بۆ سیستەمی دزێوی

دوو ئیدارەیی ناحەزانی کوردی شاگەشکە نەکردووە؟ ئەریٚ بە ڕاست ڕاوەدوونانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەڵێ داکۆکییان لیٚ دەکات، داگیرکەران و نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکەیان دڵخۆش نەکردووە؟ ئەمانە و زۆری دیکەش کە بە پلەی یەکەم پارتی و یەکێتی لێیان بەرپرسیارن، هەر هەموویان کارەساتن بۆ کورد. ئەگەر کار هەر وا بڕوا، دڵنیا بن، کارەساتی نەتەوەیی گەورەتریش بەڕێوەیە. ئێوە بە داخەوە هەر بە کورد خۆی دەوێرن، ئەگەر نا ڕۆژانە ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لە کەرکووک و مووسڵ و گەلیٚ جێگای تریشدا، نەک هەر سووکایەتییان پیٚ دەکرێت و بەس، بگرە دەکوژرێن و ئەتک و لەت لەت دەکرێن. نموونەش بۆ ئەم قسەیەم لە ژماردن نایەن. تەنانەت نووسەرانی بێگانە و غەیرەکوردیش باس لەوە دەکەن و دەشپرسن: سەرکردایەتی کورد بەرەو کویٚ مل دەنیٚ و، بۆچی دەبوو دەستبەرداری داواکارییەکانی گەلی کوردستان بوایەن و، پرسی کەرکووک و ئێرە و ئەویٚ وا بە ساناهی بەسەریاندا تێپەڕ بوایە؟ ها ئەمە جۆناتان ستیل و ها ئەوەش د. مونزیر ئەلفەزڵ و بێگومان هی تریش هەن.

پیربوون نە عەیبەیە و نە کەماسی. لە ماوەی 58 ساڵدا بە دەیان دەوڵەتی تازە لەسەر نەخشەی گۆی زەوی شوێنی خۆیان قایم کرد. لیٚ بەڵیٚ ئەوەی کە تا ئێستا ماوەتەوە کوردە حەیاتەکەیە و، لە سایەی سەری سەرانیشی، تازە بە تازە دەبێتەوە یان ڕاستتر دەکرێتەوە عێراقی و تورکیایی و ئێرانی و سوریایی. با دوور نەڕۆین هەر دوێنیٚ لە ئەنقەرە سووکایەتی بە کورد دەکرا، کەچی وەزیری کوردمان، لەبەرئەوەی عێراقی و عێراقچییە، قورقەپی کردبوو و، ئاغای یاوەریش وەک ئەوەی بەتەواوەتی (شمال العراق)ە حەبیبەکەی لەبن دەست و کۆنترۆڵی خۆی بیٚ، وەک دەڵێن هەر دەیکوشت و نەیدەشاردەوە!

قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بە گوێرەی بۆچوونی زۆر لە پسپۆڕ و شارەزایان، گۆلێکە وەک گەلیٚ گۆلی تر لە کورد و سەرکردایەتییەکەی کراوە. هێشتنەوەی کەرکووکی کوردستان وا بە هەڵواسراوی خۆی لە خۆیدا لوغمێکی قورمیشکراوە و لەبەرپێی کورددا دانراوە. پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی و دۆستی کورد د. مونزیر ئەلفەزڵ لە وتارێکی خۆیدا پرسیویەتی: چۆن ئەم بابەتە وا بە ئاسانی بەسەر سەرکردەکانی کورددا تێپەڕی؟! واز لەمەش بێنە، ئەی چ لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە UN بکەین، کە بە چ شێوەیەک ناوی کورد و کوردستانی نەهێنا؟!

گەورە و گچکەی گەلی کورد هەرگاڤ ڕێزی تایبەتییان بۆ پێشمەرگە هەبووە. زۆر جێگای داخە ئێوە، پارتی و یەکێتی، بە شەڕی کوردکوژانە و وێرانکەرانەی خۆتان لە پێناو بەرژەوەندییە حیزبییە تەسکەکانتاندا، ناوی پیرۆزی پێشمەرگەتان زڕاند و لە بن و بۆتکەوە لە ڕیشەتان دەرکێشا. دەترسێم بڵێن وا نییە؟! ئێوە ئەگەر ئەوەندە خەمی پێشمەرگەتانە و بە شەرەفی کورد و کوردستانیشی دەزانن، بۆ هەتا هەنووکە سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی و گۆشکراو بە بیر و باوەڕی نەتەوەیی و وەلاتپارێزیتان پێکنەهێناوە یا پێکناهێنن؟ تەنیا و تەنیا لە بارێکی وەهادا جەماوەری خۆشی لە خۆ نەدیوی کوردستان بە چاوی جاران دەڕواننە پێشمەرگە و، بە تاجی سەر سەری خۆشیان دەزانن. ئەوسا دوژمنان چ دەڵێن و چ ناڵێن ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە.

وەک دوا وتەم هەر ئەوەندە دەڵێم: نیشتمانپەروەران و کوردستانییان و کوردپەروەران چقڵی چاوی دوژمنانی کورد و کوردستانن. دەنگی ئەوان دەنگی ڕاستەقینەی بەشخوراوان و چەوساوان و سەربەخۆییخوازانی نەتەوە و نیشتمانە.

<u>ستۆکهۆڵم 18-8-2004</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## "من نوێنەری کورد نیم!"*

هەموومان ئەو ڕۆژەمان لە یادە کاتێ هوشیار زێباری بووە یان کرایە وەزیری دەرەوەی عێراق، چۆن کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییە شۆڤێنییەکان و عەرەب بە گشتی چ کاردانەوەیەکیان نیشان دا. ژنە بێژەرێکی یەک لە کەناڵە میسرییەکان هەر هۆیەکی لە خۆی زانی و بە سەرسووڕمانەوە گوتی: کورد و وەزیر؟! نوێنەری لیبیا لە (کۆمکاری عەرەبی)، چاوی چووبووە پشتی سەری و هاواری دەکرد: شتێک نەماوە بە ناوی (الجامعه العربیه). ئەم دەزگایە بووەتە (جامعه هوشیار زیباری!) برادەرێکیش، گەر بە هەڵەدا نەچووبم عەرەبی عێراقە و زگی بە کورد دەسووتێت، لەسەر ماڵپەڕی یەک لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، نووسیبووی: جەنابی پایەبڵندی وەزیر، بە شەرواڵی کوردی بڕۆ لایان! بە کورتییەکەی ئەم برادەرە داوای لە هوشیار زێباری کردبوو تا بە شەرواڵی کوردی و پۆشاکی نەتەوەییەوە ڕوو لە کۆبوونەوەکانی کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە بکات. ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی کەمن لەو کاردانەوە زۆرانەی کە دوای دەستبەکاربوونی هوشیار زێباری، وەک وەزیری دەرەوەی عێراق، نووسران و گوتران.



ڕێک بە پێچەوانەی ئەمانەی سەرەوە و گەلێکی دیکەش، هوشیار زێباری شان و شەپکی بادینانی لەبەر نەکرد و، لە قاهیرەی پایتەختی (میسر)یش بینیمان کە یەکەمین قسەی سەبارەت بە کورد، پاش وەرگرتنی پلە و پۆستی وەزیری دەرەوە، وێڕای جەختکردن و سووربوونەوە ئەمە بوو: من نوێنەری کورد نیم! دەتوانن ئەم جۆرە پرسیارانە ئاڕاستەی سەرکردەکانی کورد بکەن! زێباری بەم شێوەیە دڵی ئەو ڕۆژنامەوانە عەرەبە ڕەگەزپەرستانەی ڕادەگرت، کە ئامادەی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بوون لە قاهیرە. ئێ خۆ ئەگەر قسەیەکیش بۆ دز بکەین کابرا ڕاست دەکات، چونکە ئەو نوێنەری کورد نییە و ناشبێت بە نوێنەری. چ وەختێک کوردستان لە عێراق جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند و بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تەنێ ئەوسا دەشێ بڵێین وەزیری دەرەوەی کوردستان نوێنەرایەتی کورد لە دەرەوەی وڵات دەکات. زێباری وەزیری دەرەوەی ئەو دەوڵەتەیە کە بە شێوەیەکی فەرمی

پارچەیەکی بەرچاو و گرنگی کوردستانی داگیر کردووە. هەر کوردێک نکۆڵی لەم بۆچوونە بکات، ناچارم بڵێم ئەو کەسە کورد نییە و هێشتا بە خۆی نەزانیوە. غازی عجیل ئەلیاوەر، بە سەروسەکوت و عەگالی عەرەبییانەی خۆی کە سیمای عەرەبایەتیی عێراقی پێ بە دنیا پیشان دەدات، تا ئێستا سەردانی چەندین وڵاتی کردووە. لە دوا سەردانی خۆیدا، لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، وەزیری دەرەوەی عێراق هوشیار زێباریشی لەگەڵدا بوو. ئەلیاوەر و (ئەحمەد نەجدەت سیزار)ی سەرۆکی تورکیای کەمالیست و عەبدوڵلا ناگوڵی وەزیری دەرەوەی تورکیاش، هەریەکە و بیر و بۆچوون و مەترسییەکانی خۆیان بە ڕاشکاوی ڕاگەیاند. لە 99.99%ی لێدوان و ئاخافتنەکان لەمەڕ دۆزی هەقخوازانەی کورد بوون. یەکیان باسی لە یەکپارچەیی و دەستێوەرنەدانی لە کاروباری عێراق دەکرد. ئەوی تریان سەبارەت بە ڕەوشی کەرکووکی کوردستان و هەبوونی جەنگاوەرانی پ.ک.ک لەو پاچەیەی نیشتمان، نیگەرانی خۆی دەردەبڕی. وەزیری دەرەوەی تورکیاش گەفی ئەوەی لە عێراق دەکرد، ئەگەر نەتوانێت سنوورێک بۆ مەسەلەی پ.ک.ک(کۆنگرا گەل) و پرسی کەرکووک دابنێت، لە وەها بارێکدا تورکیا ڕێگەچارەی خۆی هەیە بۆ ئەم مەسەلانە، وەک ئەوەی تا هەنووکە تورکیای دوژمنی سەرسەختی کوردان دەست لە ئەژنۆ لە چاوەڕوانیدا بووبێت! لەناو گشت ئەو هات و هاوار و قسە و باسانەدا پەیڤێکمان لە هوشیار زێباری نەبیست کە بۆنی کوردانەی لێ بێ و، لە هەمان کاتیشدا بەرپەرچدانەوەیەکی کورت و پڕ مانای کەللەڕەقییەکانی تورکان بێ. زێباری لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا، لە زەردەخەنەی دەم و چاویدا، خۆشحاڵ خوویا بوو. جا ئەم خۆشحاڵبوونە چی دەگەیەنێت، ئەمەیان وەرامەکەی لای جەنابی وەزیرە!

بە درێژایی مێژوو چەندین کەسی بە ڕەگەز کورد، لەناو دام و دەزگاکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە، بە پلە و پایەی جۆراوجۆری بەرزی دەسەڵات گەیشتوون. تەنانەت گەلێ جار کورد ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەوەی کە ئەو دەوڵەتە زۆردار و خوێنمژانە، سەرلەنوێ دروست بکرێنەوە و لە فەوتانیش بپارێزرێن. بەرچاوترین نموونەی ئەم بۆچوونە ڕەوشی ئێستای عێراق دەگرێتەوە. ئەدی ئەوە سەرگەورە و لێپرسراوانی کورد نین (عێراقی هیوا و ئاشتی) بنیات دەنێنەوە؟! ئەو عێراقەی کێ نالێ ڕۆژێک لە ڕۆژان و بە شێوەیەک لە شێوان پەلاماری کورد ناداتەوە و، سەددام ئاساش، مامەڵەیان دەگەڵدا ناکات؟! ئەرێ بە ڕاست کورد و سەرانی وانە و پەند لە ڕابردوو و مێژووی خۆیان وەردەگرن؟!

کوردێک کە بە زمانی خۆی هاوار بکات و بڵێت من نوێنەری کورد نیم، داخوا دەبێت ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بندەست چ هیوا و هومێدێکیان پێ بێت؟! دیارە ئەم قسەیەی من ڕەش و سپی تێکەڵکردن نییە، بەڵکو لە ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە. کەسیش بۆی نییە بێژێ زێباری شتێکی وای نەگوتووە، چونکە هەر بەرپرسیار و کەسێکی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگایەک، ئەو ئاخاوتن و لێدوانانەی کە دەیاندرکێنن و لە بەردەمی دەیان لە ڕۆژنامەوانانیش ڕایاندەگەیەنن، ئەمانە هەر هەموویان دەبن بە دیرۆک و دەچنە نێو لاپەڕە چڵکن و زۆر و زەوەندەکانی پیرەمێژووەوە! ئەرێ پاش ئەم هەموو کارەسات و قوربانی وماڵوێرانی و تاقیکردنەوە تاڵانەی کە بەسەر نەتەوەی کورد و خاکی کوردستاندا هاتوون، تۆ بڵێی کاتی ئەوەش نەهاتبێ سەرانی کورد حیسابێک بۆ شێوەی بیرکردنەوە و تێرامان و خوێندنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان و، زمانی خۆشیان بکەن؟! سوێد 25-8-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## "نوخشه بێ له ئێوەش!"*

له مانگی شەشی ساڵی 1993، له قوتابخانەیەکی شاری (ترۆلهێتان)ی وڵاتی سوێد کارم دەکرد. لەو قوتابخانەیەدا که ناوی ـ کرۆنۆگۆردن ـ بوو، بێجگه له پۆله سەرەتاییەکانی 1-9، کەسانێکی بێگانەی بەسەڵاچووش له بەشێکی تایبەتیدا دەیانخوێند و، لەوێ فێری زمانی سوێدی دەبوون. یەکێ له قوتابییەکانم که ناوی عەبدولباسیت بوو، ئەودەم له قۆناغی باڵا، واتا پۆلی 7-9 ـی سەرەتاییدا دەیخوێند، که لای خۆمان به قۆناغی ناوەندی ناو دەبرێت. عەبدولباسیت به نەتەوە ئەریتیریایی و به ئایینتراش موسڵمان بوو. خەڵکی ئەریتیریا زمانی تایبەتی خۆیان هەیه، که به پلەی یەکەم به تیگرینا دەناسرێت، بەڵام زۆرینەیەکی ئەریتیریاییه موسڵمانەکان به زمانی عەرەبیش دەئاخڤن. دیاره ئەمه هەرگیز به مانای ئەوه نایەت که ئەوان خۆیان به عەرەب دەزانن. ئەم قسەیەش تەنیا لەبەر ئەوە دەکەم، چونکه عەرەبەکان و (کۆمکاری عەرەبی)ش ئەریتیریایی و سۆمالی و جیبۆتی و ئەو گەل و نەتەوانەی که لەسەر خاکی بەناو (نیشتمانی عەرەب؟؟)دا دەژین، به عەرەب له قەڵەم دەدەن. ئێمەی کورد لەم بوارەدا تاقیکردنەوەی تاڵ و خوێناویمان دەگەڵ هەردوو ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عێراق و سوریادا هەیە.

هەر له هەمان ساڵدا، پێش ئەوەی شاری ترۆلهێتان بەرەو ستۆکهۆڵم بەجێ بهێڵم، ڕژێمی تاکڕەو و دیکتاتۆریی مەنگێستۆ هێلی مەریام، له ئەنجامی ڕاپەڕینێکی جەماوەری و سەرتاسەریدا، له وڵاتی ئەسیوپیا دوا هەناسەکانی ژیانی خۆی دا و ڕووخا. خەڵکی ئەریتیریا که ئەوسا ژێردەستەی ئەسیوپیا بوون، ئەم هەله زێڕینەیان له بەرژەوەندی خۆیاندا قۆستەوە و، به یەکجارەکی و مەردانه بانگی سەربەخۆیی خۆیان و وڵاتەکەیان ڕاگەیاند. ئیدی بەو جۆره دەوڵەتی ئەریتیریای ئازاد، بێگومان دوای خەباتێکی دوور و درێژ و بەردەوام، له دایک بوو. شایانی باسه ڕۆژی 24 ـی مانگی پێنج له ئەریتیریا، به ڕۆژی نیشتمانی دادەنرێت. ئەریتیریاییەکان ڕێک به پێچەوانەی کورد و سەرانی، پێشوەخت پێشمەرجی خۆیان له مشتی دەسەڵاتدارانی نوێی ئەسیوپیا نابوو. دیاره هەر ئەمەش بوو وای له ڕژێمی نوێی ئەسیوپیا کرد، که نەتوانێ به چ جۆرێک ببێته کۆسپ و تەگەره له بەردەم داوا ڕەواکانی گەلی بەشخوراوی ئەریتیریا. هەر نەتەوەیەک که نەزانێ چۆن هەل و دەرفەتی زێڕین و

هەڵكەوتوو لە بەژەوەندی خۆیدا بقۆزێتەوە، دیارە حاڵی لە كورد باشتر نابێ! هەرچەندە كورد لەم بوارەدا ڕیكۆردی شكاندووە!!

سەرتان نەیەشێنم هەر لەو دەم و ساتانەدا، دانەسبەینەیەک كە عەبدولباسیتی قوتابیم لە من و ڕەوشی كوردان ڕامابوو، بە هەنگاوێكی لەسەرخۆ چوومە بەردەمی و، دەستم لەناو دەستی نا و، پڕ بە دڵیش پیرۆزبایی سەربەخۆبوونی وڵاتەكەیم لێ كرد. ئەو كوڕەلاوە ڕەشتاڵە ئەریتیریاییە كە لە خۆشیی ڕزگاربوونی وڵاتەكەیدا شاگەشكە بوو بوو، بە نەرمی و هیواخوازییەوە بە منی گوت: نوخشە بێ لە ئێوەش!

پاش یازدە ساڵی تەواو، لەو گەڕەكەی كە لە ستۆكهۆڵمی پایتەختی سوێد تێیدا نیشتەجێم، باوک و دایكی عەبدولباسیتم بینییەوە. ئەوان یەكسەر منیان هاتەوە یاد و هەواڵی عەبدولباسیتیشیان پێ ڕاگەیاندم. بەڵێ، ئێستا عەبدولباسیتی ئەریتیریایی ژنی هێناوە و خاوەنی منداڵێكیشە..ئەریتیریا یازدە ساڵ زیاترە دەوڵەتە..دەوڵەتە سەربەخۆكانی سەر ڕووی زەمین ژمارەیان لە دوو سەد نزیک دەبێەوە..سەددامی جەلادی كوردانیش دە زیندانێدا شەو و ڕۆژ بەسەر دەبات..بە كورتییەكەی گۆڕانكاری و ڕووداوەكان وا بەڕێوەن و، پێشناچێ شتەكان هەروا زوو كۆتاییان پێ بێ. ئەوەی پەیوەندیشی بە كوردەوە هەبێ، هەر مەپرسە چ باسە، چونكە كورد تازە بە تازە سەرۆكی (عێراقی تازە)، لە خۆی دەكا بە زاوا!

<u>ستۆكهۆڵم 8-9-2004</u>

* لە ماڵپەڕە كوردییەكان و لە هەفتەنامەی میدیادا بڵاو كراوەتەوە.

## سروودی نیشتمانی*




دوا وێنەی دڵداری نەمر

ئەمساڵ کە ڕێ و ڕەسمی یارییە ئۆلۆمپییەکان لە یۆنانستان بەڕێوە چوو، گەلانی خاوەن دەوڵەت و سەربەخۆ، لە هەر بۆنەیەکی دیکە زیاتر و لە جارانیش بەرچاوتر کەوتنە خۆیان تا بە چاکترین شێوە و لە نمایشی ڕازاوە و جۆراوجۆر و جواندا، توانا و لێهاتوویی و زرنگییەکانی خۆیان، لە بوارە جیا جیاکانی وەرزشدا بە دانیشتوانی سەر گۆی زەوی نیشان بدەن. هەموومان یاریزانە سەرکەوتووەکانمان بینی، کاتێ کە سروودی نیشتمانیی وڵاتە ئازادەکانیان لێ دەدرا، چاوەکانیان پڕ لە فرمێسکی شادی و شانازی و خۆشەویستی دەبوون و، دڵۆپ دڵۆپیش بەسەر ڕوومەتەکانیاندا دەهاتنە خوارێ. ئەرێ چ ڕۆژ لەو ڕۆژە خۆشتر هەیە کە مرۆڤ تێیدا نیشتمانی خۆی بە سەربەرز و سەرکەوتوو ببینێ و، گوێی لەو سرووودە نەتەوەیی و نیشتمانییەش بێ کە ڕۆڵەکانی تەواوی گەل و وڵاتێک لە یەک نزیک بکاتەوە و، جۆش و خرۆش بخاتە دڵیانەوە و، ئاگری بەتینی ئەڤینیی زێد و واریش دەنێو جەرگ و هەناویاندا بکاتەوە؟!

ئای چەند سەربەرزن ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان هەیە و لەسەر نەخشەی جیهانیشدا ناویان دەدرەوشێتەوە!

بەڵێ، سروودی نیشتمانی بە یەک لە پیرۆزترین پیرۆزییەکانی هەر گەل و نەتەوەیەک دەژمێردرێت. سرووده نیشتمانییەکان گوزارش لە ڕابردوو و خوێن و خەبات و خواست و ئامانجە نەتەوەییەکانی ئەو گەلانە دەکەن، کە تا گەیشتوون بە سەربەخۆیی، ڕەنج و ماندووبوونێکی فرەیان کێشاوە و، بگرە بە جارانیش دوای دەریایەک خوێن، ئینجا بانگی ئازادیی خۆیان داوە. دیارە من لێرەدا بە پلەی یەکەم مەبەستم لەو گەلە بندەستانەیە کە قەت لە مردن سڵیان نەکردۆتەوە و، ئامادەی گشت جۆرە قوربانیدان و فیداکارییەکیش بوونە، هەر تەنیا بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان هەڵهاتنی خۆری سەربەخۆیی لە وڵاتی خۆیاندا ببینن. باجی سەربەخۆبوون تا بڵێی گرانە، بەڵام ئەتۆ بڵێی لە سەربەخۆبوونیش خۆشتر هەبێ؟!

سووکایەتیکردن بە سروودی نیشتمانیی کوردان، جا لە لایەن هەر کەس و تاقم و لایەن و ماڵپەڕێکی کوردییەوە ئەنجام بدرێت، خۆی لە خۆیدا نەک هەر کارێکە قێزەون و خراپ، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دەچێتە نێو خانەی ناپاکیکردن لە دۆزی ڕەوای نەتەوە و نیشتمان. ئەرێ بە ڕاست لەنێو گەلانی بێ دەوڵەت و ژێردەستەی دیکەدا، کورد ئاسا، کەس یا کەسانێک وا بە ساناهی هەڵدەکەون بۆ هەڵمەت بردنە سەر یەک لە پیرۆزییەکانی خۆیان، کە بێگومان سروودی نیشتمانییە؟!

بە بۆچوونی من کردەوەیەکی وەها قرێژ، ئەگەر لە مێشکی بۆگەنی کوردێکیشەوە سەرەتاتکێی هاتنە دەرەوەی کردبێ و، دوا جاریش خۆی کردبێ بە میوانی ڕەزاگرانی یەک لە ماڵپەڕە کوردییەکان، لێ دیسان ئەم شتە هەبێ و نەبێ بە فیتی دوژمنانی خوێنمژی کورد وەبەرهەم هێنراوە و، سەرچاوە سەرەکییەکەشی هەر دەچێتەوە لای خۆیان. ڕەببی مووی لێ بێ زمانی هەر کەسێ سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردان بشێوێنێ!

من، ئەگەر بە درەنگیشەوە بێ، ویستم دەنگی خۆم بخەمە پاڵ دەنگی ئەو خەمخۆر و دڵسۆزانەی نەتەوەکەم، کە یەکسەر وەرامی پێویست و کوردانەیان دەنێو مشتی ئەنجامدەر یا ئەنجامدەرانی کارێکی وەها ناشیرین و ناڕەوا و دزێو و ناحەزانە نا.

هۆ (دڵدار)ەکەی کوردستان ئەتۆش گۆڕت پڕ لە نوور بێ و، هەتا کوردێک لەم سەرزەمینەدا مابێ، دڵنیا بە، (ئەی ڕەقیب) هەر دەمێنێ!

ستۆکهۆڵم 17-9-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئالآ*

کەس نییە نەزانێت کە ئالآ هێما و سیمبۆڵی هەر نەتەوە و گەلێکە. جا گرنگ نییە ئەو گەل یان نەتەوەیە سەربەخۆ یانیش بندەست بێت. بە واتایەکی دیکە گەلانی ژێردەستە و بێ دەوڵەتیش سیما و شتە نەتەوەییە پیرۆزەکانی خۆیان هەیە و، بە هەموو شێوەیەکیش تا پێیان بکرێت، داکۆکییان لێ دەکەن. تیموورییەکانی ڕۆژهەلآت کە وەک دوایین گەلی چەوساوە لە سەدەی ڕابردوودا بە سەربەخۆیی خۆیان شاد بوون و، دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان ڕاگەیاند، هەمیشە شانازییان بە ئالآ و هێما نەتەوەیی و کولتووری و نیشتمانییەکانی خۆیان کردووە، دیارە پێش ئەوەی ببن بە دەوڵەتیش هەر سوور بوون لەسەر کارێکی وەها. فەلەستینییەکان، وێڕای ئەم هەموو تاقم و دەستە جیاواز و ڕکەبەر و بیر و ڕا جوادایانەی کە لەنێو ڕیزەکانیاندا بەدی دەکرێن، بەلآم تەنیا یەک ئالآی نەتەوەیی خۆیان هەیە و لە دەوری کۆ دەبنەوە. سەحراوییەکانی بیابانی ڕۆژئاوا خاوەن ئالآی تایبەت بە خۆیانن و بە دەیان دەوڵەتیش دانیان بە (کۆماری بیابانی ڕۆژئاوا) ناوە. شایانی باسیشە دوا دەوڵەت کە کۆماری ناوهاتووی بە فەرمی ناسیبێت، وڵاتی نێلسۆن ماندێلا، باشووری ئەفریقایە. هەرچی ئەریتیریاییەکانن هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ئازادبوونی نیشتمانەکەیاندا ئاهەنگ دەگێڕن و، لە گەڕەکە بیانیشینەکانی ستۆکهۆڵم، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە ئەریتیریایی تێدا هەن بە شێوەیەکی ئاشکرا هەست بە جۆش و خرۆشی ئەم جۆرە ئاهەنگ و بەزمانە دەکرێت. ئەوان لەو ڕۆژەدا لە کونی پەنجەرە و بالکۆنگی ماڵەکانیانەوە، ئالآی ئەریتیریا دادەنێن و بە گشت دنیاش دەڵێن: ئێمە دەوڵەتمان هەیە دەوڵەت! بێگومان بە دەیان نموونەی تریش هەن کە دەشێت مرۆڤ پەنجەیان بۆ درێژ بکات، بەلآم لێرەدا هەر بەو چەند نموونەیە واز لە باسەکە دێنین و دەشچینە سەر ناوەڕۆکی گرنگ و مەبەستی بابەتەکەمان.

گەلی کورد مینا هەر گەلێکی بندەست و بێ دەوڵەت هەرگاڤ داکۆکی لە بنەما نەتەوەیی و نیشتمانی و هێما و سیما و تایبەتمەندییە ڕۆشنبیری و تەواوی شتە پیرۆزەکانی خۆی کردووە. ڕەنگە کەس بەقەدەر کورد لە پێناوی مانەوە و پاراستنی خۆی و زمان و کولتووریدا قوربانی نەدابێت و، دووچاری کارەساتی دڵتەزێن و مەرگەساتی نەتەوەیی و ویژدانهەژێنیش نەهاتبێت. دیرۆک شایەتی ئەم بۆچوونەیە و چ پێویستیش بەوە ناکات باس لەو هەموو نەهامەتی و زۆرداری وکاولکارییانە بکەین

کە کورد، لە ڕووی دەروونی و گیانی و جەستەیی و نیشتمانی و لە زۆر ڕووی




تریشەوە، دووچاری هاتووە. بەکورتی جانفیدایی و مەرگەسات و وێرانکاری و بەرەنگاربوونەوە و شەهیدە سەربەرزەکان لە هەژماردن نایەن. ئەوەی تایبەت بێت بە ئاڵای نەتەوە و نیشتمانی کورد، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە سەربەخۆییخواز و بەشمەینەتە هەمیشە و هەمیشە، هەر چییەکیان لە دەست هاتبێت بۆ بەرزڕاگرتن و شەکاندنەوەی ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی وڵاتیان، کەمتەرخەمی و درێغییان نەکردووە. من پێموایە لەم بارەیەوە (عەیب و قسوور) لە ئەندامانی نەتەوەی کورد و کوردستانییاندا نییە. هەربۆیە لێرەدا ئەوەی کە زیاتر دەبێ سەرکۆنە بکرێت و پەنجەی تاوانیشی لە چاو ڕابکرێت، تەنیا و تەنیا سەرانی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی و نیشتمانیی کوردستانن، کە بە ڕاستی بە جاران سەریان لە خۆیان و گەلەکەشیان شێواندووە. تەنانەت جاری وا بووە نەک هەر سەریان لە کورد وەک نەتەوە و گەل شێواندووە، بگرە سەری کوردیشیان بە فەتارەت داوە. کەس هەیە بڵێت ئەمە وا نییە؟!

خەڵکی کورد لە دەرەوە و لە ناوەوەی وڵات خوازیاری ئاڵای پیرۆزی خۆیان بوونە و دەبن. ئەمە مەسەلەیەکە دۆست و دوژمن لێی بەئاگان. لە باشووری کوردستان، بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕینە پیرۆز و جەماوەرییەکەی بەهاری 1991، کورد کەم تا زۆر پابەندی ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ و هێمای نەتەوەیی هەرە بەرزی کوردستانەکەی بووە. ئەم دیاردەیە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە جاران بەرچاو و خویایە. بێگومان هەر کوردێکیش کە تۆزێ خەمی وڵاتەکەی لە دڵدا بێت، هەست بە شادی و خۆشی دەکات،

ساتێ دەبینێت ئاڵای پیرۆز و ڕازاوەی کوردستان لە بەرزیی ئاسماندا دەشەکێتەوە و چاوی دوژمنانی هۆڤیش کوێر دەکات. کوردانی ئەوروپاش لەم بوارەدا پێشەنگ بوونە و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان لەسەر شان بووە و، لە چاوی خۆیانیش زیاتر خۆشیانویستووە.



سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە گشتیان هەندێ شت هەن کە لەوانەیە تەنیا دەنێو کورددا، وەک نەتەوەیەکی بەشخوراو و بەجێماو و بێ دەوڵەت، سەر هەڵبدەن و بێنە ئاراوە. سەبارەت بە ئاڵای کوردستان، گەلێ جێی داخە، هێشتا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، لەتەک ئاڵای ڕەش و نەگریسی بەعسدا دەشەکێتەوە. لەمە هەمووی خەفەتدارتر ئەوەیە ئاڵای بەعسییانی بکوژان و جەللادانی کورد، هەتا هەنووکەشی لەگەڵدا بێت، سێبەرە ڕەش و ترسناک و مەرگهێنەرەکەی باڵی بەسەر گڵکۆی شەهیدانی نەمر و سەربەرز و بێناز ڕاگیراوی کارەساتی نامرۆڤانە و، کیمیابارانکردنی وەک شارێکی هەڵەبجەی کورداندا کێشاوە.(1) هەرچی دەڤەرەکانی ژێر حوکمڕانی پارتین، گەلێ ڕاستە ئاڵای بەعس ماوەیەکە لەوێدا نابینرێت، بەڵام چەند پرسیارێک هەن کە

گرێدراوی ئەم باسەن و ناتوانم خۆمیان لێ ببوێرم: پارتی ئاڵای چەپەڵی بەعس لە ناوچەکانی بن دەسەڵاتی خۆی بەرز ناکاتەوە، بۆ ئەم کارەش هەزار جار دەستخۆشی لێ دەکەم، لێ لە بەغدا وەزیران و گەورە لێپرسراوانی ئەم حیزبە کوردییە لەبن سێبەری هەر هەمان ئاڵای بەعسدا قسان دەکەن و، وەزیر و گزیرن. ئایا ئەمە بانێک و دوو هەوا نییە؟! هوشیار زێباری لە دەرەوە نوێنەرایەتی عێراق دەکات. لە بارەگای (کۆمکاری عەرەبی)، ئاڵای ڕەشی چڵکنی عەرەبە بەعسییە کوردکوژەکانی لەپێشدا دادەنرێت. کەس هەیە بەم شێوەیە کاکی زێباری نەبینیبێت؟! نەسرین خانیش ئەوە هەر لێی گەڕێ، سەرەک کۆماری عێراقی تازەی لێ کردین بە خزم. کێ ناڵێ بەهۆی ئەم لێکتر نزیکبوونەوەیە، ئاغای شەمەری – یاوەر، ئاوڕێکی خێرا لە نامە پشتگوێخراوەکەی (لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان) ناداتەوە.(2) دەی وا چاوەڕوانین! دیارە ئەم بابەتە بەتەنیا هەر پارتی ناگرێتەوە. یەکێتیش هەر هەمان ڕێگا دەبڕێت و خراپتریش. دیارە لەبەر ئەوەی پارتی و مەسعوود بارزانی گەلێ جار باسیان لەوە کردووە کە ئەوان ئاڵای بەعس لە کوردستان هەڵناکەنەوە، پێشتر هەڵیانکردبوو، منیش هەر لەبەر هەندێ پارتیم بە نموونە هێنایەوە.

هەر هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتار و گوتارێکی نانەتەوەیی و ناکوردی و ناکوردستانی بەرپەرچدانەوەی خۆی دەوێت. تەنانەت جاری وا بووە سووکایەتیکردن بە هێما و پیرۆزییەکانی کورد، وەک ئەوەی کە بە (ئەی ڕەقیب) کرا، لە لایەن کورد خۆیشی، پرسیاری وەها دەورووژێنێت کە بۆنی ئەوەی لێ بێت داخوا: ئێمە نەتەوەین؟(3) لەمەڕ ئەم مەسەلەیە من بە ڕاشکاوی لە جێیەکی تردا بۆچوونی خۆم بەیان کردووە.(4) چ بە پێویستی نازانم لێرە جارێکی تر هەر هەمان شت دووبارە بکەمەوە.

کورد ئەگەر خۆی ڕێز لە سروودی نیشتمانی و ئاڵا و پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەگرێت، دیارە کەس لەولاوە نایەت تا کارێکی وای بۆ ئەنجام بدات.

ستۆکهۆڵم 26-9-2004

<u>پەراوێزەکان:</u>

(1) بڕوانە: ئالآکەی بەعس بەسەر شەهیدانی هەڵەبجەوە دەشەکێتەوە، نامیق هەورامی، ماڵپەڕی کوردستان نێت، 21-9-2004.

(2) بۆ ئاگاداربوون لەم هەواڵە، بڕوانە: میدیا، ژمارە 170، ل 1، 16-9-2004.

(3) سەبارەت بە پرسیارێکی وەها، ئەم بابەتە بخوێنەوە: ئایا ئێمە نەتەوەین؟، هاوڕێ باخەوان، ماڵپەڕی کوردستان نێت، 25-9-2004.

(4) بۆ زیاتر ئاگاداری، بڕوانە: سروودی نیشتمانی، مەهاباد کوردی، ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە، 18-9-2004.

* لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو کراوەتەوە.

# وەی لەبەر ئەو "نیعمەت" و "برا"یەی بمرم!*

دوێنێ ئێوارە 20-10-2004، بەشێک لە چاوپێکەوتنێکی جەلال تاڵەبانیم بینی، کە لە لایەن کەناڵی "الفیحاء"ەوە ئەنجام درابوو. من تەنیا بە پازدە دەقیقەی کۆتایی هەڤپەیڤینەکە ڕاگەیشتم. جا بەر لەو چارەکەسەعاتە تاڵەبانی چی گوتووە و نەگوتووە، گوێم لە وتەکانی نەبووە و لێیان ئاگادار نیم. هەربۆیە ئەو چەند دێڕانەی کە لێرەدا دەیاننووسم زێتر پەیوەندییان بە قسەکانی دوایی چاوپێکەوتنەکەوە هەیە.

تاڵەبانی لە وەرامی پرسیارەکاندا ئاماژەی بۆ دوو بابەت کرد، کە من پێموایە دەبێ هەڵوەستەیان لەسەر بکرێ و، گەلێ نیشانەی پرسیاریشیان لەبەردەمدا دابنرێ. ناوبراو لەمەڕ سیستانی وەها بەرسڤی کچە ڕۆژنامەوانە ژیکەڵە و خنجیلانەکەی دایەوە: من گوتوومە ئاغای سیستانی خۆی لە خۆیدا "نیعمەت"ێکە بۆ عێراق. کەواتە تاڵەبانی کەسێکی وەکو سیستانی بە " نیعمەت" پێناسە دەکات.



ئێمەش لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین: دەبێ ئاغای تاڵەبانی باس لە کام "نیعمەت" بکات؟ ئەدی هەر ئەو "سیستانی"یە نەبوو خەڵکی شیعەی عێراقی دەهێنایە سەر شەقام تا لە دژی کورد و، ئەو فیدرالیزمە بقیڕێنن کە سەرانی کورد شەو و ڕۆژ خەونی ڕەنگینی پێوە دەبینن و، بە قەدەر دنیایەکیش دڵیان پێی خۆشە؟ ئەرێ بەڕاست هەر شیعە مێشکپووتەکان نەبوون لە کەرکووکی کوردستان، شان بە شانی کۆنەبەعسییە دەمبەخوێنەکان و تورکمانە تۆرانییەکان، دروشمی "لا اله الا الله کوردستان عدو الله"یان بەرز دەکردەوە؟! هەمووومان دەزانین سیستانی ئامادەی ئەوەش نەبوو فەتوایەک دەربکات لەمەڕ مەسەلەی تەعریبکردنی کوردستان و، پرسی کەرکووک و گەڕانەوەی عەرەبە هاوردە و دەهەزارییەکان بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی پێشینەی خۆیان. دەستەیەک لە پیاوانی ئایینی ئەندام لە "یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان"ی سەر بە یەکێتی، بێگومان بە هاندان و ڕازیبوونی یەکێتی و تاڵەبانی، سەردانی سیستانییان کرد و، داوای فەتوایەکی باوکانەیان لەو مێژەربەسەرە کرد، بەڵام سیستانیی فێڵباز و دوژمنی کورد نەک هەر فەتوا، بگرە وشەیەکی سادەشی سەبارەت بەم مەسەلە ڕەوا و هەقخوازانەیە لە دەم نەهاتە دەر. کەس هەیە ئاگای لەم کەینوبەینە نەبێت؟ داخوا هەر سیستانی نەبوو کەللەڕەقانە لەهەمبەر "قانوونی کاتیی ئیدارەی دەوڵەت" دەوەستا،

چونکه گوایه لەو بەناو "دەستووری کاتی"یەدا کورد مافی ڤیتۆی پێ ڕەوا بینراوە؟ ئەدی کێ بوو لێنەگەڕا لە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووە دەوڵەتدارەکاندا، پەنجە بۆ ئەم "قانوونی کاتیی ئیدارەی دەوڵەت"ە درێژ بکرێت؟ ئەمە و چەندین پرسیاری دیکەی لەم جۆرە هەن کە وا لە مرۆڤ دەکەن تف لەناو چاوی سیستانی بکات و، لە غەیری "نیعمەت"یش هەر شتێکی تری بداتە پاڵ. دەبا "نیعمەت"ێکی وەک سیستانی هەر پیرۆزی تاڵەبانی بێت!

لە وەرامی پرسیارێکی دیکەی ئەلفەیحائدا جەلال تاڵەبانی گوتی: کوردەکان هەست دەکەن کە عێراقین. جارێ پێش هەر شتێک دەبێ ئەوە بڵێم تاڵەبانی مافی تەواوی خۆیەتی باس لە عێراقیبوونی خۆی بکات، لێ بە چ شێوەیەک بۆی نییە گەلێکی گەورە و گران و خاوەن ئەم هەموو قوربانییانە بە قسەیەکی سووک بکات بە "عێراقی". گەلێک کە لە سایەی ئەو "عێراق"ەدا لە کوشتوبڕ و گۆڕی بە کۆمەڵ و وێرانکردنی خاکەکەی و ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب و دەریایەک کارەساتی دڵتەزێن زیاتر هیچی بۆ نەماوەتەوە و، ئەمانەش لە زۆر بواردا مرۆڤی کوردیان دووچاری چەندین دەرد و چەڵەمەی دەروونی کوشندە کردووە و، بە ئاسانیش برینەکانی ئەم کارەساتە خوێناوی و کەموێنانە سارێژ نابن. یاسر عەرەفات ڕۆژێک لە ڕۆژان زاتی ئەوەی نەکردووە بڵێت: فەلەستینییەکان هەست دەکەن ئیسرائیلین. بەڵێ، عەرەفاتێک کە لە ژیانی دووردرێژی خۆیدا وتەیەکی لەم جۆرەی نەدرکاندووە، کەچی دیسانیش گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و، دەگەڵ بەسەراچوونی کاتیشدا نابووت و نابووتتر دەبێت. ئەرێ ئەگەر کورد "عێراقی" بوایە بۆ ئەوەندە ساڵە، بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی دەستکرد و عەنتیکەی بەناو عێراق، لە پێناو پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و کەرامەت و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی خۆیدا لەسەر پێدا دەبوو و، ڕووبەڕووی ئەو هەموو کارەساتە زۆر و مەزنانەش دەبۆوە، کە ڕەگەزپەرستانی نەتەوەی عەرەبی سەردەست و دەسەڵاتدار بەسەر ئەم گەلە خۆڕاگر و کۆڵنەدەرەیان هێناوە؟ ئەی ئەو دەیان هەزارانەی کە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و جوان، دەتانرژاندنە سەر شەقامەکانی سلێمانی و بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بە دنیاتان پیشان دەدان، ئایا گشت ئەو خەڵکە بەشەرەف و دڵسووتاو و ئەڤیندارەی نیشتمان، خۆتان ئاسا، ئامادەی ئەوەن بڵێن: هەست بە عێراقێتی خۆمان دەکەین و عێراقین؟ من خۆم دڵنیام لەوەی ئەندامانی سەربەرزی نەتەوەی کوردم، بەر لەوەی هەر چییەک بن، کورد و کوردستانین نەک شتێکی تر. هەر لەبەر هەندێ با ئەو "عێراقیبوون"ەش سەد جار

موبارەک و پیرۆزی خۆت بێ! بەڕاستی عێراقیبوون هەر لە تۆ دەوەشێتەوە! کێ نالێ هەر ئەو قسانەتن کە وا لە خەڵک ناکەن ئا وەها لەمەڕ تۆ بیر بکەنەوە: دانانی جێگیر بۆ مام جەلال: 3%. لابردنی مام جەلال 92%. گۆڕینی سیستەمی کارکردن: 5%. (ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە، ئەمڕۆ سەعات حەوتی بەیانی سەیری کراوە).

جێی خۆیەتی هەر لێرەشدا ئاماژە بەو هەڤپەیڤینە بکەین کە کەناڵی ئەلعەرەبییە، پێش چەند ڕۆژێک، لەگەڵ مەسعوود بارزانی سازی دا. بارزانی سەبارەت بە کوردستانێتی شاری کەرکووک و هەندێ مەسەلەی تر تا بڵێی ڕاشکاوانە دوا. ئەوەی کە لە قسەکانی بارزانی زیاتر تووڕەی کردم، باسکردنی ئاغای یاوەری سەرۆکهۆزی "کۆماری عێراق" بوو، بە شێوەیەک کە مەسعوود بارزانی ئەو غازی یاوەرە دەعبایەی بە "ئەخونا ـ برامان" وەسف کرد. پارتی یان مەسعوود بارزانی، هەروەک جەلال تاڵەبانی مافی ڕەوای خۆیانە، غازی یاوەر بە برا و زاوای خۆشیان دابنێن، بەڵام کورد وەک گەل و نەتەوە ئاخاوتنە بۆگەن و نابەجێ و ناحەزەکانی شێخی شەمەریان هەروا بە ساناهی بەسەردا تێپەڕ نابێت. بە کورتییەکەی کورد غازی یاوەر بە زاوای خۆی نازانێت و بە چاوی جارانیش لە نەسرین بەرواری ناڕوانێت. ئەمە ڕاستییەکە دەبێ پارتی و بارزانی، پێش هەر کەس و لایەنێکی دیکە، باش بیزانن.

<u>سوێد 21ـ10ـ2004</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## عێراقی فیدرال یان عێراقی جەنگەڵستان؟!*

هەر ئێوارەیەک کە لە کار دەگەڕێمەوە، یەکەمین شت کە ئەنجامی بدەم، تەماشاکردن و گوێگرتنە لە هەواڵەکانی کوردستان. بمەوێ و نەمەوێ، سەرچاوەی سەرەکیی دەنگوباسەکان بۆ من و گشت کوردی ئەوروپاش، بێگومان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی کوردستان تیڤی و کوردسات و ڕۆژ و مێزۆپۆتامیا و، ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرە کوردییە سیاسییە ڕێکخراوەیی و ناڕێکخراوەییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانە. دیارە لەم بوارەدا تۆڕی ئینتەرنێت و ماڵپەڕە کوردی و ناکوردییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە کە نابێ پشتگوێ بخرێن.

زۆر جێگای داخە کەناڵە کوردییە ئاسمانییەکان، جاری یەکەمم نییە و تاکەکەسیش نیم کە قسەیەکی وەها بکەم، لە هەندێ باردا نەک هەر خزمەت بە دۆزی ڕەوای کورد و کوردستان ناکەن، بەڵکە هاندەرێکی چاکیش دەبن لە پێناو پاراستن و داکۆکیکردن لە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتی شووم و نەگریسی بەناو عێراق و، تێکشکاندنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەوەری لەکن کوردان. بە جاران ڕەخنە لە هەڵوێستە نانەتەوەیی و ناکوردستانی و نانیشتمانییەکانی ئەم دەزگا تەلەفزیۆنی و حیزبییانە گیراوە. لە بەرامبەر ئەو ڕەخنە و پێشنیارانەدا هەڵسووڕێنەران و سەرپەرشتکاران تەقەی سەریان هاتووە و، زۆر کەم نەبێ، چ ئاوڕێکی کوردانەیان لەو بانگەواز و ڕەخنە بنیاتنەر و دڵسۆزانەیە نەداوەتەوە، کە هەر هەموویان لە لایەن کەسانێکی خەمخۆر و بەتەنگەوەهاتوو و کوردپەروەر خراونەتە ڕوو.

هەردوو کەناڵە ئاسمانییە سەرەکییەکەی ئەوڕۆی باشووری کوردستان، بەتایبەتیش مەبەستم لە کوردستان تیڤییە، ڕۆژانە هەواڵەکانی هەوەڵینییان لەمەڕ "عێراقی فیدرال" و "حکوومەتی عێراقی فیدرال" و "سەرۆکی عێراقی فیدرال" و "ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقی فیدرال"ە و، ئیدی هەر مەپرسە "عێراقی فیدرال" چۆن چۆنی کلاشە دەکات! ئەمە لە کاتێکدا کە هۆیەکانی ڕەگەیاندن و تەلەفزیۆنییەکان و سەرچاوەی هەواڵ و دەنگوباسەکانی تایبەت بە عەرەب بە گشتی و، عەرەبی عێراقیش بە تایبەتی، بە چ شێوەیەک توخنی شتێک ناکەون کە ناوی "عێراقی فیدرال" بێت. بە کورتییەکەی ئەوە تەنیا لایەنی کوردی"کوردستان تیڤی" و بڕێ لە دام و دەزگا سیاسییە کوردییەکانی دیکەن کە کاری شەو و ڕۆژیان بووەتە باسکردنی عێراقێک، کە خۆیان خەونی سەوز و گوڵ ئاسا و ڕەنگینی پێوە دەبینن. عێراقێک کە هێشتا کوردستانە بەزۆر

پێکەوەلکێنراوەکەی، بە شێوەیەکی فەرمی و دانپیانراو و قانوونی، سنوورەکەی دیاری نەکراوە..ئەو عێراقەی کە تا دوێنێ زۆرینە شیعەکەی لەسەر جادده بوون و، لە هەمبەر مافی کوردان و، بە تایبەتیش مەسەلەی فیدرالیزم، دروشمی ڕەگەزپەرستانە و ناحەزانەیان بەرز دەکردەوە..یان ئەو عێراقەی کە کۆنەبەعسی و عەرەبە سوننی و هاوردە و دەهەزاری و تورکمانە تۆرانی و شیعە سەدری و ناسەدرییەکانی، لە دوایین ڕۆژی ساڵی ڕابردوودا مەرگیان بۆ کورد و کوردستان بە ئاوات دەخواست و، پڕ بە دەمیشیان هاواریان دەکرد: لا الە الا اللە کوردستان عدو اللە!..یاخود ئەو عێراقە نافیدرالییەی کە هێشتا دوای زیاتر لە ساڵێک، "قانوونی ئیدارەی دەوڵەت"ە کاتییەکەی نەبووە بە ناکاتی و شێوەیەکی هەمیشەیی وەرنەگرتووە و کاری پێ نەکراوە و، ڕێک بە پێچەوانەی خەون و ئارەزووەکانی سەرانی کورد، خۆی لە خۆیدا بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو بەند و برگانەی گوایا ئاشتی و ئازادی و سەرفرازی بۆ گەلی کوردی بێ دەوڵەت دێنن..بۆمان هەیە بپرسین: کوردستان تیڤی مەبەستی لە کام "سەرۆکی عێراقی فیدرال"ە؟ سەرۆکی ئەو عێراقە فیدرالەی کە لە عەنتەریات زیاتر چی تر فێر نەبووە و، "ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ لە خاڵی" تازەبووکە کوردەکەی نییە و، "ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردی" ـ شیمالە حەبیبەکەیەتی ـ و، هەر کەسێکیش ناوی کوردستان و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بێنێت، بە بۆچوونی غازی عەنتەری سەرۆکی شەمەرییان، ئەو کەسە "خاین" و ڕووڕەشە و لە دنیا و قیامەتیش جێی نابێتەوە. ئاخر ئەمە ئەو سەرۆکی عێراقی فیدرالەیە، کە سەرانی کورد دەغەزرین و پێیان لە عەردی گیر دەکرد، تا بیکەن بە سەرۆکی کۆمارە ڕووخاوەکەی بەعس. بە ڕاستی سەرۆکمان، ببوورن سەرۆکیان، زێڕی هەژدە عەیارە!

لەم ڕۆژانەی دواییدا لە کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردسات و کوردستان تیڤی، بە گەرمی باس لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکرێت. ئەو هەڵبژاردنەی کە ئەگەر کورد بەشداری تێدا بکات، بێگومان بە وەها کارێک عێراقێتی خۆی بۆ تەواوی دنیا دەسەلمێنێت و کوردستانیش، کە بە کردەوە بۆ چەندین ساڵ لە عێراق جیا بووبۆوە، دەگەڕێتەوە نێو باوەشی نامیهرەبانی "عێراقی دایک"ی نادایک! پێموایە هەر بیرکردنەوەیەکی پێچەوانەی ئەمە خۆدزینەوەیە لە ناوەڕۆکی سەرەکیی مەسەلەکە و، لە هەمان کاتیشدا چاوپۆشینە لە گشت قوربانی و کارەساتە دڵتەزێنەماڵوێرانکەرەکان کە بەسەر گەلی کورد و خاکی کوردستاندا هاتوون. لەو ساتەوەختەی کە بە گوێرەی

**چەندین ڕاپرسی و ڕاوەرگرتنی خەڵکی کورد، کە لە لایەن هەندێ ماڵپەڕی کوردییەوە ئەنجام دراون، وەک ئاشکرایە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەشدارییان لەم دەنگدانانەدا کردووە، دژی ئەوەن کە کورد مینا گەل و نەتەوە لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا بەشدار بێت، بە تایبەتیش کە هێشتا گەلێ پرسی چارەنووسسازی وەک کەرکووک و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، کەچی هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردسات و کوردستان تیڤی شەو و ڕۆژ بانگاشە بۆ هەڵبژاردن لە عێراقدا دەکەن و، کوردیش هان دەدەن تا چالاکانە لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکات و، بە مانایەکی تر "عێراقیبوون"ی خۆی بسەلمێنێت. من ئەم کارە بە خیانەت دەزانم. جا توخوا لە خیانەت خراپتر و پیستر شتێکی دیکە هەیە؟!**

**خاڵێکی تر کە هەر لەم ڕۆژانەدا بە تایبەتی لە کوردسات زۆر باسی لێوە دەکرێ، سەردانی شاندی عەرەبە فەللوجەییەکانە بۆ بارەگای جەلال تاڵەبانی. من لەوە تێناگەم داخوا تاڵەبانی ئاشقی کێندەرێی بەربەرییەکانی فەللوجەیە؟! جا گەر فەللوجە کاول بێت یان نا، بە کورد و کوردستان چ؟ ئەدی هەر عەرەبە شۆڤێنییە فەللوجەییەکان نەبوون، لە بەرامبەر تاوانە هۆڤەکانی سەددام و بەعس بێدەنگییان هەڵدەبژارد و، تەنانەت لێ نەدەگەڕان کوردە بەزۆر ڕاگوێزراوەکانی ناو خۆشیان ژیانێکی مرۆڤانە بەسەر بەرن و، دەستدرێژی و ستەمیان لێ دەکردن؟ ئەگەر خەڵکی فەللوجە تۆزقاڵێک مرۆڤایەتییان شک بردبا، مەرگەسات و خەمە گەورەکانی وەک هەڵەبجە و بادینان و ئەنفال و کوردانی بارزانی و فەیلی و کاولکردنی کوردستان و زۆری دیکەش ویژدانیانی دەهەژاند و، تەنیا بۆ جارێکیش با، تفێکی خەستیان حەواڵەی ڕووی قرێژی مێردەزمەکەی بەغدا دەکرد. جا کاری وا مرۆڤانە و دۆستانە چۆن لە وان دەوەشێتەوە؟ با تاڵەبانی وەرامی ئەم پرسیارە بداتەوە.**

**لە دیماهیدا دەبێ بڵێم ئەو "عێراق"ە فیدراڵەی کە کوردستان تیڤی و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکانی تر باسی دەکەن، لە جەنگەڵستانێکی پڕ مەترسی و دڕندە زیاتر شتێکی تر نییە و، قەتیش باوەڕ ناکەم خۆشگوزەرانی و سەربەخۆیی بۆ کورد مسۆگەر بکات!** ستۆکهۆڵم 3-11-2004

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

# پەیڤێک لەمەڕ پرسیارەکەی حەسەن سلێڤانی*

دوێنێ 7-11-2004، چاوێکم لە ماڵپەڕی عەرەبیی _ الكاتب العراقي _ کرد. لەوێندەرێ نووسینێکم بەر چاو کەوت لەژێر سەردێڕی: بۆچی نابێ سروودی نیشتمانیی عێراقی بە عەرەبی و کوردی بێ؟، کە لە لایەن کاک حەسەن سلێڤانی نووسرابوو. (www.iraqiwriter.com/kurdistan_streams). شایانی باسە ناوبراو



سەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کوردە لە دهۆک. دیارە کاک حەسەن لە نووسینەکەی خۆیدا مەبەستی لە سروودی نیشتمانیی عێراقییە نەک کوردستانی. ئەوەتە بەخۆی دەپرسێ: من وەک هاووڵاتییەک و نووسەرێکی کورد ئەم پرسیارەی خوارەوە پێشنیار دەکەم: بۆ دەبێ سروودی نیشتمانیی عێراقی فیدرالی _ دیموکراتی، هەر تەنیا بە زمانی عەرەبی پەتی بێ؟ لە هەمان کاتدا کاک حەسەن گلەیی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی دەکات و، داوا لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراقی و سەرۆکە هێژاکەی بەڕێز دکتۆر فوئاد مەعسووم دەکات، کە لەسەر ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەکی فەرمی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقی بخاتە ژێر پرسیارەوە و، دەشبێ ئەنجوومەنی ناوهاتوو و سەرۆکەکەی وەها

پرسێک بە هەند هەڵبگرن. دیسان ئەم جارەیان، وەک ڕۆشنبیرێکی کورد، کاک حەسەن پێشنیارێکی تر ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی دەکات و، چاوەڕوانی ئەوەشی لێ دەکات تا بە شێوەیەکی فەرمی ناڕەزایی خۆی لەم بارەیەوە ڕابگەیەنێت. هەروەها بەپێی بۆچوونی کاک حەسەن سروودی نیشتمانیی عێراقی، ئەگەر تەنیا بە زمانی عەرەبی لێ بدرێت و بگوترێتەوە و، زمانی کوردیش فەرامۆش بکرێت، ئەوا ئەم جۆرە سرووده لە لایەن گەلی کوردستانەوە ڕەت دەکرێتەوە و کەسیش گوێی لێ ناگرێت.

پێمخۆشە لێرەدا وەک کوردێک لە کاک حەسەن بپرسم: داخوا پابەندبوونی ئێمەی کورد بە سروودی نیشتمانیی عێراقی تا چ ڕادەیەک لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیماندا دەبێ؟ ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەوە بەتەنێ کوردستان تیڤی و کوردسات و ڕاگەیاندنە حیزبییە کوردییەکانی دیکەن کە باس لە بەناو عێراقی فیدرال دەکەن. ئەرێ بە ڕاست عەرەبەکانیش وا بە گەرمی و بە وێنەی کورد خۆیان لە قەرەی ئەم باسە دەدەن؟ ئایا دروستە ڕۆشنبیر و کەسانێکی بەرچاو و دەستەبژێری کورد، بە هەمان شێوەی ڕۆشنبیر و نووسەران و کەسانی تری سەر بە نەتەوە سەردەستەکانی تورک و عەرەب و فارس بیر بکەنەوە؟ سروودی نیشتمانیی عێراقی، با بە زمانی کوردیش بێ، بەڵام کاتێ دەربڕی هیوا و خواست و خەون و ئامانج و هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نەتەوەی کورد نەبێ، دڵنیابە شوێنە هەرە خاسەکەی سەر گووفەک و نێو زبڵدانان دەبێ. ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و دیکتاتۆرە جەللادەکەی هەتا دوایین ڕۆژانی حوکمڕانێتیشیان، گەلێ دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەی جۆراوجۆریان بە زمانی کوردیش پەخش و بڵاو دەکردەوە، لێ ئەمانە هەر هەموویان دەنێو کورددا بە قەدەر سەرەدەرزییەکیش نرخیان بۆ دانەدەنرا و، کەسانێک کە لەناو ئەم دام و دەزگایانەی بەعسی عەفلەقیدا دەمڕاست و کاربەدەست بوون، ئەمڕۆ وەبەر نەفرەتی تەواوی نەتەوەی کورد کەوتوون. پێموایە کورد هێشتا بایی ئەوەندە ویژدانی زیندوو و چاوی کراوەیە تاکو ڕەش لە سپی جیا بکاتەوە. ئەرکی سەر شانی ئێمە گشتمانە داکۆکی لە (ئەی ڕەقیب) بکەین نەک سروودی نیشتمانیی عێراقی. ئەو سرووده نیشتمانییە عێراقییە هی دەوڵەتێکە کە بە شێوەیەکی فەرمی پارچەیەکی نیشتمانە خۆشەویستەکەمانی داگیر کردووە. خۆ ئەگەر باسی (عێراقی نوێ)شم بۆ دەکەیت، یەکسەر هەزار و دوو سەد تف لە وەها عێراقێک دەکەم کە سەرۆکە شەمەرییەکەی حوکمی لە کوردستانەکەی ئێمەدا هێشتا بستێک بڕ ناکات، کەچی دیسانیش بە قەدەر

گەورەیی قیافەت و دیزداشە و عەبا و عەگالە عەرەبییەکەی خۆی، دەمی دەکاتەوە و هەڕەشەی شۆڤێنییانە لە کورد دەکات.

پەرلەمانی کوردستان و سەرانی کورد و پارتی و یەکێتی جارێ با پێش هەر شتێک پرسەخەسووانێیەک بە کورد بکەن و، بزانن داخوا ڕۆڵەکانی ئەم گەلە چەوساوە و بەشخوراوە، دەیانەوێت جارێکی دیکە بچنەوە ژێر باڵی ڕەشی قەوارەیەکی ناساغ و نەخۆشی وەک عێراق یان نا؟ ئینجا دوای ئەمە با بیر لە پێشنیارەکەی جەنابت بکەنەوە و هەڵیبسەنگێنن.

کاک حەسەن سلێڤانی بەڕێز

ئەوەی من بیزانم، بێگومان تۆش چاکی دەزانیت، گرفتی سەرەکی و خەمی گەورەی کورد لەوەدا نییە سروودی نیشتمانیی عێراقی بە کوردی بێت یان نا. جارێ هێشتا حکوومەتە شەق و شلۆقەکەی عەللاوی، سەرەڕای ئەوەی خۆشی نەگرتووە، بەڵام دیسانیش چەندین پرسی چارەنووسساز و گرنگی تایبەت بە کورد و کوردستان بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە. هەر تەنیا بۆ نموونە: بابەتی کەرکووک و شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان، گەڕانەوەی کوردە ئاوارە و دەرکراوەکان، لەناوبردنی ئاسەوارەکانی بەعس و مەسەلەی تەعریب و دیاریکردنی تخووبی کوردستان و زۆری تریش. دیارە سەرکردایەتی کورد لەم بوارەدا نەک هەر پەرێزی پاک نییە و بەس، بگرە هەڵەی ئەوەندە مەزن و مەترسیداری بۆ سەر پاشەڕۆژی کورد کردووە، کە بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەم شاشێتی و هەڵە کوشندانە دەچنە نێو خانەی ناپاکیکردن لە نەتەوە و نیشتمان. سەرانی کورد جارناجار خۆشیان دانیان بەم کارە کرێت و ناکوردستانییانەی خۆیان ناوە و، خۆشییان بووبێ یا ترشی، بە زمانی نەرم و لووس و لەخشتەبەرانە درکاندوویانە.

گوتاری سیاسیی کورد لە نموونەی گەلێکی سەربەخۆییخواز و مافخوراو و بندەست، زۆر پێویستە لە هەر دەم و ساتێکدا، ڕێک بە پێچەوانەی گوتاری سیاسیی ئەو گەلانە بن کە سەردەست و دەوڵەتدار و داگیرکەری خاکی کوردستانیشن. من خۆم وا بیر دەکەمەوە، چ مەرجیش نییە کاک حەسەن سلێڤانی دەگەڵمدا هاوبیر بێ.

دەبا سروودی نیشتمانیی کورد هەر (ئەی ڕەقیب) بێ نەک شتێکی تر!

<u>ستۆکهۆڵم 8-11-2004</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# سەرانی کورد و مردنەکەی عەرەفات*

یاسر عەرەفاتی ڕێبەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی کە لە تەمەنی 75 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، تەنانەت مردنەکەشی زۆر دەنگ و مقۆمقۆی لێ کەوتەوە. تا هەنووکە و کاتی نووسینی ئەم بابەتەش بەرپرسیارانی فەلەستینی و خەڵکی ڕەشۆکی و سەر جاددەی فەلەستین بە دوای پرسیارێکدا وێڵن، کە ئەوان پێیان وایە هێشتا بە تەواوەتی وەرامی نەدراوەتەوە: ئایا هۆی ڕاستەقینەی مەرگی عەرەفات چی بوو؟ عەرەفات بە هەر هۆیەک مردبێ، ئەمەیان ناوەڕۆکی سەرەکی بابەتەکەی من نییە و، پسپۆڕ و شارەزا و پزیشکان دەتوانن لەسەر وەها پرسیارێک هەڵوەستە بکەن. من لێرەدا لە دیدەنیگایەکی دیکەوە بۆ مەسەلەکە دەچم و، باسیش لە شتێکی جوداتر دەکەم، کە دەشێ ناوی لێ بنرێ جۆرێک لە بەراوردکردن لە نێوان عەرەفات و سەرانی کورد و، بە تایبەتیش ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی تەرمی عەرەفات و هۆی ئەم هەموو گردبوونەوە جەماوەری و خەڵکە زۆرەی کە ئامادە بووبوون . دیارە ئەم مەسەلانەش بابەتگەلێکی درێژخایەن و هەمەلایەنە هەڵدەگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا دەکرێ بە کورتی لێیان دەدوێم و ئاوڕیان لێ دەدەمەوە.



لە سەرەتادا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم، من وەک کوردێک، بە چ شێوەیەک هەڵوێستی ناحەزانەی فەلەستینییەکانم لەمەڕ دۆزی ڕەوای گەلەکەم لە بیر ناچێ و، هەروەها تێکەوڵێکەی ئەوان دەگەڵ ڕژێمی خوێنڕێژ و کوردکوژی بەعس لە دەمەدەمی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری 1991 و بەشداریکردنی ئەوان و مەسعوود ڕەجەوییەکان لەتەک سەددامییەکان لە کوشتن و ڕاوەدوونانی کوردی سڤیل و بێتاوان، کارێک نییە کورد هەستی پێ نەکردبێ و بە چاوی خۆیشی نەیدیتبێ. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسانی فەلەستینی کە خۆیان هێشتا شتێ شک نابەن بە ناوی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، لێ دیسانیش مینا عەرەبە چاوبرسی و ڕەگەزپەرستەکانی تر و سەرانی دەوڵەتە عەرەبە زۆردارەکان، بیری شۆڤێنیزم و پانعەرەبیزم لە مێشکیاندا دەخولێتەوە و، کێش ناڵێ نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەرێتی سەرانی کورد کە شەو و ڕۆژ باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن؟!

یاسر عەرەفات لەنێو فەلەستینییەکاندا بووبووە هێما و سیمبۆلی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوە. هەر ئەو بوو بۆ جاری یەکەم بناغەی ڕێکخراوێکی دانا کە دواتر بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی ناسرا. بێگومان هەر هەمان ڕێکخراویش بوو کە شانە چەکدارییەکەی، وەک یەکەمین دەستەی چەکداریی فەلەستینییەکان، دەستی لە هێزەکانی ئیسرائیل و سوپا بەهێزەکەی وەشاند. کارێکی وەها بۆ ئەوسا کەم نەبوو. ئێ خۆ خودی شۆڕشیش هەر لە هەنگاوێکی بچووک و سەرەتاییەوە دەست پێدەکات.

عەرەفات بە گوێرەی قسەی هەڤاڵ و لایەنگر و دۆست و ناحەزانیشی لە ژیانی خۆیدا گەلێ هەڵەی کوشندەی کردووە. ئەم هەڵە و چەوتییانەش، کە بە شێوەی بڕیار لە دەمی عەرەفات دەرچوونە، بە پلەی یەکەم زەرەر و زیانیان بە خودی فەلەستینی و بەرژەوەندییەکانیان گەیاندووە. کاتێ باس لەو کار و بڕیارانە دەکرێت کە یاسر عەرەفات نەدەبوو توخنیان بکەوێت، چاودێرانی سیاسی ئەم جۆرە بڕیارانە بە "کارەساتهێنەر" بۆ فەلەستینییەکان ناوزەد دەکەن. ئەو چاودێر و شارەزایانە لەم بۆچوونەیاندا زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو و، پەیوەندی ئەوسای عەرەفات و گرووپە فەلەستینییەکان بە هەندێ کاری تیرۆریستی و ڕفاندنی فڕۆکە و دەستگیرکردنی بارمتە و، بڕێ کردەوەی تریش دێننە پێشەوە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ عەرەفات لە دەمەدەمی داگیرکردنی کوێت لە لایەن سوپای سەددام حوسێن، زۆر بە ڕاشکاوی هەڵوێستی داکۆکیکەرانەی خۆی لە مێردەزمەکەی بەغدا ڕاگەیاند و، بەمەش فەلەستینییەکان پاش ئازادکردنی کوێت لەو وڵاتە وەدەرنران و، لەسەر ئاستی عەرەبی و نێودەوڵەتیش ناویان زڕا. جگە لەمانە زۆر کەس و لایەن، تەنانەت فەلەستینییەکان خۆشیان، پێیانوایە نەدەبوو عەرەفات لە "سوها" نزیک ببێتەوە و وەک هاوسەریش هەڵیبژێرێت. دیارە لە بارەی پەیوەندی ژن و مێردایەتیی نێوان عەرەفات و سوها تا ئێستا زۆر گوتراوە و نووسراوە. جارێکیان ژنێکی ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەی "ئافتۆنبلادێت"ی سوێدی، هەر دوای ئەوەی عەرەفات گەیشتە نەخۆشخانە لە پاریس، سوها عەرەفاتی بە "سۆزانییەکی گرانبەها" پێناسە کرد کە بە دوای پارەوپوول و دەوڵەمەندیدا دەگەڕێت.

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە هەموویان، داخوازی سەرەکیی هەمیشەیی یاسر عەرەفات، دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازادی فەلەستین بووە. ناوبراو وێڕای گشت دەستبەرداربوونێکیش، کە هەندێ لایەنی فەلەستینی عەرەفاتی پێ تاوانبار دەکەن، بەڵام لە هەر بۆنە و چاوپێکەوتن و کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا جەختی لەوە کردۆتەوە کە

دەوڵەتی سەربەخۆی لێ دەربچێ، فەلەستینییەکان بە چ شتێکی دیکە ڕازی نابن و ڕەتی دەکەنەوە. عەرەفات و فەلەستینییەکان هەر دەم و ساتێک پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە قودس دەبێ ببێتە پایتەختی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین لە دواڕۆژدا.

سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەسەر ئاستێکی بەرزیش خەمخۆریی کوردی ئاڕاستەی "دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینی" و بەرپرسانی باڵای کرد. سەرانی کورد، ئەم جارەش وەک هەر جارێکی تر، بە ناوی کوردیشەوە قسەیان کرد و گوتیان کورد بە نەمانی عەرەفات خەم دایگرتووە و، هیواداریشە "خوای مەزن عەرەفات بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد کات!"، ئەو عەرەفاتەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان هۆگر و هاوهەڵوێستی جەلادەکەی بەغدا بووە و ئەمەشی نەشاردۆتەوە.

یاسر عەرەفات هەر لە ڕۆژی نەخۆشکەوتنی و ڕووکردنە پاریسی پایتەختی فەڕەنساوە، تا دەگاتە مردنی و هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ قاهیرەی پایتەختی میسر و ئینجا بۆ شاری ڕامەڵلای فەلەستین، لە شێوەی سەرۆک دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی دەگەڵدا کرا و، بە جارانیش بە "سەرۆک" و "سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی" ناوی هێنرا و ڕێزی لێ گیرا. عەرەفات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە تیرۆریستێکی خەتەرناک دادەنرا، لە کاتی سەرەمەرگیدا حیسابێکی دیکەی بۆ کرا و، لە قاهیرە نوێنەرانی پەنجا دەوڵەت بەشداری بەڕێکردنی تەرمەکەی و ڕێزلێنانی بوون. بە بۆچوونی من پێداگرتنی عەرەفات لەسەر داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینیش، بە یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکان دەژمێردرێت کە وای لە ڕای گشتی جیهان و زۆر لە سەرانی ناسراوی دنیا کرد، بۆ ئەوەی جۆرێک لە ڕێز و حورمەت بەرامبەر بە خودی عەرەفات و مردنەکەیشی بنوێنن. بە واتایەکی تر یاسر عەرەفات بوو بە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ فەلەستین و خەڵکەکەی. عەرەفات، با خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی سەربەخۆش نەبێ، لێ نەیویستووە و نەشیویست بە کەسێکی ئیسرائیلی، یان دانیشتووی ئەو وڵاتە، لە قەڵەم بدرێ. ئەو هەتا مردیش باسی لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی خۆی، فەلەستین، دەکرد. دیارە لە وەها بارێکیشدا، ڕێک بە پێچەوانەی سەرانی کورد، بیری دەکردەوە و پێی خۆش نەبوو بە هاوونیشتمانی دەوڵەتێک بناسرێ کە لە بنچینەدا بە داگیرکەری وڵاتەکەی ئەو، فەلەستین، دادەنرێ. لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا بۆمان هەیە بڵێین کاتێ سەرانی کورد کۆچ دەکەن، چونکە خۆیان بە عێراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوریایی دەزانن، لەوانەیە لە باشترین باردا بە "ڕێبەری کوردی عێراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوریایی" نەک

"سەرۆک و پێشەوای کوردی کوردستان" بناسێنرێن و، لەسەر ئاستی جیهانیشدا هەر بەم جۆرە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وەسف بکرێن. سەرانی کورد لە باشووری کوردستان، دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەنفال و کیمیاباران لە بەغدا، لە پێشان زیاتر دڵیان بۆ عێراقە ناسک و نازدارەکەیان لێ دەدا و، گەلێ جاریش بە دزی و بە ئاشکرا فەرموویەتیان: "شاد کەسێکە کە عێراقییە!" و "خۆشبەختە ئەو کەسەی کە عێراقییە!". یانیش: "ئۆخەی چیدی حیسابی هاووڵاتیی پلە دوومان بۆ ناکرێ و لەمڕۆ بە دواوە عێراقی پلە یەک و ـ موحەسەن و مومتاز ـ ین!". عەرەفات ڕۆژێ لە ڕۆژان نموونەیەکی ئەم قسانەیەی لە دەم دەرنەچووە و زاتی ئەوەی نەکردووە شتێکی وا بدرکێنێت، بەڵام دیسانیش فەلەستینییەکان ڕەخنەی لێ دەگرن و بە نەرم و سەرشۆڕکەر و، بگرە گوێ لە مستی جوولەکەکانیش ناویان بردووە. کەواتە لەم بوارەدا گەلی فەلەستین وەک گەلی کورد بیر ناکاتەوە و، ئەگەر بە پیر تەرمی عەرەفاتی سەرکردە و سەمبۆلیشەوە بچێت، لێ سنوور بۆ سەرانی دوای ئەو دادەنێت. ئەی ئەوە نییە وا هەر لە ئێستاوە لە سامانی عەرەفات دەگەڕێن و باس لە "سەرکردایەتی بەکۆمەڵ" و، هەروابێتەوە هەڕەشە لە کەسانێکی مشەخۆر و هیچ لە دەست نەهاتووش دەکەن؟

لام وابێ تا ئێرە خوێنەری زیرەک و هێژا لە مەبەستی دڵی من تێگەیشتووە و دەشزانێ کێندەرێم ژان دەکا و دێشێ. چ بە پێویستیشی نازانم لەمە زیاتر بابەتەکە درێژ بکەمەوە. لە دیماهیدا هەر ئەوەندە دەڵێم: کورد لە ڕۆژی ئەوڕۆدا لە هەر کاتێکی تر زێدەتر حەوجەداری سەرۆکێکە کە کوردستانییانە بیر بکاتەوە نەک عێراقییانە و لە چەشنی کەسانێکی بیانی و نامۆ بە خاک و نەتەوە و نیشتمان!

ستۆکهۆڵم 16-11-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## سەرکەوتن یان بنکەوتن؟!*

لەم ڕۆژانەی دواییدا لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی و هەندێ شوێنی تردا، هەواڵی جۆراوجۆرمان لەمەڕ هەڵبژاردن لە عێراق و، چالاکی و خۆ ئامادەکردنی کورد بە مەبەستی بەشداربوون یا نەبوون لەم کارەدا وەبەر چاو دەکەوێ و، دیارە ڕۆژیش نییە لە دەنگوباسەکانی کوردستان تیڤی و کوردساتدا گوێمان لەو جۆرە هەواڵ و شیکردنەوە و باس و خواسانە نەبێ. وەک لای هەمووان ئاشکرایە هەردوو زلحیزبەکەی کوردستانیش ماوەیەکە کەوتوونەتە خۆ و خەریکی کۆبوونەوە و گرێدانی کۆڕ و سەمینار و ئەنجامدانی چالاکین لەو بوارەدا. هەر ئەمڕۆ لە چەندین ماڵپەڕی کوردی و غەیرەکوردیدا باس لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ دەکرێت، کە بڕیارە بە بەشداریی پارتی و یەکێتی و هەندێ لایەنی عێراقی، لە دووکان ببەسترێت. ئەمە و لە هەمان کاتدا لە زۆر لاوە خەڵکی کوردستانی و سەربەخۆخواز و ڕەتکەرەوەی عێراقی داگیرکەر، بە قسە و بە کردار، مژووڵی ڕاپەڕاندنی کاری خەمخۆرانە و دڵسۆزانەی خۆیانن، تا بە هەر شێوەیێ بێ ئەم جارە کورد نەگەڕێتەوە نێو باوەشی عێراقی عروبە و ئیسلامی توندڕۆ و پاشەڕۆژی ناڕوون و نادیاریش.

لە عێراقی ڕووخاوی ئەوڕۆدا گشت لایەنە جیاجیاکان بەتەمای ئەوەن، هەتا دەکرێ و ئەوەی لە دەستیان دێ ئەنجامی بدەن، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و چەسپاندنی جێپێی خۆیان لە دواڕۆژدا. شیعەکان خەریکن، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سیستانیی ئایەتوڵلایان، هاوپەیمانێتییەک یان گردبوونەوەیەک پێکەوە بنێن، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردندا زۆرینەی دەنگەکان مسۆگەر بکەن و ئەوەندە حیسابیش بۆ لایەنەکانی تر نەکەن. هەواڵێکی ئەوها هەر لە کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا لە سایتە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو کراوەتەوە. هەرچی کۆنەبەعسی و تورکمانە تۆرانییەکانی سەر بە بەرەی تورکمانی و ئیسلامییە ـ عەرەبییە ڕەگەزپەرستەکانیشن، یەک دوو ڕۆژ بەر لە هەنووکە بەیانێکیان بە واژۆی زۆر لایەنی نەدیتی و نەناسی بڵاو کردۆتەوە و، تێیدا بەشداربوونی خۆیانیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق ڕەت کردۆتەوە. ئەم گرووپ و تاقمە بەکرێگیراوانە پێیان وایە عێراق لەژێر ستەمی داگیرکاریدا دەناڵێنێت و، هەڵبژاردنیش لە سایەی هەبوونی ئەمریکاییەکان چ جۆرە ڕەوایەتییەکی نابێت و، کارێکی وا هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات. لە کۆتایی بەیاننامەکەشیاندا

که کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەریش بۆیانی خوێندەوە، عروبەوی و تۆرانی و شۆڤێنیستەکان، هاوار هاواری "بژی عێراق..بژی عێراق"یانە.

کورد و سەرانی بە بەشداربوونیان لە وەها هەڵبژاردنێک، پێشتریش گوتوومە و دووبارە و دەبارەی دەکەمەوە، جارێکی دیکە بە کردەوە بۆ هەموو دنیای دەسەلمێنن کە دڵیان بۆ "عێراق" لێ دەدات و، لەگەڵ یەکپارچەیی و یەکێتیی خاکێکن کە بە ناهەق پێی دەگوترێت "عێراق". جا هەر کەس و لایەنگەلێک بە پێچەوانەی ئەمە بیر بکەنەوە، پێیان خۆش بێ یان نا، دەنێو گێژاوی هەڵەدا کەوتوون و سەری خۆیان و نەوەکانی داهاتووی کوردیش بە فەتارەت دەبەن. هەر بۆ ئاگاداری خوێنەرانی هێژا و قەدربڵندیش بە گوێرەی چەند ڕاپرسییەک زۆرینەی کورد، لە مەسەلەی هەڵبژاردن لە عێراقدا، گەلێ جوداتر لە پارتی و یەکێتی بیر دەکەنەوە. تەنیا بۆ نموونە لە سایتی کلاوڕۆژنەدا، ئەوانەی کە تا ئێستا دەنگیان داوە، زیاتر لە 85%یان دژی ئەوەن کە کورد لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکات. هەر لەم بوارەدا ماڵپەڕی خەمخۆر و کوردستانیی "کوردستان نێت"یش ئەسپی خۆی تاو داوە و، هەڵمەتی واژۆ کۆکردنەوە و کاری دیکەی ئەنجام داوە. ئەگەر بێینە سەر ناوخۆی کوردستانیش، هەمووماں چاک لەو خاڵە دڵنیاین، کە ڕۆڵە بەشخوراو و ستەمدیدەکانی کورد چییان دەوێ و چشیان ناوێ. پارتی و یەکێتی ئەگەر ئازان با ئازادانە ڕێ بە جەماوەری کورد بدەن تا بڕژێنە سەر شەقامەکان، هەر نا هەر نا، بۆ ئەوەی بزانن کوردیش وەک گەل و نەتەوە چ ئامادەباشییەکی هەیە و ئامانج و خواستەکانیشی لە کێندەرێ دەگیرسێنەوە.

جێی داخە کە لە پاش ئەو هەموو ماڵوێرانی و کیمیاباران و ئەنفال و کوردستان کاولکردنە، تازە بە تازە، حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەوڕۆی کوردستان باس لەوە بکەن داخوا کورد بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا بکات یان نا. بە ڕاستی ئەمە دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکی زۆر گەورە و ناچاریشن ئێمە، وەکو کورد و تاکەکەس، لە خۆمانی بپرسین: ئەرێ بە ڕاست ئەم هەموو قوربانی و کارەساتانەی کە بەسەرماندا هاتوون، شتێکیان فێر کردووین؟ چ گومانیشم لەوەدا نییە ئەم پرسیارە دەیان و سەدان پرسیاری دیکەشی بە دواوەیە.

ماوەیەک پێش ئێستا برادەرێک، دیارە نە دەیناسم و نە گومانیش لە دڵسۆزییەکەی دەکەم، لەسەر ئەم سایتە کوردستانپەرستە نووسینێکی لە شێوەی هەواڵێک بلاو کردبۆوە. ئەو براکوردە ئازیزەمان باسی لە کۆبوونەوەیەک کردبوو کە لە بەرلین گیرابوو. لەو کۆبوونەوەیەشدا کورد و عەرەب بەشدارییان کردبوو. هەر لە

نووسینەکەدا کاکی خۆشەویستمان باسی لەوە کردبوو کە کۆبوونەوەکە بە سەرکەوتنی کورد کۆتایی هات. من بە دەست خۆم نییە و دەمەوێ سەبارەت بەم بابەتە چەند پرسیارێک بێنمە پێشەوە: ئایا گردبوونەوەی کورد لەژێر ناوی "جالیەی عێراقی" سەرکەوتنە یان بنکەوتن؟ گەلۆ کاتێ کوردگەلی ئەوروپا لە دەمەدەمی مەرگەساتە جەرگبڕەکاندا خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان ساز دەدا، ڕۆژنامەکانی ئەوروپا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتانە، ئەوسا بە ئێمەیان دەگوت "جالیەی عێراقی" یان "کورد، پەنابەرانی کورد، هاووڵاتییانی کورد، ...تاد"؟ ئەرێ بە ڕاست کۆبوونەوەی هەندێ کورد لەبن چەتری "جالیەی عێراقی" بە مانای خۆ لە دەستدان و، خۆ بە عێراقی دانان نایەت؟ جا کارێکی وەها ڕەوایە ناوی "سەرکەوتن"ی بەسەردا ببڕێت؟ هەزار تف و نەعلەت لە "سەرکەوتن"ێک کە بمکات بە "جالیە"ی عێراقی و سوری و، "وەتەنداش"ی تورکیا و هاووڵاتیی ئێران!

جارناجار لە کەناڵە کوردییە ئاسمانییە حیزبییەکانی سەر بە هەردوو زلهێزی باشووری کوردستان، هەواڵی دەستبەکاربوونی بەرپرسانی کوردمان گوێ لێ دەبێ، کە لە ئەوروپا و ئێرە و ئەوێ و، لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا پۆستی گرنگ"باڵیۆز"یان پێ سپێردراوە. دوایین کەسی کورد کە پۆستێکی وەهای بەر کەوتبێ، باڵیۆزی نوێی عێراقە لە ڤییەننا. خوشکە بەڕێز، تا بڵێی بەڕێز و گران دیارە، بەڵام کاتێ هەواڵی دامەزراندنی کاکی "ئاکرەیی" وەک باڵیۆز لە ڤییەننا دەخوێندەوە، مرۆڤ لە جێی خۆی دەتاسا و باوەڕیشی دەکرد "بەڕێز"ی دەنگوباسخوێن، گەر باسی لە دامەزراندن و دەستبەکاربوونی باڵیۆزی "کوردستان"ی ئازادیش کردبا، هەر بە هەمان شێوە و پەرۆشییەوە ئێمەمانانی مەست و حەیران دەکرد. پێشتر ئاشناخان کە دەنگوباسی دەخوێندەوە، هەمیشە خەناوکەیەکی بە شێوەی نەخشە و ئاڵای کوردستانی لە گەردندا بوو. نازانم ئاشناخان و ملوانکەکەی چییان بەسەر هات؟!

سەرکەوتن و کاری پیرۆز و بەجێ، تەنیا و تەنیا، لە کوردستانیبوون و پابەندبوون بە دۆزی ڕەوای گەل و نەتەوە و نیشتماندا، دەشێ خۆ بنوێنن و بە وێنەی ئەستێرەگەشەکانی ئاسمانی کوردستانیش بدرەوشێنەوە. ستۆکهۆڵم 18-11-2004

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# خواردنەکەتان هەرچییەک بێ، نابێ دۆشاوی تەماتەی "ئالتونسا"ی تورکیتان لە بیر بچێ!*

دەزانم زۆربەتان هەر بەو سەردێڕەی سەرەوە لە مەبەستم تێدەگەن و، یەکسەریش بیرتان دەچێتەوە سەر کاتی بەر لە پێشکەشکردنی دەنگوباس لە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤیدا. هێشتا لە چا نایابەکەی "مەحموود" ڕزگارمان نەبووبوو، ئەم جارەیان دۆشاوی تەماتەی تورکیی "ئالتونسا ـ Altunsa" لێمان بوو بە میوان. من خۆم لە دەمژمێر پێنج و نیوی ئێوارە، بە کاتی سوێد، تەماشای هەواڵەکانی کوردستان تیڤی دەکەم. زۆر جار بە دەم نانخواردنەوە، پێش ئەوەی گوێم لە هەواڵی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی "سەرۆک بارزانی " و نووچەکانی تایبەت بە "حکوومەتی عێراقی فیدرال" و "ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی کوردستان" و "کاری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان" و گەلێ شتی تر ببێ، ناچارم "ئازاکانی عێراق" و "دۆشاوی ئالتونسا" و "پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن" بۆ بە عێراقی هێشتنەوەی کوردیش ببینم. دیارە ئەگەر کارێکی وا نەکەم، پێویستە خۆم بۆ دەنگوباسە عەرەبییەکە ڕابگرم، لێ لەوێندەرێش تەڵەم بۆ داندراوەتەوە و هەر دەبێ پشووم فراوان بێ و چاوێکیش لەو ڕێکلامانە بکەم کە باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن: عراق واحد، مستقبل واعد!

ئاشکرایە تا هەنووکە بە دەیان وتار و بابەتی جۆراوجۆر لەسەر هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکەی کوردستان تیڤی و کوردسات نووسراون. زۆربەی هەرەزۆری نووسراو و بابەتەکانیش ڕەخنەئامێز و تەنانەت جۆرێک لە پاڕانەوەن لە کاربەدەستانی کورد، تا بە هەر شێوەیەک بێ، چارێک بۆ ئەم دەردەسەری و کارە ناکوردستانی و چەواشەکەرانەیە بدۆزنەوە. بەڵام ئەوەی شایانی باسە دەسەڵاتداران و کارمەندان و دەستڕۆیشتووانی کورد هەر تەقەی سەریان دێ و لەسەر کاری نابەجێ و ناکوردانە و هەڵخەڵەتێنەرانەی خۆیان، شێلگیرتر لە جاران بەردەوامن و ئەوەی کە بیریشی لێ ناکەنەوە لانەبردنی ئەو ڕێکلام و پڕوپاگەندە بێسەروبەرانەیە لەسەر شاشەکانی کوردسات و کوردستان تیڤیدا. من تێناگەم کە تۆ ناو لە تەلەفزیۆنی خۆت دەنێی "کوردستان تیڤی" یان "کوردسات"، بۆچی دەبێ ڕێکلام بۆ کەرەسە و کاڵای دوژمنان و داگیرکەرانی نیشتمانەکەت بکەی؟!

خۆ لە کوردستانی مەڵبەندەکەی لەمەڕ خۆماندا بە دەیان کەرەسە و بەروبووم و کاڵای خۆماڵی و نیشتمانی وەبەرهەم دەهێنرێن. کەسیش نییە کە نەزانێ لەم بوارانەدا

کورد چەند دەستڕەنگین و لێهاتوون. ئەی ئیتر بۆ نابێ و ناشێ کەناڵە کوردییە ئاسمانی و نائاسمانییەکانیش ڕێکلام بۆ ئەو جۆرە بەروبووم و بەرهەمە خۆماڵی و کوردییانە بکەن؟! مەگەر کارێکی وەها نەتەوەییانە و کوردستانییانە نییە؟! تۆ بڵێی لە باشووری کوردستاندا چ کارگە و پیشەسازگەیەک نەبینرێن تا کوردستان تیڤی و کوردسات ڕێکلام بۆ بەرهەمەکانیان بکەن؟ ئەرێ لەو کوردستانەدا دۆشاوی تەماتە دروست ناکرێت؟ ئەگەر هەڵەم نەگوتبێ خۆ لە هەریر شوێنێکی وامان هەیە. دەبا کوردستان تیڤی لەجیاتی ئاوی تەماتەی ئالتونسا ڕێکلام بۆ ئاوی تەماتەی کوردی بکات! دەزانم ئەوەی تورکییەکە لە باری ئابوورییەوە، هەولێری گۆتەنی بەڕوونترە!، بەڵام هەرچۆنێک بێت پروپاگەندەکردن بۆ شتە خۆماڵییەکە کارێکی بەجێتر و جوانترە.

لێرەدا نابێ خاڵێکی گرنگمان لە بیر بچێ کە پێموایە پەیوەندی بە هەر هەمان باسەوە هەیە: گەلێک کە لەسەر مێزی ڕازاوەی سەرکردەکانیدا ئاوی "Hayat"ی تورکی کلاشە بکات، تەلەفزیۆنەکانیشی بە ئەرکی سەر شانی خۆیانی دەزانن تاکو ڕێکلام بۆ کەرەسە تورکییەکان بکەن. ئەرێ لەو کوردستانە خۆش و دڵگیر و بەهەشت ئاسایەدا ئاوی سازگار بڕاوە، تا سەرانی کورد ناچار بن ئاوی بەناو تورکی بخۆنەوە؟!

ڕۆژنامەڤانی تورک ئیلنوور چەڤیک، کە خۆی بە دۆستی کوردیش دەزانێت، جارێکیان کە بە سەردان چووبووە کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە لایەن "میدیا"وە دەگەڵیدا ساز کرابوو، گوتبووی: بۆ من مایەی خۆشی و شادییە کە لە شوێنێکی وەک "هەیبەسوڵتان" و گەلێ جێی تری ئەم کوردستانەدا چاوم بەو ڕێکلامانە دەکەوێت کە بۆ شتومەک و کاڵا تورکییەکان کراون. جا ئەگەر تورکێکی بەناو دۆستی کورد وا بیر بکاتەوە، دەبێ سیاسەتمەدارانی تورک و کەمالیستانی بەر دەرکی "چانکایا" لە ئەنقەرە چۆن چۆنی بۆ ئەم مەسەلەیە بچن؟ با سەرانی کورد و بەڕێوەبەرانی کەناڵە کوردییە ئاسمانییەکان بەرسڤی ئەم پرسیارە بدەنەوە. دیارە چ گومانیش لەوەدا نییە قسەکانی کابرای ڕۆژنامەڤانی تورک چ درۆیەکیان تێدا نییە. هەر کەسێکیش ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردانی کوردستانی کردبێت، بە چاوی خۆی ئەم دیاردە دزێو و ناکوردستانی و بێمانایەی بینیوە.

پەتای ناکوردستانیبوون و خۆ بە کەمزانین و خۆ بە عێراقیزانین، تەنانەت پەیامنێرانی کوردستان تیڤیشی لە دەرەوەی وڵات گرتۆتەوە. هەر تەنیا بۆ نموونە: دوێنێ ئێوارە 26-11-2004، پەیامنێری کوردستان تیڤی لە ستۆکهۆڵم خوشکە کوردستان حەسەن، وەی لەبەر ناوەکەی بمرم!، کە باسی لە بەشداریکردنی لاوی 17

ساڵەی کورد دارین زانیار لە پێشبڕکێی مۆزیکیی بەرنامەیەکی TV4 ی سوێدی دەکرد، دەیگوت "دارین زانیار کوردی عێراقە". من لە کوردستان حەسەن و هاوشێوەکانی دەپرسم: ئەگەر دارین زانیار ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر دڵی خۆی دابنێت..ئەگەر خەڵک بە ڕەنگی کەسک و سۆر و زەردەوە پێشوازی لە دارین زانیار بکەن و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ بخوازن..چەندین ئەگەری دیکەش. هەروەها گریمان دارین زانیار مەبەستی تاکەکەسییانەی خۆی لە کارێکی وادا هەیە، کە ئەمەش مافی خۆیەتی، بەڵام ئایا ئەو وەک کوردێک بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا نەکردووە؟ داخوا تەواوی کوردان بە سەرنەکەوتنی ئەو پەست و بێزار نەبوون؟ ئەدی ئەگەر دارین سەرکەوتنی وەدەست هێنابا ئەوسا هەستی کوردگەل شتێکی تر نەدەبوو؟ ئەمانە و زۆر شتی دیکەش وامان لێدەکەن بە کوردستان حەسەن بڵێین: ناماقوولیت کرد کاتێ گوتت دارین کوردی عێراقە. هەر هیچ نا لەبەر خاتری ناوەکەت عێراقت لەژێر پێی خۆت نابا! ئەگەر من و تۆ و دارین و ئەم و ئەو کوردی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و ئێرە و ئەوێی ئەم دنیایە بین، ئەی ئەوسا چ لە وڵاتێکی دابەشکراو و بێناز ڕاگیراو بکەین کە ناوی ـ کوردستان ـ ە. ئەرێ بە ڕاست تۆ بڵێی کوردستان حەسەن ڕازی بێت ناوی خۆی لە "کوردستان"ەوە بۆ "عێراق" بگۆڕێت؟!

<u>ستۆکهۆڵم 27-11-2004</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## تەنیا شەقی زەمانە ئەوان ڕێک دەخات!*

هەمووومان ئەم جارەش سەرۆکی پارتی دیموکراتیی کوردستان مەسعوود بارزانی و سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان جەلال تالەبانیمان بینی کە پێکەوە باسیان لە ڕێککەوتنی نێوان خۆیان کرد. دیسان جارێکی دیکە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەردوو زلحیزبی دەسەلاتدار کەوتنە خۆیان و دەستیان کرد بە بلاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس و شیکردنەوەی جۆراوجۆر لەمەڕ دانیشتنەکەی هاوینەهەواری پیرمام. کۆبوونەوەی یەکێتی و پارتی، تالەبانی و بارزانی، چەندین ڕووداوی هەمان شێوە وەبیر مرۆڤی کورد دێننەوە. بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و لێدانی دیکتاتۆرەکەی بەغداش، سەرانی هەردوو زلهێزی کوردستان لە بالەخانەی پەرلەمان و لە هەولێر، شتێکی لەم جۆرەیان پیشان بە خەلکی کوردستان دا. ئێمە گشتمان ئەو ڕۆژەمان باش لە بیرە و ماوەیەکی ئەوەندە زۆریش نییە کە کارەکە ئەنجام دراوە. ئەوسا خەلکی کوردستان بەتەمای ئەوە بوون کە هەنگاوی دوای ئەم کۆبوونەوەیەی ناو پەرلەمانیان، بەلانی کەمەوە بریتی بێت لە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە کوردییەکە و ڕێکخستنەوەی مالی کوردیش. لێ هەروەک دیتمان بەعس ڕووخێنرا و سەددامی جەللادیش گیرا، کەچی ئەوان ئێستاشی لەگەلدا بێ باس لەوە دەکەن کە لەوانەیە لەسەر سیستەمی دوو حکوومەتۆکەکەی خۆیان هەر بەردەوام بن. کورت و کرمانجی سەرانی ئەم دوو حیزبە پێش ئەوەی هەر هەنگاوێکی کوردستانییانە بنێن، مالم قەبرە، دە هەنگاوی تەسکی حیزبییانەش دەنێن. ڕۆژگار ئەمەی بۆ ئێمەی کورد سەلماندووە و پارتی و یەکێتیش بە چ شێوەیەک ناتوانن نکۆلی لە کارێکی وا بکەن.

هیوا و خەونی سەرجەم کوردستانییان ئەوە بوو کە پارتی و یەکێتی، پێش ئەوەی باس لە یەکلیستیی خۆیان بکەن بە مەبەستی گەڕاندنەوەی کورد و کوردستان بۆ ناو باوەشی دەولەتێکی داگیرکەری بەشێک لە کوردستان، دەبوایە هەر نا هەر نا لەنێو خۆیاندا لە بنج و بناوانەوە هەموو ناکۆکی و کێشەکانیان چارەسەر کردبا و یەک حکوومەت و ئیدارەی کوردییان دامەزراندبا و تەواوی مەسەلەکانیشیان کۆتایی پێ هێنابا. ئەوان هەنگاوێکی وا کوردستانییانە و خەمخۆرانەیان نەنا، بەلام لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی خۆیان بە کردەوە دەربڕی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ، ئەم جارەیان گوایا بە شێوازێکی دیموکراسییانە و لە ڕێی سندووقی دەنگدانەوە، خاکی کوردستان و گەلی کورد بەرەو دوارۆژێکی نادیار بۆ نێو ئەو قەوارە شەق و شلۆقە پاڵ پێوە بنێن کە ناوی

"عێراقی نوێ"ی لێ نراوە. عێراقێک کە سەرانی کورد، جێی داخ و حەسرەتە، لە زۆر بۆنەدا ئەوەندە خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ڕاگەیاندووە، کە بە ڕاستی ئەگەر مرۆڤ کوردێکی خاوەن ویژدان و کوردستانی و نەتەوەیی و خەمخۆر بێت، لە ئەنجامی ئەم قسانەی سەرانی کورددا شەرم دەبێتە میوانی و هەست بە شەرمەزارییەکی گەورەش دەکات. ڕەنگە هەر کوردێک لەم ئەوروپایەدا بە دەیان جار ئەم ڕستە ناخۆش و شەرمهێنەر و ڕەزاگرانەی ئاڕاستە کرابێت: سەرکردەکانتان دەوڵەتی کوردییان ناوێت!

ئەم ڕێککەوتنەی پارتی و یەکێتی لە کاتێکدا دێت کە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکان، لە بارێکدا ئەگەر ئەنجام بدرێن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نزیک و نزیکتر دەبنەوە. سەرانی کورد شەڕ دەگەڵ کاتدا دەکەن، دەشیانەوێت بەم شێوەیە ئەوەی کە تا هەنووکە دۆڕاندوویانە و ئەم هەل و دەرفەتانەی کە لە دەست خۆیان و کوردیشیان داوە، بە جۆرێک لە جۆران وەدەست بهێننەوە و شتە دڕاوەکانیش پینە بکەنەوە. جا تۆ بڵێی ئەوان لە کارێکی وادا سەرکەوتوو بن؟

ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت کورد داوای ڕێککەوتن و دووبارە هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە کوردستان، لە پارتی و یەکێتی و بارزانی و تاڵەبانی دەکات. دیارە سەرانی کورد، نەک هەر ئەو داخوازییانەی گەلەکەی خۆیان ڕەت کردەوە، بگرە تەنانەت لەو سۆز و پەیمانانەی خۆشیان پەشیمان بوونەوە کە بە جاران بە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیان دابوون. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە خۆیان بۆ هەڵبژاردنێک ساز دەدەن، کە پێیان خۆش بێت یان نا، دەکرێنەوە بە هاونیشتمانی عێراقی نەوەک کوردستانی. ئەرێ بە ڕاست برادەران و خوشکانی سەر بە بزووتنەوەی "ڕیفراندۆم" و "ڕاپرسی"، لە ناوخۆی کوردستان، بۆچی لەسەر ئەم مەسەلە چارەنووسساز و بەرچاو و نەتەوەیی و گرنگانە قوڕقەپیان کردووە؟ ئایا ئەوان وەک هەر جارێک، ئەم جارەش، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێدەنگی هەڵدەبژێرن، ئینجا دوای پێکردنی گڵۆپی سەوز و زەرد لێمان دەبن بە کوردستانی و هەمزاغای سمێڵ سۆر؟!

پارتی و یەکێتی لە وەختێکدا بە یەک لیست ڕوو لە هەڵبژاردن دەکەن، کە ئەمانەی خوارەوە هەر هەموویان بە بەر چاویاندا تێپەڕیون و زۆر جاریش خۆیان سەبەبکار بوون. (خواش سەبەبکار بگرێ!):

(1) بەبێ مەرجی پێشوەخت دیاریکراو و نووسراو و واژۆکراو دەگەڵ ئەمریکاییەکان کلکیان کردە یەک بۆ ڕووخاندنی بەعس. کورد، مەبەستیشم بە پلەی یەکەم سەرانی

کورده، خۆی بە هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانێت. داخوا ئەمریکا چ لێکدانەوەیەکی خۆی بۆ ئەم بەناو هاوپەیمانێتییە هەیە؟

(2) بێ ئەوەی مەسەلەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تر یەکلایی بکەنەوە (قانوونی ئیدارەی دەوڵەتیی کاتی)یان واژۆ کرد.

(3) کوانێ سنووری ئەو کوردستانە فیدرالییەی کە ئەوان باسی لێوە دەکەن؟ کەس دانی بە وەها سنوورێک ناوە؟

(4) ئایا مەسەلەی داهاتی نەوت یەکلایی کراوەتەوە؟

(5) کێ بوون ئەوانەی ئەنجوومەنی بیست و چوار کەسییان بۆ کەرکووک پێکهێنا؟

(6) کێ فیدرالیی ستانەکانی ئیمزا کرد؟

(7) کێ بووە داڕێژەری بیرۆکەی ئاشتبوونەوە دەگەڵ بەعسییە خوێنمژەکان و کۆنگرەی ئاشتبوونەوە و پێکەوەژیانی لەگەڵ ئەواندا لە هەولێر گرێدا؟

(8) کێ بوو مەلایانی کوردی نارده لای سیستانی؟

(9) کێ بوو پێشوازی لە نوێنەرانی فەللووجەی هێمای ترس و تۆقاندن و دژ بە کورد و کوردستان کرد؟

(10) ئەوانە کێ بوون کە یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانیان بۆ (اهلنا فی الفلوجه) ڕەوان دەکرد و هاوزمان و هاونیشتمانانی خۆیانیشیان لە (ئەڵتاش)ی ڕەمادی لەبیر دەکرد؟

(11) ئەوانە کێن کە لەبەردەم تیرۆرکردنی کورد لە مووسڵ و کەرکووک و بەغدا و ناوەڕاست و باشووری عێراق، بە قسە نەڕەشێرن و بە کردەوەش فس پاڵەوان؟

(12) ئەوانە کێ بوون کە لە سەرەتادا باسیان لە پۆستی گرنگ، خۆیان گۆتەنی ـ سیادی ـ، بۆ کورد لە عێراقی دوای سەددام حوسێن دەکرد و پاشانیش بە پیشەی جێگر دڵیان ڕاگیرا؟

(13) ئەی ئەوانە کێ بوون کە لە ناچارییان نامەیان ئاڕاستەی جۆرج دەبلیو بۆش دەکرد؟

(14) ئەرێ بە ڕاست بۆ بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەوان چ پاساوێکیان بۆ کورد پێ بوو؟

(15) کوا لە شەرەمولشێخی میسر کورد چی پێ بڕا؟ بۆ باسی کرا؟

(17) کێ بوون ئەوانەی بێدەنگییان سەبارەت بە ئاخاوتنە شۆڤێنییەکانی سەرۆک عەشیرەتی شەممەر هەڵبژارد؟

دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان وا لەبنپاڵتانەوە، لە پایتەختەکانی دەوڵەتانی سەردەست و زەوتکەری نیشتمانەکەتان، نەخشە و پلانی ناحەزانە و ڕەگەزپەرستانە لە دژی کوردی بێ دەوڵەتی سەربەخۆ دەکێشن، ئێوەش تازە بە تازە باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن. ئەوان لە هەر هەنگاوێکی ئێوە بەگومانن، کەچی ئێوە دوای چەندین ساڵ سەربەخۆیی دەگەڕێنەوە باوەشی داگیرکەر و گلەیی لە یەکتر دەکەن، چونکە پارێزەران و مافپەروەرانی دەوڵەتی سلێمانی بەشدارییان لە کۆبوونەوەیەکی پارێزەران و مافپەروەرانی دەوڵەتی هەولێر نەکردووە؟ ئاخر ئەمەیە جیاوازی نێوان بیرکردنەوەی ئێوە و داگیرکەرانتان!

ئەم خاڵانەی سەرەوە تەنیا چەند خاڵێکی زۆر کەمن، کە لە شێوەی پرسیار ڕووبەڕووی سەرانی کورد و پارتی و یەکێتی دەبنەوە، پێویستیشە گەورە و گچکەی کورد ڕۆژانە بیریان لێ بکەنەوە. پێموایە بارزانی و تاڵەبانی پێش ئەوەی هەر هەنگاوێکی بچووک بەرەو پێکەوەنانەوەی عێراق و لکاندنەوەی کوردستانیش بەو قەوارە ساختەیەوە بنێن، گەلێ گرنگە وەرامی کوردستانییانە و کوردانەیان بۆ ڕۆڵە خۆشی لە خۆ نەدیوەکانی نەتەوەکەی خۆیان هەبێ. ئەوان لەبەردەم دووڕیانی عێراقیبوون و کوردستانیبووندا وەستاون. ئەگەر عێراقیان هەڵبژارد، کە هەر واشیان کردووە، ئەوە دڵنیام نەوەکانی داهاتووی کورد حیسابێکی تایبەتیان بۆ دەکەن کە زۆر زۆر زۆر جوداتر بێت لەو حیسابانەی کە بۆ شێخ مەحموودی قارەمان و سەید ڕەزای دێرسمی و ئەو سەرکردە کوردە نەمرە ئازادیخوازانەی تر دەکرێن.

دوا پرسیاری ئەم باسە کە ئێمەی کورد پێویستە هەر هەموومان، بە تایبەتییش لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە خۆمانی بکەین، ئەوەیە کە گەلۆ کورد لە ڕەوشی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا حەوجەداری ڕێککەوتنێکە کە بۆنی فیفتی فیفتییەکەی جاران و شەقی زەمانەشی لێوە بێت؟ <u>ستۆکهۆڵم 3-12-2004</u>

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

## ئەفغانستان کوردستان نییە!*

بابەتی گەرمی ئەمڕۆ لە کوردستان و عێراقدا مەسەلەی هەڵبژاردنە. کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی و غەیرەحیزبی شەو و ڕۆژ باس لەم مەسەلەیە دەکەن. بەشداریکردنی کوردیش لە وەها هەڵبژاردنێکدا بووەتە باس و خواسی سەر زمانی زۆر کەس و لایەن. هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان، دیسان بێ ئەوەی چ پرسێک بە گەلی کورد بکەن، بڕیاری بەشداریکردنیان لەو هەڵبژاردنە عێراقییە دا و لە هەمان کاتیشدا ئەوەیان ڕاگەیاند کە بە یەک لیست لە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشداری دەکەن.

من وەک کوردێک پێشتر سەبارەت بەم بابەتە ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆم دەربڕیوە. لەم بارەیەوە لەسەر هەندێ ماڵپەڕی کوردی و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ناوخۆی وڵات، ئەوەی کە هەمبووە، بە ئاشکرا درکاندوومن. هەربۆیە چ بە پێویستی نازانم لێرەدا هەمان شت دووبارە بکەمەوە. لێ دیسانیش ناوەڕۆکی ئەم کورتەنووسینە جۆرە پەیوەندییەکی بە هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی عێراق و بە تایبەتیش کوردستانەوە هەیە.

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە کەناڵی کوردسات بەرنامەیەکی تایبەتی لەمەڕ هەڵبژاردنەکەی ئەفغانستان و پرسی دیموکراسی لەو وڵاتەدا پێشکەش بە بینەران کرا. ئەوەی کە زیاتر وای لە من کرد ئەم چەند دێڕانە بنووسم بە پلەی یەکەم بۆ ئەو هۆیە سەرەکییە دەگەڕێتەوە، کە دەکرێ ناوی لێ بنێین هەبوونی جیاوازی لە نێوان کورد و کوردستانییان لە لایەک و ئەفغانی و هاونیشتمانانی ئەوێندەرێ لە لایەکی ترەوە. بە واتایەکی دیکە ئاسان نییە تۆ بێیت باس لە هەڵبژاردنێک بکەیت کە تایبەت بێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دانپیانراو لەسەر ئاستی دنیادا، کەچی لە هەمان کاتدا نیشتمانەکەی تۆ هێشتا لەتوکوتکراو و پارچە پارچەکراوە و تەنانەت ئەو هەڵبژاردنەی کە ڕەنگە ئەنجام بدرێت یان نا، زێدەتر پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە نەک کوردستان. ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمڕۆ تەواوی دنیا باس لە هەڵبژاردنێک دەکەن، باس لە وڵاتێک دەکەن کە بە ناحەق ناوی عێراقی بەسەردا بڕاوە. کوردی لێ بترازێ، ڕاگەیاندن و مەسمێدیای جیهان خۆیان مژووڵی تەنیا هەڵبژاردنێک کردووە، کە دیارە ئەویش ناوی هەڵبژاردنە لەعێراقدا. من تێدەگەم کە ئامادەکەرانی بەرنامەیەکی وا، نموونەی ئەفغانستان بە شێوەیەک دێننەوە کە تێیدا ڕژێمی کۆنەپەرست و دواکەوتووی تالیبانەکان، لەسەر دەستی سوپای ئەمریکا ڕووخێنرا و پاشانیش هەڵبژاردن ئەنجام

درا. جا ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە تا چ ڕاددەیەک دیموکراتییانەن یان نا، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە و قسەش هەڵدەگرێ.

ئەفغانستان وێڕای دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و هەژاری و دابڕ دابڕی و وێرانبوونی وڵاتەکە لە ئەنجامی شەڕوشۆڕی بەردەوام و زۆر کارەسات و خاڵی نەگەتیفانەی تریش، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەر هەموویان وڵاتی ناوهاتوو حیسابی دەوڵەتێکی ئازاد و دانپیانراو و ئەندامی UN و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی بۆ دەکرێت. با زۆر دوو نەڕۆین، وڵاتێکی وەک ئەفغانستان لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو و سەردەمی پاشایەتیدا، لە گەلێ بواری ئازادی ڕا دەربڕین و بیرکردنەوە و مافی ئافرەتان و مافی مرۆڤ و شتی دیکەدا، لە هەنووکە گەشاوەتر هاتووەتە بەر چاو. هەر بۆ نموونە لەو سەردەمەدا ژن توانیویەتی ببێت بە پۆلیس و لە ڕادیۆ گۆرانی بڵێت و جلکی ئەوروپییانەش بپۆشێت. لەوانەیە پێم بڵێن جا ئەمانە کەی دەبن بە پێوەر بۆ یەکسانی و هاومافی و پێشکەوتن. منیش پێتان دەڵێم ئەمانەم بۆ بەراوردکردن هێناوەتەوە، بە تایبەتیش لەگەڵ ڕەوشی هەنووکەی ئەفغانستان، کە دیارە گشتمان دەزانین چۆنە. شایانی باسیشە جارێکیان تەلەفزیۆنی سوێد ڕاپۆرتەهەواڵێکی لەسەر هەمان بابەت بڵاو کردەوە.

با واز لەمانەی سەرەوە بێنین و بیر لەو خاڵە بکەینەوە کە من لێرەدا مەبەستمە، بێگومان ئەویش بابەتی سەربەخۆبوون و دەوڵەتی ئازاد و مافی چارەی خۆنووسین و بڕیارە سیاسی و چارەنووسسازەکانە. ئەفغانییەکان پێویستییان بەوە نییە بۆ هەر بڕیارێک ڕوو لە پایتەختی دەوڵەتێکی ناوەندیی تر بکەن. کورد کە گەلێکی بندەستە و بێ دەوڵەتە، لە باشووری کوردستان وێڕای سێزدە ساڵ جیابوونەوەی بە کردەوە، تازە بە تازە پرس بە بەغدا دەکات لەمەڕ گەلێ مەسەلە، کە هەندێکیان نە لە دوور و نە لە نزیکەوە چ پەیوەندییەکیان بە دەسەڵاتدارانی نوێی ئێستای بەغداوە نییە. گشتمان گوێبیستی قسەکانی نێچیرڤان بارزانی بووین کە گوتی بەغدا هێشتا حیسابی پارێزگایەکی عێراقمان بۆ دەکات و هەر بەو چاوە لێمان دەڕوانێت. ئایا ئەمە جۆرێک لە بندەستی ناگەیەنێت؟

لە ئەفغانستان کە لەم ڕۆژانەدا حامید کارزای بە فەرمی بە سەرۆکی وڵات دانرا، لە ڕێوڕەسمی ئەم بۆنەیەدا زۆر لە بەرپرسان و چەندین سەرکردە و شاندی دەوڵەتانی جۆراوجۆر بەشدار بوون. دوێنێ کە سەرۆکی کۆریای باشوور بۆ بەسەرکردنەوەی سەربازانی وڵاتەکەی ڕووی لە هەولێر کرد، چ دەبوو ئەگەر بۆ پازدە خولەکێکیش

چاوی بە گەورەبەرپرسانی کورد کەوتبا؟ ئەو کە کارێکی وای نەکرد، لە هەمان کاتدا ئەوەشی بۆ دۆست و دوژمنان سەلماند کە کورد هێشتا دەوڵەتی نییە و کوردستانیش کەی بوو بە دەوڵەت، ئەوسا من دەچمە دیداری سەرۆکی کوردستانی ئازاد! ئاخر ئەمەیە یەک لە جیاوازییەکانی نێوان ئەفغانستان و کوردستان.

با کوردسات لەجیاتی ئەفغانستان و دیموکراسییەکەی ئەو وڵاتە، ڕوو لە گۆشەیەکی تری ئەم دنیا پان و بەرینە بکات و بەرنامەیەکی تایبەتی لەمەڕ سەربەخۆبوونی تیمووری ڕۆژهەڵات بە تەماشاڤانانی خۆی نیشان بدات. یان باسێک لە ئەریتیریا و چۆنیەتی بەدەستخستنی ئازادی خەڵکی ئەو وڵاتە بکات. یانیش باس لەو دەوڵەتە سەربەخۆیە هەرەبچووکانەی جیهان بکات، کە هەندێک لەوان ژمارەی دانیشتوانەکانیان بەقەدەر ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەیەکی کوردستانیش نابن. دیارە زۆر نموونەی دیکەش هەن کە شایانی ئاماژە پێ کردنن.

کوردسات و کوردستان تیڤی با بچن بەرنامەی تایبە تی لە بارەی ڕەوشی ژیانی کورد لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و بەغدا ساز بکەن. ئەی چ لەو مەترسییە زۆرانە بکەین کە ڕۆژانە کورد لە مووسڵ و کەرکووک، لە شێوەی کوشتن و تۆقاندن، بەرەنگاری دەبنەوە. بینەرانی کوردی ئەم دوو کەناڵە ئاسمانییە حەوجەداری زانیارین سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستان. ئەمە و جگە لە کوردی تاراوگە و گەلێ بابەتی سەرنجڕاکێش و بەکەڵکی دیکە کە بە داخەوە ئەم کەناڵانە خۆیان لێ دەبوێرن.

تا ئێستا زۆر جار لەسەر هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنیی کوردسات و کوردستان تیڤی شت نووسراوە و گوتراوە. من ناڵێم کوردسات و کوردستان تیڤی چ کارێکی باشیان ئەنجام نەداوە، بەڵام سەد حەیف و مخابن ئەوان ئەوە نین کە ڕۆڵەکانی کورد چاوەڕوانین.

<u>سوێد 9-12-2004</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# هەڵبژاردن و زامی ئەنفال*

ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا تەلەفۆنێکم بۆ کوردستان کرد. براژنەکەم وەرامی دامەوە و دیار بوو براکەم لە ماڵەوە نەبوو. دوای چاک و چۆنی و لە هەواڵ پرسین، وەک هەر جارێک، ئەم جارەش کەوتینە باس و خواسی ڕەوشی کوردستان. براژنە خۆشەویستەکەم ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە چەند ڕۆژ بەر لە هەنووکە بە سەردان چووبوونە دەڤەری بلە و بارزان. برایەکەم کۆنەبرادەرێکی لە گوندێکی ئەو ناوچەیەدا هەیە. برادەرێتی ئەوان بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە خوشک و برا کوردە بارزانییەکانمان لە ئۆردووگای زۆرەملێی قوشتەپە، لە لایەن ڕژێمی کوردکوژی بەعسەوە، بە داری زۆر جێگیر کرابوون. هەمووشمان دەزانین ڕاگوێزان یەک لە سیاسەتە چەپەڵ و گڵاوەکانی مشکەکەی عۆجە و بەعسییە



دڕندەکان بووە، کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە دژی کورد جێبەجێ کراوە.

لە کاتی قسەکردن لەگەڵ براژنەکەم، سەبارەت بەو دێیەی کە ئەوان ڕوویان تێکردبوو، چەندین پرسیار هاتنە ئاراوە. یەک لەو شتە سەرنجڕاکێش و خەمهێنەرانە ئەوە بوو کە ئەم گوندەی دەڤەری ناوبراو، سەرەڕای ئەوەی دوو سەد ماڵێک دەبێ و کارەبا و خزمەتگوزارییەکانیشی تێدا دەبینرێ، لێ خەڵکی ئەم ئاواییە بە دەگمەن نەبێ تەلەفزیۆن شک نابەن. لە سەرەتادا کە گوێم لەم قسەیەی براژنەکەم بوو، ئەوی ڕاستی بێ لە مەبەستی ئەو تێنەگەیشتم و بیریشم بۆ لایەکی تر چوو. کاتێکیش کە هۆی ئەم بێ تەلەفزیۆنییەم لەو پرسی، بۆم ڕوون بۆوە کە دانیشتوانی گوندەکە خزم و ئازیز و گلێنەی چاوەکانیان وەبەر شاڵاوی دڕندانە و کوێرانەی ئەنفال کەوتوون، ئیدی هەر لەوێ ڕۆژێوە پەیمان و سۆزیان داوە کە تا لە ژیاندا مابن نابێ لە بەرامبەر کەسوکار و خۆشەویستانیاندا بێوەفا دەربچن. هەر لەبەر هەندێش زۆر شتیان لە خۆیان حەرام کردووە. یەک لەو شتانە ئامێری تەلەفزیۆنە، کە ئەوان پێیان وایە، هەبوونی لە ماڵدا جۆرێک لە خۆشی دەبەخشێت بە مرۆڤ. لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە بە واتای خەم ڕەواندنەوە بێت، کە دیارە ئەوان خەمیان گەلێ لەوە مەزنتر و بەژانترە لەوەی کە بە سندووقێکی چوارگۆشەیی مینا تەلەفزیۆن بڕەوێتەوە. لەمانە هەمووی گرنگتر خەڵکی ئەم گوندەی کوردستان و زۆری دیکەش، تا لە ژیاندا مابن، وەفادار دەبن بۆ ئەو دۆست و ئازیز و پارچەجەرگ و ڕۆڵە

خۆشی لە خۆ نەدیوانەی خۆیان، کە هەر لەبەر ئەوەی وەک کورد لە دایک بوون، زیندەبەچاڵ و ئەنفال کران. ئایا چ شتێک هەیە لە توانایدا بێ خەمی ئەوان برەوێنێتەوە؟ ساڵی پار کە خۆم گەڕامەوە کوردستان، بۆ بەسەرکردنەوەی هەندێ خزمی وەفادار، چوومە گوندی "خەرابە"ی لای کۆیە و تەقتەق. خێزانی یەک لەو خزمانەم، باوک و برا و کەسە هەرەنزیک و ئازیزەکانی بووبوونە پارووی ناو دەمی گورگە ئەنفالچییەکان. کاتێ لە سەروسیمای ئەو ژنە کوردە بەستەزمانەم دەڕوانی، خوا شاهیدە، یەک دنیا خەم دایدەگرتم و لە ناخی دڵ و دەروونمەوە گریانم بۆی دەهات. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو ئەم مرۆڤە ڕووحسووک و میوانپەروەر و خزمدۆستە، سوور دەیزانی ئەوانەی وەبەر ئەنفالی بەعسییان و هاوشێوەکانیان کەوتوون، مەگەر بە دەگمەن نەبێ دەنا کەسیان ڕزگاریان نەبووە، لێ ئەو دیسانیش بە قەدەر چیای سەفین خۆڕاگر و ورەبەرز و هیوادار بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان باوک و براکانی بگەڕێنەوە بۆ لای، تا ئەگەر بۆ دوایین جاریش بێت تێر تێر یەکدی لە باوەش بگرن و بە دیداری یەکتریش شاد ببنەوە!

لە کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانەدا گشت عێراق و کوردستانی بە فەرمی پێکەوە لکێنراویشی باس لەو هەڵبژاردنانە دەکەن، کە لەوانەیە لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێن. سەرانی کورد و هەردوو زلهێزەکەی باشووری کوردستان، سوپاسی خوا دەکەن، کە مەترسی دووبارە قەومانی کارەساتەکانی وەک ئەنفال و کیمیاباران و بە کۆمەڵ قڕکردنی کورد لە ئارادا نەماوە. هەر دوێنێ لە کەناڵی کوردستان تیڤی شتێکی وام گوێ لێ بوو. من خۆم پێموایە، تەنیا هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، تاکە گەرەنتییە تا کورد لە دوارۆژ دووچاری کارەساتی جەرگبڕ و کۆمەڵکوژی و نیشتمان وێرانکردن نەبێتەوە. هەڵبژاردنەکانی عێراقیش، پارتی و یەکێتی بیانەوێ و نەیانەوێ، بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی عەرەبی نەتەوەی سەردەست و شیعەی زۆرینە و ئەمریکا و دەوڵەتانی داگیرکەر و دابەشکەری کوردستانیشدا دەبن. ئەمە ڕاستییەکی دیار و بەرچاوە و کەس بۆی نییە خۆی لێ بدزێتەوە. جا نازانم لە بارێکی وادا برینە قووڵەکانی ئەنفال و کیمیاباران و کارەسات و مەرگەساتە ویژدانهەژێنەکانی تر چۆن چۆنی ساڕێژ دەبن؟ ئەم پرسیارە، بەر لە هەر کەس و لایەنێک، سەرانی کورد دەبێ وەرامی بدەنەوە.

سوێد 10-12-2004

* لە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی کوردستان و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# پرسی کەرکووک*

لای هەمووومان ئاشکرایە هەر لە دوای پێوەلکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی داتاشراو و دەستکردی عێراقەوە، کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بناغەی بۆ دانرا، پرسی کەرکووک هەمیشە گەورەترین تەگەرە و کۆسپ بووە لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لەو بەشەی وڵاتدا. دەسەڵاتدارانی سەر بە نەتەوەی باڵادەستی عەرەب لە بەغدای ناوەندی حوکم، هەتا بۆیان چووبێتە سەر، خۆیان لە چارەسەرکردنی پرسێکی وەها گرنگ و بنەڕەتی دزیوەتەوە و وەدوایان خستووە بۆ ئەو کاتەی جێپێی خۆیان قایم کردووە. بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لەم بوارەدا تاقیکردنەوەی تاڵی لەگەڵ سەرانی عەرەبی عێراقدا هەیە. تەنانەت شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکانی کوردیش زۆر جار هەر لەبەر مەسەلەی گرنگ و چارەنووسسازی کەرکووک، یەک لە دوای یەک و بێ ڕێککەوتنێکی ڕاست و دروست لەگەڵ حکوومەتی بەغدا، لە کۆتاییدا ئاگریان خامۆش بووە و بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ لەناو براون. دیارە ئەمەش هەر ڕاستییەکی دیکەیە و لە کورد




شارراوە نییە.

لە پاش ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس لە 9ی نیسانی 2003دا، ڕۆڵەکانی گەلی چەوساوە و بندەستی کورد، لە خۆشییان شاگەشکە بوون و بە دەرهێنانی سەددامی جەللادیش لە کونەسەگەکەی خۆی ئەوەندەی تر شادی و مەستی لێیان بوون

به میوان. ئێمه گشتمان دیمه‌نه‌کانی ئه‌و خۆشی ده‌ربڕین و ئاهه‌نگ گێڕان و سه‌ما و



شادییه‌ی نه‌ته‌وه‌ی خۆمانمان چاو پێ که‌وت.

ئه‌مڕۆ ساڵێک زیاتره ڕژێمی هۆڤ و تاوان و گۆڕه به‌کۆمه‌ڵه‌کان له به‌غدا ڕووخێنراوه..ساڵێک و ڕۆژێکیشه سه‌ددامی خوێنمژ و کوردکوژ له لایه‌ن هێزه‌کانی ئه‌مریکاوه گیراوه. له عێراقی دوای دیکتاتۆردا "ئه‌نجوومه‌نی فه‌رمانڕه‌وا" و "حکوومه‌تی کاتی" و "پاسه‌وانی نیشتمانیی عێراقی" و "ئه‌نجوومه‌نی نیشتمانیی عێراقی" و زۆری دیکه‌شمان گوێ لێ بووه و ده‌بێ. ناوه‌کان په‌یدا ده‌بن و له پاشان به خێرایی بزر ده‌بن و کوێر ده‌بنه‌وه. حیزب و ڕێکخراوه‌کان، به تایبه‌تی له‌م کاتانه‌ی دواییدا که باس له هه‌ڵبژاردن ده‌کرێت، ئه‌وه‌نده زۆر و زه‌وه‌ندن و له کاری دوکان کردنه‌وه ده‌چن. ئه‌وه‌ی حیزبی نه‌بێ لیستی نییه. ئه‌وه‌ی لیستی نه‌بێ ناوی نییه. دیاره ئه‌وه‌ی ناویشی نه‌بێ پێکی گه‌مه‌که ناکرێ. ئا ئه‌مه‌یه گه‌مه‌ی دیموکراسی، ئه‌و دیموکراسییه‌ی که بووه‌ته جێی پرسیاری خه‌ڵکی ڕه‌شۆکی و مایه‌ی ترسی که‌سانێکی زۆر و به تایبه‌تیش گه‌لی کورد، بگره جارناجار سه‌رانی ئه‌م گه‌له بێ ده‌وڵه‌ته ترس و نیگه‌رانی خۆیان ناشارنه‌وه و به ئاشکرا باس له شتێک یا دیارده‌یه‌کی پاش ده‌می هه‌ڵبژاردن ده‌که‌ن که پێی ده‌ڵێن "دیکتاتۆریتی زۆرینه". بێگومان هه‌موومان ده‌زانین مه‌به‌ست له به‌کارهێنانی زاراوایه‌کی وه‌ها چییه و چ لایه‌نێکیش ده‌گرێته‌وه. ڕه‌نگه له زۆر بیر و بۆچووندا ده‌گه‌ڵ سه‌رانی کورددا هاوکووف نه‌بم، به‌ڵام له بابه‌تی "دیکتاتۆریتی زۆرینه"ی شیعه‌دا،

بمەوێ و نەمەوێ ، ناکرێ بڵێم ئەوان ڕاست ناکەن. ئەی هەر بەشێک لە شیعە و کۆنەبەعسی و عەرەبە دەهەزاری و بیست هەزارییەکان نەبوون لە کەرکووک هاواریان دەکرد: لا الە الا اللە کوردستان عدو اللە؟!




هەر کەسێک ئەگەر کەمێکیش ئاگاداری ڕەوشی هەنووکەی عێراق و کوردستان بێت، جوان تێدەگات پرسی کەرکوک و چارەنەکردنی بە شێوەیەکی بنەڕەتییانە لە لایەن فەرمانڕەوایانی نوێی عەرەب لە بەغدا، وا خەریکە جارێکی تر و بە شێوازێکی تر سەر هەڵدەداتەوە. دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا کە بەشی شێر و قورسایە گەورەکەی وەبەر کەوتووە، ئەم جارەیان زیرەکانە و بە هێنانەوەی بیانووی جودا جوداش، خۆی لە چارەکردن و کردنەوەی گرێکوێرەکانی تایبەت بە مەسەلەی کەرکووک دەگنخێنێت. پارتی و یەکێتی و بارزانی و تاڵەبانی، وێڕای هەر گوشارێک کە لەسەریان بووبێت، قەت نەدەبوو وا بە ئاسانی دەستبەرداری مەسەلەی کەرکووک بووبان و بۆ دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقیان واز لێ هێنابا. ئەمە قسەیەکی من نییە و هی د. مونزیر ئەلفەزڵە کە دۆستێکی کورد و نزیکی پارتیشە. ناوبراو لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا پرسیویەتی داخوا چۆن وا بە ساناهی مەسەلەی گرنگ و پڕ چارەنووسسازی کەرکووک بەسەر کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەیدا تێپەڕی و بۆ دواڕۆژێکی نادیاریشیان هێشتەوە. من پێموایە کورد و سەرانی دەبوو وەک پێشمەرجی بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و لێدانی سەددام، ئەم بابەتە هەستدار و کوردستانییە گرنگ و واتادارەیان لەگەڵ داروودەستەی ئەمریکا و عەرەبە دەستڕۆیشتووەکانی ئەوڕۆی عێراق بهێنایە سەر مێزی گفتوگۆی سیاسییانەی خۆیان و بیانکردایە مەرجی بەشداربوونیشیان لە پرۆسەی دەست وەشاندن لە سەددام، یان وەک خۆیان دەڵێن "ڕزگارکردنی عێراق". بە لێکدانەوەیەکی دیکە نەدەبوو بە چ شێوەیەک سازش لەسەر کوردستانێتی کەرکووک و دەڤەرە جوداکانی تری کوردستان بکرێت، کە تا مێژووی لێدان و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرست لەژێر دەستی عەرەبە داگیرکەرەکان دەیانناڵاند. بێگومان ئێستاش زۆر لەو شار و شارۆچکە و ناوچە کوردستانییانە شوێنەواری تەعریب و شێواندنی جوگرافیایی و دانیشتوانیان پێوە دیارە و هێشتا بە تەواوەتی ڕزگاریان نەبووە.

سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ، وەک نەریتی هەمیشەیی ، ئەم جارەش بە درەنگەوە باس لە تەبایی ڕیزەکانی خۆی و یەک لیستی و جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی 58ی "قانوونی ئیدارەی دەوڵەت" دەکات. سەرانی کورد باس لەوە دەکەن تا ماددەی ئاماژە بۆ کراو جێبەجێ نەکرێت ، کورد لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی کەرکووک بەشداری ناکات. چ گومان لەوەدا نییە هەر کوردێک کە دڵی بۆ کوردستان و کەرکووک لێ بدات ، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت هەرچی زووترە کوردە دەرکراوەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیران و لەمێژینە و ڕەسەنی خۆیان. کەس قسەیەکی لەمەڕ ئەمە نییە و لەگەڵیشیدا کۆکە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە بە بۆچوونی هەر هەمان سەرکردایەتی کورد بێت ، تێدەگەین کە تەنیا دوای ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک و گەڕانەوەی ئاوارە و دەرکراوەکان ، ئینجا خەڵکی ئەو دەڤەرە بۆیان هەیە لە ڕاپرسییەکدا دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ببن بە بەشێک لە "هەرێمی کوردستان" یان نا؟! ئەرێ کەس هەیە تا هەنووکە بە جاران گوێبیستی وەها قسەیەکی بەرپرس و سەرانی کورد نەبووبێت؟ ئەوان لە سەرێکەوە دەڵێن کەرکووک شارێکی کوردستانە و ئەمە بابەتێکە و ناشبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت. کەچی هەر ئەوان خۆیان باسی ئەوە دێننە پێشەوە ، دوای ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک لە ڕووی دانیشتوان و جوگرافیا و ڕامیاری و بارە جیا جیاکانی ترەوە ، ئینجا خەڵکی ئەو شار و مەڵبەندە مافی خۆیانە بڕیار لەمەڕ چارەنووس و پاشەڕۆژی خۆیان بدەن. ئایا ئەمە جۆرێک لە هاودژی و ناڕوونی ویکنەهاتنەوە نابەخشێت؟! شارێک کە کوردستانی بێ ، بۆچی دەبێ پاش ماوەیەکی دیاریکراو ڕیفراندۆم لەسەر کوردستانێتییەکەی ئەنجام بدرێ؟ ئەم خاڵە چەندین پرسیار دێنێتە پێشەوە ، کە دیارە سەرانی کورد لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتی هەرەمەزنیان دەکەوێتە ئەستۆ. سووکایەتیکردنێکی گەورەی دیکە کە لە



بەرامبەر خەڵکی شاری کەرکووک و دانیشتوانە ڕەسەن و کوردییەکەی ئەنجام دەدرێ، دیاریکردنی ئەو کۆمیتەیە کە گوایا بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو شارەدا پێکهێنراوە. جارێ پێش هەر شتێک تاکە ئەندامێکی ئەو کۆمیتە چییە کورد نییە. ئینجا کەسانی ناو کۆمیتەکە لە بەغداوە داندراون و زۆربەیان گومانلێکراو و پاشەڵپیس و دڵخوازی ڕژێمی بەعسی ڕووخاون. هەر تەنیا بۆ نموونە یەکێک لەناویاندا کاتی خۆی ئەندامی کارا و چالاکی حیزبی بەعس بووە. یەکێکی تریان ڕقێکی لەبن نەهاتووی بەرامبەر بە کورد هەیە و کەرکووکییەکان ئەمانە بە چاکی دەناسن و لێیان بەئاگان. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوو هێزی دەسەڵاتداری کوردستانیش لە چەندین بۆنەدا بە خراپی باسی ئەم کۆمیتەیەیان کردووە. جا لە بارێکی وادا بێگومان کێشەکان لە کەرکووکی کوردستان، لە جیاتی ئەوەی چارەسەر بکرێن قووڵتر و قووڵتر دەکرێنەوە.

لە دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازی هەر گەلێکدا هەندێ پرەنسیپ و مەسەلەی تایبەتی هەن، هەر کاتێک وازیان لێ هێنرا و پشتگوێ خران و دەستبەرداربوون لێیان پیشان درا، ئەوسا تەواوی بزاڤەکەش بەرەو ڕمان و لەناوچوون هەنگاو دەنێت و بگرە خودی نەتەوەکەش دووچاری کارەسات و نەهامەتی دەبێتەوە. لێرەدا حەوجەداری ئەوە نابین نموونە لەم بارەیەوە بێنینەوە، چونکە لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردماندا لەسەر نموونەی لەم جۆرە پەکمان ناکەوێت. بابەتی کەرکووکیش یەک لە بابەتە هەرەگرنگ و چارەنووسسازەکانە کە کورد و سەرانی هەرگیزاو هەرگیز نابێت سازشی لەسەر بکەن یان بۆ دواڕۆژێکی نادیار بیهێڵنەوە و هەڵیبگرن. من پێشتر هەر لە "بارزان"ی ئازیزدا، لەسەر پرسی کەرکووک و چەند پرسگەلێکی تری گرنگی ئەوڕۆی باشووری کوردستان، هەندێک وتار و نووسینم بڵاو کردۆتەوە. تەنانەت لە ژمارە 44ی "بارزان"دا بابەتێکی تایبەتیم لەسەر ئەم مەسەلە و پرسانە بڵاو کردبۆوە لەژێر سەردێڕی "باشووری کوردستان و چەند پرسێکی گرنگ". هەربۆیە بە پێویستی نازانم لەم وتارەدا لەمە زیاتر لەسەر ئەم پرسانە بنووسم. ئەوەی کە ویستم بیدرکێنم، وا بزانم، توانیومە تا ڕاددەیەک لە دڵی خۆمیدا نەهێڵمەوە و بەیانی بکەم. لە کۆتاییشدا ئەوە هەر خوێنەرانی هێژا خۆیانن کە سەرپشکن لە بڕیاردان لەمەڕ ناوەڕۆکی ئەم وتارەی من. هیوادارم هێنانە پێشەوەی پرسێکی وەک کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی تر خزمەتێکی گچکە بێ بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کوردمان. ستۆکهۆڵم 15-12-2004

* لە (بارزان، ژمارە 45، فێبریوەری 2005، ئەمەریکا) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# سالّی تازە لە کورد و کوردستان پیرۆز بێت!*

پاش چەند ڕۆژێکی تر لە سەری سالّی نوێی زایینی نزیک دەبینەوە. گەلانی خواپێداو و سەربەخۆی دنیا، هەریەکە و بە شێوازی تایبەتی خۆیان، پێشوازی لە سالّی تازە دەکەن و بەم بۆنەیەوە ئاهەنگی جۆراوجۆر دەگێڕن. جێی باسە ئەوە بلّێین یادکردنەوەی بۆنەکان بە گشتی و سەری سالّی تازەش بە تایبەتی، چ لە ولاّتانی ئەوروپا و چ لە شوێنە جیا جیاکانی تردا، جار لە دوای جار ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان



زیاتر و زیاتر وەندا دەکەن و دەبن بە بۆنەیەک بۆ ساغکردنەوەی کەرەسە و کالاّ بازرگانییەکان. ئەم دیاردەیە ڕەنگە بە شێوەیەکی ڕوون و بەرچاوتر لە ئەوروپا بەدی بکرێت. لە کوردستانی خۆشماندا وردە وردە شتێکی لەم جۆرە لە پەرەسەندندایە و کێش نالّێ بە خێرایی بەرەو هەمان مەبەست و ئاقار هەنگاو نانرێت. هەر کەسێک سەردانی کوردستانی ڕەنگین و دایکی کردبێت، لە قسەی من حالّی دەبێت و دەشزانێت چ دەلّێم. خۆ تەنیا وردبوونەوەیەکیش لە کەنالە ئاسمانییەکانی ناوخۆی کوردستان زۆر شتمان بۆ ئاشکرا دەکات.

دیارە چ گومان لەوەدا نییە کوردیش، وەک هەر گەل و نەتەوەیەکی دیکەی دنیا، مافی تەواوی خۆیەتی بە بۆنەی هاتنی سەری سالّی تازە جەژن بگرێت و ئاهەنگ بگێڕێت. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە، ئایا دروستە شێوەی ئاهەنگگێڕان و سازکردنی ڕێوڕەسمەکانی وەها بۆنەیەک لە کوردستاندا، هەمان شتی کۆپیکراوی ولاّتانی تری دەرەوە و دراوسێ بێت؟ گەلۆ ئێمەی کورد خاوەنی سەری سالّی تازەی خۆمان نین؟ تۆ بلّێی بەجیهانیبوون لەنێو کورددا چۆن چۆنی لێکبدرێتەوە؟ ئەرێ بە ڕاست ئەم بەجیهانیبوونە خێر و شەڕی لە چیدایە؟ دەزانم ئەم پرسیارانە تۆزێ گەورە و

قەبە دێنە بەر چاو، لێ وەرامدانەوەشیان ئەركی سەر شانی ڕۆڵەكانی ئەم نەتەوەیە پێكدێنێت. نەتەوەیەک كە هێشتا بێ دەوڵەت و قەوارەی سیاسی و نەتەوەیی خۆیەتی.

گەلان و نەتەوە زیندووەكان لە كۆتایی هەر ساڵێكدا بە حیسابەكانی خۆیاندا دەچنەوە. ئەوان ئەو كار و كردەوە و شتانەی كە لە ماوەی ساڵێكدا ئەنجامیان داوە، ورد و درشتیان، دەخەنە بەر لێكۆڵینەوە و لە "سەرەند و بێژینگ و هێڵەگ"یان دەدەن. لە وڵاتێكی وەک سوێد ئەم كاری لێتۆژینەوە و لێوردبوونەوەیە هەر تەنیا مرۆڤەكان و بەرژەوەندییەكانی دەوڵەت و شتە گرنگ و پێویستەكان ناگرێتەوە، بگرە تەنانەت ئاژەڵ و باڵندە و كەش و ئاووهەوا و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و گەلێكی دیكەش حیسابی ورد و تایبەتییان بۆ دەكرێ. من نەهاتووم سوێد و كوردستان پێكتر بچوێنم. ئەوەی یەكەمیانم بەتەنێ وەک نموونە هێنایەوە و بەس.

لە ماوەی ساڵێكدا لە كوردستان زۆر ڕووداو و گۆڕانكاری و پێشهات و شتی تر هاتنە ئاراوە. كاری ئاوەدانكردنەوە و بنیاتنان بووەتە دیاردەیەک كە كەس ناتوانێت نكۆڵی لێ بكات. بەڵام ئەمە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت كە كوردستان بێ كەموكوڕییە و لە بواری خزمەتگوزاریشدا هەست بە كەمی و شاشی ناكرێت. تیرۆریستان و پاشماوەكانی بەعس و دەوڵەتانی داگیركەری نیشتمان، چاویان بەرایی نادات ئاشتی و خۆشی لە كوردستان ببینن، هەربۆیە لەم ساڵەی دواییدا هەموو هەوڵ و توانایەكی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ شێواندن و لەباربردنی ڕەوشی هەنووكە و ئارامیی وڵات. كوشتنی مرۆڤی كورد، بەتەنێ لەبەر كوردبوونی، بووەتە كارێک كە ڕۆژانە لە هەندێ شار و دەڤەری وڵاتی كوردان دوژمنانی ئەم نەتەوەیە پێی ڕادەبن. شارەكانی مووسڵ و كەركووک و ئەو شارۆچكە و ناوچانەی كە پێیانەوە گرێدراون وەک مۆڵگەیەكی تیرۆریستان و عەرەبە بەعسییە دەمبەخوێنەكانیان لێ هاتووە. كورد لەو شوێن و ناوچانەدا ڕۆژانە دووچاری هەڕەشە و تیرۆر و كوشتن دەبنەوە. هەرچی سەرانی كورد و بەرپرسانی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەكەی كوردستانیشن، لە بەرامبەر ئەم دژایەتیكردنەی گەلی كورد، تا ئێستا لە دووپات و دەپاتكردنەوەی "ئەگەر ئەوها نەكرێ، ئەگەر كار وا بڕوا،..." زیاتر شتێكی دیكەیان بە كردەوە ئەنجام نەداوە. ئەوان هێشتا خەون بە برایەتییەكەوە دەبینن كە عەرەبی نەتەوەی زاڵ و سەردەستی عێراق لەمێژە، ئەم جۆرە برایەتییەی، لەبن پێی پۆستاڵرەشەكانی سوپا عروبییەكەی خۆیدا مریشک ئاسا قیرەبڕ كردووە.

هەر لەم ساڵەدا چەندین پرۆژەی گرنگ و شارستانی لە کوردستان جێبەجێ کران. لە هەمان کاتدا گەلێ چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری سەرنجی کوردیان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. پرۆژەکانی میوانخانەی شیراتۆن و دامەزراندنی "کۆڕی زانیاریی کوردستان" و هەروەها جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی تایبەت بە فرۆکەخانەکان لە کوردستان و گرتنی کۆڕە ئەدەبی و هونەرییەکانی مینا "گەلاوێژ" و "فێستیڤاڵی کوردستان" و زۆری تریش، ئەمانە هەر هەموویان کار و خەبات و چالاکی سوودبەخشن، هەتا ئەگەر حیزبییانەش ئەنجام بدرێن و لە بەرگی نەتەوایەتیدا بە کورد نیشان بدرێن!

وا 31-12-2004 ورده ورده لێمان نزیک دەبێتەوە. ئەگەر بڕواشمان بەوە هەبێ کە لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی نوێدا، هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستان ئەنجام دەدرێ، ئەوا نابێ ئەم خاڵە گرنگەشمان لە بیر بچێ، کورد هێشتا لە 40%ی خاکەکەی بە شێوەیەکی فەرمی نەخراوەتەوە سەر ئەو ناوچەیەی کە سەرانی کورد و پارتی و یەکێتی ناوەکەیان گۆڕی بۆ "هەرێمی کوردستان". بە واتایەکی تر سنووری باشووری کوردستان دیاری نەکراوە و ئەمە، هەر بە قسەی سەرانی کورد خۆیان، بۆ دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکان وازی لێ هێنراوە. لە شارێکی گرنگ و چارەنووسسازی وەک کەرکووک، بە گوێرەی بڕیار و وتەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق و فەرید ئایاری سەرۆکی بێ، عەرەبی هاوردە و دەهەزاری و بەعسی بۆیان هەیە دەنگ بدەن، لێ هەرچی کوردی گەڕاوە و دانیشتووی ڕەسەنی شار و دەڤەرەکەن مافی ئەوەیان نییە ناوی خۆشیان تۆمار بکەن. بڕیار یان فەرمانێکی وا شۆڤێنی و بەعسییانە بەلانی کەمەوە 70000 کورد دەگرێتەوە. ئایا ئەمە ئەو "عێراقی نوێ" و "عێراقی فیدرالی" و "عێراقی فرەحیزبی و پەرلەمانییە"یە کە ڕۆژ تا ئێوارە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی زوڕنای بۆ لێ دەدەن؟!

ساڵی نوێ، ساڵی 2005، پێشهاتی چاوەڕواننەکراو و خراپتر لەمەش دەگرێتە خۆی. ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمان و گەلەکەمان نەکەین، پێویستە زۆر بە ڕاشکاوییەوە بڵێین ساڵی 2005، هەر بەتەنیا بە مانای ساڵی تازە نایەت، بگرە لەوانەیە گەلێ شت و پێشهات و ڕووداوی حیساب بۆ نەکراو لەگەڵ خۆیدا بێنێتە ئاراوە، کە دیارە بە چ شێوەیەک ڕێک ناکەون لەگەڵ ویست و هیوا و ئامانج و خەونە دێرینەکانی کورد. لە بارێکیشدا ئەگەر ئەم قسەیەی من ڕاست نییە، با سەرکردەکانی گەلی کورد بوێرانە بێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان، تا لە نزیکەوە ڕەش و سپیی گرێکوێرە و تەواوی

مەسەلەکانمان بۆ باس بکەن. ئەوان لە کاتی ئێستا هەر لەوە ئازان خەڵک لە خۆیان کۆ بکەنەوە و هانیان بدەن بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکەن..بۆ ئەوەی بەم کارەیان بیانکەنەوە بە عێراقی پلە یەک. بەڵێ، ئەوان بوێر و مێرخاسن لە زیندووکردنەوەی پەیماننامە شووم و بەدناکەوەی فیفتی فیفتی، بەڵام ئەم جارە لەسەر ئاوازی فۆڕتی فۆڕتی!! کاشکی بۆ تەنیا جارێک سەرانی کورد قۆڵی مەردانە و کوردانەیان لێ هەڵدەکرد و هاواریان دەکرد: کوردینە چتان دەوێ؟ وەرنە سەر جاددە! با دنیا گوێی لە دەنگتان بێ!

گەلی کورد لە ڕەوشێکی وەها نادیاردا پێ دەنێتە ساڵی 2005. تکاشتان لێ دەکەم بە هەڵە لەم قسەیەم تێمەگەن و بە ڕەشبینیش ناوم مەبەن، بەڵام جێی خۆیەتی ڕاستییەکان وەک هەن بیانبینین. من لە قووڵایی دڵمەوە بڕوایەکی ئێجگار زۆرم بە ورەبەرزی و لێهاتوویی نەتەوەکەم هەیە. داخوا سەرانی کوردیش وا بیر دەکەنەوە؟ ئەرێ تۆ بڵێی ئەوان، هەر نا لەبەر خاتری ئەو کەرکووکەی کە بە قودس و بە دڵ ناوی دەبەن، ئەم جارەیان شاپێکی تەڕ لە حیزبایەتییەکەی خۆیان بسرەوێنن و بشیکەن بە قوربانی بالای بەرزی کوردایەتی و کوردستان؟! چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەین!

لە پاش تەنیا چەند ڕۆژێک 2004 دەبێت بە 2005!

<u>ساڵی 2005 لە کورد و کوردستان پیرۆز بێت!</u>

* لە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی کوردستان و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# (چاوەڕوانی)*

هەموومان گوێمان لە وشەی "چاوەڕوانی" بووە و دەشزانین چ مانایەک دەبەخشێت. تەنانەت کورد وەک نەتەوەش بە درێژایی مێژوو لە چاوەڕوانیدا بووە. پیشەی چاوەڕوانیکردن لەگەڵ داب و نەریتی نەتەوەکەماندا دەست لەملانێی یەکتر بوونە و لە هەمان کاتیشدا، ئەم چاوەڕوانیکردنە، بووەتە بەشێک لە کولتووری ڕۆحی و دەروونیی گەلی کوردمان، کە بێگومان تا نووسینی ئەم چەند دێڕانەش دیارە هەر چاوەڕوانە!



من لەم کورتە باسەدا نموونەیەک لە چاوەڕوانیکردنی کورد بۆ خوێنەرانی هێژا دێنمەوە. چاوەڕوانیکردنێک کە سەرلەبەری بریتییە لە یادکردنەوەی ڕۆژانی ڕەشی کارەساتە جەرگبڕ و دڵتەزێنەکانی ڕابردوو، کە بەسەر ڕۆڵە داماو و بندەستەکانی ئەم نەتەوەیەدا هاتوون. بەڵێ، ڕابردوویێک کە نە ئەوەندە کۆنە و نە وا بە ئاسانیش برینە قووڵ و بەژانەکانی سارێژ دەبن. ئەرێ بە ڕاست کوردێک هەیە ڕۆژانی سەخت و پڕ لە مەرگەساتی ئەنفال و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستانی نەبیستبێ؟ تۆ بڵێی یادەوەری و ئازارە بەسۆکان و دژوارییەکانی ئەم ڕۆژە نەگبەتی و مەرگهێنەرانە، چ کاریگەرییەکیان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، لەسەر دروستبوونی کەسایەتیی کورددا هەبێ؟ ئایا ئەوانەی لە مردنی مسۆگەر گەڕاونەتەوە، دەشێ جارێکی تر لەتەک نەتەوەی باڵادەست و سەردەست و داگیرکەری باشووری کوردستاندا، واتا عەرەب، دووبارە لەبن ناوی برایەتی و پێکەوەژیان و عێراقی "هیوا و ئاشتی"دا، ژیان

بەسەربەرن؟ داخوا لەبیرچوونەوە یان ڕاستتر لەبیرکردنی ڕۆژانی ڕەشی کوردقڕان، کارێکە دەبێ کورد لێی خۆش بێ و بنبەڕە و سەربەڕەش دڵداریی یەک لایەنە لەگەڵ ئەنجامدەرانی بکا؟ ئەدی هەر کورد خۆی نەیگوتووە: خۆشەویستی خۆشە گەر لە دوو سەر بێ؟!

چەند ڕۆژ بەر لە کاتی ئەم نووسینە، بە تەلەفۆن، قسەم لەگەڵ خوشکەگەورە و بەوەفاکەم کرد. لەناو قسەکانی ئەودا شتێک سەرنجی ڕاکێشام کە پێمخۆشە بۆ ئێوەشی باس بکەم. خوشکی گەورەم کە لە دوای کۆچی ناوەختی دایکی خۆشەویست و هەمیشە لە یادم، لە نموونەی دایکێکی میهرەبان مامەڵەی لەگەڵماندا دەکرد و دڵی دەداینەوە، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: دەزانی کێ پرسیاری تۆی دەکرد؟ گوتم: کێ؟ ئینجا لە وەرامدا گوتی: شیرین، شیرینی مام عوسمان کارەسووڵ. لە کاتی بیستنی ناوی شیرین و بەتایبەتیش مام عوسمان کارەسووڵ، یادگاری و شتە کۆنەکانی سەردەمی منداڵێتی و ژیانی گوند و "مورتکەی گەورە" و کوردستانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووم هاتنەوە بەر چاو. ئەو ڕۆژانە چەند سەخت و دژواریش بوون، بەڵام دیسان تژین لە بیرەوەری خۆش و هاوکاریکردنی کوردانە و یارمەتیدانی یەکتر و دڵ بۆ یەک سووتان و کوردبوون و کوردستانیبوون و ڕێزگرتن لە پێشمەرگە و ناوی پیرۆزی ئەو و پابەندبوون بە خاک و نەتەوە. ئەم لێکدانەوەیە نەک هەر بەتەنێ "مورتکەی گەورە" و دانیشتوانەکەی، بگرە سەرانسەری کوردستانی ئەو سەردەمەش دەگرێتەوە.

ئەو "شیرین خان"ەی کە ئەگەر هەڵەم نەگوتبێ، جارناجار لەبەر خۆشویستن بە "شینە"ش ناو دەبرا، ساڵانێکە شووی بە کاک "تەییب"ی ئامۆزای خۆی کردووە و خاوەنی چەند منداڵێکیشن. هیڤیدارم هەر هەموویان لە باوەشی دایک و باوکیاندا مەزن ببن تا خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆیان بکەن. یەک لە کوڕەکانی "شیرین خان"ی مورتکەیی ناوی "چاوەڕوانی" بەسەردا بڕاوە. ئەم ناولێنانەش بۆ ئەم بەسەرهاتە دڵتەزێنەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

شیرین خان برایەکی قۆز و گەنجی هەبوو بە ناوی جەمیل. جێی خۆیەتی ئەوە بڵێم کاکە جەمیل، یادی بە خێر، کوڕەلاوێکی لەسەرخۆ و گران و پیاوانە و مرۆڤێکی ئاکار ڕێکوپێک و لەبەردڵان بوو. من دوایین جار کە کاکە "جەمیل"م بینیبێ و پێکەوە یەکترمان دواندبێ، بەر لە ساڵی 1985 بووە کە هێشتا لە کوردستانی زێد و وار دەرنەچووبووم. باش لە یادمە لە ڕۆژێکی خۆشی وەرزی بەهاردا، لەسەر ڕێی "گردمەلا" و لە ئاقاری گوندەکەماندا"مورتکەی گەورە"، بەیەکەوە خەریکی لەوەڕاندنی مەڕومالات

بووین. به داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، پاش ساڵانێکی زۆر، زانیم کاکە "جەمیل"ی کورد، وەک دەیان و سەدان هەزاری دیکەی ئەم کوردستانە، وەبەر شاڵاوی ئەنفالی دڕندانەی بەعسییان کەوتووە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ چ هەواڵێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەزانراوە، کە مایەی دڵخۆشبوون بێ بۆ خزم و کەسوکار و دۆست و ئازیزانی. ئیدی هەر لەو ڕۆژەوەی کە ئەم لاوە کوردە مورتکەییە نەگەڕاوەتەوە، "شیرین خان"ی خوشکی هیوابڕاو نەبووە و تەنانەت کوڕەکەی خۆشی ناو لێناوە "چاوەڕوانی"! بەڵێ، شیرین چاوەڕوانی جەمیل دەکات. ئەی "چاوەڕوانی" دەبێ چاوەڕوانی کام چارەنووس و پاشەڕۆژ بکات؟!

به شیرین خان دەڵێم: کاکە جەمیل و گشت ئەنفالکراو و شەهید و قوربانییانی کیمیاباران و هەڵەبجە و بادینان و بالیسان و هەر بستێکی ئەم کوردستانە گەورە و گرانە، خەمی لەبنەهاتووی منن. ئەوانن کە ڕێی ئێمەیان ڕووناک کردەوە.. لە سایەی خەبات و خوێنی ئەواندا سەرانی کورد بوون بە شت. من و تۆ لە سەرکردایەتی ئەوڕۆی کوردستان دەپرسین: چ گەرەنتییەک شک دەبەن، لە پێناو دابینکردنی دواڕۆژێکی گەش و پڕشنگدار، بۆ هەموو "چاوەڕوانی"یە گەورە و گچکە و "سەلکە و بنکە"کانی کورد؟!

<u>ستۆکهۆڵم 5-1-2005</u>

* لە (میدیا، ژمارە 178، 2005/1/15، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## هێرشەکەی سەیداوە و چەند پەیڤێک*

تا کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانە هەندێ باس و شیکردنەوە لەملا و لەولا، لەمەڕ هێرشە سەربازییەکەی ئەمریکا بۆ سەر گەڕەکی "سەیداوە"ی شاری هەولێر، بڵاو کراونەتەوە. خاوەنی زۆر لەو نووسراو و بڵاوکراوانە سەرسامی و سەرسووڕمانی خۆیان لە بەرامبەر ڕووداوەکە نیشان دەدەن. بە گوێرەی بۆچوونی ئەوان بێ، ئەمریکا بۆی نییە هێرش بەرێتە سەر شوێنێک کە گوایە بە هاوپەیمان و هاوچارەنووس دەزانرێ. دیارە لێرەدا مەبەست لە شاری هەولێری ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستانی ئیدارەی پارتییە. هەرچی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خودی پارتیشن، هەر هۆیەکیان لە خۆیان زانیوە و بەوپەڕی سەرسامبوون و گەلێ نیشانەی پرسیارەوە لەم کارە سەربازییە دەڕوانن. ئەوانیش ئەمریکا بە هاوپەیمانی "ستراتیژی"ی خۆیان پێناسە دەکەن و پێیانوایە نەدەبوو هێرشێکی وا بۆ سەر شوێنێکی کوردستان ڕوو بدات. کوردستان تیڤی لە ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەدا، بە تەلەفۆن، چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی مامۆستایەکی زانکۆ کرد. گەر بە هەڵەدا نەچووبم مامۆستای زانکۆکە "بوخاری" ناوێک بوو. مامۆستای ناوهاتوو دەیگوت: <u>ئەمە کارێکی زۆر زۆر چاوەڕواننەکراو بوو</u>. بەلای منەوە <u>زۆر زۆر زۆر</u> سەیرە کاتێ مامۆستایەکی زانکۆ لە کوردستان بێت و بەم شێوەیە بیر بکاتەوە. لە مامۆستای هێژام دەپرسم: ئایا ئەمریکا، هەر لە ڕۆژی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرستەوە تا هەنووکەش، چ حیسابێکی گچکە یا گەورەی بۆ چ کەس و لایەن و گەلێک کردووە، کاتێ ویستبێتی کارێک ئەنجام بدات؟ داخوا ئەگەر بە وردی حیسابی بۆ ڕەوشی دوای نەمانی سەددام بکردایە، ئێستا ئەم هەموو لێشاوی ترس و تۆقاندن و کارەساتانە ڕووبەڕووی خەڵک دەبوونەوە یان نا؟ گەلۆ ئەمریکا هەر لە دەستپێکدا ڕێزی لە بۆچوون و پێشنیارەکانی کەسانی شارەزای عێراق و کوردستان گرت یان نا؟ ئەرێ بە ڕاست لە دنیای پیسی سیاسەت و ناو بەرژەوەندییەکاندا شتێ شک دەبەین بە ناوی "چاوەڕوانکراو" و "چاوەڕواننەکراو"؟

ئەمریکا، وەک تاکە زلهێزێکی گەورەی جیهان، بە دوای بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازی و ستراتیژی و ئابوورییەکانی خۆیدا دەگەڕێت. ئەمە شتێکە و چ قسەیەکی لەسەر نییە. سەبارەت بە هێرشی سەربازییانەی ئەمریکاش بۆ سەر گەڕەکی سەیداوەی هەولێر، کە بە ڕاستی کارێکی تیرۆریستییانە و ترسنۆکانەشە، بەر لەوەی بێین یەخەی سەربازانی ئەمریکا بگرین، با توند توند یەخەی سەرانی کورد بگرین و گەلێ

به ڕاشکاویشەوە پێیان بڵێین: ئێوە کە بێ پێشمەرجی فەرمی و نووسراو و مۆرکراو دەچنە ناو سەنگەرێکەوە و ڕیشی خۆتان و کوردیشتان دا دەست ئەمریکاییەکان، دەبێ سووکەحیسابێکیشتان بۆ ئەوە کردبێ کە ئەم بەناو هاوپەیمانێتییە ئەنجامی باش، بەڵام خراپیشی لێ دەکەوێتەوە.

سەربازانی ئەمریکا، بێ ئەوەی کەمترین ڕێز بۆ هەستی نەتەوایەتی کورد لە کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان پیشان بدەن، دێن ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە کەرکووکی کوردستان و ئێرە و ئەوێی ئەم نیشتمانەدا ڕەش دەکەنەوە و دەیهێننە خوارەوە. هەر لەبەر هەندێ بۆ ئەوان کارێکی ئاساییشە گەر لە گەڕەکێکی شاری هەولێری کوردستانیشەوە، لەژێر ناوی گەڕان بە دوای تیرۆریستان، هێرش بکەنە سەر بەشێکی ناوخۆیی قوتابییان و خەڵکی سڤیلی سەیداوەش بدەنە بەر ڕێژنەی گوللە و بەهۆی فڕۆکە و هەلیکۆپتەرە سەربازییەکانیشیانەوە هەڕەشە لە دانیشتوانی شارەکە بکەن. ئەگەر کورد و بە تایبەتیش سەرانی پارتی و یەکێتی، هەر لە سەرەتادا لە هەمبەر کارە ناڕەوا و نابەجێ و سووکایەتپێکەرەکانی ئەمریکا دەرهەق بە کورد و کوردستان، ڕێگای بێدەنگبوون و سەرشۆڕکردنیان هەڵنەبژاردبایە، دڵنیام لەوەی کە ئەمریکا و سەربازەکانیشی بە چاوێکی دیکە لە کورد و سەرکردایەتییەکەیان دەڕوانی و نەشدەوێران وا بە ساناهی سووکایەتی بە دۆزی مافداری کوردان بکەن. شیعەکانی بەغدا لەسەر هێنانەخوارەوەی پارچەپەڕۆیەکی ڕەش دەستیان بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین کرد. کورد، کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم و کوردستانپەرستی کەرکووکی لێ دەربچێ، لەسەر هێنانەخوارەوە و ڕەشکردنەوەی ئاڵای پیرۆز و ڕەنگاوڕەنگی کوردستان تا ئێستا چییان کردووە کە شایانی باسکردن بێت؟ سەران و لێپرسراوانی کورد، ئەو گەنجە کوردە کەرکووکییانەی کە لە دژی هێنانەخوارەوەی ئاڵای کوردستان بێدەنگ نەبوون و خۆپیشاندانیان ساز دا، بە "گێرەشێوێن" و "توندڕۆ"یان ناو بردن! هەر گەلێک سەرکردەکانی وەها بیر بکەنەوە، حاڵی شڕ و پەرێشان دەبێ.

کورد و سەرکردایەتییەکەی پێویستە هێرشەکەی سەیداوەی هەولێر بە "زەنگی ئاگادارکردنەوە"، بۆ خۆیان و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانیش، بزانن و تەنیا بەم شێوەیەش بیری لێ بکەنەوە. دەنگۆی ئەوەش هەیە کە نەخشەی ئەم کارە سەربازییە لە بەغدای عروبەوە کێشراوە. ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت و لایەنە عەرەبە دەسەڵاتدارەکانی ئەوێندەرێش لەم هەوڵە تیرۆریستییەدا دەستیان هەبووبێت، ئەوسا کورد هەرچەند ئاگای لە خۆی بێت و وریا و چاوکراوە بێت هێشتا هەر کەمە. ژەنەراڵ



"هام"ی ئەمریکایی کە فەرماندەی هێزە فرەڕەگەزەکانە، بە دەردی خۆی گۆتەنی لە "باکووری عێراق"، دوێنێ بە مەبەستی داوای لێبوردن لە پارتی و خەڵکی شاری هەولێر و حکوومەتی کورد لەو شارە، لە سەردانێکیدا بۆ هاوینەهەواری سەلاحەددین چاوی بە مەسعوود بارزانی کەوت. ناوبراو لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا بە چ شێوەیەک وشەی "کوردستان" نەکەوتە سەر زاری و باسی لەوەش کرد، دوژمنان، دەیانەوێ کەلێنێک لە نێوان کورد و ئەمریکاییەکان دروست بکەن، بەڵام ژەنەراڵ هام ناوی ئەو دوژمنانەی نەهێنا کە خوازیارن وەها کارێک ئەنجام بدەن.

وەزارەتی ناوخۆی "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" لە هەولێر، لەسەر ناوی وەزیری ناوخۆ، هێرشە سەربازییەکەی ئەمریکای بۆ سەر گەڕەکی سەیداوە بە توندی شەرمەزار کرد. هەندێ ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی سەر بە پارتیش هەر هەمان کاریان ئەنجام دا. چ گومانێکیشم لەوەدا نییە کە دانیشتوانی شاری هەولێری خۆشەویست و گشت بستێکی ئەم کوردستانەش لە هەمبەر کردەوەیەکی وەها تیرۆریستانە و ترسنۆکانەن. دڵنیام لەوەی ئەگەر خەڵکی هەولێر و کوردستان ڕێگەیان پێ بدرایە، لەمێژ بوو لە بەرامبەر هەندێ کار و هەڵوێستی ئەمریکاییەکان کە دژ بە خواست و ئامانجەکانی گەلی کوردن، ڕێپێوان و خۆپیشاندانیان ڕێک دەخست و بێدەنگ نەدەبوون.

ئەمریکا بەم کردەوە سەربازییەی بۆ سەر شاری هەولێر، بە دەردی کورد خۆی گۆتەنی، "کوردی لەپێکرد"! سەربازەکانی ئەمریکا بە هەمان شێوەی فەللووجە و نەجەف و بەغدا و مووسڵ مامەڵەیان دەگەڵ کوردیشدا کرد. ئەوان کەمترین حیسابیان بۆ دەسەڵاتدارێتی کورد و هێزی پۆلیسی کوردستان و پێشمەرگە و گەلی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و پارتی و "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" لە هەولێر و مەسعوود بارزانی"سەرۆک بارزانی"یش نەکرد، کە تەنیا یەک دوو ڕۆژ بەر لەم هێرشە، بە گەرمییەوە بەخێرهاتنی لە جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا"ئارمیتاج" بۆ کوردستان دەکرد و بە "میوانی بەڕێز"یش ناوی دەبرد.

لە عێراقی دوای سەددامدا شیعە لەسەر شتەکانی خۆیان هەڵدەدەنێ و بە چەک و بە قسە و بە خۆپیشاندان لە دژی ئەمریکاییەکان دەوەستنەوە. هەرچی عەرەبە سوونی و پاشماوەکانی بەعسی ڕووخاون هەر پێویست ناکات باسیان بکەین، چونکە ڕۆژانە دەست لە ئەمریکاییەکان و لایەنگرانیان دەوەشێنن. ئەمان تا چەند زیان بە ئەمەریکییایەکان دەگەیەنن و کێ و کێ دەکوژن، ئەمەیان باسێکی دیکەیە و ئێستا بابەتی سەرەکی ئەم نووسینەی من نییە. ئەوەی تایبەت بێت بە کورد، ڕۆژ تا ئێوارە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار خۆیان خەریک کردووە بە بەکارهێنانی زاراوەگەلی "هاوپەیمانێتی نێوان کورد و ئەمریکا"، "تێکەڵبوونی خوێنی پێشمەرگە و سەربازی ئەمریکایی"، "هاوپەیمانێتی ستراتیژی" و "ئێمە و ئەمریکاییەکان لە یەک سەنگەر داین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم" و زۆری شتی تری لەم شێوەیە. ئەرێ تۆ بڵێیت، کاتی ئەوە نەهاتبێت، سەرپەرشتکارانی ئەم دوو کەناڵە ئاسمانییە حیزبییە کوردییە چاوێک بە خشتەی کارەکانی خۆیاندا بخشێننەوە و چیتریش ئەم باسە سواو و بێتامانە بە گوێچکەی بینەری کورد و غەیرەکورددا نەچرپێنن؟!

ئەگەر لە هەر ڕووداو و کارەساتێکدا پەندێک وەربگیرێ. دیارە گومان لەوەدا نییە لە هێرشە سەربازییەکەی ئەمریکاش بۆ سەر گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر، چەند نهێنی خۆیان حەشار داوە و خۆ هەر دەشبێ پەند و وانەی بەکەڵکیان لێ وەربگیرێ. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: تۆ بڵێی ئەم جارەیان کورد بەئاگا بێتەوە و پەندیش وەربگرێ؟!

ستۆکهۆڵم 7-1-2005 * لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کورد و هەڵبژاردنەکانی عێراق و چەند سەرنجێک*

هەر لە دەستپێکدا دەمەوێ ئەوە بڵێم: مەبەستم لە نووسینی ئەم بابەتە بە چ شێوەیەک پیشاندانی بیر و ڕای تایبەتی خۆم نییە لەمەڕ ئەو هەڵبژاردنانەی کە دوێنێ لە عێراق و باشووری کوردستان ئەنجام دران. من پێشتر لە دوو هەڤپەیڤیندا لە "هاووڵاتی" و "ڕێگای کوردستان" و لە چەندین شوێنی دیکەشدا، لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان، زۆر ڕاشکاوانە بۆچوونی خۆم سەبارەت بە بەشداریکردن یا نەکردنی کورد لەم هەڵبژاردنانەدا دەربڕیوە. هەربۆیە لێرەدا چ بە پێویستی نازانم هەمان شت دووبارە بکەمەوە. تەنیا لە بارێکدا بیر و بۆچوونی خۆم دێنمەوە کە پەیوەندی هەبێت بە خودی باسەکەوە. دیارە خوێنەر لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتەدا بۆ ناو بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی من شۆڕ دەبێتەوە. ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم بریتییە لە چەند خاڵێک کە لە کاتی سەیرکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، بە پلەی یەکەم لە ڕێگای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئینجا سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی دیکەی بێگانە و جیهانی لام دروستبوون. ئەم کورتەباس و خاڵ و تێڕوانینانە، بێگومان لای کەسانی تریش هەستیان پێ کراوە، بەڵام من پێم باش بوو بە نووسین و کەمێ شیکردنەوە و لێوردبوونەوەوە بیانخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی هێژا و خۆشەویست.

<u>ڕۆژێکی مێژوویی</u>: زۆر لەو کەس و دەنگدەرانەی کە پرسیاریان ئاراستە دەکرا، چ لەسەر ئاستی دەسەڵاتداران و لێپرسراوانی حیزبی و حکوومی یانیش لەسەر ئاستی خەڵکی بەشداربووی ڕەشۆکی، سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە و ڕۆڵی کورد تێیدا، ئەم کارەیان بە "ڕۆژێکی مێژوویی" ناو دەبرد. هەرگیز گومان لەوەدا نییە کە هەر نەتەوە و گەلێک لە ژیانی سیاسی و قۆناغی خەبات و تێکۆشانیدا، ڕۆژانێکی خۆش و ناخۆشی دێتە ڕێ، کە بە ڕۆژانێکی مێژوویی بۆی تۆمار دەکرێن. دیارە کەس چ قسەیەکی لەسەر ئەم مەسەلەیە نییە و ناڵێ واش نییە. لێ دیسان سەبارەت بە هەمان مەسەلە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە: ئایا دووبارە لکاندنەوەی کورد و کوردستان بە دەوڵەتی پشتشکاوی عێراق ڕۆژێکی مێژووییە یان سەربەخۆبوونی یەکجارەکی کورد و کوردستان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەربەخۆی کوردستان؟ ئەرێ بە ڕاست ئەم دووانە کامیان لەوی تریان مێژووییترە؟!

کوردستان بۆی نییە لە عێراق جیا بێتەوە: ئێوارەی بەر لە ڕۆژی هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق و کوردستان، کەناڵی "ئەلعەرەبییە" چاوپێکەوتنێکی تەلەفۆنی لەگەڵ جەلال تالەبانی ساز دا. ئەم چاوپێکەوتنە لە لایەن هەردوو ڕۆژنامەوان "هیشام" و "ئێلی" بەڕێوە برا. تالەبانی، ئەوەندەی من گوێم لێ بوو، لە سەرەتادا هەندێ قسەی چاکی کرد. بە داخەوە ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا، وەک پیشەی هەمیشەیی سەرانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، هەولێری گۆتەنی جارێکی دیکە "هاتەوە سەر یاسینی گۆلک" و گوتی: "جیابوونەوەی کورد لەم ڕەوشەی هەنووکە و لەبەر وڵاتانی دراوسێش کارێک نییە لە تواناد بێت". لە خوارووی سوودان ڕەشپێستە ئەفریقاییەکان، کە نە عەرەب و نە موسڵمانن و نە ئەوەندەش سەرکردەکانیان مینا سەرکردەکانی کورد بە حەسرەتی دووبارە بنیاتنانەوەی قەوارەی دەوڵەتێکن کە داگیری کردوون و قڕی تێخستوون، دوای ڕێککەوتننامەیەکی ئاشکرا و لەبەر چاوی هەموو دنیا و بە ئامادەبوونی سەرۆکی چەند دەوڵەتێک و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئینجا لەگەڵ عەرەبە چاوچنۆکەکانی دەسەڵاتدارانی خەرتووم گەیشتن بەوەی کە ئازادییەکی بەربڵاو بۆ خۆیان دابین بکەن و سەرچاوەکانی دەوڵەمەندیی ئەو ناوچەیەش بە شێوەیەکی یەکسان و بێ فرۆفێڵ دابەش بکرێن و زۆر دەسکەوتی تریش. لەمانە هەموویان گرنگتر خەڵکی باشووری سوودان پاش شەش ساڵی دیکە، لە ڕیفراندۆمێکدا، خۆیان بڕیار دەدەن تا لە چوارچێوەی سنوورە دەستکردەکانی وڵاتی سوودان‌دا بمێننەوە یان نا. ئەوەی تایبەتیش بێت بە کورد، لە سایەی سەری سەرانییەوە، پاش دەیان ساڵ خوێن و خەبات و کاولکاری و هەڵەبجە و ئەنفال و بادینان و گۆڕی بەکۆمەڵی لەبن نەهاتوو، وا تازە بە تازە خەریکە باس لەوە بکرێ بودجەی "هەرێم" دەبێ چەند بێ و، "هاووڵاتی پلە یەکی عێراقی" بین و زۆری تریش. تالەبانی کە بە تەمای پۆستێکی گرنگە لە بەغدا، ئەگەر لە کەناڵێکی عەرەباندا وەها نەدوێت، ئەی چ بڵێت؟!



شارێکی عێراقی بە ناسنامەی کوردستانی: دوای دەنگدانی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، مەسعوود بارزانی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا، وەرامی چەندین پرسیاری پەیامنێر و ڕۆژنامەنووسانی کورد و بێگانەی دایەوە. ئەو سەبارەت بە کەرکووکی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە کەرکووک "شارێکی عێراقییە و ناسنامەیەکی کوردستانی هەیە".

من پێم وایە ئەم جۆرە قسە و لێدوانانە تەنیا لە سەرکردەکانی کورد دەوەشێنەوە. ئەگەر کوردستان وڵاتێک بێت، کە چ گومانی تێدا نییە هەر وایشە و با سەربەخۆ و دەوڵەتیش نەبێت، ئێ خۆ لەسەر ڕووی مانگ هەڵنەکەوتووە و بێ شار و گوند و جوگرافیا و دەشت و دۆڵ و دانیشتوان و مرۆڤیش نییە. جا هەر لەبەر ئەم خاڵە سادە و سانایە کەرکووک "شارێکی کوردستان"ە و بەس نەک "عێراق" و ئەم و ئەو. گەلۆ "پێکەوەژیان" و "برایەتی" و "ئاشتبوونەوە گشتی"یەکە چی فێر نەکردن؟!

<u>کوردی دڵسۆز و بەشەرەف</u>: یەک لەو گۆرانیبێژە دەنگدەرانەی کە پێشتر لە وڵاتی سوێد ژیانی بەسەر دەبرد و ئێستا وا پێدەچێ لە کوردستان بێ، لە بارەی بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا هەست و سۆزی بەرز بووبۆوە و دەیگوت: پێویستە هەر کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز لەم کاری هەڵبژاردنەدا بەشداری بکات و دەنگی خۆی بدات، ئەگەر نا ئەوە ئەو کەسە چ هەستێکی کوردانە شک نابات و کوردایەتیش لای ئەو هەبوونی نییە. شایانی باسە هەر ئەم بابایە خۆی ڕۆژێ لە ڕۆژان، بە خۆشیی بێ یا بە ترشی، بەهۆی سروودێکەوە پەسنی بەعس و سەددام و ڕژێمەکەی کردووە. کاتی خۆیشی لە سوێد لەبەر چاوی کۆمەڵەکوردێکی باش، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی یەکێتی و پارتیش، بۆ پاککردنەوەی پەرێزی ناپاکی خۆی، دانی بە کەتنەکەی خۆی نا و داوای لێبوردنیشی لە کورد کرد. جا ئێستا یەکێکی وەکو ئەم برادەرە کە باس لە دڵسۆزی و خەمخۆری و دڵسووتان بۆ کورد و کوردستان بکات، ئەمەیان شتێکی ترە و با هەر بۆ خۆی بمێنێتەوە. ئەرێ بە ڕاست ئەوانەی چاویان بەرایی نەدا ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدان بکەن و ئاڵا شەکاوەکەی بەعسییانیان لەسەر ببینن و ئامادەش نەبوون عێراقێتی خۆیان ئیسپات بکەن و پێداگریش بوون لەسەر کوردبوون و کوردستانیبوون، تۆ بڵێی ئەمانە کورد نەبووبن و دڵسۆز و بەشەرەفیش نەبووبن؟! نوێنەرانی پارتی و یەکێتی لە وڵاتێکی وەکو سوێد، لە کاتێکدا کە لە دەستپێکی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا حیزبەکانیان چ حیسابێکیان بۆ کەس نەدەکرد و پاشانیش وەک هەمووومان بینیمان کەوتنە شەڕی کوردکوشتن و سووککردنی گەلەکەیان، بەو کوردانەی کە ڕەخنەیان لەم جۆرە کردارە ناکوردستانی و نانەتەوەییانە دەگرت، دەگوت "تابووری پێنجەم". دەزانم ئێستا یەکێکیان بە تەواوەتی، بە خوێندنەوەی ئەم چەند وشانە، جوان جوان خۆی دەناسێتەوە و دەشزانێ من چ دەڵێم. دەترسێم ئەوان لە باری هەنووکەییدا بە کەسانێکی کورد، کە

نەیانویست ببنەوە بە عێراقی و ئەوەیان ڕەت کردەوە کە جارێکی دیکە کوردستان بە عێراق بلکێنرێتەوە، بڵێن "لایەنگرانی زەرقاوی و مەرقاوی"؟!

<u>کوڕی کورد بووە بە وەزیر</u>: گشتمان گوێمان لەو گۆرانییە کوردییە بووە کە بە تایبەتی بۆ هاندانی کورد، بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، دانراوە. ئەم گۆرانییە بۆ ئەوە دانراوە کورد بخاتە سەما و بیباتە ناو هەڵپەڕکێ و شایی و لۆغانی بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەدا، کە بمانەوێ و نەمانەوێ، لە کۆتاییدا سەرلەنوێ کورد لە ڕێگەیانەوە دەبنەوە بە عێراقی. کاکی گۆرانیبێژ دەڵێی ئاگای لەوە نییە هەر لە سەرەتای دروستکردنی قەوارە شووم و ڕەش و دەستکردەکەی عێراق، کورد کوڕی وەزیری لەو بەزمی دروستکردنە کارتۆنییەدا هەبووە و لە پاشانیش هەر ئەو عێراقە بووە کە سەری کوردی، بەر لە هەر گەل و نەتەوەیەکی تر، بە فەتارەت بردووە. من چ لە وەزیرێکی کورد بکەم کە بە نوێژی نیوەڕۆ پڕ بە دەمی هاوار بکات و بڵێت: من نوێنەری کورد نیم؟! ئێ خۆ ئەگەر قسەیەکیش بۆ دز بکەین، کابرا ڕاست دەفەرمووێت و نوێنەری دەوڵەتێکی داگیرکەری بەشێک لە کوردستانە نەک شتێکی دیکە.

<u>زاوایەک پێویستی بە خەسوو بێ، حاڵی شڕە</u>: لە کەس شاراوە نییە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری ئەوڕۆی باشووری کوردستان لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا، بە تایبەتی لە ڕێی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی کوردسات و کوردستان تیڤی، ئەوەی بۆیان کرا جێبەجێیان کرد لە پێناو هاندانی هەرچی زیاتری خەڵکە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا بکەن. ئێمە هەمووومان تەماشای شێوەی بەڕێوەچوون و ئامادەکردنی ئەو بەرنامە تایبەتییانەمان کرد کە هەردوو کەناڵی ئاماژە بۆکراو لە دەمەدەمی هەڵبژاردنەکاندا پێشکەش بە بینەرانیان کرد. لەو بەرنامە و چاوپێکەوتنە تایبەتی و پێشوەخت حیساب بۆکراوانەدا تاکێکی کوردمان نەبینی کە بڵێ من دەنگ بۆ عێراق نادەم و دەشمەوێ، بۆ نموونە، کوردستان لە عێراق جیا بێتەوە و سەربەخۆ بێ و با ڕیشی خۆمان نەدەینە دەست عێراقێکی شەقوشل و داهاتوو نادیار. ئەوانەی کە لە ڕیزەکانی دەنگدەراندا قسەیان دەگەڵدا دەکرا هەر هەموویان پەسنکاری پارتی و یەکێتی بوون. هەندێک بە ئاشکرا دەیانگوت دەنگمان بۆ پارتی یا یەکێتی داوە. برێکی دیکە بە پەڕۆی دەست و ڕەنگی جلکەکانیان دەناسرانەوە، یان دەیانویست بە ئەنقەست خۆ ئاوەها بنوێنن. هیوادارم ئەم کارە تەنیا مایەی خێر بێ و جارێکی تر

شەڕەپەڕۆ دروست نەبێتەوە. لە یەک لەو کەناڵە کوردییانەدا، خوشکێکی پەیامنێر لە وڵاتێکی ئەوروپاییەوە، هەڤپەیڤینی لەگەڵ خەسووی سەرکردەیەکی کورددا کرد و "خەسووگیان"یش هەر مەپرسە چۆن چۆن پەسنی زاواکەی خۆی دەکرد؟!

<u>ئاڵای کوردستانیشیان بەکار هێنا</u>: ئاڵا هێما و سیمبۆلی پیرۆزی هەر نەتەوە و گەلێکە. نەتەوە زیندووەکان بە چ شێوەیەک لێناگەڕێن ئاڵای وڵاتیان سووکایەتی پێ بکرێ و بۆ مەبەستی هەڵخەڵەتێنەرانە بەکار بهێنرێ. لە کوردستانی دوو ئیدارە و دوو حکوومەت و دوو دەسەڵاتدا بە جاران ڕێز لە ئاڵای کوردستان نەگیراوە و چ حیسابێکی ئەوتۆشی بۆ نەکراوە کە جێی دڵخۆشی بێت بۆ مرۆڤی ئازادیخوازی کورد. لە مەڵبەندەکەی لەمەڕ یەکێتیدا ئاڵای کوردستان لەتەک ئاڵای بەعس و ئەنفال و کیمیاباران هەڵواسرابوو. ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، یەکێتی و کوردسات سەدوهەشتا پلە بایان دابۆوە و ئاڵای شووم و نەعلەتیی بەعسییانیان کەم دەهێنایە بەر دیدەی تەماشاڤانان. کێ نالێ هەتا هەنووکەش ئاڵای بەعس لەسەر دام و دەزگا فەرمییەکانی حکوومەتە "هەرێم"ییەکەی سلێمانی ناشەکێتەوە؟! پارتی هەرچەندە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە جارێکی تر ئاڵای بەعس لە کوردستان هەڵناکات، بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی ئەم قسەیە ڕێکلام و ڕاگەیاندنەکانی کوردستان تیڤی، بە تایبەتی سەبارەت بە هەڵبژارنەکانی عێراق، شتێکی دیکەمان پێ دەڵێ و تێشماندەگەیەنێ کە پارتی هێشتا جارناجار پەنا بۆ ئاڵا شۆڤێنییەکەی عەرەب و بەعس دەبات. دیارە چ گومانیش لەوەدا نییە، هەر لەسەر ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بیری نەتەوەیی کوردی و سەربەخۆخوازی، پارتی و یەکێتی هەردووکیان بە جاران تەشقەڵەیان بۆ کەسانێکی لە خۆیان جودا ناوەتەوە. بەتەنێ ئاوڕدانەوەیەک بۆ ڕابردوویێکی ئەوەندە دووریش نا، ئەم مەسەلەیەمان جوانتر بۆ ڕوون دەکاتەوە.

<u>سندووقە بێنازەکانی "ڕیفراندۆم"</u>: بە گوێرەی هەواڵەکان، هەر بۆ نموونە ماڵپەڕی "پەیامنێر"، ڕێ بە سەرپەرشتکارانی "بزووتنەوەی ڕیفراندۆم – ڕاپرسی" درا تا سندووقەکانی تایبەت بە خۆیان لە نزیک شوێنەکانی دەنگدان دابنێن، بەڵام نابێ ئەم کارە خەسڵەت یا تایبەتمەندییەکی فەرمی وەربگرێ! مرۆڤ زگی بە بزاڤی "ڕاپرسی – ڕیفراندۆم" دەسووتێ. ئەو بزاڤەی کە هەمووومان دەزانین چۆن چۆنی سەری هەڵدا و چ دەکا و چ ناکا و بە فەرمانی کێ و کێش هەڵدەستێ و دادەنیشێ. من تێناگەم برادەران و

هەڵسووڕێنەرانی ئەم بزووتنەوەیە، ئەم جارەیان، دەیانەوێ خۆیان فریو بدەن یان ڕۆڵەکانی گەلی بێ قەوارەی کورد؟ دەکرێ بپرسین: ئەوان دەنگی پتر لە یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کوردیان بە چ دەردێ برد؟!

بەزمی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە تەواو نابێت: بە بۆچوونی مەسعوود بارزانی بێ چ تەگەرەیەک، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، لە بەردەم یەکگرتنەوەی سیستەمی دزێو و ناکوردستانییانەی دوو ئیدارەیی نەماوەتەوە و پێویستە کارەکە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت. قسەکە جوانە لە بارێکدا گەر کردەوەی بەدوادا بێ. ئێوە ئامادەن "عێراقێکی تازە" بنیات بنێنەوە، بەڵام ئامادە نەبوون و لەوانەیە ئێستاش ئامادە نەبن، خاکی ژێر دەسەڵات و وڵاتی خۆتان بەیەکەوە گرێ بدەنەوە!

ئاکامی هەڵبژاردنەکان و پێشهاتە نوێیەکان بەڕێوەن: ئاکامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان هەرچییەک بێت بە مانای ئەوە نایەت کورد بوو بە دەوڵەت و سەروەرێتی تەواوی خۆی بە دەست خست. سەرانی هەنووکەی کورد لە باشووری کوردستان، وەک دەڵێن خۆشیان بکوژن و ببڕن، ناگەن بە بەژن و باڵای شێخ مەحموودی نەمر و ناشبن بە تۆزی خاکی ژێر پێی ئەو. ئەوان ڕەنگە تەنیا لە بارێکی چاوەڕواننەکراو و موعجیزە ئاسادا بەخت یاریان بێت و ڕێچکەکەی شێخی نەمر، مەلیکی کوردستان، هەڵبژێرن.

عێراق لە ئێوە پیرۆز و کوردستانیش لە کورد! سوێد 31-1-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## هیوادارم ئەم جارە ڕاست بکەن!*

پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق و کوردستان لە 30-1-2005 دا، سەرکردایەتی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان بەیەکەوە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین کۆبوونەوەیەکیان گرێدا و کەوتنە باسکردنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکوومەتی "هەرێمی کوردستان". هەر دیسان باسیان لە دیاریکردنی چەند پۆستێکی گرنگ کرد، لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، کە لە قسەکانی تاڵەبانی و بارزانیدا وا دیار بوو ئەوان پێشوەخت لەسەر گەلێ مەسەلە ڕێککەوتوون. مرۆڤ هەستی بە جۆرێک لە دڵنیابوونی ئەوان دەکرد لە کاتی قسەکردنیاندا.

بابەتی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی باشووری کوردستان شتێک نییە تازە بێ. هەر لە دەستپێکی شەڕی وێرانکەرانە و کوردکوژانەی نێوان یەکێتی و پارتی، ڕۆڵەکانی کورد ئەوەی لە دەستیان هاتبێ دریغییان لێ نەکردووە، بە مەبەستی ئاگر وەستاندنی ئەم شەڕە شووم و زیانبەخشە. هەموومان دەنگی نارەزایی دەربڕینی خەڵکی خەمخۆر و کەسانێکی دڵسۆز و کوردستانیمان گوێ لێ بوو، کە لە دژی بەرپابوونی ئەم شەڕی خۆکوژی و کوردکوژییە هاتنە مەیدان و داوای هەرچی زووتری وەستاندنیان کرد. جێی داخە چ پارتی و چ یەکێتی، بێ ئەوەی بیر لە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و باڵاکانی گەلی کورد بکەنەوە، بە ساڵان حیسابێکی ئەوتۆیان بۆ داواکارییە ڕەواکانی جەماوەری چەوساوە و خۆشی لە خۆ نەدیوی کوردستان نەکرد و لەسەر کارە ناکوردستانییەکانی خۆشیان بەردەوام بوون.

ئێمە گشتمان هەوڵەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانمان بینی کە بۆ ئەوە بوون پارتی و یەکێتی بگێڕنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. تێکۆشان و چالاکییەکان لایەنە بەرژوەندیدارەکانی غەیرەکوردیشیان گرتەوە. ڕەنگە دیمەنی تەوقەکردنەکەی مادلێن ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمریکا لەگەڵ بارزانی و تاڵەبانی زوو لە بیرمان نەچێتەوە. ئەودەم ساڵی 1996 بوو، ئێستا وا ژنێکی تری زرنگ و بەتوانا هەمان پۆستی ئۆڵبرایتی گرتۆتەوە. وەک دەبینین ئەوە چەندین ساڵە تاڵەبانی و بارزانی باس لە ئاشتبوونەوەی گشتی و یەکگرتنەوەی هەردوو حکوومەتەکەی باشووری کوردستان دەکەن. تۆ بڵێی ئەم جارە ئەوان ڕاست بکەن؟! ئەم پرسیارە لەوانەیە لە ماوەیەکی کەمدا وەرامەکەی بە کردەوە ببینرێ. لەوانەیشە دیسان پارتی و

یەکێتی خۆڵ بخەنە چاوی کوردەوە. لە دڵەوە هیوادارم ئەگەری یەکەمیان بە ڕاست دەربچێ.

لە ڕەوشی دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا گەلێ پێشهات چاوەڕوانی کورد و لایەنە بەشداربووەکانی ئەم پڕۆسەیە دەکەن. هەموو دەستە و لایەن و هاوپەیمانێتییە جوداکان لە هەڵپەی ئەوەدان زۆرترین ڕێژەی دەنگی دەنگدەران بە دەست بخەن و ببن بە براوە و وەک دەڵێن داشیان سوار بێ. کورد لە نموونەی نەتەوەیەکی پارچە پارچە کراو و بێ دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی سەربەخۆ، هەرچییەکی چنگ بکەوێ هێشتا هەر کەمە، چونکە خەبات و قوربانییەکان کە لە هەژماردن نایەن تەنیا ڕزگاربوونی یەکجارەکی و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و دامەزراندنی کوردستانی ئازاد و دانپیانراو، دەتوانن ببن بە بەرسڤێکی شیاو و ڕاستەقینە بۆیان. ئامانجی لەمێژینە و بنچینەیی گەلی کورد لە سەربەخۆیی کەمتر شتێکی دیکە نییە. ستۆکهۆڵم 5-2-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## کوردسات و کوردستان تیڤی و دوو بابەت*

× زمان بەر لەوەی موڵکی هەر کەس و لایەن و پارت و دەزگایەکی ڕاگەیاندن بێ، بێگومان موڵکی نەتەوە و گەلە. ئەو گەلانەی کە هوشیار و چاوکراوە و خەمخۆر و چالاکن، هەر چییەکیان پێ بکرێ، لە پێناو پاراستن و بە زیندوویی هێشتنەوەی زمانەکەیان، ئەنجامی دەدەن. کورد کە بە درێژایی مێژوو سەری پان کراوەتەوە و زمان و فەرهەنگەکەی شێوێنراوە، ئەمڕۆ لە هەر گەلێکی دیکەی بێ دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆ و ئازاد زێدەتر پێویستی بەوەیە بیر لە پاراستن و پاکڕاگرتنی زمانە شیرین و نەتەوەییەکەی خۆی بکاتەوە. دیارە چ گومان لەوەدا نییە دام و دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن لە باشووری کوردستاندا، بەهۆی هەڵکەوتنی هەلی لەبار و گونجاو لەوێ، لەم بوارەدا ئەرکێکی مەزن و پیرۆزیان دەکەوێتە ئەستۆ. لێ مخابن وەک هەموومان بینیمان و ڕۆژانەش دەیبینین، ئەو دام و دەزگا کوردی و حیزبییانە نەک هەر بە تەواوەتی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان ڕانەبوونە و بەس، بگرە لە زۆر کات و ڕەوشی جیا جیادا ڕێک بە پێچەوانە مامەڵەیان لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە.

ئەز پێشتر لەسەر کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان تیڤی و کوردسات و میدیا تیڤیی(جاران) شتم نووسیوە. لەم کورتەباسەدا بابەتێکی تر دەورووژێنم کە بە شێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی بە هەردوو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکەی کوردستان تیڤی و کوردساتەوە هەیە.

گەلێ جار کە چاو لە نووسراو و کورتەهەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ناوهاتوو دەکەم، دەبینم لەبەر هەر هۆیەک بێ، پیتی _ وو _ بە جۆرێکی بەربلاو لە کاتی نووسیندا فەرامۆش کراوە و لە جیاتی ئەم پیتە تەنیا یەک _ و _ دانراوە. هەر بۆ نموونە وشەکانی: کۆبوونەوە، ئەنجوومەن، کەرکووک، مەخموور، دووەمین، دوو، دوورکەوتنەوە، هەبوون، دیارە زۆری تریش هەن، وەها نووسراون: کۆبونەوە، ئەنجومەن، کەرکوک، مەخمور، دوەمین، دو، دورکەوتنەوە، هەبون.

من نە زمانزانم و نە خۆم بە پسپۆڕ و شارەزای زمانی کوردیش دەزانم، بەڵام لە هەمان کاتدا بە مافی ڕەوای خۆمی دەزانم، ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی سەرپەرشتکار و هەڵسووڕێنەر و کارمەندانی کوردسات و کوردستان تیڤی بکەم: ئایا چۆن و کێ و چ لایەن و کۆڕێکی زمانەوانی و دەزگایەکی ڕۆشنبیریی کوردی، بڕیاری ئەوەی داوە لەمەولا خۆ لە بەکارهێنانی پیتی _ وو _ لە زمانی کوردیدا بپارێزرێت؟ ئەرێ دروستە

دوو، ڕوو، جوو، خوو، وەها بنووسرێن: دو، ڕو، جو، خو؟ گەلۆ نەنووسینی پیتی ـ وو ـ لە لایەن ئێوەوە هاودژ نابێت لەگەڵ ئەو بەرنامە فێرکارییانەی کە لە هەردوو کەناڵەکەتاندا دەبینرێن و لە ڕێگەیاندا منداڵانی کوردیش فێری ئەوە دەکرێن ئاشنای پیتی ـ وو ـی کوردی بن؟! ئەوەی جێی سەرنجە لەو جۆرە بەرنامانەدا پیتی ـ وو ـ بە یەکێک لە پیتەکانی زمانی کوردی دادەنرێت. ئەمە چۆن لێک دەدەنەوە؟ ئەی بۆچی لە کاتەکانی دیکەدا هەمان پیت بەکار ناهێنن؟!

ئەوەی شایانی باسیش بێ هەردوو کەناڵی کوردسات و کوردستان تیڤی، هەندێ جار کە نووسینەکانیان بە پیتی لاتینی دەنووسنەوە، تەنانەت بە دوو شێوەی لێک جیاواز و ناتەواو و ناڕێک ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

× دوێنێ ئێوارە 6-2-2005(17.30 بە کاتی ستۆکهۆڵم)، تەماشای دەنگوباسەکانی کوردستان تیڤیم کرد. لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا کاک (نزار) گوتی: پاش ئەوەی هەڵبژاردنەکان، بێ هاتنە پێشەوەی چ گرفتێک، سازدران...تاد. من لێرەدا قسەم لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی ئەم هەواڵەیە نەک شتێکی تر. حەزم لێیە لە کاک نزار و هاوپیشەکانی و داڕێژەرانی هەواڵەکەش بپرسم: ئایا بێبەشکردنی کورد و ئاشووری و خەڵکانێکی دیکەی دەڤەرەکانی مووسڵ ـ میسڵ(شنگاڵ، باشیکا، بەرتلە، شێخان و گەلێ شوێنی تریش)، کە بە فیتی بەناو کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق کارەکە ئەنجام درا، لە لایەن ئێوەوە بە گرفت دانانرێت؟ ئەدی هەر کوردستان تیڤی نەبوو کە پێرێ و بەسرپێرێ باسی لە بێبەشکردنی کوردی ئەو ناوچانە دەکرد لە پرۆسەی هەڵبژاردن و مافی دەنگدان؟ گەلۆ لە عێراقێکی شەق و شلۆق و بەزۆر پێکەوە لکێنراودا، دوای دەیان ساڵ لە حوکمی دیکتاتۆری و زۆرلێکردنی نەتەوەیی دژ بە کورد، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی بێ گرفت سووک و سانایە؟ ئەگەر هەڵبژاردنەکان بێ تەنگوچەڵەمە و چ گرفتێک ئەنجام درابان، ئەوسا بەلانی کەمەوە 200.000 ـ 300.000 لە هاووڵاتییانی کوردستان لەم پرۆسەیەدا مافیان لەژێر پێ نەدەنرا و خەڵکانی نیشتەجێی دەڤەری مووسڵیش نەدەهاتنە سەر شەقام!

هەڵوێستی من سەبارەت بە بەشداربوون و بەشدارنەبوونی ڕۆڵەکانی گەلەکەم لەم هەڵبژاردنانەدا هەر چییەک بووبێ، ئەمە چ شتێ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و مانای ئەوەش نییە کاتێ "تەعریب" بە شێوەیەکی تر ببینم، لێی بێدەنگ بم و دەنگیش بەرز نەکەمەوە. ستۆکهۆڵم 7-2-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# گەمەی پاش هەڵبژاردنەکان*

دوای ئەوەی کە لە 30-1-2005 هەڵبژاردنە گشتییەکان لە عێراق و کوردستان ئەنجام دران، زۆری نەبرد باسی ئەوە هاتە گۆڕێ داخوا هاوپەیمانێتییەکانی نێوان لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و پارتییە جیا جیاکان، چۆن چۆنی خۆ دەنوێنن و لەسەر چ بنەمایەک ڕێک دەکەون؟

شیعەکان کە کەڵەگایی بە ڕێژەی زۆرینەی خۆیان لەسەر ئاستی عێراقدا دەکەن، لە ڕێی سیستانی و وتەبێژەکانیەوە هەر لە ئێستاوە باس لەوە دەکەن، دەبێ دەستووری داهاتووی عێراق سەرچاوە سەرەکییەکەی ئایینی ئیسلام بێت و بەس. ئەوان هەرچەندە جارناجاریش دەڵێن: "نا، ئێمە شتی وامان نەوتووە و مەبەستمان تەنیا خزمەتکردنی هەموو عێراقییەکانە"، بەڵام لە ناخی دڵیانەوە هیوا بۆ ڕۆژێک دەخوازن کە عێراقێکی کۆپیە ـ ئێرانی دابمەزرێنن. ئەگەر بڵێم زۆربەی هەرەزۆری عەرەبی شیعە وا بیر دەکەنەوە، شتێکی پێچەوانەی ڕاستییەکانم نەدرکاندووە.

هەرچی عەرەبی سوننی و کۆنەبەعسی و تیرۆریستان و لایەنگرانیشیانن، کە وەک گشتمان بینیمان بە ڕاددەیەکی زۆر لەم هەڵبژاردنانەدا بەشدارییان نەکرد یانیش بەشدار نەکران. دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەوان لە داهاتوودا هەر وەکی هەنووکە بێ ڕۆڵ و هیچ لە دەست نەهاتوو بهێڵرێنەوە. لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ئەمریکاییەکان و هەندێ هێزی شیعەمەزهەبەکان و دەوڵەتانی هەرێمی و عەرەبی و بگرە کوردیش، بە گەلێ شێوە کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەم عەرەبە دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتووانەی سەردەمی دیکتاتۆرێتی سەددام قایل بکەن، تاکو لە دروستکردنی هەر حکوومەتێکی تازە و داهاتوو و دانانی دەستووری هەمیشەییشدا خاوەن قسەی خۆیان بن.

سەبارەت بە کورد و هەڵبژاردنەکانی عێراق، من پێشتر لە زۆر شوێن و ماڵپەڕی سەر تۆڕی ئینتەرنێت تا بڵێی ڕاشکاوانە بیر و بۆچوونی خۆم دەربڕیوە. هەربۆیە چ بە پێویستی نابینم لێرەدا مەسەلەکە درێژ بکەمەوە. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین پارتی و یەکێتی ڕێگەیان دا بە ڕۆڵەکانی کورد تا بە شێوەیەکی نافەرمی و بەهۆی سندووقەکانی سەر بە بزووتنەوەی ڕاپرسی ـ ڕیفراندۆم، دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن. ئەڕێ سەیر نییە: گەلێکی بندەست بەهۆی سیاسەتی سەران و چاوساغانییەوە ـ بە فەرمی ـ ڕێی پێ بدرێ کە دەنگ بۆ مانەوەی خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی

هەڵوەشاوەی"داگیرکەر" بدا، کەچی لە هەمان کاتدا ـ بە نافەرمی ـ دەنگ بۆ سەربەخۆبوون و ئازادبوونی وڵاتەکەی خۆی بدا؟! پرسیارێکی وەها بەر لەوەی یەخەی بارزانی و تاڵەبانی بگرێت، ڕووبەڕووی سەرپەرشتکارانی بزووتنەوەی ڕاپرسی ـ ڕیفراندۆم دەبێتەوە.

لە دەمەدەمی ئامادەکردنی ئەم کورتەباسەدا، خەڵک لە عێراق و باشووری کوردستان، لە چاوەڕێی ئاشکراکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دان. گەمەی هەڵبژاردنەکان لەمێژەوە دەستی پێکردووە. سەرەتای ئەم گەمە سیاسییە بۆ کاتی بەر لە سازدانی هەڵبژاردنەکانیش دەگەڕێتەوە. کورد ئەگەر لەسەر ئاستی عێراقیشدا پلەی دووی هێنا و سەرکردە کوردەکانیش بەوە شاد بوون کە حیسابی پلە یەکی "هاووڵاتی عێراقی"یان بۆ بکرێ، بەڵام لەسەر ئاستی هەموو دنیادا کورد بە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و دانپیانەنراو و تا ڕاددەیەکی بەرچاویش حیساب بۆ نەکراو دەمێنێتەوە. من وا لەم مەسەلەیە دەڕوانم. هەر کەس و لایەنێکیش پێچەوانەی ئەمە بیر بکاتەوە، بێگومان ئازادە! ستۆکهۆڵم 9-2-2005

* لە (میدیا، ژمارە 180، 2005/2/15، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کولتووری پاشکۆبوون*

ئەمڕۆ ئێوارە کاتێ لە کار دەگەڕامەوە، برادەرێکی کوردی هەولێریم تووش بوو. دوای چاک و چۆنی و هەواڵپرسینی یەکتر، دیار بوو کەیفی زۆر ساز بوو، چونکە بە لێکدانەوەی ئەو بێ، ئێستا هەموو شت و پێشهاتەکان لە عێراقی نوێدا بە دڵی ئێمەن، بە دڵی کوردن. ئەی ئەوە نییە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی "عێراق" زیاتر لە حەفتا کورسیمان بە دەست هێناوە؟ وەزیری کوردمان هەن لەو حکوومەتە "عێراقی"یەدا؟ کێ ناڵێ سبەی نا دووسبەی کوردێکیش نابێ بە سەرۆکی داهاتووی "عێراق"؟

لە ماوەی ئەو چەند دەقیقەیەدا کە پێکەوە قسەمان کرد، برای بەڕێزی هەولێریم، بە هەموو قەناعەتێکییەوە دەیویست پێم بسەلمێنێت هەنووکە ڕەوش وا لە کورد دەخوازێت کە لە چوارچێوەی "عێراق"ێکی یەکگرتوودا ژیان بەسەر بەرێت. ساتێ گوتم خۆ هەر لە سەردەمی دەستپێکی دروستکردنی قەوارە دەستکرد و ناحەزەکەی "عێراق"یشدا کورد، چۆن ئێستا دەیانەوێ "عێراق" دووبارە بنیات بنێنەوە، ئەوساش ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان هەبووە و کارێکی لەم جۆرەیان ئەنجام داوە. ئەو برادەرە بە بیستنی ئەم ڕستانە هاتەوە سەر هەمان ئەو بیرۆکە سەقەتەی کە هەمیشە بەسەر زاری سەرانی کوردەوە بووە و خۆی لەم چەند وشەیەشدا دەدۆزێتەوە: ئێستا جاری جاران نییە و دنیا گۆڕاوە!

مرۆڤ ئەگەر چاوێک بە لاپەڕەکانی مێژووی دروستبوون و سازکردنی ئەو دەوڵەتانەدا بخشێنێت کە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بە "عێراق" و "ئێران" و "تورکیا" و "سوریا" ناو دەبرێن، لە چەندین جێگەدا کەسایەتییە کوردییەکان دێنە ڕێی و پێی دەڵێن: ئێمەی کورد بووین کە ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستانمان بە ئارەقە و خوێنی خۆمان پێکهێنا.

لە هەر یەک لەو دەوڵەتە داگیرکەر و دابەشکەرانەی کوردستاندا، کورد ڕۆڵی مەزنی بینیوە لە پەرەپێدان و گەشەکردنیاندا. تورک و عەرەب و فارس ئەم شتە ناشارنەوە و بە جارانیش لە پێناو مەرامە پیسەکانی خۆیاندا باسیان کردووە. هەر بۆ نموونە لە دەمەدەمی سەرهەڵدانە گەلێرییەکەی خەڵکی بەشەرەف و کوردپەروەری شاری قامیشلی کە تەواوی کوردستانی بندەستی سوریا و زۆر شوێنی تریشی گرتەوە، عەرەبە بەعسییە ڕەگەزپەرست و ڕەفتار شۆفێنییەکان کەوتنە باسکردنی دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب و بەشداریکردنی کورد لە دەرکردنی فەڕەنساییەکان لە وڵاتدا.

ئەوان هەر بەوە نەوەستان و بەس، بگرە باسیان لەو ڕاپەڕینە کوردی و جەماوەرییانەش کرد کە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان لە دژی فەرەنساییەکان بەرپایان کرد. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: داخوا ئەو سەرکردە و کەسایەتییە ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و سەربازی و ئابووری و سیاسەتمەدارە کوردانە، بە وەها کارێکیان کە بە پلەی یەکەم خزمەتی داگیرکەرانیان کردووە، چ خێرێکیان بۆ ڕۆڵە چەوساوە و هەژار و لێقەوماوەکانی نەتەوەکەی خۆیان هەبووە؟ دڵنیام ئەگەر هەنووکە ئەوان زیندوو بان، شەرمەزار و پەشیمان دەهاتنە بەر چاو.

خۆبەستنەوە بە بەرژەوەندییەکانی ڕژێمە داگیرکەر و نەتەوە سەردەست و زۆرلێکەرەکان هەر بەتەنێ لەنێو گەلی کورددا باو نییە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەم شتە لای کورد لەمێژە سنووری خۆی بەزاندووە. بە بۆچوونی من دەشێ مەسەلە و دیاردەیەکی بەم شێوەیە ناوی "کولتووری پاشکۆبوون"ی بەسەردا ببڕێ. پاشکۆبوون بەر لە هەر شتێک مانای خۆ بە بچووک زانین و حیساب بۆ خۆ نەکردن و براگچکە و هیچ لە باردا نەبوو دەگەیەنێ.

کورت و کرمانجی: من سەرکردەیەکی خزمەتکاری کورد لە کوردستان بە سەرۆکێکی هیچ لە دەست نەهاتووی کورد لە بەغدا و شام و تاران و ئەنقەرە ناگۆڕمەوە. غازی "عجیل" یاوەر لە کاتی پۆستی سەرۆک کۆمارییەکەیدا چەندی لە دەست هات، ئەو عەرەبیش بوو، سەرۆک کۆمارێکی بە ڕەچەڵەک کوردیش هەر ئەوەندە و کەمتریشی لە دەست دێ. دیارە لێرەدا من هەقم بەسەر ئەوانەدا نییە کە حیزبییانە بیر دەکەنەوە و هەبوونی سەرۆکێکی کوردیش لە بەغدا بە دەستکەوتێکی حیزب و شۆڕش لە قەڵەم دەدەن.

تۆ بڵێی پۆستی سەرۆکایەتی عێراق ئەوەندە گرنگ و سیحراوی و سەرنجڕاکێش و لەبەردڵان بێ، تا شەهیدانی هەڵەبجە و کارەساتە بەدناوەکانی ئەنفال و تەواوی کوردستانیشی بە قوربان بکرێ؟!

هەزار جار نەفرەت لە "عێراقی نوێ"!

هەر بژی و هەر بژی "کوردستانی سەربەخۆ"!

ستۆکهۆڵم 17-2-2005

* لە (میدیا، ژمارە 181، 2005/3/1، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## خوایە قەت ڕێم نەکەوێتە ئەم شوێنە!*

چەند ڕۆژ پێش ئێستا خزمێکم لە باکووری سوێدەوە بەهۆی کارێک ڕووی لە ستۆکهۆڵم کردبوو. ئەو خزمەم لە کاتی مانەوەیدا لە ستۆکهۆڵم بۆ ماوەی شەوێک لای من بوو. هەردووکمان بەیەکەوە لەو شەوەدا لە دەرگای زۆر باسی جۆراوجۆرمان دا. هەر لە کوردستان و هەولێرەوەڕا بیگرە تا دەگەیتە ژیانی دوورەوڵاتی و غەریبی، بوون بە بابەتی قسەکردن ئاخاوتنەکانمان. هەتا درەنگانی شەو هەر بەدەم باسی ئەملا و ئەولاوە کاتمان بەسەر برد. لە درێژەی قسەکانماندا تێگەیشتم کە خزمەکەی من، خۆی گۆتەنی لەبەر کەمتەرخەمی و بیرنەکردنەوە لە مەسەلەکە، ئەوەندە گوێی بەوە نەداوە کە لە دوای تەواوبوونی ماوە قانوونییەکەی خۆی لە سوێد، تێبکۆشی تا ڕەگەزنامەی سوێدی وەربگرێ. هەر لەبەر هەندێ دەسەڵاتدارانی بەرپرسیاری ئەم مەسەلەیە لە سوێد داوایان لە خزمەکەی من کردووە، دەبێ بە زووترین کات ڕوو لە باڵیۆزخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم بکا و ئەوەش بسەلمێنێ کە ئەو خەڵکی عێراق و عێراقییە. بە پێچەوانەی ئەمەش پاسەپۆرتی سوێدی پێنادرێ و هەر پاسەپۆرتە"ئینسانییەکەی" بۆ نوێ دەکرێتەوە. جا لەبەر ئەم هۆیە برای کوردمان، دیسان خۆی گۆتەنی بە ناچاری، ڕێی باڵیۆزخانەی عێراقی گرتەبەر و چوو لەوێندەرێ پاسەپۆرتێکی عێراقێکی وەرگرت، تا لەو ڕێگایەوە عێراقیبوونی خۆی بسەلمێنێ و بشتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا ڕەگەزنامە"پاسەپۆرتی سوێدی" ئەو وڵاتە بە دەست بخا کە ماوەی چەند ساڵێکە تێیدا ژیاوە.

مادام لێرەدا قسە لەسەر باڵیۆزخانەی عێراقی لە ستۆکهۆڵم دەکەین، پێمخۆشە هەندێ شتی دیکە بێنمە پێشەوە کە پەیوەندییان بەم باڵیۆزخانە یان کونسڵخانەیەوە هەیە. لای هەر کوردێکی بەشەرەف و کوردستانی و کوردپەروەر ڕوون و ئاشکرایە کە باڵیۆزخانەی عێراقی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، بە تایبەتی لە هەشتاکان و کۆتایی هەشتاکان و سەرەتا و ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، چ ڕۆڵێکی پیس و سیخووڕییانە و دوژمنانەی لە دژی هەبوونی کورد لە وڵاتی سوێد گێڕاوە. ئەرێ کەس هەیە نەزانێ هەتا هەنووکە چەندین کەسی بێتاوان، هەر لەبەر کوردبوون و ڕەتکردنەوەی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی و کوردکوژی سەددام حوسێن، بە دڕندانەترین شێوە لە لایەن پیاوانی بەناو دیپلۆماتی ئەم جاسووسخانەیە و بەکرێگیراوانی شەهید کراون؟ زۆر لە ئێمەی کوردی سوێدنشین و دەرەوەی وڵات کەم تا زۆر گوێمان لەو

بەسەرهات و کارە ناڕەوا و نامرۆڤانەیە بووە، کە پاشان بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس ئەوە ئاشکرا بووە ئەم کردەوە تیرۆریستی و سیخووڕییانە هەر هەموویان پەنجەی ڕەشی بەناو کارگێڕان و دیپلۆماتکارانی باڵیۆزخانەی بەعسییان تێدا بووە. شایانی باسیشە دەوڵەتی سوێد، وەک هەر دەوڵەتێکی دیکەی ئەورووپایی و بەرژەوەندخواز، چەندین جار چاوپۆشی لەو کارە ناقانوونی و دژ بە کوردانە کردووە، کە لە لایەن پیاوانی سەر بە دەزگا جاسووسییەکانی وەک باڵیۆزخانەی عێراقی و ئێرانی و تورکیا و سوریا لەهەمبەر کورد و بزاڤی ڕزگاریخوازی ئەم گەلەدا ئەنجام دراون. جاری وا بووە ڕۆژنامەڤانانێکی بەویژدانی سوێدی نەیانتوانیوە لەسەر کارێکی وەها بێدەنگی هەڵبژێرن و قورقەپ لەو مەسەلەیەش بکەن، بەڵکو تەنانەت بە هێنانەوەی بەڵگە دەوڵەتی سوێد و دەزگای پۆلیسی نهێنی ئەو وڵاتەیان تاوانبار کردووە و فشاریان بۆ هێناون.

باڵیۆزخانەی عێراقی هەر هەمان باڵیۆزخانەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەوێوە بەعسییانی خوێنڕێژ و دڵڕەق، بەهۆی کەلاشینکۆفێکی دەستیانەوە، کوردی خۆپیشاندەر و جگەرسووتاو و خەمخۆریان دایە بەر ڕێژنەی گولله و هەستی ڕەگەزپەرستانەی خۆیانیشیان بەم شێوەیە لەهەمبەر گەلی کورد و ڕۆڵەکانی دەربڕی.. هەر لەناو ئەم بینا نەفرەتییەدا نەخشە و پلانی لەناوبردنی کەسانێکی کوردی دڵسۆز و چالاک و کوردستانی دارێژراوە..دیسان هەر لەوێوە مرۆڤی کورد و کەسانێکی دیکەی بێتاوان ڕەوانەی زیندانە گەورە و سامناکەکەی بەعس، عێراقی عروبە، کراون..هێشتا لەسەر ئەم باڵیۆزخانە شرەدا ئالای جاران، ئالای ڕەشی عروبە و بەعس، دەشەکێتەوە.. "بەمن بی هەردوو چاوم کۆرە بن، بەرانەکینێ ئەو عەلەمە نەبینم!". ئێ چ بکەم؟ خۆ بە دەست خۆم نییە، هەر چ جارێک ئەم ئاڵا نەگریسەم بێتە پێش چاو، بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە فرۆکە جەنگی و ئاگرپژێن و ژەهرڕژێن و مەرگهێنەرەکانی بەعس و عێراق تیایاندا، گوند و شار و چیا و دارستان و کانیاو و مرۆڤ و ئاژەڵی کوردستانیان نەدەپاراست و، کارەسات و مەرگەساتیشیان بە دیاری بۆ نەتەوەی کورد و خاکەکەی دەهێنا. بنباڵ و کلکی ئەم فرۆکە عێراقییە عروبەوییانە بە هەر هەمان ئاڵا نەخشێنرابوون کە ئێستا لەسەر مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە و خودی باڵیۆزخانەی عێراقیش دەشەکێتەوە! ئەرێ ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەگەر کارەسات نەبێ، دەبێ چی بێ؟!

زۆر لە باڵیۆزخانەکانی بەعس لە ئەوروپا و وڵاتانی تری دنیادا، بە چ شێوەیەک، ڕێزیان لە مەرجی دیپلۆماسی و قانوونی نێودەوڵەتی تایبەت بە کاری دیپلۆماسی نەگرتووە. شتێکی وەها لای زۆربەی چاودێران و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ئەوروپایی و نائەوروپاییانە دیار و ئاشکرا بووە. ئەوە بەرژەوەندییەکان بوون پەیوەندی نێوان بەعس و ئەوروپا و ئەمریکایان ڕاگرتبوو نەک شتێکی دیکە.

بە لەناوچوون و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، زۆربەی هەرەزۆری دیپلۆماتە جاسووسەکانی سەر بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆری و شۆڤێنییە ملی خۆیان شۆڕ کرد و لەبەر چاوان ون بوون. بڕێک لە باڵیۆزە نوێکانی بەناو "عێراقی نوێ" وەبەر کەسانێکی کوردی سەر بە پارتی و یەکێتی کەوتوون. ئەوان هەر چییەک بن ئەمەیان ئارەزووی خۆیانە، بەڵام لای من ئەو باڵیۆزە نوێیە "عێراقی"یانە، بیانەوێ یا نەیانەوێ، نوێنەرایەتی دەوڵەتێک دەکەن کە بە شێوەیەکی فەرمی هێشتا بەشێک لە خاکی کوردستانی داگیر کردووە و، لەوانەیە لە چاکترین باریشدا نەتەوەی سەردەستی ئەو "عێراق"ە کوردستانی بندەست و زەوتکراو بە "شمال العراق الحبیب" و "کردستان العراق" و "کردستان الفیدرالیە" ناو ببات. ئەنگۆ تەماشاکەن! ئەوان هێشتا دەسەڵاتی تەواویان بەدەست نییە، لێ دیسانیش هەڕەشە و گوڕەشان دەکەن. فیدرالیزم چارەسەر نییە، کورد دەوڵەتی دەوێ! بژی ئەو سەرکردە کوردەی کە ئازا بێ، هەر نا بە قسە، بتوانی شتێکی وا بڵێ! ستۆکهۆڵم 2005-3-3

* لە (میدیا، ژمارە 187، 2005/4/19، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کورد و مانگی ئادار*

هەر نەتەوەیەک لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی خۆیدا هەندێ بۆنە و ڕۆژی مێژوویی هەیە، کە بە گەلێ شێوان گوزارشت لە ڕووداو و بەسەرهات و کارەسات و سەرکەوتن یا ژێرکەوتنەکانی دەکەن. ئەوەی تایبەت بێ بە کورد مانگی ئادار پڕاوپڕە لە قەومان و بۆنە و مەرگەسات و ڕووداوە دیرۆکییەکان. ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە زۆر شێوە لەم مانگەدا یادی ئەم ڕۆژە مێژوویی و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییانە دەکەنەوە.

وەک ئاشکرایە ئادار تەنیا مانگی بەهار و خۆشی و سەیران و نەورۆز و دەرکەوتنی گوڵ و سەوزبوونی دەشت و مێرگ و چیا و زۆزان نەبووە لە کوردستاندا. هەر لەم مانگەدا کورد بە جاران دووچاری کارەساتی گەورە گەورە بۆتەوە و دوژمنان بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵی ئەوەیان داوە بە تەواوەتی لەناوی ببەن. کارەساتی ویژدانهەژێن و جەرگبڕی هەڵەبجە بە ترۆپکی تاوانەکانی ڕەگەزپەرستان و ناحەزانی کورد و کوردستان دەژمێردرێت. هەر مرۆڤێک، بە پلەی یەکەم کورد، ئەگەر خاوەنی کەمێک ویژدانیش بێت، ناچارە لەم ڕۆژە ڕەشەدا ئاوڕێک لە ڕابردووی نزیکی کارەساتە دڵتەزێنەکە بداتەوە و، ئەو ساتە خەفەتاوی و بەئێش و ئازارانەی ئەوساشی بەبیر بێتەوە.



گەلانی زیندوو و خودان دەوڵەت ڕۆژە ناخۆش و ئەستەم و تژی کارەساتەکانی خۆیانیان کردۆتە چەندین بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و، ئەم یادانەیان لە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن و پێگەیاندن و گەشەسەندنی منداڵان و ڕۆڵەکانی پاشەڕۆژیاندا جێ کردۆتەوە. ئەوان بە کارێکی وەها ویستوویانە و دەیانەوێ، بۆ هەتا هەتایێ، ئەم بۆنە و ڕۆژە دیرۆکییانە لە مێشکی نەوەکانی داهاتوویاندا بچەسپێنن.

لە کوردستان ئەگەر شتەکان ڕێک بە پێچەوانەی ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە نەبێت، ئەوا هیچیشی لەو کەمتر نییە. ئێمەی کورد لەسەر ئەوە ڕاهاتووین تەنیا لە ڕۆژێکی دیاریکراو و ساتەوەختێکی تایبەتیدا بیر لە کارەسات و ڕووداو و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بکەینەوە. ئەگەر باس لە پلان و بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردەش بکەین، هەر ئەوەندە بەسە بڵێین هێشتا لە قوتابخانەکانی باشووری کوردستاندا شتگەلێک بە ڕۆڵەکانی کورد دەخوێندرێن کە

فڕیان بەسەر گەلی کورد و خاکی کوردستانەوە نییە. تەنانەت بەر لە گۆڕبەگۆڕبوونی بەعسیش بە ماوەیەکی کەم سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، لە کوردستان، چ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو تا مرۆڤ بتوانێت ئاماژەی پێ بکات. ئایا چ عەیبێک لەوەدا هەیە منداڵانی کورد فێری ئەوە بکرێن پارچەکانی تری کوردستان بناسن، شارەزای دیرۆک و جوگرافیای وڵاتەکەیان بن، هەست بە کوردبوونی خۆیان بکەن، شانازی بە هێما و پیرۆزییە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن؟



کورد کە بە درێژایی مێژوو لە لایەن داگیرکەران و ڕەگەزپەرستانی نەتەوە سەردەستەکانەوە چەوسێنراوەتەوە، دەبێ نەک تەنیا لە مانگی ئادار، بەڵکو گشت ڕۆژەکانی ساڵ بە شێوەیەکی نەتەوەیی و کوردستانییانە چاو لە پرس و مەسەلە جیا جیاکانی تایبەت بە خۆی بکات. ئەگەر تێکڕای گەلانی دنیا کارێکی وا بکەن و عەودالی بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی خۆیان بن، بۆچی نابێ کورد و بە تایبەتیش سەرانی بەم جۆرە بیر بکەنەوە؟!

دەبا بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانی و کارەسات و مەرگە بەئازارەکانی مانگی ئادار ببێت بە هێزێکی پاڵپێوەنەر بۆ دروستکردنی گیانی برایەتی و تەبایی و، چاندنی بیر و هزری نەتەوەیی و کوردستانیش دەنێو دڵ و دەروونی هەموو هاووڵاتییانی نیشتمانەکەماندا!

ستۆکهۆڵم 14-3-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## لە یادی كارەساتی هەڵەبجەدا كورد دەكەنەوە بە عێراقی!*

پێرێ 6-3-2005، زۆربەمان چاومان بەو تێكستەهەواڵە كەوت، كە لە هۆیە جۆراوجۆرەكانی ڕاگەیاندنی جیهانیدا بلاو كرایەوە. ئەم كورتەهەواڵە كە لە زاری جێگری سەرۆك وەزیرانی كاتیی عێراقەوە د. بەرهەم سالح سەرچاوەی گرتووە، باس لەوە دەكات كە ناوبراو گوتوویەتی یەكەم دانیشتنی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عێراق لە ڕۆژی 16-3-2005دا دەبێت. گوایە دەستنیشانكردنی ڕۆژێكی وەهاش ئاماژەكردنە بۆ یادی ساڵڕۆژی كارەساتە دڵتەزێن و جەرگبڕەكەی هەڵەبجە، كە وەك هەموومان دەزانین لەو ڕۆژە ڕەش و شوومەدا شۆڤێنیزمی عەرەب چیان بەسەر دانیشتوانی كوردی ئەو شارە قارەمانەی كوردستان هێنا. دیارە تاكە تاوانیش كە خەڵكی هەڵەبجە ئەنجامیان دابێت، تەنیا و تەنیا كوردبوونیانە نەك شتێكی تر!



كارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالە بەدناوەكان ئەگەر بەسەر هەر نەتەوە و گەلێكی دیكە هاتبان، هەرگیز گومان لەوەدا نییە، ئەو گەل و نەتەوانە بە شێوەیەكی گەلێ جیا لە كورد و سەرانی بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییە تایبەتییەكانی خۆیان دەیانقۆستنەوە و، دەشیانكردن بە بەردی بناغەی خۆپچڕاندنەوەی یەكجارەكی لە نێوان خۆیان و داگیركەرانیاندا. هەروەها وەك دوا ئاكامیش سەربەخۆیی سیاسی و جوگرافی و نەتەوەیی خۆیان ڕادەگەیاند و دەوڵەتی ئازادیان دادەمەزراند. چەندین نموونەی لەو جۆرە لە دنیادا دەبینرێن، تیایاندا گەلانی بندەست و ئازادیخواز تێكۆشاون لە هەر هەل و دەرفەتێكی گونجاودا سوود وەربگرن، تا لە كۆتاییدا بە زووترین كات و بە كەمترین زیان بە ئامانج و مەرامە گرنگ و شتە چارەنووسسازەكانی خۆیان بگەن. لەم بوارەدا هەر بەتەنێ لەم دە ساڵانەی دواییدا زۆر لە گەلانی بێ دەوڵەت بوون بە خاوەن قەوارەی نەتەوەیی و سیاسیی خۆیان و بە هیوا و ئاواتەكانی خۆیان دڵشاد بوون.

ئێمەی كورد چ وەك گەل و چ وەك سەركردایەتی و پارت و ڕێكخراوە سیاسییەكان، تەنیا لەو دەم و ساتانەدا كارەسات و مەرگەساتە نەتەوەییەكانی

خۆمانمان وەبیر دێتەوە، هەرکە لە ڕۆژی قەومان و یادی خوێناوییان نزیک دەبینەوە و بەس. بە واتایەکی دیکە کورد لە چۆنیەتی لەبیرنەکردنی ڕووداو و بەسەرهاتە دیرۆکی و نەتەوەیی و سیاسییەکاندا مینا میللەتانی تر هەڵسوکەوت ناکات و بیریش ناکاتەوە. ئەو کاولکاری و قڕکردنە بەکۆمەڵانەی کە بەسەر ئێمەدا هاتوون بەو شێوەیە لە هەست و ویژدانمان جێگیر نەبوون، تاکو بە جۆرێک لە جۆرەکان یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی بەتەواوەتی یەخەی خۆمان لە یەخەی داگیرکەران و دوژمنانمان بکەینەوە. دە تۆ بڕوانە دوای نزیکەی بیست ساڵ لە ئەنجامدانی کارەساتە ویژدانهەژێن و مرۆڤڕەشکەرەوەکەی شاری هەڵەبجەی کوردستان، هێشتانەکینێ ئەو ئاڵا نەفرەتییەی بەعس لە هەندێ دەڤەر و شوێنی نیشتمان بەدی دەکەین کە خۆی لە خۆیدا هێمای زۆرداری و ڕەگەزپەرستێتی نەتەوەی سەردەستی عەرەب و ڕق و کینەی داگیرکەرانیشە بەرامبەر بە کورد و خاکی کوردستان. لەمەش خراپتر لەسەر خودی مەزاری پیرۆز و مینۆمێنتی شەهیدانی سەربەرزی هەڵەبجەش هەر هەمان ئاڵای عروبە و بەعسمان بینیوە. هەر ئەو وێنەیەی کە ماوەیەک بەر لە ئێستا لە ماڵپەڕی کوردستان نێت و چەند شوێن و بڵاوکراوەیەکی تردا بەر چاومان کەوت، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەم قسەیەم. مافی خۆمانە بپرسین: تۆ بڵێی ئەو فڕۆکانەی کە مەرگ و ژەهریان بەسەر هەڵەبجە و دانیشتوانیدا باراند، بن باڵ و سەر باڵ و ژێر کلکیان، بە هەمان ئاڵای شۆڤێنیزمی عەرەب و بەعس نەنەخشێنرابن؟ خۆ ئەوەشمان بینی ڕەگەزپەرست و کەللەڕەقێکی وەک جەعفەری چۆن لەتەک ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا، بە ئاڵای ڕەشی بەعسیش، لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا، کە ئەوەی دووەمیان چاوی لە کورسی سەرۆک کۆمارییە لە بەغدا نەک لە کوردستان!



دەبوو لە ساڵڕۆژی کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجەدا، عەلی کیمیاوی لە شوێنی قەومانی کارەساتەکە دادگایی بکرێت.. پارتی و یەکێتی دەبوایە لەم ڕۆژەدا یەک حکوومەتی یەکگرتوو و یەک سوپای پێشمەرگە و یەک وەزارەتی دارایی و یەک ئاسایشی نەتەوەیی و یەک هەڵوێستی کوردستانییان ڕابگەیەندایە.. با هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری ئەوڕۆی کوردستان ئاوڕێکی خێر و نەتەوەیی(نەک حیزبی!) لە دانیشتوانی لێقەوماو و بێ پشتیوانی شاری هەڵەبجە بدەنەوە.. لەو ڕۆژەدا

تفێک لە ئاڵای بەعس و عروبە بکەن و لەسەر دام و دەزگا حیزبییەکانتان بیهێننە خوارەوە!

کردنەوەی پەرلەمانی عێراقی ماڵ لەبەغدا، لە یادی کارەساتە خوێناوییەکەی هەڵەبجەدا و بە بەشداریکردنی کورد خۆیشی، نەک هەر ڕێزگرتن لە شەهیدانی پاڵەوانی هەڵەبجە و کوردستان نییە، بگرە سووکایەتیکردنێکی گەورەشە ئاڕاستەی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و تەواوی نەتەوەی کورد دەکرێت. ئەرێ بە ڕاست خەڵکینە کورد بۆ ئەوە دەریایەک خوێنی داوە، تا لە بەغدای هێمای زۆردەستی و ناوەندی چەوساندنەوەدا یادی قوربانییەکانی بکرێتەوە، یان بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربوونی یەکجارەکی نیشتمانەکەی؟!

با هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان خۆیان سەرپشک بن لەوەی چیان دەوێت و چیان ناوێت! بڕۆن لەوان بپرسن، ئەگەر بە دوای وەرامی ڕاستەقینەدا دەگەڕێن! شەهیدانی سەربەرز و قارەمانی هەڵەبجە و گشت کوردستان، بۆ هەتا هەتایێ، لە ویژدانی زیندووی هەر کوردێکی خەمخۆر و دڵسۆز و کوردستانی و هەر کەسێکی مرۆڤدۆستیشدا دەژین! ستۆکهۆڵم 8-3-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## بازرگانێک بە تاوانی کۆمەڵکوژی ڕاکێشی دادگا دەکرێت*

**"هاووڵاتییەکی هۆڵەندی تاوانی ئەوەی دەدرێتە پاڵ کە یارمەتی سەددام حوسێنی دابێت تا چەکی کیمیایی دروست بکات"**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: مەهاباد کوردی**

ڕۆتەردام: ڕۆژی هەینی ڕابردوو هاووڵاتییەکی هۆڵەندی بە تاوانی دەست هەبوون لە کاری کۆمەڵکوژیدا ڕاکێشی دادگا کرا. ئەو تاوانی ئەوەی دەخرێتە پاڵ کە یارمەتی ڕژێمی عێراقی سەددام حوسێنی دابێ لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاویدا. "فرانس ڤان ئانرات"ی تەمەن شەست و دوو ساڵە یەکەمین هاووڵاتی هۆڵەندییە کە لەبەر قڕکردنی بەکۆمەڵ دادگایی دەکرێت. ئەگەر بە ڕاستیش ئەو کەسە بە تاوانبار





دەربچێت، حوکمی زیندانیکردنی هەتا مردنی بۆ دەبڕێتەوە. ناوبراو بە تاوانی جەنگیش دادگایی دەکرێت.

ئەم دادگاییکردنە لەپێش هەر شتێکدا دەست هەبوون لە بەکۆمەڵ قڕکردنی کورد لە باکووری عێراق ـ 1988 دەگرێتەوە، بە تایبەتیش هێرشبردنە سەر شاری هەڵەبجە بە گازی سێناپ.

دانووستانەکانی ڕۆژی هەینی زیاتر پەیوەندییان بە چەند مەسەلەکی خۆ ئامادەکردن بۆ دادگاییکردنی سەرەکییەوە هەبوو، کە بە کردەوە لە مانگی یازدە دەست پێدەکات. لە دانیشتنەکەی ڕۆژی هەینیدا ڤان ئانرات بە خۆی لە بەردەم دادگادا ئامادە بوو. بیست کوردێکیش توانیبوویان بچنە ناو هۆڵی دادگاکە، تا بە چاوی خۆیان ئەو پیاوە ببینن کە "کاری خراپ و بەئێشی دژ بە گەلی کورد ئەنجام داوە".

ـ ئەو یارمەتی سەددام حوسێنی داوە بۆ ئەوەی چەکی کیمیایی بە دەست بخات بە مەبەستی کوشتنی کورد. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین و ڕوو دەدات بۆ دوارۆژیش گرنگە، شێرزاد ڕۆژبەیانی ئەم قسەیەی کرد کە کوردێکی عێراقییە و لە هۆڵەندا نیشتەجێیە.

ـ هەر بە تەنیا تاکەکەسێک ڕووبەڕووی دادگا نەکراوەتەوە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتی هۆڵەنداشە دووچاری لێپرسینەوە بۆتەوە، چونکە فرانس ڤان ئانرات

هاوکارێکی دەزگای هەواڵگریی و سیخووڕیی وڵات ـ AIVD بوو. ئەمەش بۆچوونی کوردێکی تورکییە کە تەنیا خۆی بە ناوی "جۆشکون" ناساند.

بە گوێرەی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکانی هۆڵەندی ڤان ئانرات ڕێپیشاندەر و هەواڵگرێکی AIVD بوو و شوێنێکی حەوانەوەی نهێنیشی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆیی هۆڵەنداوە لە خانوویێک بۆ دابین کرابوو، کە بۆ کەسانێک بە کار دەهێنرێت کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەپارێزرێن. کەسی ناوهاتوو کاتێ لە حەوتی مانگی دوازدەی 2004 گیرا، تەنانەت جانتای سەفەری خۆشی پێچابۆوە تا ڕۆژێک دواتر وڵات بەجێ بێڵێت.

دوای ماوەیەکی کەم لە پاش دەستگیرکردنی، ڤان ئانرات بە چەند مەرجێک، سەرەڕای ئەو تاوانە گەورانەی کە گومانیشی لێ دەکرا دەستی تێیاندا هەبووبێت، ئازاد کرا. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی لە گەلێ لاوە بیرکردنەوەی جۆراوجۆر، لەمەڕ پەیوەندی و وابەستەیی ڤان ئانرات بە دەزگای سیخووڕی و هەواڵگریی هۆڵەنداوە، بێنە ئاراوە. هەربۆیە لە مانگی دوودا کابرا جارێکی تر گیرایەوە.

دەسەڵاتدارانی هۆڵەندی گوتوویانە کە فڕانس ڤان ئانرات "بە هەزاران تۆن" کەرەسەی خاوی دروستکردنی چەکی کیمیاوی لە نێوان ساڵانی 1984ـ1988دا بۆ عێراق ڕەوان کردووە. ئەو کەرەسە و ماددە کیمیاوییانەی کە بەکار هێنراون، بەشی زۆرینەیان لە ئەمریکا و ژاپۆنەوە هاتوون.

زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤ لە شاری هەڵەبجە لە شازدەی سێی 1988دا گیانیان لە دەست دا، کاتێ کە هێزەکانی حکوومەتی عێراقی گازی ژاراوییان بەسەر شارەکەدا باراند، لە هەنگاوێکیاندا بۆ ئەوەی ڕاپەڕینێکی کوردی تێکبشکێنن.

سەرچاوە: ئاژانسی دەنگوباسی AFP و نووسینگەی برووسکەی ڕۆژنامەکان TT

.

تێبینی وەرگێڕی کوردی: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (Dagens Nyheter)ی سوێدی ـ DN لە 19ـ3ـ2005دا بڵاو کراوەتەوە. من کە بە قەدەر دنیایەک ڕقم لە زاراوەکانی (کوردی عێراق) و (کوردی تورکی) و (باکووری عێراق) دەبێتەوە، بەڵام دیسانیش وەک دەستپاکییەک شتەکانم وەک خۆیان بەکار بردووە. دیارە هەتا کوردستان بندەست بێت و کوردیش نەبێت بە خاوەنی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆ، حاڵمان هەر ئەوها دەبێت!

<u>مەهاباد کوردی 20ـ3ـ2005</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## تۆ بڵێی ڕەشەبای گۆڕانکارییەکان کوردستانیش نەگرێتەوە؟!*

لە کۆتایی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای ئەوەی کە شەڕی سارد لە نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ـ سۆڤیەتی جاران و ئەمریکا، ڕووی لە تەواوبوون کرد، هەروەک بینیمان زۆر لەو وڵاتانەی کە پێشتر لەژێر ڕەشماڵی ئیمپراتۆریای سۆڤیەتدا گرد بووبوونەوە، لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ و تەنانەت پاشانیش وردە وردە خۆیان کشاندە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی مینا نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تایبەتیش یەکێتی ئەوروپا. هەندێک لەو دەوڵەتانە هێشتا لە چاوەڕاوانی ئەوەدان تا ببن بە ئەندام لەو یەکێتییەدا. لە ڕووسیای فیدرالی هەنووکەشدا گەلێ نەتەوە و کەمەنەتەوەی جۆراجۆر کە بە ڕەچەڵەک هیچیان ناچنەوە سەر بنەچەی ڕووس، دەیانەوێ بە هەر شێوەیەک بێ خۆیان لەناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە زلەدا دەربخەن و ببن بە خاوەن دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی سیاسی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان. چەچەنەکان لەم بوارەدا نموونەیەکی دیار و بەرچاون.

لە کوردستانی لەمەڕ خۆماندا سەرهەڵدانە جەماوەری و پیرۆزییەکەی بەهاری 1991 لە باشووری کوردستانی بەزۆر لکێنراو بە عێراق، هەروەها ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە گەلێرییەکانی باکووری کوردستان و هەندێ دەڤەری پارچەکانی تری کوردستان، بێگومان بە دەستپێکی جۆرێک لە گلۆربوونەوەی دەسەڵاتی ڕەهای داگیرکەرانی خاکی نیشتمان دێت.



خۆ قەت گومان لەوەدا نییە ئەگەر هەل و دەرفەتەکان لە لایەن کورد و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بە شێوەکی دیکە لەوەی کە هەیە قۆزرابانەوە، ئێستا ڕەوشی ڕامیاری و کاریگەرێتی کورد لەسەر ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکان گەلێ جوداتر لەوەی کە ئەوڕۆ لە گۆڕێدایە، دەهاتە پێش چاو و کوردیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانیدا حیسابێکی دیکەی بۆ دەکرا، نەک وەک بەشێک لە هاوکێشەی نێوان بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و هێزە دەستڕۆیشتووە باڵاکانی دنیا. ڕاستە لە باشووری کوردستان گەلێ هەنگاو نراون، بەڵام ئایا داخوازی و داوا ڕەوا

سەرەکییەکانی کورد، دوای ئەم هەمووو کارەسات و قوربانییە زۆر و زەوەندانە، خۆیان لەو خاڵەدا دەبیننەوە کە ئەنجامە کۆتاییەکەی بریتی بێت لە بوونەوە بە بەشێک لە قەوارەی لێکوپێک دابڕاو و لەبنەوە هەڵتەکێنراوی عێراق؟!

لە ڕۆژی ئەوڕۆدا، بە تایبەتی پاش ئازادبوونی چەندین لە گەلانی ئازادیخوازی جیهان و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ خۆیان، وەک لە زۆر وڵاتان بینیمان هێزە بەرهەڵستکارەکان شێوازێکی دیکەیان گرتۆتە بەر تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن تەنگ بە ڕژێمە دیکتاتۆری و تاکرەوی و گەندەڵییەکانیان هەڵبچنن و، لەسەر کورسی حوکمڕانیش لایان ببەن. نموونەی ئەو جۆرە سەرهەڵدانە جەماوەرییانە لە سەرەتادا گورجستان و ئۆکرانیای گرتەوە و لەژێر فشاری بەهێز و یەکگرتوویی ڕیزەکانی زۆرینەی خەڵکیشدا سەرانی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان ناچار کران، بە هەر جۆرێک بێ، واز لە بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردنی وڵات بێنن و شوێن بۆ کەسان و لایەنگەلێکی لێهاتوو و شارەزا و خاوەن دەنگ و ڕەنگی جەماوەرییانەش چۆل بکەن. لەم دواییانەشدا بەهۆی تیرۆرکردنی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان ڕەفیق حەریری، هێزە بەرهەڵستکارەکانی لوبنانی کەوتنە خۆیان و گشتیان بە یەک دەنگ و بە پشتیوانیکردنی نێودەوڵەتیش، داوایان لە سوریا کرد بۆ ئەوەی هێزە سەربازییەکانی خۆی لەو وڵاتەدا بکشێنێتەوە. هەروەها لە قیرغیزستان کە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ڕەت کردەوە، تەنیا دوای دە ڕۆژ لە خۆپیشاندان و چالاکی بەردەوام، لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن توانیان "عەسکەر ئەکاییف"ی سەرۆکی وڵات ناچار بکەن تا ڕابکات و مەیدان بۆ گۆڕانکاری بەجێ بێڵێت. هەر دیسان بە گوێرەی هەواڵەکان باس لە خۆپیشاندان و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و پۆلیس لە مەنگۆلستان و ڕووسیای سپی دەکرێت. داوای جەماوەری خۆپیشاندەریش بە شێوەیەکی سەرەکیی بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکانی گەندەڵی ئیداری و هێنانەکایەی ئازادییە سیاسی و تاکەکەسی و دەربڕینی بیر و ڕا بە شێوەیەکی سەربەست و دوور لە هەر تیرۆر و تۆقاندنێکی دەزگا دەسەڵاتدارە فەرمییەکانە.

لە کوردستان کە هێشتا کورد خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ و ئازاد نییە و بێ دەوڵەتی نەتەوەییە، ڕەنگە ئەم بابەتی گۆڕانکارییە شتێکی دیکە لە خو بگرێ و هەر جووڵەجووڵێکیش لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە، لە باشووری کوردستان، حیسابی ئەوەی بۆ بکرێ کە ئەنجامدەرانی سەر بە "تابووری پێنجەم" و بەرەی دوژمنانن. ئێمە لە سەرەتای شەڕە کوردکوژی و خۆکوژییەکانی نێوان هەردوو هێزی بەشەڕهاتووی ئەم

پارچەیەی نیشتمان پێشترێ گوێمان بە زاراوەگەلێکی وەها ئاشنا بووە و، شتەکە نوێ نییە. دەسەڵاتدارانی کورد لەژێر ناوی بەرژەوەندی کورددا بەرەنگاری هەر بیرێک بوونەتەوە، کە بە ڕاستیش لە خزمەتی کورد و کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە. دیارە لەم بوارەدا پێویست بەوە ناکات نموونە بێنینەوە، چونکە هەر یەکێک لە ئێمە بایی ئەوەندە ئاگای لە ڕەوشی وڵات و کاروباری نێوخۆیی کوردستانی بن کۆنترۆڵی یەکێتی و پارتی هەیە.

داواکارییەکانی خەڵکی کورد لە یەکێتی و پارتی، بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێنی کوردکوژ و دوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستییەش، بە شێوەیەکی سەرەکی و گشتی بریتی بوون لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکوومەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و یەکخستنەوەی ماڵی کوردی و بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئەمن و ئاسایشی کوردستان. جێی داخە هەتا کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانەش هەندێ نیشانە و ڕووداو هەن کە نەک هەر بە دڵی کورد نین و بەس، بگرە ئاماژەش بۆ ئەوە دەکەن کە لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان پارتی و یەکێتی لە جیاتی گفتوگۆ و دانووستان لە یەک بکەونە تەقە! ئەمە هەرگیز خواست و ئاواتی چ کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز و کوردستانی نەبووە و نییە و ناشبێ، بەڵام مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێ کە تەنانەت لە شارێکی وەکو کەرکووکی کوردستانیش پارتی و یەکێتی بە جودا نەورۆزی خۆیان دەکەن. ئەرێ نەدەبوو ئەوان هەر نا لەبەر چاوی دوژمنان کارێکی وایان نەکردایە و، ڕێک بە پێچەوانەشەوە بجووڵایەنەتەوە تا چاوی دوژمنان و شۆڤێنیستانیان کوێر بکردایە؟!

ئایا لە بارێکی وادا هەتا کەینێ خەڵکی کوردستان بێدەنگ دەبێ و دەست بە کڵاوی خۆیەوە دەگرێ تا با نەیبات؟ تۆ بڵێی گۆڕانکارییەکانی دنیا و دەوروبەر بەقەد سەرەدەرزییەکیش کار لە ڕۆڵەکانی کورد نەکەن و، هانیشیان نەدەن تا ڕووبەڕووی کەسانێکی مشەخۆر و میللەتفرۆش و کوردستانفرۆش ببنەوە؟ گەلۆ تا کەنگێ سەرانی کورد بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیەکی بندەست و چەوساوەی وەکو کورد لە بەغدای ناوەندی حوکم بەدی دەکەن؟ ئەم پرسیارانە و زۆری دیکەش چاوەڕوانی وەرامدانەوە و دوارۆژیشن.

لەم بەستێنەدا شتی هەرە دڵخۆشکەر وریابوونەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردمانە کە لە نەورۆزی ئەمساڵدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرا. ئاهەنگ و ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ لە گشت پارچەکانی کوردستان شێوەی سەرهەڵدانێکی گەلێری

و جەماوەرییانەیان لە خۆوە گرتبوو. دیمەنی پیرۆزباییەکانی نەورۆز لە ئامەد و باتمان و وان و عفرین و کۆبانی و قامیشلی و مەهاباد و مەریوان و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و ئاکرێ و هەر بستێکی ئەم خاکە شیرین و ڕازاوەدا، یەک دنیا مانای تایبەتی و نەتەوەیی و کوردستانییانەیان دەبەخشی. ئایا سەران و پارتە سیاسی و دەسەلاتدارەکانی کورد تا چ ڕاددەیەک بیریان لە خالێکی وەها کردۆتەوە؟

**سوێد** 27-3-2005

* لە (میدیای کورد، ژمارە 18، 2005/4/3، کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکان بلاو کراوەتەوە.

## کورد یان سەرکردەکانی "کەرکووک"یان لە بیر چووە؟!

بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی دەنگوباسی کوێتی، Kuwait News Agency(KUNA)، کە لە ڕێککەوتی 30-3-2005 دا بلاو کراوەتەوە، جەلال تاڵەبانی لە ئاخافتنێکیدا گوتوویەتی:" کوردەکان بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵ پرسی کەرکووک کردووە. بەڵێ، ئەوان بە شێوەیەکی کاتی کەرکووکیان لە بیر کردووە. نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە کورد ئێستا داوای ئەوە ناکەن کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو داوای نەهێشتنی زۆرداری و کۆتایی پێهێنانی ئەو ستەمە لەسەر کەرکووک دەکەن...تاد".


وكالة الأنباء الكويتية (كونا)
Kuwait News Agency (KUNA)

اكد جلال طالباني ان الاكراد "تعاملوا بمرونة مع قضية كركوك" واضاف "نعم هم نسوا كركوك بصورة مؤقتة وكمثال فان الاكراد لا يطالبون بالحاق كركوك باقليم كردستان

طالباني..قضية كركوك لم تعد عقبة امام التوصل لصيغة مناسبة لتشكيل الحكومة

اربيل – (30) 3 - كونا) -- قال امين عام الاتحاد الوطني الكردستاني المرشح لتولي منصب رئيس الجمهورية العراقية جلال طالباني اليوم ان قضية كركوك لم تعد عقبة امام التوصل الى صيغة مناسبة لتشكيل الحكومة العراقية المقبلة .

جێی خۆیەتی ئەگەر لە بارێکدا تاڵەبانی قسەیەکی وەهای نەکردبێ(؟)، دەمودەست بەرپەرچی ئاژانسی دەنگوباسی کوێتی بداتەوە. دیارە بێدەنگبوونیشی مانای ئەوە دەگەیەنێ کە بەڵێ ناوبراو کەتنێکی لەو جۆرەی ئەنجام داوە و بە ناوی کوردیشەوە فشەهەڵوێستێکی نواندووە.

گومان لەوەدا نییە سەرانی کورد فێرن، زوو زوو، ئەم چەشنە پەیڤین و لێدوانانە بدەن بە ڕاگەیاندنی سەر تا ئێسقان ڕەگەزپەرستی عەرەبی. بە داخەوە لە بەرامبەر ئەمەدا ڕاگەیاندنی کوردی، بە تایبەتیش هی فەرمی و سەر بە دەسەڵاتدارانی ئەوڕۆی کوردستان، لەم بوارەدا هەتا بڵێی کەمتەرخەمن و لە وەرامدانەوەی شۆڤێنیستاندا خاوەنی هەڵوێستێکی کوردستانیی ئەوتۆ نین، کە مایەی خۆشحاڵی بێ بۆ مرۆڤی کورد.

هەر لەم ڕۆژانەدا "مەشعان جبووری"یەکی کۆنەبەعس و تازەبەعس لەگەڵ گەنجێکی هیچ نەزانی عەرەبی شیعەی مێشک پووت"عەمماری ناحەکیم"، یەک لە دوای یەک، سووکایەتی بە گەلی کورد دەکەن و ناحەقی بەرامبەر بە کەرکووکی کوردستان و خەڵکی کوردی بەشەرەفی شارەکە دەکەن. ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان

ڕێککەوتننامەی لەگەڵ لیستی شیعەکان واژۆ کردووە و لەسەر پرس و مەسەلە جیا جیاکان پێکهاتوون، خۆ هەر نا هەر نا ئەرکی سەر شانێتیان تا سنوورێک بۆ ئەم لێدوانە ناحەزانەی یەکێکی وەک عەممار و ناعەممار دابنێن؟! سەرانی کورد باس لە پیرۆزێتی پێشمەرگە دەکەن و کەرکووکیش بە "دڵ یا قودس"ی نیشتمان ناو دەبەن، ئەی چ لە نموونەگەلێکی مینا ئەلجبووری و ئەلحەکیم دەکەن کە بە نوێژی نیوەڕۆ و لەبەر چاوی هەموو دنیاش پیرۆزێتییەکانی کورد و خاکەکەی پێشێل دەکەن؟! ئایا کورد و شیعە، تۆ بڵێ سەرکردەکانیان، لەسەرەوە لەسەر چی کۆکن و لەبنەوەش لەسەر چی ناکۆک؟ ئەرێ خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خۆیان نییە لە ورد و درشتی نهێنییەکانی ئەو بە ناو ڕێککەوتنانە ئاگادار بن؟ ئەم پرسیارانە و زۆری دیکەش چاوەڕوانی بەرسڤی ڕاست و دروست و کوردستانییانەن.

ڕۆڵەکانی ئەم گەلە لێقەوماو و بێ دەوڵەتە، ئەگەر سەرکردەکانیشیان کەرکووکیان لە یاد کردبێ، بەڵام ئەوان بۆ هەتا هەتایێ کەرکووک بە بەشێکی جیانەکراوەی خاکی وڵات دەزانن و لەم پێناوەشدا گیان لەسەر دەستان گورج و ئامادەن!

ستۆکهۆڵم 3-4-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو کراوەتەوە.

# کورد و پرسی سەرکردایەتی*

دەزانم لەمەڕ ڕۆڵی سەرکردە و کاریگەریێتی لەناو هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەکدا، گەلێ وتار و نامیلکە و پەڕتووک و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر نووسراون و بڵاو کراونەتەوە. شیاوی و لێوەشاوەیی هەر ڕێبەر و سەرکردەیەک، بە تایبەتیش لەنێو گەلانێکدا کە هێشتانەکینێ بندەست و بێ دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆی سیاسی و نەتەوەیین، ڕۆڵی بەرچاو و گرنگ دەبینێت لە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی ئەو گەل و نەتەوە ئازادیخواز و تێکۆشەرانەدا. لە دیرۆکی دووروودرێژ و خوێناوی و پڕ لە زۆرداری و چەوساندنەوەی گەلی ژێردەستەی کوردماندا، بە دەیان نموونە هەن، ئەوە دەسەلمێنن کە کورد لەبەر پرسی بێ سەرکردەیی و نایەکگرتوویی و ناتەبایی ڕیزەکانی و سەرهەڵنەدانی تاکە سەرکردەیەکی نەتەوەیی و کوردستانی و سەرانسەری، بە ئامانجە لەمێژینە و ئاواتە هەرە بنەڕەتییەکانی خۆی نەگەیشتووە کە ئەویش بێگومان دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە. ئەرێ کەس هەیە نەزانێ یەک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی نەگەیشتنی نەتەوەی گەورەی کورد بە ئازادیی یەکجارەکی، بریتییە لە ململانێی ناوخۆیی و نەبوونی تاکە سەرکردەیەکی بەهێز و بەتوانا و نەتەوەیی، کە بتوانێ ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە سەربەخۆییخوازە لەژێر سێبەری یەک ئاڵا و یەک دروشم و ئامانج و مەبەستدا کۆ بکاتەوە؟ جێی خۆیەتی هەر لێرەدا ئاماژە بە وتەیەکی پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی بکەین، کە کاتی خۆی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە زمانی عەرەبی گوتبووی: "هەزار ڕەحمەت لە بارزانیی نەمر کە توانیبووی یەکێتییەکی گیانی و مەعنەوی لەناو گەلی کورددا بێنێتە ئاراوە".

من کە لەم کورتەباسەدا سەبارەت بە پرسی سەرکردایەتی دەنێو گەلەکەمدا شتێک دەنووسم، پێمخۆشە ئەوەش بۆ خوێنەرانی هێژا ڕوون بکەمەوە، بەلای منەوە زۆر ئاساییە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرۆک هۆزێک، شێخی تەریقەتێک، کوڕە جوتیارێک، شوانێکی بەر مەڕ و بزنان، گوندییەکی کڵاوخوار و کڵاش لە پێ یان دەوڵەمەندێکی خواپێداو و تەنگەستووری کورد، لەناو ئەم نەتەوە مەزنەدا لێمان ڕاست بێتەوە و ببێ بە سەرۆک و ڕێبەر و پێشسوار، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی دڵی بۆ کورد و کوردستان لێ بدا و لە پێناویشیاندا هەمیشە گیان لەسەر دەستان حازر و ئامادە بێ. ئەمە تاکە مەرجی من و سەرجەم نەتەوەی کوردیشە. ئەز دەبم بە خاک و خۆڵی بن پێی هەر کوردێک کە ئەمە ڕێچکە و هەست و هۆش و هزری بێ!

ده ئەنگۆ هەر تەماشایەکی دەوڵەتە عەرەبییەکانی کەنداو بکەن! لە دەسەڵاتدار و سەرۆکەکانیشیان ورد ببنەوە! ئەوان هەر هەموویان شێخ و سەرۆک خێڵ و پارەدار و پەروەردەی نێو دیوەخان و کونجی مزگەوتانن، لێ لە هەمان کاتیشدا بۆ نموونە وڵاتێکی وەک میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب، ئەگەر لە بواری پێشکەوتن و ئاوەدانی و پەرەسەندن و تەکنۆلۆژیای سەردەم و گەلێ شتی دیکەدا، شان لە شانی هەرە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیا نەدات، ئەوا ماڵم قەبرە هیچی ئەوتۆی لەوان کەمتر نییە. ڕاستە بەهۆی هەبوونی داهاتی بێ حیسابی نەوت وڵاتی ناوهاتوو ئەوهای لێ هاتووە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر سەرکردە و ڕێبەرەکانی ئەو وڵاتەش لە وێنەی سەددام حوسێن و (ئەسەد)ە نائەسەدەکانی سوریا و ژەنەراڵە دەمبەخوێنەکانی تورکیا و (بوتەفلیقە)ەکانی جەزائیر و ئێرە و ئەوێی جیهان بان، چ گومان لەوەدا نییە کە حاڵی شارێکی پڕ لە باق و بریقی وەک دوبەی لە کەرکووک و شام و جەزائیری پایتەخت و گەلێ شاری گەورە گەورەی دیکەی دنیاش شڕتر دەبوو. خۆ گەلێ لەو وڵاتانەی کە ناویان براوە خاوەن سەرچاوەیەکی بێ هەژماری نەوت و گازی سرووشتی و سامانی ئاو و دەوڵەمەندییەکانی ترن.

من ناڵێم سەرکردە هەموو شتێکە بۆ خۆی و (سوپەرمرۆڤ)ە، لێ دیسانیش دەڵێم: چەند شادن ئەو گەلانەی کە لە سایەی لێهاتوویی و ژیرایەتی سەرکردەکانییەوە بوون بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان و کەرامەتی نەتەوەییشیان پێشێل ناکرێ. هەر گەلێک کەرامەتی نەتەوەیی خرایە بن لنگان، مسۆگەر ئەم گەلە حیسابی سفری بۆ دەکرێ!

لە باشووری کوردستانی بەزۆر لکێنراو بە عێراقدا، دوای دەیان ساڵ لە خوێن و خەبات و ئەنفال و کیمیاباران و کوردستان کاولکردن، ئەمڕۆ وەک گشتمان دەیبینین، سەرکردەکانمان بە خۆشحاڵییەوە دێنە سەر شاشەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە شۆڤێنییەکان کە سەر بە ڕاگەیاندنی عەرەبین و باس لەوە دەکەن، ئەوان شاد و سەرمەستن بەوەی کە دەبن بە هاووڵاتیی پلە یەکی عێراقی و سەرۆک کۆماری ئەو عێراقە نەفرەتییە هەڵوەشاوەش. من وەک کوردێک هەست بە شەرمەزاری دەکەم و تەریق دەبمەوە، کاتێ کە سەرکردەی یەکێک لە پارتە دەستڕۆیشتووەکانی ئەوڕۆی باشووری کوردستان لەسەر کەناڵی (العربية) دەبینم و، گوێم لێی دەبێ بە زەردەخەنەیەکەوە زاراوەگەلێکی وەک (بغدادنا الحبيبة) و (عاصمتنا القديمة)ی بەسەر زاردا دێت. ئەز قەت سەربڵند نیم بە سەرکردە و ڕێبەرێکی کورد کە پایتەختی دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان بە (پایتەختی دێرین و خۆشەویست)ی خۆی و

کوردیش بزانێت. ئەرێ بە ڕاست قەول نەبوو شاری کەرکووک بکرێت بە پایتەختی کوردستان؟! کەی گەلی کورد بەغدای بە پایتەختی خۆی زانیوە، بەغدایەک کە بە بەردەوامی بنکەی سەرکوتکردن و لەناوبردن و خنکاندنی دەنگی دلێرانە و ئازادیخوازانەی کورد بووە؟!

ئەگەر پرۆسەی ئافراندنی سەرکردەش خواستنەوە و خواستنەوەکاری تێدا با، قەت گومانم لەوەدا نییە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەمێژ بوو، ڕێبەرێکی تر جیا لەوانەی کە هەن، بە قەرز و قۆڵەش با هەر خواستبوویانەوە!

هەر بمینن د خوەشیێ دە! ستۆکهۆڵم 6-4-2005

* لە (بارزان، ژمارە 46، جونی 2005) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## عێراقی خوێناوی ـ لە دادگایەکی سوێدیدا*

### کەسێکی 25 ساڵە بە تاوانی تیرۆر دەدرێتە دادگا

نووسینی: پێتەر کادهامار

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: مەهاباد کوردی

ڕەنگە گەورەترین دادگاییکردن بە تاوانی تیرۆر لە سوێددا لە دادگای ستۆکهۆڵم بەڕێوە بچێت. لەسەر تەختەکانی دانیشتنی تایبەت بە گوێگران بەتەنێ هەندێ پیاو و ژنی سەر بە پۆلیسی ئاسایشی سوێدی، سێ ڕۆژنامەڤان و ئەمیر ـ پەنابەری 36 ساڵەی لوبنانی، دەبینرێن.

ئەمیر پێشتر لە زینداندا بوو، گومانی ئەوەی لێ دەکرا کە سەر بە هەمان بازنەی ئەو تیرۆریستانە بێ و بە وێنەی ئەم دوو پیاوەش کە ئێستا دادگایی دەکرێن، بەڵام ئەمیر دوای پێنج مانگ ئازاد کرا و نەخشەی ئەوەش دەکێشێ کە داوای پارەیەکی چەور لە دەوڵەتی سوێد بکات. شتێکی لەم جۆرە، بۆ ئەو پیاوەی کە دوێنێ لە لایەن جێگری سەرۆکی داواکاری گشتییەوە ئەگنێتا هیلدینگ کڤارنستروم لێکۆڵینەی لەگەڵدا کرا، بە چ شێوەیەک لە گۆڕێدا نییە. ئەو پیاوە 25 ساڵە، لە کوردستانی عێراقەوە هاتووە و تاوانی ئەوەی دەخرێتە پاڵ کە ئامادەکاری بۆ تاوانی تیرۆریستی و تێکدان و شێواندنی




بارودۆخی گشتی کردووە و، ئەمانەش مەترسییان بۆ سەر ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا هەبووە. بێگومان ئەم جۆرە کارانە شتگەلێکی سادە و بچووک نین. ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پیاوە زیندانی هەتا هەتایی بۆ ببڕێتەوە.

ئەوەی تایبەتیش بێ بە لێکۆڵینەوە دوورودرێژەکەی هەردوو ڕۆژی ڕابردوو، ڕەچاوی ئەوەی لێ کرا بێ بە چیرۆکێکی خەماوی و لە هەمان کاتیشدا پێکەنیناوی، چونکە سەنگی مەحەکی وەرامەکانی کابرای 25 ساڵە بۆ پرسیارەکانی دۆزگەری گشتی بەم جۆرە بوو:

- نازانم.
- نامەوێ وەرام بدەمەوە.
- بە بیرم نایەت.

## ئەنسارولئیسلام

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوەش داواکاری گشتی چ هۆیەکی نەبوو بۆ ئەوەی تووشی گیروگرفتی بکات. ڕاستتر ئەوە پارێزەری **25** ساڵییەکەیە، کەسێکی لێهاتوو و شارەزای وەک ئۆلا سالۆمۆنسۆن بوو کە دووچاری تەنگوچەڵەمە بووبووەوە. ئاشکرایە کە کابرای تەمەن 25 ساڵە لە بەردەم دادگادا دانی بەوەدا ناوە کە ئەو پارەی بۆ ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلامی تیرۆریست مۆرلێدراو ناردووە، کە کردەوە خوێناوییەکەی هەولێری دەخرێتە ئەستۆ. زیاتر لە 100 مرۆڤ لەم کارە تیرۆریستییەدا گیانیان لە دەست دا. ئەنسارولیسلام ناوی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە. هەربۆیە یارمەتیدانی ئەم ڕێکخراوەیە بە پێچەوانەی یاسایە و کۆمەکی ئابووریش خۆی لە خۆیدا بە مانای بەشداربوون لە تاوانی تیرۆریستی دێت. کەسی **25** ساڵە، کە لە ساڵی 2001 داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی لە وڵاتی سوێد کردووە، بانگاشەی ئەوە دەکات کە پارەکان بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنسارولئیسلام لە چەشنی بنیاتنانی قوتابخانە و نەخۆشخانە ڕەوان کراون.

## بیست هەزار دۆلار

بەڵام پارێزەر سالۆمۆنسۆن نەیتوانیوە تەنانەت تاکەکەسێکیش پەیدا بکات، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە ئەنسارولیسلام شتێکی جیا لە چالاکییە تیرۆریستییەکان ئەنجام دەدات. لە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو کابرای **25** ساڵە ئەوەشی گوت کە ئەو بڕی بیست هەزار دۆلاری بۆ بەغدا ناردووە تا لە پێناو "شەڕی دژ

به ئەمریکا" سوودی لێ ببینرێت. ئەمەش دەشێ گەواهینامەیەکی دیکە بێ. ئەمریکا هاودژ لەگەڵ خواست و مافی گەلان شالاوی بردە سەر عێراق و داگیری کرد، هەر لەبەر هەندێ بەرەنگاربوونەوەی کارێکی ڕەوا و بەجێیە. بەڵام ئایا چ لەو پارانە بکەین کە بۆ ڕێکخراوێک ناردراوە، کە UN بە ناقانوونی دادەنێت؟ دۆزگەری گشتی بانگاشەی ئەوە دەکات کە کەسی 25 ساڵە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەبوموسعەب ئەلزەرقاوی هەبووە.

- ئەو خۆیەتی کە خەڵک سەر دەبڕێت، پارێزەر سالۆمۆنسۆن لە کاتی پشووداندا قسەیەکی وەهای کرد.

دوێنێ داواکاری گشتی نامەیەکی خوێندەوە کە تێیدا کتومت ئەبوموسعەبێک ناوی هات.

- ئەمە کێ دەگرێتەوە؟ داواکار پرسی.

- زەرقاوی، 25 ساڵییەکە وەرامی دایەوە.

## دۆزگەر سەرسام بوو

ئەگنێتا هیلدینگ کڤارنستروم لە کاخەزەکانی بەردەمی خۆی ڕاما و دەستی کرد بە دارشتنی پرسیارێکی تر. مرۆڤ نیشانەکانی سەرسامبوونی لەو بەدی دەکرد. ئەو بۆ جاری یەکەم بوو کە دوای چەندین سەعات بەرسڤێکی ڕاستەقینەی گوێ لێ بێ.

- بەڵام ئەمە زەرقاوی نییە. ئەوە تۆی شتێکی وا دەڵێیت، 25 ساڵییەکە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو.

- دە کەواتە ئەم کەسە کێیە؟

- کوڕێک کە بە ئەبوموسعەب ناو دەبرێت.

- ئێ باشە ئەو کێیە؟

- من ئەو ناناسم.

بەم شێوەیە، سەعات لە دوای سەعات، دانیشتنەکە درێژەی کێشا.

بە گوێرەی دۆزەکە بێت کەسی تەمەن 25 ساڵە و کەسێکی تری 29 ساڵەش کە لەگەڵ ئەودا دادگایی دەکرێت، ئەویش خەڵکی کوردستانی عێراقە، تاوانی ئەوەیان دەدرێتە پاڵ کە ئەوان بە لایەنی کەمەوە بڕی سەد و چل و هەشت هەزار دۆلاریان پارە کۆ کردۆتەوە و ناردوویانە بۆ ئەنسارولئیسلام و ئەبوموسعەب ئەلزەرقاوی لە عێراق. بەشێک لە دیمەنی ئەو عێراقە خوێناوییە لە دادگا نیشان دەدرێت. وا پێدەچێ شلۆقی و

**کەس بە کەس نەبوون لە عێراق هەرگیز کۆتایی نەیەت. هەربۆیەشە ئەم دادگاییکردنە ئەوەندە سەرنجی خەڵک بۆ خۆی ڕاناکێشێت. هەفتەی داهاتوو دادگاییکردنەکە دەست پێ دەکاتەوە.**

سەرچاوە: Aftonbladet, 13-4-2005      ستۆکهۆڵم 13-4-2005

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

## با (کوردستانیبوون)مان له سەرووی هەر شتێکی ترەوە بێت!*

لەو ڕۆژەوەی جەلال تاڵەبانی بە "سەرۆکی دەستەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی" لە عێراق دەستنیشان کراوە، لە گەلێ لا و لە لایەن کەسانێکی جۆراوجۆر و دەسەڵاتدار و ڕاگەیاندنی ناوخۆیی و دەرەوەش، گوێمان لە کاردانەوەی ڕەنگاوڕەنگ و نواندنی هەڵوێستی جیا جیا و دەربڕینی بۆچوونی جیاواز بووە. ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە گشتی بە دانانی کەسێکی، هاوزمانی خۆیان، لەسەر کورسی دەسەڵات لە عێراقدا شادمانیی خۆیان نیشان داوە. بێگومان حاڵەتێکی ئەوها تا بڵێی کارێکی ئاساییە و بە تایبەتیش ئەگەر ئاوڕێکمان بۆ دیرۆکی پڕ لە چەوساندنەوەی کورد دایەوە، کە لە لایەن نەتەوەی سەردەستی عەرەبەوە بە هەموو شێوەیەک زوڵم و زۆری لێ کراوە، ئەوسا باشتر لە دیمەنی شادی و خۆشییەکانی خەڵکی کوردستان تێدەگەین و دەشزانین ئەوان کێندەرییان دێشێ و، بۆچی وا بە گەرمی و سادەیی و خۆڕسکی و تێکڕا چوونە سەر شەقامەکان و دەستیشیان کرد بە شایی و لۆغان و هەڵپەڕکێ. ئەمە لایەنێکی مەسەلەکە و لایەنەکەی دیکەشی بریتییە لە لێکدانەوەی بە پێچەوانەی ئەمەی یەکەم و پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر پۆستی سەرۆکایەتی ئەوەندە گرنگ و چارەنووسساز و کاریگەر با، بێگومان زۆرینەی عەرەبی شیعە و براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکان وا بە ساناهی دەستبەرداری نەدەبوون و بۆ کوردیش وازیان لێ نەدەهێنا.

ئێمەی کورد بمانەوێ و نەمانەوێ، پلە و پایەی سەرۆکایەتی لە عێراقی سەردەمی دوای سەددام حوسێن و بەعس، لە شتێکی سیمبۆلی زیاتر چی دیکە نییە. هەر لێکدانەوەیەکی غەیری ئەمەش خۆی لە خۆیدا خۆ دوورخستنەوەیە لە واتا و مەغزای ڕاستەقینەی ئەم بابەتە. ڕۆژنامەڤان کوردۆ باکسی کە خۆی بە دۆستێکی نزیکی ماڵباتی تاڵەبانی ناو دەبات، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵێکی سوێدی، پاش ئەوەی خۆشحاڵبوونی خۆی لەمەڕ دیاریکردنی جەلال تاڵەبانی وەک سەرۆکی دەوڵەت لە عێراقدا دەربڕی، ئینجا باسی لەوە کرد کە سەرۆکی هەنووکەی عێراق دوو جێگری هەیە، دوو کەسی عەرەب، کە مافی "ڤیتۆ"یان هەیە. هەر ئەمڕۆ بەیانیش سەیری کەناڵی "فەیحاء"م دەکرد کە هەڤپەیڤینێکی تەلەفۆنییان لەگەڵ موەفەق ئەلڕوبەیعی ـ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراقی ساز دابوو. جەنابی ڕاوێژکار بێ سێ و دوو لێکردن دەیگوت لە عێراقی تازەدا ئێمە پۆستێکمان بە ناوی پۆستی سەرۆک کۆماری نییە و ئوستاد مام جەلالیش سەرۆکی دەستەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییە لە دەوڵەتی

عێراقدا. هەرچی د. ئیبراهیم ئەلجەعفەریشە بەڕێوەبەری جێبەجێکردنی گشت شتەکانە لە عێراقی نوێدا. ئەمانە قسەی من نین و هی کابرای ئەلڕوبەیعین کە بە ڕەچەڵەک عەرەب و بە ئایینیش موسڵمانی شیعەمەزهەبە.

دوای ئەوەی کە لە بەغدا تاڵەبانی بە سەرۆک دەوڵەت دانرا، وەک هەمووومان بینیمان ئەو لە کاتی وتارخوێندنەوەکەیدا دەیویست دڵی گشت لایەک لە خۆی ڕازی بکات: دڵی سیستانی، دڵی برا عەرەبە سوننەکانی، دڵی برا عەرەبە شیعەکانی، دڵی برا تورکمان و کلدۆئاشوورییەکانی، دڵی برا چەکدارە شەریفەکانی هەمبەر ئەمریکاییەکان، دڵی گەلی خەباتگێڕی کورد، دڵی فەلەستینییە ناسەددامییەکان، دڵی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی، دڵی دەوڵەتانی هەرێمی و ناوچەکە،...تاد. جەلال تاڵەبانی باسی لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی و ئاشتبوونەوە لەگەڵ پاشماوە ناتاوانبارەکانی ڕژێم و هێنانەوەی ناوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و شەهیدانی عێراق و گەلێ شتی دیکە کرد. تۆ بڵێی سەرۆک دەوڵەتێکی ڕەمزی کە هێندە دەستی نەڕوات، بکارێت دڵی هەموو لایەک لە خۆی ڕازی بکات؟! ڕەنگە لە مەسەلەی دەستڕۆیشتن و هەبوونی دەسەڵاتدا تاکە شت کە تاڵەبانی دڵی پێی خۆش بێت، ئەوە بێت کە ئەو تا ڕادەیەکی باش پشتی بە ئەندامانی کوردی ناو کۆمەڵەی نیشتمانی"پەرلەمان"ی عێراق قایم بێت. ئەگینا غازی ئەلیاوەری بە بنەچە عەرەب کاتێ کە سەرۆک بوو، بە جاران و بە ئاشکرا هاواری ئەوەی لێ هەڵدەستا کە لە زۆر بواردا پرسی پێ ناکرێت و، کەسیش حیسابی سەرۆک و مەرۆکی بۆ ناکات.

جەلال تاڵەبانی ئەگەر بە سەرۆک دەوڵەت یان با بڵێین سەرۆک کۆماری کوردستانی ئازادیش هەڵبژێردرابا، هەر بە هەمان شێوە و بە قەدەر ئێستا لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە یەکێتی گەورە دەکرایەوە و دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لێ دەدرا. یەک لە سایتە کوردییە چالاکەکانی دەرەوەی وڵاتیش لە ناوەڕاستی ئاڵای کوردستاندا وێنەی تاڵەبانی نەخشاندووە، وەک ئەوەی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری کوردستانی سەربەخۆ هەڵبژێردرابێت نەک سەرۆک دەوڵەتی عێراق، ئەو عێراقەی کە هێشتا بە شێوەیەکی فەرمی کوردستانی لەبن دەستە! من پێموایە ئەم سایتە کوردییە پێویست بوو وێنەی تاڵەبانی لە ناوەڕاستی ئەو ئاڵای بەعسە دابنێت کە هێشتا لە ئاسمانی سلێمانی و دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا دەشەکێتەوە. ئەمە بۆ سووکایەتیکردن نانووسم، بەڵام خۆ تاڵەبانی نەبووە بە سەرۆک کۆماری کوردستان تا وێنەی لە ناوەڕاستی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دابنرێت؟!

دەبا کوردستانیبوونمان لە سەرووی هەر شتێکی ترەوە بێت!  سوێد 17-4-2005
* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## کێن ئەوانەی وازیان لە داوای سەربەخۆیی کوردستان هێناوە؟*

لە ماڵپەڕی پەیامنێر ـ ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان، دوێنێ 25-4-2005 ئەم هەواڵەم بەر چاو کەوت: "لە لێدوانێکیدا بۆ ڕادیۆی سەوا، فوئاد مەعسووم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی نوێی عێراقدا، ڕایگەیاند کە کورد وازیان لە داوای سەربەخۆیی هێناوە. قسەکانی فوئاد مەعسووم پاش لێدوانێکی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق دێت بۆ ڕۆژنامەی ـ سەباح ـ ی تورکی کە ڕایگەیاندبوو: دروستکردنی دەوڵەتی کوردی شتێکی دوورەدەستە و دراوسێکانی عێراق ڕێگە بە هەنگاوێکی لەو جۆرە نادەن. تاڵەبانی هەر لەو لێدوانەدا باسی لەو ڕیفراندۆمە کرد کە هاوشانی هەڵبژاردنەکانی کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ڕابردووی عێراق بە شێوەیەکی نارەسمی ئەنجام درا و گوتی: کورد داوای سەربەخۆیی ناکەن و تەنانەت کۆکردنەوەی ئیمزاش بۆ مەسەلەی ڕیفراندۆم بە مانای داواکردنی سەربەخۆیی نییە".



لێرەدا هەواڵەکە کۆتایی دێت.

لە پێش هەر شتێکدا ئەوە نە جاری یەکەمە و نە دوا جاریش دەبێت کە بەرپرسانی کوردی سەر بە هەردوو زلحیزبەکەی کوردستان، ئەوەی ئارەزوویان لێ بووە گوتوویانە و دەیڵێن، بێ ئەوەی بە چ شێوەیەک پرسێک بە کورد خۆی بکەن. ئەوان کە بڕیاریان دا، لەنێو پەرلەمانەکەی خۆیان، گەلی کورد بە ژێردەستەیی لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، هەرگیز حیسابی سەرەپووشکەیەکیشیان بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان نەکرد. خۆ کە شەڕی یەکتر و کوردکوژیشیان هەڵگیرساند نەک هەر گوێیان بۆ داواکارییەکانی جەماوەر بە مەبەستی وەستاندن و کوژاندنەوەی ئاگری شەڕەکە نەگرت و بەس، بەڵکە لە کۆتاییدا بە دەردی خۆیان گۆتەنی ئەوان بێتاوانترین لایەن دەرچوون

لەم شەڕی کوردکوشتنەدا. کاتێکیش کە پێکهاتنەوە، هەر مەپرسە چۆن بوون بە مام و کاک! ئەمیان لە بەغدا و ئەویان لە کوردستان، لێ هەردووکیان شەرەفی هاووڵاتیبوونی "پلە یەکی عێراقی"یان پێ برا. دیارە لەکن ئەوان وەها پلەیەک لە بەرزێتیدا خۆی لە لوتکەی حەساڕۆست دەدات.

گەلێک کە ژمارەی شەهید و قوربانییەکانی لە ژمارەی دانیشتووانی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ تێپەڕ بکات، کەی ڕەوا و جێی شانازییە یەکێک لە سەرکردەکانی بێت و فشە بە دۆزی سەربەخۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانی بکات؟! ئەو گەلەی کە ئەنفال و کیمیاباران و کارەساتە خوێناوی و هۆڤییەکانی مینا هەڵەبجەی بە چاوی خۆی بینیبێت، قەت پێناچێت ڕۆڵەکانی وا سووک و ساناهی دەستبەرداری هەموو شتێک ببن و جارێکی تر بچنەوە ژێر باڵی عێراقێکی شەقوشڕ و داڕووخاو. تۆ بڵێی سەرانی کورد زێد و مەسکەنی خۆیان وا بە زوویی لە یاد بچێتەوە و لە بەغدای ئەبونەواس و عرووبەدا بێ خەم لنگ لەسەر لنگان لێی ڕابکشێن؟ ئەرێ بە ڕاست ئەوە کوردە وازی لە داوای سەربەخۆیی کوردستان هێناوە یانیش سەران و پێشسوار و چاوساغانیەتی؟!

هەر شتێک کە مرۆڤ لە ناخی ناخییەوە بۆی نەسووتێت دوورەدەستە.. هەر ئامانجێک کە سەرکردەیەک لە سەداسەد باوەڕی پێ نەبێت و بۆی تێنەکۆشێت، دیارە بە بۆچوونی ئەو، وەدیهێنانی مەحاڵە.. هەرچی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیشە، چ گومان لەوەدا نییە لەم بوارەدا پەرێزی سەرکردەکانی کورد و بە پلەی یەکەمیش پارتی و یەکێتی، پیس و پڕ لە داوەقەسەلی پەرش و بڵاوە.

تاڵەبانی کە دڵی بە پۆستی سەرۆک کۆمارییەکەی عێراق خۆشە، هەزار جار پیرۆز و موبارەکی بێ. هەرچی منم تاڵەبانی بە سەرۆکی عێراقی زەوتکەر و داگیرکەری پارچەیەک لە کوردستان تێدەگەم. دڵنیاشم ئەگەر پارتی و یەکێتی وازیان لە کورد هێنابا، هەنووکە هزر و هۆشی خەڵکی کوردستان لە ئاقارێکی دیکە ڕەشماڵیان هەڵدابوو.

جێی خۆیەتی ئەوەش بپرسم: ئەندامانی بزووتنەوەی ڕاپرسی و ڕیفراندۆم، ئەگەر ڕاست دەکەن و سەربەخۆن، بۆچی نایەن سەرۆک کۆماری بنیاتنەرەوەی "عێراقی تازە" بخەنە بەردەم ئەمری واقیع و، پێی بڵێن لەمەشیاندا تێکەوتوویت؟!

هەر کە کورد تاکی نەما و تێکرا لەناوچوو، ئەوسا فوئاد مەعسووم و تاڵەبانی و ئەوانی تر مافی ڕەوای خۆیانە باس لەوە بکەن کە کورد، چونکە وەک گەل و نەتەوە چ

بوونێکی نەماوە، هەربۆیە شتێکیش  بە ناوی داوای سەربەخۆیی لە گۆڕێدا نەماوە.

ستۆکهۆلم 26-4-2005

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

# کورد و پۆستی سەرۆک کۆماری*

لە مێژووی خەباتی نەپساوەی نەتەوەی کورددا لە پێناو سەربەخۆبوون و ڕزگاریی یەکجارەکی، بە جاران بینیومانە کە چۆن کەسانێکی کورد بە پلە و پایەکانی دەسەلات لە ناوەندی حوکمڕانیدا هەلکشاون و بوون بە وەزیر، سوپاسالار، جێگری سەرۆک دەولەت و شتی تریش. ئەم جۆرە کەسانە لە چەقی دەسەلاتەکانی دەولەتانی داگیرکەری کوردستاندا گیرساونەتەوە. بەشێکیان لە لایەن خودی ڕژێمە هۆڤ و ڕەگەزپەرستەکانی نەتەوەی سەردەستدا دەستنیشان کراون، بەشێکی دیکەشیان لەژێر فشاری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردماندا بەم پۆستانە گەیشتوون. پایتەختەکانی ناوەندی دەسەلات و شادەماری بەردەوامبوونی ژیانی ڕژێمە کوردکوژەکان، هەتا بۆیان چووبێتە سەر، هەول و تەقەلالای ئەوەیان داوە بە چاکترین و وردترین شێوە لە دەسەلاتدارێتی ئەو بەرپرس و لێپرسراوە پایەبەرزانەی کورد کەم بکەنەوە. چ گومانیش لەوەدا نییە دوژمنان و ناحەزانی کورد لەم بوارەدا تا هەنووکە بە ڕاددەیەکی باش سەرکەوتوون. دیسان هەر لە هەمان کاتدا داگیرکەران بە بەکارهێنانی کەسانێکی وەها بە ڕەچەلەک کورد، پیسترین نەخشە و پلانی خۆیان لە دژی ڕێبازی سەربەخۆییخوازانەی کورد پیادە کردووە، کە ڕەنگە بێ هەبوونی ئەم جۆرە کەسایەتییانە کارەکەیان وا بە ساناهی بۆ نەچووبایە سەر. لەنێو ڕیزەکانی گەلی کورددا نموونەی ئەم جۆرە کەسانە کەم نین و زەرەر و زیانەکانیشیان لە ژماردن نایەن. دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، لەسەر ئاستی نێودەولەتیشدا ویستوویانە کەسایەتییە کوردییە گرێدراوەکان بە خۆیان، لە پێناو بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانیان بقۆزنەوە و هەر کاتێک یەکێ دەمی کردبێتەوە، نوێنەران و سەرانی ئەم دەولەتە کۆلۆنیالیستانە هاتوون ئاماژەیان بە هەبوونی کەسانێکی کورد لە هەرەمی دەسەلاتی دەولەتدا کردووە و، باسی دیموکراسی و میموکراسیشیان هێناوەتە گۆڕێ.

لە پاش ئەنجامدانی هەلبژاردنە گشتییەکان لە عێراق و کوردستاندا، کورد بوو بە خاوەن سەنگینییەکی تایبەت بە خۆی، دیارە لەسەر حیسابی گەڕانەوەی بۆ نێو باوەشی بۆگەنی دەولەتی داتەپیو و داڕماوی عێراق، کە بمانەوێ و نەمانەوێ بە شێوەیەکی فەرمی پارچەیەکی گرنگ و بەرچاوی کوردستانی نیشتمانی ئێمەی لەبن دەستە. گەمەی هەلبژاردنەکانیش، تەنانەت بەر لە ئەنجامدانی خودی کارەکە، لە

کەس شارراوە نەبوو و شتەکان پێشوەخت بڕێنرابوونەوە. لێ دیسانیش پڕۆسەی هەڵبژاردنەکە، سەرەڕای ڕەوشی نائارام و نائاسایشی عێراقی دوای سەددام حوسێن، دەکرێ بڵێین تا ڕاددەیەک بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو.




پارتی و یەکێتی کە لەبنەوە حیسابی خۆیان براندبۆوە و لەگەڵ یەکتریش لەمەڕ چۆنیەتی پلە و پۆستەکان ڕێک کەوتبوون، ناوێکی وەک "جەلال تالەبانی"یان بۆ پۆستێکی "سیادی" لە بەغدا دیار کردبوو. کارەکە بە شێوەیەک ڕێکخرابوو کە بۆمان هەیە ناوی بنێین "ڕێککەوتنی دووبەدووی نێوان جەلال تالەبانی و مەسعوود بارزانی". مرۆڤ لە میانەی گوێگرتن لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو ڕێبەری پارتی و یەکێتیدا، زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی، هەستی بە شتێکی لەو جۆرە

دەکرد. ئەم دوو سەرکردەیەی کورد پڕ بە دەم هاواریان دەکرد و دەیانگوت: خەڵکینە..کوردینە وا ئێمەی مام و کاک دەگەڵ یەکتردا ڕێک کەوتووین و دەشمانەوێ لە بەغدا حیسابی هاووڵاتیی پلە یەکمان بۆ بکرێ. ئێوەش هەرچی شتێکتان هەیە، دەبێ لەمڕۆ بەدواوە بەغدا بە "مەرجەعیەتی ڕاستەقینە"ی خۆتان بزانن! بە پێچەوانەی ئەمەش دەبن بە هاووڵاتیی پلە دوو و سێ!!

لە ڕۆژێ ئەمڕۆدا کەسێک نییە نەزانێ پۆستی سەرۆک کۆماری لە عێراقێکی شەقوشلۆقدا چ دەگەیەنێ. پۆستێک کە لەوپەڕی بەهێزیشیدا بێ هەر بە "پۆستێکی ڕەمزی و سیمبۆڵیک" ناوزەد دەکرێ. هەمووما غازی یاوەرمان چاو پێ کەوت کە لەسەر تەختی فەرمانڕەواییدا تا چەند دەستی دەڕۆیشت و هەتا کێندەرێش حوکمی بڕی دەکرد. ئێستاش بە قسەی گشت چاودێر و لێکۆڵەرەوانی بواری سیاسی و دیپلۆماسی، کەسێ کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی عێراقی بەدەستەوە بێ بە پلەی یەکەم ئیبراهیم جەعفەرییە نەک کەس و لایەنێکی تر.

لە دەمەدەمی دەستنیشانکردنی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆکی "دەستەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی" لە عێراقدا، هەر مەپرسە ڕاگەیاندنی کوردی و بە تایبەتیش هی هەردوو حیزبە دەسترۆیشتووەکەی کوردستان چ شایی و لۆغانێکیان نایەوە. خۆ ئەگەر کوردستانیش بووبا بە دەوڵەتی سەربەخۆ، لەوانەیە؟، هەر کارێکی وەهایان ئەنجام دابا. ئەرێ بە ڕاست تاڵەبانی بوو بە سەرۆکی کۆماری عێراق یان "کۆماری کوردستان"؟! ئەمە پرسیارێکە و پێش هەر کەسێکی دیکە یەخەی زوڕنالێدەرە کوردە حیزبییەکانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکەی کوردسات و کوردستان تیڤیش تا ڕاددەیەک دەگرێتەوە.

من وەک کوردێک کە قەت خۆم بە عێراقی نەزانیوە و ناشزانم، وا تێدەگەم جەلال تاڵەبانی وەک هەر هاووڵاتییەکی دیکەی عێراقی، نەک کوردستانی، مافی خۆیەتی بگات بە بەرزترین پلەی دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا و کەسێکی پاشەڵپیس و خوێنمژی کوردیش لە نموونەی وەفیق سامەڕائی بکات بە ڕاوێژکاری ئەمنی بۆ خۆی. دە فەرموون لە وێنەیەکی وەها ورد ببنەوە: تاڵەبانییەکی کورد، لە پێش و لە تەنیشتی ئاڵای عرووبە و بەعس، لە دەستەڕاست و لە دەستەچەپییەوە دوو عەرەبی ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرست کە هەردووکیان مافی ڤیتۆیان هەیە، ڕاوێژکارەکەشی ئەگەر کۆنەبەعسییەک و سەددامییەک نەبێ، دەبێ کێ بێ؟ ئایا لە وەها بارێکدا پۆستی سەرۆک کۆماری چ مانایەک دەبەخشێ؟

لەو ڕۆژانەدا مام جەلال، خۆی گۆتەنی ئەم نازناوەی لەسەر دلانە، ڕۆژ نییە باسی خۆی نەکات. ئەو هەلێکی زێڕینی بۆ هەلکەوتووە، هەربۆیە دەبێ بە چاکترین شێوە بیقۆزێتەوە. مام جەلال کە لە کەنالی ئەلشەرقیەدا لەمەڕ بەغدا دەپەیڤی و باسی لە "بەغدادونا ئەلحەبیبە" دەکرد، بە دەست خۆم نەبوو شەرم دایدەگرتم و هەستم بە کەمایەتی دەکرد و سەرکردایەتی کوردیشم بە بێگانەپەرست و بەغداپەرست دەهاتە بەر چاو.

ئەو پرسیارە گرنگەی کە لێرەدا ورووژاندنی زۆر بە پێویست دەزانم ئەوەیە: داخوا کورد بە سالان خوێن و خەباتی بەردەوامی لە پێناو پۆستی سەرۆک کۆماری بووە یان ئامانجێکی تر؟ ئەگەر ئەم هەموو قوربانیدان و مالکاولکردنە لە پێناوی ئەوە بووبێت کە سەرکردەیەکی کورد لە بەغدا لاف و گەزاف لێ بدات و باسیش لەوە بکات کە کورد بۆ سەربەخۆیی تێنەکۆشاوە، ئەوا لە بارێکی وادا قوڕی دنیامان کردووە بەسەر خۆماندا و بە وەرگرتنی پۆستێکی وەک سەرۆک کۆماریش ڕێگای خۆمان دوور و درێژ و پێچاوپێچ کردۆتەوە. بێگومان بە هەزارانی وەک مام جەلالیش ڕەوشی نالەباری عێراق ڕاست ناکرێتەوە و کوردیش بە ئامانجی لەمێژینە و ڕاستەقینەی خۆی ناگات. تۆ بلێی کەس هەبێ لەمە دوودڵ و بەگومان بێ؟!

بایەخ و گرنگێتی پۆستی سەرۆک کۆماری بە هەللا هەللا و هات و هاواری هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە یەکێتی و حیزبە کوردییەکانی تر، نەک هەر تەواو نابن و بەس، بگرە ئەگەر مانایەکی سەمبۆلیکی خۆشیان هەبێ، ئەوا لە دەستیان دەدەن.

سەیرە، پارتی و یەکێتی لە کوردستان، لەسەر شتی گچکە ڕێک ناکەون، کەچی لە بەغدا هەنگاوی گەورە دەنێن بۆ ئەوەی ببن بە هاوولاتییانی پلە یەک و دلسۆزی عێراقی. ئایا ئەوان کوردستانیان بە عێراق گۆڕیەوە یان بە پێچەوانەوە؟!

وەک هەموومان دەزانین لە دوای ئەنجامدانی هەلبژاردنە گشتییەکان، دەبوایە لە کوردستانیش، پەرلەمان یەکەم دانیشتنی خۆی ساز بدات. بەگوێرەی ڕێککەوتننامەکەی نێوان هەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردستان، بڕیار بوو ئەندامانی نوێی پەرلەمان کە ژمارەیان 111 ئەندامە سوێندی یاسایی بخۆن. لە هەمان کاتیشدا باس لەوە دەکرا کە هەردوو ئیدارەکەی "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" یەکبگرنەوە و "سەرۆکی هەرێم" دیار بکرێت و، گەلی کوردیش لە باشووری ولاتەکەیدا لە نموونەی فەلەستینییەکان تاکە نوێنەرایەتییەکی هەبێت و، چی دیکەش ئەم پەرت و بلاوییە لە ئارادا نەمێنێت. ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی سێ مانگی تەواو بەسەر ئەنجامدانی هەلبژاردنە گشتییەکان، نەک

هەر پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی خۆی ساز نەداوە، بگرە بەپێی هەواڵ و سەرچاوەکانی دەنگوباسی سەر بە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی باشووریش، ئەم جارەیان ناتەباییەکی دیکە لە ڕا و بۆچوونەکاندا هاتۆتە پێشەوە. ئەوەتا فازڵ میرانی دەڵێ:" تا ناکۆکیمان لەسەر مەسەلەی یاسای سەرۆکی هەرێم کۆتایی پێ نەیەت، پەرلەمانی کوردستان کۆ نابێتەوە".(ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان ـ پەیامنێر، 30-5-2005). هەر دوێنێ لە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤیدا دیسان فازڵ میرانی هۆیەکانی پێکنەهاتن لەسەر "مەسەلەی یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان"ی بۆ ئەو میوانە کورد و بیانییانە ڕوون دەکردەوە، کە گوایا لە لایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە بۆ دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، قۆناغی دوای یەکگرتنەوە، داوەت کراون. مرۆڤ وا لە قسەکانی میرانی تێدەگەیشت کە، بە دەردی خۆی گۆتەنی برادەرانی یەکێتی، لە سەرەتادا لەگەڵ پارتیدا هەموو شتێکیان بڕاندبێتەوە، بە پرسی "یاسای سەرۆکی هەرێم"یشەوە. کەچی لەم کۆبوونەوەیەی ئێستایاندا یەکێتییەکان جۆرێک لە پەشیمانبوونەوە یان پاشگەزبوونەوەیان سەبارەت بەم بابەتە نیشان داوە. تۆ بڵێی ئەم قسەیە ڕاست بێ و یەکێتی کلاوی لە سەری پارتی نابێ و گۆلێکی کوردانەشی لە کورد خۆی کردبێ؟! ڕۆڵەکانی گەلی کورد تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر بە حەسرەتی ئەو ڕۆژەن، ئەگەر پارتی و یەکێتی ئازان، با بچن گۆلی سیاسی لە دوژمنانیان بکەن نەوەک بە پێچەوانەوە. ئایا کەی کاتی ئەوە دێ کە پارتی و یەکێتی شتەکانی خۆیان، کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندی و چارەنووسی گەلێکەوە هەیە، بۆ ڕای گشتی کورد و تەواوی دنیاش ئاشکرا بکەن؟ سەرانی یەکێتیش با وەک فازڵ میرانی، ئەگەر شتێکی پێچەوانەی ئەویان دە "جوعبە" دایە با بێن بەتاڵی بکەن! کراوەیی و شەفافیەت و سنگفراوانی زۆر شتیان پێ چارەسەر دەکرێ.

ئەم ڕەوشە هەنووکەییەی کوردستان کە کەسانێکی پسپۆڕ بە "بۆشایی یاسایی" ناوی دەبەن، جەماوەری خەڵکی تووشی جۆرێک لە ناڕەحەتی و نائومێدی کردووە. گەلی کورد مافی ڕەوای خۆیەتی ڕۆژێ سەد جار یەخەی تاڵەبانی و بارزانی بگرێت و لێیان بپرسێت: ئێوە کە لە کوردستان لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی منجەمنجتانە، چتان لە بەغدا و مەغدایە؟ ئایا کلیلی چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی کوردستان لە بەغدایە یان لە هەولێر و سلێمانی؟

بە ڕاستی بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان ئەوپەڕی نەنگی و شوورەییە کە ببن بە هۆی هێنانە ئاراوەی ڕەوشێکی وەها نائاسایی، وەک هەمووومان بە چاوی

خۆمان دەبینین و لە دوور و نزیکەوەش هەستی پێ دەکەین. دەزانم شەرم لە شەڕەدەسەڵات و گەمەی گڵاوی سیاسەتدا نییە، بەڵام سەرکردەی هەر نەتەوەیەک تەنیا ئەو کاتە ڕێزی لێ دەگیرێت کە بە وێنەی مۆم لە حەژمەتی ئێش و ئازارە خەماوییەکانی گەلەکەیدا بتوێتەوە.

من چ لە سەرکردەیەکی کورد بکەم کە لە بەغدا دەم لە دیموکراسی بدات و لە وڵاتە بندەستە نادەوڵەتییەکەی خۆشیدا، لە کوردستان، زۆر لە پرەنسیپە هەرە بنچینەییەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ پێشێل بکات؟!

سڵاو لەو کەسە کوردستانی و کوردپەروەرەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێت بە سەرۆک کۆماری "کۆماری کوردستان" و بەس! ستۆکهۆڵم 1-5-2005

* لە (میدیا، ژمارە 189، 2005/5/3، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## دیسان هەولێر دەتاسێنن!*

ئەمڕۆ سەر لە بەیانی، سەعات نۆ و پازدە خولەک، بە کاتی ناوخۆی باشووری کوردستان، دیسان بۆ جارێکی تر دەستێکی ڕەشی ڕەگەزپەرستێکی ڕق لە دڵ بەرامبەر بە کورد و کوردستان، ئاگر و بارووتی لە جەرگی دەیان کەسی کورد بەردا و بزمار و ئاسنیشی لە دڵدا چەقاندن. ئەمڕۆ لە ڕۆژێکی ئاسایی ڕێککەوتی 4ی نیسانی 2005دا سەرلەنوێ پۆلێک لە باڵندە جوان و تازە باڵگرتووەکانی نیشتمانی کوردان، بۆ هەتا هەتایێ ماڵئاواییان لە دۆست و ئازیز و خۆشەویستان و کوردستانی خاکی بەچکەشێرانیش کرد. بەڵێ، هەر لەم کاتە پڕ چارەنووسساز و ساتە نادیار و کێشمەکێش و پرکێش پرکێشی دەسەڵات و گرفتە جۆراوجۆرەکاندا، کۆمەڵە لاوێکی هەژار و کەم دەرامەت و دڵ تژی لە ئومێد و هیوا، بوون بە خۆراکی کەسێکی مرۆخۆری دوور لە هەر ڕەوشت و نرخ و تایبەتمەندییەک کە مرۆڤیان پێ دەناسرێتەوە. دیسان هەولێر شین و واوەیلا و هات و هاوار و لەخۆدان و قژڕنینەوە بەسەریدا زاڵ بوون و، دیمەنی ئازار و خەفەتەکانی پێشوو و مانگی شوبات خۆیان دووبارە کردەوە. لە کەناڵە ئاسمانییەکان و تێکستی هەواڵەکان و ناوونیشانی گەورەی ماڵپەڕە کوردییەکان و گەلێ شوێن و قوژبنی لابەلای دیکەشدا، پیرەهەولێر لە هەموو لایەکمان بوو بە میوان و لە چاوەڕوانی ئەوەشدایە دەستێکی بەسۆزی کوردانەی بەسەر سەریدا بێنین.

هەر مرۆڤێک، گەر تۆزێک ویژدانی هەبێ و هەستی بجوولێ، بە بینینی کارەساتە دڵتەزێن و خەمهێنەرەکەی هەولێر، بە تێکەڵاوبوونی خوێن لەگەڵ قوڕ و چڵپاوی ناو کۆڵانە و سەر جاددەکان، بە دیمەنی کڵاوی کون کونبوو و جەمەدانی کەوتووی کوردان، بە فرمێسکی ڕژاوی سەر گۆنای دایکانی هەمیشە جگەرسووتاوی کورد، بە سنگکوتان و گریانی کەسوکاری شەهیدانی سەربەرزی نیشتمان، بە هاوار هاواری ئەو پیاوە بەشەرەفە کوردە هەولێرییەی کە داوای خوێن بەخشینەوەی لە هاوزمان و هاوشاری و هاونیشتمانییانی خۆی دەکرد و دەیگوت: کوردینە ئەمڕۆ ڕۆژی هیممەتە!، بەمانە گشتیان و بە زۆری تریش، کەسێک کە شایەنی ئەوە بێت پێی بگوترێت مرۆڤ، ناچار دەبێت لە بەردەم ئەم دیمەنە ناخۆش و کارەساتاوییانەدا چۆک دابدات و فرمێسکی گەرمیش لارووومەتەکانی تەڕ بکەن.

ئێوەش ئەی سەران و بەرپرسانی کوردا!

لە دەمێکدا کە بەتەما بوون ئەم جارەیان، وەک دەیان جاری دیکە، شیرینی و شەربەتی خۆشی و تەبایی بەسەر کورددا دابەش بکەن، لێ ئەمەتان نەکرد و باستان لە ململانێی سەرۆکایەتی و مەرۆکایەتی کرد. چەند جێگەی داخ و مایەی شەرمەزاریشە بۆ ئێوە کە بە خۆتەقاندنەوەیەکی تیرۆریستانە بەئاگا بێن، بەڵام گوێ بۆ داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەی خۆتان شل نەکەن. ئەرێ بە ڕاست ئەمە خۆی لە خۆیدا لە



**کارەساتی کارە خۆکوژییە تیرۆریستییەکەی هەولێر کارەساتتر نییە؟!**

کەناڵە عەرەبییە ئاسمانییەکان، بە تایبەتی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە، کە بێژەرەکانیان لە خۆشیی کوردکوشتندا لیکاو لە دەمیان گیر نابێت، زوو زوو باسی هەر شتێک و هەواڵێک دەکەن کە پەیوەندی بە نانەوەی پشێوی و کاری تیرۆریستییەوە هەبێت لە کوردستاندا. لێ حەیف و مخابن ڕدێنسپییە حیزبییەکانی لای خۆمان، وەک بە جاران بینیومانن، لە کاتی قەومانی کارەساتە جەرگبڕەکاندا، نەک هەر نازانن دوو قسەی جوان بکەن، بەڵکو دەمیان تێکدەئاڵێ و دەحەپەسێن. هەموومان لە کەناڵی ئەلجەزیرە و کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکانی تردا چرۆچاوی ئەم جۆرە کەسانەمان بینیوە.

ئایا هێرشە تیرۆریستییەکەی ئەمڕۆی هەولێر نابێتە هۆی ئەوەی کە چەندین پرسیار بێنە گۆڕێ و، هێڵێکی ڕاست و چەپیش بەسەر ئەو تیۆرییەدا بێنێت کە دەڵێت: تیرۆریستان لە چەند کەس و تاقمێکی خوێنمژ و دواکەوتوو و وەلانراو و دژ بە کورد چی دیکە زیاتر نین؟ داخوا کاتی ئەوە نەهاتووە، بە دەیان جار ئەمەمان گوتووەتەوە، کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تری دنیا خاوەن شتێک بێت کە پێی دەگوترێت ئاسایشی نەتەوەیی؟ گەلۆ پارتی و یەکێتی دەبێ پێویستیان بە چەندین کارەساتی گەورەی گەورەی نەتەوەیی دیکە بێ، هەر نا هەر نا بۆ ئەوەی چاوێک بە خۆیاندا بخشێننەوە و ئەوەندەش باسی برایەتی درۆزنانە و پێکەوەژیانی بێ بناغە و ئەو فیدرالییەتەش نەکەن، کە ئەوان هەر خۆیان بەتەنێ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیاندا بە شان و باڵییەوە هەڵدەڵێن؟

ئەمڕۆ لە هەولێری شار و کوردستانی زێد و واردا بە دەیان خێزان ژیانیان لێ تێکچوو.. بە دەیان منداڵ لە سۆز و خۆشەویستیی باوکەکانیان بێبەش کران.. بە دەیان ژنی ڕووسوور و ڕووسپی و مەردی کورد هاوسەرەکانیان لێ سەنرایەوە.. بە دەیان مرۆڤی ئەم وڵاتە کران بە کەمئەندام و پەککەوتە.. بە دەیان هیوا و خەونی سەوز گوڵ ئاسا سیس بوون و وەرین.. بە دەیان کورد کەمترین مافیشیان پێ ڕەوا نەبینرا: مافی ژیان!

هۆ کەسوکاری شەهیدە قارەمان و سەربەرزەکان..

هۆ بریندارانی نێو نەخۆشخانە و سەر جێگەکان..

هۆ چاوگەشە بێ باوک و بێ داکەکان..

هۆ "ئەوانەی قەت لە بیرمان ناچنەوە"..

ئێمە پێتانەوە سەربڵندین..

ئێوەن تاجی سەر سەری کورد و ئەستێرەگەشە و هەمیشە درەوشاوەی شەوانی ئاسمانی کوردستان! ستۆکهۆڵم 4-5-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەمە بەتەنێ "لێ لێ"یە، هێشتا "لۆ لۆ" ماوە!*

لە پاش سوێندخواردنە یاساییەکەی کابینەی تازە پێکهێنراو و پینەکراوی حکوومەتە شەقوپەقەکەی جەعفەری، سەرکردایەتی سیاسیی کورد، وەک ئەوەی تازە بە تازە شۆڤێنیستان و کەسانێکی سەر بە نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عێراقی داگیرکەری فەرمیی بەشێکی کوردستان بناسێت، لەمەڕ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی سوێندخواردنەکە و قرتاندنی زاراوە یان برگەی "عێراقی فیدرالیی دیموکرات" تووشی جۆرێک لە واقوڕمان و حەپەسان هاتووە. لە هەمان کاتدا ئەم سەرکردایەتییە داوای ڕوونکردنەوەی پێویست و گونجاو لە جەعفەری و حکوومەتە ناتەواوەکەی دەکات سەبارەت بەم مەسەلەیە. دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس کارێکی وەها بە "یەکەم پێشێلکردنی یاسای حکوومەتی قۆناغی گواستنەوە" دادەنێت.



هەرچی مەسعوود بارزانییە کە وا چاوەڕێ دەکرێت بە سەرۆکی "هەرێمی کوردستان" دیاری بکرێت، ئەمڕۆ لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتوویەتی: "لە کاتی سوێندخواردنی یاسایی لە لایەن کابینەی حکوومەتی عێراقەوە، دەقی سوێندەکە بابەتێکی هەرەگرنگی تێدا نەبووە کە ئەویش برگەی ـ عێراقێکی فیدرالیی دیموکراتی ـ بوو، کە هەموو هاوپەیمانەتیی ئێمە لەسەر ئەو ئەساسەیە؛ واتا عێراقێکی فیدرالیی دیموکراتییە. لابردنی ئەم برگەیە خەرقێکی قانوونییە و هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ تێکدانی هاوپەیمانیەتی. ئومێدەوارین ئەمە بە ئەنقەست نەکرابێت و هەرچی زووتر چارەسەر بکرێت. داواش لە فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمان و نوێنەرانی کوردستان لە حکوومەتی فیدرالیی عێراقدا دەکەین لەسەر ئەم بابەتە بوەستن و چارەسەری بکەن، چونکە ئەمە مساوەمەی لەسەر ناکرێت. مەسعوود بارزانی 5-5-2005 "(کوردستان تیڤی و زۆر لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تر).

من خۆم کە بە چ شێوەیەک باوەڕم بە چارەسەری سەقەتی فیدرالییانە بۆ دۆزی ڕەوای کورد نییە، لێ دیسانیش بە پێویستی دەزانم لێرەدا چەند شتێک وەبیر سەرکردایەتی کورد لە باشوور بخەمەوە. پێش هەر شتێک ئەمە جاری یەکەم نییە کە کابرایەکی وەک جەعفەری لەهەمبەر کورد دەم هەڵبپچڕێت و بڕشێتەوە. ناوبراو لەسەر

مەسەلەی کەرکووکیش پێشترێ هەڵیداوەتێ و کەرکووکی بە "عێراقێکی بچووککراوە" و شتی دیکەش لێکداوەتەوە. ئەو بە جاران و بە ئەنقەستیش نەیویستووە هەردوو وشەی "کورد و کوردستان" بچنە سەر زاری. مرۆڤ گەر بە وردی لە ئاخافتن و هەڤپەیڤینە جۆراوجۆرەکانی ئەم جەعفەرییە ڕابمێنێت گەلێ ڕاستی بۆ دەردەکەوێت. دیارە ئیبراهیم جەعفەری نە یەکەم کەس و نە دوا کەسی عەرەب و شیعەش دەبێت کە لە بەرامبەر داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد ناحەزانە بجوولێتەوە. پێشتر بینیمان کە غازی یاوەری زاوای پارتی لەسەر بابەتی گرنگ و چارەنووسسازی کەرکووک، چۆن قسانی دەکرد و هەڵوێستی ڕەگەزپەرست و بەعسی ئاسایانەی خۆیشی دەردەبڕی. ئەم "ئەعرابی"یە عەگالبەسەرە جارێکیان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ یەکێ لە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییە پڕوپاگەندەچییەکاندا، زۆر بە ئاشکرا باسی ئەوەی کرد کە ئەو وەک کەسێکی سەر بە نەتەوەی عەرەب(سەردەست) لە عێراقدا، بە گشت شێوەیەک زاراوەی "تەعریب" ڕەت دەکاتەوە و، بە چەکیش بەرەنگاری هەر کەس و لایەنێک دەبێتەوە کە لە عێراق جیا بێتەوە. بێگومان لەم چالاکی و هەڵوێست نواندنە ڕەگەزپەرستییانەدا زۆری تریش هەن کە شان لە شانی کابرای یاوەر دەدەن. هەتیوێکی وەکو عەممار ئەلحەکیم لە تورکیا هەمان قسەی تۆرانییە کەمالیستەکانی ئەو وڵاتەی کاوێژ دەکردەوە و دەشیگوت: سەبارەت بە پرسی کەرکووک ئێمە وەک تورکیا بیر دەکەینەوە. پێش ئەویش جەنابی ناموبارەکی باوکی هەر لە تورکیا گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی بە تیرۆریست ناو دەبرد و، وەک هەمیشەش باسی لە یەکپارچەیی عێراق و ئەو دەوڵەتانە دەکرد کە کوردستانیان داگیر و دابەش کردووە. ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکی تا بڵێی کەمن لەو ئاخافتن و قسانەی کە لە دەمی کەسانێکی عەرەبی بەناو هاوپەیمانی کورد دەرچوون. جا ئەگەر هاوپەیمان ئەوها بێ، دەبێ دوژمن چۆن بێ؟

جێی خۆیەتی هەر لێرەدا ئەم پرسیارەی خوارەوە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسیی ئەوڕۆی باشووری کوردستان بکەین : ئەگەر لە ڕێوڕەسمێکی وا ئاساییدا، عەرەبی کێوەلی و مێوەلی، وا بە ساناهی فێڵتان لێ بکەن و پشتتان تێبکەن، ئەی دەبێ لە پاش خۆگرتنەوەی ئەم دەعبا و دێوانە لە "عێراقێکی نوێ" و بەهێز و پڕ چەکدا چتان پێ پیشان بدەن؟ پرسیارێکە و بتانەوێ و نەتانەوێ پێویستە ڕۆژانە بیر لە وەرامەکەی بکەنەوە، دیارە لە بارێکدا ئەگەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و پاشەڕۆژی کوردتان مەبەست بێ نەک شتێکی تر.

کورد لە باشووری کوردستان خۆی بە هەواڵی "عێراقی فیدرالی" خەنی کردووە، بەڵام ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن و کەناڵە تەلەفزیۆنییە عەرەبییەکان، گێرەیان لە شوێنێکی دیکە دەگەڕێ. کوردسات و کوردستان تیڤی باس لە "سەرۆکی عێراقی فیدرالی" دەکەن، هەرچی "فەیحائ" و "ئەلشەرقییە" و کەناڵە عەرەبییە عێراقییەکانن، لە غەیری "سەرکۆماری عێراق جەلال تالەبانی" چ شتێکی تر نالێن. پارتی و یەکێتی "کوردستان، هەرێمی کوردستان، کوردستانی عێراق" لە داخویانی و ڕاگەیەنراوەکانیان بەکاردێنن، حیزب و لایەنە عەرەبییەکانی ناو حکوومەت و دەرەوەی حکوومەتیش ، بەدەگمەن نەبێ قەت نایانەوێ ئەم جۆرە زاراوانە دەنێو وەشان و بڵاوکراوەکانیاندا جێیان ببێتەوە. ئەوان تا هەنووکەش لە چەشنی بەعسییە سەددامییەکان چاو لە دۆزی ڕەوا و خەباتی گەلی قارەمانی کورد دەکەن.

سەرکردایەتی کورد پێویستە چاک چاک بزانێت، جەعفەری و جەعفەرییەکان و غەیری ئەوانیش، هەرگیز هی ئەوە نەبوون و نین تا پشتیان پێ ببەسترایە و ببەسترێت. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، ئەگەر درەنگیش نەبووبێت، سەرانی کورد چاوێک بە کردەوە و هەڵوێست و ڕابردووی ئەم چەند ساڵانەی خۆیاندا بخشێننەوە و، بۆ تەنیا جارێکیش بێ فێنکاییەک بخەنە دڵی مرۆڤی پشووفراوانی کوردەوە؟

ستۆکهۆلم 5-5-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کورد و هەستی نەتەوەیی*

تا ئێستا لەسەر پرسی هەست و هۆشی نەتەوەیی لەکن کوردان، لە لایەن کەسانێکی کورد و بێگانەوە، گەلێ بابەت نووسراون و بلاو کراونەتەوە. ڕەنگە تاکە خاڵی هاوبەش کە زۆربەی هەرەزۆری ئەم نووسین و لێکۆڵینەوانە کۆ بکاتەوە، بریتی بێ لەوەی کە هەستی نەتەوەیی لای کورد، لەچاو نەتەوە و گەلانی تر، لاواز و بێهێزە و شایانی بەراوردکردنیش نییە.

من خۆم پێشتر سەبارەت بەم مەسەلەیە زۆر بابەتم نووسیوە. ئەوەی کە زیاتر هانیدام، گەر بە کورتیش بێ، ئەم چەند دێڕانە لێرەدا بنووسم، هەندێ ڕووداو و پێشهاتی تایبەت بە ڕەوشی ئەوڕۆی باشووری کوردستان و عێراق بوون کە دیارە هەموومان لە دوور و نزیکەوە دەیانبینین.

دوای ئەوەی کە ئیبراهیم جەعفەری بە سەرەقەڵەمێکی ڕەگەزپەرستانە برگەی "عێراقی دیموکراتیی فیدرالی"، لە کاتی سوێندخواردنی یاساییدا، لابرد و لەبەر چاوی کورد و تەواوی دنیاش سەلماندی کە ئەو هەمیشە پابەندە بە بیری شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەستی عەرەب و، لە بیرکردنەوەشیدا شتێکی ئەوتۆی لە بەعسییە عەفلەقییەکان کەمتر نییە، هەر ئەوەندەمان زانی سەرانی کورد و پێشسوارانی هەنووکەی، بۆ نموونە و بە شێوەیەکی تایبەتیش سەرکردایەتی پارتی دیموکراتیی کوردستان، کەوتنە خۆیان و دەستیان کرد بە هات و هاوار و فیدرالیزۆ و لەخۆدان. ئەوان لە هەمان کاتیشدا ئەم مەتەڵەیان بۆ شی نەدەکرایەوە و دەیانپرسی: یەکێکی وەکو جەعفەری چۆن توانیویەتی لەبەردەم ئەم هەموو ئەندامە کوردانەی ناو "کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی" کارێکی بەو شێوەیە ئەنجام بدات، بەبێ ئەوەی کەس ورتەیەکی لێوە بێت، د. بەرهەم ساڵح و یەک دووانێکی دیکەی لێ دەربچێت؟! ئایا لەبەرچی ئەندامە کوردەکان شتێکی وایان قەبووڵ کرد؟ داخوا ئەمە خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی قانوون و بەندەکانی "قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەت نەبوو؟ بێجگە لەمانە، چەندین پرسیاری تریش بەسەر زاری بەرپرسیارانی ئەوڕۆی کوردستانەوە بوون.

ئەگەر سەرانی کورد لە باشووری کوردستان بە مافی ڕەوای خۆیان بزانن، بێ ئەوەی پرسێ بە کەس بکەن، ئەوەی کە ئارەزووی لێیانە بیڵێن و ئەنجامی بدەن،

ئێمەمانانیش بە مافی ڕەوا و تاکەکەسییانە و کوردانەی خۆمانی دەزانین ئەم پرسیارانەی خوارەوەیان بۆ دەبارە و سەدبارە بکەینەوە:

• ئێوە کە ئەندامان و کادیرانی خۆتان لەسەر بنەمایەکی حیزبیی تەسک ڕاهێناوە و ڕادەهێنن، ناتوانن لەوەی کە بە چاوی خۆتان بینیتان زیاتر چاوەڕوانی شتێکی تریان لێ بکەن. گەورە بڕژێنێ گچکە پێ لێ دەخشێنێ. وایە یان نا؟

• ئەو ئەندامە کوردانەی کە لە بەغدا لێی پاڵ کەوتوون، هەر هەموویان گرێدراو و وابەستەی بەرژەوەندییەکانی پارتە دەسەڵاتدار و دەسترۆیشتووەکانی ئەورۆی باشووری کوردستانن نەک بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ستراتیژی و کوردستانییەکان. ئەمە شتێکە و لامان ڕوون و ئاشکرایە. هەر لەبەر هەندێ زۆر ئاساییە کە لە هەر کارێکیاندا کورد بە قوربانی حیزب و سەرکردەکانیان بکەن. دەترسێم بڵێن وا نییە؟

• گەلێ لە وەزیر و بەرپرس و ئەندامە باڵا و ناباڵاکانی حکوومەتە تەقولەقەکەی جەعفەری، بە کورد و عەرەب و ئەوانی تریشەوە، لە بنەڕەتدا خزم و دۆست و کوڕ و کچ و ناسیار و هاوڕێ و هاوڕای یەکترن. جا لە بارێکی وادا ئەوان و گەل: کام مەرحەبا؟

دیسان لەمەڕ پرسی نەتەوەیی و کورد و سیاسەتی ناکوردستانییانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەی باشوور، لە دەستمان دێ بە دەیان و سەدان نموونەی دیکەش بێنینەوە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ لێیان بدوێم، یەک دوو شتی زەقن کە لەم چەند هەفتەیەی ڕابردوودا لە کوردستان تیڤی سەرنجیان ڕاکێشام. دیارە ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە پەرێزی کوردسات و مێسۆپۆتامیا و ڕۆژ تیڤی و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی تر پاک و خاوێنە.

لە هەولێر، بەبۆنەی یادی دە ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، چالاکییەک بە ناوی "هەفتەی چاندی نەتەوەیی" ئەنجام درا. بەشداربووان لە کەسانێکی ڕۆشنبیری هەر چوار پارچەی کوردستان پێکهاتبوون. لە کوردستان تیڤی بە بەردەوامی هەواڵ و دەنگوباسەکانی تایبەت بە "هەفتەی چاندی نەتەوەیی" پێشکەش بە بینەران دەکران. لە کاتی هەڤپەیڤین و پرسیارکردن لەو ڕۆشنبیر و نووسەر و لێکۆڵەرە کوردانەی کە لە پارچەکانی تری کوردستان هاتبوون، زۆر بێمانایانە و بە شێوەیەکی ناکوردستانی و نانەتەوەییانە، لەبن ناوەکانیان

دەنووسرا: کوردستانی تورکیا، کوردستانی ئێران، کوردی سوریا. جارێکیان نووسەرێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی خۆی گوتی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام کوردستان تیڤی شەرمی نەکرد و ڕێک لەو دەمەی کە قسەیان لەگەڵ نووسەری داماو دەکرد، بێڕێزییان بەرامبەر بەو نیشان دا و لەژێر ناوەکەیدا نووسیان : Kurdistana Îranê . هەر هەمان کەتنیان بەرامبەر بە برایەکی نووسەری کوردی باکوور کرد و لەبن ناوی ئەویش نووسیان: Kurdistana Tirkiyê . ئەرێ سەیر نییە چالاکییەک ناوی "هەفتەی چاندی نەتەوەیی" لێ بنرێت، کەچی بەشداربووانی بە خەڵکی کوردستانی "عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا" پێناسە بکرێن؟! کوردستان تیڤی کە هەندێ جار بێژەرانی ئاڵای ڕەنگاوڕەنگی کوردستان لە شێوەی کراس و جلوبەرگی کوردی لەبەر خۆیان دەکەن، بۆ نموونە ناز عەبدوڵلا، لێ لە هەمان کاتدا قسەی سەر زار و بن زاری کارگێڕ و بەڕێوەبەر و بێژەرانی هەمیشە "کوردستانی عێراق" و "کوردستانی ئێران" و "کوردستانی تورکیا" و "کوردی سوریا" و "عێراقی نوێ" و زۆر دەستەواژە و دەربڕینی ناشیرین و نارەسەن و نانەتەوەیی و ناکوردستانییانەی دیکەیە. دەبێ ئەمە چەندی بە چەند بێ و لە قوتووی چ عەتارێکیشدا جێی ببێتەوە؟!

هۆ خوشکنۆ.. هۆ برانۆ.. گەلۆ خوێن و خەبات و ملیۆنان شەهید لە پێناوی ئەوە بوون کوردستان هی "عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا" بێ؟! ئەم پرسیارە خۆتان وەرامی بدەنەوە.

بابەتی کورد و هەستی نەتەوەیی هەتا بڵێی ئاخاوتن و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێ. من لێرەدا زۆر بە کورتی چەند وشەیەکم لەسەری نووسی. بیرۆکەی نووسینی ئەم کورتەباسە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بوو سەبارەت بە هەندێ هەڵسوکەوت و ڕووداو، کە نەدەکرا هەروا بە ساناهی چاویان لێ بپۆشم.

ستۆکهۆڵم 20-5-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## ئەوان دوژمنمانن، ئەی خۆمان چی یەکترین؟!*

لە ژمارە 192ی ئەم جارەی میدیای ئازیزدا بابەتێک بڵاو کرابۆوە، کە جۆرێک بوو لە گلەییکردن لەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە عەرەبییە عێراقییانەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس سەریانهەڵداوە و، بە گەلێ شێوانیش دژایەتی گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی دەکەن.(ڕۆژنامە عەرەبییە عێراقییەکان بۆچی هێرشدەکەنە سەر داواکارییەکانی کورد، ل 6؟) .

بڵاوکردنەوەی بابەتێکی وەها لە میدیادا چ زەرەرێکی بۆ کورد نییە، بگرە بە قازانجیش دەگەڕێتەوە. دیارە چ خەباتکارانی میدیا و چ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنە جیا جیاکانی تری سەر بە کوردانیش، نابێ چاوەڕوانی شتێکی لەمە چاکتر و زیاتر لە مەسمێدیای عەرەب لە عێراق و گشت وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە و نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی کوردستان بکەن. ئەمەیان مەسەلەیەکە لەزووەوە براوەتەوە و چ قسەیەکیشی لەسەر نییە. ڕۆژنامەڤان و نووسەر و ڕۆشنبیرانی جیهانی عەرەب، تاک تاکیان لێ دەرچێ، دەنا هەر هەموویان پەروەردەی دەستی ڕژێمە ڕەگەزپەرست و تۆتالیتارە بۆگەنەکانی وڵاتانی خۆیانن. کەواتە چ جێگای سەرسووڕمان نییە، ئەگەر ئەوان بە نوێژی نیوەڕۆ بانگی ئەڵلاهوئەکبەری دژایەتیکردنی کورد بدەن. لەو عێراقە نوێیەی کە سەرانی کوردیش شەو و ڕۆژ بە بەژن و باڵای زراڤیدا هەڵدەڵێن، لە ڕۆژی ئەوڕۆدا کەسانێکی بەناو ڕۆژنامەڤان و ڕۆشنبیری وەها لەنێو عەرەبدا هەڵکەوتوون، ئەگەر کاتی خۆی لە بەرامبەر کورد بێدەنگییان هەڵبژاردبێ، ئیرۆ لەژێر ناوی دیموکراسی و ئازادیی بیر و ڕا دەربڕیندا شیر و تیر لە کورد دەسوون و، بە هەموو شێوەیەکیش دژی هەر شتێکن کە بۆنی سەربەخۆیی کوردستان و کوردی لێوە بێت. هەر هەموومان چاومان بەو ماڵپەڕە قێزەون و شۆڤێنی و ناحەز بە کوردانە کەوتووە کە لە لایەن ئەم تاقم و گرۆ و دەستە بەعسی و نابەعسی و عروبەوییانە سەرپەرشتی دەکرێن و، دەشزانین لەسەر کورد و کوردستان چ دەنووسن و چۆن چۆنیش ڕق و کینەی ڕەشی دڵی خۆیان بەسەر کورددا هەڵدەڕێژن. کورد دەبێ چاوەڕوانی چی لە کەسانێکی عەرەبی عێراقی بکات کە هێشتا ئامادە نەبن، بە وشە و زاراوەش، ناوی کوردستانی زێد و واری دێرینی کوردان بخەنە سەر زاریان؟!

من دەردی گران لەو خاڵەی سەرەوەدا نابینم، چونکە بتەوێ و نەتەوێ ئەوان دوژمنی تۆن و هەرچییەکیشیان لە دەست بێ، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و

سەرکوتکردنی داوای سەربەخۆییخوازانەی کورد سڵی لێ ناکەنەوە. مێژوو لەمێژە ئەمەی بۆ کورد سەلماندووە، تۆ بڵێی کوردیش سوود و پەندی لێ وەربگرێ؟!

بە بۆچوونی من دەردی هەرەگران بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە تایبەتە بە کورد خۆی، چ وەک گەل و نەتەوە، یانیش وەک توێژ و چینی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەڤان و کەسانی خامەبەدەست و بواری کاری ڕاگەیاندن و ڕۆشنکردنەوە و تێگەیاندن. ئەگەر تەنیا ئاوڕێکی خێرا لە ماڵپەڕە کوردییەکانی خۆمان بدەینەوە، ئەوسا لەوە حاڵی دەبین کە نووسەران و ڕووناکبیرانی ئێمە، تا چ ڕاددەیەک خەریکی خۆماندووکردنن بە یەکتری و زۆر لە هێز و تواناکانی خۆشیان بۆ ئەم مەبەستە خستۆتە گەڕ. ڕۆژ نییە لە هەر سایتێکی کوردیدا کە بیکەینەوە، لەم جۆرە بابەت و نووسینانەمان بەر چاو نەکەوێ. ئایا ئەرکی سەر شانی نووسەرانی کورد ئەوەیە بەرەنگاری نووسەرە شۆڤێنیست و ڕەگەپەرستەکانی عەرەب و تورک و فارس بنەوە یان بە دەیان نووسراو و قسەی قۆڕ و ناشیرین حەواڵەی یەکتر بکەن؟ داخوا کام ئەرکیان گرنگتر و پێویستتر و سوودبەخشترە: ئەرکی نەتەوەیی و خزمەتکردنی گەل و نیشتمان یان تێکبەربوون و داپڵۆسینی سەر و گوێلاکی یەکتر، بەڵام بە زەبری هێزی قەڵەم؟!

زۆر بە داخەوە دیاردەیەکی وەها بەتەنێ لەنێو نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورددا باو نییە، بەڵکو سەرتاپای لەشی کوردی گرتۆتەوە و سیاسەتمەدارانیشمان لەم بوارەدا عەرەب گۆتەنی بەشی شێریان بەر دەکەوێ. ئەگەر تەماشای ڕەوشی ئەوڕۆی باشووری کوردستان بکەین، بە شێوەیەکی باشتر لە مەبەستی ئەم قسەیە تێدەگەین. لە عێراق کە کەناڵە کوردییەکان بە "نوێ" و "فیدراڵ" ناوی دەبەن، سەرۆکی کۆمار کوردە و دەچێ لە ئوردن کێشەی نێوان شیعە و شاحوسێن، چەلەبی و ئەم وڵاتە چارەسەر دەکات، کەچی لە کوردستانەکەی لەمەڕ خۆیدا لەسەر پرسی سەرۆک و مەسەلەی چارەنووسسازی کەرکووک و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و زۆری دیکەش، هێشتا، وەک ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران..نە هەڕەشە و مەترسی دوژمنان، خەڵک لە چاوەڕوانیدا دەهێڵنەوە و گاڵتەش بە هەست و هیوا و خەون و ئامانجەکانیان دەکەن. نازانم جەلال تاڵەبانی لەم سەردانەی خۆیدا بۆ ئوردن، بابەتی کوردە ئاوارە لێقەوماوەکانی ئۆردووگای ئەلکەرامەی سەرسنووریی، دەگەڵ شای ئوردندا کردۆتەوە یان نا؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم: یەکێ کە لە ماڵی خۆیدا ڕیشسپییاتی پێ نەکرێ، لە ماڵی بێگانەدا ئەگەر کارێکی واش ئەنجام بدا چ هونەرێک نانوێنێ!

برادەرێک هەر لە میدیادا نووسیبووی: پارتی و یەکێتی ئەوەندە کۆبوونەوەیان سازداوە، وا خەریکە گوڵی سەر مێزەکانیشیان سیس دەبن! منیش لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە ئەوان شایەنی ئەوەش نین سەر مێزەکانیان بە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردستان برازێننەوە!! یەکێ کە بۆنی گوڵی وڵاتەکەی بکات، دەبێ قەدریشی بزانێت. گەلۆ پارتی و یەکێتی تا چ ئاستێک پەیڕەوییان لەم یاسایە کردووە؟!

سوێد 25-5-2005

* لە (میدیا، ژمارە 193، 2005/5/31، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# له گونده کاولکراوه‌که‌مدا*

**<u>ڕوونکردنه‌وه‌یه‌کی پێویست</u>: له هاوینی ساڵی 1992 ، دوای حه‌وت ساڵ چاوه‌ڕوانی، سه‌ردانی باشووری کوردستانم کرد. بێگومان به دیداری خاک و خۆشه‌ویستان گه‌لێ شاد و خۆشحاڵ بووم. پاش ئه‌وه‌ی که هاتمه‌وه سوێد، بێجگه له‌و هه‌موو وێنه ڕه‌ش و سپی و ڕه‌نگینانه‌ی گرتبوومن، ده‌ستنووسێکی دووسه‌د لاپه‌ڕه‌ییشم له‌سه‌ر ئه‌م سه‌ردانه‌ی خۆم بۆ به‌شێکی نیشتمانه‌که‌م ئاماده کردبوو بۆ چاپ. به داخ و که‌سه‌رێکی زۆره‌وه، له ئه‌نجامی ڕووداوێکی چاوه‌ڕواننه‌کراو و کتوپڕدا، زۆربه‌ی هه‌ره‌زۆری ئه‌و که‌ره‌سه و وێنه و گۆڤار و به‌ڵگه‌نامانه له‌ناوچوون. ته‌نیا بڕێکی که‌م له‌و وێنه و نووسراوانه لام ماونه‌ته‌وه، که هه‌ندێکیان لێره و له‌وێ بلاو کراونه‌ته‌وه و هه‌ندێکیشیان تا هه‌نووکه وه‌ک خۆیان ده‌ستیان لێنه‌دراوه. ئه‌م بابه‌ته‌ش یه‌ک له‌و نووسراوانه بوو که ده‌بوایه له کاتی خۆی چاپ و بلاو کرابایه‌وه، به‌ڵام دیسان ده‌ڵێم به داخه‌وه شته‌که نه‌چووه سه‌ر و کاره‌که‌ش ئه‌نجام نه‌درا. دیاره ئه‌م بابه‌ته ساڵانێک به‌ر له ئێستا نووسراوه، هه‌ربۆیه تکام له خوێنه‌ری هێژا ئه‌وه‌یه له کاتی خوێندنه‌وه‌ی بابه‌ته‌که‌دا، ڕه‌چاوی ئه‌م مه‌سه‌له‌یه بکات و شته‌کانی ئه‌وسا و ئێستای له‌به‌ر چاو بێت. مه‌هاباد کوردی، ستۆکهۆڵم 28-5-2005**



زۆر جار ڕۆژانی منداڵی خۆشترین ڕۆژه‌کانی مرۆڤ ده‌بن. هه‌رچه‌نده ئه‌م لێکدانه‌وه‌یه له سه‌داسه‌د ڕاست نییه، به‌ڵام یادگاری و بیره‌وه‌رییه‌کانی ئه‌م ڕۆژانه بۆ هه‌تا هه‌تایێ له دڵ و ده‌روونی مرۆڤدا ده‌مێننه‌وه. ئه‌وه‌ی تایبه‌ت بێت به منداڵانی کوردستان، ڕه‌وشه‌که لای هه‌موومان ئاشکرایه و، ئه‌وان هه‌ر له ڕۆژانی ده‌ستپێکی ژیانیانه‌وه تووشی سه‌ختترین ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌کان دێن. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش منداڵانی کوردستان خاوه‌ن جیهانی سه‌ر به خۆیانن و هه‌ر یه‌کێکیشیان بوخچه‌یه‌کی نه‌کراوه‌ی پڕ له یادگارییه جۆراوجۆره‌کانی لا ده‌ست ده‌که‌وێ.

منی نووسه‌ری ئه‌م چه‌ند دێڕانه، وه‌ک هه‌ر زارۆکێکی دیکه‌ی چه‌وساوه و له‌بیرکراوی کوردستان، زۆربه‌ی زۆری ڕۆژانی سه‌رده‌می منداڵێتیم له ئامێزی گوندێکی خنجیلانه‌ی نیشتمانه خۆشه‌ویسته‌که‌ماندا به‌سه‌ربردووه. "مورتکه‌ی گه‌وره" که ناوی گونده‌که‌ی منه، له ده‌شتی به‌پیتی هه‌ولێر و حه‌ڤده کیلۆمه‌تر دووری باژێڕ هه‌ڵکه‌وتووه. ئه‌م گونده کاتی خۆی ژماره‌ی ماڵه‌کانی له هه‌شتا زیاتر بوو. خه‌ڵکی مورتکه‌ی گه‌وره‌ش وه‌ک زۆر له ئاوایی و دێیه‌کانی تری کوردستان به کشتوکاڵ و

ئاژەڵدارییەوە بەڕێوەدەچوون. لە گوندە دڵگیرەکەی ئێمەدا قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و نەخۆشخانەیەکی بچکۆلانەش هەبوو. دانیشتووانی گوند لە خۆشی و ناخۆشیدا بە هانای یەکترەوە دەهاتن و ئەم پەندەی باب و باپیرانیان هەمیشە لەسەر زار بوو: شین و شایی بە دەستەوایی!



ئەو ڕۆژانەی کە لەنێو قەرسیلان لەبەر بەرخۆلان بووم... ڕۆژانی بەرخەوانی و شوانی... ڕۆژانی قرشەکێشانەوە و ناو پەرێز و سواربوونی جەنجەڕ و سەر جۆخینان و هەڵگرتنی خەلە و خەرمان... شەوانی کاکێشانی بەر تریفەی مانگەشەو... ڕۆژانی چوونە قوتابخانە و گاڵتەوگەپی هاوڕێیانە و تریقەی پێکەنینی پاکی منداڵانە... ڕۆژانی چاوشارکێ و چاوبڕکێ و چاوهەڵتەکاندن و چاوچاوانێ... ڕۆژانی یەکەمین خۆشەویستی پاک و بێگەرد... ڕۆژانی خۆناسین و وریابوونەوە... ڕۆژانی خەبات و تێکۆشان... ڕۆژانی زیندان و دەربەدەری... ڕۆژانی غەریبایەتی و دوورەوڵاتی... ئەو ڕۆژانە و ئەم ڕۆژانە بوون پاڵیان پێوەنام دەست بەرم بۆ خامە...ئاوارەیی و پەڕاگەندەبوون لە ئێران و پاکستان و سوێد و ئەوروپا بە چ شێوەیەک "مورتکەی گەورە" و نیشتمانیان لە بیر نەبردمەوە. هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە داخوا دەبێ فاشیستە داگیرکەرەکان چیان بەسەر مورتکەی گەورە و تەواوی کوردستانەکەمدا هێنابێ. دڵی خۆم کردبووە هێلانە و گوندەکەمم تێدا حەشاردابوو. لە یەکەمین سەردانیشمدا بۆ باشووری کوردستان پێش هەر شتێک بەپەلە خۆم گەیاندە گوندە کاولکراوەکەم.

سبەینێیەکی زوو لە خەو هەستاین و نانی بەیانیمان خوارد. ئینجا من و برایەکم و خوشکێکی بچکۆلانەم پێکەوە ڕوومان کردە شوێنی سواربوونی ماشێن بۆ قوشتەپە. لە دوای نیو سەعات چاوەوانی و پڕبوونی ماشێنەکە"ڕیم"، بە نیازی چوون بۆ گوندی مورتکەی گەورە بەڕێ کەوتین. هەر کە گەیشتینە سەیتەرەکەی سەر ڕێگای کەرکووک، پێشمەرگەیەک لە شوفێرەکەی پرسی: دەچنە کەرکووک؟ شوفێرەکەش لە وەرامدا گوتی: نەخێر، بۆ قوشتەپە دەچین. کاکی پێشمەرگە بە "برۆ خواتان لەگەڵ" ڕێی پێداین تا بڕۆین.

لە گۆڕستانێکی ئەم ناوەدا خەڵکێکی زۆر کۆبووبوونەوە. کۆمەڵە تورمبێلێکی چاکیش لەوێ وەستابوون. وا دیار بوو یەکێ کۆچی دوایی کردبوو و دەیانویست بینێژن. نەفەرێکی ناو ڕیمەکەی ئێمە کە سەیری ئەم دیمەنەی کرد، بە لالووتێکەوە

گوتی: هەبێ و نەبێ ئەو کەسەی مردووە دەوڵەمەندێک بووە، دەنا قەت ئەم هەموو تورمبێڵە کەشخەیە لەسەر گۆڕستان کۆنەدەبوونەوە!
لەمبەر و لەوبەری ڕێگادا دیمەنی گوندە چۆڵ و کاولکراوەکان سەرنجی هەر کەسێکیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا و، ئەنفالە بەدناوەکان و شاڵاوی دڕندانە و ڕەگەزپەرستانەی بەعسییەکانیان بۆ سەر کوردستان وەبیری مرۆڤ دێنایەوە. ئەو کەلاوەگوندانەی کە لەسەر ڕێگا تووشیان هاتین، ئەمانە بوون: گردەڕەشەی گەورە، گردەڕەشەی گچکە، قەرەچناغا و مورتکەی گچکە. هەر لەم ناوەدا تاک و تەرای خەڵکیش دەبینران کە گەڕابوونەوە سەر زەوی و زارەکانیان. هەندێک لەو گەڕاوانە بە چاندن و کاری کشتوکاڵییەوە خەریک بوون. لەناو ماشێنەکەدا دالغەی ئەوەم لێدابوو، ئەرێ بە ڕاست ئەم هەموو وێرانکاری و ماڵوێرانییە هەر لە پێناو ئۆتۆنۆمی بوو؟!
پاش ئەوەی کە گەیشتینە سەر پردەکەی کەندی مورتکە، نێوان هەردوو گوندی مورتکەی گەورە و گچکە، لە ماشێنەکە دابەزین. لەوێندەرێ تێر بە دڵی خۆم و بە دوو چاوی تامەزرۆوە بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکەم ڕوانی. دێی مورتکەی گچکە نزیکی سەر جاددەیە و مورتکەی گەورەش بە پێیان سەعاتێک لە سەر جاددەکەوە بەرەو سەرەوە دوورە. هاوڕێیەکی گەلێ خۆشەویستم هەبوو لە گوندی مورتکەی گچکە، یادی بەخێر ناوی دڵشاد بوو. بە داخەوە لە شەڕی کوێت بووبووە خۆراکی گوللەی هێزە هاوپەیمانەکان. بۆ ماوەی نۆ ساڵ لەگەڵ کاکە دڵشادی ڕووخۆش لە قوتابخانە پێکەوە دەمانخوێند. بە ڕاستی ژیان لە شێوەی فلیمێکی سینەمایی دایە.



هەرسێکمان، من و برا و خوشکە ئازیزەکەم، هێدی هێدی ڕووەو تیشکی خۆر، بۆ لای گوندی وێرانکراوی مورتکەی گەورە کەوتینە ڕێ. ئەوی ڕاستی بێ من گێژ و وڕ بووبووم، لە لایەک لەبەر ژانەزگ و لە لایەکی دیکەش لەبەر یادگارییەکانی هەشت ساڵ بەر لە ئێستا و ڕۆژانی منداڵی و قوتابخانە و نێو گوند. خوشکە خۆشەویستەکەم بەم شێوەیە، بەدەم ڕۆیشتنەوە، چیرۆکی ڕووخاندن و کاولکردنی گوندەکەمی بۆ دەگێڕامەوە:" ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێمە لە قوتابخانە بووین، هەر ئەوەندەمان زانی لە دەنگی تانکەکانی ڕژێمی بەعس بەئاگا هاتین. لە ماوەیەکی کورتدا هەرچوار دەورەی گوند گیرا و خەڵکەکەش خڕکرانەوە. مامۆستایەکی قوتابخانەکەمان کە ژنێکی بەجەرگ بوو، ویستی هەندێ لە کتێبەکانی قوتابخانەکە

هەر بۆ یادگاری ڕزگار بکات، بەڵام لەم کارەیدا سەرنەکەوت. ئەو خانووبەرانەی کە لە چیمەنتۆ بیناکرابوون، بە تایبەتی قوتابخانەکە و شوێنی بیری ئیرتیوازی و ئەوانی تر، هەر هەموویان بە دینامێت تەقێنرانەوە و لە



چاوتروکانێکدا پرۆشکیان گەیشتە ئەوپەڕی ئاسمان. خانووە قوڕەکانیش بوون بە خۆراکی کەڵبەی شۆڤەلەکانی ڕژێمی فاشیست و کوردکوژی بەغدا. دانیشتوانی گوندیش بە گشت لایەکدا پەرت و بڵاوەیان پێکرا و ئاوارە و دەربەدەر کران. بە خۆشت دەیانبینی، هەر تاقمێک لە شوێنێک و لە ئۆردووگایەکدا گیرساونەتەوە. سەرت نەیەشێنم دەنگی نەڕەنەڕی تانک و زیڕەی شۆڤەلەکان و هاتوهاواری زارۆک و ژنانی کورد دەگەیشتنە بارەگای عەرشی خوا، بەڵام چ هێزێک نەبوو بە هانامانەوە بێ و لم دۆزەخە دەرمانبێنێ. لە ماوەیەکی زۆر کەمخایەندا ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد بە چاوی خۆمان بینیمان و بەسەرماندا هات".

کاتێ ئەم وتانەم بەر گوێ دەکەوت دیمەنی ماچوموچی سەرانی "بەرەی کوردستانیی عێراقی" ئازاریان دەدام و دەیانبردمەوە بۆ شاری "ترۆلهێتان"ی سوێد، چونکە بۆ جاری یەکەم لە تەلەفزیۆنی سوێد دەنگی ئەم ماچوموچانە وەبەر گوێم کەوتن. هەر لە هەمان تەلەفزیۆنیش دیمەنی ڕەوی بەکۆمەڵی گەلەکەمان خرایە بەر دیدەی بینەران.

هەر کە نزیکی بێستانەکەی مام ڕەحمان بووینەوە، یەکسەر ڕۆژانی بەرخەوانیم کەوتەوە یاد. ئەو ڕۆژانە هی ئەوە نین لە بیرم بچنەوە.. ئەو ڕۆژانە لە ژیانمدا ڕۆژانێک بوون کە بە پەلە هاتن و چوون، جارێکی تریش قەت ناگەڕێنەوە. هەر بۆ یادگاری لەم شوێنەدا چەند وێنەیەکمان گرت.

بەرە بەرە نزیکی گوند بووینەوە، بەڵام چ ببینین؟! تەنیا خانووی ڕووخاو و وێرانکراو کە ئاگر بە جگەری مرۆڤەوە دەنێن و کزەکزی پێدەخەن. مزگەوتەکەی گوندیش ڕزگاری نەبووبوو لە ڕق و کینەی ڕەشی داگیرکەرە هۆڤەکانی کوردستان. جاری یەکەم لاماندا سەر گۆڕستانەکەی گوند، چووینە سەر گۆڕی دایکە خۆشەویستەکەم. دەمویست دان بەخۆمدا بگرم و نەگریم، لێ خۆم بۆ نەگیرا و ڕووی خۆم لە خوشک و براکەم وەرگێڕا و دوو دڵۆپ فرمێسکی گەرم هەردوو لاڕوومەتەکانمیان تەڕ کرد.

لەناو خانووە ڕووخاوەکانی ئەم گوندەی کوردستاندا هاوار و زریکەی مافخوراوانی دنیا بەر گوێی مرۆڤ دەکەوتن. بەڵێ لەنێو ئەم کەلاوەخانووانەدا تەنیا ماڵێکت پێش چاو دەکەوت کە لە بنچینەدا خەڵکی گوندێکی دیکەی وێرانکراوی کوردستان بوون، گوندی "بێستانە"ی سەرووتر، لەوێندەرێ بۆ خۆیان ڕەشماڵیان هەڵدابوو و بە کاروباری خۆیانەوە خەریک بوون. لەکن ئەوان جامەئاوێکی ساردمان خواردەوە و یەک دوو وێنەشمان گرت. لە دواییدا ڕوومان کردە ئاقاری "قووچ". لە ڕێگادا "هێلانەقەتێ"یەکم تووش هات و ڕاوە "فەرەقەتێ و قەتێ"ی سەردەمی منداڵێتی بە بیر هێنامەوە. لەم ناوەدا یەک دوو ماڵی دیکە هەبوون. ئەوانیش پێشتر خەڵکی دەوروبەری دوبس بوون و چارەنووس لەم دێیە وێرانکراوەی گیرساندبوونەوە. دوو براکوردی سەر بەم ماڵانە خەریکی کاروباری کشتوکاڵی بوون و، تەماتە و ئاروو و بامیە و زۆر سەوزەی تریان چاندبوو. کەمێک لەناو شینایی ئەم دوو هاووڵاتییەی خۆمان



سووڕاینەوە و پەرداخەشیرێکی گەرمیشم لایان خواردەوە. ئەگەر باسێکی تەواوی ژانەزگەکەی خۆمتان بۆ بکەم، دڵنیام لە پێکەنینان خەنی دەبن.

کاتێ دووبارە گەڕاینەوە ناو گوندی وێرانکراو، بۆ لای قوتابخانە سەرەتاییەکە ملمان نا. مورتکەی گەورە هەر لە ساڵی 1959وە خاوەنی قوتابخانە بووە و، قوتابییان لە گوندەکانی دەوروپشت بە مەبەستی خوێندن و فێربوون ڕوویان تێکردووە. قوتابخانەکە گەلێ وەستایانە تەقێنرابۆوە، بەڵام نیشانەیەکی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبەکانی هەر بەسەر لادیوارێکی ڕووخاویدا مابوو: نەخشەیەکی نیشتمانە عەرەبییە نەفرەتییەکەیان!

دوای بینینی ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە، ڕوومان کردە ئەو شوێنەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەماڵی ئێمە دادەنرا. بڕوا بکەن ئەگەر بە ئاسەواری کۆنەئاشێک نەبوایە، کە کاتی خۆی لە نزیک باخچەکەمان بوو، خانووەکەی خۆشمانم نەدەناسییەوە. لەم باخچە خۆش و فێنکەی کە لە حەوشەکەماندا بوو، تەنیا بنەدار تووێک بەپێوە مابوو.



بە دیتنی ئەم دیمەنە ترسناک و خەمهێنەرانە چاوەکانم فرمێسکیان تێدەزان و، بە دەست خۆم نەبوو بەزەییم بە گەلە داماو و بێ دەوڵەتەکەم دەهاتەوە. دەڵێن بەزەیی بەخۆهاتنەوە لە ناوەڕاستی ڕووداوەکاندا نیشانەی لاوازی و بێدەسەڵاتییە. ئەم قسەیە چەندی ڕاست و چەندیشی هەڵە بێ، چ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. من هاتووم هەستی دڵ و دەروونی خۆمم بەیان کردووە نەک شتێکی تر.

بەدەم قسەکردنەوە هەندێکی دیکەش لەناو کەلاوەخانووەکانی گوندی مورتکەی گەورەی دەشتی هەولێری وڵاتی کوردستانی وێرانکراودا سووڕاینەوە. لە پاشان بەرە بەرە بۆ لای ماڵەخزمێک شۆڕبووینەوە کە لە شوێنێکی، بەناو کارگەیەکی بەخێوکردنی پەلەور دەژیا."مەعمەل دەواجنەکەی فارسی حوسێن مەیاس". دنیا ئەوەندە گەرم بوو، هەر خواخوام بوو زوو بگەمە وێندەرێ و کەمێ بحەسێمەوە. بە هەرحاڵێک بوو گەیشتینە ئەو جێگایە و، لەگەڵ چەند کەسێکی هاوگوندی و خزم و ناسیاو یەک دوو سەعاتی خۆشمان بەسەر برد. ئینجا بەهۆی پیکابەکەی کاک فارس چووینە سەر جادده تاکو لەوێ بە تورمبێلێکی نەفەرهەڵگر بۆ هەولێر بگەڕێینەوە.



لەسەر جاددەکە بە مەبەستی ئاوخواردنەوە و جگەرەکڕین لاماندا لای پەنچەرچییەک. کابرای خاوەن دوکان"پەنچەرچی" خەڵکی هەولێر بوو. ئەو پیاوێکی چوارشانە و کەڵەگەت و بەخۆوە بوو. سمێڵێکی ڕەشی ئەستوور دەم و چاوە گوپنییەکەی ڕازاندبۆوە. ئەم براکوردە، ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەمزانی، چۆن وا زوو هەستی کرد لە ئەوروپا گەڕاومەتەوە و، بێ چ سێ و دوو لێکردنێک گوتی: بەرەی کوردستانی دزە! ئەوان هەر شتێکیان لە دەست بێ، دەیکەن! تەنیا بۆ گیرفان پڕکردن ئازان! قسەکانی ئەم کابرایە هەستیان بزواندم و تا ڕاددەیەکیش کاریان تێکردم.

نزیکەی بیست دەقیقە لەم شوێنەماینەوە. دوای خواحافیزی و خاتر لێکخواستن بە توێتەیەکی بیست و یەک نەفەری و بە دڵێکی تژی خەمەوە گەڕاینەوە پیرەشاری هەولێر. هاوینی 1992

* لە (میدیا، ژمارە 196، 2005/6/21، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## تۆڕە تیرۆریستییەکەی شێخ زانا و چەند وتەیەک*

زۆربەمان چاومان بەو دیمەنە قێزەون و دوور لە هەر داب و نەریتێکی کوردەواری و ڕەوشتێکی مرۆڤانە کەوت، کە لە کاتی دانپێدانانەکانی گرووپە تیرۆریستییەکەی شێخ زانا لە کوردستان تیڤی بە بینەران نیشان دران. ئەمە و جگە لە بڵاوبوونەوەی نووسراو و هەواڵی جۆراجۆری دیکە لەمەڕ هەمان بابەت لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردیی ناوخۆ و دەرەوەشدا، کە دیارە هەر هەموویان جەختیان لەسەر پلەی هۆڤێتی و نامرۆڤانەی تاقمە تیرۆریستییەکە دەکردەوە. چ گومان لەوەدا نییە هەر کەسێک چاوی بەو دیمەنە نائاسایی و نامۆیانەش بە کۆمەڵگای کوردەواری کەوتبێت، بە دەست خۆی نییە، ڕک و کینەی بەرامبەر بە تیرۆریستان و مرۆکوژان زێدەتر دەبێت و لە ناخی ناخیشییەوە بڕانەوەی یەکجارەکی ئەو وەحشییە ترسناکانە بە ئاوات دەخوازێت.




تیرۆریزم دیاردەیەک نییە لەنێو خودی کۆمەڵگای کوردستانەوە، لە دەستپێکدا، بەرهەم هێنرابێت و سەرچاوەی گرتبێت. نەتەوەی کورد هەمیشە خۆی بووە بە قوربانی دەستی ڕەشی تیرۆر و تیرۆریستانیش. داخوا کەس هەیە نەزانێ کورد، وەک گەلێکی بندەست و سەربەخۆییخواز، بە درێژایی مێژوو لەبن جەور و ستەمی "تیرۆری دەوڵەتی"ی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا پشتی شکاوە و، بگرە تا ئەوڕۆش هەر بە فیتی ئەو نەتەوە سەردەست و زۆردارانەیە کە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە، تەنێ لەبەر کوردبوونیان، سەر دەبڕدرێن. لە کوردستانی ئەوڕۆدا، هەڵخەڵەتاوانێکی زۆر کەمی لێ دەربچێت، کەسێکت نایەتە پێش چاو کە لەگەڵ سەربڕین و ئەتککردنی مرۆڤە بێتاوانەکاندا هاوکووف بێت. بڕوا ناکەم کەسێک هەبێ، ئەگەر تۆزێ خاوەن ویژدان و هەستی مرۆڤانە بێ، بە بینینی دیمەنگەلێکی تایبەت بە دانپێدانانەکانی تۆڕە تیرۆریستییەکەی شێخ زانا دڵی خۆش بێ و ئافەرینیش لەو دێو و دڕندە خەتەرناکانە بکات.

دەڤەری دەشتی هەولێر کە بە دەیان و سەدان داستانی پاڵەوانێتی لە دژی هێزی داگیرکەران و دوژمنان تۆمار کردووە و، بە هەزاران ڕۆڵەی بەئەمەک و وەفای دەقەبەڵ خەباتی ڕەوای کوردانیش کردووە، دانیشتوانەکەی بە هەموو شێوەیەک نارەزایی توند لە هەمبەر کردەوە تیرۆریستییەکانی تاقمی شێخ زانا دەردەبڕن و، هەزاران تفیش لە دووڕ چاوی تیرۆریستان و ناحەزانی کورد و کوردستان دەکەن. کار و هەڵسوکەوت و تاوانە ڕەشەکانی ئەم باندە تیرۆریستییە بە پێچەوانەی هەر پێوەرێکی داب و نەریت و ڕەوشتی کوردەواری و ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی و "هەولێری"یشن.

ڕاستە لە باشووری کوردستان ڕەوش تا ڕاددەیەکی باش ئارامە و هاووڵاتییانیش ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەسەر دەبەن، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ تەقینەوە و کارە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانە دەمانخەنە بەردەم چەندین پرسیاری جیا جیا و بەیەکەوەگرێدراویشەوە: ئایا "ئاسایش" تا چەند دەسەڵاتی بەسەر باری ئەمنیی وڵاتدا دەشکێت و چی لە دەست دێت؟ گەلۆ دەزگاکانی "ئاسایش"ی سەر بە پارتی و یەکێتی، ئەوەندەی چاودێریی یەکتری دەکەن، هەر بە هەمان ڕاددەش چاودێریی خراپەکاران و تیرۆریستان و دوژمنانی کورد و کوردستان دەکەن یان کەمتر؟ ئایا ئەم دوو دامەزراوە کوردییە ـ حیزبییە متمانە بە یەکتر دەکەن یان نا؟ داخوا چۆن چۆنی تیرۆریستان توانیویانە پەل بهاوێژن بۆ ناو خودی دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی چەکداری لە کوردستاندا؟ ئەرێ بە ڕاست نایەکڕیزیی کورد نەبووە هۆیەک تا تیرۆریستان بکارن لە کوردستانیشدا گەرا دابنێن؟ ئەمانە تەنیا چەند پرسیارێکن و گەلێکی تریش هەن.

ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی عێراق و کوردستان زۆر شت بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەکەن و لە هەمان کاتیشدا خاڵێکی گرنگ دەخەنە پێش چاوی خەڵکی کوردستان: ئامانجی یەکەمی تیرۆریستان لە کوردستاندا شێواندنی هەرچی زیاتری ئەو ڕەوشەیە کە لەوێ بەرقەرارە. هەربۆیە ئەرکی یەکەمی سەر شانی "سەرۆکی کوردستان" و تەواوی دڵسۆزانی کورد ئەوەیە کە تا دەکرێ، هەرچی زووترە، یەک تەنیا حکوومەتی کوردستان و هێزی ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیس پێکبێنن و بە هەموو شێوەیەکیش ڕێ لە خراپەکاری و کارە تیرۆرییەکانی تیرۆریستان بگرن. هەتا هەنووکە کورد گەلێ دەرفەتی زێرینی لە دەست داوە، با ئەم هەل و دەرفەتەش لە دەست خۆمان نەدەین! ستۆکهۆڵم 13ـ7ـ2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# كوردستانم چۆن بینی؟

چ لە بەرنامەمدا نەبوو هاوینی ئەمساڵ بچمەوە کوردستان. کتوپڕ ڕۆژێ لە ڕۆژان پوورێکی ئازیزم تەلەفۆنی بۆ کردم و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە هەواڵی خراپبوونی باری تەندروستی نەنکمی، دایکی دایکم کە ئێمە بە "نەنەعەیشێ" ناوی دەبەین، پێ ڕاگەیاندم. لە قسەکانی ئەودا وا دیار بوو کە پیرەنەنکمان، تەمەنی لە سەد ساڵ نزیک بۆتەوە و هەر درێژتریش بێت، دوای ئەوەی کە بەربۆتەوە، ناتوانێ بڕوات و لەسەر جێ کەوتووە. ئەوی ڕاستی بێ پوورە مریەمم داوای ئەوەی لێ نەکردم تا بگەڕێمەوە کوردستان و سەریان لێ بدەم. ئەو هۆیەی کە زیاتر هانیدام بەپەلە ڕوو بکەمە کوردستان، خۆشەویستی خۆم بوو بۆ نەنکە پیرەکەم، کە کاتی خۆی پاش مردنی دایکی جوانەمەرگم لە تەمەنی 39 ساڵیدا، هەروەک دایکێکی میهرەبان چاوی لە ئێمە بوو و تا ڕاددەیەکیش جێگای دایکە خۆشەویست و هەمیشە لە یادنەکردووەکەی ئێمەی گرتەوە. یەکە بە یەکەی خوشک و براکانم ئەم چاکەیان هەتا ئێستانەکینێ لەپێش چاوە و ڕێزی تایبەتیشیان بۆ نەنەعەیشێ هەیە.

بە کورتییەکەی لە ڕۆژی 25-6-2005 بلیتێکی 15 ڕۆژی و هەرزانم دۆزییەوە، کە لە ڕێگای شاری "ئەنتالیا"ی ڕۆژئاوای تورکیا و بەهۆی فڕۆکەیەکی تایبەت بە کۆمپانیای تۆریستی "My Travel"ەوە بوو. من کە قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە و ناشکەمەوە وەک گەشتەوان و تۆریست ڕوو لە تورکیا بکەم، تەنیا لەبەر دەستنەکەوتنی بلیت و هەرزانییەکەش ئەم ڕێگایەم هەڵبژارد. هەروەها لە هەمان کاتیشدا فڕۆکەکە چ پەیوەندییەکی بە "هێڵی ئاسمانیی تورکی"یەوە نەبوو. ئەمە جاری یەکەمیشم نییە، مینا هەزاران کوردی دیکە، لە ڕێی تورکیاوە سەردانی کوردستان بکەم. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە بتوانین ڕاستەوخۆ لە پایتەخت و شارە گەورەکانی دنیاوە بەرەو پایتەختی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ بفڕین. ئەرێ ڕۆژ لەوێ ڕۆژێ خۆشتر هەیە؟!

کاتێ لە نیوەی شەو گەیشتمە فڕۆکەخانەی شاری ئەنتالیا، یەکسەر تەکسییەکم گرت و چوومە گەراجی گەورەی ناو شار. بۆ بەختی خراپم ئەو پاسەی کە بۆ شارۆچکەی "سلۆپی" دەچوو، نیو سەعاتێک بوو دەرچووبوو. بۆیە دەبوایە هەتا سبەینێ چاوەڕوان بم و بەلانی کەمیشەوە 10 سەعات بژمێرم. بیرم لەوە کردەوە سواری پاسێکی تر ببم و ڕوو لە شارێکی دیکەی باکووری کوردستان بکەم، هەر بۆ ئەوەی

وەختەکە بەفیڕۆ نەدەم، بەڵام چ پاسێک نەبوو بۆ شارەکانی وەک غازی عێنتاب و ڕحا و مێردین و ئامەد و شوێنە کوردنشینەکانی تر. بەبێ دڵی خۆم بەرەو ئەنقەرە کەوتمە ڕێ. دوای ئەوەی 22 سەعات ڕێگەمان بڕی، ئینجا لەوێندەرێش دەبوو 8 سەعاتێکی دیکە چاوەڕوان بکەم تا سواری پاسی سلۆپی بم. هەر بۆ ئەوەی کاتەکە بەسەربەرم بەهۆی میترۆ چوومە ناو سەنتەری شار لە ئەنقەرە. لەبەر ئەوەی شەممە بوو، تەواوی دووکان و بازاڕەکانی ئەو شارە داخرابوون. تاک و تەرا هەندێک لە چێشتخانە و کۆگاکان کرابوونەوە. دوای بەسەربردنی چەند سەعاتێک هەر بە هەمان ڕێگای خۆم گەڕامەوە گەراجەکە و، بۆ پاش نیوەڕۆ سواری پاسی ڕوو لە سلۆپی بووم. ئینجا بۆ چێشتەنگاوێکی درەنگی ڕۆژی دواتر گەیشتینە سلۆپی. لە ڕێگادا بەناو هەندێ شار و شارۆچکەی باکووری کوردستان دەرباز بووین، بۆ نموونە: مێردین، ئۆمەرلی، شرناخ، جزیر و چەندی تریش. ئەمە جاری یەکەمم نییە کە بە سەردانی تایبەتی و بە مەبەستی نووسین و لێکۆڵینەوەش "باکووری کوردستان"م کردبێتە ئامانج، لێ جاری یەکەمە کە ڕێم بکەوێتە شارۆچکەی "ئۆمەرلی" و شاری "شرناخ". ئۆمەرلی قەزایەکی سەر بە پارێزگا یان ویلایەتی مێردینە و زیاتر لە گوندێکی لەبیرکراو دەچێت نەک شارۆچکە یان باژێر. هەرچی "شرناخ"یشە هەر بەناو "پارێزگا" و ویلایەتە، دەنا لە هەر شتێک بچێت لە پارێزگا ناچێت. شرناخ لە کاتێکدا کرا بە ویلایەت کە شەڕی نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورک لەوپەڕی بەهێزی و توندوتیژیدا بوو. شەڕ و پێکدادان و سەرهەڵدانە گەلێرییەکان بە تایبەتی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەر لە گۆڕانکارییە سەیروسەمەرەکانی ناو پ.ک.ک و ڕفاندنی جەردەییانەی ئۆجەلان، دیمەنێکی زۆر جوداتر لەوڕۆیان لە خۆ دەگرت و بە جۆر و شێوەیەکی دیکە دەهاتنە پێش چاو. تورکە داگیرکەرەکان "شرناخ"یان لەبەر هۆیەکی سەربازی و ستراتیژی کردە پارێزگا، چونکە ئەوان ئەوەی کە بیریان لێ نەکردبێتەوە و بە خەیاڵیشیاندا نەیەت، خزمەتکردنی گەلی کوردە لە باکوور و پێشخستنی ناوچەکەیە لە ڕووی ئابووری و بووژانەوە و بوارەکانی تری ژیانی هاوولاتییانی بە ڕەچەڵەک کوردە. هەرێمە کوردنشینەکانی باکووری کوردستان بە بەراوردکردن لەگەڵ دەڤەرە جیا جیاکانی سەر بە تورکەکان جیاوازییەکی ئەوەندە بەرچاویان هەیە، تەنانەت گەشتڤانێکی غەیرەکوردیش گەلێ بە ئاسانی لێکتریان جودا دەکاتەوە.

لەناو پاسەکەی ئێمەدا چەند کەسێکی تورکمان و عەرەبی عێراقیش دەبینران کە دەهاتنەوە، بە دەردی خۆیان گۆتەنی، "عێراق". تورکمانەکان بەو پاسەپۆرتە تورکییەی کە پێیان بوو زۆر شادمان بوون. کاتێکیش کە بە زمانی تورکی دەگەڵ شوفێرەکە دەدوان، هەر مەپرسە چەند هەستیان بە گەورەیی و لەخۆباییبوون دەکرد! لە هەڵسوکەوتەکانیانڕا شتێکی لەو جۆرە بەدی دەکرا و، دیارە هەوڵیشیان نەدەدا ئەمە بشارنەوە. بڕوا ناکەم بە بینینی تابلۆیەکی وەک "بەخێر بێن بۆ کوردستانی عێراق" کە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی لەوبەری پردەکەی "برایم خەلیل"ەوە هەڵواسرابوو، ئەوەندە دڵیان خۆش بووبێ و چاویان ڕۆشن بووبێ.

لەسەر سنوورە دەستکردەکەی نێوان باکوور و باشووری کوردستان، لە دیوی بەردەستی تورکان، بێجگە لە گەرمای بێتامی هاوین و بۆنی گاز و نەوتی ڕژاوی سەر جادده قیرتاوکراوکان و پیس و پۆخڵی ئەو ناوە و قەرەباڵغییەکی زۆری لۆرییە بارهەڵگرەکان و گەلێکی تریش، شێوەی کارکردنی بیرۆکراتییانەی فەرمانبەر و پۆلیسە تورکەکان هێندەی دیکە مرۆڤ پەست و بێزار دەکەن. ئەمە لە کاتێکیشدا کە ئەم جارەیان، هەر بۆ نموونە و بەس، جانتا بچکۆلانە دەستییەکەم لە پشکنین ڕزگاری بوو و نەکرایەوە. لە دیوی ژێر دەسەڵاتی پارتی هەر چۆنێک بێت ڕەوشەکە جوداترە. لەوێ کارەکان بە ئاسانی بەڕێوە دەچن و زۆر دوا ناخرێن و ئەوەندەش هەست بە قەرەباڵغی و پەستی ناکەیت. من نایشارمەوە بە دیتنی ئەو هەموو ئاڵا پیرۆز و ڕەنگینانەی کوردستان، هەتا بڵێی هەستم بە شادی و خۆشی دەکرد. ئاڵای کوردستان لەسەر قۆڵ و شانی پاسەوان و پۆلیسەکان بەر چاو دەکەوتن. لە ئاسمانی بەنزینخانەکەی ئەوێندەرێ بە دەیان ئاڵای بچووکی وڵاتەکەم دەشەکانەوە. لەسەر خانووبەرە و دام و دەزگا فەرمییەکاندا دەبینران. لەمبەر و لەوبەری ڕێگاکاندا هەڵواسرابوون. ئەوەی کە زیاتریش دڵی خۆش دەکردم، نەبوونی تاکە ئاڵایەکی عێراقی داگیرکەری کوردستان و بەعسییان بوو لەو ناوەدا.



لە دەروازەکەی برایم خەلیل، پاش ئەوەی بە تەنیا چەند دەقیقەیەک کارەکانی خۆم تەواو کرد، بە تورمبێلێکی جۆری ئۆپڵ ئۆمیگای گەنجێکی خەڵکی گوندی "میران"، بە 40 دۆلار، بەرەو شاری پیرەهەولێر کەوتینە ڕێ. لە ڕێگادا ئەم

خۆرتە کوردە باسی زۆر شتی بۆ کردم: شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی خۆی، ڕەوشی کوردستان بە گشتی، ئەو ناوچە و دەڤەرانەی کە پێشتر عەرەب تێیاندا بڵاو بوون و کوردیشیان لێ دەرکردبوون، باری ئەمنیی ناو شاری مووسڵ، تیرۆر و تیرۆریستان و کاریگەریشیان لەسەر ژیانی هاووڵاتییان لە هەندێ شوێن و شاری کوردستاندا.

دوای ئەوەی کە شاری "دهۆک"مان لەدوو خۆ جێ هێشت، مێردمنداڵێک دەستی لێمان ڕاگرت و دیار بوو دەیویست بچێتە جێگایەک لەو ناوچەیەدا. برای شوفێر لە منی پرسی: پێت خۆشە نەفەرێکی دیکە لەگەڵ خۆمان هەڵبگرین؟ منیش یەکسەر پێیم گوت بەلای منەوە زۆر ئاساییە. ئیتر کاتێ وەستاین کوڕێکی سێزدە چواردە ساڵە هاتە ناو تورمبێلەکەوە و بەرەو گوندێکی سەر بە شارۆچکەی "باعەدرێ" دەچوو. لە ڕێ لە شوێنێک لاماندا و نانی نیوەڕۆمان خوارد. پاش ماوەیەک کوڕە گەنجەکە دابەزی و بە پێیان بەرەو ئەو شوێنە هەنگاوی نا کە مەبەستی بوو.

لەبەر کاری تیرۆریستی و مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆڤی کورد لەناو شاری مووسڵ، لەمێژە شوفێرە کوردەکانی دەرەوەی مووسڵ وازیان لە ڕێی ئەم شارە هێناوە و بە "بەردەڕەش" و ڕێگەی دیکەدا ڕوو لە هەولێر دەکەن. ئێمە خۆمان چووینەوە ڕێی بەردەش و لەوێوەش بۆ شارۆچکەی خەبات"کەڵەک"، ئینجا بۆ شاری هەولێر. لە بەردەڕەش لاماندا و ئاوێکی ساردمان خواردەوە. هەر لەوێندەرێ ئەو شوفێرەی کە منی لە برایم خەلیل هێنابوو، برادەرێکی خۆی بینییەوە. تورمبێلی برادەرەکەی ئەو سیستەمی ساردی و گەرمی تێدا بوو. هەربۆیە کاکی شوفێر، لەبەر خاتری من، داوای لە برادەرەکەی خۆی کرد تا منیش لەگەڵ خۆی بباتە هەولێر. ئەوان خۆیان لەگەڵ یەکتردا ڕێک کەوتن و بە منیشیان گوت تۆ پێویست ناکا پارەی زیاتر بدەی. لەناو تەکسییە سوپەرەکەی شوفێرە هەولێرییەکەدا نەفەرێک هەبوو کە دەچۆوە هەولێر. دوای چاک و چۆنی و یەکتر ناسین، بۆم دەرکەوت کە نەفەرەکە کوردێکی نیشتەجێی هۆڵەندایە و دوای ئەوەی کە دوو مانگ لە هەولێر ماوەتەوە، ئێستا خۆی گۆتەنی لەبەر هۆیەکی قانوونی، ناتوانێ بە ساناهی بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێتەوە. ئەم برادەرە کوردە کە زۆر باسی خۆی کرد، ئەگەر قسەکانی هەموویان ڕاست بن، خاوەن بەسەرهات و ڕابردوویەکی کەمێ سەیرە.

لەسەر پردەکەی کەڵەک خاڵی کۆنترۆڵ و پشکنینی تایبەت بە پۆلیس هەموو تورمبێلەکانی ڕادەگرت. پۆلیس و پاسەوانەکان ناسنامەی گشت نەفەرەکانیان وەردەگرت و سندووقی تورمبێلەکانیشیان دەکردەوە. لە ئێمەشیان پرسی لە کوێندەرێ

هاتوون و چ کارەن. دیار بوو لەزگەی ڕەشی سەر جامی تەکسییەکەی ئێمەیان بەدڵ نەبوو. هەربۆیە جیرەیەکیان لێ هێناو لێیان کردەوە.



کاتێ گەیشتینە هەولێر خواحافیزیم لە کاکی شوفێر و نەفەرەکەی کرد. دواتر خۆم تەکسییەکی دیکەم گرت و بەرەوماڵی برایەکم چووین. لە کوردستان کەس نەیدەزانی من دەگەڕێمەوە. هەر لەبەر هەندێ کە لە دەرگای ماڵی برایەکم دا و چوومە ژوورەوە، لە خۆشییان، براژنە خۆشەویستەکەم کە باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد، بە واقوڕمانەوە بەرەو پیرم هات و ئەملا و ئەولای یەکترمان ماچ کرد. لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا زۆربەی هەرەزۆری خوشک و برا و خزم و ئازیزانم لە دەور خڕبوونەوە. ئەم دیمەنە خۆشیبەخش و شادیهێنەرانە زەحمەتە بە وشە وەسف بکرێن!

لە ڕۆژی ئەمڕۆدا هەر کەسێک، چ کورد و چ بیانی، ڕوو لە کوردستان بکات، چاوی ئەو هەموو کاری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە دەبینێت کە لە لایەن دام و دەزگاکانی سەر بە حکوومەتی کوردستان و کەرتی تایبەتیشەوە ئەنجام دەدرێن. هەروەها لە هەمان کاتیشدا دروستکرنی خانووبەرەی جۆراوجۆر و جوان و ڕازاوە لە لایەن هاووڵاتییانەوە دیمەنێکی دیکە بەو ڕەوشی ئاوەدانکردنەوەیە دەدەن کە تەواوی ناوچە و شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستانی گرتۆتەوە. من کە ئەم جارەیان زیاتر لەبەر کارێکی تایبەتی چووبووم بۆ کوردستان و ماوەیەکی کەمیش لە هەولێر مامەوە، هەربۆیە بە شتێکی سرووشتی دەزانم کە زێتر باسی ئەم شارە بکەم نەک شوێن و دەڤەرەکانی تر. دیارە ئەمە بە چ شێوەیەک بە مانای ئەوە نایەت کە بۆ نموونە لە سلێمانی و شار و مەڵبەندەکانی تر هەڵمەتی بیناکردنەوە و ئاوەدانکاری لە ئارادا نییە و نابینرێت. بە پێچەوانەوە لەوێندەرێش هەر هەمان شت بەرێوەیە و ئەنجامیش دەدرێت. کردنەوەی فرۆکەخانەی سلێمانیی نێودەوڵەتی پرۆژەیەکی گرنگی حکوومەت بوو کە لەم دواییانەدا تەواو بوو.

لە شاری گەورە و قەرەباڵغی هەولێر دەچیە هەر شوێن و نێو بازاڕ و تەنانەت چەندین گەڕەکی جیا جیاش، بە چاوی خۆت ئەو ئامێر و ماشێن و وەستا و کرێکار و ئەندازیارانە دەبینی کە هەر هەموویان خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیانن لە بواری بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەدا. دیمەنێکی ئاوەها بە شێوەیەکی تایبەتی لەناو سەنتەری شاردا سەرنجی مرۆڤ بۆ خۆی ڕادەکێشێت. پرۆژەی دروستکردنی کۆگا و بازاڕی هاوچەرخییانەی هەولێر کە کۆمپانیای "شەرقولئەوسەت" پێی هەڵدەستێت، دوای تەواوبوونی بە ڕاددەیەکی بەرچاو دیمەنی سەنتەری شار دەگۆڕێت. ئێستا بە بەردەوامی و ڕۆژانە ئەم کاری بیناسازی و دروستکردنە لە لایەن هاووڵاتییانەوە هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت. دیارە لە کاتی هەنووکەدا ئەم پرۆژەیە پانتاییەکی گەورە و بەرچاوی ناو چەقی شاری هەولێری گرتۆتەوە و، لە بواری هاتوچۆ و گواستنەوە و بژێوی خەڵکدا هەندێ تەگەرە و کۆسپی هێناوەتە پێش هاووڵاتییان. ڕەنگە تەنیا لە پاش تەواوبوونی یەکجارەکی ئەم پرۆژەیەدا لایەنە جوان و باشەکانی زەلالتر لە ئێستا هەستیان پێ بکرێ.



پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان کە لەناو خەڵک زێدەتر بە "پارکی هەولێر" ناسراوە، بە یەک لە پرۆژە هەرە سەرکەوتووەکانی حکوومەتی کوردستان دادەنرێت کە تا ئێستاش وێڕای تەواوبوونی بەشێکی زۆری هەر کاری تێدا دەکرێت. بە ڕاستی کاتێ مرۆڤ سەردانی ئەم پارکە گشتی و ڕووبەر فراوانە دەکات، هەست بە خۆشی و حەسانەوەی دەروونی و ئارامی دەکات و، گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئەو جەنجاڵی و تەپوتۆز و قەرەباڵغییەی ناو هەولێری لە یاد دەچێت. لەنێو ئەو پارکەدا بێجگە لە چەندین باخچەی جوان و ڕازاوە و دڵگیر، شوێنی یاریکردنی منداڵان و چێشتخانە و نافوورە و دەریاچەیەکی دروستکراو و زۆری دیکەش هەن. ئەم پارکە خۆی لە خۆیدا دیمەنێکی جوان و جوداش بە شاری هەولێر دەبەخشێت. دیارە کاتێ کە قسە لەسەر کاری ئاوەدانکردنەوە دەکەین، نابێ بە چ شێوەیەک هوتێلی شیراتۆن و فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و کۆشکی هونەر و کۆلێجی ئەندازیاری و پردی هەڵواسراو و گەلێ پارکی دڵڕفێنی تر و هەندێ میوانخانە و چێشتخانەی مینا

ئاڤێستا و چەندینی دیکەش لە بیر بکەین. ئەمانە گشتیان بەیەکەوە وێنەیەکی گەشاوە و شارستانی لە شێوەی کراسێکی ڕەنگین لەبەر هەولێری کوردستان دەکەن.

گومان لەوەدا نییە لە هەر شار و وڵاتێکدا کاتێک کاری ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی بەڕێوە بچێت، ئەگەر بە بەرنامەیەکی ڕێوپێک و گونجاو شتەکە ئەنجام نەدرێت، ئەوا چەندین دیاردەی دزێو و ناشارستانی و ناشیرین خۆیان دەکوتنە ناو خودی ئەم پرۆسەیە و تا ڕاددەیەک لەکەداریشی دەکەن. جێی داخە لە هەولێر، کێ نالێ لە شوێنەکانی تریشدا، دیادەیەکی وەها بەزەقی هەستی پێ دەکرێت و دەشبینرێت. زۆر جار هێشتا جاددەیەک چاک نەکراوەتەوە، یەکێکی دیکە خراپ دەکرێت. لە گەلێ جێگادا پردی هەڵواسراو دروست دەکرێت کە بێگومان کارێکی باشە، بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا کاری هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان بە وردی حیسابی بۆ نەکراوە. بە شەقامێکدا دەڕۆیت، لەپڕدا دەبینی داخراوە. من خۆم بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ڕۆژ بەناو شاری هەولێردا تورمبێلم لێخوڕیوە و، بەرەو لای قوشتەپە و هەتا "شەقلاوە"ش چوومە و، زۆر بە چاکیش تووشی ئەم هەموو شتانە هاتوومە کە لێرەدا ئاماژەم پێیان کردووە. هەر سەبارەت بە هەمان پرس جێی خۆیەتی لێرەدا پرسیارێکی وەها بوروووژێنین: ئەرێ کەی ڕەوایە لەناو گەڕەکێکدا بەنزینخانەیەک دروست بکرێت؟ تۆ بڵێی بەرپرسان بیریان لە مەسەیەکی وا نەکردبێتەوە؟ کێ نالێ لە دواڕۆژ ئەم بەنزینخانەیە زەرەری لە قازانجی زیاتر نابێت.

بابەتێکی دیکە کە زۆر بە پێویستی دەزانم باسی لێوە بکەم دیاردەی دزێوی بەرتیل و بەرتیلخۆرییە، کە ئەمڕۆ گەلێ لە دام و دەزگاکانی حکوومەتی کوردستانی پێوە دەناڵێنێت. ئەگەر پێشتر هاووڵاتییانی ڕەشۆکی و سەر جاددە و نێو بازاڕەکانی کوردستان لە بیستنی هەندێ زاراوە و وشە و دەربڕین سەرەدەرییان نەدەکرد، یان بە تەواوەتی لێیان تێنەدەگەیشتن، هەنووکە هەر ئەو هاووڵاتییانە خۆیانن کە ڕۆژانە باس لە فەسادی و گەندەڵی ئیداری و "واستە و واستەکاری" و خزم خزمێنە و زۆر شتی پیس و پۆخڵی تریش دەکەن. ئەمانە بە جارێک خەڵکی ڕەشوڕووتی کوردستانیان تووڕە کردووە کە بە ڕاستی لە گەلێ باردا مرۆڤ جەرگی بەم ڕەوشە خەفەتاوییە دەسووتێت. لێپرسراوانی حیزبی و حکوومەتی دەستی گەورەیان هەیە لەم جۆرە کارانەدا، کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ئەورووپایی و ئەو شوێنانەی کە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسییەکانی تێدا بەرقەرارە، هەر ئەم کارانەن کە بە تاوان دەژمێردرێن و بەهۆیانەوە لێپرسراوان دەدرێن بە دادگا و بگرە بە ساڵانیش لە گرتووخانەدا

دەپەسترێن. لە شارێکی وەکو هەولێر لە ڕێی ناسینی بەرپرسە حیزبی و حکوومەتییەکان خەڵکانێک هەن کە بوونەتە خاوەنی چەندین پارچەزەوی و ماڵ و حاڵی تایبەت بە خۆیان، دیارە بە بەراوردکردن لەگەڵ ژیانی ڕابردوویان، هەرگیز موستەحەقی ئەوە نین کە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێ. لە هەمان کاتدا زۆر خەڵکی دڵسۆز و کوردپەروەر و ڕابردوو پاک و خاوەنی شەهیدانیش هەن کە بستەخاکێک لەو هەولێر و کوردستانەدا شک نابەن، بگرە ئەو شوێنەی کە ژیانیشی تێدا بەسەر دەبەن بە کرێچێتی لێی گیرساونەتەوە. کەسانێک هەن کە پاسەوانی تایبەتی"حیمایە"ی فلان بەرپرسیارن و هەر لەم ڕێیەشەوە پارچەزەوییان دراوەتێ. لەمەش سەیرتر کەسانێکی دیکە دەبینرێن کە خزم و ناسیاوی "حیمایە"ی لێپرسراوێکی حیزبی دەسەڵاتدارن و هەر بەهۆی کاکی حیمایەشەوە بوونەتە خاوەنی ماڵ و پارچەزەوی و پارەی زۆر. ئەو جۆرە کەسانە لەبەرئەوەی خزمی خەزووری سەپانی شێخن، لە تەڕێدا دەلەوەڕێن و لە وشکێدا لێی ڕادەکشێن! دیارە کەس لاری لەوە نییە کە بەرپرس و لێپرسراوان، بە تایبەتیش لەم ڕەوشە ناسک و خەتەرناکەی ئەوڕۆدا، دەبێ پاسەوانی تایبەت بە خۆیان هەبێ و لە هەر کارێکی تیرۆریستیش بپارێزرێن. لێ کاتێک مەسەلە هاتە سەر دزی و گلاوی و تالانکردنی سامانی خەڵک و وڵات، ئەوسا هاووڵاتییان بە شێوازێکی دیکە لەمەڕ بەرپرسان و پاسەوانەکانیان بیر دەکەنەوە. لەخۆڕا نییە لەنێو خەڵکدا "حیمایە"کانی ئەو لێپرسراوانە بە "چڵکاوخۆر" ناو دەبرێن. هەندێ وشەی لەمەش خراپتر بەکار دەبرێ کە من لێرەدا بە پێویستیان نازانم بیانهێنمەوە. یان جاری وا هەیە لە شرەخەستەخانەیەکی گوندێکی بیست ماڵیدا زێدەتر لە بیست کەس ناونووس کراون، گوایا فەرمانبەر و برینپێچ و پزیشکن، هەر بیستیشیان پارە لە حکوومەت وەردەگرن، کەچی لەبنەوە دەگەڵ یەکتردا وا ڕێککەوتوون کە بە نۆرە دەوام بکەن. بە واتایەکی دیکە هەر یەکێک لەوان لە مانگێکدا چەند ڕۆژێک دەچێتە سەر کارەکەی و بێگومان لە هەمان کاتیشدا کارێکی تری هەیە و پارەی زیاتر قازانج دەکات. دیاردەیەکی لەو جۆرە گەلێ لە دەزگا و دایەرەکانی سەر بە حکوومەتی گرتۆتەوە و خەڵک بە ئاشکرا لێی دەدوێن. لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت "ئاسایش"یش سکالانامەی هاووڵاتییانی ڕەت کردۆتەوە، چونکە ئەوەی شکاتی لێ کراوە پێشتر وەزیر و مەزیر بووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر دەستی دەڕوا. دانیشتوانی بەشەرەفی هەولێر لەم کەینوبەینانە قنج بەئاگان و دەشزانن "کێندەرێم دێشێ".

بڕانی کارەبا و بێئاویش دوو گرفتی ڕۆژانەی هاوولاتییانی کوردستان پێکدێنن. ئەم مەسەلەیە ڕەنگە بە شێوەیەکی دیارتر شاری مەزنی هەولێر بگرێتەوە. ڕۆژ نییە لە هەولێر بۆ ماوەی چەند سەعاتێک کارەبا نەکوژێتەوە. لەگەڵ هەر کارەبا بڕانێکیشدا دیارە لێپرسراوان و دەستڕۆیشتووان، لە لایەن خەڵکی بێچارە و هیچ لە دەست نەهاتوودا، بەر هەڵمەتی دوعالێکردن و جنێودان دێن. زۆر جار کاتی ئێواران کە خەڵک لەسەر سفرەی نانخواردنن، یان بۆ نموونە بەیانییان زوو، هەروەها بەڕۆژیش کارەبا دەبڕێت. جاری وا هەیە ئەم کارەباکوژانەوەیە دوو سەعات بەردەوام دەبێت و جاری واش هەیە گەلێ لەمە زیاتر. هەر کاتێکیش کارەبا دەبڕێت، یەکەم شت کە هاوولاتییان بیری لێ بکەنەوە ئاوە. ئەمە لە دە ساڵیش زیاترە خەڵکی بەشەرەف و خۆڕاگری کوردستان بەم گیروگرفتەوە دەناڵێنن. تۆ بڵێی سەرانی کورد لە باشووری کوردستان نەتوانن گرفتێکی وەها چارەسەر بکەن؟ ئەگەر نا، ئەی چۆن دەتوانن دەم لە چارەسەرکردنی مەسەلە چارەنووسسازەکانی ئەم گەلە سەربەخۆییخوازە بدەن؟!

کاتێ لە هەولێر بووم ئەندامانی گرووپە تیرۆریستییەکەی شێخ زانا دەستگیر کرابوون و خەڵک بە بەردەوامی باسی ئەم هەواڵەیان دەکرد. بە گەلێ شێوان لەسەر ئەم گرووپە تیرۆریستییە و ئەندامان و کردەوە قێزەونەکانیان قسان دەکرا. هەندێک دەیانگوت "ئەو شێخانە"، شێخەکانی گوندی هەرەجە=هەڵەجەی دەشتی هەولێر، هەڕەشەیان لە حکوومەت کردووە کە نابێ دانپێدانانەکان و ئەو کاسێتە ڤیدیۆییانە بە خەڵک پیشان بدرێن، کە لە کاتی دەستگیردنی گرووپە تیرۆریستییەکەدا دەستیان بەسەردا گیراوە. لە ڕووی ڕەوشی ئاسایشەوە کوردستان لەگەڵ عێراق بەراورد ناکرێ، بەڵام ئەمە قەت بە مانای ئەوە نایەت کە هەر شت تەواوە و تیرۆریستان ناتوانن ڕوو لە کوردستان بکەن. بە پێچەوانەوە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانەی ناو شاری هەولێر و ئێرە و ئەوێی کوردستان شتێکی دیکە دەسەلمێنن. لە هەمان کاتیشدا هاوولاتییانی کوردستان هەست بە جۆرێک لە ترس دەکەن، بە تایبەتیش لەبەر کاری خۆکوژی و تورمبێل تەقاندنەوە.

یەکێتی و پارتی کە کۆبوونەوە یەک لە دوای یەکەکانیان کۆتاییان نایەت، هێشتا نەیانتوانیوە بە تەواوەتی متمانەی جەماوەری گەلی کوردستان بە دەست بخەن و، خەڵک بە ئاشکرا ڕاڕایی و دوودڵیی خۆیان لە هەمبەر هەنگاوەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەیان دەکەن. خەڵکی کوردستان ڕۆژانە چەندین پرسیار لەمەڕ

یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێر بەسەر زاریاندا دێت و دەشپرسن: کەی ئەم دوو حیزبەی کوردستان حکوومەتی یەکگرتوو ڕادەگەیەنن؟

ئەوەی تایبەت بێت بە باری ئابووری کوردستان و ژیانی هاووڵاتییان، چ گومان لەوەدا نییە کە لە چاو جاران و چەند ساڵێک بەر لە هەنووکە، جیاوازییەکی گەورە و بەرچاوی هەیە. بێکاری لە کوردستان هەتا بڵێی کەم بۆتەوە و بگرە لە باشووری عێراقەوە کرێکار بۆ سلێمانی و هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان هێنراون. لە هەولێر کرێکاری پاکستانی دەبینرێت. خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی چاوی لە کاروکاسبی و پارەپەیداکردنە. جگە لە دروستکردنی خانوو، بازرگانیکردن و هێنانی تورمبێل و کەرەسە و کەلوپەلی جیا جیا لە وڵاتانێکی وەکو میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب و ئوردن و ئێران و سوریا و تورکیا و چین و گەلێ وڵاتی تریش، بووەتە سەرچاوەیەکی باشی داهات و بژێوی بۆ هاووڵاتییان. لە هەولێر و سلێمانی و شارەکانی کوردستان هەموو شتێک دەست دەکەون: نوێترین مۆدێلی تورمبێل، نوێترین مۆدێلی مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئامێری کارەبایی و ئەلەکترۆنی، کەرەسە جوداکانی بیناسازی، کەلوپەلی تایبەت بە زارۆکان، جلوبەرگی جوان و ڕازاوە و هەمەچەشن و مۆدێرن و زۆر زۆر شتی تریش. ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان خەڵک باس لە "دەفتەر" و دۆلار دەکەن! دیسانیش ئەمانە گشتیان مانای ئەوە نابەخشن کە کوردستان بووەتە وڵاتی سویس و هەر شت تێیدا بەرقەرارە. لە کوردستان هێشتا نەداری و نەخۆشی و دەردە کۆمەڵایەتییەکان هەر ماون، ئەگەر لە هەندێ باردا قووڵتریش نەبووبنەتەوە. پارەزۆریش وای کردووە کە نرخی شتەکان بەرز ببنەوە و لە هەندێ حاڵەتیشدا "نرخێکی خەیاڵی"یان بۆ دانراوە. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی نرخی زەوی و خانوو دروستکردن دەگرێتەوە.

گۆڕانکارییەکانی کوردستان کاریگەریگەرییەکی بەرچاویشی خستۆتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. بە واتایەکی ڕوونتر ئێستا وەکی پێشان پەیوەندییەکانی خەڵک دەگەڵ یەکتر هەمان گەرموگوڕی جارانیان نییە. دیاردەیەکی وەها بە ئاشکرا بەدی دەکرێ و خەڵکیش بە کراوەیی باسی دەکەن. بەرژەوەندی و بەرژەوەندیخوازی گرانیی خۆیان دادەنێنە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. وەرگرتنی شتە نوێیەکان بە خێراییەکی زۆر و بێ هەبوونی پێگەیەکی کولتووری پێشینە و کارکردنیان لەسەر هاووڵاتییان، بێگومان ئەگەر قازانجیشی هەبێت، لە هەمان کاتدا لە زەرەر بەدەر نییە. تەنیا بۆ نموونە مۆبایل کە لە هەولێر مۆدیلە کۆنە قەبارە گەورەکەی بە

"سەلکەسابوون" ناو دەبەن، هەندێ جار کێشەی سەیر سەیری لەناو یەک خێزان لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناوەتەوە. لەوانەیە لە ئەوروپا ئەم جۆرە کێشانە تا ڕاددەیەک ئاسایی بن، بەڵام لە کوردستانی ئێمەدا خەڵکەکە بە جۆرێکی تر لەم مەسەلەیە دەڕەوانن.

لە ناوەڕاستی ساڵی **1992** کە دوای حەفت ساڵ غوربەتی بۆ یەکەم جار گەڕامەوە کوردستان، هەر لە لۆفەکانی "مەسیف"ەوە پیرەقەڵای هەولێرم لێ دیار بوو، کەچی لە کاتی ئێستادا هەر لەناو خودی هەولێریش ئاسان نییە بتوانی دووراودوور قەڵا ببینیت. ئاووهەوای شار ئەوەندە پیس بووە مەحاڵە بتوانیت وەک جاری جاران لەسەر بانی ماڵەکانەوە لە هەولێر ڕابمێنیت. بە گوێرەی هەندێ ڕاپۆرتی حکوومەتی کوردستان ژمارەی ئەو تورمبێلانەی کە ئێستا لەناو شاری هەولێردا دەسووڕێنەوە، بەلانی کەمەوە دووسەد هەزار تورمبێلی جۆراوجۆر دەبێت. ئەمە و لە هەمان کاتیشدا کاری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە هێندەی تر شارەکەیان تەپوتۆزاویتر کردووە. ئایا پرسی ژینگە و هەوای ئاسمانی هەولێر و کوردستان گرنگ و بایەخدار نین؟

دیارە من لێرەدا زۆر بە کورتی و بە شێوەیەکی سەرپێیی باسم لە سەردانە کورتەکەی خۆم بۆ کوردستان کردووە. گەلێ شتی تریش هەن کە دەکرێ باس بکرێن، بەڵام من بە سەردانێکی تایبەتی ڕووم لە کوردستان کردبوو، هەربۆیە بەم شێوەیەی کە دەیبینن شتەکانم باس کرد.

پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی حەفتەیەک لە هەولێر مامەوە، بەیانییەکی زوو خواحافیزیم لە خوشک و برا و خزم و خۆشەویستان کرد و بەرەو زاخۆکا دەلال کەوتینە ڕێ. دەوری نیوەڕۆ لە برایم خەلیل بووین. لەوێندەرێ کارەکانم تەواو کرد و بۆ جاری یەکەمیش لە پاسەپۆرتە سوێدییەکەی خۆمدا وشەی "کوردستان"م، وەک مۆری چوونەدەرەوە، بۆ لێدرا کە ڕێک بەم شێوەیە بوو: خروج - جمهوریە العراق/اقلیم کردستان العراق/معبر ابراهیم الخلیل EXIT-Republic of Iraq/Iraq Kurdistan Region/Ibrahim AL-Khalil Passing



وەک خۆتان دەبینن بە چ شێوەیەک ئاماژە بەو "عێراقی فیدرال"ە نەکراوە کە هەموو ڕۆژێ لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان زوڕنای بۆ لێدەدرێ. من وەک کوردێکی کوردستانی و نەتەوەیی تەنیا دڵم بە دەوڵەتی کوردی نەتەوەیی خۆش دەبێت، لێ کە "کوردستان" لەسەر پاسەپۆرتەکەم دەبینم، هەر نا بۆئەوەی دوژمنانی کورد چاویان کوێر بێ، جۆرە فێنکاییەک بە دڵمدا دێت و چاوم ڕۆشن دەبێتەوە.




شەوێک لە شارۆچکەی سلۆپی مامەوە و بۆ بەیانییەکەی بەرەو شاری ئەنتالیا سواری پاس بووم. لە ڕێگادا دیمەنی گوند و شارە کوردییەکانی باکووری کوردستان سەرنجی مرۆڤیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا. شێوەی کارکردنی مرۆڤی کورد لەناو کێڵگە و مەزراکان شتی کۆن و نوێیان وەبیری مرۆڤ دێنایەوە. لەمبەر و لەوبەری ڕێگادا پەرێز و شوان و مێگەل و منداڵانی هەژار و ڕەقوتەقی هەندێ لەو دەڤەرانەش دەبوون بە میوانی گەشتڤانان. ئەو پارچەزەوییانەی کە بۆ کشتوکاڵ و چاندن چێکرابوون، ڕەنج و ماندووبوونێکی بێ وێنەیان لە پێناودا کێشرابوو، تاکو ببن یان ڕاستتر بکرێن بە سەرچاوەی پارووی نانی ڕۆژانەی جۆتکاران و ماڵ و منداڵەکانیان. لە هەندێ جێدا گاشەبەردەکان لەناو زەوییەکاندا بە کۆمەڵ خڕکرابوونەوە و بەم جۆرەش شوێنێک، لاتەعەردێک بە ناچاری ڕێکخرابوو بە مەبەستی چاندن و کشتوکاڵکردن. بە ڕاستی ئەم کارە زەحمەتە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ وابەستەیی مرۆڤی هەژار و کەم دەرامەتی کورد بە خاک و خۆڵی نیشتمانەکەی. لە ناوچەکانی نسێبین و ماردین و شڕناخ و ڕحا و غازی عێنتاب ئەم جۆرە زەوییە لە بەرد پاکژکراوانە وەبەر چاوی مرۆڤ دەکەون.

دەوروبەری سەعات چواری شەو گەیشتینە شاری ئالانیا و بۆ حەفتی بەیانیش لە ئەنتالیا بووین. بە کورتییەکەی نزیکەی بیست و دوو سەعات لە ڕێگا بووین.

دەبوایە هەژدە سەعاتی تریش چاوەڕوان بم، تا کاتی سواربوونی فرۆکە بەرەو سوێد، کە دوازدە و دە دەقیقەی شەو بوو. شاری ئەنتالیا بە بەراوردکردن لەگەڵ شارەکانی باکووری کوردستان لە وڵاتێکی دیکە دەچێت. حکوومەتی تورک بایەخێکی تایبەتی بەم شارە و ناوچە تۆریستییەکانی ڕۆژئاوای تورکیا داوە. لە هەموو ڕوویەکەوە ئەنتالیا و ئالانیا و زۆر لە شارەکانی تری ڕۆژئاوای تورکیا جیاوازییەکی بەرچاویان دەگەڵ شارە کوردنشینەکاندا هەیە. خۆ لە



باکووری کوردستانیش شار و شوێنگەلی تۆریستی زۆر هەن، بەڵام دەسەڵاتدارانی کەمالیستی تورک بە چ شێوەیەک ئاوڕێکیان لەم شوێنە تۆریستی و دیرۆکییانە نەداوەتەوە. ئەمە شتێک نییە کە من بە تەنیا ئاماژەم بۆ کردبێ، بەڵکو بە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەڤان و گەشتڤانی کورد و بێگانەش پەنجەیان بۆ درێژ کردووە. پشتگوێخستنی دەڤەرە جوداکانی باکووری کوردستان لە لایەن ڕژێمی فاشیستی تورکەوە، ئامانجێکی لەمێژینەی دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرستی ئەو وڵاتە بووە. سیاسەتە بۆگەنەکانی ئەوان لەدایکبووی ڕەوشێکی ئەمڕۆ یا دوێنی نییە، بگرە لەوەتی تورک ڕووی لەم ناوچەیە کردووە، ئەمە بە بەردەوامی ڕێچکە و ڕێباز و ئامانجیان بووە. تەنیا و تەنیا ڕزگاربوونی یەکجارەکی کوردستان دەبێت بە زامن و دابینکەری گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەم نیشتمانە و گەلەکەی. هەر شەکاوە بێت ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان! سوێد 6-8-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## کامە بوون ئەو ڕێککەوتنانەی کە ئێوە دڵتان پێیان خۆش بوو؟!*

ڕەنگە باش لە بیرتان بێ، پێش ئەوەی هەڵبژاردنە گشتییەکانی پاش نەمانی بەعس لە عێراق و کوردستان ئەنجام بدرێن، چ ڕەوشێک لە ئارادا بوو. لە یادتانە کەوا چۆن چۆنی سەرکردەکانی باشووری کوردستان تەنگاو بووبوون و هەندێ جاریش بە تووڕەییەوە دەپەیڤین. پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی ئەنجام دەدا و باسیش لەوە دەکرا ئایا کورد بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا بکات یان نا؟ هەر دیسان بێگومان لە یادتانە کەوا چۆن سەرانی کورد دەیانگوت ئەمریکا و بەریتانیا و شیعەکان پەیمانیان بە ئێمە داوە کە داخوازی و ئامانج و شتە چارەنووسسازەکانمان بۆ جێبەجێ بکەن، تەنیا بەو مەرجەی کورد لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداری بکات و، "عێراقی نوێ" و "عێراقی هیوا و ئاشتی" و "عێراقی فیدرالی"ش بنیات بنێت. ئەرێ هەر سەرکردەکانی کورد نەبوون لێرە و لەوێ هەڕەشیان دەکرد، ئەگەر وا و وا نەکرێ، ئێمە لە تەواوی پرۆسەکەدا دەکشێینەوە و گەلی کوردستان خۆی دەکەینە سەرپشک و حەکەم؟ چاک دەزانم ئەو شتانە و زۆری دیکەشتان هێشتا بە جوانی لە یادە.

ئەمڕۆ کە بە گەرمی باس لە ئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەکرێت، مرۆڤ گەر کەمێک بۆ دواوە بڕوانێت، لە هەڵوێستی سەرانی کورددا هەمان شت بەدی دەکات کە پێشتر بە دەیان جار گوێمان لێیان بووە. لە ناخی دڵمەوە ئاواتەخوازم هەڕەشەکانی ئەم جارەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، لە ناخی دڵیانەوە سەرچاوەیان گرتبێ و کوردانەش لەسەر داوا ڕەواکانی گەلە بندەست و زۆرلێکراوەکەی خۆیان سوور بن، کە دیارە هەموومان دەزانین بەتەنێ سەربەخۆیی یەکجارەکی نەتەوە و نیشتمانە نەک شتێکی تر. سازشکردن لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان، لە لایەن هەر سەرکردە و پارت و ڕێکخراو و کەسایەتییەکی کوردییەوە بێ، بە خیانەتێکی گەورە لە گەل و وڵات دادەنرێت. پاشگەزبوونەوەی سەرانی کوردیش لە قسە و ئاخاوتن و هەڤپەیڤین و هەڕەشەکانی خۆیان، سەبارەت بە مافە بنچینەیی و سەرەکی و چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان کە بە جاران لێرە و لەوێ لە نموونەی هەڵوێست نواندن بە خەڵکی کورد و کەسانێکی بێگانەشیان فرۆشتووە، خۆی لە خۆیدا دەچێتە ناو ئەو خانەیەی کە پێی دەگوترێت: خانەی خیانەت!

وتووێژەکانی کورد دەگەڵ دوژمنانیدا هەرگیز بە شێوەیەک نەبووە کە لە وتووێژی گەلانی دیکەی بێ دەوڵەت و ئازادیخواز بچێت. نوێنەرانی گەلی ئاچێ بە

سەرپەرشتی وڵاتی فینلاند لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئەندۆنیسیاییەکان دادەنیشن. ڕێککەوتنەکانی نێوان بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلی باشووری سوودان و حکوومەتی ناوەندی ئەو وڵاتەش هەر بە شێوەیەکی ئاوەها بوو. پرسەکانی تایبەت بە دارفووریش لایەنی سێیەم، وەک شایەدحاڵ، تێیدا بەشدا دەبێت. نەرویژ وەک دەوڵەتێک ناوبژی نێوان پڵنگەکانی تامیل و حکوومەتی سریلانکا دەکات. بێگومان زۆر نموونەی دیکەش هەن. هەرچی سەرانی کوردن لە باشوور، چونکە ئەوەندە عێراقیی خاسن، خۆیان دەچن بۆ بەغدا و "ڕێککەوتن و مێککەوتن" لەگەڵ کەللەڕەقانێکی مینا ئەلحەکیم و ئەلجەعفەری و ئەلچەلەبی و ئەلە شۆڤێنی و دەعبایەکانی تر مۆر دەکەن. کاتێکیش ئەم مەزهەبی و عروبەوی و کۆنەبەعسییانە لێیان، لە سەرانی کورد دەکەونە تەقە، ئیدی هەر مەپرسە سەرانی کورد چۆن دەکەونە خۆیان و، ئەوجا دەست دەکەن بە هاندانی جەماوەر و هێنانە پێشەوە یان وەئاگاهێنانی چەند کەسێکی ناو "بزووتنەوەی ڕاپرسی و ڕیفراندۆم" تا دوو قسانی خێر بکەن کە بۆنی "جیابوونەوە"ی لێ بێت!

هەر سەبارەت بە پرسی دەستوور، من نازانم سەرانی کورد پێشتر لەگەڵ شیعەکان لەسەر چی ڕێککەوتبوون؟ ئێوەی سەران و چاوساغانی ئەوڕۆی ئەم گەلە لە باشووری کوردستان، خۆ ئێستا بە زمانی خۆتان باس لەوە دەکەن کە لە گەلێ مەسەلەدا دانووتان بەیەکەوە دەگەڵ عەرەب و شیعەکاندا ناکولێ و دووری یەکتریشن: پرسی فیدرالیزم، سنووری کوردستان، بابەتی کەرکووک، کوردی وەک زمانی فەرمی، ئایین و دەوڵەت، مافی ئافرەتان، هێزی پێشمەرگە، نەوت و سەرچاوە سرووشتییەکان، گرێدانی پەیوەندی بە دنیای دەرەوە و زۆری تریش. ئەرێ بە ڕاست ئێوە پێشتر لەسەر چی ڕێککەوتبوون؟ ئەی هەنووکە لەسەر چ بناغەیەک لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆ دەکەن؟ ئایا لایەنی سێیەم، بە وێنەی وتووێژەکانی گەلانی سەربەخۆییخوازی تر، لەو دانیشتنانەدا چ بوونێکی هەیە؟ گەلۆ نەتەوەی کورد مافی ئەوەی نییە بزانێت چی لە بارەیەوە باس دەکرێت؟ وەک دوا پرسیاریش: ئەو بەناو ڕێککەوتنانە چیان بەسەر هات کە ئێوە لەگەڵ لیستی شیعەکاندا لەسەریان کۆک بوون و، ئەوەندەش دڵتان پێیان خۆش بوو؟! سوید 9-8-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کورد و دەستوور و چەند وتەیەک*

ئەم بابەتە لە کاتێکدا دەنووسرێت کە بەتەنێ چوار ڕۆژ ماوە بۆ 15ـ8ـ2005. دەڵێن تا ئەو ڕۆژەش ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق، وەک پیازی سپیکراو، ئامادە دەبێت. دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا لە جەلال تاڵەبانیی سەرۆک کۆماری عێراقیان پرسی: ئێوە تەنیا شەش ڕۆژتان لەپێش ماوە تا کاری نووسینەوەی دەستوور تەواو بکەن، ئایا ئەم ماوەیە کەم نییە؟ جەنابی سەرۆک کۆمار، هەروەک خووی هەمیشەیی، بە پێکەنینەوە گوتی ئێمە گەشبینین و ئەگەر ئەم شەش ڕۆژەش بە سەعات بژمێری، ئەوا کاتەکە زۆر دەبێت!

ئەوەی من بیزانم پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور لە هەندێ وڵاتان چەندین ساڵی پێویست بووە. هەر بۆ نموونە لە دەوڵەتانێکی ئەوروپایی و ئەمریکادا کارەکە وەها شێوەیەکی لە خۆ گرتووە. خۆ ئەگەر لە عێراق، لە سایەی سەری سەرکردە سیاسییە دیموکراتخواز و پێشکەوتنخواز و شارستانیخواز و ئاشتیخواز و گەلخواز و مافخواز و خەمخۆرەکانیدا"؟؟؟؟؟؟"، شتەکە بە جۆرێکی تر بکەوێتەوە، ئەوا عەرەب گۆتەنی "خێر عەلا خێر!" با بکارن ئەم پرۆسە یاسایی و ئەستەمە بە ماوەی چوار ڕۆژ ئەنجام بدەن و، سەری خۆیان و مێشکی خەڵکیش ئەوەندە ئازار نەدەن!

تا هەنووکە سەبارەت بە پرسی کوردی باشووری کوردستان و نووسینەوەی دەستووری داهاتووی عێراق و پەیوەندی ئەم دوو بابەتە بە یەکترییەوە، لە زۆر جێ و لەسەر لاپەڕەی گەلێ لە ڕۆژنامەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و لە سەمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڤپەیڤینی جۆراجۆردا، بە جاران ئەم مەسەلەیە ورووژێنراوە و گەلێکیشی لەسەر نووسراوە و لەمەڕ گوتراوە.

بەشداریکردنی کورد و سەرکردە سیاسییەکانی لە کاتی لێدانی بەعس و ڕۆیشتنی ئەو پێشسوارانەی کورد بۆ بەغدا و شوێنگرتنیان لەناو "ئەنجوومەنی حوکم" و، "بەغدا خۆت بگرە وا هاتم"، ئەمانە هەر هەموویان بە دەیان نیشانەی پرسیار هەڵدەگرن و نووسەران و ڕووناکبیران و کوردستانییان هەر لە دەستپێکی ڕووداو و پێشهاتەکاندا، ترسی خۆیان لە بارەیانەوە هێناوەتە زمان. گەڕانەوە بۆ دواوە و بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ڕاگەیاندنی کوردی و غەیرەکوردیش ڕاستی و دروستی ئەم بیرکردنەوەیەمان بۆ دەسەلمێنێت.

ئەمڕۆ کە باس لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری عێراق دەکرێت، یەکسەر پەنجەکان درێژی کورد لە باشووری کوردستان دەکرێن و، چاوەکانیش نیگاکانیان دەچنەوە سەر بچم و سەروسیمای ئەم گەلە خۆڕاگرە کە هەموو کاتێک ئەڤینداری ئازادی و سەربەخۆیی خۆی و خاکەکەی بووە. لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، هەر بۆ نموونە ئەمڕۆ، باس لە هەژدە خاڵ دەکرێ کە هێشتا لایەنەکان لەسەریان ناکۆکن و، بەشی گەورەی ئەم خاڵانەش پەیوەندیدارن بە کورد و کوردستان و دۆزی ڕەوا و هەقخوازی ئەم نەتەوەیە لە باشووری نیشتمانەکەیدا. عەرەبە سوننەکان ئێستاشی لەگەڵدا بێ خەون بە "ئیمپراتۆریای بەعس"ی لەدەستچوو و دۆڕاویان دەبینن. هەرچی عەرەبی شیعەشن لە نێوان عرووبەی عێراق و ویلایەتی فەقێی ئێراندا مەست و حەیرانن. ئەوان لە لایەک باس لە فیدرالی بۆ خوارووی عێراق دەکەن و لە لایەکی تریشەوە دڵیان بۆ "کۆماری ئیسلامیی ئێراق ـ لەسەر وەزن و قافیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران" لێ دەدات. دیارە لە هەمان کاتیشدا لە بارەی داخوازییە هەرە سەرەتاییەکانی کوردەوە، هەتا بۆیان چووبێتە سەر و بچێتە سەر، کەللەڕەقانە هەڵوێستی ناحەزانەیان نیشان داوە و کۆڵیان نەداوە و کۆڵیش نادەن. گشتمان دڵنیاین عەرەبی عێراق، تاک تاکەیان لێ دەربچێت، کورد بە خزمەتکاری بەر دەرکی ماڵی خۆیان ڕادەگرن. جا کێ دەڵێ کارێکی وەهاشمان پێ ڕەوا دەبینن؟! کاک جەواد مەلا لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی "المستقله"، بەر لە ماوەیەکی کەم، ئەو ڕاستییەی جوان جوان پێکا، کاتێ گوتی: ئەو کوردانەی لە کۆن و ئێستادا دەستیان هەبووە و هەیە لە دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، تاکە پیشەیان خزمەتکاری بووە و بەس! بەڕاستیش ئەو کوردانە هەر "خەدەم" بوون نەک شتێکی تر.

من کە لێرەدا ئەم چەند وتانە دەنووسم، دڵنیا و یەقینم، هەر دەستوورێک کە مافە سەرەکی و پرسە چارەنووسسازەکانی کورد لە باشووری کوردستان فەرامۆش بکات، بەختی لە بەختی ڕژێمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکانی ئێرە و ئەوێی ئەم جیهانە چاکتر نابێ و، گەورە و گچکەی کوردیش وەها بەناو دەستوورێک ڕەت دەکەنەوە و گووفەکیشی بۆ بە باشترین شوێن دەزانن. سەرکردایەتی سیاسیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەبێ بە وردترین شێوە بیر لەم خاڵە و دەرەنجامەکانی بکاتەوە.

<u>سوێد 11ـ8ـ2005</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کورد و دەستوور و دۆڕانێکی تر*

لەم ڕۆژانەی دواییدا زۆر بە گەرمی سەبارەت بە پرسی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بە گوێرەی گەلێک لە هۆیە جیا جیاکانی ڕاگەیاندن، بە شێوەیەکی ئاشکرا باس لە دۆڕاندنی لایەنی کوردی دەکرێت لە بەرامبەر عەرەبە شیعە و سوننەکانی عێراقدا. مەسەلەکە لەوە دەرچووە کە تەنیا پەیوەندی بە دوو قسەی سەر زاری کەسێکی عەرەبی شۆڤێنیستەوە هەبێ. تەنانەت ئەندامانی گرووپی کوردی خۆشیان لە ئاخاوتن و بۆچوون و قسەکانیاندا، هەروا بە ئاسانی ناتوانن نکۆڵی لە شکستییەکانی خۆیان بکەن، بگرە کەم تا زۆر بە ڕاشکاوی لەم بارەیەوە دەدوێن و هەڵوێستیان بە دیار دەخەن. ئەگەر خوێنەری وریا و هێژا گوێی لەو چاوپێکەوتن و دیدارە تەلەفزیۆنی و تەلەفۆنی و ڕۆژنامەوانییانە بووبێ، کە دەگەڵ بەرپرسانی کورد ئەنجام دراون، گەلێ بە ڕوونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە لایەنی کوردی بەرەو کێندەرێ مل دەنێ. هەر بۆ نموونە هەڤپەیڤین و وتەکانی کەسانێکی وەک مەلا بەختیار و مەحموود عوسمان و فەلەکەدین کاکەیی و فەرەیدوون عەبدولقادر و سەعدی بەرزنجی و ئەوانی دیکەش، تەنیا شتێک کە بیسەلمێنن، ساردبوونەوە و سەرشۆڕکردن و سازشکردنیشە لەسەر پرسە هەرە گرنگ و چارەنووسسازەکانی تایبەت بە گەلی کورد و خاکەکەی لە باشووری کوردستاندا. خۆ هەر دوێنێ لەسەر زمانی د. مونزیر ئەلفەزڵ کە ئەندامی کۆمیتەی نووسینەوەی دەستوور و ئەندامی هاوپەیمانی کوردستانیشە، لە چەند ماڵپەڕێکی کوردی و عەرەبیدا ئەوە بڵاو کرابۆوە کە کورد دەستبەرداری برگەی ـ مافی بڕیاردانی چارەنووس ـ لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بووە. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ ئەمڕۆ د. مونزیر ئەلفەزڵ ڕوونکردنەوەیەکی لە هەندێ سایتدا بڵاو کردۆتەوە، بۆ نموونە سایتی تایبەت بە حیزبی شیوعی کوردستان، تێیدا هەواڵێکی وەهای بە درۆ خستۆتەوە و پەنجەی بۆ ئەوەش درێژ کردووە کە ئەم برگەی مافی بڕیاردانی چارەنووسە بە جۆرێکی دیکە نووسراوەتەوە و، هەروەها کوردیش وازی لێ نەهێناوە.

خاڵێکی تر کە لەم بوارەدا جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە: بێدەنگبوونی ڕاگەیاندنی حیزبە کوردییە سەرەکییەکانی ئەوڕۆی باشووری کوردستانە لە هەمبەر پرسێکی وەهادا. کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییەکانی سەر بە پارتی و یەکێتی، بە تایبەتی کوردستان تیڤی، هەتا دوێنێش زوڕنایان بۆ فیدرالیزم و عێراقی نوێ و

دەستوور و کەرکووکی قودس و دڵی کوردستان و بڕگەی پەنجا و هەشت و یاسای سەرۆکی هەرێم  و زۆری دیکەش لێدەدا، ئەمڕۆ هەرگیز وەک پێویست و کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ئاست ئەو پرسە گرنگ و پڕ چارەنووسسازانەدا هەڵوێستی کوردانە و کوردستانییانە نانوێنن. جێی داخە ئەوان، کەناڵەکانی کوردستان تیڤی و کوردسات، قەت ئەوەیان لێ دەرنەچووە کە خەڵک چاوەڕوانی بوون. شەرمەزارییەکی مەزنە بۆ ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانە، هەر بۆ نموونە و بەس، ئاهەنگی کردنەوەی باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بە بینەرانی خۆیان نیشان بدەن کە تیایدا ـ ئیسماعیل جومعە ـ لە کاتی گۆرانی گوتندا ئاڵای ڕەشی بەعسییانی بەدەستەوە بوو. دەک بشکێ ئەو دەستەی کە ئاڵای بەعس دەشەکێنێتەوە!

گەلی برادەرینە..

کردنەوەی کەناڵی "ئەلتەئاخی" و لێدانی گۆرانی لەسەر عێراق، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و پیشاندانی لەسەر شاشەی کەناڵی زاگرۆس، برینەکانی کورد نەک هەر تیمار ناکەن و بەس، بگرە بەعس ئاساش خوێ لە زامە هێشتا قەتماغەنەگرتووەکانی لەشی ئەم نەتەوەیە دەکەن! شەرمێکی گەورەیە بۆ ئەو کەناڵانە کە هاووڵاتییانی کورد ناچار بن، لە ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە و ئەلشەرقییە ئەلعالەم و دامودەزگا ڕەگەزپەرستییەکانی تری نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان، گوێبیستی نووچە و دەنگوباسەکانی گەل و نیشتمان بن، کەچی لە هەمان کاتدا سەرپەرشتکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چاویان شتێکی لەو جۆرە نەبینێ و بە وردیش حیسابی بۆ نەکەن.

ئاژانسی هەواڵە جۆراوجۆرەکان لەمەڕ مەسەلەی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ناڵێم هەموویان لێ زۆربەیان، لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم جارەش کورد لە دۆڕانێکەوە بۆ دۆڕانێکی تر هەنگاو دەنێت. هەر ئەمڕۆ بەیانی کە دەچووم بۆ سەر کار، لە ڕۆژنامەیەکی سوێدیدا ـ Stockholm city ـ نووچەیەکی ئاژانسی دەنگوباسی فەڕەنسی و ئۆفیسی تەلەگرامی ڕۆژنامەکانی سوێدی، سەرنجی ڕاکێشام کە تێیدا هاتبوو:" وا پێدەچێ کوردگەلی عێراق داواکانی خۆیان نەرم بکەنەوە.. قەیران و کێشەکان چەند مانگێکە لە نێوان کورد و عەرەبە موسڵمانەکانی شیعە و سوننەدا هاتوونەتە ئاراوە.. بەگوێرەی سەرچاوەکان کورد دوێنێ بەرەو ڕێی دۆڕان ملی دەنا.. زەلمای خەلیلزاد کە بە چڕوپڕی لە وتووێژەکاندا بەشداری کردووە، داوای ئەوەی لە کوردەکان کردووە کە لە داخوازییەکانی خۆیان لەمەڕ هەردوو پرسی فیدرالیزم و

داهاتەکانی نەوتی وڵات نەرمی بنوێنن.. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە داخوازییە سەرەکی و باڵاکانی کورد لە پێکهێنانی هەرێمێکدا کە کەرکووکی شاری نەوتیش بگرێتەوە، ڕاستەوڕاست چ نرخێکی ئەوتۆیان بۆ دانەنراوە."

شایانی باسە هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبوومە، کە کورد جارێکی دیکە ڕوو لە بەغدا بکاتەوە تاکو "عێراقێتی"ی خۆی بسەلمێنێت. نووسین و بابەت و بیروڕاکانم، چ بە کوردی و چ بە عەرەبی، گەواهیدەری ئەم قسەیەن. من وەک کەسێکی کوردستانی بە هەموو شێوەیەک دژی ئەو بۆچوونە بووم کە باسی لە بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا دەکرد. زیاتر لە ساڵێک بەر لە ئێستا لە نووسینێکمدا، کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، گوتوومە: باشترین ئامۆژگاری بۆ سەرکردە کوردەکان ـ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. هەروەها بەشداریکردنی کوردم لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، "وەک سەرلەنوێ مارەکردنەوەی کورد و کوردستان"م لە عێراق داوەتە قەڵەم. ئەمانەم لێرەدا تەنیا بۆ ئەوە هێنایەوە تا خوێنەر خۆی بەراوردێک لە نێوان ئەم چەند دێڕانە و ئەوانی پێشوومدا بکات.

شکستیهێنانی سەران و بەرپرسیارانی کورد لە بەغدا، دیارە لە قووڵایی دڵمەوە هیوادارم قەت شکستی نەهێنن، بە گەلێ شێوان لێکدراوەتەوە و هەڵبەت زۆربەی ئەو لێکدانەوانەش ڕاست و دروستن. برایەکی خۆشەویست لە کورتەنووسراوێکی خۆیدا ئەم کاری بنکەوتن و دۆڕانەی شاندی کوردی بە "پەیماننامەی لۆزانی دووهەزار و پێنج" ناوزەد کردووە! هێژایەکی دیکە ئامادەیی خۆی نیشان دابوو تا سەری ببڕن، تەنیا بەو مەرجەی پارتی و یەکێتی و سەرانی کورد دەستوورێکی سەقەت ئیمزا و مۆر نەکەن، کە مافە بنەڕەتییە هەرە چارەنووسسازەکانی کوردی تێدا ڕەچاو نەکرابێ! سەرکردەی ڕێکخراوێکی باشووری کوردستان پێیوایە: ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سەرانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا دان بە شکانە سیاسییەکانی خۆیاندا بنێن و مەیدانیش بۆ کەسانێکی دیکە چۆڵ بکەن! بێگومان بە دەیان کەسی دڵسۆز و دڵسووتاوی تریش بە شێوازی جودا جودا هەستی دڵ و دەروونی خۆیان بەیان کردووە. ئەمانە گشتیان بەڵگەی ئەوەن کە خەڵکی بەشەرەف و خەمخۆری کورد ترسیان لە چارەنووس و پاشەڕۆژی خۆیان و نەوەکانیانە.. ترسیان لە داهاتووی دوور و نزیکی گەل و نیشتمانە.. چ باوەڕێکی ئەوتۆشیان بە سەرانی کوردی ڕوو لە بەغدا نەبووە و نابێ!

ئەگەر سەرانی کورد لە بەغدا ئیمزای خۆیان بخەنە سەر دەستوورێک کە مافە هەرە بنچینەیی و هەرە سەرەکی و هەرە چارەنووسساز و ئاوات و ئامانجە لەمێژینەکانی کورد، واتە سەربەخۆیی و ڕزگاریی کورد و کوردستان، پێشێل بکات و بیانخاتە بن لنگانەوە. ئەگەر ئەوان کارێکی وا بکەن، من هەر لێرەوە تا بەغدایێ پێیان دەڵێم:

ئێوەن خیانەتکار! ئێوەن کوردفرۆش! ئێوەن کوردستانفرۆش!

سوێد 22-8-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## ئازاد بەرواری ڕاستی نەکرد و سوێندخواردنەکەی مەسعوود بارزانیش فشە دەرچوو!*

ئازاد بەرواری، ئەندامی شاندی باڵای کورد بۆ گفتوگۆکانی نووسینەوەی دەستوور، لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی ئاسمانیی کوردستان گوتی:" دەتوانم بڵێم لە 98%ی ئەوەی ئێمە بۆی هاتبووین، دەستمان کەوتووە. هەموو خواستەکانی ئێمە، مافەکانی ئێمە، لە دەستوور جێگیر کراوە، تەنها یەک لە دێباجەکانی نەبێت، هەندێکی دیکەش لە ماددەکانی ناو دەستوور. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت ئێمە بەشێکین لەو وڵاتە، ئەوانیش تێڕوانین و گرفت و خواستی خۆیان هەیە و ئێمەش هەروەها، بەڵام دەتوانم دڵنیاتان بکەم 98%ی ئەو کارانەی ئێمە لە پێناویاندا هاتبووین لەم ڕەشنووسەی دەستووردا جێگیر بووە."(ماڵپەڕی پەیامنێر 23ـ8ـ2005)




ئەم وشانەی سەرەوە قسەی من نین و هی بەرپرسێکی سەر بە پارتی و ئامادەبووی ناو کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی تایبەت بە دەستوورن. دیارە ئەگەر مرۆڤ ڕەشنووسی دەستووره ڕەشە تازە ئامادەکراوەکەی عێراقی نەفرەتی نەبینێبێت و بە وردیش نەیخوێندبێتەوە، یەکسەر باوەڕ بە قسەکانی کاکی بەرواری دەکات و وەهاش حاڵی دەبێت کە ئەمڕۆ نا سبەی، لە سایەی سەری سەرانی عێراقیپەرستی پارتی و یەکێتی، کورد لە باشووری کوردستان بە ئاواتە دێرین و ئامانجە ڕاستەقینە و مافە بنچینەیی و چارەنووسسازەکانی خۆیان شاگەشکە دەبن و، کێ ناڵێ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش ڕاناگەیەنن؟! من تێناگەم ئەم ئازاد بەرواریيە چۆن وا بە سووک و ئاسانی هەوڵی ئەوە دەدات شتەکان هەڵگێڕووەرگێڕ بکات و، نە بای دیبێ و نە بارانیش، کڵاو لەسەری کورد بنێ؟! تۆ بڵێی ئەو لە بێئاگاییەوە درۆ بە گەلەکەی خۆی بفرۆشێ؟! ئایا ئازاد بەرواری و نموونەکانی مینا وی کە لەناو کورددا کەم نین، نەتەوەی کورد بە ڕانەمەڕ و مێگەل تێدەگەن؟! ئەگەر نا داخوا چۆن دەوێرن قسەی هیچوپووچ و دوور لە ڕاستی و بێ چ بناغەیەک لە حزووری گەلەکەیاندا بکەن؟! ئەرێ بە ڕاست کورد مێرخاس و پیاوماقوول و عەگید و خەمخۆر و کوردپەروەر و کوردستانی و کەسانێکی بەشەرەف و

نەتەوەیی تێدا نەماوە، بۆئەوەی جارێ لە جاران سنووریکی پتەو لەبەردەم ئەو جۆرە بەناو لێپرسراو و پێشسوارانە و ئاخاوتنەکانیشیان دابنێن؟! ڕەنگە ئازاد بەرواری نەپەڕژابێتە سەر خوێندنەوەی ڕەشنووسەکەی دەستووری ناتەواو و بەپەلە نووسراو و ئامادەکراو لەژێر فشاری ئەمریکای بەناو هاوپەیمانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، هەربۆیە پێیوابێ ئەم دەستوورە لە 98%ی داخوازییەکانی کوردی گرتبێتە خۆی؟!

مەسعوود بارزانی کە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەستی لەسەر قورئان دانا و سوێندی خوارد تاکو بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بپارێزێت، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەم پرۆسەیە شتێک بوو لەناو کورددا نوێ و لە هەمان کاتیشدا جێی دڵخۆشی بوو بۆ جەماوەرێکی بەرچاوی نەتەوەی بێ دەوڵەتی کورد، هەر نا هەر نا لە پارچەیەکی دابەشکراوی کوردستاندا. هەر هەمان مەسعوود بارزانی، پێش ئەوەی ڕوو لە بەغدای پایەختی عێراقی داگیرکەری بەشێکی کوردستان بکات، لە هەڤپەیڤینێکی خۆیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە، هەر مەپرسە چۆن چۆنی قسانی دەکرد و خەڵکی کوردی وا حاڵی دەکرد: کوردینە.. بەقەدەر سەرەپووشکەیەکیش سازش لەسەر داواکارییە بنەڕەتی و چارەنووسسازەکانی ئێوە ناکەم!

بارزانی کە لە قسەکانیدا ئەوەندە ڕژد بوو، کورد گۆتەنی، دەیکوشت و نەیدەشاردەوە. لێ کاتێک ناوهاتوو گەیشتە بەغدا، هەروەک برایەکیش لە نووسینێکی خۆیدا ئاماژەی بۆ کردووە، کابرا "متەقی لە خۆی بڕی!" هەر بە قسەی پەیامنێری کوردستان تیڤی خۆی کە دەزگایەکی کوردیی حیزبیی ڕووتە نەک کوردستانی و نەتەوەیی، بەڵێ بە قسەی شێروان تالیب، مەسعوود بارزانی لە بەغدا کاری بووەتە سەرپەرشتیکردنی وتووێژەکانی نێوان عەرەبە شیعە و سوننەکان. تەنانەت یەک لە نوێنەرانی شیعەش شتێکی وەهای درکاند. گەر هەڵەم نەگوتبێ جەواد ئەلمالکی بوو.

پارتی و یەکێتی کە لەنێو ماڵی خۆیاندا، لە کوردستانە دوو لەتکراوەکەی بندەستیاندا، هێشتانەکینێ نەیانتوانیوە یەک حکوومەتۆکەی یەکگرتوو و وەرامدەرەوەش بۆ ویست و خواستەکانی خەڵکی کوردستان پێکبێنن، کەچی لە بەغدایێ دەبن بە ناوبژیکار و سەرپەرشتیکار! دە ئەنگۆ تەماشا کەن کەر لە کوێ کەوتووە و کوندەش لە کوێ دڕاوە! ئاخر نازانم یەکێک ئەگەر دەنێو ماڵەکەی خۆیدا نەتوانێ ئاغا و سەرگەورە بێ، چۆن دەکرێ لە شوێنێکی تردا بە کاری ئاغایەتی ڕابێ؟! ئەدی کورد

نەیگوتووە: بەرد لە جێگای خۆی بەسەنگە؟! سەنگینیی ئەوان لە جێگایەکی وەک بەغدا، بە چ شێوەیەک ئاگری دەردی دڵی کورد دادەمرکێنێت.

با مەسعوود بارزانی خۆی ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات: دەستوورێک کە داواکارییە هەرە سەرەکییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان پشتگوێ بخات، دەبێ چ کەڵکێکی ئەوتۆی بۆ کورد هەبێت؟ ئایا دواخستنی پرسی کەرکووک بۆ چەند ساڵێکی تر بە مانای پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و چارەنووسسازەکانی کورد دێت؟ ئەی سنووری کوردستانی فیدرال چی بەسەر هات؟ بەشی کورد لە داهاتی سەرچاوە دەوڵەمەندە سرووشتییەکانی وڵاتەکەی خۆی بەرەو کام ئاقار ملی نا؟ کوان ناو و هێزی پێشمەرگە؟ دەستوورێک کە لە هەندێ برگە و ماددەیدا بۆنی بەلانی کەمەوە زیاتر لە 1400 ساڵ بەر لە ئێستای لێوە بێ، تا چ ڕاددەیەک خێردار دەبێت بۆ کورد و چین و توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردەواری؟ چ گومان لەوەدا نییە بە دەیان و سەدان پرسیاری دیکەش هەن لەسەر ڕەشنووسە بێزەوەرەکەی ئەو شتەی کە ناوی دەستووری بەسەردا براوە.

مەسعوود بارزانی باشترین کار کە ئەمڕۆ بتوانێت ئەنجامی بدات، تەنیا و تەنیا ئەم دووانەیە: ڕێزگرتنە لەو سوێندەی کە خواردی و گەڕانەوەشیەتی بۆ کوردستان و وازهێنانی یەکجارەکی لە بەغدای ناوەندی داگیرکاری و غەدرکردن لە کورد. بارزانی دەبێ پەردە لەسەر شتەکان لابدا و، خۆیشی گۆتەنی، شتە ڕەش و سپییەکان لە یەک جودا بکاتەوە و نهێنییەکانیش بە تەواوەتی ئاشکرا بکات. پێموایە بۆ سەرانی کورد شکستێکی گەورەیە کە دوای ئەم هەموو ساڵە چاویان لە بەر دەرکی میرغەزەبە تازەکانی هەنووکەی بەغدا بێ. گەلێ کە بە کردەوە لە دەوڵەتێکی داگیرکەر جیابووبۆوە، سەرکردەکانی گەڕاندیانەوە ژێر باڵی هەمان دەوڵەت! ئەم کارە تەنیا لەناو کورد و بەهۆی ڕێبەرەکانییەوە ڕوو دەدات.

گەلۆ سەردەمی چاوەڕوانیی کورد تەواوبوونی بۆ نییە؟ سوێد 24-8-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## پەرلەمانێک هەیە قەت نالّێ: نا!*

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە باشوور کە لەسەر باڵەخانەکەی نووسراوە " ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق"، وەک لای هەمووومان ئاشکرایە، کار و چالاکییە دیار و بەرچاوەکانی ئەم پەرلەمانە و ئەندامانی بە پلەی یەکەم جێبەجێکردنی فەرمان و سیاسەت و هێڵە حیزبییەکانی هەردوو پارتی دەستڕۆیشتووی باشووری کوردستان پارتی و یەکێتی بووە نەک شتێکی تر. ڕەنگە زۆربەشمان لە یادمان مابێ یەکەمین بڕیاری دەرچووی ئەو پەرلەمانە چی بوو و چیشی لێ شین بوو.



ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بنکە لە هەولێر تاکە کارێک کە تا ئێستا مەردانە ئەنجامیان دابێ و بێ سڵکردنەوەش بۆی چووبێتنە مەیدان، دەستبەرزکردنەوەیانە بۆ ئەو بڕیارانەی کە پێشتر لە لایەن پارتی و یەکێتی دراوە و ئینجا گوایە بە شێوەیەکی دیموکراسییانە ڕەوانەی پەرلەمان کراوە، لەوێندەرێش ئەندامە چەلەنگ و لێهاتووەکان بە یەک دەنگ و پێکڕا و تێکڕا لە ئاست ئەو بڕیار و فەرمانانەدا هاواریان لێ هەڵساوە و گوتوویانە: بەڵێ! کەس هەیە بە جاران گوێی لە پەیامنێرانی کەناڵە کوردییە حیزبییەکان نەبووبێ کە چۆن چۆنی ڕاپۆرتەهەواڵیان پێشکەش بە بینەران کردووە، سەبارەت بە کار و دانیشتن و کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، کە تێیاندا باس لەوە کراوە تێکڕای ئەندامان و بە زۆرینەی دەنگیش ڕەزامەندی خۆیان لەسەر فلان بڕیار داوە و پەسندیان کردووە؟ من خۆم ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەمبیستووە و نەمخێندۆتەوە و نەشمبینیوە، تەنیا بۆ جارێکیش بێ، ئەندامانی ئەم پەرلەمانەی کوردستان پرۆژەیەک، بڕیارێک، فەرمایشتێک، هەڵوێستێکی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریان ڕەت کردبێتەوە. ئەم لێکدانەوەیەش بە پلەی یەکەم ئەو ساڵ و سەردەمانە دەگرێتەوە کە پارتی و یەکێتی،

هەر نا لە سەرەوە، دانوویان بەیەکەوە کولاوە و باب و برای یەکتریش بوونە! ئەگەر نا ئەوا چارەنووسی پەرلەمانمان لە کاتی شەڕی کوردکوژی نێوان ئەم دوو هێزەدا باش لە یادە و دەشزانین ئەودەم چ لە ئارادا بوو. پەرلەمانی کوردستان لە دەنگدان بە "بەلێ"دا، بە بەراوردکردن دەگەڵ گشت پەرلەمانی ولاتانی دیکە، ژمارەی ڕیکۆردی شکاندووە و پشتی هەموویانی لە عەردی داوە! ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، وەک چۆن جار لە دوای جار لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەیانبینین، خوا هەڵناگرێ زۆر بەڕێز و ئەدەبانە لێی دانیشتوون و لە دەمەدەمی دەنگدانیشدا ئەرکێکی گران و زەحمەت دەکێشن و دەست بۆ "بەلێ" بەرز دەکەنەوە. ئێمە هەمووومان ئەم جۆرە دیمەنانەمان ئەوەندە چاو پێکەوتووە، کە لە بینینیان بێزار بووین. کەس هەیە بلێ وا نییە؟!




☐ جانب من جلسة للبرلمان الكردي في اربيل امس. (ا ف ب)

دوای ئەوەی کە ڕەشنووسی بەناو دەستووری هەمیشەیی عێراق خرایە بەردەم پەرلەمانی عێراق" کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی"، وێڕای ئەم هەموو بگرە و بەردەیەی کە لە ئاکامی کارەکەدا هاتە ئاراوە، دیسانیش ئەندامانی پەرلەمانی لای خۆمان، وەک هەر جارێک، ئەم جارەشان بە کۆی دەنگ گوتیان بەلێ بۆ ئەو دەستوورەی کە لە چەندین برگە و ماددەیدا بە قەدەر سەرەدەرزییەکیش چ حیسابێکی بۆ گەلی کورد و نیشتمانەکەی نەکردووە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ زیاتر جەختی لەسەر بکەم، چۆنیەتی خودی دەنگدانەکەی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر ئەم ڕەشنووسە.

هەروەک لە گەلێ سەرچاوەی تەلەفزیۆنی و ماڵپەڕە جوداکانی ئینتەرنێتیشدا هاتووە، ئەم ڕەشنووسەی دەستوورە لە سەرەتادا لە لایەن مەسعوود بارزانی، چونکە سەرۆکی "هەرێمی کوردستانە"ە، بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕەوان کراوە. لەتەک ڕەشنووسەکەشدا بارزانی نامەیەکی ئاراستەی عەدنان موفتیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کردووە. بارزانی لە نامەکەی خۆیدا گوتوویەتی:" ئەم ڕەشنووسەی دەستوور

سەرەڕای ئەوەی هەندێک خاڵی تێدایە لەگەڵ چاوتێبڕینەکانی ئێمە یەکناگرێتەوە، بەڵام دەسکەوتێکی گەورەیە و با بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت." هەروەها بارزانی لە نامەکەیدا داوای کردووە:" پەرلەمانی کوردستان دەنگ بدات بەم ڕەشنووسە، چونکە زۆربەی زۆری مافەکانی گەلی کوردستانی تێدایە و بەری ڕەنجی تێکۆشان و خوێنی شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە."

بەر لە هەر شتێ ئەگەر دەستوورێک "لەگەڵ چاوتێبڕینەکانی ئێمە ـ کە بێگومان بارزانی مەبەستی کوردە، م.ک ـ یەکنەگرێتەوە"، من پێموایە وەها دەستوورێک نەک هەر دەستکەوتێکی گەورە نییە، بگرە لەوانەیە تەپکەیەک بێ بۆ کورد دانرابێتەوە. پاشان لە ڕۆژی ئەوڕۆدا کێ باوەڕ بە کێ دەکات، هەتا کوردی بندەست باوەڕ بە عەرەبی سەردەست و ڕەگەزپەرست و کۆنەپەرست و کەللەڕەقی مینا شیعەکان بکات؟!

بارزانی داوا داکات پەرلەمانی کوردستان دەنگ بدات بەم ڕەشنووسە. باشە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە بارێکی وادا نابێ خۆیان سەرپشک بن و بیر بکەنەوە و مێشک بەکار بێنن و، دەنگیش بەم ڕەشنووسە بدەن یان نا؟! من ئەم جۆرە داواکارییە بە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە تێدەگەم. یەکێک ئەگەر بەڕاستی ئەندام پەرلەمان بێت و خۆی بڕیار بدات، دەبێ وەها داواکارییەک، بە جۆرێک لە سووکایەتیکردن بە خۆی تێبگات. لە وڵاتێکی وەکو سوێد، کە دەزانم لەگەڵ کوردستان بەراورد ناکرێت، بەڵام ئەندام پەرلەمانێک بۆی هەیە گەورەترین کێشە بۆ سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکە و حکوومەت و خودی پەرلەمانیش بنێتەوە و، پەنجە لەناو چاوی پایەبەرزترین کەسی دەسەڵاتداریش بنێت. بە مانایەکی تر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ دەبێ، ئیللا و ئیللا، ئەوەیان بە بیر بهێنرێتەوە کە پێویستە وەها و وەها دەنگ بدەن! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە "بەری ڕەنجی تێکۆشان و خوێنی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان"، تەنیا بە سەربەخۆیی یەکجارەکی و تەواوەتی کوردستان واتادار دەبن و، خوێنی سوور و پاک و گەشی شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجە و هەر بستێکی ئەم خاکە مەزن و فراوانەش، هەر بەتەنێ لە پێناو دەستوورێکی چەند لاپەڕەیی سەقەت نەبەخشراوە، بەڵکو گەلێ لەوە وەهاوەترە کە سەرانی کورد باسی لێوە دەکەن. گەورە و گچکەی نەتەوەی خۆڕاگری کورد ئەم شتەی لا ڕوون و ئاشکرایە.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، هەندێکیان نەبێ کە ژمارەیان بەقەدەر پەنجەکانی دەستن، هەر هەموویان حیزبییەکی ئەوەندە تۆخن، لە ڕەنگدانەوەشدا زێڕی بیست و چوار عەیارن. کوان ئەو ئەندامانەی کە بەهۆی کوردبوون و

کوردستانیبوونیانەوە، نەک لەبەر شتێکی تر، لە کاتی لێدانی مارشی عروبە و بەعس هەڵنەستانە سەر پێ و وەک جەلال تاڵەبانی ئەم سرووده نەفرەتییەیان نەوتەوە؟ ئایا نەدەبوو ئەوان لە کاتی دەنگدان لەسەر ڕەشنووسەکەشدا هەڵوێستێک بنوێنن، دەست لە کار بکێشنەوە، ڕەخنەی توند لە سەرانی کورد بگرن و هەڵلایەک بنێنەوە؟ هەندێکیان لە پاش دەنگدانەکە، ئینجا باس لە کەموکورتییەکانی ئەم ڕەشنووسەی دەستوور دەکەن. دەستوورێک تەنانەت سەرۆکی پەرلەمانیش، هەندێ خاڵ و بڕگەی پێ "ناڕوون و نادیار" بێت، کەچی دیسانیش دەبێ هەر بە "بەڵێ" پەسند بکرێت!

"نا" بۆ پەرلەمانێک کە قەت نالێ "نا"!

<u>سوێد 25-8-2005</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بلاو کراوەتەوە.

# دەستوور و نیگەرانبوونی خەڵکی کوردستان *

خەڵک و جەماوەری بەشەرەف و خۆشی لە خۆ نەدیوی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، کاتێ لەمەڕ پرسی دەستووری هەمیشەیی بۆ عێراقی داگیرکەری فەرمیی بەشێکی کوردستان، جۆرێک لە نیگەرانی و بێزاربوون و تووڕەبوونیش لە هەمبەر ئەم بەناو دەستوورەدا نیشان دەدەن، ئەم کاردانەوەیان لە شتێکەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە بێ بنچینە و بناغە بێ. کورد لەو پارچەیەی نیشتمانەکەی خۆیدا خاوەنی سەدان هەزار شەهید و قوربانی و کارەساتە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و، وێرانکردنی هەزاران گوند و باژێڕۆک و شێواندنی باری نەتەوەیی و دیمۆگرافی و بنپێکردنی مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیەتی، کە بە درێژایی دروستکردنی قەوارەیەک بە ناوی عێراق دووچاریان بۆتەوە و لەژێریاندا دەناڵێنێت.

ئەوە تەنیا ڕۆشنبیران و کەسانێکی پێنووس بەدەست و خەمخۆر و کوردستانی نین کە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق بە نەفرەت دەکەن و، دەیخەنە نێو تەنەکەی خۆڵەوە. دەنگدانی 99%ی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە باشووری وڵاتدا بۆ سەربەخۆیی و جودابوونەوە، هەرچەندە سەرانی کورد لێنەگەڕان بە شێوەیەکی فەرمی بەڕێوە بچێت، لێ دیسانیش خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ بە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراقی لەبەریەک هەڵوەشاوە و لێکدابڕاو ناو دەبرێت. کەس هەیە شتێکی وا نەزانێ و لێی بێئاگا بێ؟! ئەگەر سەرانی کورد ڕاست دەکەن با بوێرانە بێنە مەیدان و لە خەڵکی ڕەشوڕووتی کوردستانیش بپرسن: چتان دەوێ؟ تەنیا ئەوسا دەردەکەوێ کورد، وەک نەتەوە و گەل، چ پەسند دەکەن و چش پەسند ناکەن. بڕیاردان لەسەر پرۆژەیەکی دەستوور و هەر شتێکی تریش لە پەرلەمانێکی دەست و پێ بەستراو، هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت گەلێک کە لە 99%ی لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستان بێ لە عێراق، ئیدی وەها دەستوورێکی پێ باشە، وەڵڵا چونکە "سەرۆکی هەرێم" ئەندامانی پەرلەمانی ڕاسپاردووە تا دەنگ بۆ پەسندکردنی بدەن. خۆ کارێکی وەک ئەمە سیحر و میحر نییە تاکو نەتوانین لە نهێنییەکانی تێبگەین. لەناو خودی کوردستانیش خەڵک بە چاوێکی زۆر ڕەخنەگرانە لە پرسی دەستوور و چەندین پرسی دیکەش دەڕوانن. ئەمەیان لەم دواییانەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوونتر لە جاران هەستی پێ دەکرێ.

له پاش چەند ساڵی دیکە کەس نازانێ چ لە ناوچەکە دەقەومێ و، ڕەوشی سیاسی و ئاسایش و ستراتیژیش ڕوویان لە کوێ دەبێ. خۆ گرێدان بە دەستووری وڵاتێکی نائارام و ناسەقامگیر و پڕ لە تیرۆریستان کاری کەسانێکی ژیر و ئاقڵ و کوردستانی و کوردپەروەر نییە. هەروابێتەوە پارتی و یەکێتی کە پەرێزیان ئەوەندە پیسە، مافی تەواوی گشت خەڵکی نەتەوەی کوردە کە لە بەردەم هەر هەنگاوێکی ئەم دوو حیزبەدا هەزاران نیشانەی پرسیار دابنێن. ڕابردوو پێمان دەڵێت بڕوا بەو دوو حیزبە و سەرانیان مەکەن.

بەکورتییەکەی شاپ لە دەستوور دان هەر بەتەنێ تایبەت بە ڕۆشنبیران و نووسەران نییە و، کورد وەک نەتەوە زۆر لەوە مەزنترە هەتا چارەنووسی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی چەند تاقمێکی دواکەوتووی مینا شیعە کەللەڕەقەکانی سەر بە نەتەوەی سەردەست لە عێراقدا. سبەی ڕۆژێ، بمانەوێ و نەمانەوێ، شیعەکان کە زۆرینەن بە هەڵبژاردنیش بێ، هەر دەبن بە دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی عێراق. کەس دەتوانێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات؟! سوێد 26-8-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## هۆ کوردینه: له سەدا نەوەد و هەشتی مافەکانتان کەم بووەوە بۆ لە سەدا هەشتا!*

چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا، 23-8-2005، ئازاد بەرواری کە سەر بە پارتییە لە ئاخاوتنێکی خۆیدا گوتبووی، لە 98%ی داخوازییەکانمان لە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کراوە. ئەمرۆ 28-8-2005، تەنیا پێنج ڕۆژ دواتر، بەڵام ئەم جارەیان لە لایەن بەرپرسێکی یەکێتی، ڕێژەی داواکاری و مافەکانی کورد کە گوایا لە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کراون، هەر بە قسەی ئەو بێ دەگاتە لە 80%.



نوشیروان مصطفى الرجل الثاني في حزب الاتحاد الوطني الكردستاني

سەرچاوەیەکی سەر بە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی"PUK Media " ئەوەی ڕاگەیاندووە کە نەوشێروان مستەفا ئەمین، ئێوارەی ڕۆژی 28-8-2005 بە ئامادەبوونی ئەرسەلان بایز و ئازاد جوندیانی و دەستبژێرێک لە کادیرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، گوتوویەتی:" ئەوەی لە ڕەشنووسی دەستووری عێراقیدا بۆ گەلی کوردستان بەدی هاتووە، دەگاتە لە 80%." نەوشێروان مستەفا لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە چەند خاڵێک کردووە و بە "سەرکەوتن و دەستکەوتی نوێ"ش ناوی بردوون. ناوبراو پێیوایە ئەمە جاری یەکەمە کە هەل و دەرفەت بۆ کورد هەڵبکەوێ تاکو " بتوانێ بەشداری لە دارشتن و بنیاتنانی پاشەڕۆژی عێراق"دا بکات. دیارە ئەو لەسەر دواخستنی ماددەی 58 و پرسی بڕیاردانی چارەنووسیش ڕای خۆی دەربڕیوە. بێگومان لەم بوارەشدا هەر وەک سەرانی هەنووکەی کوردستان و هەردوو حیزبەکە بیر دەکاتەوە. ئەو هیچی لەوان کەمتر نییە و، ئەوان وەستان و ئەویش شاگرد!

نازانم نەوشێروان مستەفا تا چ ڕاددەیەک ئاگای لە وتەکانی ئازاد بەرواری هەبووە یان نا؟ لێ ئەوەی کە لە ئەنجامی ئاخاوتنی ئەم هەردوو بەرپرسیارە کوردە حیزبییەدا دەردەکەوێ، دابەزین و کەمبوونەوەی کێرڤی داخوازییەکانی کوردە، ڕاستتر سازشکردنی سەرانی کوردە لەسەر ئەو ماف و داخوازییانە، لە تەنیا پێنج ڕۆژێکدا بۆ

ڕێژەی لە 18%. یەکێکیان لە 98% و ئەوی دیکەشیان لە 80%ی دانابوو. من پێشتر لە نووسینێکی خۆمدا بە ئاشکرا هاوارم کردبوو ئازاد بەرواری ڕاست ناکات. ئێستاش بە دڵنیاییەوە دەڵێم نەوشێروانیش هەر دەچێتە هەمان خانەوە. چ گومانیش لەوەدا نییە هەردووکیان دەرچووی یەک قوتابخانەن: قوتابخانەی حیزبایەتی تەسکی کوردی نەوەک کوردستانی و کوردایەتی!

ئەوڕۆ کەس نییە نەزانێ بەهۆی وەها دەستوورێکەوە، کە سەرانی کورد و پارتی و یەکێتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان دەهۆڵ و زوڕنای کوردی بۆ لێ دەدەن، چۆن چۆنی کوردستان لە عێراقی داگیرکەر دەبەسترێتەوە و دەشکرێتەوە بە بەشێک لەو قەوارە ساختە دەستکرد و نەگریس و نەفرەتییە. کورد هەر هەمووی هاوار دەکات: نا بۆ عێراق، ئا بۆ کوردستانی سەربەخۆ!

سوێد 28-8-2005

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەمانە هەموویان نیشانەی چین؟*

پاش ئەوەی کە ڕەشنووسی دەستووورە نەفرەتلێکراوەکەی عێراق ڕاگەیەنرا و بڵاو کرایەوە، هەروەک بینیمان لە زۆر لا و هەر لە دەستپێکیشدا، کاردانەوەی توندی لە بەرامبەردا نیشان درا. کاردانەوەکان بە شێوەیەکی تایبەتی لە لایەن نووسەران و ڕۆشنبیران و کەسانێکی خەمخۆر و کوردستانی و نەتەوەیی و نیشتمانییەوە دەرچوون. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە خەڵکی ڕەشۆکی و بێبەشکراوی کوردستان لە هەموو شتێک، بە ئارەزووی خۆیان لەمەڕ مەسەلەی دەستوور هەڵوێستیان نواندووە و دەنوێنن. ڕێک بە پێچەوانەوە ئەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانن کە ڕۆژانە خەڵک دێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆنە حیزبییەکانیان ، هەر بۆ ئەوەی بە بینەران و دنیای بسەلمێنن، سەرانی کورد بە دەردی خۆیان گۆتەنی "حەکیمانە" جووڵاونەتەوە و بە چ شێوەیەک لە تۆزقاڵێکی مافەکانی ئەم گەلە چەوساوە و بندەستەیە خۆش نەبوونە و خۆش نابن!

لەوەتی ڕەشنووسی ئەم بەناو دەستوورە هاتۆتە پێشەوە، سەرکردەکانی کورد لە باشووری کوردستان و هەردوو پارتی دەستڕۆیشتووی ئەم بەشەی وڵات و ئەندامان و پێنووس بەدەستانیان، هەر مەپرسە بە چ جۆرێ هەراسانیان لێ براوە و، ئیلا و بیلا، دەیانەوێ بۆ ئێمەمانانی بسەلمێنن کە ئەوان و سەرکردەکانیان سازشیان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا نەکردووە و، بەڵکو ئەوە ئێمەین "چەواشەکار" و "دوورنەبین" و "ناواقیعی"ن!

سەرانی کورد کە هەمیشە بۆنی دوودڵی و ڕاڕایی و وێکنەهاتنەوە لە قسە و بۆچوونەکانیان هەستی پێ دەکرێ، ئەمڕۆ کاری سەرەکی و بنەڕەتییان بووەتە کپکردنی ئەو دەنگە ئازادانەی کە لە بەرامبەر هەڵوێستە نانەتەوەیی و نانیشتمانی و ناکوردستانییەکاندا بەرز بوونەتەوە. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لە خودی ئاخافتن و وتەکانی ئەوان ورد بێتەوە، باش تێدەگات کە سەرکردایەتی سیاسیی و بەناو حەکیمانەی کوردستان، لە بار و دۆخێکی نائارام و ناهاوسەنگدا دەژی. هەموومان چاک لە یادمانە، هەر لە پاش دەرچوونی ڕەشنووسی دەستووورە ڕەشەکە، ئازاد بەرواری"پارتی" باسی لەوە کرد کە کورد لە 98%ی پرس و مەسەلە چارەنووسسازەکانی خۆی وەدەست هێناوە. چەند ڕۆژ دواتر نەوشێروان مستەفا"یەکێتی" ڕێژەی ئەم دەستکەوتانەی، لە بارێکدا ئەگەر بە سەرکەوتن و

دەستکەوت بژمێردرێن؟، گەیاندە لە 80%. هەر دوێنێش لە دوایین ژمارەی بڵاوکراوەی "میدیا"دا فەلەکەدین کاکەیی"پارتی" ڕاددە و ڕێژەی گوایە سەرکەوتنەکانی کوردی لە بەغدا گەیاندۆتە 75%. سەیر لەوەدایە ئازاد بەرواری و فەلەکەدین کاکەیی هەردووکیان سەر بە پارتین و هەردووکیشیان ئاگاداری دانیشتن و کۆبوونەوەکانی پشت پەردەی بەغدان، بەڵام هەریەکە و بە جۆرێ بۆچوون دەردەبڕێت؟!



کەناڵی کوردستان تیڤی"پارتی"، بە مەبەستی چەواشەکردنی خەڵک و بینەرانی خۆی، بۆ ئەوەی پێمانی بسەلمێنێت کە "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" حەکیم و لوقمانە و لە مافەکانی کوردیش بە قەدەر سەرەدەرزییەک خۆش نابێت، هەر لەگەڵ هاتنەوەی بارزانی بۆ کوردستان، دەستی کرد بە کاری ماستاو ساردکردنەوە بۆ جەنابی سەرۆک و، لێدانی ئەو قەوانە کۆنانەی کە پێشتر بە دەیان، بڵێ بە سەدان جار ئێمەی بینەرانی ئەم کەناڵە گوێمان لێیان بووە و پێشیان پەست و بێزار بووین. ئەرێ کەس هەیە ئەو قسانەی مەسعوود بارزانی بەر گوێ نەکەوتبێ کە لە کاتی شەڕەکانی خواکورک و ڕاپەڕینی بوێرانەی جەماوەری گەلی کوردستان لە بەهاری 1991"کۆیە" و سەردانی ویدا بۆ تورکیا و لەمەڕ شاری کەرکووکی کوردستان، درکاندبوونی و تا ڕاددەیەکیش بووبوونە مایەی دڵخۆشی بۆ خەڵکی بەشەرەف و کۆڵنەدەری ئەم نیشتمانە؟! دووبارەکردنەوەی ئەم جۆرە قسە و هەڤپەیڤین و وتانە، کە بێگومان گشتمان دەزانین بۆ چ مەبەستێک ئەنجام دەدرێن، بەر لەوەی سەری سەرکردەیەکی پێ بکرێتەوە، دەبێ کارمەندان و کارگێڕان و بەرپرسیارانی کوردستان تیڤی و هەر دەزگایەکی دیکەی حیزبی باش ئەوە بزانن، کە نواندنی وەها هەڵوێستێک لە هەمان کاتیشدا سەری ئەم سەرکردە و "سەرۆکی هەرێم"ە لە قوڕێ ڕادەکات! تۆ بڵێی ئەوان شتێکی وا نەزانن و بە ئەنقەستیش چاوی لێ بپۆشن؟!

مادام قسەمان لەسەر سەرکردە و ڕۆڵی ئەوانە لە مەسەلەی نووسینەوە و دارشتن و ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری عێراقی داگیرکەری باشووری کوردستان، نابێ بە چ شێوەیەک ئاخاوتن و قسە ناشیرین و سووکایەتیپێکەرەکانی تاڵەبانیش پشت گوێ بخەین، کە لەم دواییانەدا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر و ڕۆژنامەی حوڕیەتی تورکی و کەناڵی ئەلعەرەبییەدا کردبوونی. ئێمەی کورد وامان لێ هاتووە، پێش ئەوەی تاڵەبانی دەمی بکاتەوە، دەست دەکەین بە دوعا خوێندن و لە خوای مەزن

و میهرەبان دەپارێینەوە و دەڵێین: دەی خوایە گیان ئەم جارەیان مامی مامان لێمان ببێتە شێری شێران و شەکرێکی شیرین و بەلەزەتی کوردی لە دەم بێتە دەرەوە و، کوردگەلی سەر ڕووی زەمینیش شاد و دڵخۆش بکات؟! من پێموایە ئەمە تەنیا دەربڕینێکی دڵ و دەروونی من نییە و هەر کەسێکی کورد ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم هەستەی لا دروست بووە و، بیرکردنەوەیەکی وەهای لەکن پەیدا بووە. ئێوە دەڵێن چی؟!

لەسەر قسەکانی تاڵەبانی لە گەلێ لاوە وەرام و ڕەخنەی توند و تیژ و کوردستانییانەمان، بە کوردی و بە عەرەبی، بینی. تاڵەبانی لە ئاخاوتنەکانی خۆیدا سووکایەتی نەک هەر بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەشێکی نیشتماندا کرد و بەس، بگرە ناوبراو هێرشی بێمانا و هیچوپووچی بردە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، کاتێ گوتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تەنیا خەیاڵی کەسانێکی مینا قەززافییە و سەرکردە و ڕێبەرانی کورد قەت بیریان لە شتێکی وەها نەکردۆتەوە. جەلال تاڵەبانی کە ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ لە خاڵی کورد نییە و، بە پەیامنێری ڕۆژنامەی حوڕیەتی گوتووە کە ئەو خانووێکی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا هەیە و دەشیەوێ خانووێکی تر لە شاری ئەستەمبووڵ بکڕێ، چونکە خۆی گۆتەنی ئەو زۆر بە جوانییەکەی ئەم شارە سەرسام و "موعجیب" ە و ئاشقی ڕاستەقینەیەتی! هەر لە چاوپێکەوتنەکەی خۆیدا لە ڕۆژنامەی حوڕیەتی کەمالیستانەی تورکەکاندا تاڵەبانی دەوڵەتی کوردی بە شتێکی "موستەحیل" زانیوە و، جنێوی ناڕەواشی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە باکووری کوردستان داوە. هەر کەسێکیش ئەگەر گومان لەم قسانەی بکات، با خۆی قسەکانی تاڵەبانی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و غەیرەکوردیدا بخوێنێتەوە.

ئەو ڕەخنانەی کە سەبارەت بە ڕەشنووسی دەستووری عێراق و سازشکارییەکانی سەرانی کورد لە بەردەم عەرەبە شیعە و سوننەکاندا گیران، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕاستێتی و هەقبێژی خاوەنی ئەم بۆچوون و ڕەخنە کوردستانییانە ڕوون و ئاشکرا دەبن. لە دوای هاتنەوەی مەسعوود بارزانی بۆ کوردستان، بەپێی ڕاپرسییەکی ناوەندێکی بنکە لە کوردستان، تەنیا نزیکەی لە 35% ی خەڵک لەم بەشەی نیشتماندا ناوهاتوو "بە سەرۆکێکی باش" لە قەڵەم دەدەن. هەر بەگوێرەی ڕاپرسییەکی دیکە، لەمەڕ ڕەشنووسی دەستوور، کە لە ماڵپەڕی کلاوڕۆژنەدا ئێستا لە بەر دەستی هەمووانداپە، لە بەرسڤی پرسیارێکدا: ئایا دەستووری نوێی عێراق مافەکانی کورد دەستەبەر دەکات؟، لە 89%ی دەنگدەران ئەم دەستوورەیان بە وەرامی "نەخێر، شوورەییە" پێناسە کردووە. لە

ناوخۆی کوردستانیش کورد بە چ جۆرێک ئەوەندە ڕای لەو ڕەشنووسی دەستوورە نییە، کە تەلەفزیۆنەکانی پارتی و یەکێتی پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن. هەر کەسێک ئەگەر تۆزقاڵێک ئاگای لە ڕەوشی ولات هەبێ، هەست بەم شتە دەکات.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەم ڕەشنووسەی دەستوور، کە سەرانی کورد زۆر دڵیان پێ دەکرێتەوە، هەر لە ڕۆژی دەرچوونییەوە سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانیشی، وا خەریکە وردە وردە مریشک ئاسا پەڕوباڵی دەکرێت و، لەبەر کابرایەکی شۆڤێنی وەک عەمرو مووسای عەرەب و میسرییش یەک لە بەندە هەرە سەرەکییەکانی ئەتک دەکرێت. بەهۆی وەها ئەتککردنێکەوە کورد سووک و ڕیسوا دەکرێت و کوردستانیش دەکرێ بە بەشێکی جودانەکراوە لە نیشتمانی عەرەبیی درێژبۆوە لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو. سەرانی کورد کە ئەوەندە باسیان لە سەرکەوتنی باش و وەدیهێنانی دەستکەوتی گرنگ دەکرد، ئێستا لە شوێنی خۆیان ئاسنی سارد دەکوتن و، تەنیا کارێ کە بۆیان مابێتەوە: ناوبژیکردنە لە نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە. بە ڕاستیش ئەوان خزمەتکاری دڵسۆز و بەوەفای عەرەب و عێراق و دەوڵەتە داگیرکەکانی دیکەی کوردستانن. هەر کەسێک کە نکۆڵی لەمە بکات، با بگەڕێتەوە بۆ ئەرشیفە کۆنەکان و گوێبیستی ئاخاوتنەکانی سەرانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بێت!

هەر دوێنێ ترسنۆکەکانی سەر بە یەکێتی لە کەلار تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی کورد کرد، هەر لەبەر ئەوەی داوای ئاو و کارەبا و پێداویستییە بنچینەیی و هەرە سادەکانی ژیانیان دەکرد، کەچی سەرکردەکانی ئەو حیزبانە ڕۆژ تا ئێوارە قسەی سەر زمان و بن زمانیان دیموکراسی و مافی مرۆڤە لە کوردستاندا. ئافەرین بۆ حیزبێک و سەرانی کە بە گوللە وەرامی خەڵکی ڕەشوڕووت و برسیی کوردستان بدەنەوە! یەکێک کە وەها کردار و ڕەفتار بنوێنێت، بیزانێ و نەیزانێ، بەعسییە و بە کوردی دەپەیڤێت!

با ڕاپەڕینی دلێرانەی خەڵکی شاری کەلار سەرەتایەک بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کوردستانفرۆشان و بەکرێگیراوان! ستۆکهۆڵم 8ـ9ـ2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بلاو کراوەتەوە.

# (هەولێر) بە دوعا ، اهلا بـ(اربيل)!*

جارێک عەرەبێکی عێراقیی ڕەگەزپەرست، د. عەلی ناوێک، لە سوێدەوە تەلەفۆنێکی بۆ کەناڵی شۆڤێنیستی "ئەلجەزیرە"ی قەتەری کرد. کابرا لەمەڕ پرسی کورد و چەند پێشهاتێکی ناوچەکە گەلێ درۆی گەورەی لە شێوەی بیروڕا بەسەر بینەراندا سەپاند. بێگومان ئامادەکەری بەرنامەکەی کەناڵی ناوهاتووش بە پێنج پەنجە بیانوو و درۆیەکانی بۆ مۆر دەکرد و یەک لە درۆیەکانی ئەم عەلی ناوە ئەوەبوو، کە گوایا سەرکردایەتی کورد زیرەکانە دەستی کردووە بە "بەکوردیکردنی" ناوچە و شار و دەڤەرە جوداکانی "باکووری عێراق"، هەر بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم شوێنانە ببن یا بکرێن بە بەشێک لە کوردستان. ئەو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە هەولێر قەت ناوەکەی "هەولێر" نەبووە و هەر "ئەربیل" بووە و، کورد دەستیان کردووە بە "تەکرید"کردنی شارەکە و، ناوەکەشیان گۆڕیوە بۆ "هەولێر" کە چ مانایەک ناگەیەنێت. تا ئێرە قسەکانی ئەم عەرەبە مێشک بۆگەن و بەعسییە تەواو بوو. ئینجا دوای هێنانەوەی ئەم تێڕوانینە ڕەگەزپەرستانەیەی سەرەوە، شۆڕ دەبینەوە بۆ ناواخنی بابەتەکەمان کە پەیوەندی هەر بە ناوی "هەولێر"ەوە هەیە. دیارە من لە کورتەنووسینێکی وادا باسێکی مێژوویی پێشکەش بە خوێنەرانی هێژا و بەهاگران ناکەم. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم، بە پلەی یەکەم، گرێدراوی ناوی فڕۆکەخانەکەی شاری هەولێرە نەک شتێکی تر.

هەمووماں چاک لە یادمانە کاتێ بۆ یەکەمین جار، یەکەم فڕۆکەی نەفەرهەڵگر لە شاری هەولێر و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر نیشتەوە، چەند شاد و دڵخۆش بووین. ڕەنگە زۆربەمان باش لە بیرمان مابێ، هەر لەگەڵ یەکەم نیشتنەوەی فڕۆکە لەم شارەدا، هاووڵاتییەکی کوردستانی و دووروەڵات و دانیشتووی ئەڵمانیا، لە هەمان ڕۆژدا بوو بە باوکی کچێکی ژیکەڵانە و ناویشی نا "فڕۆکە"! ئەو برا کوردە لەوانەیە ئەوەندە حەزی لە ناوی "فڕۆکە" نەکردبێ، بەڵام هەر لەبەر خاتری ڕووداوە خۆش و مێژووییەکە ناوێکی وەهای بۆ کۆرپە تازە لە دایکبووەکەی خۆی بە باش زانیبێت.

ئێمە یەکەمین تابلۆی گەورەی هەڵواسراوی سەر دەروازەی سەرەکی فڕۆکەخانەی هەولێرمان بینی، کە بەم شێوەیە نووسرابوو: "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر" و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا، بە کوردستان تیڤی و ئەوانی تریشەوە، هەر شتێکی وەها دەگوترا و باس لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتیش دەکرا. بێجگە لەم ناوە

شتێکی تر لە ئارادا نەبوو. کەچی لەپڕێکدا لە سایتەکانی هەواڵ و دەنگوباس و تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکاندا، "فڕۆکەی نێودەوڵەتیی ئەربیل"، گوێمانی کەڕ و چاومانی کوێر کرد. ئەمە خۆی لە خۆیدا، بەر لەوەی هەر ناوێکی دیکەی لێ بنرێت، ئەوی ڕاستی بۆ ڕازیکردنی دڵی نەتەوەی سەردەستی عەرەب و دەسەڵاتدارانی نوێی ڕاستەقینەی ئەوڕۆی بەغدایە نەک شتێکی تر. هەر کەسێکیش بڵێ وا نییە، بێگومان خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت، جا بیزانێت یان نا ئەمەیان کاری من نییە!

لە زۆر وڵاتان زمانی جیا جیا و نەتەوەی جۆراوجۆر و ئایین و مەزبەهگەلی هەمەڕەنگیش هەن. دیارە چ عەیبێک لەمەدا نییە و کارێکی سرووشتی و ئاساییشە. لێ ئەوەی کە نائاسایی و ڕەگەزپەرستانە و ڕاسیستانە و نامرۆڤانەشە، سەپاندنی بەزۆرەکی زمانی نەتەوەیەکی دیاریکراوە بەسەر ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی جودا لەوی تر.



کورد لەم بوارەدا دەرد و ئازارێکی زۆری کێشاوە و، هەر لە سەدان ساڵەوە تاوەکو هەنووکەش بە دەستی وەها ئازارێکەوە دەناڵێنێت.

دەک ئافەرین و هەزار جار ئافەرین بۆ سەرانی کورد کە ڕۆژانە باس لە بەدەستهێنانی دەسکەوتە مەزنەکان دەکەن، هەر بۆ نموونە لە بابەتی پرسی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق و گەلێکی تریش، کەچی لە هەمان کاتدا ناتوانن لەبەر چاوی گشت دنیا و عەرەبە چاوچنۆک و شۆڤێنیستەکاندا تابلۆیەک بە کوردی، ناوی "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر"، هەڵبواسن! ئایا خەڵکی هەولێر بە چ ناوێک شارەکەی خۆیان ناسیوە و دەناسن؟! کەی ڕەوایە تابلۆیەک لە شارێک هەڵبواسرێ کە دانیشتوانەکەی بەم ناوە ناوی نەبەن و نەیناسن؟! وا باوە لە شارێکدا،

لە شوێنێکدا، زمانی دایکی خەڵک و دانیشتوان یەکەم بێت و، بایەخیشی پێ بدرێت نەک بە پێچەوانەوە. ئەی ناڵێن کوردی بووە بە زمانی فەرمی، لەتەک عەرەبی، لە "عێراقی فیدراڵ" کە ڕۆژانە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبەکانی کوردستان دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لێ دەدەن؟! خۆ هەولێرییەکان "هەولێر" بە "ئەڕبیل" ناو نابەن، تا سەرانی ئەمڕۆی ترسنۆکی کورد، بێ ئەوەی لە خەڵکی شارەکەش بپرسن، بچن بە کەیفی دڵی خۆیان "ئەڕبیل"ێک هەڵبواسن و چ ڕێزێکیش بۆ جەماوەری ئەم شارە و تەواوی



کوردستانیش دانەنێن؟!

سەرانی کورد کە ڕازی بوونە لەسەر گۆڕینی ناوی فڕۆکەخانەی نێودوڵەتیی هەولێر بۆ "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەڕبیل"، زانیویانە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانی نەتەوەی سەردەستی عێراق ڕوو لەم شار و فڕۆکەخانەیە دەکەن و ئێ خۆ ناشبێ ئەوان دڵیان برەنجێنرێ و، زویر و تووڕەش بکرێن! ئەی ئەوە نییە لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا، "برا عەرەبە سوننە"کان کە برای سەرکردەکانی کوردن نەک برای گەلی کورد و، بە ڕاستیش پاشماوەکانی بەعس و ڕژێمی ڕووخاوی کوردکوژ و ئەنفالچی و کیمیابارانن، بە فڕۆکەکانی هێڵی ئاسمانیی عێراقی لە هەولێر دەنیشنەوە

و چاویان ڕۆشن و دڵیان شاد و کەیفیشیان ساز دەبێت، کاتێک دەبینن وا ناوی کوردیی "هەولێر" نەماوە و ناوی فەرمیی "ئەرِبیل" جێگای گرتۆتەوە و، عەرەبەکانیش هەر بە هەمان ناو شارەکە دەناسن؟! کارێکی وەها دەسکەوتە بۆ ئەوان و شکستیشە بۆ کورد و سەرانی. ئەو عەرەبە سوننانە، کە لەبەر ڕێکنەکەوتنیان دەگەڵ شیعەکان، پشی پشی لە کورد و ڕێبەرانیان دەکەن، ئەگەر نا هەموومان باش باش دەزانین چاویان بە چ شتێک هەڵنایەت کە بۆنی کورد و خاکی کوردستانی لێوە بێت، بە جارانیش بە دزی و بە ئاشکرا ئەم شتەیان باس کردووە و نەیانشاردۆتەوە. تەنانەت لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانیاشیاندا کە لە هەولێر گرتوویانە، چەند جار قسەگەلێکی وایان کردووە کە بە چ شێوەیەک لەگەڵ خواست و داوا و ئامانجە ڕەواکانی دۆزی کورد لە باشووری کوردستان یەک ناگرنەوە. ئەوان لە هەولێری گەورە و گراندا ئەم شارە بە "بلدە" ناو دەبەن. ئەگەر هەر کەسێک ئەلفوبێی زمانی عەرەبی بزانێ، دەشزانێ بەکارهێنانی ئەم وشەیە خۆی لە خۆیدا بچووککردنەوەی هەولێر و ڕۆڵی هەولێر و سەرجەمی کوردستان و گەلی کوردیشە لە ڕووی سیاسی و بوارە جیا جیاکانی تردا.

هەندێک جار کەناڵە کوردییەکان، بۆ نموونە کوردستان تیڤی، خۆی لە بەکارهێنانی ناوی "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەرِبیل" دەپارێزێت. لە جیاتی ئەم ناوەش دەڵێت: "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر یان فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی". من پێموایە کارگێڕانی ئەم کەناڵە دەیانەوێ یاری بە عەقڵی بینەری هێژای کورد بکەن، کە بێگومان لەم کارەشیاندا ڕووڕەش و شەرمەزار دەردەچن. ئەوان ئەگەر ئازان و ڕاست دەکەن، با بچن یەخەی سەران و کاربەدەستانی کورد بگرن و پێشیان بڵێن: ئێوە ناماقوولیتان کردووە کە ئەم تابلۆیەتان هێناوەتەوە خوارێ و لە شوێنیشیدا نووسیوتانە "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەرِبیل"!

نەفرەت لە هەر گەلێک کە نەتوانێت بەها پیرۆزەکانی گەلێکی جودا لە خۆی پەسند بکات! ستۆکهۆلم 10ـ9ـ2005

* لە (میدیا، ژمارە 208، 2005/9/31، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## فەلەستین با پایتەختەکەی "قودس" بێ، بەڵام دەوڵەتی کوردی خەیاڵە!*

ئەم ناوونیشانەی سەرەوە قسەی من نییە و لەوەتی هەستم بە مرۆڤێتی و کوردێتی و بندەستێتی خۆشم کردووە، ڕۆژێ لە ڕۆژان چییە، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و بەدیهاتنی ئامانج و ئاواتە دێرین و لەمێژینەکانی نەتەوەکەی خۆمم بە خەیاڵ و دوور لە واقیع نەهاتۆتە بەر چاو و، هەمیشە و هەمیشەش سوور بوومە لەسەر ئەوەی کە تەنیا بە ڕزگاربوونی یەکجارەکی کورد و پێکەوەنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەربەخۆش، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە کۆڵنەدەر و بەشخوراو و ژێردەستەیە هەست بە بوون و کەرامەتی مرۆڤانەی خۆیان دەکەن و، لە جەور و ستەمی زۆردارانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکەش ڕزگاریان دەبێت. من وەک کوردێک لە غەیری ئەمە هەر چارەسەرێکی دیکەم بە سەقەت و ناتەواو زانیوە و، هەتا پێشم بکرێ داکۆکی لە مافە ڕەوا و چارەنووسساز و بنەڕەتییەکانی جەماوەری خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەم.

هەرگیز حەزم لەوە نەبووە و نییە کە بە بەردەوامی و بێ پسانەوە ناچار بم یەخەی سەرانی کورد بگرم، بەڵام چی بکەم کە ئەوانن پاڵ بە من و دەیان و سەدانی وەکو منیش دەنێن، بۆ ئەوەی ئەگەر تەنیا لە میانەی نووکی پێنووسەکانیشمانەوە بێ، پێیان بڵێین: ستۆپ!



جەلال تاڵەبانی لە سەردانیدا بۆ ئەمریکا، وەک هەمیشە کابرا حەزی لە قسانە و دیارە مافی خۆشیەتی بدوێ، لە زۆر شوێن و بۆنەدا، چونکە سەرۆکی کۆماری عێراقە، چاوپێکەوتنی جیا جیای لەگەڵدا کراوە و، خواش هەڵناگرێ ناوبراو چ تەقسیرێکی نەکردووە. ئەو بۆ ڕاگەیاندنی ئەمریکایی و ئیسرائیلی و عەرەبی و گەلێکی دیکەش پەیڤیوە. لە یەکێک لە ئاخاوتنەکانی خۆیدا، دیارە هەمووومان ئاگاداری قسەکانی ئەوین، سەبارەت بە ئاشتبوونەوەی عێراق لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل و گرێدانی پەیوەندی دیپلۆماسییانە لە نێوانیاندا، تاڵەبانی شتێکی وەهای گوتووە: "تا فەلەستین نەبێتە دەوڵەت و پایتەختەکەشی قودس نەبێت و ڕەزامەندییەکی تەواوی عەرەبەکانیش لەم بوارەدا لە ئارادا نەبێت، ئێمە چ پەیوەندییەک لەگەڵ ئیسرائیل

دانانێین". جەنابی مام جەلال کە سەرۆکی دەوڵەتێکی عەرەبییە، ئەی ئەوە نییە وا لە ڕەشنووسی دەستووورە نەفرەتییەکەشی جەخت لەم خاڵە دەکرێت؟، ڕەنگە لەبەر خاتری عەرەبان و کێش ناڵێ پلە و پایەی خۆی، ئەم قسەیە و دەیانی وەکو ئەمەش بەبادا بدات و فشەهەڵوێستانیش بنوێنێت. لێ ئەوەی کە لێرەدا بۆ ئێمەی کورد پرسیارە و هەر هەمووشمان بیری لێ دەکەینەوە: ئایا بۆ دەبێ دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستینی ڕەوا بێت و دەوڵەتی کوردیش خەیاڵ؟! گەلۆ تاکە کاری ئەمڕۆی تاڵەبانی بووەتە داکۆکیکردن لە بنەماکانی عروبە و لە هەمان کاتیشدا سووکایەتیکردنی ڕۆژانە بە نەتەوەکەی خۆی؟! تۆ بڵێی ئاغای تاڵەبانی، کاتێ قسان دەکات، بیرێکیشی نەچێتەوە بۆ لای ڕۆژانێک، کە ئەو خودی خۆی، مەبەستی بووبێ یان نا، باسی لە بڕیاردانی مافی چارەنووس بۆ کورد دەکرد و، تەنانەت لە کتێبێکی بە زمانی عەرەبی چاپکراویشیدا گاڵتە بە فەلەستینییەکان دەکات؟! جا کەس هەیە شارەزای بیر و بۆچوونەکانی جەلال تاڵەبانی نەبن کە هەمیشە لە هەڵچوون و داچووندان؟!

خوێنەری هێژا و قەدربڵندی کورد هێشتا قسەکانی تاڵەبانی باش لە یادە، کە لە کەناڵی "ئەلعەرەبییە"دا کردوونی. هەر لەبەر هەندێ من چ بە پێویستی نابینم جارێکی تر دووبارەیان بکەمەوە. سەیر لەوەدایە سەرکردەیەکی کورد شتێک بۆ گەلەکەی خۆی بە خەیاڵ بزانێت، کەچی لە هەمان کاتدا و هەر هەمان شتیش بۆ گەلێکی دیکەی جودا لە گەلەکەی خۆی بە ڕەوا و شایستە بزانێت! ئایا وەها بیرکردنەوەیەک خۆی لە خۆیدا گچکەکردنەوەی پرسی کورد و دۆزە ڕەوا و مافدارەکەی نییە؟! ئەمە ئەگەر سووکایەتیکردن بە کورد و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان نەبێت، ئاخۆ دەبێ چ ناوێکی دیکەی لێ بنرێت؟!

من پێموایە، بێگومان زۆر خەڵکی تریش، چاکترین و لەبارترین و جوانترین کار کە تاڵەبانی بتوانێت ئەمڕۆ ئەنجامی بدات، وازهێنانە لە یەکێتی و کورد و دەستکێشانەوەشیەتی لە هەر پلە و پۆستێک، کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندییان بۆ کورد و دۆزەکەیەوە هەبێ. ئەگەر تاڵەبانی کارێکی ئەوها بکات، من یەکەمین کەس دەبم، کە ئافەرینی لێ بکەم و پیرۆزبایینامەشی بۆ بنێرم. ئەی ئەو بە زمانی خۆی نەیگوتووە، زۆر شەیدای جوانی و بەدەوییەکەی شاری ئەستەمبووڵە و دەشیەوێ لەوێندەرێ خانووێک بکڕێ. ئێ خۆ هێشتا مامە گیان چەند ساڵێکی لە بەردەمدا ماوە و، با هەر نا هەر نا، قسەکەی خۆی جێبەجێ بکات و لە ئەستەمبووڵیش دوا ڕۆژانی

ژیانی خۆی بەسەر ببات و، چی دیکەش ئەوەندە سووکایەتی بە میللەتەکەی خۆی نەکات!! ستۆکهۆڵم 12ـ9ـ2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەرێ ئێوەش وەرامەکانی تاڵەبانیتان خوێندەوە؟!*

ماڵپەڕی هێژا و خەمخۆری کلاوڕۆژنە، بە مەبەستی خزمەتکردنی دۆزی کورد و ئاگاداربوون لە پێشهات و پرسە گرنگەکانی تایبەت بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان، سەردانەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ ئەمریکا بە هەل و دەرفەت زانی، تا لە نزیکەوە چەند پرسیارێک لە خودی تاڵەبانی بکات. دیارە هەر کەسێک کە وەرام و گوتەکانی تاڵەبانی دەخوێنێتەوە، بێ ئەملا و ئەولا، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە بە ڕاستی ئەم کابرایە سوورە لەسەر ئەو ڕێگایەی کە گرتوویەتیە بەر، ئەویش سووکایەتیکردنە بە نەتەوەی کورد و فشەکردنیشە بەم دۆزە مافدارە و، لە هەمان کاتیشدا گوێنەدانە بە هەوڵ و کار و خەباتی دڵسۆزان و کوردستانییان، لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش.



ئەوی ڕاستی بێ، ئێمە تەنیا شتێک کە لە میانەی قسەکانی تاڵەبانی بۆمان خویا و زەلال دەبێ،ئەوەیە کە ناوبراو وەک سەرۆکی سەمبۆلیکی دەوڵەتێکی داگیرکەری بەشێک لە کوردستان قسان دەکات، جا با ئەو کابرایە هەر کورد بێ و لە کوردستانیش لە دایک بووبێ. ئەمە هەرگیز چ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. ئەگەر تەنیا بۆ ماوەی خولەکێکیش لە وتەکانی تاڵەبانی ورد بینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە. تەنانەت لە شێوەی وەرامدانەوەی پرسیارەکانیشدا، جەلال تاڵەبانی نەک هەر

ویستوویەتی سووکایەتی بە کورد و کەسانێکی ڕووناکبیر و بەتەنگەوەهاتووی کورد بکات و بەس، بگرە هەوڵی ئەوەشی داوە کەسی پرسیارلێکەر تەریق بکاتەوە و بیشکێنێت و بەهەندیش هەڵینەگرێت. بێگومان تاڵەبانی لەم هەوڵەیدا نەک هەر سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا خۆی دووچاری تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆر کردووە، کە لە خودی بەرسڤەکانی تاڵەبانیدا ئەم شتە بە ئاشکرا دەبینرێت. جارێ وەرامەکانی جەلال تاڵەبانی، ئەگەر بە هەر شتێک بچن، بە قسەی کابرایەکی سەرۆک و دیپلۆمات و سەرکردەی گەلێکی چەوساوە و بندەستی وەکو کورد ناچن. قسە گەلێ زۆرە، بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە شێوەیەکی کورت، بچمە سەر وەرامەکانی جەنابی سەرۆک.

تاڵەبانی سەبارەت بە هەڵوێستی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لەمەڕ پرسی ڕەشنووسی دەستووری نەفرەتلێکراوی عێراق، ئەم قسە بێ بنچینە و دوور لە ڕاستییانە دەکات:" من پێموایە ئەم ڕۆشنبیرانە سەهوون، لە خەیاڵا دەژین، لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئاگایان لە واقعی وەزعی ناوەوە نییە...ئەو برادەرانەی لە دەرەوە بە واقعی بیر ناکەنەوە. لە زمانی منەوە پێیان بڵێ!" پێش هەر شتێک ئەم گوتانەی تاڵەبانی سووکایەتیکردنە بە تەواوی ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات، ئینجا بە کەسانێکی ڕووناکبیر و چاوکراوە و تێگەیشتووی کورد کە لە کوردستان ناژین. کوردی دەرەوەی وڵات بوو دەنگی خەباتی گەلی کوردی بە دنیا گەیاند.. کوردی دەرەوەی وڵات بوو کارەساتە سامناک و دڕندەکانی وەک هەڵەبجە و بالیسان و ئەنفال و کۆڕەوەکەی بە تەواوی دنیا ناساند و داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستانیشی سەرشۆڕ و ڕیسوا کرد.. کوردی دەرەوەی وڵات بوو ڕۆژانە لەسەر شەقامەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و گەلێ شوێنی تریشدا لە دژی تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا، هەموو داگیرکەرانی خاکی کوردستان، بەپێوە بوو و ماندوو نەدەبوو.. کوردی دەرەوەی وڵات بوو کە لە بەرامبەر کوردکوژییەکانی نێوان سەرانی کورد لە باشوور، پارتی و یەکێتی، دلێرانە دەنگی خۆی بەرز کردەوە و کوردکوشتنیشی ڕەش و ڕیسوا کرد.. هەر کوردی دەرەوەی وڵات بوو کە بە بەردەوامی و بێ پسانەوە، داوای لە تاڵەبانی و بارزانی دەکرد تاکو چیتر ئەم سیستەمی دزێوی دوو ئیدارەییە درێژ نەکەنەوە و، سنوورێکی بۆ دابنێن کە تا هەنووکەش هەر وەک خۆیەتی.. دیسان هەر کوردی دەرەوەی وڵات و ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و گشت چینە جیا جیاکانی تریش بوون کە بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لە تێکۆشان و خەباتی بەردەوامدا بوون...

تاڵەبانی لە من و تۆ باشتر دەزانێ کە نەخێر ڕۆشنبیر و نووسەری کورد کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات سەهوو نییە و بە هەڵەدا نەچووە، هەروەها لە دنیای خەیاڵیشدا ناژی. ئەو ڕاستییەکی وەها قنج دەزانێ و لێ لەبەر خاتری بەرژەوەندییە تەسک و تریسکەکانی خۆی لێی بێدەنگە. با بڵێین کابرا لەسەر هەقە و ڕۆشنبیرانی کوردیش لە دەرەوەی وڵات ئاگاداری ڕەوشی ناوخۆی کوردستان نین، بەڵام خۆ کورد و ڕووناکبیرانی ئەوە جاری یەکەم نییە باس لە سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان بکەن و، دەستووری داگیرکەرانیش ڕەت بکەنەوە. تۆ بڵێی تاڵەبانی ئاگای لەوە نەبێ کە هەر لەوەتی کوردستان دابەش و پارچە پارچە کراوە، ڕۆڵەکانی کورد و چاوساغانی هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان بەو تێز و یاسا و ڕێسایانە قایل نەبوونە کە لە لایەن ناحەزان و داگیرکەرانەوە خراونەتە بەردەم ئەم گەل و نەتەوەیە؟! ڕۆشنبیرانی کوردستانی و سەربەخۆ و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر ویژدانیان وەک ویژدانی تاڵەبانی نەمردووە. ئەوان ویژدانی زیندووی نەتەوە ژێردەستە و بێ قەوارەکەی خۆیانن. ئەگەر کەسانێکی کوردستانی و خەمخۆر، بە قسەی تاڵەبانی لە دنیای خەیاڵدا بژین، ئەوا ناچارین بڵێین: شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دێرسمی و عەلی شێر و شێخ مەحموودی نەمر و قازی محەمەدی پێشەوا و مەلا مستەفای بارزان و زۆر زۆری دیکەش، هەر لە دەریای بێ بنی خەیاڵدا مەلەیان کردووە و خەونیان بە ئازادیی کوردستان بینیوە و، حیسابی ئەوەشیان نەکردووە ڕۆژێ لە ڕۆژان شارەزا و بلیمەتێکی مینا جەلال تاڵەبانییان لێ هەڵبکەوێ، تا ڕیسەکەیان لێ بکاتەوە بە خوری؟!

تاڵەبانی لە وەرامی ئەو پرسیارەدا:" بەپێی ڕیفراندۆمی کوردستان لە 98%ی خەڵکی کورد داوای سەربەخۆییان کردووە"، دەڵێت:" نەخێر ڕاست نییە". من لێرەدا پێشنیارم بۆ ئەم وەرامەی تاڵەبانی ئەوەیە: ئەگەر برادەران و سەرپەرشتکارانی بزووتنەوەی ڕاپرسی – ڕیفراندۆم لە کوردستان، خۆیان بە داردەست و کلکی یەکێتی و پارتی و سەرانی کورد نازانن، با بێن مەردانە وەرامێکی وەرامە ناڕاستەکەی تاڵەبانی بدەنەوە و پێی بڵێن: جەنابی سەرۆک ڕاستت نەفەرمووە!

هەر لە بەرسڤی پرسیارێکی دیکەدا کە لە تاڵەبانی کراوە:" ئایا ڕاستە وتووتانە کە سەربەخۆیی بۆ کوردستان خەوە؟" ناوبراو لە وەرامی ئەم پرسیارە ڕایکردووە و بە گوێرەی بیرکردنەوەی خۆشی بێ، گوایا کارێکی چاکی ئەنجام داوە تا خۆی لە وەرامی وەها پرسیارێک بدزێتەوە، کاتێ گوتوویەتی:" من بە عەرەبی قسان دەکەم.. من بە

عەرەبی وەڵامت دەدەمەوە". کاتێکیش کاکی پرسیارلێکەر دەڵێ:" جەنابی سەرکۆمار، من کوردم عەرەبی نازانم". ئەم جارەیان تاڵەبانی هەر بە تەواوی بەرەو ئاقارێکی دیکە مل دەنێت و خۆشی لە وەرامدانەوەی پرسیارەکان دەپارێزێت. ئەدی کوو پیاوی گەورە پێی عەیبە بە زمانی گەلێکی بندەست، بە زمانی زگماکی خۆی، قسان بکات! تاڵەبانی بەختی گەورەیە کە ئێستا حاجی قادری کۆیی لەناو گڵکۆدا کفنەکەی لەمێژە زەرد هەڵگەڕاوە، ئەگەر نا گومانم لەوەدا نییە کارێکی وای پێ دەکرد، وەک دەڵێن، با بە دەواری شڕی نەکردبێ!

مافی خۆمانە بپرسین: بۆ دەبێ تاڵەبانی پێی شەرم بێ بە زمانی خۆی بدوێ؟ ئەی ئەوان ناڵێن ڕەشنووسی دەستوور سەرکەوتنێکی گەورەیە و پرسی زمانی کوردیشی تێدا، وەک زمانی دووەمی فەرمیی عێراق، جێ کراوەتەوە؟ کەواتە، ئەگەر وایە و ڕاست دەکەن، ئەی بۆچی نایانەوێ بە کوردی دوو سێ قسان بکەن؟! هەزار جار نەفرەت لەو کەسەی کە نەیەوێ بە زمانی زگماکی شیرینی خۆی بپەیڤێ!

جەلال تاڵەبانی کەیفی خۆیەتی کاتێ شانازی بە عێراقیبوونی خۆیەوە بکات. لێ ئەو قەت بۆی نییە هەموو کوردی باشووری کوردستان بە گوتەیەکی سواوی وەک "ئێمە عێراقین"، بێ ئەوەی چ حیسابێکی گەورە و گچکە بۆ ئەو هەموو شەهید و قوربانییانە بکات کە لە پێناوی کورد و کوردستاندا دراون، بکات بە عێراقی و خۆشی بە سەرۆکی ئەوان بزانێت. کەینێ کوردی ئەو پارچەیەی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی ئازاد و سەربەخۆدا دەنگی دا بۆ عێراق و عێراقێتی خۆی، تەنیا و تەنیا ئەوسا، تاڵەبانی مافی ئەوەی هەیە بڵێ ئێمە گشتمان عێراقین. دەک عێراق هەزار جار پیرۆزی ئەو و هاوچەشنانی بێ!! ستۆکهۆلم 13-9-2005

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کوردستان تیڤی و سەرنجێک*

ئەمڕۆ 15ـ9ـ2005، تەماشای هەندێک لە دیمەن و چۆنیەتی کردنەوەی ئەو پیشانگایەم کرد، کە لە هەولێر بەناوی "پیشانگای نێودەوڵەتیی کوردستان" کرایەوە. لەسەر شاشەی کوردستان تیڤی بە جۆرێکی تریش ناوەکە نووسرابوو. دیارە من لەم کورتەباسەدا سەبارەت بە ڕۆڵ و گرنگبوونی ئەم جۆرە پیشانگایانە و کردنەوەیان لە کوردستان کەم ناکەمەوە. دیسان لەسەر چۆنیەتی کردنەوەی پیشانگاکە و بەڕێوەچوونی کارەکانیشی چ قسەیەکم نییە. ئەمانە بابەتگەلێکی دیکەن و دەشێ لە دەرفەتێکی تردا باس بکرێن. ئەوەی کە زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا، دەنگی ئەو خوشکە بوو کە وتەکانی وەزیری نەوتی عێراقی ئیبراهیم بەحر ئەلعلوومی، ڕاستەوخۆ وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی. گومانم لەوەدا نییە هەر کەسێک کە گوێی لە شێوەی قسەکردن و وەرگێڕانی ئەم خوشکە بووبێ و، کەمێکیش زمانی عەرەبی بزانێ، وەکو من ئەم تێبینی و سەرنجانەی لا دروست بووە.

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە پێشەوە: ئایا کوردستان تیڤی کەس شک نابات تا بیهێنێت و قسەکانی جەنابی وەزیریشی پێ وەربگێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی؟ ئەگەر کارمەندانی کوردستان تیڤی بگەڕێنەوە بۆ شێوەی وەرگێڕانەکە و لەم سەرنجانەی منیش ورد ببنەوە، ئەوسا تێدەگەن بابایەکی وەکو من بۆچی بەخۆی نەوەستاوە و، ئەم جارەش کوردستان تیڤی کردۆتە ئامانج!

ئەم خوشکە زۆر جار وشە عەرەبییەکانی لە زمانی عەرەبی ڕاستەوخۆ دەگواستەوە بۆ زمانی کوردی، بەڵام بێ ئەوەی بیانکاتە کوردی! دەزانم ئەم ڕستەیە کەمێ پێکەنین هەڵدەگرێ، لێ ڕێک و ڕەوان باس لەو ڕاستییە دەکات کە ئەمڕۆ بە چاوی خۆم بینیم و، بە گوێی خۆشم وشە عەرەبییە دووبارەکراوەکانم بیست. هەر تەنیا بۆ نموونە کابرای وەزیر باسی لە "ازدهار الشعب" دەکرد، هەرچی خوشکی وەرگێڕیش بوو، گوایا وتەکانی ئەومان بۆ دەکات بە کوردی، دەیگوت: "ئیزدیهار لە بۆ شەعب"! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەگەر یەکێک زۆر کەم عەرەبی بزانێ، پێموایە دەبێ بزانێ "اخوان" نابێتە "برادەران"، هەر وەک چۆن خوشکی وەرگێڕ ئەم کارەی کرد.

هەتا ئێستانەکینێ زۆر شت لەسەر کەناڵە کوردییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە هەردوو پارتی دەسترۆیشتووی کوردستان نووسراون. جا ئەمان چەند لەو

ڕەخنە و پێشنیار و تێبینییە دڵسۆزانەیان جێبەجێ کردووە، ئەمە پرسێکی دیکەیە و هەمووومان لە دوور و نزیکەوە کەم تا زۆر لێی بەئاگاین.

لە ناخی دڵ و دەروونمەوە هیوادارم ئەم کەناڵە ئاسمانییە تەلەفزیۆنییانە ببن بە دەنگی ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد و، هەتا دەشکرێ تەسک و حیزبییانە بیر نەکەنەوە. ستۆکهۆلم 15ـ9ـ2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## چ دەبوو ئەگەر...؟!*

هەواڵی کۆچی ناوەختی هونەرمەندی گەورە و بەتوانا و خۆشەویستی گەلی کورد مەرزییەی فەریقی، برووسک ئاسا، لە زۆربەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و کۆڕ و کۆبوونەوە هونەری و ناهونەرییەکانیشدا دەنگی دایەوە. هێژایی و لێهاتوویی و



شۆڕشگێڕیی ئەو خانمە هونەرمەندەی کورد، جارێکی تر و دوای کۆچە کتوپڕەکەی، کەوتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوەی نووسەران و شارەزایانی بواری هونەری و مۆسیقا و گۆرانی کوردی. ئەم ژنە خەباتگێڕ و کوردستانییە، کۆچکردنی، خەمێکی گەورەی بۆ سەرجەم جەماوەری بەئەمەک و چەوساوەی کوردستان دروست کرد. ئەوە تەنیا هونەرمەندان و مۆسیقاژەنان و ئاوازدانەران و نووسەران و ڕووناکبیران نین کە برووسکەی سەرەخۆشی و پرسە، لێرە و لەوێ، بە بۆنەی کۆچی دوایی مەرزییەی جوانەمەرگ بۆ ماڵباتەکەی و تەواوی کوردیش ڕەوانە دەکەن، بەڵکو خەڵکێکی زۆری

شەیدای دەنگی مەرزییە و ئەندامانی ئەم نەتەوە مەزن و سەربەخۆییخوازەش، خەڵکی ڕەشۆکی و دڵساف و ئەویندارى وشە و سروود و گۆرانی و پیرۆزییەکانی کوردیش، تامەزرۆی هەڵهاتنی ڕۆژی سەربەخۆیی یەکجارەکی کوردستان، هاوخەمی و هاودەنگیی خۆیان لە بەرامبەر لەدەستدانی ئەم هونەرمەندە ڕەسەن و بوێر و کوردستانحەزە دەردەبڕن.

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕۆژی یەکەمی کۆچی ناوادەی مەرزییەی هونەرمەندا، لە دەستپێکدا وەک هەواڵێکی تێکستی مەرگی ئەم هونەرمەندەیان ڕاگەیاند، لەگەڵ لێدانی ئەو گۆرانی و کۆنسێرتانەی کە دیارە بە سەرپەرشتیکردنی خۆشیان ئامادە کرابوون. یەکێک لەو کەناڵە تەلەفزیۆنییانە کە جارناجار کارمەندانی باس لە "وردبینی"ش دەکەن، تەنانەت لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندی لێهاتوو، وشەی "سوید"یان وەها نووسیبوو: "سووید"! دەک بە قوربانت بم "وردبینی"!

لێرەدا هەندێ پرسیار دێنە پێشەوە، کە ئەگەر نەیاندرکێنم، دڵم دەتەقێ و ویژدانیشم ئاسوودە نابێ:

چ دەبوو ئەگەر هەواڵی کۆچی ناوەختی هونەرمەند مەرزییەی فەریقی، بەر لە پێشکەشکردنی هەواڵی تایبەت بە جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی عێراقی نەگبەتی، بۆ بینەران بخوێنرایەتەوە؟ خۆ بە کارێکی ئاوەها نە کەعبە کەچ دەبوو، نە دنیاش کاول و وێران؟!

چ دەبوو ئەگەر کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بە تایبەتیش ئەوانەی باشوور، کە بۆ مەرگی ئایەتوڵلایەک یان نەفام و دواکەوتووەکانی سەر پردی "ئەئیمە" شین دەگێڕن، هەر بە هەمان شێوەش بۆ مەرزییەی جوانەمەرگ، سووچێکی شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان بە هێڵێکی ڕەش نیشانی ئێمەی بینەرانی ناوردبین بدابا؟ دیارە بە کردەوەیەکی وەهاش چ کارێک نەدەهاتە ئاراوە کە زیانی بۆ پارتی و یەکێتی هەبێت.

چ دەبوو ئەگەر تەنیا بۆ جارێکیش ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییانە کوردستانییانە جووڵابانەوە و، سەرپێچیشیان لە یاساکانی حیزبایەتی تەسک و سەرکردایەتی ناکوردستانی کردبا؟!

<u>چ دەبوو ئەگەر... چ دەبوو ئەگەر... چ دەبوو ئەگەر...؟؟؟؟؟؟؟؟</u>

ستۆکهۆڵم 20ـ9ـ2005 * لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# سڵاوێک بۆ کاک عەباس عەبدولڕەزاق*

من نە لە دوور و نە لە نزیکەوە کاک عەباس عەبدولڕەزاق ناناسم و پێشتریش ناوی ئەو بەڕێزەم نەبیستبوو. دوێنێ ڕێککەوتی 25.9.2005 لە کەناڵی یەکی تەلەفزیۆنی سویدی بەرنامەیەک پێشکەش کرا. ئەو بەرنامەیە کە بە ناوی "ئاگێندا-Agenda"یە، بەشێکی ئەڵقەی دوێنێی تایبەت بوو بە تاوانە گەورەکانی دیکتاتۆری پێشووی عێراق سەددام حوسێن. کاتێک پێشکەشکەری بەرنامەکە چووە سەر باسی بۆمبا بارانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهید بە چەکی کیمیایی لە



لایەن دەوڵەتی کوردکوژی عێراقەوە، دیار بوو چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ کاک عەباس عەبدولڕەزاق لە سلێمانی ئەنجام دابوو. ئەو بەڕێزە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی خۆیدا، هەتا بۆی گونجابێ، دەستی کردووە بە وێنەگرتنی تاوان و کار و کردەوە نامرۆڤایەتییەکانی ڕژێمی بەعس و کوشتنی کورد و وێرانکردنی خاکی کوردستان، بە بەکارهێنانی گشت جۆرە چەکێکی قەدەغەکراو لەسەر ئاستی دنیادا. ئەو دیمەن و وێنانەی کە لە لایەن کاک عەباسەوە گیراون، ئەمڕۆ برێکیان لەبەر دەستی سەرپەرشتکارانی دادگای تایبەت بە تاوانەکانی جەلادەکەی بەغدان. دیمەنی کوشتار و قەسابخانە و وێرانکارییەکان، شایەت و بەڵگەی زیندوون لەسەر تاوانە بێ هەژمارەکانی سەددامی خوێنمژی هۆڤ و سەرانی ڕژێمە لەناوچووەکەی. وا پێدەچێ کاک عەباس عەبدولڕەزاق زۆربەی کاتەکانی خۆی لەناو ژیانی پێشمەرگایەتیدا، بە وێنەگرتنی دیمەنە ویژدانهەژێن و تاوانە قێزەونەکانی بەعس لە کوردستان، بەسەر بردبێ. بێگومان من وەک کوردێک، بۆ ئەم کارە نەتەوەیی و کوردستانییەی، پڕ بە دڵ دەستخۆشی لێ دەکەم و خۆزگە نموونەی وەک ئەویش زێدەتر بان.

چەند ڕۆژ بەر لە ھەنووکە کابرایەکی بە تەمەن نەوەد و شەش ساڵیی جوولەکە کۆچی دوایی کرد. ئەو کابرایە کە لە ئۆردووگا زۆرەملێکانی نازییەکان ڕزگاری بوو

بوو، هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕاوەدوونانی بکوژانی جوولەکەکان و ئاشکراکردنی تاوانباران تەرخان کرد. بەهۆی شایەتی و هەوڵ و تەقەڵلاکانی ئەو زۆر لە تاوانبارانی جەنگ، کە دەستیان لە کوشتن و قەلاچۆکردنی جوولەکەکاندا هەبووە، گیران و ڕاپێچی دادگا و زیندانیٚ کران. هەندێک لەوان سزای مەرگیان پیٚ ڕەوا بینرا و بڕێکی دیکەشیان زیندانی هەتاییان بۆ بڕایەوە. ئەگەر لەنێو کوردیش مرۆڤی وەها هەڵکەوتبان، کۆنەبەعسی و تاوانباران و فایلداران و کوردکوژان، لەناو ڕیزەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئەوڕۆی باشووری کوردستان لەمێژ بوو جێیان نەدەبۆوە و، بە سزای موستەهەقی خۆشیان دەگەیشتن. خۆ باس لە تاوانبارە هەرە گەورەکانی دیکە هەر ناکریٚ! جێی داخە سەرانی کورد تۆزقاڵێک لە شێوەی جوولەکەکان بیر ناکەنەوە و، ئامادەش نین تەنانەت شرەئیمزایەکیش بخەنە سەر فەرمانی لەسێدارەدانی جەللادی گەلەکەی خۆیان، لە بارێکدا ئەگەر دیکتاتۆر بە مەرگ سزا بدریٚ! ئەمە یەک لە جیاوازییە هەرە مەزنەکانی نێوان سەرانی خەڵک و سەرانی ئێمەیە، کە دیارە هەموومان دەزانین ئەم شێوە بیرکردنەوەیە کوردی بەرەو کویٚ بردووە!

بەهەرحاڵ نامەویٚ لێرەدا درێژە بەم باسە بدەم و سەری خوێنەرانی هێژاش گێژ بکەم. کورت و کرمانجی دەمویست تەنیا سڵاوێک بۆ کاک عەباس عەبدولڕەزاق بنێرم و هیوای تەمەندرێژی و سەرکەوتنیشی بۆ بخوازم. سوێد 26.9.2005

*لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## سەرانی کورد و پەلە بۆ دەستوور و چەند پرسێکی تر*

ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە، لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا، کاتی ئەوەی هەبووبێ بۆ تەماشاکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی سەر بە هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان، جوان تێدەگات، تاکە هەوڵ و تەقەڵلا و کۆششی ئەمڕۆی پارتی و یەکێتی و سەرانی کوردی ئەو پارچەیەی وڵات، بە شێوەیەکی سەرەکی بووەتە قایلکردنی هاووڵاتییان، جا بە هەر فڕوفێڵ و بیانوویەکەوە بێ، بۆ ئەوەی بە "بەڵێ"یەکی گەورە دەنگ بۆ ئەو ڕەشنووسە نەفرەتییە پەڕوباڵکراوەی بەناو دەستووری هەمیشەیی عێراق بدەن. ئەو دەستوورەی کە ڕۆژ نییە باس لەوە نەکرێ فلان و فیسار بڕگە و بەندی دەبێ "هەموار" بکرێ، هەر بۆ ئەوەی دڵی ناسکی "برا عەرەبە سوننەکانی"ی برای سەرکردەکانی کوردی پێ نەڕەنجێنرێ و، لە هەمان کاتیشدا وایان لێ بکرێ تا بتوانن لە یارییە سیاسییە قێزەونەکەدا بەشداری بکەن. خواش هەڵناگرێ عەرەبە سوننەکان، بە پێچەوانەی سەرانی کورد، بە ئاشکرا داکۆکی لەو شتانە دەکەن کە باوەڕیان پێیان هەیە و، چ شەرمیش لەوە ناکەن ئەگەر لە تکریت و کەرکووک و ئێرە و ئەوێ وێنەیەکی مەزنی "سەرۆکی فەرماندە"ی پاڵەوانی عروبەش بەرز ڕابگرن!

وەک بە چاوی خۆمان دەبینین لە هەر بۆنە و کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا کە ئەمڕۆ لە کوردستان ساز دەکرێن، نوێنەرانی پارتی و یەکێتی و قەڵەم بەدەستەکانی ئەوان ئامادەن و، داواش لە خەڵکی بەشەرەف و چەوساوەی ئەم گەلە دەکەن تا دەنگ بە "بەڵێ" بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق بدەن. تەنانەت لە سەمینار و فێستیڤاڵە بەناو هونەری و ئەدەبییەکانیشدا "جەنابی سەرۆک" و "نوێنەری ئەو" و کەسانێک ئامادە دەبن، ماڵم قەبرە، بەر لەوەی خەون بە سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردییەوە ببینن، دڵیان بۆ حیزب و پارە و دۆلار لێ دەدات نەک شتێکی تر. ئێمە گشتمان ڕۆژانە زەقەزەقی چاوەکانمانە و ئەو دیمەنە دزێو و ناکوردستانی و ناکوردانە و نانەتەوەیی و نانیشتمانییانەش ئازارمان دەدەن. ئەم جارە بەتەنێ سەرانی کورد لە باشوور تاوانبار نین، بەوەی کە سەرلەنوێ کورد و بەشێک لە خاکەکەی بە عێراقی داگیرکەرەوە دەلکێنرێنەوە، بگرە ئەو هەموو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و شاعیر و خامەبەدەستانەش تاوانبارن، کە تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ و لەبەر هەر هۆیەکیش بووبێ، ورتەیەکیان نەکردووە و پیتێکیان نەنووسیوە و قسەیەکیان لەمەڕ ئەم پرسە چارەنووسسازانەشدا نەدرکاندووە.

هۆ نەوەکانی دوارۆژی کورد ئەم جارەیان، ئەگەر هەر شتێکتان بەسەر هات، یەخەی سەرانی کورد و داروودەستەکانیان بگرن! ئەوە ئەوانن پاشەڕۆژی ئێوەی هێشتا لە دایک نەبوو بە دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانەوە دەبەستنەوە!! تکایە.. تکایە.. ئەم چەند وشانەتان با لە یادا بمێنێ!!!

سەرانی کورد لە باشوور باس لەوە دەکەن، ئەگەر کورد ئەم ڕەشنووسی دەستوورە ڕەت بکاتەوە، لەوانەیە پاش هەڵبژاردنێکی دیکە لە عێراقدا ڕەوشەکە بەتەواوەتی بگۆڕێت و، کوردیش ئەوەی چاندبووی، ئەگەر لە بنەڕەتدا شتێکی چاندبێت؟!، پێڕانەگات تا بیدوورێتەوە! لێ پرسیاری هەرە گەورە لێرەدا ئەوەیە داخوا ئەو دەستوورەی کە سەرانی کورد ئەوەندە بە بەژن و باڵایدا هەڵدەڵێن، تا چ ڕاددەیەک بەرژەوەندییە بەرز و چارەنووسسازەکانی کورد دەپارێزێت و بەکەڵکی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە سەربەخۆییخوازەش دێت؟! ئەگەر ئەم سەرکردە حیزبییانەی کوردستان ڕاست دەکەن و ناشترسێن، با بێن مەیدان بۆ ئەم گەلی کوردە چۆل بکەن، تاکو خەڵک و جەماوەری کوردستان بە ئارەزووی دڵی خۆیان و بێ چ سڵەمینەوە و هەستکردن بە فشار خستنەسەرێک، لە شێوەی ڕاپرسییەکی جەماوەری و گەلێریدا، زۆر بە ئازادانە و دیموکراسییانە دەنگی خۆیان بە "ئا" یانیش "نا" بەم دەستوورە بدەن. هەرچی سەرانی کورد و هەردوو حیزبە زلهێزەکەی کوردستانن، ڕێک بە پێچەوانەی ئەم پرەنسیپەوە، دێن پێشوەختە کورد هان دەدەن بۆ ئەوەی، تەنیا بە "بەڵێ" و بەس!، دەنگ بۆ ئەم بە کوردستان لکاندنەوە بە عێراق بدەن. ئای لەم سیستەمی دیموکراسییە کە ڕەنگە بەتەنێ لە کوردستانەکەی مەڵبەندی خۆماندا وێنەی هەبێت!

پارتی و یەکێتی باش دەزانن دەنگنەدانی کورد بە وەها دەستوورێک و ڕەتکردنەوەی عێراق وەک داگیرکەرێکی کوردستان، هەرگیز لە بەرژەوەندی خۆیاندا نابێت و بەڵکو بە زەرەر و زیانی گران بۆ ئەوان تەواو دەبێت، جا بۆیە هەر لە ئێستاوە قۆڵیان لێ هەڵکردووە و بانگاشەی سەیر و سەمەرە و بێ بنەما و دوور لە گشت بەرژەوەندییە هەرە چارەنووسسازەکانی کوردیش دەکەن. بە کورتییەکەی مانەوەی پارتی و یەکێتی و بارزانی و تاڵەبانی و دۆلارخرکەرەوەکانی بەردەستیان، بێ هیچ گومانێک، لەوەدایە کوردستان وەک ڕەوشی هەنووکەی خۆی بمێنێتەوە و ئەوان کەڵەگا و گەلیش لە مێگەل مێگەلتر بێ! هەر کەسێک دان بەم ڕاستییەدا نەنێت، بیزانێت یان نەیزانێت، درۆی لەگەڵ خۆی و نەتەوەکەی کردووە!!

هەر سەبارەت بە دەستوور و پێشهاتەکانی باری سیاسیی عێراق و کوردستان و هەندێ پرسی تریش، جەلال تاڵەبانیی سەرکۆماری عێراقی داگیرکەری باشووری کوردستان، با کابرا کوردیش بێ، چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا لە هاوینەهەواری دووکان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وەرامی پرسیاری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی و غەیرەکوردی دایەوە. بەپێی کەناڵە کوردییەکان خۆیان، زمانی فەرمیی ئاخاوتن، لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا عەرەبی بوو. ئەدی کوو کابرا سەرۆکی عێراقی عروبەیە نەک شتێکی لەمە جودا! هەرچەندە زمانی کوردیش هەندێ جار بۆ وەرامدانەوە بەکار دەهات، بەڵام دیارە بەم شێوەیە نەبوو کە لە کەسێکی بەڕەگەز کورد ڕەچاو دەکرا. پەیڤ و وتەکانی تاڵەبانی کە زۆربەمان گوێمان لێیان بوو، وەک هەمیشەش لە گەلێ بواردا تووڕە و بێزاریان کردین، بەتایبەتیش سەبارەت بە پرسی کەرکووک و ناوبردنی ئەو کوردانەی کە لەبەر مەترسی بۆ سەر گیانی خۆیان و خێزان و منداڵەکانیان، ڕوو لە کوردستانی بندەستی پارتی و یەکێتی دەکەن، بە "خائین"، هێندەی تر ئێمەی هەژاند و تەماشای هەر ماڵپەڕێکی کوردیش بکەیت، دەزانیت من چ دەڵێم و خەڵکی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەری کەرکووکی و غەیری کەرکووکیش، چۆن و بە چ شێوەیەک لە تاڵەبانی هاتوونەتە زمان. هەر ئەوشۆ لەسەر قسەکانی جەلال تاڵەبانی، بە تەلەفۆن، لەگەڵ برادەرێکی ئازیز مشتومڕمان بوو. لە کاتی قسەکردندا ئەو برا خۆشەویستە پێمی گوت: دەزانی لە هەولێر ئەو جۆرە قسانەی تاڵەبانی بە چ شێوەیەک پێناسە دەکەن؟ منیش کە خۆم پەروەردە و گەورەبووی دەشتی هەولێر و ئەم شارە شیرین و کوردستانییەم، دیسانیش پێیم گوت: نەخێر. ئینجا کاکی هەولێریی بە ڕاستی شتەکەی پێکا و قسەکانی تاڵەبانیشی بە " بەرد بە گوو دادان " پێناسە کرد. ئەرێ توخوا وەسفکردن لەمە جوانتر دەبێت؟!

من پێموایە ئەگەر هەر کوردێک باس لە ناپاکی و خیانەت بکات، جەلال تاڵەبانی و هەندێ لە سەرکردەی دیکەی کوردیش، چونکە لەم بوارەدا پەرێزیان ئەوەندە پیس و نائەموار و ناڕێک و ناشیرینە، قەت قەت نابێ کوردی هەژار و لێقەوماو و لە ماڵ چەند جار وەدەرنراوی کەرکووکی بە وەها وشەیەک پێناسە بکات. لەمێژە گوتراوە ئەگەر یەکێک پەنجەرەی ماڵی خۆی لە شووشە بێ، بۆچی دەبێ ماڵێکی تر بداتە بەر بەردان؟! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ناپاکی و خیانەتکردن لە نەتەوە و نیشتمان، ئەگەر زۆر دووریش نەڕۆین، هەر تەنیا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تاوەکو سەردەمی ئێستا کە تێیدا دەژین، خۆ هەمووومان دەزانین لە چ سەرچاوەیەکەوە

هەڵقولاوە و کێش پێشسوار و نوێنەر و زمانحاڵی ئەم دیاردە قێزەون و نارەسەن و ناکوردییە بووە. تۆ بڵێی تاڵەبانی لەو کوردە بەشەرەفە کوردستانییە کەرکووکییانە کوردستانیتر بێت کە هەموو جۆرە ستەم و زۆرلێکردنێکی بەعسییانیان قەبووڵ کرد، هەر تەنیا بۆ ئەوەی کوردێتی شارەکەی خۆیان بپارێزن و، لەم ڕێبازەشدا بە خوێن و خەبات فیداکارییان نواند؟!

ئەرێ بە ڕاست کێن ئەوانەی خیانەت و ناپاکی لە گەل و نیشتمان دەکەن و، بە شەو و بە ڕۆژیش ختکە ختکی سمێڵانیان دێت؟ بە فیتی کێ و چ لایەنگەلێک بوو لە دەستپێکی نەمانی دەسەڵاتی بەعس لەناو کەرکووک، ئەنجوومەنی بیست و چوار کەسی هێنرایە پێشەوە و، کوردیش وەک تورکمان و ئاشووری و عەرەب حیسابی بۆ کرا و، بە چ شێوەیەک ژمارەی دانیشتوان و قەبارە و ئەو زوڵم و زۆرییەی کە لێی کراوە لەبەر چاو نەگیرا؟ کێ بوون ئەوانەی لە سەرەتادا لێنگەڕان کورد بچنەوە کەرکووک و باسیشیان لە "گەڕانەوەی بە بەرنامە" دەکرد؟ کێ بوون ئەوانەی شەڕەپەڕۆیان لەناو شاری کەرکووکدا ساز دەکرد و دەهۆڵی تەسکی حیزبایەتیان دەکوتا؟ کێن ئەوانەی زەوی و زاری کوردستانیش نەما بەسەر "برا تورکمانەکانی" نەبەخشنەوە؟ کێن ئەوانەی تەنانەت لە ڕۆژی پیرۆزی نەورۆزیشدا، لە جیاتی یەک ئاهەنگی کوردانە، دوو ئاهەنگی حیزبییانە دەگێڕن؟ کێن ئەو بەرپرسیارە کوردە حیزبییانەی بە ڕۆژ لە کەرکووک کار دەکەن و بە شەویش، لە ترسی گیانی خۆیان، دەچوونەوە و دەچنەوە هەولێر و سلێمانی؟ دەبا لە کەرکووکیش گەڕێین و چەند پرسیاری تریش بورووژێنین کە پەیوەندییان بە تەواوی کوردستانەوە هەیە: کێن ئەوانەی پاڵەوانی ڕاستەقینەی شەڕی ناوخۆیی و کوردکوژی بوون؟ کامانەن ئەو کوردە خاسانەی کە "قشڵەی سلێمانی"یان بە داگیرکەران فرۆشت؟ کێ بوون ئەوانەی لە سەردەمانی خەباتی شاخیشدا یەخەی یەکتریان دەگرت و کوڕ و کچی کوردیان قڕ دەکرد؟ ئەدی کێ بوون ئەوانەی پاسدار و جەندرمە و "قوات خاسە"یان بە خاکی کوردستانەوە وەردەکرد؟ ئەدی کێ بوون ئەوانەی کوردیان ڕووت و ڕەجاڵ کرد و، سامان و دەوڵەمەندییەکانی ئەم گەلەیان ئاودیوی ئێران و توران کرد؟ کێن ئەوانەی ڕۆڵەکانی کوردیان لە سادەترین خۆشییەکانی ژیان بێبەش کردووە و دەکەن، ڕۆڵە بەنازە دابەستراوەکانی خۆشیان مینا عودەی و قوسەی لێ کردووە و دەکەن؟ ئەدی کێن ئەوانەی لە ژیانی خۆیاندا خەونیان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە نەبینیوە و فشەشیان بە هەر شتێک دێ کە بۆنی سەربەخۆیی کوردانی لێوە بێ؟ ئەرێ بە ڕاست کێن ئەوانەی کتومت لە چەشنی

داگیرکەرانی کوردستان قسان دەکەن و، ئازادیخوازان و خەباتگێرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بە "تیرۆریست" ناوزەد دەکەن؟

ئەگەر بواری زیاتر بۆ پرسیارکردن بڕەخسێنین، ئەوا لیستی پرسیارەکان نەک هەر تەواو نابن و بەس، بگرە کتێبێکی قەبارە گەورەشی لێ دێتە بەرهەم. دیسان ئەگەر ئەم چەند پرسیارە کەمانەی کە لە سەرەوەدا ڕیز کران، خیانەت و ناپاکیکردن لە کورد و کوردستان نەبن، ئەی دەبێ چی بن؟!

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم: یەکێک کە خۆی هەر لە دەستپێک و بناغەدا پەرێزی پیس بێ، حەوجەداری ئەوە نییە، هەر نا لەبەر خاتری خۆی، تاوان بەسەر کەسانێکی پاک و چەوساوە و لە هەموو شت بێبەشکراو ببەخشێتەوە.. کەسێک کە هەمیشە ڕێبازەکەی "بەرد بە گوو دادان" بێ، دەشبێ چاک ئەوە بزانێ، پڕوشکەگووەکان خۆیشی دەگرێتەوە.. و السلام علی من اتبع الهدی!

ستۆکهۆلم 3-10-2005

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# هەر ئیبراهیم تاتڵیساس مابوو!*

ڕەنگە زۆر کەس ئەم هەواڵەی خوارەوەی بەر چاو کەوتبێ و گوێی لێ بووبێ، یانیش خوێندبێتییەوە:

"لە ڕۆژانی 17 و 18ی ئەم مانگەدا کۆمپانیای (ڕۆژبین)ی هونەری چەند کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەند ئیبراهیم تاتڵیساس لە هەولێر و سلێمانی ڕێک دەخات. تەحسین ئەرگوشیی خاوەنی کۆمپانیای ڕۆژبین لە لێدوانێکیدا بۆ نەوا وتی: ئیبراهیم تاتڵیساس یەکەم جار دێتە شاری هەولێر و لەوێ دوو کۆنسێرت ساز دەکات. دواتر دەچێتە سلێمانی و دوو کۆنسێرت ساز دەکات، دواتریش لە دهۆک دوو کۆنسێرتی دیکە ساز دەکات. لە ڕووی ئەمنییەوە ئێمە خەڵک دابین دەکەین و کۆنترۆڵێکی تەواوی ئەمنیی دەکەین. شایەنی باسە نرخی هەر بلیتێک (25$) و وا پێشبینی دەکرێت لە هەولێر زیاتر لە دە هەزار کەس ئامادەی کۆنسێرتەکە بن" ڕادیۆی نەوا PUKmedia. هەروەها بڕوانە: www.kurdistanan.com.

تا ئێرە هەواڵەکە تەواو بوو. ئەوەی کە زیاتریش هانی دام ئەم چەند دێڕانە بنووسم پاڵپێوەنانی کەسانێکی خەمخۆر و کوردستانی بوو، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوایان لێ کردم بە کارێکی وەها ڕابم. دیارە من لێرەدا سوپاسی هەستی دڵسۆزانە و کوردانەیان دەکەم و هیواداریشم نموونەیان هەر لە زۆربووندا بێ.




من لە نزیکەوە ئیبراهیم تاتڵیساس، وەک تاکەکەس، ناناسم. بۆ جاری یەکەمیش ڕاستەوخۆ ئیبراهیم تاتڵیساسم لە گوڵهانە پارک ـ گوڵخانە پارکی شاری ئەستەمبووڵ، لە هاوینی ساڵی 1992، لە کاتی ئاهەنگ و گۆرانی گوتندا بە ڕێککەوت بینیوە. ئەگەر بە هەڵەشدا نەچووبم، هەر ئەوسا، کاتێ گەڕامەوە سوێد، لە نووسینێکی خۆمدا ئاماژەم بەم شتە داوە.

ئەمە ئەوها و لێ لە هەمان کاتیشدا هەمووومان، کەم تا زۆر، دەزانین ئیبراهیم تاتڵیساس کێیە و چی کردووە و چۆن چۆنیش بووە بەم پیاوە چەلەنگەی ئێستا! بەر لەوەی خەیاڵمان بۆ ئەوە بچێ ئیبراهیم تاتڵیساس کوردە و خەڵکی ڕحا"ئورفە ـ

شانلی ئورفە" و، ڕۆژێک لە ڕۆژانیش بە کوردی سترانی چڕیوە، زۆر زۆریش پێویستە بە شێوەیەکی کوردانە و کوردستانییانە و واقیعبینانەش سەیری گشت پرس و خاڵەکانی گرێدراو بەم باسە بکەین. چ ناهەقییەک بەرامبەر ئیبراهیم تاتلیساس ناکەین، ئەگەر بڵێین ئەو بە ڕاستی و بە دروستی ئەندازیارێکی شارەزا و لێهاتووی بواری "تواندنەوە و کوێرکردنەوە و لەناوبردن و ئەتککردنی مۆسیقا و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی" بووە و، بە جوانترین شێوەش هونەری ڕەسەن و ئاوازی کۆنی کوردەواری دەقەبەڵ تورکاندا کردووە و، تا بڵێی وەستایانەش تورکاندوویەتی. ڕاستە ناوبراو بەتەنیا کارێکی وای ئەنجام نەداوە و کەسانێکی دیکەش هەر هەمان ناپاکییان لە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان کردووە، بەڵام کەس ناتوانێ لەم بوارەدا ڕۆڵی بەرچاو و دیاری ئەو لە بیر بکات. خۆ ئەگەر هەر کەسێک، با زمانی تورکیش نەزانێت، بۆ ڕۆژێکیش چاوی لە کەناڵە ئاسمانییە بەرەڵلاکانی تورک کردبێت، ئەوا ئیبۆی لەسەر شاشەکانی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییانە بینیوە کەوا چۆن شان و باڵی خۆی لێ هەڵکردووە و، ئاواز و گۆرانی ڕەسەن و فۆلکلۆری کوردانی، بە زمانی داگیرکەران، بە زمانی تورکی گوتووە. هەر مرۆڤێکی کورد ئەگەر تۆزقاڵێک ویژدانی هەبێ، گەلێ پێویستە ئاورێک لە دواوە بداتەوە و شتێکی وەهاشی لەبەر چاو بێ.

لە باکووری کوردستان چەندین دەنگبێژ و حەیرانبێژ و گۆرانیبێژ و هونەرمەندی بەناوبانگی کورد هەبوون، هەر لەبەر ئەوەی بە زمانی شیرینی خۆیان، بە زمانی کوردی نەک تورکی، حەیران و بەستە و مەقام و سترانیان چڕی، لە بنی زیندانێ پەستران. دیارە هەر لەو دەمانەشدا کابرایەکی وەک ئیبۆ بە پێچەوانەی ئەو جۆرە هونەرمەندە بەهەڵوێست و ئازایانە دەجووڵایەوە و، مەیخانە و سەماخانە و قەحپەخانەکانی ئەستەمبووڵ و شارە گەورەکانی دیکەی تورکیاشی، سەد حەیف و مخابن، بە دەنگە خۆشەکەی دەهێنایە جۆش و خرۆش. ئەرێ کەس هەیە بتوانێ نکۆڵی لەمە بکات. هونەرمەندی کۆچکردووی باکووری کوردستان "شیار"، ساڵانێک لەمەوبەر لە ستۆکهۆڵم بە نەخۆشی شێرپەنجە و خەم و خەفەت و ئازاری گەلەکەی سەری نایەوە، سەردەمانێک لە تورکیا لەسەر گۆرانی گوتن بە کوردی، زیندانی کرابوو. "شیار"ی ڕووحسووک و دڵپاک و بێفیز و وڵاتپەروەر، تا ئەو ڕۆژەی چاوی لێکنا، پێی شەرم بوو بە زمانی تورکی، بە زمانی داگیرکەرانی هۆڤی نیشتمانەکەی گۆرانییان بڵێت. "شیار"ێک کە لە شوێنێکی وەک سوێدیش بە هەزار دەردەسەری ژیانی بەسەر برد، تاکو توانی مۆڵەتی مانەوەی خۆی دەستگیر بکات، کەچی ئیبۆیەکی تاتلیساس

ئەوێ دەمێ هەر مەپرسە چ های لایفەک دەژیا. ئیبراهیم تاتلیساس ئێستاشی لەگەلدا بێ ساپ ساپانێ بە دۆلار دەکات.

یەکێکی وەک ئیبراهیم تاتلیساس لە گەرمەگەرمی خەباتی نەپساوەی کوردانداکولتووری کوردی هەراج دەکرد و، چاکترین کار و خزمەتی پێشکەش بە داگیرکەرانی خاک و نەتەوەکەی دەکرد. ئەو تەنیا کە زانی ئیدی کار لە کار ترازاوە و پێویستە جارناجاریش هەلوێستێکی، بەناو کوردانە، بنوێنێت، ئینجا هەستا بە تێکەلکردنی گۆرانی کوردی و تورکی و پێکەوە گوتنیان لە هەندێ بۆنە و دانیشتنی تەلەفزیۆنی و جێگای دیکەدا. من نازانم ئیبراهیمێک کە شاپ لە دۆلار بدات، بۆچی دەبێ ڕوو لە کوردستانێکی قوڕبەسەری وەک باشوور بکات و نرخی بلیتی ئاهەنگەکەشی 25 دۆلار بێت؟! ئەرێ بە ڕاست کێن ئەوانەی کە دەتوانن بلیت بە 25 دۆلار بکڕن؟! ئایا ئەم برە پارەیە بۆ کەسێکی کورد کە ئێستا لە کوردستاندا ژیان بەسەر ببات کەمە؟

هەر کەس و لایەنێک کە بەم کارە ڕادەبن، بیانەوێ و نەیانەوێ، پێش ئەوەی گوایا بیر لە پرۆژەیەکی هونەری و لەم جۆرە بکەنەوە، خەمی گیرفان پڕکردن تەنگی پێ هەلچنیون و چاوچنۆک و تێرنەخۆر و نانبڕ و چەواشەکەری فەرهەنگ و کولتووری ڕەسەنی کوردەواریشن. کەسێ کە بتوانێت باس لە "کۆنترۆلی تەواوی ئەمنیی" بکات، دەشبێ پشتی قایم بێ و لە لایەن حیزبێکی دەسەلاتداری ئەوڕۆی باشووری کوردستانەوە تەگبیری بۆ کرابێ.

دە خەلکینە بڕوانن: هەر ماوەیەک بەر لە هەنووکە و لەم مالپەڕە ئازیزەشدا وێنەی ژنەکوردمان دەبینی کەوا چۆن، لەبەر بێ نانی و دەردی برسێتی، ڕەق و تەق هەلگەڕاوە و بەپەلە بۆ نەخۆشخانە گوێزراوەتەوە، کەچی کاربەدەستانێکی ناکوردستانی کە شەرم لە خەلک و خوا و گەلەکەشیان ناکەن، دەچن زەلامێکی کولتوورفرۆشی کورد دەهێنن و نرخی بلیتەکەشی بە 25 دۆلار دەقرسێنن! ئەرێ 25 دۆلار چەند نانی کوردی پێ دێت و چەند زگی برسیشی پێ تێر دەکرێت؟!

دەسەلاتدارانی کوردی باشووری کوردستان کە ڕۆلێکی مەزنیان گێراوە لە چەواشەکردنی ڕۆلەکانی گەلی کورد و، برەودان بە مۆسیقا و گۆرانی نامۆ و بێگانە و شێواندنی فەرهەنگ و زمان و هونەری ڕەسەنی کوردیش، وا پێدەچێ ئامادەی هەر کارێک بن کە ئەنجامی بدەن، تەنیا و تەنیا بەو مەرجەی لە قازانجی خۆیان و حیزبەکانیان و دەست و پێوەندە چلکاوخۆرەکانیاندا بێ. داخوا کورد ئەمڕۆ حەوجەداری ئیبراهیم تاتلیساسە یان کەسێک کە لە هەموو ڕوویێکەوە دەقاودەق بە پێچەوانەی ئەو

بێت؟ ئەرێ هەر ئێوە نەبوون پەیکەرێکی بێ گیانی شەهیدێکی وەک "مووسا عەنتەر"ی داکۆکیکەر لە زمان و کولتووری کوردیتان هێنایە خوارەوە و، ئێستاش هەر ئێوە نین "ئیبراهیم تاتلیساس"ێکی خیانەتکار لە کولتووری کوردی داوەتی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەکەن؟!

چاک چاک دەزانم ئەگەر ئیبراهیم تاتلیساس ڕوو لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان بکات، لەسەر جەماوەر و ئامەدەبووان بە چ جۆرێک پەکی ناکەوێت، چونکە لە هەمان کاتدا چاک چاکیش دەزانم ئەوە سەرانی کورد بوون کە زەمینەیەکی وەهایان هێنا پێشەوە تا کیژەهەولێری و دهۆکی و سلێمانی و کوڕەلاوی ئێرە و ئەوێی ولاتەکەم، وێنە و پۆستەرە بچووککراوەکانی ئیبۆ و کازم ساهیر و ئەم و ئەو، دەبن باخەڵانیاندا تەقەت بکەن و دەنێو لاپەڕەی پەڕتووک و پەڕاوە قوتابخانەییەکانیاندا دابنێن و لەسەر دیواری ژوورە بچکۆلانەکانیشیاندا لە جام بگرن. ئەمە ڕاستییەکی حاشا لێ نەکراوی ئەمڕۆی کوردستانە و هەر کەسێکیش ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەگەر بە کورتەسەردانێکیش، کوردستانی نیشتمانی بەسەر کردبێتەوە، داخەکەی گرانم، دەزانێ لەم بوار و بەستێنەدا لە ولات چ باسە!

<u>ستۆکهۆڵم 4-10-2005</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# سەردانی مەسعوود بارزانی بۆ ئەمەریکا و چەند پرسیارێک*

بە گوێرەی هەواڵی ڕاگەیاندنی کوردی و چەند ماڵپەڕێکی جۆراوجۆریش، سەرۆکی "هەرێمی کوردستان" مەسعوود بارزانی، بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن جۆرج بۆشی سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ سەردانی ئەو وڵاتە داوەت کراوە. باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق زالمای خەلیلزاد کە بە سەردانێک چووەتە لای بارزانی، نامەیەکی لە جۆرج بۆشەوە بۆ ئەو هێناوە. ناوەڕۆکی ئەم نامەیەش دیارە پەیوەندی بە ڕەوشی ئێستای عێراق و سەردانەکەی بارزانیش بۆ ئەمەریکا هەبووە.



پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە داوەتکردنی مەسعوود بارزانی بۆ ئەمەریکا، بە شێوەیەکی فەرمی، ڕووداو یان پێشهاتێکی گرنگ و بەرچاوە، نابێ بە چ شێوەیەک خۆمان لەو پرسیارە هەرەگرنگ و بڕیاردەرەش بپارێزین کە بێگومان سەرلەبەری چوونەکەی بارزانی بۆ ئەمەریکا دەخاتە بەردەم گەلێ پرسیاری دیکەشەوە: ئایا مەسعوود بارزانی بۆچی دەچێتە ئەمەریکا؟ وەرامدانەوەی پرسیارێکی لەو جۆرە ڕەنگە ئەوەندە ئاسان نەبێ و زۆر لە کون و کەلەبەریش بگرێتە خۆی. لێ ئەوەی کە وەرامدانەوەکە ئاسان و شی بکاتەوە، ڕەوشی هەنووکەیی عێراقە بە گشتی و، قەومان و پێشهاتەکانی ئەم دواییانەشن بە تایبەتی. هەموومان دەزانین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وەک هەر هێز و لایەنێکی دیکەی بەرچاوی ئەمڕۆی دنیا، بە دوای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازی و ستراتیژییەکانی خۆیدا وێڵە. لە عێراقی دوای سەددام ئەمەریکا بە بەردەوامی دووچاری کێشە و ڕووداوی نوێ دەبێتەوە. کارێکی وا تەنیا لە ڕووی سەربازییەوە خۆی نانوێنێت و بگرە تەنانەت لە پرسی نووسینەوەی بەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقیشدا دەبینرێت. لە کاتێکدا کە گرووپ و تاقم و پارت و ڕێکخراوە جیا

جیاکان، چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی کوردستان، باس لە تەواوبوون و چاپکردن و بەخشینەوە و بە کۆتاهێنانی پرۆسەکە دەکەن، کەچی ئەوەی سەیرە لە هەمان کاتیشدا باس لە هەموارکردن و پەڕوباڵکردن و ئەتککردنی خودی ئەم بەناو دەستوورە هەمیشەییەش دەکرێت. هەر یەکێک لە ئێمە ڕۆژانە لە ماسمێدیای جیهانی گوێبیستی ئەم چەشنە هەواڵ و دەنگوباسانە دەبێ. عەرەبە سوننەکان کە گشتمان دەزانین چۆن چۆنی بیر دەکەنەوە و دڵیان بۆ کام سەردەم لێ دەدات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە مەرج و پێشمەرجی نوێ دێنە پێشەوە و، لەم کارەشیاندا پشتیان بە دەرودراوسێ و وڵاتانی عەرەبی کۆنە هاوپەیمانانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس و کۆمکاری عەرەبی و تیرۆریستان و گەلێ لایەنی دیکەش قایمە. هەموومان بینیمان چۆن لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا، لەم کارەدا تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەپشتیان بوو، توانیان بڕیارێکی وەرگیراوی "کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی" هەڵوەشێننەوە و، پەنجەش لەناو چاوی کورد و شیعە ڕابکەن. کەس هەیە نەزانێ لەم ناوەدا کێ مەزنترین زەرەرمەندی ڕاستەقینە بوو؟! هەر دیسان لە عێراقدا ڕۆژانە شەڕ و پێکدادانی خوێناوی لە نێوان ئەمەریکاییەکان و تاقم و باندە تیرۆریستییەکانی سەر بە ئەلقاعیدە و بەعسییەکان و عەرەبە سوننەکان و چەندین گرووپی تریش دێنە ئاراوە. دیارە ئەمەریکا نایەوێت ڕەوشەکە لەمە خراپتر بێت و ڕوو لە ئاقارێک بکات کە لە دەستی دەرچێت، لە بارێکدا ئەگەر وای لێ نەهاتبێت؟

سەردانی بارزانی بۆ ئەمەریکا، ئەگەر بۆ ئەوە بێت کوردی تێدا بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بەکار بهێنرێت، با هەر لە ئێستاوە هێڵێکی گەورەی ڕاست و چەپ بەسەر ئەم سەردانەدا بێنین و بە نەبووەش ناوی ببەین. خۆ ئەگەر لە سەداسەد دژی ئەم بۆچوونە بکەوێتەوە و، سەردانەکەی مەسعوود بارزانی لە پێناو بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی گەلی باشووری کوردستان بێت، ئەوا بێگومان جێی خۆشحاڵی سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە و لە دڵەوەش پیرۆزبایی لە بارزانی دەکەین. دەبێ ئەوەش بڵێین سەرکردەیەکی کورد کە دەچێتە ئەمەریکا، ئەگەر وەک کەسێکی عێراقی ڕوو لەو وڵاتە بکات، من و زۆری وەکو منیش هەر لە ئێستاوە دەستی خۆمانی لێ دەشۆین و چ هومێدێکیشمان پێی نابێ. کورت و کرمانجی لە ڕۆژی ئەوڕۆدا سەرکردە ئەو سەرکردەیە کە کوردستانی بێ و کوردانە بیر بکاتەوە و هەموو شێوازێکی حیزبییانەی تەسکیش وەلا بنێت. جا نازانم لەنێو کورددا، لە کاتی ئێستادا، وەها سەرکردەیەک دەست دەکەوێت یان نا؟!

تۆ بڵێی لە دەمەدەمی پێشوازیکردنی مەسعوود بارزانی لە لایەن جۆرج بۆشەوە، لەتەک ئاڵای ئەمەریکا ئاڵای کوردستانیش دابنرێت، یانیش بە پێچەوانەوە ئاڵای بەعس و عێراق ببینرێ؟ مەسعوود بارزانی کە بە فەرمی سەرۆکی، بە دەردی پارتی و یەکێتی گۆتەنی "هەرێمی کوردستان"ە، هەرگیز نابێ لە ئەمەریکا بەوە ڕازی بێت، هەر نا هەر نا حیسابێکی لەمە کەمتری بۆ بکرێ و، وەک سەرۆک دەوڵەتێکیش پێشوازی لێ نەکرێ. من پێموایە مەرجی یەکەمی سەرکەوتنی سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەمەریکا، بە پلەی یەکەم لەوەدا خۆی دەنوێنێت، ئەگەر



وەک سەرۆک دەوڵەتێک و سەرۆکی گەلێکی بەرچاو حیسابی بۆ بکرێت نەک شتێکی تر. دەبا لەو بوارەدا بارزانیش مینا ئیبراهیم ڕۆگۆڤا و یاسر عەرەفات و سەرۆکی تەیمووررییەکانی ڕۆژهەڵات و سەرکردە سەربەخۆییخوازەکانی دیکەی دنیا قسان بکات و هەڵوێستان پیشان بدات. عەرەفات کە بە جاران چووە ئەمەریکا، هەمیشە داکۆکی لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی دەکرد. ئیبراهیم ڕۆگۆڤای سەرکردەی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ وازی لە داوای "کۆسۆڤۆی سەربەخۆ" نەهێناوە. دڵنیاشم لەوەی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ، کێ ناڵێ زووتریش لە کورد، دەبن بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ڕەوشی وان لەبارە و بەس، بگرە لەبەر ئەوەی کە خۆیان لەمە کەمتر شتێکی دیکەیان نەخواستووە و سەرکردە و ڕێبەرەکانیشیان قەت قەت خۆیان بە یۆگۆسلاڤی نەزانیوە. ئەمەش ڕێک بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی سەرانی ئێمەی عێراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوریاییە.

مەسعوود بارزانی ئەگەر لە واشنتۆن مافووری سووری لەژێر پێدا ڕابخرێت، دەبێ هەر لەو ساتانەدا بۆ سەردەم و ڕۆژانێک بگەڕێتەوە کە تیایاندا کورد ئەنفال و زیندەبەچاڵ و کیمیاباران و ماڵوێران دەکران. بارزانی نابێ لە یادی بچێت، ئەوە خوێن و خەباتی کوردە، یەکێکی وەکو ئەو و تاڵەبانیشی گەیاندە یان دەگەیەنێتە واشنتۆنی پایتەختی بڕیارەکانی تایبەت بە تەواوی دنیا. چەند جوان دەبێ ئەگەر بارزانی بە جلوبەرگی کوردییەوە لە واشنتۆن ببینرێ. ئەرێ چ عەیبەیەک لەمەدا هەیە؟! "حامید کارزای"ی سەرۆکی ئەفغانستان لە هەموو بۆنە و کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا هەر جلکی میللییانەی خۆی پۆشیوە. کاتێ جۆرج بۆش لە ئەمەریکا پێشوازی لە کارزای کرد، ناوبراو دیسان پۆشاکی میللی و ئەفغانییانەی خۆی لەبەر بوو. غازی یاوەری سەرۆکی پێشووی عێراقی نەفرەتی بە دیزداشە و عەگالەوە هاتە ئەمەریکا و کن جۆرج بۆش. خۆ کەس پێی نەگوت بڕۆ بەولاوە دەڵێی کەپکەشاخی! جەلال تاڵەبانی کە بە جلی کوردییەوە نەچووە کۆشکی سپی، لەوانەیە پێی شەرم بووبێ، با لە جیاتی ئەو مەسعوود بارزانی کارێکی وا ئەنجام بدا؟ جا تۆ بڵێی ئێمەی کورد لە ڕووومان بێ داوای شتێکی وا گچکەش لەوان بکەین؟!

لە باشووری کوردستان، ئەگەر بە قانوونیش بێ، خۆ زمانی دایک و فەرمیی خەڵکەکەی کوردییە. هەر لەبەر هەندێ، چونکە مەسعوود بارزانیش سەرۆکی ئەو بەشەی کوردستانە کە دەسەڵاتدارانی ئەوڕۆی کورد بە "هەرێمی کوردستان" ناوی دەبەن، بۆیە زۆر پێویستە ناوبراو لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەمەریکا، لە کوردی زیاتر بە زمانێکی دیکە نەپەیڤێت. ئەمە سووکایەتیکردن نییە بە چ زمان و نەتەوەیەکی تر، بگرە داکۆکیکردنە لە زمانی نەتەوەیەکی گەورە و گران کە هەتا ئێستاش دان بە فەرهەنگ و کولتوور و، هەروەها "زمان"یشی دانانرێت.

ئەگەر مەسعوود بارزانی بۆ ئەوە بچێتە ئەمەریکا، باس لە "یەکپارچەیی خاکی عێراق" و "بەشداریکردنی برا عەرەبە سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی" و "ئاشتبوونەوەی نیشتمانی" و شتی تری لەو جۆرە بکات، با هەر لە ئێستاوە باش بزانێت قازانجی سەردانەکەی ئەو، بۆ کورد، چ شتێکی ئەوتۆی لە سەردانەکەی تاڵەبانی زیاتر نابێت کە شایانی باسکردن بێت. ستۆکهۆڵم 10-10-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## ئەرێ بە ڕاست کێ خائین دەرچوو؟!*

ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا هەر هەموومان گوێمان لە جەلال تاڵەبانی بوو، لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی هاوینەهەواری دووکان، ئەو کوردە کەرکووکییانەی کە لە ترسی گیانی خۆیان و پاراستنی ژن و ماڵ و منداڵیان شارەکە بەجێ دەهێڵن و ڕوو لە شار و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دەکەن، بە "خائین" ناو برد. لام وابێ قسە و ئاخاوتنەکانی تاڵەبانی ئەوەندە کاتیان بەسەردا نەڕۆیشتووە تا مرۆڤ بتوانێ بە ساناهی لە بیریان بکات. دیارە لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە جارێکی تر بە درێژی لەسەر هەر هەمان بابەت هەڵوەستە بکەم، پێشتر لە نووسینێکمدا ئاماژەم بۆ کردووە و لە بەرامبەریدا بێ هەڵوێست نەبوومە، لێ ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام تا ئەم چەند دێڕانە بنووسم، بڵاوبوونەوەی هەواڵێکە لە ماڵپەڕە کوردییەکان و هەندێ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی نێوخۆی کوردستانیش کە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵەکەشن. بە گوێرەی ئەو هەواڵە بێ دەزگا کوردییەکانی سەر بە پارتی و یەکێتی خۆیان پسوولەی چەند هەزار دۆلاری بۆ ئەو ماڵە عەرەبانە دەکەن، کە لە کاتی لەناوچوونی ڕژێمی بەعس لە ترسان کەرکووکیان جێ هێشتووە، ئێستاش وا بە لێشاو و پەلەپەل دەگەڕێنەوە بۆ کەرکووک. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرانی کورد ڕۆژانە باس لە جێبەجێکردنی ماددەی پەنجاوهەشتی تایبەت بە ڕەوشی کەرکووک دەکەن و، دەهۆڵ و زوڕناش بۆ بەشداریکردنی کورد لە پرۆسەی دەنگدان بۆ دەستووری بەدناوی عێراقی لێ دەدەن. هەر لە هەواڵەکەدا هاتووە کە پسوولەی گەڕانەوەی عەرەبە "بەعسییە سەددامییەکان" لە لایەن دەزگاکانی وەک وەزارەتی ناوخۆی هەولێر، ئاسایشی کۆیە، وەزیری پەروەردەی ئیدارەی سلێمانی و تەنانەت زانکۆی سلێمانیشەوە بە بیانووی جیا جیا کراون. لەمەش سەیرتر هەر ماڵەعەرەبێک کە بگەڕێتەوە، بڕی حەفت هەزار دۆلاری بۆ دابین دەکرێت. خوێنەرانی هێژا بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم هەواڵە دەتوانن تەماشای ماڵپەڕە کوردییەکان و بڵاوکراوە کوردییەکانی ناوخۆی کوردستان، بۆ نموونە "هەواڵ" و "میدیا" بکەن.

ئەو پرسیارەی کە گشتمان مافی ئەوەمان هەیە لە جەلال تاڵەبانی و سەرانی دیکەی ئەوڕۆی باشووری کوردستانی بپرسین، ئەمەیە: ئەرێ بە ڕاست کێ خائین دەرچوو؟! ستۆکهۆڵم 11-10-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# دیسان سەبارەت بە دەستوور: پارتی و یەکێتی لەسەر شێوەی بەعس پڕوپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن*

ئەگەر هەر یەکێک ڕۆژێ لە ڕۆژان لە باشووری کوردستان یان لە عێراقی نەفرەتیدا ژیانی بەسەر بردبێ، چاک دەزانێ ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس بە سەرکردایەتی سەددامی دیکتاتۆر، بە چ شێوەیەک سیستەمی پڕوپاگەندەی ژەهراوی خۆی بەسەر هاووڵاتییاندا سەپاندبوو. هۆیەکانی ڕاگەیاندن، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە جیا جیاکان، ئەمانە و زۆری دیکەش بەیەکەوە لە خزمەتی ڕژێمدا شەو و ڕۆژ دەست بەکار بوون. وەزارەتە ڕۆشنبیرییە سەقەتەکەی سەددام لە بیری ئێمە نەچۆتەوە و، دەشزانین چۆن بوو بوو بە مەکینەی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و هاووڵاتییان لە عێراقی "کۆماری ترس"دا. وتە بەناوبانگاکەی ئەو سەردەم و ساڵانەی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو وڵاتەدا بریتی بوو لە: إذا قال صدام، قال العراق. جا کەس هەیە، گەر تۆزێک شارەزای بارودۆخی ئەوسای عێراق بێ، گوێی لەم وتە بێ مانا و درۆ گەورەیە نەبووبێ؟!

پارتی و یەکێتی و ڕێکخراوەکانی دەوروبەریان، بێگومان جێی داخە، لە هەڵسوکەوت و کردەوە ڕۆژانەییەکانی خۆیاندا، بە تایبەتیش لە بواری ڕاگەیاندن و لەم چەند ڕۆژانەی دواییشدا، بەعس ئاسا مەکینەی پڕوپاگەندەکردنی خۆیان خستۆتە گەڕ و شەلم کوێرم ناپارێزم هەر شتێکیان داوەتە بەر شاڵاوی "بەڵێ بۆ دەستووری خۆیان"، بێ ئەوەی سادەترین حیساب بۆ هەست و بیر و بۆچوون و خەڵکانێکی جودا لە خۆیان بکەن. بە تەنیا تەماشاکردنێکی خێرای هەردوو کەناڵە حیزبییەکانی کوردسات و کوردستان تیڤی بەسە بۆ ئەوەی لە مەبەستی ئەم چەند دێڕانە بگەین. لەسەر شاشەی کوردسات، بینەری کورد ناچارە، هەر چرکەساتێک سەیری "بەڵێ بۆ دەستوور" بکات. ئەوەی تایبەتیش بێ بە کوردستان تیڤی، دیارە لەمێژە ئەوان لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاو داوە و، ڕەنگە لە کوردسات و یەکێتیشیان بردبێتەوە. ئەی ئەوە نییە لە کەناڵی زاگرۆس و ئەلتەئاخیی عەرەبی، پارتییەکان تەنانەت قوتابخانەیەکیشیان کردۆتەوە بە ناوی "قوتابخانەی دەستووری هەمیشەیی ـ مدرسە الدستور الدائم"؟! ترحێو لە وەها قوتابخانەیەک کە شۆخەکیژ و کوڕەلاوانی کورد لەسەر بنچینەیەکی وەها پەروەردە بکات، تاکو دەنگ بۆ بەیەکەوەلکاندنەوەی

نیشتمانەکەیان بە دەوڵەتێکی داگیرکەری وەک عێراق، عێراقی ئەنفال و کیمیاباران و هەڵەبجە و گۆڕە بە کۆمەڵەکان و تاوانە مەزن و لەبن نەهاتووەکان، بدەن!!!

سەرانی کورد کە ڕۆژ نییە باس لە "سیستەمی دیموکراسی" و "کۆمەڵگای مەدەنی" و "قانوون لەسەرووی هەر شتێکەوەیە" و "دەوڵەتی دەزگا و سازییە دیموکراتییەکان" و زۆر لەم چەمک و دەستەواژە سواوانە نەکەن، کەچی لەمەڕ پرسی دەنگدان بۆ بەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقی داگیرکەری کوردستان، شتێک یان لایەنێکی گرنگی مەسەلەکەیان بە ئەنقەست لە بیر خۆیان بردۆتەوە و فەرامۆشیان کردووە: نا بۆ دەستوورێک کە ڕێک پێچەوانەی لە 98%ی ڕای گەلی کوردە لە باشووری کوردستان! ئەرێ بە ڕاست کێ بوون ئەوانەی کە گوتیان نامانەوێ لەگەڵ عێراقی عروبە و شیعە و کۆنەپەرستان و تیرۆریستان و ئەنفالچییان بژین؟ تۆ بڵێی ئەوان کورد نەبووبن و لە ئاسمانەوە بۆ سەر خاکی کوردستان هاتبنە خوارێ؟! ئەدی چ لەو ملیۆن دەنگە کوردستانییە بکەین کە خوازیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ڕاستەقینە بوون لەم بەشەی کوردستان؟

ئەوەی من و خوێنەرانی هێژاش بیزانین ئەوەیە کە لە سیستەمی دیموکراسی و وتووێژی تەلەفزیۆنی و ناو هۆیەکانی ڕاگەیاندن وا باوە، لە کاتی قسەکردن لەسەر پرسگەلە جیاوازەکان، خاوەن بیر و ڕا هاوکووف و هاودژەکان دەهێنرێنە زمان و ئاخاوتن و چاوپێکەوتنیشیان دەگەڵدا ساز دەکرێ. هەرچی کوردستان تیڤی و کوردسات و هاوشێوەکانیانن، بە هەموو مانای وشەوە، سەبارەت بە پرسی دەنگدان بە دەستوور، ئەم داب و نەریتە دیموکراتییەی تایبەت بە چۆنێتی کاری ڕۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنییان بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کردووە و، ئەوەی کە بە خەیاڵیشیاندا نایەت بەرژەوەندی گشتی و پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوەی کورد و گەلی باشووری کوردستانە. ئەم هەردوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە حیزبییەی سەر بە یەکێتی و پارتی وا لە خەڵک و خوا و دنیا دەگەیەنن کە لە کوردستان، گەورە و گچکەی ئەم نەتەوەیە، شەیدای بەژنی زراڤی دەستووری بەناو هەمیشەیی ڕەشی عێراقین و هەربۆیە لەبەر ئەڤینداریان بۆ ئەو، تەنیا و تەنیا و تەنیا، بە یەک "بەڵێ"ی تا بڵێی زەبەلاح کڕنووشی بۆ دەبەن و، نوێژی پێکەوە بەستانەوەی کوردستان و عێراقی بۆ دەکەن!

هەر پەیوەندیدار بەم بابەتە، بەپێی ڕاپۆرتێکی "ناوەندی ستاتستیکی کوردستان – Kurdistan Statistics Centre" کە لە 12-10-2005 بلاو بۆتەوە، لەسەر ئاستی

هەموو کوردستان تەنیا لە 26%ی خەڵک دەستوورەکە بە باش دەزانن. لەسەر ئاستی باشووری کوردستانیش تەنیا لە 38.50%ی خەڵک ئەم ڕەشنووسی دەستوورە بە شتێکی باش دادەنێن. "بروانە ماڵپەڕە کوردییەکان". ئەگەر بەرپرسانی خۆپەرست و بەرژەوەندیپەرستی ناو یەکێتی و پارتی و دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان، حیسابێکی گەلێ بچووکیشیان بۆ بیر و ڕای خەڵک بکردایە و، ئەم ڕاستییەیان لەبەر چاو گرتبایە، پێویست بوو لە کاتی دەمەقاڵێ و مشتومڕکردن لەسەر دەستوور، بە تایبەتیش لەم ڕۆژانەی دواییدا، کەسانێکی دیکەشیان مێوانداری بکردایە تا شەقێکی تەڕ لەم دەستوورە عروبەوی و کۆناپەرستانەیە بدات، کە بە داخەوە پەنجەی کوردیش بەشدار بووە لە نووسین و داڕشتنیدا. وەک لای هەمووانیش ئاشکرایە ئەم ڕەشنووسی دەستوورە ڕۆژ نییە، بە قەولی سیاسەتبازانی کورد گۆتەنی، "هەموار" نەکرێ! تەنانەت دوای بڕیاردان لەسەریشی، بواری ئەوەی بۆ هێشتراوەتەوە، کە دیسان بە لیفکە و سابوون، هەڵبەت کوردییانە نا!، لە ئاوێ بنرێت. جا نازانم وەها دەستوورێک تا چەند بە کەڵکی کوردی بێ دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆ دێت؟!

مەسعوود بارزانی کە لە دانیشتنەکانی بەغدا بەشداری کرد و دوێنێ گەڕایەوە کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا وەک هەمیشە گفتوگۆ و "هەموارکردن"ەکانی ناو دەستووری بە باش هەڵسەنگاند. ئەگەر کاکی بارزانی کاتی ئەوەی هەبێ، کەمێک، تەماشایەکی کاردانەوەی خەڵک و دڵسۆزانی کورد بکات، سەبارەت بەم ڕەشنووسە نەفرەتییەی دەستوور، ئەوجا باش تێدەگات هەر چوونێکی سەرانی کورد بۆ بەغدا تا چ ڕاددەیەک بە زەرەر و زیانی کورد شکاوەتەوە. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووخاندنی بەعسەوە خەمخۆران و کوردستانییان داوایان لەو سەرکردە و بنکردانە کردووە، ئامان ئامان دەخیلتان بین، ئەوەندە خۆتان مەکەن بە برای عەرەب و لە بازاڕی سیاسەت و بەرژەوەندییەکاندا برایەتی فلسێکی قەڵپ و سووتاو ناهێنێت، لێ کەس تا هەنووکە گوێی لە دەنگی دڵسۆزانەی خەڵک و نووسەران و نیشتمانپەروەرانی بەشەرەف نەگرتووە. سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی، چونکە ئەوەندە زانا و چەلەنگ و دیپلۆماسی و عەگید و مێرخاس و چاوکراوە و دنیادیدە و بلیمەت و ئازا و شارەزا و کوردستانی و نەتەوەیی و کوردپەروەر و سەربەخۆییخواز و دیموکرات و پێشکەوتنخواز و یەکسانخواز و بوێر و نیشتمانپەروەر و خەمخۆر و گەلپەرست و نەتەوەپەرست و بەئەمەک و وەفان بۆ کورد و کوردستانەکەیان، کەی حەوجەداری ئەوەن گوێ لە بابایەکی وەکو من و هەزارانی وەکو منیش بگرن؟!

یەکێتی و پارتی کە خۆیان بە عێراقیی "پلە یەک" دادەنێن و ئەندامانیشیان، خۆشییان بێ یا ترشی، زیاتر لەبەر گیرفانپەرستی، هەر کارێکی ئەوها ئەنجام دەدەن و لە هەمان کاتیشدا دەبن بە هۆیەک بۆ بەردەوامبوون و درێژەدان بە کۆیلەکردنی کورد و دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیش. جا نازانم دەبێ چ گلەییەک لەم جۆرە کەسانە بکرێت کە عێراقییانە نەک کوردستانییانە بۆ پرس و مەسەلەکان بڕوانن؟! دە فەرموو ئەوەتا کابرایەکی وەک د. محەممەد ساڵح زێباری کە ڕاگری کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆکە، فشەی بە سەربەخۆیی کوردستان دێت و، بگرە بە نوێژی نیوەڕۆش درۆ و بوختان بە ناوی ڕۆشنبیرانی کوردەوە دەکات و، چ شەرمیش ناکات کاتێ دەڵێت: "زۆر لە ڕۆشنبیران دژی جیابوونەوەی کوردستانن لە عێراق". "ڕۆژنامەی ئەلحەیات، 13-10-2005". من دڵنیام لەوەی کە کابرای ناوهاتوو زیاتر مەبەستی لەو بەناو ڕۆشنبیرە حیزبییانە بێت، کە لەبەر بەرژەوەندی و پارە و دۆلار، بە شێوەیەکی مشەخۆرانە لەسەر زگی خەڵکی برسی و بانکی تژی پارەی حیزبەکانیش دەلەوەڕێن، دەنا قەت باوەڕ ناکەم چ کوردێک ئەگەر خۆی بە کەسێکی ڕووناکبیر و کوردستانی و نیشتمانپەروەر و خەمخۆری ئەمڕۆی گەلەکەی بزانێت، لە هەمبەر ئەوە بێت کوردستان لە عێراقی داگیرکەر جیا بێتەوە و ئازادی خۆیشی ڕابگەیەنێت. یەکێ کە زەین و بیری ڕۆشن بێ، چۆن دەبێ دەگەڵ بیرتاریک و تەنگەنەزەران هاوکووف و هاوڕا بێ؟! هەزار سەڵاوات لە عەقڵت هەی کاکی دکتۆر و پرۆفیسۆر!

سەیر لەوەدایە لە باشووری کوردستان هەندێ حیزب و ڕێکخراو هەن، گوایا بە پێچەوانەی پارتی و یەکێتی بیر دەکەنەوە و ئامانجیشیان "کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات و یەکگرتوو" و "مافی بڕیاردانی چارەنووس" و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیشە، کەچی لە دوایین ڕۆژەکانی بەر لە دەنگداندا هەڵوێستیان بەرەو "بەڵێ" بۆ گرێدانەوەی کوردستان بە عێراقی داگیرکەرەوە وەرچەرخا! تێناگەم ئەو ئەندامانەی سەر بەو چەشنە ڕێکخراوانەن، چۆن چۆنی دەتوانن باس لە سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی گشت پارچەکانی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و قەوارەی سەربەخۆی کوردی بکەن، لە کاتێکدا کە حیزب و ڕێکخراو و ڕێبەرەکانیان هانیان بدەن بۆ ئەوەی بڵێن "بەڵێ" بۆ داگیرکەران و چەوسێنەرانی دوێنێ و ئەوڕۆی کورد. ئەمە بانێک و دوو هەوا نییە، ئەمە بانێک و دە هەوایە!!

سبەینێ کورد لە سایەی سەرانی و لەبەر عێراقیبوونی سەرکردە "دڵسۆزەکانیشی؟"، دەنگ بۆ ئەوە دەدات تا بکرێتەوە بە عێراقی.. سبەینێ جارێکی دیکە

کوردستان لە عێراق مارە دەکرێتەوە.. ئەم جارەیان کورد بەهۆی شێوازی هەڵخەڵەتێنەرانەی سەرکردەکانییەوە تەپکەی بۆ دادەنرێتەوە.

ئەگەر سەردەمانێکی زۆر زوو، سەدان ساڵ پێش ئێستا، مەلا ئیدریسێکی بتلیسی لەناو کوردان هەڵکەوتبێ و ئەوانی بەرەو قەسابخانەی تورکان گۆڕکێش کردبێ، ئەمڕۆ کورد وەجاغی کوێر نییە و بە دەیانی وەک مەلای بتلیسی سەرجەم نەتەوەی کورد فریو دەدەن و، لە سەربەخۆیی و سەرفرازیش وەدووری دەخەنەوە.

دەبا من، لەبەرئەوەی دەڵێم "نا" بۆ دەستووری داگیرکەران، لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە لە لیستی خیانەتکاران ناونووس بکرێم! ئەم جۆرە ناپاکیکردن و خیانەتە شەرەفە بۆ من، شەرەف!!

ستۆکهۆڵم 14-10-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## منیش لەسەر ئەم پرسانە قسەم هەیە*

دوای ئەوەی کە پرۆسە بەدناوەکەی "دەنگدان بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق" بەو شێوەیە کۆتایی پێ هێنرا کە هەموومان بینیمان، لە زۆر لاوە دەنگی جیا جیا بەرز بوونەوە و لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ بە ئاشکرا هەستی بە ناڕەحەتی دەسەلاتدارانی کورد دەکرد، کە تەنانەت لە ئاخاوتن و چاوپێکەوتنەکانی خۆشیاندا نەیانتوانیوە ئەم نائارامییە دەروونییەی خۆیان بشارنەوە. ئەوان لە چەندین هەڤپەیڤین و قسەکردنی ئێرە و ئەوێدا باسیان لەم شتە کردووە و تا ڕاددەیەکیش دانیان بەم شکستەی خۆیاندا ناوە.

سەرانی کورد بە پێچەوانەی ئەم زوڕنالێدانە سەیروسەمەرەیان بۆ دەستووری ڕەشی عێراقی داگیرکەری کوردستان، لە ئاکامی بەپیرەوەنەچوونی گەرمی خەڵکی کوردستان بۆ سەر سندووقەکانی بەکۆیلەکردنەوەی کورد و لکاندنەوەی لۆزان ئاساییانەی نیشتمانەکەیان بە دەوڵەتێکی داگیرکەری هۆڤ و شۆڤێنی، هەناسەسارد و دڵگران بوون. هەر نا هەر نا لە کاردانەوە و وتەکانیاندا شتێکی لەو جۆرە بەدی دەکرا. هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای ئەمڕۆی باشووری کوردستان، پاش دەنگدانە نەفرەتییەکەش، هەر لەسەر هەمان کاری پێشوویان بەردەوام بوون و ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان لەم پێناوەدا وەگەڕ خست. لە تەلەفزیۆن و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جۆراجۆریاندا باسیان لە شتێک دەکرد، تا ئێستاش بەردەوامن لەسەری، کە گەلێ جار نەک هەر چ پەیوەندییەکیان بە ڕاستییەکانەوە نییە و بەس، بگرە چەواشەکردنی بە بەرنامە و نەخشە بۆ دانراوی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەیە، کە بێگومان وەک بینیمان ئەم کارە هەر لە دەستپێکدا بە ئارەزووی حیزبییە بیرتەسکە ناکوردستانییەکان چ ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە کە مایەی دڵخۆشی بێ بۆیان.

ڕۆژنامەوان نەبەز گۆران زۆر جوان بۆ هۆی بەشدارینەکردنی خەڵک لە شارێکی گەورەی وەک هەولێر، لەم دەنگدانەدا، چووە و بەم شێوەیە لە نووسینێکی خۆیدا لەم بارەیەوە دێتە وەڵام: "ئەم بێدەنگی و نەهاتنە دەرەوەیەی خەڵکی هەولێر لە کاتی دەنگداندا بۆ دەستوور، جوانترین زەنگە بۆ گوێی دەسەلات، گەر هەست بە بیستن بکات. ئەمە مانگرتنێک بوو ئەم شارە بە دەسەلاتی وت، تەپڵەکانی ڕاگەیاندن و پیشاندانی وێنە گوناهەکانی ئەنفال و شارە وێرانەکەی هەڵەبجە لە ڕێگەی شاشە حیزبییەکانتانەوە، ناتوانن وا لە ئێمە بکەن یەک زەڕڕەی خاکی نیشتمان بگۆڕینەوە بە

وەهمەکانی ئێوە.. چۆڵی شەقام و بەردەم بنکەکانی دەنگدان، یەک پارچە بەرپرسەکانی تووشی سەرسامی کرد. ئیدی تێگەیشتن ئەو هەموو گوتارانەی پەخشیان کرد بۆ خەڵکی، بە بێدەنگی و نەهاتنە دەرەوە وەڵام درانەوە.. دەکرا هەردوو زلحیزبەکە ئەم ناڕازیبوونەی خەڵکی بکەنە کارتێکی فشار بۆ برا عەرەبەکانیان و جارێکی تر دەستوور بۆ بەرژەوەندی کورد دەسکاری بکرێتەوە، بەڵام ئەوان زۆر لەوە زەلیلترن بگەڕێنەوە بۆ دەنگی سەر شەقام و تەنها جارێک لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆیاندا بن.. دەستەکانمان زۆر پاکن. پاکیی دەستەکانمان ئەو نەخێرەی خستە دڵی ئێوەوە کە هەرگیز چاوەڕێتان نەدەکرد. شارێک لە داخی دەستووردا ڕۆژێک تا ئێوارە ڕووناکی لە خۆی حەرام دەکات. ئەمەیە وەڵام."(لە ڕۆژی دەنگدان بۆ دەستوور شاری هەولێر مان دەگرێت، نەبەز گۆران، هاووڵاتی، ژمارە 246، چوارشەممە 19-10-2005).

دیارە ئەم ساردی نواندنەی خەڵکی بەشەرەف و خۆڕاگر و سەربەخۆییخوازی کوردستان، لەهەمبەر ڕەشنووسی ڕەشی دەستووری هەمیشەیی عێراقی داگیرکەر، هەر بەتەنیا شارێک یا ناوچەیەکی دیاریکراوی باشووری کوردستانی نەگرتۆتەوە. بەپێی زۆر لە هەواڵ و شیرۆڤەهەواڵ و ڕاپۆرتی جیا جیا کە لە ماڵپەڕە کوردییەکانیش بڵاو کراونەتەوە، هەر بۆ نموونە لە شاری سلێمانی گەنجان چ بەشداریکردنێکی گەرمیان لەم دەنگدانەدا پیشان نەداوە و هەتا درەنگانێکیش خەڵک بە شێوەیەکی چڕوپڕ ڕوویان لە بنکەکانی دەنگدان نەکردووە. تەنانەت لە شاری کەرکووکی کوردستانیش ئەم دیمەنانە بینراون. ئەمە و جگە لە شار و شارۆچکە و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان کە گەلێ ڕووداو و کاری نابەجێی دوور لە هەر داب و نەریتێکی دیموکراسییانە هاتوونەتە پێشەوە.

هەر لەسەر هەمان بابەت، بەشدارینەکردنی جەماوەری کوردستان لە پرۆسەی دەنگدان بەو شێوەیەی کە پارتی و یەکێتی دەیانویست، کەناڵی حیزبیی کوردستان تیڤی لە بەرنامەی "لە کوردستانەوە" کە عەبدولڕەزاق عەلی ئامادە و پێشکەشی دەکات، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی ساز دا. جارێ لەپێشدا پێمخۆشە بە برای سەرپەرشتکاری ئەم بەرنامەیە بڵێم: ئەرێ بۆ دەبێ ئێوە، وەک هەمیشە، پەنا بۆ بەرپرسانی حیزبی و کەسانێک ببەن کە سەر بە خۆتان و لە خۆتان بێ و وەک خۆتانیش بیر بکاتەوە؟ خۆ جەنابتان باستان لە هۆی بەشدارینەکردنی خەڵک لەو پرۆسەیەدا دەکرد. ئینجا لە بارێکی وادا تۆ بڵێی باشتر نەدەبوو ئەگەر کەسێکتان هێنابا، بە "نا" بەرسڤی ئەو هەموو "ئا"یانەی ئێوەی داباوە کە بە بەردەوامی

پڕوپاگەندەی وشکی حیزبییانەتان لە تەلەفزیۆنەکانتاندا بۆ دەکرد؟! من پێموایە کاری تۆی ڕۆژنامەوان ئەوە بوو بچیت بە دوای ئەو کەسانەدا بگەڕێیت و بیانبینیتەوە و لێشیانبپرسیت: ئێوە بۆچی دەنگتان بۆ ئەم "دەستووورە نایاب"ە نەداوە کە مافەکانی کوردی تێدا جێگیر کراوە؟ بەڵێ، تۆ دەبوو پرسیارێکی وەها پارتییانە و یەکێتییانە ئاڕاستەی ئەوان بکەیت و بێگومان ئەوانیش خۆ زمانیان لە گۆ نەچووە و، هەر چۆنێک بوایە دوو قسانیان بۆت دەکرد! بە مانایەکی تر کاری تۆ ئەوە بوو بچیتە لای ئەو "پیاوە پیرە و بیدوێنیت، تاکو بزانیت بۆچی ئەو لەبن دیواری مزگەوتێک لەگەڵ هەشت نۆ دە پیری وەک خۆی لە ڕۆژێکی ئەوهادا خەریکی دامەکردن بووە و، نەشیویستووە دەنگ بۆ دەستووری عارەبان بدات.."(بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: بەم شێوەیە پڕۆسەی دەنگدانم بینی، ڕزگار کۆچەر، کوردستان نێت، 18-10-2005).

عەبدولڕەزاق عەلی هەر لە سەرەتای بەرنامەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە فەلەکەدین کاکەیی هەر ئەمڕۆ سێ چوار چاوپێکەوتن و دیداری دیکەی لەگەڵدا ساز دراوە و ماندووە، کەچی ئەوان وازیان لێ نەهێناوە و هەر هێناویێتیان بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لەمەڕ ئەم پێشهات و دوا گۆڕانکاری و پڕۆسەی دەنگدانەی لێ بکەن. نازانم لەم هەولێرە گەورە و گرانەدا کەسێکی ناحیزبی نەمابوو تا بیهێنن و بیخەنە بەردەمی ئەم پرسیارەشەوە: ئەرێ جەناب تۆ شەرم ناکەیت بە "نەخێر" دەنگ بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراقی "نوێ" دەدەیت؟! ئەی تۆ نازانیت بە وەها کارێکت ناپاکیت لە کورد و کوردستان کردووە؟! عەبدولڕەزاق عەلی لە بیری ناچێت بڵێت: ساڵح موتڵەگ پیرۆزبایی لەو کوردانە کردووە کە بەشدارییان لە دەنگداندا نەکردووە یان بە نەخێر دانگیان داوە. کەچی لە هەمان کاتدا، هەر تەنانەت وەک ئەرکێکی ڕۆژنامەوانی و هیچی تر نا، نەدەبوو بە ئەنقەست چاو لەو هەموو خەڵکە بپۆشێ کە دەنگیان بۆ دەستوورە نەفرەتییەکەی عروبە نەداوە و ڕەتیان کردۆتەوە. ئەگەر یەکێک شۆڤێنیستێکی وەک ساڵح موتڵەگ نەناسێت، وا دەزانێت عەبدولڕەزاق عەلی بە ئەرکێکی نەتەوەیی و کوردستانی ڕابووە و خەڵکی کوردستانیشی لەو کەسە کوردانە ئاگادار کردۆتەوە کە بە نا دەنگیان داوە، دیارە بەم کارەشی هەر هەمان قسە و بۆچوونەکانی بەرپرسان و سەرانی کوردی دووپات و دەپات کردۆتەوە: دەنگ بە "بەڵێ" بدەن و بەس! پاشان جێی خۆیەتی لە ناوبراو بپرسین: ئەدی هەر سەرانی پارتی نین پشی پشی لە ڕێبەر و هێما سوننییەکان، موتڵەگی و دولەیمی و هاشمی و جبوورییەکان، دەکەن و لە هاوینەهەواری پیرمام دەروازەی کۆشک و سەراکانی خۆیانیان لە بەردەمدا واڵا دەکەن و

مافووری سووریشیان لەژێر پێدا ڕادەخەن؟! کەس هەیە ئەمەی نەبینیبێت و پێی بێزار و خەمبار نەبووبێت؟ شاعیری ناوداری گەلەکەمان مامۆستا عەبدوڵلا پەشێو لە هەڤپەیڤینێکیدا دەگەڵ هەفتەنامەی میدیا، هەر سەبارەت بەم پرسە، پێیوایە کە کەسانێکی وەک ئەم عەرەبە ڕەگەزپەرست و بەعسی و عروبەوییانە، نەک هەر نابێ پێشوازییان لێ بکرێ، بەڵکو دەبوو لە شوێنگەلێکی وەک سەری ڕەش و ئێرە و ئەوێی کوردستان وەدەریش بنرێن.(میدیا، ژمارە 212، 11ـ10ـ2005، ل 6ـ7).

خەڵکی بەشەرەفی هەولێر و هەر شوێنێکی دیکەی باشووری کوردستان کە بە "نەخێر" وەڵامی بەناو دەستووری هەمیشەیی عێراقیان دابێتەوە و یانیش هەر بەشدارییان نەکردبێت، ئەوە قەت قەت بە مانای ئەوە نایەت کە ئەوان خوانەخواستە، وەک کەسانێکی ناکوردستانی و مێشک حیزبییانە بیری لێ دەکەنەوە و پڕوپاگەندەی بەعسییانەشی بۆ دەکەن، گوایا ئەم جەماوەرە بەشەرەف و دەستوور ڕەتکەرەوەیە "کوردایەتی"یان فرۆشتووە و لەبەر خاتری نەبوونی کارەبا و بەنزینیش وەها کارێکیان ئەنجام داوە! یەکێک کە بە دانیشتوانی هەولێر و ئەو شار و دەڤەرانەی کە بە "نەخێر" دەنگیان داوە، بڵێت "کوردایەتییان فرۆشتووە"، ئەو کەسە بیزانێت یان نا ناماقوولییەکی گەورەی کردووە و بێڕێزییەکی پارتی و یەکێتی ئاسایانەشی بەرامبەر بە شاری هەولێر و تەواوی کوردستانیش نواندووە. من هەر لێرەدا دەستخۆشی لە کاک ڕێبین سەباح دەکەم کە کوردانە وەڵامی ڕێبازە پووچ و سەقەتەکەی "ڕێباز هەولێری"ی ناوێکی داوەتەوە.(بڕوانە: کاک ڕێباز کێ کوردایەتی دەفرۆشێ، خەڵکی هەولێر یاخود جەنابت...؟ ڕێبین سەباح، کوردستان نێت، 20ـ10ـ2005). لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بڵێین بەشدارینەکردنی خەڵک لە دەنگداندا، ئەگەر لە بێ کارەبایی و بێ بەنزینی و بلاوبوونەوەی فەساد و گەندەڵی ئیداری و زۆر هۆکاری دیکەش بووبێ، ئێ خۆ چ عەیبەیەک لەم کارەدا نییە. لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی دنیادا، ئەوانەی کە هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و دیموکراتییانەیان تێدا بەڕێوە دەچێ، خزمەتگوزاری و باری ژیانی هاووڵاتییان و ئاستی ئابووری و گەلێ پرس و مەسەلەی تریش، ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە دەگێڕن لە سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی پرۆسەکەدا. هەرچی کوردستانە، دیارە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، هەر بۆ نموونە لە سەردەمانێکی شەڕی کوردکوژانەی نێوان خۆیاندا، گشت هۆ و ئامراز و هەل و دەرفەتێکی گوزەرانی هاووڵاتییانی هەژار و داماوی ئەم وڵاتەیان قۆستەوە، هەر تەنیا بۆئەوەی کورسییە شڕەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تاکڕەوییانەی خۆیان بپارێزن. ئەوان تەنانەت ئاو و

کارەبا و بەنزین و گومرگ و دار و بەردی کوردستانیشیان لەم پێناوەدا بەکار هێنا. ئەرێ کەس هەیە ئاگای لەم کەین و بەینە نەبێ؟ پارتی و یەکێتی دوژمنانی نەتەوە و خاکیشیان بۆ بەدیهێنانی وەها ئامانجێک بە کوردستانەوە وەرکرد!

هەر پەیوەندیدار بە بابەتی بەشدارینەکردنی خەڵک و هۆکارەکان، دەسەڵاتداران و حیزبییانی کورد خۆشیان، جا بۆ هەر مەبەستێک بێ، باس لە نەبوونی خزمەتگوزاری و ئەم جۆرە شتانە دەکەن. بۆ نموونە فەلەکەدین کاکەیی کە لە سەرەوەش ناوی هاتووە، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بووە، "هۆکاری بەشدارینەکردنی خەڵکی لە ڕاپرسی بۆ خراپیی خزمەتگوزاری" گەڕاندۆتەوە.(ئاژانسا نووچێن کوردستان، www.kurdistanan.com ، 20-10-2005). خۆپیشاندانی خەڵکی کەلار و خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینەکانی ئەم دواییانەی ئاکرێ و دهۆک نموونەگەلێکی درەوشاوەن و، بەڵگەیەکی ئاشکرا و حاشا لێ نەکراویشن بۆ ڕەوشی گەندەڵی و خراپیی باری گوزەرانی هاووڵاتییان.



دوو ڕۆژ دوای دەنگدان، لە 17-10-2005 لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا، ئێسک و پروسکی زیاتر لە پێنج سەد کوردی بارزانیی ئەنفالکراو هێنرایەوە خاکی نیشتمان. من خۆم کە خەڵکی گوندی "مورتکەی گەورە"ی سەر بە ناحیەی "قوشتەپە"ی شاری هەولێرم، لە نزیکەوە هەستم بە ئێش و ئازاری خوشک و برا کوردە بارزانییەکانی خۆم کردووە. لە کاتی خوێندن لە قوتابخانەی ناوەندیی قوشتەپە کوردە بارزانییە داماو و لە کەس و کار دابڕاوەکانم چاو پێ کەوتووە و، ڕۆژیش نەبووە دڵم بۆیان نەسووتابێ و، هەزاران نەفرەتیشم لە سەددام و بەعسییەکان و کوردە جاش و چڵکاوخۆرەکانیش نەکردبێ. ئەوانم لە ئاقارەکانی "گردمەلا" و "مورتکەی گچکە" و "مورتکەی گەورە" و "ڕێگای بێستانە" و "باغەمرە" و "قەرەچناغا" و ئێرە و ئەوێی دەشتی هەولێر و ناو هەولێریش بینیوە. کوردە بارزانییەکان کە لە کەش و هەوای سارد و فێنکی نێو چیا سەرکەشەکانی کوردستان و بەفراو و ئاوی سازگاری

کانیاوەکان و سرووشتی دڵڕفێن و بەدەوی کوردستان ڕاهاتبوون، کاتێ لە کۆمەڵگای زۆرەملێی قوشتەپە بە جۆرێک دەستبەسەر کرابوون، هەمیشە چ لەبەر هەژاری و چ لەبەر خۆشەویستییان بۆ گژ و گیا و بەرهەمی خۆڕسکی کوردستان دەنێو کێڵگەکانی دەڤەری دەشتی هەولێر و گوندەکان دەبینران و، خەریکی کاردی و کەنگر و پیفۆک و تۆڵەکە کردن بوون. ئەوان بە سەر و سیما و جل و بەرگ و دەم و چاوی خەم لێ نیشتوویان دەناسرانەوە. ژنە بسک سۆر و کەزی درێژەکانیشیان کە زۆریان لەتاو ڕۆڵەکانیان لەبەر خەم و خەفەت ڕەق هەڵگەڕابوون، خەڵکی بەشەرەفی هەولێریان لە حەژمەتان دەتاساند. کوردی هەولێر و دەوروبەری هەرچییەکیان لە دەست هاتبێ، کەمتەرخەمییان نەکردووە لە ئەنجامدانی، هەر تەنیا بۆئەوەی تۆزێک لە ئازاری نێو دڵ و دەروونی خوشک و برا کوردە بارزانییەکانیان کەم بکەنەوە. مێژوو شایەتی بۆ ئەم جوامێری و بوێرییەی خەڵکی شاری هەولێر دەدات.



هێنانەوەی تەرمی کوردە بارزانییە ئەنفالکراوەکان بەو شێوەیەی کە بینیمان، لە یەک کاتدا دڵخۆش و خەمباریشی کردین. دڵخۆش بووین، چونکە ئەوان شەهیدی سەربەرزی نیشتمان و نەتەوەن و دەوڵەت ئاساش مەراسیمیان بۆ گیرا. ئەو هەموو ئاڵا ڕەنگینەی کوردستان و خوێندنی مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و سلاوکردن لێیان و دەنێو فڕۆکەخانەی سەر خاکی کوردستانیش، ئەمانە هەر هەموویان ئێمەیان لە خۆشییان بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە. مرۆڤ هەستی دەکرد کە کورد دەوڵەتە و، کەچی سەرکردەکانی دەڵێن ئێمە عێراقین! لە ناخی ناخمانەوە ویژدانمان دەهەژا و دڵمان ژانی دەکرد و فرمێسکی گەرمیش بە لارومەتەکانمان دەهاتە خوارەوە، کاتێک دیمەنی ڕەشپۆش و خەفەتبارانی ئاپۆرەی ژنانی کوردی بارزانی لە کوردستان تیڤی هەست و هۆشمانی داگیر دەکرد و، وەگریانیشی دەهێنایین. من کە دیمەنی فیلمێکی

ئاسایی دەمگریێنێ، چۆن نابێ بۆ قوربانییانی کارەساتە ویژدانهەژێنەکانی نەتەوەکەم فرمێسکی گەرم نەبارێنم؟!



مەسعوود بارزانی لە وتەکەی خۆیدا کە لە کاتی ڕێورەسمەکەدا پێشکەشی کرد، بێجگە لە سوپاسکردنی هەڵوێستی کوردانەی خەڵکی شاری هەولێر و وەزیری مافی مرۆڤ و باسکردنی گەلێ شتی تریش، پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کرد کە کورد نەیویستووە بە شێوەی داگیرکەران هەڵسوکەوت بکات و بجووڵێتەوە. ئەو گوتی خوا تۆڵەی ئێمەی لە تاوانباران و شۆڤێنیستان و پیاوانی سەر بە ڕژێم و نموونە هەرە بەرچاوەکەیان سەددام حوسێن کردەوە. کاتێ گوێم لەو قسانە دەگرت، بە دەست خۆم نەبوو، هەندێ پرسیار لام دروست بوون: تۆ بڵێی جوولەکەکان کارێکی خراپیان کردبێ کە کون بە کون بە دوای نازیستەکاندا گەڕاون و، لەوپەڕی دنیاش بێ دۆزیویانەتەوە و بە سزای ڕەوای خۆشیان گەیاندوون؟ ئایا کورد کە تۆڵەستێن نەبووە، تا چ ڕاددەیەک بەرهەمی ئەم بیرەی بە کەڵکی هاتووە؟ خۆ دوای لەناوبردنی ڕژێمی بەعسیش لە مووسڵ و کەرکووک و گەلێ جێی تریش کورد سەر دەبڕدرێن و ئەنفال دەکرێن، داخوا پارتی و یەکێتی تا هەنووکە چییان بۆ پێشگرتن لەبەر کارێکی وا دڕندانە ئەنجام داوە؟ ئەرێ ئەوانەی کوردە بارزانییەکانیان ئەنفال کرد، هەر ئەوانە نەبوون کە لە بەرەبەیانی 31ی ئابی 1996، بۆ (ڕزگارکردنی؟) هەولێر لەبن دەستی یەکێتی و تاڵەبانی، بە دەستپێشکەریکردنی خودی جەنابی سەرۆک و پارتی هێنرانەوە نێو شاری هەولێر؟! جا تۆ بڵێی ئەو دەعبا مرۆخۆرە ـ قوات خاسانە ـ ئەوسا ڕزگارکەر و ئێستاش لە دەمەدەمی هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی کوردە بارزانییە شەهید و ئەنفالکراوە سەربەرزەکاندا ـ دەنێوان شەو و ڕۆژێکدا بە قودرەتی قادر ـ بووبن بە تاوانبار و

جەللاد و کوردکوژ؟؟؟!!! یانیش ئەمە پاداشتێک بوو بەرامبەر بە هەڵوێستی کوردانە و جوامێرانەی خەڵکی شاری هەولێر؟



ڕەنگە زۆربەمان ئەو ڕۆژە خەماوییانەمان باش لە یاد مابێ و پێشیان گەلێ خەمبار و تووڕە بووبین. بەڵێ، هەر ئەو وەختانە بوو کە ئەمریکا لە ئاوی کەنداوەوە چەند ڕۆکێتێکی بۆ چاوترسێنکردنی ڕژێمی سەددام حەواڵەی عێراق کرد. هەرچی مەسعوود بارزانیی هاوپەیمانی ئەوسای سەددام و ئێستای ئەمریکاش بوو، لە سەری ڕەش وەرامدانەوەیەکی لەم جۆرەی بە ئەمریکا و دنیا ڕاگەیاند: چەند ساروخێک ئێمە ناترسێنێ!

مەسعوود بارزانی بەر لەوەی بێتە ناو ڕێورەسمی پێشوازیکردن لە هێنانەوەی تەرم، ئێسک و پروسکی پاشماوەی کوردە بارزانییە ئەنفالکراوەکان، لە 15ـ10ـ2005 ڕووی کردە بنکەیەکی دەنگدان لە هاوینەهەواری شوێنی مانەوەی خۆی و، بە زمانی خۆشی باسی لەوە کرد کە ئەو بە "بەڵێ" و بێگومان بە شانازیشەوە دەنگی بەو عێراقە داوە، کە تەنیا ساڵانێک بەر لە ئێستا کوردە بارزانییەکانی، هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون و بەس، ئەنفال کردا! جەنابی سەرۆکی کوردستان چووە سەر سندووقێک، وەک زۆر لە سندووقەکانی تر، بە زمانی عەرەبی و زمانی نەتەوەی سەردەست و زمانی داگیرکەری کوردستان ڕازابۆوە. ئەی ئێوە تەپڵتان بۆ ئەوە لێ نەدەدا کە کوردی بووەتە دووەمین زمانی فەرمی لە "عێراقی هیوا و ئاشتی" و "عێراقی فیدراڵ" و "عێراقی نوێ" و

"عێراقی پێکەوەژیانی برایانە"دا؟! دڵنیام ئەگەر ئێستا کوردە بارزانییە ئەنفالکراوەکان زیندوو بووبانەوە، وەرامێکی دیکەیان بۆ ئەو دەستوورە ڕەشە دەبوو، کە سەرانی کورد تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە جیاتی کورد خۆی دەهۆڵ و زوڕنای بۆ لێ دەدەن.

خۆزگە مەسعوود بارزانی و تەواوی سەران و بەرپرسانی دیکەی کوردیش بیرێک لەو هەموو کوردە ئەنفالکراوەی ناوچە و دەڤەرە جیا جیاکانی تری کوردستانیش بکەنەوە و، بە هەمان شێوەی هێنانەوەی کوردە بارزانییە ئەنفالکراوەکانیش ئامادە و دەست بە کار بن.

لێرەدا هەر ئەوەندە ماوە بڵێم: لە کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانەدا باس لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی پارتی و یەکێتی دەکرێت. دەترسێم دیسان درۆ بکەن!

ستۆکهۆڵم 21-10-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## سەرکردایەتییەکی هەمیشە بێ مەرج!

لە هەر دانووستان و وتوویژ و گەمەیەکی سیاسیدا ئەگەر خاوەن مەرج و بەرژەوەندیخوازی خۆت نەبیت، بێگومان ئەوا لە بارێکی وەهادا بە دڵنیاییەوە لایەنەکەی بەرامبەرت مەرجی تایبەتی خۆی دەبێت و زۆر بە ئاسانیش دەتوانێت بەسەر تۆیدا بسەپێنێت. ڕەنگە ئەم یاسایە بە شێوەیەکی تایبەتی لە ڕووی ڕامیارییەوە ڕاست دەربچێت، بەڵام دیارە لە بوارەکانی دیکەی ژیانیشدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەیە و، گەلێ جوانیش خۆی دەنوێنێت.



هاتنی ئەمینداری گشتیی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەب عەمرو مووسا بۆ باشووری کوردستان لە لایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی سەر گۆڕەپانەکە، پارتی و یەکێتی، لە ڕاددەبەدەر گەورە کرایەوە. ڕاگەیاندنەکانی هەردوو پارتی فەرمانڕەوا بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش لەم سەردانەی عەمرو مووسا دوان و زۆر بە گرنگ و دیرۆکیشیان پێناسە کرد. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی، باسی لە کاریگەریی پۆزەتیڤانەی ئەم هاتنەی عەمرو مووسا، "بۆ سەر شەقامی کوردستانی" کرد. کەمال شاکر، سکرتێری حیزبی شیوعیی کوردستان، بە ناوی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی کابرای میسری کرد و، زۆریش لە دەسەڵاتی خۆی واوەتر لە قسەکانیدا هەنگاوی نا. برایەکی هێژا لەسەر وتەکەی ناوبراو بابەتێکی باشی نووسیوە. جا بۆیە من لێرەدا نامەوێ جارێکی تر هەمان شت دووبارە بکەمەوە.(بڕوانە: ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە). ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی عەمرو مووسای لە ڕێی سەتەلایتی کوردستان تیڤییەوە بە "وەرچەرخانێک" ناوزەد کرد! دیار بوو یەک دووانێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تۆزێک گلەییان لە ڕستەیەکی ئەمینداری گشتیی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەب دەکرد و، خۆزگەشیان دەخواست شتێکی وای نەگوتبایە. هەرچی د. نووری تاڵەبانی بوو بە چاوێکی ڕەخنەگرانە تەماشای ئەم سەردانەی عەمرو

مووسای بۆ کوردستان کرد. ئەو پێیوابوو کوردستان شوێنی مووسا نییە و با ڕوو لە ناوچەکانی دیکەی عێراق بکات. هەڵوێستی مەسعوود بارزانی بە ڕوونی لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە ئاشکرا بوو کە لەگەڵ عەمرو مووسا بەیەکەوە سازیان دا. بارزانی لە کاتێکدا دژایەتی خۆی لەمەڕ هەر بەشداریکردنێکی تیرۆریستان لەو کۆنگرەی کە پێدەچێ ناوی "کۆنگرەی ئاشتبوونەوە"ی لێ بنرێ، دەربڕی، لێ دیسانیش باسی لەوە کرد کە کورد چ مەرجێکی ئەوتۆی نییە، جگە لە چەند تێبینی و بۆچوونێک نەبێت. هەرچی جەلال تالەبانییە کە لە سلێمانی لەگەڵ عەمرو مووسا کۆبووەوە و لە لایەن مووساشەوە بە "تێکۆشەرێکی دێرین" وەسف کرا، باسی لە ڕۆڵی بەرچاوی عێراق لە کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و دەوروبەرە عەرەبی و ئیسلامییەکەی کرد و، پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ هەوڵ و کۆششەکانی عەمرو مووسا خواست کە لە پێناو عێراق و عێراقییەکاندا داویەتی. تالەبانی لە قسەکانیدا جەختی لەسەر "تایبەتمەندێتی عێراق" کردەوە.



کورد بەلانی کەمەوە لە هەردوو بەشەکوردستانی ژێر دەسەڵاتی عێراقی سەردەمی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر و سوریای ئەسەددا، ئاگاداری زۆر لە سیاسەت و هەڵوێستە شۆڤێنی و عروبەوییەکانی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەب و بە شێوەیەکی تایبەتیش عەمرو مووسای میسرین. مرۆڤ ئەگەر گوێی لە وتەکانی ئەوسا و ئێستای عەمرو مووسا بووبێ، باش دەزانێ ئەم پیاوە چەند بەرامبەر بەو گەل و نەتەوانە داخ لە دڵە، کە بە قەولی خۆی گۆتەنی لە "نیشتمانی عەرەبی" و "جیهانی عەرەبی" دەژین.

کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی، وەک لای هەمووومان ئاشکرایە، چاوی لە تاوانە هەرە مەزن و بێ وێنەکانی وەک کیمیابارانی هەڵەبجەی کوردستان و کارەساتە بەدناوەکانی ئەنفال و وێرانکردنی تەواوەتی گوند و دێهات و شار و خاکی کوردان و سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی بەعس و زۆری دیکەش دەپۆشی. ئەم هەڵوێستە شۆڤێنییەی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی هەر تەنیا کورد ناگرێتەوە. هەر بۆ نموونە لە باشووری سوودان کە خەڵکەکەی نە عەرەب و نە موسڵمانیشن، تا هەنووکە بە ملیۆنان کەس بوونەتە قوربانی جەنگی پاکتاوی نەژادی کە بە پلەی یەکەم حکوومەتی ناوەندی لە خەرتووم پێی هەڵساوە، کەچی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ خاوەن چ هەڵوێستێکی ئەوها نەبووە کە شایەنی باسکردن بێ. دیارە ئەم هەڵوێستە

دەڤەری "دارفوور"یش لە سوودان دەگرێتەوە. دەسەڵاتدارانی ئەورۆی عەرەب چ جیاوازییەکی ئەوەندە زۆریان نییە لەگەڵ ئەوانی دیکەی پێشوویان. ئەوان هەر هەموویان بە چاوێکی نزم سەیری ئەو نەتەوە و گەلانە دەکەن کە بەهۆی سیاسەتی دابەشکردن و پیلانە ئیمپریالیستییەکانی ئەوسای دوای شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانییەوە، بەشێکیان کەوتوونەتە نێو ئەو دەوڵەتانەی کە ئەورۆ بە دەوڵەتانی عەرەبی و "نیشتمانی عەرەبی"یەوە نێوزەد دەکرێن. کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی گەلانێکی وەک سۆمالی و ئەریتیری و جیبۆتی و خەڵکی دوورگەکانی قەمەر و ئەمازیغییەکانی باکووری ئەفریقا و قیبتییەکانی میسر و ڕەشپێستەکانی باشووری سوودان و هەرێمی دارفوور و چەندینی تریش، کە زۆربەیان هەر ناتوانن بە زمانی عەرەبیش بئاخڤن، لێ دیسانیش وەک عەرەب حیسابیان بۆ دەکات و نیشتمان و واری ئەوانیش بە بەشێک لە "نیشتمانی عەرەبی" دادەنێت. کورد لە هەردوو پارچەی کوردستانی بندەستی سوریا و عێراقدا ژەهراوی سیاسەتە شۆڤێنیستییەکانی نەتەوەی سەردەستی عەرەبی چەشتووە و پێویست بەوە ناکات لێرەدا باسی بکەین.

عەمرو مووسا، دوای نەمانی بەعس لە عێراقدا و دانانی سەددام حوسێنی خوێنڕێژ لەنێو قەفەسی تاوانیشەوە، هێشتا زاتی ئەوە دەکات بڵێت: عێراق بە هەموو ڕەگەز و پێکهاتەکانییەوە بەشێکە لە جیهانی عەرەبی! لە کێندەریش: لەناو پەرلەمانی کوردستان و لەبەردەم گوایا نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا!! بە گوێرەی هەندێ هەواڵ و سەرچاوەی زانیارییەکانیش ناوبراو لە کاتی سەردانەکەیدا، لە هەولێر، ڕازی نەبووە بەوەی ئاڵای کوردستان لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و کۆبوونەوەی دووقۆڵیدا دابنرێت. لە سلێمانی دیارە بە بینینی ئاڵای بەعسییەکان دڵی خۆش بووە و، ئەوەندەش بایەخی بە ئاڵای کوردستان نەداوە! هەر لەناو پەرلەمانی خەوتووانی کوردستاندا، عەمرو مووسا وتەیەکی پێشکەش کردووە و تیایدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕیوە، چونکە لە کاتی پێشوازیکردنیدا لە "فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئەڕبیل"× گوێی لە سروودی نیشتمانیی عێراقی و "کوردی"×× بەیەکەوە بووە! مووسا ئەگەر دیپلۆماتێکی زیرەک و زۆرزان و قسەزان و فێڵزانیش نەبوایە، نەدەچوو جارناجار وشەی "کوردستان" لە جیاتی "شمال العراق" بە کار بێنێت بۆ ئەوەی خەڵک فریو بدات. ئەو دەیزانی چۆن چۆنی قسان بکات و خۆی لەپێش چاوی سەرانی کوردیش شیرین بکات. ڕەنگە ئەمە هۆکارێک بووبێ کە وای لە مەسعوود بارزانی کردبێ بڵێت: ئێمە چ مەرجێکمان نییە. ئەرێ بە ڕاست گەل هەیە لەم

**دنیایەدا، هێشتا بێ قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆی سیاسی خۆی بێ، کەچی لە هەمان کاتیشدا خاوەنی مەرج و داواکاری تایبەت بە خۆی نەبێ؟! سەیر لەوەدایە پارتی و یەکێتی ئەوە بە ساڵانە لە بەرامبەر یەکتردا مەرج دادەنێن و ئەمڕۆ تا سبەی یەک حکوومەتی یەکگرتوو پێکدێنن، کەچی لە بەرامبەر عەمرو مووسا و دوژمنان و داگیرکەراندا بێ مەرج و پێشمەرجن؟!**

**ئەرێ خەڵکینە: هەر لەبەر بێ مەرجی نەبووە ئێمە وامان بەسەر هاتووە؟ ئایا سەرکردایەتی سیاسی هەر گەلێکی بندەست و ئازادیخواز نابێ خودان مەرج و بۆچوون و پێشنیازی تایبەت بە خۆی بێ؟**

**لە پاش سەردانەکەی عەمرو مووسا بۆ کوردستان، مەسمێدیای عەرەبی وتەکانی ناوبراویان بەم چەشنانە دەگوتەوە و دەنووسییەوە: عمرو موسی لبرلمان کردستان: العراق بكل اطيافه يمثل جزءاً من العالم العربي، العراق جزء من الوطن العربي، الكورد جزء من العراق و العراق جزء من العالم العربي.**

**ئەمانەی سەرەوە تەنیا چەند نموونەیەکی لێکدانەوەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبین، سەبارەت بە قسە و لێدوانەکانی عەمرو مووسا، کە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ کوردستان کردوونی. گەلۆ کەناڵی کوردستان تیڤی و کوردسات بۆ لەم بوارەدا بێدەنگن و بەرپەرچی شۆڤێنیستانی عەرەب و قەڵەم بە دەستەکانیان نادەنەوە؟**

**× من چ بکەم، سەرانی کورد بوون ناوەکەیان وا گۆڕی؟!**

**×× زۆر جار عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان نایانەوێ "کوردستان" بخەنە سەر زاری خۆیان و بە "کورد" یان "کوردی" مەسەلەکە دەبڕێننەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا فتکردنی نیشتمانێکە.**

<u>ستۆکهۆڵم 24-10-2005</u>

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

## کێ بوو گوتی: لە کوردستان کەس لە یاسا بەرزتر نییە؟!*

هەر یەکێک لە ئێمە بە جاران گوێی لەو گوتەیەی سەرەوە بووە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری ئەوڕۆی باشووری کوردستان، بە تایبەتیش ئەوانەی سەر بە پارتین، گەلێ جار بە بۆنە و بێ بۆنە، ئەم گوتەیەیان دووبارە و دەبارە و سەدبارەش کردۆتەوە. جا کەس هەیە گوێبیستی ئەم قسەیەی سەرۆک نەبووبێ؟!



هاڤینگەی بێخاڵ/ باشووری کوردستان

ئەگەر چاو لە تەلەفزیۆنەکانی ئەم حیزبانە بکەین و گوێ بۆ گوتار و بەرنامەکانیان شل بکەین، وا تێدەگەین لە بواری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسییەکان و بیروڕا دەربڕین بە شێوەیەکی سەربەستانە و زۆر شتی دیکەی جوان و مرۆڤانەدا، هەر مەپرسە لە کوردستانی لای خۆمان چ باسە و، تەنیا ئەوەندە ماوە شان لە شانی وڵاتە هەرە پێشکەوتوو و خاوەن سیستەمە دیموکراتییەکانی تری دنیا بدات. دیارە ئەم شتە جوان و بەکەڵک و بەرزانە هیوای هەر مرۆڤێکی کورد و ئازادیخواز و مرۆخوازیشن، بەڵام جێگای داخە ئەو دیموکراسییەی کە ئەمڕۆ سەرانی کورد لە باشوور پێیەوە دەنازن، نەک هەر بێ کەماسی نییە و بەس، بگرە بە کردەوە بۆمان سەلمێنراوە کە خودی سەرانی کوردیش زراویان لە دیموکراسی ڕاستەقینە چووە و بە هەڕەشەشی دەزانن بۆ سەر پاشەڕۆژ و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان. نازانم ئەگەر یەکێک شەو تا ڕۆژ باس لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بۆچوونی ئازادانە و شتی دیکەی جۆراوجۆر بکات، بۆچی دەبێ زەندەقی لە دوو ڕستەی نووسراوی سەر ماڵپەڕە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات بچێ و ئەوەندەش ڕکەبەرایەتی دەگەڵ نووسەران و کەسانێکدا بکات کە لە دوورەوڵاتیدا ژیان بەسەر دەبەن و، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیش خاوەن هەڵوێستی کوردانەی خۆیانن. کوردی تاراوگە، بە تایبەتیش ئەوانەی کە پێنووس بە دەستن و زمانیشیان دەجووڵێ، تا هەنووکە بە جاران بوونەتە

ئامانجی پارتی و یەکێتی و لە لایەن ئەوانیشەوە گەلێ بڕوبیانووی سەیر سەیریان بۆ هێنراوەتەوە. هەموومان لە ساڵانی ڕابردوو و تا ئەم ڕۆژانەی دواییش دەزانین کاربەدەستانی حیزبی هەتا کێندەرێ لەمەڕ وەها پرسێکدا هەنگاویان ناوە و، چۆن چۆنیش بەربوونەتە گیانی خەڵکانێک کە وەک خۆیان بیر ناکەنەوە. ئەمەیان ڕاستییەکە و زۆربەمان ڕۆژێ لە ڕۆژان بە چاوی خۆمان بینیومانە.

هەڵسوکەوتەکانی هەردوو حیزبی دەستڕۆیشتووی کوردستان لە بەرامبەر ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەڤانان و هونەرمەندان و کەسانێکی جودا لە خۆیان، وەنەبێ تەنیا ئەوڕۆ سەریان لە هێلکە هێنابێتە دەرێ و کاردانەوەیەکی هەنووکەیی و وەختیش بن. پارتی و یەکێتی و داردەستە دڵسۆزەکانیان لەمێژە خەریکی کارێکی ئەوها ناکوردانە و ناکوردستانییانەن. هەر بەتەنێ لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و ئەم ساڵانەی دواییدا بە دەیان نموونە هەن کە ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. هەر لە داخستنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی بەرهەڵستخوازییەوە بیگرە تا دەگەیتە زیندانیکردن و تەشقەڵەکردن بە ڕووناکبیران و نووسەران و تەنانەت بێ سەر و شوێن کردنیشیان لە هەندێ ڕووداوی جیا جیادا. پارتێک یا هەر ڕێکخراوێکی سیاسی کە ئەوەندە ساڵ، بە دەردی خۆیان گۆتەنی لە هەمبەر دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەم وەستابن، بۆ دەبێ نەتوانن ــ بەڵام بە شێوازێکی دیموکراتییانە ــ لە بەرانبەر قەڵەمێک و زمانێک و دەستێک و هەڵوێستێکیش خۆ ڕابگرن؟!

لەوانەیە زۆر لە ئێمە کە لە ڕێگای ناو و ئیمزا کۆکردنەوە پشتگیریمان لە د. کەمال سەید قادر کردووە، بە چ شێوەیەک هاوکووفی بۆچوون و چۆنێتی دەربڕین و ئەو زمانە نەبین کە ناوبراو لە نووسیندا بە کاری دێنێت. کەچی لە هەمان کاتیشدا کە دەبینین حیزبێکی زەبەلاح و دەسەڵاتدار، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی د. کەمال، کەچەڕێیەکی وا زەلیلانە دەگرێتە بەر، بە دەست خۆمان نییە و ناتوانین هەروا بە ساناهی قورقەپ لە مەسەلەکە بکەین. پارتی کە هەمیشە باس لە یاسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ و پڕەنسیپەکانی دیموکراسی و دادپەروەری و سەروەرێتی یاساش دەکات، زۆر بە چاکی دەیتوانی بە جۆرێکی تر و هەڵبژاردنی ڕێگایەکی تریش ئەم پرسە چارەسەر بکات. ئەوسا خەڵک لە جیاتی هۆیها، "ئافەرین"یان بۆ پارتی و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی ڕەوان دەکرد.

لە کوردستان بڕیاردەر حیزبە و گەلیش بە داخەوە، لەگەڵ داوای لێبووردنی پێشوەخت، کەو ئاسا کەویی کراوە. باوەڕ ناکەم لە چ شوێنێکی دیکەی دنیا پارتی و

یەکێتی بیانتوانیبا بە سالان، لە نموونەی کوردستان و لەناو کورد، دوای ئەم هەموو مالوێرانی و خیانەتکاری و گەل و ولاتفرۆشییە، خۆیان ڕاگرتبا و تا ئێستانەکینێش لەسەر پێیان بان. ئەوان لەبری کورد دەنگیان بۆ فیدرالی دا.. لە جیاتی کورد دەنگیان بۆ عێراق دا.. بێ ئەوەی پرسێک بە کورد بکەن، کوردستانێتی کەرکووکیان خستە ژێر پرسیارەوە.. لە کەسیان نەپرسی و جارێکی تر ڕۆڵەکوردیان کردەوە بە "وەلەکەعەرەب".. زمانی عەرەبییان گەڕاندەوە بۆ کوردستان.. ئەرکی سەر شانی کوردیان سووکتر کرد و لە جیاتی ئەو گەلەش گوتیان: بەلێ بۆ دەستوور.. بە ڕاستی کورد نەتەوەیەکە بە درێژایی مێژوو سووکایەتی پێکردنی قەبووڵ بووە، ئەگەر نا ئێستا ڕەوشی ئەم گەلە شتێکی دیکە دەبوو و ئێمەمانانیش پەنجەمان بۆ دەولەتی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان درێژ دەکرد! ئەرێ ڕاستە: لە کوردستان کەس لە یاسا بەرزتر نییە؟! ستۆکهۆلم 3-11-2005

* لە مالپەڕە کوردییەکاندا بلاو کراوەتەوە.

# وا دیاره ئێمه هێشتا بەو بڕیارەمان نەزانیوە!*

نووسین بەر لەوەی ئامانجێک بێت، ئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیامێک. کەسانێک جا نووسەر بن یان نا، ئەمە چ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، کە دەست دەدەنە قەڵەم و بیر و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ پرسێک دەردەبڕن، بێگومان پێش هەر شتێکی دیکە مەبەستیان گەیاندنی ئەو پەیامەیە کە خۆیان دەیانەوێ. دیارە چ مەرجیش نییە من و تۆ، ئەم و ئەو، ئێوە یان ئەوانی تر، دەگەڵ وەها پەیامێک بین کە ئەم جۆرە کەسانە، لایەنانە، یانیش نووسەر و پێنووس بەدەستانە گەرەکیانە بیگەیەنن.

کاتێک من یاخود هەر کەسێکی دیکە دێ شتێک دەنووسێت، با من یان ئەو کەسە هیچیشمان پێ نەبێ، لە بارێکی وادا ئەوە تەنیا خوێنەرە کە سەرپشکە لە هەڵسەنگاندن و دانەدواوەی بابەتەکەی من یان هی کەسێکی تر و، دوا بڕیاریش تەنیا و تەنیا هەر بۆ خوێنەرانی هێژا و ئازیز دەمێنێتەوە، داخوا ئەو وتار و بابەت و شتانەی کە نووسراون و دەنووسرێن تا چ ڕاددەیەک بەپێز و سوودبەخشن یانیش ڕێک بە پێچەوانە؟ کەواتە خوێنەر سەنگی مەحەک و بڕیاردەرە لەوەی کێ تاقەتی بەسەر شتەکاندا دەشکێت یان نا. هەر بیر و لێکدانەوەیەکی پێچەوانەی ئەمەش، بمانەوێ و نەمانەوێ، خۆ گێلکردن و خۆ هەڵخەڵەتاندنە نەک شتێکی تر.

سنگ دەرپەڕاندن و فشەفشکردن و لە هەمان کاتیشدا خۆ بە ئاغا زانینی هەر کەس و لایەنێک و بڕیاردان سەبارەت بەوەی، کێ نووسەرە و کێ نووسەر نییە، ئەگەر جۆرێک نەبێت لە هەڵسوکەوتی دیکتاتۆرانە و خۆ بە زل زانین و حیساب نەکردنیش بۆ بەرامبەر و بیر و هزرە جیاوازەکانی دیکە، ئەی دەبێ چ ناوێکی تری لێ بنرێ؟! بێگومان منیش دەزانم زۆر لەو نووسین و بابەتانەی کە لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان، بگرە عەرەبییەکان و ئەوانی تریش، بڵاو دەکرێنەوە، بە ئاسانی ناتوانن شوێنی خۆیان لە چوارچێوەی وتاردا ـ پڕ بە مانای وشە ـ بکەنەوە. بەڵام ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە بابایەک لەولاوە قۆڵی خۆی لێ هەڵ بکات، شەلم کوێرم ناپارێزم، هەموو نووسین و بیر و بۆچوون و شتەکانی سەر ماڵپەڕە کوردییەکان بداتە دواوە و، زیاتر لە سەدا نەوەدیان وەبەر ڕەحمەتی ئەو کابرا خێرخوازە نەکەوێ؟! گەلۆ نووسەریش "دار"ە و مرۆڤ نییە و لە گۆشت و ئێسقان پێک نەهاتووە و خاوەن چ هەست و دید و لێوردبوونەوەیەک نییە، تا بە هەمان شێوە لەسەر کێشی "کۆلکەدار"، "کۆلکەنووسەر"ی دەقەبەڵ بکرێت؟!

کاتی خۆی کە پارتی و یەکێتی، دوای چەندین ساڵ لە شەڕی نەگریسی کوردکوژی، ڕوویان لە پەرلەمانی بارەگا لە هەولێر کرد، ئەز یەکێک بووم لەوانەی کە برووسکەی پیرۆزباییم بۆ مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ڕەوان کرد و لەم کارەشم بە چ شێوەیەک پەشیمان نیم. هەر ئەوسا برادەرێک، ئەوانەی کە برووسکەی دەستخۆشیکردنیان بۆ تاڵەبانی و بارزانی ناردبوو، بە "بەناو نووسەر" ناوی بردبوون، کە دیارە ئەم تەرزە دەربڕینەش هەر واتای "کۆلکەنووسەر" دەگرێتەوە. کێ ناڵێ کەمتریش نییە؟! من و زۆری دیکەش کە ئەوێ دەمێ و ئێستانەکینێش ئامادەین خاکی ژێر پێی پێڵاوی هەر سەرکردەیەکی کورد ماچ بکەین، ئەگەر ئەم کارە لە بەرژەوەندی کورد و کوردستاندا بێ، کەچی بەم شێوەیەی سەرەوە پێناسە کرابووین. ئەرێ خەڵکینە.. خوێنەرانی هێژا.. ئێوە چۆن چۆنی لەم شتە دەڕوانن؟!

لەمەڕ پرسی گرتن یا شاردنەوە و ڕفاندنی د. کەمال سەید قادر، با ئێمە لەگەڵ بۆچوون و شێوەی دەربڕین و زمانی نووسین و وتار و بابەتەکانیشیدا نەبین، هەرگیز نەدەبووایە لە لایەن هێزێکی دەسەڵاتدار و ناسراو و دەستڕۆیشتووی سەر گۆڕەپانی خوارووی کوردستان بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ ناوبراودا کرابا کە ئێمە هەموومان کەم تا زۆر لە چۆنێتی مەسەلەکە بەئاگاین. من نازانم پارتی و یەکێتی لە ساڵانی ڕابردوودا چ قازانجێکیان لە دەمکوتکردنی خەڵک و کەسانی ڕووناکبیر و ویژدان زیندوو و کوردستانی کردووە، تاکو هەنووکە بە درەنگەوە بێن بەری ئەم خەباتە ناکوردانە و ناکوردستانییانەی خۆیان بدوورنەوە و جارێکی تریش بچنەوە سەر هەمان کۆنە ڕێبازی جارانیان؟! من پێموایە ئەم هەڵسوکەوتەی پارتی دیموکراتیی کوردستان، بە پلەی یەکەم، زەرەری بۆ خودی سەرۆکی ئەوڕۆی ئەم بەشەی کوردستان مەسعوود بارزانی، ئینجا بۆ پارتی وەک ڕێکخراو و حکوومەت لە هەولێر دەبێت. سەرانی پارتی و "پاراستن" و ناپاراستنیش، هەرگیز نەدەبوو لە هەلومەرج و ڕەوشێکی وەک ئێستادا، بیر لە کارێکی ئەوها، گرتنی تاکەکەسێکی کوردی "پاسەپۆرت نەمسایی لە باخەڵیش!" بکەنەوە. بە واتایەکی ڕوونتر چ پێویست نەبوو، دوای گەشتەکەی بارزانی بۆ ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا، پارتی خۆی تووشی تەنگوچەڵەمە و گرفتێکی وا کردبا. دەشێ کەسانێک هەبن ئەم ڕستەیەی من بە واتای دڵسۆزیبوون بۆ پارتی لێک بدەنەوە. هەزار ڕێز و سلاو بۆ ئەو کەسانەی کە وەها بۆ مەسەلەکە دەچن. دەبا گەردنی خۆیان و مردووانیشیان هەزار جار خۆش و ئازاد بێ!

سووکایەتیکردن بە ناوی ئەو کەسانەی کە داکۆکییان لە د. کەمال کردووە و شتیان سەبارەت بە گرتنەکەی نووسیوە، گوایا ئەو جۆرە کەسانە نە نووسەرن و نە هیچ لە دەست هاتووش، لە هەمان کاتدا سووکایەتیکردنیشە بە واژۆی زیاتر لەو حەوت سەد کەسەی کە تا هەنووکە ناوی خۆیان بۆ هەر هەمان مەبەست نووسیوە. جا ئەو هەموو کەسە با هەر هەمووشیان نووسەر و پێنووس بە دەست و کەسانی شارەزا و لێهاتوو و کوردستانیش نەبن، لێ ئەمە قەت چ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەم کۆمەڵە خەڵک و خاوەن ئیمزایانە دوایین تاکە مەبەستیان داکۆکیکردنە لە سەروەرێتی یاسا و مافی مرۆڤ و پرەنسیپە هەرە سادە و بنچینەییەکانی دیموکراسی.

کەڵەگاییکردنی هەر نووسەرێک بەسەر نووسەران و خەڵکانی ترەوە، چ شتێکی ئەوتۆی لێ شین نابێت، کە ببێت بە شانازی بۆ خاوەنی وەها بۆچوونێک. جا ئێستا کەی باوی ئەمە ماوە فلانەکەس، تۆ بڵێ فلانەنووسەر، خۆی لەویتر پێ بلیمەتتر و نووسەرتر بێ؟ بۆچوونێکی لەو جۆرە هەر لە ڕەگ و ڕیشەدا ڕزیو و بۆگەنە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، تەنیا خوێنەرانن بڕیار دەدەن کێ ڕووی لە هەوراز و کێش ڕووی لە نشێوە؟ خۆ ئەگەر شتێکی غەیری ئەمە هەبێت و شێوەی بڕیاریشی وەرگرتبێت، وا پێدەچێ ئێمە هێشتا بە بڕیارێکی وامان نەزانیبێت و لێی بێئاگا بین!

ستۆکهۆڵم 8ـ11ـ2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# خەرمان بەرەکەت!*

هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی ئیبراهیم تاتڵیساسی جاش و خۆفرۆش و کولتووردز بۆ باشووری کوردستان، من و زۆر لە کەسانێکی خەمخۆر و کوردستانی، هاوارمان لێ هەڵسا و بە دەنگێکی بەرز نەفرەتمان لەو کارە نانەتەوەیی و ناکوردستانی و نابەرپرسیارانەی دەسەڵاتدارانی ئەورۆی هەولێر و سلێمانی کرد. دیارە ئەم هەڵمەتی قاودان و ڕەخنەگرتنە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. لە هەمان کاتدا ئەو ماڵپەڕ و لایەن و تاکەکەسانەی کە پێشتر لەمەڕ ئەم پرسە بێدەنگییان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو، هەر دوێنێ و پاش ئەوەی ئیبۆی خۆفرۆش لە هەولێری پایتەخت، سەرانی کوردی دڵنیا کردەوە لەوەی کە ئەو: تورکی کوڕی تورکە و لەسەر دەستی کەمالیستان گەورە بووە و پێگەییوە، ئینجا تازە بە تازە لە بێخەبەران کەشکەک سەلاوات، ئەمان کەوتوونەتە خۆیان و نووچە و بابەت سەبارەت بەم "بلە دۆلارە"* پەخش و بڵاو دەکەنەوە. کوردستان تیڤی کە هەر دەڵێی "هەنگینی لەناو کونەدار دیتبۆوە"، هەر مەپرسە بە چ شێوەیەک ڕێکلامی بۆ ئیبۆی بازرگان دەکرد و، خواش هەڵناگرێ ناوبراو بە تورکییەکی تا بڵێی پاراو خۆشحاڵبوونی خۆی ڕادەگەیاند دەربارەی سەردانە بازرگانییە چەند ملیۆن دۆلارییەکەی بۆ "کوزەی ئێراق ـ باکووری عێراق"! جا نازانم دوای ئەوەی ئیبۆ بۆ ئەوانی سەلماند کە ئەو فڕی بەسەر کورد و کوردستان و هونەر و گۆرانی و مۆسیقا و کەلەپووری ڕەسەنی کوردییەوە نییە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە پارتی و یەکێتی و داردەستەکانیان چ هەڵوێستێکیان دەبێ؟ ئەرێ بۆ هەنووکەش ڕێکلام بۆ کابرای "هونەرمەند و سترانبێژی بەناوبانگی کورد" ناکەن؟!

بۆ ئێمەمانان مایەی سەرسووڕمان نەبوو کاتێک گوێمان لە ئیبۆ بوو دڵسۆزێتی خۆی بۆ کەمالیستان ڕاگەیاند. یەکێک کە هەموو ژیانی بە کاری خزمەتکاریی لەبەر دەرکی ماڵی داگیرکەران بەسەربردبێ، ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆری و هونەری بەرز و ڕەسەنی نەتەوەیەکی گەورە و گرانی دەقەبەڵ ئەوان کردبێ، کەس نابێ چاوەڕوانی کارێکی لەمە زیاتری لێ بکات. ئاسان نییە تۆ بتوانیت کەسێکی بێوەفا و خیانەتکار بە ماوەی شەو و ڕۆژێک بگۆڕیت. لە وڵاتی سوێد و بێگومان زۆر شوێنی تریشدا قسەیەک هەیە وەها دەست پێدەکات: یەکێک کە جارێک بێوەفا بوو، هەر بە بێوەفایی دەمێنێتەوە. هەرچی ئیبۆی دز و بازرگانە لەگەڵ دزینی هەر بەستە و گۆرانی و ئاواز و

مەقام و حەیرانۆک و وشەگەلێکی کوردیدا و کردنیان بە تورکی، خیانەتێکی مەزنی لە کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان کردووە. ئەوجا خوا دەیکرد کابرا ئەمڕۆ یا سبەی بە ئاوی سازگاری کانییەکانی کوردستان دەستنوێژی دەشووشت و بە ئاڵای پیرۆزی نیشتمانی کوردانیش سوێندی دەخوارد، لێ سەرەڕای ئەمانە و گەلێکی تریش، ئەم بەچکە کەمالیستە تاوانی گەورەی بەرامبەر میللەتێکی ئازادیخواز و ئاشتیخواز و هونەرحەز ئەنجام داوە کە دیارە ئەویش گەلی کوردی کۆڵنەدەرە لە باکووری کوردستان و هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. فرۆشتنی هونەری پاک و بێگەرد و ڕەسەنی کوردی بە دۆلار و لیرەی بێنرخی تورکی، کارێکە بەتەنێ لە ئیبۆ و هاوشێوەکانی دەوەشێتەوە.

ئیبۆیەک کە لە گەرمەگەرمی شاڵاوەکانی ئەنفالکردنی کورد و کوردستان لە لایەن ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسی سەددامییەوە، لە هەڤپەیڤینێکیدا بۆ ڕادیۆیەکی ئیسرائیلی**، پێی شەرم بێ باس لە کوردبوون بکات و فشەی بەم جۆرە پرسیارانە بێت و هەروەها لای وا بێت کە ئەوسا و ئێستاش ئەم شتانە باویان نەمابێت و سەردەمیشیان بەسەرچووبێت، هەربۆیە هەنووکە هەرگیز جێی سەرسووڕمان نییە ئەگەر کابرا شەق لە کورد بدات و، بە دەستی نا لێ بە زمانی، زللەی تەڕیش لە بناگوێی سەرانی کورد بوەشێنێت. سەرانێک کە ڕێ بە سەرمایەدارە زەبەلاحە هەژارخۆرەکانی ناو حیزبەکانیان بدەن تا بازرگانی بە هەموو شتە پیرۆزەکانی کوردەوە بکەن، نەک هەر شایانی ئەوەن کەسێکی مینا ئیبۆ سووکایەتی بە خۆیان و میللەتەکەیانەوە بکات، بگرە شایانی ئەوەشن وەک دەڵێن بە نوێژی نیوەڕۆ ڕووت و ڕیسوا و شەرمەزار بکرێن و، مناڵەورتکە داماو و بەستەزمانەکانی کوردستانیش هۆیهایان لێ بکەن. هەزار خۆزگە بۆ ڕۆژێکی وەها!

دەوڵەمەندە دزە گەورەکانی ناو هەردوو پارتی حوکمڕانی باشووری کوردستان، دەرگای چ ماڵە هەژارێکی کورد نەماوە کە لێیان نەدابێت و بەسەریان نەکردبێتەوە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، هەر لەبەر هەندێ ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کابرایەکی سەرسەری وەک ئیبۆ بانگ بکەن بۆ کوردستان و لە ڕێگای "ئەگلەنجە و مەگلەنجە"کانی تۆزێ خەمی هاووڵاتییانی خۆشەویستی کوردستانی پێ بڕەوێننەوە. ئەم سەرمایەدارە قیت و قۆز و تۆز لێ نەنیشتووانەی ناو حیزبی دەسەڵاتدار، جا هەر کامێکیان بن، هاتوون دڵسۆزانە شەوی بێ کارەبای ماڵانی هاونیشتمانییانیان ڕووناک کردۆتەوە و لە دەردی نەبوونی کارەبا ڕزگاریان کردوون،

دوایی لە پاداشتی ئەم کارە چاکەدا داوایان لێ دەکەن، بۆ ئەوەی ڕوو لە ئاهەنگی قوونبادانی ئیبۆ و هاوپیشەکانی بکەن، بە مەرجێکیش بلیت بە دۆلارە حەیاتەکە بکڕن. ئەوان خەڵکی کوردیان لە گرفتەکانی بێئاوی و بێبەنزینی و نەخۆشی و نەداری و بەرزبوونەوەی نرخی کەرەسە و کاڵا هەرە پێویستەکان ڕزگار کردووە، جا هەر لەبەر هەندێش هاووڵاتییان خۆ دەبێ باجی ئەم هەموو خزمەت و کارە کوردانە و نایابانە بدەن. بەڵێ، ئەوان هاتوون لە تەنگوچەڵەمەکانی قوتابیان و خوێندکارانی ناو گشت قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستانیان کۆڵیوەتەوە و، چارەسەری گونجاویشیان بۆ دۆزیونەتەوە، هەر دیسان لەبەر هەندێ دەیانەوێ کەمێک مێشکی ئەم کوڕەلاو و شۆخەکیژانەی کوردستان بحەسێننەوە و، تا ڕاددەیەکیش بە گۆرانییە "خۆشەکانی؟" ئیبۆ ئاشنایان بکەن، وەک ئەوەی لەو بوارەدا کەمتەرخەمییان کردبێ و نەبووبن بەهۆی بڵاوبوونەوەی هونەر و مۆسیقای نەتەوە سەردەستە داگیرکەرەکانی کوردستان لەم بەشەی نیشتماندا؟!

شتەکە وەک مۆدیلی لێ هاتووە. ئەمڕۆ هەر کەسێک ڕوو لە هەولێر و کوردستان بکات، بە ئارەزووی دڵی خۆی قسان دەکات و گۆلیش لە کورد دەکات. بەعسییەکانمان بینی کە چۆن لە هەولێر، لەژێر ناوی دیالۆگی کوردی ـ عەرەبی و ئاشتبوونەوەدا، چاویان بە بینینی ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵنەهات و ناڕەزاییان پیشان دا. عەرەبە سوننە بەعسییە عروبەوییەکانمان چاو پێ کەوت، چ لە هەولێر و سەری ڕەش و سلێمانی و دووکاندا، بە چ شێوەیەک هەندێ مەرجی خۆیان بەسەر کورد و سەرانی سەپاند، دواییش هەر خۆیان دەنگیان بۆ دەستووری نەفرەتیی عێراق نەدا. عەمرۆ مووسای ڕەگەزپەرست بە "کن فیکون"ێک باشووری کوردستانی، لەناو باڵەخانەی پەرلەمانی ئەو نیشتمانەشدا!، کردەوە بە بەشێکی گرنگ و ستراتیژیی نیشتمانی عەرەب. ئەندامانی پەرلەمانی خەوتووی کوردستانیش، چونکە زۆربەی هەرەزۆریان دەست و پێوەندی حیزبی هەڵپەرست و بەرژەوەندخوازن، لە بەرامبەر قسە شۆڤێنییەکەی عەمرۆ مووسای کۆنە هاوپەیمانی بەعسدا متەقیان لە خۆیان بڕی بوو. سەیر لەوەدایە هەندێ لەو ئەندام پەرلەمانانە، پاش دەرچوونی عەمرۆ مووسا لەناو باڵەخانەی پەرلەمان و تەواوبوونی سەردانەکەشی بۆ کوردستان، ئینجا کەوتنە تەقە لە ناوهاتوو و بەم و بەو وەسفیان کرد! دیارە هەر لەسەر ئەم گۆلکردنە لە کورد و سەرکردەکانی بە دەیان نموونەی تریش هەن کە هەموومان لێیان بەئاگاین.

له کاتێکدا سەرانی کورد لە دەرەوەی کوردستانن، لە ناوخۆی وڵات، ڕەوش هەتا دێ ڕوو لە تەقینەوە دەکات. دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و خۆ هەڵواسین بەم یا بەو لایەن و گرفتە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خۆپیشاندانی خوێندکاران و خەڵک لە پەرەسەندندان. هەردوو سەرکردەی کورد، بارزانی و تاڵەبانی ماوەیەکە لە ئەوروپا و ئەمریکا دەسووڕێنەوە، هەرچی جەماوەری کوردستانە چاوەڕوانی یەکگرتنەوەی بە زووترین کاتی هەردوو ئیدارەکە و نەهێشتنی ناکۆکییە بێماناکانی نێوان هەردوو حیزبی فەرمانڕەوایە. ئەوان لە ئەوروپا و ئێرە و ئەوێ شتێک دەڵێن، خەڵکی کوردستان شتێکی تر.

سەرکردەی ئەو حیزبییە کوردییانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پاسدار و قوات خاسە و جەندرمەی سەر بە داگیرکەرانیان بە کوردستانێوە وەرکرد، بۆ ئەوان ئەمڕۆ شتی هەرە ئاسان ئەوەیە کەسانێکی خۆفرۆش و خیانەتکاری وەک ئیبراهیم و غەیری ئەویش، بێنن بۆ کوردستان و دەهۆڵ و زوڕنای کوردیشی بۆ لێ بدەن. تەواوی مەسەلەکە بەو جۆرەیە و شتەکانیش لای خەڵک و خوا ئاشکران. ستۆکهۆڵم 18-11-2005

* دەربڕینێکی برای هێژا کاک "گۆران محەمەد"ی ڕۆژنامەڤانە. بڕوانە: میدیا، ژمارە 215، ل 16.

** پێشتر کە وتارێکم لەسەر هاتنەکەی ئیبراهیم تاتلیساس بۆ کوردستان نووسیبوو، کچەکوردێکی بەڕێز، وێڕای دەستخۆشیکردن لێم بەهۆی نامەیەکەوە ئەم زانیارییانەی بۆ ناردبووم.

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# هەر دووركەوتنەوەیەكمان لەوان نزیكبوونەوەیە لە سەربەخۆیی كوردستان!*

كۆنگرەی بەناو "ویفاق"ی عێراقی كە لە بارەگای كۆمكاریی دەوڵەتانی عەرەبی لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەسترا، هەر لە سەرەتادا بە شەڕەقسە و ناكۆكی نێوان لایەنە بەشداربووەكان دەستی بە كارەكانی خۆی كرد. ئەگەر لەبەر خاتروخۆتری هەندێ لایەن نەبوایە دانیشتنەكانیش ئەنجام نەدەدران. شاندی عەرەبە شیعەكانی عێراق كە هەر لە بنەڕەتدا فشەی بەو جۆرە كۆبوونەوانە دەهات، یەكەمین لایەنی بەشداربوو بوون هۆڵی كۆبوونەوەكەیان بەجێ هێشت. هەرچی فازڵ میرانیی كورد بوو، چونكە وتارەكەی مەسعوود بارزانی خرابووە دووەمین ڕۆژی كۆنگرەكەوە، تووڕە بوو و وتارەكەی لە ڕۆژی یەكەمدا نەخوێندەوە. ئەو پێی وابوو ئەمە نەدەبوو ڕوو بدات، هەر نا چونكە بارزانی یەک لەو كەسایەتییە بەرچاوانەیە كە ئاشتبوونەوەی گشت عێراقییەكانی گەرەكە و لەم بوارەشدا خاوەن هەوڵ و تەقەڵلاكانی خۆیەتی. میناس ئەلیوسفی كە ئەوەندە دیار نەبووە و خۆی كردۆتە سەرۆكی "پارتی دیموكراتی كریستیانی عێراقی" و پێشتریش لە لایەن تیرۆریستانەوە دەستگیر كرابوو، پاشان بە بڕەپارەیەک ئازاد كرا، لە هەمووان زیاتر شیر و تیری دەسوو و لە هەندێ قسەیدا لە كەناڵی ئەلجەزیرە بەعسییانەش دەمی دەجووڵایەوە و هەر "موحتەل، موحتەل"ی بوو. ناوبراو كە لە وڵاتی سوێدیش ژیاوە، هەر دەڵێی لەسەر شێوەی پارتی كریستیانەكانی ئەم وڵاتە"KDS"، حیزبێكی لە عێراق پێک هێناوە.

بەشداربوونی كورد لە كۆنگرەیەكدا كە بە پلەی یەكەم بەرژەوەندی عەرەب و وڵاتانی عەرەب و یەكپارچەیی عێراقی لێک هەڵوەشاوە و عەرەبە سوننە و نەتەوەیی و بەعسی و عروبەوییەكانی لا مەبەستە، جگە لە كارێكی منداڵانە و خۆ هەڵخەڵەتێنەرانە زیاتر چی دیكە نییە. كۆمكاریی دەوڵەتانی عەرەبی كە ئەمینداره گشتییەكەی لەنێو پەرلەمانی كوردستاندا و بە ئامادەبوونی بەناو نوێنەرانی كوردی باشووریش، گەورەترین سووكایەتی بە كورد و خاكی كوردستان كرد، داخوا دەبێ تا چ ڕاددەیەک دڵی لەبەر دەرد و مەینەتییەكانی گەلی كورد لەم بەشەی نیشتماندا دەردەدار و بریندار بێ؟! پاساو هێنانەوە بۆ قسە ناشیرین و ناڕاست و ناحەزەكانی عەمرۆ مووسا كە لە پەرلەمانی كوردستاندا كردنی، بە تایبەتیش بە درەنگەوە، خۆی لە خۆیدا بریتییە لە جۆرێک شكستی و داماوی لە بەردەم ڕووداو و كارە سیاسییەكاندا. چ حیكمەتێک لەوەدا

نییە تازە بە تازە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی لێمان قیت بێتەوە و پێمان بڵێت: عەمرۆ مووسا شتی وای نەگوتووە و جیاوازیش لە نێوان "جیهانی عارەب" و "وڵاتانی عەرەبی"دا هەیە. عەدنان موفتی بەر لەوەی بهاتبایە ئێمەی فێری ئەلفوبێی جیاوازییەکان کردبا، زۆر پێویست بوو دەستبەجێ و لەناو پەرلەمانیش وەرامێکی کوردانەی کابرای میسری داباوە. ئەو ئەگەر کارێکی وەهای ئەنجام دابا، هەموو کورد دەمخۆشییان لێ دەکرد و سەریشیان مینا چیای سەفین پێ بەرز دەبوو! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە مەسعوود بارزانیی سەرۆکی کوردستان کاتێک لەتەک عەمرۆ مووسا ڕاوەستابوو، ئەگەر ئەوسا لە دەمی ئەویشی نەدابا، بەڵام گەلێ باش دەبوو ئەگەر هیچ نامەیەکی پشتگیری بۆ کۆنگرەی قاهیرە ڕەوان نەکردایە و وەک سەرۆکی کوردستانیش نارەزایی لە بەرامبەر ئاخاوتنەکانی ئەمینداری گشتی کۆمکاریی دەوڵەتانی عەرەبی نیشان دابا. بارزانی ئەگەر کارێکی وای بکردبایە ئێستا دە ئەوەندە زیاتر جەماوەری کوردستان پێشوازییان لەم هەڵوێستەی دەکرد، کە لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا لە هەمبەر قسەکانی عەمرۆ مووسادا نواندی.

یەکێک، ڕێکخراوێک یان هەر لایەن و کەسایەتییەکی ئەوڕۆی بەرچاوی باشووری کوردستان، لە بارێکدا گەر سەربەخۆیی کورد و کوردستان ئامانجی سەرەکی و ستراتیژی و هەمیشەیی ئەو بێ، نابێ بە چ جۆرێک خۆی لەو کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرانە




نزیک بکاتەوە، هەروەک لای هەمووشمان ئاشکرایە، کە بە پلەی یەکەم بۆ بە زیندوویی ڕاگرتن و یەکپارچەیی و بە یەکجاری هێشتنەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەنجام دراون و دەدرێن. کورت و کرمانجی: هەر دوورکەوتنەوەیەکمان لەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە نزیکبوونەوەیە لە سەربەخۆیی کورد و کوردستان!

ستۆکهۆڵم 23ـ11ـ2005 * لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# جەللادانی سەددام بە ئازادی دەسوورِێنەوە*

ئامادەکردنی: مەهاباد کوردی

ئەمرۆ بەیانی کە بەرەو کار بەرِێوە بووم، هەواڵێکی یەک لەو رِۆژنامە سوێدییانەی کە بە خۆرِایی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرێن، سەرنجی راکێشام. لە رِۆژنامەی Stockholm City دا سەردێرِێک بەم شێوەیە نووسرابوو: جەللادەکانی ئەو لە سوێدن. دیارە لێرەدا مەبەست لە جەللاد و مرۆکوژەکانی سەر بە رِژێمی هۆڤ و رِەگەزپەرستی لەناوچووی بەعسە بە سەرۆکایەتیی سەددامی دیکتاتۆر. هەر بە گوێرەی هەواڵەکە پیاوانی سەر بە رِژێمی رِووخاوی سەددام هەزار کەسێک دەبن و، هەمووشیان تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکان و ئەم جۆرە تاوانانەیان دراوەتە پاڵ. ئەو تاوانبارانە لە چەندین دەوڵەتدا ژیان بەسەر دەبەن کە سوێدیش یەکێکیانە. لە سوێد دە کەس لەو تاوانبارە عێراقییانە دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەوان لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی سەددام حوسێندا، لە تاوانەکانی جەنگ و زوڵم و زۆرداریدا دەستیان هەبووە. بەرپرسێکی پۆلیسی سوێدی بە ناوی Hans Ölvebro کە تاکە پۆلیسێکی ئەم بوارەیە لەم وڵاتەدا و، تەواوی کاتی کارکردنیشی بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە تەرخان کردووە،




نایەوێت بچێتە بنج و بناوانی ئەم پرسە و باسی وردەکارییەکانی بکات. ناوبراو تەنیا ئەوەندە دەڵێ کە هەندێ لەو کەسانە لەنێو رِژێمی پێشووی عێراقدا "پلە و پایەیەکی دیاریکراو"یان هەبووە. هەرچی دایەرەی کۆچ و پەنابەرانە لە سوێد ژمارەکە بە کەمتر دەخەملێنێت، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا شایانی باس و ئاماژە پێ کردنە ئەوەیە کە بەڵێ، ژمارەیەکی گەورە و بەرچاو لە تاوانبارانی جەنگ بەر لە دوو ساڵەوە لە سوێد گیرساونەتەوە، هەروەک چۆن ئەندامێکی سەر بە گرووپی کریستیان دیموکراتەکانی سوێد بە ناوی Ulrik Lindgren لەناو پەرلەماندا ئەم مەسەلەیەی هێنایە پێشەوە و، بە توندیش داوای لە حکوومەت کرد کە چارەسەری بەهێز و گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە: "سوێد تاوانبارانی جەنگ داڵدە دەدات، کەچی منداڵانی پەنابەری نەخۆش و بێهۆش دەردەکات."

تاوانبارانی جەنگ ناکرێ مافی پەنابەرێتیان پێ بدرێت، هەرچەندە زۆر لەوانیش پێشتر ئەم مافەیان لە سوێد پێ دراوە. لە هەمان کاتدا بە پێی یاسای سوێد ناتوانرێ ئەوان لەو وڵاتە وەدەربنرێن، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو وڵاتانەی بۆیان دەنێردرێنەوە هێشتا ئەشکەنجە و سزای لەسێدارەدانی تێدا پەیڕەو بکرێت.

دادگاییکردنی کەسێک لە سوێد بەهۆی تاوانێک کە لە وڵاتێکی بیانییەوە ئەنجام درابێت، لە بارێکدا ئەگەر شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە نەناسرێت و داواکار لە ئارادا نەبن و شایەدحاڵیش بە ئاسانی چنگ نەکەون، لێکۆڵینەوەکان لەم جۆرە تاوانانە پشتگوێ دەخرێن و فایلەکانیان دادەخرێن. دیارە لە بارێکی وەهاشدا تاوانبارانی جەنگ مافی مانەوەیان لە سوێد پێ دەدرێت و تەنانەت گەلێک لەوان توانیویەتیان ببن بە هاووڵاتییانی سوێدیش. ئا ئەمەیە بە ئازادی سووڕانەوەی جەللادانی سەددام و پیاوکوژان و سیخووڕان و بەکرێگیراوانی ئەو لێرە و لەوێی دنیادا، کە بێگومان تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ شێلگیرانە داکۆکی لە بەعس و سەددام و بیر و باوەڕە بۆگەن و سەقەتەکانی دەکەن! ستۆکهۆڵم 24-11-2005

* بڕوانە: Stockholm City 24-11-2005, Hans bödlar finns i Sverige, sid.21، ئەم وەرگێڕانە لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# جەلـلادانی سەددام بە ئازادی دەسوورِێنەوە*

ئامادەکردنی: مەهاباد کوردی

ئەمرِۆ بەیانی کە بەرەو کار بەرِێوە بووم، هەواڵێکی یەک لەو رِۆژنامە سوێدییانەی کە بە خۆرِایی بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرێن، سەرنجی رِاکێشام. لە رِۆژنامەی Stockholm City دا سەردێرێک بەم شێوەیە نووسرابوو: جەلـلادەکانی ئەو لە سوێدن. دیارە لێرەدا مەبەست لە جەلـلاد و مرۆکوژەکانی سەر بە رِژێمی هۆڤ و رِەگەزپەرستی لەناوچووی بەعسە بە سەرۆکایەتیی سەددامی دیکتاتۆر. هەر بە گوێرەی هەواڵەکە پیاوانی سەر بە رِژێمی رِووخاوی سەددام هەزار کەسێک دەبن و، هەمووشیان تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکان و ئەم جۆرە تاوانانەیان دراوەتە پاڵ. ئەو تاوانبارانە لە چەندین دەوڵەتدا ژیان بەسەر دەبەن کە سوێدیش یەکێکیانە. لە سوێد دە کەس لەو تاوانبارە عێراقییانە دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەوان لە سەردەمی دەسەڵاتداریتی سەددام حوسێندا، لە تاوانەکانی جەنگ و زوڵم و زۆرداریدا دەستیان هەبووە.




بەرپرسێکی پۆلیسی سوێدی بە ناوی Hans Ölvebro کە تاکە پۆلیسێکی ئەم بوارەیە لەم وڵاتەدا و، تەواوی کاتی کارکردنیشی بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە تەرخان کردووە، نایەوێت بچێتە بنج و بناوانی ئەم پرسە و باسی وردەکارییەکانی بکات. ناوبراو تەنیا ئەوەندە دەڵێ کە هەندێ لەو کەسانە لەنێو رِژێمی پێشووی عێراقدا "پلە و پایەیەکی دیاریکراو"یان هەبووە. هەرچی دایەرەی کۆچ و پەنابەرانە لە سوێد ژمارەکە بە کەمتر دەخەملێنێت، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا شایانی باس و ئاماژە پێ کردنە ئەوەیە کە بەڵێ، ژمارەیەکی گەورە و بەرچاو لە تاوانبارانی جەنگ بەر لە دوو ساڵەوە لە سوێد گیرساونەتەوە، هەروەک چۆن ئەندامێکی سەر بە گرووپی کریستیان دیموکراتەکانی سوێد بە ناوی Ulrik Lindgren لەناو پەرلەماندا ئەم مەسەلەیەی هێنایە پێشەوە و، بە توندیش داوای لە حکوومەت کرد کە چارەسەری بەهێز و گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە: "سوێد تاوانبارانی جەنگ داڵدە دەدات، کەچی منداڵانی پەنابەری نەخۆش و بێهۆش دەردەکات."

تاوانبارانی جەنگ ناکرێ مافی پەنابەرێتیان پێ بدرێت، هەرچەندە زۆر لەوانیش پێشتر ئەم مافەیان لە سوێد پێ دراوە. لە هەمان کاتدا بە پێی یاسای سوێد ناتوانرێ ئەوان لەو وڵاتە وەدەربنرێن، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو وڵاتانەی بۆیان دەنێردرێنەوە هێشتا ئەشکەنجە و سزای لەسێدارەدانی تێدا پەیڕەو بکرێت.

دادگاییکردنی کەسێک لە سوێد بەهۆی تاوانێک کە لە وڵاتێکی بیانییەوە ئەنجام درابێت، لە بارێکدا ئەگەر شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە نەناسرێت و داواکار لە ئارادا نەبن و شایەدحاڵیش بە ئاسانی چنگ نەکەون، لێکۆڵینەوەکان لەم جۆرە تاوانانە پشتگوێ دەخرێن و فایلەکانیان دادەخرێن. دیارە لە بارێکی وەهاشدا تاوانبارانی جەنگ مافی مانەوەیان لە سوێد پێ دەدرێت و تەنانەت گەلێک لەوان توانیویەتیان ببن بە هاووڵاتییانی سوێدیش. ئا ئەمەیە بە ئازادی سووڕانەوەی جەللادانی سەددام و پیاوکوژان و سیخووڕان و بەکرێگیراوانی ئەو لێرە و لەوێی دنیادا، کە بێگومان تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێ شێلگیرانە داکۆکی لە بەعس و سەددام و بیر و باوەڕە بۆگەن و سەقەتەکانی دەکەن! ستۆکهۆڵم 24-11-2005

* بڕوانە: Stockholm City 24-11-2005, Hans bödlar finns i Sverige, sid.21، ئەم وەرگێڕانە لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# پارتی و یەکێتی دیسان پێویستیان بە "بەڵێ"یە و بەس!*

گەر بە هەڵەدا نەچووبم کاتی خۆی برادەرێکی ئازیز، لە یەکێ لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بابەتێکی بڵاو کردبۆوە، تیایدا جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردبوو کە هەردوو پارتی دەسەڵاتداری ئەوڕۆی باشووری کوردستان، تەنیا لە دەمەدەمی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکاندا کوردیان بیر دەکەوێتەوە. بە داخەوە کە ئێستا ناوی ئەو برا کوردەم لە یاد نەماوە، بەڵام پێی دەڵێم تۆ زۆر زۆر ڕاستت فەرمووە کاتێ شتێکی وات نووسیوە.

هەر کەسێک بە شێوەیەکی خێراش تەماشایەکی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی سەر بە هەردوو حیزبی دەسترۆیشتووی کوردستان بکات، جوان تێدەگات من لە چ گۆشەنیگایەکەوە ئەم چەند دێڕانە دەنووسم. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم حیزبانە گەلێ بە گەرمییەوە دەستیان داوەتە پروپاگەندەکردن بۆ هەڵبژاردنی پازدەی مانگی داهاتوو، وەک دیاریشە ئەوان پێشوەخت پێشمەرجت بۆ دادەنێن و بە "بەڵێ"ش نەبێ، چی دیکەت بە نرخێکی هەرزانیش لێ ناکڕن! سەرپەرشتکارانی ئەم دەزگا حیزبییانە کە تەنیا ماوەیەکی کەم بەر لە هەنووکە خەریکی ڕێکلامکردن بوون بۆ ئیبۆی "تورکی کوڕی تورک"، کەچی ئەمڕۆ نە بایان دیبێ و نە باران، باس لە "چارەنووس"ی نەتەوەیەک و "لەدەستنەدانی کەرکووک" و "سەربەخۆیی و دیموکراتی و تەبایی ڕیزەکانی گەل" دەکەن. باش لە بیرمە وەختی خۆی کە چەند ئەندام میتێکی سەر بە سوپای هۆڤی تورک لە شاری مووسڵ تۆپێنران، یەک لەو تەلەفزیۆنە کوردییانە ئەوانی بە "شەهید" ناو برد، ئەمە لە کاتێکدا کە هەر هەمان کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەوسا باسی لە "کوشتنی چەکدارانی پ.ک.ک" دەکرد و ئێستاش دەم لە "شەهیدبوونی هاووڵاتی"ی کورد لە شاری شەمزینان دەدات. من لە کانگای دڵمەوە پیرۆزبایی لە هەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی کوردی دەکەم کە کوردستانییانە بیر بکاتەوە و تیرۆرکراوانی سەر بە نەتەوەکەی خۆی کە بە دەستی داگیرکەران لەناو دەبرێن بە "شەهید" ناوزەد بکات، بەڵام بە مەرجێک ئەم شتە کاتی نەبێ و چ ئامانجێکی تەسکی حیزبییانە و "هەڵبژاردنانە"شی لە پشتەوە نەبێ.

دەنگدان لە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا مافی ڕەوای هەر هاووڵاتییەکە و کەسیش لەسەر ئەم پرەنسیپە دیموکراتییە قسەیەکی وای نییە. لێ ئەوەی کە لێرەدا نابێ هەرگیز چاوی لێ بپۆشرێت، بێگومان چۆنێتی بەڕێوەچوونی خودی پرۆسەکەیە،

به تایبەتیش لە شوێنێکی وەکو کوردستانی لەمەڕ خۆماندا کە هێشتانەکینێ بەربەرەکانێی حیزبی، گەلێ بە داخەوە، سواری ملی بەرژەوەندییە نەتەوەییە هەرە چارەنووسسازەکان بووە. ئەز نالێم با پارتی یان یەکێتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ خۆیان نەکەن و واز لەم کارە بێنن. نەخێر و هەزار جاریش نەخێر، چونکە ئەم دوو ڕێکخراوە سیاسییە بەرچاوەی کوردستانیش، وەک هەر پارتی و ڕێکخراوێکی دیکە، مافی ڕەوا و دیموکراسییانەی خۆیانە دەهۆڵ بۆ ئەو بۆچوون و ئامانجانە لێ بدەن کە خۆیان باوەڕیان پێیانە نەک لایەنێکی تر. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە تۆ بێیت لە پێناو بەرژەوەندییە حیزبییە کاتییەکانی خۆتدا حیساب بۆ کەس نەکەیت و، دروشمە بریقەدار و نەتەوەییەکانیش بەرز بکەیتەوە، هەر بۆ ئەوەی وا لە هاونیشتمانییان و هاوزمانانی خۆت بکەیت تا دەنگی "بەڵێ"ت بۆ بدەن. لە هەمووشی سەیرتر مەرجیان بۆ دابنێیت تاکو تەنیا بە "بەڵێ" دەنگ بۆ تۆ و ئەو لیستە بدەن کە خۆشت تێیدا هەیت! ئەگەر ئەمە دیموکراسی بێ، ئەی دەبێ دیکتاتۆری چۆن بێ؟!

پارت و ڕێکخراوە بەشدارەکانی ناو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، ئەگەر وەک خۆیان دەڵێن باوەڕیان بە دیموکراسی و پرەنسیپەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ و بیرکردنەوەی سەربەستانە هەیە، نابێ بە چ شێوەیەک زەندەقیان لە چۆنێتی دەنگدانی هاووڵاتییانی کورد بچێت. لە هەمان کاتیشدا، دیسان ئەگەر ئەو حیزبانە باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە، دەبێ ڕێز لە دەنگی هاووڵاتییان بگرن، هەتا ئەگەر ئەو دەنگانە لە سەداسەدیش پێچەوانەی ئەو "بەڵێ"یانە بن کە ئێستا ئەوان پێشوەخت گوێچکەی خەڵکی کوردستانیان پێ کەڕ کردووە.

ئایا دروستە بەتەنێ لە ڕۆژی لەدایکبوونی فلان حیزب یا سەرکردەدا پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بکرێنەوە و، بشکرێن بە منەت بەسەر دانیشتوانی کورد لەم بەشەی وڵاتدا؟ ئەی ئێمە لەمێژە بە وتەیەکی وەها فرچکمان نەگرتووە: حیزبە کوردییەکان هەمیشە خزمەتکاری گەل بوونە و هەر ئاواش دەمێننەوە؟ گەلۆ لە هەڵبژاردنەکاندا کێ دەبێ دەنگ بدات: حیزب لەجیاتی گەل یان گەل لەجیاتی حیزب؟ ئەرێ بە ڕاست پارتی و یەکێتی تا چ ڕاددەیەک پەند و ئەزموونیان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو وەرگرتووە؟ ئەوان کە پێشتر دەیانگوت لەم شار لە سەدا نەوەد و ئەوەندە و لەو شاریش لە سەدا هەشتا و ئەوەندە بەشدارییان لە دەنگداندا کردووە، بۆچی دەبێ ئێستا ترسیان لە دڵ نیشتبێ و هاووڵاتییان هان بدەن تا بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە وەها پرۆسەیەکدا بەشداری بکەن؟ ئایا هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پێشتر خەڵکیان هەڵخەڵەتاند یان

دەیانەوێ ئەم جارە خەڵکی کوردستان فریو بدەن؟ ئەمە لە بارێکدا ئەگەر ئەوسا و ئێستاش فێلیان لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد نەکردبێ و نەکەن؟ بێگومان بە دەیان پرسیاری دیکەی لەو جۆرەش دێنە پێشەوە، بە تایبەتیش لە ڕۆژی ئەمڕۆدا کە هەتا دێ ڕەوشەکە ناسکتر و ناساکتر دەبێ.

جێی خۆیەتی هەر لێرەدا ئەوەش بڵێین: داواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەر بەتەنێ بیر و ڕای "نووسەرێک"ی سەر ئەم یان ئەو سایتی کوردی نییە، وەک سەرانی کورد جارناجار وای بۆ دەچن. خراپ نابێ گەر لێرەدا بە بیری سەرۆکایەتیی کوردستانی بێنینەوە، ئەم داخوازییە نەتەوەیی و سەرتاسەرییە، بەلانی کەمەوە لە سەدا نەوەد و هەشتی خەڵکی باشووری کوردستان، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەنگیان بۆ دا و هەنووکەشی لەگەڵدا بێ، ئەگەر ڕاپرسییەکی ئازادانە لەم پارچەیەی کوردستان ئەنجام بدرێ، قەت گومان لەوەدا نییە کە هەر هەموو خەڵکی تینووی ئازادیی نیشتمان، هەر مەپرسە چۆن چۆنی دەنگی بۆ دەدەن! پێموایە سەرانی کورد بە نکۆڵیکردنیان لە ڕاستییەکی وەها، ناتوانن بستێک چییە، کورد بەرەو پێش ببەن.

"نا"یەکی گەورە بۆ عێراق!

"بەڵێ"یەکی زۆر زۆر گەورەتر بۆ کوردستان!

<u>ستۆکهۆڵم 29-11-2005</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# من بم نایکەم!

دوێنێ 29-11-2005، لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی چاوی بە چەند ڕێکخراوێکی سەر بە پارتی و یەکێتی کەوت. هەر تەنیا بۆ نموونە هەردوو ڕێخراوی تایبەت بە "قوتابیان و خوێندکاران". لە قسەکانی خۆیدا بارزانی باسی زۆر شت و پرسی گرێدراوی ئەمرۆی تایبەت بە باشووری کوردستانی کرد. لەوانە: مەسەلەی هەڵبژاردن، پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا، ڕۆڵی توێژی قوتابیان، دیاردەی دزێوی گەندەڵی، چارەنووس و داهاتووی کورد و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەش. ئاخاوتنەکانی بارزانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە پارتی و هەندێ ماڵپەڕی کوردیشدا پەخش و بڵاو کرانەوە.




سەبارەت بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکوومەتی کوردستان مەسعوود بارزانی گوتی: "دڵنیاتان دەکەمەوە کە هیچ کێشە و گرفتێکی سیاسی لە ئارادا نییە. ئەوەی هەیە گرفتی تەکنیکییە و زیاتر پەیوەستە بەوەی من و مام جەلال سەرقاڵی گەشتی سیاسی و دیپلۆماسین و هەروەها دەستووریش بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، تا گەلاڵە بوو کاتێکی زۆری

لەدەستداین. ئێستاش لە ماوەی داهاتوو هەوڵ دەدەین لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوولا تەواوی بکەین، بەڵام بە شێوەیەک کە ڕامانگەیاند بە فیعلی یەکگرتنەوە بێت و بە هیچ شێوەیەک درزی تێنەکەوێت."(سایتی پەیامنێر، 30ـ11ـ2005)

ڕەنگە ئەوەی زیاتر سەرنجی من و کەسانێکی دیکەشی ڕاکێشابێ، سووربوونی بارزانی بێ لە کاتی قسەکردنیدا، بە تایبەتی لە بابەتی پەیوەندیدار بە هەر هەمان مەسەلەی یەکگرتنەوەکە، کاتێ کە بە جۆرێک گوتی: ئەگەر هەردوو ئیدارە یەکنەگرنەوە و ئەم ڕەوشەش هەر وا بەردەوام بێت، دیارە لە بارێکی وەهادا من ئامادە نیم سەرۆکایەتی کوردستان"هەرێم؟" قەبووڵ بکەم. بێگومان ئەمە جاری یەکەم نییە ئێمە گوێمان لە پەڤینی بەم شێوەیەی بارزانی بووبێ، بەڵام کە ئەو دەڵێت ئەگەر هەردوو ئیدارەکە یەکنەگرنەوە، من ئامادەم واز لە پۆستی سەرۆکی کوردستان بێنم، هەبێ و نەبێ، ئەم پرسە یان بە بنبەست گەیشتووە، یان پرۆسەی ئەم یەکگرتنەوەیە بەرەو تەواوبوون دەچێت، لە خراپترین باریشدا مەسعوود بارزانی چ هیوا و ئومێدێکی بەم کاری یەکگرتنەوەیە نەماوە و دەیەوێت پێشوەخت شت و نهێنییەکانی پشت پەردە بۆ جەماوەری چاوەڕوانی کوردستان بدرکێنێت.

شاعیری ناوداری کورد مامۆستا عەبدوڵلا پەشێو لەمەڕ پرسی یەکگرتنەوە و یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکوومەتی کوردستان، بەر لە ماوەیەک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی میدیا، پرسیبووی: ئەگەر دوو دەوڵەتی گەورەی وەک هەردوو ئەڵمانیای خۆرهەڵات و خۆرئاوا توانیبێتیان بەسەر گشت کۆسپ و تەگەرەکاندا زاڵ بن و یەکیش بگرنەوە، پارتی و یەکێتی دەبێ بۆچی نەتوانن حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردستان بەیەکەوە پێکبێنن؟ ئەوەی لێرەدا جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە سەرانی کورد، سەبارەت بە مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و حکوومەتەکە، قسەی سەر زار و بن زاریان هەمیشە بریتی بووە لە "گرفتی تەکنیکی"، هەروەک چۆن لە سەرەوەشدا لە وتەکانی بارزانی بینیمان. لە ساڵی 1994ەوە کە هەردوولایان، پارتی و یەکێتی، بوون بە هۆی کوشتن و برینداربوون و ئاوارەبوون و گومکردن و زیندانیکردنی هەزاران گەنجی کورد، بێجگە لە زیانگەیاندن بە گەلی کورد لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زۆری تریشەوە، هەتا هەنووکەش کە وا ساڵی 2005 بەرەو کۆتایی دەڕوات، واتە زێدەتر لە یازدە ساڵە ئەوان هەر باسی "گرفتی تەکنیکی" دەکەن. کاتی خۆی برادەرێک نووسیبووی: دەترسێم مادلێن ئۆڵبرایتیش بمرێ ئەوان هەر یەکنەگرنەوە. تەنانەت ئێستاش دوای ئەم هەموو ساڵە، مرۆڤ گەر بە وردییەوە لە

ئاخاوتن و چاوپێکەوتنەکانی بەرپرسانی پارتی و یەکێتی بڕوانێت، هەست بە دڕۆنگی و حیزب حیزبانێیەکی بێمانا و ناهۆشیاریی سیاسی و گەلێ شتی دیکەش دەکات.

هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان لە لایەک خەڵک هان دەدەن تا بە گەرمی و گوڕ و تینێکی زۆرەوە ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدانی تایبەت بە پازدەی مانگی دوازدە بکەن، لە لایەکی تریشەوە هەر بە خۆیان هێشتا ئامادە نین بە شێوەیەکی "جدی" و کوردستانییانە بیر لە پرسێکی زۆر گرنگ بکەنەوە، کە ئەویش بێگومان خۆی لە "یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردی"دا دەبینێتەوە. من کە ماڵی خۆم ڕێک و پێک نەکەم، چ لە ماڵی خەڵکی بکەم؟!

هیوادارم ئەم جارەیان سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی، پێش پازدەی دوازدە، وتەکانی خۆی بە کردەوە بۆ گەورە و گچکەی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا بسەلمێنێت. سەرۆکایەتی چ مانا و گرنگییەکی دەبێ، کاتێ سەرۆک نەتوانێ دوو شاری وڵاتەکەی بەیەکەوە ببەستێتەوە؟ ئەگەر باشووری کوردستان نەبێتەوە بە یەک پارچە و تاکە یەک حکوومەتی یەکگرتووشی لەسەر خاکەکەی دانەمەزرێت، من بم لە جیاتی بارزانی وەها سەرۆکایەتییەکم ناوێت. دەبا بزانین بارزانی لە ڕۆژانی داهاتوودا قەول و پەیمانەکەی خۆی دەباتە سەر یان نا؟ زۆرمان چاوەڕوانی کردووە، با کەمێکی تریش چاوەڕوان بین! ستۆکهۆڵم 30-11-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## منیش دەڵێم بە داخەوە...!*

وەرگرتنی خەڵاتی دەزگای "عەنقا"ی عەرەبیی عێراقی، لە لایەن شاعیری ناسراوی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەس و چیرۆکنووسی بەناوبانگی کوردیش ڕەوف بێگەرد، بۆ زۆر کەسی ئەم نەتەوەیە و بە تایبەتیش لای نووسەران و ڕۆشنبیران و خەڵکانێکی ئەو بوارە بووە جێی پرسیار و نیشانەی سەرسووڕمان. گەر بە هەڵەدا نەچووبم کاک عومەر فارسی سەرپەرشتکاری ماڵپەڕی کوردستان نێت، لەوانەیە یەکەمین کەس بووبێ، ئەم بابەتەی وروژاندبێ. هەمووومان بەر لە چەند ڕۆژێکی کەم چاومان بەو چەند دێڕانە کەوت، کە لە بەرایی ماڵپەڕی ناوهاتوودا، بە ڕەنگی سوور ـ ئافەرین بۆ ئەم هەڵبژاردنە ـ نووسرابوون. من پێموایە شێرکۆ بێکەس و ڕەوف بێگەرد سنووریان بەزاند، هەر لەبەر هەندێش ڕەنگی سووریان بۆ بە چاک زانرابوو. دیارە لە هەمان کاتیشدا سنوور بەزاندن هەر تەنیا هێنانی سوپای داگیرکەران نییە بۆ خاکی نیشتمان، بەڵکە بە گەلێ شێوەی تریش خۆ دەنوێنێ.

ئەو هێژایانەی کە سەبارەت بە هەمان پرس چەند شتێکیان بڵاو کردبۆوە، دەستیان خۆش بێ و سەرکەوتوو بن، بەڵام ئایا بەراوردکردنی نیلسۆن ماندێلای خەباتگێڕی ماندوونەناس و بە دەیان ساڵ کەوتووی نێو کونجی زیندانە ڕەش و تاریکەکان و خاوەنی گەلێ هەڵوێستی بوێر و ئاکار و ڕەوشتی بەرز، دەشێ هەر وا بە ئاسانی لەگەڵ ڕەوف بێگەرد و شێرکۆ بێکەسدا بەراورد بکرێ؟! لە کاتێکدا ماندێلا گەورەترین خەڵاتی دەوڵەتی تورکانی ڕەت دەکردەوە، باش لە بیرمە شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە ئەوسا وەزیری ڕۆشنبیری بوو لە یەکەمین کابینەی حکوومەتی کوردستان، لام وابێ بە سەردان هاتبۆوە سوێد لە ڕۆژنامەیەکی ئەو وڵاتەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرابوو. لە قسەکانیدا خوێنەر وا تێدەگەیشت ئەو داکۆکی لە یەکەم بڕیاری دەرچووی ئەوسای پەرلەمانی کوردستان دەکات سەبارەت بە لێدانی پ.ک.ک و، ناوبراو تەنانەت ئامۆژگاری ئەو ڕێکخراوەشی دەکرد و ڕدێنسپییانە دەئاخڤی. گەر یادم درۆم لەگەڵ نەکات هەڤپەیڤینەکە لە ڕۆژنامەی Dagens Nyheterی سوێدی ئەنجام درابوو. بە بۆچوونی من داکۆکیکردن لە هەر بڕیارێک کە بۆنی شەڕی کوردکوژی لێوە بێت، نەک هەر کارێکی هەڵەیە، بگرە بەشداربوونیشە لە ئەنجامدانی تاوانەکان لەژێر ناوی جودا جودا. شێرکۆ بێکەس چەند ساڵێکی کەم بەر لە ئێستا لە یەکێ لە بڵاوکراوەکانی ناوخۆی وڵات، هەر دیسان لە

هەڤپەیڤینێکدا، پێی وابوو سەرانی کورد چ حەوجەداری ئەوە نەبوون لە پاش نەمانی بەعس و ڕووخانی ڕژێم ڕوویان لە بەغدا بکردایە و کاری ئەوان لە کوردستانە نەوەک لە عێراق و بەغدا، کەچی هەر هەمان شێرکۆ خەڵاتی دەزگا و دامەزراوێکی عێراقی قەبووڵە کە بە وشەیەک چییە، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەندامان و کارگێڕان و سەرپەرشتکارانی نەک هەر لەسەر کورد هەڵیاننەداوەتێ، بگرە هەتا پاڵەوانی عروبە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی بەغدا بوو متەقیان لە خۆیان بڕی بوو و دەنگیان دەرنەدەچوو و، لە گەڵێ لاوەش باس لە گرێدراویی وەها دەزگایەک بە بەعس و ڕژێمی پێشوو قسەی سەر زمان و بابەتی نووسراوی ڕۆشنبیر و نووسەرانە. من دەترسێم سبەینێ لەنێو نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و بەهرەوەرانی باشووری کوردستاندا کەسانێک هەڵبکەون، هەرگیز نەڵێن نا، بۆ خەڵاتی دەزگا و ناوەندەکانی سەر بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستانیش. هەر بۆ نموونە خەڵات و پاداشت و نازڕاگرتنی نووسەرگەلێکی کورد لە لایەن تورکیا و سوریا و ئێرانەوە ببێتە مۆدیلێکی نوێی ڕاکێشانی کەسانێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر لەم بەشەی نیشتماندا.

خاڵێکی تر کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین پەیوەندی بەوەوە هەیە داخوا کەسێک، نووسەرێک، شاعیرێک، هونەرمەندێک، چیرۆکنووسێک، پیتۆڵ و زانایەکی کورد، کاتێ خۆی بە کوردستانی لە قەڵەم بدات و لەناو خانەی نەتەوەپەروەر و کوردستانییانیشدا خۆی ببینێتەوە، بۆچی دەبێ خەڵاتی نەتەوەی سەردەستی عەرەبی لا پەسند بێ و پێیشی شاگەشکە بێ؟! ڕەنگە ئەگەر خەڵاتەکە لە "عەنقا"وە نەبوایە، مرۆڤ بە جۆرێکی دیکە بۆ شتەکان چووبا و ئەوەندەش ئەم دوو هێژایەی سەرکۆنە نەکردبایە.

ئەو برادەرانەی کە پێش من لەسەر ئەم بابەتە هەڵیانداوەتێ و بیر و بۆچوونی خۆشیان درکاندووە، دیارە زۆر شتی جوانیان باس کردووە، هەربۆیە من لێرەدا هەر بەوەندە واز لەم پرسە دێنم و وەک ئەوانیش دەڵێم: حەیف و مخابن!

ستۆکهۆڵم 1-12-2005

* لە (میدیا، ژمارە 219، 2005/12/6، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# دوو هەواڵ و چەند پەیڤێک*

بێگومان ئێوەش لە لاپەڕە 15ی ژمارە 219ی ڕۆژی 6ـ12ـ2005ی هەفتەنامەی میدیادا ئەم دوو هەواڵەتان بەر چاو کەوتووە:

هەواڵی یەکەم: مام جەلال 30 هەزار دۆلار دەداتە شاعیرێکی هەژاری جەزائیری/ دوای ئەوەی شاعیری جەزائیری ئەبوبەکر زەمال لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا ڕایگەیاند کە دوای فرۆشتنی ناو ماڵی خۆی، ئێستا ناچارە بۆ دانی کرێی خانووەکەی کە لەسەری ماوە و لە پێناو لە برسان نەمردنی هاوسەر و سێ منداڵەکەی گورچیلەیەکی خۆی بفرۆشێ، ڕێکخراوێکی نووسەرانی عەرەب لە عێراق 5 هەزار دۆلاری بۆ کۆکردەوە و دوای ئەوەی مام جەلالی سەرۆک کۆماری عێراق بە مەسەلەکەی زانی، ئەویش 30 هەزار دۆلاری لە حسابی تایبەتی خۆی پێشکەشی ئەو شاعیرە جەزائیرییە کرد. ڕۆژنامەی (الخبر)ی جەزائیری ڕایگەیاند کە زیاد خالیدی باڵیۆزی عێراق لە جەزائیر چووەتە سەردانی ئەبوبەکر زەمالی 32 ساڵی و چەکی دۆلارەکانی پێداوە.

هەواڵی دووەم: سەعید گاباری: لە بازگەی تاسلوجە وەک ئیرهابییەک مامەڵەم لەگەڵدا کرا/ پ.میدیا/ هونەرمەند سەعید گاباری ڕایگەیاند کە لە بازگەی سلێمانی ڕێزی لێنەگیراوە و مامەڵەیەکی ناشایستەی لەگەڵدا کراوە. هەفتەی ڕابردوو لەو کاتەی هونەرمەند سەعید گاباری بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگی حیزبێکی ڕۆژئاوای کوردستان ڕوو لە سلێمانی دەکات، لە بازگەی تاسلوجە لەگەڵ کارمەندانی بازگەکە تووشی کێشمەکێش دەبێت، لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ (میدیا) سەعید گاباری لە بارەی ئەو کێشەیە گوتی:"لە سەرەتادا داوای ناسنامەیان کرد، منیش هەرچی ناسنامەم هەبوو پێمدان، ناسنامەی سەندیکای هونەرمەندان، سەتەلایتی کوردستان، بەڵام گوتیان ئەوانە ناخۆن، دوای ئەوە تەمبورەکەم پێنیشاندان کە من هونەرمەندم و بۆ ئاهەنگ دەچم، ئەویش هەر نایخوارد". گاباری باسی ئەوەشی کرد کە لەو سەفەرەیدا خێزان و منداڵەکانیشی لەگەڵ بووە و بەهۆی ئەو هەڵوێستەشەوە هەندێک دڵگران بووە و گوتی:" ژنێک هات و گوتی ئەوە هونەرمەندە و دەیناسم، بەڵام یەکێکیان گوتی هونەرمەندی چی ئەوە تەڕەماشە، بە ڕاستی وەک ئیرهابییەک مامەڵەم لەگەڵدا کرا". هەروەها گوتی:"دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆبوونەوە سەرکۆنەی جەماعەتی بازگەکەیان کرد، گوتیان قەیناکا با بڕوا، بەڵام منیش پێمگوتن کەسایەتی خۆم دانابەزێنم تازە ناچم و گەڕامەوە".(بڕوانە: www.yndk.com)

وەک لە سەرەوە بینیمان ئەم دوو هەواڵە هەردووکیان لە لاپەڕەی یەک هەفتەنامەی ناوخۆی کوردستاندا، لە تەنیشت یەکتریشەوە، بڵاو کراونەتەوە. دیارە هەردوو هەواڵەکەش پەیوەندییان بە هێزێکی دەسەڵاتداری ئەوڕۆی باشووری کوردستان و یەک لە هەڵوێستەکانی سکرتێرە گشتییەکەی ئەو هێزەشەوە هەیە کە یەکێتییە. لە یەکەمین هەواڵدا جەلال تاڵەبانی، وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی نەک وەک سەرکردەیەکی کورد، بەزەیی بە ڕۆڵەیەکی دەوڵەتێکی بەناو عەرەبی ـ جەزائیر ـ دێتەوە و خەڵاتێکی 30 هەزار دۆلاری ـ لە حیسابی تایبەتی خۆی ـ پێشکەش دەکات. من لە لای خۆمەوە چ قسەیەکم لەسەر ئەوە نییە کە بۆ تاڵەبانی بە کارێکی ئەوها هەڵساوە و یارمەتییەکی مرۆڤانەی کەسێکی هەژار و دەستکورت و لێقەوماوی داوە. ئەو کە کارێکی وای ئەنجام داوە، منیش وەک زۆر کەسی تر دەستخۆشی لێ دەکەم و پێی دەڵێم، لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، کردەوەیەکی باشت کردووە کە هاتووی ژیانی خێزانێکت لە نەهامەتی و دەردەسەرییەکانی خودی ژیان ڕزگار کردووە. ئەمە تەنیا لایەکی مەسەلەکەیە و لایەکەی دیکەشی، تاڵەبانی پێی خۆش بێ یان نا، ئەمن و چەندین کەسانێکی تریش ناتوانین بە ئاسانی چاوپۆشی لێ بکەین و وازی لێ بهێنین. بەڵێ، جەلال تاڵەبانی لە کاتێکدا لە حیسابی تایبەتی خۆی ـ کە مەگەر تەنیا خوا بە خۆی بزانێت چەندی تێدایە ـ خەڵات و پارە دەبەخشێتەوە، ئایا تا هەنووکە ئاوڕێکی خێریشی لەو هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و سترانبێژ و کەسە هەڵکەوتووانەی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری داوەتەوە، ئەوانەی کە دانوویان لەناو مەنجەڵی حیزبەکەی خۆیدا ناکوڵێت و، گەلێکیش داماو و نەدار و بێ پشت و پەنان؟ گەلۆ بۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان نەمانبیست تاڵەبانی بڕی 30 هەزار دۆلار یارمەتی ـ لە حیسابی تایبەتی خۆی ـ بۆ فلان نووسەر و شاعیری باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بە دیاری ڕەوان کردبێت؟ داخوا لەناو کورد و تەواوی پارچەکانی کوردستاندا ئەم جۆرە کەسە بێکەس و هەژار و داماوانە بەر چاو ناکەون؟ تۆ بڵێی ئەوان نەبن، یانیش هەبن و تاڵەبانی نەیانبینێت؟ ئەرێ بە ڕاست تاڵەبانی چیرۆکی ئەو منداڵە کوردەی گوێ لێ نەبووە کە هەر لەبەر نەبوونی دەرزی و دەرمان تەمەنی خۆی بە نەتەوەی کورد بەخشی؟! ئای کە سەیرە سەرکردەیەکی نەتەوەیەک دەورووپشتە هەرە نزیکەکەی خۆی نەبینێت، یان بە ئەنقەست پشتگوێی بخات، کەچی شەقاوی گەورە گەورە بەرەو کیشوەرێکی تر بنێت؟!

کاتی خۆی ساڵی 2000 لە کوردستان کتێبێک بڵاو کرایەوە، با لە لایەن حیزبێکی ڕقەبەری یەکێتیشەوە ئەم کارە کرابێ، بەڵام زۆر بەڵگەنامە و شتی نووسراو بە

دەستخەتی جەلال تاڵەبانی خۆی لەوێ بڵاو کراونەتەوە. تا ئێستا من چ وەرامدانەوەیەکی ئەوتۆم سەبارەت بەم کتێبە، لە لایەن هێزی بەرانبەر ـ واتە یەکێتی بۆ پارتی ـ نەبینیوە. دەشبێ کارێکی وا ئەنجام درابێ و من لە نزیکەوە ئاگاداری نەبم. بەهەرحاڵ لە دوایین لاپەڕەی ئەم کتێبەدا، جەلال تاڵەبانی بە دەستخەتی خۆی بڕیارنامەیەکی وەهای ئیمزا کردووە، کە لە شێوەی بەڵگەنامەیەکدا دەبینرێ:

بڕیارمان دا بە دەرکردنی باغەوان عەزیز ئەبوبەکر ڕەشید لەسەر تەمەڵی و کەمتەرخەمی و گوێ نەدانە ئەرکی خۆی. سزامان دا بەوەی کە بڕی مووچەی ئەم 18 ڕۆژەشی لێ ببڕێت و بچێتەوە ماڵی خۆی. ئیمزای تاڵەبانی

لەسەر هەڤاڵ بەهائەدین پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

قەڵاچواڵان

1996/6/19 مام جەلال ئیمزا

هەروەها دەرکردنی باغەوان ئەحمەد وەیسی سەبارەت بە هەمان هۆ. ئیمزای تاڵەبانی

(بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: لێزان، 30 وانە، چاپی یەکەم 2000، ل 271.


بڕیارمان دا بە دەرکردنی باغەوان عەزیز ئەبوبەکر رەشید
لەسەر تەمەڵی و کەمتەرخەمی و گوێ نەدانە ئەرکی خۆی.
سزامان دا بەوەی کە بڕی مووچەی ئەم ١٨/ رۆژەشی
لێ ببڕێت و بچێتەوە ماڵی خۆی.

لەسەر هەڤاڵ بەهائەدین پێویستە
ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات
مام جەلال

قەڵاچوالان
١٩٩٦/٦/١٩

هەروەها دەرکردنی باغەوان ئەحمەد وەیس
سەبارەت بە هەمان هۆ.

ئەگەر بیر لەو ساڵ و سەردەمە بکەینەوە، ئەوسا سەد دۆلاری ئەمریکایی بە تێروتەسەلەوە خێزانێکی گەورە و گرانی پێ بەخێو دەکرا. سەد دۆلار زۆر بە ئاسانی زگی ئەندامانی برسیی خێزانێکی چەند کەسی پێ تێر دەکرا. بژێویی تەواوی خێزانێک دەیکردە سەد دۆلاری ئەمریکایی بۆ مانگێک. چ دەبوو ئەگەر لەو دەمەدا مام جەلال لە جیاتی ئەوەی عەزیز ئەبوبەکر ڕەشید و ئەحمەد وەیسیی باغەوانی دەربکردایە، 30 هەزار دۆلار نا بگرە نیوەی ئەو پارەیەی پێ دابان، تەنیا 15 هەزار دۆلار و بەس؟ ئەگەر ئەو بڕە پارەیە دابەشی سەد بکەین، 150 سەد دۆلاریمان دەست دەکەوێ. 150 سەد دۆلاریش، ئەوسا بێ چ گرفتێک، بەشی بژێوی و بەخێوکردنی 150 خێزانی هەژار و نەداری کوردی دەکرد بۆ ماوەی مانگێکی ڕەبەق!

لە کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانەدا جەلال تاڵەبانی لە عەرەبستانی سعودییە، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی لوتکەی ئیسلامی، فەرمانی حەجیشی بەجێ گەیاند. کورد گۆتەنی ئەو بە بەردێک دوو چۆلەکەی کوشت. لە سایتەکانی ئینتەرنێت وێنەی جەلال تاڵەبانیمان بینی بە جلوبەرگی تایبەت بەم بۆنەیەوە. هەر بۆ نموونە لە سایتی PUK media. تۆ بڵێی جەلال تاڵەبانی لە دەمەدەمی پاڕانەوە لە ماڵی خوادا و بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی حەجیش، بیرێکی لەو دوو باغەوانە نەکردبێتەوە کە کاتی خۆی دەریکردبوون؟ یان لەو هەموو گەنجە کوردە قوربەسەرانەی کە بوون بە خۆراکی شەڕی کوردکوژی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا؟ تاڵەبانی کە لە سلێمانی مەل ئاسا بیری بۆ لای شاعیرێکی جەزائیری بفڕێت، بۆچی نابێ لە سعودییەشەوە خەیاڵی بچێتەوە سلێمانی و کوردستان و خەڵکە هەژار و بێبەشەکانی لە زۆر شتی جوان و خۆشییەکانی ژیان؟



سەبارەت بە ڕێنەدانی هونەرمەند سەعید گاباری لە چوونی بۆ سلێمانی، دەکرێ لە گەلێ لاوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین. لە کاتێکدا کە یەکێتی و پارتی باس لە یەکڕیزی و تەبایی و ئاشتبوونەوە و بەناو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و حکوومەت دەکەن، کەچی زۆر جار چ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بلاوکراوەکانی ناوخۆی ولات یان لەسەر ماڵپەڕە جوداکانی ئینتەرنێت، چاومان بەو هەواڵ و دەنگوباسانە دەکەوێت کە ڕێک پێچەوانەی بانگاشەکانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای باشووری کوردستانن. تەنیا وەک نموونە هەمووومان ئەو دوو هەڤپەیڤینە ڕۆژنامەوانییەمان خوێندۆتەوە کە لە لایەن هەفتەنامەی میدیا دەگەڵ دوو بەرپرسی پارتی و یەکێتی، ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا، ئەنجام درابوون. مرۆڤ لەنێو دێڕ و وتەکانی ئەواندا هەستی بە ناکۆکی و دڕدۆنگی و بڕوا بە یەکتر نەکردنی هەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردستان دەکرد. دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەر شتێ بگەیەنێت، بێگومان بە مانای هێشتا بە تەواوەتی ساغنەبوونەوە و یەکلایی نەکردنەوەی دووبەرەکی و ڕکبەرکێیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دێت، کە زۆر بە داخەوە پێویست بوو زۆر زووتر لە هەنووکە ئەم ناکۆکی و شەڕەقسە و ئاخاوتنە دزێو و کرێتانە شوێنەواریشیان لە بیری تاکی کورد نەهێلرایە و بە یەکجارەکی چارەسەر کرابان.

من خۆم لە نزیکەوە هونەرمەند سەعید گاباری ناناسم، بەڵام بە جاران لە بەرنامەیەکی تایبەتی سەر شاشەی کوردستان تیڤی بینیومە و، دەشزانم خزمەتکارێکی دڵسۆزی هونەر و مۆزیک و گۆرانی ڕەسەنی کوردییە. ئەو کە لە پارچەیەکی تری لەت لەتکراوی نیشتمانەوە بێتە باشووری کوردستان، بۆ ئەوەی خزمەت بە هونەر و ستران و مۆزیکی شیرینی کوردی بکات، نەک هەر شایستەی ئەوە نییە سووکایەتی پێ بکرێت و بە "تەڕەماش" ناو ببرێت، بگرە دەبێ ڕێزێکی تایبەتی لێ بنرێت و لەسەر سەران و لەسەر چاوانیش دابنرێت. سەیر لەوەدایە دەسەڵاتدارانی کورد ڕێ بە ئیبۆیەکی دز و خۆفرۆش و کولتوورتاڵانکەر بدەن تا ڕوو لە باشووری کوردستان بکات، لێ لە هەمان کاتدا ببن بە کۆسپ لە بەردەم هونەرمەندێکی ناسراوی کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و لێنەگەڕێن بچێ بۆ سلێمانییەکی نزیک هەولێر! خۆ ماوەی نێوان سلێمانی و هەولێر بەقەدەر نێوان سلێمانی و جەزائیری پایتەخت نابێت، کە مامی مامان زگی بە شاعیرێکی ئەو وڵاتە دەسووتێت و یارمەتیشی دەدات؟! کاتی خۆی کە بە سەردان لە کوردستان بووم، بێگومان چوومە شاری سلێمانێش. تاکە شت کە لە بازگەی تاسلوجە سەرنجی منی ڕاکێشابێ و گەلێکیش پێی تووڕە و بێزار بووبم، ئەو ئاڵا نەفرەتییەی سەددام و بەعس بوو کە لە ئاسمانی ئەو ناوەدا لەتەک ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەشەکایەوە. کێ نالێ ئێستاش هەر ناشەکێتەوە؟! بە داخەوە ئەم هاوینە کە بۆ ماوەی شەش ڕۆژێک لە کوردستان مامەوە، ڕێک نەکەوت بچمە شاری خۆشەویستی سلێمانی تا لە نزیکەوە تاقیبی ئاڵای ڕەش و نەگریسی بەعسییە مرۆخۆر و هۆڤەکان بکەم.

لە باشووری کوردستان شتەکان بە شێوەیەک ئاوەژوو کراونەتەوە کە بە ڕاستی مرۆڤ وای لێ دێت تووشی سەرلێشێوان بێت. پارتی و یەکێتی ئەوەندەی باسی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ و بەها و پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئازادیی تاکەکەسی دەکەن، ئەگەر نیو ئەوەندە بە کردەوە نەک بە قسە ڕاستیان بکردایە و جدیش بان، ئێستا کوردستان بە چ شێوەیەک ئەم هەموو دیاردە دزێوانەی تێدا نەدەبینرا کە ئەگەر کار وا بڕوا، پارتی و یەکێتی پێش هەمووان، ئینجا گشت کۆمەڵی کوردەواری زەرەرمەند دەبێت. سەران و بەرپرسان و لایەنگران و دەروێشە دڵسۆزەکانی ئەم دوو حیزبە ڕۆژ تا ئێوارە خەڵک هان دەدەن بۆ ئەوەی لە پازدەی دوازدە دەنگ بدەن، قوڕ بە سەری ئەو کەسەش کە دەنگ نادات، ئیدی هەر مەپرسە چ تاوانێکی ناشیرینیان دەخەنە پاڵ: ناتەواو، ناپاک، تەنێ بە ناسنامە کورد، بەکرێگیراو، بەعسی، خزمەتکاری تیرۆریستان و ئەلقاعیدە، دۆڕاو، دوورکەوتووی هیچ لە دەست

نەهاتووی دوورەوڵات و زۆر شتی تری لەو جۆرانەش کە گشتمان بیستوومانە و بینیومانە و خوێندوومانەتەوە.

لە هەولێر و لە سلێمانی جەماوەری کوردستان هان دەدەن، بۆ ئەوەی بیر لە چارەنووسی خۆیان بکەنەوە، چونکە "دەنگمان چارەنووسمانە"، وەک ئەوەی تازە بە تازە "چارەنووس"ی کورد و کوردستانیان بیر کەوتبێتەوە. هەر لە هەمان کاتیشدا لە دهۆک و لە ئاکرێ و لە زاخۆ و لە بەردەڕەش و لە شەقڵاوە و شوێنی دیکەشدا، ئەمجارەیان بە شێوەیەکی تر خەڵک جۆش دەدرێن تاکو هێرش ببەنە سەر بەرامبەرە جیاوازەکانیان. ئەرێ بە ڕاست سەرانی کورد کام وانەی دیموکراسییان فێری ئەم گەلە کردووە؟ کوانێ ئەو "کولتووری جودایی"یەی کە بە جاران لە سایتەکانی ئەو حیزبانەدا باسی کراوە و پەسنی دراوە؟

کاکی پەیامنێری کوردستان تیڤی، وەک ئەوەی لە کوردستان خەڵک بە ئارەزووی خۆیان بتوانن بچنە سەر جادده و مان بگرن و خۆپیشاندان ساز بدەن، باس لە خۆپیشاندانی جەماوەری دەکات! تۆ بڵێی ئەو نەزانێ، لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا، ئەوە حیزبە فەرمانڕەواکانن ڕێکخەری ئەم خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گەلێرییانەن نەوەک خەڵکی ڕەشۆکی و، "کەسانێک یا خەڵکانێک کە دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە تا با نەیبات!" ئەگەر خەڵک بیتوانیبایە بە سەربەستی بچێتە سەر شەقام، چ پێویستمان بەوە نەدەبوو دیمەنە دڵتەزێنەکانی کەلار و تەقەکانی سلێمانی و هاتوهاواری کوردان لە ئاکرێ و دهۆک و ئێرە و ئەوێی نیشتمان ببینین و ببیسین. پەیامنێرە حیزبییەکانی ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییانە، هەر هەموویان، حەوجەداری ئەوەن "کۆرسی تایبەت بە ئەرک و پەیامی ڕۆژنامەڤان و پەیامنێران" بخوێنن. ئەوان با جارناجار چاوێک لە شێوەی کارکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی تر، بۆ نموونە کەناڵە ئەوروپییەکان، بکەن. هەندێک لەو پەیامنێرە حیزبییە کوردییانە کاتێ پەیام و ڕاپۆرتەکانیان پێشکەش دەکەن، هەر مەپرسە چ هەرا هەرایەکیانە و، ئەوان لە جیاتی ڕاپۆرت خوێندنەوە، "خیتابی سیاسی" بە دەنگێکی بەهێز و بە "حەماسەتێکی شۆڕشگێڕانەوە" دەخوێننەوە. تۆ بڵێی جارێ لە جاران خۆیان گوێیان لە دەنگە تۆمارکراوەکانی خۆیان گرتبێ؟!

من ئەگەر دەنگم دابا، دەڵێم ئەگەر دەنگم دابا، لە بارێکدا ئەگەر پارتێکی لە سەداسەد نەتەوەیی و کوردستانی لە گۆڕەپاندا هەبا، بێگومان بە شانازییەوە دەنگی خۆم بە وی دەدا. دیسانیش لەگەڵ ئەوەدا بە هەموو شێوەیەک هێرشە ناڕەواکانی

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بە هەموو مانای وشەوە، مەحکووم و ڕیسوا دەکەم. زۆر پێویستە، لەبەر بەرژەوەندی کورد و گشت لایەکیش، لێکۆڵینەوەیەکی ڕاست و دروست لەم ڕووداوە دڵتەزێنانە بکرێت و، تاوانبارانیش هەروا سووک و هاسان بۆی دەرنەچن!

ستۆکهۆڵم 9-12-2005

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# هەڵوەستەیەک لەسەر دادگاییکردنی سەددام*

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: مەهاباد کوردی

چەند ڕۆژێک دەرباز بوون، پاشان گفتوگۆکان شکستیان هێنا و، شلۆقیی دادگاییکردنیش لە دژی دیکتاتۆری پێشووی عێراق سەددام حوسێن هەر بەردەوامە. پارێزەرانی داکۆکیکەر کوژراون، پسپۆڕەکانی تایبەت بە مافی گەلان لەسەر ڕەوایەتی دادگاییکردنەکە هاوڕا نین. دادگاییکردنەکەش دەستی پێکردووە، وەستێنراوە، درێژەی هەبووە و ئێستا دووبارە وەستێنراوەتەوە. ئەم جارەیان بۆ بیست و یەکی مانگی دوازە.

دادوەرەکانی تایبەت بە دادگاییکردنی سەددام لە لایەن Hans Corellی سوێدییەوە فێر کراون. بە بۆچوونی ئەو دادگاییکردنەکە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوە دەچێ و گرنگیشە بۆ گەشەسەندنی دیموکراسی لە عێراقدا.


Slaget om Saddam

Det gick några dagar, sedan bröt förhandlingarna ihop igen, och kaoset runt rättegången mot Iraks före detta diktator Saddam Hussein fortsätter. Försvarsadvokater har mördats, folkrättsexperterna tvistar om rättvisan och rättegången har inletts, avbrutits, fortsatt och nu avbrutits igen – den här gången till den 21 december.



ـ بە دڵنیاییەوە دادگاییکردنەکە دادپەروەرانەیە. لەم دادگاییکردنەدا گەرەنتی و مەرجەکانی تاوان بە شێوەیەکی پرۆسەیی ڕەچاو دەکرێن کە لە ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا هەڵێنجراون. دادوەرەکان دەزانن کە چاوی دنیایان لەسەرە.

Hans Corell کە پێشتر سەرۆکی دادگای تایبەت بە UN بووە، مەشقی بەو دادوەرانە کردووە کە پاشان جێی خۆیان لە دادگا تایبەتییەکاندا گرتووە. ئەو جەخت

لەوە دەکاتەوە کە هەر وڵاتێک مافی خۆیەتی هاووڵاتییانی خۆی دادگایی بکات و، دادوەرەکانیش لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە دەستنیشان کراون. دادگاییکردنەکە پێویستە بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت لە ڕووی دیموکراسییەوە گەشە بسەنێت.



دادوەر ڕزگار محەممەد ئەمین

ـ ئەگەر ئێمە دیکتاتۆرێکمان هەبێت و دەستوورێکی هیچ لە باردا نەبووش، داخوا ئەوسا مرۆڤ چ بکات باشە؟ مرۆڤ هەر دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێ بکات. ئەگەر سەددام حوکم نەدرێت، ئیدی مرۆڤ ناتوانێ چ کەسێکی تر حوکم بدات.

ئەگەر سەددام بتوانێ دادگاییکردنەکە بۆ نمایشکردنێکی شانۆیی بگۆڕێت، دیارە ئەمە گرفتێکە، بەڵام بە بۆچوونی Corell بێ دەکرێ بەسەریدا زاڵ بین.

ـ ڕێی تێدەچێ ئەو کەسانە هەوڵ بدەن دادگا لە شێوەی پلاتفۆڕمێک بۆ گەیاندنی پەیامە سیاسییەکانی خۆیان بەکاربێنن. دادوەرەکە ئاگادارە لەوەی کە ئەم پرۆسێسە دەبێ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ڕابگیرێ، بەڵام پێویستە کەسەکانی بەرامبەریش قسەی خۆیان بڵێن.

بە پێچەوانەی زۆر لە کەسانی تر Hans Corell پێی وا نییە هەر لە ئێستاوە حوکمەکە بڕابێتەوە.

ـ هەتا بڵێی گرنگە بۆ وڵاتێک کە بیەوێ پێ بنێتە نێو سیستەمی دیموکراتی، بە هەموو شێوەیەک و بە گوێرەی توانا و بە شێوەیەکی ڕاست و دروستیش دیرۆکی خۆی لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت.

هەرچی "سەعید مەحموودی"یە کە پرۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، پێی وایە دادگاییکردنەکەی سەددام لە "دادگاییکردنێکی بە باقوبریق" زیاتر چی دیکە نییە و، هەر لە ئێستاوە دیارە سەددام سزای مەرگی بۆ دەبڕێتەوە.

ـ ئەمە دادگاییکردنێکی بەبریقەبریق و لایەنگیرە، چونکە لە بنەڕەتدا دادگا عێراقییە نەک نێودەوڵەتی. کەسێک لە عێراقدا نابینرێ کە بە تەواوەتی بێلایەن بێ لە هەمبەر سەددام و، بتوانێ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و بێلایەنانە ئەو حوکم بدات.

سەعید مەحموودی وای بۆ دەچێ کە دەبوایە لە جیاتی ئەم شێوە دادگاییکردنەی ئێستا، سەددام لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرایە کە دادوەرانی عێراقی و نێودەوڵەتیشی تێدا هەبوایە.

هەر بە گوێرەی بۆچوونی ئەو مەترسییەکی دیکە لەوەدایە کە ئەم دادگاییکردنە پەخشکراوەی سەر شاشەی تەلەفزیۆن ببێتە پلاتفۆڕمێک بۆ سەددام تا پەیامە سیاسییەکانی خۆی بە دنیای دەرەوە ڕابگەیەنێت.

ـ خراپ نییە ئەگەر دادگاییکردنەکە لە تەلەفزیۆن پیشان بدرێت، بەڵام لەوانەیە دروست لە کاتی ئێستادا گونجاو نەبێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەو ڕەوشە زاڵەی کە هەنووکە لە عێراقدا باوە. بە ڕاستیش مرۆڤ حەوجەداری ئەوەیە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە بکات، ئایا کارێکی گونجاوە سەددام میکرۆفۆن بگرێتە دەست و بە کەیفی دڵی خۆیشی قسان بکات.

مەحموودی دوو سیناریۆی چاوەڕوانکراو دەبینێت، یەکێکیان سەددام تێیدا لەبەر قەسابخانەکەی دوجەیل بە مردن حوکم دەدرێت، ئەوی تریشیان هەر هەموو خاڵەکانی تاوانبارکردنی سەددام دەخرێنە سەر یەک، پێش ئەوەی سزاکە جێبەجێ بکرێت.

ـ من باوەڕ دەکەم هەر لە ئێستاوە بڕیارەکە دراوە. پارێزەرە داکۆکیکەرەکان گشت بەڵگە و بیانووەکانیان دەخەنە بەر دەست و دادگاش گوێیان بۆ شل دەکات، بەڵام حوکمەکە پێشوەخت بڕاوەتەوە.

سەرچاوەی ئەم باسە: Metro, 9-12-2005, Slaget om Saddam, David Baas, Sid.18. من تەنیا ناوونیشانی بابەتەکەم گۆڕیوە نەک شتێکی تر. ناوەڕۆکی باسەکە بۆچوونی تایبەتی خاوەنەکانیانن و بە چ شێوەیەک دەستکاری نەکراون. (وەرگێڕی کوردی)

<u>ستۆکهۆڵم 9-12-2005</u>

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

# ئەو بڕیارەی نەدەبوو بدرێ!*

دوای ئەوەی دادگایەکی سەر بە پارتی لە هەولێر، بڕیاری حوکمی سی ساڵی بۆ د. کەمال سەید قادر بڕاندەوە، زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕە کوردییەکان و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە نێوخۆییەکانی کوردستانیش ئەم هەواڵەیان پەخش و بڵاو کردەوە. هەر ئەمڕۆ بەیانی پێش ئەوەی بچمە سەر کار، لە تێکستەهەواڵێکی تەلەفزیۆنی سەر بە دەوڵەتی سوێدیدا، سەردێڕی هەواڵەکە بەم شێوەیە سەرنجی ڕاکێشام: کوردێک، چونکە ڕەخنەی گرتووە، سی ساڵ حوکم دراوە! بە ڕاستی من وەک کوردێک شەرم دامدەگرێ کە نووچەیەکی وەها لە تەلەفزیۆنێکی وڵاتێکی ئەوروپایی دەخوێنمەوە. گەلێک کە بە درێژایی مێژوو خەباتی بۆ سەرفرازی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی کردبێ، تا بڵێی شەرمێکی گەورەیە ئەمڕۆ دەسەڵاتدارە خۆییەکانی، لەبەر دوو نووسین و لەسەر بیر و بۆچوونی جیاواز و با لەمەش واوەتر بێ، هاووڵاتییەکی خۆیان بە شێوەیەکی نابەجێ و نادیموکراسییانە و ناڕەوایانەش بە چەندیش، بە سی ساڵ زیندانی!، حوکم بدەن. ڕەنگە ئەم جۆرە حوکمدانە بەتەنێ لە لایەن ڕژێمە دیکتاتۆر و ملهوڕ و ڕەگەزپەرستەکانی ئێرە و ئەوێی دنیادا تاک و تەرا مابن؟ ئەی ئەوە نییە تورکیای کەمالیستەکان، لەبەر بەکارهێنانی وشەی "ڕۆژباش"ی کوردی و پیتە کوردییەکانیش، هاونیشتمانان و هازمانانی ئێمە سزا دەدات و دەیانخاتە زیندانەوە؟! یان سووکایەتی بە نووسەرێکی وەک ئۆرهان پاموک دەکات، هەر لەبەر ئەوەی چەند ڕاستییەکی حاشالێنەکراوی سەبارەت بە هۆڤێتی و دڕندەییەکانی تورکان درکاندووە. ئایا کەی دروستە هێزێکی بەرچاوی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، پارتی یان هەر حیزب و ڕێکخراوێکی تر، بە هەمان پێوەر و کردار و ڕەفتاری تورکە شۆڤێنیست و گورگەبۆرەکان، لە بەرامبەر نووسەرێک یان هەر هاووڵاتییەکی کورددا هەڵوێست بنوێنن؟ ئەرێ بە ڕاست ئەو پرەنسیپە دیموکراتی و ئازادییە تاکەکەسییانە و مافی مرۆڤ و سەربەخۆیی کورد و شتە پیرۆزەکانی دیکە چیان بەسەر هات، کە ئەم حیزبە فەرمانڕەوایانە ساڵانێکی زۆرە پێیانەوە دەنازن؟!

من پێشتر گوتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە: گەلێ لەو کەسانەی کە لەسەر پرسی گرتنی د. کەمال سەید قادر وەدەنگ هاتوون، چ گومانم نییە، لەگەڵ ئەو شێواز و زمانی نووسینەی کە ناوبراو بەکاری دێنا، دانوویان نەدەکوڵا و ناکوڵێ، لێ دیسانیش ئەمە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت کە ئەوان بە دەرکردنی وەها حوکمێک ڕازین و

بێدەنگی هەڵدەبژێرن. نەخێر و هەزار جاریش نەخێر بۆ حوکمێک کە ئەگەر ڕاستیت دەوێ، نەدەبوو هەر لە بنەڕەتدا بیری لێ بکرێتەوە. من پێموایە پارتی دیموکراتیی کوردستان دەبوو بە چاوێکی تر لە مەسەلەکەی ڕوانیبا. ئەگەر مەسعوود بارزانی بهاتبا د. کەمالی لە زیندان ئازاد کردبا، ئەوسا خەڵک و خواش حیسابێکی دیکەیان بۆ ئەو دەکرد. بارزانی کە کارێکی وای ئەنجام نەدا، نەدەبوو بە چ شێوەیەک ڕێ بەو کەس و لایەنانە بدات، کە ئەم بڕیارەیان داوە. هەر کەسێک کە سەرچاوەی ئەم بڕیارە بووبێت، بیزانێ یان نا، زیانی لە سەرکردایەتی سیاسیی پارتی داوە و ناوی کوردیشی زڕاندووە. ئەرێ کوان ئەوانەی کە ناویان لە خۆیان ناوە "ڕاوێژکار" و "قسەکەر" و "سەرۆکی دیوانی سەرۆک" و زۆر شتی تریش؟ ئەی نەدەبوو ئەوان لەم پرسەدا پرسەخەسووانێیەکیان پێ بکرێ؟ ئەو نووسەرانە لە کوێن کە ئێستانەکینێ، بیانەوێ و نەیانەوێ، زمانیان بووەتە زمانی دەسەڵاتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، کەچی سەبارەت بە گەلێ مەسەلەی گرنگ و گرێدراو بە چارەنووسی کورد و کوردستان و پرسی ڕۆشنبیران و نووسەرانیشەوە، لەبەر هەر هۆیەک بێ، قوڕقەپیان کردووە و با باشیش بزانن قەت قەت وەک جاری جاران تەماشا ناکرێن؟! من نازانم یەکێک کە بە ساڵان داکۆکی لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤی کورد، بە نێر و مێ و تاک و کۆمەڵییەوە کردبێ و لە ئەورووپاش ژیانی بەسەر بردبێ و بە نۆرمەکانی ئەوێندەرێش پێگەیشتبێ و تێگەیشتبێ، ئێستا چۆن وا بە ساناهی توانرابێ دەستەمۆ بکرێ؟ گەلۆ ئەو جۆرە کەسانە بیر لەوە ناکەنەوە کە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی وەک ئەوەی لەمەڕ د. کەمال، لە ڕاگەیاندنەکانی ئەورووپادا، تا چ ڕاددەیەک زەرەر لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد دەدات و لە هەمان کاتیشدا هۆیەکانی مەسمێدیای نەتەوە سەردەستەکان و داگیرکەرانی کوردستان چۆن چۆنی شتی ئەوها دەقۆزنەوە، هەر تەنیا بۆ ئەوەی ناوی کوردی پێ بەد بکەن؟! داخوا ئەگەر ئەو نووسەرانە لێرە بان، دەبێ چ وەرامێکیان بۆ دەزگایەکی وەک تەلەفزیۆنی سوێدی هەبا؟ ئێ خۆ نەدەکرا بە کاربەدەستانی سوێدیش بڵێن: د. کەمال جوێنی بە سەرۆک داوە، هەر لەبەر هەندێ پێویستە سی ساڵ زیندانی بۆ ببڕێتەوە!

لە کاتێکدا پارتی و یەکێتی، هەر دوێنێ لەسەر زاری خودی جەلال تاڵەبانی، ڕێگا بە دوو لە لێپرسراوە گەورە تازە ئازادکراوەکانی حیزبی بەعسی عەفلەقی دەدەن، تا لە کوردستانەوە بەرەو ئەڵمانیا و ئەورووپا هەڵبێن، وەک چۆن پێشتریش داکۆکی شێتانەیان لە نزار ئەلخەزرەجیی تاوانبار و ئەنفالچیی کورد کرد و "وەفیق

ئەلسامەڕائی"ی تاوانباریان گەیاندەوە بەغدا و دالّدەی حازم ئەلشەعلانیش دەدەن، کەچی ناتوانن پشووفراوانی لە بەرامبەر کوردێک، با "کەوتبێتە داوی موخابەراتی دەوڵەتێکیشەوە"، پیشان بدەن و سی ساڵ حوکمی بۆ دەبڕێننەوە! مافی خۆمانە بپرسین: ئایا ئەلخەزرەجی و ئەلسامەڕائی و ئەلشەعلان یان د. کەمالێکی کورد شایانی ئەوەن ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە و، لەبەر ئەو تاوانانەی لە دژی کورد و کوردستان، وەک نەتەوە و نیشتمان، ئەنجامیان داوە دادگایی بکرێن و بە سزای ڕەوای خۆشیان بگەیەنرێن؟!

پارتی و یەکێتی با بچن بیر لەوە بکەنەوە، بۆ کورد نەیتوانی لە مووسڵێکی کوردستانیدا زیاتر لە سەدا نۆزدە دەنگ بهێنێت؟ ئەوان دەبێ بیر لە پرسە هەرەگرنگ و هەنووکەیی و چارەنووسسازەکانی کورد بکەنەوە، بە تایبەتیش وەک دەبینین لە دوای هەڵبژاردنەکاندا زێتر و زێتر دێنە پێشەوە. ئایا مەسەلەی شاری کەرکووک بەرەو کوێ مل دەنێت؟ ئەی چارەنووسی ناوچە و دەڤەرە تازە ڕزگارکراوەکانی دیکەی کوردستان چی دەبێت؟ کەی سیستەمی ناکوردستانییانەی دوو ئیدارە و دوو حکوومەت لە گۆڕ دەنێن؟ باری ژیانی هاووڵاتییان و گرانبوونی کەرەسە و کەلوپەلە پێویستەکان و بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و نەبوونی کارەبا و بڵاوبوونەوەی دیاردەی دزێوی گەندەڵی و زۆری دیکەش. ئەمانە هەر هەموویان یەخەی دەسەڵاتدارانی کوردستانیان گرتووە، کەچی ئەوان خۆیان بە پرسی لاوەکی خەریک کردووە و لە هەمان کاتیشدا باس لە چاکسازی و پاکسازی و دیموکراتخوازی و مافخوازی دەکەن.

من پێموایە ئازادی خۆیشی شتێک نییە ڕەها بێ و سنووری نەبێ. هەڵسوکەوتی تاکەکەس لە هەر کۆمەڵگایەکدا، نابێ بە زیانی گشتی و بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی گەل و وڵات بکەوێتەوە. هەر لە بنەڕەتدا دژی هەر بیر و بۆچوون و کردەوە و ئاخاوتنێکم کە لەگەڵ بەرژەوەندی و خواستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەل و خاکەکەمدا یەکنەگرنەوە. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە ڕەوا نییە، دووبارەی دەکەمەوە ڕەوا نییە، لەسەر یەک دوو نووسین و قسەی سەر تۆڕی ئینتەرنێت کەسێک بە سی ساڵ حوکم بدرێت. ناڵێم لە سەداسەد، بەڵام دڵنیام پارتی و سەرانی، کێ ناڵێ هەر لە کاتی نووسینی ئەم چەند دێڕانەدا، هەوڵ بدەن بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی دیکەدا بگەڕێن و بیانەوێ خۆیان لەم کێشەیە ڕزگار بکەن. ئەوان ئەگەر کارێکی وا بکەن، بێگومان بەر لەوەی لە قازانجی هەر کەس و لایەنێکی تردا بێت، لە قازانجی تایبەتی

خۆیاندا دەبێت. هیوادارم هەستیان بەمە کردبێت و زووش بکەونە جووڵە! سوێد
2005ـ12ـ21

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# چەپکەگوڵێکی ڕازاوە بۆ (چاک)*

بڕیاردان لەمەڕ چارەنووسی بازرگانی کەرەسە و چەکی کیمیاوی "فرانس ڤان ئانرات"ی بە ڕەچەڵەک هۆڵەندی لە 23ی ئەم مانگەدا، لە لایەن دادگایەکی ئەو وڵاتە و سزادانی بە 15 ساڵ زیندانی، بە یەکێک لە دەستکەوتە هەرە مەزنەکانی گەلی کورد دەژمێردێت. بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا بە فەرمی دانپێدانانی جینۆسایدی نەتەوەیەکە و سەرخستنی دۆزی ڕەوا و مافداری کوردیشە لە خەبات و تێکۆشانیدا، تا وەک هەر گەلێکی ئازادیخوازی تر، بگات بە ئامانج و خواستە لەمێژینەکانی خۆی کە بریتییە لە ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان، با قۆناغ بە قۆناغیش بێت. بۆ کورد وەک گەلێکی هەمیشە غەدرلێکراو و بێبەشکراو لە هەموو شتێک، بڕیارێکی ئاوەها گرنگ و پڕ مانا، زۆر شت دەگەیەنێت. ئێمەی ئەندامانی ئەم نەتەوەیە دەبێ لە ناخمانەوە هەست بە خۆشییەکی بێسنوور بکەین، کاتێ کە دەبینین یەک لە بازرگانە چاوبرسییە کۆمەککەرەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ، لە بەردەم دادگای وڵاتەکەی خۆیدا ڕادەوەستێت و بە تاوانبار ناو دەبرێت و 15 ساڵ زیندانیشی بۆ دەبڕێتەوە.



کەس نییە نەزانێ لە سەرخستنی ئەو پرۆسە قانوونی و بە گرفت و ئاڵۆزاوییەدا، "چاک ـ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد"، چەند ماندووبوون و ئەرک و زەحمەتی و بێنە و بەردە و شەونخوونی و ئازاری چەشتووە. هەر کەس و لایەن و سەرکردە و پارتێکی کوردی، با لە لوتکەی دەسەڵاتیشدا بن، ئەگەر خاڵێکی وەها لەبەر چاو نەگرن و ئەم شتە نەبینن، بە ڕاستی ناماقوولییان کردووە و چ ڕێزێکیشیان بۆ خەبات و ڕەنجی بەشێک لە ڕۆڵە دڵسۆز و خەمخۆرەکانی ئەم میللەتە دانەناوە. من تێناگەم بە کەم سەیرکردنی چالاکییەکی ئەوها گەورە و ناونەبردنی ئەوانەی کە لەپشت ئەم کارە کوردستانییەدا بوون، چ خێرێکی دەبێت بۆ هەر لایەنێکی کوردی کە هەڵوێستێکی وا بنوێنێت و یان بە ئەنقەست نەیەوێت ناوی "چاک" ببات؟ ئەرێ بۆچی دەبێ، تا کەی، حیزبە کوردییەکان، بە تایبەتیش ئەوانەی باشوور، کەس لە سەرووی خۆیانەوە بە بەرزتر نەبینن و، تەنیا ئەوەشیان پێ باش بێت کە لەناو چوارچێوەی بازنە داخراوەکەی خۆیاندا بخولێتەوە؟

جێی داخە ڕاگەیاندنی فەرمیی کوردی، وێڕای پەخش و بڵاوکردنەوەی هەندێ ڕاپۆرت و هەواڵ و هەڤپەیڤین و شتی دیکە کە لە ڕۆژانی کۆتایی پرۆسەکەدا خەڵک

زیاتر هەستیان پێیان دەکرد، وەک پێویست بایەخی بە پرسێکی وەها گرنگ و کوردستانی و نەتەوەیی نەدا و لە ئاست ڕووداو و پێشهاتەکانی پرۆسەکە نەجووڵایەوە. ئەگەر دادگاییکردنێکی لەو جۆرە تایبەت بوایە بە هەر گەلێکی تر، ڕاگەیاندن و مێدیا فەرمییەکانیان زۆر چالاکانەتر لە کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان تیڤی و کوردسات، بە ئەرکە نەتەوەییەکانی سەر شانی خۆیان ڕادەبوون. جێی خۆیەتی سەرپەرشتکاران و کاربەدەستانی ئەم دوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە لە چۆنێتی دادگاییکردنەکەی میلۆسۆڤیچ ورد ببنەوە و، تەماشایەکی هەڵسوکەوت و پەخشکردن و چالاکییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو لایەنانەش بکەن کە گرێدراون بەم مەسەلەیەوە. ڕەنگە لە بارێکی وادا مرۆڤ بتوانێت هەست بە جیاوازییەکانی کورد و میللەتانی تر بکات!

لە کۆتاییدا من خۆشم وەک کوردێک، هەست دەکەم وەک پێویست لەم بوارەدا شتێکی ئەوتۆم ئەنجام نەداوە. هەربۆیە لێرەدا بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم داوای لێبوردن لە گشت ئەندام و لایەنگر و هەڵسووڕێنەرانی "چاک" بکەم و لە ناخی دڵیشمەوە سڵاوێکی کوردانەیان ئاراستە بکەم و، پێشیان بڵێم: ئەم سەرکەوتنە مەزنە لە ئێوە و کورد و کوردستان و هەر کوردێکی کوردستانی و نەتەوەیی و خەمخۆریش پیرۆز بێت. ئاواتەخوازم لە ساڵی تازەدا سەرکەوتنی زیاتر و زیاتر بەشی گەلە چەوساوەکەمان بێ. ساڵی 2006 لە هەموو لایەک پیرۆز بێت!

<u>ستۆکهۆڵم 26-12-2005</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# بژی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان!*

لەمێژ بوو خەڵکی بەشەرەف و خۆڕاگری کوردستان چاوەڕوانی ڕۆژێکی وەها بوون کە پارتی و یەکێتی واز لە سیستەمی دزێوی دوو حکوومەتی خۆیان بێنن و، بشگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی ڕاستەقینەی جەماوەر کە خۆی لە یەکگرتوویی هەردوو ئیدارەکەدا دەبینییەوە و دیارە بە ساڵانیش بوو ئەمە داوای یەکەم و هەرە لەپێشەوەی تەواوی کورد بوو. دوێنێ کە سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی هەواڵی یەکگرتنەوەکەی بە کورد و هەموو دنیاش ڕاگەیاند، بێگومان لە هەمان کاتیشدا باسی لە سەرکەوتنێکی بەرچاو کرد، کە ئەگەر ئەوەندە دوا نەخرابایە، جا لەبەر هەر مەبەستێک بێ، ئێستا تام و بۆیەکی دیکەی دەبوو و لە سەرکەوتنیش زێدەتر حسێبی بۆ دەکرا. بەهەرحاڵ هەنگاوێکی لەو جۆرە، یەکخستن و ڕێکخستن و تێکەڵکردنەوەی ماڵی کورد، خۆی لە خۆیدا بە سەرکەوتن بۆ گشت ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە و پارتی




دیموکراتیی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش دەژمێردرێت. من وەک کوردێک لە کانگای دڵ و دەروونمەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی سیاسیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری ئەوڕۆی کوردستان دەکەم و هیواداریشم بۆ هەتا هەتایێ بیر لەوە نەکەنەوە، خوانەخواستە ڕۆژێ لە ڕۆژان و جارێکی تر، بۆ دواوە بگەڕێنەوە

و برینە کۆن و هێشتا بە تەواوەتی سارێژنەبووەکانی جەستەی ئەم گەلەش بکولێننەوە!

لە ڕەوشی هەنووکەی باشووری کوردستاندا پێکهێنانی حکوومەتێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمایەکی دروست و دیموکراتییانە و، لە هەمووشی گرنگتر کوردستانییانە، چاکترین وەرام دەبێت بۆ داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا و لەوانەشە زۆر پرسی تایبەت بە ژیانی ئێستای هاووڵاتییان چارەسەر بکات، هەر بۆ نموونە مەسەلە دزێوەکانی وەک دیاردەی گەندەڵی ئیداری و بەرتیلخۆری و نەبوونی ئاو و کارەبا و بەنزین و سووتەمەنی و بەرزبوونەی نرخی کەلوپەلە هەرە پێویستەکانی ژیانی ڕۆژانە و گەلێ تەنگوچەڵەمەی تریش.

کاری یەکگرتنەوەکە بەر لەوەی شتێکی ڕۆتینی و شێوەیی و فریودەرانە بێ، زۆر زۆر پێویستە ئەم جارەیان هەر بە قسە نەبێ و کرداری ڕاستەقینەی بەدوادا بێت. لەسەر دەسەڵاتدارانی کورد پێویستە بە هەستێکی نەتەوەیی و نیازپاکییەوە لەم پرسە چارەنووسسازە نزیک ببنەوە و، بە کردەوەش هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی خودی یەکگرتنەوەکە بنێن. سەرانی کورد و هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای باشوور دەبێ متمانەی تەواوی گەلەکەیان بەدەست بێنن و ناشبێ بە چ شێوەیەک، لەو "جەژنانە"یە پەشیمان ببنەوە کە هەر دوێنێ باسیان لێوە دەکرد.

دروستکردنی حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردستان، ئەگەر لەسەر بنچینەیەکی ڕاست و پتەو بێت، چ گومان لەوەدا نییە دەبێت بە هیوا و هومێدی گشت ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی ئەم گەلە و کوردان لە هەموو بستێکی کوردستانی گەورە و تەواوی دنیاشدا چاوی لێ دەکەن و، بە حکوومەتی خۆشیان دەزانن. یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و حکوومەت لە هەمان کاتدا پێویستییەکی زۆر گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەگەر و پێشهاتەکانی ڕەوشی شلۆقاو و لەباریەکچووی بەناو دەوڵەتی عێراق. هەروەها وەها یەکگرتنەوەیەک دەبێت بە گورزێکی توند کە لە قەبرغەی داگیرکەرە هۆڤەکانی کوردستان دەوەشێنرێت، بە تایبەتیش لە تەنگەی کەمالیستە ڕەگەزپەرستە بۆگەنەکان، کە مردنی خۆیان لە هەر سەرکەوتنێکی گەلێ گچکەی کوردیشدا دەبینن.

هەندێ وەزارەت هەن کە لە کاری یەکخستنەوە و یەکگرتنەوەی هەردوو حکوومەت و ئیدارەکەی پارتی و یەکێتیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و، دەبێ لە دەلاقەی بەرژەوەندییە نەتەوەییە کوردستانییەکانەوە لێیان بڕوانین نەک لە دید و بۆچوونێکی حیزبیی تەسک و تریسکەوە. لەمانە وەزارەتەکانی تایبەت بە کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆیی

و دارایی و پەروەردە و داد و چەندی تریشەوە. پارتی و یەکێتی، دیارە ئەگەر بیانەوێ، دەتوانن لەژێر ناوی وەزارەتی پێشمەرگە سوپایەکی بەهێز و یەکگرتوو و مێشک ئاودراو بە بیری کوردستانی و پارێزەری بەرژەوەندییە بەرچاو و چارەنووسسازەکانی کوردیش دروست بکەن. سوپایەکی ئەوها لە هەموو کاتێکدا دەتوانێت تا ڕاددەیەکی باش خاکی کوردستان و گیانی هاووڵاتییانیش لە گەلێ مەترسی دەرەکی و دوژمنانی سەرەکیی نەتەوەش بپارێزێت. وەها سوپایەک پێویستییەکی هەنووکەیی و گرنگی بارودۆخی ئەوڕۆی باشووری کوردستانە. سەرانی کورد نابێ بە چ شێوەیەک چاو لە خاڵێکی وەها گرنگ و کوردستانی بپۆشن!

ئەمەی کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا زۆر لە وەزارەتە گرنگەکانی تریش دەگرێتەوە. حکوومەتێکی یەکگرتووی کوردستان دەبێ خاوەن بودجەی تایبەت بە خۆی بێت و، کاروبارەکانی تایبەت بە بواری دارایی و پەروەردە و ناوخۆیی و داد و زۆر لە دام و دەزگا بەرچاو و بەدەسەڵاتەکانی تریش، نابێ ببن بە مەیدانی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و بنپێخستنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییان و خەڵکی کوردستان. سیستەمی پەروەردە پێویستە لە بنج و بناوانەوە چاوێکی تەواوی پێدا بخشێنرێتەوە. ئاسایشی سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەبێ لە بناغەوە هەڵبوەشێنرێنەوە. لە جیاتی هەردوو دەزگای زانیاری و پاراستن، ئەمڕۆ چەندی بڵێی پێویستە، کورد لە باشووری کوردستان دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەیی سەر بە خۆی هەبێ و تاکە ئامانجیشی پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بێت نەوەک شتێکی حیزبی و بچووک.

قسە گەلێ زۆرە، بەڵام لێرەدا تەنیا بەم چەند وشانە واز لەم بابەتە دێنم و، بە هەموو بڕوایەکیشمەوە هاوار دەکەم: بژی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان!

سوێد 8-1-2006

* لە (میدیا، ژمارە 224، 2006/1/17، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# پەرلەمانی کوردستان و زمانی عەرەبی*

ڕەنگە زۆربەمان دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستانمان بینیبێ(24ـ1ـ2006). سوپاس بۆ کارمەندانی کوردستان تیڤی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم دانیشتنەیان بۆ بینەران گواستەوە. هیوادارم هەمیشە لەسەر ئەم کارەیان بەردەوام بن و پەرەی پێ بدەن. لە گەلێ ولاتان کاتێ کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی نێو پەرلەمان بەڕێوە دەچن، تەلەفزیۆنە حکوومەتی و ناحکوومەتییەکانیش، ئاخاوتن و لێدوان و ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ دەگوازنەوە. من پێموایە کارێکی وەها شتێکی شارستانییانە و دیموکراتییانەشە، چونکە هاوولاتییانی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوە مافی تەواوی خۆیەتیان لەم دانیشتن و کۆبوونەوانەی ناو پەرلەمان ئاگادار بن. لە هەمان کاتیشدا بەم جۆرە کارانە بیروڕای جودا جودا دێنە ئاراوە و لەوانەشە بەهۆی کاردانەوەی خەڵک و نووسەران و ڕۆشنبیرانی دڵسۆزی گەلەکەمان لەمەڕ چۆنێتی دانیشتنەکان، ئەندامانی پەرلەمان، بە پەیڤ و قسە و بۆچوون و هەڵوێستە چەوتەکانی خۆیاندا بچنەوە و حیسابێکیش بۆ ڕای گشتی بکەن.

پەرلەمانی کوردستان لە باشوور کە لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ساڵی 1991 هاتۆتە ئاراوە، تەمەنێکی باشی بەڕێ کردووە، کە بێگومان ئەگەر لەبەر شەڕی نەگریسی ناوخۆیی نەبوایە زۆر لە ئێستا چالاکتر و بەدەسەلاتتر و چاکتر دەبوو. بەکورتییەکەی لە لایەن هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای ئەمڕۆی باشووری کوردستان، پارتی و یەکێتی، لنگ و پێی مینا کاوڕی دابەستە و ئامادە بۆ سەربڕین نەدەبەسترایەوە. جێی داخە دیاردەیەکی وەها بە ئاسانی لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەردەکەوێ و بە جارانیش بە چاوی خۆمان بینیومانە و هەستمان پێی کردووە. تەنانەت لە دانیشتنەکەی دوێنێش هەر هەمان شت دووبارە و دەبارەش بووەوە. ئەی هەر دوێنێ نەبوو گوێمان لە سەرۆکی پەرلەمان بوو کە دەیگوت ئەم یاسایە ـ سەبارەت بە دەسەلات و پایەی سەرۆکایەتی هەرێم : "لەبەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی داڕێژراوە و دەبێ ئەم شتەش لەبەر چاو بگرین"؟!

یەکێ لە خاڵەکانی تری ناو دانیشتنەکەی دوێنێ، کە مەبەستی سەرەکی باسەکەمانە، بابەتی بەکارهێنان و پەنابردنە بەر زمانی عەرەبی بوو. بگرە دواکەوتنی خودی کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیش هەر لەبەر ئەوە بوو کە لە سەرەتادا یاساکە بە

زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە و پاشانیش کراوەتە کوردی. ئەگەر هەر کەسێک بە جوانی گوێی لە وتەکانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی گرتبێ، دەزانێ کە تا چ رادەیەک پەرلەمانی کوردستان "نەک عەرەبستان!"، پشت بە زمانی عەرەبی دەبەستێ و ئەمەش جاری یەکەمی نییە کە عەرەبی وەک زمانی سەرەکی لە نووسین و کارەکانی خۆیدا بەکاربێنێ. پێشتر هەر هەمان پەرلەمان کاری وای ئەنجام داوە و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بلاوکراوەکانی ناوخۆی ولاتیش، بە خەتی گەورە و درشت، ڕەخنەمان لەبارەیانەوە خوێندۆتەوە. بێگومان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نزیکەوە ئاگای لەم مەسەلەیە هەیە و دەشزانێ چ دەلێم.

لە کوردستان، ئەگەر عەرەبی زمانی فەرمیی"یەکەم" بوایە، لەوانەیە ئەوسا قسەیەکی دیکەمان هەبوایە و بەم شێوەیەش یەخەی پەرلەمانی بەستەزمانمان نەگرتایە. کوردی کە زمانی سەرەکی و زگماک و ڕەسەن و باو و فەرمیی کوردستان و ئاخاوتنی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ولاتەکەیە، بۆچی دەبێ پشتگوێ بخرێ و بە جارانیش، وەک زمانی دووەم، لەنێو پەرلەماندا حیسابی بۆ بکرێ؟! ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا سووکایەتیکردن نییە بە زمانی کوردی و نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان و هەست و پیرۆزی و تایبەتمەندییەکانی کوردیش لە باشووری کوردستان؟!

ئەوانەی کە یاسا و قانوونێک بە عەرەبی، بۆ پەرلەمانی کوردستان، دەنووسنەوە، ڕێی تێدەچێ کاتی خۆی لەبەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەعسییە خوێنمژ و کوردکوژەکان نەیانتوانیبێ بە زمانی زگماکی شیرینی خۆیان بخوێنن. بەلام ئەوانەی کە هەر هەمان یاسای پێشنیارکراو و نووسراو بە عەرەبی وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی و دەیخەنە بەردەم پەرلەمەنتارانی کورد تا گفتوگۆی لەسەر بکەن، پێیان خۆش بێ یان نا، هەر هەلەکردنێکی زمانەوانی و ئەتککردنێکی زمانی کوردی دەکەوێتە ئەستۆیان و دیارە بەم کارەشیان غەدر لە خۆیان و گەلەکەیان دەکەن. پەرلەمانێک کە سالانێکە مۆمی 10 سالەی تەمەنی خۆی کوژاندۆتەوە، تۆ بلێی نەتوانێ لەم کوردستانە گەورە و پڕ خوێندەوار و تژی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەیمانگا و زانکۆ و دەیان دامەزراوی دیکەدا، وەرگێڕێکی شارەزا و لێهاتووی دەست بکەوێ تا چەند لاپەڕە نووسراوێکی عەرەبی بۆ بکات بە کوردی و لەم گرفتەش ڕزگاری بکات. بە ڕاستی زۆر شەرمە بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دوای ئەم هەموو سالانە، ناچار بێ لەسەر سەکۆی پەرلەمانی کوردستان بە دەمی خۆی هاوار

بکات و بڵێت: "هەموو ئیعتیمادەکمان لەسەر نوسخە عەرەبییەکەیە!" من ڕێزم بۆ عەدنان موفتی هەیە، لێ ناتوانم لە بەرامبەر ئەم قسەیەیدا بێدەنگ بم.

کوردی باشووری کوردستان لە ڕەوشی ئەمڕۆدا، لە زۆر ڕووەوە، دووچاری گەلێ تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتی جودا جودای ڕۆژانە بوونەتەوە. ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەبێ خەم لە پرسە چارەنووسساز و گرنگەکانی ئەوڕۆی هاووڵاتییان و هاوزمانانی خۆیان بخۆن. گرفتی سەرەکی و خەمی هەنووکەیی ڕۆژانەی هاووڵاتییانی کوردستان بریتی نییە لە "گفتوگۆکردن لەسەر ـ حرف جرّ ـ و ـ علی ـ و ـ لَهُ ـ و ـ لـ ـ ی زمانی عەرەبی"، کە دوێنێ هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان خۆیان پێوە خەریک کردبوو و، بڕێکی تریشیان کێ ناڵێ پێشتر ئاسا باویشکیان نەدەهاتێ و خەواڵۆش دیار نەبوون!

لە تەواوی دنیادا باوەڕ ناکەم چ زمانێکمان چنگ بکەوێ کە وشە و زاراوەی بێگانەی تێنەکەوتبێ. لێرەشدا قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە نابێ ببڕای ببڕ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی پەیڤیندا لەنێو پەرلەمان وشەی بێگانە و غەیرەکوردی بەکاربێنن. نەخێر و هەزار جاریش نەخێر، چونکە ئەم کارە هەر لە بنەڕەتدا ئەنجامدانی زەحمەتە. ئەمە کە لایەنێکی پرسەکەیە، لایەنە سەرەکییەکەی خۆی لەم پرسیارەدا دەبینێتەوە: هەتا کەی زمانی عەرەبی، زمانی نەتەوەی سەردەست، دەنێو پەرلەمانی کوردستاندا بەکاربێنرێ و (کوردی)ش، زمانی زگماک، بکرێتە قۆچی قوربانی ئەوەی گوایا کەسانێک هەن نازانن بە کوردی بنووسن و بخوێننەوە؟! پەرلەمانی کوردستان دەبێ لە ئاست ئەم مەسەلە گرنگەدا خاوەن هەڵوێستی بوێرانە بێ و ناشبێ چیتر ڕێگا بەم جۆرە هەڵسوکەوت و کارە ناشیرین و ناڕەوایانەی خۆی بدات.

جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین ئەرکی یەکەمی پەرلەمان ئەوەیە ڕێ لەپێش هەر کردەوە و هەڵوێست و بۆچوونێک بگرێ، تەنانەت ئەگەر لە خودی ئەندامانی پەرلەمانیشەوە دەربچن، کاتێ ئاکامەکانیان سووکایەتیکردن بە کورد و کوردستان و مارشی نەتەوەیی نەتەوەی کورد و بێڕێزی نواندن بەرامبەر بە ژنان و ئەندامانی دیکەی نێو پەرلەمانیان لێ بکەوێتەوە. پەرلەمانێک ئەگەر ئەمە ئەرکی یەکەمی نەبێ، تاوانە ناوی لێ بنرێ: پەرلەمانی کوردستان! ستۆکهۆڵم 25ـ1ـ2006

* لە (میدیا، ژمارە 226، 2006/1/31، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# تۆ بڵێی لافاو ماڵی بەرپرسەکانیشی گرتبێتەوە؟!*

باران بارین بەر لەوەی چ پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە مرۆڤەوە هەبێ، دیاردەیەکی سرووشتییە و ئادەمیزاد ناتوانێ بە ئاسانی پێشی لێ بگرێ. لەم ساڵانەی ڕابردوودا کارەساتە سرووشتییەکان گەلێ شوێنی جیا جیای جیهانیان گرتۆتەوە و زیانێکی گیانی و ماڵیی گەورەشیان لێ کەوتۆتەوە. بە کورتییەکەی کەش و هەوا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە و وڵاتانێک کە بە دەیان ساڵ بوو بە حەسرەتی بینینی بەفر بوون، ئێستانەکینێ سپی دەچنەوە و، دانیشتوانەکانیان شەڕەبەفر دەکەن.

لە باشووری کوردستان، هەر بە قسەی هاووڵاتییان خۆیان، زیاتر لە سی ساڵ بوو بارانی وا زۆر و بەهێز و بەردوام نەباریبوو. دیمەنی نێو شار و دەشت و گوندەکانی نیشتمان لەبەر چاوی هەموومانە و دەشزانین خەڵکی بێچارە و هەژار و تا ڕاددەیەکی دیاریش لەبیرکراو، بە چ شێوەیەک بەرەنگاری لافاوی کتوپڕی ئەم باران بارینە بوونەوە. شاڵاوی لافاو و باران بارین کە زۆربەی ناوچە و دەڤەرەکانی خوارووی وڵاتی گرتەوە، بە تایبەتی لەناو شاری هەولێر و هەندێ شارۆچکەی دەوروبەری سەرنجی مرۆڤیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا.

لە ناوەڕاستی هەولێر و چەقی باژێڕ و گەلێ شوێنی دیکەیدا هەر بە جارێک لافاو هەستابوو. ڕەنگە ئەوەی لە هەمووان زیاتر شڕی و شەپڕێوی و بێدەسەڵاتی و بێخەمی و لەبیرکراویی پێوە دیار بووبێ، گەڕەکە هەژارنشین و بێدەرامەت و میللییە قوڕاوییەکانی ئەم شارە گەورەیەی کوردستان و (پایەتخت) بێ. بە ڕاستی ئەگەر هەر مرۆڤێکی بەویژدان و خەمخۆر چاوی بە ڕەوشی نالەباری خەڵکی لێقەوماوی ئەو گەڕەکانەی ناو هەولێر و ئاوارە هیچ لە دەست نەهاتوو و بێناز ڕاگیرەوەکانی کەرکووکی (دڵ و قودسی کوردستان) کەوتبێ، لە حەژمەتان دەستی کردووە بە گریان و فرمێسکیش بە لاڕوومەتەکانیدا هاتوونەتە خوارەوە.

لەوانەیە ئێوە هەر هەمووتان ئەو شێرەژنە کوردە خۆڕاگرە کەرکووکییە کوردستانییەتان بەر چاو کەوتبێ، کە لەبەردەم چادری پڕ لە قوڕ و لیتاوی پاشماوەی لافاوی باران بارینەکە، چەند سەربەرزانە باسی لەوە دەکرد کە لە پێناوی کوردستاندا بە دەیان ساڵە ئاوارە و پەڕاگەندەیە و باوکی لە سێدارە دراوە و، دیسانیش وێڕای ئەم بارە خراپ و خەفەتاوییە هەر ئامادەیە لە ڕێی کورد و کوردستاندا گیانی خۆی بەخت بکات؟!! ئەو کە هاواری بۆ سەرکردەکانی کورد و حکوومەتەکانی دەبرد، داخەکەی

گرانم، نەیدەزانی، یانیش لەبەر ئازار و نەهامەتی و زەحمەتییە بێژمارەکانی ژیانی خۆی لەبیری چووبۆوە، کە سەرکردەکانی کورد وان لە بەغدا و سبەی تا ئێوارە لەم خوان بۆ ئەو خوان خەریکی دانانی بەردی بناغەی دووبارە دروستکردنەوەی عێراق و پێکهێنانی (حکوومەتێکی یەکێتیی نیشتمانین)! لەخۆڕا نییە کەسانێک هەن باس لە (عەسری وەلائیم) دەکەن!!

دەزانم حکوومەتەکانی کوردستان، هێشتا ساوا و لەبەر مەمکانن و تازە بە تازە مژوولّی گڕوگاڵ و گغەگغن، بەلاّم دلّنیاشم لەوەی کە ئەگەر سەرانی کورد (دەعوەت و دەعوەتکارییەکانی بەغدایان) بۆ نێو خودی خاکی کوردستان بگواستبایەوە و، ئەوەندەش (لە عەرەب خۆی زیاتر) ئاشقی (یەکێتیی نیشتمانیی عێراقی) نەبوایەن، ئێستا کورد لە بارێکی تردا دەژیا و کێ ناڵێ تەنانەت لافاو و کارەساتی سرووشتیش بەو شێوەیەی هەنووکە جەستەیان بریندار دەکرد؟ دەشزانم خەڵکانێک هەر پەیدا دەبن تا پێم بڵێن خۆ لە ئەمریکای بەهێزترین دەوڵەتی دنیاشدا ڕەشەبا و تۆفان هەڵیانکرد و شارێکیشان لە ئاودا خنکاند. قسەیەکی وەها کە بێگومان ڕاستە، لێ نابێ بە چ شێوەیەک ئەوەمان لە بیر بباتەوە کە سەرانی کورد نەدەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان قەت ئەوەیان بە خەیاڵیشدا بێ، بۆ بەرژەوەندی تەسک و حیزبایەتیی بێمانا، پشت لە خواست و ئامانجە دێرین و چارەنووسسازەکانی گەلەکەیان بکەن و ڕووش لە بەغدا و ئێرە و ئەوێ بکەن. بە گوێرەی هەندێ هەواڵی سەر ڕووپەڵی ڕۆژنامە و بلاوکراوەکانی ناوخۆی ولاّتیش بێ، پارتی و یەکێتی تەنانەت یەکخستنی ئیدارەکانی کوردستان خۆیشی، بە سەرکەوتن و ڕێککەوتن لەسەر بنیاتنانی حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا دەبەستنەوە. مرۆڤ لەوە تێناگا داخوا کورد پێویستی بە یەکگرتنی نێوخۆییە یان یەکگرتنی دەرەکی؟ ئەرێ بە ڕاست بەغدا گرنگترە یانیش سلێمانی و هەولێر؟!

من بەرەنگاربوونەوەی لافاو و کارەسات و ڕووداوە سرووشتییەکانیش بە یەکگرتوویی و یەک حکوومەتی و یەک ئیدارەیی و یەک توانایی کورد دەبەستمەوە. لە کاتی ئێستادا، لە دوای قەومانی لافاوەکەدا، پاش ئەوەی تەنیا لە هەولێر نزیکەی حەفت سەد خێزان ماڵیان لێ کاول بوو و خراپیان بەسەر هات، چەند دڵخۆش و شاگەشکە دەبووین ئەگەر یەک دەست و یەک قۆڵ بە بازووی بەهێزی تەنیا حکوومەتێکی کوردستانی و خەمخۆرەوە ڕووبەڕووی ئەم کارەساتی لافاوە بووبانەوە.

چ باوەڕ ناکەم لە شاری هەولێر و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستانیشدا بەرپرس و کاربەدەست و کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو حکوومەت، لە ئەنجامی

ڕاستەوخۆی باران بارین و هەستانی لافاودا، زیانێکی وایان پێ گەیشتبێ کە شایانی ئاماژە بۆ کردن و باسکردن بێ. خۆ ئەم لێپرسراوە حیزبی و حکوومەتییانە شێت نەبوونە بچن لە "بادەوا" و "بەلاشاوە" و "پۆتیناوە" و "حەی سەددام"ی جاران و "تەیراوە" و "گێ مەدێ" و شوێن و گەڕەکە میللی و هەژارنشینەکانی دیکەدا خانوو بکڕن و ماڵ و بارگەیان دابنێن؟! کورت و کرمانجی ئەوان و ئەو گەڕەکانەیان نەگوتووە!! لێپرسراوانی حیزبی و دەسەلاتداران، مەگەر بۆ چاووزار نەبێ، دەنا هەرگیز لەو جێگایانە جێ بۆ خۆیان چێ ناکەن.

هەر سەبارەت بە لافاوەکە و زیان لێکەوتنی هاووڵاتییان و تووڕەیی خەڵکیش لە بەرامبەر خەمساردیی دەزگاکانی حکوومەت، تەلەفزیۆنە ئاسمانییە کوردییەکان کە هەندێ شتیان بە ئێمە پیشان دا، لێ گەلێ شت و دیمەن و ڕووداوی دیکەشیان بە ئەنقەست لێ شاردینەوە، کە لە ڕێگای تەلەفۆن کردن و گرێدانی پەیوەندی بە خزم و کەسوکارەوە ڕووێکی تری کارەساتەکەمان لا ئاشکرا بوو. ڕەنگە تاکە بەرپرس کە بە شێوەیەکی دیار سەرنجمانی ڕاکێشابێ و تا ڕاددەیەکیش بە هانای هاووڵاتییانەوە هاتبێ، پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی بووبێ. من و ئێوەش ئەومان هەر لەم تەلەفزیۆنانەوە بینی. خوا خێری بەلەمدارە کورد و ئەمریکاییە خاوەن هەلیکۆپتەرەکانیش بنووسێ کە ژیانی گەلێ کەسیان لە مەرگی مسۆگەر ڕزگار کرد.

سوێد 6-2-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# پرسیارێک لە تاڵەبانی: سنووری ئۆتۆنۆمییەکەی تورکمان لەکوێوە دەست پێدەکات؟*

جەلال تاڵەبانی لە ئاخاوتنێکدا لەگەڵ (ئیلنوور چەڤیک)ی تورک ـ The New Anatolian، گوتوویەتی:" کورد لە دەستووری نوێی هەرێمدا کار بۆ ئەوە دەکەن ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمان دابین بکەن، لەو ناوچانەی تورکمان تێیاندا زۆرینەن". تاڵەبانی هەر لە درێژەی قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە تاکە پشت و پەنای کورد لە باشووری کوردستاندا هەر تورکە:" ئێمەش تەنیا تورکیامان هەیە". کاتێکیش پرسیاری ئەوەی ڕووبەڕوو کراوەتەوە، داخوا تورکمان لەکوێ زۆرینەن؟ ناوبراو هەر وەک ئیلنوور چەڤیک دەڵێ:" ئەوەی ڕوون نەکردۆتەوە".(میدیا، ژمارە 227، 7ـ2ـ2006، لاپەڕە 3 )

پێش هەموو شتێک ئەم پەیڤانەی جەلال تاڵەبانی شتێک نین چاوەڕواننەکراو بووبن، چونکە کابرا ئەمە جاری یەکەمی نییە و باوەڕیش ناکەم دوایین جاری بێت، کە لێرە و لەوێ ئەم جۆرە وتانەی دووبارە و دەبارەش کردبێتەوە. ڕەنگە ئەوەی لێرەدا نوێ بێت، پەیوەندی بەم پرسیارەوە هەبێت: ئایا مەبەست لەم ئۆتۆنۆمییە چییە کە جەنابی تاڵەبانی لێی دەدوێت؟ ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە تورکمانەکان، هەر لەسەر زاری هەندێ کەس و لایەنی بەویژدان و بەشەرەفی خۆیانەوە، لە سایەی فەرمانڕەوایەتی کورد لە باشووری کوردستان گەلێ لە ماف و داخوازییە سەرەکییەکانیان جێبەجێ کراون و، بە بەراوردکردنیش لەگەڵ سەردەمی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، ئەوان



ئێستانەکینێ لە سەردەمی زێڕینی خۆیاندا ژیان بەسەر دەبەن. ئەم ڕستەی دواییان بەر لەوەی لە زمانی منی کوردەوە دەربچێت، بڕێک لە بەرپرس و کەسە بەرچاوەکانی ئەوڕۆی تورکمانەکان بە جاران دووبارەیان کردۆتەوە.

ئەگەر جەلال تاڵەبانی مەبەستی لەو شار و شارۆچکە و دەڤەرانەی کوردستان بێت کە تورکمانە تۆرانییەکانی سەر بە بەرەی تورکمانیی سەر بە تورکیا بە "تورکمانستان" ناوی دەبەن و، گەلێ جاریش لە بڵاوکراوە و نووسراوەکانی خۆیاندا ناوی "تورکمان ئیلی" لێ دەنێن، ئەوا لە بارێکی وادا تاڵەبانی و تۆرانییە کەمالیستە گۆرگەبۆرە دابەستراوەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا لە چوارچێوەی یەک بیر و لێکدانەوەدا خۆیان دەبیننەوە و وەکو یەکتریش بۆ شتەکان دەچن. خۆ ئەگەر جەلال تاڵەبانی بە شێوەیەکی دیکە ئاوڕی لەم بابەتە دابێتەوە و مەبەستیشی لەم "ئۆتۆنۆمی"یە تەنیا مافە ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و داب و نەریتە نەتەوەییەکانی تایبەت بە تورکمانەکانەوە بووبێ، وەک دیاریشە لەبن سێبەری حکوومەتی کوردیدا سالانێکە تورکمانەکانی کوردستان لە "پاشاش پاشاتر" ژیان بەسەر دەبەن و، ئەگەر تووڕەشم دەکەی دەڵێم زۆر جاران کەڵەگاییشیان بەسەر نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانەوە کردووە.

تاڵەبانی کە ڕوونی نەکردۆتەوە لە چ شار یا ناوچە و جێگەیەکی ئەم کوردستانەدا تورکمان زۆرینە پێکدێنن، تا جەنابی ئەو "ئۆتۆنۆمی"یەیان دەقەبەڵ بکات، نابێ شتێکی لە یاد بچێ ئەو تورکمانانەی کە دۆستی ئەون شارە هەرە گرنگ و دەوڵەمەند و بەپیت و دێرین و چارەنووسسازەکانیش بۆ کورد، بە شوێنی باب و باپیرانی خۆیان لە قەڵەم دەدەن و سبەینێ ئەگەر دەستیان بڕوا تاکی کورد چییە نایهێڵن و، لەو شار و شارۆچکە و دەڤەرانەش وەدەریان دەنێن. تاڵەبانی و یەکێتیش کە لە هەر کەس و لایەنێکی دیکە زیاتر "قودسی کوردستان"یان لەسەر زار بوو، نابێ و نەدەبوو بە چ شێوەیەک دەم لەم جۆرە قسانە بدەن، هەروەک هەمووشمان دەزانین، پێشتریش هەمان هەڵوێست و بۆچوونیان لە زۆر شوێن و بۆنەدا هێناوەتە گۆڕێ. بێگومان لەم بوارەدا کەس حەددی نییە ململانێ لەگەڵ تاڵەبانی بکات!

ئەوانەی کە تورکمانیان گەیاندە شاری هەڵمەت و قوربانیی سلێمانی.. ئەوانەی کە لە کۆیەی مەڵبەندی کوردایەتی و زێدی حاجی قادری شاعیری نەتەوەیی کورد، بنکە و بارەگایان بۆ تۆرانییە کەمالیستەکان دانا.. ئەوانەی کە خۆفرۆشانێکی مینا سەنعان ئاغایان کردە پیاو.. ئەوانەی کە جوێنیان بە بزاڤی کورد لە باکووری کوردستان دا..

ئەوانەی کە زۆر کاری ناڕەوا و ناشیرینیان دەرهەق بە گەلی کورد و نیشتمانی پیرۆزی کوردستان ئەنجام دا.. گەلێ ئاساییشە گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر ئەوانە خۆیان بێن و لەپڕێکدا "کوردستان"مان لێ بکەن بە "تورکمانستان". خوایە بۆ هەتا هەتایە کورد لەو جۆرە کەسانە بپارێزیت!     ستۆکهۆڵم 8-2-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## دوژمنانیشمان ڕاست دەکەن!*

کەم نین ئەو نووسەر و ڕۆژنامەوان و هونەرمەند و کەسایەتییە بەرچاوانەی سەر بە نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکانی کوردستان، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان و بگرە تا ئێستاش، بەهۆی هزر و لێکدانەوە و بۆچوون و پەیڤە ڕەگەزپەرستییەکانیانەوە پەلاماری کورد و دۆزە ڕەوا و مافدارەکەیان داوە و دەدەن. دیارە لەم بوارەدا هەر هەمووومان تا ڕاددەیەکی باش لەو جۆرە بیروباوەڕ و تێڕوانین و وردبوونەوانەی ئەم شۆڤێنیست و بەرچاوتەنگانە بەئاگاین و، لە دوور و نزیکەوەش گوێمان لە وتە و ئاخاوتن و بیرە ژەهراوی و ناڕاست و نامرۆڤایەتییەکانیان، سەبارەت بە پرسی هەقخوازی کورد و بزاڤی ڕزگاریخواز و نەتەوەیی کوردستان بووە. ئەمە کە تەنیا لایەنێکی مەسەلەکەیە و کەسیش ناتوانێ بە ئاسانی خۆی لێ گێل بکات و بە ڕاستیشی نەزانێ، بەڵام ئەگەر کەمێک واقیعبینانە لە هەر هەمان مەسەلە بڕوانین و لەو بۆچوون و قسانەی ئەم تاقمە ناحەز و خێرنەخواز و داخ لە دڵەی بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەمان ورد بینەوە، بە دەست خۆمان نییە کە هەروا سووک و ئاسان هێڵی چەپ و ڕاست بەسەر گشت ئەو شتانەدا بێنین کە ئەوان نووسیویانە و دەینووسن، یانیش گوتوویانە و دەیڵێن. هەر کەسێکی ژیر و سنگ فراوان تێدەگا دوژمنانی کورد و قەڵەم بەدەستە چڵکاوخۆرەکانیان، بە چ نیازێکەوە، نووکی قەڵەمەکانیان لە بۆ جەستە و گیانی کورد تیژ کردووە. دیارە هەر هەمان کەسیش ئەوە دەزانێ کە بڕێکی ئەو نووسین و بۆچوون و پەیڤانە، جارناجار، ڕاستییەکیان تێدایە و کورد وەک گەل و نەتەوە ناتوانێ چاوی خۆی لێیان بپۆشێ و پشت گوێیان بخات.

گەلێ جار لەنێو دێڕ و نووسراوەکانی کەسانێکی ڕەگەزپەرست و دوژمنی کەللەڕەقی کورد و کوردستاندا خوێندوومانەتەوە، جا بە هەر نیازێکەوە نووسیبێتیان، یەک لە هۆیە هەرە سەرەکییەکانی سەرنەکەوتنی خەباتی کوردان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە: کورد پەند و دەرس لە دیرۆک و ڕابردوو و هەڵەکانی خۆیان وەرناگرن، سەرکردەکانیان پشت بە دوژمنانی خۆیان و نەتەوەکەیان دەبەستن، ئەوان وەک نەتەوە دەگەڵ یەکدا کۆک و تەبا نین، سەرانیان بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان لەبەر چاوە نەک هی گەل و نەتەوە و خاکەکەیان، ...تاد.

گومان لەوەدا نییە هەر یەکێک لە ئێمە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە نەتەوە سەردەستەکانی تورک و عەرەب و فارس، ماڵپەڕ و سایتە ئینەرنێتییەکانیان، شاشەی تەلەفزیۆنە ئاسمانی و نائاسمانییەکانیان، بە جاران چاوی بەم جۆرە بیر و تێرامان و لێکدانەوانە کەوتووە، یانیش لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سەر بەو سێ نەتەوەیە گوێبیستیان بووە.

کاتێک ئێمە، هەر تەنیا وەک نموونەیەکی سادە، لە ڕەوشی دوای نەمانی سەددام لە قەوارەیەکی لەبەر یەک هەڵوەشاوەی بەناو عێراق ورد بینەوە و، ڕۆڵی سەرانی کوردیش لە دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو عێراقە کاولبووەدا لەپێش چاو بگرین، ئەوسا گەلێ بە ساناهی لەوە تێدەگەین کە ئایا پێنووسەکانی هەندێک لەو نووسەرە ناحەز و شۆڤێنیستانەی تورک و عەرەب و فارس ڕاستیان نووسیوە یان درۆ؟ کەس هەیە نەزانێ ئەمڕۆ سەرانی کورد لە هەر لایەنێکی سیاسی و بەرچاوی دیکەی عەرەبی عێراق زیاتر خەم لە "حکوومەتی نیشتمانیی عێراقی" نەخۆن و، تەنانەت لە گەلێ هەنگاویشیاندا هەر بۆ ئەوەی برا عەرەبە سوننە و ناسوننەکانیان بێننە ناو گەمەکەوە و لە حکوومەتی نوێی عێراقیشدا پێکیان بکەن، سەرانی کورد ئەوسا و (کێ نالێ ئێستاش؟)، دەستبەرداری هەندێ داواکاری گرنگ بوونە کە بۆ کورد چارەنووسساز و بڕیاردەرن. ئاوڕدانەوە لە ڕابردوویەکی زۆر نزیک ئەم ڕاستییەمان لە مست دەنێت!

ئیبراهیم جەعفەری تا لەسەر کورسی حوکم بوو لە عێراق، کورد و سەرانی لێی ناڕازی بوون. دوایی کاتێک خۆی و گەجەل و گوجەلەکانی ناو (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراق) هاتنە کوردستان، ئەم جارەیان کورد و بەتایبەتیش چاوساغ و پێشسوارەکانی بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ کردن. ئینجا کورد، لە زمانی سەرکردەکانییەوە، کەوتنە نێو باسی ئەوەی کە ئەگەر (ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراقیی شیعە)، جارێکی تر هەر هەمان جەعفەریی پێشتر (ناخاس) بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق کاندید بکاتەوە، ئەمەیان بابەتێکە پەیوەندی بەوان (شیعەکان خۆیانەوە) هەیە نەک کورد. پاش ئەوەی کە لایەنگرە سەدرییە شۆڤێنیستی و کۆنەپەرستی و دوژمنەکانی کوردیش کێشی تەرازووەکەی ناو (ئیئتیلاف)یان بەلای جەعفەریدا شکاندەوە و، بە دەنگێکی ڕەگەزپەرستانە و فێڵبازانە خێرێکیان پێ کرد و ئەویان وەک سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق بە دنیای عەرەب و ئیسلامی و (ئێرانی و تورکی و سوریایی) و دەرەوەش ناساند، ئینجا تازە بە تازە بڕێک لە بەرپرسانی یەکێتی و پارتی کەوتوونەتە تەقەی سارد لە جەعفەری و لەبەر خۆیانەوە منجەمنج

**دەکەن. ئەریَ بە ڕاست دوژمنانی کورد، لە کورد خۆی زێتر، سەرانی ئەو میللەتە ناناسن؟!**

**سەرانی کورد هەر بۆ ئەوە باشن، بەتەنیَ لە بەغدا دابنیشن، تا لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی و دەعوەت و دەعوەتکاریدا، بەخێرهاتنی عەرەبە برا چاوەڕەشەکانیان بکەن و پێیان بڵێن (و علیکم السلام)، وەک بە جاران لە تەلەفزیۆنەکانی هەردوو حیزب و چەندین شوێنی تریشدا بینیومانن!**

ستۆکهۆڵم 14-2-2006

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**

# پەیڤێک لەمەڕ ڕۆشنبیر و دەسەڵات*

دیارە تا ئێستا لەسەر پرسی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی ئەو لە کۆمەڵگادا گەلێ شت نووسراوە و گوتراوە. تەنانەت خودی پێناسەکردنی ڕۆشنبیریش بە گەلێ جۆری جیاجیا لێکدراوەتەوە. من لەم کورتەنووسینەدا بە تەواوەتی خۆ لە قالب و چوارچێوە تیۆرییەکان دەپارێزم و هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی سەرپێیی باس لە شتێک بکەم، کە بێگومان پەیوەندیدارە بە توێژی ڕۆشنبیر یا ڕووناکبیری کورد.

کاتێک کە دەچینە سەر بابەتێکی وەک "ڕۆشنبیر و دەسەڵات"، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان، پێمان خۆش بێ یان نا، بیرمان بۆ لای دەسەڵاتێک دەڕوا کە بە پلەی یەکەم گرێدراوە بە دەسەڵاتی هەردوو حیزبی دەستڕۆیشتوو و فەرمانڕەوای ئەوڕۆی ئەو پارچەیەی کوردستان. کورت و کرمانجی دیسان مەبەست پارتی و یەکێتییە نەک ڕێکخراو و لایەنێکی سیاسی دیکە. جێی داخە لەو بەشەی نیشتماندا، لە ئەنجامی ڕەوشێکی نائاسایی و هاتنە پێشەوەی شەڕی ناوخۆیی و دووبەرەکایەتی نێوان ئەم دوو پارتە دەسەڵاتدارەی کوردستان و هەندێ هۆکار و فاکتەری تر، ڕۆشنبیرانیش هەروەک زۆر لە چین و توێژە جوداکانی دیکەی نێو کۆمەڵگای کوردەواریمان دووچاری دابەشبوون و دابڕ دابڕی و بگرە ململانێ و ناکۆکی سەیر و بێ بەرهەمیش هاتن. ئەوی ڕاستی بێ مرۆڤ نایەوێ بە خەیاڵیش بۆ ئەو سەردەم و ساڵانە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە ڕاستییەکە و تا ئێستاکەش کورد وەک نەتەوە باجەکەی دەدات. سەد حەیف و مخابن ڕۆشنبیران، نە ئەوسا و نە ئێستاش، نەیانتوانی ببن بە بەرەیەکی یەکگرتوو و قایم لەپێش سەرانی شەڕخواز و دەسەڵاتخواز و حیزبخواز و بیری تەسک و بەکەڵک نەهاتوو بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لەو بەشەی نیشتماندا.

ئەگەر کەمێک بەویژدانیش سەبارەت بەم مەسەلەیە بیر بکەینەوە و بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین، ناچار دەبین پێ لەوە بنێین کە ئەوە بەتەنێ سەرکردە سیاسییەکانی پارتی و یەکێتی، دەسەڵاتدارانی کورد نین کە لەو بوارەدا تاوانبار بن و کۆمەڵگای کوردەوارییان تووشی پشتشکان و گۆجی کردبێ. ڕووناکبیرانی کورد چ لە ناوخۆی وڵات یانیش لە دەرەوەی کوردستان، شتێکە ناشاردرێتەوە، خۆیان هۆکارێکی گەورەن بۆ ئەو بارە نابەجێ و نانەتەوەیی و ناکوردستانی و ناڕێکی و نایەکگرتووییەی کە تێیکەوتوون. کەس هەیە نەزانێ کە لە کاتی ئێستادا چ درزێک و چ ناتەبایی و چ لەخۆباییبوونێک دەنێو بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیران و "ئەهلی

قەڵەم"ی گەلەکەماندا هەیە. ئەرێ بە ڕاست کەس هەیە کە ئاگای لەو پاشاگەردانییە نەبێ کە ناوەندە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکانی سەر بە کوردانی گرتۆتەوە و، هەر بە جارێکیش هێز و توانای لێ بڕیون؟ ئەدی چ لە باس و خواسی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان، تەلەفزیۆنییە حیزبی و ناحیزبییەکان، سایت و ماڵپەڕە کوردییە جۆراوجۆرەکان بکەین؟!

حوکمڕانێتی کورد لە باشوور، وێڕای زۆر شتی باشیش کە تا ئێستا ئەنجامی داوە، لێ لە بواری پرسگەلی دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی و پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و کوردستانی و لەمپەر دروست نەکردن لە بەردەم کەسایەتییە سەربەخۆکان و، ڕێگەدانیش بە ئازادییە تاکەکەسییەکان و بواری ڕۆژنامەڤانیی ئازاد و گەلێ مەسەلە و بابەتی تریشدا، هێشتا زۆری ماوە کە پێی بگوترێت "کۆمەڵگای مەدەنی"، وەک چۆن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی زۆر جار پڕوپاگەندەی بەردەوامی بۆ دەکەن.

بڕوا ناکەم ڕۆشنبیرێک، خەمخۆرێک، کوردێک، کوردستانییەک، مرۆڤێکی دڵسۆزی ئەم نیشتمانە هەبێ، ئەگەر دڵی بۆ کورد و کوردستان لێ بدات، نەیەوێت خزمەت بە خاک و نەتەوەکەی خۆی بکات. بەڵام ئایا ئەمە تەنیا مەرجێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ملی خۆی شۆڕ بکات و بە کەیفی دڵی سەرانی کوردیش، هەولێر خۆت بگرە وا هاتم، هەیپێی لێ بکات؟! ڕاستە ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرانی کورد هێشتا خاوەن یەک پرۆژەی نەتەوەیی و کوردستانی، یەک ڕێچکە و کار و بەرنامەی سەر بە خۆیان نین، لێ ئەمە قەت بە مانای ئەوە نایەت کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بێ غەل و غەشە و ڕووشی لە بەفری سپیی قەندیل سپیترە!

ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی - ڕاستتر دەسەڵاتی حیزبەکان - دیسانیش بۆ ئەوە نییە، وەک هەندێ کەس بۆی دەچن، بە مەبەستی ناو دەرکردن و ناوبانگی پەیداکردن و نازانم چی و چی دیکە بێ. خۆ ئەگەر ئەمە بووبێت بە پیشەی ڕۆژانەی کەسانێکی دیاریکراو، بەڵام هەرگیز نابێ لێکدانەوەیەکی ئەوها هەر هەموو تاکێکی کورد و خاوەن ویژدان و دڵسووتاو بۆ کورد بگرێتەوە. باش لە یادمە جارێکیان بەرپرسێکی یەک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، هەر لەناو ماڵەکەی خۆمدا زۆری هەوڵ لەگەڵ دام بۆ ئەوەی ئامادەی ستۆدیۆی تەلەفزیۆنەکە بم بۆ سازدانی هەڤپەیڤینێکی سادە و سەرپێیی. بڕوا بکەن گەلێ بە ڕاشکاوییەوە بەم برا کوردە ئازیزەی خۆمم گوت: برا گیان دە وازم لێ بێنە! ئەوەی کە ئێستا ڕووبەڕوو ئازادانە

پێتی دەڵێم، کێ دەڵێ لە تەلەفزیۆن ڕێگەم دەدەن پێتانی بڵێم؟!! ئەو برادەرە کە زانی قسەکەم ڕاستە، ئەو دەمانەش شتگەلێکی وەها بە حیسابی خۆیان هی گوتن نەبوون، بێدەنگی هەڵبژارد. ئێ خۆ بە دەردی عەرەبیش گۆتەنی: بێدەنگبوون نیشانەی ڕازیبوونە!

من وەک هەر جارێک، بێگومان ئەم جارە و هەتا هەتاییش، کورد و خوێنەرانی هێژای کورد و کەسانی لێهاتوو و شارەزا و ئاگرتێبەربووش بۆ نەتەوەکەم، بە سەنگی مەحەک بۆ شتەکان و خاوەن بڕیاری یەکجارەکی و یەکلاکەرەوە دادەنێم. هەر ئەوانن بڕیار لەسەر دڵسۆزی و نادڵسۆزێتی من بۆ گەل و نیشتمانەکەم دەدەن و لە خواست و مەبەستەکانیشم تێدەگەن. ستۆکهۆڵم 15-2-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ کوردستان یان عێراق؟*

ئەگەر دامەزراندن و بیرکردنەوە لە پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی یان هەر دەزگا و سازییەکی نەتەوەیی دیکە، بۆ گەلە خواپێداو و خاوەن دەوڵەت و قەوارە سەربەخۆکان شتێکی پێویست بێ، ئەوا هەر هەمان دام و دەزگا با لەژێر ناوی جودا جوداش بێ، بۆ گەلە بندەست و هێشتا بە سەربەخۆیی نەگەیشتوو و بێ دەوڵەت و قەوارە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، شتێکە نەک هەر زۆر پێویستە و بەس، بگرە تا بڵێی چارەنووسساز و بڕیاردەر و دەستنیشانکەری بەرژەوەندییە ستراتیژی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیشە بۆ ئەم جۆرە گەل و نەتەوانە.

لە باشووری کوردستان دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، گەلێ هەل و دەرفەتی لەبار و گونجاو هاتنە ئاراوە، دیارە ئەگەر سەرانی کوردی ئەو پارچەیە لەنێو خۆیاندا کۆک و تەبا و ڕێکوپێک بان، دەکرا مرۆڤ بە تەواوەتی بیانقۆزێتەوە و بە باشترین شێوەش سوودیان لێ وەربگرێت بۆ سازکردنی وەها ئەنجوومەن یان هەر سازییەکی نەتەوەیی و سەرانسەری، کە بە پلەی یەکەم بەرژەوەندییە نەتەوەیی و کوردستانییەکانی مەبەست بێ نەک شتێکی تر. لێ هەر وەک هەموومان دەزانین بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەم کارە نەک هەر ئەنجام نەدرا و نەچووە سەر، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەی داخوازییە سەرەکی و دێرین و خواستە نەتەوەییەکانی کورد ڕووەو ئاقارێکی دیکە ملی نا و، سەرکردە و ڕێکخراوە دەسەڵاتدارەکانی ئەم بەشەی وڵاتیش تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ وا ئاشیان هەر لە بەغدایێ دەگەڕێ!

هەتا هەنووکە بە جاران لەسەر ئەم بابەتە، پرسی پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ کوردستان، لە زۆر لاوە شت نووسراوە و کۆڕ و سەمینار بەستراوە و کۆبوونەوە کراوە و باس و بیر و بۆچوونی هەمەجۆریش هاتوونەتە ئاراوە. ئەوەی کە لێرەدا گرنگ بێت بە پراکتیزەکردنی خودی هزر و بیرۆکەی شتەکەیە کە دیسان بە داخەوە جێبەجێ نەکراوە و، بیر و بۆچوونەکانی تایبەت بەم مەسەلەیە نرخدار و گرنگە هەر وەک خۆیان بە نووسراوی و دەست لێنەدراوی ماونەتەوە.

ڕێبەرە نەتەوەییەکانی کۆسۆڤۆ، وێڕای هاتنە پێشەوەی گەلێ گرفت و کۆسپ لە کاتی دانیشتن و وتوویژەکانی نێوان خۆیان و لایەنە جیاجیاندا، دیسانیش بە چ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو ئامانجە سەرەکی و چارەنووسساز و نەتەوەییەی

گەلەکەی خۆیان نەبوونە و جار لە دوای جاریش پێ لەسەر سەربەخۆیی یەکجارەکی وڵاتەکەیان دادەگرن و، داوا ڕەوا و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان دووبارە و دەبارەش دەکەنەوە. ئەوان لەم کارەیاندا بۆ گشت دنیا دەسەلمێنن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ ڕازی نەبوونە لەبن ستەمی نەتەوەی زاڵی سەربەکان ژیان بەسەر بەرن و، هەر لەبەر هەندێش ئازادبوونی کۆسۆڤۆ تاکە ئامانجی ئەوان بووە و دەبێت. هەرچی سەران و ڕێبەرانی لەمەڕ ئێمەشن، هەموومان بە چاوی خۆمان زەق زەق دەیانبینین، بەغدای عێراقیان کردۆتە بنکە و بارەگای سەرەکی خۆیان و لە عەرەبی نەتەوەی سەردەستیش بوونەتە ڕیشسپی و پیاوماقوول و تەگبیرکەر. ئەگەر چوونە بەلگراد"پایتەختی یۆگۆسلاڤیای جاران و سەربستانی ئێستا" بۆ سەرکردەکانی هەنووکەی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ کارێکی حەرام و حەیاچوون بێ، ئەوا ڕێک بە پێچەوانەوە چوونە بەغدای سەرکردە و سەرانی کورد شتێکی حەڵاڵە و وەک حەجی لێ هاتووە و، خۆ هەر کە چوونە وێندەرێش زوو زوو ناگەڕێنەوە بۆ ماڵبەندە لەبیرکراوەکەی خۆیان! سەرانی کورد ئامادەن کە ببن بە برا گەورەی عەرەب، گەر ڕێیان پێ بدرێت، تاکو عەلاوی و موتڵەگ و حەکیم و مەکیم دەگەڵ یەکدا ئاشت بکەنەوە، کەچی وا بە ساڵانە بە کردەوە پارچەیەکی لەت لەتکراوی نیشتمانێکی چەند جار لەت لەتکراویان لەت لەت کردۆتەوە! ئەرێ بە ڕاست تۆ بڵێی ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان لە پرۆسەی "دەستنیشانکردن یا ناونان"ی سەرۆک وەزیرانی کوردستاندا سەرکەوتوو بێت؟!

حیکمەت لەوەدا نییە لە بەغدای دووردەستدا باس لە پێکهێنانی "مەجلیسی حەل و عەقد" و "مەجلیسی ئەمنی قەومی" بکرێت. حیکمەتی هەرە مەزن لەوەدا دەبینرێت کە سەرانی کورد بیانتوانیبا و بتوانن بە هەموو دنیا و دەوڵەتە دەستڕۆیشتوو و زلهێزەکانی جیهان بسەلمێنن کە نەتەوەی گەورەی کورد، نەتەوەی چل ملیۆنی و مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە دنیادا، مافی ڕەوای خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خۆی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی"خۆی"، نەک پێکهێنانەوە و سازکردنەوەی عێراقی نەعلەتی، دابمەزرێنێت و وەک گشت گەلانی تری گێتی بە خەون و هیوا و خواست و ئامانجە لەپێشینە و لەمێژینە و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی شاد بێت. بە ڕاستی مرۆڤ شەرم لە کوردبوونی خۆیشی دەکات، کاتێ گوێی لە هەندێ قسەی سەرانی کورد دەبێت و چەند هەڵسوکەوتێکی وانیش لە بەغدا دەبینێت.

ئەگەر "عێراقیبوون" وەک "نەتەوە" لە قەڵەم بدرێت و بەم شێوەیەش بخوێنرێتەوە، ئەی دەبێ لە بارێکی وادا سەرکردە "چەلەنگ و لێهاتوو و حیکمەتدارەکانی کورد" چ حیسابێکیان بۆ گەل و نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان کردبێ؟ ئایا کورد بە لێکدانەوەی ئەوان لەنێو چ خانەیەکدا خۆی دەبینێتەوە؟ داخوا ئەمڕۆ ئەوە کوردە حەوجەداری "ئەنجوومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی"یە یان عەرەبی عێراق و عێراق وەک دەوڵەتێکی داڕماو و داوەشاو؟

جارناجار لە لایەن چەند کەسێکی کەمی عەرەبی عێراقەوە باس لە "نەتەوە ـ ئوممەی عێراق" دەکرێت. ئەگەر نا عەرەبەکان بە شێوەیەکی گشتی خۆیان بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دەزانن و بە جارانیش ئەمەیان بە ئاشکرا باس کردووە و شانازیشیان پێوە کردووە. لەوانەیە یەکێکی وەک "میسال ئەلئالووسی" باس لە "ئوممە"ی عێراق بکات و داخی دڵی خۆیشی بەرامبەر بە عەرەبە لایەنگرەکانی ئەوسا و ئێستای سەددام و بەعسییەکانیش هەڵڕێژێت. کێ ناڵێ هەر هەمان هۆش نەبوو پاڵی بە ناوبراوەوە نا سەردانی ئیسرائیل بکات؟ بەڵام ئایا ئەم جۆرە شتانە چ لە دوور و چ لە نزیکەوەش، چ پەیوەندییەکیان بە بەرژەوەندییەکانی کوردەوە هەیە؟

لە باشووری کوردستان کە لە ڕەوشی ئەمڕۆدا هێشتا باس لە یەکگرتنەوەی "دوو ئیدارە و دوو حکوومەت" دەکرێت، ڕەنگە چاکترین هەنگاوی پاش ئەم پرۆسەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکانیش، پێکهێنانی دەزگایەکی نەتەوەیی و ئاسایشی سەرانسەری بێت کە بە هەموو شێوەیەک چاو لە بەرژەوەندییە حیزبییە تەسک و بێماناکان بپۆشێت و، تەنیا و تەنیاش ئاسایشی نەتەوەیی کورد و بەرژەوەندییە کوردستانییەکانی ئامانج و مەبەست بێت. ستۆکهۆڵم 21ـ2ـ2006

* لە (میدیا، ژمارە 230، 2006/2/28، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## گلەییکردن لە جەعفەری یان لە سەرانی کورد؟*

هەر لە دوای سەردانە کتوپڕەکەی ئیبراهیم جەعفەری بۆ تورکیا، کە پۆستی سەرۆک وەزیرایەتییەکەی تەواو بووە، لە زۆر لاوە لە لایەن کوردان کاردانەوەی جیاجیا پیشان دران. ڕەنگە یەکەمین ئەم کاردانەوانە لە زمانی سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی – با بڵێین ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی – سەرچاوەی گرتبێت. ئەنجوومەنی ناوهاتوو ئەم سەردانەی جەعفەری بە کارێکی تاکەکەسییانە و ناقانوونی ناوبردووە. جەعفەری وەک هەمووومان دەزانین ئەمە تاکە هەنگاوی نەبووە و (نابێت)، کە بە شێوەیەکی دیکتاتۆر ئاسا نابێتی، بێ ئەوەی چ حیسابێکی ئەوتۆی بۆ کەسانی دیکەی دەوروبەری خۆی، بە تایبەتیش وەزیر و گزیرە کوردەکانی نێو حکوومەت و خودی تاڵەبانیش کردبێ. یەکێک کە تۆزقاڵێک ئاگای لە چۆنێتی بەڕێوەچوون و سیاسەتەکانی جەعفەری و حکوومەتەکەی هەبێ، دەزانێ ئەو بە کام شێوە ڕەفتاری لەگەڵ پرسەکانی گرێدراو بە کورد و بابەتە هەڵواسراوەکانی لەمەڕ کوردستان و دۆزە ڕەواکەی کردووە.

کورد وەک نەتەوە هەر لە دەستپێکدا لە فڕوفێڵ و تێکەولێکەکانی کابرایەکی ڕەگەزپەرستی مینا جەعفەری تێگەیشتووە و، هەتا بۆیشی چووبێتە سەر ئەم فێڵبازی و ڕێویبازییانەی ئەویان داوەتە بەر لێشاوی ڕەخنەی توندی خۆیان و ڕەتیان کردۆتەوە. هەر یەک لە ئێمە گوێمان لە قسە و بۆچوونەکانی هاووڵاتییانی کوردستان و کاردانەوەکانیان سەبارەت بە هەڵوێستە ناحەز و ناڕەوا و ناپەسند و شۆڤێنییەکانی جەعفەری بووە. کوردستانییانی خەمخۆر و خەڵکی بەشەرەفی وڵات لە گەلێ بۆنە و دەم و ساتی جیاوازدا ئەم جۆرە هەڵوێستانەیان بە ئاشکرا نواندووە.

ئەوە خەڵکی ڕەشۆکی و سەر جاددە نەبوون کە جەعفەری و حەکیم و مەکیمیان هێنایەوە بۆ کوردستان. عەبدولعەزیز حەکیمی مێژەرڕەش کە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا باسی لە هەقانیەتی دۆزی کورد دەکرد، بێگومان دەیان مەبەستی دیکەشی لە وەها بەکارهێنانێکدا هەبووە، کە گومانم لەوەدا نییە هەر بە هەمان نیازیش باسی لە کردنەوەی باخچەیەک کردووە لە هەڵەبجەی شەهیدی کوردستان. دەسەڵاتدارانی کوردی ناوخۆش ئەودەم بە شانازییەوە دەیانگوت: با ئەم باخچەیە ناوی لێ بنرێت باخچەی ئەلحەکیم!

کورد خووی بەوە گرتووە کە دەبێ دەیان جار و بگرە زیاتریش مار پێوەی بدات، ئینجا هۆشی بەخۆیدا بێتەوە و لە ترسناکی و مەترسیی ماری (سەرگەورە) و (ڕیشپان) و (ژەهروەشێن) تێبگات. ئایا سەرانی کورد چ تاقیکردنەوەیەکیان لەگەڵ جەعفەریدا نەبووە، تا هەنووکە لەناکاو قەیسەرییان لێ ببێتە کونەمشک و ناڕەزایی خۆشیان لەهەمبەر سەردانەکەی ئەو بۆ تورکیای دوژمنی هەرە سەرسەختی نەتەوەکەیان دەربڕن؟! داخوا هەر ئەو سەرکردە کوردانە نەبوون بە دەیان جار باسیان لە هاوپەیمانێتی نێوان کورد و شیعە دەکرد و (دەشکەن)؟! ئەوان با خۆیان وەرامی خۆیان بدەنەوە نەک کەسێکی تر.

کوردە بێژەرە تەلەفزیۆنی و دەنگوباسخوێنەکانی سەر بە کەناڵە ئاسمانییە حیزبییەکانی کوردستان، با لە جیاتی ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵی چوونی جەعفەری بۆ تورکیا خۆیان گیف بکەنەوە و تووڕە و توندیش خۆ نیشان بدەن، بێن ـ ئەگەر بتوانن ـ حیسابێکی زۆر چکۆلەش بۆ سەودا و مامەڵەکانی سەرانی کورد لە بەغدا بکەن و هەر نا هەر نا چەند پرسیارێکی کوردانە و بوێرانەیان ئاڕاستە بکەن. شتێکی وا بە شانازی بۆ وان تۆمار دەکرێت و لە هەمان کاتیشدا ڕێبەرانی ئەوڕۆی باشووری کوردستان دەخاتە بەردەم گەلێ بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و کوردستانییەوە.

جەعفەری و موقتەدا و ئەلجابری و زۆر بچمی دیکەی هاوشێوەی ئەوانیش، دەستیان بە قورئانە ئەلعەرەبییەکەی خۆیان داداوە کە تا هەتا هەتایێ دوژمنایەتی کورد و کوردستان بکەن. جا نازانم لە بارێکی وادا گلەییکردن لەوان و ڕەخنەگرتن لێیان چ سوودێکی بۆ کورد و مەسەلە ڕەواکەی دەبێ؟ من پێموایە ڕۆڵەکانی گەلی کورد پێش ئەوەی بچن یەخەی جەعفەری بگرن، جێی خۆیەتی سەرکردە و بنکردەکانی خۆشیان لە (سەرەند و بێژنگ و هێڵەگ)یش بدەن! ستۆکهۆلم 1ـ3ـ2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## *16-3-1988




له 16-3-1988 نەتەوەیەکی گەورە و گران تیرۆر کرا...

له 16-3-1988 کەرامەتی نەتەوەیی نەتەوەیەک ئەتک کرا...

له 16-3-1988 پاڵەوانەکانی عروبە هار بوون و ڕقی ڕاستەقینەی خۆیان بەرامبەر بە کورد نیشان دا...

له 16-3-1988 گریان و هاوار و پاڕانەوە و نووزانەوەی گەلێک پشتگوێ خران...

له 16-3-1988 تەواوی دنیا چاوی خۆی کوێر کرد و نەیویست نەتەوەیەکی لێقەوماو ببینێ...

له 16-3-1988 ئەمریکا و ئەوروپا و هەموو دەوڵەتانی خاوەن هێز و توانا دەستیان بەسەر سەری جەللادە کوردکوژەکەی بەغدادا هێنا...

له 16-3-1988، هەر لەم ساڵە شوومەدا، کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی گرێدرا و لەبەر خاتری چاوی ڕەشی "برا عەرەب؟؟؟" و ڕابردووی کۆنی "برا تورکە عوسمانییەکان؟؟؟" و ڕیشی پانی ئایەتوڵلاکانی "برا فارسە ئێرانییەکانمان؟؟؟"، بە یەک وشە چییە باس لە هەڵەبجە نەکرا...

له 16-3-1988 ماڵ له کورد تێکدرا...
له 16-3-1988 شارێکی خنجیلانه و بەرچاوی کوردستان بەسەر سەری خەڵکەکەیدا ڕمێنرا...
له 16-3-1988 پێنج هەزار پەپوولەی هەڵەبجەی کوردستان، تەنیا لەبەر کوردبوونیان، له یەکەم فڕیندا وەرێنران...
له 16-3-1988 دوژمنانی کورد سەلماندیان که ئامانجیان لەناوبردنی یەکجارەکی ئەم میللەتەیه...
له 16-3-1988 دوژمنان و داگیرکەرانی کورد و کوردستان، لەسەر سفرەی ڕازاوەیاندا، گۆشتی کوردیان دەخوارد و پێکی سەرکەوتنیشیان بەسەر گەلێکی بێبەش له دەوڵەت دەنۆشی...
له 16-3-1988 خاک و خۆڵی وڵاتێک به ناوی کوردستان، لەبەر چاوی بەناو مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز و دیموکراتخوازدا، له تووره‌گه کرا...
له 16-3-1988 بۆ یەکەم جار ناوی هەڵەبجه بوو به "هەڵەبشیما"...
له 16-3-1988 بەولاوه هەڵەبجه به تەنیا نەمایەوه و دەستەخوشکی تریشی بۆ پەیدا بوون: ئەنفال، گەرمیان، بادینان، بارزان و خودی "کوردستان"یش بووه خوشکەگەورەی هەمووان...
له 16-3-1988 بوو که زۆر بەکاوەخۆ سەرانی کورد، دوای ململانێ و گێلمەگێلمانێیەکی بێتام و بێمانا، له خەو ڕاست بوونەوه و خەرمان بەرەکەت باسیان له "بەرەی کوردستانی" کرد...
له 16-3-1988 تەواوی کورد، وەک نەتەوه نەک وەک سەرکرده و بنکردەکان، بوون به یەک...
له 16-3-1988 بۆ کورد جوان خویا بوو، هەر گەلێک که دەوڵەتی نەبێت حیسابی سووتاوه و، له سفرێکی گەوره بەولاوه چیتر نییه...
له 16-3-1988 دەنگی دلێرانەی نەتەوەیەک مریشک ئاسا قیڕەبڕ کرا...
له 16-3-1988، هەتا هەنووکەش، ئەوەی پێی دەگوترێت "مافی مرۆڤ" ڕۆژانه پێشێل دەکرێت و، لەبن پێڵاوی دیکتاتۆر و زۆرداره گچکه و زەبەللاحەکاندا دەناڵێنێت... له شازدەی مانگی سێی هەموو ساڵێکدا 16-3-1988 به نەفرەت دەکەین... هەزار جار نەفرەت له دوژمنانی کورد و کوردستان!
<u>بژی و هەر بژی ئەو گەلەی که ناوی کورده و ئەو خاکەی که ناوی کوردستانه!</u>
ستۆکهۆڵم 16-3-2006 * له ماڵپەڕه کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوه.

## ئەمە سیمبۆڵی تەواوی نەتەوەیەک بوو، نەدەبوایە بسووتێنریٚ!*

من باش دەزانم خەڵکی بەشەرەف و خۆڕاگری کورد لە باشووری نیشتمانەکەمدا لە چ ڕەوشێکدا دەژین. زەحمەتییەکانی ژیان لەو بەشەی وڵاتماندا لەبەر چاوی هەمووانە و پێویست بەوە ناکات لەم



کورتەباسەدا بە درێژی لێیان بدوێین. هەر کەسێک ڕۆژیٚ لە ڕۆژان ڕێی کەوتبێتە کوردستان، کەم تا زۆر، ئاگای لە خەم و گرفتی ڕۆژانەی هاووڵاتییان هەیە.

یادکردنەوەی کارەساتە جەرگبڕەکەی هەڵەبجە کە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی سەر شانی هەر کوردێکی دڵسۆز و کوردستانییەکی خەمخۆرە، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەمساڵ، من دەڵێم کارەساتێکی تری لیٚ کەوتەوە: کارەساتی سووتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی سەربەرز و پیرۆزی هەڵەبجە!! ئەم شوێنە کە وەک سیمبۆڵێکی نەتەوەیی و بگرە تا ڕاددەیەک جیهانیشی لیٚ هاتبوو، هەرگیز نەدەبوو بەم شێوەیە سووکایەتی پیٚ بکرێت و بسووتێنرێت. دەسەڵاتدارانی کوردیش لە جیاتی تەقەکردن لە خەڵک، پێویست بوو زۆر زووتر لە ڕۆژی ڕووداوە دڵتەزێنەکە تەگبیرێکیان لە گوزەران و خزمەتکردنی دانیشتوانی شاری بووکی شەهیدان، هەڵەبجەی قارەمان، بکردایە. جێی داخە بەرپرسانی کورد هەمیشە لە دوای مەرگەسات و ڕووداوەکانەوە دێنە سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن و، باس لەوە دەکەن کە ڕاستە هەڵەیان کردووە.

بێڕێزینواندن لەبەردەم گیانی پاکی شەهیدان و سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی چەند جار سووتێنراو، هەر کەس و تاقم و کۆمەڵە و لایەنێکی سیاسی و ناسیاسی و کورد و غەیرەکوردیان لە پشتەوە بووبیٚ، بە چ شێوەیەک هی ئەوە نییە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە و خوانەخواستە بە کارێکی شیاو دابنرێت. ئەو دەستانەی کە ئاگریان لەم مۆنۆمێنتە بەردا، بزانن یان نا، ئاگریان لە ئێسک و پروسکی شەهیدانی هەڵەبجەش بەردا!!

چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمە هەمەجۆر و لە ژمارە نەهاتووەکانی خەڵکی لەبیرکراوی کوردستان، بێگومان لێپرسراو و سەرکردە سیاسییەکانی ئەمڕۆی باشوور هۆکارێکی ڕاستەقینەی ئەم بارە ناهەموارەن، هەرگیز بە سووتاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی نەمری هەڵەبجە پێکنایەت. من پێموایە خەڵکی بەڕێز و کوردپەروەر و

خودان شەهیدانی هەڵەبجە، زیاتر لە هەر کەسێکی تر، ئەم ڕاستییە دەزانن. هەربۆیە قەت نەدەبوو ڕێ بە کەسانێک بدرێ تا بە کارێکی وا ناشایستە و ناکوردانە هەستن. بە ڕاستی بۆ کورد ئەوپەڕی شەرمەزارییە کە لەبەر چاوی هەموو دنیادا، لە خودی هەڵەبجەشدا!، بەم جۆرە شەهیدانی سووک و ڕیسوا بکرێن. داخوا ئەگەر کارێکی وا ناوی "سووک و ڕیسواکردنی شەهیدان"ی لێ نەنرێت، دەبێ چ ناوێکی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە؟!

پاڵەوانە عەرەبە بەعسییە ڕەگەزپەرستەکانی کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجەی خوێناویی 16-3-1988، لە سەرووی هەموویانەوە عەلی کیمیاوی، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ تەنیا چەند دەقیقەیەکیش ئازادا کرابا و، کارێک کە لە دەستی هاتبا و یەکسەر ئەنجامی دابا، ماڵم قەبرە، وێرانکردن و ڕەشکردنەوەی هەتا هەتایێی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دەبوو! دڵنیام ئێستا ئەوان بە بیستنی وەها هەواڵێک کە هەر بەر گوێشیان دەکەوێ، فێنکایی بە دڵە بۆگەناوییەکانیان دادێ و ئەم کاری ڕووخاندن و سووتاندنەش بە سەرکەوتن بۆ خۆیان تۆمار دەکەن. ئەوە لە کاتێکدا کە هەر لە ئێستاوە بەعسییە خوێنمژ و تیرۆریستە دڵڕەق و چەند تاقمێکی سەر بە شیعە مێشک پووتەکان، ڕووداوەکەی هەڵەبجەیان بۆ هێرشکردنە سەر کورد و داواکارییەکانی قۆستۆتەوە.

لە باشووری کوردستان لەم دواییانەدا هەندێک ڕووداو، ئاخاوتن، نیشانە و هەڵسوکەوتی جیا جیا هاتوونەتە پێشەوە و هەتا ئێستانەکینێش بەردەوامن، کە بە چ شێوەیەک دەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانی و ستراتیژییەکانی کورد تێکناکەنەوە. ئەمانە بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە پرسەکانی تایبەت بە سروودی نیشتمانی و مارشی نەتەەیی کورد و نەورۆز و بۆنە و یادە نەتەوەیی و کوردستانییەکانەوە هەیە. سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەبێ زۆر بەئاگاوە لەم پرس و بابەتانە بڕوانێت و سنووریشیان بۆ دابنێت. من پێموایە کەسێک کە بە خۆی بڵێت کورد، ئەگەر لە کاتی لێدانی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" هەڵنەستێتە سەر پێ و جۆرێک لە بێحورمەتی نیشان بدات، ئەو کەسە نەک هەر شایانی ئەوە نییە ئەندام پەرلەمان بێت، بەڵکو دەبێ لە شوێنێکی وادا دەربکرێتە دەرەوەش. تا ئێستا نەمانبیستووە ئەندامانی سەر بە ڕێکخراوی "حەماس" یان "جیهادی ئیسلامی"ی فەلەستینی، لە بەرامبەر سروود و ئاڵای وڵاتەکەیاندا بێڕێزییان نواندبێ و کارێکی وەهایان بە "حەرام" زانیبێت. هەرچی ئێمەی کوردین ئیسلامییە توندڕۆکانیشمان، لە بواری بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و نیشتمان، بە ئیسلامییە

توندڕۆکانی میللەتانی تر ناچن. خۆزگە، دووبارە دەڵێم خۆزگە، ئیسلامییەکانی لای ئێمەش حەماس ئاسا ڕووبەڕووی دوژمنانمان بانەوە نەوەک ڕێک بە پێچەوانەوە.

کابرایەکی کورد خوا دەیکرد دکتۆر نا پڕۆفیسۆر دەبوو، ئەگەر هەر هەمان وتە و بۆچوونی داگیرکەرانی کوردستان دەپات بکاتەوە، دەبێ هەر زوو دەستی لێ بشۆین و بە چاوی گومانیشەوە لە تێزە تیزاباوییەکانی بڕوانین. ئەمڕۆ لە هەر ڕۆژێکی دیکە زیاتر کورد پێویستی بە شوانێکی کوردستانییە نەک دکتۆر یا پڕۆفیسۆرێکی ناکوردستانی و هاوبیر و هاوڕێچکەی دوژمنان!

ئەگەر کورد بەبێ کەرکووک وەک قەرەجی لێ بێ، کە قسەیەکمان لەسەری نییە، ئەی دەبێ بەبێ "ئەی ڕەقیب" و "نەورۆز" و "ئادار" و "ئاڵای ڕەنگین" و "کاوە" و زۆری تریش، چی لێ دەربچێ؟! ستۆکهۆڵم 21-3-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# شکستییەکی تری کورد*

لەو کاتەی کە سەران و بەرپرسانی کورد لە بەغدا بوون، ئێستاش ژمارەیان لەوێ کەم نییە، پرسی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ئاسایشی "عێراقی" هاتە ئاراوە. وەک ئەوەی کە کورد خۆی ئەنجوومەنێکی لەو جۆرەی لەمێژە پێکهێنابێ! گەر بە هەڵەشدا نەچووبم یەکەمین لایەن کە پێشنیاری سازکردنی وەها دەزگایەکی لە بەغدا کردبێ، دیارە هەر سەرانی کورد خۆیان بوون. لە بیرمانە ئەوسا شتێک بەنێوی "حەل و عەقد" هاتە پێشەوە، تاکو بتوانرێت لە ڕێگەیەوە گرفتە زۆر و هەمەچەشنەکانی "عێراقییەکان" چارەسەر بکرێت.

ئێستا دوای ئەوەی ئەم ئەنجوومەنە لەژێر ناوی "المجلس الامن القومی - ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی" دروست کراوە، هەر سەران و لێپرسراوانی کورد دیسان خۆیان کەوتوونەتە تەقە لەم دەزگایە و منجە منجیانە. یەکێکیان دەڵێ: ئەمە دەزگایەکی ڕاوێژکارییە و بەس. ئەوی دیکەیان دەبێژێ: ئەنجوومەنی ناوهاتوو لە بەرژەوەندی "ئیئتیلاف"ی شیعیدا دەبێت و چ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نابێت.

پێش هەر شتێک عێراق نەتەوەیەک نییە تا بەم ناوە ئەنجوومەنێکی بۆ ڕاست بکرێتەوە. ئینجا گەلێ باشتر دەبوو ئەگەر سەرکردە و دەستڕۆیشتووەکانی ئەوڕۆی کورد بیریان لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی، هەر نا هەر بۆ باشووری کوردستان، بکردایەتەوە.

لەناو هەر دەزگا و سازییەکدا، لە پایتەختی هەر داگیرکەرێکی کوردستاندا، چوار ئەندامی دەست و پێ سپیی کوردی وەک ئەوەی بەغدا، نەک هەر هیچیان پێ ناکرێت و بەس، بگرە بە دەردی کوردە ئەندام پەرلەمانەکانی ناو "ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی"یەوە دەچن کە تا هەنووکە کارێکی وا گرنگیان لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان ئەنجام نەداوە، تاکو بێین دەستخۆشییان لێ بکەین. نموونەیەکی زۆر بچووک: چەند جار لەبەر چاوی ئەو ئەندامە کوردانە سووکایەتی بە کورد و داخوازییەکانی، سووکایەتی بە زمانی کوردی کراوە، ئایا کوان هەڵوێستە نەتەوەیی و کوردستانییەکانیان؟! تۆ بڵێی سەرانی کورد پێشوەخت نەیانزانیبێ، دامەزراندنی وەها ئەنجوومەنێک کە ژمارەی ئەندامانی کورد تێیدا کەمینە دەبێ لەچاو عەرەبەکان، چ خێرێکی ئەوتۆی بۆ گەلی کورد تێدا نابێ و چارەسەریش نابێ بۆ دەرد و نەخۆشییەکانی؟!

جێی داخە لەوەتی سێ ساڵ بەر لە ئێستا ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە ڕووخێنراوە، سەرانی کورد و یەکێتی و پارتی چەند هەنگاوێکیان ناوە کە ئەنجامە کۆتاییەکانیان بە زیانی خودی کورد کەوتوونەتەوە. ئەوان لە سەرەتادا لێنەگەڕان کورد چۆن دەرکراون هەر وەهاش خۆیان بگەڕێنەوە کەرکووک و باسیان لە "گەڕانەوەی بە بەرنامە" کرد، کەچی ڕەوشی هەنووکەی کەرکووک وا لەبەر چاوی هەموومانە و دەشزانین بەرنامەی پارتی و یەکێتی چی بەسەر هات. هەر ئەوان بوون لەناو شاری کەرکووک "ئەنجوومەنی 24 کەسییان بۆ گشت نەتەوەکانی کەرکووک بەبێ جیاوازی" و، بەبێ ژمارە و قەبارەی دانیشتووانیشەوە پێکهێنا و شەو و ڕۆژ باسیان لە "برایەتی" و "پێکەوەژیان" دەکرد، تا وای لێهات عەرەب و تورانی و بەعسییەکان لەگەڵ بانگی نیوەڕۆ وێرایان دەنگ بەرز کەنەوە و بڵێن: لا الە الا اللە کوردستان عدو اللە! ئەو ڕۆژە کوردکوژ و ڕەگەزپەرستەکان وێنەی سەددامی دیکتاتۆریشیان بەرز ڕاگرتبوو. یەکێتی و پارتیش زەقەزەقی چاوەکانیان دەهات. خراپترین هەنگاو کە سەرکردەکانی کورد، تەنانەت بە بۆچوونی کەسانێکی شارەزای غەیرەکوردیش کە نەدەبوو بینێن، پاشگەزبوونەوەیان بوو لەمەڕ چارەسەری یەکجارەکی کورد و دواخستنی بۆ ماوەیەکی نادیار و چارەنووسێکی نادیاریش، چونکە ئاسان نییە بتوانیت پێشبینی ڕووداو و پێشهاتەکانی ناو شاری کەرکووک و عێراق و کوردستان و تەواوی ناوچەکەش بکەیت. خاڵێکی لەمە زۆر گرنگتر ئەوەیە: دەڤەرێک یان هەر شار و شارۆچکەیەک کە لە بنچینەدا بە هەموو پێوەرێکی جوگرافی و نەتەوەیی و نیشتمانی، هەر لە کۆنی کۆنەوە، بە خاکی کوردستان بژمێردرێن، کەی ڕاست و ڕەوایە تۆ بێیت ڕاپرسی و ڕیفراندۆمی لەبارەیانەوە ئەنجام بدەیت؟! شوێنێک کە کوردستانی بوو، با تەنیا کوردێکیشی تێدا نەبێت یان تێدا نەهێڵرابێت، ئەمە کەی دەبێ ببێتە بەربەستێک تا سەرانی کورد ناچار بن باس لە ڕیفراندۆم بکەن؟!

لەوانەیە ئەوڕۆ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، لە هەر کەس و لایەنێکی تر زیاتر، باس لە پێکهێنانی حکوومەتێکی یەکێتی نیشتمانیی"عێراقی" بکات. ئەی هەر ئەو سەرکردایەتییە نەبوو عەرەبە سوننەکانی داوەتی هەولێر و پیرمام و قەڵاچوڵان و ئێرە و ئەوێی کوردستان دەکرد؟ یان چاویان بە بەرپرسانی سەر بە هەرزەکارێکی وەک موقتەدا سەدر دەکەوت، کە دوێنێ لەسەر زاری حازم ئەلئەعرەجی، کوردیان بە نۆکەری ئەمریکا ناو دەبرد و وەک ئەنجامدەری هێرشەکەی سەر حوسەینییەکی شیعەکانیشیان دەناساند. هەرچی عەرەبە سوننەکانیشن خوا هەڵناگری هەر لە

دێرزەمانەوە لە کوشتن و قەڵاچۆکردنی کورددا چ درێغییەکیان نەکردووە و، ئەوەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ڕۆژانە لە شارێکی وەک مووسڵ ڕاوەکورد دەکەن و، تا ئێستا بە هەزاران خێزانی کوردیان لەو شارە و دەیان شوێن و ناوچەی تری کوردستاندا دەربەدەر کردووە. خۆ ئەگەر سەرانی کورد چاویان شتێکی وا نابینێ، کورد وەک نەتەوە گەورە و گچکەی ئەمە دەزانێ و لێی بەئاگایە. نوێنەرانی عەرەبە سوننەکان کاتی خۆی کە داوەتی هەولێر کرابوون، لەوێندەرێش چاویان بەرایی نەدابوو تا ئاڵای پیرۆز و ڕەنگینی کوردستان ببینن، هەربۆیە گازاندە و گلەیی خۆیان پێشکەش بە خاوەن ماڵ کردبوو! لە پاشانیش سوننەکان داواکاری ئەوەیان هەبوو کە دەبێ لە کوردستانیش عەرەبی زمانی فەرمی بێ و کاری پێ بکرێ. ئیتر ئەوەبوو وەک بینیمان ئەم هەوڵەیان چ ئەنجامێکی بۆ کورد لێ کەوتەوە.

لە پرسی تایبەت بە دیاریکردنی ئیبراهیم ئەلجەعفەری وەک سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، پێشتر بەرپرسانی کورد بە جاران گوتوویانە ئەمە مەسەلەیەکی تایبەت بە "ئیئتیلاف" خۆیەتی، کەچی بە تایبەتی دوای سەردانەکەی ناوهاتوو بۆ لای کەمالیستە بۆگەنەکانی تورکیا، لەپڕ ئەو لێپرسراوە چەلەنگ و لێهاتووانەی کورد وەک ئەوەی پێشتر ئەم کابرایە ناحەزەیان نەناسیبێ و ئاگایان لە سیاسەتەکانی نەبێ بەرامبەر بە کورد و کەرکووک، دەستیان کرد بە دەربڕینی ناڕەزایی و خۆ گیڤ کردنەوە لە ئەلجەعفەری و حکوومەتەکەی. لە کاتی هەنووکەشدا هەڵوێستی سەرانی کورد لەمەڕ هەمان مەسەلە جۆرێک لە بێدەنگی و ساردبوونەوەی پێوە دەبینرێت. چ لە گۆڕێدا هەیە، ئەمە تەنێ تایبەت بە سەرانی کوردە و هەر خۆشیانن وەستا و شارەزا؟! خوایە ئاخیرەکەی بۆ کورد خێر بێت!

ستۆکهۆڵم 28-3-2006

* لە (میدیا، ژمارە 234، 2006/4/14، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# دوو پرس و دوو پەیڤ*

* پرسی کاندیدکردنی ئیبراهیم ئەلجەعفەری بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە عێراق، کە لە زۆر لاوە ناوی "گرێکوێرەی ئەلجەعفەری" لێ نراوە، ماوەیەکی باشیشە کورد و بە تایبەت سەران و ڕێبەرانی ئەو گەلەی بەخۆوە خەریک کردووە. "هاوپەیمانی کوردستانی" و "بەرەی تەوافوق"ی عەرەبی سوننی و چەند لایەنێکی دیکە دەگەڵ ئەوەدا نین سەرلەنوێ ئیبراهیم ئەلجەعفەری ببێتەوە بە سەرۆکی وەزیران لەو وڵاتەدا و، دووبارەش حکوومەت پێکبهێنێتەوە. هەریەک لەو دوو لایەنە، کورد و عەرەبی سوننە، بیانوو و ڕای تایبەت بە خۆیان هەیە سەبارەت بە ڕازینەبوونیان لەمەڕ دروستکردنی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی ئەلجەعفەری. عەرەبە سوننەکان هەر لە دەستپێکدا کەسی ناوهاتوویان بە تایەفەگەر و لایەنگری ئێران و زۆر شتی دیکەش تاوانبار کردووە. ئەوان هەر ئەلجەعفەری نا، بگرە گەلێ ڕێکخراو و لایەنی تریشیان داوەتە بەر پەلاماری ڕەخنە و بە بەکرێگیراو و نانیشتمانی تۆمەتباریان کردوون، وەک ئەوەی بە خۆیان لەو بوارەدا پەرێزیان ئەوەندە پاک بێ کەس نەتوانێ داویان لەدوو هەڵگرێتەوە! هەرچی کورد و سەرکردایەتییەکەیەتی لەوانەیە بە جۆرێکی تر بۆ مەسەلەکان بچن و شتەکان بە هەندێ خاڵ گرێ بدەن کە زیاتر پەیوەندییان بە خودی کوردەوە هەبێ، نەک بە کابرایەکی وەک ئەلجەعفەری. کێشەی نێوان ئیبراهیم ئەلجەعفەری و ئەو کوردانەی کە ئەمڕۆ لە بەغدا بوونەتە نوێنەری ئەو میللەتە، دوای سەردانی ئەوی یەکەمیان بۆ تورکیا لە جاران زیاتر



قووڵ بووەوە و تەشەنەی سەند. لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و عەرەبی و بیانیدا باس لەوە دەکرێ کە ئەلجەعفەری کەسێکی تاکڕەو و کەللەڕەقە و حەزیشی لە دەسەڵاتە. هەروەها ناوبراو لە زۆر بۆنەدا چ حیسابێکی بۆ وەزیر و گزیرە کوردەکانی بارەگا لە بەغدا نەکردووە و پشتگوێی خستوون. ئەی هەر ئەو نەبوو پرسەخەسوانێیەکیشی بە سەرۆکی "عێراقی فیدرالی پارتی و یەکێتی" نەکرد و بەرەو باوەشی تۆرانییە کەمالیستەکان تێی تەقاند؟!

ئەمانە هەموویان بە لایەک و دۆزی کوردیش لە باشووری کوردستان بە لایەکی ترەوە بوەستێ، چونکە کەس نییە نەزانێ گرفتی سەرەکی لێرەدا تەنیا پەیوەندی بە هەڵبژاردن یا هەڵنەبژاردنی کابرایەکی عەرەبەوە نییە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە

عێراقدا. پێش ئیبراهیم ئەلجەعفەری حکوومەتی ئەیاد عەللاویشمان لە بەغدا بینی. ئایا ئەو حکوومەتەی کە عەللاوی سەرۆکایەتی کرد، چ هەنگاوێکی بەرچاوی نا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی تایبەت بە دۆزی ڕەوای کورد و خاکی کوردستان؟ گەلۆ کوردی باشووری کوردستان دەبێ بەتەنێ چاویان لەوە بێ، لە بەغدای ناوەندی دەسەڵات کێ دەبێ بە سەرۆکی حکوومەت، یانیش بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەمەوە؟! داخوا جێگۆڕکردنی سەرۆک وەزیران لە عێراقی دوای سەددام و تژی تەنگوچەڵەمەدا، دەشێ بکرێتە پێوەر و پێوانەیەک بۆ دانان بە گشت مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، لە لایەن نەتەوەی سەردەستی عەرەبەوە، بە جۆرێک کە کورد ڕۆژێک بتوانێ بە یەکجاری ماڵئاوایی لە عێراقی نەفرەتی و خودی عەرەبیش بکات؟!

** بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی خوێنمژی بەعس لە عێراقدا، کە بە زەبری هێزی ئەمریکا هێنرایە سەر چۆک، لە کەناڵی ئەلجەزیرە بەرنامەیەکم بەر چاو کەوت. بەرنامەکە کە شێوەی دانیشتنێکی لایەنە سیاسییە کوردی و ناکوردییەکانی بەخۆوە گرتبوو، دیار بوو بە دەستپێشخەری کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەری - بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەولێری کوردستان! - ساز کرابوو. کابرای سەرپەرشتیکار و بەڕێوەبەری ئەم بەرنامەیە عەرەبێکی عێراقی بوو که هەندێ جار لە قاهیرەی میسریشەوە ڕاپۆرتەهەواڵ بۆ ئەلجەزیرە دەنێرێت. جەواد عەبدولعەزیم، گەر بە هەڵەدا نەچووبم ئەمە ناوەکەیەتی، تا بڵێی کەسێکی قەڵپ و ناحەزە و، بە دەگمەنیش نەبێ لە کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانیدا ئەوەی باسی نەکات "کورد" و "کوردستان"ە. ئەم "جەواد"ە کە بە عەرەبی میسری ناوەکەی بە زەرەر بۆی دەگەڕێتەوە، تەنیا و تەنیا ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ لە خاڵی "شیمالی عێراق"ە. تەنانەت لەو بەرنامەیەی کە لە کەناڵی




ئەلجەزیرەش بە ئێمەی بینەران نیشان درا، خوا هەڵناگرێ، بابای عەرەبی عێراقی لە حزووری چاوساغ و پێشسوار و کاربەدەستانی کورددا هەر هەمان ناماقوولی کرد و، من خۆم گوێم لێ بوو کاتێ کە پرسیاری لە "ئوستاد سەعدی..." کرد، گوتی: "شیمال ئەلعێراق" و دوایيش بۆ چاووزار "کوردستانولعێراق"ێکی پێوە لکاند! جێی داخە "ئوستاد سەعدی" نەک هەر بەرپەرچی ئەوی نەدایەوە و بۆیشی ڕوون نەکردەوە

که شتێک له ئارادا نییه به ناوی "شیمال ئەلعێراق" و ئەوەی هەیە ناوی "کوردستان"ە، بگره ئەم "ئوستاد"ەمان شێلگیرانە داکۆکی لە عێراقچێتی سەرکردەکانی کورد دەکرد و عێراقیبوونی خۆیشی دەبارە دەکردەوە! ئەرێ بە ڕاست چەند تاکی فەلەستینی ئامادەن لە یەک کاتدا خۆیان بە "فەلەستینی و ئیسرائیلی" دابنێن؟! ئایا شتێکی لەو جۆرە، سەرکردە کوردەکانی لێ دەرچێت، لە شوێنگەلی دیکەی دنیادا دەبینرێت؟! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە، خۆ هەر سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی، بە زمانی خۆی بە جاران گوتوویەتی ئێمە جارێکی تر ئەو ئالایەی بەعس"ئالای عێراق" ـ کە لەژێر سێبەریدا دەیان تاوانی گەورە بەرامبەر بە کورد ئەنجام دراوە ـ لە کوردستان بەرز ناکەینەوە، کەچی هەر لەو بەرنامەیەی ئەلجەزیرەدا ـ لە هەولێریش! ـ ئالایەکی نەگریسی بەعس بە لادیوارێکی پشت کاکی پێشکەشکەری بەرنامەکەوە دەشەکایەوە و چاوی لە چاوی تەماشاڤانان نابووا!!

کەناڵی ئەلجەزیرە کە خەڵکی عەرەب و شیعەکان پەیامنێرەکانیشیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەرکرد، لە کوردستانی "ئازاد و دیموکرات"دا گەلێ جار سووکایەتی بە خودی کورد و دۆزە ڕەواکەی کردووە. کاتی خۆی هەر پەیامنێرەکەی ئەلجەزیرە بوو، لە باشووری کوردستانەوە ڕاپۆرتی ئامادە دەکرد و باسیشی لە "سەرچاوە ئاوی و سرووشتییەکانی نیشتمانی عەرەب" دەکرد! ئەلجەزیرە کە پەیمانێرەکەی کوردێکی "زاوێتەیی"شە، یەک دوو ڕاپۆرتی نەبێ، دەنا هەمیشە زمانی قسەکردنی چ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ زمانی قسەکردنی پەیامنێرانی تری کەناڵەکە. ئەم بابای "زاوێتەیی"یەش عەرەب ئاسا "کوردستان"ی بە "شیمالی عێراق" ناو بردووە.

<u>ستۆکهۆڵم 13-4-2006</u>

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# تۆرانییەکان وەجاغ کوێر نین!*

شێوەی مامەڵەکردنی هێزەکانی سەر بە ئاسایشی یەکێتی لەگەڵ خۆپیشاندەرانی کورد لە شاری سلێمانی، کە بە دەستپێشخەری پارتی چارەسەری دیموکراتیی کوردستان ـ پچەک ئەم چالاکییە بۆ ساڵیادی ئەنفالە بەدناوەکان و پرۆتێستۆکردنی ڕژێمی کەمالیستی ئەردۆغان ڕێکخرابوو، خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بۆ سیاسەتی ترس و تۆقێنەرانەی سەران و دەسەڵاتدارانی یەکێتی لە بەرامبەر هەر بزووتنەوە و بزاڤێکدا کە بۆنی ناڕازیبوون و بەرهەڵستکاریکردنی ئەوانی لێوە بێت. ئەم هەڵسوکەوتەی یەکێتی لە دژی خۆپیشاندەرانی کورد کە بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتییانە خەریکی ئەنجامدانی چالاکییەک بوون بۆ ڕووڕەشکردن و ناڕەزایی دەربڕین لەهەمبەر داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوە و خاک، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر هاربوون و زراوچوونی کاربەدەستانی کوردی ناکوردستانی و بەرژەوەندپەرستی حیزبییانەی تەسک لە هەر جووڵە و جموجۆڵێکدا کە دەگەڵ بیر و بۆچوونەکانیاندا هاوکووف نەبن. گومانیش لەوەدا نییە کاردانەوەیەکی وەها لە لایەن پیاوانی سەر بە یەکێتی چ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، گوایا فلان ڕێکخراو یان سەرکردە و کۆمەڵەخەڵک لە پشت ئەم چالاکییەوە بووبن. ئەم جۆرە لێکدانەوە پووچانە نەک هەر چ بنج و بنەمایەکیان نییە، بەڵکو مرۆڤ ئەگەر بە وردی لێیان ورد بێتەوە، دەچنە خانەی شێوازی بیرکردنەوەی داگیرکەرانی کوردستان و بە تایبەتیش تۆرانییە ڕەگەزپەرستەکانی مینا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان. مەگەر هەر ئەردۆغان نەبوو فەرمانی قڕکردن و ڕەشبگیرکردنی گەورە و گچکەی کوردی دا لە کاتی سەرهەڵدانە مەزن و گەلێرییەکەی باکووری کوردستان؟! بە ڕاستی شەرم و حەیاچوونێکی تا بڵێی گەورەیە بۆ هەر کاربەدست و دەسەڵاتدارێکی کورد، کە هەر هەمان ڕێچکەی داگیرکەران و دابەشکەرانی کوردستان بگرێتە بەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی سڤیلی خۆپیشاندەردا! لە باکووری کوردستان منداڵی سێ ساڵی بە دەستی جەندرمە خوێنمژەکانی تورک شەهید کران. لە سلێمانیی باشووری کوردستانیش، ئەم جارەیان بە دەستی کورد خۆی!، ژن و زارۆک و کەسانێکی خەمخۆر و دڵسووتاو بۆ دۆزی نیشتمان دەدرێنە بەر قۆنداغەتفەنگی چەکداری کورد و لێیان دەدرێ و سووکایەتییان پێ دەکرێ و، ڕاپێچی زیندانێش دەکرێن. دەک داوەشێی دەسەڵاتی سۆسیال دیموکراتی کوردی!!

یەکێتی تەنیا لەو سەردەمانەی دواییدا، جارێ لەژێر ناوی پێشگرتن لە تیرۆر و جارێکیش بە مەبەستی ڕێنەدان بە ئاژاوەگێڕ و خراپەکاران، تەنانەت بە دانپیانانی هەندێک لە سەرکردەکانی خۆیشی، هانای وەبەر چەک و ئامڕازی ناشایستە و ناگونجاو و ناشارستانییانە بردووە، بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لەبن سێبەری دەسەڵاتی حیزبییانەیدا ژیان بەسەر دەبەن. ڕووداو و تێکهەڵچوونەکانی کەلار و هەڵەبجە و سلێمانی و زۆری تریش بەتەنێ چەند نموونەیەکی کەمی ئەم باسەن.



ئەگەر ڕەوش وا بڕوا، شتێک کە دەسەڵاتدارانی کورد دەبێ لێی دڵنیا بن ئەوەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جەماوەری گەلی کوردستان، پارتی و یەکێتی خۆشییان بێ یا ترشی، نەک هەر لەوان دوور دەکەونەوە و بەس، بگرە لەجیاتی گوڵباران بە دەیان جار بەردبارانیان دەکەن و بە هۆیهاش شاربەدەریان دەکەن. سەرانی کورد لە کاتێکدا سەرقاڵی پێکەوەنانی "حکوومەتێکی نیشتمانیی عێراقین!"، کەچی چاویان بەرایی نادا خۆپیشاندانێکی کوردی لە دژی تورکە هۆڤ و فاشیستەکان لە سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی و سەنگەری هەمیشەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، ببینن. جەلال تاڵەبانی کە بە قەدەر هەموو دنیا دڵی بە پۆستی



سەرۆک کۆمارێتییەکەی "عێراق!" خۆشە و، ئەگەر لە هەر شوێنێکی "نیشتمانی عەرەبی"دا کە "عێراق"ەکەی ئەو بەناو ئەندامێتی، هەژار و داماوێک شک ببا، هەروەک کابرای شاعیری جەزائیری، دەستی خێری باوکانەی بۆ درێژ دەکات و یارمەتی دەدات. لێ هەر هەمان تاڵەبانی ناتوانێ، کێش دەڵێ دەیەوێ؟، ڕێ لەبەر چاوسۆرەکانی سەر بە خۆی لە سلێمانی بگرێت تا بەر نەبنە گیانی دڵسۆزانی کورد و

کەسانێکی نەتەوەیی و کوردستانی. ڕەنگە گەورەترین تاوانی د. فایەق گوڵپی و هاوڕێ گیراوەکانی تەنێ ئەوە بێ، کە ئەوان بووبن بەهۆی "ئیحراجبوون"ی جەنابی تاڵەبانی لە بەردەم سەرانی تورک، لە ئەنجامی ئەو خۆپیشاندانە هێمنانەی کە یەکێتی خۆی مەبەستی بوو بیشێوێنی. دیارە دەسەڵاتدارانی یەکێتی هەر واشیان کرد و بەم کارەشیان دڵی ئەردۆغانیان شاد و دڵی تەواوی نەتەوەی کوردیشیان ناشاد کرد.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێین پاش ساڵانێکی دوورودرێژ و پڕ هەل و دەرفەت، هێشتا خراپ نییە گەر بە درەنگیشەوە بێ، وا خەریکە هەندێ جار لە خۆمان خەنی سەرکردە کوردەکانی ئەوڕۆمان ڕێبازی سەربەخۆییخوازانەی نەمران شێخ مەحموودی یەکەم پاشای کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدی یەکەم سەرکۆماری کوردستانیان وەبیر دەکەوێتەوە و، کۆڕ و کۆبوونەوەشیان بۆ ساز دەدەن و باس لە دەوڵەتی کوردیش دەکەن. دیارە لەگەڵ ئەوەشدا جارناجار ڕاگەیاندنە حیزبییە سەیر و سەمەرەکانیان دەکەونە نێو هەڵەی وا گەورەوە کە مرۆڤ ناتوانێ بە ساناهی چاویان لێ بپۆشێ. لە کاتێکدا کە دڵسۆزانی ناوەندی هەڵەبجە - چاک - لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و کەنەدا و گەلێ جێگەی تردا، سەبارەت بە هەژدە شۆخەکیژە فرۆشراوە بەدیلگیراوەکەی کورد لە دژی دەوڵەتی میسر چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا، کاکی پەیامنێری کەناڵی زاگرۆس تیڤی لە قاهیرەی پایەختی ئەو وڵاتەوە ڕێک لە 14-4-2006(ڕۆژی ڕەشی ئەنفال)، سەربەرزانە باسی لە شارستانیەت و جوانی و بەدەویی میسر وەک وڵاتێکی تۆریستی دەکردا!!

<u>کێ دەڵێ دوژمنانی کورد بێبەختن و وەجاغیان کوێرە؟!</u> سوێد 16-4- 2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەی خۆتان چین؟!*

دوێنی وەک هەر ڕۆژێکی تر گوێم لە دەنگوباس و هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرت. لە کوردستان تیڤی نووچەی سەرلێدانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ پەرلەمانی کوردستان بڵاو کرایەوە. لە وەرامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هەڕەشە و دەستتێوەردانەکانی تورکیا و ئێران لە کاروباری ناوخۆی باشووری کوردستان، بە تایبەتیش کۆکردنەوەی هێزێکی زۆری ئەم دوو دەوڵەتە داگیرکەرەی کوردستان لەسەر سنووری باشوور، نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بەوە کرد کە هەردوو دەوڵەتی ناوهاتوو هێشتا نەهاتوونەتە ناو خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کورد و، لە بارێکدا ئەگەر کارێکی واش بکەن، ئەوا دەبێ "بەغا" هەڵوێستی هەبێ و بڕواشی وا بوو، کە حکوومەتی ناوەندیی "عێراق" ناڕەزامەندی توند لە بەرامبەر کردەوە پێشێلکارییەکانی تورکیا و ئێران نیشان دەدا. شێوەی بەرسڤدانەوەی نێچیرڤان بارزانی بەم جۆرە بوو کە باس کرا.



بۆ زیاتر چوونە نێو باسەکە و گفتوگۆکردن لەسەری، خراپ نابێ گەر کەمێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە. هەمووومان لە یادمانە سەرانی کورد و پارتی و یەکێتی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە خۆیان لە سەرەتادا چ بەزم و ڕەزمێکیان ساز کرد، تا بە گەلی کوردستانی بسەلمێنن، هەر دەبێ و هەر دەبێ دەنگ بۆ دەستووری ڕەشی عێراقی بدەن. تەنانەت کەسانێک لە کورد ڕاست بوونەوە، دیارە بێ ئەوەی چ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بە دەست بێنن، شێلگیرانە داکۆکییان لەوە دەکرد گوایا ئەوە تەنیا چەند نووسەرێکی هیچ لە دەست نەهاتوون کە هەوڵ دەدەن وا لە خەڵکی بکەن، بۆ ئەوەی دەنگ بۆ ئەم ڕەشنووسی دەستوورە نەدەن. جێی داخە لەم بوارەدا هەندێ قەڵەم بەدەستیش هاوڕای حیزبییە بەرژەوەندخوازەکانی کورد شتیان دووبارە و دەبارەش دەکردەوە. کاربەدەستانی کورد و هاوڕاکانیان لە دەستپێکدا باسیان لە بەدەستهێنانی لە سەدا نەوەد و هەشتی داخوازییەکانی کورد دەکرد، کە وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی دەنگدان لەسەر دەستوور هاتوونەتە ئاراوە. پاشان هەر بە خۆیان گوتیان لە سەدا نەوەد و هەشت نا، لە سەدا حەفتا و ئیتر هەر بڕۆ بۆ خوارەوە و ساتمە ناکەیت!

بەڵێ، ئەوان کە سەرگەورەی کورد بوون، گەلێ شتیان باس دەکرد: چاپکردنی دراوی نوێی "عێراقی" بە زمانی کوردی، دەرخستنی پوولی "عێراقی" بە زمانی کوردی، پاسەپۆرتی نوێی "عێراقی" بە زمانی کوردی، دروستکردنی ئاڵای تازەی "عێراقی"، دانانی سروودی نوێی نیشتمانیی "عێراقی"، نەوتی کورد بۆ کورد خۆی، حیساب نەکردنی پێشمەرگە بە میلیشیا، بەکاربردنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی و "دووەم" لە دام و دەزگا فەرمییەکانی عێراقدا، سوپای عێراق نابێ جارێکی تر"وەک جاری جاران" گەشتی هاوینی و زستانی بۆ کوردستان بکات و زۆر زۆری دیکەشیان دەگوت و دەگوتەوە.

ئێستا ئەوە هەر سەرکردە و حیزبی دەسەڵاتداری کوردی خۆیانن نووکە نووکیان پێ کەوتووە و بە شەو و ڕۆژیش گلەیی لە "بەغا" دەکەن. ئەوان دەڵێن: چۆن دەبێ پاسەپۆرتی "عێراقی" بە شێوەی سەردەمی بەعس دەربکرێ و بە کوردی نەنووسرابێ و، کەی ڕەواشە کوردێکی دانیشتووی سلێمانی بۆ بەدەستخستنی پاسەپۆرتێکی "عێراقی" ڕوو لە "بەغا"ی پایتەخت بکات؟ دەپرسن و دەبێژن: کوان بەند و بڕگە و مافە بنچینەییەکانی کورد کە لە دەستووری "عێراق"دا جێگیر کراون؟

لەم کەینوبەین و هەڵلا هەڵلایەشدا ئەوەی لە دەستی حکوومەتی عەرەبی شیعەی ناوەندیی "بەغا"شدا هاتبێ، لەمەڕ سووکایەتیکردن بە کورد و زمانی کوردی و کوردستان و خەڵکەکەی، هەر لە "عەللاوی"یەوەڕا بیگرە تا دەگەیتە "جەعفەری"، هەرگیز کەمتەرخەمییان نەکردووە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ عەرەب بە شیعە و سوننەیەوە هەر لەسەر هەمان ڕێچکەن. هەر کەسێکیش بڵێ وا نییە، پێی دەڵێم: ئەفەندی درۆت فەرمووا!

حکوومەتی ناوەندیی بارگە لە "بەغا"ی بنێشتەخۆشەی سەر زاری سەرانی کورد گەلێ کاری ئەنجام داوە، کە مرۆڤ دەتوانێ ئامەژەیان پێ بکات: دراوی نوێی "عێراقی" دەرخستووە بێ ئەوەی وشەیەکی کوردی تێدا بێت، لە یادی نەورۆزدا پوولێکی چاپ کردووە کە وێنەی ژنێکی کوردی لەسەرە و بە عەرەبیش نووسراوە"عید النوروز"، پاسەپۆرتی ڕۆژانی بەعسی نوێ کردۆتەوە و تفێکی خەستیشی لە کورد و زمانەکەی کردووە، بە شانازییەوە ڕێزی لە ئاڵا ڕەشەکەی بەعس گرتووە و سەرانی کوردیش ڕۆژ نییە لەتەکیدا نەوەستن و باس لە برایەتی کورد و عەرەب نەکەن، ماوە لە دوای ماوە بڕیاری بەعسییانەی بۆ کاربەدەستانی کەرکووکی کوردستان"بە تایبەتی لێپرساو و کاربەدەستە کوردەکان" ناردووە، بووەتە ڕێگر لەپێش هەر

هەنگاوێک کە بە مەبەستی خزمەتکردنی کورد و کوردستانەوە نرابێ. "عێراق"ێک کە ئەمە حکوومەتەکەی بێ، با سەرکۆمارێتییەکەی هەر لە جەلال تاڵەبانی پیرۆز بێ!

سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی کە ئەوەندە دڵیان بە دەستووری "عێراق" خۆش بوو و خۆشە، دەبێ دوایین کەسیش بن کە گازاندە لەم دەستوورە بکەن. جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی کە زوڕناژەن و دەهۆڵلێدەری ڕەشنووسی ڕەشی دەستووری "عێراق"ی نەفرەتی بوون، ئەگەر خوانەخواستە کوردی باشوور لە دواڕۆژدا تووشی نسکۆ و کارەساتی گەورە هات، ئەوە دەبێ تەنێ و تەنێ یەخەی ئەم دووانە بگرن. بە کورتییەکەی ئەم دووانە بەرپرسیاری هەوەڵ و ئاخرن لە هەر شتێکدا کە ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە. یاسایەکی وەها لەنێو گەلانی دیکەشدا پیادە بووە و دەبێ کوردیش بیری لێ بکاتەوە.

تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لە هەنووکە لە چاوپێکەوتنێکدا سەرۆکی باشووری کوردستان،"باشووری کوردستان لەبارتر و خۆشتر و چاکتر نییە لە وشەیەکی ناحەزی وەک هەرێم؟"، لە کەناڵی ئەلعەرەبییە گوتی: ئەگەر دەوڵەتانی دراوسێ وازمان لێ نەهێنن و کێشەمان بۆ بنێنەوە، ئێمەش دەتوانین سەریەشەیان بۆ دروست بکەین. کابرای پرسیارلێکەر دووبارە جەختی لە پرسیارەکەی خۆی کردەوە و گوتیشی: ئەبو مەسروور ئەمە قسەیەکی گەورەیە. هەرچی بارزانیش بوو دیسان پێی لەسەر قسەکانی خۆی داگرت و بەسووربوونیشەوە گوتی: اعنی ما اقول ـ ئەوەی دەیڵێم مەبەستیشمە! جەلال تاڵەبانیش لە سەردانی ئەم دواییەیدا بۆ کوردستان، ئەوەی ڕەت کردەوە کە پێشمەرگە میلیشیا بێ و دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە و گوتیشی: تەماشای هێزە مۆڵەتدراوەکانی تورکیا و ئێران بکەن. جا تۆ بڵێی نێچیرڤان بارزانی ئاگای لەم ئاخاوتن و قسانەی بارزانی و تاڵەبانی نەبێ و هومێد و هیوای هەر "بەغا" بێ؟ ئەو "بەغا"یەی کە ئەو زۆر جار لەسەر زاریەتی، ئەگەر ئەمریکاییەکان "گرین زۆن"ەکەیان نەپاراستبا، ڕەنگە لەمێژەوە شتێکی تێدا نەمابا بە نێوی "حکوومەتی ناوەندیی بەغا"! ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە خۆ ئەمە جاری یەکەم نییە تورکیا و ئێران جەندرمە و پاسدار بنێرنە باشووری کوردستان بۆ ڕاوەدوونانی شۆڕشگێڕانی کورد؟ نێچیرڤان بارزانی لە من باشتر دەزانێ ئەوە ساڵانێکە تانک و تۆپەکانی تورکیا لە دەڤەرێکی تایبەتی باشووری کوردستاندا سەنگەریان لە ئازادیخوازانی کورد گرتووە. کوا هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەمەڕ ئەم پرسە و گەلێ مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانیی دیکە؟! خۆ لە سایەی سەری سەرانی شەڕخوازی کوردیشدا، لەژێر ناوی

ناوبژیکردن!!، جەندرمەی تورک سالآنێک بوو بارەگایان ئەوەندە دووری پەرلەمانی کوردستان نەبوو؟! ئەمانە هەر هەموویان ڕابردوویەکی تالن، بەلآم ئاسانیش نییە مرۆڤ بە ساناهی لە بیریان بکات.

کورد لە باشووری کوردستان خۆی بە هەبوونی هێزی پێشمەرگە بە مەزن دەزانێت و باس لە "پاسەوانی سنوور"ی تایبەت بە خاکەکەی دەکات، کەچی دەیەوێ لە کاتی تەنگانەدا پەنا بۆ "بەغا"ی لەبەریەک دارِماو ببات! تۆ بلێی کۆسۆڤییەکان و فەلەستینییەکان و چەچەنەکان و دارفوورییەکان و سەحراوییەکانی بیابانی ڕۆژئاوا و پلنگەکانی تامیل هەمان کاری کورد بکەن و، بە هەمان شێوەش بیر بکەنەوە؟!!

لە باشووری کوردستان ئەگەر لە سەرەتادا یەک هێز و یەک حکوومەت و یەک بریاری سیاسی هەبا، ئێستانەکینێ نەک هەر تورکیا و ئێران و دەولەتانی دیکەی داگیرکەر و دراوسێ نەیاندەوێرا گێچەل بە کورد بکەن و هەرِەشەی لێ بکەن، بگرە ئەمریکای سوپەرهێز و دەسەلآتیش حیسابێکی دیکەی بۆ دۆزی ڕەوای کورد دەکرد. سەرانی کورد ئەم ڕاستییە لە هەر کەس و لایەنێکی تر باشتر دەزانن، بەلآم کە بە کردەوە شتێکی دیکەیان ئەنجام داوە، ئەمەیان بابەتێکی ترە و بە جارانیش باس کراوە.

"حکوومەتی ناوەندیی بەغا" کە دەستی بەسەر چەند گەڕەکێکی خودی شاری "بەغا"ش ڕاناگات، زۆر شەرمە بۆ سەران و ڕێبەرانی کورد، تەنانەت بە قسەش، داوای یارمەتی و هەلوێست نواندنی لێ بکەن لە بەرامبەر هەڕەشەکارییەکانی تورکیا و ئێران و دوژمناندا! ستۆکهۆلم 25-4-2006

* لە مالپەڕە کوردییەکاندا بلآو کراوەتەوە.

# با کوردستانیبوون خاڵی هاوبەشمان بێ!*

مرۆڤ گەر بە شێوەیەکی خێراش چاوێک بە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بخشێنێت، بە ڕوونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەم ماڵپەڕانە بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن، بەر لە هەر شتێکیش، دیارە ناواخن و ناوەڕۆکی نووسراو و بابەتەکان دەربڕی بیر و بۆچوونی تایبەتییانەی نووسەرەکانیانن. ئەمەش شتێکی ئاساییە و چ قسەیەکی وەهای لەسەر نییە. سایتە کوردییەکان زۆربەیان هەوڵی بەردەوامیان لە خزمەتی کورد و دۆزە ڕەواکەیدا بووە. بێگومان من لێرەدا مەبەستم لەو جۆرە ماڵپەڕ و تاکەکەسانە نییە، کە ڕەنگە بە پلەی یەکەم خۆیان بۆ ئەوە لە سەنگەر گرتبێ تا هێرشی بریندارکەر و بێمانا بۆ سەر کەسانی دیکە ببەن و، بەمەش پێیان خۆش بێ یان نا زیان لە خەباتی گەلی کورد دەدەن و ناوی لەکەدار دەکەن.



نووسەران و ڕۆشنبیران و خامە بەدەستانی کورد، وەک هەر کۆمەڵەخەڵکێکی تری نێو کۆمەڵگای کوردەواری، چ لە دەرەوە و چ لە ناوخۆی کوردستانیش، خاوەن هزر و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی جیا جیان لەمەڕ هەڵسەنگاندنی شتگەل و دیاردەکاندا. ئەمە کە ڕاستییەکە و حاشای لێ ناکرێت، نابێ لە هەمان کاتدا ببێت بە بەربەست و تەگەرەیەک لەپێش شتێکی گەورەتر و پیرۆزتر کە ئەویش خۆی لە خاڵێکی هاوبەشی نێوان نووسەران و هەموو کورد و کوردستانییانیشدا دەبینێتەوە: **ئینتیما بۆ نیشتمان ـ وابەستەبوون بە خاک و پیرۆزێتییەکەی ـ کوردستان تاکەماڵی گشتمانە**. من پێموایە جیاوازی لە بیر و ڕا و بۆچوونەکانی تاکەکەسەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا، نابێ ببێتە شتێک کە ڕێگر بێت لە بەردەم خاڵە هاوبەش و شتە گشتییەکاندا کە ئەندامانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و یەکیان دەخات. دەبێ ئەم یاسایە یا جۆرە بیرکردنەوەیە نووسەرانیش بگرێتەوە و وایان لێ بکات "کوردستانیبوون"ی خۆیان بە هەر شتێکی تر نەگۆڕنەوە.

بەر لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە بەغدا لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە، لە ئەورووپا هەندێ نووسەری وا کوردستانییانە هەبوون کە خۆیان لە بەرەی بەرایی گشت نووسەران و ڕووناکبیران و پێنووس بەدەستانی کورددا دەبینییەوە. ئەوەی ئەوان بیانگوتبا و بیاننووسیبا، بەلانی کەمەوە لەکن خۆیان حیسابی قانوونی پیرۆزی بۆ دەکرا و نەشدەبوو سووکەڕەخنەیەکیان ئاراستە بکرایە. لە هێرشکردنە سەر دەسەڵاتی کوردیش، پارتی و یەکێتی، نووکی قەڵەمەکانیان لە نووکی قەڵەمی

هەر نووسەرێکی دیکە تیژتر بوون. بەڵام کاتێک، بە دەردی "ئاسۆ حاجی"ی پەیامنێری کوردستان تیڤی گۆتەنی*، هەر کە دەسەڵاتی کوردی دەرگایان بۆ واڵا کردن، هەموو شتەکانی خۆیان بە "قەسر و قەمەرەیەک" گۆڕییەوە. یەکێک لەو نووسەرانە کە جارێکیان لە کەناڵێکی عەرەبیدا سەد و هەشتا پلە بایدابۆوە، کتومت وەک عەرەبێکی عێراقی قسەی دەکرد و، لە قسەکانیشیدا وا دیار بوو بەتەمای بەدەستخستنی کارێک بوو لە یەکێ لە زانکۆکانی کوردستان و عێراقدا. هەر ئەو کابرا ئەکادیمییە خۆی کە جارێکیان بە سەردان ڕووی لە سوێد کردبوو، بڕوا بکەن حیسابی بۆ چ کەسێک نەدەکرد و خۆیشی بە "هەڤاڵتر" لە کەسانی دەروبەری دەهاتە بەر چاو و، تەنانەت فشەی بە زۆر کەسایەتی هەڵکەوتوو و بەرچاوی کوردیش دەهات.

من کە نووسینێک، بابەتێک یان لێکۆڵینەوە و وتارێک، بە کوردی یان بە هەر زمانێکی تر بنووسم و بڵاو بکەمەوە، لەتەک ناوەکەشمدا بنووسم فڵان "نووسەرێکی کوردستانی"، هەر بۆ ئەوەی کە بە ڕاستی و بە هەموو قەناعەتێکمەوە بۆ دۆست و دوژمنی بسەلمێنم، بەڵێ من "کوردستانی"م و "عێراقی" و "ئێرانی" و "سوریایی" و "تورکیایی"نیم، کەچی هەر "من" بێم واژۆی خۆم بخەمە سەر ڕاگەیەنراو یان بەیاننامەیەکی عەرەبی کە لەپێشی پێشەوەیدا بە خەتی ڕوون و درشت نووسرابێ "ئێمەی نووسەرانی عێراقی" و، بەیاننامەکەش بە دەستی نووسەرانی کورد خۆیان ئامادە کرابێ و نووسرابێ، جا ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە پێشەوە و دەبێ بشکرێ ئەوەیە کە: ئایا تا چەند ڕەوایە نووسەرێکی کورد خۆی بە کوردستانی بزانێ و لە هەمان کاتیشدا ئامادە بێ خۆی بە "نووسەرێکی عێراقی" دابنێ؟! من وەک مەهاباد کوردی هەر کە ئەم جۆرە بەیاننامانەم لە ڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنییەوە بۆ دێت، کە زۆربەیان بە عەرەبی لە لایەن کورد خۆیانەوە نووسراون، یەکسەر بێ سێ و دوو لێکردن دەیانخەمە ناو تەنەکەی زبڵەوە. ڕاستە من جاروبار بە عەرەبی شت دەنووسم، بەڵام بە نووسەری عەرەبی دۆستی کوردیشم گوتووە: کورد ئەو دۆستەی دەوێ کە ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێ، دەبێ لە ناخی دڵ و بە تەواوی باوەڕیشیەوە بۆ کوردیشی بوێ! هەر لەبەر هەندێ تکام لەو خۆشەویستە کوردانە ئەوەیە، چیتر ئەو چەشنە نووسراو و بەیاننامانە بۆ من مەنێرن، چونکە لەوە دڵنیا بن کە چاکترین جێگەی ئەو جۆرە نامە ئەلەکترۆنییانە تەنەکەی زبڵی سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەم دەبێ! دەبێ ئەوەش بڵێم هەر نووسەرێکی کورد کە خۆی بە کوردستانی بزانێ، هەڵەی

کردووه، کاتێ ئیمزای خۆی بخاتە سەر بەیاننامەیەک کە باس لە "ئێمەی نووسەرانی عێراقی" بکات.

ڕەنگە بەهۆی ئەم چەند دێڕانە هەندێ کوردی خەمخۆر و دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمان لێم تووڕە بن، بەڵام من کە شتێکم لا ناپەسند و ناڕەوا بوو، هەر دەبێ بیدرکێنم و باسی بکەم. دەبا کوردستانیبوون_خاڵی هەرە هاوبەشی نێوانمان بێ!

* کاک ئاسۆ حاجی شتێکی وەهای لەو دانیشتنە تەلەفزیۆنییە گوت کە لە یادی سەد و هەشت ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ساز کرابوو. مەهاباد کوردی

ستۆکهۆڵم 30-4-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# خزمەتکردنی کورد وا نابێت!*

"فەخری کەریم"ی سەرۆکی دەزگای "ئەلمەدا"ی سەر بە نەتەوەی عەرەبی سەردەستی عێراق، کە لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوودا لە کۆنفرانسی "بەهار"ی ڕێکخراو لە لایەن پارتی و یەکێتییەوە لە هەولێر بوو و ئێستاش میوانی دەڤەری سلێمانییە، لە هەڤپەیڤینێکدا بۆ ڕۆژنامەیەکی عەرەبزمان گوتبووی: بارزانی و تاڵەبانی بەیەکەوە دوو سەد هەزار دۆلاریان بە ئێمە داوە تاکو توانیمان کۆنفرانسی "بەهار" لە کوردستان ساز بکەین. هەروەک هەمووشمان لە زۆر جێگا و ماڵپەڕی جیا جیای سەر تۆڕی ئینتەرنێت بینیمان، لەم کۆنفرانسەدا بەلانی کەمەوە پێنج سەد تا شەش سەد کەسێک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەبی"عێراقی و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و



دەرەوە" ئامادە بووبوون. ئەمە و جگە لەو هەزاران "گەجەل و گوجەل"انەی کە لەگەڵ ئەواندا ڕوویان لە کوردستان کردبوو و، بە دەردی برادەرێکی نیشتەجێی کوردستان گۆتەنی: خەریکی کورتەک و شەرواڵ کڕین بوون لە شێخەڵلای هەولێر. چ گومانیش لەوەدا نییە هاتنی هێزێکی مشەخۆر و چڵێسی وا گەورە بۆ کوردستان، ئەرک و مەسرەفێکی زۆری پێویستە و مەگەر تەنیا بەرپرسە زلەکانی پارتی و یەکێتی بکارن دەرەقەتی بێن!

نووسەران و ڕووناکبیرانی عەرەب، ژمارەی پەنجەکانی دەستیان لێ دەربچێ، دەنا هەر هەموویان هەتا سەددام لەسەر کورسی دەسەڵات مابوو و بگرە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، خزمەتکاری دڵسۆزی بیر و بۆچوونە بۆگەن و ڕزیوەکانی ئەو بوون و، کەسانێکی وا هەن هەنووکەش داکۆکی لە ڕێبازی گڵاوی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر و حیزبی بەعسی ڕەگەزپەرستی عەرەبی دەکەن. دەنێو ناوەندە ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبییەکانی وڵاتانی عەرەبیدا، گەلێ کەمن، ئەوانەی کە لە سەختترین ڕۆژانی پڕ کارەسات و مەرگەساتەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، وێرایان هەڵوێستێک لە دژی جەللادەکەی بەغدا دەرببڕن. بێگومان "هادی عەلەوی"ی ڕەوان شاد یەکێک بوو لەو کەسایەتییە عەرەبە عێراقییە بەرچاوانەی کە لە ناخۆشترین ڕۆژە ڕەشەکانی کوردا هەڵوێستێکی مەردانەی نواند. ئەوانی تر، زۆربەی هەرەزۆریان، مینا سەرۆک و میر و سوڵتان و پاشا و کاربەدەستانی عەرەب، چەپڵەیان بۆ سەرکەوتنە "وەهمییەکان"ی دیکتاتۆر لێ دەدا و "لە تەڕێ دەیانخوارد و

له وشکێش ڕادەزان"! هەر یەکێک ئەمە نەزانێ، لەبەر هەر هۆیەک بێ، گێل نییە و خۆی گێل کردووە!

لەناو ئەو بانگکراوە عەرەبە ئامادەبووانەی هەولێردا کەسانێکی بەعسی و "سەددامی"ش هەبوون. لە سایتەکانی ئینتەرنێتیشدا ئاماژە بە شتێکی وا کراوە. ئەمە ئەگەر سووکایەتیکردن بە خوێنی پاکی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان نەبێ، دەبێ چی بێ؟! هەندێک لەو ڕۆشنبیرە عەرەبە"دۆستانەی؟؟؟!!!" کورد تەنانەت لەو چاوپێکەوتنانەشدا، کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەک کاری هەمیشەیان دەگەڵیاندا ساز دان، خوا هەڵناگرێ بێ پێچ و پەنا و ئەملا و ئەولا، ناوی "کوردستان" چییە نەچووە سەر زاریان. برێکی دیکەشیان باسیان لە "خاکی ئازیزی عێراق" دەکرد. ئەرێ سەیر نییە لە شوێنێک باسی "خاکی ئازیزی عێراق" بکرێ کە سالانێکە ڕۆڵەکانی، بە تایبەت مندالان و مێردمندالانی تازەپێگەیشتووی، لە "کوردستان" زیاتر چی تر ناناسن و، بەڵکو بە گوێرەی هەندێ لێکۆڵینەوە نایانەوێ فێری زمانی عەرەبی"زمانی فەرمیی دەوڵەتی لەبەریەک هەڵوەشاوەی عێراق"ش بن؟! دەک ئافەرین بۆ سەرانی کورد کە ئەو میوانە "ئازیز"انەیان بە "خاکی ئازیزی عێراق"ی نەدۆزراوە شاد کرد!!

بەپێی هەندێ نووچە و هەواڵ سەرکردایەتی کورد"پارتی و یەکێتی" بڕیاریان داوە، مووچەی مانگانە بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لەو نووسەر و ڕووناکبیرە"تاریکبیرە" عەرەبانە ببڕنەوە و، بەمەش ئاوڕێکی مرۆڤانەیان لێ بدەنەوە و "بە پارە بیانکڕن". لە هەمان کاتدا هەر بە گوێرەی هەواڵەکان دەزگای "ئەلمەدا" بارەگای خۆی لە کوردستان بکاتەوە و، چالاک بێ لە "بە عێراقیکردنەوە و بە عەرەبیکردنەوە و بە بەعسیکردنەوەی" ئەو نیشتمانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە ناوی "هەرێم"ی بەسەردا برا.

سەرکردەکانی کورد، پارتی و یەکێتی، قوربانییانی کیمیاباران و ئەنفال نەماوە کە ژیانی مرۆڤانەیان بۆ مسۆگەر نەکردبن.. بنەماڵە و خزمی شەهیدانی سەربەرزی کوردستان نەماوە کە قەرەبوویان نەکردبێتەوە.. دایکە کوردە ڕەشپۆشە جگەرسووتاوەکانی گەرمیان نەماوە کە نەیانگەڕاندبێتەوە سەر زێد و واری باب و باپیرانی خۆیان.. کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و مەخموور و شەنگاڵ و هەر بستێکی زەوتکراوی وڵاتیان گەڕاندۆتەوە باوەشی گەرمی دایکی نیشتمان.. ڕێیان لە کوردکوشتن گرتووە لە مووسڵ و حەویجە و ناوچەکانی تردا.. بوونەتە دیوار و شوورەی پۆلایین لە بەردەم هاتنی "سوپای مەهدی"ی ئاخرزەمان بۆ ناو شاری

کەرکووکی "دڵ و قودس"ی کوردستان.. سنووریێکیان بۆ دەستدرێژییەکانی سوپای پاسدارانی ڕژێمی "جمهوری ئیسلامی" و جەندرمەی تورکانی ڕژێمی "کۆماری ئەتاتورکی" داناوە و، نارەزایی توندیان لە بەرامبەر داگیرکەران و دوژمنان نیشان داوە.. ئاو و کارەبا و بەنزین و سووتەمەنییان بۆ هەر ماڵێکی ئەم کوردستانە دابین کردووە.. شارستانییانە وەرامی داخوازییەکانی خەڵکی خۆشی لە خۆ نەدیوی کەلار و هەڵەبجە و قەڵادزێ و ئاکرێ و ئێرە و ئەوێی کوردستانیان داوەتەوە.. هەر لەمێژە یەک حکوومەتی یەکگرتوو و یەک لەشکری بەهێزی کوردستانیان پێکەوە ناوە و بوونەتە چقڵی چاوی دوژمنان.. بە حیکمەتی حەکیم و لوقمانانەی خۆیان هەر مەپرسە چ سیاسەتێکی کوردانە و نەتەوەییانە و کوردستانییانەیان بۆ ئەم نەتەوەیە دارشتووە! سەرکردە و ڕێبەرەکانی هەر گەلێک کە ئەم هەموو خزمەتەیان لە پێناو نەتەوە و نیشتماندا ئەنجام دابێ، هەرگیز ڕەوا نییە ڕەخنەیان لێ بگیرێ و پێیان بگوترێ: ئێوە هەڵەتان کردووە و خزمەتکردن وا نابێت! ستۆکهۆڵم 2-5-2006

* لە (میدیا، ژمارە 239، 2006/5/9، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# فەخری کەریم دیسانیش ناڕازییە!*

دوای ئەوەی کە لە هەولێر دەزگای ئەلمەدای عێراقی بە پشتیوانییەکی بێوێنەی ماددی و مەعنەویی دەسەڵاتدارانی کورد، لەژێر ناوی میهرەجانی بەهار"مهرجان الربیع"، بە سەدان کەسی عەرەبی عێراقی و ناعێراقی کۆکردەوە، کە لەناویاندا بەعسییەکانیش دەبینران و، زۆربەی هەرەزۆریشیان لە هزر و بۆچوونیاندا باشووری کوردستانیان وەک بەشێکی هەمیشە جیانەکراوە لە عێراق نەفرەتی چەسپ کردووە، دوو سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا لە بەرنامەیەکی عەرەبیدا کە لە کەناڵێکی ئاسمانیی کوردی لە لایەن کیفاح کەریم ئامادە و پێشکەش دەکرێت، فەخری کەریمی سەرۆکی دەزگای ناوهاتوو دیار بوو زەختی هەستابوو و، گلەیی لەوە دەکرد چۆن دەبێ کەسانێکی کورد ڕاست ببنەوە و ڕەخنە لەو و کۆنفرانس و میهرەجانە بەهارییەکەی بگرن. ناوبراو بەوەش نەدەوەستا، بەڵکە دەیگوت: داوا لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکەم "ئیجرائاتی قانوونی" دەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن، کە بەو شێوەیە ئێمەیان داوەتە بەر شاڵاوی ڕەخنە. هەرچی کیفاح کەریمی پێشکەشکەری بەرنامەکە بوو، بەنزینی بەسەر ئاگردا دەکرد و، بە پێکەنینێکی سووکایەتیپێکەرانەش باسی لەوە دەکرد، ئەو کەسە ڕەخنەگرانە "ئیستیغلال"ی چەند سایتێکی تۆڕی ئینتەرنێتیان کردووە و، هەر لەوێندەرێش شتەکانی خۆیانیان بڵاو کردۆتەوە. کیفاح کەریم کە خۆی لەنێو ڕاگەیاندنی حیزبیدا کار دەکات، لە هەر کەسێکی تر باشتر دەزانێت بۆچی نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد، لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، پەنا بۆ ماڵپەڕەکانی سەر ئینتەرنێت دەبەن و لەوێندەرێ نووسین و بابەتەکانیان بڵاو دەکەنەوە. تەنانەت ئەو خۆیشی جارناجار بە زمانی عەرەبی هەر هەمان کار ئەنجام دەدات و دیارە چ عەیبێکیش لەوەدا نییە. سەرنووسەرێکی زێدەبەڕێزی بڵاوکراوەیەکی کوردی لە کوردستان بە جاران بۆ خۆمی نووسیوە: کاکە ئێمە بە ڕەچاوکردنی ئەو جۆرە ئازادییەی کە لێرە هەمانە، شتەکان چاپ و بڵاو دەکەینەوە! دیسان کیفاح کەریم لە هەر کەسێکی دیکە چاکتر لەم وتەیە تێدەگات و دەشزانێت ئەم سەرنووسەرە هێژایە باس لە چی دەکات. بێگومان هەر نووسین و بابەتێکیش کە لە سایتە کوردییەکاندا بڵاو بکرێنەوە، مانای ئەوە نییە پیرۆزن و لە هەڵە و شتی ناشیرین بەدەرن. ئەمە خودی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و میدیاکانی ناوخۆی کوردستانیش دەگرێتەوە.

ئەو نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتییە عەرەبییانەی کە لە هەولێر ئامادە بوون، چ گومان لەوەدا نییە، کەسانێکی پاک و دۆستی کوردیشیان لەنێودا هەبوون، لێ دیسان دووبارەی دەکەمەوە: بەشی هەرەزۆریان عێراقچێتییەکەیان بەسەر هەر شتێکی دیکەدا زاڵ بوو. شتێکی ئەوها لە خودی ئاخاوتن و قسەکانی ئەواندا بەدی دەکرا. هەر تەلەفزیۆنە کوردییەکان خۆیان بۆچوونەکانی ئەوانیان بۆ ئێمەی بینەر دەگواستەوە.

یەکێک کە لە دڵەوە بیەوێت خزمەتی گەلێکی چەوساوە و زۆرلێکراو و دۆزەکەی بکات، نابێت بە چ شێوەیەک چاوی لە پارە و پوول و خەڵات بێت. زانایەکی وەک ئیسماعیل بێشکچی کە بە ساڵان لەبەر داکۆکیکردنی کورد لە زیندانی کەمالیستەکاندا ناڵاندوویەتی، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەک لە لایەن کوردەوە هیچی بۆ نەکراوە و بەس، بگرە بەداخەوە قەرداریش کراوەتەوە. بێشکچی لە کاتە هەرە دژوار و ناسکەکاندا لەسەر کورد و کوردستانی نووسیوە و، ڕۆژێک لە ڕۆژان چییە لە بۆچوون و ڕاکانی خۆی لەمەڕ دۆزی ڕەوای کورد پەشیمان نەبۆتەوە. ئەو نە وەک نووسەرە عەرەبەکانی هەولێر شیراتۆن جێگای بووە و نە بە سەدان هەزار دۆلاریش دەمی چەور کراوە!

وەلەکەعەرەبێکی تا دوێنی داکۆکیکەر لە سەددام حوسێن و ڕژێمەکەی، کە بە دەیان سروودی بۆ بابە سەددام و بەعس گوتبێت، ئەمڕۆ ڕوو لە هەولێری کوردستان بکات و وەڵلا چییە کورتەک و شەرواڵی کوردی بپۆشێت و ئاڵای پیرۆزی کوردستانیشی لەسەر شان دابنرێت، بەڕاستی کارێکی ئاوەها بەتەنێ لەناو گەلی کورددا دەبینرێت و خۆی لە خۆیدا بمانەوێت و نەمانەوێت، سادەیی و ساویلکەیی مرۆڤی کورد ئاشکرا دەکات. دوێنی لە دارفووری کێشە لەسەر و بەرەنگاربووەوەی مەرگ و برسێتی، لە کامپێکی پەنابەرانی سەر بەو ناوچەیە، خەڵکی ڕەسەنی دارفوور کە گومانیان لە وەرگێڕێکی عەرەبی سوودانی و سەر بە گرووپی "جەنجاوید"ی مرۆکوژ کرد، وێڕای ئەو هەموو ژان و مەرگەساتانەی کە دووچاریان بوونەتەوە، چاویان بەرایی نەدا عەرەبێکی سوودانی دژ بە خۆیان ببینن و لەبەر چاوی کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی دنیادا کوشتیان. ئەو کابرا عەرەبە سوودانییە تا چەند تاوانبار بووە یان نا، ئەمەیان من نایزانم، بەڵام باش دەزانم کە کورد لەژێر ناوی برایەتی و ئاشتیخوازی و زۆر ناوی تری بێ بنچینەدا بە درێژایی مێژوو دوژمنی بە دۆستی خۆی زانیوە و، لەمەشدا تا بن پیلی زەرەری کردووە.

ڕەنگە کیفاح کەریم باش ئاگای لەوە نەبێت کە تەنانەت لە هەولێریشەوە، دەنگی ناڕەزەیی دەربڕین سەبارەت بە کۆبوونەوەی عەرەبە عێراقچییەکان بەرز بۆتەوە، بگرە هەر لەوێندەرێش بوو خەڵک وتار و بابەتیان بۆ سایتە کوردییەکان نارد تا ئەم جۆرە کۆڕانە ڕەش و ڕیسوا بکرێن.

دەسەڵاتدارانی کورد پێویست بوو کە پەند لە هاتنەکەی ئیبۆ بۆ کوردستان وەربگرن و کارێکی لەم جۆرەش دووبارە نەکەنەوە. ئەوان کە وایان نەکرد، ئێ خۆ نابێ ئێمەمانانیش قوڕقەپی لێ بکەین! لە باشووری کوردستان بە دەیان هونەرمەند و ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەر هەن، چونکە ڕێگەیەکی جودایان لە ڕێگەی چاوەش و زوڕناژەنانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار هەڵبژاردووە، کاربەدەستانی کورد تا ئێستانەکینێ نەهاتوون ئاوڕێکی خێریان لێ بدەنەوە و لە داخوازی و پێویستییەکانیان بپرسن. ئایا ئەمانە بەکەڵکی کورد هاتوون و دێن یان عەرەبگەلێکی عروبەوی و عێراقچی؟!

دەسەڵاتی کوردی، بە تایبەتیش پاش پێکهێنانی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان، چ حەوجەداری زیاتر سکانداڵ و حەیاچوونەکان نییە!

ستۆکهۆڵم 9-5-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# چوار بابەت و چەند پرسیار*

## 1- "دەستەی زانایانی موسڵمان" و قسەکەی سەرۆکی کوردستان

لە سەردانێکیدا بۆ دەوڵەتی کوێت مەسعوود بارزانیی سەرۆکی کوردستان، سەبارەت بە پرسیارێک، هەبوون و دانانی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بە کارێکی ئاسایی زانی و، پێیشی وابوو ئەم جۆرە پەیوەندییە "تاوان" نییە. هەر دوای وتەکەی بارزانی شۆڤێنیستە عەرەبەکان ڕقی بەعسییانە و ناحەزانەیان بەرامبەر بە کورد و بارزانی لێ هەڵسا و، بە زۆر شێوە دژی کورد و سەرکردایەتییەکەی نارەزایی دڕندانە و کوێرانەی خۆیانیان دەربڕی. لەپێش هەموویانەوە موقتەدای "ناموقتەدا" لە هەمبەر قسەکەی بارزانی ڕشایەوە و هێرشی کردە سەر گەلی کورد. ئینجا کۆمەڵەی گومانلێکراو و ڕەگەزپەرستی بەناو "دەستەی زانایانی موسڵمان"ی سەر بە عەرەبە سوننە بەعسییە سەددامییەکان بەربوونە گیانی کورد و مەسعوود بارزانی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان. ئەم بەناو زانا و موسڵمانانە کە کاتی خۆی بەهەق لە لایەن چەند نووسەرێکەوە بە "هیئة علماء المجرمين"، دەستەی زانایانی تاوانبار، ناوزەد کرابوون، ئەمڕۆ و هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ڕەشی بەعسیشەوە ڕۆڵیکی تا بڵێی دوژمنانەیان دەرهەق بە کورد لەیستووە و دەلەیزن. دیارە هەڵوێست و بۆچوونە شۆڤێنیستییەکانی ئەوانیش لای کەس شارراوە نییە. وتەبێژەکانیان چ لە بڵندگۆی مزگەوتەکانیانەوە و چ لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیاجیاکانیشیاندا بە بەردەوامی هێرشیان کردۆتە سەر گەلی کورد و داخوازییە ڕەواکانی. هەر بەتەنێ ئاوڕدانەوە لە ڕەوشی ژیان و کوردکوشتن لەناو شارێکی وەک مووسڵ، زۆر شتمان لەمەڕ ئەم مەسەلەیە بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێ بیپرسین و وەبیر سەرکردایەتی کورد و، بەتایبەتیش سەرۆکی کوردستانی بێنینەوە، ئەم چەند پرسیارانەن: کێ بوو بۆ جاری یەکەم بیرۆکەی ئاشتبوونەوەی دەگەڵ ئەم جۆرە عەرەبە ڕەگەزپەرستانە هێنا ئاراوە؟ "کۆنگرەی ئاشتبوونەوە" لە کوێندەرێ بەسترا؟ کێ بوون ئەوانەی داوەتی هەولێر و مەسیف و دووکان و سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کران؟ ئەوانە کێ بوون کە چاویان بەرایی نەدەدا، بەبێ بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕەشی بەعس، ئاڵای پیرۆزی کوردستان ببینن؟ ڕووداوێکی ئاوەها لە هەولێر قەوما یان لە بەغدا؟ لە کۆتاییشدا: بۆ ڕێ دەدرێ بە کەسانێکی بەناو ڕۆشنبیری عەرەب تا ڕوو لە هەولێر بکەن، لەژێر

هەر ناوێکدا بێت، لە کاتێکدا کە ئامادە نەبن وشەی "کوردستان" بخەنە سەر زاری خۆیان؟!

## 2- پەیوەندی حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی عێراق

دیندار زێباری کە وەک "ڕێکخەری نێوان حکوومەتی کوردستان و کاروبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان"دا ناسراوە، لە دیدارێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەی "مەڵبەند" گوتوویەتی:"ئەگەر بمانەوێت تەنسیق لەگەڵ بەغدا دروست بکەین، باوەڕ ناکەم تا پانزە ساڵی تریش بتوانین لەسەر ئاستێکی باشدا دروستی بکەین. لە عێراق سەدان بیر و بۆچوونی جیا جیا هەیە، ئێمە ناتوانین چارەنووسی خۆمان بخەینە بەر دەستی وەزعێک کە تاکو ئێستا تەمومژاوییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شەریکین لە پڕۆسە سیاسییەکە، ئەگەرچی سەرکەوتنی ئەم پڕۆسەیەش تەنیا لە ئەستۆی ئێمەدا نییە". ناوبراو دیسان دەڵێت:"ئەوە چەند ساڵە نەمانتوانیوە تەنانەت تەنسیقێک لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەغدا دروست بکەین. ئەو وەزیرە عەرەبەی دەچێتە ڕۆما نوێنەری حکوومەتی عێراقە هیچ ئاگایەکی لە کوردستان نییە"*.

هەر کەسێک، بگرە غەیرەکوردیش، کاتێ گوێی لەم ئاخاوتن و وتانەی ئەم بەرپرسە کوردە دەبێت، بە دەست خۆی نابێت کە بیر لە قسەکانی ئەو نەکاتەوە و ئەم پرسیارانەشی بە مێشکدا نەیەت: پەیوەندییەک کە لەسەر بناغەیەکی ئاوا فشەڵ بنیات بنرێت، هەبوونی باشترە یا نەبوونی؟ ئەگەر ناتوانن چارەنووسی خۆتان بخەنە بەر دەستی وەزعێکی وا تەمومژاوی، ئەی بۆ دیسانیش کارەکە هەر ئەنجام دەدەن؟ کەس هەیە مار جارێک پێوەی دابێت و دیسانیش دەستی خۆی خستبێتە ناو کونەمارەوە؟! ڕەنگە ئەم جۆرە کەسانە بەتەنێ لەنێو کورددا دەست بکەون. گەلانێک هەن پازدە ساڵ خەباتیان نەکردووە، با باری ژیان و گوزەرانیان لە زۆر ڕووەوە وەک کوردیش نەبێت، هەنووکە خاوەن دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆن، لێ کەی ڕەوایە یانیش ئێوە هێشتا بەتەمان دوای پازدە ساڵی تر ئینجا پەیوەندی توندوتۆڵ لە نێوان خۆتان و حکوومەتی تا ئەو چرکەساتە دانەمەزراوی عێراقدا دروست بکەن؟!

* بڕوانە: مەڵبەند، بڵاوکراوەیەکی وەرزییە لە لایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردەوە لە لەندەن دەردەچێت، ژمارە 96، نەورۆزی 2706ی کوردی، لاپەڕە 30.

## 3ـ موڵک و سامانەکانی زەکەریا

لە هەفتەنامەی "میدیا"ی ئازیزدا هاتووە:"زەکەریای گۆرانیبێژ 13 باڵەخانە دروست دەکات کە زیاتر لە 600 یەکەی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرێت و نرخی هەر یەکەیەکیش تەنها 150 هەزار دۆلارە"*. هەر لەوێدا بە گوێرەی قسەکانی خودی بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی زەکەریا دەردەکەوێ، کابرای گۆرانیبێژ نەک هەر بەتەنێ لە سلێمانی"ئەمانەی سەرەوە"، بەڵکە لە هەولێر و دهۆک و کۆیەش گەلێ پڕۆژەی گەورە و گەشتوگوزاریی تری هەیە. ئێمە گەر لێرەدا باس لەو هونەرمەندە ڕەسەن و حەیرانبێژە فۆلکلۆرپەروەر و شاعیرە ئاوڕلێنەدراوە و نووسەرە وەلانراوە کەمدەرامەت و پشتگوێخراوانەی ئەوڕۆی سەر گۆڕەپانی باشووری کوردستانیش نەکەین، بەڵام دیسان هەر مافی ڕەوای خۆمانە عەرەب گۆتەنی بپرسین: من این لک هذا؟ پاشان ئەگەر هەر "یەکەیەکی نیشتەجێبوون" نرخەکەی "تەنها 150 هەزار دۆلار بێت"، وەک ئەوەی ئەم برە پارەیە کەم بێت!، تێدەگەین کە 150 هەزار دۆلار ئەگەر لە 600 بدرێت، دەکاتە 90 ملیۆن دۆلار!! جا ئەگەر ئەمە تەنیا بەشێک بێت لە پارە و سامانەکانی زەکەریا، ئەی دەبێت هەموویان پێکەوە چییان لێ دەربچێت؟!! پرسیارێکی لەمەش گەلێ گرنگتر: ئەگەر زەکەریایەک خاوەنی ئەم گشت موڵک و سامانە بێت، ئەی دەبێت سەران و کاربەدەستانی کورد و میرەکانی شەڕی ناوخۆیی سالانی ڕابردووی کوردستان و وەزیر و گزیرە گەندەڵخۆرەکان چی و چی تریان هەبێت و، چەند کەڕەت زیاتر لە زەکەریا پارەوپوولیان لەملا و لەولا تەقەت کردبێت؟!!

لە کوردستانێک کە خەڵکی ڕەشۆکی و ئاسایی کارەبا و ڕووناکی شک نابەن.. لە کوردستانێک کە سووتەمەنی قاتە.. لە کوردستانێک کە خەڵک ڕۆژ تا ئێوارە ڕاوەڕاویتیان تا بتلەغازێکیان دەست کەوێ.. لەو کوردستانەی کە زوو زوو لێمان دەکەن بە دوبەی، نرخی شت و کەرەسە هەرە سەرەتاییەکان بە ڕاددەیەک چووەتە سەرەوە، کە خەڵک گلەیی خۆیان دەکەن سەبارەت بە گرانبوونی نرخی دەسکەکەرەوز و تەڕەپیاز و تەماتەی خۆمانە و زۆری تریش. بێگومان هەر لە هەمان کوردستاندا کەسانێکی مینا زەکەریا و سەدانی وەکو ئەویش دەبینرێن. لە کێندەرێش ئەو کونەپارەیان دۆزیوەتەوە، نهێنییە سیحراوییەکەی مەگە هەر خۆیان بیزانن!

هونەر جوانە، ناسکە، بەرزە، پیرۆزە، بەڵام هەر کاتێک تێکەڵ بە پارە و بەرژەوەندی و تەماح و تەماحکاری و پلە و پایە و پۆست کرا، گومان لەوەدا نییە کە

جوانی و ڕەونەقەکەی جارانی نامێنێت و بە هەمان چاویش تەماشای ناکرێت. ئەمە تەنیا یەک کەسی دیاریکراو ناگرێتەوە، بگرە گەلێکی وەک زەکەریا و نووسەران و ڕۆشنبیرانیش دەگرێتەوە. ئەگەر بوون بە گۆرانیبێژ سەرچاوەیەک بێت بۆ دەوڵەمەندبوون، ئەوا ماڵم قەبرە، ڕۆژێک دادێ کورد باجێکی گرانی ئەو پرسە دەدات و زۆریشی لەسەر دەکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر هەر ئێستانەکینێ بە دەردێکی وەها نەناڵێنێت. ئەی ئەوە نییە هەر کەس و لە لای خۆی بە حیساب هونەرمەندە و خزمەتی کورد دەکات، کەچی ئەوی ڕاستی بێ ماڵی کورد کاول و وێران دەکات؟!

* میدیا، ژمارە 240، 16-5-2006، لاپەڕە 13.

## 4- یەکەمین کەناڵی تەلەفزیۆنیی کوردی

ئەمڕۆ بەیانی کە دەچوومە سەر کار، هەواڵی ڕۆژنامەیەکی سوێدی سەرنجی ڕاکێشام*. لە هەواڵەکە بە ناوونیشانێکی درشت نووسرابوو: یەکەمین کەناڵی تەلەفزیۆنیی کوردی دەست پێ دەکات. یەکەمین دێڕی ئەم نووچەیە دەڵێت:"لەم ڕۆژانەدا یەکەمین کەناڵی تەلەفزیۆنیی کوردی لە سوێدەوە دەست بە پەخشی خۆی دەکات". مەبەست لەم کەناڵە تەلەفزیۆنییەش "ڕۆژهەڵات تیڤی"یە و سەرچاوەی هەواڵەکەش ڕۆژنامەوان "کوردۆ باکسی"یە. ئەگەر هەر کەسێک چاوی بە سەردێڕی هەواڵەکە کەوتبێت و لە زمانی سوێدی بگات، وا دەزانێت کە ئەمە جاری یەکەمە کورد دەبێت بە خاوەن کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی ئاسمانی. تەنانەت ئەو کچە سوێدییەی کە پێکەوە کار دەکەین، کاتێ چاوی بە هەواڵەکە کەوت، هەر هەمان کاردانەوەی پیشان دا و ڕەخنەی تایبەتیشی بەرامبەر بە سەردێڕی هەواڵەکە هەبوو.

من باش دەزانم کوردۆ باکسی هەڵوێستی سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لە باکوور چ بووە و، چۆن لەم بوارەدا بیری کردۆتەوە. ئەو لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خۆیدا ئازادە، بەڵام دیسانیش نابێ هەر وا بە ئاسانی ڕاستییەکانی لا بزر بێ و بگرە بە ئەنقەست چاویان لێ بپۆشێ. ئایا یەکێکی وەک کوردۆ نازانێ یەکەمین کەناڵی تەلەفزیۆنیی ئاسمانیی کوردی کەی و لە کوێ و لەسەر دەستی کێش سەری هەڵداوە؟ داخوا ئەو گوێی لە مەد تیڤی و مەدیا تیڤی و ڕۆژ تیڤی و کوردستان تیڤی و کوردسات نەبووە؟ ئەو کە لەو بوارانەدا، لەسەر ڕووپەڵی ڕۆژنامە سوێدییەکان هەمیشە خۆی بە پسپۆڕ و شارەزا ناو دەبات، دەبێ بە چ مەبەستێک نەیەوێ باسی یەکەمین کەناڵی سەتەلایتی کوردی -

مەد تیڤی بکات؟ کوردۆ باکسی ئەمە جاری یەکەمی نییە و دوا جاریشی نابێت کە بەم شێوە چەواشەکەرانە هەنگاوان بنێت. پێشتریش ئەم جۆرە هەڵوێستانەی نواندووە و خەڵکیش دەزانن کوێندەرێی دێشێ!

من کە لە دڵەوە پیرۆزبایی لە لەدایکبوونی هەر کەناڵێکی کوردی و دەزگایەکی نوێی ڕاگەیاندنی سەر بە نەتەوەکەم دەکەم، هیوادارم سەرپەرشتکارانی ڕۆژهەڵات تیڤی پەند و وانە لە ئەزموون و تاقیکردنەوە و هەڵە و چەوتییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی تر وەربگرن و، لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورددا بەکاریان بێنن. ئاواتەخوازم دڵیان کراوە و فراوان بێت و چاوێکیش لەو ڕەخنە و بۆچوونانە بکەن کە تا ئێستا ئاڕاستەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی پێش خۆیان کراون.

* بڕوانە: Metro, 18–5–06, sid. 7

ئەم چوار بابەتانەی سەرەوە دەشێ زیاتریان لەسەر بنووسرێ، بەڵام من مەبەستم بوو تەنێ بە کورتی ئەوەی دەمویست بەیانی بکەم. ئاواتەخوازم توانیبێتم خزمەتێکی گەلێ گچکە پێشکەش بە خوێنەرانی گەلەکەم بکەم. سەرکەوتنی کورد ئامانجی هەمووومانە.

ستۆکهۆڵم 18-5-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە. بەشێکی بابەتەکە لە (میدیا، ژمارە 241، 2006/5/23، هەولێر - کوردستان)یش بڵاو بۆتەوە.

# گلەییەک لە (کوردستان تیڤی)*

زۆر جێی دڵخۆشییە کاتێ لە کوردستان تیڤی گوێمان لە هەواڵەکانی تایبەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبێ. دیارە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندنی کوردیش کە ناوی لە خۆی نابێ "کوردستان"، پێویستە بە کردەوە ئەوە بۆ بینەران و بیسەرانی خۆی بسەلمێنێ کە بەڕاستیش "کوردستانی"یە و، شایانی ناوێکی وا پیرۆز و لەسەر دڵانە. من لەم کورتەباسەدا ناچمە سەر ڕۆژانی یەکەمی سەرهەڵدانی کەناڵی ئاسمانیی کوردستان تیڤی و هەروەها چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هەر تەنیا بۆ نموونە، لە باکووری کوردستاندا. کارمەندانی کوردستان تیڤی لە هەر کەس و لایەنێکی تر چاکتر لە مەبەستی ئەم قسەیەی من تێدەگەن و، چ حەوجەداری ئەوەش نیم زێتر بۆ ناواخنی ئەم باسە شۆڕ ببمەوە.

ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ بیدرکێنم و بچمە سەری، ئەو خاڵەیە کە بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە شێوە و چۆنێتی بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانە، لە کاتی پێشکەشکردنی دەنگوباس و خوێندنەوەی ئەو نووچە و هەواڵانەی کە گرێدراون بە خەباتی گەلی کورد لە باکووری وڵاتەکەماندا. کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی کوردی ئەگەر هەر "حەساسییەت"ێکیشی لە بەرامبەر ڕێکخراو یان پارتێکی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ، بەڵام هەرگیز نابێ چاو لە ڕاستییەکان بپۆشێت و پەیڤ و بەکارهێنانە ڕەسەن و نەتەوەییەکانیش لەبن پێ بنێت. کارێکی ئەوها بەر لەوەی زیانی بۆ فڵان لایەن و ڕێکخراوەی سیاسی هەبێت، بێگومان زۆر بە گرانتر لەسەر خودی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییە دەکەوێت. پێموایە سەرپەرشتکاران و بەڕێوەبەرانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ناتوانن بە ساناهی حاشا لەم ڕاستییە بکەن و پشتگوێی بخەن.

گەلێ جار لەسەر چالاکی و شەڕ و پێکدادانەکانی سەرووی کوردستان، بە تایبەتی لەم ماوانەی دواییدا، کوردستان تیڤی هەواڵ و نووچەی جیا جیا بڵاو دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا دەستنیشانی ئەو سەرچاوانەش دەکات کە هەواڵەکانی لێ وەرگرتوون. دیارە بە جارانیش سەرچاوەی نووچەکان بریتین لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنی تورکان، بۆ نموونە: CNN–Turk، ڕۆژنامەی حوڕییەت و هەندێ بڵاوکراوەی تریش کە زۆربەیان لە بازنەی سیاسەتی دەوڵەتی کەمالیستیی توركدا دەخولێنەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کوردستان تیڤی، لێ بە شێوەیەکی کەمتر،

ئەو هەواڵانە لە سەرچاوە کوردییەکان خۆی دەگوێزێتەوە، وەکو: هەندێ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی کە لە شارە گەورەکانی مینا ئەستەمبووڵ دەردەچن، یانیش دەزگای ڕاگەیاندنی سەر بە هێزێن پاراستنا گەل ـ HPG.



لە کاتی خوێندنەوەی دەنگوباسەکاندا لە کوردستان تیڤی، سەبارەت بە چالاکییە سەربازییەکان و شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی باکووری نیشتمان، زۆر جار و بگرە ڕۆژانەش لەجیاتی وشەی "پێشمەرگە، گەریلا، جەنگاوەر، شۆڕشگێڕ، خەباتگێڕ، هێزی سەربازی،...تاد"، پێشکەشکەرانی دەنگوباسی ئەم کەناڵە کوردییە کە ناوەکەی "کوردستان"ە پەنا بۆ وشەی "چەکدار" دەبەن و، هەمیشە و هەمیشە "چەکدارانی پ.ک.ک"یان لەسەر زارە! کورد ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی شک ببردبا، ڕەنگە زۆر ئاسایی بهاتایەتە بەر چاو، کاتێ بمانگوتبا: هێزە چەکدارەکانی سەر بە سوپا یان لەشکری دەوڵەتی کوردستان. فەلەستینییەکان کە ئێرەیی بە حاڵییان نابەم و هێشتا دەوڵەتداریش نین، کەچی بە هەموو کەموکوڕییەکیشیانەوە بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوە دان تا یەک تاکە "هێزی سەربازی و نیزامی" پێکەوە بنێن. کورد لە باشووری کوردستاندا هەلی باشی لەپێش بوو بۆ ئەوەی هەر لەمێژەوە کارێکی وا ئەنجام بدات، بەڵام هەموومان دەزانین نەک هەر ئەوەی نەکرد و بەس، بگرە تا ئێستاش بە کردەوە هەنگاوێکی بەرچاوی نەناوە کە مایەی خۆشحاڵیی تەواوی کوردستانییان بێت. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە کوردستان تیڤی پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆی بکات: ئایا بەکاربردنی "چەکدار" لەبری "پێشمەرگە یان گەریلا و جەنگاوەر" بۆ کام مەبەستە؟!

لە باکووری کوردستان جەردەڤانە بەکرێگیراوە جاشەکانی سەر بە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیاش، چونکە چەکی دەوڵەتی کوردکوژی تورکیان لە شانە، خۆ ئەوانیش هەر بە "چەکدار" لە قەڵەم دەدرێن! تۆ بڵێی چ جیاوازییەک نەبێت لە نێوان ئەو "چەکدار"انەی سەر بە دەوڵەتی کەمالیستەکان و ئەو "چەکدارە پ.ک.ک"یيانەی کە کوردستان تیڤی هەمیشە ئاماژەیان پێ دەکات؟! دەترسێم کارمەندانی کوردستان تیڤی لێم ڕاست ببنەوە و پێم بڵێن: ئەو "چەکدارە پ.ک.ک"یيانە "پێشمەرگە و گەریلا و جەنگاوەر" نین و، "پێشمەرگە" بەتەنێ "پێشمەرگە"ی باشووری کوردستانە و بەس!!

هەر دیسان لە کوردستان تیڤی باس لە "کوردستانی تورکیا" و "پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا" و "کوردستانی ئێران" و "کوردستانی سوریا" و "کوردستانی عێراق" دەکرێت. بە ڕاستی شەرمێکی گەورەیە بۆ "کوردستان" تیڤی، لە سەردەمێکدا ئەم وشە و زاراوە سەقەتانە بەکار بێنێت کە کورد وا خەریکە لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستانیش هەر بە جارێک ئەم "قەباحەت"انەی لە بیر بچێتەوە و بەکاریشیان نەهێنێت. ئەرێ بە ڕاست چەند ناشیرین و ڕەزاگران و نارەوا دەبوو، ئەگەر بۆ نموونە "کوردستان تیڤی"ی ئێستا خوانەخواستە ناوەکەی "کوردستان ـ عێراق تیڤی" بوایە؟! سڵاو لە خاوەنی بیرۆکەی ناولێنانی ئەم کەناڵە بە "کوردستان تیڤی" نەک شتێکی تر! هیواداریشین کوردستان تیڤی هەمیشە و هەمیشە "بە کردەوە نەک بە قسە" کوردستانێتی خۆی بسەلمێنێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم: با کەس تێنەگات کە ئەم بابەتە داکۆکیکردن لە حیزبێکی دیاریکراوی کوردستانە. نەخێر و هەزار جاریش نەخێر! یەکێ کە ژیر بێت، باش دەزانێت: ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بەر لەوەی پشتی پ.ک.ک بگرێت، کوردستان تیڤی بەهێز دەکات. ستۆکهۆڵم 23-5-2005

* لەماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# جەلال تاڵەبانی بەتەنێ سەرۆکی خۆیەتی و ناشیەوێ لە عێراق جیا بێتەوە!*

قسەکردن بە ناوی گەل و نەتەوە کارێک نییە ئاسان بێت، هەر نا لای ئەو سەرکردە و ڕێبەرانەی کە میللەتەکانیان لەمێژە بە سەربەخۆیی خۆیان گەیشتوون و دیموکرات و ئازادانەش ژیان بەسەر دەبەن. ئەندامانی ئەو گەل و نەتەوە دەوڵەتدار و پێشکەوتوو و تێگەیشتووانە یەک هەڵەی بچووک چییە لە سەران و پێشسوارەکانیان قەبووڵ ناکەن و، ئامادەشن بە هەر شێوەیەک بێ لەسەر کاریان وەلانێن. دیارە لەم بوارەدا، بە تایبەت لەم دە ساڵانەی دواییدا، گەلێ نموونەی پرشنگدار و بەرچاو هەن کە ئەوە دەسەلمێنن میللەتان چۆن بە زەبری هێزی یەکگرتوویی و یەکدەنگی و خۆپیشاندانی جەماوەرییانە، توانیویەتیان ڕژێمە تاکپەرست و خۆپەرست و ناهەڵبژێردراوەکان ناچار بکەن تا مل بۆ داخوازییە ڕەواکانی خەڵک شۆڕ بکەن و چۆکیش بدەن.

هەرچی سەرکردەکانی کوردن، جەلال تاڵەبانی نموونەی هەرە گەشاوەترینیانە، هەر کاتێک دەمیان دەکەنەوە ئەوەی کە بیری لێ ناکەنەوە، خەبات و قوربانیدانی چەندین ساڵەی گەلە چەوساوە و بندەست و بێ دەوڵەت و داماوەکەی خۆیەتیان. ئەوانەی کە چەپڵەیان بۆ تاڵەبانی لێ دەدا، لە کاتی بوون بە سەرۆک کۆماری عێراقی پاش ڕووخانی سەددام، وەک ئەوەی کابرا بووبێت بە سەرۆکی کۆماری کوردستانی سەربەخۆ و یەکگرتوو، دەبێ ئێستا چ پاساوێکیان هەبێ بۆ ئەو هەموو لێدوان و قسە هیچ و پووچ و بۆچوونە ناڕاست و ناکوردستانییانەی کە ئەو ئەفەندییە کردوونی؟ لەو ڕۆژەوەی کە ناوبراو بووەتە (باشبەقان)ی (عێراقی فیدرال)، ئەو عێراقەی کە تەنیا و تەنیا ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی بە پلەی یەکەم وا ناوی دەبەن و پڕوپاگەندەشی بۆ دەکەن، تاڵەبانی بە بۆنە و بێ بۆنە سووکایەتی بە کورد و کوردستان دەکات. هەروەها لەکن گشتمان ئاشکرایە عەرەبەکانی عێراق بە دەگمەن نەبێ، دەنا قەت هۆیەکانی ڕاگەیاندنیان نایانەوێ بە عێراق بڵێن (عێراقی فیدرال). کەس هەندەی سەرانی کورد و پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان ڕێکلامیان بۆ ئەم (عێراقە فیدراڵ) و (عێراقە تازە)یە نەکردووە. ئەوان تێدەکۆشن بە هەر نرخێک بێت بۆ دنیا بسەلمێنن کە کورد هەر لە دێرزەمانەوە عێراقی بووە و هەرگیزیش نابێت بە شتێکی تر!

جەلال تاڵەبانی لە دیدارێکدا لەگەڵ تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، وەک ئەوەی نوێنەری تەواوی نەتەوەی کورد و ڕیشسپی و دەمڕاستیان بێت، باسی لەوە کرد کە کورد قەت لە عێراق جیا نابێتەوە و هەر بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە. تاڵەبانی کە لە هەر شتێکی دیکە زیاتر پەرۆشی کورسییە شکاوە سیمبۆڵییەکەیەتی لە بەغدای عێراق، وا پێدەچێ لە بیری چووبێتەوە ئەو کوردانەی کە ئەو بە پارێزەری یەکپارچەیی عێراق پێناسەیان دەکات، هەر ئەوان بوون کە بەلانی کەمەوە لە 98%یان دەنگیان بۆ ئەوە دا کوردستان لە عێراق جیا بێتەوە و چیتریش کورد نەبێت بە خولامی باوکی کەس. جا ئەگەر جەلال تاڵەبانی شتێکی وای لە یاد نەمابێ، ئێمە سووکەسوپاسێک بۆ کوڕەکەی دەنێرین کە لە ئەمریکاوە بەهۆی نووسینێکییەوە ئەمەی وەبیر باوکی خۆی هێنابۆوە و، لە هەمان کاتیشدا باسی لە (موستەحیلنەبوون)ی سەربەخۆیی کوردستان کردبوو. هەر سەبارەت بەم باسە هێژایان موحسین جوامێر و دەرسیم دیبەگەیی خاوەن قسەی خۆیان بوون و هەڵوێستە نانیشتمانییەکانی تاڵەبانییان وەدوا داوەتەوە. کاک دەرسیم دیبەگەیی کە زۆر لە مار دەترسێت، ئەوەندە و بگرە زیاتریش زراوی لە ئاخاوتن و دەمکردنەوەکانی جەلال تاڵەبانی چووە. بێگومان هەقی خۆیەتی! منیش لەسەر قسەکەی ئەو بەڕێزە دەڵێم: ئەوەندەی جەلال تاڵەبانی لە تەواوی ژیانی خۆیدا زەرەری لە کورد و دۆزە ڕەواکەی داوە، نیو ئەوەندە نا، بەڵکو گەلێ کەمتریش لە نیوەکەی، هەر هەموو مار و مێروولە و جانەوەرە دڕندە و نادڕندەکانی ئەمسەر تا ئەوسەری کوردستان بەیەکەوە نەیانتوانیوە زیان بە گەلی کورد و خاکەکەی بگەیەنن!! هەر کەسێکیش بڵێ ئەمە وا نییە، ڕاست و ڕەوان دەزانێ درۆ دەفەرمووێ و خۆیشی دەخاتە پاڵ تاڵەبانی و هاوشێوەکانی.

جەلال تاڵەبانی هەر دەڵێی دەوروبەری خۆی و دنیا نابینێت. ئەو کە سەرقاڵی خەمی (عێراق) و (عێراقییەکان)ە، تۆ بڵێی ئاگای لە دەنگدانەکەی وڵاتی چیای ڕەش(مۆنتینێگرۆ) نەبێت، کە تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا تفێکی خەستیان ئاراستەی نێوچەوانی براگەورەیی سەربستان کرد و، دەنگیشیان بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان دا. مۆنتینێگرۆ کە ڕووبەرەکەی بەقەدەر تەنیا هەرێمێکی وەک (Skåne)ی سوێدە و ژمارەی دانیشتوانیشی لە 650 هەزار کەس تێپەڕ ناکات، سەرکردەکانی ئەو وڵاتە ڕێک بە پێچەوانەی هەندێک لەو سەرکردانەی لای خۆمان، خۆیان بە سەربستانی(عێراقی - ئێرانی - سوریایی - تورکیایی) نەزانی و، (نا)یەکی گەورەشیان نا بە نێوچەوانی نەتەوەی سەردەستی سەربی و سەربستانیش.

دەوڵەتێکی نوێ کە ژمارەی دانیشتوانی بە جرەجرِ خۆ لە ئاستی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری تاکە یەک هەرێم یا دەڤەر و پارێزگای کوردستان دەدات، دیسانیش لە ئەنجامی ویستی سەربەخۆییخوازانەی خەڵکەکەی و سووربوونی سەرکردەکانیشیدا خۆی سەپاند بەسەر نەخشەی سیاسیی جیهاندا، کەچی لای یەکێکی وەکو تاڵەبانی سەربەخۆبوونی کوردستان و نەتەوە چل ملیۆنییەکەی بریتییە لە خەونی شاعیران و، دەیەوێ کوردیش خۆی ئاسا تا هەتا هەتایێ بە خزمەتکاری تورک و عەرەب و فارس بمێنێتەوە و بیریش لە (کوردستان) نەکاتەوە! تاڵەبانی بەم جۆرە هەڵوێستانەی، پێی زل و تەواوی قوڕساییەکەی خۆی دەخاتە سەر سنگی شەهیدانی کوردستان و پێشیان دەڵێت: "ئامانجەکانتان کە تەنیا خەون و خەیاڵی شاعیران بوون، نەهاتنە دی!!" گەلێک کە تاڵەبانی سەرۆکایەتی کردبێت، هەر باشیشە هێشتا لە ژیاندایە و هەناسە دەدات!

ستۆکهۆڵم 26-5-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## یەکگرتنی ئارەزوومەندانە یان پێچەوانەکەی؟!*

ئێوەش وەکو من بە جاران گوێتان لە سەران و بەرپرسانی کورد لە باشووری کوردستان بووە، کاتێک لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و گەڕان بەدوای وەرامی پرسیارەکان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا، پەنایان بۆ بەکارهێنانی زاراوەی "یەکگرتنی ئارەزوومەندانە" بردووە، وەک ئاماژەکردنێک بۆ ڕەوشی هەنووکەی کە ئەم بەشەی نیشتماندا پێی تێپەڕ دەبێت و چۆنێتی پەیوەندییەکانیش لە نێوان حکوومەتی باشووری کوردستان و عێراقدا. دەسەڵاتدارانی کورد لە خوارووی کوردستان هەر کاتێک کە لە شێوەی پرسیار باسی ناڕازیبوونی کوردیان لە حکوومەتی ناوەندیی بارەگا لە بەغدا لەگەڵ دەکرێتەوە، یەکسەر هانا بۆ "یەکێتی و یەکگرتنی ئارەزوومەندانە"ی هەردوو نەتەوە، کورد لە کوردستان و عەرەب لە عێراقدا دەبەن. ئەوان پێیان وایە، بگرە هەمیشەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە کورد و عەرەب گوایا لە "عێراقی تازە"دا، زۆر لەگەڵ یەکتر تەبان و پێک ڕازین و هەر لەبەر هەندێش "ئارەزوومەندانە" و دڵداران ئاسا هێلانەی پێکەوەژیانیان دروست کردووە!

لە خوێندنەوەی وتار و کرداری سەرکردە سیاسییەکانی کورددا، بەوانەی کوردستان و بەغداشیانەوە، مرۆڤ وا حاڵی دەبێت کە بەڵێ ڕاستە کورد وەک گەلێک لە باشووری وڵاتەکەیدا بە ئارەزووی دڵی خۆی، دڵی چووەتە بەژنی چەلەنگ و زراڤی ئەو عێراقە "تازە"یەی کە لە خودی "کوردستان"یش زێتر لەسەر زاری سەرانی ئەوڕۆی کوردە لەم پارچەیەی نیشتماندا. ڕەنگە، هەر بۆ نموونە و بەس، بۆ چاودێرێکی بێگانە و ناشارەزا لە بواری کورد و کوردستان، گەلێ ئاسایی بێ کاتێک گوێبیستی ئەم ئاخاوتن و بۆچوونانەی لێپرسراوانی کورد دەبێ، وا لە مەسەلەکە بگات کە کورد چونکە نوێنەرەکانیان "وا" دەڵێن، ئیدی هەر دەبێ بێ ئەملا و ئەولا یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیان دەگەڵ عەرەبەکانی عێراق پێکهێنابێ و لەسەریشی ڕێک کەوتبن. بێگومان دەبێ ئەمەشیان بە ڕازیبوونی هەردوولا جێبەجێ کردبێ. دیارە لە بارێکی ئاوەهاشدا دید و بیرکردنەوە جیاوازەکانی تر چ جێگەیەکیان لە مێشکی کەسانێکی نائاگا لە ڕەوشی کورد و کوردستان بۆ نامێنێتەوە. هەر هەموومان زۆر جار گوێمان لەو جۆرە کەس و لایەنانە بووە، لە کاتی گفتوگۆکردن و باسکردنی دۆزی ڕەوا و پرسی کورد، کە چۆن دڵڕەقانە لە پێناو سەلماندنی بۆچوونە ناڕاست و نازانستی و بگرە ناحەزانە و دژایەتیکردنی کوردیشدا، یەکسەر گوتوویانە: جا ئێوە چین؟ سەری سیرن، قونکی پیازن؟ ئەی ئەوە نییە سەرکردەکانتان وا دەڵێن؟! ئا ڕێک

له خاڵێکی وەهایە کە سەرانی کورد، بیانەوێ و نەیانەوێ، بوونەتە ڕێگر و بەربەست لە بەردەم داخوازییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی گەلی کورد، نەک هەر لە باشووری کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا.

هەر گرێدراو بە هەمان بابەت، پێویستە بیر لەوەش بکەینەوە، ئایا پرۆسەی "یەکگرتنی ئارەزوومەندانە" لە نێوان دوو گەل و نەتەوەی جیاواز، یان دوو هەرێم و دەڤەری جودا، یانیش دوو دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن قەوارە، وەک ئەوەیە کە سەرکردەکانی کورد لە کوردستان و جارناجار لە بەغداش باسی لێوە دەکەن؟ سەرانی کورد، لێرەدا زیاتر مەبەست لە لێپرسراوانی باڵای پارتی و یەکێتییە، کاتێک باس لە یەکێتی و یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دەکەن، بەر لەوەی بەرژەوەندییە چارەنووسسازەکانی کوردیان لا گرنگ بێ، خۆیان و هەموو دنیاش دەزانێ کە ئەوان بە پلەی یەکەم نوقمی نێو دەریای قووڵی بەرژەوەندییە حیزبی و ئابوورییە تایبەتییەکانی خۆیانن، ئینجا بەلای کورد و کوردستاندا دەچن. زۆر جێی داخە بەرپرس و سەرکردەکانی کورد، چ لە باشوور و چ لە پارچەکانی دیکەی وڵاتیشدا، بە کردەوە شتێکی وەهایان سەلماندووە. ئەگەر نا نەتەوەی زۆرلێکراو و چەوساوە و بندەستی کورد ئێستا، هەر نا هەر نا، لەژێر چەتری یەک کۆنگرەی نەتەوەیی و یەک دەزگای ڕاگەیاندنی بەهێز و پتەو و یەک زمانحاڵ و دام و دەزگای کوردستانیدا، کار و خەبات و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدا. هەزار جار مخابن شتێکی لەو بابەتە نەک تەنیا لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە، بگرە تەنانەت لە یەک پارچەی کوردستانیشدا وەک پێویست و خواستی هەرەبەرچاوی ئەمڕۆی کورد سەری نەگرتووە.

یەکێتی و پارتی، چونکە ئەوسا خۆیان مەبەستیان بوو، ڕێیان بە هەڵسووڕێنەرانی "بزاڤی ڕاپرسی - ڕیفراندۆم" دا، تاکو ئەگەر بە شێوەیەکی فەرمیش نەبێ ڕاپرسییەک لە خوارووی کوردستاندا ئەنجام بدەن. خەڵکی بەشەرەف و خۆڕاگری کوردستان یەکدەنگ و یەکڕەنگ و یەکبیر، بێگومان بە زۆرینەی دەنگ و لەبەر چاوی دۆست و دوژمنانیش، ئەو بیرۆکە لەرزۆک و سەقەتەیان ڕەت کردەوە کە بە هەر شێوەیەک بیەوێ "یەکگرتنی ئارەزوومەندانە" لە نێوان باشووری کوردستان و عێراقدا بێنێتە ئاراوە. پارتی و یەکێتی کە هەر خۆیان تیشکی زەرد و سەوزیان بۆ ئەنجامدانی وەها ڕیفراندۆمێک پێ کردبوو، دیارە بە سەرپەرشتیی کەسە دەستنیشانکراوەکانی سەر بە خۆیان، هەربۆیە سەرانی ئەو دوو حیزبە کوردییە دەبوو پێش هەر کەس و لایەنگەلێکی دیکە بە پیری ئەنجامە حاشاهەڵنەگرەکانی ئەو

ڕاپرسییەوە بچووبایەن و، لە پێناو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەدا بەکاریان بهێنایە و پێشیان شەرمێکی گەورە با چیتر باسی برایەتی و پێکەوەژیان و "یەکگرتنی ئارەزوومەندانە"بکەن. ئەوان کە کارێکی وایان ئەنجام نەدا، دەبێ ئەوەش بزانن، ڕێک بە پێچەوانەی ئامانج و داخوازییەکانی هاووڵاتییانی کورد و ئەنجامەکانی ئەم دەنگدانەش کە ئاماژەی بۆ کرا، ملیان بۆ بەناو"یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە" شۆڕ کرد کە زیاتر دەربڕی بیر و بۆچوون و لێکدانەوە تایبەتییەکانی ئەوانن نەک هی جەماوەری خەڵکی کوردستان. من پێموایە سەرکردەکانی کورد لە باشوور، دانی پێدا بنێن یان نا، ئەم ڕاستییە جوان جوان دەبینن و ناشتوانن بە ئاسانی خۆیانی لێ گێل بکەن.



کوردی باشووری کوردستان کەی ئارەزووی ئەوەی هەبووە دەگەڵ عەرەبە ڕەگەزپەرستە بەعسییە خوێنمژە مرۆخۆر و شیعە کەللەڕەقەکانی و سەردەمی شمشێر و لەخۆدان "یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە" پێک بهێنێ؟! بە تایبەتیش لە پاش ئەوەی لەسەر دەستی نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عێراقی سەددام حوسێندا دووچاری ڕەشترین و دڕندانەترین زۆرلێکردنی نەتەوەیی هات، دیارە تەنیا و تەنیاش لەبەر کوردبوون بوو نەوەک شتێکی تر!! ئاسان نییە مرۆڤی کورد مینا سەرکردەکانی خۆی، پێ لە جەرگی خۆی بنێ و کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و وێرانکردنی خاک و زێدی باب و باپیرانی لە یادەوەری نەمێنێ و، لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا هەر بۆ نموونە وەک جەلال تاڵەبانی، فشەهەڵوێستان بەملا و بەولادا پەرت و بڵاو بکاتەوە! یەکێکی وەک تاڵەبانی کە نایەوێ لە عێراق جیا بێتەوە، ئەمە گرفتی کورد نییە و هی خۆیەتی، لەوانەیە تەنانەت لەناو سەرانی یەکێتیشدا بۆچوونێکی وەها ئەوەندە ڕەواجی نەبێ. جەلال تاڵەبانی ئەگەر بە سەرۆکی "بەرازیل" هەڵبژێردرابا، ڕەنگە خێری زیاتری هەبوایە بۆ کورد، وەک لەوەی کە بە هی عێراق!

هەر چ کاتێک لەژێر سەرپەرشتی و بە چاودێریی ڕێکخراوێکی بێلایەن و نێونەتەوەیی وەک UN ، یان هەر دەزگایەکی بڕواپێکراوی دیکە، گەلی باشووری کوردستان لە ڕاپرسییەکی ئازاددا دەنگی بۆ ئەوە دا کە کوردستان بەشێک بێت لە عێراق، کە دڵنیام کارێکی واش ناکات، ئەوسا سەرکردەکانی کورد مافی تەواوی خۆیەتیان باس لە "یەکگرتنی ئارەزوومەندانە" بکەن و شایی و هەڵپەڕکێی کوردیشی بۆ بگرن! پێچەوانەی ئەمەش لە قسەی قۆڕ زیاتر شتێکی تر نییە!!

ستۆکهۆڵم 30-5-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# توركيا و دەستتێوەردانەکانی لە باشووری کوردستان*

من لەم کورتەباسەدا بەتەمای ئەوە نیم بە درێژی لەمەڕ تەماحکاری و دەستتێوەردان و دەستدرێژکارییەکانی دەوڵەتی کەمالیستەکان، ڕژێمی تورکیای ڕەگەزپەرست، بۆ سەر خەڵک و خاکی باشووری کوردستان بنووسم. لەبەرئەوەی پرسەکە لای هەر کوردێکی بەشەرەف و کوردستانی ڕوون و ئاشکرایە و چ پێچوپەنایەکیشی تێدا نەماوە تا مرۆڤ نەتوانێت پەیان پێ ببات. چاوتێبڕینەکانی تورکیا و هەڕەشەکردن و خۆگێڤکردنەوەکانی دەرهەق بە گەلی باشووری کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازیی ئەو پارچەیەی وڵات شتێک نییە تازە بێ. تورکەکان گەلێ لەمێژە، جا بە هەر بڕوبیانوویەک بێ، ئەوەی لە دڵیان بێ سەبارەت بەم بەشەی نیشتمان نەیانشاردۆتەوە و خستوویانەتە سەر زمانیان و، بە کردەوەش لە دژی خواست و داخوازییە ڕەواکانی ئەم گەل و نەتەوەیە هەنگاویان ناوە. هەتا چ ڕاددەیەک لەم هەنگاوانەیاندا سەرکەوتوون یانیش نا، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە و دەکرێ فراوانتر باسی لێوە بکرێ.

ئەوەی کە زیاتر منی هان دا تا ئەم چەند دێڕە کەمانە لێرەدا بنووسم، قسە و هەڵوێست و چۆنێتی وەرامدانەوەکانی دەسەڵاتداران و لێپرسراوانی کوردە لە باشووری کوردستان، لەبارەی هێز کۆکردنەوەی تورکیا لەسەر سنوورە دەستکردەکان و دەستدرێژکارییە بەردەوامەکانیشیان بۆ سەر ژیانی هاووڵاتییانی کورد لەمدیو و لەودیوی، "ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی ناوە سنوور". بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی ئەم قسانەمان دەشێ هەر لە خودی ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی باشوور دەست پێ بکەین. لە بەرسڤی پرسیاری ڕۆژنامەوانانی کورددا، سەرۆکی حکوومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی بە جاران، هەر دوێنێ لە کوردستان تیڤی، ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە تا ئێستا جووڵانەوە سەربازییەکانی تورکیا "لەناو سنوورەکانی خۆیاندان" و سنووری ئێمەش نەبەزێندراوە. ئەمە وتەیەکە نەک هەر بەتەنیا لەسەر زاری نێچیرڤان بارزانی هاتووە، بگرە لێپرسراوانی باڵای تریش لەسەر ئاستی حیزب و حکوومەت جەختیان لەسەر هەر هەمان شت کردووە و دووبارەیان کردۆتەوە. ئاخاوتنەکانی کاربەدەستانی کورد لە کاتێکدا دێن کە تەنانەت هەندێ لە ڕاگەیاندنەکانی سەر بە خۆشیان، جاروبار، ئاماژە بۆ دەستتێوەردانەکان و هەڕەشەکاری و تۆپبارانەکانی ڕژێمی تورکیای کەمالیست بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان دەکەن.(بڕوانە:ماڵپەڕی پەیامنێر، لیژنەیەکی

هاوبەشی کوردستانی و ئەمەریکی سەردانی سنووری کوردستان ـ تورکیایان کرد، 2006-5-31). هێزەکانی سوپای تورکیا کە لەودیوی سنووری دەستکردەوە گوندەکانی دەڤەرە سنوورییەکانی باشوور دەدەنە بەر تۆپ و زیان لە هاونیشتمانییانی کورد دەدەن و، ژیانیشیان لێ تێک دەدەن و ڕۆژانەش مەترسی بۆ سەر ژیانیان دروست دەکەن، تۆ بڵێی ئەمانە کارێک بن قانوونی و ڕەوا، چونکە بە دەردی سەرکردەکانی لای خۆمان گۆتەنی "لەناو سنوورەکانی تورکیا"وە ئەنجام دەدرێن؟!!

دەزانم لە کاتی هەنووکەدا هەڵدانەوەی لاپەڕەکان لە بەرژەوەندی کورددا نابێت و تەنیا برین کولاندنەوەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەر هەمووشمان دەزانین هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و بەشەڕداچووی ساڵانی ڕابردووی باشووری کوردستان، وێڕای هەڵە و کەموکوڕییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش، دەستێکی باڵایان هەبووە لەوەی کە دوژمنان، تورک و عەرەب و فارس، جێپێی خۆیان لەم پارچەیەی نیشتماندا بکەنەوە و ببنە بەڵاش بۆ کوردستان و گەلەکەی. ڕەنگە ئەو ئاخاوتنەی کە ئەورۆ لەسەر زاری نێچیرڤان بارزانی لە ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط"دا هاتووە گشت ڕاستییەکان لەخۆ نەگرێت و، هەندێ پرسگەلی دیکەش هەڵگرێت. من لێرەدا بە قسەکانی نێچیرڤان بارزانی کۆتایی بەم بابەتە دێنم و، تەنیا و تەنیاش لەبەر خاتری کورد ئەم چەند وشانەی سەرەوە نووسران.

ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط"ی عەرەبستانی سعوودی نووسیویەتی: نێچیرڤان بارزانی دانی ناوە "بە هەبوونی هێزە تورکییەکان لەناو سنوورەکانی حکوومەتی کوردستان و، گوتوویەتی هێزە تورکییەکان لە نەوەدەکان بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی سەددام بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی سنوورەکان هاتوونەتە ناو خاکی وڵاتەکەی، بەو مەرجەی دەست لە کاروبارە تایبەتییەکانی ئێمە وەرنەدەن و چ کردەوەیەکی سەربازییانەش لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجام نەدەن، کە پێشوەخت ئێمەیان لەبارەیانەوە ئاگادار نەکردبێتەوە." "الشرق الاوسط، العدد 10047، 1-6-2006".

ستۆکهۆڵم 1-6-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەی کێ داوای لێبووردن لە کورد بکات؟*

ئەمڕۆ لە بەشی هەواڵەکانی ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط"ی سعوودی، یەک لە هەواڵەکان سەرنجی ڕاکێشام، کە باسی لە ئازادکردنی 594 گیراوی عێراقی کردبوو، دیارە زۆربەیان عەرەبی سوننە بوون. هەروەها پێشوازیکردنی تاریق ئەلهاشمیی سەرۆکی حیزبی ئیسلامیی عێراقی کە لە هەمان کاتیشدا جێگری سەرۆکی عێراقە لێیان و، بەخشینی بڕی 200 دۆلاری ئەمریکی لە لایەن ناوبراوەوە بە هەر یەکێک لەو ئازادکراوانەش. تاریق ئەلهاشمی لە وتەیەکی کورتیدا بەرامبەر بەو عەرەبانە گوتبووی: "ئێمە داوای لێبووردنتان لێ دەکەین". من نازانم کەسی ناوهاتوو بە شێوەیەکی فەرمی یان هەر بە ناوی خۆیەوە داوای لێبووردنی لەوان کردبوو، بەڵام ئەمە چ شتێک لە مەبەستی ئەم بابەتەی من ناگۆڕێ. جێی وەبیرهێنانەوەشە بەشی هەرەگەورەی لایەنگرانی بەعس و دیکتاتۆری پێشووی عێراق و تیرۆریستە ئیسلامی و نائیسلامییەکان، کەمێکیان لێ دەربچێت، دەنا هەر هەموویان سەر بە عەرەبی سوننەی عێراقن و لە دروستکردنی کارەسات وماڵکاولکارییەکاندا پێشتر و ئێستاش دەستی باڵایان هەبووە و هەیە. گەلۆ تا چ ڕادەیەکیش ئەو کەسە ئازادکراوانە تاوانبار بوون یان نا، ئەمەیان پرسێکە تایبەت بە دام و دەزگا دادگەییەکان و کاری پۆلیسە نەک من.



بەهەرحاڵ ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ زەقی بکەمەوە و بیپرسم ئەوەیە کە تا هەنووکە، بە تایبەتی لە دوای لەناوچوونی ڕژێمی بەعسی کوردکوژ و دروستکەری گۆڕە بەکۆمەڵەکان و کارەساتە خوێناوییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و زۆری تر، چەند

بەرپرس و سەرکردە و سەرۆک حیزبی عەرەبی سوننە و غەیری سوننەش، بە شێوەیەکی فەرمی و نافەرمی هاتوون داوای لێبووردنیان لە گەلی کورد کردووە لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوانە قێزەون و دڕندانەیەی کە گەلەکەیان، دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم گەلەکەیان، لە دژی گەلی سەربەخۆییخوازی کورد لە کوردستان ئەنجامی داون؟! داخوا لەم بوارەدا سەران و لێپرسراوانی کورد تا چ ئاستێک پێداگر بوون لەسەر ئەوەی کە عەرەبی عێراق دەبێ داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات و دانیش بە هۆڤێتییەکانی خۆی، لەهەمبەر کورد وەک گەل و نەتەوە، دابنێ؟! وەک هەمووشمان دەزانین ئەوەی کە سەرکردەکانی کورد کردوویانە، نەک هەر ئەوە نییە کە ئێمەی کورد چاوەڕوانی بووین، بەڵکو لە سەداسەد بە پێچەوانەی گشت هیوا و خواست و ئامانجە دێرینەکانی کورد هەنگاویان ناوە و دەنێن. ئەی ئەمە ئەگەر وا نەبێ، چۆن سەرۆکی پەرلەمانێک کە ناوی "پەرلەمانی کوردستان"ە نەوەک "عەرەبستان" و "عێراقستان"، لە شێوەی ئاغایەکی دیوەخان بە ناوی تەواوی



کوردەوە سووکایەتی گەورە گەورە، مینا تاڵەبانیی سەرۆکی، بە نیشتمان و نەتەوەیەک دەکات و، بە "کن فیکون"ێکی عەرەبییانە عەگالێکی عەرەبیمان لەسەر دەکات و، دەشمانکات بە "عێراقی"یەکی بیست و چوار عەیاری؟؟؟؟؟؟!!!!!! دیارە لەولاوەش کەسانێک کە هێشتا خولیای حیزبن نەک خاک و میللەت، حەزیشیان لێیە پێیان بگوترێت "ڕووناکبیر"، ئامادەن بە هەر جۆرێک بێ پاساو بۆ ئەم تیۆرییە سەقەت و هیچوپووچانە بێننەوە و دەستخۆشییەکی حیزبییانەش"نەک کوردانە و کوردستانییانە" لە سەرۆکی پەرلەمان بکەن! ڕووناکبیربوونی "ڕووناکبیر"ێک ڕەنگە لەوەدا دەربکەوێت کە کەسی "ڕووناکبیر" تەنیا لە یەک باس و بابەتدا، دەرەقەتی ئەوە بێت و بشتوانێت سەرکەوتووانە جێگەی "کوردستانی باشوور" و "کوردستانی عێراق" بکاتەوە. کوردێک کە کارێکی وا ئەنجام بدات، بە پلەی یەکەمیش سەرکەوتن وەدەست بێنێت، ئەگەر "ڕووناکبیر" نەبێ، خوانەخواستە "بیر"یشی "تاریک" نییە؟! ئێوە دەڵێن چی؟

"مەلیکە مەززان" کە ژنێکی ئەمازیغییە، لە وتارێکی خۆیدا نەفرەتی لە یەکێتیی عەرەب کردبوو و، پڕ بەدەمیشی هاواری لێ هەستابوو:"یەکێتیی عەرەب بەرەو دۆزەخ!" هەرچی سەرۆک پەرلەمان و سەرکردەی حیزبە دەستڕۆیشتووەکانی لای خۆمانن، ئەگەر ڕۆژێ جارێک باس لە یەکگرتوویی عێراق و پێکەوەژیانی کورد و عەرەب نەکەن، درۆم نەکردووە گەر بڵێم شەو خەونیان پێوە دەبینن.

ئایا ئەگەر سەرکردە یان سەرۆک پەرلەمانەکانی کۆسۆڤۆ، مۆنتێنێگرۆ، فەلەستین، باسک، بیابانی ڕۆژئاوا، ئەبخازیا و زۆری دیکەش، وەک عەدنان موفتی ـ موفتیی لای خۆمان، هزریان کوێر و هەڵوێستیان نانیشتمانییانە بوایە، تۆ بڵێی ئێستاش هەر لەسەر کورسی سەرۆکایەتی پەرلەمان جێیان لەق نەبا، یان ڕێک بە پێچەوانەوە بە هۆیها "پەرلەمان"بەدەر دەکران؟!

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم: گەلێک کە نموونەی "موفتی" و نا"موفتی"یەکان ڕێبەرایەتی بکەن، نابێ چاوەڕوانی ئەوە لە زۆرداران و چەوسێنەرانی بکات تاکو بێن داوای لێبووردنی لێ بکەن! ستۆکهۆڵم 8-6-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کێ ناسنامەی نیشتمانپەروەریی لە باخەڵە؟*



لێدوانەکانی ئەم دواییانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی و جێگرەکەی کەمال کەرکووکی و هەروەها تارق سارمەمیی بەرپرسی ڕاگەیاندن، سەبارەت بە کوردی تاراوگە و هەڵوێستیان لەمەڕ پرسە گرێدراوەکان بە نەتەوە و نیشتمان و بۆچوونی نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە بارەی قسە و ئاخاوتنەکانیان، سەرلەنوێ بوون بەهۆی نارەزایی دەربڕین لە لایەن هاووڵاتییانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی نیشتمانیش. کێشەکە کە بە سووکایەتیکردنی سەرۆکی پەرلەمان بە کوردی دەرەوە و ئەورووپا دەستی پێکرد و، لە ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی سعوودیدا عەدنان موفتی "دەفتەر نفووس"ی عێراقی بەسەر گشت کوردی ئەورووپادا بەخشییەوە. لەبری ئەوەی ناوهاتوو بهاتایە بە شێوەیەکی شارستانییانە و دیموکراتییانە داوای لێبووردنی لە هاونیشتمانان و هاوزمانانی خۆی بکردایە و، وەک سەرۆک پەرلەمانێکیش هەڵسوکەوتی نیشان بدایە، ئەو هات ڕێک بە پێچەوانەوە هەنگاوی ناو و ئەم جارەیان "تارق" و مارق و "کەمال"ی لە کوردی دەرەوە و بگرە نووسەران و ڕووناکبیرانی بوێر و خاوەن هەڵوێستیش ڕاست کردەوە. لە قسەکانی ئەو جەنابانە تێدەگەین کە کوردە ئاوارە و پەریوەکانی ئەورووپا، بە برێک لە نووسەران و ڕووناکبیران و کەسە بەرچاوەکانیشیانەوە، تێکڕایان: عێراقین، هەرزەکارانە بیر دەکەنەوە، فەوزەوی و ئاژاوەگێڕن،تێناگەن کە پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێتی ملیۆنان کوردی لە ئەستۆیە، دەنگیان بۆ پەرلەمانی عێراق داوە، دەستێکی بێگانە لە پشتیانەوەیە، بەکرێگیراو و عەمیلن و بە کورتییەکەی خزمەتی دۆزی ڕەوای کورد ناکەن. ئەمانە تەنیا چەند تۆمەتێکی بچووکن کە خراونەتە پاڵ زۆر لە کوردی ئەورووپا و، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی کە لە دژی بۆچوونە ناڕاستەکانی سەرۆکی پەرلەمان هەر لە دەستپێکدا خاوەن هەڵوێستی خۆیان بوون. هەر کەسێکیش ئەگەر گومانی لە ناڕاستی پەیڤ و وتەکانی ئەم لێپرسراوە کوردانە هەیە، مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و ناکوردییەکان و یەک بە یەک هەڵیانبسەنگێنێت و، بە وردیش بیانخوێنێتەوە.

من نه تارق سارمەمی و نه کەمال کەرکووکی و نه عەدنان موفتی له نزیکەوه دەناسم، بەڵام دووانەکەی دوایان لای هەموومان ناسراون و ڕەنگە ڕۆژانەش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە کوردییە حیزبییەکاندا چاومان بە سەر و سەکوت و ڕووخساریان بکەوێ. کەمال کەرکووکی کە خۆی لە ئەورووپاش ژیاوە، لە گەلێ کەسی دیکە چاکتر دەزانێ کە کوردی هەندەران هەمیشە و هەمیشە لە ئاست پرسە چارەنووسسازەکانی کورددا، لە شین و شاییدا، بێدەنگ نەبوونە و ئەوەی پێیان کرابێ لە پێناو خزمەتکردنی خاک و نەتەوەکەیاندا دەستیان لێ نەگێڕاوەتەوە. ئەم کابرایە گەر بەرامبەر کوردی ئەورووپا بێوەفا نەبوایە، قەت نەدەهات بە نووسەرانێک، ڕۆشنبیرانێک، خەڵکانێکی دڵسۆز و خەمخۆری کورد بڵێ بەکرێگیراو یان "دەستێکی بێگانە لە پشتیانەوەیە". جارێ بەر لە هەموو شتێک کابرایەکی حیزبی، پارتی یان یەکێتی بێ، کاتێک باس لە هەبوونی "دەستی دەرەوە" و "بێگانەپەرستی" و ئەم جۆرە شتانە بکات، هەر نا لەبەرئەوەی پەرێزی خۆیان ئەوەندە پیس و گەنمیان دە ئەوەندەش زیاتر زیواندارە، دەبێ هەزار و یەک جار بیر بکەنەوە، ئەوجا بێن شەکرێکی وا بشکێنن. ئەرێ بە ڕاست کەسە بەکرێگیراوە فایلدارە ڕووڕەش و دەم و چاو جاسووسی و ڕەزاگران و بەدفەساڵەکان، دەنێو هێلانەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردیدا جووکەجووکیان وێ کەوت، یانیش لەناو هێلانەی کوردی دەرەوەدا؟! پرسیارێکی وەها وەرامەکەی لای سەران و لێپرسراوە دەستڕۆیشتووەکانی کوردە کە بەداخەوە کەسانێکی ناشیاو و ناکوردستانییانەیان لای خۆیان گل داوەتەوە و، لەسەر کوردیشیان کردوون بە ملۆزم و کەڵەگا.

کێ بوون ئەوانەی کارەسات و مەرگەساتەکانی کوردیان بە خەڵکی ئەورووپا و ئەمریکا و دنیا ناساند؟ کێ بوون ئەوانەی لە هەر کەس و لایەنێکی کوردی حیزبی پتر تێدەکۆشان، تا تەواوی دنیا، لەمەڕ کارەساتە دڵتەزێن و جەرگبڕەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و بارزانییان و کۆڕەو و زۆری تردا زانیاری بەدەست بخەن و، داگیرکەران و بکوژانی کوردیش ڕیسوا و شەرمەزار بکەن؟ کەمال کەرکووکی و عەدنان موفتی و سەرانی سەر سەریشیان ئەم ڕاستییانە و گەلێکی دیکەش زۆر بە باشی دەزانن، کەچی دیسانیش لەبەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبییانە و "تایبەتییانە"ی خۆیان، چاویان ڕاستییەکان نابینن و گوێشیان لە ئاست هەر نارەزایی دەربڕینێکی دڵسۆزانە و کوردستانییانەدا کەڕ دەبن.

یەکێتی و پارتی کە ساڵانێکی دوورودرێژ خەریکی کوردکوشتن و ڕاوەکورد بوون، کوردی تاراوگە لە دژی سیاسەتە نانیشتمانی و نانەتەوەییەکانیان لەبەر

خۆیان دەدا و داواشیان لێ دەکردن واز لە کوشتنی کورد بێنن. هەرچی ئەوان بوون، لەسەر زاری بەرپرسە خۆجێییە ئەوروپانشینەکانیان دەیانگوت: ئەوانەی کە ڕەخنە ئاڕاستەی ئەزموونە ساوایەکەمان دەکەن، خڕیان سەر بە تابووری پێنجەم و بەرەی دوژمنانن، <u>ئەو دوژمنانەی کە هەر ئەوان خۆیان بە جاران پەلکێشی کوردستانیان کردن و کوردیشیان پێ کوشتن</u>.

ناسنامەی نیشتمانپەروەریی شتێک نییە بە ئاسانی دەستی هەر کەسێک بکەوێت و حیزبەکانیش تەنیا و تەنیا بە خۆیانی ڕەوا ببینن و، لەسەر خۆشیان تاپۆی بکەن. بەتەنێ جەماوەری کوردستان، خەڵکی بەشەرەف و کۆڵنەدەر و هەمیشە لەیادکراوی نیشتمان و کەسانی دڵسۆز و خەمخۆر و دڵسووتاو بۆ نەتەوە و دۆز، دەتوانن ناسنامەی نیشتمانپەروەریی بەم و بەو بدەن. هەر بۆ نموونە یەکێکی وەک عەدنان موفتی، با سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش بێ، گەر خۆی بە عێراقیی پلە یەک لە قەڵەم بدات و پیرۆزیشی بێ، بۆچی دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان کە کوردستان بووە دەوڵەت، هەر دەشبێتە دەوڵەت، ناسنامەی "هاووڵاتیبوونی کوردستان"ی لە باخەڵدا بێ؟! ئەو کە عێراقییە با بچێ لە بەغدای "حەبیبە"کەی تاڵەبانی ناسنامە"هەویە" وەربگرێ نەک لە پایتەختی دەوڵەتی داهاتووی سەربەخۆی کوردستان.

هەر دیسان سەبارەت بە قسەکانی تاقمی پەرلەمان، مافی خۆمانە بپرسین: منداڵێک کە لە ئەوروپا لە دایک بێت، دایک و باوکی یان یەکێکیانی کورد بێت و خۆیشی بە کورد لە قەڵەم بدات، ئایا بە ڕای ئێوە کوفرە ئەگەر ئەو منداڵە کوردستان بە نیشتمانی خۆی بزانێت؟ دەترسێم ئێوە داروبەردەکانی نیشتمانیشتان لەسەر کوڕ و کچ و نەوە و زاڕۆک و خزم و خێزان و کەسە هەرەنزیکەکانی خۆتان تاپۆ کردبێ و، کەسیش مافی ئەوەی نەبێ بێ مۆڵەت وەرگرتن لە ئێوە، خۆی بە کوردستانی بزانێ و کوردیش بە گەل و نەتەوەی خۆی؟! هۆ تاقمی پەرلەمان! کێن ئەو کەسانەی هەرزەکارانە بیر دەکەنەوە؟ عەبدوڵڵا پەشێو، موحسین جوامێر، یان ئەو خەڵکە دڵسۆز و نووسەر و ڕووناکبیرانەی تر کە خۆیان بە عێراقی نەزانیوە و، لە هەمبەر لێدوانەکانی ئێوە هەڵوێستی کوردانەیان دەربڕیوە؟! ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی لە ئاست بەرپرسیارێتی ملیۆنان کەس بوایە، خۆ هەر دەبوو حیسابێکی گچکۆکەشی بۆ نزیکەی دوو ملیۆن دەنگ بکردایە، کە خاوەنەکانیان بە ئاشکرا نەیانویست لەناو عێراقە نەفرەتییەکەی عەدنان موفتیدا بمێننەوە؟! نازانم ئەو خوشک و برایانەی سەرپەرشتی ئەو ڕیفراندۆم - ڕاپرسییەیان کرد، بۆچی تا هەنووکە لەمەڕ قسەکانی عەدنان و کەمال شتێکیان نەگوتووە؟ لەوانەیشە هێشتا لە

لایەن پارتی و یەکێتییەوە گڵۆپی سەوز و زەردیان بۆ پێ نەکرابێ! هیوادارم ئەمە وا نەبێ و من بێئاگا بم و بە زووترین کاتیش ئەوان هەڵوێستیان هەبێ.

تف لە ناسنامەی نیشتمانپەروەریی، ئەگەر لە باخەڵی ئەنفالچییەکی بە ڕەگەز کوردی هەنووکە بەرپرس بێ!

تف لە ناسنامەی نیشتمانپەروەریی، ئەگەر لە باخەڵی فایلدارێکی کوردی حیزبی بێ!

تف لە ناسنامەی نیشتمانپەوەریی، ئەگەر لە باخەڵی کوردێکی عێراقپەرست بێ!

تف لە ناسنامەی نیشتمانپەروەریی، ئەگەر لە کوردە عێراقچییەکانەوە بە ئێمە ببەخشرێت!

تف لە ناسنامەی نیشتمانپەروەریی، ئەگەر لە باخەڵی کاربەدەستێکی گەندەخۆری کورد بێ!

تف لە ناسنامەی نیشتمانپەروەریی، ئەگەر لە باخەڵی کەسێک بێت کە چ حیساب بۆ هەست و بۆچوون و داخوازییە ڕەواکانی هاووڵاتییانی نیشتمانەکەی نەکات و، "کوردستان"یش بە "عێراق" بگۆڕێتەوە!

تف لە هەر کەس و لایەن و حیزب و سەرکردە و گەل و نەتەوەیەک بێ کە خۆیان بە کەمتر لە خەڵکان و گەل و نەتەوەی تر دێتە بەر چاو و، ئەوەی بەوانی ڕەوا دەبینن بە خۆیان نا!!!

سوێد 2006.6.15

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## دەبا ئەم نەریتە بەرز ڕابگیرێت!*

ئەگەر زمان ناسنامەی نەتەوەیی هەر گەل و نەتەوەیەک بێت، دیارە چ گومانیشی تێدا نییە، لە هەمان کاتدا ئاڵا هێمای نەتەوەیی و نیشانەی هەرەبەرچاوی گەل و نەتەوەکان پێکدێنێت. میللەتان، بەتایبەتیش ئەوانەی خاوەن دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆن، یەک لە گرنگترین شت و هێما دیارەکان کە خۆیانی پێ لە گەل و نەتەوەکانی تر جیا بکەنەوە، بێجگە لە زمان و سنوور و جوگرافیا و کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و شتی دیکە، بێگومان ئاڵای نەتەوەیی و هێمای نیشتمانی خۆیانە. ئەمەش هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو گەلانەی هێشتا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دانەمەزراندووە، خوانەخواستە شانازی بە ئاڵای نەتەوەیی و هێمای خەبات و خۆڕاگریی خۆیان ناکەن و لە ئاسمانی نیشتماندا بەرزی ڕاناگرن. بە پێچەوانەوە بە دەیان گەل و نەتەوە هەن کە ڕۆژانە بە سەربەرزییەوە کڕنووش بۆ ئاڵای پیرۆزی خۆیان دەبەن و، هەتا پێشیان بکرێ لە هەڵکردنیدا درێغی ناکەن. کورد و فەلەستینی و گەلی بیابانی ڕۆژئاوا و تامیل و خەڵکی "سۆمالیلاند" و "پونتلاند" و گەلی "کارین" و ئەمازیغی و تەواریقەکان، بەتەنێ چەند نموونەیەکی کەمن لەو گەل و نەتەوانەی کە بە شێوەی جۆراوجۆر تێدەکۆشن بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان و، دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆ و بەرزڕاگرتنی دروشم و هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیشیان.



کورد کە لە ئەنجامی سیاسەتی زۆردارانەی ئیمپریالیزمی جیهانی و نەتەوە سەردەست و چەوسێنەرەکانی ناوچەکەوە، وڵاتەکەی دابەش و داگیر کراوە، نەک هەر لە هەڵکردنی ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی کوردستان، بگرە لە جێبەجێکردن و پیادەکردنی گەلێ ڕێورەسم و جەژن و بۆنەی نەتەوەیی و میللییانەی خۆی بێبەش کراوە و، تا ئەمڕۆش تەنانەت لە زۆر شوێنی جیا جیای کوردستاندا، کوردگەلێک دەبینرێن تەنانەت زمانی شیرین و زگماکی خۆشیان نازانن!

نەریتێک کە من وەک کورد شانازی پێوە بکەم و لەسەریشی هەڵبدەمێ، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆز و نەتەوەیی کوردستان و هێنانەخوارەوەی ئاڵای داگیرکەرانیشە لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ساڵانە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە یادی دامەزراندنی خۆیدا کوردانە و کوردستانییانە کارێکی وەها گرنگ

ئەنجام دەدات. هەستان بەم جۆرە چالاکیيانە لە زۆر لاوە واتادار و گرنگە: ڕەتکردنەوەی داگیرکەرانی کوردستان، ناساندنی ئاڵای ڕەنگین و شکۆداری کوردستان، هاندانی جەماوەری خەڵک بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان، هوشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی لەکن کوردان کە وەک گەل و نەتەوە لە ئاو و هەوا و نان زیاتر پێویستی پێیەتی، پەرەپێدانی خەبات بە شێوازێکی نوێ کە جێی داخە پێشتر پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردی و کوردستانییەکان ـ وەک پێویست ـ لەم بوارەدا بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵنەستاون و جاروباریش فشەیان بەم جۆرە چالاکیيانە هاتووە و، قەشمەریشیان بەو کەس و لایەنانە کردووە کە کارێکی وا کوردستانییانەیان ئەنجام داوە!

هەر لێرەدا پێم باشە لەم کورتەباسەدا ئاماژە بە بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بکەم لە مۆندیالی ئەمساڵدا، کە چەند گەنجێکی خوێنگەرم و ئاشقی چاوی جوان و بەژنی زراڤی کوردستان، بە کردەوەیەکی مەردانە و کوردانە ئاڵای نیشتمانی کوردانیان بە تەواوی دنیا نیشاندا و شێرانەش بە گێلەکورد و ناحەزانی خاک و نەتەوەیان گوت:

دە سەیرمان کەن! ئێمە نە عێراقین و نە ئێرانی، نە سورِیایی و نە تورکیایی.

ئێمە کوردین و وڵاتمان کوردستان، ناسنامەشمان بەتەنیا کوردستانی!

سوێد 20-6-2006

* لە (میدیا، ژمارە 246، 2006/6/27، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ڕاگەیاندنی عەرەبی و دیسان سووکایەتیکردن بە کورد*

هێرشکردنە سەر کورد و کوردستان و هێما و شتە پیرۆزەکانی ئەم نەتەوە و نیشتمانە، لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبییەوە، بابەتێک نییە نوێ بێت و تازەبەتازەش هاتبێتە ئاراوە. عەرەب کە خۆیان بە نەتەوەیەکی سەردەست و میراتگری ئایینی ئیسلامیش دەزانن، لەکن ئەوان کارێکی ئاسایی بووە(ئێستاش هەر وای تێدەگەن)، کە بە چاوێکی نزم تەماشای گەل و نەتەوەکانی دەوروبەری خۆیان بکەن. تەنانەت لە نووسراو و دانراوە ئەدەبییە کۆنە جۆراوجۆرەکانی خۆشیاندا شتێکی وەهایان نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرا ڕۆڵەکانی میللەتانی دیکەیان بە زۆر شێوەی نابەجێ پێناسە و وەسف کردووە.

دوژمنایەتیکردنی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەی لە لایەن عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانەوە، بەتایبەتی لە هەردوو بەشەکوردستانی بەزۆر لکێنراو بە قەوارە دروستکراوە ساختەکانی عێراق و سوریا، ڕیشەیەکی سیاسی و ئابووری و جوگرافی و ئەتنیکی و کولتووری و مێژوویی خۆی هەیە. عەرەب هەر سەرکەوتنێکی گچکەی کوردیش لەم دوو پارچەیەی کوردستان و، بێگومان بەشەکانی تری کوردستانیشدا، هەروەک تورک و فارسەکان بە شکست بۆ خۆیان دادەنێن و دیارە ئەوەی لە دەستیشیان بێ ئەنجامی دەدەن، بە مەبەستی ڕێگەگرتن لەپێش هەر هەنگاوێک کە گەلی کورد لە پێناوی بەدەستخستنی مافە ڕەواکانی خۆی بینێت.

دوای ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس لەسەر دەستی ئەمریکاییەکان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە هێزە شۆڤێنییەکانی عەرەب کە کەم نین، شێت و هار بوون و ڕق و تووڕەیی خۆشیان بەوپەڕی توندییەوە ئاڕاستەی گەلی ئازادیخوازی کورد و دۆزە مافدارەکەی کرد. هەر کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی عەرەبی گەر بیویستبایە ژمارەی بینەرانی خۆی زیاد بکات، کاری یەکەمی بریتی بوو لە هێرشکردنە سەر کورد و سووکایەتیکردن پێی و لەکەدارکردنی هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی. کەناڵی (ئەلجەزیرە)ی قەتەری لەم بوارەدا گرەوی لە هەمووان بردەوە و چ کەناڵێکی تریش نەیدەوێرا شان لە شانی بدات. لە دەستپێکی دەست بەکاربوونیدا (ئەلعەرەبییە)ش داوی لەدوو (ئەلجەزیرە) دەکرد و دەیویست بەم شێوەیە ژمارەی بینەرانی خۆی زیاد بکات. لە پاشان وردە وردە خاو بووەوە و سیاسەتێکی کەمێ نەرمتری گرتە بەر و کارمەندانی ڕوویان لە

کوردستان و عێراق کرد. ئەلجەزیرە کە لە عێراق پەیامنێرەکانیان وڵاتبەدەر کران، لە کوردستان هەر پەناگەیەکیان بەهۆی دەسەڵاتدارانی کوردەوە بۆ دەستەبەر کرا. دیارە لە دوژمنایەتیکردنی گەلی کورد و خاکی کوردستاندا کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی دیکەی وەک ANN و ئەلعالەم و ئەلموستەقیلە و ئەلمەنار و، زۆر لە دام و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی عەرەبی و ماڵپەڕەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت ڕۆڵێکی یەکجار خراپیان لەیستووە لە ناساندنی کورد بە خەڵکی عەرەب و عەرەبزمانان لە تەواوی دنیادا.

کەناڵە تەلەفزیۆنییە عەرەبییە عێراقییەکانی سەردەمی دوای سەددام،زۆربەیان، نەک هەر بەپێچەوانەی ئەلجەزیرە و ئەوانی تر نەجووڵاونەتەوە، بگرە هەندێ جار لەوانیش خراپتریان بە کورد و وڵاتەکەی کردووە. ئەلفورات، ئەلشەرقییە، ئەلدیار، ئەلعێراقییە و گەلێکی تریش بە بەردەوامی ڕووبەڕووی ڕەخنەی تەماشاڤانانی کورد بوونەتەوە. زۆر لەو کەناڵانە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ جاروبار هەر دڵیان بۆ (شمال العراق الحبیب) لێ دەدات و، لە چاکترین باریشدا (کوردستان العراق)یان لا پەسندترە لە هەر دەربڕینێکی تر. پرسێکی ئاوەها بەتەنێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی عێراقی ناگرێتەوە، بەڵکو دەستەبژێری نووسەران و ڕوونابیران و هونەرمەندان و کەسایەتییە بەرچاوەکانی کۆمەڵگای عەرەبیش لە عێراق دەگرێتەوە. نووسەر و شاعیرێکی عەرەبی عێراقی کە خێزانەکەی کوردێکی باشووری کوردستانە و لە نیشتمانی کوردانیشدا پێشمەرگایەتی کردووە و نانی جۆتیاری کوردی خواردووە، لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا ماوەیەک بەر لە ئێستا گوتبووی: کوردستان في شمال العراق! واتا: کوردستان لە باکووری عێراق! یەکێک کە بڵێ کوردستان "لە باکووری عێراق"، بیەوێ و نەیەوێ، گووی لە جەوهەری مەسەلەکە کردووە. ئەوجا کورد کابرایەکی وا بە دۆستی خۆی دەزانێ یان نا، ئەمەیان پرسێکی دیکەیە.

دوێنێ کە لە کار هاتمە ماڵەوە، برایەکی ئازیز بۆ من و پێنج کەسی تریش ئەم ئیمەیلەی خوارەوەی ناردبوو. من لێرەدا تێکستی نامەکەی ئەو ئازیزە وەک خۆی دەنووسمەوە:

"سڵاو و ڕێز،

ئەورۆ 21-6-2006 بەرنامەیەکی مێژوویيم بینی کە لە کەناڵی (ئەلدیار)ی عێراقی کە تیایدا کەسێک قسەی دەکرد و باسی مێژووی کوردی کرد و گوتی کە کورد میللەتێکی وەحشینە و ئەسلیان عەرەبە و چەندین وشەی نابەجێی تری گوت.

بەرنامەکە نزیکەی 45 خولەک بوو هەمووی بۆ ئەوەبوو کە کورد عەرەبە و کورد بەو هۆزانە دەوترا کە هۆزی وەحشی(هۆڤانە) بوون. جا داواکارم لە بەڕێزتان کە ئەم مەسەلەیە بورووژێنن کە تەنانەت سەددامیش جورئەتی ئەوەی نەکردووە بەرنامەی وا دەربارەی کورد لە تیڤی پەخش بکات. هیوادارم شتەکە بە جددی وەربگرن و مەسەلەکە بورووژێنن و داوایەکی قانوونی لەسەر ئەم کەناڵە تۆمار بکەن وەک نووسەرانی کورد."

ئەم ئیمەیلە لە لایەن کوردێکی خەمخۆر لە هەولێری کوردستانەوە ئاڕاستەی چەند کەسێک کراوە. من نەمویست بێ پرسکردن بە خۆی ناوەکەی بڵاو بکەمەوە. لە دڵی خۆم گوتم لەوانەیە پێی خۆش نەبێ ناوەکەی بڵاو بێتەوە.

دیارە دوای خوێندنەوەی ئیمەیلەکە زۆر هەوڵم دا بتوانم بە هەر شێوەیەک بێ خودی بەرنامەکە ببینم و، بشزانم لەوێندەرێ چ گوتراوە و چ نەگوتراوە. تەنانەت لە ڕێی ماڵپەڕی کەناڵەکەشەوە شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوت کە شایەنی باسکردن بێت. تکاشم لە هەر کەسێکی دڵسۆزی کورد ئەوەیە ئەگەر بەرنامەکەی بینیبێ، با هەڵوێست بنوێنی و ویژدانی خۆی و ئەم برادەرەش کە ئیمەیلەکەی ناردووە ئاسوودە بکات. کەسانێکیش کە یاساناس و شارەزان دەتوانن بە کاری وردتر هەستن و بیر لە ڕێگەیەکی تر بکەنەوە.

ئەمە جاری یەکەمیش نییە کە عەرەب کورد بە دڕندە و هۆڤ لە قەڵەم بدەن و لە هەمان کاتیشدا بیانگەڕێننەوە سەر بنەچەی خۆیان! سەیر لەوەدایە تۆ بێیت یەکێک بە وەحشی و دڕندە ناوزەد بکەیت، کەچی بشیگەڕێنیتەوە سەر ڕەگەز و بنەچەی خۆت!! جا ئەگەر ئەو هۆڤ و دڕندە بێت، ئەی دەبێ خۆت چەند لەو زیاتر دڕندەتر و وەحشیتر بیت؟!!

کاتی خۆی لە پاریس گۆڤارێکی عەرەبی بە ناوی (الوطن العربي) دەردەچوو، نازانم هێشتا ماوە یان نا؟، سەرنووسەرەکەی پیاوێک بوو بە ناوی (وەلید ئەبوزەهر). ئەم ئەبو بیربۆگەناوییە جارناجار سەردانی دیکتاتۆرەکەی عێراقی دەکرد و لەبەر نووسین و پیاهەڵدانەکانیشی بە جەللادەکەی بەغدا، بە جانتای پڕ لە پارە بەرەو فەڕەنسا دەگەڕایەوە. من خۆم جارێکیان لە تەلەفزیۆنی عێراقی ناوهاتووم لەگەڵ سەددام حوسێنی خوێنمژدا بینیوە. جا هەر لە هەمان گۆڤاردا کابرایەکی شۆڤێنیستی عەرەب نووسینێکی بڵاو کردبۆوە، تیایدا گشت کوردی گەڕاندبۆوە سەر هۆزە عەرەبەکان و بێگومان بە هۆڤ و وەحشیشی ناو بردبوون. کورد هەتا یەخەی

له یه‌خه‌ی ئه‌م ڕه‌گه‌زپه‌رست و مرۆخۆرانه نه‌بێته‌وه، نابێ چاوه‌ڕوانی شتێکی له‌مه جوداتریان لێ بکات! سوێد 22-6-2006

* له ماڵپه‌ڕه کوردییه‌کاندا بڵاو کراوه‌ته‌وه.

# گەندەڵی دەبێ لە سەرەوە بنبڕ بکرێ*

ئەمڕۆ وشە و دەستەواژەکانی وەک "گەندەڵی" و "گەندەڵی ئیداری" و "بەرتیلخۆری" و "واستە و واستەکاری" و زۆری تریش، بە شێوەیەکی بەربڵاو لەسەر زاری هاووڵاتییانی باشووری کوردستانە و گەلێ لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و ناکوردیش مینا دیاردەیەکی ناشیرین و دزێو، باسیان لێوە دەکەن و بە یەکێکیش لە شتە خراپە بەرچاوەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی و لایەنە نەرێتییەکانی دەسەڵاتی کوردی پێناسەی دەکەن. لەم ماوانەی دواییشدا تەنانەت هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان، چ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیان و چ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان بێ، کەم تا زۆر ئاماژە بەم دیاردە دزێوە دەکەن و لێپرسراوانی ئەم دوو حیزبەش بە ئاشکرا دان بە هەڵە و شاشییەکان دەنێن و، باس لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەسەریش بۆ ئەم کەموکوڕی و کارە نابەجێیانە دەکەن. هەروەها لە هەمان کاتدا دەسەڵاتداران دەم لە پێکهێنانی دیوانی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە دەدەن و، گوایا بەم شێوەیە دیاردەی گەندەڵی ڕێی لەبەر دەگیرێ و چارەسەریش دەکرێ.

وەک هەمووومان دەزانین پرسی گەندەڵی ڕوو لە هەر شوێن و کۆمەڵگایەک بکات، زوو یا درەنگ دەبێت بەهۆی پەکخستنی ئەو کۆمەڵگا و شوێنە و لەکەدارکردنی ناوی گەلان و وڵاتان و، بەتایبەتیش بەزەحمەتخستنی ژیان لە هاووڵاتییانی ڕەشۆکی و ئاسایی و کەمدەرامەت و هەژار و وەلانراو. گەندەڵی چ لەسەر ئاستی ئیداری و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بێت یان لەسەر هەر ئاستێکی تر، خۆی لە خۆیدا دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانی وڵات و، ئەو سیستەمی حوکمی بەڕێوەبردنەشە کە گەل و نیشتمان بەڕێوە دەبات و دەشبێت بەهۆی دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتداران و ڕۆڵەکانی هەر گەل و نەتەوەیەکدا.

هەر لەسەر دیاردەی دزێوی گەندەڵی دەتوانین بە دەیان نموونەی دیکە بێنینەوە کە چۆن وەها دیاردەیەک دەبێت بە نەخۆشی شێرپەنجە لە کۆمەڵگا و، ژیانی هاووڵاتییان هەراسان دەکات و کاروباری وڵاتیش بەرەو خراپی دەبات. مۆنتینێگرۆ کە دوێنێ بە شێوەیەکی فەرمی و بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆفی ئەنان، بوو بە ئەندامی سەد و نەوەد و دووەمینی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، لە سەرەتای دەنگدانی هاووڵاتییانیدا بۆ جیابوونەوە لە

سەربیا"سەربستان" کە بێگومان مافی تەواوی خۆیەتیان، تاکە شتێک کە ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیانی، هەر بۆ نموونە لە سوید، کە زیاتر لەمەڕ ئەم وڵاتە و سیستەمەکەی و شێوەی ژیانی هاووڵاتییانی باسی لێوە دەکرا بریتی بوو لە دیاردەی گەندەڵی ئیداری و بەرتیلخۆری، کە تا ڕاددەیەک ناوی  وڵات و دانیشتوانەکەی لەکەدار کردووە. دیارە شتێکی ئەوها هەر بەتەنێ مۆنتینێگرۆی تازەدەوڵەت ـ بە دەیان ساڵ پێش ئێستاش دەوڵەت بووە ـ ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر لە وڵاتانی دیکەی دنیا بەم دەردەوە دەناڵێنن و لە دوور و نزیکەوە ئاگامان لێیان هەیە: سوریا، تورکیا، پاکستان، ئێران، جەزائیر، هیندستان، عێراق، ڕۆمانیا، ئەلبانیا، کۆمارەکانی پێشووی سەر بە سۆڤیەت و بە دەیانی تریش.

کوردستان کە لە ئەنجامی دابەشکردن و پارچە پارچە کردنێکی یەکجار نامرۆڤانە و دڕندانەدا، ڕێی پێ نەدرا ببێ بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تەنیا لە بەشێکی بەشەنیشتمانەکەیدا ـ نەک گشت باشووری کوردستان ـ ساڵانێکە بە هەر جۆرێک بێ کورد خۆی حوکمداری وڵاتەکەیەتی و کاروبار بەڕێوە دەبات. وێڕای هەموو تەنگوچەڵەمە و کەموکوڕی و کارە نارەواکان و هێنانی ئەم و ئەو دوژمنیش بۆ سەر زێدی باب و باپیران لە لایەن خودی دەسەڵاتدارانی کوردەوە، لێ دیسان هەندێ کاری باش ئەنجام دراوە کە مرۆڤ پێویستە بیانبینێت و پشتگوێیان نەخات. هەڵبەت ئەمە هەرگیز بە مانای ئەوە نایەت کە ئێمەمانان پشتگیری لە هەر هەنگاوێک دەکەین کە حیزبە دەسەڵاتدارەکان ـ پارتی و یەکێتی ـ تا هەنووکە ناوێتیان لە پێناو بەناو خزمەتکردنی کورد و کوردستاندا. نەخێر و هەزار جاریش نەخێر! بەڵکو بە دەیان جار یەخەی ئەوانمان گرتووە و بە زەبری هێزی قەڵەم و توانای نووسین سەرکۆنەمان کردوون.

گەندەڵی کە ڕۆژانە باسەکەی گەرمە و ڕووبەڕووی هەردوو پارتی دەستڕۆیشتووی کوردستان بۆتەوە، بەر لە هەر شتێک دەبێ لە سەرەوە ـ لە سەری سەرەوەش نەک لە بنی بنەوە ـ بە تەواوەتی بنبڕ بکرێ و هۆکار و پاڵپێوەنەر و پاڵەوانە ڕاستەقینەکانیشی لەبەین ببرێن و دوور بخرێنەوە و سووک و ڕیسوا بکرێن، ئینجا مرۆڤ بۆی هەیە بە دوای ڕەگەزە بچووکەکانی تری ئەم دیاردە دزێوەدا بگەڕێ و بیاندۆزێتەوە و پەکیشیان بخات. لە ڕەوشێکی وەک ئێستای باشووری کوردستاندا گچکە چاو لە گەورە دەکات و، کورد گۆتەنی: گەورە دەڕژێنێ، گچکە پێ لێ دەخشێنێ! لە شارێکی وەک هەولێر کە سەرمایەدارێکی گەورە دەچێ لەناو گەڕەکێکدا بەنزینخانەیەک دەکاتەوە، دیارە هاووڵاتییان ئەم بەنزینخانەیە بە

هەڕەشە بۆ سەر ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دادەنێن و دەچن شکات لە کابرای خاوەن بەنزینخانە دەکەن. ئاسایش پێیان دەڵێ، چونکە ئەم بەنزینخانەیە هی فلان کۆنە بەرپرسی بالای فلان حیزبە، ئێمە هیچمان لە دەست نایەت و ئەوانەی لە سەرەوەی ئێمەن بەرپرسیارن! ئەمە تەنیا نموونەیەکی گەلێ سادەیە و نەک هەر لە هەولێر، بگرە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، هاوشێوەکانی هەن و ڕۆژانە هەستیان پێ دەکرێ و دەبینرێن.

من پێموایە هەر گیروگرفتێک، نەخۆشییەک، دیاردەیەکی دزێو کە لە کۆمەڵگادا بڵاو بووبێتەوە، ئەگەر چارەسەرکردنەکەی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەست پێ نەکات و هەر لەوێندەرێشەوە هەنگاوان نەنێت، ئاسان نییە بتوانیت بەسەریدا زاڵ بیت و بە یەکجاریش لەناوی ببەیت. سوێد 29-6-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کاتێ کە برینەکانی نەتەوەیەک دەکولێنەوە*

ئەو چرکەسات و شوێن و پێشهات و ڕووداوانە زۆرن کە تیایاندا نەتەوەیەک، خوێ لە زام و برینە قووڵەکانی دەکرێ و هەستیش نەک هەر بەتەنیا ژان و ئازارە جەستەییەکانی تەواوی لەشی خۆی دەکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە ناخی ناخییەوە، لە قووڵایی دڵ و دەروونییەوە بە وێنەی پەپوولەیەکی ئێسکسووکی جوانی نیشتمان، پەڕ و باڵەکانی گڕیان تێبەر دەبێ و لەبەر چاوان ون دەبن. هەلومەرج و هۆکارەکانی سووتانی نەتەوەیەک تەنیا بە لەناوبردنی یەک بە یەکی ڕۆڵەکانی ئەم گەل و ئەو نەتەوەیە نایەنە ئاراوە. نەتەوەیەکی بێ قەوارە و بێ دەوڵەت، مەگەر بەدەگمەن نەبێ، دەنا هەمیشە لەسەر ڕۆخی مەرگ ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی چارەنووسی دیاری خۆیەتی.

لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی جیهانی و نێودەوڵەتیدا، لە هەر کەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵ و گردبوونەوەیەکی دەوڵەتاندا، لە زۆربەی میهرەجانە هونەری و سینەمایی و ڕۆشنبیرییەکاندا، لە تەواوی پێکگەیشتن و پێشبڕکێیە وەرزشی و ناوەرزشییەکانیشدا، لە سەروەختی کردنەوەی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستی دنیادا، ئێمەی ئەندامانی سەر بە نەتەوەی گەورە و گرانی کورد، ئەگەر لە داخان و لە حەسرەتان دڵۆپەفرمێسکی گەرمیش بەسەر لاڕوومەتەکانماندا نەیەنە خوارەوە، لە ناخی ناخمانەوە، دەنێو قووڵایی دڵ و دەروونمانەوە دەهەژێین و هەستێک تەکانمان پێ دەدا و تا ڕاددەیەکی یەکجار زۆریش ئازارمان دەدا: ئەوەی دەوڵەتی نەبێت، نە حیسابی بۆ دەکرێت و نە پێکی چ شتێکیش دەکرێت!

ئەگەر کورد "هونەر سەلیم"ێک شک ببا، تا لە میهرەجانی "کان"ی سینەماییدا داکۆکی لە کوردستانیبوونی خۆی بکات و، وەها مەرجێکیش بەسەر سەرپەرشتکارانی ئەو خۆپیشاندانە هونەرییە مەزنە جیهانییەدا بسەپێنێت، کە بێگومان هەزار جار دەستخۆشی لێ دەکەین، لێ کەم نین ئەو هونەرمەند و سینەماکار و ئەکتەرە بەناوبانگانەی کە بە بنەچە کوردن و بە مێشک و بیرکردنەوەش تورک و عارەب و فارس! نموونەی ئەوانە کە زۆرن، پێیان خۆش بێ یان نا، خزمەتکاری بەر دەرکی کۆشکی هونەری و ڕۆشنبیریی داگیرکەرانی کورد و کوردستانن. یاریزانێکی بەناوبانگی کورد کە لەناو تیپی تۆپی پێی عێراقی و ئێرانی و سوریایی و تورکیاییدا بێت، با وەک ئەستێرەی تاریکەشەوی کوردستانیش بگەشێتەوە، بە من و بە کورد چی؟! خۆ ئەو یاریزانە کوردەی، کاتی خۆی لە یۆنانستان، گۆڵێکی بۆ عێراق کرد




نەک بۆ کوردستان، چ بەردێکی نەخستە سەر قەڵای وەرزش لە نیشتمان، لە کوردستانی کوردان!

لە سوێد کە من خۆم ژیانی تێدا بەسەر دەبەم، هەندێ هونەرمەند و ئەکتەر و گۆرانیبێژی کورد هەن، یەک دووانێکیان لێ دەربچێت ئەوانی تر گشتیان خەڵکی باکووری کوردستانن، لە ڕێی کار و بەرهەمەکانیانەوە کورد و کوردستانیان، گەلێ چالاکانەتر لە کوردە حیزبییەکان، بە سویدییەکان ناساندووە. ئەوان بە شێوەیەکی بەردەوام جەختیان لەوە کردووە کە خەڵکی وڵاتێکن پێی دەگوترێت "کوردستان" نەک شتێکی تر.

لە کاتی مۆندیاڵی ئەمساڵدا بێژەرە تەلەفزیۆنییەکان بە بەردەوامی دەڵێن: ئەوەندە "نەتەوە" بەشدارییان کردووە و فلان "نەتەوە" دۆڕاندی و ئەم "نەتەوە"یە یەکەم جارە لەم یارییانەدا بەشداری دەکات. وشە و زاراوەی "نەتەوە" کە لە زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکاندا، لە سوێدیش هەر وا، "Nation"ی بۆ بەکار دەبرێت، بەر لەوەی چ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە گەل و نەتەوە و میللەتانەوە هەبێت، لە لایەن بێژەران و ڕۆژنامەوانانی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەوە کتومت بە مانای "دەوڵەت" بەکار دەهێنرێت نەک شتێکی دیکە. زۆر کورد و بە پلەی یەکەم بەناو سیاسەتمەداری کورد هەن، لە کاتی دەمەقاڵێ و گفتوگۆکردندا خۆیان بە دەیانی وەک "تۆگۆ"یی و "ترینیداد - تۆباگۆ"یی و گەلێکی تریش ناگۆڕنەوە، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئامادەن لە سبەینێوە تا ئێوارێ لەسەر "عێراقیبوون"ی خۆیان و کوردیش بەڵگەی نابەجێ و ناڕاستت بۆ بێننەوە. چ دووڕگەی خاڵ ئاسای نێو دەریا و زەریاکان نەماوە کە پێیان نەگوترێت "نەتەوە و Nation" و نەشبووبن بە دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆ، کە دیارە زۆربەیان هەر لە لای کورد نە ناویان بیستراوە و نە دەشزانرێ لە کوێ کەوتوون، لێ بەڵێ سەرۆک و ڕێبەرانی کورد هێشتا خەبات بۆ ئەوە دەکەن

ببن به هاووڵاتی پله یەکی، هەر بۆ نموونه "عێراقی"! ئەگەر ئەمه خوێکردنه نێو برینی جەستەی کورد نەبێ، گەلۆ دەبێ چ ناوێکی تری لێ بنرێ؟!

ئامادەبوونی هەزاران کەس بۆ هاندانی یاریزانانی وڵاتەکانیان، چ له مۆندیاڵ و یارییەکانی تردا، لەناو یاریگه مەزنه بەرچاو و تازه دروستکراوەکاندا، پێش ئەوەی ناوی کێبەڕکێی وەرزشی بەسەردا ببڕێت، خۆی له خۆیدا نیشاندانی گەلانی دەوڵەتداره، ئاماژەکردنه بۆ ئەو نەتەوه گەوره و گچکانەی که خاوەن قەوارەی سیاسی و سەربەخۆی خۆیانن و، له هەمان کاتیشدا دەبێ حیسابیان بۆ بکرێت. ئا لێرەدا کورد، چل ملیۆن بێت یا چل هەزار، سەرلەبەری ئەندامەکانی لەشی به ژان دێت و زامه کۆن و نوێکانیشی دەکولێنەوه. برینه هێشتا قەتماغەنەگرتووەکانیشی نەک هەر بەتەواوەتی ساڕێژ نابن، بەڵکه زیاتر و زیاتر ئێش و ئازاریان تێدەکەوێ و تەشەنه دەسەنن.

هەر کاتێک کورد وەک هەر گەل و نەتەوەیەکی دیکەی دنیا له خۆشی و ناخۆشییەکاندا، دەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا قوژبنێکی گونجاوی بۆ خۆی پڕ کردەوه، بەتەنێ ئەوسا هەست به حەسانەوەیەکی جەستەیی و دەروونی دەکات و، دەشزانێت که ژمارەیەکه حیسابی بۆ دەکرێت! ستۆکهۆڵم 2006.7.2

* له ماڵپەڕه کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوه.

## له باشووری کوردستان چ باسه؟*

<u>تێبینی: ئەم چەند دێڕانە بەرهەمی 27 ڕۆژ مانەوەیە لە باشووری کوردستان</u>

هەر جارێک کە بە سەردان دەچمەوە باشووری کوردستان، هەندێ شت و دیاردە و ڕووداو هەن، بمەوێ یان نا، ناچارم دەکەن بێدەنگی هەڵنەبژێرم و لەسەریشیان هەڵبدەمێ. دیارە لە بارێکی وادا تاکە کار کە لە دەستم بێ و بتوانم پێی هەستم، پەنابردنە بۆ نووسین، تا بکارم لەو ڕێگەیەوە شتێ بڵێم کە بە چاوی خۆم بینیومە یان هەستم پێی کردووە و بۆم باس کراوە. پێش ئەوەی بچمە سەر خودی باسەکان، دەبێ ئاماژە بەوە بکەم لە کاتی مانەوەمدا لە کوردستان، چ ئەم جارە و چ پێشتریش، زیاتر خەڵکە سادە ڕەشۆکییە لەبیرکراوەکەم بینیوە نەک لایەن و کەسانێکی تر. بە کورتییەکەی ئەو جۆرە کەسانەم چاو پێ دەکەوێ کە تا بن هەنگڵ لەنێو قوڕی سەختی ناخۆشی و دەردەسەرییەکانی ژیاندا چەقیون و پێشیانەوە دەناڵێنن.

لە ڕەوشی ئەوڕۆی باشووری کوردستان و چۆنێتی ژیان تێیدا، یەکەمین شت کە بە زەقی هەر لە دەستپێکدا سەرنجی مرۆڤ بۆ خۆی ڕابکێشێ، گازاندە و گلەیی هاووڵاتییانە سەبارەت بە نەبوون و دەستەبەرنەکردنی پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکان، لێ گرنگ و ڕۆژانەییەکانی ژیان و گوزەرانکردن کە ئەوانیش بریتین لە پرسگەلی کارەبا و ئاو و بەنزین و سووتەمەنی و کەرەسە و شتەکانی دیکە. بێجگە لەمانەش دیاردە دزێو و ناشیرینەکانی وەک بەرتیلدان و بەرتیلخواردن و واسیتە و واسیتەکاری و خزم خزمۆکێ و ناسینی فلان بەرپرسیاری ئەم و ئەو حیزب، هێندەی تر ژیانیان لە خەڵکەکە تاڵ کردووە. کوردستان ئەمڕۆ بووەتە کێڵگەیەکی لەبار و بەپیت بۆ نەخۆشییە درمەکانی گەندەڵی ئیداری و وەبەرهێنانی کۆمەڵگایەکی تەوەزەل و ماددەپەرست و بەرچاوتەنگ و خۆپەرست. هەر کەسێک ڕوو لەم وڵاتە بکات، ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆی و خەڵکانی تر نەکات، چاوی وەها ڕاستییەک دەبینێت و قەت پێویستیش ناکات لە درکاندن و باسکردنی بترسێت. جەماوەری ڕەش و ڕووت و چەند جار چەوسێنراوەی کوردستان تەنیا ڕێگایەک کە لەپێشیدا مابوو، وەک هەموومان بە چاوی خۆمان بینیمان، دەستکردن بوو بە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتدارانی کورد و هەردوو پارتی حوکمدار و نوقمبووی نێو بەرژەوەندییە حیزبییە تەسک و تریسکەکان. من هێشتا لە هەولێر بووم کاتێ شەپۆلی خۆپیشاندان

و ناڕەزایی دەربڕینەکان دەستیان پێ کرد. لە سەرەتادا لە کفری خەڵک هەستان، پاشانیش بڵێسەی تووڕەیی جەماوەر شار و شوێنەکانی وەک چەمچەماڵ و دەربەندیخان و شۆڕش و کەلار و دوا جار سلێمانیشی گرتەوە. داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان کە هەرگیز نەدەبوو بە گوللەی ئاسایش وەرام بدرێنەوە، شتێک نەبوون مەحاڵ، بگرە لە سادەترین مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا خۆیان دەدۆزییەوە و سەرانی کوردیش پێویست بوو زۆر زووتر حیسابێکیان بۆ بکردایە و، چارەسەری گونجاو و شایستەشیان بۆ دیتبایەوە.



دیارە ئەم جارەش، وەک هەر جارێک، بەرپرس و دەسەڵاتدارانی کورد، بە شێوەیەکی تایبەتی ئەوانەی سەر بە یەکێتین، باس لەوە دەکەن کە دەستێکی تێکدەر لەپشت ئەم خۆپیشاندانانەی خەڵکی کوردستان بووە و، "نەیارانی یەکێتی" ڕێکخەری سەرەکیی چالاکییەکانن. ئەم قەوانە کە تا هەنووکە بە جاران لە لایەن بەرپرسیارانی کوردەوە لێ دراوەتەوە، بەم دواییەش ئاخاوتن و قسەکانی بەرپرس و دەسەڵاتدارانی حیزبی لە گەلێ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ناوخۆی کوردستاندا هەر هەمان شتیان دووپات دەکردەوە و، ئەوان موکوڕ بوون لەوەی کە دەستێکی دەرەوە و ناحەز لەپشت ئەم جۆرە چالاکییانەوە وەستاوە. تێناگەم یەکێ کە ناچار بێت لە چلەی هاوینی ئاگر ئاسای کوردستاندا لەبەر بێ کارەبایی دەنگ هەڵبڕێت، بۆ دەبێ ئیللا "دەستێکی دەرەوە" لەپشتیەوە بووبێت و بۆ کارێکی وەهاش هانی دابێت؟! بۆچوونێکی لەو جۆرە کە هەر لە بنەڕەتدا سەقەتە، خۆی لە خۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە پارتی و یەکێتی هەر لەمێژە گوێیان بۆ داخوازییە ڕەواکانی گەلەکەی خۆیان شل نەکردووە و، خۆیان بە شوان و میللەتیشیان بە مێگەل حسێب کردووە. ئەگەر نا زۆر گرفتی سادە و ڕۆژانەی هاووڵاتییان هەبوون کە دەکرا زوو زوو

چارەسەر کرابان و، نەشبووبان بەهۆیەک تا خەڵکی کورد ناچار بن ڕێگەی ناڕەزایی دەربڕین لە دژی "ئیدارە و حکوومەتی کوردی"ی خۆیی بگرنە بەر. دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزب کە ئێستا باس لە یەک ئیدارەیی و یەک حکوومەتی دەکەن، زۆر باش دەبوو بۆ خۆیان، هەر نا هەر نا وانەیەکی بەکەڵکیان لە سووتاندنی مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە وەرگرتبا و سنووریکیان بۆ گشت دیاردە ناشارستانی و چەوت و نابەجێکانی کۆمەڵگای کوردەواری دانابا و، لە کانگای دڵیشیانەوە خزمەتکاری دڵسۆزی ڕۆڵەکانی گەلەکەیان بان. چ پارتی و چ یەکێتیش، باش باش دەزانن، ئەگەر خۆیان بە ئاوی سازگار و کەللەتەزێنی حەوت کانیاوی کوردستانیش بشۆن، هەر ئەوانن بەرپرسی هەوەڵ و ئاخری ئەو ڕەوشەی کە ئێستا باشووری کوردستان لە گەلێ ڕووەوە پێیدا تێپەڕ دەبێت.

من پێم باشە لێرەدا بە نموونە باس لە هەندێ دیاردە و شتگەل بکەم کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە ڕەوشی گوزەران و ژیانی هاووڵاتییان لە کوردستاندا. لەسەر بابەتەکانی نەبوونی کارەبا و پچڕانی بەردەوامی و کەمبوونی ئاو و بەنزین و سووتەمەنی و، بە تایبەتیش ئەو گرانییە سەیرەی کە ژیانی لە خەڵک حەرام کردووە، دەکرێ بە گەلێ شێوە قسان بکەین و لە نووسینێکی وا سەرپێییشدا ئاسان نییە هەموو شتە گرێدراوەکان بەم پرسانە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

حکوومەتی کوردستان کە دەڵێی نایەوێت هەراش و گەورە بێت، هەر حەز لە ساوایی دەکات، ساڵانێکی زۆرە نەیتوانیوە کێشەیەکی وەک ئاو و کارەبا چارەسەر بکات. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێی پرسیاری سەرجەم هاووڵاتییانی کوردستانە، ئەوەیە کە بۆچی دەسەڵاتدارانی کوردیی حیزبی بەتەنێ ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەر دەکەن کە خۆیان مەبەستیانە و دەیانەوێت؟! داخوا دەبێ چ نهێنییەک لە پشت ئەم پەردەوە خۆی حەشار دابێت؟! پارتی و یەکێتی لە کاتی شەڕی کوردکوژییاندا تەنانەت چەکی بڕینی کارەباشیان لەهەمبەر یەکتر بەکاردێنا، کەچی خۆیان گۆتەنی مەسەلەی کارەبا و بەنزین و سووتەمەنییەکان بە پلەی یەکەم بە حکوومەتی ناوەندیی بەغداوە گرێدراون. ئەوسا ئەوها و ئێستاش جۆرێکی دیکە!

لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا نرخی یەک جلیکان بەنزینی هەژدە لیتری کە زۆر جار بێکەڵکیشە، چونکە نەوت و ئاو و کەرەسەی کیمیاوی و ماددەی ڕەنگی تێکەڵ کراوە، لە هەژدە هەزار دیناری تازەی عێراقییەوە بوو بە سی هەزار دینار. ئەمە لە کاتێکدا کە زۆر لەو جۆرە بەنزینانە دەبن بەهۆی خراپکردنی ئۆتۆمۆبیل و گەیاندنی

زیانێکی ماددی گەورە بە خاوەنەکانیان. من خۆم لەم بوارەدا تاقیکردنەوەم هەیە و دەشزانم باس لە چی دەکەم. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە بەنزینخانەکانی کوردستان بێ بەنزینن، کەچی سەر جاددە و ڕێگاوبانەکان هەر مەپرسە چۆن چۆنی بە جلیکانە بەنزینی"ئێرانی، تورکی و دۆرە" سوور و زەرد کراون. ئەرێ بەڕاست ئەو هەموو بەنزینە لە کوێ هێنراون؟ بۆچی بە نرخێکی هەرزان لە بەنزینخانەکان نافرۆشرێن؟ چ دەستێکی ڕەش لە پشت ئەو سەودا و مامەڵەکردنە دایە؟ هەبوونی بازاڕی ڕەش ئەگەر لە قازانجی سەرمایەدارانی چاوچنۆک و قەت تێرنەخۆر و دەسەڵاتدارانی کوردی بێخەمدا نەبێت، ئەی دەبێت لە بەرژەوەندی کێدا بێت؟! هێشتا هاوین تەواو نەبووە و گەرمای سووتێنەریشی گڕی نەکوژاوەتەوە، کەچی خەڵک خەمی زستانیەتی و بیر لە نرخی بەرمیلەنەوتێک دەکاتەوە کە خەریکە خۆی لە سەد دۆلار و بگرە زیاتریش دەدات. ئاخر مامۆستایەکی تازە دامەزراو و هەژار کە مووچەی مانگانەکەی لە نێوان سەد هەزار تا سەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی دەبێت، کە دەکاتە وەرەقەیەک ـ گەڵایەک"سەد دۆلار"، خۆ بەتەنێ بەرمیلەنەوتێکی پێ دەکڕێت! ژیانێک کە بەو شێوەیە بێت، هەرگیز ئەوە نییە کە چاوەشێکی دەم چەورکراو و گیرفان پڕکراو لە ئاهەنگی شەست ساڵەی دامەزراندنی پ.د.ک دا وەها پێیدا هەڵدەگوت: "میللەت لەوپەڕی خۆشیدا دەژی...". ئەگەر خۆشییەکانی ژیان هەر قەسر و قەمەرەی دوا مۆدێل و چاو شۆڕکردن و پانکردنەوە بۆ ئەم و ئەو و سووکایەتی قەبووڵکردن بێ، دڵنیام نەبوونیان گەلێ چاکترە لە هەبوونیان.



لە کوردستان سێ جۆر کارەبا دەبینرێ: کارەبای سەرەکیی"ڕەئیسی یا بەناو نیشتمانی و وەتەنی"، کارەبای ئەهلی"خەڵکانێک موەلیدەیان داناوە و لە کاتی کوژانەوەی کارەبای سەرەکیی بە پارەی مانگانە کارەبا بە خەڵک دەدەنەوە"،

کارەبای شەخسیی"هەر کە کارەبا کوژایەوە کەسانێک خۆیان لەماڵەوە مووەلیدەی بچووکیان هەیە و پێی دەکەن". سەرەڕای ئەم هەموو بەناو کارەبایەش، خەڵک هێشتا لەوپەڕی قرچەقرچی گەرمای هاویندا زۆر جار شتێک شک نابەن کە ناوی کارەبا بێت. هەر کە نرخی گاز گران بوو، هەمیشەش گرانە، خاوەن مووەلیدەکان وێڕای وەرگرتنی پارەش لە هاووڵاتییان بە جاران مووەلیدەکانیان دەکوژێننەوە و، بەم جۆرەش خەڵک لە کارەبا بێبەش دەکەن. لێ دیسانیش خەڵک جۆرێک لە تێگەیشتنیان هەیە بۆ خاوەنی ئەم مووەلیدانە و دەزانن کە سووتەمەنی بە شێوەیەکی گشتی نرخی تا بڵێی گرانە. خەڵکی کوردستان شەوان هەتا درەنگ نانوون، هەر بۆ ئەوەی بزانن کارەبای ڕەئیسی دێتەوە یان نا. دیارە ئەگەر کارەبا نەهاتەوە یان نەبوو، ناچار دەبن لەبەر گەرماییەکی زۆر و بەتین ژوورەکان چۆڵ بکەن و ڕوو لە سەربانەکان بکەن. بێگومان لەوێندەرێش مێشوولە پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکات. هەندێ کورد هەن لەو ئەوروپایە کە جاروبار خۆم لێیانم بیستووە و دەڵێن، ئێمە نابێ ئەوەندە ڕەخنە لە حکوومەتی پارتی و یەکێتی بگرین و باسی نەبوونی کارەباش بکەین، چونکە ئەمە شتێکی ئاسایی و کاتییە. لێ من دڵنیام ئەو جۆرە کەسانە هێشتا لە زەحمەتییە هەنووکەییەکانی ژیانی هاووڵاتییانی کوردستان تێنەگەیشتوون و ناشزانن لەوێندەرێ چ باسە. کەسێک کە بە ساڵان نەچووبێتەوە کوردستان و ئاگای لە گوزەرانی وێندەرێ نەبێت، ئاسانیش نییە هەروا بەزوویی حاڵی بێت.

ئەگەر مرۆڤ لەبەر قالبەسەهۆڵێک ژیان لە دەست بدات.. مانگێک لە چاوەڕوانی وەرگرتنی بتلەغازێک وشک بێتەوە.. لە فریاکەوتن"تەواری"ی هەولێر و ئێرە و ئەوێی وڵات سەر بنێتەوە.. بەکورتییەکەی کەس حیسابێکی ورد و درشتی بۆ نەکات، لە بارێکی وەهادا ئەو مرۆڤە مافی تەواوی خۆیەتی لە دەسەڵات یاخی بێت و وەبەر نەفرەتانیشی بدات.

بەڕێکەوت ڕێم کەوتە گەڕەکی "تەیراوە"ی هەولێر. بە چاوی خۆم بینیم چۆن بەو گەرمایە بەتینەی کوردستان، ژن و منداڵ و پیرەمێردەکان لە کۆڵانێکدا بەدوای لۆرییەکی بارهەڵگردا کە بتلەغازی تێدا بوو، هەندێکیان وەستابوون و هەندێکیشیان بتلەغازە بەتاڵەکانیان بە غلۆرکردنەوە بەپێش خۆیان دابوو، بەو نیازەی پڕیان بکەنەوە. دیمەنێکی وەها کە ڕۆژانە لە کوردستان دووبارە و دەبارە دەبێتەوە، جەرگی مرۆڤ کون کون دەکات. بتلەغازێک کە ئەگەر بە کۆبۆن وەدەست بکەوێت نرخەکەی دوو هەزار دینارە، کەچی بە نوێژی نیوەڕۆ لەناو کۆڵانەکانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەولێردا لەسەر عەرەبانە بە بیست هەزار دینار دەفرۆشرێتەوە!

باندەکانی مافیای سەر بە پیاوانی دەسەڵاتدار و گرێدراو بە حیزبە حوکمدارەکان لە کڕین و کڕینەوە و فرۆشتن و فرۆشتنەوە و ساغکردنەوەی کەرەسە و کاڵا جۆراوجۆرەکاندا، نەک هەر دەستێکی باڵایان هەبووە و هەیە، بگرە هەر خۆیانن عەرەب گۆتەنی "کول فی کول"ن. هێزەکانی ئاسایشی هەولێر لەجیاتی ئەوەی لەو ژنە توورە هەقدارە بگەڕێن کە لەتاوی سەختی و کولەمەرگییەکانی ژیان، لە گەڕەکی "شاپاوە"ی میللی و هەژارنشین دەگەڵ دەیان ژنی دیکە جوێنی بە سەرکردەیەکی کورد داوە، زۆر بۆیان چاکترە کە واز لەم چەشنە کردەوانە بێنن و بەدوای کاسبییەکی شەریفتریشدا بگەڕێن. هەر لەسەر تاڵانکردنی ماڵ و موڵک و سامانی نەتەوە و نیشتمان، کوردێکی کەرکووکی قسەیەکی زۆر جوان و پڕ بەپێستی دەسەڵاتدارانی پێ گوتم: هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان و سەرکردەکانی، هەر بزانە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڵ ئەو سواڵکەرانەشدا بوون بە شەریکەبەش کە بەسەر جاددەکانی کوردستاندا دەسووڕێنەوە! بەڵێ، دەست تێکەڵاوکردن یان ڕاستتر دروستکردنی باندە مافیاییە زگپڕکەرەکان لە لایەن خودی دەسەڵاتداران و بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خۆشیانەوە، گەیشتۆتە ئەو ڕاددەیەی کە ئەم هاووڵاتییە کوردە بێچارەیە باسی کردووە.

هەر کەسێک کە هەولێری بینیبێت، گومانم نییە دەشزانێت شارۆچکەی کەسنەزان لە کوێ هەڵکەوتووە. لە نێوان کەسنەزان و هەولێردا هەر لە ساڵی 1989 و بگرە زووتریش لەو ساڵە خەڵکانێک هەن بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە خەریکن و، لەو شوێنە بەدەم قەسابیکردنەوە ژیان بەسەر دەبەن. بەهۆی گەورەبوونەوەی هەولێر "مەیدانی کەسنەزان" و خودی شارۆچکەکەش کە تۆزێ لە سەرەوەترە، وا خەریکە لەگەڵ هەولێردا دەبن بە یەک. حکوومەت لەمێژە بە خەڵکە نیشتەجێکەی نێو "مەیدان"ی ڕاگەیاندووە کە دەبێ ئەو ناوە چۆڵ کەن. دیارە پێشوەخت باس لەوە کراوە کە ئەم خەڵکە لە شوێنێکی تر زەوییان پێ دەدرێت و دەتوانن خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن. ئاگاداریشم کە خەڵکانێک هەن پارچەزەویشیان پێ دراوە و وا خەریکی خانوو دروستکردنن. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێی سەرسووڕمانی دانیشتوانی ئەم مەیدانی کەسنەزانە بوو، تەنانەت بە قسەی هەندێکیان بیریشیان لە وەها کارێک نەدەکردەوە، ئەوە بوو نیوەڕۆی پێنچشەممەیەک چەندین شۆفەڵ لەژێر پاسەوانێتی نزیکەی سێ سەد ئەندامی زێرەڤانی و ئاسایش، دوای ئەوەی خەڵک چووبوونەوە ماڵەکانیان و وەک هەر ڕۆژێک خەریکی حەسانەوەی نیوەڕۆیان بوون، بە دەنگی نووکەشۆفەڵەکانەوە بەئاگا هاتن کە مژووڵی خراکردنی چایەخانەکانی ئەو ناوە

بوون. یەکێک لە دانیشتوانان باسی ئەوەی بۆ کردم کەوا چۆن چایەخانەکان ڕووخێنراون و، کەوچکەچا و پیاڵە و بنپیاڵەکان بەملا و بەولادا پەرش و بڵاو بوونەتەوە. ئەو گوتی ئەگەر لە ترسی خەڵکەکەش نەبوایە، کە خەریک بوون لە ئاسایش و زێرەڤانی ڕاپەڕن، ئێستا هەموو خانووەکانیشیان بەسەردا کاول کردبووین. منی نووسەری ئەم چەند دێڕانە کە پاش ڕووخاندنی چایەخانەکان و بەستنی ڕێگاوبانی دەوروبەری مەیدان، ڕووم لەو شوێنە کرد، بەتەنێ ئەوەندە دەڵێم دیمەنە خەمناکەکانی ئەو ناوە سەردەمی ئۆردووگا زۆرەملێکانی بەعس و وێرانکردنی کوردستانی وەبیر دەهێنامەوە. حکوومەت ئەگەر دەیەوێت لە جێگایەکی تر قەسابخانە یا مەیدانی حەیوانان ساز بکات، دیارە کەسیش قسەی لەسەر کارێکی وا نییە، دەبوو پێشوەخت خەمێک لە خەڵکەکە بخوات و بگرە خانووبەرەشیان بۆ دابین بکات. شێوازی گواستنەوەی هاووڵاتییانی نیشتەجێی مەیدان لە کەسنەزان زیاتر ڕاگواستنەوەیەکی بەزۆر و زۆردارییە نەک شتێکی تر. باوەڕ ناکەم کەسێک هەبێت لەم مەیدانی کەسنەزانە، گەر ڕێگەی پێ درابا، ماڵ گواستنەوەی هەڵبژاردبا و ئەو شوێنەشی چۆڵ کردبا. کابرایەک کە هەر لە ساڵی 1989ەوە لەوێ دەژی، بەم جۆرە دەردی خۆی هێنا زمان: لە جێیەکی خراپ ڕۆژمان لێ ئاوا بووا! شایانی باسە لەمبەر و لەوبەری ڕێگای کەسنەزاندا چەندین خانوو و ڕیزەدووکان و ئەپارتمانی چەند نهۆمی و مەلەوانگەی ژنان دروست کراوە. گەڕەکێکی تازەی ئەو دەوروبەرەش بە ناوی "سەروەران"ە کە خەڵک زیاتر بە "بێوەژناوە" ناوی دەبەن. ئەمە و جگە لە "بێتواتەی نوێ"ش. ئەو کەسانەی کە زیاتر وەک بەڵێندەر یا دروستکەری خانووبەرەکان ناسراون بریتین لە ئەندامانی سەر بە سەرۆک جاشە دێرینەکانی کوردستان، لە نموونەی ئەنوەر بەگی بێتواتە و شێمەی هاڕوون. ئەم دووانە کە لای خەڵکی کوردستان باش ناسراون و لە سەردەمی جاشایەتیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، دەبوو نموونەیان هەنووکە لەپێش دادگای تاوانەکانی سەر بە پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال وەستابان و بە سزای ڕەوای خۆشیان گەیەنرابان. دیارە لە سایەی سەری سەرانی یەکێتی و پارتی زۆر لە سەرۆک جاشە کوردە خۆفرۆش و کوردکوژ و ئەنفالچییە ویژدان مردووەکان، پاش ئەوەی هەردوو حیزب ناکۆکییان کەوتە نێوان، ئەوان جارێکی تر هەل و دەرفەتیان قۆستەوە و هەندێک لەملا و هەندێک لەولا بوونەوە بە پیاو. کوردێک کە کوردی ئەنفال کردبێت، پێویستە وەک سەددام و دارودەستەکەی چاوی لێ بکرێت نەک بێت بەهۆی دروستکردنی خانوو، بۆ کێش؟، بۆ شەهیدانی سەربەرزی کوردستان!، پارە و سامان کۆ بکاتەوە. ئەوان دوێنێ

به خوێنی شەهیدان و کەللەسەری کورد پارەیان کۆ دەکردەوە و ئەمرۆش بە بنیاتنانی خانوو بۆیان!!! شتێکی ئاوەها مەگەر تەنیا لەنێو کورددا نموونەی هەبێت!

نرخ گرانیی شتوومەک و کەرەسە و کاڵاکان، جا هەر لە سەلکەپیازێکەوە تا دەگاتە نرخی ئۆتۆمۆبیل و زەوی و خانوو و کەرەسەی بیناسازی و سووتەمەنی، دەردێکە ڕۆژانە هاووڵاتییان بەدەستییەوە دەناڵێنن. من کە نزیکەی مانگێک لە کوردستان مامەوە، قەت نەمدی و هەستم پێ نەکرد کە تەنیا بۆ جارێکیش خەڵک باس لە هەرزانبوونی شتێک بکەن. ئەوەی کە باس دەکرا و بوو بووە قسەی هەمیشەیی سەر زاری خەڵک مەسەلەی گرانبوونی نرخی شتەکان بوو لە بازاڕدا. دراوسێیەکی قسەخۆش دەیگوت مەجلیسی ئێرە بەتەنێ باسی کارەبا و بەنزین و گرانییە. ئەرێ لەکن ئێوەش ئەم باسانە هەن؟

شتێکی تر کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام نزمی ئاستی خوێندن و ڕەوشی زمانی کوردی و قوتابخانەکانە لە کوردستاندا. کاتی خۆی، وێڕای ئەم هەموو ئاستەنگییانەی کە دەخرانە بەردەم قوتابی، بەتایبەتیش لە سەردەمی ڕەشی بەعسی گۆڕبەگۆڕدا، لێ دیسانیش هەر تەنیا بۆ نموونە قوتابییەکی پۆلی سێیەمی ناوەندیی یا دوا ناوەندیی گەلێ شتی دەزانی و ئاسۆی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و ڕاددەی زیرەکیشی، ڕەنگە دوو هەندە و زیاتریش بوو لەچاو هی قوتابییان لەم سەردەمەی حکوومەتی کوردییە خۆییەدا. بەگوێرەی خودی ئامار و سەرچاوە و هەواڵەکانی سەر بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان خۆیان، ئەمساڵ لە کۆی حەڤدە هەزار قوتابی"بەکەلۆریای بەشی ئەدەبیی ئامادەیی"، تەنیا سێ هەزار قوتابی لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوون. ئەمە ئەگەر مانایەک بگەیەنێت، پێش هەر شتێک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ نزمی ئاستی خوێندن و پەروەردە لە باشووری کوردستاندا. هەر سەبارەت بەم باسە تا ئێستا بە دەیان جار کەسانێکی دڵسۆز و بەتوانا و شارەزا بابەت و لێکۆڵینەوەیان لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بڵاو کردۆتەوە. زۆر لەو نووسراو و لێکۆڵینەوانە ڕەخنەیان لە سیستەمی ئێستای خوێندن و پەروەردە لە کوردستان گرتووە. بە چاوی خۆم بینیومە چۆن قوتابی فێری ئەوە کراوە شتەکان "دەرخ" بکات، بەبێ ئەوەی تێیان بگات. من لێرەدا مەبەستم لە وانەیەکی تایبەتی نییە کە بۆ قوتابی کورد نامۆ بێت. قوتابییەک کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەشی ئەدەبیدا بخوێنێت، گوێ بە ڕێنووسی کوردی نەدات و فشەی بە بەکارهێنانی "وو" بێت لە کاتی نووسیندا، هەبێ و نەبێ مامۆستایە وەستاکەی "ناوەستایانە" وانەی کوردی گوتۆتەوە. لە یەکێ لە

قوتابخانەکانی هەولێردا، ناوەکەی دەزانم و نامەوێ ئاشکرای بکەم، مامۆساتایەکی زمانی عەرەبی بە قوتابییەکانی خۆی گوتووە: "الخطابة ناوی شاعیرێکی عەرەب بووە"! عەرەبی کە زمانی داگیرکەرانی کوردستانە و چ گومانێکیش لەوەدا نییە منداڵانی کورد، قوتابی و لاوانی ئەم نەتەوەیە، مافی ڕەوای خۆیەتیان ئەگەر عەرەبی هەر لەبنەوە نەخوێنن، لێ سەد ئافەرین بۆ ئەو مامۆستایەی کە عەنتەریات بەسەر قوتابییەکانی خۆی بکات و، لە هەمان کاتیشدا "الخطابة" کە زێتر بە مانای وتار و وتاردان دێت بە "ناوی شاعیرێکی عەرەب" لە قەڵەم بدات! باش لە یادمە لە سەردەمی خوێندنی ئێمەدا، هەر لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی، قوتابییان ئەوەندە شتیان دەزانی و زانیارییان هەبوو کە ئێستا قوتابییانی قۆناغی ئامادەییش زەحمەتە بیانزانن. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت مامۆستایەک ئەگەر چەند زیرەکیش بێت، ئاسان نییە بتوانێت، لە پۆلێکدا کە زۆر جار چل و پێنج قوتابی و بگرە زیاتریشی تێدا دەبێت، بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵ بێت و قوتابییان بە شێوەیەکی چاک و زانستییانە فێر بکات. مامۆستاش وەک هەر مرۆڤێکی ئەم کوردستانە بێبەش نییە لە گرفتە ڕۆژانەییەکانی ژیان.



دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی و بەتایبەتیش ئەوانەی سەر بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانن، نەک هەر نەبوونەتە هۆیەک بۆ پتەوکردن و گەشەپێدان و شیرینکردنی زمانی کوردی، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەی ئەمە کاریان کردووە و زمانی کوردییان سەقەت کردووە. قسەیەکی وەها هەر لە لایەن منەوە نەکراوە، تا هەنووکە گەلێ جار ئەم بۆچوونە لە چەندین ڕۆژنامە و هەفتەنامەی ناوخۆی کوردستانیش بڵاو کراوەتەوە. تەلەفزیۆن و سەتەلایتە کوردییەکان و زۆر لە بڵاوکراوەکان، سیاسییەکان لە هەمووان زیاتر، ئەوەندە گوێ بە ڕێنووس و چۆنێتی نووسین بە کوردی نادەن و ئەم خاڵە گرنگە بەتەواوەتی فەرامۆش دەکەن. ڕۆژ تا ئێوارە تاکە کارێک ئەو تەلەفزیۆنانە ئەنجامی بدەن، لێدانی کلیپی سەیرە و سەمەرە و هەندێک جار گەلێ دووریش لەو واقیعەی کە گەلی کورد و کۆمەڵگای کوردەواری تێیدا دەژی.

ئەز دژی ئەوە نیم کورد گۆرانی نوێی هەبێ و هونەری هاوچەرخ و جوان و مۆدێرن بەرهەم بێنێت، بەڵام هەندێ شت لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان پێشکەش دەکرێن، ئەگەر هەر چ ناوێکیان لێ بنرێت ڕاست دەردەچێت، تەنیا "کاری هونەری" نەبێت. هونەرمەندی میللی و ناسراوی کورد کەریم خەمزەیی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی زاگرۆس ڕاستی بۆ چوو، کاتێ گوتی:"ئەمڕۆ هەر کەسێک بێت یەک دوو وشە پێکەوە بنێت، دێن دەیکەن بە هونەرمەند و پارە و قەسر و قەمەرەشی دەدەنێ". یەکێکی وەک کەریم خەمزەیی کە خاوەن دەنگێکی ڕەسەنی تایبەت بە گۆرانی فۆلکلۆری کوردییە، هەر لە چاوپێکەوتنەکەوە وا دەردەکەوت کە گلەییەکی زۆری لە دەسەڵاتدارانی کورد هەیە و، ڕازیش نییە لەو بەرەڵلاییەی کە هونەری کوردی گرتۆتەوە. تەلەفزیۆنی "هەرێم"، دەسەڵاتدارانی کورد زۆر ئاشقی وەها ناوێکن، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا لە لایەن وەزیری ڕۆشنبیریی تازە دانراوەوە داخرا، بە درێژایی ئەو مانگەی کە لە کوردستان مامەوە تاکە کارێک ئەنجامی دابێت، تەنیا و تەنیا گۆرانی لێدان بووە و بەس. بۆچی؟ نازانم. هەرچی تەلەفزیۆنی "هەولێر"ی سەر بە یەکێتییە وێرای هەندێک بەرنامەی چاک، ئازان کەسانێکی سەر بە خۆیان لە ئەورووپا - بۆ نموونە هۆڵەندا - بێننەوە و فەلسەفەی سەقەتی لەم جۆرەیان پێ هەرزانفرۆش بکەن:"ئێمە پێش ئەوەی کوردستانی بین، عێراقین". یەکێک کە لە وڵاتێکی ئەورووپاییەوە بێتەوە و ڕایەکی وەها لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنێکی حیزبی بدرکێنێت، لای خۆش بێ یان نا، هێشتا هیچ فێر نەبووە و ناشزانێ ئەوڕۆ لە دنیا چ باسە. خەڵک کە ئەم چەشنە کەس و بەرنامە تەلەفزیۆنییانە دەبینن، هەقی خۆیەتیان پەنابەرنە بەر بەرنامەگەلێکی ڕادیۆیی وەک "پلکە عەیشێ و مام سمایل" کە لە شاری هەولێر گوێگرێکی زۆری هەیە. من ناڵێم گشت بەرنامە و پەخشە تەلەفزیۆنییەکان خراپن، لێ بەداخەوە هاووڵاتییان لەبەر خەمی نانی ڕۆژانە و گەلێ گرفت و دەردەسەری تر، دیارە بە چ شێوەیەکیش لێیان ناگیرێت، تاقەت و توانای ئەوەیان نەماوە گوێیان بۆ شل بکەن.

چ گومان لەوەدا نییە لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە مادده و پارەوپوول لە برەوبووندا بن و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان وەپێش بەرژەوەندییە گشتییەکان بخرێن، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و یەکتر بەسەرکردنەوە و هاتوچۆکردن و دەستی یەکتر گرتن و زۆر پرسی دیکەی کۆمەڵایەتی، هەر نا وەک جاری جاران، باویان نامێنێ و وردە وردەش ڕوو لە نەمان دەکەن. لە کاتی ئێستادا کوردستان وا خەریکە بەرەو گۆڕان مل دەنێت و کۆمەڵگای کوردەواریش نەک هەر تامی پێشانی نامێنێت و

بەس، بگرە بە خێراییەکی سەیر هەنگاو دەنێت و گەلێ جاریش ڕووداوی وا عەنتیکە عەنتیکە لەو کوردستانە دەقەومێن، کە بەڕاستیش مرۆڤ چاوەڕوانی ئەو جۆرە بەسەرهات و پێشهاتانەی لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردەواری لەمەڕ خۆمان نەدەکرد. ڕەنگە هۆیەکی سەرەکی ئەم جۆرە کارانە پەیوەندییان بەوەوە هەبێت کە کۆمەڵگای ئێمە لە هەندێ ڕووەوە زۆر داخراو، کپککەر، کۆنەپارێز و پاشکەوتووش بووە. مرۆڤیش هەر کە ئازادییە تاکەکەسییەکانی لێ زەوت کرا، خوا خوایەتی دەرگایەکی لێ بکرێتەوە تا هەناسەیەک بە سەربەستی بدات. ئەمە و پەیدابوونی کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت و بەتایبەتیش مۆبایل کاریگەریی بەرچاوی خۆیان لەو بوارەدا هەیە. هەریەک لەم ئامێر و دۆزراوە زانستییانە، هەروەک چۆن لایەنی باشیان هەیە، دیارە بێ زیانیش نین. لایەنی خراپی ئەو جۆرە ئامێرانە پێش ئەوەی پەیوەندی بە خودی خۆیانەوە هەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانیان و بێگومان بۆ چ مەبەستێکیش. لەم دواییانەدا چەندین کارەساتی دڵتەزێن بەهۆی خراپی بەکارهێنانی مۆبایلەوە ڕوویان دا. دواترینیان بەسەرهاتی زێرینگرێکی هەولێری"عامر" بوو کە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ کچێکدا. وێنەگرتنی دیمەنی کاری سێکسییانە بە مۆبایل و پاشان بڵاوبوونەوەی فلیمەکە، هۆیەکی ڕاستەوخۆ بوو تا کچ و کوڕەکە بکوژرێن. ئەم ڕووداوە لە هەولێر هەر زوو دەنگی دایەوە و لەسەر ڕووپەلی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیش بۆچوونی جیا جیا لەبارەیەوە هاتنە ئاراوە. هەندێ جار بیروڕای سەیر سەیریش. جارێکیان ژنێک بە ئاشکرا داوای کوشتنی پیاوەکانی کردبوو لە کاتی قەومانی ڕووداوێکی لەو جۆرەدا، چونکە بەپێی بیرکردنەوەی ئەو بێ تەنیا و تەنیا پیاوەکانن بەرپرس لەم چەشنە بەسەرهاتانە و ئاکامەکانیان. لە هەمان کاتدا پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش دەبینرا.

سەرکردەی کورد هەیە هەندێک جار باس لە "ئینتیما بۆ نیشتمان" دەکات. فڵان سەرکردە یان فڵان حیزب لە کاتێکدا شتێکی وا دەڵێن کە خۆیان بە کردەوە، دیارە زۆر جێی داخە، چ هەنگاوێکی بەرچاویان بۆ ئەم مەبەستە نەهاویشتووە. باشووری کوردستان کە وەک گۆڕەپانێکی مەزنی ڕێکلامکردنی لێ هاتووە بۆ شمەک و کەرەسە و بەرهەمەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکە کە هەرگیز لەگەڵ پڕەنسیپ و بنچینەکانی بیرکردنەوە لە نەتەوە و نیشتمان و "ئینتیما بۆ نیشتمان" یەکناگرێتەوە. سەرکردەکانی میللەتێک، وەک ئەوانەی کورد، کە هەمیشە داکۆکی لەوە بکەن بە "هاووڵاتی پلە یەکی عێراقی" قەبووڵ بکرێن، دەبێ پێیان شەرم بێت باس لە ئینتیما بۆ نیشتمان"کوردستان" بکەن. مرۆڤ کە لە زاخۆوە

ڕوو بکاتە هەولێر و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان، بە درێژایی ڕێگاکان چاوی بەو تابلۆ و ڕێکلامانە دەکەوێت کە زۆربەی هەرەزۆریان بە مەبەستی شیرینکردنی کەرەسە و کاڵا بیانییەکان، بەتایبەتی تورکییەکان، لەبەر چاوی کوردان داکوتراون. ئاردی تورکی، شەربەتی تورکی، دۆشاوی تەماتەی تورکی، ئاوی "حەیات"ی تورکی، جلوبەرگ و قوماشی تورکی، چیمەنتۆ و کەرسەی بیناسازی تورکی، بەتەنێ چەند نموونەیەکی کەمن کە لە گەلێ شوێن و بازاڕەکانی کوردستاندا ڕێکلامیان بۆ دەکرێ. بە دەیان کۆمپانیای تورکیش لە کوردستاندا کار دەکەن و تا هەنووکەش بە ملیۆنان دۆلاریان لە حکوومەتی کوردستان و خەڵکەکەی دزیوە. بڕێک لەو کەینوبەین و سکەنداڵانە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی کوردستانیش لەبارەیانەوە نووسراوە. هەر بۆ نموونە کاتی خۆی لە هەفتەنامەی "میدیا"دا بابەتێکی گرێدراو بەم پرسە بڵاو کرابۆوە. لە بواری هونەریشدا هەر مەپرسە گۆرانی تورکی و عەرەبی چەند ڕێکلامیان بۆ دەکرێ و لێ دەدرێن، لە بازاڕیشدا بە چ شێوەیەک دەفرۆشرێن.



دەسەڵاتی کوردی ئەرکی سەرشانیەتی بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی لەنێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە. ئایا حکوومەتەکەی لەمەڕ خۆمان تا چەند بە کارێکی وەها دڵسۆزانە هەستاوە، ئەوە لە بارێکدا ئەگەر لە سەداسەد پێچەوانەکەی ئەنجام نەدابێت؟! هاووڵاتییەک کە خەمی نان، خەمی کارەبا، خەمی بەنزین، خەمی گرانی، خەمی کرێی خانوو، خەمی گەلێ گرفتی ڕۆژانەی لەبەر بێ، بۆ خەم لە وڵاتێک بخوات کە تازەبەتازە سەرکردەکانی دەیانەوێ هەوڵ بۆ پێکهێنانەوەی بدەن، ئەویش لەژێر ناوی عێراقی نوێ!

ئەگەر سەرانی کورد ڕاست دەکەن با سنوورێک بۆ ئەو شەپۆڵە بەهێزەی ڕووتێکردنی عەرەبەکان بەرەو کوردستان دابنێن. هاتنی عەرەب بۆ کوردستان لەژێر هەر بڕوبیانوویەک بێت، زیانی زۆر زۆر زیاترە لە قازانجەکەی. لە سەردانێکمدا بۆ شەقڵاوە، لەبن کەپرەکان و لەنێو باژێریشدا، هەر سەر بەعەگالت دەبینی کە لەو ناوەدا دەسووڕانەوە. دیارە ئەمە بەتەنێ شەقڵاوە ناگرێتەوە. لە ئێوارەی ڕۆژێکی هەینیدا لە پارکی خۆش و ڕازاوەی هەولێر"پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان"، دوو جار بەدەم پرسیارکردنەوە لووتم بوو بە لووتی عەرەبەوە. عەرەب کە دێن بۆ

کوردستان کرێی خانوو و میوانخانە گران دەکەن. سووکایەتی بە کوردان دەکەن و تەنانەت لە ڕووداوێکدا وەک لە هەفتەنامەی "میدیا"دا هاتووە، بە گیان و بە خوێن سوێندیان بە سەری سەددامی دیکتاتۆر خواردووە! لە گەلێ کاری تیرۆریستیدا کە تا هەنووکە لە کوردستان ڕوویان داوە، دیارە بە هاوکاریکردنی کورد خۆیشی، دەستیان هەبووە. لە مووسڵ و لە کەرکووک و حەویجە و عوزێم و زۆر شوێنی تردا، بە دەیان نا بگرە بە سەدان کوردیان کوشتووە و ڕفاندووە. لە هەندێ سەرچاوەی ڕۆژنامەوانیدا هاتووە کە ڕێژەی بێکاری لە باشووری کوردستاندا لە 10% و ڕەنگە زێدەتریش بێت. ئایا لە ڕەوشێکدا کە بەو شێوەیە بێت، هاتنی کرێکاری عەرەب و کرێکاری سەر بە کۆمپانیا تورکییەکان و دەوڵەتانی دراوسێی داگیرکەری کوردستان، چ سوودێکی دەبێت؟ عەرەب کە تەنانەت "مدیرية الاقامة"شیان لە هەولێر بۆ دانراوە، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە خانوو، بگرە زەویشیان پێ دراوە. هەرچی مەسیحییەکانن، ئەوانەی کە لە ترسی تیرۆر و تۆقاندن هەڵاتوون، زۆربەیان لە عەنکاوە نیشتەجێ کراون. برا عەرەبەکانی سەرکردەکانمان، بە مەبەستی پێشوازیکردن لێیان، تەنانەت ناوی چێشتخانەکانی کوردستانیش، بەتایبەتی شوێنە تۆریستییەکان، بە زمانی عەرەبی بۆیان نووسراوە. هەر بۆ نموونە لە لایەکی پردەکەی سەر زێی ئاسکی کەڵەک"خەبات"، لەبەر چاوی ڕەشی ئەو عەرەبە دۆستانەی کورد، یەکێک هاتووە "خارنگەها شیمال ـ مطعم الشمال"ێکی کردۆتەوە. نموونەی لەو چەشنە بێ ژمارەن و دەسەڵاتدارانی کوردیش بێخەم لێی دانیشتوون و باسیش لە "ئینتیما بۆ نیشتمان" دەکەن. بەکورتییەکەی لە ڕووی سیاسی و ستراتیژی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ژمارەی دانیشتوانیشەوە، هاتنی عەرەب بۆ کوردستان لە زەرەر زیاتر چی دیکەی بەدواوە نییە. هەر لە کوردستانیش، بەهۆی چەلەنگی و زیرەکیی سەرکردایەتییە سیاسییەکەیەوە، کۆنەبەعسییەک و ستایشکەرێکی سەددام حوسێن دەوێرێ کورتەک و شەرواڵی کوردی لەبەر بکا و، عەتابەی عەرەبی لەگەڵ گۆرانی کوردی تێکەڵاو بکات، گوایا کابرا بە کوردی گۆرانی دەڵێت، خوا هەڵناگرێ کوردی ساویلکە و خۆشباوەڕیش وەک مەیموون لەبەری هەڵدەپەڕن. کوان هونەرمەندە ڕەسەنە کوردەکان و بۆچی لە کاتێکی وەهادا لێگەڕان سووکایەتی بە گۆرانی کوردی بکرێ؟!

شتێکی تر کە لەم سەردانەدا سەرنجی ڕاکێشام دیسان پەیوەندی هەیە بە دیاردەی دزێوی گەندەڵییەوە. تۆ کە ڕوو لە هەر دایەرەیەکی حکوومەت دەکەیت، تابلۆیەک لە چاوت دەچەقێت و ڕستەیەکی ئاوەهاش لەسەری نووسراوە: کەس لە

یاسا بەرزتر نییە. گوتەیەکی لەم جۆرە کە شتێکی زۆر جوانە، بەڵام داخوا بە کردەوەش ئەمە پراکتیزە دەکرێت و لە کاتی هەڵسووڕاندنی کاروباری هاووڵاتییانیشدا جێبەجێ دەکرێت؟ هەر کەسێک کە ڕێی بکەوێتە ئەم باشووری کوردستانە، جێی داخە، لە سەداسەدی پێچەوانەکەی ئەم گوتەیەی بەر چاو دەکەوێت و دەشزانێت ئەوەی کە ڕێزی لێ ناگیرێت خودی یاسایە. ئەگەر بمەوێ نموونە بهێنمەوە، بەر لەوەی گریانتان بێ پێدەکەنن. هەروەها واسیتە و واسیتەکاری وای کردووە خەڵکانێکی زۆر، بەتایبەتی مووچەخۆرەکان، لە مانگێکدا تەنیا چەند ڕۆژێک دەوام بکەن، لێ مووچەی تەواوی مانگانەی خۆیان وەربگرن. باوەڕ ناکەم دیاردەیەکی وەها لە چ شوێنێکی دیکەی دنیادا نموونەی هەبێت. کۆمەڵگایەک کە ئەندامانی وەها پەروەردە بکرێت، ئەگەر شەل و سەقەت دەرنەچێت، دەشێ چۆن چۆنی بێت؟!

کوردی هەندەران کە لە دەرەوە دەگەڕێنەوە، ڕوو لە نیشتمانی خۆیان دەکەن. تۆ بڵێی پێویستیان بەوە بێت، بچنە دایەرەیەکی تازە دامەزراو بە ناوی "مديرية الاقامة" کە جیایە لەوەی پێشتر"تایبەت بە عەرەبەکان"، تا مۆڵەتی مانەوە لەناو زێدی خۆیاندا لە دەسەڵاتدارانی هاوزمانی خۆیان وەربگرن؟! لە هەموویشی سەیرتر، تۆ پێی بڵێ کارەسات، فۆڕمێکت دەخەنە بەردەم بۆ پڕکردنەوە کە بە خەتی درشت لەسەری نووسراوە"فۆڕمی تایبەت بە عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات". دەک ئەو دەستە هەلا هەلا بێ کە جاری یەکەم ئەم ڕستەیەی نووسیوە! هەزار نەفرەت لە خاوەنی وەها بیرێک کە ئەم ڕستەیەی داڕشتووە! "ئینتیما بۆ نیشتمان"ی سەرکردایەتی کوردیش ئا لێرەدا جوان جوان خۆی دەنوێنێت!! ئاسایش مافی خۆیەتی بۆ پاراستنی کوردستان چەندین هەنگاوی بەرچاو و نەتەوەییانە بنێت، بەڵام شتێکی گەلێ بێمانایە تۆ بێیت کوردستانییانی دەرەوە ناو بنێیت "عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات". ئەمەش با لە شوێنی خۆی بوەستێ، من زۆر کەسی بێگانە دەناسم کە لە سوێدەوە دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، نەک هەر ئەو جۆرە فۆرمانەیان پێ پڕ ناکەنەوە، بەڵکە بەگەرمیش پێشوازییان لێ دەکەن، چونکە بۆ نیشتمانی ڕەسەن و باب و باپیرانی خۆیان دەگەڕێنەوە. لە "مديرية الاقامة"کەی هەولێردا کەسانێکی بیانیش"غەیرەکورد" دەبینران کە هاتبوون مۆڵەتی مانەوە وەربگرن. هەروەک یەمەنی، میسری، تورک، ئەڵمانی و بەریتانی. ئەو بینایەیەی کە دایەرەی ناوهاتووی تێدایە، بەڕاستی هی ئەوە نییە ئەم جۆرە کارانەی لێ بکرێت. هەر بەقسەی یەکێ لە ئامادەبووان کە تووڕە و ماندوو دیار بوو، دەسەڵاتدارانی کورد دەتوانن لە دەروازەی برایم خەلیل یان لەناو فڕۆکەخانەکاندا ئەم جۆرە کارانە

ئەنجام بدەن. دوو عەرزوحاڵنووس بە دەیان پاسەپۆرتیان لەسەر شڕەمێزێکدا لەبەردەم دانراوە، کە من خۆم سێ سەعات چاوەڕوانم کرد تا نۆرەم هات. شوێنی دانیشتنیش بەشی لە سەدا دەی ئەو خەڵکەی نەدەکرد کە لەوێ ئامادە بوون. منداڵە وردیلەکان لەبەر گەرما زیڕەزیڕیان پێ کەتبوو. کەسانێک هەبوون لە سلێمانی و کەرکووکەوە هاتبوون و چەندین سەعات بەپێوە وەستابوون. کابرایەکی سەرسپی و بەتەمەنی کەرکووکی لە کونەپەنجەرەیەکەوە گوتی ئەرێ برادەرینە بۆ وا لەم خەڵکە دەکەن. خۆ ئێمەش کوڕی ئەم وڵاتەین و من خۆم بە ساڵان پێشمەرگەی ئەیلوول بووم. یەکێکی تر لە خەفەتان نەفرەتی لە پاسەپۆرتە ئەوروپییەکەی خۆی دەکرد و دەیگووت وا پێدەچێ پاسەپۆرتی عێراقی ڕەواجی پەیدا کردبێتەوە. لەسەر هەندێ قسەی ئامادەبووان کارمەندێکی لووتبەرز تووڕەش بوو. ئەوەی کە لە هەمووان زیاتر خەڵکەکەی پەست کردبوو، سستی بەڕێوەچوونی کارەکان بوو، گەرمای بەتین و گچکەیی جێگەکەشیان بێتە سەر. هەر ئەوەندە ماوە بڵێین "مدیرية الاقامة"ش شوێنێکی تری پارە کۆکردنەوەیە لە هاووڵاتییان. واسیتە لەوێندەرێش چاک دەمەشێت. کوردێک کە لە شارێکی بچووکی سوێدەوە هاتبۆوە، بەهۆی ناسینی کابرایەکی سەر بە ئاسایش، هەر بە تەلەفۆن بێ ئەوەی خۆی ئامادە بووبێت، مۆری مۆڵەتی مانەوەی بۆ لە پاسەپۆرتەکەی درابوو.



ئەو کاتەی کە من لە باشووری کوردستان بووم، بێگومان ئێستاش، هەردوو دەوڵەتی داگیرکەر و دابەشکەری کوردستان، ئێران و تورکیا بە بەردەوامی هەڕەشە و گوڕەشەیان لە کورد دەکرد. هەروەها بە جاران ناوچە سنوورییەکانیان داوەتە بەر تۆپ بە بیانووی هەبوونی گەریلاکانی پ.ک.ک لە قەندیل. هەڵوێستی سەرانی کورد لە ئاخاوتنەکانیاندا وا دەردەکەوت کە دژی ئەوەن بە شەڕ ئەم پرسە چارەسەر بکرێت. لە هەمان کاتدا هەندێ ڕووداو هاتنە پێشەوە، چ لە هەولێر و چ لە سلێمانیش، نیشانەگەلێکی دیکەی بە مرۆڤ دەدا. کوردێکی هەولێری سەبارەت بە هەمان مەسەلە پێی وابوو، ئەگەر پارتی و یەکێتی ئەم جارەش لە لێدانی پ.ک.ک دا بەشداری بکەن، ئەوا بە دەستی خۆیان "ئەجەل"ی خۆیان دێنن.

لەکن هەموومان ئاشکرایە چارەسەرکردنی کێشە زەحمەت و هەنووکەییەکانی باشووری کوردستان، بەهۆی بەکارهێنانی هێز و بەرەنگاربوونەوەی خۆپیشاندەران و تەقەکردن لێیان و کوشتنیان، لە کفری و تاسلووجە و ئێرە و ئەوێ، کارێکە سەر ناگرێت و ئاکامە کۆتاییەکەشی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا نابێت. ئەم جۆرە شێوازە نەک هەر بۆ بۆ پارتی و یەکێتی، بگرە بۆ دیکتاتۆرێکی وەک سەددام حوسێنی خوێنرێژیش بەکەڵک نەهات. تەنگوچەڵەمەیەک کە لە بنەڕەتەوە چارەسەری




گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، وەک نەخۆشییەکی پیس وایە و ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر سەر هەڵدەداتەوە.

ئەو شتە دڵخۆشکەرانەی کە دەمەوێ لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان بۆ بکەم، بریتین لە: بەرقەراربوونی ئاسایش لە باشووری کوردستان بە ڕاددەیەکی باش، نووسینی ناوی گوند و دێهاتەکانی سەر ڕێگا گشتییەکان بە زمانی شیرینی کوردی"هەر بۆ نموونە لە زاخۆوە تا هەولێر"، گەڕەک و کۆڵان و شەقامەکانی ناو هەولێر بە هەمان شێوە بە کوردی نووسراون، تەواوبوونی زۆر لەو جاددە و ڕێگا سەرەکیی و بەرزەپردانەی ناو هەولێر و قیرتاوکردنیان، بیناکردن و ئاوەدانکردنەوەی بەردەوامی کوردستان، تێکەڵاوبوونی کوردگەلێکی پارچەکانی دیکەی

کوردستان لەگەڵ کوردی باشوور و کارکردن و دامەزراندنیان لە هەندی دام و دەزگای حیزبی و ناحیزبیدا، ڕێکخستنی سیستەمی هاتوچۆ لەنێو شارەکان و دانانی ترافیک لایت و نووسینی پێویست لەسەر تابلۆکان کە تا ڕاددەیەک کاری لێخوڕینی ماشێنیان سانا کردووە، هەڵنەکردنی ئاڵای بەعس"عێراق" لە زۆر شار و شارۆچکە و دەڤەری کوردستاندا"هەموو نا"، دروستکردنی گەلێ پارکی جوان لەناو شارەکانی کوردستان و بەردەوامبوون لەسەر وەها کارێک، سەرەڕای گشت ناخۆشییەکانی ژیانی ڕۆژانەش خەڵک لەسەر ئاهەنگ و بەزم و ڕەزمی خۆی هەر بەردەوامن، دەنگۆی ئەوە هەبوو سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی پێک بهێنری و دانیشتنی لەبارەیەوە دەکرێ، کردنەوەی چەند بازاڕگەیەکی گەورەی وەک ئەوانەی کە لە ئەوروپا هەن یان چێشتخانە و میوانخانەی ڕازاوە و خاوێن و گەلێ کاری تریش کە دەبێ دەستخۆشییان لێ بکەین و، ئافەرینێکیش بۆ سەرانی کورد بنێرین.

من دەزانم لە نووسینێکی وەها سەرپێییدا کە شێوەی ڕاپۆرتێکی وەرگرتووە، هێشتا گەلێ شت هەن باسکردنیان دەوێت. هەڵبەت مەبەستی سەرەکیم لەم بابەتە پیشاندانی ڕەوشی ئێستای باشووری کوردستان بووە بە شێوەیەکی گشتی. جا بۆیە هیوادارم لایەنە گشتییەکانی ئەم ڕەوشەی کە هەنووکە کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، خستبێتە بەر دیدەی خوێنەرانی هێژا و ئازیز و توانیبێتیشم کارەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەم. ئەگەر هەر کەموکوڕییەکیش لەم باسەدا هەبێت، پێشوەخت داوای لێبووردن لە خوێنەرانی خۆم دەکەم. سوێد 18—2006.8.24

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## دادگایی یان دڵداری؟*

هەر کەسێ کە لە ڕێگای کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکانەوە تەماشای شێوەی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکەی دیکتاتۆری پێشووی عەرەب و عێراق سەددام حوسێن، لەمەڕ دۆزی ئەنفال کردبێ، زوو یا درەنگ تێدەگات کە کابرای بەناو دادوەر عەبدوڵلا ئەلعامری، بە ڕەگەز عەرەب و بە ئایینزا شیعە، چۆن چۆنی لەگەڵ پاڵەوانی نەتەوەی عەرەبدا کە هەنووکە دەنێو قەفەسی تاواندایە مامەڵە دەکات. هەر لە یەکەم ڕۆژی دانیشتنەکەدا زۆر بە ئاسانی مرۆڤ دەیتوانی، لە شێوە و ڕووخسار و بزەی سەر لێوی جەنابی دادوەردا گەلێ شت بخوێنێتەوە. ناوبراو بە دەردی عەرەب خۆی گۆتەنی لەباتی "محاكمة" لەگەڵ سەددامی خوێنڕێژدا "مجاملة"ی دەکرد. یەکێکیش کە تۆزێ عەرەبی بزانێت، باش لە جیاوازیی نێوان ئەم دوو وشەیە تێدەگات.



هەمووومان بینیمان یەک لە پارێزەرەکانی دیکتاتۆر بە چ شێوەیەک سووکایەتی بەو ژنە کوردە گوندییە دڵپاک و جگەرسووتاو و کۆستکەوتووە کرد، کاتێ بە گاڵتەپێکردنەوە لێی دەپرسی:"لەکوێ سیر دەکڕی؟" یان "کێ ناڵێ لە ماڵەکەی خۆت بۆنی سیر هاتووە؟". ئا بەم پرسیارە سووکایەتیپێکەرانە دەیویست دادگاییکردنەکە بکات بە فشەخانە. دیسانیش بینیمان لە ئاکامی قسەیەکی وادا پێکەنین باڵی بەسەر هۆڵی دادگاییکردنەدا کێشابوو. جەنابی دادوەریش وەک دیکتاتۆر و پارێزەرەکانی دەستی کرد بە پێکەنین و هەر بزەبزی لێوی بوو. ئەم دیمەنە ناشیرین و هەستورووژێنەرانە لە کاتێکدا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بە دنیا پیشان دەدران، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە دەیان و بگرە سەدان هەزار کورد هەر نازانن ئێسک و پروسکی ئازیزەکانیان، لە چ بیابانێکی عەرەبە شۆڤێنیستەکاندا زیندەبەچاڵ کراون! جەنابی دادوەر لەجیاتی ئەوەی ڕێ لەم جۆرە هەڵسوکەوتە نامرۆڤانە بگرێت، کەچی وا دیارە پێی خۆشە شتی نوکتەئامێزی گوێ لێ بێ، هەر بۆئەوەی بتوانێت کەمێ پێ بکەنێت و، لە هەمان کاتیشدا داخی دڵی خۆی بەرامبەر بە کورد هەڵڕێژێت. پەنجەی نەتەوەی سەردەست ئەگەر بە دۆشاویش بێت، باش نییە بلێسرێتەوە! ئەمە بڕوای منە و لەوانەیە کەسانی تر هەبن پێیان هەڵە بێ.

بەئەنقەست چاو لێ پۆشین و چەوتییەکانی عەبدوڵلا ئەلعامری تەنیا لە یەک دانیشتن و یەک کات و یەک مشتومڕدا نەهاتوونەتە پێشەوە. ئەگەر شتەکە دڵڕاگرتن و خاترجەمی نەبێ، دیکتاتۆرێکی هەتا مووی سەر نوقمبوو دەنێو تاوانە هەرەقێزەون و مەزنەکاندا، چۆن زاتی ئەوە دەکات لەناو قەفەسی تاوانیشدا چاو لە کوردان سوور بکاتەوە و جوێنی ناشیرین و نابەجێشیان پێ بدات؟ سەددام حوسێن داکۆکی لە ئاڵا نەگریسەکەی خۆی دەکات و، دادوەریش دڵنیای دەکاتەوە لەوەی کە کەس ناوێرێت دەستدرێژی بکاتە سەر ئەم ئالاّیەی کە "تۆی سەرکردەی فەرماندار"، بە پەنجە پیرۆزەکانت بۆ هەر مەبەستێک بێ "الله اکبر"ێکت لەسەر نووسیوە! سەددامی خوێنمژ و دیکتاتۆر پێشنیاری بەکارنەبردنی وشەی "پێشمەرگە"، لەجیاتی ئەم وشەیەش، بەکاربردنی وشەی "متمرد" دەکات، دادوەری شیعەی بەناو هاوپەیمانی کورد سەری بۆ دەلەقێنێت! سەددامی جەللادی گەلی کورد بە کوردێک دەڵێت:"تۆ کە بە دیکتاتۆر ناوم دەبەیت، چۆن دەهاتیتە لام؟" جەنابی دادوەر لەم ساتەوەختە مێژووییەدا خەبەری دەبێتەوە و پێی دەبێژێ:"نا، گەورەم تۆ کەی دیکتاتۆر بوویت؟! ئەوانەی دەوروپشتت بوون وایان لە تۆی فریشتە کرد ببیە عیزرائیل!"

ئێمە کە لەناو هۆڵی دادگاییکردنەکە و دانیشتنەکانیش ئامادە نین و ئاگامان لە کەینوبەینەکانی وێندەرێ نییە، هەر بەتەنێ لەسەر تەلەفزیۆن هەندێ دیمەنی وا دژ بە کورد سەرنجمان ڕادەکێشن، گومان لەوەدا نییە ئەوانەی لەوێن زۆر شتی تر دەبینن کە ئێمە نایانبینین و هەستیان پێ ناکەین. ئایا پارێزەرانی کورد بەتەواوەتی لەو بوارەدا بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەستاون؟ ئەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بۆچی قوڕقەپ و بێدەنگی هەڵبژاردووە؟! سەددامێک کە جورئەت بکات لەناو دادگادا هەڕەشە لە کورد بکات و، قەول بدات وا و وایان بەسەر بێنێت، لێپرسراوێتی ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسیی کوردە بیر لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە بکاتەوە. سەرانی کورد کە هەمیشە ویستوویانە و دەڵێن"نابێ جارێکی تر حیسابی پلە دوومان بۆ بکرێ"، دەبێ بە کردەوەش بۆ گەلەکەی خۆیانی بسەلمێنن کە تا چەند قسەیان لە بەرامبەر نەتەوەی عەرەبی سەردەستدا دەڕوات. خۆ ڕزگار محەممەد ئەمینی دادوەر، بە بنەچە کورد، هەرگیز دڵی سەددامی ڕانەگرت و قەتیش پێی نەگوت:"تۆ دیکتاتۆر نیت"، کەچی سەرکردە عەرەبە شیعەکان دیسانیش بەدزی و بەئاشکرا لێی ناڕازی بوون. هەندێک لە نووسەرە شیعەکان دادگاییکردنەکەی تایبەت بە دۆسیەی "دوجەیل"یان بە "مەهزەلە" ناو دەبرد و، بەتایبەتیش گلەییان لە دادوەر ڕزگار دەکرد گوایا زۆر بە نەرمی لەگەڵ سەددامدا جووڵاوەتەوە. ئەرێ بەڕاست ئێستا ئەو

نووسەرە عەرەب و شیعانە دەبێ چ بڵێن و،بە چ شێوەیەک پێناسەی ئەم دادگاییکردنەی تایبەت بە دۆزی ئەنفال و دادوەرەکەیشی بکەن؟! جا کێ ناڵێ ختکە ختکی سمێڵیان نییە و بە دڵسافیی کوردیش پێناکەنن؟

کورد وەک نەتەوە نابێ بێ هەڵوێست بێ لە بەرامبەر ئەم سووکایەتی پێکردنانەدا. سەرانی کورد و سەرکردایەتی ئەوڕۆی باشووی کوردستان پێویستە خاوەن هەڵوێست بن. کەی ڕەوایە لەژێر ناوی دیموکراسی و دادپەروەریدا، لەبارێکدا گەر بوونیان هەبێت، گەلێکی گەورەی وەک کورد سووکایەتی پێ بکرێت؟! ستۆکهۆڵم

2006-9-15

* لە (میدیا، ژمارە 258، 2006/9/19، هەولێر - کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## هەر شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان!*

سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای ڕەشی بەعس لەو ناوچە و دەڤەرانەی کە لەژێر ڕکێفی یەکێتی دان، من پێشتریش نەک هەر دژی کارێکی وەها ناکوردستانییانە و ناتەوەییانە وەستاوم، بگرە گەلێ زووتر لە ئێستا بەڕوونی هەڵوێستی خۆم دەربڕیوە و چەند جاریش لەسەر ماڵپەڕە کوردییەکان و بڵاوکراوەکانی ناوخۆی



کوردستاندا، بە نووسین ئەم کارە دزێوەم ڕیسوا کردووە.

بڕیاری دەرچوو لە لایەن سەرۆکی کوردستانەوە کە ژمارە 60 ی ساڵی 2006 ی دراوەتێ، لەمەڕ هێنانە خوارەوەی ئاڵای ڕەشی سەددام و بەعسییەکان لەسەر دام و دەزگا و دایەرە فەرمییەکانی حکوومەت لە گشت شوێنێکی کوردستان، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە ڕەنگە تا نووسینی ئەم چەند دێرانەش ئاڵای عروبە و بەعسیان تێدا ببینرێت، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکە کوردستانییانە و نەتەوەییانە، هەربۆیەش پێویستە لە لایەن هەموو کەس و ڕێکخراو و کەسایەتییە دڵسۆز و خەمخۆرەکانی کوردەوە بە گەرمی پێشوازی لێ بکرێت. هەروەها دەستخۆشی لەو کەس و بیرۆکەیەش بکرێت کە لە پشت ئەم کارەوە وەستاون. دەرکردنی بڕیارێکی بەو جۆرە

کە بەداخەوە گەلێ درەنگیشی بەسەردا هات، لە لایەن مەسعوود بارزانی یان هەر کەس و سەرکردە و لایەنێکی تری ئەوڕۆی باشووری کوردستانەوە بێت، دەبێ پشتگیری لێ بکرێت و بەرز ڕابگیرێت.

ئەم بڕیارەی سەرۆکی کوردستان کە جێی داخە، بەپێی هەندێ هەواڵ و سەرچاوە، تا ئێستاش وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە، عەرەبە ڕەگەزپەرست و ناوەندە بەعسییە سەددامییەکانی شێت و هار کردووە. ئەی ئەوە نییە ساڵح موتڵەقی ناساڵح و بەعسی کەوتۆتە هەڕەشەکردن لە کورد و بارزانی و، دەڵێ ئەگەر ئێستاش دەستمان نەڕوات خۆ سبەی دووسبەی هەر دەبینەوە پیاوەکەی جاران و، ئەوجا بزانن چۆن چۆنی ئەو دڕکەتان لەژێر پێدا دەردێنین؟! ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەیگوت سوپای عێراقی پارێزەری کورد و خودی مەسعوود بارزانیش بووە. عەدنان دلێمێش بە لێوەلەرزەوە لەرزەلەرزی چاوسوورکردنەوەیەتی لە کورد و سەرۆکایەتییەکەی و هیواخوازیشە، ئەلئەخ بارزانی(؟!)، چاوێک بەم بڕیارەیدا بخشێنێتەوە. "دەستەی زانایانی موجریمین"یش بەیان و مەیان بڵاو دەکەنەوە و، دیارە لە دێڕی هەرە سەرەوەی بەیاننامە هەڕەشەکارییە بەعسیئامێزەکەیاندا لە بیریان نەچووە بنووسن "شمالنا الحبیب"! هەرچی هەندێ لایەن و کەسایەتی عەرەبی شیعەن کە بەناو هاوپەیمانی کوردیشن، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بەربوونەتە گیانی کورد و بە جارانیش "اقلیم الشمال" و "شمال العراق"یان لەسەر زارە. ئەوان پێیان وایە بڕیارێکی وەها کارێکە نادەستووری و ناقانوونی، وەک ئەوەی دەستوور و قانوون لە عێراقی سەردەمی تاریکی بەعس و تەنانەت ئەوڕۆشدا زۆر ڕێزیان لێ بگیرێت و، لەسەر سەرانیش دابنرێن!

ئەو کەس و لایەنانەی کە هەنووکە هەڕەشە لە کورد دەکەن و بڕیاری سەرکردایەتییەکەشی بە ناڕەوا لە قەڵەم دەدەن، هەزار جار حەیف و مخابن، هەر سەرۆکی کوردستان بوو لە سەلاحەدین و هەولێر پێشوازی لە هەندێکیان دەکرد و بە گەرمیش بەخێرهاتنی دەکردن. ئەوان کاتی خۆیشی لە هەولێر، بەناو ئامادە بوون بۆ کۆبوونەوەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، چاویان بەرایی نەدا ئاڵای کوردستان بەبێ ئاڵای قڕێژی بەعسییە سەددامییەکان ببینن. تۆ بڵێی سەرکردە کوردەکان ئەمەیان لە یاد نەمابێت؟!

لە ناخی ناخەوەم ئاواتەخوازم مەسعوود بارزانی بە چ شێوەیەک لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان نەبێتەوە و، لە سلێمانی و کۆیە و هەڵەبجە و چەمچەماڵ و کفری و ئێرە و ئەوێی کوردستانیشدا، دەسەڵاتدارانی یەکێتی ئاڵای ڕەش و

نەگریسی بەعسییەکان لەسەر دام و دەزگا حکوومەتی و ناحکوومەتییەکانیشدا دابگرن و ڕێش نەدەن بە کەسانێک ئەستێرە خوێناوییەکانی ئەم ئاڵا نەفرەتییە ماچ بکەن!
هەر شەکاوە بێ ئاڵای ڕەنگین و بریقەداری کوردستان! ستۆکهۆڵم 3-9-2006

* لە (میدیا، ژمارە 256، 2006/9/5، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# ئەو دیمەنەی ئازاری دام*

هاوینی ئەمساڵ بۆ ماوەی 27 ڕۆژ لە باشووری کوردستان بووم. گەلێ شت و دیاردەی جوان و ناشیرینم بینی. ئەگەر بڵێم ئەوانەی کە جوان بوون لە ناشیرینەکان زیاتر بوون، سووک بزانن درۆیەکی گەورەم کردووە. لەسەر گەشتەکەی خۆم بۆ کوردستان، دوای گەڕانەوەم بە ماوەیەکی کورت، بابەتێکی درێژم نووسی و زۆر لە ماڵپەڕە کوردییەکانیش بڵاویان کردەوە. شتێک کە هەمیشە لە یادمە و نەمتوانیوە لە بیر خۆمی بەرمەوە، دەمەوێ لەم کورتەنووسینەدا باسی بکەم. ڕەنگە دیمەن یان ڕووداوێکی لەم جۆرە لای هەندێ کەس ئەوەندە بایەخی نەبێت، بەڵام بڕواتان هەبێ لەکن من هەر کردەوەیەکی گچکەش کە سووکایەتیکردن بێ بە نەتەوە و نیشتمان و شەهیدانی سەربەرزی کوردستان و نرخ و بەها نەتەوەییە پیرۆزەکان، گەلێ کارم تێدەکات و ناتوانم لە بەرامبەریدا بێدەنگ بم. هەربۆیە وا لێرەدا بە شێوەیەکی سادە بەسەرهاتەکەتان بۆ دەگێڕمەوە، یان ڕاستتر ئەوەی بینیومە دەیخەمە بەر دیدەتان.

لە هەولێر کە لە بازاڕ دەگەڕێیتەوە لای ئیسکان، پاش ئەوەی "قەسری شیمال"ی جارانت تێپەڕ کرد و هێشتا ماوتە بۆ "سەری زراعە"، لە دەستەڕاستی خۆتدا هەندێ دام و دەزگا هەن کە دوو لەوانە بریتین لە: "بنکەی تەندروستی شەهید د. نافیع ئاکرەیی" و "بنکەی تەندروستی شەهید لەیلا قاسم". هەر بۆ زانیاریش لە یەک دوو کۆڵانی ئەم ناوەدا "ئامادەیی بازرگانی کچان" و "بارەگای کۆمەڵی ئیسلامی"ی عەلی باپیر هەن، کە دەتوانین بڵێین بەرامبەری یەکتر هەڵکەوتوون.

لە کاتی مانەوەمدا لە هەولێر زۆر جار ڕێم کەوتە لای یاریدەری پزیشکی"معاون طبی"، چونکە لەبەر گەرمای هاوین و هەندێ هۆکاری تر هەمیشە کەسێک هەبوو نەخۆش بێت و لەگەڵی بچیت بۆ ئەو جێگایانە. ڕۆژێکیان ڕێمان کەوتە بنکەی تەندروستی شەهید لەیلا قاسم. خزمێکم دەبوو لەوێندەرێ دەرزی لە خۆی بدات. بنکەی ناوبراو کە ئەگەر هەڵەم نەگوتبێ لەگەڵ بنکەی تەندروستی شەهید د.نافیع ئاکرەیی دیوارێکیان بەینە. دیار بوو لەو ڕۆژانەدا چاڵێکی درێژووکانییان بەبەردەم هەردوو بنکەکەدا هەڵکەندبوو، یان بۆ کێبلی کارەبا یانیش بۆ بۆڕی و مەبەستی تر بوو. لەپێش بنکەکەی شەهید لەیلا قاسمدا، بۆ ئەوەی چوونە ژوورەوە بۆ خەڵک ئاسانتر بکەن، هاتبوون تابلۆ گەورەکەی خودی بنکەکەیان لەسەر چاڵەکەدا دانابوو تا خەڵک بەسەریدا بڕۆن و بچنە ناو نەخۆشخانەکەوە. تابلۆی ئەم بنکەیە کە لە ئاسن دروستکرابوو بەرگەی بەسەردا

ڕۆیشتنی دەگرت و نەدەچەمایەوە. بەڵام ئەو شتەی کە بە داخێکی زۆرەوە هەر بیری لێ نەکرابۆوە ئەمە بوو: لەسەر تابلۆکە بە درشتی و گەورەیی نووسرابوو "بنکەی تەندروستی شەهید لەیلا قاسم"! هەر کەسێکیش کە پێی نابایە سەر ئەم تابلۆیە، دەبوو جاری یەکەم پێ لە ناوی پیرۆزی شەهیدی نەمر "لەیلا قاسم" بنێت! بەتایبەتیش ئەو دیوەی کە نووسینەکەی لەسەر نووسرابوو ڕووەو سەرەوە بوو!! من کە دیمەنێکی وەهام بینی، هەر لە جێی خۆم حەپەسام. بە خزمەکەی خۆمم گوت: تەماشا کە، تەماشا کە! ئەویش لە وەرامدا گوتی: ئەوە هەر هیچ نییە! کابرایەک کە لەوێندەرێ دەهاتە دەرەوە، لە مەبەستی دڵم گەیشت و گوتی بڕۆ بەم پۆلیسە بڵێ. کاکی پۆلیس کە تەنیا کاری خۆی دەکات و بەس، پشکنینی ئەوانەی کە دێنە ژوورەوە، هەقی بەسەر چ شتێکی دیکەوە نییە! لەو کاتەدا بە داخەوە تەنانەت مۆبایلیشم پێ نەبوو تا وێنەیەکی ئەم دیمەنە ناشیرین و نانەتەوەیی و نا"مەسئوولانەیە" بگرم. بۆ ڕۆژی دواتر چوومە شوێنەکە و ئەو جارە کامێرایەکی دیجیتاڵم لەگەڵ خۆم برد، بەڵام نازانم هەستیان بە کارە قێزەونەکەی خۆیان کردبوو، یانیش لەبەر هەر هۆیەکی دیکە، ئەو ناوەیان کەمێ ڕێکوپێک کردبوو و تابلۆکەش لەسەر عەردی دانەنرابوو. ئیتر ئەوە بوو نەمتوانی وێنەکە بگرم، کە هەر لە کوردستان لە دڵی خۆم بڕیارم دابوو بۆ چ شوێنێکی بنێرم.

بە دەست خۆم نەبوو، ئەوانەی کە پێیان لە ناوی شەهیدی هەمیشە زیندوو لەیلا قاسم دەنا و بەسەریدا دەڕۆیشتن، وا هەستم دەکرد لەسەر گڵکۆ پیرۆزەکەیدا خراپترین کار ئەنجام دەدەن. هەستم دەکرد ئێسک و پروسکەکانی لەیلای شەهید لەنێو گڵکۆشدا قرچە قرچی شکانیانە و هەر ئەوەندە ماوە هاواریان لێ بەرز بێتەوە!

نەتەوەیەک کە شەهیدانی خۆی نەناسێت و بەم شێوەیەش سووکایەتییان پێ بکات، بەڕاستی شەرمێکی مەزنە بۆ سەرکردەکانی، لە بارێکدا گەر شەرم بکەن، کە خۆیان بە ڕێبەر و ڕێپیشاندەر و چاوساغ و حەکیم و لوقمان ناو ببەن. کوا هەستی نەتەوەیی و هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە شەهیدانی نەتەوە و خاک؟! شەهیدانێک کە جوانی و ژیان و تەمەن و هەموو شتێکی پیرۆزی خۆیان لە پێناو گەل و نیشتمان و سەرکردەدا بەخت کرد، کەچی ئێستانەکینێ بەم جۆرە ڕەفتارە ناشیرینانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ!!

کەی ناوی لەیلا قاسم هی ئەوەیە بە پێڵاو بەسەریدا بڕۆیت؟!

ستۆکهۆڵم 21-9-2006

* لە (میدیا، ژمارە 259، 26-9-2006، هەولێر ـ کوردستان) و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

# کاتێ بێگانەیەک دێتە کوردستان*

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان، چ بینراو و چ بیسراو و چ نووسراو، هەر کاتێک کەسێکی بێگانە بێتە ئەم وڵاتە، قەت مەپرسە چۆن چۆنی باسی دەکەن و چی لەسەر دەنووسن و چیشی لەبارەیەوە دەڵێن! هەر یەک لە ئێمە گوێی لەم جۆرە ڕاپۆرت و پیاهەڵدان و هەواڵانە بووە و، لەسەر شاشەی "کوردستان تیڤی و کوردسات"یش بە دەیان جار سەروسەکوتی ئەو کەسانەمان بینیوە، کە لەبەر هەر هۆیەک و گەر بە درەنگیشەوە بێ، کورد و کوردستانیان بیر کەوتۆتەوە و گەشتێکی تۆریست ئاسایانەیان بۆ نیشتمانی کوردان ئەنجام داوە.

با کەس بە هەڵە لێم تێنەگا و، پێشم نەڵێ "ئەم کابرایە دژی هاتنی هەندێ کەسایەتی بێگانەیە بۆ کوردستان". نەخێر، من لێرەدا لە ئاقارێکی ترەوە بۆ ئەم پرسە دەچم و هەقیشم بەسەر ئەوەوە نییە، داخوا دەسەڵاتدارانی ئەوڕۆی باشوور چۆن بۆ مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەڕوانن.

ئەوەی کە تێبینیش دەکرێت ئەوەیە کە زۆر لەو کەسایەتییە بیانییانەی ڕوو دەکەنە کوردستان، بە تایبەتیش عەرەبەکان، لە کاتی ئێستادا لە وڵاتەکانی خۆیان چیان بە دەست نییە و قسەیان لە هەولێرەوە تا کەسنەزان بڕ ناکات. بە کورتییەکەی نە سەری سیرن و نە قونکی پیاز! لێ کە دێنە کوردستان مینا سەرۆک کۆمار، پاشا، سەرۆک دەوڵەت، بەرپرسانی پایەبەرز و قسە ڕۆیشتوو بە گەرمییەوە پێشوازییان لێ دەکرێت. لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر"ببوورن ئەربیل!" مافووری سووریان بۆ ڕادەخرێت و ڕێوڕەسمی شایستەیان بۆ ساز دەکرێت. ڕۆژێک سەرۆکی کوردستان و ڕۆژێکی دیکە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و دواتر جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، ئینجا سەرۆکی پەرلەمان و پاشان جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بێگومان وەزیرە "بەڕێزەکان"یش هەر دەبێ ببینن! ئەمە و جگە لە سەردانەکانی ئەو کەسانە بۆ شار و شوێنە جیاجیاکانی کوردستان، کە دیارە پارە و مەسرەفێکی زۆری دەوێ و دەکرێ زگی سەدان برسی ئەم وڵاتە برسیکراوەشی پێ تێر بکرێ. ئەو وڵاتەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرانییەکی لە ڕادەبەدەر زێتر و زێتر تەنگی پێ هەڵدەچنێت و، دانیشتوانەکەی ناچار دەبن، ڕاستتر ناچار دەکرێن تا ڕێگەچارەی جیا جیا هەڵبژێرن بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ زەحمەتییەکانی بژێوی و گوزەران کردندا. خراپ نابێ ئەوە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە تەنیا یەک دوو ڕۆژ بەر لە جەژنی ڕەمەزان کرێکارانی

کورد مانیان دەگرت، چونکە هەقدەستی چوار مانگیان پێ نەدرابوو، هەروەها خەمی ئەوەشیان بوو مەسرەفی جەژنیان بۆ مەیسەر نەبێت، کەچی کۆمپانیا عەرەبییە عێراقی و لوبنانییەکان تەقەی سەریان دەهات و تەنانەت بەڕێوەبەرانیان ئامادەش نەبوون لەگەڵ پەیامنێرانی تەلەفزیۆنە کوردییەکانی سەر بە دەسەڵاتدارانی کورد، لە هەولێری پایتەخت، قسان بکەن! دابینکردنی نانی ڕۆژانەی خەڵکی کورد لە لایەن کاربەدەستانی کوردەوە، دیارە بۆ خودی خۆشیان، زۆر لەوە چاکترە کە بە بەردەوامی پێشوازی لەم و لەوی بێگانە بکەن و بە شێوەیەکی بێماناش بایەخ بە سەردانەکانیان بدەن. نازانم تا هەنووکە ئەم جۆرە سەردانانە چ خێرێکیان بۆ گەلی کوردستان و دۆزە نەتەوەییەکەی لێ کەوتۆتەوە؟

فلان کەس کە پێشتر وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی عەرەبی بووە، جاران وشەی هەرە شیرینی سەر زاری "شمال العراق" بوو، ئەمڕۆ ڕاگەیاندنە حیزبییەکانی کوردستان کابرایەکی وایان لە ئێمە کردۆتە "دۆستی کورد". ئەگەر یەکێکی وەکو ئەو بە دۆست دابنرێت، ئەی دەبێ چ ناوێک بۆ ئیسماعیل بێشکچی بدۆزینەوە کە بە ساڵان لە پێناوی داکۆکیکردن لە کورد و کوردستان لە زینداندا ماوەتەوە؟! کابرای وەزیر ئێستا لە وڵاتەکەی خۆیدا کەس حیسابێکی بۆ ناکات و، بە هەڵەشدا ناچم گەر بڵێم لە 90%ی خەڵکی وێندەرێ هەر ڕکیان لە کورد دەبێتەوە و، خوا خوایانە کورد نینۆکیشی نەبێت تا سەری خۆی پێ بخورێنێت. ڕەنگە جەنابی کۆنەوەزیر جارناجار لەسەر ڕووپەڵی ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا شتێک لەمەڕ کورد بنووسێت و، لە باشترین باریشدا "شمال العراق"مان بە "کوردستان العراق" پێ بفرۆشێت. جا کێش نالێ لە بەرامبەر کارێکی وادا دەمی چەور و گیرفانیشی پڕ نەکراوە؟

هەندێ لەو کەسانەی کە دێنە کوردستان، لە کاتی دانیشتن و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکان لە تەنیشت ئاڵای وڵاتەکانیاندا ئاڵای کوردستان دادەنرێت، کەچی سەیر لەوەدایە کاتێک بۆ نموونە شاندێکی بازرگانیی کوردستان ڕوو لە یەکێ لەو وڵاتانە دەکات، جاری وا بووە هەر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە کوردییەکان بینیومانە کە لە جیاتی ئاڵای کوردستان، ئاڵای بەعسییەکان دانراوە و شاندە کوردییەکەش قورقەپیان لێ کردووە و بێدەنگ لێی دانیشتوون!

تۆ بڵێی ئەم شتانەی کە لێرەدا هاتوون پەیوەندییان بەوەوە نەبێ کە ئێمەی کورد، هەر لە دێرزەمانەوە وا پەروەردە کراوین پێش ئەوەی خۆمان خۆش بوێ، کەسانی بێگانە و جودا لە خۆمان بە پیاوتر بزانین و ئەوانمان خۆش بوێ؟ بە

کورتییەکەی بێگانەپەرست بین نەک خۆپەرست! ئەرێ بە ڕاست خۆپەرستی ئەگەر بە مانای بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و خاک بێت، دەبێ چ نەنگییەکی هەبێت تا خۆمانی لێ بە دوور بگرین و لێی ڕا بکەین؟!

چ مەرج نییە ئەوەی لێرەدا نووسیومە خەڵکانێکی تر پێیان ڕاست بێ، بەڵام شتێک کە لەسەر دڵم بووە گرێ، هەر دەبێ بەیانی بکەم.

ستۆکهۆڵم 3-11-2006

* لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

## بڕیاری لەسێدارەدانی سەددام و "بەڵام"ێکی کوردییانە*

چ گومان لەوەدا نییە دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدانی دیکتاتۆری خوێنڕێژ سەددامی هۆڤ و دڕندە، خۆشی و شادی خستە نێو دڵ و دەروونی هەر مرۆڤێکی بەویژدان و خاوەن هەست و هۆش و دادپەروەر و حەزکردوو لە نرخ و بەها مرۆڤایەتییەکان. دیارە کاردانەوەیەکی وەها بە پلەی یەکەم لەکن ئەو کەس و لایەن و گەل و نەتەوانە دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت، کە زەرەرمەندی سەرەکیی سیاسەتە شۆڤێنییەکانی سەددام حوسێن و ڕژێمە سەرکوتکەرەکەی بوون. ڕۆڵەکانی گەلی کورد و شیعەکانی باشووری عێراق مافی تەواوی خۆیەتیان ئەمڕۆ دەست بکەن بە شایی و ئاهەنگ گێڕان بە دەرچوونی وەها بڕیارێک و، بە هەموو شێوەیەکیش شادبوونی خۆیان بەم بۆنەیەوە دەرببڕن. کەس هەیە نەیەوێ جەللادە دڵڕەقەکەی دەنێو قەفەسی زینداندا ببینێ و پاشانیش سزای مەرگی بەسەردا بسەپێنرێ؟!




ئەمەی سەرەوە کە تەنیا لایەنێکی پرسەکە بوو، لایەنەکەی دیکەی بریتییە لە ناڕەحەتبوون و نیگەرانیی خەڵکی چەوساوە و ستەمدیدەی کوردستان لەوەی کە دیکتاتۆری جەللادی کورد هەر وا بە سووک و ئاسانی بۆی دەرچێ و، زوو بە زوو پەتی لە مل بنرێت، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی دۆزە هەرە بەدناو و گەورەکانی تری وەک ئەنفال و کارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە و تاوانی لەناوبردنی کوردە فەیلییەکان و هەشت هەزار بارزانی و دەیان و سەدان کارەساتی تریش بکرێتەوە، کە بێگومان سەددام خۆی دەستی هەرە سەرەکیی هەبووە لەم کردەوە بەئێش و ئازار و قێزەونانەدا. هەر لەبەر هەندێ، وەک دەبینین، کوردان بە چین و توێژە جیا جیاکانیانەوە بە گەلێ شێوەی جۆراوجۆر باس لەوە دەکەن، ئەگەر سەددام حوسێن و دارودەستەکەی یەکسەر دوای دروچوونی بڕیارەکە، لەسێدارە بدرێن و لەسەر

تاوانەکانیان کە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامیان داوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکرێ، ئەوا ئەو کاتە دیسان غەدرێکی گەورە لە ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە دەکرێ و دووبارە و دەبارەش هەڵدەخەڵەتێنرێن.

سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان، چەند قسەیەکی ئەملا و ئەولای لێ دەرچێت، تا کاتی نووسینی ئەم چەند وشانەش، هێشتا وەک پێویست سەبارەت بە دەرچوونی بڕیارەکەی بەغدا چ هەڵوێستێکی جدییانەی نەنواندووە کە جێی دڵخۆشی و مایەی ڕەزەمەندی خەڵکی کوردستان بێت. گەلۆ دەبێ سەرانی کوردیش لەگەڵ شیعە و ئەمریکاییەکان ڕێک کەوتبن لەسەر ئەوەی کە مەسەلەکە بەزوویی ببڕێتەوە و، سەددامیش هەرچی زووە لەسێدارە بدرێت؟! ڕاستە وتەبێژی فەرمیی حکوومەتی کوردستان جۆرە هەڵوێستێکی پیشان داوە، بەڵام ئایا ئەمە بەتەنیا بەسە تا بتوانین ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکان لە بەرژەوەندی کورددا وەرچەرخێنین؟

بڕیاری لەسێدارەدانی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر و هەندێ لە دارودەستە خوێنمژەکەی، بمانەوێ و نەمانەوێ، هەر کەس و لایەن و ڕێکخراوێکی سیاسیش هەوڵ دەدات بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا بیقۆزێتەوە و بەکاریشی بێنێت. ئەمە شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت و ئەوانەی سەرپەرشتی خودی پرۆسەی دادگاییکردنەکەشیان کردووە و دەکەن، لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر لە مەسەلەیەکی ئاوەها بەئاگان. شیعەکان و بەتایبەتیش "حیزبی دەعوە"ی سەر بە نووری ئەلمالیکی لەم بوارەدا لەمێژە ئەسپی خۆیان تاو داوە و، بە هەڵەشدا ناچم گەر بڵێم گرەویان لە کورد و سەرکردایەتییەکەی بردۆتەوە. من قەت قەت ناڵێم کوشتارەکەی دوجەیل تاوان نەبووە و نییە، لێ سەرانی کورد لە من چاکتر دەزانن داگاییکردنی سەددام و ڕژێمەکەی دەبوایە لە چ خاڵێک و لەسەر چ تاوانێک و لە کوێش دەستی پێ بکرایە؟! پرۆسەی دادگاییکردنەکە، چونکە ئەوەندە تێکەڵاوی بەرژەوەندی لایەنە جودا جوداکان بووە، لام وایە هەر بەو شێوەیە دەبوو کە بینیمان. ئەگەر نا خۆ تاوانە بێ هەژمار و مەزنەکانی وڵاتی کوردان زۆر زۆر لەوە زیاتر و بەسۆترن، کە دیارە هەرگیز نەدەبوو وەدوای تاوانی قەسابخانەکەی دوجەیل بخرێن! یەکێ کە چاوی ڕاستییەکی وا حاشاهەڵنەگر نەبینێت، لە سەداسەد کوێرە، کەچی دیسانیش خۆی هەست بە خۆی ناکات و خۆیشی بە کوێر نازانێت!!

لەسێدارەدانی سەددام، لە بارێکدا کە لەمەڕ تاوانە گەورەکانی کوردستان لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرێ و بەرەو ڕووی کوردیش نەکرێتەوە، خۆی لە خۆیدا

**سووکایەتیکردنێکی مەزنە دەرهەق بە کورد و کوردستان و بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ئەم گەلە سەربەخۆییخوازەش.**

<u>ستۆکهۆڵم 6-11-2006</u>

*** لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.**